# ژیــانم هەمیشە تێکۆشان بوو

منتدى إقرأ الثقافي

ساكينه جانسز (سارا)

بەرگی دووەم

www.iqra.ahlamontada.com



لە تورکییەوە:

ئارام پێنجوێنی

# ژیانم

## هەمیشە تێکۆشان بوو

ساکینە جانسز (سارا)

لە تورکییەوە: ئارام پێنجوێنی

**بەرگی دووەم**

ناوی پەڕتووک: ژیانم هەمیشە تێکۆشان بوو- بەرگی دووەم

ناوی نووسەر: ساکینە جانسز (سارا)

ناوی وەرگێڕ: ئارام پێنجوێنی

دیزایین: گۆران پێنجوێنی

نۆرەی چاپ: چاپی یەکەم: 2022

چاپخانەی:

تیراژ: ١٥٠٠

لە بەڕێوەبەرایەتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردن

(          ) ساڵی( ٢٠٢٢)ی پێدراوە.

**مافی لە چاپدانەوەی پارێزراوە**

# ناوەڕۆک


لە غەفڵەتدا گیراین.......... 9
با هیچمان لەسەر نەگیرێت.......... 13
دەمانتوانی لە سەربانەوە رابکەین.......... 19
هەندێک خیانەتکار هەبوون.......... 23
ئەو ئاگرە ئێمەی هێنایە لای یەک.......... 29
(پیر ئەحمەد) لە نەخۆشخانە شەهید بوو.......... 41
خاوێنکردنەوەی ماڵ.......... 49
ترازان و خیانەت بەرفراوان دەبێت.......... 57
خۆڕاگرییەکەت لەهیچ و خۆڕاییە.......... 65
لەخشتەبردنی (ئەلیف)ی پەرستار.......... 77
هۆڵی دادگایە یاخود ژووری لێپرسینەوە؟.......... 85
1800ئەفلەر و دووبارەبوونەوەی ئەشکەنجە.......... 97
قوتابخانەکانی خارپێتیان بۆ کردین بە زیندان.......... 105
راکردنی (پیر)؛ کڵپەی دا بەخەیاڵی راکردنم.......... 127
زۆر دەمێکە چاوەڕێی راگەیاندنی (PKK)ین.......... 141
یەکەم راگواستن.......... 183
شەڕ و تێکۆشان چانسێکی گەورەن.......... 195
سەرهەڵدانەوەی مەیلی راکردن.......... 209
هەڵاتن لە زیندانی مەلەتی.......... 225

کودەتای 12ی ئەیلولی 1980و قۆناخێکی نوێ لە تورکیا........................ 247
ئەمجاریان بە بەندکراوی دەگەڕاینەوە بۆ ئامەد................................ 257
دووژمنی (کورد) بوون........................................................................ 289
لە زیندانی ئامەد دوو ژنە بەندکراوی لوبنانی و فەڕەنسی..!.................. 311
نامەکەم نەگەیشتە دەستی (مەزلوم)...................................................... 325
بەرخودان گەورەتر دەبێت..................................................................... 331
تەڵەکەبازی: گەنجانی کەمالیست.......................................................... 337
(ئەسەد ئۆکتای) دووژمنی ژیان و جوانی بوو........................................ 345
ژیاندنەوەی (جاهیدە).......................................................................... 353
نەورۆزی (مەزلوم).............................................................................. 361
یڵدرم مەرکیت و بێسنووریی خۆ ریسواکردن......................................... 375
تانەی خیانەت لە گرووپی خارپێت دەدرا.............................................. 385
شەوی (چوار نەبەرد)ەکە...................................................................... 395
ئەو بێگانەیەک بوو لەناوماندا................................................................ 401
کچانی دێرسیم چیان بەسەر هاتبوو؟..................................................... 407
ئەشکەنجە وەک سیستەمێک بەردەوام بوو............................................ 417
(14ی تەممووز)................................................................................... 437
نامەگۆڕینەوە لەگەڵ (راڵف)ی ئەڵمان.................................................. 449
رقی گەورەی دژ بە خیانەتی ژن........................................................... 455
تەنیا خۆم دەتوانم مەرگی خۆم هەڵبژێرم................................................ 465
یەکەمین دروشم گووتنەوەی بە کۆمەڵ لە زیندانی ئامەد!.................... 485
ئیمامە ساختەکان................................................................................. 501
(PKK) تەنانەت شێتەکانیشی مایەی ترس و خۆفن................................ 511

بەرخودانی کانوونی دووەمی 1984 ........................................ 525
15ی ئابی 1984 یان جەژن........................................ 567
بزاوتی (چروسک) لە قاوشی ژناندا........................................ 583
ساڵی 1985 و یاسای خیانەت و پاشگەزبوونەوە!........................................ 588
دادگای داگیرکەران ناتوانن دادگاییمان بکەن!........................................ 613
پێویستە مێژوو، بە بەرخودانی؛ دادگایی بکرێت........................................ 617
پیلانی خیانەتی سەپێندراو و چالاکییەکەی (سوبحی) ........................................ 627
من و (حاملی) !........................................ 641
لەکاتێکدا کە ئامادەکاری چالاکی گەورەی راکردن بەردەوامبوو........................................ 659
شەهیدبوونی هەڤاڵ (عەگید)........................................ 673
تۆ وەرە! کارەکە بگەیەنە بە دوایین هەنگاو و پێچەوانە ببێتەوە !........................................ 677
وا دایدەنێم کە ساڵی 1988 نەژیاوم ........................................ 695
هەڵاتنەکە سەری نەگرت؛ مەنفایەکی گەورەی بەدوادا هات ........................................ 703
ئەندامی شانازیی بەڕێوەبەرایەتیم........................................ 709
من هەمیشە ئاپۆچی بووم ........................................ 725
شاڵاوی دەستگیرکردن لە ئەورووپا ........................................ 737
کۆتایی بەم پەیوەندییە دەهێنم ........................................ 739
سەر لەنوێ دەست بە هەڵکەندنەوەی تونێل کرایەوە........................................ 749
پەرچەکردارەکان؛ دووژمنیشی دەترساند ........................................ 767
بۆ خۆشەویستی، ژنبوونم، ئاپۆچێتیم........................................ 785
مەنفا؛ بەرەو یاسی ئادا!........................................ 801
راپەڕینەکانی فەلەستین لە کوردستانیش سەریهەڵدا ........................................ 837
(شەنەر) دەبوو بەسەرباز........................................ 843

'کوردستانیشی پێبدەیت دەردێکی تر بۆ خۆی ئەدۆزێتەوە'......................863
دۆزی حەشارگە..............................................................................877
'لە زیندانەکانیشدا جێگەیان بۆ ئێمە دەستنەدەکەوت...'............................891
نووسراوێک بە واژۆی (سەرۆکایەتی پارتی)............................................899
بریا مەسەلەکە (دۆغو) و هەڵپەرستییەکەی ئەو بووایە!...........................905
نەریتی 27ی تشرینی دووەم لە چاناک کالە..............................................937
چاو و دڵت رۆشن (تۆش لە ئێمە و ئێمەش لە تۆ) رزگارمان بوو..........945

## لە غەفڵەتدا گیراین

بەرەبەیانی 7ی ئایاری 1979، بێدەنگی باڵی بەسەر شاردا کێشاوە، ناوەناوە ئۆتۆمبێل بە شەقامەکانی دەوروبەردا لە هاتوچۆدان. لە سەرەڕێی گەڕەکی 1800ئەڤلەر تەنیا ئێمە هەبووین، جگە لە ئۆتۆمبێلی ئەو پۆلیسانەی کە بۆ ئێمە هاتبوون هیچ ئۆتۆمبێلێکی دیکە دیار نەبوو.

گەڕەکی 1800ئەڤلەر؛ ئەم گەڕەکە لە دەرەوەی شار، لەنزیک دەروازە و لەسەر ڕێگای شاری مەلەتی[1] بوو. بەگشتی دانیشتوانەکەی لەو خێزانە هەژار و ڕەنجدەرانە پێکدەهات کە لە شار و شارۆچکەکانی دێرسیمەوە بۆ دابینکردنی ژیانیان روویان لەوێ کردبوو. گەڕەکێکی تازە بونیادنراو و خانووەکانی بێ تاپۆ بوون. لەلای ئێمەشەوە لە ریزبەندی ئەو شوێنانەبوو کە گۆڕەپانی خەباتمانی پێکدەهێنا. لەوێ خەباتی وەک پەروەردە، کۆبوونەوەی جیاجیا، بانگەشە و بانگەوازی، بڵاوکردنەوەی بەیاننامە، هەڵواسینی لافیتە .. هتد مان بەڕێوە دەبرد. چەند یەکەیەکی بچووکیشمان ڕێکخستبوو. لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە بۆ خەبات کراوەبوو، ناوبەناو سەردانمان دەکرد. کچان مەیلێکی زۆریان بۆ ڕێکخستن هەبوو. لە نێو توێژی خوێندکاراندا لایەنگر و هەوادارێکی زۆرمان هەبوو. رووداوی شارۆچکەی جورنەڕەش[2] و هاوشێوەکانی، بەرخودانی دژ بە دەرەبەگە چەتە و جەردەکان،

---

[1] مەلەتی؛ پارێزگەیەکی باکووری کوردستانە کە دەوڵەتی تورک بە مەلاتیا ناوزەدی کردووە.

[2] شارۆچکەیەکی سەربە پارێزگەی رۆحا – ئورفای باکووری کوردستانە و دەوڵەتی تورک بە حیلوان ناوزەدی کردووە.

هەروەها چالاکی بەردەوامیمان لە خارپێت[3]، هەڵمەتی شۆڕشگێڕیی توندمان لەبەرامبەر بە ناوەندە فاشیستەکان، لەناو گەل دا و بەتایبەتیش لەناو گەنجاندا دەکرد و هەواداری زۆری بەدەستهێنابوو.

ڕۆیشتنی ئەم جارەم بۆ ئەو گەڕەکە جیاواز بوو. وامدەزانی دەچین بۆ شوێنێکی تری گەڕەکەکە. قافڵەی ئۆتۆمبێلی پۆلیس بەخێرایی شەقامی گشتییان بڕی و بەرەو لای سەرووی ڕێگە و بەئاراستەی باڵەخانەیەک کە بە پیتی گەورە لەسەری نوسرابوو (بەڕێوەبەرایەتی کەرەستەسازیی کشتوکاڵی) لایاندا. ئەم باڵەخانەیە لە شوێنێکی دوورە دەست و چۆڵەوانییە کە هیچ جموجوڵێکی تێدا بەدی ناکرێت. دیوارەکانی بەرز بوون، پۆلیسیش لە خودای دەویست هاوار و فریادی هیچ کەسێک بەگوێی خەڵکدا نەچێت! ئەو پۆلیسانەی دەستگیریان کردین، شاد و دڵخۆش بوون! بەبێ شەڕ و شۆڕ و بەبێ مەترسییەک بۆ سەر خۆیان؛ پەلاماریان داین. ئەم پەلامارەیان بە ئاسانی ئەنجامدا، چونکە سەبارەت بە ئێمە و ئەو خانووە هەموو زانیارییەکیان پێدرابوو. ئەوانەی پێشتر دەستبەسەر کرابوون، لەلای پۆلیس دانیان بە کۆمەڵێک شتدا نابوو، واتا تاڕادەیەک هەنگاوی یەکەمی ئۆپەراسیۆنەکەیان سەرکەوتووانە بەڕێکردبوو. ئەو راپێچکردنەی بە گرتنی چەند کەسێک دەستی پێکردبوو، تا دەچوو بەشێکی گەورەی هەرێمەکەی لە خۆوە دەگرت. کادیرە ئەنتەرناسیۆنالیستەکان لە مێژبوو لە لیستی بەدواداچوونی پۆلیسدا بوون. لەو ڕۆژانەدا لیستێک کەوتبووە دەستمان و ناوی خۆمان تێدا دیت. دیاربوو پۆلیس ماوەیەک بوو بەدوای ئەم کارەوە بوو.

---

[3] بەپێی کات و شوێنی جیا لە مێژوو تا ئێستا بە چەندین ناو دەناسرێت، ئەویش: خارپێت، ئەلعەزیز، ئەلازخ، بەڵام لە کوردیدا زیاتر هەردوو ناوی یەکەم بەکاردێت.

له ڕۆژانێکدا که شاڵاوی دەستگیرکردن له ئارادا بوو و پێویست بوو لەسەرمان ڕێوشوێنی زیاتر بۆ خۆپاراستن بگرینەبەر، بەکارهێنانی هەمان ئەو خانووانه بۆ دیدار و دانیشتن و مانەوه له هەمان هەرێمدا، ئایا کارێکی ئەقڵمەندانه بوو؟! ئاشکرایه که پەلاماره ڕاستەوخۆکانی دووژمن و دەستگیرکردنی هەندێک له ئەندامانمان بەڕێکەوت نەبوو. هەرچەنده لەناوخۆماندا باسمان له هەموو ئەمانەش کردبوو، کەچی ڕێوشوێنی زۆر جددیمان وەرنەگرت یان بەردەوام نەبووین له جێبەجێکردنی ئەو ڕێوشوێنانه، که ئەمەش به زیانی خۆمان شکایەوه. لەکاتێکدا کار و خەبات بەرفراوانتر دەبوو و پێویستی دەکرد بەرفراوانتریشی بکەین، ئەنجامێکی لەوجۆره مایەی پەسندکردن نەبوو.

لەگەڵ هێرشی پۆلیسەکاندا بۆ سەر ماڵەکەمان، هەموو ئەو بیرۆکانه له مێشکمدا تێپەڕبوون. هەڵه بوو، تاوان بوو، غەفڵەت بوو، تا بڵێی ترسناک بوو که بەمجۆره و وەها بەئاسانی کەوتینه دەستی دووژمنەوه. دڵمان تەنیا به نەفرەتیکردن سوکنایی نەدەهات. لەچاوانی هەریەک له ئێمه تووڕەیییەکی گەوره بەدی دەکرا، بەڵام دووژمن لەبەردەمدا بوو. هەرچەنده گەردەلولێکی گەورەش له ناخماندا هەڵی کردبوو، بەڵام لەهەمووی گرنگتر ئەوەبوو ورەی خۆمان تێکنەدەین، درزی دیواری ئامادەباشی گەوره نەکەینەوه، به ئیراده و زیهنێکی بەهێزەوه خۆمان بۆ شەڕی سەختی داهاتوو ئاماده بکەین. هەنگاو به هەنگاو دەچووینه ناو ئەم شەڕەوه. لەو ساتەوه ئیتر لەگەڵ یەکەمین ڕوانگه، یەکەمین گووته، جموجۆڵ، دەنگ، هەڵوێست و هەموو شتێکی خۆت یەکدەگریت و دەبیت بەیەک، چونکه دووژمن به وردی چاودێری هەموو شتێک دەکات، له کوێ لاوازییەک هەبێت لەوێوه لێتدەدات.

# با هیچمان لەسەر نەگیرێت

قافڵەی ئۆتۆمبێلی پۆلیس بە هات و هاوارێکی زۆرەوە، لەبەردەم دەرگەی باڵەخانەکە راوەستان. هەر لەگەڵ دابەزینیان پۆلیسەکان کردیان بە هەرا و هۆریا و راکەڕاک. بە قسەی خۆیان "زەماوەند"بوو. دوای ئەوەی بردینیان، یەکەمجار هەر سێکمانیان خستە ژوورێکەوە. زەمینەکە هەرچەندە لێژبوو، بڕێک ئاوی ڕەنگخواردوویشی لێ بوو، شوێنەواری قامچی و تێلا و تایەی ئۆتۆمبێل، بەدی دەکرا، هەروەها کۆمەڵێک پارچە پەڕۆی پیسیش بە چەپ و راستدا فڕێ درابوو، کورسییەکیشی لێبوو. دیاربوو شوێنی چاوەڕوانی و حەوانەوە نەبوو. بەر لە هاتنی ئێمە خەڵکی تێدا ئەشکەنجە درابوو.

کۆمەڵێک ئامێر و ئامرازی لێبوو کە لە ئەشکەنجەدا بەکارهێنرابوو، پەڕۆیە پیسەکان، بۆ بەستنی چاو و دەست بەکارهێنرابوون. هێشتا نەمدەزانی شوێنەواری تایەکە هی چییە. هەڵبەتە لە دۆخێکدا نەبووین بیر لەمانە بکەینەوە. دەستبەجێ گیرفانەکانم گەڕام، بۆ ئەوەی ئەگەر پارچە کاغەزێک یان هەر بەڵگەیەک مابێتەوە؛ قوتی بدەم. هەندێک وردە نووسراوم لە گیرفان بوو، دەرمهێنا و ورد وردم کرد و لەناو پارچە قوماشێکی تەڕدا بە تەواوی خوساندم. بەیانی کاتێک هەڵیان کوتایە سەرمان، پۆلیسی ژنیان نەهێنابوو، بۆیە نەیانپشکنیم، بەڵام ئێستا دەیانتوانی بیهێنن. بۆیە هەر بە چاوبڕکە[4] یەک یەکترمان

[4] قسەکردن بەئاماژەی چاو.

ئاگادارکردەوە کە هیچمان لەسەر نەگیرێت. (حاملی) بە شڵەژاوییەوە پرسی: "لەماڵەوە شتێکی جددی بەجێ مابوو؟ نازانم هیچ شتێک هەبوو کە بکەوێتە دەستیان؟"

گووتم : "نەخێر"

ئەوان لە ماڵەوە ئاگادار نەبوون؛ بەر لەوەی دەرگە بکەمەوە هەندێک شتم سووتاند، هەندێکی تریشم لە پەنجەرەی مەتبەخەوە فڕێدا. تەنیا پەڕتووکێکی (مێژووی پارتی بەلشەڤیک) و بڕێک پارچە وردەی ئامێری چاپ و تابیعە "دەکتلیۆ"، بڕێک کاغەز، کاربۆن و بۆیاخی ئامێری چاپ نەبێ هیچی تریان چنگ نەکەوت. ئەمانە لە هەندێک ماڵی تریش هەبوون و هێما نەبوون بۆ هەبوون و نەبوونی کاری ڕێکخستنی. بەڵام هێشتا نەمانزانی بوو کە لەناو کاغەزەکاندا بەیاننامێک هەیە بە سەردێڕی (بۆ گەلە قارەمانەکەمان) و چەند ڕیزێکیش نووسراوی لەسەرە، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر گرنگیمان بەم لایەنەی کێشەکە نەدەدا، کێشە زۆر جیاوازتر بوو.

دووژمن لە هەرێمەکە ڕاستەوخۆ هێرشی دەکردە سەر پێکهاتەی ڕێکخستنیمان، (شاهین دۆنمەز)[5]یش لەوێ بوو و ئەگەری هاتنی هەندێک هەڤاڵی تریش هەبوو لە دەرەوە (مەبەست لە دەرەوەی زیندانە-و). ئێمە، سێ ئەندامی کۆمیتەی هەرێمەکە لە دەستی دووژمندا بووین. (عەلی)، (حاملی) و من، هەروەها چەند

---

[5] لەمێژووی (PKK)دا بە یەکێک لە گەورەترین خیانەتکارەکان پێناسەکراوە، لە ساڵانی بەرخودانی لە زیندانی ئامەد بە هاوکاری دووژمن: قاوشی ڕادەستبووان و خیانەتکاران دادەمەزرێنێت، کارێکی زۆر بۆ پاشگەزکردنەوەی شۆڕشگێرانی ئەو سەردەمە بەگشتی، چ ئەندامانی (PKK) و چ چەپڕەوە تورک و کوردەکان دەکات، لەلایەکی تریشەوە بەچەندین ڕێبازی جیاجیا پێکەوە لەگەڵ دووژمن کار لەسەر بەدەستەوەدانی ڕێبەر عەبدوڵلا ئۆجالان دەکەن. لەسەرەتای بەهاری 1990 (PKK) کوژرانی ئەوی بە چالاکییەک دەستنیشان کرد و لە ئەستۆی گرت.

هەڤاڵێکیش کە گرێدراوی کۆمیتەکانی ناوخۆ بوون. (مەتینی کەڕ) و (حسێن تۆپگیونەر) لەدەرەوە بوون. هەرچەندە (حسێن) نێردرابوو بۆ دیلۆک[6]، بەڵام ئەگەر ڕێوشوێنی پێویست نەگیرایەتەبەر ئەوا زۆر کادیری تریش دەستگیر دەکران. ئەو ماڵەی کە دەمانگووت ئاشکرا نابێت و کەس پێی نازانێت، ئاشکرا ببوو و ئێمەش دەستگیر کرابووین. لەلایەکی تریشەوە هەندێک کەس هەبوون لەبەرامبەر دووژمن بەهێز نەبوون و دانیان بە هەندێک شتدا دەنا. ئەگەر ڕێوشوێنی پێویست نەگیردرایەتەبەر ئەو ئەنجامانە جەرگبڕتر دەبوون.

لەکاتێکدا دووژمن بەوجۆرە پەلاماری دەداین، سەیر بوو کە (شاهین) زۆر ئاسایی و بێ خەم دەگەڕا، دەچووە ماڵی هەڤالان و دەمایەوە، هەموو کەسێکیش دەیناسی، کەچی خەمساردی خۆیان بووە مایەی بەدەستەوەدانی چەند ماڵێکی ڕێکخستن.

دواین گفتوگۆم لەگەڵ (ڕەزا ساریکایا) هاتەوە بیر، زۆر گرژ بوو. پیلانگێڕەکان یارییەکی چەپەڵیان خستە مەیدانەکەوە، لە هەموو شوێنێک بە ڕێبازی جیا و کەسایەتی جیا هەوڵی سەرخستنیان دەدا. سەرەتا لە دیلۆک، دێرسیم و پاشان لە خارپێت هەوڵی گێرەشێوێنییان دەدا. تۆبڵێی لە خارپێت ئەم تەڵەکەبازییەی سەربگرێت؟! ئەوان دەیانگووت کە کۆمیتەی سەرەکی لەو کادیرانە پێکهاتوون کە خەڵکی هەرێمەکە نین و ئێمەشیان بە یەکێک لەو کادیرانە دادەنا. ئاسان نەبوو بتوانیت سەرنجی ئەو کەسانە کە نیگەرانی و کێشەی وەهایان هەیە بۆسەر ئەم خاڵە رابکێشیت.

---

[6] دیلۆک؛ یەکێکە لە پارێزگاکانی باکووری کوردستان کە دەوڵەتی تورک ناوی غازی عەنتابی لێ ناوە.

(ڕەزا) لە DEV-GENÇ[7] ەوە هاتبووە ناو ریزەکانمانەوە. جگە لەو کادیرە خۆجێییانەی لە خارپێت بەشداریان کردبوو، (ڕەزا) بە کادیرێکی کۆن دەژمێردرا. کەچی هەرگیز پێی هەرس نەدەبوو لە بەڕێوەبەرایەتی خوارەوە جێ بگرێت. لەبەر پشووکورتی و بێ ئۆقرەیی و خۆویستییەکەی، ئەوی بەرەو خاڵێکی زۆر خراپ و پێشبڕکێیەکی چەوتی دەبرد. بە تاووتوێکردنی ئەمانە و هەڵسەنگاندنی بە هەڵەداچوونەکانی هەوڵماندا کێشەکانی چارەسەر بکەین، بەڵام ئەو کێشەکەی بەرەو هەڵدێر دەبرد. دواجار کە هەڤاڵ (جەمیل بایک)[8] هات پێکەوە قسەمان لەگەڵ کرد و کێشەکەمان تا رادەیەک چارەسەر کرد. بە هەموو شێوەیەک پێیەوە دیاربوو کە ڕەزامەندییەکەی کاتییە. پاشان باسی ئەوە هاتە پێش کە لە هەندێک شوێنی دیکە پێویستیی بە کادیرە و لەوانەیە (ڕەزا) بڕوات. ئەم گۆڕانکارییە دەرفەتێکی باش بوو بۆ بەدەستهێنانی کات و باشتر تێگەیشتن لە کەسایەتییەکەی، ئەو بە پێچەوانەوە دەستبەجێ کاردانەوە نیشاندەدات و هەر لەو ڕۆژانەدا لەلایەن دووژمنەوە دەستگیر دەکرێت. دەشێ دووژمن بە ڕێگەی جیاجیا هەستی بەم نیگەرانییەیی کردبێت. چونکە دووژمن لە خارپێت سیخوڕ و بەکرێگیراوێکی زۆری هەبوو. شێوازی خەبات و جوڵانەوەی

---

[7] ڕێکخراوێکی سۆسیالیستی گەنجانی زانکۆکانی تورکیا بوو، سەرەتا لە ساڵی 1965 وەک لقێکی فیدراسیۆنی یانە فیکرییەکان دامەزرا، پاشان لەساڵی 1969 دا فیدراسیۆنەکە کۆنگرەی نائاسایی خۆی پێکهێنا و خۆی بەتەواوی بە (فیدراسیۆنی گەنجانی شۆڕشگێڕی تورکیا واتا دەڤ – گەنج) ڕاگەیاند. ساڵانی دواتر کۆمەڵێک ڕێکخراو و ڕێکخستنی تری لێجیابووەوە.

[8] لە ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەری (PKK)یە، لە ئێستاشدا وەک هاوسەرۆکی کۆما جڤاکێن کوردستان KCK لەناو کار و خەبات دایە و بەگشتی بە هەڤاڵ جومعە دەناسرێت.

ڕێکخستنەکان تابلێی لەباربوو بۆ دزە کردن و زۆر بە خێرایی زانیاریی دەگەیشتە دەستی دووژمن. ئەگەرچی دڵنیاش نەبووین، بەڵام گومانمان لێدەکرد. کە دەستگیریش کرا شیرۆڤەکانمان هەر بەوجۆرە بوو.

دووبارە لە بابەتی وتە لێ وەرگرتن 'ئیفادە'[9] و ئەو شتانەی نابێت پۆلیس پێیان بزانێت یەکترمان ئاگادار کردەوە، کە ئەمەش هەبوونی ئەندێشەیەکی دەردەخستەڕوو. دەستگیربوونمان بەکۆمەڵ لە زۆر لاوە خراپ بوو. دووژمن ورە و هێزی لە لاوازی و چەوتییەکی بچووکی هەر یەکێک لە دەستگیرکراوەکان وەردەگرت. لە هەمووشی گرنگتر لە شوێنی وەهادا دووژمن زیاتر دەیویست بەتەنیا و یەک بە یەک لاوازمان بکات، وامان لێبکات کە خۆمان بەدەستەوە بدەین، لێرەشدا دەرفەتی ئەوەی وەچنگ دەکەوت کە لەبەرامبەر بە یەک بەکارمان بهێنێت.. (حسێن) بەر لە هەفتەیەک دەستبەسەر کرابوو و پاش ئەوەی ئازادکرا سەبارەت بەو بابەتە هەندێک زانیاری پێدابن؛ دووژمن هەر یەکێکیانی بەجیا و لە شوێنی تر خستۆتە ژێر لێپرسینەوەوە. هاوکات لەگەڵ فشاری دەروونی، کەسانی لەبەرامبەر بە یەکتر و ئیفادەکانیشی وەک بەڵگە بەکارهێناوە، ئەمەشیان وەک سیستەمێکی سەرەکی لێپرسینەوە بەهەند وەرگرتووە. تەنانەت زۆرجار لە ئەشکەنجە زیاتر بەکاریان هێناوە.

---

[9] هەر وتەیەک کە دەستگیرکراو لەکاتی لێپرسینەوەدا دەیدرکێنێت.

## دەمانتوانی لە سەربانەوە رابکەین

لە سەروبەندی هێرشەکەیاندا پرسیان "ماڵی کێیە؟"، منیش هەر لەسەرەتادا خاوەنداریم کرد و گووتم: "ماڵی خۆمە، جاروبار خوشک و برا و کەسوکاریشم هاموشۆم دەکەن. تازەش هاتووم، کەسوکارم پێویستییەکانم دابین دەکەن، لە هەوڵدام بۆ پەیداکردنی کارێک. ماڵی رێکخستن و شتی لەو جۆرە نییە و پەیوەندیم بە هیچ سیاسەتێکەوە نییە. کەسێکی پێشکەوتنخواز و رۆشنبیرم". هەڵبەتە پۆلیس سەری سوڕما کەوا بە ئاسایی و بێ ترس قسەم دەکرد. هەندێکیشیان بە خەندەیەکی ناحەزانەوە سەریان دەلەقاند وەک بڵێن " بابڕۆین پێت دەڵێین چییە و چی نییە". یەکێکیان ئەفسەر بوو، دواتر ئێمەیان بردە ژوورێکەوە، چاوم بە تابلۆیێک (لیستێک) کەوت کە بەمدیوی دەرگەکەوە چەسپێندرابوو، ناوی (زەفەر قەرەعوسمان ئۆغلۆ)ی لەسەر نووسرابوو و تێگەیشتم ناوی ئەفسەرەکەیە، هاوکات هەر بەم شێوەیە ئاشنای ناوی گەلێک ئەشکەنجەکاری تر بووم.

ئەفسەرەکە ئارامتر بوو. لەڕاستیدا بە تەواوی نەگەیشتبوو بە ویستی خۆی، وایدەزانی کەسی زیاتری دەستدەکەوێت، ئاگادارییەکی لەو جۆرەیان پێدرابوو! زیاتر سەرنجیان لەسەر زۆری ژمارەی پەرداخەکانی ناو مەتبەخەکەمان بوو. دیارە وابیریان دەکردەوە کە (شاهین) و ئەوانیش لەلای ئێمەن، یاخود چاوەڕێی کەسی تر بوون. هێشتا لەماڵەوە بووین پشکنین و پرسیارێکی زۆریان لێکردین بۆ ئەوەی بزانن کاردانەوەمان چی دەبێت. یەکەم رووبەڕووبوونەوە، یەکەم تاقیکردنەوە، یەکەم پەلامار، یەکەم هەڵوێست و یەکەم هەستپێکردن، سەرجەمیان جێی

بایەخن. لەیەکەم رووبەڕووبوونەوەدا کاریگەری دوو لایەنە لەچ ئاستێکدا بێت بەهەمان شێوە مۆرکی خۆی لە گۆڕانکارییەکانی دواتریش دەدا.

بۆ یەکەمجار لە ئیزمیر رووبەڕووی کاردانەوەی پۆلیس هاتبووم، بەهۆی بەرخودانی کرێکارانی بۆرنۆڤاوە دەستگیرکرابووم. ئەوکاتە بە کۆمەڵبووین، ئێستاکە زۆر جیاوازە و هێرشێکی بەرفراوان لە ئارادایە. بەرپرسیارێتی رێکخستنی سەنگین تر بوو. پاراستنی بەها رێکخستنییەکان، دوورکەوتنەوە لە هەر شتێک کە ببێتە مایەی زیان، پتەو راگرتنی ئیرادە و باوەڕی لەبەرامبەر بە هەموو جۆرە هێرش و پەلاماریکی دووژمن، هەریەکێک لەوانە جۆرە شەڕێکی ناوازەبوون، بەڵام لە پێگەیەکی ناوهاوسەنگ و لاتەریبدا. دووژمن هەموو جۆرە تەکنیک و هەموو جۆرە ئامرازێک لەدژی تۆ بەکاردەهێنێت و تۆش بە ئیرادە و بروای شۆڕشگێڕییانەتەوە شەڕ دەکەیت. گەلێک رۆمانی وەک (شەڕی بەرخودانی – گاشەبەردە سوورەکان – تێبینییەکان لە سێدارەوە)م خوێندبووەوە، کە باسی تۆقێنەرانەیان تیابوو. هەر یەکێکیان لێوانرێژ بوون لە جۆرەها شێوازی ئەشکەنجە و دەیان نموونەی ئیرادەی پۆڵاین و بەرخودانی و قارەمانێتی ناوازە. هەمووشیان بەسەرهاتی راستەقینە بوون. لێرەدا پێویستە بزانین چۆن دووژمن دەخوێنینەوە. ئەگەر لە هەموو رووێکەوە دووژمنت ناسیبێت، دەزانیت شەڕێکی بەهێزی لەگەڵ بکەیت و هەر لەسەر ئەم بنەمایە بە سەرکەوتن دەگەیت.

تا دەهات هەر ئان و ساتێک؛ گرنگی و بایەخی زیاتر دەبوو. لە یەک ئان و ساتدا بیرکردنەوە لە زۆر شت..! هەموو شتێک زۆر بە خێرایی و خۆڕسکانە لە زیهندا جێی خۆی دەگرت. تا ئەو کاتە هێندە بە خێرایی و بەمجۆرە بیرکردنەوەم لەخۆمدا بەدی

نەکردبوو. کەواتە مسۆگەر پێویستە هەندێک شت بژێت! یاخود بەپێی کات، فیکر، هەست و سۆزەکانیشت واتادار و بەرجەستە دەبوون.

ئایا ئەو بەرەبەیانە نەماندەتوانی رابکەین؟! دەمانتوانی بۆشاییەکەی نێوان هەردوو باڵەخانەکە بەکار بهێنین؟! پێشتر چەند جارێک بە پارچە تەختەیەک تاقیمکردبووەوە، بەڵام تەختەکە باش نەبوو، کەسیش بەدوای تەختەیەکی قایمدا نەگەڕا. لەڕاستیدا پەڕینەوە لە پەنجەرەی مەتبەخەکەمانەوە بۆ مەتبەخی ماڵەکەی ئەو بەریش فیکرێکی هەڵە نەبوو. ماڵی ژن و پیاوێکی خەڵکی گریَ سۆر[10] بوون کە تازە هاوسەرگیرییان کردبوو و کەسانی تێگەیشتوو و دڵنزم بوون. پێشتر بە ژنەکەم گووتبوو " ئەگەر رۆژێک لە رۆژان کێشەی کلیل یان هەر شتێکی تر هەبێت ئەو رێگەیە بەکار دەهێنین" و ئەویش پێی گووتبووم کە "ئاساییە".

ئەگەر ئامادەکاریمان هەبووایە، پۆلیسمان دەخافڵاند و لەو باڵەخانەیەوە دەردەکەوتین. هەروەها لە هەورەبانیشەوە رێگەیەک هەبوو. بە نەفرەت بێت! ئەگەر گومانم لە دەنگی ئۆتۆمبێلەکانی چەند خولەکێکی پێشوو بکردایە و لە پەنجەرەکەوە سەیرێکم بکردایە، دەمانتوانی لە سەربانەوە رابکەین. تا ئەوان بە پلیکانەکاندا سەردەکەوتن، ئێمە دەگەیشتینە باڵەخانەکەی تر. بڕێک جل و بەرگمان لە ماڵی (گیولای) و ئەوان وەردەگرت و دەڕۆشتین، بەڵام کار لە کار ترازابوو و بە خۆزگە و بریا هیچ لە ئیشەکە ناگۆڕێت. ئەمانە فیکری جوان بوون، تەنانەت خەیاڵیش بن هەر خۆشن، ئێستا لەبەردەم راستینەیەک داین. لەماڵ نین، لە 1800ئەڤلەرین لەژێر لێپرسینەوە داین. کاتی بیرکردنەوە لە

---

[10] گریَ سۆر: شارۆچکەیەکی سەر بە پارێزگەی رۆحایە لە باکووری کوردستان کە دەوڵەتی تورک بە سیڤەرەک ناوزەدی کردووە.

خۆزگە و بریا نییە. با ئەو کاتە بمانکردایە! لە خۆم توورە دەبم، نەدەبووا ئاوا بەئاسانی دەستگیر بکراینایە.

زۆری پێنەچوو کە دووژمن ڕێبازی دەرفەت نەدان بە بیرکردنەوەی خستەگەڕ، هەر لە یەکەم ساتەوە دیار بوو. هەموو بیرکردنەوە، خەیاڵ و قسەکردنێک تەنیا (5 - 10) خولەکی پێچوو، لەوە زیاتر نەبوو. کەواتە کات (زەمان) گرنگ بوو؛ هەم بۆ دووژمن و هەم بۆ ئێمەش. بەلای ئەوانەوە تێپەڕبوونی هەر خولەکێک، بەواتای بیرکردنەوە و خۆئامادەکردن بوو و بۆ ئێمەش سەرمایە بوو. بە پێچەوانەشەوە کاریگەری لەسەر پێشهاتەکان دەکرد.

یەکەم کەس بانگی منیان کرد. چووینە یەکێک لە ژوورەکانی دەستەڕاستی داڵانەکەوە. ناوەوەی پڕ بوو لە پۆلیس، هەموو ئەو پۆلیسانەی هاتبوونە سەر ماڵمان لەوێ ئامادەبوون. دەتگووت لە دیمەنی ئارێنای گاسواری دەنۆڕن. "بینەر و گا ئامادەن، بەڵام ماتادۆر هێشتا دیار نییە!".

## هەندێک خیانەتکار هەبوون

یەکێکیان گووتی: "ئێستا سەرەی ئێمەیە"

یەکێکی تریان: "تۆ سەیری رۆشتنەکەی بکە! چۆن بە ڕق و کینەوە سەیرمان دەکات"

پۆلیسی پشت مێزەکە کاغەزێکی خستە بەردەمم: "واژۆی بکە".

خوێندمەوە، زۆر شتیان ریز کردبوو: "نەخێر واژۆی ناکەم، ئەوشتانە دیارن کە لە ماڵەکەدا دەستیان بەسەردا گیرا، لێرە شتی تر نووسراون. لەماڵەوە کاغەزێکی ترم واژۆکردبوو" بە گاڵتەجاڕییەوە کاغەزەکەم دایەوە بەڕوویاندا. تووڕەبوون. کە پرسیاری ناسنامەشیان کرد، هەر بە گاڵتەجاڕییەوە وەڵامم دانەوە. سووکایەتی پێکردنیان خۆشحاڵی دەکردم. ئەمەم بە بەرنامە نەدەکرد، بەڵام هەستم کرد کە لە قسەکانم پرسیار دروست دەکەن و زانیاریم لەسەر کۆدەکەنەوە. لەو خاڵەدا بە جددی مامەڵەم نەدەکرد لەگەڵیاندا. گوێم بە گرنگیدانەکانی ئەوانیش نەدەدا. ئەمەش فشاری لەسەر دروست دەکردن.

ماوەی ئەم یەکەمین ئاشنابوونەیان بە کورتی بڕییەوە و شێوازی پرسیارەکان زۆر بەخێرایی گۆڕدران: "سەبارەت بە تۆ هەموو شتێک دەزانین. جەمیل بایک، مەتین، شاهین لەو ماڵەدا دەمێننەوە. ئێوارە پێکەوە بوون. بە پەرداخەکاندا دیارە کە ژمارەتان زۆرە. چەکتان هەبوو، لەکوێ حەشارتان داوە؟ تۆ یەکێکی لە سەرکردەکانی رێکخستن، بە قسەی - رۆشنبیر و پێشکەوتنخوازم - ناخەڵەتێین! ئەم پێشکەوتنخوازییە چییە؟ ماڵەکە ماڵی رێکخستنە و تەواو... "

دیاربوو هێشتا نەیاندەزانی بەدوای چیدا دەگەڕێن. دەیانویست زانیارییەکانیان کۆبکەنەوە و لێرەوە لێم تێبگەن و بمناسن. لێپرسینەوەیەکی بنەڕەتی نەبوو. پرسیاری ئەو هەڤاڵانەیان کرد کە پێشتر دەستگیرکرابوون دووبارە و سێبارە ناوی؛ (زەکی بوداک)، (ڕەزا ساریکایا)، (ئایتەکین تۆغلۆک)، (سایم دورسون)، (حسێن تازە) و (عەلی گیوندوز)یان لێدەپرسیمەوە. ناسنامەکانیشیان پیشاندام. پێمگووتن کە هیچ یەکێکیان ناناسم. بەقسەی خۆیان؛ ئەو ناوانە وایان نیشانداوە کە دەمناسن و دانیان بە لێپرسراوێتی منیشدا ناوە. زیاتر لەسەر (عەلی دورسون) هەڵوەستەیان دەکرد.

گووتم: "دەشێ لە دێرسیم منی ناسیبێت، دێرسیم شوێنێکی بچووکە، دەشبێت ناوی بیستبێتبم، ئەمەش ئاساییە"

پاشان سەرەی (حاملی) و (ئایتەن) هات. پێمگووتن کە (ئایتەن)م لە دێرسیم بینیوە و ناسیونە، دراوسێمانە و بۆ چارەسەری نەخۆشی هاتووە بۆ خارپێت. وەڵامەکانم بە زمانێکی پاراو و جێی بڕوا بوون، بە زەحمەت پرسیاریان دەست دەکەوت. دووبارە کردنەوەی هەمان پرسیار و وەڵامەکان زیاتر خۆیانی گرژتر دەکرد. کاتێک کارەبایان دا لەو تەل و وایەرانەی کە بە پەنجەکانمەوە بەستبوویانەوە، بەملا و بەولادا فڕێیدام، دەیکێشام بە دیوارەکاندا، هاوارەکانم خۆشحاڵی دەکردن. کەواتە ئەمە بوو کە دەیانگووت "پێبکەنە، تۆزێکی تر ئێمەش پێدەکەنین!".

ناوبەناو ئاویان بەسەردا دەکردم و کارەبایان لێدەدام، ئەمەش زیاتر دەیهەژاندم. هاوارەکانم تا دەچوو بە پرمەپرم گەیشتبوو. پێڵاو و گۆرەوییەکانیشمیان دەرهێنابوو، بەڵام فەلاقەیان نەدەکردم. دوای کارەبا لێدانەکە چەند پرسیارێکی تریشیان

لێکردم. پێیانگووتم کە وازم لێناهێنن و دەبێت باشتر بیربکەمەوە، پاشان بردمیانە ژوورێکی ترەوە.

ژوورەکە زۆر بچووک بوو، وەک ژووری تاکەکەسی وابوو، ئاودەستێک، ژمارەیەک قەرەوێڵەی دووقات، بەتانی و پێخەفی زۆر پیس و خوێناوی تێدابوو. پەنجەرەکانی توند و قایم بوون، هێندە بۆیاخکرابوو وەک دیوارەکەی لێهاتبوو.

پاش ماوەیەک دەنگی هاوار و فریاد هاتەوە، دەنگی پیاو بوو، (حاملی) لەژێر لێپرسینەوەدابوو. تا دەچوو کات درێژەی دەکێشا، ناوبەناو دەنگی شڵپەی تێلا و دەنگی هاواری لە کارەبادان تێکەڵ بەیەک دەبوون. (ئایتەن) دەنگی نەدەهات. وا بیرم دەکردەوە کە زۆر هێرش ناکەنە سەری. چونکە پرسیاریان کرد "نەخۆشییەکەی چییە؟" پێمگووتن " دووگیانە". ئەمە وەڵامێکی باش بوو. کە تازە هاتبوونە سەرماڵەکەمان ئەم وەڵامەم دابووەوە و (ئایتەن) و ئەوانیش بیستبوویان. ئەشکەنجەدانی کەسێکی دووگیان مەترسیدار بوو، داوای پۆلیسی ژنیان کرد، بۆ ئەوەی ببەن بۆ لای پزیشک و لەم وەڵامە دڵنیا بن. دیاربوو نەهاتبوو بۆیە (ئایتەن)یان هێنایە لام. بەم وەڵامە هەم پێکەنین و هەم (ئایتەن)یش تۆزێک پێی رەنجا و شەرمەندە بوو.

ئەم رووبەڕووبوونەوەمان لەگەڵ دووژمن سەرکەوتووانە بوو. بەمجۆرە تا رادەیەک ئاشنای شێوازەکانی دووژمن دەبووین. هێشتا سەرەتا بوو. لەلایەک ناشارەزایی دووژمن سەبارەت بە ئێمە، لەلایەکی تریشەوە نەیاندەویست زۆر بە خێرایی دەست لەم کارە هەڵبگرن. بە بەرنامە دەجوڵانەوە، بەڵام شەڕ و تێکۆشان لەبەرامبەر بە دووژمن تەنیا بە رووداوێکەوە یاخود شوێنێکەوە وابەستە ناکرێت! لێرەدا خودی تایبەتمەندی سەرەکییەکانی شۆڕشگێڕیی ئەوەیە کە بەسەر هەموو بوارەکانی ژیاندا زاڵ بێت،

لەنێوان هەموو ئەو بوارانەدا پردی ڕاست دروست بکەیت و لە چوارچێوە پابەندبوون بە ئامانجەکانەوە بجوڵێیتەوە.. دووژمن تا ئەو ڕۆژە گەلێک گرووپی تری خستبووە بەر لێپرسینەوە و کەم تا زۆر زانیاری لەسەر هەموویان هەبوو. ئەزموونی هێرشە فاشی و داگیرکەرییەکانی دەوڵەت بۆسەر بزووتنەوە، بەرخودانی و جوڵانەوە شۆڕشگێڕییەکانی گەل و بەتایبەتیش هێرشەکانی ساڵانی حەفتاکان لەیاد نەکرابوو. سێدارە، ئەشکەنجە و کۆمەڵێک ڕووداوی کۆمەڵکوژی، ماهییەتی دەوڵەتی دەدا بەدەستەوە. سیستەمی لێپرسینەوەی قۆناخی 12ی ئادار[11] لەدەیان پەڕتووکی جیاجیادا باسیان لێکرابوو. هەبوو خۆی ڕادەستی دووژمن کردبوو، خیانەتی کردبوو، هەشبوو بەرخودانی هەڵبژاردبوو. مێژووی کوردستان کۆمەڵێک خیانەتی پڕ لە عیبرەتی لەخۆی گرتووە، نموونەیەکی زۆری هەیە، ژمارەیەکی زۆر لە ڕێبەر و سەرکردەکان دووچاری خیانەتی ناوخۆ هاتوون. خیانەتگەلێک هەیە کە تا دەگات بە پێشکەشکردنی کەللەی خزمانی خۆیشی، تا دوا ڕادە نامرۆیی و نائەخلاقییانەیە. ئەمانە لە پەروەردە و وانەکانی خۆماندا هاوکات لەگەڵ کۆمەڵێک نموونە گفتوگۆ دەکران و باس لە لایەنە جیاجیاکانیشی دەکرا.

بێگومان ئەمانە لایەنێکی واقیعی کۆمەڵایەتیمان بوو؛ ئەوە ڕاستە کە ڕۆڵی گرنگیان هەبووە لە سەرجەم دۆڕان و شکستەکاندا، بەڵام تاکە هۆکارێکیش نەبوو کە هەموو شتێکی پێ ڕوون بکرێتەوە. ئاستی بەکاریگەری هێزەکەی هاوتەریبە بە خۆڕێکخستنێکی بەهێز و پتەوی زەمینەکەی. پیشەنگانی چین و توێژەکان لە سەرهەڵدانە کۆمەڵایەتییەکاندا و بنەماکانی

[11] کودەتای 12ی ئاداری 1971ی سوپای دەوڵەتی تورک لەدژی هەموو دامودەزگاکانی کۆمەڵگە و کۆمار و دەوڵەت.

دەستپێکردنی، گرنگی تایبەتیان هەبوو. تا ساڵانی حەفتاکانیش لە کوردستاندا پێشەنگێکی سەردەمیانە، رێکخستن و هەلومەرجی شەڕ لەدژی دووژمن لە ئارادا نەبوو. بەم هۆکارە خیانەت لە ئاستی خۆجێیدا بەشێوازێکی راستەوخۆ و لە گشتیشدا لە گەلێک رووەوە کاریگەری خۆی نیشاندابوو.

لە مێژووی تێکۆشانماندا تا ئەو رۆژە (هاوڕێی کاتی) هەبووە، کەسانێک هەبووە سەرسمیان داوەو و بەدەمدا کەوتوون، هەشبووە بەشێوازی جیاجیا خۆی سەپاندووە. جیا لەوە لە شاری دیلۆک هەندێک هەبوون کەوتبوونە ژێر کاریگەری کۆمەڵێک پێکهاتەی سیخوڕ و گێرەشێوێن و پەیوەندییان لەگەڵ بەستوون و لەلایەن رێکخستنەوە سزادراون. لە دێرسیم (تێکۆشین)[12] هەوڵیدا کاریگەری دروست بکات. دواجار لە مەلەتی، (جەلال ئایدن) ناوێک هەبوو، لەگەڵ ئەو کەسانەدا لە پەیوەندیدا بوو. دەستمان بەسەر هەندێک نووسراو و نامەدا گرت. هێرشی کردبووە سەر هەموو بەهایەکی ناو رێکخستن، گەمەی بە بەها پیرۆزەکانمان کرد. هەرچییەکی لەدەست بهاتایە بۆ تەگەرەنانەوە لەبەردەم رێکخستن درێخی نەکرد. بەڵام زۆری پێنەچووبوو ئاشکرا بوو و بێ کاریگەر کرا.

(شاهین)یش بۆ گەیشتن بە وەڵامی پرسیاری جیاجیا و بەدەستهێنانی زانیاری تا دەپ[13] چوو بوو، خۆی ئاوێتەی هیچ کارێکی تری رێکخستنی نەکردبوو. (عەلی گیوندوز) دوای رووداوەکە ماتیی دایگرتبوو و دوو سێ رۆژێکیش دۆخێکی دەروونی جیاوازی هەبوو. جاری یەکەم بوو کەسێکی دەکوشت،

---

[12] ناوی گرووپێکی بەناو چەپڕەوی کورد بوون کە دواتر ئاشکرابوون داردەستی MITی تورک بوون و بەتایبەتیش لەدژی تەڤگەرە کوردییەکان بەکارهێنراون.

[13] دەپ؛ ناحیەیەکە سەر بە پارێزگای خارپێتی باکووری کوردستان کە دەوڵەتی تورک بە کاراکۆچان ناوزەدی کردووە.

گرنگ بوو بزانێت فیشەکی بەکێوە ناوە. لە رووی جەستەیەوە لەناو بردنی کەسێک؛ لایەنی جیاجیای هەیە، دیارە لە ناکۆکی و لێپرسینەوەی ناو خۆیدا بوو.

تۆڵەسێنیی شۆڕشگێڕییانە پێویستی بە قووڵایی هزری چینایەتی هەیە. هەر هەڵوێستێک کە لە بنەمای خۆیدا کین، تۆڵە، تووڕەیی و خۆشەویستی هەڵنەگرێت، ئامانجی خۆی ناپێکێت. کاریگەرییەکانی کاتیی، کورتخایەن و بێ ئەنجام دەبن. هەر کەسێکیش هەست و خواستەکانی بە ئاوات و ئامانجەکانییەوە نەبەستێتەوە و نەیخاتە بن خزمەتی ئامانجەکانییەوە، بوێری و سەربەرزی و متمانەییشی نابێت.

## ئەو ئاگرە ئێمەی هێنایە لای یەک

دەکرێ لە هەموو جۆرە هەلومەرجێکدا کەسایەتی بناسرێت و پەردەی لەسەر هەڵبماڵرێت. تایبەتمەندییان هەرچی و چۆن دەبن با ببن، مسۆگەر لایەنە جیاوازەکانی بەدی دەکرێن. تەنانەت بە رێگەی بەسەرهات و رووداوەکانیشەوە بێت، دەکرێ هەوڵی دەرککردن بە واتاکەی بدرێت، بزانرێت رێگە بۆچی خۆشدەکات، هەڵبەتە هەلومەرج و دۆخێکیش مەیسەر دەبێت کە خودی راستییەکانی بخاتەڕوو. یاخود کاتێ هەموو ئەو تایبەتمەندییانە هاتنە لای یەک خێرایی دەدات بە هەڵدانەوەی پەردە لەسەر ئەو راستییانە، دەرفەتی شاردنەوە و حەشاردانیشی نامێنێت. هەموو شتێک ئاماژە بە تۆ دەکات، هەموو چاوێک لەسەر تۆ دەبێت، هەموو گوێیەک دەنگی تۆ دەبیستێت، لە ترپەی دڵ و رەنگی خوێنەوە دەزانرێت هەست بە چی دەکەیت، هەموو شتێک دەتدات بە دەستەوە! چونکە تۆ لەو خاڵەدا هیچ یەکێک لەو بەها و بنەمایانەت نەبوو کە جەوهەری ژیانی مرۆڤیان پێکدەهێنا.. کەسایەتییەکی مایەپووچ و والا..!

بەهیچ جۆرێک کەیفم بە (شاهین) نەدەهات. خۆشەویستی و رێزێکی ساختەکاری هەبوو، گەرم نەبوو، خۆڕسکانە نەبوو. کەسێتییەک بوو کۆمەڵێک تایبەتمەندی پێچەوانەی هەبوو؛ کە هەر خۆم بیوومە گەواهی ئەو دۆخەی، کە مایەی کاریگەری نەرێنی و دروستکردنی سارد و سڕی بوو. ئەمەش بە شێوەیەکی ئاسایی مەودایەکی دەخستە نێوانمانەوە، بەڵام وەکو ئاشکرایە؛ هاوڕێیەتی و هەڤاڵێتی ناو ریزەکانی رێکخستنەکانمان خوێنی

دەکولاند، ئاگری دەخستە دڵەوە، چونکە پەیوەندی و پابەندییەکانی وەک ئاگرە. لەبەر ئەوەی بناخەی هەڤاڵێتی ئاگر بوو، ئەو ئاگرە ئێمەی بە یەک گەیاندبوو، هەموو شتێک لە کڵپە و گڕی ئەم ئاگرەدا باڵای گرتبوو. (شاهین)یش ئەندامێکی ئەم تەڤگەرە بوو، لەناو یەکەمین دەستەی هەڤالاندا بوو لە شاری دێرسیم. لەو سەردەمەدا هیچ پەیوەندییەکی راستەوخۆ و نزیکمان نەبوو. دوای ئەوەی لە دێرسیم دەرکەوتم بینیم، بە راستی لەم قۆناخەدا زیاتر ناسیم.

هەمیشە یەکەمین کاریگەرییش گرنگە، هەڵوێستەکەی (شاهین) لە کۆبوونەوەکەی گەڕەکی ئینجیرئاڵتی لە شاری ئیزمیر کاریگەری لەسەر کردبووم. پاشان لە خارپێت، شێوازی پەیوەندی و هەڵسوکەوتی لە شاری چەولیکیش قورسایی لەسەر ئەم پێشداوەرییە زیاتر دەکرد. (شاهین) لا سەهۆڵەکەی دڵم بوو، بێگانە بوو، بێگانەیەکی راستەقینە. گەرم و گوڕی ئەو ئاگرەی پێنەگەیشتبوو. رەفتارەکەی لەناو کۆنگرەی یەکەمدا منی بە قسە هێنا. لەگەڕانەوەماندا فیکری خۆمم تەنیا بە هەڤاڵ (جەمیل بایک) گووتبوو. لە کۆنگرەدا نەمتوانی نیگەرانییەکانی ئەو کاتە بهێنمە زار. کاردانەوەکانم هەر ئەوەندە بوو کە لەبەر خۆمەوە هەندێک شت بڵێم و ئەوانەش لە جموجۆڵەکانمدا بەدیبکرێن.

هەر بۆیە دەستگیرکردنی، بەلای منەوە ئەندێشەیەکی گەورە بوو. ئەمە شتێکە کە دوورە لە کاردانەوە و تووڕەییم لەبەرامبەر بە دووژمن. چونکە هەر کەسێک بکەوێتە دەستی دووژمنەوە، دەبێتە مایەی بێزاری لەناخمدا، پێی ناڕەحەت دەبم. هاوکات هێشتا وەرنەگرتنی رێوشوێنی پێویست درێژەی هەبوو، ئەزموونیان لە هەڵەکانی ئێمە وەرنەگرتبوو و لەو هەرێمە دەرنەکەوتبوون. تا ئێستا (شاهین) لەو خانووانەدا بەدوای چی و بۆچی دەگەڕا و

دەمایەوە؟ چجای لەو خانووانەدا کە ئاشکرا ببوون! لەگەڵ (حەیدەر ئەرۆغڵو) لە گەڕەکی فەوزی چەخماخ لەماڵی ئەوان دەستگیرکرابوو. مایەی سەرسوڕمانە. بەڵام ئەوەی زیاتر مێشکی سەرقاڵ دەکردم و نیگەرانی دەکردم شتێکی تر بوو.

بەرەبەیانی ئەو رۆژە بە لێپرسینەوەیەکی خەست و خۆڵدا گوزەرم کرد. لەولاشەوە بە دەنگەکاندا تێگەیشتم کە (ئایتەکین)، (زەکی بوداک)، (رەزا)، (عەلی) و (حاملی)، هەموومان پێکەوە لە ژوورێکدا فەلاقە دەکراین، دەشبێت کەسی تریشیان لەگەڵ بووبێت. چاوم بەسترابووەوە. حەتمەن چاوی ئەوانیش بەهەمان شێوە. هێشتا درێژەم بە یەکەمین قسەم (پێشکەوتنخواز و رۆشنبیر) دەدا. پۆلیس هەر لە سەرەتاوە بڕوایان پێنەبوو. قسە و دانپێدانانی کەسانی تریشیان لەبەردەستدا بوو، ئەوانیشیان دەهێنا و لەمنیان دەپرسی. راستەوخۆ لەڕێگەی کاسێتی تۆمارەکانیشەوە دەیانویست بڕوایان پێبکەم.

لە سەرەتاکاندا ماوەیەکی درێژ دەنگم نەکرد، خۆڕاگری لەبەرامبەر ئێش و ئازاری تێلا زەحمەت نەبوو. بە قامچی "جۆپ" و تێلا بە هەوەسی خۆیان لە ڕان و ناوڕانەوە تا ناوشانەکانمیان دەدا. ئازارێک بوو مێشکی بەنج دەکرد. ئەمەم بەلاوە هیچ نەبوو، تا ئەوکاتەی ئەوانەی خۆمان هاتنە قسە و گووتەی سەرشۆڕ و ملهوڕانەیان بەدوای یەکدا ریزکرد. ئیدی دانم بەخۆمدا نەگرت و تەقیمەوە. جوێنم بەوان و بە پۆلیسەکانیش دەدا. بێگومان زیاتر جوێنم بە پۆلیسەکان دەدا، کە جوێنی سیاسیانەش نەبوون، بە وریاییەوە هەڵمدەبژاردن؛ "ئەی ئاژەڵینە! جگە لە جاملی هیچتان ناناسم، ئەویش بەهۆی هاوژینەکەیەوە، لە گەڕەک هاوڕێمە. دەشێ عەلی بمناسێت، ئەویش تەنیا بەناو، دێرسیم شارێکی بچووکە، لەوە زیاتر هیچ پەیوەندییەکی ترمان نییە. ئاژەڵی کوڕی

ئاژەڵ! کەر کوڕی کەر! بۆچی درۆم بۆ هەڵدەبەستن؟" و لەگەڵ زۆر جوێنی تر ئەو ناوەم تێکوپێک دەدا.

پۆلیسەکان پەشیمان ببوونەوە، چونکە لەدوای ئەو لێدان و جنێوانە جگە لە (رەزا) ئەوانی تر ئەو بەدرەفتارییەیان دووبارە نەکردەوە. منیشیان لەو ژوورە دەرهێنا. تووشی خوێن بەربوون ببووم، تۆزێک ترسابوون. دیاربوو هەندێک شت بەکەڵک بوون! بەهەر هۆکارێک بێت، (زەفەر کاراعوسمان ئۆغلۆ) ئامادەی لێپرسینەوەکانم دەبوو و بەردەوام رۆڵی کەسێکی چاک و نەرمرۆی هەڵگرتبوو. بە پرسیارەکانی دەیویست لەبەرەی شەڕی دەروونییەوە لێم بدات. وای نیشاندەدا کە هیچ پەیوەندییەکی بە ئەشکەنجەکانەوە نییە. تەنانەت بۆ خوێن بەربوونەکەم فانیلەیەکی ژێرەوەی هێنا و گووتی: "لۆکەمان نییە، ئەمە بەکار بهێنە".

لێپرسینەوەی بەتەنیا جیاوازە، لەبەرامبەر بە دووژمن تەنیایت. بەڵام ئەم رووبەڕووکردنەوەیە چییە، ئەم لێپرسینەوە گشتییە چییە و لەکوێوە هات؟ مەسەلەی (رەزا) روون و ئاشکرابوو، بۆ (عەلی)یش وەک ئەگەرێک تەماشام دەکرد، ئەی باشە ئەوانی تر بۆچی قسەیان کردبوو؟ دانپێدانانِ خێرا و بەرفراوان ببوو! هەموویان لە یەک ئاستتدا دانیان بە نهێنییەکاندا نەنابوو، هێشتا کارلەکار نەترازابوو، بەڵام تەنیا گووتەیەک یان تەنیا روونکردنەوەیەک بۆ دووژمن دەبووە چەکێک و بەکاری دەهێنا و کاریگەری لەسەر هەمووان دەکرد. ئەم هەڤاڵانە لە کۆمیتەی هەرێمەکاندا جێگەیان دەگرت، هەر لاوازییەکی ئەوان راستەوخۆ کاریگەری خراپ و نەرێنی لەوانی تریش دەکرد.

جارێکی تر بەوجۆرە منیان نەبردەوە. هەڤاڵان پێی کاریگەربوون. کاتێ دەیانبەنەوە بۆ ژوورەکانی خۆیان، (ئایتەکین) دەڵێت: "ئەگەر جارێکی تر بیهێننەوە بەرامبەرمان، ئیتر

قسه ناکەم" ئەم دۆخە کاریگەری لە (حاملی)یش کردبوو و دڵتەنگ ببوو. بەڵام دووژمن هەندێک لاوازی بەکاردەهێنا. سەیرە، بەڵام لەو یەکەمین کاریگەرییەوە بەپێچەوانەوە دەمگووت: "خۆزگە بەردەوام دەیانبردم بۆ لێپرسینەوەی گشتی (واتا رووبەڕوو کردنەوە- و)"، وای لێهاتبوو ئەگەر هەر کەسێک سەبارەت بە من یەک وشەی بگووتایە، دەستبەجێ بە پۆلیسم دەگووت: "بیهێنن، رووبەڕوومان بکەنەوە". ئەم هەڵوێستە لە رووی دەروونییەوە مرۆڤ لە پێگەی بەکاریگەربووندا رادەگرێت. واتای متمانەبەخۆبوون بوو و پۆلیس نەیدەتوانی کاردانەوە نیشان بدات. ئەمەش لەگەڵ ئەوەی لەلایەکەوە سوودبەخش دەبوو لەلایەکی تر دوور نەبوو رۆڵی پێچەوانەییش بگێڕێت.

ئەمە لەکاتێکدابوو کە لەو جۆرە رووبەڕووکردنەوانەدا شتگەلێک هەبوون ورەیان تێکدەدا. ئەگەر لە ئاستی گشتیشدا نەبێت لە رووێکەوە بێمتمانەییەکی دەچاند، هەڤاڵانێک کە زیاتر جێی باوەڕی و متمانەم بوون، دانیان بە پەیوەندییەکانی خۆیان لەگەڵ رێکخستندا نابوو؛ کە ئەمە دەبووە پشتڕاستکردنەوەی (رەزا) یاخود ئەوانی تر. زۆر رەشبین نەبووم، ئەمانەم بەلاوازی خۆیان دەزانی. بڕوام هەبوو لەم خاڵەدا رادەوەستن و زێدەڕەوی ناکەن. لەو لاشەوە ئەم کاردانەوانە بوێری پێدەدام و دەمگووت: "دان بەهیچ شتێکدا نانێم! ناتوانن یەک وشەی راستم لێوەربگرن".

زۆربەی وردەکارییەکانم بە (ئایتەن) نەدەگووت بۆ ئەوەی کاریگەری لێنەکات، بەڵام دوای من ئەویان برد. سەبارەت بەویش هەندێک شت بە پۆلیس گووترابوو. لەویان نەدەدا، وایان پێ باش بوو وەکو چەکێک لەبەرامبەر بە (حاملی) بەکاریبهێنن، کە لەم بواردا (ئایتەن)یش گرژی و پەشۆکی دایگرتبوو.

ئەو رۆژە دەنگی ئۆتۆمبێل و قارە و بۆڕەی ئاژەڵئاسای پۆلیسەکان دەستی پێکردەوە، تێگەیشتین کە هەندێکی تریشیان هێناوە.

بەرەبەیانی زوو ئێمەیان بردەوە بۆ لێپرسینەوە، کە ئەمەش خێری پێوە نەبوو. مەگەر تۆماری دەنگی ئێمەیان بەگوێی ئەوانی تر دابوو، بۆ کەسێکی تازە دەستگیرکراو، ئەشکەنجەیەکی دەروونی بەکاریگەرە. هاوار و قیژەی ژن کاریگەریەکی تری دەبێت لەسەر هەموو کەسێک. لەلای هەندێک قین و تووڕەیی بەرامبەر بە دووژمن بەرز دەکاتەوە، لەلای هەندێکی تریش ترس و خۆف تا سەر ئێسکیان دەبات. دۆخی ترس و خۆف لەناخدا دۆڕان و شکست دروست دەکات.

ئەشکەنجەی بەردەوام و جۆراوجۆر وای لێکردبووم بەتەنیا نەمدەتوانی بچم بۆ تەوالێتیش، (ئایتەن) و پاسەوانێک هەریەکە و قۆڵێکمیان دەگرت و دەیانبردم. جارێکیان هەر لەسەر ئەو رێگەیە لە لایەکی دەرگە کراوەکەی ژوورێکی تری لێپرسینەوەدا چاوم بە (شاهین) کەوت. چۆن منی بینی لێوی خۆی گەزت و ترس و خۆف دایگرت و چاوە ترسنۆکەکانی داچەقاند. وەکو بڵێی هەر نەمبینیبێت و گرنگیم پێنەدابێت لەسەر رێی خۆم رۆشتم. گومانم نییە لەوەی دەرگەکە بە ئەنقەست کراوەبوو، کەسانی تریشی لێبوو. پۆلیس یان دەویست بزانێت حاڵەتی رۆحیی (شاهین) چۆنە یاخود مژدەی دەستگیرکردنی (شاهین)یان دەدا بە من؟ بەردەوام پێیان دەگووتم؛ هەموویان گیران، لەدەستماندان! (جەمیل)، (حسێن تۆپگیودەر)، (ئاپۆ)، هەموویانمان گرت!.. بێگومان ئەمەش رێبازێکی گوشار بوو.

هیچ شتێک هێندەی ئەوە بێزاری نەکردم، بە ئەندازەیەک واملێهاتبوو بڵێم: "خۆزگە کەسی تر بووایە و شاهین نەبووایە"

چونکە متمانەم بە (شاهین) نەمابوو. تۆبڵێی هەندێک شت هەبووبن لە یادگەمدا و دەرکم پێنەکردبێت؟ تا چەند لە جێی خۆیدایە وا بەزوویی بێ متمانەیی بکەیت؟ هەندێک هەڤاڵ هەبوون کە تا کۆتا جێگەی متمانە و باوەڕی بوون، کەچی دانیان بە هەندێک شتدا نا و قسەیان بۆ دووژمن کردا ئەی ئەم؟! بەو هەڤاڵانەم دەگووت: لە لاوازییەکانی خۆیاندا زیادەڕەوی ناکەن".

(شاهین) لە کوێ و لە کام ماڵ دەستگیرکرابوو؟ کێی تر هەبوو؟ لەم رووەوە نەبوونی زانیاری وەک ئەشکەنجەیەک وابوو.

سەیر لەوەدایە لەکوێ (شاهین)م ببینیایە، بوێری، هێز و متمانەم بەخۆم زیاتر دەبوو. جاری واهەیە مرۆڤ لەلای هەندێک کەس خۆی بەبچووک دادەنێت، شەرم دەکات، لەلای کەسانێکی تریش هەست بە خۆشحاڵی، متمانەیەکی هاوبەش، ئاسوودەیی و جۆرە نزیکبوونەوەیەک دەکات. لەلای هەندێکی تر ترسنۆک دەبێت، تووشی گومان و ئەندێشە دەبێت، تایبەتمەندی هاوبەشی رۆحی پەیداناکات. بەڵام نەخێر، ئەمە هەمان ئەو دۆخە دەروونییەیە کە لەدیدارەکەی ئیزمیر و چەولیکیش ناخمی گرتبوو. (شاهین) جددییەتی پاراستنی رێکخستنی لەلا نەبوو، ئەمەش لەبەرامبەر بەخۆی بێ متمانەییەکی دروست دەکرد. کەسایەتی (شاهین) لەم حاڵەدا وای لێدەکردم زیاتر هەست بە جددیەتی رێکخستنی بکەم، زیاتر بە ئاگا و زیتەڵە بم، هەر کاتێک ئەو خاوەنداری لە رێکخستن نەکردبا، من دەستبەجێ دەکەوتمەخۆ، ئەمانە جۆرە کاردانەوەیەک بوون بەهۆی (شاهین)ەوە لەمندا دروست دەبوون. بەتایبەتیش لە شوێنێکی وەک ئەشکەنجەخانەکەی دووژمندا بچووکترین ترس، بچووکترین گومان و دوودڵی هەل و دەرفەتێکی زێڕینی دەدا بەدەست دووژمنەوە. هەر لاوازییەک کە لە کەسایەتی ئەودا هەستم

پێدەکرد، لەلای من دەبوو بە هێزێک، دەمگووت؛" ئەگەر ئەو بەمانە دووژمن دڵخۆش بکات، یەقینم هەموو ئەو شتانە دەکەم کە دووژمن پێی دەتەقێت." نەخێر، پێشتر بەرنامەم بۆ هیچ یەکێک لەمانە دانەنابوو و بە بەرنامە نەمدەکرد، لەخۆوە دەهاتنە پێش. یەکەمجار کە ئەوم بینی هەر هەمان شت روویدا؛ کە پێم بە زەویدا دەنا، هەستم بە ئازارێکی زۆر دەکرد، بەڵام کە ئەوم بە حەپەساوی و بێ پەلوپۆ دیت، رێڕۆشتنەکەشم لەخۆیەوە گۆڕا؛ سەربەرزانە و زیندە دەڕۆشتم.

ئێوارەی هەمان رۆژ، لە ژوورە هاودیوارەکەی تەنیشتمان خرانە بەر لێپرسینەوە. پۆلیس ئەو جۆرە لێپرسینەوەیەی بە "جریواندن" ناوزەدکردبوو، گوێمان دەنا بەدیوارەکەوە و دەنگیان زۆر بە روونی دەبیسترا. چەند جارێک دەنگی قامچی و (شاهین)یش بەدەنگێکی نزم و کەم ناڵاندنێکەوە بەردەوام دەیگووت "کاکە..!". هەر ئەوەندە..! بەرخودانی (شاهین) هەموو ئەوەندەبوو. پاشان دەستی بە گێڕانەوە و دانپێدانان کرد. لەو نێوەدا دانم بەخۆمدا نەگرت و بۆکسێکم کێشا بە دیوارەکەدا، (ئایەن) هات بە دەنگمەوە و گووتی: "مەکە، دەیبیستن"، لە ژیانمدا بەهێندەی ئەو ساتەوەختە جوێنم نەدابوو، چونکە لەوە زیاتر هیچی ترم پێنەدەکرا.

بە هەڵەدا نەچووبووم. هەرگیز متمانەم بەو کەسایەتییە سووک و ناکەسبەچەیە نەکردبوو و خۆشمنەدەویست. (حەیدەر) راستی دەگووت؛ دەشبێت (شاهین) لەسەرووبەندەی هەوڵی تەقاندنەوەی سەربازگەکەی دێرسیمدا خۆی رادەستکردبێت و خیانەتی پەسند کردبێت، کە بەهۆی ئەو رووداوەوە ژمارەیەکی زۆر خەڵک راپێچی زیندانەکان کران و دووچاری ئەشکەنجەیەکی زۆرببوونەوە. بەڵێ..! ئەو کاتەش لێدانی نەخواردبوو، بە پۆلیسی

دەگووت :"کاکە..!" لە قۆناخەکانی دواتریشدا بەرپرسیاریتی ڕێکخستنی نیشان نەدا، هەڵوێستی کۆنگرەی..! ئایا (سەرۆک) بەمەی زانیبوو؟ زۆر بە سەبر بوو. (سەرۆک) هەمیشە ئارام و لەسەرخۆ بوو. دیاربوو هەوڵیدەدا تێبگات. (شاهین) لەو کۆنگرەیەدا سەرەڕای ئەوەی شایستەش نەبوو، بە ئەندامی دەستەی کارگێڕی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا. ئەگەر هەڤاڵانی تر خۆیان لە ئەرک وەرگرتن وەلا نەخستایە، ئەویش وای نەدەکرد. ئەو ئارەزووە دڕندانەیەی، ئەو کێبڕکێ قێزەونەی لەچی بوو؟ لەو دۆخەی ئەشکەنجە و لێپرسینەوانەدا شیرۆڤە کردن هیچ سوودێکی نەبوو. خیانەت لە ئاستی خۆی تێپەڕی کردبوو، ئەی ئەنجام ؟!

سەرم وەختبوو دەتەقی، ئەو شتانەی باسی دەکردن شتی هەروا ئاسایی و تەنیا کارەکانی خۆی یاخود تەنیا هەرێمەکانی خارپێت و دێرسیمی لەخۆ نەدەگرت. تەنیا شێوە لاوازییەکیش نەبوو لەبەرامبەر بە ئەشکەنجە و لێدانی پۆلیس، چونکە پۆلیس ئەشکەنجەی نەدەکرد. بەڵام ئەو هەموو شتێکی بە ڕاستی و وەکو خۆی دەگێڕایەوە. بۆچی لە خارپێت بووە، بۆچی هاتووە، بۆچی چووە بۆ ئاگری، چی کردووە و دووبارە بۆچی گەڕاوەتەوە بۆ خارپێت، بە دوور و درێژی باسی لە هەموو ئەمانە دەکرد.

دەی هەر لەمدیوی دیوارەکەوە و لەدڵی خۆمدا دەپاڕامەوە: هەر هیچ نەبێت شتی تر ئاشکرا نەکات! بریا لە جیاتی (شاهین) هەڤاڵ (جەمیل)یان کەسێکی تر بووایە! ئەم سووک و ناکەس بەچەیە بوێری بە دووژمن دەدا. دووژمن هیچ هەواڵێکی نەبوو و زۆریش نەیدەناسین. دەشێت بە ڕێکخستنە چەپرەوکانیشی بچواندینایە، یاخود لەبەر نەبوونی زانیاری نەیدەتوانی هیچ

پرسیارێکیش بکات. بۆچی ئەم سووک و ناکەس بەچەیە لە خارپێت دەرنەکەوت لەکاتێکدا رەشبگیری هەبوو؟

پاشان باسەکەی بەرفراوانتر کردەوە، پۆلیس هەر پرسیاریشی لێنەدەکرد، کەچی ئەو بە هەموو وردەکارییەکانییەوە قسەی هەڵدەڕشت. قسەی هێنایە سەر کۆنگرە. لێرەدا شێت بووم، سەرم بە دار و دیوار و بەردیدا دەکێشا. تووڕەیی خۆمم پێ نەدەگیرا، دەمویست هاوار بکەم، بەڵام نەمدەتوانی. بۆ ئەوەی دەنگم دەرنەکەوێت لێوی خۆمم دەگەست. گەرووم دەسووتایەوە و هێندەی نەمابوو بتەقم. (ئایتەن) شۆک ببوو، لەو دۆخەی من دەترسا: نەکا شێتییەک بکەم و پۆلیس پێم بزانێت. (ئایتەن) ئاگای لەم رەهەندەی خیانەتەکە نەبوو، بەلای ئەوەوە دانپێدانان و دارمان و ترازانی کەسێک بوو. هەڵبەتە ئەو جیاواز بوو، زۆری نەدەزانی. دوو سێ جار گووتم لە رقان هەڵدەستم و دەڵێم "ئەندامی PKKم" و " بەرگری لە PKK دەکەم". هەڵبەتە ئەمانە سەرەتایەک بوون، دیار نەبوو چ پێشهاتێک چاوەڕێی دەکردین. هەڤاڵانی تر هێشتا ئاگایان لە دۆخەکە نەبوو. دەنگی (شاهین) لە شوێنەکەی ئەوانەوە نەدەبیسترا، لەلایەکی تریشەوە لە یەککاتدا و بەجیاجیا لێپرسینەوە دەکرا.

باوەڕی، ئیرادە و بەرژەوەندی رێکخستنی لە کوێ بوو؟ خیانەتی تا سەر ئێسقانی (شاهین) بەرەو کوێ ملی دەنا؟ دوژمن بەهۆی دانپێدانانە چەند رۆژییەکەی (شاهین)ەوە هەر ئاوڕیشی لێنەداینەوە. هەر چۆنێک بێت (شاهین) باسی هەموو کەسێکی دەگێڕایەوە. بەڵام کێشە تەنیا (شاهین) نەبوو، دووژمن دەیویست هەموو کەسێک بەرەو خیانەت پەلکێش بکات.

بەرەبەیانێکیان دەنگی قەرەباڵغییەکی زۆری پۆلیس لە باخچەکەی دەرەوە هاتە گوێم، راپەڕیم و لەسەر قەرەوێڵەکە

هاتمە خوارەوە و لە پەنجەرەکەوە سەیرم کرد، بەدەیان کەس ریزکراون. پۆلیس بە شڵەژانێکی زۆرەوە و هەر یەکەو لەلایەکەوە: "ناسنامەکانتان دەربهێنن، هیچ شتێکتان پێ نەمێنێت، هەمووی دانێن، ئەگەرنا زۆر خراپتان پێدەکەین". هەمووان گیرفانیان بەتاڵکردەوە. (حسێن تازە)، (ئیلهان)، (نائیل) و چەند ناسیاوێکی تر، چاوم بە دوایین کەسی ریزەکە کەوت. یەکەمجار هیچ بڕوام نەکرد، ئەوە هەڤاڵ (جەمیل) بوو. زۆر ئارام و دەستەکانیشی لە پشتەوەبوون و قاتێکی لەبەر بوو. تەنیا بۆینباخی کەمبوو. هەم دڵخۆش بووم و هەم ناڕەحەت. جارێکی تر لە دڵی خۆمدا گووتم: "بریا (شاهین) دەستگیر نەکرایە، هەڤاڵ (جەمیل) بووایە، ئەگەر نا دووژمن هێندە زانیاری دەست نەدەکەوت". ئەوەی منیش گاڵتەجارییەک بوو! دەستگیرکردنی کادیر کاریگەری نەرێنی لەسەر رێکخستن و تێکۆشان دەبێت.

پۆلیسەکان بە ئەنقەست خۆیان گیرۆ دەکرد. یەک دووانێک هاتنە دالانەکە و گەڕانەوە. هەندێک لە پۆلیسەکانی دەرەوە چاویان لەسەر ژوورێک بوو. پێدەچوو هەندێک هەبن لەو ژوورەوە کەسە ناسراوەکانیان پیشانی پۆلیس دەدا. لەو کاتەدا دەستمکرد بە نزاکردن: "با هەڤاڵ جەمیل نەگیرێت" لە یەک کاتدا هەستی جیاجیام هەبوو. هەر کە (شاهین) دەهات بە ئەقڵمدا بیرم لە هیچی تر نەدەکردەوە.

دوای ماوەیەکی کورت چاوەڕێکردن، کۆمەڵێکیان جیاکردەوە کە (حسێن)، (نایل)، (ئیلهان) و (ئەرجان)یشی تێدابوو. بەوانی تریشیان گووت: "دەی خێرا بچنە ناو مینۆبیسەکەوە[14]". فەرمانیشیان بە پۆلیسەکان کرد کە بیانبەن بۆ بەڕێوەبەرایەتی پۆلیس. ئەمە واتای چی بوو؟ ئازادیان دەکردن؟ هەڤاڵ (جەمیل)

---

[14] مینی پاس، یاخود پاسی بچووک.

بەردەوام تەماشای لایەکی دەکرد، لەسەر لا راوەستابوو، تۆ بڵێی نەیانناسیبێتەوە. دەشبێت (شاهین) بێویژدانی نەکردبێت و ناوی هەڤاڵ (جەمیل)ی نەدابێت. شتی سەیر سەیر دەهات بە ئەقڵمدا.

دیاربوو ئەوانەی ئەمڕۆ هێنرابوون، ناوی منیان دابوو بەپۆلیس. بانگکرام... پۆلیس بە خۆشحاڵییەکی گەورەوە؛ "گرتمان.. (جەمیل بایک)، (حسێن تۆپگیۆدەر) لەدەست ئێمەدان. وەکو بولبول خوێندییان، تۆ لە هیچ و خۆڕا بەرخودانی دەکەیت". لەو کاتەدا ئەگەر بمزانییایە هەڤاڵ (جەمیل) خارپێتی بەجێهێشتووە و شوێنەکەی سالمە پێم دەگووتن: "هەی بێ ئەقڵینە، هەڤاڵ جەمیل رۆیشتووە، ئەوتان لەدەست دەرچووە". ئەمە باشترین رێگەی شێتکردنییان بوو. بەڵام بە زۆر دانم بەخۆمدا گرت. بەوەش ئاشکراتر دەبوو کە چەندە درۆزن و ساختەچین. ناوەناوە شتی هاوشێوەیان دەگووت. ئەگەر بڕواش نەکەیت بیرت لێدەکردەوە و پێی بێزار دەبوویت.

## (پیر ئەحمەد) لە نەخۆشخانە شەهید بوو

رۆژ بە لێپرسینەوە و ئەشکەنجە دەگوزەرا. دەستبەسەرکردن کۆتایی نەدەهات. بەشێوەیەک کە شکیان لە هەر کەسێک بووایە دەیانگرت و دەیانبرد. بەڵام کەیسی ئەندامانی (ئەرتەشی رزگاری نیشتمانی – UKO) جیابوو. شتی وەکو ناو و ناونیشان یان جۆرە پەیوەنییەکی دوور و نزیک بەس بوو. رۆژێکیان بەهۆی هاوناوییەوە کەسێکیان هێنابوو. نەماندەزانی لە زیندان چەند ماوەتەوە و چەندە ئەشکەنجە دراوە، بەڵام بە درێژایی رۆژێک بە رووتی لەبەردەم دیوی دەرەوەی پەنجەرەی ژوورەکەی ئێمە ئەشکەنجەیان دا. ئەشکەنجەی کارەبا، هەڵواسین و فەلاقە نەبوو، بەڵام لەسەر هەموو بەشەکانی جەستەی کاری دوورە مرۆییانەیان کرد. چی گووتە و قسەی سووک و شکۆ شکێن هەبوو پێیان گووت، چی شتی خراپ هەبوو پێیان کرد و پاشان بەریاندا. نەمانزانی مرد یان نا. لەو سەردەمەدا هەبوو ژیانی لەدەست دەدا. بۆ نموونە جارێکیان هەر چۆن زانیان کەسێک لەوانەی کە لە ژێر ئەشکەنجەدایە ناژی و دەمرێت، بەریاندا و کابرا چۆن دەگاتەوە ماڵەوە دەمرێت. دواتر رووداوێکی زۆری لەو جۆرە ئاشکرابوون.

لەو رۆژانەدا کە ئێمە دەستبەسەر کراین، (موسا دومان) کە پزیشکی نەخۆشخانەی دەوڵەت بوو درابووە بەر دەستڕێژی گوللە و بریندار کرابوو. هەر بەم هۆکارە چەند کەسێکی تریش دەستبەسەر کرابوون. ئەو پزیشکە کەسێکی فاشیست بوو و پێشتر راپۆرتی 'هیچ شتێکی نییە'ی دابوو بە شۆڕشگێڕێکی

TIKKO) - سوپای رزگاری کرێکاران و دێهاتیانی تورکیا)[15] لەکاتێکدا لە ژێر ئەشکەنجەدا لە گیانەڵلادا بووە. ئەم پزیشکە بەو راپۆرتەی پۆلیسی لەهەموو بەدواداچوونێکی یاسایی رزگار کردبوو، دواتر (پیر ئەحمەد) لە نەخۆشخانە شەهید دەبێت. چالاکی تۆڵەسەندنەوە لەدژی ئەنجامدرابوو، دووژمنیش دەیویست ئەم چالاکییە وەک تاوانێک بیخاتە پاڵ هەندێک کەسی ترەوە.

خیانەتەکەی (شاهین) هەڵایسانی ئەشکەنجەی لەگەڵ خۆی هێنا، لێپرسینەوەکان لەسەر بنەمای قسەکانی ئەو دەکران. ژوورە هاودیوارەکەمان رۆژانە گەواهی ئەشکەنجەی تازەی دەکرد. (شاهین)یش لە شوێنێکی تر بوو، هەواڵی بۆ پۆلیس دەنارد کەوا شتی تری هاتۆتەوە بیر و بانگی بکەن. ئیتر هەڤاڵانی تریش ئاگاداری دۆخەکەی ببوون. لەولاشەوە هەرکەسە و بە هەردوو باردا هەندێک شتی دیار و بەرچاوی پەسند کردبوو یاخود قسەی وەرگیرابوو. لەدۆخێکی وەهادا دەکرا هەڵسەنگاندنێکی راست و جێگیر بۆ رەوشی (شاهین) بکرایە، بەڵام جیاوازییەک هەبوو، بەمجۆرە خۆسووککردن و فرۆشتنی هەموو جۆرە بەها و نرخی گەلێک جیاواز بوو لە لاوازی دانپێدانانەکانی تر. لانی کەم پێویست بوو بەم جیاوازییە بزانرێت و سنوورێک بۆ لاوازی و درکاندن دابنرایە. کەچی هەندێک لەوانە بەرە بەرە دەبوون بە (شاهین)ی تر.

[15] سالی 1972 بە رێبەرایەتی شۆرشگێر (ئیبراهیم کایپاککایا) دامەزراوە، ئەم سەرکردەیە، مانگی کانوونی دووەمی سالی دواتر لەلایەن دەولەتی تورکەوە دەستگیر دەکرێت و لە زیندانی ئامەد لەژێر ئەشکەنجەیەکی زۆر وەحشیانەدا زۆربەی ئەندامانی جەستەی لێدەکرێتەوە، بەڵام تەنانەت ناوی خۆی نادرکێنێت و هەر بەو شێوەیە لە 18ی ئایاری 1973 و لە تەمەنی 25ساڵیدا لەژێر ئەشکەنجەدا شەهید دەکرێت.

(زەفەر کاراعوسمان ئۆغلۆ) زیاتر دەهاتە ئەو شوێنەی ئێمە و درێژەی بەشێوازە (نەرم)ەکەی لێپرسینەوەکە دەدا. لە گفتۆگۆکردن لەسەر پێشکەوتنخوازی وەڕەز نەدەبوو. قسەیان بۆ کردبوو کە من ئەندامی کۆمیتەی هەرێمم و لێپرسراوی کۆمیتەی ژن و کار و خەباتی (جۆشدان "ئاژیتاسیۆن" و پڕووپاگەندە)م، کۆبوونەوەم کردووە، کەسانم ئەرکدارکردووە، بەشداریم لە کۆنگرەدا کردووە...هتد، بەڵام خۆم هێشتا سووربووم لەسەر گوزارشتی "مرۆڤێکی ڕووناکبیر و پێشکەوتنخوازم". ئەوەشم گووتبوو کەوا "(ئایتەن هاوڕێی گەڕەکمە، لە خەمی ژیانی خۆیدایە". دواتریش لەسەرم زیاد کرد کە کەسێکی بۆرژوایە و خواستی شۆڕشگێڕیی نییە.

(حاملی) و (ئایتەن) هێشتا دانیان بەوەدا نەناوە کە دانیشتووی خارپێتن، واتا ئەو خانووە هێشتا پارێزراوە. باشتر کەس نەیدەزانی. بە ڕۆژان و بە دوورودرێژی فیکرمان لێدەکردەوە کە کەس بەو ماڵەی زانیوە یاخود ئاشکرا دەبێت یان نا. (حسێن) و (شاهین) دەیانزانی. کلیلەکان لەسەر (حاملی)یان (ئایتەن)یەکێکیان گیرابوو. گووتبوویان کە لە دێرسیمەوە هاتووین و بڕێک شتی ئاسایی و نامەترسیداریان لەسەر خۆیان پەسند کردبوو. وێڕای ئەوەش نیگەران بووم. جاروبار (ئایتەن) دەبرا بۆ لێپرسینەوە، سەربازە نۆبەتگرەکانی دەرەوە تووڕەدەبوون بەوەی کە (ئایتەن) ئەشکەنجە نادرێت! یەکێک لەو سەربازە نۆبەتگرانە خەڵکی چەرمووگ[16] بوو، ناوی (موراد) بوو. جارێکیان لە پەنجەرەکەوە پارووە نانێکی بۆ هەڵدام و گووتی :" من کوردم، خەڵکی چەرمووگم".. وامان لێهاتبوو هیچمان پێنەدەخورا، ئەوە هیچ کە

---

[16] چەرمووگ؛ شارۆچکەیەکی سەربە پارێزگەی ئامەدی باکووری کوردستانە.. دەوڵەتی تورک بە چەرمیک ناوزەدی کردووە.

خواردنەکەیان پیس و قرێژ بوو، ئیتر نازانم پێمان نەدەخورا! وابزانم (موراد)ی سەرباز ئاگای لەو خواردنانە نەبوو، دەشبێت ویستبێتی ئەمە بکات بە رێگەیەک بۆ دانانی پەیوەندی. بەڵام لە بنەمادا دەیویست ئاگادارییەکم پێ بدات. سەربازێکی کوردی تریش کە خەڵکی هەرێمی سەرحەد بوو هەمان شتی پێ گووتبوومەوە: "متمانە بەو کچە مەکە، سیخوڕە، زللەیەکیشی لێنادەن، چای بۆ دادەنێن، جگەرەی دەدەنێ، پشانی مێردەکەی دەدەن. لەبەر ئەوە هەرگیز قسەی لەلا مەکە، دەچێت دەتدا بە دەستەوە. منیش: "نا نا.. ئێوە بە هەڵەدا دەچن، باشی دەیناسم، لەتاوی ژیانی خۆیدایە، کەسێکی خراپ نییە". کەچی هەر سووربوون لەسەر قسەکانی خۆیان.

سەرباز بەگشتی جێگەی متمانە نەبوون، ئەمەش پێویستی بە هۆشمەندی دەکرد. بەڵام هەندێک هەبوون راست و دروست مامەڵەیان دەکرد. ئەو هەر دوو سەربازە کوردە؛ یان لەکاتی نۆبەتگری خۆیاندا یان هەر کات من بە تەنیا بوومایە دەهاتن. بەدەم رێوە، بەسەرە و بە نۆبەتگری یەکتر، لە هەر بارودۆخێک ئاگاداریان دەکردمەوە و دەڕۆشتنەوە. رەفتاریان خراپ نەبوو، دۆخی ژیانی ئێمە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر کردبوون. دەنگی من لە کاتی ئەشکەنجەدا کاریگەری لەسەر ئەوان و کۆمەڵێک سەربازی تریش کردبوو. ناوەناوێکیش دەیانگووت: "ئەو کوڕی .... نە، چیان لە تۆ دەوێت؟" و تووڕەیی خۆیان دەردەبڕی.

زۆر بە فیکربووم لەوەی بتوانم بەڕێگەی (موراد)ی چەرمووگی نامەیەک بگەیەنمە دەرەوە. لەناو ماڵەکەی (حاملی) ئەوان کە لەبەردەم نەخۆشخانەکە بوو، ئەرشیفێک هەبوو و پێویست بوو حەتمەن خاوێن بکرێتەوە، لە نهۆمی دووەمدا بوو و جگە لە دەرگەی خوارەوە هیچ رێگەیەکی چوونە ژوورەوەی نەبوو.

ئومێدیشم بەوانەی دەرەوە نەبوو کە خاوێنیان کردبێتەوە. بەتایبەتیش (مەتینی کەڕ) حاڵیماڵەکەی دەزانی. ئایا ڕێوشوێنی پێویستی دەگرتەبەر؟!... ئەم بابەتە نیگەرانی کردبووم. باشترین شوێن ماڵی (نادیرە) بوو، سەربازەکە ماڵەکەی زوو دەدۆزییەوە. بە (موراد)م گووت کە نامەیەکم بۆ ماڵەوە نووسیوە دەتوانێت بیگەیەنێت، یان بەجۆرێک هاوکاریم بکات، ئەویش ڕازی بوو.

ماڵەکە لە گەڕەکی ڕەزایە بوو. بۆ ئەوەی تێبگەن نووسیم: "ڕەوشی ماڵی پوورە (ڕازییە)م چۆنە؟ وابزانم زۆر باش نییە، سەرێکی لێبدەن و هاوکاری بکەن لە خاوێنکردنەوەی ماڵەکەیدا، گوناحە نەخۆشە...هتد" بەشێکی کاغەزەکەم بە بۆشایی هێشتەوە، چەند تاڵێک لە قژی خۆمم خستە ناوی و پێچامەوە. هەر بگاتە دەستیان بە کاغەزەکە دەزانن کە من ناردوومە. سەرباز کاغەزەکەی هەڵگرت و خستییە گیرفانی و گووتی: "خەمت نەبێت، بەدەستی خۆم پێیان دەگەیەنم و وەڵامیشت بۆ دەهێنمەوە". ئەمەش دڵدانەوەیەک بوو. نامەکە بشگیرایە مەترسی نەبوو. پێم دەگووتن کە لەگەڵ نادیرە خزمین. کە ناوی ئەویشم لە نامەکەدا نووسیبوو. لەدوای دوو ڕۆژ وەڵامی نامەکە هاتەوە: "خەمت نەبێت، سەرمان لە ماڵی پوورت دا، هاوکاریمان کرد. (مەتین)یش چوو بۆ گوند، خەمی ئەوانت نەبێت. "ئەمە ئاسوودە و دڵخۆشی کردین. ئیتر گرنگ نەبوو ئەگەر ماڵەکەش بدرایە بە دەستەوە.

چووین بۆ توالێت، من زووتر هاتمە دەرەوە، ئێشکگرەکە لە چاوەڕوانی (ئایتەن) دا بوو. ئەوەم کرد بە هەلێک و لەپەنجەرەکەوە تەماشای پەنجەرەی ژوورەکەی (حاملی) و ئەوانم کرد. ئەوان دەنگی کرانەوەی دەرگەکانیان دەبیست، لە پەنجەرە و کون و درزی دەرگەوە چاودێریان دەکرد. ڕێکەوتێکی خۆش بوو، مەرحەبای (ئایتەکین) و (حاملی)م کرد. (ئایتەکین)

زەردەخەنەیەکی کرد. (حاملی) جیاوازتر بوو. پێدەکەنی، بەڵام دەستبەجێ بە رووخسارێکی ماتەوە: "لەو رۆژەوە تۆبە، بەڵێنمان دا، جارێکی تر ناهێڵین لەبەردەمماندا ئەشکەنجەت بکەن. تۆش زۆر جوێنت پێداین، لەبیرت نەچێت" (ئایتەکین)یش گووتی: "ئەو جوێنانە دەرمان بوو، ئاقڵی کردین" پاشان (حاملی): "(سەکۆ)[17] دادەمانە جوێنیشی دابێت، هیچ نابێت". پێمگووت: "ماڵەکە خاوێنکراوەتەوە". خۆشحاڵبوو و پرسی کە لەکوێوە زانیومە. لە وەڵامدا گووتم: "سەربازێک هەیە، کوڕە خاسێکە، نامەیەکم پێیدا نارد و وەڵامەکەی هێنایەوە. وادیارە مەتینی کەڕ لە شار دەرچووە". هەموویم بە هەناسەیەک پێگووتن. هەردووکیان لاغر[18] ببوون و ریشیشیان درێژ ببوو. بەڵام ئەوان زیاتر بە لاغربوونەکەی من دڵگران بوون. گووتیان: "ئاگاداری خۆت بە، هەموو ئەمانەش بە رۆژی خۆیان دەگەن" و گەڕاینەوە. رووانینێکی جوان و بە واتامان هەبوو بۆ یەکتر. سەرەڕای هەموو کورتی و کەماسییەک؛ گەرمی و متمانەی هەڤاڵێتی تیادابوو.

ئەم دیدارە دزەکییانە وەک دەرمان وابوون. جاروبار پۆلیسەکان بەهۆی شەکەتی کاتی ئەشکەنجەی شەوانەوە، بەیانیان کەمیش بێت، ئارام دەبوون. ئەمەش دەبووە هەلێک بۆ ئێمە.. باسمان لە دۆخی (شاهین)یش کرد. گووتیان: "شریتی قسەکانی بۆ ئێمەش لێدەدەن" هەروەها باسیشیان لەوە کرد کە پێیان وایە ئەملاو ئەولای تریش بە (شاهین) دەکەن.. پۆلیس

---

[17] کورتکراوەیەکی خۆشەویستی ناوی ساکینە یە.

[18] کزی، لاوازی جەستەیی، کەمییەکی زۆری کێشی جەستەیی.

نایەوێت دۆخی (شاهین) ئاشکرا ببێت. بەڵام  هەندێک پۆلیسیش هەبوون قسەکانی (شاهین)یان بەسەر هەندێک کەسی تردا دەهێنا. ئاشکرایە کە بە هەموو جۆرێک بەکاریاندەهێنا. پێویست بوو زۆر هۆشمەند و بەئاگا بین.

# خاوێنکردنەوەی ماڵ

سەرەڕای هەموو شتێک تا ڕۆژانی یازدە و دوازدەی دوای دەستگیرکردنەکەش درێژەم بە ڕۆڵی " ژنی پێشکەوتنخواز"ی خۆم دا. ئەرشیفەکانیش نەگیرابوون و بەڵگەیەکی نووسراوی ئەوتۆشیان لەدەستدا نەبوو. هەرچەندە (شاهین)یش بە بنەما دابنێن و بەگوێی بکەن، بەهانەی ڕەتکردنەوەی قسەکانیم پەیدا دەکرد. تەنیا لە بابەتی خانوودا سووربوون لەسەر هێرشەکانیان. دواجار (حاملی) پەسندی کردبوو کە ماڵیان لە خارپێتە.. پۆلیسیش لە هەڵکوتانە سەر ماڵەکەدا دەستیان بەسەر هەموو شتێکدا گرتبوو، بە ئەرشیفیشەوە. کە دەڵێم ئەرشیف مەبەستم لە نووسراوی گەورە گەورە نییە، هەندێک وردە نووسراون کە لە کون و کەلەبەری چوارچێوەی پەنجەرە و لولەی زۆپاکەدا شاردرابوونەوە. دەستنووسی خۆشمی تیابوو. پۆلیس سەرەتا هیچ باسیشی نەکرد. دوو سێ ڕۆژ لێکۆڵینەوەی لەسەر نووسراو و خاوەنەکانی کردبوو و زانیاری کۆکردەبووەوە. هەڵبەتە سەبارەت بە هەرێمەکە هیچ نەماوە نەگووترابێت. (شاهین) هەموو زانیارییەکانی دابوو بەدەستەوە و دووژمنیش نەخشەڕێیەکی لەسەر ئەو زانیارییانە داڕشتبوو. (ڕەزا) کەمتری هەڵڕشتبوو. بەدەر لەمانە زۆربەی دەستگیرکراوەکانی تر لە کۆمیتە و یەکە جیاجیاکان بوون. واتا دانپێدانراو و دەستگیرکراوەکان یەکتریان تەواودەکرد.

دیارە مەگەر بەمجۆرە گونجاوترین کەش و هەوا بۆ دووژمن بڕەخسێندرێت! لە ڕیزی نووسراوەکاندا سەبارەت بە ژنان هەندێک شت هەبوو. پێشتر سەبارەت بە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و

دۆخی ژنان لە شانکوش[19]، چەرمووگ و گرێ سۆر لێکۆڵینەوە کرابوو. ئەم نووسراوە لەلایەن ئەو کچە خوێندکارانەی دەوروبەرەوە نووسرابوون کە پەیوەندیمان هەبوو لەگەڵیان. سەبارەت بە پەیوەندییەکانمان لەگەڵ خوێندنگەکاندا کێ چی زانیوە هەمووی بە پۆلیس گووتووە. تەنیا مابووەوە سەر نەناسیاوەکان یاخود ئەوانەی پاشناوەکانیان لەبیرچووبوو. بەدەر لەمانە لیستی ناویان ئامادەکردبوو، پاشناوەکانیان بەکارنەهێندرابوون، کە ئەمەش گرنگ بوو. ئەگەرنا بەشێکی زۆریکیان لەو کچە خوێندکارانە دەهێنا بۆ ئێرە کە پەیوەندیمان هەبوو لەگەڵیان. لە بابەتی ژناندا کە دەیانگووت "ساکینە دەزانێت" بەڕاستیش پۆلیس ئەم بەشەیان بۆ من دەهێشتەوە. بەڵام نەمدەهێشت تەنیا کچێک بهێنن بۆ ئێرە. نەمدەهێشت بەو ئاواتەیان بگەن. لەم بوارەدا تاکۆتا بە بڕیاربووم.

(ئایتەن) سەبارەت بەماڵەکە چەندە زانیاری دەستبکەوتایە بۆی دەهێنام. جاروبار پۆلیسەکانیش دەیانویست لەڕووی دەروونییەوە فشار دروستبکەن، سەبارەت بەو شتانەی لە ماڵەکەدا دەستیان بەسەردا گرتبوو زانیاریان لەدەم دەردەچوو. بە پێکەنینەوە دەیانگووت: "ئەو ماڵەمان دۆزییەوە کە میوانەکانت و دووگیانەکە بە (بێ وەی) ناویان دەبرد. ماڵەکە ماڵی ڕێکخستنە، جا چیمان نە دۆزییەوە چی؟! لە پرسی چەوسانەوەی ژن تێگەیشتین، ئەی باشە ئەم سێجار چەوسانەوەیە چی بە چی؟" ئەمانە لەو نووسراوانەبوون. هەروەها پۆلیسەکان وەک بڵێی بەش بەش هەندێک کورتەی وەک "هەموو کچانی کۆمیتەی ژنان قۆڵبەست دەکەین. هەندێکیان لەدەست خۆمان دان، کۆمیتەی

---

[19] شارۆچکەیەکی سەر بە شاری ئامەدی باکووری کوردستانە کە دەوڵەتی تورک بە چونگیوش ناوزەدی کردووە.

گەڕەک و کۆڵان.. خانە شاردراوەکان .. هتد" یان دەدرکاند. هەوڵم دەدا شتەکانی ناو ئەو ماڵە وەبیر خۆم بهێنمەوە. وابیرم دەکردەوە کە بەهۆی مەترسیدارییەوە زۆر بەڵگەی نووسراو و شتی هاوشێوەمان لەوێ دانەنابێت. بەڵام هێشتاش بە تەواوی دڵنیا نەبووم.

جارێکیان دەستنووسێکی خۆمیان بۆ هێنام. ئەو کاتانەش دەستنووسێکی خوار و لارم هەبوو و پیتی (a) کانیشم کلکدار دەکرد. هەندێک پیت لە دەستنووسی منیش بچوایە، هەموویان یەکیان نەدەگرتەوە. نووسراوێکی زۆریش نەبوو. زیاتر هەندێک هێڵکێشی سەبارەت بە ناو و رێکخستنەکان بوو کە ئەویش زیاتر (عەلی گیوندوز) نووسیبوونی، دەستوخەتی ئەو بوو. نەخشەی کۆمیتەی هەرێمەکەی تیا بوو، دوابەدوای گفتوگۆکان هێڵکاریمان کردبوو. بەڵام ئەوەش رەشنووس بوو. لەڕاستیدا راگرتنی بەڵگەی نووسراو سەرشێتی بوو. بە کۆمیتەی ناوەندیمان راگەیاندبوو و ئێمەش دەمانتوانی دەرخی بکەین. ئەمەش خۆی لەخۆیدا ناشارەزاییەکی گەورە و وەرنەگرتنی رێوشوێنی پێویست بوو.

پۆلیسیش لەم رووەوە زۆر ناشارەزان. هێندە بەناو کارەکەدا رۆچوون و هێندەش تێکەڵ و پێکەڵیان دەکرد کە ئەگەر ئێمە لێزان بووینایە و هەر لە سەرەتاوە ئەو کەشە نەرێنییەمان بشکاندایە، لانی کەم ترازانی کەسەکان هێندە بەقووڵاییدا نەدەچوون. خیانەت کاریگەرییەکی دەروونی جیاوازی هەبوو، دووژمنیش ئەم کاریگەرییەی بەکار دەهێنا و زیاتریش سوودی لە لاوازییەکانمان وەردەگرت. ئەگەرنا لەبەر ئەوە نییە کە هەموو شتێکیان بە وەستایی و لێزانانە کردبێت. قوورساییەکی زۆر و بۆریان بە فەلاقە و ئەشکەنجە دابوو، پرسیاری زۆر قەبایان لێدەکردین. دۆخی رۆژانی یەکەمیان بەمجۆرە بوو، بەڵام تا دەچوو کارەکە

جددیتر دەبوو. دووژمن لێپرسینەوەکەی بە تیمی نوێ بەرفراوانتر دەکرد. لەو نێوەشدا (شاهین) ڕێنوێنی پۆلیسەکانی دەکرد. (شاهین) بەگشتی هەموو کەسێکی دەناسی، لە ژێر لێپرسینەوەدا بەهەموو ڕەهەند و لایەنەکانییەوە باسی لە کەسایەتی، ڕێکاری ڕێکخستنی و زۆرشتی تریش کردبوو، کە ئەمەش کارئاسانییەکی زۆر گەورەبوو بۆ پۆلیس.

ماوەی ڕۆژانی دەستبەسەری لای پۆلیس کۆتایی هاتبوو[20] و جارێکی دیکە داوای پازدە ڕۆژی تر کرابوو. پۆلیس ئەم درێژکردنەوەیەی بەکار دەهێنا. هەڕەشەیان دەکرد و دەیانگووت: "لەدەستماندان، بەرتاننادەین، تا وەکو بولبول نەخوێنن". بەو قسانەشیاندا تێدەگەیشتین کە چی ڕوویدەدا. جگە لەوەش بەردەوام باسیان لە ئۆپەراسیۆنی دیلۆک دەکرد، بەقیرە و هاوار دەیانگووت کە دانە بە دانەی کادیر و ئەندام و لایەنگرانیان لە شارەکانی تری وەک ماردین، ئامەد، ڕۆحا، دێرسیم و چەندین شوێنی تر دەستگیرکردوون. تەنانەت هەندێک ناویان دەدا و دەیانویست درۆکانیان بۆیاخ بکەن تا جێگەی باوەڕ بێت. یەکیان دەیگووت: "تەواومانکرد، UKO مان بنبڕ کرد. دەوڵەتی کوردی دادەمەزرێنن ها؟ ئەو ئاپۆیەی جێگەی متمانەتانە، ئێستا لەدەستمان دایە..." یەکی تریان: "با ئاپۆ بێت ڕزگارتان بکات، بەڵام ئەو بەدوای کچانەوە، لە تەلارە قەشەنگەکان دایە. ئێوە متمانەتان بەچی ئاپۆ کردبوو؟" بەمجۆرەش ناشارەزایانە یەکتریان زوو زوو بەدرۆ دەخستەوە.

---

[20] بەپێی یاسای دەوڵەتی تورک ماوەی دەستبەسەری بەپێی دۆخی ڕۆژگار و دۆخی ئاستی تۆمەتەکان دەگۆڕدرێت. لەو سەردەمەدا لەلایەن دادگاوە ماوەی 15 ڕۆژ بۆ دەستبەسەرکردنی بەندکراوانی دۆزی سیاسی دەستنیشان کرابوو.

ڕۆژێکیان پۆلیس من و (ئایتەن)ی پێکەوە برد بۆ لێپرسینەوە. لە ژوورەکەی پاڵیشمانەوە (حاملی) و (عەلی گیوندوز) هەبوو. لەڕاستیدا گەمە و تەڵەیەکی زۆر مەترسیداربوو و بە رواڵەتیش بێ ئامانج دیار بوو. من و (ئایتەن) و (حاملی) لە یەک ماڵدا دەستگیرکرابووین. تا ئەو رۆژەش لەگەڵ (عەلی) رووبەڕوو نەهاتبووین.

جارێکی تر بردینیان بۆلای گرووپێکی تریش کە ئەوکاتیش هەوڵەکەیان بێ ئەنجام بوو. ئەمجارەیان لە دەمی دەرگەکە راوەستام و لەدڵی خۆمدا گووتم: "دیارە جۆرە لێپرسینەوەیەکی تازەیە" چونکە چاویان نەبەستبووینەوە. سەیرێکی چاوی (حاملی)م کرد وەک بڵێم؛ خێرە، چی روودەدات؟ پۆلیس هەستیان بەم سەیرکردنەم کرد. دیسان (زەفەر کاراعوسمان ئۆغلۆ)، ئەکتەری سەرەکییە: "وەرنە ئێرە، وەرن. بەچاوی تاوانبارکردنەوە تەماشامان مەکە، خۆیان تکایان کرد. حاملی داوایکرد چاوی بە هاوژینەکەی بکەوێت، عەلییش چاوی بەتۆ بکەوێت".

منیش گووتم: "کەسێک نەیناسم قسەی چی لەگەڵ بکەم؟" و هەوڵمدا هێور و ئارام بم و لەکێشەکە تێبگەم." کابرا:"، بەڵام ئەو دەتناسێت. وا نییە عەلی؟"

(عەلی)یش گووتی:" ساکینە وەرە دانیشە، من داوای چاوپێکەوتنم کرد".

دووبارە سەیرێکی (حاملی)م کرد، مات بوو. (ئایتەن)یش حەپەسا بوو. هیچ کەشێکی ژووری لێپرسینەوە لە ئارادا نەبوو. وەکو شوێنی سەردان وابوو! باشە دەبێ چی بکرێت؟ بڵێم "نامەوێ چاوپێکەوتن بکەم" و روو لە دەرگەکە بکەم و بڕۆم..؟ یاخود لایەنە بەکەڵکەکانی رۆڵی "ژنی پێشکەوتنخواز" بەکاربهێنم و روو لە "هەڵوێستی توند" نەکەم تا لە دۆخەکە تێبگەم؟

عەلی: "من داوام کرد" و بە شێوەزاری دملکی "وەرە شتێک هەیە". بەڵام جارێکی تر رووم کردەوە پۆلیس و بە شێوەیەکی پڕ لە واتا پێمگووتن: "ئەمە گەمەیەکی ترتانە؟ زۆر کەسانی جیاجیا دێننە روومان و قسەی سەیر سەیر دەکەن. متمانەم پێتان نییە"

بە نابەدڵی دانیشتم. (عەلی) یەکەمجار دەمی بەسترا و قسەی بۆ نەگووترا، نەیزانی چۆن دەست پێبکات و دواجار گووتی: "تۆزێک قسەبکەین چاکە. دیارە زۆر ئاگات لەدۆخەکە نییە. شاهین خۆی رادەست کردووە. هەڵبەتە لەلای ئێمەش یەکەم کەس رەزا خۆی رادەستکرد و قسەی کرد. لەناو ماڵەکەدا هەندێک نووسراویان دۆزیوەتەوە، ئێمە هەندێکیانمان لە ئەستۆ گرت. ناچاربووین هەندێک شت پەسند بکەین بەشێوەیەک کە زیانبەخش نەبێت. سەبارەت بە تۆ هەموو شتێک گووتراوە، پێمگووتوون کە پێکەوە لەیەک کۆمیتەدا کارمان کردووە. بەڵام تۆ زیاتر لەچوارچێوەی کار و خەباتی ژناندا ئەرکدار بوویت، ئەم ئەرکەش تازە بە تۆ سپێردراوە ...هتد"

ئەی باشە ئەمەش خۆڕادەستکردن نییە؟ ئەمە واژۆکردنی خیانەتی (شاهین) نییە؟... تووڕە ببووم. دەنگم بەرز دەبووەوە. پۆلیسەکان لەسەر مێزەکە وەک بڵێی هەر ئاگایان لێنەبێت رەفتاریان دەکرد. ژوورەکە تابڵێی گەورە بوو. لە شوێنی خۆیانەوە چاو و گوێیان لەلای ئێمە بوو. (عەلی) دووبارە دەستی پێکردەوە: "پۆلیس زەبر و زۆرت لێدەکات، هیچت بۆ ناهێڵنەوە. دەتوانین هەندێک شت پەسند بکەین. دەتوانین بەوشێوەیە بەرگری لە رێکخستن بکەین!".

منیش: "چۆن بەرگری لە رێکخستن دەکرێت؟ بەمجۆرەی ئێوە؟!... نەخێر، من پاراستنی سیاسی دەکەم. خیانەتی شاهین کاری لە هەموو کەسێک کردووە... دووژمن بەردەوام بە لافی:

کۆتایی پێهات، ڕێکخستن داڕما و تەواو بوو.. شەڕی دەروونی دەکات و زۆرێک لە هەڤاڵان بە هۆی نیشاندانی هەندێک لاوازی دیار و زەقەوە کەوتنە ژێر باری ئەم شەڕە دەروونییەوە. نەخێر، من بە ئاشکرا بەرگری لە ڕێکخستن دەکەم. ئیتر هیچ شتێکم لەوانە بەلاوە گرنگ نییە. هەموو نهێنییە ڕێکخستنییەکانمان خراوەتە چنگی دووژمنەوە. هەبوون و نەبوونی من لە کۆمیتەدا هیچ واتایەکی نییە. حەزدەکات قسەی هەموو دنیام لەسەر کرابێت، یان بکرێت، هەر بەهیچی نازانم".

(عەلی) ئەمەی وەک شێت و شوویری بەناو کرد و گووتی: "خۆت دەزانی".

دیاربوو پۆلیسەکان نیگەران ببوون. زانیبوویان کە هەردووکمان کۆک نین. زۆر باش دەیانبینی کە هیچ کەشی گفتوگۆیەکی ئاسایی لە ئارادا نییە و منیش داوامکرد بچمەوە شوێنەکەم و ڕۆیشتم. (ئایتەن) درەنگتر هاتەوە. پێکەوە چاوپێکەوتنەکەمان شیرۆڤە کرد. پۆلیس تەڵەکەی دانابوو و ئێمەش تێیکەوتبووین. دووژمن ئەوەی بە ئەشکەنجە و فەلاقە دەستی نەکەوتبوو، دەیویست وەها بە ناسکی و بە ئارامی بەدەستی بهێنێت. پۆلیس بێ هۆش نەبوو. (ئایتەن) هاوژینی (حاملی) بوو و لە بەرامبەری بەکاریان دەهێنا. زۆر جار هەڕەشەی (دەستدرێژی) لێ کرابوو. تاکە چەکێک کە پۆلیس لە لێپرسینەوەدا لەدژی ژن بەکاری دەهێنێت: دەستدرێژیی و لاقەکردنە. چونکە ئیتر هەڕەشەی (قامچی و تێلا تێبڕین) ببوو بە دیاردەیەک.

(ئایتەن) وەهای دەگێڕایەوە کە (حاملی) بڕێک شتی پەسند کردووە، لەوانە: لە خارپێت زۆر نەماوەتەوە، گەڕاوە، (ئایتەن)یش سەر بە من کاری کردووە، ئاگای لەو نووسراوانەی ماڵەکە نییە

و گوایا من و (عەلی) و (مەتین) ئاگادارین، واتا لە ئەستۆی نەگرتبوو. کێشەکە بە ئاسانی خۆقوتارکردنی کەسێک نییە، کێشەکە ئەوەیە دەبووایە پەیوەندییە رێکخستنییەکان ئاشکرا نەبوونایە و هەموو هەڤاڵان بە ئاسانی رزگاربوونایە. کارەکە تا دەچوو ئاڵۆزتر دەبوو.

# ترازان[21] و خیانەت بەرفراوان دەبێت

پۆلیس کۆڵە پرسیارێکی بۆ هەموومان ئامادەکردبوو و داوای وەڵامەکانی دەکرد، بەڵام بەشێوەی نووسراو! ئایا دەمانبەنە بەردەم داواکاری گشتی؟ ئەم جۆرە کارانە بەم خێراییە بە ئەنجام دەگەیشتن؟ ڕووداوەکان درێژەکێشانی وادەی لێپرسینەوەیان نیشان دەدا. بەردەوام ئۆپەراسیۆنی ڕەشبگیری و هەڵکوتانە سەر ماڵان لە ئارادابوو. کەسانی گرووپەکانی تریان زۆر ڕانەدەگرت و هەر زوو بەریان دەدان. جارێکیان لە خۆزات[22] و چەمیشگەزەک[23]ەوە خوێندکار و مامۆستایەکی زۆریان هێنا بوو. لەناویاندا کۆمەڵێک کچ هەبوون، زۆربەیان بەردان. پۆلیس بەتایبەتیش لەسەر بابەتەکەی ئێمە هەڵوەستەی دەکرد. پرسیارەکان ئاڵۆز و سەرنجڕاکێش بوون. لە ژمارەی سەرخێزانەوە دەستی پێدەکرد، تا پێگەمان لەناو ڕێکخستن، ئامانجی ڕێکخستن، کارمان لەسەر کێ کردووە و پەیوەندیمان لەگەڵ کێ هەیە و کۆمەڵێک پرسیاری لەو شێوەیە. وام پێ باشتر بوو کە بە دەستوخەتی خۆم بەرگری لە خۆم بکەم. دەرفەتیشیان نابێت بۆ لەسەر زیادکردن و گۆڕینی ئیفادەکانم. ئەگەر بە دڵیشیان نەبووایە ئەوپەڕی دەیاندڕاند، ئەمەش گرنگ نەبوو.

---

[21] ئەو کەسانەی دانیان بە هەندێک شتدا ناوە، بەڵام بە یەکجاری خۆیان ڕادەستی دووژمن نەکردووە یاخود بە تەواوی بە ئاستی خیانەت و کۆتاییهاتنی کەسایەتی نەگەیشتوون.

[22] شارۆچکەیەکی سەر بە پارێزگەی دێرسیمی باکووری کوردستانە کە دەوڵەتی تورک بە هوزات ناوزەدی کردووە.

[23] چەمیشگەزەک؛ شارۆچکەیەکی سەر بە پارێزگەی دێرسیمی باکووری کوردستانە.

منیش دەمتوانی ئەم هەلە بقۆزمەوە و بڵێم شۆڕشگێڕم و بەرگری و داکۆکی لە ئامانجەکانی ڕێکخستن بکەم.

زیاتر کاریان لەسەر هۆکاری جیابوونەوەم دەکرد و زۆرجار دەیانگووت: "ڕێکخستن تۆی جیاکردەوە، دیارە کەسێکی زۆر گرنگیت لەناو ڕێکخستندا". ئەمە بۆ چەندین جار دووبارە و سێبارە کرایەوە. پێمگووتن کە لەسەر خواستی کەسوکاری هەردوولا هاوسەرگیریم کردووە، ماوەیەک لە ئیزمیر ماومەتەوە، کۆکنەبووین و جیابوومەتەوە. بەردەوام بەسەر ئەم خاڵەدا ڕۆدەچوونەوە. تەنانەت داوای زانیاریان لەسەر کردارەکانم کردبوو لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی ئیزمیر. هەڵبەتە بابەتی پێشتر بەندکرانم و دووجار دەستبەسەرکرانەکەشم ئاشکرا ببوو. بەڵام هۆکارەکەی مانگرتنی ئاسایی کرێکاران بوو. بێگومان پێمگووتوون کە من کەسێکی پێشکەوتنخوازم، لەکوێ ناحەقی و مافخوراوییەک ڕوویدات، لەوێکانە دژی دەوەستم. لە پرسیارەکاندا جارێکی تر تەوەری هۆکاری جیابوونەوە هێنرایەوە. ئەم بەرگرییە نووسراوەییە بۆ من گرنگ بوو. لەوێدا ئاماژە بە هەرچییەک بدەم، دەبێت زۆر بەباشی بیری لێبکەمەوە و حیسابی بۆ بکەم. دەبێت بەهیچ شێوەیەک پۆلیس نەتوانێت لەبەرامبەرمدا بەکاری بهێنێت و هەروەها لانی کەم دەبێت وەکو ئەندامێکی (UKO)، وەکو لایەنگر یان هەوادارێک بەرگری لە ڕێکخستن بکەم.

ناسنامە و ڕابردووی خۆمم بە کورتی نووسی: "باوکم کرێکارە لە ئەڵمانیا. خوشک و براکانم دەخوێنن..." هەڵبەتە نەمدەزانی

(مەتین)ی برام لە ئەرزینگان[24] دەستگیرکراوە. بەتایبەتیش لە کۆتاییەکانی مانگی نیساندا لەگەڵ (دۆغان)، وابزانم (مستەفا یڵدرم)یشیان لەگەڵدا بووە. شەڕێک روویداوە و بە برینداری دەستگیرکراوە. زۆر دواتر بەمانەم زانی. بەڵام دەستگیرکردنیان تەنیا بەخۆیانەوە سنووردار بووە.

هەرچەندە دانپێدانان، ترازان و خیانەت فراوانتر دەبوو، بارودۆخی گشتیش روونتر دەبووەوە. دایە (زەینەب) لە رۆژانی مانگی نیساندا کاتێک بە کاروباری جیابوونەوەوە سەرقاڵبووم بەردەوام خەوەکانی بۆ دەگێڕامەوە. دواتر بە هەڤاڵێکی گووتبوو: "با ئاگای لەخۆی بێت، لەم رۆژانەدا بەردەوام خەونی خراپی پێوە دەبینم. بەردەوام لە تەنگانە دایە" و ئاگاداریشی بۆ ناردبووم. ژنان هەستیان بە هێزە! ترسەکەی؛ هاتبوو بەسەریدا. بە داخە دڵ و تووڕەییەکەوە گووتبووی: "کوڕەکەشم لەماڵ چووە دەر. لە خودا بترسن. خەڵکی تر لەماڵی خۆیانن و شۆڕشگێڕیش دەکەن، کەچی هیچتان لای من نین. (مەبەست لە ساکینە و مەتینە- و)" کەوابوو بەردەوام بیری لێکردۆتەوە بۆیە خەونی پێوە دەبینی. جاروبار پێماندەگووت "کچی قوڕەیشە بۆیە!" و تووڕەمان دەکرد، بەڵام خەونەکەی راست دەرچووبوو.

لەبەرامبەر پرسیاری وەک: "کەی بووی بە ئەندامی UKO" باش بیرم لەو رۆژگارە و مێژووەکان دەکردەوە و دەمویست رێگە نەدەم بە پرسیاری تر بۆیە نووسیم: "چوومە ئیزمیر و هاتمەوە، سەرقاڵی کاروباری جیابوونەوە بووم. ئەو دەمە لەلای دایکم و ئەوان بووم. بەیاننامەی شۆڕشگێڕانی کوردستانم

---

[24] ئەرزینگان؛ پارێزگەیەکی باکووری کوردستانە، یەکێکە لە شارە سنورییەکانی نێوان باکووری کوردستان و تورکیا کە دەوڵەتی تورک بە ئەرزینجان ناوزەدی کردووە.

دەستکەوت. زیاتر کوژرانی (حەقی قەرار) کاری تێکردم کە لەکاتێکدا کورد نەبوو پشتیوانی لە دۆزی کورد دەکرد، هەواداریم بەمجۆرە دروست بوو. بەشداریم لە سیمینارەکانیان کرد کە کراوەبوو بۆ هەموو کەسێک. لەلای خۆمەوە گەرم نزیک دەبوومەوە و ئەمەش مایەی بایەخ پێدان بوو بۆ ئەوان. زیاتر هەڤاڵ عەلی حەیدەر قەیتان گفتوگۆ و کاری لەگەڵ دەکردم، پاشان هاتمە خارپێت و خانووم بەکرێ گرت. خانووەکە هی منە. پاشان عەلی گیوندوز هات و منی دۆزییەوە. مانگی نیسان بوو لە دێرسیمەوە هاتم...هتد" و وەک قسەم لەگەڵ کردبوو و چۆن بڕیارماندا بوو وەهام نووسی.

ئەمانە جێگای باوەڕپێکردن بوون. چونکە ماڵەکەمان لەو ڕێکەوتانەدا گرتبوو. ناوبەناو هاتوچۆمان دەکرد. ئەگەر پرسیار لە خاوەن ماڵەکەش بکرایە وەڵامەکان هەر نزیک یەک دەبوون.

گووتم: پەڕتووکم دەخوێندەوە، بە خوێندنەوەی سەرخۆبوون[25] زانیاریم لەسەر تێڕوانینەکانمان وەردەگرت. هێشتا ئاشنای هەرێمەکە نەبووم. نادیرە خزمی (مەتین تورگووتە) و لێرەوە یەکترمان ناسی و چوومە سەرەخۆشیکردنیان. چونکە ئەم ناوانە هەبوون و بەردەوام پرسیار دەکران. هەر ئەمانەش بوون کە بەردەوام گرنگیم پێداون و هەوڵمداوە رایانبکێشمە ناو خەبات. سەبارەت بە (ئایتەن)یش پێمگووتن کە شۆڕشگێڕ نییە، گرنگیشی پێ نادات، بەڵام من گرنگیم پێدەدا و کارم لەسەر دەکرد. وەها بە باش زانرا کە لەناو ژناندا خەباتی بانگەوازی و بڵاوکردنەوەی فیکر و رامانی رێکخستن بکەم. بەرە بەرە هەوڵم

---

[25] یەکەمین گۆڤاری مانگانەی چاپکراوی(PKK) یە، ژمارەی یەکەمی لە ئاداری 1979 لە ئەورووپا چاپکراوە و تا ئێستا بەردەوامە. ئەم گۆڤارە ناوەڕۆکەکەی تایبەتە بە بابەتی ئایدیۆلۆژیا و سیاسی و کۆمەڵایەتی. (مەزلوم دۆغان)یەکەمین سەرنوسەری گۆڤارەکە بووە.

دەدا هەرێمەکە بناسم و هێشتا هیچێکم نەکردبوو دەستگیرکرام. ڕێکخستن ئامانجی دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ، یەکگرتوو، ئازاد، دیموکرات و ئاشتەوایە. وڵاتەکەمان داگیرکراوە و نیمچە دەرەبەگە. بەم هۆکارە لەدژی دووژمنی سەرەکیمان کە داگیرکەریی تورک و دەستوپێوەندە هەرێمی و خۆجێیەکانە، پەرە بە شۆڕشی دیموکراتی دەدەین، ئەم شۆڕشەش لەسەر بنەمای هاوپەیمانێتی کرێکاران و دێهاتییان و بە پێشەنگایەتی چینی کرێکاران دەبێت.."

کە ئەمانەم دەنووسی هەر لەخۆوە وەجۆشوخرۆش هاتبووم. دەتگووت لە رقی دووژمن و (شاهین)ی بەرامبەرم بەدەنگی بڵند "هەموو ئەمانە بەدی دێن"م دەگووتنەوە. خۆزگە هەمیشە پرسیاری لەمجۆرەیان بکردایە. پرسیاری وەک "باوەڕت بە ئامانجەکانی UKO هەیە؟"ش هەبوون. بەلای خۆیانەوە ئەمانەشیان بە مەبەست و بە ئەنقەست دانابوو. بە جۆرە پرسیاری وەک (خوێندنەوەتان بۆ دەوڵەتی کۆماری تورک چۆنە؟ چی بە هێزە چەکدارەکانی دەوڵەت دەڵێن؟) گوایا دەیانویست تووڕەمان بکەن. یان (ڕێکخستن پارەی لەکوێوە بۆ دێت، چەک لەکوێ وەردەگرن؟ لەماڵەکانی ڕێکخستندا چەند کەس چەند کەس دەمێننەوە؟) پرسیارەکانیان ئەوەندە زۆرن کە بڕانەوەی نەبوو. دوایین پرسیاریان زۆر سەیر بوو و بە پیلان دانرابوو: (هەست بە پەشیمانی دەکەیت؟) منیش بە" تا ئێستا هیچ شتێکم نەکردووە ببێتە مایەی پەشیمانیم" وەلامم دایەوە.

وەڵامەکانم کەم و زۆر، لەو چوارچێوەیە دابوو، پەیوەندی خۆممم لەگەڵ ڕێکخستن خستەڕوو و بەشێوەیەک وەلامم دایەوە کە زیان بە ڕێکخستن، هەڤاڵان و خۆم نەگەیەنێت. دواتر پۆلیسەکان لەبەر دەرگەوە قسەیان پێگووتم: "کوا، بە حیساب تۆ

پێشکەوتنخواز بوویت؟ خۆ دەمانزانی. بەڵام هیچت نەنووسیبوو، ئێمەش دڕاندمان. ئەوەی پەسندی بکات حۆل و بێ ئەقڵە" و ڕۆیشتن. ئەمانە زیاتر لەڕیزی ئەشکەنجەکارەکان بوون. پۆلیسەکانی بەشی لێپرسینەوە؛ بە حیساب و وریاتر بوون. (زەفەر کاراعوسمان ئۆغلۆ) و (محەمەد)ی پۆلیس کە یەکەمجار لێپرسینەوەی لەگەڵ کردم، دەیانویست پێکەوە گفتوگۆم لەگەڵ بکەن. پێشتر باسیان لەوە کردبوو کە (سەرخۆبوون)یان خوێندۆتەوە. ئەوجار لە دەربڕینی (سەرخۆبوون)دا کێشەیان هەبوو.[26] بەتایبەتیش وەها بە سەیر و سەمەرە دەیانگووتەوە، داواشیان لە من دەکرد کە چۆنێتی دەربڕینی ڕاستەقینەیان پێ پشان بدەم، لەڕاستیدا منیش بەتەواوی پێم نەدەگووترا. هەڤاڵانیش زۆرجار بەگاڵتەکردنەوە جۆرە دەربڕینەکەی منیان بە کوردییەکی ناسک ناو دەبرد.

ئێستا ئیتر لە ناوەندەوە و ڕاستەوخۆ گفتوگۆ دەکەین، ناوەڕۆک و ئامانجی قسە و گفتوگۆکانمان گۆڕان. تەنانەت (محەمەد)ی پۆلیس دانیپێدانا کە ئەم دۆخە کاری تێکردووە و هەندێک شتیش هەن کە ئەقڵی نایبڕێت و دەیگووت: "ئەگەر تێمبگەیەنیت ئەوا دەڵێم ئێوە ڕەوان" و بەمجۆرە دەیویست ئاستی تێگەیشتنم بزانێت. چەندە بێ ئەقڵن! خۆ ئەوە هیچ گرنگییەکی نەماوە. گوێ بەمە نادەم، با چیان پێدەکرێت بۆ گەورەکردنی پێگەی من بیکەن. ئەمە هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت. بە ئاشکرا گفتوگۆم لەگەڵ دەکردن. مەبەستیشم قانیعکردنیان نەبوو. ئەوانەی بەرامبەرم دووژمن بوون، هەر ئانوساتێک و هەموو

---

[26] لە تورکیدا پیتی خ نییە و ئەوەی شارەزاییان لە زمانەوانیدا نەبێت زیاتر بۆ پیتی هـ دەیگۆڕێت.

ڕۆژێک باسیان لە کۆتاییهاتنی ڕێکخستن دەکرد. وایان نیشان دەدا کە ڕێکخستن بریتییە لە (شاهین) و لەلای خۆیانەوە بە خیانەتەکەی (شاهین) کۆتاییان بە هەموو شتێک هێنابوو. ئەم بابەتە قێزەونەیان بەکاردەهێنا. لەڕاستیدا خۆیشیان دەیانزانی کە (شاهین) بریتی نییە لە ڕێکخستن. بەتایبەتیش هەندێکیان دەیانزانی چی بە چییە. شەڕێک بوو، هەموو جۆرە دەرفەتێکیان لەبەردەستدابوو، هەرگیز درێخیشیان لە بەکارهێنانی نەدەکرد. ئێمەش ئایدیۆلۆژیمان هەبوو، باوەڕیمان هەبوو. کەواتە هیچ خراپییەکی نەبوو کە بەردەوام بانگەوازی ئەم ڕاستییە بکەم بە هاوارێک و بیدەم بە گوێی هەموو لایەکدا.

بڕیارمدا ئیتر وەکو ڕۆژانی سەرەتا لەبەرامبەر بە بەسەرهات و ڕووداوەکان خۆم پڕ قار و خەفەت نەکەم و بەردەوام لە هەوڵی بەرز ڕاگرتنی ئاستی مۆڕاڵ و ورەی خۆمدا بم. گۆڕانکاریەکانیش هەر ئەم بڕیارەی دەویست. بەڵێ؛ خیانەتێک لە ئارادابوو، (شاهین دۆنمەز) زۆر زوو خیانەتی کردبوو. هەموو هەوڵ و خەباتێکی ڕێکخستنیمان و هەموو زانیارییەکانی درکاندبوو. کاریگەری نەرێنی لەسەر زۆرێک لە هەڤاڵان کردبوو، بەڵام خەبات و تێکۆشان بە زۆرێک لە کادیرانیش بەردەوامی دەکرد. خیانەت، درکاندن و ترازان لایەنێکی سووک و داماو و ڕووخێنەر بوو، بەڵام سەراپای ڕێکخستنی پێکنەدەهێنا. بڕوایەکی گەورەمان هەبوو کە حەتمەن هەڤاڵان ڕێوشوێنی پێویستیان دەگرتەبەر. لەپاڵ ئەمەشدا بێگومان نیگەرانی و ترسێک دروست دەبوو. هەڤاڵ (جەمیل بایک) هێندەی نەمابوو دەستگیر بکرێت. کێ دەزانێت،

لەوانەیە لە شوێنێکی تر شاڵاوی راپێچکردن و دەستگیرکردنیش هەبوو بێت. بەڵام هەر چەندیش بێت بەوەندەی خارپێت نابێت. کەواتە بە پشتئەستوورکردن بەم لایەنەی راستییەکانەوە پێویستە لەبەرامبەر بە دووژمن بەهێزبین و چۆکدانەدەین.

# خۆڕاگرییەکەت لەهیچ و خۆڕاییە

دەستمکرد بە نووسین لەسەر دیواری ژوورەکە و پەنجەرە بۆیاخکراوەکانی. کۆمەڵێک دروشمم لەبەر بوو. بەتایبەتی چەند کۆپلەیەک لە هۆنراوەی (من؛ مرۆڤ بووم)ی هەڤاڵ فوئاد[27] هەبوو کە پێشتر لە ڕۆژانی زیندانیدا نووسیبووی، هەروەها هەڵسەنگاندنی بەپێزی کردبوو، بەشێکم دەرخکردبوو، بەش بەش لێم دەنووسینەوە. بەڵام لە یادگامدا بەتایبەتیش بەشی (سوێند)ەکەی تازەبوو و بەشێوەیەکی ڕاست و دروست لەسەر پارچە شووشەیەکی تری پەنجەرەکەم نووسییەوە:

"... ڕاستە، ئێمە ژیانێکی زیندوو و شایستەین بە زۆربوون و پێشکەوتن کە لە خاڵە لاوازەکانەوە هاتووینە مەیدانەوە. بەڵام ئێوە پاکیزەگەلێکی پیرن، بەرەو داڕزان و نەمان دەچن، هەرگیز سەرکەوتوو نابن و دەشڵێن لە خوێنپاکییەوە هاتووین....

ئەگەرچی ئێمە کۆمەڵەیەکی بچووکیش بین، بەڵام سوێند بە شەهیدانمان تا سەربەخۆیی کوردستان بە توند و تۆڵ و لێهاتوویی تێدەکۆشین".

لە ڕۆژگاری زینداندا زۆرجار گووتەکانی ئەم سوێندە لەسەر دیوارەکان نووسرانەوە، لە بەیاننامەکاندا بڵاوکرانەوە، لە مەکۆ جیاجیاکاندا خوێندرانەوە و زۆرێک لە هەڤاڵان لەبەریان کردبوو و تازە بەشداربووەکانیش لەبەریان دەکرد. هەرگیز لەیاد نەکرا.

دەشێت لەو کاتەدا کەسی تر ئەو گووتانەی نەدرکاندایە، بەڵام دووبارەکردنەوەیان، تازەکردنەوەی باوەڕیی و پڕبەدڵ

---

[27] عەلی حەیدەر قەیتان.

هەستکردن بوو. هەڵکەندنی هەر یەکێک لە پیتەکانی لەسەر شوێنگەلێک، هەستێکی ناوازەی دەبەخشیە مرۆڤ. دەبووە مۆراڵ و هێز، دەبوو بە رقئەستوورکردن لەبەرامبەر بەو کەش و دۆخە قێزەونەی زیندان، تەنانەت بەبێ دەنگیش درکاندنی هەر یەکێک لەو وشە پڕ لە تێکۆشانانە، هیوایەک بوو. لەو لاشەوە لێپرسینەوە بە هەموو خێراییەکییەوە بەردەوام بوو.

یەکیان گووتی: "ئیبراهیم کاپاککایاش وەک بولبول دەستی بەخوێندن کرد، کەچی سەبارەت بەو دەیانگووت - سەری خۆی دانێت سڕ دانانێت – تۆش دەچیتە ریزی سڕ نەدەرەکانەوە؟ هەموو شتێکمان لەدەستدایە، ئاپۆشمان بەدەستەوەیە، لە قاتی خوارەوەیە. بیهێنن، ئەمە بڕوا ناکات. وەکو بولبول خوێندی، تۆ بۆچی هێشتا قارەمانێتی دەکەیت؟" منیش لە وەڵامدا گووتم: "بیهێنن". یەکی تریان گووتی: "بەڕاست، ئەگەر ئێستا بیهێنین چی دەکەیت؟" لە وەڵامدا : "ئیلهام و هێزێکی گەورەی لێوەردەگرم". لەگەڵ ئەم وەڵامە ئیتر خۆیان پێڕانەگیرا، تا ئێرەکانە پێیان کرا دەمامکە پێکەنیناوییە درۆینەکەیان بپۆشن، ئیتر کەوتە خوارەوە و سەرکەوتنە ساختەکەیان لێ داتەکی. لێوەکانیان قێزەونانە خێچ بووەوە، تێکچوون و قین و تووڕەیی جێگەی گرتەوە، دیاربوو نیازی پەلاماریان هەبوو. با وابێت، ئەگەر هێندە تووڕەش بووبن هەر باشە. لە دڵی خۆمدا دەمگووت: چیدەکەن با بیبکەن... لەناکاو بە قامچی کێشایان بەسەرمدا، هەژام. پاشان شەقەزللەیەکیان لێدام و یەکیان گووتی: "سەیری ئەو سۆزانییە بکەن، شەرمان لەگەڵ دەکات". دەستبەجێ بە زمانێکی زۆر توند پێمگووت: "جوێن مەدە!" (زەفەر کاراعوسمان ئۆغلۆ) دیسان دۆخەکەی هێور کردەوە و بە جوێندەرەکەی گووت: "بێدەنگ بە، جوێن بە ساکینە

خان مەدە". بەگشتی بە "ساکینە خان" ناوی دەهێنام. هەڵوێستە ڕواڵەتکارییەکەی نەگۆڕابوو. چونکە خۆی وەها ڕێکخستبوو.

ئەوی تریان گووتی: "بۆ ئەوەندە پێداگری دەکەیت، هێشتا بەرگری لەکێ دەکەیت؟ ڕێکخستنەکە هەر ئەوەندە بوو. چەند کەسێکی تر ماوە، ئەوانیش بگرین تەواو دەبێت". هەر کە گووتم: "ئەگەر هەر هەموو ئەوانەی ئێرە خیانەتیش بکەن، هەموو کەسێکیش بگرن، تەنیا ئاپۆ بمێنێتەوە بەسە بۆ گەشانەوەی شۆڕش!" ماوەیەک بێدەنگ بوون، بە حەپەساوییەوە تەماشایان کردم. ئەوجار وەکو هەر گوێشیان بە قسەکەم نەدابێت خۆیان گێل کرد، ئەمەش تەکتیکێک بوو.

ئەو بەشەش وەها تەواو بوو. یەکێکیان چەند ڕستەیەکی لە کاغەزێک خوێندەوە: "کۆبوونەوە[28] لە گوندی فیس[29] (حەیدەر)، (دوران)، (ڕەسوڵ).." ئەوی تریان هەڵیدایە و بەگاڵتەجاڕییەکەوە گووتی: "ڕاوەستە، ئەوە تەنیا لایەنگرێکە و تازە بەشداری لەو ڕێکخستنە کردووە. تەنیا پڕووپاگەندەی بۆ دوو کچ کردووە. لەو شتانە تێناگات". پاشان لە قاقایەکی ناڕەسەنیان دا. (زەفەر کاراعوسمان ئۆغلۆ) لە ڕووخسارم ورد دەبووەوە تابزانێت چۆن کاردانەوەیەکم هەیە. یەکەمجار بوو ئەم بابەتەیان بەمجۆرە دەهێنایەوە، تێگەیشتم کە لەوەو دوا لێپرسینەوە زیاتر بەوجۆرە دەبێت". (شاهین) دیارە منی لە لیستەکەی خۆی دەرنەهێنابوو، پۆلیسیش هەر بۆخۆشی و گاڵتەجاڕی ئەو بەشانەی نەدەخوێندەوە. بەلای منەوە مەبەستیان ئەوەبوو "دەیانەوێت

[28] مەبەست لە یەکەمین کۆنگرەی دامەزراندنی(PKK) یە کە لە ڕۆژی 1978/11/27 دا و لەماڵی سەیفی زۆرلو سازکرا.

[29] گوندێکی سەر بە شاری ئامەدە.

بمخەنە تەڵەکەوە! لاوازییەکم لێبگرن و وەها بکەونە ناو بابەتەکەوە".

دووژمن هێشتا خیانەتەکەی (شاهین)ی حەشار دەدا. رۆژێک راکەراکێکم بەدیکرد. دەنگۆی هەوڵی خۆکوشتنی کەسێک بڵاو بووەوە. ئێشگر و سەربازەکان لەناوخۆیاندا بەدەنگی بەرز قسەیان لەسەر دەکرد. ترسام و سەیرێکی (ئایتەن)م کرد و لەیەکترمان پرسی "تۆ بڵێی کێ بێت؟". بەراست کێ بوو؟ بۆی هەیە کەسێک لە ژێر ئەشکەنجەدا بکوژن و دواتر بە پەردەی خۆکوژی بیشارنەوە؟، بەڵام کێ؟ نەخێر نا. قەرە؟![30] نەخێر ئەو شتی وا ناکات! ئەی (ئایتەکین)؟ ئەی باشە کێی تر؟ بەنەفرەت بێت، ساتی بەو شێوەیە وەک ئەشکەنجەیەکە! تۆبڵێی ئەوانە بە ئەنقەست شتێکی وەها بڵاو بکەنەوە؟

سەربازەکان دەیانگووت: "قاتی خوارەوە پڕ پڕ بووە".. بەراستیش ژمارەیەکی زۆر هەبوو و کەسانی سەر بە گرووپەکانی تریش هەبوون. لەو رۆژانەدا لە (ئایدینلیک)[31]یش هەبوون. سەیرە رۆژنامەوان (عەلی توران) ناوێکیشیان هێنابوو. هەر لەو سەردەمەدا لە (PDA) جیهادی لەبەرامبەر بە ئێمە راگەیاندبوو! بەهیچ شێوەیەک رێگە بە گەیاندنی هیچ رۆژنامەیەک بۆ شوێنەکانی وەکو گرێ سۆر، جورنەرەش، ئێلیح[32] نەدەدرا، کەچی ئەوان زۆر بە ئاسانی زوورنای داگیرکەرییان دەژەند؛ خەڵکیان بەگرتن دەدا. (عەلی توران)یان هێنا بوو تا لەبارەی (شاهین) ەوە بنووسێت گوایا (شاهین) لە ئاستێکی بەرزدا بەرخودانی کردووە، ئێستاش رووی لە خۆکوژی کردووە و

---

[30] مەبەست لە حاملی یە.

[31] ناوی گرووپی چەپرەوی کوردی ژێر سایەی دۆغو پەرینچەکە.

[32] پارێزگەیەکی باکووری کوردستانە کە دەوڵەتی تورک بە باتمان ناوزەدی دەکات.

تەنانەت درووشمیشی هەڵداوە!. کەسانی گرووپەکانی تریش هەبوون وەک (HK) رزگاری گەل، کاوە[33]، ریگەی شۆڕشگێڕ[34]، چەپڕەوانی شۆڕشگێڕ (DEV-SOL) تێکەڵە، بەڵام هەندێکیان هەر چۆن دەرکەوتبوون دەستیان بە پڕووپاگەندەی (شاهین) کردبوو. لێرەدا دووژمن دەیویست ئەم تێڕوانینە دروست بکات: "هەر چۆنێک بێت ژمارەی بەندکراوان زۆرە، بەر لە (شاهین)یش کۆمەڵێکی تر بەندکراون. ماڵ و خانوو بە دەستەوە درابوون، ترازان و خیانەت روویدابوو، بەڵام (شاهین) ساغ و چاوساغیش بوو! لەلایەک بەشێوەیەکی ناپاکانە زانیارییەکانی (شاهین)یان دەقۆزتەوە، لەلایەک خودی (شاهین)یشان بە چاوساغی دەبرد بۆ ئۆپەراسیۆنی پەلاماردانی هەڤاڵان و دەستیان بە نێچیری هەڤاڵان دەکرد. پیلانەکە بەمجۆرە بوو. لەسەر هەر هەواڵ و زانیارییەک دەستبەجێ شیرۆڤەمان دەکرد. پێویست بوو لەسەرمان ئەگەرچی لەو ژوورە تاریکەشدا، لەژێر ئەشکەنجە و لێدانیشدا بین، هەست بە رووداوەکان بکەین و چاودێری پیلان و بەرنامەکانی دووژمن بکەین، ئەمەش لە ئاستێکی بەرچاودا هۆشمەند و زیندەی دەکردین.

ئایا هەڤاڵان ئاگاداربوون؟ ئەم پرسیارە لە مێشکماندا دووبارە و سێبارە ئەمسەر و ئەوسەری دەکرد. لەم بوارەدا لە ئاستێکی

---

[33] گروپێکی هەڵگری ئاڵای نەژادپەرستی و رەگەزگەرایی کوردی بوون، کە زیاتر لەپەراوێزی کۆمپرادۆری دەرەبەگی و عەشایەریدا هەوڵیاندەدا و ئامانجیشیان بونیادنانی بۆرژوازی بچووک بوو لەناو کورداندا.

[34] DEV-YOL لەرۆژی 1ی ئایاری 1977 بە فەرمی لەلایەن کۆمەڵێک گەنجی رۆشنبیر و ئازادیخوازەوە لەسەر رێ و رێبازی خود بڕیاری گەل دادەمەزرێت، بەدەیان کادیری پێشەنگیان لێ شەهید دەکرێت و بە سەدانیشیان دەخرێنە زیندانەکانەوە، ئەو پارتییە بەو ناوە تا 1985 بەردەوام دەبێت و پاشان ناوی خۆی دەگۆڕێت و چەندین رێکخراو و تەڤگەری دیکەی لێ دەکەوێتەوە.

کەمیشدا بێت نیگەران بووین. بەتایبەت ئەگەر درۆی " (شاهین) بە دروشم هەڵدانەوە خۆی کوشتووە" بڵاو بووبێتەوە، تا ماوەیەک رۆڵی چەواشەکارانەی خۆی دەگێڕا. بەڵام نەخێر! گەر بە بەرفراوانی بیری لێبکرێتەوە و رەچاوی کردارەکانی دووژمن بکرێت، زۆر بە ئاسانی دەردەکەوێت کە هۆکارەکەی خودی (شاهین) ە. ئەوجار خۆکوشتن لە کوێوە هات! خۆی لە خۆیدا ئەمەش سەرەداوێک بوو. کەواتە چۆن رزگار بووە؟ کێ رزگاری کردووە؟ ئەگەر ئەم دۆخە وەک هەڵوێست و چالاکییەک وەرگیرابێت کە ئامانجەکەی مسۆگەر سەرکەوتن بێت، کەواتە پێویست نییە تا کۆتا بچن؟ واتا لەکوێوە لێی بڕوانرێت، شیتەڵبوونەوەیەک نەبوو کە ئاستی هەرێمیی گرتبێتەوە، بەپێچەوانەوە بەرفراوان بوو و پێویستی بە رێوشوێنی پێویستی رێکخستنی دەکرد.

تیمێکی تریان هێنا، وابزانم کاریگەری و لێپرسراوێتییان زیاتر بوو. نیوە شەو یان بە رۆژ هیچ جیاوازییەکی نەبوو، ئێمەش نە خەومان هەبوو و نە بەڕێکوپێکی خواردنمان پێدەخورا. بەڵام سەیربوو هەم بەهێز و هەم بەتین بووم. دەستبەرداری خۆم نەببووم. قین و نەفرەت هێزی پێدەدام، تووڕەیی لەسەرپێ رایدەگرتم. دەشێت ئەمە هیچ لە ئەنجامەکە نەگۆڕێت، بەڵام خواستی دووژمن بەدی نەدەهات. بەگشتی دووژمن شتە پێویستەکانی بەدەست خستبوو. بەو خێراییە ئاشکرابوونی سیستەمی ناوخۆی خەبات و پەیوەندی رێکخستنێک زیانێکی گەورە بوو. هاوتای کودەتایەکی دژە شۆرش بوو. بچووکترین گەشبینی لە هەڵسەنگاندنی ئەم بابەتەدا، بە هەڵەداچوونێکی گەورەبوو. لەدەستدانی سەر و گیان تەنیا "زیان"ێک نەبوو. بەمجۆرە گورز لە پێکهاتەی رێکخستنی درابوو. بەڵام هەرگیز

نەبووە مایەی زاڵبوونی ئەو هزرەی "تەواو ئیتر هەموو شتێک کۆتایی هات". بۆ تاکە ساتێک بێ هیوایی، رەشبینی و بێ متمانەیی لە مندا جێگەی نەگرت. دیارە (شاهین) و تەنیا هەرێمێک بۆ ئێمە مایەی هەموو شتێک نەبوو. هەرچەندە کاریگەریشی هەبێت، بەڵام هیوا و متمانەی تەواوم بەتێپەڕبوونی ئەو رۆژگارە لەسەر پێ رایدەگرتم. ئایا ئەمە قارەمانێتییەکی پووچ و بێ واتا بوو؟ لەکاتێکدا هەموو جۆرە زانیارییەک خراوەتە دەستی دووژمنەوە، ئایا دڵنیاییەکی بەم ئەندازەیە، دۆخێکی دەروونی پێچەوانە بوو؟ نەخێر!، بەڵام لەپاڵ ئەمەدا نیگەرانی و ترسی گەورەشم هەبوو: (شاهین) بەگشتی جێگە و رێگەی هەڤاڵانی دەزانی، ئەگەر نەشیزانیبا، شیمانەی دەکرد. لە دۆخێکی وەهادا ئەگەر رێوشوێنی پێویست نەگیردرێتە بەر، دوورنییە نەگبەتی تریش روونەدات. چونکە دووژمن زۆر بە خێرایی و بە ئاسانی بە پێکهاتەی رێکخستنی و تەکتیکەکانی داهاتوومانی زانی بوو.

(شاهین) بە هەموو قێزەونییەکییەوە دەڕشایەوە، هێندەی حەزی بکردایە رۆدەچوو بە زەویدا و خۆی سووک دەکرد. هیچ گومانێکم لەمە نەمابوو. بە بیستنی هەر شتێک کە لەدەمییەوە دەرچووبێت، سات بە سات دەتوامەوە. کەسایەتییەکی لەڕێ دەرچوو و خۆ بەزلزانیش هەر ئەوەندەی بۆ دووژمن پێدەکرا. هاوکات دیاربوو لە لێپرسینەوەکاندا ئاڵۆزییەک هەبوو. تیمی ئەشکەنجەکار وەک کارمەندی کارگەیەک بەدوو شەفت کاریان دەکرد. تیمی شەوانەی لێپرسینەوە لەگەڵ هەڵاتنی خۆر جێگەی خۆیان بۆ تیمێکی تری لێپرسینەوە بەجێدەهێشت. جاروباریش بە شێوەیەکی بەردەوام بە تیمی زۆر تێکەڵاو کارەکەیان دەکرد. لێپرسینەوەکەی ئەو نیوە شەوە جیاوازبوو. وەک لەنێوان ئەو تیمەی کە دەگووترا لە ئەنکەرەوە هاتوون و تیمەکانی پێشتردا

کێبڕکێ و ناحەزییەک هەبووبێت، لێپرسینەوەیەکی سەیر و سەمەرەیان کردین.

نۆبەتگرە دەرگەوانەکە زۆر سەیر بوو، دەترسا. جاران بە خشکە خشک و تەقە تەق و قەرەباڵغییەکی زۆرەوە قۆندەرەکانی دەدا بە زەویدا، بە هەمان دەنگ و قەرباڵغی دەرگەکەی دەکردەوە. کاتێ کە تازە هاتین یەک دەرگە هەبوو، پاشان دەرگەیەکی دێوەزمە و شیشبەندیان هێنا. کلیلێکی زەبەلاحی هەبوو. هەر کە هەردوو دەرگەکەیان دەکردەوە، هەموو کەس پێی دەزانی. ئەو هاتوچۆیانە ,جۆرێکی تری ئەشکەنجە بوو و بەردەوام دەکرا. تەنانەت جاروبار بەئامانجی زاڵکردنی کاردانەوەی دەروونی و چاندنی چاوەڕوانی لەناخی بەندکراواندا، بەوجۆرە دەنگیان دەردەخست، قفڵیان دەکردەوە، دەرگەی دەرەوەیان دەکردەوە، قسەی خۆیان دەکرد و بێ ئەوەی دەرگەی ناو ژوور بکەنەوە، دەڕۆشتنەوە. ئەوەی ئەمجارەیان پێچەوانە بوو. ترسانی دووژمن دوو واتای هەبوو: یەکەمیان، ئەو ساتانە بوو کە نەیتوانیوە نێچیرەکەی بخاتە تەڵەوە و بە ئاسانی نێچیری پێناکرێت. لەدۆخێکی وەهادا ئەشکەنجەکارەکان زۆر داماو، بەسەزمان و بێچارە دەبوون و دەکەوتنە ئامێزی دۆخێکی ناشرین و قێزەونەوە. لێرەدا بێدەنگ دەبێتە هێرشکار و هێرشکاریش دەخزێتە ناو بێدەنگییەوە. لەنێوان هەردوو بارەکەدا تەڕاتێنیان دەکرد. کاتێک چوومە ژوورەوە ئەشکەنجەکارە نوێیەکە بەناو ژوورەکەدا رایەڵکەی دەکرد. بە نۆبەتگرە دەرگەوانەکەی گووت "دەرکەوە و دەرگەکەش دابخە". ئەو کاتە چاوم بە دۆشەکەیەک کەوت لەسەر زەوی راخرابوو. هیچ ئامرازێکی تری ئەشکەنجەی لێ نەبوو. لەسەر مێزەکەش دەستەیەک کاغەز هەبوو، چەندێکی

تریشیان لە تەنیشتی دانابوو. دەستنووس بوون. کورسییەکیشی لێبوو.

ئەویش وادیارە کورسی تۆمەتبارە! ئامێری کارەباکەی لێبوایە دەمگووت کورسی کارەبایە، بەڵام لێی نەبوو. خۆیشی بەتەنیا ئەو کارەی پێنەدەکرا، دەبووایە کەسێک ڕێنوێنی بکات و ئامێرەکە کۆنترۆڵ بکات. دەبووایە یەکێکی تر هەبووایە کە پرسیاری بکردایە، یەکێکی تریش تەلی بە قاچ و دەست و جەستەی مرۆڤەوە بکردایە یان تەلەکانی بەجەستەی مرۆڤ بگەڕاندایە. کەواتە ئەم لێپرسینەوەیە جیاوازە؟ هەر کە گووتی دەرگەکە دابخە، بێ ئەوەی بەخۆم بزانم پرسیم "بۆچی دایبخات؟". لێرەدا بەهیچ شێوەیەک نەمهێشت هەست بە ترسم بکەن، لەڕاستیدا وەک لێپرسینەوەیەک ئەو پرسیارەم کرد. منیش دوور و نزیک ئاشنای دەروونی ئەوان ببووم.

دروستکردنی ڕەواڵەتی " لەدەست ئێوەدام، بەڵام هەرگیز خۆم رادەست ناکەم" و ڕەفتارکردن بەم ڕەواڵەتە، هەر لەسەرەتاوە کاریگەری لەسەر ئەشکەنجەکارەکان کردبوو.

گووتی: "چیە دەترسیت، ساردە بۆیە پێمداخست". زۆر بە ئارامی و لەسەرخۆ گووتم: "سارد نییە با کراوە بێت. لەچی و بۆچی بترسم؟".

بەدەم گووتنی: "تۆزێک گفتوگۆ دەکەین"وە سەرتاپا چاوی پێدا خشاندم. ناوبەناو پێکەنینێکی وشک و ناڕەسەنی دەکرد، بەمەدا تێگەیشتم سەرخۆشە. چەند نزیک ببووایە زیاتر بۆن ئارەقی دەمی دەهات. بەردەوام بوو لە ڕایەڵکە و سوڕانەوە و لە ژێر چاوەوە تەماشای دەکردم تا بزانێت کاردانەوەم چییە؟

هێشتا تێنەگەیشتبووم، لێپرسینەوەکەی ئەمشەو ئامانجی چییە؟ زۆر درێژەی نەکێشا، هاتە سەر مێزەکە و هەندێک ڕستەی

لە کاغەزێک خوێندەوە. بە تێکەڵ و پێکەڵکردنەوە باسی لە کۆبوونەوەی (دیکمەن[35]) لە ئەنکەرە... ئاگری.. (محەمەد توران) گومانلێکراوە... (جەلال ئایدن)... و چەند شتێکی تر کرد. ئەمانە هەموویان لە قسەکانی (شاهین) بوون. دیاربوو زۆری دابوو بە دەستەوە.

گووتی: "تۆ ئاگادار بوویت؟"

گووتم: "نازانم هی کێیە و پەیوەندی بە منەوە نییە".

هەر چۆن گووتی: "ئەوانەش بخوێنمەوە کە سەبارەت بە تۆن؟" گووتم: "نەخێر". پێمگووت کە مەراقم نییە، گرنگیش نییە بەلامەوە و هەوڵمدا لەمەی تێبگەیەنم. بەڵام لەدڵی خۆمدا گووتم: "بریا بەردەوامی بکردایە"، ئیتر هەبوو؟ چونکە دەیانشاردەوە. وازی لە خوێندنەوە هێنا و لەسەر دۆشەکەکە راکشا. دەستی خستە ژێر سەری و لەسەر شان تەماشای منی دەکرد. بەنیوە راکشانێکەوە پرسیاری ئەوەی کرد کە هاوسەرگیریم کردووە، پاشان گووتی: "بیرت کردووە؟". لەو لاشەوە یاری بە ناوگەڵی خۆی دەکرد، بەردەوام هەڵدەسا و رادەکشایەوە. بە چاوبرکە نارەحەتی خۆمم دەربڕی. ئەمجار ئەو خۆی سەخڵەت کرد، بێگومان منیش هەر ئەو ئامانجەم هەبوو. دوور و نزیک دەمزانی چی تاقیدەکاتەوە. پێشتر زۆر جار هەڕەشەی دەستدرێژیکردن و دارتێبڕینیان کردبوو. بەئاشکرا شتێکی وەهای نەدەدرکاند، بەڵام لەوکاتەدا خۆم بۆ هەر پەلامارێکی لەناکاوی ئامادەکردبوو. کابرای ئەشکەنجەکار ترسنۆک بوو، من زووتر هەڵمدایە و گووتم: "بەنیازی چیین؟ من شۆڕشگێڕم، بە فیکر و بڕوا، بەدڵ و مێشکی خۆم ئەم رێگەیەم هەڵبژاردووە. ئەم رێگەیە نامووس و شەرەفی

---

[35] یەکێکە لە گەڕەکەکانی ناوچەی چانکایای شاری ئەنکەرە. یەکەمین کۆبوونەوەی سەرەکی گرووپی دەستپێکی ئاپۆیی لەوێ سازکراوە.

منه، به جوێن، ئەشکەنجە و هەڕەشەی دەستدرێژی هیچتان پێناکرێت. لەم بوارەدا چاوەڕێی هەر چییەکن، بە هەڵەدا دەچن. فەرموون، چیتان دەوێت بیکەن! هەڵبەتە بەتەنیا ناتوانن هیچ لێپرسینەوەیەکم بکەن. چجای ئێوە کە سەرخۆشن، هەمووتان دەناسم. (زەفەر کاراعوسمان ئۆغلۆ)، (محەمەد یڵماز)، (کەریم)..." زۆر ناوم ریزکرد، کە پێشتر لە لیستی هەڵواسراوی پشت دەرگەکەدا بینیبووم و لەبەرم کردبوو. ئەویش وابزانم ناوی ئەشکەنجەکارەکانی پێشوو بوون. لەو کاتەدا زۆر بە کەڵکبوو. دوو سێ جاری رابردووش کە ئەم ناوانەم درکاند، شڵەژابوون. بۆ چەندین جار پێیاندەگووتم". ناهێڵین بژیت، تۆ خۆت بە مردوو دابنێ. لەدەستماندایت، ساڵەهای ساڵ لەزیندان دەبیت. ئیتر هیچ هەڤاڵێکیشت نییە تا تۆڵەت بسێنێتەوە.."، بەڵام ئەو ناوانە لە هەر بارێکدا کاریگەری لەسەر لێپرسینەوە پڕ ئەشکەنجەکەیان دەکرد، تەنانەت هەندێکیان دوای ئەو جۆرە هەڵوێستانەی من، بایاندەدایەوە و رۆڵی نەرمڕەوییان دەگێڕا.

ئەم کابرایەش دەستبەجێ راستبووەوە گووتی :" نا نا، بە هەڵە تێمەگەن. لەگەڵ ئێوە دۆستانە قسەمان دەکرد. تۆ لە چاکە تێناگەیت؟ شتێکم کرد؟ من ئەشکەنجەکار و شتی وا نیم، فەرمانبەرێکی دەوڵەتم. بەرگری لە کۆماری تورکیا دەکەم. منیش فیکرم هەیە. ئەگەر نیگەران بوویت، دەتوانیت برۆیت" بەمەش ویستی دۆخەکە هێور و نەرم بکاتەوە.

ئەم رۆڵەی گێڕام بوو بە مایەی ئاسوودەییم. مرۆڤ ئەگەر زۆر بەباشی و بە وردی لە دەروونی ئەو بێ ئەقڵ و گەمژانە بزانێت، بە ئاسانی دەتوانێت خۆی پڕچەک بکات و سنوورێکیان بۆ دابنێت. دەتوانێت ئەشکەنجەکارەکان مەحکومی فەلاقە بکات و تەنانەت رێگری لە هاربوونیشیان بکات. جگە لەوە ئەگەر بێتوو

هەموو شتێک بۆ دووژمن بەجێبهێڵیت و چاوەڕوانی دەستی ئەوان بکەیت، ئەوا هەر لە سەرەتاوە شکست دەخۆیت، ملکەچی شکست و دۆڕان دەبیت، لە زەمینەیەکی وەهاشدا وەرچەرخاندنەوەی رووداوەکان بە باری پێچەوانەیاندا ئەستەم دەبێت. کەسایەتی بەرەو ئەنجامی جیاواز دەبات، کە ئیتر گەڕانەوە ئەستەم دەکات.

چەند کاتژمێر تێپەڕبوو نازانم، بەڵام  کە گەڕامەوە بۆ ژوورەکە (ئایتەن)م لە دۆخێکی خراپتردا بینی. سەری لەسەر ئەژنۆ و دەستەکانیشی توند لەخۆی پێچابوو و بێتاقەتانە لە چاوەڕوانی دابوو. هەر چۆن چوومە ژوورەوە راپەڕی و منی گرت و دەستی بە ووردبوونەوە کرد. شتێک رووی نەدابوو، بەپێوەبووم! گووتی: "چی بوو؟ چییان لێکردیت؟ زراوم چوو گووتم شتێکت لێدەکەن. "بێگومان بە رەواڵەت زۆر باش نەبووم. لە ئاوێنە کۆنەکەی ناودیواری سەر دەستشۆرەکەوە تەماشایەکی خۆمم کرد. لێوم وشک هەڵگەڕابوو، چاوەکانم بەچاڵدا چووبوو. بەسەرهاتەکەم بۆ گێڕایەوە و ئەویش خۆشحاڵ بوو، لەئامێزی گرتم و بڕێک قسەی سووک و جوێنیشی بە دووژمن دا.

## لەخشتەبردنی (ئەلیف)ی پەرستار

هێندەی نەمابوو بۆ تەواوبوونی ماوەی دووەم درێژکردنەوەی دەستبەسەریم. کەس پشتی بە ماوەی یاسایی دەستنیشانکراوی دووژمن بۆ دەستبەسەرکردن نەبەستبوو، بەڵام ئامانجی درێژکردنەوەکان وەچنگ خستنی شتی نوێ بوو، بۆیە ئەندێشە و نیگەرانیشی لەگەڵ خۆی دەهێنا.

ئایا دامەزرانی پارتی[36] راگەیەندراوە؟ چاوەڕێ دەکرا بە چالاکییەکی گرنگ رابگەیەندرێت. شاڵاوی رەشبگیرییەکە کاری لەسەر کردبوو؟ بەگشتی بە (UKO)ییەکان ناومان دەبرا، لەولاشەوە دووژمن دەیزانی کە دەبین بە پارت و ناوێکی ترمان هەڵگرتووە. ئەم نهێنییە بێزارییەکی گەورەی لە دووژمندا دروست دەکرد. هەموو شتێک دەهات و لە (شاهین) دا دەبوو بە گرێکوێرە. خیانەتەکەی نوێ بوو یاخود پێشتریش هەبوو؟ پرسیارگەلێکی بەمجۆرە مەغزیان هەڵدەکۆلاین. چۆن دەنگی خۆم بگەیەنمە دەرەوە؟

ئەم شوێنە "1800ئەڤلەر" لە شوێنێکی تاکوتەرا بوو. تۆ بڵێی رێگەیەک هەبێت بۆ چوونە دەرەوە؟ پەنجەرەکان شیشبەندن، دەرگەکانیش بەهەمان شێوە. باشە هەڤالان نەیاندەتوانی بەسەر ئەم شوێنەدا بدەن و رزگارمان بکەن؟ چوار پێنج هەڤاڵی چەکدار بەس بوو. دووژمن هیچ چاوەڕێی کارێکی وەهای نەدەکرد. ئەقڵ و هۆشیان لەلای ئەشکەنجەدان بوو.. منیش زۆر سەیرم، لەناو ئەو هەمووە گێژاوەدا ئاوا خۆشباڵەخانەنە بیر دەکەمەوە، چجای خەیاڵ، بۆچوون و خواستێکی وەها ناوازەی هەیە،

---

[36] مەبەست لە(PKK) یە.

ئاسوودەبەخشیش بوو، بەڵام هیچ یەکێکیشیان مەحاڵ نەبوون. نۆبەتگرە دەرگەوانەکان خەڵکی ئەو دەڤەرە بوون. یەکیان تۆزێک بە ویژدان و نامووس و چاونەترس بێت کارەکە سەردەگرێت. نۆبەتگە و شوێنگەی سەربازگەکان رێگرییەکی ئەوتۆیان نەبوو. زەوییەکی زۆر گەورە و بەرفراوان، لە تاریکاییدا شەڕێک دەکرا و بە ئامانج دەگەیشت. خەیاڵەکەشی شتێکی خۆش و جوان بوو.

رووداوی (جەلال ئایدن) لە شاری مەلەتی، بۆ دووژمن ببوو بە باشترین هۆکاری شاڵاوی پەلاماردان. چەند کەسێکی تریش دەستبەسەر کرابوون، یەکێک لەوانە ژن بوو بەناوی (ئەلیف کارتاڵ)، پەرستار بوو. ئەو ژنە بوو کە پێشتر (جەلال) لە رۆژنووسەکەی خۆیدا باسی کردبوو. بۆ ماوەیەکی کورت هێنایان بۆ لامان. (ئەلیف) خەڵکی ناوچەی گۆلباشی سەر بە شاری سەمسور[37]ە. لە شێوەدا سادەبوو. سەرباری ئەوەی پەرستار بوو، میکیاژی نەبوو، برۆ ئەستوور، چاوەکانی وەک ئاوسا بێت هەر دوو لاسەروو و خوارووی پێڵووەکانی ئەستوور بوون، وەک کلی کردبێت رەش بوون، لووتیشی تۆزێک بەرز بوو. باڵای مامناوەندی، جەستەی خراپ نەبوو، بەڵام جوانییەکی سەرنجڕاکێشیشی نەبوو. لەش و لار و قسەکردنی تەمبەڵانە بوو، هەروەها چوست و چالاکی و نەرمونیانی پەرستارێکی تێدا نەبوو. بە درێژایی رێگەی تا گەیشتنمان بەو شوێنەی لە شاری مەلەتی بوو، پۆلیس بە هەموو شێوەیەک لە هەوڵدا بوو کاریگەری لەسەر دروست بکات. بەڵام خۆی هێشتا لە هزر و هەوای فەرمانبەریدا بوو. لە رووی شوێنی ئەرکەوە بیانی نییە، چونکە لە بەشی

---

[37] پارێزگەیەکی باکووری کوردستانە کە دەوڵەتی تورک بە ئادییامان ناوزەدی کردووە.

تەندروستی گیولهانە[38] کاریکردووە، کە شوێنگەی سەرباز، فەرماندە و پۆلیسە و ئەمەش شێوەیەکی بە خودی (ئەلیف) دابوو. واتا شێوەی فەرمانبەرێتی دەوڵەت و پەرستاری پێوەدیار بوو. جێگەی گومان بوو بەلای ئێمەوە، بەڵام هەوڵماندەدا هاوکاریشی بکەین. ئامۆژگاریمان کرد کە نەترسێت و رێبازەکانی پۆلیس کاری تێنەکەن. بێ ئەوەی بچینە ناو وردەکارییەکانییەوە پێمانگووت کە (جەلال) خیانەتکارێکە، لەبەرامبەر بەمەدا بە رقهەڵگرییەوە رێگەی چەوت نەگرێتە بەر. پێمگووت: "دووژمن حەز دەکات ناکۆکی و پەرچەکردارەکان بەکار بهێنێت. لەم بوارەدا نابێت زیان بە هیچ کەسێک بگات. دەشێت کەسانێک هەبن بیانناسیت، مەیاندە بە دەستەوە. چونکە دەبێتە هۆکاری تەنگەتاوتر کردنی خۆت".

بە توورەییەکەوە گووتی: "بۆچی ئەوانەی منیاندا بەدەستەوە بیریان نەکردەوە؟ من هیچ پەیوەندییەکم بە رێکخستنەوە نییە، ئەگەرچی زۆر لێم دەپرسن. جەلالیش ویستی بەکارمبهێنێت.. چی بووە، چی روودەدات؟ تێناگەم". دواجار پێمگووت: "باشە لەوانەیە زەحمەت بێت بەلاتەوە، واتا بە زۆر شت بدەیت، ئارام بگرە، بەپێی کات فێردەبیت. هەڵوێستی ئێستات بۆ ئێستا و بۆ داهاتووشت گرنگە. پۆلیس هەوڵدەدات زۆر شت بخاتە پاڵت. پێویست ناکات ئەمانە پەسند بکەیت. پەرستارێکیت، زۆر کەس دێن و هەوڵ دەدەن پەیوەندیت لەگەڵ ببەستن. لە چوارچێوەی ئەرکەکەتدا خوێندنەوەی بۆ بکە و زۆر قسەش مەکە، چەندە کەم قسە بکەیت و وریای وەڵامەکانت بیت، ئەوەندە باشە".

نەیانهێشت (ئەلیف) لەلامان زۆر بمێنێتەوە. (ئەلیف)یەکەمین وێنای خۆی بەدەستەوە دابوو. پۆلیس کەم تا زۆر ئاشنای حاڵەتی

---

[38] ئەکادیمیای پزیشکی سەربازی ئەنکەرەGATA –

ڕۆحیی مرۆڤ بوو. دەیانزانی ئەگەر زیاتر بمێنێتەوە دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئێمەوە. هەڵبەتە پۆلیس مەراقی بوو بزانێت لەنێوان خۆماندا باسی چی دەکەین، تاڕادەیەک شیمانەیان دەکرد، بەڵام (ئەلیف) یەکەودەست تێکەوتبوو. پۆلیس سەبارەت بە (ئەلیف) ئاگاداری پێداین.. لە دۆخەکە تێگەیشتین. باش بوو بردیانەوە. بەر لەوەی بیبەن بە ئاشکرا گووتم: "بە نەفرەت بێت! با چی لەدەست دێت بکات، خۆی ریسوا دەبێت".

پاشان ژوورێکیان بۆ (ئەلیف) جیاکردبووەوە. بەیانیان بە بیجامە و جلکی شەوانەوە، بەمەعجون و فڵچەی ددانەوە و سابوونی تایبەتەوە دەچووە شوێنی دەستشۆر و دەهاتەوە. خواردنیشی تایبەت بوو. (ئەلیف) هاتوچۆی هەموو شوێنێکی دەکرد، دەبرایە ژووری لێپرسینەوە. ئاسوودە و ئارام و بەردەوام دەم بەخەندەبوو. تایبەتمەندی کەسایەتی (جەلال ئایدین) و (ئەلیف) ؟! لێرەدا گەورەترین پرسیار ئەوەبوو؛ ئایا کامیان کاری لەوی تر کردووە و داوێتی بەدەستەوە؟ (ئەلیف) بە بەراورد لەگەڵ (جەلال)، بە ئاشکرا رەفتاری نواندبوو، حاشا هەڵناگرێت کە پێشتر ئەم دۆخەی بە هەڤاڵان راگەیاندبوو، بەڵام لە لێپرسینەوەدا (ئەلیف) لەماوەیەکی زۆر کورت دا بەناو دۆخەکەدا رۆچووبوو. پێگەیەکی تەواو سووکی بۆخۆی هەڵبژاردبوو. لە سەرەتاکاندا دەستبەجێ تاوانبارمان نەکرد، لە راستیشدا هیچ پەیوەندییەکی رێکخستنی بە ئێمەوە نەبوو، هیچ شتێکمان پێنەدابوو، هەر بۆیە چاوەڕێی هیچمان لێنەدەکرد. پەرستارێک بوو، کولتوور و ژیانی زۆر سەیر بوو. لەچوارچێوەی رۆڵ و پێگەی خۆیدا دەبووایە پۆلیس بەریبدایە، بەڵام پۆلیس پێویستی پێبوو، بەکاریان دەهێنا، چونکە تەنیا ئامرازێکی گەمەبازی بوو بۆ پۆلیس! بەڕاستیش بە هەموو شتێکی خۆیەوە زۆر قێزەونە! هەڤاڵانیش سەرەتا ئاگادار

نەبوون، لەلای خۆیانەوە بە پۆلیسیان دانابوو. لەهەمووشی گرنگتر، کاتێک پۆلیس هەڤاڵان ئەشکەنجە دەکات ئەم لە قاقای پێکەنینی دابوو، بەمەش تووڕەییەکی گەورەی لەدژی خۆی جەمکردبووەوە.

لەلایەکی ترەوە دیسان ماوەی دەستبەسەرکردن درێژکرایەوە، لێپرسینەوە سەرلەنوێ دەستی پێکردەوە. وەڵامەکان دەنووسرانەوە. تێنەگەیشتم هەر بەڕاستیش کاغەزەکەی منیان دڕاندبوو، یان لەخۆوە قسەیان دەکرد، بەڵام ئەمجارەیان پرسیاریان دەکرد و هەر خۆیان وەڵامەکانیان بە تابیعە "ئامێری چاپی دەستی سادە" دەنووسییەوە. پرسیارەکان هەمان پرسیار بوون، ناوەناوە لە وەڵامەکانی پێشووم پرسیاریان دەهێنایەوە. زۆر بەڕوونی و پێداگرییەوە لێکۆڵینەوەیان لە مژاری (جەلال ئایدن) و کۆبوونەوەکەی گوندی فیس دەکرد، ناوبەناو چەند بەشێک لە نموونەی نووسراوەی لێپرسینەوەکانی تریان دەخوێندەوە. تەنانەت (رەزا) بە ئەندازەیەک بە وردەکارییەوە باسی لە هەموو شتێک کردبوو کە سەبارەت بە خۆی بە پۆلیسەکان بڵێت: "ئێوە سەرەتا بڕیار دەدەن و پاشان دەپرسن، کەوابوو بڵێن بڕیاردرا و تەواو" گوایا بەمجۆرە وا خۆی نیشان دەدا کە لە دەرەوەی رووداوەکانە و نایەوێت چیدی پۆلیس زۆری بۆ بهێنێت. هەڵبەتە بەگشتی زۆربەیان هەموو زانیارییەکی تایبەت بەو کۆبوونەوەیان بە پۆلیس گەیاندبوو. دانبەوەشدا نرابوو کە کۆبوونەوەی ترم کردووە. لێرەوە کەسایەتی (جەلال ئایدن)م خستە بەر لێکۆڵینەوە و پێمگووتن: "کەسایەتی و شێوازی ژیانی لە قەوارەی دژایەتیکردنی رێکخستندا بوو، هەوڵەکانیشی لە هەمان چوارچێوە دابوو. هەڵدانەوەی پەردەی سەر ئەم کەسایەتییەش کاری رێکخستنە. لەم چوارچێوەیەدا ئەم رەوشە هەڵسەنگاندنی

بۆ کراوە. بەڵام کۆمیتەی بەڕێوەبەرایەتی هەرێم ناتوانێت بڕیاری سزادان دەربکات".

باس لەوە دەکرا کە زۆر کۆبوونەوەم کردووە. لەبەردەم پرسیاری؛ ئەو کەسانەی بەشداری ئەم کۆبوونەوانەیان دەکرد کێ بوون؟ لە وەڵامدا گووتم: "تەنیا یەک کۆبوونەوەم کردووە". هەڵبەتە ئەوانەی بەشداریان کردووە خۆیان ناوی خۆیان هێنابوو". جگە لەو ناوانە ناوی کەسی ترم پەسند نەدەکرد و هەتا پێمدەکرا چوارچێوەی ناوەکانم بەرتەسک دەکردەوە. هەوڵمدەدا ڕێگری لە هاتنی ناوی ژمارەیەکی زۆر ناو و ڕووداوی جیاجیا و شوێنەکان بکەم بۆیە پێمدەگووتن: "درۆ دەکەن، هەموو کەسیان کردووە بە UKOیی، لەترسان وا دەڵێت. ئێوە چەندە داوای ناویان لێبکەن ئەوانیش لە ترسان لەگەڕەک، کۆڵان، شەقام، خوێندنگە و شوێنەکانی تر ناوتان بۆ دەهێننەوە. ئەو قسانە درۆن"، و بە بەردەوامی هەمان هەڵوێستم دووبارە دەکردەوە.

(شاهین) بە هەوەسی خۆی باسی ڕەوشی (جەلال ئایدن)ی کردبوو. پۆلیسیش قسەکانی ئەوی بە بنەما وەرگرتبوو. بەڵام (شاهین) ئاگای لە وردەکارییەکانی کار و خەباتی ئێمە نەبوو، تەنیا بە شیمانە و بۆچوونی خۆی دەیتوانی باس لە هەندێک شت بکات. فەرمانی سزادانی (جەلال) لەلایەن کۆمیتەی ناوەندییەوە درابوو و هەڵگری بڕیارەکەش خودی (شاهین) بوو. هەڵبەتە پۆلیس دەیزانی کە کۆمیتەی هەرێمەکە لێکۆڵینەوەی لە دۆخەکە کردووە و پێشنیازی ئاراستەی ناوەند کردووە. ئەوەی بۆ پۆلیس گرنگە، دەستگیرکردنی ژمارەیەکی زۆر و پشتڕاستکردنەوەی

(شاهین) بوو. بەهەر شێوەیەک بووایە دەیانویست قسەکانی (شاهین) ئەرێ بکەن. بەردەوام ئەم بابەتەمان لەناوخۆماندا تاووتوێدەکرد. لەوەلامی پرسیارێکدا سەبارەت بەم بابەتە هەڵوێستی خۆمم وەها نیشاندا: "کەواتە بۆچی پرسیار لە ئێمە دەکەن؟ ئەگەر قسەکانی ئەوان بە راست و بەبنەما وەربگرن من ئیتر قسە ناکەم". چونکە دەمزانی دواتر قسەکانی (شاهین) و (عەلی) سەبارەت بە کۆبوونەوەکەی گوندی فیس یەکدەگرنەوە. من یەکێک بووم لەو دوو ژنەی لە کۆبوونەوەکەدا ئامادەبوون. ئەو رۆژە ئەوانیش دەیانزانی کە وەلامێکی پڕ بەدڵی خۆیانیان دەست ناکەوێت، کەچی دەیانویست لەلای خۆیانەوە کۆتایی بە قۆناخی لێپرسینەوە بهێنن، دیاربوو ئیتر لەبەرامبەر بە سەرقاڵکردنەکانم توانایان لێبڕابوو. قۆناخی بەر لە کۆنگرە و دواتریشی لە زۆر لایەنەوە باس کراوە. هیچ شتێک بۆ من نەهێڵدرابوو تا بەرگری لێبکەم. لەم خاڵەدا کێشەکە بەلای دووژمنەوە چارەسەر ببوو. ئەو لایەنەش گرنگ بوو کە منی دەگرتەوە. هەر لە سەرەتاوە چیم بویستایە ئەوەم دەگووت. دووپاتکردنەوەی هەمان هەڵوێست سەبارەت بە کۆنگرە، ئەگەر تەنیا بشمگووتایە بەشداریم کردووە، هیچی دەگۆڕی؟ ئەگەر هەر لەسەرەتاوە بمگووتایە شۆڕشگێڕێکی کوردستانم و هیچی ترم نەگووتایە و هیچ قسەیەکی ترم نەکردایە، ئەوا دەبووە بەرخودانێکی واتادار و دەرفەتیشی هەبوو. سەرەنجام بەچی دەگەیشت؟ گرنگ نەبوو بە ساغی دەمهێڵنەوە یاخود هەر شتێکی ترم بەسەر دەهێنن، گرنگ ئەوەبوو دەبووە وەلامێکی بەهێز

لەبەرامبەر سەرجەم هێرش و خیانەتەکان. ئێستاش بەرخودان هەیە، بەڵام  لە رووێکەوە پێگەم ئاشکرا بووە. لەم واتایەدا سەبارەت بە کەسایەتی من لە کۆبوونەوەکەی گوندی فیس وەڵامێکی زۆر سنووردارم ئامادەکرد. دەمزانی کە سەرلەنوێ دەمخەنەوە ژێر لێپرسینەوە.

## هۆڵی دادگایە یاخود ژووری لێپرسینەوە؟

پۆلیس لێمان دەرق راچووبوو. لە شوێنێکدا کە خۆفرۆشتن و خیانەت بەو ئەندازەیە کاریگەری نەرێنی هەبوو، بەتایبەتیش وەکو ژنێک خاوەنداریکردن لە رێکخستن، پاراستن و هەوڵی بەرگریکردنم دووژمنی زۆر توورە دەکرد. (شاهین) و هاوشێوەکانی زیان و گورزێکی سەختیان لە رێکخستن و پێکهاتەی رێکخستنیمان دابوو. ئەمە سەرکەوتنێک بوو بۆ دووژمن، بەڵام هەروا بە ئاسانی کۆتایی بە هەموو شتێک نەدەهات. پێکهاتەی رێکخستنی لە دەرەوە بوو، کادیرەکان لە دەرەوە بوون. دەشێ هەڵکوتانێکی بەوجۆرە پەلەپروزانە لەماوەیەکی کورتدا زیانی گەیاندبێت و شاڵاوی رەشبگیریی لە هەندێک شوێن بۆشایی دروست کردبێت، لەهەمانکاتدا رۆڵێکی ئاگادارکردنەوەشی گێڕابوو. بە ئەشکەنجە قەباکاندا و بەهەندێک گۆڕانکاری تردا هەستی پێدەکرا. لە گفتوگۆکانماندا بە ئاشکرا ئەمەم دەدا بە روویاندا. ئەم راستییە کە بۆ دەرەوە لە جێگەی خۆیدابوو، بۆ ناو زیندانەکانیش بە هەمانشێوەیە. کاریگەرییە نەرێنییەکانی سەرەتاکان و دەروونی شکستهێنان زۆر درێژەی نەدەکێشا، چونکە شەڕ بەردەوام بوو. هەر پەلامارێکی دووژمن، هەڵوێستێکی دژ بە خۆیشی لێدەکەوتەوە. دەیانویست دادگاکان بکەن بە شوێنی راگەیاندنی خیانەتکردن. لە راگەیاندنەکانیشدا بەشێوەیەکی حەتمی و بێسنوور دەست بە پڕووپاگەندە کرابوو، لە ئاستێکی کەمیشدا بێت شیمانەی ئەم دۆخەمان دەکرد.

(شاهین) هەوڵی دەدا لەناو هەڤاڵانی زیندانەکاندا ریسواییەکەی خۆی بکات بە نەریتێکی باو، خیانەت و تەسلیمکاری لە کانگای هیوای بەندکراوەکاندا بچێنێت. دەیگووت: "کە دەرکەوتن هەر یەکەتان بەلایەکدا بچن و بۆ خۆتان بژین، مانگا و مریشک بەخێو بکەن. ئەم دۆزە تا ئێرەیە و تەواو بوو. من تەواو بووم، هەموو شتێکیش لەگەڵ من تەواو بوو.." بناخەی تیۆریی بۆ ریسواییەکەی خۆی دادەڕشت. تەنانەت دووژمنیش بە ئەندازەی ئەو درۆی نەدەکرد. بە رێباز و شێوازەکانی لێپرسینەوەکانییاندا دیاربوو کە شڵەژان و چاوەڕوانییەکانی سەرەتایان تا دەچوو بەرەو گرژی و بە هەڵەداچوون دەگەیشت. کۆتایی بەچی هێندرا بوو، یاخود شکستەکان لە چ خاڵێکدابوو؟ تەڤگەری شۆڕشگێڕی خەسڵەتی وەرچەرخاندنی ئەم قۆناخەی هەبوو. باشە چ لەناوەوە یان لەدەرەوە چۆن رێگری لەمە دەکرد؟ هەرچەندە هەموو ئەم حیساب و کیتابانە بە رێبازی زۆر قەبا و ناشارەزایانە پراکتیزەش بکرایە، هاوکات رێگەی بۆ دانانی رێوشوێنی پێویست خۆش دەکرد. لەولاوە دووژمنیش ئەزموونی لێ وەردەگرت.

رۆژانێک بوو کە لێپرسینەوەکان بە کۆتایی گەیشتبوو. بە ئاشکرا هەڕەشەی ئەوەیان دەکرد کە هەروا ناڕوات و بەشێوازی تر پەلامارمان دەدەن... بانگیان کردم بۆ ژوورەکەی بەرامبەر بەو ریزەژوورەی (عەلی گیوندوز) و هەڤاڵانی لێبوو، واتا بۆ ژووری لێپرسینەوەی یەکەمجارم. ژوورەکە رێکخرابوو! داوام لێکردن چاوبەستەکەم لەسەر بکەنەوە و دەستبەجێ کردیانەوە. دەتگووت فەرماندە منم. لە لێپرسینەوەکاندا رووبەڕوو دانیشتن و چاوبەچاو کەوتن جێی بایەخ بوو، توبڵێی ئەمە جۆرە خۆنەرم نواندنێک بێت؟ بەڵام لەبەرەی خۆمەوە هیچ هەڵوێستێکم نەگۆڕابوو. بە

رۆحێکەوە چوومە بەرامبەریان کە هەرگیز نەهێڵم هیچ شتێک بکەوێتە ژێر دەست و کۆنترۆڵیانەوە.

دەیانگووت: "تۆ کێشەمان بۆ دروست دەکەیت، دان بەهیچ شتێکدا نانێیت. ئەم هەمووە بەڵگەمان بەدەستەوەیە و هەمووشیان لەدژی تۆن. ئێمەش ڕێگە نادەین بچیتە دادگا". هەموو ئەوانە هەڕەشەی بێ واتا و بێ بنەمابوون، هەر قسە و وەڵامێکیشم تەنیا مایەی مۆراڵێکە بۆ ئەوان. ئەگەر بەپێی خواستی ئەوانیش نەبێت (بە ئاماژەکردن تەنیا بە هەندێک گفتوگۆی گشتی) باسم لە بەشداربوونم لە کۆبوونەوەکەی گوندی فیس کرد، دیارە سەرەتا بیرم لێنەکردبووەوە، بەڵام دەستبەجێ کاریگەری لێکردم. پۆلیسەکان دەنگ و نەعرەی قیزەونیان لێ بەرز دەبۆوە، کارەبایان لێدام و دەنگ و فرمێسکەکانی من و ئەو خۆشحاڵییەی ئەوان تێکەڵاوی یەک ببوون. تەنیا (زەفەر کاراعوسمان ئۆغڵو) هەستی پێکرد، پۆلیسەکانی تر وایاندەزانی ئەمەش هەر لەو دەنگانەیە کە بە کاریگەری شۆکی کارەبا لێیان بیستووم. لەبەر ئەوەی بە قوماشێک بەسترابوومەوە بە کورسییەکەوە، دەنگم زۆر مڕ و پچڕپچڕ دەردەکەوت. دیارە جاروبار وەکو دەنگی هاوارێک بوو. هەڤاڵان بە بیستنی ئەو دەنگانە ئەقڵیان بۆ شتی تر چووبوو. هەندێکیان وایان زانیبوو دەستدرێژی کراوەتە سەرم، دواتر بۆیان باسکردم کە چیان لێهاتووە.

(زەفەر کاراعوسمان ئۆغڵو) لە خۆڕا و بێ مەبەست لە لێپرسینەوەکانم ئامادە نەدەبوو. لە هەر دەرفەتێکدا دەهات بۆ شوێنەکەمان و قسەی لەگەڵ دەکردین کە تەنیا مەبەستیشی ئەوەبوو بمانناسێت. لەناو ئەو هەموو قەرەباڵغییەدا دەنگی بیستبووم و پێیگووتم: "چی بوو؟ بۆچی دەگریت؟ بۆ ئەوەی کە گووتت بەشداریت لە کۆبوونەوەی گوندی فیس کردووە؟!

بێگومان دواتر هەڤاڵانیشت پێت دەڵێن کە بەرخودانیت نەکردووە، تۆش ئەمەت پێ هەرس ناکرێت. ئێوە بەچی ناوی دەبەن، هااا.. شکۆی شۆڕشگێڕی!" بەمشێوەیە دەیوست بە تەواوی مۆڕاڵم تێکبدات و گورز لە خاڵی لاوازم بدات. هەی ناکەسی نارەسەن، پێ زانیبوو و دەیویست بەمجۆرە کارم تێبکات. منیش دەستبەجێ هێوربوومەوە و وەڵامم دایەوە. ئەویش گووتی: "حەڵاڵ، لەناو ئەو هەمووەدا تەنیا پێداگریت کرد، بەقسەی خۆتان؛ بەرخودانیت کرد. بەچاوی دووژمن تەماشامان دەکەیت، پێمان دەڵێیت؛ پۆلیسی فاشیست، بەڵام ئێمە لە چوارچێوەی ئەرکەکانماندا لێرەین. هیچ یەکێک لەمانە بەخواستی خۆمان ناکەین. بێ باکانە پێت دەڵێم؛ من ڕێزتان لێدەگرم. تا ئێستا هیچ قسەیەکی خراپتان لە من بیستووە؟". لایەنی ڕاست لە قسەکانیدا هەبوو. کابرا وەک گورگە، لەلایەک بەم ڕێبازە شەڕی دەکرد و لەلایەکی تریشەوە بە ڕاستی لە قەڵەم دەدایەن! ناو بەناو پرسیاری دەکرد.

یەکەمین کاریگەریم لەسەر خۆم فڕێدا و ئەمجارە زۆر بە ئاسایی و دڵنیاییەوە و زۆر بە بڕیارەوە وەڵامم دایەوە: "ئەگەر دەست بە پرسیار بکەنەوە، هەموو شتەکانی پێشتریش ڕەتدەکەمەوە. پێمگووتن کە چۆن بەشداری کۆبوونەوەکە بووم، لەوە زیاتر هیچ شتێکی ترتان پێنالێم. حەزدەکەن لێپرسینەوەکە بۆ چەندەها مانگی تر درێژ بکەنەوە". ئەگەر دەستیان بە پرسیار بکردایەتەوە حەتمەن هەڵوێستم بێدەنگی دەبوو و بەبڕیاریش بووم. لە دڵی خۆمدا دەمگووت بریا تەنیا بە منەوە خەریک بوونایە. ئەم گووتەیەم فشارێکی دروست دەکرد.

ئەو ڕۆژە نەهاتنەوە. منیش خۆم بۆ هەڵوێستە تازەکەم ئامادە دەکرد و دەمگووت: "ئیتر نابم بە موخاتب، تەنیا پرسیارێکیش بکەن، وەڵامدانەوە ڕەتدەکەمەوە". ئەمە بۆ من بەکەڵکتر دەبوو.

هەر هیچیشم پێنەکرێت، دەست دەکەم بە پرووپاگەندەی پارتیمان، لەم بوارەدا گفتوگۆیان لەگەڵ دەکەم. چونکە بەرگری سیاسی تا دوارادە دەیترساندن. دەیانگووت: "لە دادگاش هەر ئەم قسانە دەکەنەوە؟ - کوردستان دەکەین بە کوردستانێکی سەربەخۆ! — ئەم گووتەیە بەرەو سێدارەتان دەبات". بە لای خۆیانەوە دەیانویست تەوەرەی دادگاش گەرەنتی بکەن. هەڵکەوتنی کەسانێک کە لە لێپرسینەوەدا بەو پەڕی باوەڕییەوە بەرگری لە دۆزی خۆیان بکەن و لە دادگاشدا لەو جۆرە رستانە بدرکێنن، دەبووە مایەی پلەی خراپ و ناساز بۆ خودی پۆلیس و لێپرس و لێکۆڵەرەکان. تاکە ئامانجیان ئەوەبوو ئیرادەی بەندکراوان بشکێنن، بێ بڕوایان بکەن، پەشیمانیان بکەنەوە و بەو جۆرە بیاننێرنە دادگا. لەناو قسەکانیاندا دەیانگووت: "تۆ لە دادگاش قسەکانی ئێرەت رەتدەکەیتەوە؟ کەوابوو دووبارە ئێرە جێگەتە و دەگەڕێیتەوە بۆ ئێرە".

رۆژی دواتر بۆ تەواوکردنی نووسراوەی ئیفادەکەم بانگیان کردمەوە. ئەمجارەیان من چیم دەگووت ئەوەیان دەینووسییەوە. خۆ ئەگەر هەر گووتە یان شێوازی رستەیەکیان بگۆڕییایە دەستبەجێ رێگریم لێدەکردن.

دوا رستەکان زۆر سەیر بوون، بێ ئەوەی پرسیار بکەن خۆیان گووتیان: "هیچ پەشیمانییەکی نیشان نەدا". زیاتر دڵم بەو رستەیە خۆش بوو. گوایا ئەمەیان لە دژی من دەنووسی تا کار لە سزادانەکەم بکات. دادگا بە بارتەقای بە مەترسیدار نیشاندانم، سزای پێدەدام.

هێشتا لە پۆلیسخانەکەی گەڕەکی 1800ئەقلەر بووین. سێیەمین ماوەی (15) رۆژی درێژکراوەیان بەکاردەهێنا. هەموو رۆژێک پێیان دەگووتین: "خۆتان کۆبکەنەوە دەڕۆن بۆ دادگا" بە

ئۆتۆمۆبێلی سەرداخراو دەیانبردین بۆ دادگای سەربازی بۆ ناوەندی شار. لە رێگە لەگەڵ هەڤالانی ناو هەمان ئۆتۆمبێلەکە دەئاخاوتین. سەربازەکان بەردەوام دەیانگووت "قسەکردن قەدەخەیە" و ئاگاداریان دەکردینەوە، گوێمان پێنەدەدان. (شاهین)یان بەجیا برد. لە دادگا هەموومانیان لە هۆڵی چاوەڕوانی تۆمەتباران راگرت. سەرباز لیستەکەی خوێندەوە: (شاهین دۆنمەز)، (عەلی گیوندوز)، (ساکینە پۆلات)، (حاملی یڵدرم)، (ئایتەکین توغلوک)..." ریزبەندییەکە سەرنجی راکێشام، تۆزێک خۆشحاڵبووم و گووتم: "خۆزگە بەر لە هەموویان بانگیان دەکردم".

ئەگەرێکی گەورەی بەردانی (ئایتەن) لەئارادا بوو. پێمگووت: "لە دادگا هیچ شتێک قبوڵ مەکە، بەرتدەدەن. بۆ خۆت باشترە! هەم وردەکاری ڕووداوەکان بە پارتی دەگەیەنیت، هەم بۆ وەرگرتنی رێوشوێنی پێویستیش باشە. ئەوان ئاگاداری خیانەتەکەی (شاهین) نین، دەشێت کەموکورتی هەبێت لە وەرگرتنی رێوشوێنی پێویست دا". لەو نێوەدا هەڤالان پێیان گووتم کە لە ئامەد سەرچەفێکیان لە (شاهین) ئالاندووە و بردوویانە بۆ ئۆپراسیۆنی پەلاماردان. واتا (شاهین) رێنوێنی دەوڵەتی کردووە. پێکەوە لەگەڵ (ئایتەکین) و (حاملی) قسەمان کرد، قسە و باسێکی زۆر گەرم نەبوو. کاردانەوە و تووڕەییم هەبوو لەبەرامبەر هەموویان. ئەوانیش کز و مات و هەندێکیشیان تووڕە بوون. پۆلیس بە هەموویانی گووتبوو: "ئەگەر لە دادگا هەمان قسە و وەلامەکانتان دووپات نەکەنەوە، دەتانهێنینەوە بۆ 1800ئەڤلەر". ئەمە بەگشتی کاری تێکردبوون، پۆلیسە ئەشکەنجەکارەکان لەزۆر شوێن و هۆڵی دادگا بڵاوەیان پێکرابوو.

لەگەڵ (حاملی) تۆزێک گفتوگۆ و باسمان لە خیانەتەکەی (شاهین) کرد و پێمگووت: "خیانەتەکەی شاهین ئاشکرایە، ئەی ئەوەی عەلی گیوندوز، ئەی هەڵوێستەکانی ئێوە؟" (عەلی) سەری شۆڕکردەوە و گووتی: "ئەوەی ئێمەش خیانەتێکە. دانپێدانان، ترازان، ناوی هەر چییەک بێت، ئیتر دۆخێکە لێبوردنی نییە". (حاملی) ئیمای (ئایتەن)ی کرد: "ئەو بێ شەرەفانە، ئەمیان لەبەرامبەرم بەکارهێنا. بەردەوام دەیانگووت - دەستدرێژی دەکەینە سەری — لەبەر ئەوە هەندێک شتم قبوڵ کرد". ئەمە زیاتر تووڕەی کردم و پێمگووت: "باشە ئەی ئەوەی ئێمە نامووس نییە؟ پۆلیس بەردەوام هەمان هەڕەشە لەبەرامبەر بەمنیش بەکاردەهێنێت. دەبووایە بەها و نرخەکانی پارتی لەپێش ئەم ناموسەوە بووایە". هەڤاڵانی دەوروبەریشمان گوێبیستی قسەکانمان بوون. (ڕەزا) سەری پێ بەرز نەدەبووەوە، یان ئەوە بوو جاروبار زۆر بە کاردانەوە و گوێپێنەدانەوە ڕەفتاری دەکرد.

لەو نێوەدا (شاهین) لەلای داواکاری گشتی گەڕایەوە و منیان بانگ کرد. کاتێک بەلامدا تێپەڕبوو گووتم: "ئەزانم قسەکانی ئەم سووک و ڕیسوایە بەبنەما وەردەگرن، بەڵام خۆم دەزانم چیان پێدەڵێم". چونکە کە هاتینە ژوورەوە دووبارە پێیان گووتینەوە: "ئەگەر هەمان شت دووبارە نەکەنەوە ئەوا دەتانخەینەوە بەر لێپرسینەوە". دیاربوو هەوڵی دەدا کار لە هەڤاڵان بکات. بەخیانەتەکەی خۆی تێر نەبوو، هەڤاڵانیشی بانگهێشتی خیانەت دەکرد و درێژەی بە بانگەوازییەکەی دەدا. بە تووڕەییەوە چوومە ژووری داواکاری گشتییەوە، ژوورێکی بچووک بوو. داواکاری گشتی؛ کابرایەکی چاویلکە لەچاو، قەڵەو و دەمولوت سوور بوو. دواتر لەکاتی واژۆکردنی کاغەزەکاندا زانیم کە ناوی (جاهید ئای دۆغان)ە. داواکاری گشتی دادگایەکی سەربازی باڵای سوپایە.

لەبەرخۆیەوە: "وەرن، لێرە دانیشن. ساکینە پۆلات، جانسز.. هممم" و گووتی: "شاهین دۆنمەز دەناسیت، کەمێک بەر لە ئێستا چووە دەرەوە؟ دەستە راستی ئاپۆیە و بە ورد و درشتەوە هەموو شتێکی زۆر بەجوانی بۆ گێڕاینەوە. رێکخستن و پێکخستن نەماوە، UKO و مکۆ نەماوە، کەچی هێشتا بەرگری دەکەیت، وایە؟" ئەمە لەکاتێکدایە هەنگاوی یەکەم دەبووایە یەکلاکردنەوەی ناسنامە بوایە، تەنانەت یاساکانی دادگای خۆشیان پەیڕەو نەدەکرد. دیارە دەیوست بمناسێت، ئاست، کاردانەوە، لایەنە بەهێز و لاوازەکانم بزانێت. داواکاریی گشتی لەڕاستیدا لێپرسینەوە بوو لە ئاستێکی بالآتردا. دەمویست بزانن کە دەرکم بەم رێبازەیان کردووە. دەیوست بەدەستپێکردنێک کارم لێبکات، مادام وایە منیش چۆن دەبێت با ببێت دەبێت بێزاری بکەم.

گووتم: "ئێرە هۆڵی دادگایە یاخود ژووری لێپرسینەوە؟ هەڵبەتە پۆلیسە ئەشکەنجەکارەکانیش لێرەن. بپرسن و وەلآمتان بدەمەوە. گەر گفتوگۆیەک بێت، ئەوا منیش قسەم هەیە و گفتوگۆ دەکەم". (جاهید ئای دۆغان) حەپەسا، لەگەڵ ئەوەشدا بێشەرمانە پێدەکەنی. هەر کە گووتی: "زوو تووڕە دەبن، ئێرە داواکاری گشتی سەربازییە. لێپرسینەوەی چی و ئەشکەنجەی چی!" منیش درێژەم پێدا: "لە لێپرسینەوەکانیشدا پۆلیس قسەکانی شاهین دۆنمەزیان بە بنەما وەرگرت. بەڕێنوێنی ئەو، لێپرسینەوەیان دەکرد. لێرەش هەمانشت دەکەن. شاهین دەستەڕاستی هیچ کەسێکیش نییە، گەر وەهاش بێت ئێستاکە خیانەتکارە. خیانەتەکەی؛ خودی خۆی لەناوبرد، بەلآم UKO کۆتایی نایەت. ئەگەر ئێمەی دەستگیرکراوانیش خیانەت بکەین، ئەم دۆزە تەواو نابێت. ئاپۆ بەسە". کابرا بەتەواوی حەپەسا. بە تووڕەییەوە گووتی: "هممم.. چۆن لێپرسینەوەیەکیان کردوون! سەرلەنوێ

هەمووتان دەچنەوە بۆ 1800ئەڤلەر" پاشان لەسەرخۆ، وەک منی بەجددی وەرنەگرتبێت، دەستی بە یەکلاکردنەوەی ناسنامە کرد. بوونی دوو پاشناوم سەرنجی راکێشابوو و بۆیە گووتم: "هاوسەرگیریم کردبوو، جیابوومەوە، رەگەزنامەکەم نەگۆڕی و گیرام".

پرسی: "رێکخستن تۆی جیاکردەوە؟"

: "نەخێر، پێکنەهاتین و جیابووینەوە".

: "جیابوونەوەیەکی سیاسی بوو؟"

: "راستە. من شۆڕشگێڕم، شۆڕشگێڕێکی کوردستانم. ئەو دژبەر بوو، بۆیە جیابوومەوە". نەمویست بەملاو ئەولادا بایبدەن. پرسیاری پێگەی رێکخستنیمی کرد، گووتم "هەوادارم" و بانگەشە و قسەکانی ترم رەتکردەوە و گووتم: "لە دادگا بەوردەکارییەوە دەیخەمەڕوو". دەیویست درێژە بە گفتوگۆکە بدات، پرسیاری دەکرد. لەلای داواکاری گشتی پێویست نەبوو زۆر قسە بکەم، سەبارەت بە پێگەی خۆم روونکردنەوە بدەم. هەرچۆنێک بێت سەرەنجام دەخرامە زیندانەوە. بۆیە وا گونجاوتربوو هەندێک شت هەڵگرم بۆ دادگا و قۆناخەکانی دواتر..

لە گەڕانەوەدا بەوانەی دوای خۆمم گووت: "لەلای داواکاری گشتی هیچ شتێک قبوڵ مەکەن، قسەکانی پێشتریش رەت بکەنەوە. پۆلیسەکان هەڕەشەی دووبارە لێپرسینەوەمان لێ دەکەن، دەیانەوێت کارمان لێبکەن". لەو ساتەوەختەدا سیمایەکی جیاوازم بەدی کرد. ئەوە (حسێن مۆرسومبوڵ)ە کە پێشتر لە شاری چەولیک ئاشنای بووم. بەجیا لێپرسینەوەیان لەگەڵ کردبوو. هەڤالان دەیانگووت "ئەگەرێکی گەورە هەیە بەریبدەن". کاتێک من لای دۆزگەر بووم ئەو باسی دۆخی خۆی بۆ هەڤالان گێڕابووەوە، لە تەنیشت (شاهین)ەوە دانیشتبوو، ئەمەش بێ تاقەتی کردم.

(شاهین) بێ پسانەوە قسە دەکات": هەموو شتێک تەواو بوو، بەر لەمنیش هەموو شتێک ئاشکرا ببوو" و بەردەوام بوو لە چەواشکردنی دەوروبەرەکەی. دانم بەخۆمدا نەگرت، تاکێک لە پێڵاوەکانم داکەند و تێمگرت و گووتم: "هەی بێ شەرەف، بێ نامووس! تۆ تەواو بووی! دەتەوێت خیانەتەکەت و کۆتابوونەکەی خۆت بشاریتەوە. کەچی ئێوەش گوێ بۆ ئەم خائینە شل دەکەن. خۆی دەزانێت کە بەرەڵا دەکرێت، بۆیە دەیەوێت رووداوەکان بەشێوەیەکی تر نیشان بدات. چاک دەتناسین، بەڵام ....". دەنگمان لە دەرەوە دەبیسترا. سەربازەکان هاتن و پێیان گووتین کە بێ دەنگ بین و گوایە ئێرە هۆڵی دادگایە. پاش ماوەیەک هاتن (شاهین)یان بردە دەرەوە. گووتم: "باشتر". ئەو خائینە تا لە ریزەکانماندا بێت جگە لە تێکدانی مۆراڵ و ورە هیچی تری لێناوەشێتەوە. هاوکات هەوڵی بڵاوکردنەوەی پەتای خیانەتیشی دەدا. لە دەرکەوتنە دەرەوەیدا بەسەری شۆڕەوە پێیگووتم :" قارەمانێتییەکی هەرزان.. چی ماوەتەوە، بەرگری لە چی دەکەیت؟...".

دوای ئەوەی (شاهین)یان بردە دەرەوە لەگەڵ (حسێن مۆرسومبول) قسەمان کرد و پێمگووت: "شاهین درۆ دەکات، هەرچییەکی زانیبێت بە پۆلیسی گووتووە. بە ئاشکرا دەڵێت — UKO تەواو بووە - لای داواکاری گشتیش هەمان قسەی گووتووە، دەیەوێت خۆی بشارێتەوە. لەئاستی گشتیدا ترازان و دانپێدانان بەدیدەکات بۆیە دەیەوێت ئەم هەلە بۆخۆی بقۆزێتەوە و کار لە دەوروبەر بکات. بە ئاشکرا دەیەوێت دۆخێکی دەروونی تاوانبارییانە دروست بکات و دەڵێت؛ هەموو تاوانتان کردووە، تاوانبارن، هیچ جیاوازییەکمان نییە - بێگومان ئەمە کار لەهەندێک کەس دەکات. بەڵام هەمیشە وەها ناڕوات و بەردەوام نابێت.

پۆلیس بە ئەنقەست لەگەڵمان هات بۆ دادگا...هتد" هەوڵمدا کەمێکیش بێت ئەو کەش و هەوایە پەرتەوازە بکەم. ئەو ڕۆژە قسەی بەندکراوان لای داواکاری گشتی کۆتایی نەهات. (شاهین)یش ماوەیەکی زۆر درێژخایەن مابووەوە. ئەوەی (عەلی گیوندوز)یش بەهەمانشێوە. (عەلی)، وەک تاوانبارێک حەپەساو و سەرنەوی ڕاوەستاوە. زۆر دەم ناکاتەوە، تەنانەت هیچ قسە ناکات. دیاربوو لەلای داواکاری گشتی قسەکانی خۆی نەگۆڕی بوو. (حاملی) و (ئایتەکین) و هەندێک لە هەڤاڵانی تریش وەڵامەکانی ژێر لێپرسینەوەیان ڕەتکردبووەوە.

## 1800ئەڤلەر و دووبارەبوونەوەی ئەشکەنجە

جارێکی تر هەموومانیان خستەوە ناو ئۆتۆمبێل و بردینیانەوە بۆ 1800ئەڤلەر. ئەگەر بیانویستایە هەر لەلای داواکاری گشتی کارەکەیان تەواو دەکرد، بەڵام ئامانجیان گەڕاندنەوەمان بوو، چونکە دەیانزانی گۆڕان بەسەر وەڵامەکاندا دێن. ئێمەیان خستە ژوورەکانی نهۆمی خوارەوە. دەرگەی هەر سێ ژوورەکە نزیکبوون لەیەک، ئەوانیش شیشبەند کرابوون. من و (ئایتەن) پێکەوەبووین، (ئەلیف)یان نەهێنایە لامان. داواکاری گشتی ئیفادەی (ئایتەن)ی وەرگرتبوو، لەو بڕوایە دابووم کە (ئایتەن) بەردەدەن، بەڵام مسۆگەریش نەبوو. (ئایتەکین) و (حاملی) بەردەوام پێکەوە بوون. لەناو ژوورەکەدا بەخێرایی رایەڵکەیان دەکرد. ناوەناوە (ئایتەکین) دەهاتە پشت دەرگەکەوە و گاڵتەی دەکرد و دەیگووت: "ئێمە ئیشمان بۆ خۆمان دۆزیەوە، ئەگەر بەربدرێین دەچینەوە بۆ گوند و مانگا بەخێو دەکەین. (شاهین) ئامۆژگاری کردین". پێمگووتن: "چۆن دەتوانن لەگەڵ ئەو پێکەوە بژین؟ شاهین، رەزا و عەلی چییان بەسەر هاتووە؟ ئاسایی دیارن. مرۆڤ بەم ئەندازەیە بێ بڕوا دەبێت؟ بەم ئەندازەیە کاریان تێکراوە؟" و خەمگینی خۆمم دەربڕی. (حاملی) و (ئایتەکین)یش لەسەر ئەمە دەستیان پێکردەوە و گووتیان "خۆ کەس وەک تۆ نییە پێڵاویان تێبگرێت".

نیوەڕۆ (شاهین)یان برد، تێنەگەیشتین بۆ دەستشۆریان برد یاخود شوێنێکی تر. قاپەکەم بەخواردنەوە تێگرت و پێمگووت: "بێ ناموس، دیسان بۆ کوێ؟" لەبەر ئەمە سەربازەکان هەرچییەک

لە ژوورەکەدا هەبوو کۆیانکردەوە و بردیان و گووتیان: "جارێکی تر بۆتان نییە بێنە بەر دەرگە". ئەمانە کاردانەوەی بێ واتابوون. کێ دەزانێت، دەشێت کاردانەوە بێت لەبەرامبەر بەو بێکاردانەوەیی و بێدەنگییەی لە ئارادابوو. کاردانەوە لەبەرامبەر بە خیانەت، نەک قاپ و پێڵاو! تەنیا ویژدانی ئاسوودە دەکرد و هیچی تر. دواتر (شاهین) نەهێندرایەوە لای هەڤاڵان. بەڵام رۆشتنەکەی دوودڵی و گرژییەکی لە هەمووواندا دروست کرد. نیگەرانی و ئەگەری ئەوە هەبوو کە دووبارە دەست بە لێپرسینەوە بکرێت. ئەم چاوەڕوانییە دڵەڕاوکێی دروست دەکرد. بەم هۆکارە جگە لە (حاملی) و (ئایتەکین) کەسی تر خۆی لە دەرگەکە نزیک نەدەکردەوە و چاویان دەدزییەوە لە تەماشاکردن. دۆخێکی چەند بە ژانە!

دووەم و سێیەم رۆژ ئیفادە وەرگرتن بەردەوام بوو. نزیکەی هەفتەیەک بە هاتوچۆی رێگەی نهۆمی خوارەوە بووین. لە سەرەوەش دەنگی ئەشکەنجە نەدەبڕایەوە. دووژمنیش ئامانجی ئەوەبوو لەناو کەشێکی دەروونی پڕ لە ئەشکەنجە و ترسدا رامانبگرێت!

قۆناخی لێپرسینەوە لە رۆژانی چلەمینی دابوو، (ئایتەن) دوای سێ رۆژ لە گەڕانەوەمان لە دادگا بەردرا. زۆر لەناکاو بوو. کاتێک رۆشت چپاندم بەگوێیدا: "دەبێت هەڤاڵان دەستبەجێ رێوشوێنی پێویست وەربگرن. چیت لە دەستدێ بیکە، دەبێت چاوت بە هەڤاڵان بکەوێت. لای هەموو کەسێک باسی مەکە، تەنیا هەڤاڵانی جێی متمانە نەبێت". یەکترمان لە ئامێز گرت، (حاملی)یشی ئامێز کرد و ماڵئاوایی کرد. (ئایتەن) دڵی پڕ و چاوی بەفرمێسک بوو. لەلایەک خۆشحاڵ و لەلایەکیش دڵگران بوو بەوەی لە دۆخێکی وەهادا بەجێی دەهێشتین، یاخود وابیری دەکردەوە کە چیدی یەکترمان نەدەبینییەوە. تاوەکو رۆیشتیش هەر بە ژان و

خەفەتەوە دەیڕوانی. تا رادەیەک ئاسوودە بووم، لەلایەک دەچووە دەرەوە و لەلایەکی تریشەوە بۆ خودی (ئایتەن)یش باش بوو. بۆ منیش بە تەنیا شەڕکردن لەگەڵ دووژمن ئاسانتر بوو.

هەمان رۆژ لە هۆڵی چاوەڕوانی داواکاری گشتی، لەپشت شیشبەندەکەوە بەناو هۆڵەکەدا رایەڵکەم دەکرد، لەو نێوەدا لەو دیوی شیشبەندەکەوە بە ڕێکەوت چاوم بە (حسێن یڵدرم) کەوت، جانتاکەی بەدەستەوەیە و بە عەبای پارێزەرییەوە هاتووە، پێیگووتم: "رۆڵە، ساکینە ئەمە تۆیت! ئەمە چی حاڵێکە! ناناسرێیتەوە".

چاوێکی لە ژوورەکە کرد، هەموویان ریش و سمێڵیان درێژبووە، چاویان بە چاڵا چووە. (حاملی)یش هات، بە زەحمەت ئەویشی ناسییەوە. هەر چەندە (حاملی) بەهۆی گەورەیی رووخسار و سەرییەوە، ژاکاوی زۆر پێوە دیار نەبوو. سەرباز هاتە نێوانەوە و پێی گووت: "روخسەت وەربگرە، پاشان وەرەوە". ئەویش رەزامەندی خۆی دەربڕی. لەجێی خۆی، نەدەبزووت، بە ئەدایەکی بەڕێزەوە بە سەربازەکەی گووت: "باشە، باشە، با روخسەت وەربگرم دێمەوە".. ترسنۆکییەکەی، حەپەساوییەکەی، گرنگیدانی بە ئێمە، ئەمە و هەموو شتێکی تری بەلای منەوە جێگەی سەرسوڕمان بوو. هاوکات بۆ ئێمەش دوای ئەو هەموو رۆژە بینینی کەسێک سوودی هەبوو، بەڵام نەدەبا ئەو کەسە (حسێن یڵدرم) بێت، کەسێکی تر بووایە زۆر باشتر دەبوو. هەڵبەتە کاتێک چاوم پێیکەوت لەبەر خۆمەوە گووتم: "ئەمە لەکوێوە پەیدابوو". دوای ماوەیەک هاتەوە و گووتی: "بریکاریی تۆ و حاملی و مستەفام وەرگرت، خەمتان نەبێت بەرتان دەدەن. کەسوکاریشتان دێن بۆ ئێرە (مەبەست لە خارپێتە). پێویستییەکتان هەیە؟، بەڵام رۆڵەم، دەبێت وریابیت. جاهیدبەگ

حەپەساوە، دەڵێت؛ داکۆکی لە فیکری خۆی دەکات، ڕێزم هەیە، بەڵام ئەگەر شتی وەها توند و تیژ نەڵێیت باشترە. ئەگەر نا لەدژی خۆت بەکاری دەهێننەوە". گوایە ئامۆژگاری دەکردم. ئەمەش وەک ئەوەیە کە دەڵێن (لە دەریادا باوەش بە ماردا بکەیت) لەولاشەوە هەر چەندە کەسێکی خۆشەویستیش نەبێت، گووتمان: "هاتنی پارێزەریش باشە، هیچ نەبێت ئاگاداری بە دەرەوە دەگەیەنێت یان ئێمە ئاگامان لە دەرەوە دەبێت".

دوای ڕۆیشتنی (ئایتەن)، لە ژوورەکەدا بە تەنیا مامەوە. بەتانییەکی پیسم لەخۆم پێچا، خۆمم بە نیوە ڕاکشاوییەکەوە گرمۆڵە کرد و هەوڵمدەدا خۆم گەرم بکەمەوە. بۆری و لوولەی ئاودەست و دەستشۆرەکانی نهۆمی سەرەوە بەناو ئەم ژوورەدا تێپەڕ دەبوو، ژوورێکی شێدار و تەڕ بوو. بۆن و سارد و سڕی تێکەڵاو ببوو. لە ساتەوەختێکدا کە خەیاڵ بردبوومی، لە پەنجەرەکەوە یەکێک بانگی کردم "ساکینە، ساکینە !" لەناکاو ڕاپەڕیم. دواتر خۆشم حەپەسام کە چۆن لەسەر قەرەوێڵەکە بەوجۆرە ڕاپەڕیوم، وەک فڕیبم وابوو. دڵم کوتە کوتی بوو و یەکەم شت کە هات بە خەیاڵمدا ئەوەبوو" ئاها هەڤاڵان!... خۆیەتی... هەڤاڵان هەڵیانکوتایە سەر پۆلیسخانەکە".. لەو نیوە چرکەیەدا دونیایەک شت هات بە خەیاڵمدا. دەرەوە تاریکە، پەنجەرەکەش نزمە، تەنگ و بچووک بوو. سەری سەربازێکم بەدیکرد، (موراد)ی خەڵکی چەرمیک. ئای خوایە! وامزانی هەڤاڵانن، جۆش و خرۆشم لێ بڕا.

لە حاڵی پرسیم. پاشان زانیم کە لە ئەرکی پاراستنی لێپرسینەوە دوورخراوەتەوە و، بەمەبەستی خواردنهێنان هاتووە بۆ ئێرە. تێگەیشتم کە بۆچی تا ئەو کاتە گوم ببوو. دەشێت لەبەر ئەوەی کوردە سەرنجی ڕاکێشابێت. (موراد) بە جۆشێکەوە

گووتی: "دەمانچەم پێیە، دەمەوێت بیدەم بە تۆ". حەپەسام. گووتم: "دەمانچەی چی؟ لەلاتە؟" باسی لەوە کرد کە لەلای نییە و لەگەڕانەوەی لە ماوەی مۆڵەتدانیدا دەتوانێت بیهێنێت. منیش دەستبەجێ راکردن هات بە خەیاڵمدا. هەر چۆن پێمگووت: "واز لە دەمانچە بهێنە، لە دەرەوە بیدە بەهەڤاڵان. لە چەرمووگ هەڤاڵ هەن، دەیدەی بەوان، بەڵام ئەگەر دەرفەتت هەیە هاوکاریم بکە تا لێرە رابکەم" سەری سوڕما و بە راست و چەپی خۆیدا روانی و دەنگی نزمترکردەوە و گووتی: "برادەرانم لە ناو ئۆتۆمبێلەکەدان، بەدزییەوە هاتم بزانم چۆنیت. ئەگەر پەنجەرەکە شیشبەند نەبووایە دەبوو". لە وەڵامدا تەنیا توانیم پێی بڵێم: "بە نەفرەت بێت. ئەمە چ نەگبەتییەکە!" (موراد) پرسیاری هەبوون و نەبوونی هەر پێویستییەکی کرد و گەڕایەوە. حەتمەن لەو داخوازییە لەناکاوەی من ترسابوو. گووتی: "لە زیندان سەرت لێدەدەمەوە، لەوێ کێشە نابێت، بیانوویەک دێنمەوە و دێمە لات". دیارە ئەمەش جۆرە خاوەندارییەکی کوردانە بوو!

دەشبێت (موراد) شتێکی زۆر ئەوتۆی لێنەوەشێتەوە، بەڵام ئەو جۆشوخرۆشە بەس بوو. راکردن! زۆر بەجددی دەستم بە بیرکردنەوە کردبوو. هاوشێوەی کێبڕکێیەک خەون و خەیاڵم دەکرد. دۆخی دەستبەسەری، خواستێکی گەورەی راکردنی بە هەڵپە دەهێنا. شێوەی خەیاڵکردنم گۆڕابوون. ئەوەندە خەیاڵی خۆشم هەبوو کە یەک لە یەک جوانتربوون. پلانی ناوازەی راکردن! جاروبار بە تەوقەی قژ یاریم بە قفڵی دەرگەکە دەکرد. بۆ ئەوەی سەرنجی کەس رانەکێشێت دەسڕەکەم لە قفڵەکە

دەپێچایەوە و یاریم پێدەکرد. نەبوو، بە تەوقە نەدەکرایەوە. پێشتر کەلەپچەم پێدەکردەوە. لە بەشی خوارەوەدا دوو دەرگە هەبوو بەڕووی دەرەوەدا دەکرانەوە، دەرگەی ژوورەکە و دەرگەی دەرەوە. دەرگەیەکی تریش هەبوو دەچووە قاتی سەرەوە. پاشان زەوییەکی پان و بەرین. دوای ئەوانە دەربازبوون لە سەربازە نۆبەتگرەکان ئاسان بوو؟ لەو گەڕەکە ماڵی ناسراو هەبوو، پێمدەدۆزرایەوە؟ دەی، لێرە مەحاڵە، ئامادەکاری بۆ راکردن لە زیندان دەکەم.

دوای کاروباری داواکاری گشتی هەموومان براینە دادگا و دەستگیرکراین و رەوانەی زیندان کراین. لەو لاشەوە (شاهین) دەستبەجێ پەنای بۆ دووژمن بردبوو، دووژمن رێوشوێنی پێویستی وەردەگرت. دادگا روونکردنەوەی دابوو کە بەهۆی سەلامەتی گیانییەوە دەنێردرێتە زیندانێکی دوور لە بەندکراوانی تر. سووک و ریسوا! کەوابوو سەلامەتی گیانی نەبوو! پێڵاو تێگرتن، قاپ تێگرتنەکەی من، سەلامەتی گیانی خستبووە مەترسییەوە؟، بەڵام نەخێر، دووژمن و خودی خۆیشی نیگەران بوون. خۆی (PKK)ی باش دەناسی، تا کەی دەیتوانی خیانەتەکەی بشارێتەوە؟

ئەمە لەکاتێکدایە کە بە ئاشکرا پێمانگووتبوو: "تۆ خیانەتت کردووە". بەمەش خۆشحاڵ بووم و دەمگووت: مادام لە زیندانیشدا ئەوەندە دەترسێت ئەم ترسە هەر دەیکوژێت. لەڕاستیدا ترسانی بوو لە (PKK)، ئەم ترسە بەس بوو بۆ (شاهین). لەلایەکی تریشەوە تووڕەیی دایدەگرتم؛ خۆزگە لە ناوماندا بووایە،

شتێکمان بۆ دەکرد. هەڤاڵمان هەبوو ئەوکارەی جێبەجێ بکردایە، حەتمەن ڕێگەیەکمان دەدۆزییەوە. بێگومان هێشتا نەمدەزانی زیندانێکی چۆنە. تاوەکو نەیانبردینایە شیمانەشم نەدەکرد زیندان نازانم باڵەخانەیەکی چۆنە و دەکەوێتە کوێوە. بەشێک لە هەڤاڵان دەیانگووت: دەشێ لەسەر ڕێی خارپێت بێت.

## قوتابخانەکانی خارپێتیان بۆ کردین بە زیندان

ئێمەیان بردە باڵەخانەیەکی رەنگ خۆڵەمێشی دوو قاتەوە لە شوێنێکی لاڕێ لە قەدپاڵی خارپێت، کە بە ژمارەیەک خانووی کابینە دەورە درابوو. کەلەپچەکانیان کردەوە و منیان جیاکردەوە. تۆزێک لەولاتریشمانەوە (ئەلیف)یان لە جێبێک دابەزاند، کەلەپچە نەکرابوو. سەیربوو، بۆچی بەریان نەدابوو؟ ئایا وەک شاهێدحاڵی رووداوەکەی (جەلال ئایدن) لەلای خۆیان رایاندەگرت؟ یاخود بۆ بێزارکردنی من؟ بەڕاستی بێزاری دەکردم. ئەفسەرێک گووتی: "کچان بەملادا". سەرەتا وا تێگەیشتم کە دەمانخەنە ناو کابینەیەکی دەوری باڵەخانەکەوە. باڵەخانەکە لە شێوەی خانووێکدابوو، هیچ لەو زیندانانە نەدەچوو کە پێشتر بینیبووم. دوو قاتبوو، قاتی سەرەوەیان بانێژەی هەبوو، سەرەوەی گیراو و دەورووبەریشی کراوەبوو. پەنجەرەکان گەورەییەکی ئاساییان هەبوو، هەم تەلبەند و هەم شیشبەند کرابوون. هەندێک لە ژوورەوە بۆ ئێمەیان دەڕوانی. ئەوجار ئەفسەرەکە بانگی لە پیاوانکرد و بە ریز کەلەپچەکانیان کردنەوە و بردنیانە ژوورەوە.

هەڤالانیان بردە قاتی سەرەوە. بە مەراقەوە سەیرم دەکردن، ئەوانیش بەهەمانشێوە سەیری منیان دەکرد. لەو نێوەدا (ئایتەکین) وەکو بڵێت "بۆ کوێ؟" دەڕوانی، پێمگووت کە نازانم. لەناو قسەکاندا گووترا: "لەقاتی خوارەوە راستڕەوەکان بەندکراون". کەواتە لەگەڵ فاشیستەکان پێکەوە لەهەمان زینداندا دەبووین. بەڵام چۆن؟ تێکەڵاوییەکی بەم ئەندازەیەش مایەی سەرسوڕمان بوو. ئێمەشیان لە قاتی خوارەوە خستە ژوورێکەوە کە دەرگەکەی جیاوازبوو. لەناوەوە بەشێک سەرنجی رادەکێشا کە دیوارەکەی تازە هەڵچنرابوو. کەوابوو لە بەشەکانی تریان جوێ کردبووە.

لەناوەوە دەنگی پیاوان دەهات، دەنگی فاشیستەکان بوو. تەنیا دیوارێکمان لەنێواندابوو. تازە لە خشت دروستکرابوو، زەمینەکەی تەنکتربوو. دەنگ زۆر بە روونی دەبیسترا.

زۆر سەیربوو بەلامەوە کەوا ئەوەندە لە نزیکەوە لەگەڵ فاشیستەکان دەیانخستینە یەک شوێنەوە! (ئەلیف)یشیان هێنا بۆ لای من. بەڵام لەگەڵ چوونە ژوورەوەماندا (ئەلیف)یان بانگکردەوە. تا ئەو کاتە هیچ قسەم لەگەڵ (ئەلیف) نەکرد، بەلاچاو سەیرم دەکرد. بەلامەوە دۆخێکی قێزەون بوو. واتام پێنەدەدا. ئەویان بۆچی دەستگیرکردووە؟ تۆبڵێی (ئەلیف) بەهۆی تایبەتمەندییە بۆرژوازی (بچووک)یەکانییەوە بێت بەوشێوەیە بەکاریان دەهێنا؟ دەشێت ترساویش بێت. بەلای کەسانی وەکو (ئەلیف)ەوە پۆلیس تەنیا فەرمانبەرێکی دەوڵەت بوو. گرۆهی ئەفسەر و پۆلیس لەو توێژانەبوون کە زیاتری خۆی پەرستارەکان پەیوەندیان لەگەڵ دەبەستن. هێشتا (ئەلیف) لە سەرەوە بوو کە بانگی منیشیان کرد. نەقیب - یوزباشی کە پلەدارەکەیانە گووتی: "(ساکینە) خان؛ ئێوە لەگەڵ (ئەلیف)خان پێکەوەن. بەڵام (ئەلیف)خان باس لەوە دەکات کە لێتان دەترسێت. لێی توورە بوون. ئێرە زیندانە و تەنیا ژوورێکمان هەیە، شوێنێکی ترمان نییە تا بۆ کچانی جیابکەینەوە". سەرەتا ئاماژەم بەوە کرد کە نامەوێت پێکەوە بین و گووتم: "نایناسم، پۆلیسە، پەرستارە یان کەسێکی ترە دیار نییە. لە رۆژانی لێپرسینەوەدا جیاکرابووەوە و بەگشتی سەربەست و بە هەوەسی خۆی بوو، تەنانەت لەگەڵ پۆلیسەکان پێکەوە لە ئەشکەنجەدا ئامادەبوو. پێویست بوو کەسێکی وەهاتان بەربدایە".

: "ئێمە ئەو بڕیارەمان پێنادرێت و پەیوەندیشی بە ئێمەوە نییە. دادگا بڕیاری داوە. ئەگەر هەردووکتان بخەینە یەک شوێنەوە چی دەکەیت؟ دەیکوژیت؟ بڕوا ناکەم، لە کەسێکی وەها ناچێت".

: "من شتێکی وەهام نەگووتووە، بەڵام نامەوێ لەگەڵ ئەو لەیەک شوێندا بمێنمەوە، ئەگەر بێتوو هەر ڕەفتارێکی پێچەوانەی پرەنسیپەکانی ژیانم بنوێنێت، بێ هەڵوێست نابم". و منیان بۆ ئەو ژوورە گەڕاندەوە. (ئەلیف) ماوەیەکی درێژ لەوێ مایەوە. لەگەڵ دادگای باری نائاسایی چاوپێکەوتنیان لەسەر کردبوو، بڕیاریان لەسەر مانەوەی دا بوو. زیندانەکەی تریش بەشی تایبەت بە ژنانی نەبوو.

زیندانەکەی تر ڕێک لە بەشی خوارەوەی شەقامەکە دایە. قوتابخانەیەکی کۆنیان کردبوو بە زیندان. سەرەنجام (ئەلیف)یان هێنایە لام. دەیانەویست لەڕێگەی (ئەلیف)ەوە بمخەنە ژێر کۆنترۆڵەوە؟ بۆیە دەمگووت: "با بیکەن، ئەمەش ڕێبازێکی شەڕە"، بەڵام تا ماوەیەک گرنگیم پێ نەدا. بێ هیچ دانوستاندن و قسەکردنێک لە یەک ژووردا دەماینەوە. لەناوخۆماندا زۆر بە دەگمەن قسەمان دەکرد، ئەویش تەنیا قسەی کورت و ورد. دواجار (ئەلیف) خواستی قسەکردنی خستەڕوو. (ئایتەکین) لە مەلەتی ناسیویەتی. ناوەناوە لەکاتی پشوودا (مەبەست لە دەرفەتی هەواگۆڕیندا - و) دا لە حەوشەی زیندان مەرحەبای یەکتریان دەکرد، هەوڵی دەدا کاریگەری لە (ئەلیف) بکات.

ئایتەکین سەبارەت بە (ئەلیف) دەیگووت: "با تێبگەین، بەڕاست کاتێک لە مەلەتی بوو زۆر خراپ نەبوو. (جەلال) تێکیدا. دیارە دەشترسێت، دەشێت هەندێک هەوڵی لەگەڵ بدەین". هەوڵی دەدا لەم بوارەدا تێمبگەیەنێت، دەیانگووت: "زۆر بێ ڕەحمیت، کچێکە، قسەی لەگەڵ بکە، سوودی دەبێت".

من زۆر پێچەوانە بووم و زۆر بەرتەسک و بە کاردانەوە هەڵمدەسەنگاند؟ بەتەواوەتی پاڵپێوەنانی (ئەلیف) بەرەو دووژمن کارێکی باش نەبوو. لە ئاستێکی کەمیشدا بێت خۆیشی ژیان و بەسەرهاتەکانی ئەو قۆناخە و رەفتارەکانی دووژمن و هەڵوێستەکانی خۆی، خستۆتە بەر لێپرسینەوەوە، کەواتە پێویستە لێکۆڵینەوەی لەگەڵ بکرێت و بەقسە بهێندرێت. دوو سێ جار بەناوی پارە و نامەوە بانگکرابوو بۆ بەڕێوەبەرایەتی. هێشتا بەکاریان دەهێنا؟ ئەم گومانە نابەجێ نەبوو. لە یەکەمین لێپرسینەوەدا هەوڵماندا هاوکاری بکەین، پێمانگووت کە لەبەرامبەر پۆلیس چۆن هەڵوێست نیشان بدات، کەچی ئەو بۆ پۆلیسەکانی گێڕابووەوە. دیسان دەیتوانی هەمانشت دووبارە بکاتەوە. لەکاتی پشوودا هەموو پەیوەندییەکانی تری ناوخۆی دەبینی. هەرچەندە بە جفرە یاخود بە شێوەیەک کە ئەو تێنەگات قسەشمان بکردایە، گوێبیستمان دەبوو و دەیبینین. ئیدی دڵنیابووم، لە ژێر چاودێری دابووین و دەیانویست لێرەوە کۆنترۆڵمان لەسەر دابنێن. سەرەڕای ئەمەش هێواش هێواش دەستمکرد بە قسەکردن لەگەڵی. خۆیشی خوازیار دیاربوو. تەنانەت خۆشحاڵ دەبوو. بەر لەوەی بکەومە ناوباسی دۆخی خۆیەوە نمونەی گەمە و تەڵەکەبازییەکانی دووژمنم بۆ دەهێنایەوە. خۆیشی لە هەندێک لایەنەوە باسی دەکرد. دەمویست بزانم کە چۆن بەندکراوە و چۆن لێپرسینەوەی لەگەڵ کراوە. بە شێوەیەکی گشتیانە باسی لێدەکرد. تادەهات تایبەتمەندییەکانی روونتر دەبوونەوە.

بەگشتی پێداویستییەکانمان لەلایەن هەڤاڵانەوە دابین دەکرا. پەیتا پەیتا ئامۆژگارییان دەکردم کە زۆر جگەرە نەکێشم. بە چەند وشەیەکیش بێت شتێکیان دەنووسی و ئەمەش دەبووە مۆراڵ بۆ

من. (حاملی) و (ئایتەکین) بەردەوام بە (سەکۆ) بانگیان دەکردم. ئەم تەنیا گووتەیەش هەست و سۆزی نزیکبوون، گەرمی و پەیوەستداری لەناخمدا بەرزتر دەکردەوە. کاتێک لە دەرەوە بووین ئەم جۆرە شتانە زۆر دەرکی پێنەدەکرا. ئەگەرچی لە کەسایەتی هەندێک هەڤاڵدا خۆشەویستی، ڕێز و پەیوەستداری زۆر بە ئاشکرا بەدیدەکرا. هەر هاوڕێیەک بەهایەک بوو، بەڵام خۆشەویستی نرخێکی بەرجەستەکراویش زیاتر و لێوانڕێژتر دەبوو. بەهایەکی ئاشکرا و ڕاکێشەر بوو، هێزێکی گەورەی خۆشەویستی دەهێنا. لەم واتایەدا خۆشەویستیم بۆ (حاملی) و (ئایتەکین)، دێوانە ئاسا بوو. کاتێک لەدەرەوە بووین حەزمان نەدەکرد هەستی پێبکرێت. ڕێکوپێک و پێوانەدار بووین لەگەڵ یەک. لەناو زیندانیشدا ئەم خۆشەویستییە لە قاڵبی خۆیدا جێگەی نەدەبووەوە و لێوانڕێژ دەبوو. خۆشەویستی نێوانمان بە ڕقئەستووریمان لەدژی دووژمن، زیاتر گەشەی دەکرد. هەرچەندە بەهۆی قۆناخەکەوە ساردبوون و دڵشکانێکیش هەبووبێت، بەڵام (کارا)م خۆشدەویست و نرخ و گرنگیی هەبوو لەلام. لە دەرەوە وامان بە (حاملی) دەگووت. بۆی ببوو بە نازناوێک. لە نووسراوێکدا کە بۆ دەرەوەم نووسی، باسم لە قۆناخی لێپرسینەوە، قۆناخی پێشتر و قۆناخی دەستبەسەرکردن و دوایین ڕەوش کردبوو. لەوێدا ئەو شتانەی سەبارەت بە (حاملی) نووسیم، کاری تێکردبوو، وادیاربوو دڵی شکابوو، پێی هەرس نەدەبوو. ئەوەم گووتبوو کە: دووژمن (ئایتەن) لەدژی (حاملی) بەکاردەهێنێت، ئەمەش سەرچاوەکەی بۆ لاوازی خودی (حاملی) دەگەڕێتەوە، (حاملی) خۆیشی پێشتر دانی بەم ڕاستییەدا نابوو. چەمکی ناموس و موڵکگەرایی لە ناخیدا ڕەگی داکوتابوو.

ئەگەرچی پچڕ پچڕیش بێت لەگەڵ خۆیشی ئەم بابەتەم تاووتوێ دەکرد.

بەشێوەیەکی سنووردایش بێت لە زاری سەردانیکارانەوە ئاگاداریمان سەبارەت بە دۆخی دەرەوە پێدەگەیشت. لە سەرەتاکاندا نیگەرانی و خۆدزینەوەیەک لە ئارادابوو، بەڵام رەشبیگری بە کۆمەڵ، ترازان، دانپێدانن و بەتایبەتیش رێنوێنی و چاوساخیکردن بۆ پۆلیس کاری لە جەماوەر دەکرد. ئەمەش بەشێوەیەکی سرووشتی سەرچاوەکەی لە گەورەکردن و زێدەرۆییکردن لە هەندێک رووداو وەردەگرت. پێویست بوو ئەم دۆخە بە پێچەوانەوە وەربچەرخێندرێت. بەهۆی پەلامارەکانەوە پێکهاتەی رێکخستنی پەرتەوازە ببوو، کاتێکی زۆری دەویست بۆ سەرلەنوێ دەستپێکردنەوە و گەیشتن بە جەماوەر. بۆشاییەکی گەورە دروست ببوو. لە هەندێک هەواڵ و باسەوە دەشیا لە دۆخەکە تێبگەین. هەڤاڵان پەیوەندیان دروست کردبوو. دایکی (ئایتەکین)، دایکی (نالی) و خوشکەکەی، هەندێک کچی هەوادار و لایەنگریش بە زارەکی زانیاریان دەهێنا. توانیمان ئیفادەی لێپرسینەوەکان و هەڵسەنگاندنەکانمان بگەیەنینە دەرەوە.

شوێنی دیداری ناوخۆ قەرەباڵغ بوو، لەبارتربوو بۆ گۆڕینەوەی نامە و قسەکردن. لەو شوێنەی ئێمەی تیابووین قسە و هەڵسوکەوتەکانمان بە ئاسانی دەکەوتنە ژێر چاودێرییەوە. سەرەڕای (ئەلیف)یش، لەدەمی دەرگە شیشەبەندەکەدا دیدارمان دەکرد. هاوکات (ئەلیف)یشم ئاگادار دەکردەوە بەتایبەت لەبارەی پەیڕەوکارییەکانی دووژمن و ئەو بابەتانەی دەبێت وریای بێت.

ئەوانەی خۆشمان نەیاندەهێشت تەنیا بم. کاتێک لەژێر لێپرسینەوەش دابووم هەتا ئەوێ هاتبوون، بێگومان ئێمە هەر ئاگاشمان لێ نەبووە. بەمجۆرە خاوەنداریکردنیان لەجێی

خۆیدابوو. دایه (زەینەب) بەردەوام بوو لە گێڕانەوەی خەون و هەستەکانی. هەڵبەتە چاوە بەخومارەکانی هەمیشە تەڕ و شێداربوون. باسی لەوە کرد کە (حەیدەر) گووتویێتی شانازی پێوە دەکەم و لە گەڕانەوەشدا بە دەستەکانی هێمای سەرکەوتنی بەرزکردۆتەوە. (عەلی) و بچکۆلەکانی تریش دڵگەرم بوون. خۆشەویستی و پەیوەستدارییان زیادی کردووە، رق و کینیان لەبەرامبەر دووژمن هەڵایساوە. پەراوی (مەتین) و ئەوانیشیان لەسەر دۆزی خارپێت زیاد کردووە. کۆمەڵێک ئیفادەیان لەسەر دراوە. (دۆغان)، (مەتین)، (محەمەد یڵدرم) و (مستەفا یڵدرم)ی ئامۆزای (حاملی)یشیان هێنابوو. (مەتین) و (دۆغان) خرابوونە زیندانەکەی خوارەوە. بەگشتی بەشێکی زۆر لەوانەی لە چەولیک دەستگیرکرابوون خرابوونە ئەو زیندانەوە.

(شاهین)یش لەهەمان زینداندا بوو. زیندانەکە لە دوو بەشی سەرەکی پێکدەهات. (شاهین) لە بەشی تایبەت بە نامەترسیدار (بەلای دووژمنەوە) جێگیرکرابوو. زانیاری ئەوەشمان بەدەست دەگەیشت کە هەوڵی لەخشتەبردنی ئەو کەسانەی دەدا کە بەخیانەتەکەیان نەزانیوە. هەواڵمان بۆ ناردن کە لەناوخۆیاندا ڕێکخستووبن و نەکەونە ژێر کاریگەری (شاهین)ەوە، هۆشیار بن و ئاگاداری تازە هاتووەکانیش بن. کابرای ریسوا و بەدرەفتار راوەستانی نەبوو، دەیویست بەخۆیەوە کۆتایی بەهەموو شتێک بهێنێت. بۆیە پێویست بوو بە ورد و درشتەوە دەرک بە خیانەتەکەی (شاهین) بکرێت، چەند گەمژەیەک هێشتا باسیان لە ترازان و دانپێدانان دەکرد. لە دەرەوەش هێشتا بە گومانەوە خوێندنەوە بۆ دۆخی (شاهین) دەکرا. ئەم خوێندنەوەیە هیچ پەیوەندییەکی بە شکۆ 'پرەستیژ'ی ڕێکخستنەوە نەبوو. لەهەندێک شیرۆڤەدا باس لەوە دەکرا کە پارتی دانایانە و بە ئەنقەست باسی

خیانەتەکەی (شاهین) بڵاو ناکاتەوە، لەبەر ئەگەری دروستکردنی کاریگەری نەرێنی لەسەر جەماوەر، کەسایەتی (شاهین)ی ئاشکرا نەکردووە. ئەمانە گشت هەڵوێستگەلێکن پارتی ناگرنەوە، زیاتر هەڵوێستی کەسێتی چەند کەسێکن.

دایک و خوشکەکانی (نالی) کە دەهاتن بۆلای، سەرێکیان لە منیش دەدا. دایکی لە هەندێک لایەنەوە پێوانە نەریتییەکانی بوواردبوو، کاتێک لەوێ بووین دەمانتوانی ماڵەکەیان بۆ کۆبوونەوە و پەروەردە بەکاربهێنین. خۆیشی گرنگی پێدەدا و بەشداری دەکرد. خۆی و کچەکانی (نالی)یان زۆر خۆشدەویست. هاوژینەکەی هەرچەندە مامۆستاش بوو، بەڵام پەیوەندیدار نەبوو و ساردبوو. بارستایی لایەنی کەمالیستیانەی زیاتر بوو. خەڵکی ناوچەی مازگێرد بوون، لە خارپێت لە گەڕەکی ئیستاسیۆن نیشتەجێ ببوون. ڕەشبگیری بە کۆمەڵ کاری لێکردبوون، قینیان لە خیانەت و ترازانی کەسەکان هەڵگرتبوو. بەردەوام دەیانپرسی "نالی سزا دەدرێت؟". هاتن و چوونیان، پەیوەست بوونیان و هێنانی هەواڵ و باسی دەرەوە ئەرکێکی گرنگ بوو. پێمدەگووتن کە دەبێت بەردەوام بن و ڕەشبین نەبن. لە خارپێت بەشێکی زۆری خەڵکەکە لەهەمان دۆخدا بوون، لەم خاڵەدا پەرۆشیم هەبوو، چونکە ئەو دۆخە؛ زۆربەی پەیوەندییە نوێیەکانمانی گرتبووەوە. جیا لەمەش هەوادار و لایەنگرێکی فرە زۆریشمان هەبوو هێشتا نەیاندەتوانی باوەش بە هەلومەرجێکدا بکەن کە ڕێکخستن تیایدا باڵادار نەبێت. دەشێت هەندێک لەوانەی دەرکیان بە دۆخەکە دەکرد ڕێگەیەک پەیدابکەن و درێژە بە پەیوەندییەکانیان بدەن، بەڵام ئەوانی تر پێویستیان بە ڕێکخستن بوو. لەم بوارەدا قسەم لەگەڵ دەکردن و پێم دەگووتن: "پەیوەندی لەگەڵ دەوروبەرتان مەپچڕێنن، ئێمە بەندکراین، ئێوە ئەرکەکانی

ئێمە جێبەجێ بکەن". دایکی (نالی) بە خواستەوە دەیپڕوانی و دەیگووت: "بریا من لەجیاتی نالی لە زیندان بوومایە". بەڕاستیش تێگەیاندنی خێزان و کەسوکاری بەندکراوان ئاسان نەبوو.

لە بنەماڵەی ئەوانی تریش دەهاتن، دایکی (ئایتەکین) هەر دەهات، گوێی لە قسەکانی (ئایتەکین) دەگرت و جاروبار هەواڵی لە هەڤاڵانی دەرەوە وەردەگرت و پێی دەگەیاندین. کاتێ لە دەرەوە بووین نێوانمان باش بوو، هامووشۆی ماڵەکەیانمان دەکرد. بەڵام ترس و ئەندێشەشیان هەبوو و نەیاندەشاردەوە. بە ئێش و دڵگرانییەکەوە دەیگووت: "ئەرێ کچم زۆر ئەشکەنجەیان کردیت؟! ئەی ئایتەکین زۆر ئەشکەنجە کرد؟! خۆی پێم ناڵێت. دەزانم کە هێشتا بنەپێیەکانی شین و کەوەن، خوێنی تێ زاوە و قەتماخەی گرتووە. هەرچی دەکەم پیشانم نادات" و دەگریا. (ئایسەل) و (عەلادین)ی لەگەڵ خۆی نەدەهێنا، بۆ ئەوەی نەکەونە ژێر کاریگەری ئێمەوە.

دانە دانە چەند کەسێکیش لە (Dev-Sol)، (TİKKO[39])، (HK)[40]، (Dev-Yol) هەبوون. لەگەڵ هەڤاڵان لەهەمان بەش دەمانەوە. پێداویستی وەک پەڕتووک، ڕۆژنامە، رادیۆ ...هتد، یەکێک بوو لە گرفتە سەرەکییەکانمان، جگە لە هەندێک ڕۆژنامەی سەیروسەمەرە، ڕێگە بە هیچ ڕۆژنامەیەکی تر نەدەدرا. لەگەڵ ئیدارەی زیندان چاوپێکەوتن سازدەکران. لەناو بەندکراواندا نوێنەر دەستنیشانکرا بوو، زیاتر لەڕێگەی ئەوانەوە گرفت و کێشەکان بە ئیدارەی زیندان دەگەیەندران. ناوەناوە داوانامەی

---

[39] سوپای رزگاری کرێکار و دیهاتیانی تورکیا، باڵی سەربازی پارتی کۆمۆنیستی مارکسی – لینینی تورکیایە TKP/M-L کە ئیبراهیم کایپاککایا و هاوڕێیانیی لە بەهاری 1972 دایانمەزراند، تا ئێستاش بەشێوازی جیاجیا لەناو خەبات و تێکۆشاندان.

[40] کورتکراوەی رزگاری گەلە، گرووپێکی چەپڕەوی تورک بوون.

هاوبەشمان پێدەدان. بەمجۆرە کێشەکانمان لەڕۆژەڤدا دەهێشتەوە. بەگشتی هەلومەرجی ژیانی بەندکراوان دەزانرا، بەڵام نەدەبوو هەموو شتێک بخرێتە بەر دەست و ویژدانی دووژمنەوە. ئێمەومانان بەندکراوی سیاسی بووین، پێویستیمان بە پەڕتووک، گۆڤار، رۆژنامە و رادیۆ و ..هتد هەبوو. تەنانەت رێگەیان بە گەلێک لەو کەلوپەلانەش نەدەدا بهێندرێنە ژوورەوە کە بنەماڵە و کەسوکاری بەندکراوان دەیانهێنان. پشکنینێکی بێ واتا هەبوو. هەر چییەک بهێندرایە، کون بە کون دەیانپشکنی، شوێنی تەقەڵ و زنجیر، یەخەی کراس، دەرلنگی پانتۆڵیان شیدەکردەوە پاشان دەیانهێنایە ژوورەوە. تەنانەت دەرزی درومانیش قەدەخە بوو. بەڵام هەمان رەفتاریان لەگەڵ فاشیستەکان نەدەنواند. بەشێوەیەک دەیانکرد کە هەموو رۆژانێکی سەردان کەسوکاری بەندکراوان لە بەردەم پرسگە دەبووە دەمەقاڵەیان. کات و رۆژی سەردان جیاواز بوو، بەڵام بەردەوام دەبووە کێشە. لە سەرەتاکاندا سەردان لەهەمان رۆژدا دەکرا، بەڵام بە ریز و نۆبە، بە گرووپ گرووپ دەکرانە ژوورەوە. دوای ئەو کێشە و گرفتانە رۆژ و کات جیاکرانەوە، بەڵام کێشەکە هەر بەردەوام بوو. لە رۆژانی سەرداندا لە بنەماڵەی هەردوو لا دەهاتن و ئەمەش مەترسیدار بوو. بە ئاشکرا بنەماڵەکانیان هاندەدا، تەنانەت هەڕەشەیان لێ دەکردن، بە تەواوی بێزار و بێتاقەتیان دەکردین.

لەناو زیندانیشدا دۆخێکی ناخۆش هەبوو. کاتێ هەڤاڵان بۆ پشوو دەبرانە حەوشە، فاشیستەکان قسەیان پێدەگووتن، کە ئەوانیش دەبرانە هەمان شوێن، ئەوجار هەڤاڵان قسەیان پێدەگووتن. لەهاتوچۆی رێگەی ئیدارەدا تووشی یەکتر دەبووین، مەحاڵ بوو لە شوێنێکی وەها تەنگ و تەسکدا تووشی یەک نەبین. لەنێو ئیدارەی زیندان، نەقیب، ئەفسەر و سەربازەکاندا چەند

کەسێک هەبوون راستەوخۆ فاشیستەکانیان دەپاراست، یاخود پەیوەندییان هەبوو لەگەڵیان. بەهەر شێوەیەکیش بێت دووژمنە! لێکدانەوەیان بۆ ئێمە بەجۆرێک و بۆ ئەوانی تریش بەجۆرێکی تر.

هەر لە سەرەتاوە سەرەڕای ئەوەی دوو زیندان هەبوو، ئەم جۆرە مامەڵەکردنەیان گومانی لەلا دروستکردبووین. دەمانگووت: "دووژمن بە بەرنامە رەفتار دەکات، لەوانەیە گێرەشێوێنی و کێشە درووست بکەن". مەحاڵ بوو هەست بەم راستییە نەکرایە. پێشهاتەکان پەنهان نەبوون و دووژمن هەمەلایەنە پەلاماری دەهێنا. لە هەرشوێنێک نەیتوانیایە بە ئەنجام بگات، یان پێی نەکرایە، دەیویست لە بەرەیەکی ترەوە سەرکەوتن بەدەستبخات. بەشێوەیەکی گشتی فشار و قەدەخەکارییەکانی دووژمن لە بەرگی جیاجیادا بەردەوامی دەکرد. هەڵبەتە ئەمەش گرژییەکی لەگەڵ خۆی دەهێنا. بە پەرۆش بووین لەدووی رێگە چارەیەک، بەردەوام بەدوای وەڵامی "چی بکەین؟" ەوە بووین. پێویست بوو رێگری بکرێت لەم دۆخە، لەنێو بەندکراواندا فشارێکی هاوبەش دروست بکرێت و پیشانی دووژمن بدرێت کە بە ئاسانی هەموو شتێکی پێناکرێت. هاوکات دەبوو لەناوخۆشدا پێگەیەکی رێکخستنی بئافرێندرێت. لەم رووەوە هەوڵ و خواستی بەردەوام لە ئارادابوو. لەلایەکی ترەوە لێپرسینەوەی ناو کەسایەتی، گفتوگۆی چڕوپڕ سەبارەت بە قۆناخی لێپرسینەوەکان و بەدواداچوون بەردەوام بوو. لە ئاستێکی بەرزدا؛ یەکەمین حاڵەتی رۆحیی لەبەرامبەر بە دووژمن شکستی هێنابوو. هەڵوێست و رەفتاری وەک بێ متمانەیی، قۆستنەوەی لاوازییەکانی یەکتر، تاوانبارکردن و خۆحەشاردان تا دەچوو هەندێک شتی لەگەڵ خۆی روون دەکردەوە و لەولاشەوە پەردەی لەسەر کەسایەتی و هەڵبژاردنی رێگەچارەکان هەڵدەماڵی.

لەکاتێکدا لەهەندێک کەسدا ترس، هەرسکردن و مەیلی بێیانیبوون ملی دەنا، لەهەندێکی تریشدا بێ باوەڕی و بێ متمانەیی؛ خودی کەسێتییەکەی بەرەو رەفتاری هاری و تاوانبارکردنی پارتییەوە دەبرد. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا هەوڵی خاوەندارێکردن لە پارتی، لێپرسینەوە لە قۆناخی رابردوو و گەیشتن بە راستینەی خودی کەسێتییەکانیش گەشەی دەکرد.

لەسەرەتاکاندا واتایەکی ئەوتۆ بە بەسەرهاتەکان نەدەدرا، یاخود تاکۆتا بەرتەسک، رووکەشیانە و بەهەڵەداچووانە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرا. لەم ئاستەدا رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دووژمن ئاسان نەبوو. هاوکات ئەنجامە بەدەستهاتووەکانیش لە ئاستێکی جددیدا بوون. لە قۆناخی وەها ئاڵۆز و زەحمەتدا رەهەندی باوەڕی، پەیوەستداری، ئیرادەی کەسایەتی دیاردەبوو. پیلان، تەڵەکەبازی و حیسابەکانی دووژمن شتی ئاسایی نەبوون. لەبەرامبەر بەمەش پاراستنی رێکخستن، نوێنەرایەتی کردن و بینینی هێڵی باریکی نێوان خیانەت و بەرخودانی زۆر گرنگ و بایەخداربوو.

ئەمە یەکەمین شاڵاوی رەشبگیری بە کۆمەڵ بوو، لە بازنەی گرووپ و هەرێمێکدا پەلاماری بزووتنەوەکەمان درابوو. هەوڵدەدرا لێرەوە گورزی کوشندە بوەشێندرێت. دیارە بەشێوەیەک پەلاماری نەدەدا کە هەموو شتێکی بەرنامە و پیلانڕێژ کراوبێت، یاخود هەموو رێوشوێنێکی پێویستی گرتبێتە بەر، بەڵام دەشێت بگووترێت هەنگاوی پلانێکی درێژخایەنیان هەڵدەگرت. خاڵێکی تری مسۆگەریش ئەوە بوو؛ لەسەرەتادا پەلامارەکان زیاتر لە پەراوێزی هەرێمکدابوو بۆیە لە ئاستی جیاجیادا گۆڕانکاری بەخۆیەوە دەبینی، لە رووی کۆمەڵایەتییەوە دووچاری شیتەڵبوونەوە هاتبوو، هاوکات دەرکی بە خاڵە لاوازەکانی

هەردوولا کردبوو و بڕوای بە ئەنجام وەرگرتن هێنابوو، بۆیە بەتایبەت هەندێک شتی لەسەر هەرێمی خارپێت تاقی دەکردەوە. واتا هیچ شتێک بە رێکەوت نەبوو.

لە خارپێت، گەشەسەندن لەئارادابوو، پێکهاتەی رێکخستنی بونیادنرابوو و تاڕادەیەکیش چالاک بوو، لەگەڵ ئەوەشدا لەڕووی پەیوەندی لەگەڵ هەرێمەکانی تردا، خاوەنی پێگەیەکی ستراتیژی بوو، بۆیە بەلای دووژمنەوە زۆر گرنگ بوو. ئەمە لەکاتێکدابوو کە دەوڵەت تیایدا بەشێوەیەکی بەربڵاو خۆی دامەزراندبوو. ژمارەیەکی زۆر رێکخراوی فاشیستی تیادا جێگیرکردبوو. خارپێت لەگەڵ پێکهاتەی کۆمەڵایەتی چەولیک، مەلەتی و ئەرزینگان خاڵی هاوبەش و هاوشێوەی زۆر بوو بۆیە هەوڵیاندەدا شانبەشانی خارپێت ئەو شارانەی تریش کۆنترۆڵ بکەن و هەرێمەکە بکەن بە ناوەندێکی تایبەتی دەوڵەت. پێدەچێت بە دامەزراوەکردنی فاشیزم لەو هەرێمانەدا تۆڵەکردنەوەیەک بێت لەو گەشەسەندنەی کە لە شارەکانی دێرسیم، ئامەد، جورنەڕەش - گرێ سۆر، ئێلیح لە ئارادابوون.

هاوکات راستییەکیش هەبوو کە هەر لەگەڵ یەکەمین قۆناخ، خودی (سەرۆکایەتی) (مەبەست لە عەبدوڵڵا ئۆجالانە) و بەشێکی زۆر لە کادیرە پێشەنگەکان، هاتوچۆی ئەو هەرێمانەیان کردووە، تەنانەت جگە لە کۆبوونەوەکەی ناوچەی دیکمەنی ئەنکەرە، کۆبوونەوەی تری تایبەتی تیادا سازکراوە، هەر لەوێ زیاترین شێوازی کار و خەبات و جێنیشانکردن بەناوی شۆڕشگێڕانی کوردستانەوە داڕێژراوە و ئەنجامدراوە. لەولاشەوە گرووپی چەپی تورک و کورد، رێکخستنی نۆکەر و کرێگرتەی دووژمنیش چالاک بوون. لەڕاستیدا هەرێمەکە زەمینەیەکی ناوازەی پەرەسەندنی هەبوو. مەرج بوو سیستەمی رێکخستنێت هەبێت،

ئەم سیستەمە پێشەنگایەتی راستەقینە بکات و دەرەقەت بێت. بەتایبەتیش کادیر و لایەنگرێکی زۆریش هەبوون. شانبەشانی بەربلاوبوونەوە و فراوانی لەڕووی هێڵی تەریبی رێکخستنییەوە، پێویست بە سیستەمێکی خەباتیش هەبوو کە رێکخستن ریشەدار و گەورە بکات. دوابەدوای کۆنگرەی دامەزراندن هەل و دەرفەتێکی گرنگ، مۆراڵ و هەموو جۆرە رێنماییەکی پێویست و دەرفەتگەلێکی تری گەیشتن بە ئاستێکی کردەیی پێشکەوتن لە ئارادابوو. بەڵام بواری بەڕێوەبەرایەتی و کادیری پێشەنگ هێشتا ئامادە نەبوو، ناشارەزابوو.

بێبەری بووین لە زرنگییەک کە هەموو ئەو پێشکەوتن و گۆڕانکارییانە لە ئامێز بگرێت و وەستایانە رووبەڕووی هەموو هێرشە ناوخۆیی و دەرەکییەکان بێتەوە. بەئاستی یەکانگیربوونەوەی هەموو خەباتەکان نەگەیشتبووین تا لەکات و شوێنی خۆیدا لەبەرامبەر بە هەندێک رووداو؛ هەڵوێستی رادیکاڵی شۆڕشگێڕی وەربگرین. شێوازێکی نەگۆڕ، بەرتەسک، رۆژانەیی و تا رادەیەکیش لەخۆوە "عفوی" رەگی داکوتابوو. ئایا دووژمن تا چەند دەرکی بەم کێشەیە کردبوو، یان بە تەواوی هەموو شتێکی دەزانی؟ مەحاڵ بوو بتوانرێت گوزارشتی لێ بکرێت و هەموو شتێک لەم خاڵەوە بخوێندرێتەوە. بەڵام کۆمەڵێک هەڵوێست هەبوو کە هەستی پێدەکرا، هەم ئەو لایەنانەی سەرچاوەی لە خۆمانەوە وەرگرتبوو، هەم ئەو ئەنجامانەی کە لەدەرەوەی ئێمەش ئاراستەی وەرگرتبوو، بەلاوازیەکانی خۆشمانەوە.

لە نووسراوێکی ترمدا بۆ دەرەوە؛ لە ئاستێکی بەرچاودا ئەو ئەنجامانەم خستەڕوو کە لە ماوەی رابردوودا بەدەستم هێنابوو. بە ئەندازەیەک ئەو لایەنانەم بەدیدەکرد کە سەرچاوەکەیان لە

خۆمانەوە وەرگرتبوو. خیانەتەکانم بە کودەتایەک ناوزەدکردبوو. بە گشتی سەرجەم رەشبگیرییەکان و ئەنجامەکانی جۆرە شکستێک بوون. ترازان و دانپێدانانیش لە ئاستێکی بچووکدا نەبوون. (شاهین) ئاشکرا بوو، ئەگەرچی هێشتاش لەهەوڵی خۆشاردنەوەدا بوو، پارتی پێی زانی بوو. لەو بڕوایەدا نیم ئاشکرابوونەکەی کاریگەری نەرێنیانەی لەسەر رێکخستن و جەماوەری دەرەوەی زیندان کردبێت. هەمیشە متمانەم بە پارتی و (سەرۆکایەتی) هەبووە. بەپێچەوانەوە بڕوام هەیە لەناوخۆدا لەبەرامبەر خیانەتێکی بەوجۆرە؛ هەڵوێستی شۆڕشگێڕانە و بەبڕیار رەگ بکوتێ. سەرەڕای ئەوەش هەواڵمان پێدەگەیشت کە بەتایبەتیش لە هەرێمەکانی چەولیک، خارپێت و دێرسیم هەوڵدەدرێت ئەو دۆخە پەردەپۆش بکرێت و زانیاری ئاشکرا بە هەڤاڵانی ئەو هەرێمانە نادرێت، ئەمە بۆ ئێمە مایەی ژان و بێزاری بوو. بە تەواوی نەماندەزانی لە دەرەوە بیر لەچی دەکرایەوە، بەڵام بەپێی ئەو هەواڵانەی لەو هەرێمانەی ئێمەوە دەهاتن، دیاربوو هەندێک شت تێکەڵاو کرابوون. بەشێوەیەکی گشتی هەستمان دەکرد متمانە بە تەواوی گرووپەکە ناکرێت. پێناسەی وەک "هەموویان ترازاون، هەموو تاوانیان کردووە و ...هتد" دەهاتنە بەر گوێ و دڵگرانی دەکردین. کەچی لەپاڵ ئەمەشدا خاوەندارییەکی رەها بەدیدەکرا. پەیوەندی نەپچڕابوو. لە رێی بنەماڵەکانەوە لە ئاستێکی باشدا پەیوەندی دەبەستران. هەوڵی زانینی راستی دۆخەکە سەرنجی رادەکێشاین. بەڵام کاتێک شیمانەی خۆمان سەبارەت بە چۆنێتی لێکدانەوەیان و دەنگۆ و حاڵەتی رۆحیی خۆمان دەهێنایە لای یەک، بێ مۆراڵییەک باڵی دەکێشا بەسەرماندا.

ئەم کاریگەرییانە بەپێی کەسەکان دەگۆڕا. بەر لە هەموو شتێک بەرخودانێکی شایستە بە تەڤگەر و ڕۆحی شۆڕشگێڕانەی تەڤگەر، نیشان نەدرابوو. لەم حاڵەدا دڵگرانییەک لە ئارادابوو. خیانەت بارستاییەکی زیاتری هەبوو، دووژمنیش لە قۆناخێکی زۆر گرنگدا ئەم خیانەتە ناوخۆییەی بەکارهێنا و لەسەرتاسەری وڵاتدا بزووتنەوەکەمانی کردە ئامانج. پرسیاری "ئایا قەبارەی ڕەشبگیرییەکە لەمە زیاتر بەرفراوانتر دەبێت؟" ئەندێشە و نیگەرانی لەگەڵ خۆی دەهێنا. هەرگیز بڕوا و متمانە لەجێی خۆی نەترازا بوو. متمانەیەکی زۆر گەورە هەبوو، لەم بوارەدا هیچ کاریگەرییەکی نەرێنی لە ئارادا نەبوو. بەڵام خیانەت زۆر بێ پەروا بوو، بۆیە بوونی ئەندێشەیەکی لەم جۆرە لەبەرامبەر بە هەڤاڵان ئاسایی بوو. لە سەروبەندی لێپرسینەوەکاندا پۆلیس دانپێدانانەکانی (شاهین)ی هێنا، پارچە پارچە لێی دەخوێندەوە، لە یەکێکیاندا گووتبووی؛ پێدەچێت هەڤاڵ (خەیری)، تەنانەت (سەرۆک)یش لە هەرێمی ماردین بێت، یان بچن بۆ ئەوێ... کەسایەتی بێ قیمەت و هیچ و پووچ بەوجۆرەن، باسی لە ئەگەری هاتوچۆکانیش کردووە. ئەوەش پشتڕاست ببووەوە کە سەرچەفێکیان لێ ئاڵاندووە و بردوویانە بۆ ئامەد، خۆیشی دانی پێدا نابوو.

(ڕەزا) تا ئاستێک درێژەی بەهەڵوێستەکانی پێشووی خۆی دەدا. بەربەرەکانێی دەکرد، هەندێک لە هەڵوێستەکانی دەشاردەوە و لە هەندێکیشیاندا بڕوبیانوویەکی زۆری دەهێنایەوە. لەلایەکەوە باش بوو، چونکە تا ئەوکاتەش لەناو هەڤاڵاندا بوو. دەمانگووت ئەگەر بە تەواوی خۆی رادەستی دووژمن نەکات، دەکرێت لەخاڵێکەوە دەستی بۆ ڕاکێشرێت و لە خیانەت رزگار بکرێت. بەپێچەوانەوە لە دەستی دووژمندا دەبووە گەمە و داردەستێک.

کەس ئاکامێکی وەهای نەدەویست. لەلایەکی تریشەوە بنەماڵە و کەسوکارێکی زۆری هەبوو، پێویست بوو درێژە بە پەیوەندییەکان بدرێت و لە کێشەکان تێبگەیەندرێن. دەمانگووت: "ئەگەر پەیوەندی و پەیوەستییان بە ڕێکخستنەوە هەبێت، ڕێزیان هەبێت و دروست بن، ئەوا خاوەنداری لەخۆیان و لە ڕەنجی ڕێکخستنیش دەکەن، ئەگەرچی (ڕەزا) کوڕی خێزانەکەشیان بێت، چەوتی و تاوانی لێ پەسند ناکەن". هەڤاڵانی دەرەوەش پەیوەندییان لەگەڵ بنەماڵەکەیان نەپچڕاندبوو. بەوشێوەیە دەکرا ئەوانیش بەرەو هەڵوێستی ڕاست و ئەرێنی ڕابکێشرێن. دیاربوو سۆزدارانە مامەڵیان دەکرد و ناکۆکییەکانی پێشتریان بە تەواوی چارەسەر نەکردبوو. بۆیە ئەگەر هەڵوێستیان ئەرێنی بووایە، دەیانتوانی (ڕەزا) لە ڕێگەی چەوت دووربخەنەوە.

دووژمن گرنگی زۆری دەدا بە هەڵوێستی کەسێتی، بەتایبەتیش هەڵوێستی ڕۆژانی لێپرسینەوە. بەردەوام بوو لە بەکارهێنانی لاوازییەکان. زیندان لە واتایەکدا بەردەوامییەکی ئەو قۆناخە بوو. ئامانجیان تەنیا ئەوە نەبوو لە ڕووی جەستەوە کەسێتی لە تێکۆشان پەراوێز بخەن، شۆڕشگێڕێیان سنووردار بکەن و لەژێر کۆنترۆڵی خۆیان ڕایبگرن، نەخێر، بەڵکو، لەگەڵ ئەوەشدا دەیانویست بەسەر جیهانی بڕوای کەسێتی و ئیرادەیان زاڵ ببن، بیانشکێنن و لە جەوهەریان دابماڵن. هەرچەندە لە سەرەتاکاندا لایەنی قەبا لە پێشەوە بەدی دەکرا، بەڵام تا دەچوو دووژمن سات بە سات هەوڵی دەدا تۆ لە خۆت دووربخاتەوە، لێرەشدا مرۆڤ دەرکی بە بەکارهێنرانی گەلێک ڕێباز و شێواز دەکرد. ژیاندن، بەڵام چۆن؟ بە هاڕین لەناو سیستەمی خۆیدا و بە بیانی کردن! کەواتە ناچاریت لە بەرەی خۆتەوە پرسیاری "چۆن بژی؟" بکەیت. گیرۆدەی دەستی دووژمنیت و بەشێوەیەکی گشتیش دەزانیت ئەم

گیرۆدەییە واتای چییە. دۆخێکی تەواو ناڵەبارە. لەم دۆخەدا تاک چۆن خۆی پڕچەک دەکات؟ لەو دۆخەدا چۆن رۆحی شۆڕشگێڕی زیندە و چالاک رادەگریت؟ لەلایەک دووژمن و لەلاکەی تریش خەسڵەتەکانی دووژمنی ناوخۆ. شەڕکردن لەگەڵ خود، هەموو ئەمانە چۆن لەگەڵ یەک و لەناو یەکدا بەدیدێنیت؟ ئەم راستییەی خۆی دەسەپاند، راستییەکی فێرکار بوو، بەڵام تاک تا چەند بە راست و لە جێی خۆیدا فێردەبوو؟ یاخود لە واتای راستەقینەدا فێربوون چی بوو؟

وادیاربوو (رەزا) هەڤالانی بەخۆیەوە سەرقاڵ دەکرد. مانەوەی لەناو هەڤالاندا مایەی بێزاری بوو. تا هەڵسەنگاندنی قۆناخی گفتوگۆ و لێپرسینەوەی ناوخۆ درێژە بکێشێت، ئەگەری هەبوو هەندێک ناڕەحەتی بە کاردانەوەی جیاجیا بگات. هەرچەندە هەموو شتێکیشیان لەلامان نەدەدرکاند، بەڵام شیمانەی ئاستی ناکۆکی و شەڕی ناوخۆم دەکرد. جاری وا هەبوو بیریان لە دەرکردنیشی دەکردەوە. لەم خاڵەدا هەمانشت دەبیستران و هاوڕاش بووین.

ئەو رۆژە یەکەم کەس ئێمەیان برد بۆ حەوشە. سەرلەبەیانی بوو. دیسان (حاملی) و (ئایتەکین) بە خێرایی رایەڵکەیان دەکرد. بەردەوام پێکەوە بوون. (مستەفا یڵدرم) چۆن کەوتە زیندانەوە کرابوو بە بەرپرسیار. نامە و زانیاری لەدەرەوە بۆ ئەو دەهات. لە زیندانی ئەرزینگانەوە هێندرابوو، (مەتین)، (دۆغان)، (محەمەد) و (مستەفا) لە هەمان قۆناخدا هێندران. پارتی بەگشتی رەخنەی لەسەر گرووپی خارپێت هەبوو. هێشتا قۆناخ و دۆخی یەکە بە یەکەی کەسێتییەکان و رۆڵیان نەدەزانرا. هەربۆیە بە فەرمی ئەرکدارکردن کارێک بوو جێگەی خۆی نەدەگرت. کەسیش چاوەڕێی شتێکی وەهای نەدەکرد و خۆیشی بەهەمانشێوە. هەر

هەمووی بێ ئەملاو ئەولا خۆیان بە تاوانبار دەزانی، ئەوەیان دەستنیشان دەکرد کە تاوانیان کردووە و ئامادەن بۆ هەرجۆرە سزایەک لەلایەن پارتییەوە پێیان بدرێت. بەر لە هەموو شتێک خۆی لە خۆیدا دەستگیرکران و بەندکران تاوان بوو، ترازان و دانپێدانان تاوان بوو. ئەم رەشبگیرییە کۆت و بەندیان لە خەبات دابوو، رێگەی لەبەر پەرش و پەرتەوازەبوونی پێکهاتەی رێکخستنیشمان ئاوەڵا کردبوو. دەرکمان بە جددییەتی دۆخەکە دەکرد. (مستەفا) لە سەرەتاکاندا دوورەپەرێز، کەمێک بێدەنگ و دەستپێشخەریش نەبوو، بەڵام کێشەکانی دەبینی. بە چاودێرییەکانی خۆی و لە ئەنجامی گفتوگۆکاندا بە ئاستێکی گرنگی خوێندنەوە و لێکدانەوە دەگەیشت. کەچی هێشتا بە تەواوی زاڵ نەبوو. هەڤاڵان تا چەند خۆیان بەشێوەیەکی راست ئاوێتەی ژیان بکردایە، تا چەند ئەنجامیان لە رووداوەکان وەربگرتایە، ئاستی گەیشتنیشیان بە بیر و بڕیاری هاوبەش بەرزتر دەبوو.

من و (ئەلیف) بۆ پشووی هەواگۆڕین دەبراینە ئەو جێگەیەی هەیوان "بەڵەکۆن"ی هەبوو. نەماندەتوانی لەبەردەم دەرگەی قاوشەکەی خۆمان رابووەستین. فاشیستەکان دەرگەکەی تەنیشتیان بەکاردەهێنا. ئیدارەش پێیان باش نەبوو ئێمە لەوێ هاتوچۆ بکەین، بۆیە دەیانبردین بۆ ئەو شوێنە. هەڤاڵانی پیاو لەشوێنێکی کراوە و تەلبەندکراودا ئەو پشووەیان دەگوزەراند. زەمینە تەختەکەی نزیک کابینەکان پێچەوانەی شوێنەکەی ئێمە بوو، بۆیە ئەوێمان رەتکردەوە، چونکە لەلایەک هەموو سەربازەکان لەوێبوون، لەلایەکیش لەوێ پەیوەندیت لەگەڵ

هەڤاڵان نەدەما. لە بانێژەکەوە دەرفەتی بینینی هەڤاڵان و قسەکردنمان دەست دەکەوت. هەرچەندە بەردەوام موداخەلەی قسەکانیشمان بکرایە، گوێمان پێ نەدەدا و قسەی خۆمان دەکرد. ڕۆژانە سەرلەبەیانی و ئێوارە، واتا دووجار پشوویان پێ دەداین. فاشیستەکانیشیان دەبردە هەمان شوێن، بۆیە ماوەی پشووەکە کورت بوو. لەم بوارەدا بەناوی هەمووان بەداوانامە و بە زارەکیش نارەزایی خۆمان بە ئیدارە رادەگەیاند، ئەوانیش هەر جارە و بیانوویێکیان دەهێنایەوە.

(ئایتەکین) کڵاوێکی لەسەر بوو لە کڵاوەکەی "ماو" دەچوو، بەردەوام خەریکی راستکردنەوەی بوو. تەنگەزاربوو، لە تەماشاکردندا هەوڵی شاردنەوەی دەدا، بەڵام دیاربوو شتێک بێزاری دەکرد. (حاملی)یش هەروەها، کاکیلە جیڕکردنەوەکەی لە دوورەوە دیاربوو. لەناکاو شوێنەکە وروژا، (رەزا) کەوتە بەر مشتەکۆڵەیەکی زۆرەوە. ئەوانی تر بەتایبەتیش ئەوانەی لە گرووپە سیاسییەکانی تربوون، هەوڵیاندا ناوبژێوانی بکەن. (رەزا) هیچی پێنەدەکرا جگە لە سڕینەوەی خوێنی لووتی. ڕەنگ و ڕووی زەرد هەڵگەڕابوو. سەربازەکان ئەمەیان زۆر پێ سەیربوو. سەربازە نۆبەتدارەکان لە بەشی دەرەوەدا نۆبەتیان دەگرت. چەکەکانیان بەباوەشەوە و لە ئامادەباشیدا بوون. بەهۆی تەلبەندبوونی چواردەوری حەوشەی پشووەوە، بەگشتی ژمارەیەکی زۆر سەربازیان دانابوو. ڕووداوەکە لە ماوەی چەند خولەکێکدا ڕوویدا و کۆتایی هات، پاشان شوێنەکە هێوربووەوە.

(ئایتەکین) و ئەوان دەستیان کردەوە بە رایەڵکەکردن. بە مەراقەوە تەماشام دەکردن، سەرێکم بۆ لەقاندن، ئەوانیش بە بزەیەک وەڵامیان دامەوە. پێویست بە هەڵوێستێک هەبوو. بەر لە هەموو شتێک هەرگیز لایەنگری لێدان و فەلاقە نەبووم و بە راستیشم نەدەزانی. تەنانەت بەلای منەوە زۆر بێ واتا و قەبایە و هیچ شتێکیش چارە ناکات. بەڵام وەک هەڵوێستێک بە واتا و ئامانجی خۆی گەیشتبوو. رەفتارەکانی (رەزا) سەرچاوەکەی تەنیا بۆ دانبەخۆدا نەگرتن و لاوازییەکانی خۆی نەدەگەڕایەوە، تووڕەیی و کاردانەوەی لە ناخی خۆی چاندبوو. لەدەرەوەش رەفتاری تووڕەیی و ناڕەحەتی لەبەرامبەر بە رێکخستن هەبوو. بەلای منەوە دۆخی ئەو زۆر جددی نەبوو و دەمگووت: "ببێت بە ئاگر تەنیا خۆی پێ دەسووتێندرێت". بەڵام (شاهین) جیاواز بوو. هەبوونی، ژیانی، راگیرانی لە زیندان شێتی دەکردم. بەتایبەتیش لەکاتێکدا کە بەردەوام بوو لە هەوڵی کارکردنە سەر ئەو تازە بەندکراوانەی ئاگایان لە خیانەتەکەی نەبوو.

هەرچەندە لەم بوارەدا بە نووسراو و زارەکیش هەڤاڵانمان ئاگادار دەکردەوە، بەڵام چۆن دەستمان بە (شاهین) بگەیشتبایە؟ تاوانە ئەگەر بهێڵیت بژی. لەم بابەتەدا رۆژانە خەیاڵی پلانێکم لەسەر دادەنا. لەناخمدا چەقی بەستبوو. خەیاڵی کوشتنەکەشی ئاسوودەی دەکردم، بەڵام هیچی لە ئەنجامەکە نەدەگۆڕی.

## راکردنی (پیر)؛ کڵپەی دا بەخەیاڵی راکردنم

بەئامانجی گەیاندنی داواکاری؛ پێدانی پێداویستی سەرەکی وەک پەڕتووک و رۆژنامە بە شێوەیەکی رێکوپێک و بەردەوام، جیاکردنەوەی رۆژانی چاوپێکەوتن و پاراستنی گیانی کەسوکاری بەندکراوان، بۆ ماوەی دوو رۆژ مانگرتنمان راگەیاند. بێگومان (ئەلیف) بەشێوەیەکی فەرمی بەشداری نەکرد، بەڵام لەو ماوەیەدا شتێکی ئەوتۆی وەرنەگرت و نەیخوارد. سەیرە. وا دەنوێنێت کە دژبە دووژمن لەتەنیشت ئێمە نییە، لەم خاڵەدا تاکۆتا بە وردی هەڵدەسووڕا، لەگەڵ ئەوەشدا لە رووی ویژدانییەوە نیگەرانیەکانی خۆی نەدەشاردەوە. لەلای ئەو دەستەواژەی دووژمن و دەستەواژەی دەوڵەت زۆر جیاواز بوو. بەڵێنی پێدرابوو کە بەردەدرا و ئەویش بڕوای بەم بەڵێنە کردبوو. لەڕاستیدا پێویست بوو بەربدرایە، بەریان نەدەدا چونکە وەک شاهێدحاڵێک بەکاریان دەهێنا. لە هەموو رووێکەوە لایەنی پڕ گوماناوی هەبوو.

مانگرتنەکە خرایە رۆژی چاوپێکەوتنەوە و چاوپێکەوتن لەگەڵ بنەماڵە نەکرا. بە ئامانجی گەیاندنی دەنگمان بەو بنەماڵە و کەسوکارانەی لەبەردەم نۆبەتگەی بەر دەرگەی زیندان کۆببوونەوە، بە کۆمەڵ و ناوەناوە دروشمی وەک" بژی بەرخودانی مانگران"، "کۆتایی بە گوشارەکان بهێنن"...هتد مان دەگووتەوە. دەنگم لەناو دەنگەکانی تردا دیار بوو و.باریک دەهاتە دەر، لە هەموو لایەکیشەوە دەبیسترا. لە زیندان ئەمە یەکەمین چالاکی بەکۆمەڵمان بوو. هاوکات چ لەناوەوە و چ لە دەرەوە لەناو بنەماڵە و کەسوکارەکاندا یەکدەنگییەکی دروست کرد بوو. هەڵبەتە

ئیدارەی زیندان توورە بوو، ئەرکدارەکان ناوەناوە دەهاتن و دەیانگووت: "بەدەستی خۆتان خۆتان ئازار دەدەن و هیچ واتایەکیشی نییە. ئەگەر داوانامەکەتان پێشکەش کردبێت ئەوا کێشەکانتان چارەسەر دەکرێت. یان ئەوەتا رێکخستنە ئەم چالاکییەتان پێدەکات؟ فەرمانیان پێکردن کە لەناو زیندان چالاکی بکەن؟!"

هەبوو کاردانەوەکانی خۆی بەوجۆرە نیشان دەدا، هەشبوو دەهات و وەک دڵ سووتانێک دەیگووت: "زیانە، گوناحە". ژمارەی ئەوانەی کە (ئەلیف)یان بە ئاقڵ دادەنا کەمتر بوو. رەفتارەکەی زیاتر بە "رۆژوو شکێن" ناوزەد دەکرا. بەتایبەتیش سەربازەکان ئەم جیاوازییەیان بە شتێکی چاک و بەجێ دانەنابوو. کەواتە تەنانەت دووژمنیش رێزی لەو جۆرە کەسانە نەدەگرت. لەم ماوەیەدا (ئەلیف) بەتەواوی کز ببوو.

لەماوەی مانگرتنەکەدا رۆژانە تەنیا ئاو و رۆژی جارێک یان دووجار شەکراومان خواردەوە. بڕی شەکراوەکەش دەستنیشان کرابوو. پێشتر لە ئیزمیر بینیبووم، لە مانگرتنێکدا هەندێک چاییشیان دەخواردەوە. لەم بوارەدا ئێمە زیاتر بە وردی هەڵسوکەوتمان دەکرد. مانگرتن یاسا و رێسای تایبەت بەخۆی هەبوو، ئەمانە رەهابوون و بە وردی جێبەجێ دەکران. پەیوەندی بە ئێمەوە نییە کە خەڵکانی تر چۆن مامەڵەی لەگەڵ دەکەن. هەڤاڵانی نوێنەری دەستنیشانکراوی بەندکراوان؛ لەگەڵ ئیدارە چاوپێکەوتنیان دەکرد. پێشتر بڕیار لەسەر داواکارییەکان درابوو کە کامەیان نەگۆڕە و کامەیان دەکرێت تا رادەیەک نەرمبوونی تیادا بەهەند وەربگیرێت. گرووپەکەمان کە بەهاوبەشی هەڵدەسوڕاین، نوێنەری تایبەت بەخۆی هەبوو، خۆمان زۆرینە بووین. ئیدارە زیاتر نوێنەری ئێمەی بەهەند وەردەگرت. ئاسایی

بوو، چونکە تەنیا پەیوەندی بە ڕێژەوە نەبوو، (PKK)یی بوونمان بەس بوو. بڕیارداری لە چالاکی دا، ڕەواڵەتی گشتی، کاریگەری، ئەمانە کۆمەڵێک ڕەهەندی گرنگ بوون. هێشتا بە (UKO)چییەکان ناوەزەدیان دەکردین. لە یەکەم دەستگیرکردنیشماندا ڕای گشتی هەر بەم ناوە ئێمەی ناسیبوو.

پارێزەرەکانمان لە ماوەی دیاریکراودا دەهاتنە لامان. سەرەتا (حسێن یڵدرم) و پاشانیش (مەحمود بیلگیلی) کە لەلایەن هەڤاڵانەوە دەستنیشان کرابوو. چەند پارێزەرێکیش هەبوون کە ئەندامی کۆمەڵەی پارێزەرانی خارپێت بوون، ئەو هەڤاڵانەی خەڵکی خارپێت بوون یاخود ئەوانەی ماوەیەکی درێژە لە خارپێت نیشتەجێ ببوون بەجیا پارێزەریان گرتبوو. دەمانگووت: "چەندە پارێزەرێکی زۆر ئاوێتەی دۆزەکە ببن ئەوەندە باشە. هەر هیچ نەبێت ڕووداو و گۆڕانکارییەکان دەگەیەنن و کاریگەریمان لەسەر ڕای گشتی دەبێت". (حسێن یڵدرم) دۆزی بەشێکی زۆری بەندکراوانی وەرگرتبوو. باسی لەوە دەکرد کە دەچێتە زیندانەکانی تریش. هیچ هەواڵێکی تازەشی بۆ نەدەهێناین. خۆشەویست نەبوو. بەتایبەت ئەوانەی لە هەرێمی دێرسیم دەیانناسی، بەکەسێکی سەرنجڕاکێشیان دادەنا. بەلایانەوە باش بوو دۆزەکەی ئێمەش وەربگرێت.

(مەحمود بیلگیلی) لە ئەنکەرەوە هاتبوو، ئەندامی کۆمەڵەکەی ئەوێ بوو. لەگەڵ خوشکی (حەسەن شەریک) هاوسەرگیری کردبوو. پێشتر لە شۆراک[41] دیدەنی ئەو خوشکەی (حەسەن شەریک)مان کردبوو. ئەگەری پێشکەوتن و قووڵبوونەوەیان هەبوو، بەڵام دواتر بیستمان کە هاوسەرگیریان کردووە. لەجۆرە

---

[41] شۆراک: گوندێکی سەر بە شارۆچکەی گێرجانیس (ڕەفاهیە - بەتورکی)ی شاری ئەرزینگانی باکووری کوردستانە کە دەوڵەتی تورک بە تورزلوچایر ناوزەدی کردووە.

پەیوەندییەکی بەو شێوەیەدا نەیدەتوانی خۆی پێشبخات. سەرباری ئەوەش هەر دەمانگووت: "دەی بەهەر حاڵ خۆ مەحمودیش هەڤاڵە". چاوپێکەوتنەکانمان لەگەڵ (مەحمود)ی پارێزەر لە ژووری ئیدارە بەڕێوە دەچوو. شوێنێکی تر نەبوو، خۆرسکانە دووژمن گوێی لە دەنگمان دەبوو و گوێیان لێ رادەگرتین. (مەحمود) لەهەر هاتنێکیدا چەند شتێکی دەرەوەی بۆ باس دەکردین. لەو لاشەوە ئەو هەواڵ و ئاگادارییانەی (حسێن یلدرم) دەیهێنان سەیر و سەمەرە بوون. بەگوێرەی تێگەیشتنی خۆی هەواڵی دەهێنا، مایەی بڕواکردن نەبوو. باس و خواسەکانی بەردەوام بەلای ئێمەوە ساختە، جێگەی متمانە بوون. هەر کاتێک ئەم باسەم بخستایەتەڕوو هەڤالان بە زێدەڕۆییان دەزانی و پێیاندەگووتم کە بەهەڵەدا چووم و بە پێشداوەرییەوە دەجوڵێمەوە. ئاگاداری هیچ شتێکی پشت پەردەی ئەم هەڵوێستە نەبووم! لەم واتایەدا دەشبێت مافدار بن، بەڵام چاودێری و قسەکانی، ناوەرۆکی بەهەند وەرگرتن و کەش و هەوای زێدەڕۆییانەی رەفتارەکانی لە دێرسیم، ساردبوونێکی لەناخمدا دروست کردبوو. لەبەر چاوم کەسێک بوو بەردەوام درۆی دەکرد و ئەوانەی خۆشمان ئەوەندە دڵسافبوون کە ئەو بیروبۆچوونانەی منیان وەکو خۆی بە (حسێن) گووتبوو. (حسێن) پرسیاری لێکردوون کە هۆکاری ساردبوونم و تووڕەییم لەبەرامبەر بەخۆی چییە، گوایا بەشێوەیەکی راست و دڵسۆزانە وەڵامی (حسێن)یان داوەتەوە و ئەمەیان پێگووتووە. وابزانم دەیانویست ئەم کێشەیە چارەسەر بکەن. کاتێک بیستم زۆر تووڕەبووم. باشە؛ دەکرێت ئاوەها راستەوخۆ بەو کابرایە بڵێن: "ساکینە متمانەی پێت نییە و دەڵێت درۆمان لەگەڵ دەکات"؟ ئەویش لەلای خۆیەوە گوایا دڵگران بووە و پێی ناخۆش بووە! هەرکاتێک بیویستایە ئەم تەوەرە بخاتە

بەر باس یان گوزەرم دەکرد بەسەریدا، یان ئەوەتا بەشێوەیەکی سنووردار قسەم دەکرد.

لە یەکێک لە گفتوگۆکانماندا پێمگووت: "هەندێک باس و هەڵسوکەت ڕواڵەتێکی جیاواز دروست دەکات. دەشێت بەلای خۆتانەوە وابزانن کە کارێکی باش دەکەن، بەندکراویمان بەکاریگەرە و ئێوەش ناتانەوێت هەموو شتێک وەکو خۆی بدرکێنن. بەڵام ئەمە کارێکی ڕاست نییە، ئێمە منداڵ نین، دەمانەوێت بە لایەنە ڕاستەکانییەوە ئاگاداری دۆخەکە بین. کاتێ ئێوە وەکو خۆتان دەیگێڕنەوە، کارمان تێدەکات، ئەمەبوو مەبەستی من" و هەوڵی کۆتاییهێنانم بەو باسە دا. من دڵسافانە کاردانەوە و تووڕەییەکانی خۆمم لای هەموو کەسێک باس کرد، کەچی ئەوانەی خۆمان لەمن دڵسافتر بوون، چووبوون بە کابرایان گووتبوو. ئەم ڕەفتارەیان چی بە چییە؟ لە ڕۆژانی دواتردا (حسێن یڵدرم) پێوەی دیارنەبوو کە هیچ دڵگران بووبێت یاخود کردبێتی بە دەردێک بۆ خۆی. لەو لاشەوە بنەماڵە و کەسوکار گوشارێکی زۆریان دەهێنا. بە ڕادەیەک (حسێن یڵدرم) ببوو بە پارچەیەک لە زیندان. لە پارێزەرەکانی تر چالاکتر بوو. بە درۆ و دەلەسە هیوا و ئومێدی بە کەسوکارەکان دەدا.

هەندێک پەڕتووک دەهێنرانە ژوورەوە، بەڵام هێشتا هەموو پەڕتووکێکیان پێ نەدەداین. دیارە لەدەرەوەش یان بە ئاشکرا نەدەفرۆشرا، یان کەسوکار لەترسان نەیاندەکڕی. لیستی پەڕتووکە قەدەخەکراوەکان لەلایەک و کلاسیکەکانی مارکسیستیشیان بە جنۆکە وەسف دەکرد. تەنیا هەندێک ڕۆژنامە و گۆڤارمان پێدەدرا. لە بابەتی بەدواداچوونی ڕاگەیاندندا هەستیاربووین، لەو ماوەیەدا ڕاگەیاندنەکان زیاتر و بەوردی کاریان لەسەر تەڤگەری ئێمە دەکرد. ڕۆژنامەی (ئایدینلیک)

بەتەواوی ببوو بە زار و زمانحاڵی دەوڵەت. لە چوارچێوەی زنجیرە گووتارێکدا پەڕاوی (UKO)چییەکان ئامادەکرابوو. ئەو رۆژنامە بە تەواوی (سیخوڕینامە)یەک بوو. وێنە، ناو، ناونیشانی زۆر کەس بڵاو دەکرایەوە و تەنانەت تایبەتمەندیی کەسێتییەکانیشی دەناساند. بەلای خۆیەوە بە (شۆڕشگێڕی پرۆلیتاری) ناوزڕاو و لەکەدارییان دەکردین و لەگەڵ ئەوەشدا دەیاندایین بەدەست دووژمنەوە. دووژمن لەڕێگەی ئەم لقانەی خۆیەوە درێژەی بە پەیڕەوکردنی سیاسەتەکانی خۆی دەدا. بەرەیەکی دژبەر و ئاشکرای دروستکردبوو. لەڕاستیدا چاکیش بوو. چونکە بە دەمامکی ساختەی شۆڕشگێڕی خەڵکیان دەخەڵەتاند، بەم شێوەیە رووی راستەقینەیان هەڵدەماڵرا.

لەناو زیندانیشدا چەتە فاشیستەکان خۆیان ئامادە دەکرد. ئیتر پیلان و ئامانجی پێکەوە راگرتنمان ئاشکرا ببوو. رۆژێکی خۆش بوو، سەرلەبەیانییەکەی یەکەم کەس هەڤالانیان بۆ پشوو بردە حەوشەکەوە. ئەم ساتەوەختانەی سەرلەبەیانی هەمیشە دڵڕفێن بوو. پرشنگی خۆرەتاو کە لە قەدپاڵەکانی چیای خارپێتی دەدا، جوانییەکی تری بەو فێنکاییە دەبەخشی. باڵەخانەکە لە شوێنێکی رووتەلاندا بوو. بەڵام هەر لە کانیاوەکەوە بە درێژایی تا دەگاتە نۆبەتگەی دەروازەی زیندان دارچنار، سپیدار، بی و جۆرەها دارمیوەی لێبوو. ئاوی کانیاوەکە بەتام و چێژ بوو. کاتێک دەچووم بۆ ئاو، یاخود بەڕێکردنی پێداویستی سەراو، بۆ ماوەیەکی درێژ لێی رادەمام. دەمویست وەکو منداڵێک یاری بە ئاو بکەم. بەیانی، نیوەڕۆ و ئێوارە بەشێوەیەکی رێکوپێک و بەردەوام دەست و دەموچاوم و ددانەکانم دەشووتن.

سەربازەکان سەرسام بوون بەم بەرنامەیەم کە بەبێ بێزاری و تەنانەت بە زەوقێکی گەورەوە دووبارە و سێبارەم دەکردەوە.

زینده و چالاک بووم، لەکاتێکدا بەلای ئەوانەوە زیندان جێگەی قووڵکردنەوەی خەم و ژان بوو، مایەی دانبەخۆداگرتن نەبوو. ژیان لەنێوان چوار دیواردا مایەی تێگەیشتن نەبوو، بەڵام من گوێم پێنەدەدا، بەتایبەت (لەکاتێکدا ژن بووم و تاوانەکانیشم قورس بوون!) سەربازەکان زۆر بە مەراق بوون، هەر یەکێکیان کە تازە دەهاتن پرسیاریان دەکرد و ئاشنا دەبوون. بێگومان سەردەستەکانیان بۆ ئەوەی لەڕووی پاراستنەوە بەئاگا بن و ژیانی ئێمە کاریان تێنەکات، وەکو گیانەوەر و هۆڤ ئێمەیان پێ دەناساندن و بەردەوام پێیاندەگووتن: "تیرۆریستە، کەسی کوشتووە. هەوڵی پارچەکردنی وڵاتی داوە. کوردایەتی دەکات، دەوڵەتی کوردی دادەمەزرێنن، بەڵام وریابن. قسەکردن لەگەڵیدا قەدەخەیە، لەسەرتانە تەنیا فەرمانەکانی ئێمە جێبەجێ بکەن. جگە لەوە هیچ قسەیەکیان بەگوێ ناکەن، هیچ کارێکیان بۆ ناکەن". سەربازەکان بەمجۆرە فریو دەدران. سەرەڕای ئەوەش کەسانی نیازپاکیشیان تیابوو و دەیانویست بە ئێمە ئاشنا بن، تەنانەت جاروبار چاویان لە هەندێک شت دەپۆشی و بەمجۆرە "چاکە"یان لەگەڵ دەکردین. هەبوو؛ دەهات و پرسیاری پێویستی و هاوکاری دەکرد. کاتێک هەڤاڵان لە پشوو و هەواگۆڕین بوونایە ڕێگریان لە قسەکردنمان نەدەکرد، یاخود سڵاوی هەڤاڵانیان بۆ دەهێناین. تەنانەت هەندێکیش هەبوون لە زیندانەکەی ترەوە سڵاوی هەڤاڵانیان بۆ دەهێناین. نامە ئاساییەکانیان بۆ دەهێناین و نامەی ئێمەشیان بەهەڤاڵان دەگەیاند. مۆڵەتیان دەدا (10 - 15) خولەک زیاتر لەسەر کانی بمێنمەوە. شتگەلێکی زۆری وەک ئەمانەیان دەکرد. هەبوونی فاشیستان لەڕیزی سەربازەکاندا، بێ سێ و دوو کاردانەوەی دروست دەکرد و جەمسەربەندی دەچاند. ئەوانەی کورد و کوردستانی بوون، یاخود ئەوانەی خەڵکی میترۆپۆڵەکان

بوون و تایبەتمەندی دیموکرات و رۆشنبیرییەکی سنووردارییان هەبوو؛ گەلێری بوون، هەڵوێستیان لەبەرامبەر ئێمە بەپێودانگ بوو. ئەوانەشی کە فاشیزم کاری لە خوێنیان کردبوو تەنانەت دۆخی ئاساییان پێچەوانە دەکردەوە و دەیانویست کێشە بنێنەوە.

(موراد)ی بالآبەرزی خەڵکی شاری مانیسا، تا بڵێی بە گەرمی مامەڵەی دەکرد. بەهەر هۆکارێک بێت (موراد) ناوەکان کەسی چاکیان لێدەردەچوو! (موراد)ی خەڵکی چەرمیک تەنانەت هاتبوو بۆ سەردان و چاوپێکەوتنیش. وابۆی دەچووم ئەگەر ئەوانەی ئێمە پەیوەندی لەگەڵ ببەستن دەبێتە شۆڕشگێڕ. بێگومان بە هەواڵیم نەزانی بوو. لەگەڵ (موراد)ی خەڵکی مانیسا باسی ئیزمیر و مانیسامان دەکرد. پێشتر لەوێ مابوومەوە و شارەزابووم، ئەمەش هۆکارێک بوو بۆ دیالۆگی نێوانمان. چاودێری سەربازەکانم دەکرد و هەڵمدەسەنگاندن. پێگەی زیندان لایەنی تابڵێی بەکەڵکی هەبوو. ئەو ژوورەی ئێمەی تیادا ڕاگیرابووین، دەرگەی تەختە و شیشبەندی هەبوو. زۆربەی کات دەرگە تەختەکەیان قوفڵ نەدەدا، خۆمان لە ناوەوە دامان دەخست. ڕاگرەی دەرگە ئاسنەکەش دەردەکەوت، بەرزییەکەی لە چوارچێوە دانراوەکەی کەمتر بوو. بۆشاییەکەی نێوانیان بە ئەندازەی کەفی دەستێک بوو. کێلوونەکەشی ساغ نەبوو، بە شیشبەندەکەوە گیردەکرا، سەرەتا بە دیوارەکەوە و پاشان بەو بازنەیەوە دەبەسترا کە لەگەڵ ئاسنی چوارچێوەی دەرگەکە لەناو چیمەنتۆی دیواری ژوورەکەدا جێگیرکرابوو، ئەوجار قفڵیان دەدا. بەهۆی کردنەوە و داخستنی بەردەوامی دەرگەکەوە و هەروەها لەماوەی مانگرتنەکەشدا لەبەر ئەوەی بەردەوام دەمانکێشا بە دەرگەکەدا، تا ڕادەیەک دەوروبەری گیرەی دەرگەکە داخورا بوو، ڕیزەکانی سەرەوەی درزی بردبوو و چەند شوێنێکی لێ

هەڵوەری بوو. کاتێک (ئەلیف) دەچوو بۆ سەراو، ئەو هەڵەم دەقۆستەوە و بە کەوچک بەشی خوارەووی چیمەنتۆکەم هەڵدەکڕاند. زۆر چاکە! جۆش و خرۆشێکی زۆر گەورە ناخی دەبزواندم. هەروەها رەنگی دۆشەکەکان سەوز بوو کە ئەمەش سەرنجی رادەکێشام. رەنگەکەی سەربازی بوو، دەشێ بەکەڵکم بێت. بە ئاسانی پانتۆڵی لێ دروست دەبوو. سەرەوە زۆر گرنگ نییە، کە شەو دادەهات سەربازەکان زۆرجار بە فانیلە و ژێرکراسی سپیشەوە دەگەڕان. لە دەروازەی کابینەکانەوە ئەم حاڵەیان بە ئاسانی بەدی دەکرا. پێشتر سەرتاشی سەربازەکان قژی بڕی بووم، زۆر کورتم کردبووەوە. کاتێک پرسیاریشیان دەکرد دەمگووت کە درێژدەبێت هەڵدەوەرێت، بۆیە کورتم کردۆتەوە، کە ئەمە هیچ کەسیشی پەیوەندیدار نەدەکرد. لەولاشەوە زۆر حەزم نەدەکرد هەڤاڵ پێم بزانن، لە کاتێکی گونجاودا بە (ئایتەکین) و (حاملی)م بگووتایە بەس بوو.

(موراد)م ئەوەندە بەجددییەت هێنا بوو کە ئەگەر ترسیشی هەبووایە، هەرچییەکم پێ بگووتایە، دەیکرد. خۆیشی و کەسوکارەکەشی لە توێژی کرێکاران بوون، لە خێزانێکی رەنجدەر بوو. لایەنی سۆزدارییانەی پارسەنگتر بوو و دەیگووت: "ئەو هەموو پیاوە هەیە، دڵم زۆر پێیان ژان ناکات، زیندان شوێنی پیاوە، بەڵام دڵم بەتۆ دێشێت". (ئەلیف)ی بە بەندکراو دانەدەنا. پەیوەندییەکانی (ئەلیف) لەگەڵ ئیدارە و ئەو شتانەی سەبارەت بەو باس کرابوون، وای لێکردبوو کە دوورەپەرێز بن لێی، تووڕەییشیان لەبەرامبەر هەبوو. دوو سێ جار لەوماڵەدا کە دەستبەسەر کرابووین، پۆلیس هات و لەگەڵی دانیشتبوو. لە ئیدارە وەکو میوانێک نیشانیان دەدا، بەڵام ئێمە پێمانزانی بوو. لە خۆیشیمان پرسی و دانی پێدا نابوو. لە خێزانێکی ئاسایی کورد

بوو، خەڵکی گوندێکی قەزای سەرێ گۆلان[42]ی سەر بە شاری سەمسور بوو. دایکی تورکی نەدەزانی، جلوبەرگ و پۆشاکی و هەموو شتێکی کوردەواری بوو. (ئەلیف) لەو کوردانە بوو کە لە توێکڵی خۆیان ناڕازی بوون. سەربازەکانیش هەستیان بەم ناکۆکیانەی (ئەلیف) دەکرد. ئەوانیش قسەیان لەسەر دەکرد. لەو زیندانەدا تەنیا دوو ژن هەبوو، بۆیە چاودێری هەموو شتێکیان دەکردین. هەربۆیە هەوڵمدەدا وریابم لە هەر شتێک کە سەرنج رابکێشێت. چونکە پێکهاتەی گشتی زیندان و پێگەی جوگرافیاکەی بۆ راکردن لەبار بوو.

دەورووبەری کانیاوەکە تا کۆتا شوێنێکی گونجاو بوو بۆ راکردن. نۆبەتگەکانی دەورووبەری زیندانەکە تەنیا لە چەند شوێنێک هەبوون. کانی و دەورووبەرەکەی زیاتر بۆ سەربازەکان تەرخان کرابوو. لەبەر نەبوونی دەساو و گەرماو لەو ژوورەی ئێمەی تێدا بووین، بۆ بەڕێکردنی پێداویستییەکانمان ناچار دەچووینە ئەوێ. دەورووبەری زیندانەکە بەچەند هێڵێک لە تەلی دڕکاوی گەمارۆ درابوو. هێڵێکیان چەند مەترێک لەولای کانییەکەوە دەستی پێدەکرد، پاش چەند مەترێک ئەویتر کە لەوەی یەکەم فراوانتر بوو. تەلبەندی ئاسایی بوو. ئەوەی یەکەمیان تۆزێک بە تۆپەڵ و چڕتر دانرابوو. شوێنی هەواگۆڕینەکەی زیندانیش بەهەمانشێوە بوو، تازە دایاننابوو. بە دوو خەت دانرابوو و لەنێوانیشیان بە گرمۆڵە کرابوو، وەک دیوارێک وابوو.

کاتێک دەچووین بۆ ئاو سەربازی چەکدار دەیانبردین. بەگشتی دووان دەهاتن. شەوانە جاری وابوو تەنیا سەربازێک دەهات، چاو لە خەو و بێ تاقەت بوون. هەربۆیە لە دڵی خۆیاندا تووڕە و پەستبوون لە چوونمان بۆ سەراویش. ئەگەر بتوانم (موراد) رازی

---

[42] دەوڵەتی تورک بە گۆلباشی ناوزەدی کردووە.

بکەم، راکردن بە شەو بەلای کانییەکەدا پلانێکی چاکتر بوو. بە ڕۆژ لە دەوروبەر ورد دەبوومەوە. بە کاتژمێرێک دەگەیشتمە کرک دوتلەر یان ئەسەن تەپە[43]. دەرکەوتن لە شار چەند کاتژمێرێکی نەدەخایاند. ئەگەر بدەی بە قەدپاڵی شاخەکاندا مەحاڵ بوو بتوانن دەستگیرت بکەن. باسکیل[44] هات بە خەیاڵمدا، باشترین شوێن بوو. لەولاشەوە گوندی کەلەک هەبوو، گوندنشینێکی زۆری هاوسای ماڵی مامم بەر لە ساڵانێک کۆچیان کردبوو و هاتبوون لەوێ گیرسابوونەوە، پێشتر سەردانم کردبوون. ئەو گوندەش زۆر شیاو بوو، حەشاریان دەدام. بەردەوام وابیرم دەکردەوە کە لەو کێو و دەورەبەرەش دەمتوانی خۆم حەشار بدەم. خەیاڵی وەها خۆش و ناوازەن وەک بەدی هاتبێت، جۆش و خرۆشیان پێدەدام. بەڵام نەدەبوو پەلەپڕوزێ بکەم. پەلەپڕوزێیەکەم زۆرجار زیانی لە قازانجەکەی زۆرتر بووە. ئەمجۆرە بابەتانە سەرنج، ئۆقرە و ئارامی دەویست. پێویستبوو بە وردی هەڵسەنگاندن بۆ هەل و دەرفەتەکان بکرێت، بەڵام دەشبوو تەگەرە بێتە ڕێ. دووژمن بێ ئەقڵ نەبوو، ئەوانیش متمانەیان بە ئێمە نەبوو. ڕۆژ بە ڕۆژ ڕێوشوێنی پێویستی زیاتریان دەگرتەبەر. لەم خاڵەدا دەبووایە پەلە بکەم. پێویست بوو بە وردی کات دەستنیشان بکەم. ناوبەناو هەندێک هەبوون دەیانگووت زیندان بۆ ژنان باش نییە. دیار نەبوو کە یان ئیدارە نایەوێت بەرپرسیارێتی ئێمە لە ئەستۆ بگرێت، یان ئەوان دڵیان بە ئێمە دەسووتا. دەترسام، ئەگەر لەناکاو بیانگووتایە "دەی بۆ زیندانێکی تر" چی ڕوویدەدا. هەڤاڵانیش هاوڕا نەبوون کە بۆ شوێنێکی تر بگوازرێینەوە. ئاگادارم

---

[43] دوو گەڕەکن لە شاری خارپێت .

[44] شارۆچکەیەکی سەربە شاری خارپێتە.

دەکردنەوە و دەمگووت: "زۆر مەیخەنە رۆژەڤەوە، ئەگەر زۆر لەسەری برۆن، دووژمن بە پێچەوانەوە هەڵدەسورێت".

رۆمانی "پەپولە"[45] هەر لە ئێستاوە منی کردبوو بە پەپولەیەک. شەو و رۆژ پلانی راکردنم دادەنا. زۆر پلانم دادەرشت. لەراستیدا ئەگەر دووژمن لە ئاستی گشتیدا حیسابی بۆ راکردنیش بکردایە، سەبارەت بە ئێمە فیکرێکی وەهای نەدەکرد. هزری بچووک خستنی ژن لە مێشکیاندا رەگ و ریشەی داکوتابوو، لۆژیکی "ژن راناکات" زاڵبوو بەسەریاندا. گەرچی بەردەوام پرووپاگەندەی مەترسیداربوونم بۆ سەربازەکان دەکرا، بەڵام بەپێی پێویست گوێڕایەڵ نەدەبوون. ئەو رۆژانە بە جموجۆڵ بوو و هەواڵی خۆش خۆشی لە خۆوە دەگرت. هەڤاڵ (کەمال پیر) لە رۆژانی دوای کۆنگرەوە لە زیندان بوو، ئاگاداربووین. بە رێکەوت لە رادیۆوە گوێبیستی هەواڵی راکردنی بووم. (کەمال پیر) لە زیندانی رۆحا رایکردبوو! هەواڵێکی بۆمباسا، لە خۆشیان هاوارم لێبەرزبوەوە. خۆمم پێ رانەدەگیرا. تۆبڵێی هەڤاڵانی تریش بیستبێتیان؟ هاوکات لە سەرەوەش دەنگە دەنگێک بەرز بووەوە. ئەوان لە قاوشەکانی کۆتایی رێڕەوی ناو زیندانەکەدا بوون. لەناو یەکدا بوون، زۆر بە زوویی لە بچووکترین هەواڵ و گۆڕانکاری ئاگادار دەبوون. کاتێک بە دەنگی بەرز قسەیان بکردایە، دەنگیان دەبیسترا. بە درێژایی ماوەی مانگرتنەکە بە دەنگی بەرز لەگەڵ یەک قسەمان دەکرد. دیاربوو دانمان بەخۆماندا نەگرتبوو، وەک رێکەوتنێک هەبووبێت لەنێوانماندا، پێکەوە و لە یەک کاتدا بانگی یەکترمان کرد.

---

[45] لەلایەنHenri Charriere ی فەرەنسی لە ساڵی 1968 دا نووسراوە، نووسەر لەم رۆمانەدا باس لە چەندین هەوڵی خۆی بۆ راکردن لە زیندان دەکات، پاش 13 ساڵ لە هەوڵی بەردەوام بە ئامانج دەگات.

(ئایتەکین) گووتی:"سەکۆ بیستت؟" منیش گووتم: "بیستتان؛ کەمال پیر رایکردووە؟. چاو و دڵمان رۆشن!" درێژەمان پێنەدا، ئیدارەش کەوتە نێوانەوە. ئێمەش گووتمان : "هیچ نییە، ئیتر قسە ناکەین".

بەڵێ؛ (پیر) رایکردبوو، هەواڵێکی زۆر خۆش بوو. (پیر) پێشتریش لە زیندانی ئایباستی[46] رایکردبوو. راستییەکەی وابوو؛ هەڤاڵ (رەزا) و ئەوان هەڵیانکوتابووە سەر زیندانەکە و بردبوویان. هەڤاڵ (کەمال) خەسڵەتێکی هەبوو چنگ گیر نەدەبوو. زۆر بە جموجۆڵ، زۆر زیندەبوو، ئەم تایبەتمەندیانەشی لەهەموو ئانوساتێکی ژیانیدا بەدی دەکرا. بۆیە نەدەکرا بیر لە راگرتنی لە زیندان بکرێتەوە. خۆی کەسێک بوو کە دەیگووت؛ شۆڕشگێڕێک کە لەلایەن دووژمنەوە لە چواردیواردا بەندکراوە، جوانترین شتێک بیری لێبکاتەوە؛ راکرنە، خودی خۆیشی ئەم پەندەی خۆی بەجێ دەهێنا. وەک چۆن بڵێت: "ئەم دیوارە و هەموو دیوارەکانتان بەلای ئێمەوە هیچن". لە زیندانی رۆحاش رایکردبوو. ئەم هەواڵە هێزێکی زۆرتری پێ بەخشیم. بەم نزیکانەش دەیانگووت "ساکینە رایکرد"، چەند خۆش دەبوو! بەتەواوی بەقووڵایی ئەو فیکرەدا رۆچووبووم و نەمدەتوانی لێی دووربکەومەوە. وابۆی دەچووم کە حەتمەن ئەم هەواڵە کاری لە هەڤالانی زیندان کردووە و هەموویان دەستیان کردووە بە بیرکردنەوە لە راکردن.

دادگا نەکرابووەوە و دیاریش نەبوو کەی دانیشتن دەکرێت. (مەحمود)ی پارێزەر گووتبووی: "بیستوومە کە ئامەد بە هەرێمی ناوەندی دەستنیشان دەکەن، پەڕاوی دۆزەکان لەوێ دەکرێن بەیەک. دەنگۆیەکە، بەڵام وادیارە راستە". هاوکات باسی لە

---

[46] ئایباستی شارۆچکەیەکی سەر بە پارێزگای ئۆردووە کە دەکەوێتە باکووری تورکیاوە.

دەستگیرکرانی چەند کەسێکی تریش دەکرد. هێشتا دووژمن بەردەوامە لە پەلامارەکانی. دووژمن لە هەرێمەکانی جورنەڕەش، گرێ سۆر، ئیلیح و چەند شوێنێکی تر ماوەیەکی درێژە لە هەوڵی رەشبگیری دایە. ئاراستەی ئەمجارەی پەلامارەکانیان بۆسەر جەماوەرە. (شاهین) پێی گووتوون کە دامەزرانی پارتی رادەگەیەندرێت، راگەیاندنەکەش بە رێگەی چالاکی ئەنجامدەدەن. حەتمەن باسی لەوەش کردووە کە بەرنامە بۆ چۆن چالاکییەک دانراوە.

## زۆر دەمێکە چاوەڕێی ڕاگەیاندنی (PKK)ین

لەکۆتاییەکانی مانگی تەممووزدا[47] بە چالاکییەک لەدژی بوجاکییەکان[48] دامەزرانی پارتی ڕاگەیەندرابوو. (محەمەد جەلال بوجاک) بەبریندراری ڕزگاری ببوو، هەڤاڵ (ساڵح کەنداڵ) شەهید بوو. هەر لەو ڕۆژگارەدا ژمارەیەک هەڤاڵی تریش شەهید ببوون. (ئەحمەد) و (جومعە تاک) ناسیاوبوون. هەواڵی ئەم شەهیدانە مایەی پەسند نەبوو. هەمووانی دڵگران کردبوو. باسی ناسیاوەکانمان بۆ یەکتر دەکرد و سەرلەنوێ یادمان دەکردنەوە. بەڵام ڕووداوەکان ڕاوەستانیان بۆ نەبوو. بەپێی ئەوەی لە ڕاگەیاندنەکاندا دیار دەبوو، ڕێپێوانی جەماوەری و پێکدادانەکان بەربڵاو بوون. هاوشان لەگەڵ ژانی گەورەی شەهیدەکانمان، چالاکی و پێکدادانەکانیش مۆراڵی پێدەداین. (شاهین)ی سووک و بێ قیمەت دەیگووت: "هەموو شتێک تەواو بە کۆتا گەیشتووە". ئێمەش دەمانگووت: "نەخێر، پارتی لەدەرەوەیە، سەرۆک ئاپۆ لەدەرەوەیە، کەمال پیر)یش لە زیندان رایکردووە. حەتمەن بێ وەڵام نابن. وا لەو دووژمنە دەکەن، خۆشحاڵییەکەیان لێ ببێت بە ژانەسەر". لە پشووەکانماندا و لەکاتی ڕایەڵکەکردنمان، لەدوورەوە لەگەڵ یەک گفتوگۆمان دەکرد و هەستمان بە گەرمی قسەکانیش دەکرد. بزە هاتبووە سەر لێومان، هیوا شەوقی دەدایەوە. کاریگەرییە نەرێنییەکان کاتی بوون، ئەمجۆرە شتانە بەسەر زۆر شۆڕشی تریشدا هاتبوو. دەشیا شکستی کاتی و خیانەتیش

---

[47] - 20ی تەمووزی 1979

[48] عەشیرەتێکن لە ناوچەکانی گرێسۆر و جورنەڕەش، کە بەشێکی زۆرییان وەک لە سەرهەڵدانی شێخ سەعیدی پیرانیشدا هاوکاری و داروودەستەییان بۆ دەوڵەتی تورک کرد، هەر لە سەرەتاشەوە لە دژی (PKK)، درێژەیان بەو داروودەستەییەی خۆیان دا.

رووبدات. با تەنیا و تەنیا بیر و باوەڕی بە شۆڕش، متمانەی بەردەوامیکردنی و هیواکان نەشکێن، هەموو شتێک جوانتر و قەشەنگتر گەشەدەکات!

لەسەروبەندی هاتنە کایەی ئەم گۆڕانکاری و هەنگاوانەدا، گیرۆدەبوون بەدیوارەکانی زیندان مایەی دانبەخۆداگرتن نەبوو. جارێکی تر هات بەناخمدا و گووتم: "خودا قەبووڵی نەکات، بۆچی بێ ڕێوشوێنی پێویست هەڵسوڕاین؟ بەتایبەتیش لە سەردەمێکی وەهادا؟!" دیارە لە خارپێت پێشهاتی گرنگ بەڕێوەبوون. هەڵوەرینی فاشیستەکان سەری هەڵدابوو، بەتایبەتیش بە کۆمەڵ جیابوونەوە و دابڕانیان جێگای باس بوو. لەبەرەی ئێمەوە چالاکی بەکاریگەر ئەنجامدەدران، لەولاشەوە گرووپەکانی تر لە کایەدا نەبوون، چونکە بەڕێوەبەرایەتی باری نائاسایی هەموویانی ترساندبوو. ئەمەش لەگەڵ خۆیدا ڕێگەی بۆ کار و خەباتێکی زۆر جیاواز خۆش دەکرد. بەرەو دۆخێکی ناچاری دەستبردن بۆ ئەنجامدانی چالاکی چەکداریی پاڵی دەداین. بەو دواییانەش قسە لەسەر ئەوە دەکرا کە قورسایی زیاتر دەخرێتە سەر خەباتی شاخ.

تەنانەت بیر لە پەروەردەی چەکداری دەکرایەوە کە پێویستییەکی دەستلێبەرنەدراو بوو. ئەگەر ڕەشبگیرییەکە نەبووایە پەرەسەندنی تر دەهاتنە کایەوە. لەسەرەتاکاندا هەرکەسە و لەناو لەخۆپرسینەوەیەکدا بوو، زۆر بیر لە شتی تر نەدەکرایەوە، بەڵام تادەچوو هەستمان بە هەبوونی بۆشاییەک دەکرد. لە زەمینەی تێکۆشان دوورخراویتەوە و لە مەیدانێکی تری تێکۆشان دایت. چۆن هەردووکیان پێکەوە دەکەیت؟ چۆن دەتوانیت بۆشایی یەکێکیان بەوی تریان پڕبکەیتەوە؟ هەی خودا، خۆمم پێ ناگیرێت، گۆڕانکارییەکان مرۆڤ پەلکێش دەکەن.

(PKK) واتا پارتی کرێکارانی کوردستان. ئیتر لەجیاتی (UKO) و تەڤگەرەکەمان و دەستەواژەکانی تر، راستەوخۆ دەمانگووت (PKK). (ئایتەکین)یش پرسیاری کرد "تۆ ئەم ناوەت دەزانی؟" بە سەر لەقاندنێک ئەرێیەکم بۆ کرد.

پێمزانی بوو کە (شاهین) هەر لە کاتی لێپرسینەوەکاندا ئەم ناوەی درکاندبوو. ناوی پارتی، گفتوگۆکانمانی بەرەو تەوەرەکانی یەکەمین کۆنگرەوە دەبرد. لەلای خۆمەوە خوازیار نەبووم لەسەر ئەم بابەتە زۆر برۆم. هەرچەندە کۆبوونەوەکە و بەشداریکردنیشمان ئاشکرا بووبێت، بەڵام قسەکردن لەسەری، کارێکی راست نەبوو. لە زیندان زیاتر پێویستی بە دیسیپلینی پارتی و نهێنی پارێزی هەبوو. ئەگەرچی دووژمنیش بزانێت، پاراستنی ئەم لایەنە گرنگتربوو.

لەناوەوە ژمارەمان لە زیادبووندا بوو. هەر لەو رۆژانەدا لە دێرسیمەوە ژنێک بەناوی (سەڤیم کۆرکماز) و لە خارپێتیشەوە ژنە ئەندامێکی (DEV-SOL) بەناوی (عەتیە) هێنرانە لامان. لە زینداندا زۆری ژمارە شتێکی باش نییە، بەڵام بینینی رووخساری تر مایەی دڵخۆشی بوو. هەر زیادبوونێک بە واتای هاتنی هەواڵ و باسی نوێ بوو. پێشتر لە چەند رێپێوانێکدا (عەتیە)م بینیبوو. لە یەکێکیاندا بۆ ئەوەی سەرنج رانەکێشێت عەبایەکی رەشی لەخۆی پێچابوو. هاوکات خەباتی ژنی گرووپێک لەلای گرووپەکانی تر جێگەی مەراق و تێڕامان بوو. کێ هاتووە، لەکوێوە، ناوی، پاشناوی چییە؟ ئەمانە بەزووی بڵاو دەبوونەوە. هەروەها لە هەمان هەرێم کارمان دەکرد. زۆر لە ئەندامانی گرووپەکانی تریش سەردانی هەمان ئەو ماڵ و خێزانەیان دەکرد کە ئێمە دەچووینە لایان، جاری واهەبوو لە هەمان گەڕەک، یان لە هەمان کۆڵان و

تەنانەت جاری واش هەبوو لە هەمان دەرگە تووشی یەکتر دەبووین.

(عەتیە)ی چەرکەس[49]، باڵا بەرز و لەش و لاریکی جیاوازی هەبوو. دایکی (حسێن بۆزۆ)ی خۆشمان چەرکەس بوو، ژنێکی نەشمیل و جوان بوو. بەگشتی ژنانی چەرکەس جوانن. باڵا بەرز و رێکن. ئەگەرچی (عەتیە) هەمان ئەو تایبەتمەندیانەشی هەبێت، بەڵام دیارە زۆری ناخۆشی و ناهەمواری چەشتبوو. جگەرەی زۆر دەکێشا. جگەرەکێشان و هۆگربوونی بە جگەرەوە، وای لێکردم رقم لە جگەرە بێتەوە. سەیر بوو، وەک کەسێکی توێژی ژوورین و دەسەڵاتدار لەخۆی دەڕوانی. تەشەنەسەندنی سۆسیال شۆڤێنزم لە کەسێکی بە رەچەڵەک چەرکەس دا، کە مێژووەکەی لێوانرێژە لە کۆمەڵکوژی و خیانەت، جێگەی سەرسوڕمانە. پەڕتووکی 'دواین ئوبیخ[50] جەرگی سووتاندم. لەسەردەمی شەڕی عوسمانی – روسەکاندا ئابغازییەکان[51] دووچاری خیانەتی ناوخۆ هاتبوون، لەلایەک ئەم خیانەتە و کۆمەڵکوژی و جینۆسایدی دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتی تورک لەسەر ئابغاز و چەرکەسەکان و لەلایەکیش تریش (عەتیە) کە تا سەر ئێسقان

---

[49] یەکێکە لەو گەلانەی لە ناوەڕاستی سەدەی 17دا و لەسەردەمی ئیمپراتورییەتی رووس و عوسمانییەکاندا خاکیان داگیرکرا و بە دەیان وڵاتی وەک تورکیا، رووسیا، ئەردەن، ئێراق، سوریا، لیبیا، ئیسرائیل، ئەمریکا و وڵاتانی ئەورووپادا پەرتەوازە کران، بەپێی ئامارەکان حاڵی حازر زیاتر لە (2) ملیۆن چەرکەس لە تورکیا دەژین.

[50] – ئەم پەڕتووکە لە نووسینی بەغرات شینقوبەی شاعیری میللی ئەبخازییەکانە، کە تیایدا باس لە چۆنێتی قڕکردن و لەناوبردنی گەلەکەی دەکات لەسەر دەستی عوسمانییەکان و بەشێکی کەمی رووداوەکانی خستۆتە بەر چاو. بەپێی لێکۆڵینەوەکان (ئوبیخ)ەکان بە تەواوی زمان و کلتووریان لەسەر رووی زەوی سڕدراوەتەوە. ویکیپیدیا.

[51] ئەم گەلەش شانبەشانی چەرکەسەکان ئاوارە و خاکبەدەر کران، بەشێکی زۆری ئەم گەلە ئێستاکە لە تورکیا و جورجیا دەژین.

هەستی بە شۆڤێنیزمی تورکیتی دەکرد. لە یەکەم دیدەنیماندا وەک سەهۆڵێک بوو لەسەر دلم. کێشەکە ئەوە نەبوو کە ئەو لە گرووپی چەپی تورکە، نەخێر.. گەلێک کەسی شۆڕشگێڕ لە گرووپەکانی تر هەبوون کە دۆستایەتی و هەڤاڵیتیمان لەنێوان بوو. (عەتیە) خۆی بە کچە جەنڕاڵێکی تورک دەزانی. لە ئەنکەرەوە هاتبوو، فەرمانبەریتی کردبوو. تایبەتمەندی بیرۆکراتی خۆپەرستانەی فەرمانبەریتیشی وەرگرتبوو. بەردەوام قسە و گفتوگۆشمان دەکرد. پێکەوە قۆناخی کودەتا، کۆمەڵکوژی شاری (گومگوم - مەرەش) رووداو و گۆڕانکارییەکانی خارپێت و بەگشتی هەموو هێرش و پەلامارەکانی دەوڵەتی تورکمان تاووتوێ دەکرد. ئەمە شتێکی چاک بوو، چونکە خۆشم پێویستیم بە گفتوگۆ هەبوو.

(سەڤیم)ە گچکەکەمان، زیتەڵ بوو. لە دێرسیم لەگەڵ کۆمەڵێک گرووپی چەپی تورک، زۆر گفتوگۆ و دانوستانی کردبوو. بەڵام ئاستی قسە و تێگەیشتنی (عەتیە)ی زۆر بە نزم و کەم دادەنا و کە پێیدەگووت: "ئەو شتانەی تۆ دەیانهێنیتەوە، ئێمە زۆر لەمێژە هەڵمانسەنگاندوون. لەسەر هەمان بناخەی ئەو شتانەن کە سۆسیال شۆڤێنیستەکان هێناویانە. DEV-SOL شتێکی جیاواز پێ نییە" (عەتیە) بەم قسەی (سەڤیم) شێت و هار دەبوو. باسی لە جیاوازی نێوان خۆیان و (DEV-YOL) و گرووپەکانی تری دەکرد.

دیاربوو (ئەلیف) تایبەتمەندییەکانی (عەتیە)ی لە خۆی بە نزیک دەزانی بۆیە لە ژیاندا زیاتر پێکەوە بوون. سەرەڕای ئەوەی لە هەندێک رووەوە دۆخی (ئەلیف)یشم بۆ باس کردبوو، کەچی بەردەوام دەیپاراست و دەیویست بەلای خۆیدا رایکێشێت.

(عەتیە) جاروبار سەبارەت بە هەڤاڵانی پیاوی ناو زیندانەکە دەیگووت "حەیفە" و هەوڵی دەدا وانیشان بدات کە خەمیان بۆ

دەخوات. هەڵبەتە ئەمە لە تایبەتمەندییەکانی خۆیبوو، کەبەردەوام باوەشی بۆ خراپە و بێ کەڵکەکان دەکردەوە. پێودانگی ئاکاری سیاسییانەی بەردەوام لە گۆڕاندا بوو. دەیگووت: "لە زیندانین، نابێت کەسێک ئەوەندە گۆشەگیر بکرێت، ئەمە زیاتر بەرەو دووژمن پاڵی پێوە دەنێت" لەڕووی تیۆرییەوە راستە، بەڵام ئەو کەسێک بوو بەکاردەهێندرا. هەڵوێست و رەفتاریشی بۆ راستکردنەوەی (ئەلیف) نەبوو، متمانەیەکی وەهای نەدەدا. لەگەڵ ئەوەشدا خۆشحاڵی دەکردم کە کاری لەسەر (ئەلیف) دەکرد، تەنانەت با ببێت بە ئەندامی (DEV-SOL)، با ئیتر بەرەو چاڵە مەرگەکانی ترەوە نەچێت. دیاربوو ترسابوو و سڵی دەکردەوە. لەماوەی پەیوەندییەکانی لە شاری مەلەتی کەس شتێکی پێ نەدابوو و لە هیچیان تێنەگەیاندبوو. تەنیا (جەلال) پەیوەندی لەگەڵ هەبووە و ئەویش زۆر سووک و نامرۆڤانە بەکاری هێنابوو.

(سەڤیم) بەباڵا و رواڵەت بچووک دیاربوو، بەڵام هەڤاڵێکی زیندە و ئاستی تیۆری پێشکەوتوو بوو. پەیمانگای مامۆستایانی تەواو کردبوو، بەشداری لە تاقیکردنەوەی زانکۆشدا کردبوو. تەمەنی پێوە دیار نەبوو. باوکی ناوی (حەسەن کۆرکماز) بوو و سەرۆکی شارەوانی بوو. ئەویش پێشتر مامۆستا بووە. لە عەشیرەتی (یوسفخان)ن. ئەم عەشیرەتە زۆر خۆشەویست نەبوو. بۆرژوازی بچووکن و لەو دێرسیمیانەن کە کەمالیزم بیانیی کردوون و لە خشتەی بردوون. باوکێک بوو کە هەرگیز نەیدەویست (سەڤیم) ببێت بە شۆڕشگێڕ و بەتایبەتیش (UKO)یی. خۆیشی (DEV-YOL)ییەکی سەمەرەی هەبوو. دەستگیرکرانی (سەڤیم) تابڵێی ترساندبووی. (سەڤیم) سەبارەت بە باوکی دەیگووت: "باشبوو با تۆزێک دەوڵەت بناسێت"، تەنانەت ئەم دابڕانەی لە بنەماڵەکەی خۆشحاڵی دەکرد. بەم هۆکارە

بەشداری کردبوو لە تاقیکردنەوەکانی زانکۆ، ئەگەر سەربکەوێت و لە زیندانیش زۆر راینەگرن، بیری لە بەردەوامکردنی خوێندن دەکردەوە. خوێندنی وەکو ئامرازێک بەکار دەهێنا. دەیگووت: "زۆرجار هەوڵمدا لەماڵ رابکەم، زۆر فشارم بۆ دەهێنن و زۆرم لێدەکەن". هەردوو (سەڤیم)ەکەش لە قشلاخ نیشتەجێ ببوون. حەتمەن لەسەروبەندی رەشبگیرییەکەدا لە خارپێت بەدەستەوەیان دابوون. زۆر کەس بەناوی (تورکان)، (سەڤیم کایا) و ...هتد ەوە دەیناسی. ئەگەر نا بەر لە (سەڤیم کۆرکماز) زۆر کچی بەکاریگەرتر هەبوون و لەناو رێکخستندا کار و خەباتیان دەکرد.

رۆژ و مانگ گوزەریان دەکرد. زیندان وەک راوەستانی کات لێکدەدرایەوە. وەک ئەوەبوو رۆژێک وەک ساڵێک بخایەنێت. شوێنی دەرد و پەژارە و قار بوو. لە کۆمەڵگەدا کە باس دەکرا ئەمجۆرە شتانە وەبیر دەهاتن. نەخێر ئەم داوەرییە راست نەبوو. بێگومان دابڕانی جەستەیی لە دنیای دەرەوە و لە تێکۆشان مایەی ژیان نەبوو، پێمان هەرسیش نەدەبوو. بەڵام نابێت تاکە ساتێکی ژیانت بە دەرد و پەژارە و قار بووایە! جاروبار تەنانەت هەڤالانیش دەیانگووت: "بریا تۆ نەبوویتایە، پێمان ناخۆشە". قسە و خواستەکانی بنەماڵە و خەڵکی تر بە هەر حاڵ، ئەم دڵپڕی و پاڕانەوانەی ئەوانەی خۆمان زۆر کۆمێدی بوو بەلامەوە. دووژمن بە ئەنقەست و بە بەرنامە ئێمەی خستبووە زیندانەوە و بەڕاستیش دەیویست هەموو ئانوساتێکمان لێ بکات بە زیندان. بە رکابەری دووژمن ناچارین زیندە و چالاک بین، جیهانی سۆز، بیر و خەیاڵمان بەرفراوان بکەین، بۆ شۆڕشگێڕێک ئەمە پێویستییەکی سەرەکییە. بەردەوام رووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ دووژمن و بەم ئەندازەیە لە نزیکەوە ناسینی دووژمن، هێزێکی گەورە و بێ

وێنەی بەرخودانی بە مرۆڤ دەبەخشی. هەڵبەتە بە وردی و ڕاستی ناسینی دووژمن، هاوتەریبە لەگەڵ ئایدیال، باوەڕی و ئیرادەی خۆت. ڕووداوەکان تا دواڕادە ئاشکرا و سەرنجڕاکێشن هەرچەندە لەدەستی دووژمنیشدا بیت، بەڵام ڕق و کینەت لەبەرامبەر بە دووژمن بە لوتکە دەگەیشت.

کابوسە ترسناکەکە ڕاست دەرچووبوو. ئیدارە بەشی یەکەمی پیلانەکەی خۆی تەواو کردبوو. بۆ چەند مانگێک دەچوو بەردەوام ئاگادارمان دەکردنەوە لەوەی ئەنجامی پێکەوە بەندکرانمان لەگەڵ فاشیستەکان چین و ڕێگە بۆ چی خۆش دەکەن. هەموویان وەکو سەگی دڕ وابوون. هەمووشیان لە کادیرە چالاکەکانیان بوون. هەمووشیان مرۆڤ کوژبوون. دیارنییە دەستیان لە خوێنی چەند شۆڕشگێڕ و چەند مرۆڤی ئاساییدا هەبوو. بەتایبەتی (ڕایف چیچەک) و کادیرە میلیتانە فاشیستەکانیان، وادیار بوو دەوڵەت ئەوانی دەپاراست. زانکۆی فورات لە ژێر چەپۆکی ئەواندا بوو. زۆربەی زۆری مامۆستا و کارمەندەکانیشی فاشیست بوون. ئەمجارەیان ئەو فاشیستە دڕانەی لە خوێندنگاکاندا پەلاماری شۆڕشگێڕەکانیان دەدا؛ ئێستا لە زیندانیش ئەرکەکانی خۆیان جێبەجێ دەکرد.

ڕۆژی سەردان بوو. دایکی (ئایتەکین) دوای دیدار لەگەڵ کوڕەکەی سەرێکی لە منیش دا. پێیگوتم کە دیارییەکی (ئایتەکین) لای ئەوە و دواتر لە کاتێکی گونجاودا ڕادەستم دەکات. دیارییەکە چییە؟ حەتمەن نامەیەک بوو و لە دەرەوەڕا، لەلایەن پارتییەوە نێردرابوو. بەم هەواڵە زۆر خۆشحاڵ بووم. پێمگووت: "باشە، تێگەیشتم. بریا بەتۆدا بیاننارادیە"، بەڵام دیارە هەلی دەستنەکەوتووە. لەناو کەلوپەلەکاندا دەیانشاردەوە. کێ دەزانێ، پێدەچێت ئەوانەی خۆشمان نەیاندۆزیبێتەوە. وابۆیدەچووم کە

هەواڵ هاتووە و نامەکەشی لەنێودایە. بێ ئۆقرە ببووم. ڕۆژی دواتر چووین بۆ حەوشە. هەڤاڵانیش هاتنە بەر دەرگە. دەرگە تەختەکەمان بە کراوەیی بەجێ دەهێشت. جاوربار لەویاکە چاوەڕێم دەکردن، کە دەهاتن ئەگەر نامەیەک شتێک هەبووایە لێم وەردەگرتن. بەڵام بەگشتی سەربازەکان نۆبەتداری و ئێشککگرییان دەکرد تا هەڤاڵان تێپەڕ دەبوون، چونکە ژوورەکەی پاڵمان شوێنی فاشیستەکان بوو. چەند سەربازێک وەکو دیوارێک ئەمبەر و ئەو بەریان دەتەنی، بۆ ئەوەی هیچ شتێکی نەخوازراو ڕوونەدات. هەمان ڕۆژ زۆرێک لەو فاشیستانە لە هاتوچۆی ئیدارەدا بوون. تەنانەت کاتێک (رایف چیچەک)م بینی، بەدەم ڕێگەوە و لەبەر خۆەوە بەگاڵتەجاڕییەوە ورتە ورتێکی کرد، منیش پێمگووت: "قاتڵ، فاشیست! بکوژی 60 کەس". بە ئەنقەست گێرەشێوێنییان دەکرد. لەڕاستیدا کەیف و خۆشی ئەو ڕۆژەیان بەهۆی جێبەجێکردنی پیلانەکەیانەوە بوو. ماوەیەک دوای ئەوان گرووپێکی تریان برد. لەبەر ئەمە بوو ئێمەیان نەدەبرد بۆ حەوشە. بەرپەرچی ئەم هەڵوێستەیانمان دانەوە. سەرەتا بە سەربازێکم گووت: "بڕۆ بە فەرماندارەکەت بڵێ بمانکەنە دەرەوە"، دوای ئەوەی درەنگ کەوت، ئەوجار بەتوندی دەمانکێشا بە دەرگەکەدا. فەرماندەی ئێشککگری ئەو ڕۆژە هات بە دەنگەوە.

بەزمانێکی توند لێم پرسی" بۆچی ناچین بۆ حەوشەی هەواگۆڕین؟"

ئەویش گووتی: "باشە، تۆزێک کارمان هەبوو. پارێزەری هەندێک لە ڕاستڕەوەکان هاتبوون. کاتێک ئێوە لە بانێژەکەدا بن گوزەرکردنیان بە ئێرەدا کارێکی ڕاست نەدەبوو، بۆیە".

فەرماندار؛ کەسێکی باڵابەرز و شێوەی دڵنەرمێکی هەڵگرتبوو و دەگووترا کە ئەندامی (TKP-پارتی کۆمۆنیستی تورکیا)یە.

جاروبار گفتوگۆی لەگەڵ دەکردین. بەڕێز بوو، بەڵام توند و یاساخوازبوو. سامی لە ڕوودانی کاری نەخوازراو دەکردەوە. دیارە زۆر ئاگای لە ڕووی ناوەوەی ڕووداوەکان و تەڵەکەبازییەکان نەبوو. ئەفسەرێکی یەدەگ بوو. دوو کەسی دواییَنجار چووبوونە سەرەوە هێشتا نەهاتبوونەوە خوارەوە. دوای ئەو فشارانەی خۆمان، بردیانین بۆ بانێژەکە. لەگەڵ هەڤاڵان مەرحەبای یەکترمان کرد. (ئایتەکین) بە کەیف بوو، پێکەوە لەگەڵ (حاملی) بوو و یاری بە کڵاوەکەی دەکرد. (شادی) و (زەکی بوداک)یان لەگەڵ بوو، بە تەواوی لە یادم نییە. پێکەوە قسەیان دەکرد و پێدەکەنین و بۆ ئێمەیان دەڕوانی. بە هێمایەک پێمگووتن: "چییە بۆچی پێدەکەنن؟" ئەوانیش بەهەمان شێوە گووتیان دواتر دەیگێڕینەوە. لە نزیکەوە هەل و دەرفەتی بە درێژی قسەکردنمان نەبوو. ناوبەناو لەگەڵ (حاملی) قسەمان دەکرد، دەمگووت"خاڵۆزامە" و گفتوگۆمان دەکرد. ئەو لەو دیوی تەلبەندە دیوارئاساکە، لە شوێنی هەواگۆڕینەکەوە و منیش لەم بەرەوە. تەنیا لایەنی باشی ئەوەبوو سەربازەکان لە دوورەوە گوێیان لێنەدەبوو ئێمە قسەمان لەسەر چییە و چی نییە. ئەگەر سەربازەکان خۆیان نزیک بکردایەتەوە، بە دەنگێکی نزم قسەکانمان دەکرد. بەڵام زیاتر دەماننووسی، ئەمەیان ڕێگەیەکی باشتر بوو.

(ئایتەکین) و ئەوان بە بەردەوامی لەشوێنی هەواگۆڕینەکە رایەڵکە و گفتوگۆیان دەکرد. ئەوانی تر لەپەنا دیواردا یان بە دانیشتنەوە و یان بە پێیەوە سەریان دەکرد بەسەری یەکتردا و قسەیان دەکرد. پەنجەرەی ژووری فاشیستەکان تابلێی نزمبوو. هەڤاڵان بەلای خۆیانەوە لە هەر پشووێکدا یەک یان دوو هەڤاڵیان بۆ چاودێری ئەو پەنجەرانە ئەرکدار دەکرد. لە کاتێکی وەهادا کە

سەرقاڵی باسکردنی هەندێک شت بووین بۆ یەکتر، لەناکاو دەنگی چەک هات.

(ئایتەکین) دەنگی "وەی دایە"ی لێبەرز بووەوە. هەرکەسە و بەملاو بەولادا دەکەوت! قاڕ و واڕ، شڵەژان... سەربازەکان فیشەکیان داوەتەبەر، هاوار دەکەن "راوەستن ئەگەرنا دەتانکوژین" دیار نییە کێ لە کوێوە فیشەکی دەتەقاند. ئەی ئەوانەی لەخوێنی خۆیاندا دەتلانەوە و ئەوانەشی کە خۆیان داوە بە زەویدا؟!. لەبیرم دێت هاوارم کرد: "پیاوکوژە فاشیستەکان، هەی قاتڵینە، ئیدارەی فاشیست!" لەو نێوەدا بەشێک لە هەڤاڵان لەبەردەم پەنجەرەکاندا خۆیاندا بە زەویدا، بۆ ئەوەی فیشەکیان بەرنەکەوێت، بەشێکیشیان تەلبەندەکانیان بەرز کردەوە هەوڵیاندا رابکەن. ئەمانە جەستەیان هەم بەهۆی تەلبەندەکانەوە زامدار بوو هەم بەو هۆکارەی لە مەیداندا بوون، کرابوونە ئامانج. لەولاوە سەرباز سەنگەری گرتووە، هێندەی نەماوە پەلەپیتکە رابکێشن. لەو ساتەوەختەدا فەرماندارێک بە هەموو هێزی خۆی هاواری کرد" کوڕم راوەستن، تەقە مەکەن، ئەوانە لەبەر فیشەک رادەکەن. لەدەرەوە بازنەیەکی فراوان دروست بکەن. تەقە مەکەن!".

بەڵێ، دیمەنێکی تابلێی سامناک بوو. سەربازەکان شڵەژابوون. دەشبێت سەربازە فاشیستەکانیش بن یان لایەنگری فاشیستەکان، بە ئەنقەست پێشتر ئامادەی دەستڕێژ کرابوون. دەشێت ئەرکداریش کرابن. پیلانەکەیان گونجاو بوو، لەناوەوە فاشیستەکان و لە دەرەوەش سەربازەکان تەنگیان هەڵدەچنی و کۆمەڵکوژییان ئەنجام دەدا. تۆڵەیان دەسەندەوە. لە مانگی ئاداردا، لە دەمەو رۆژانی نەورۆزدا لە دەرەوە هەڤاڵان کۆمەڵێک چالاکییان ئەنجام دابوو و ژمارەیەک فاشیست کوژرابوون. تۆڵەی

کوژراو و پێکراوەکانیان کردبووە بەهانە و لەسەر ئەو بنەمایەش ئامادەکارییان کردبوو.

بەسەر فەرماندەکەدا قیڕاندم: "ئەو سەربازانە راگرن، تەڵەکەبازییەکەتان ئاشکرایە. پیلانتان بۆ دانا وانییە؟ رێگەیان پێمەدەن با تەقە نەکەن". بەدەم گووتنی: "باشە، من رایاندەوەستێنم. ئارام بن"، وە هەوڵیدا بمانباتە خوارەوە. روومانکردە ژوورەوە. هەندێک لە هەڤالان لە ژوورەوە بوون، پێکەوە درووشممان هەڵدا. بەڵام ئەوان لە قاوشەکەدابوون و دەرگەکەیان لەسەر داخرابوو. شێت ببووم، بەردەوام دروشمم دەگووتەوە. پاش ماوەیەک بەرەو قاوشەکە بەرێکەوتین، لەو نێوەدا دووان لە فاشیستەکان بە پلیکانەکاندا دەهاتنە سەرەوە. نەماندەزانی لەکوێوە دێن. دوای ماوەیەک گووتیان گوایا بۆ سەرچاکردن لە دەرەوە بوون. چۆن چاوم بەوان کەوت، پرمدایە کورسیەک و تێمگرتن. هەنگاوێک بۆ دواوە کشانەوە، کورسییەکە بەر ئەژنۆی یەکێکیان کەوت. زۆر بەتوندی هاویشتم. هەر کە یەکیان گووتی: "هاای کۆمۆنیست!" و کاردانەوەی نیشاندا، منیش گووتم: "سەگی فاشیست، ئێوە تەقەتان دەکرد ها؟!" تەماشایەکی دەوروبەرم کرد، بەڵام هیچی ترم دەست نەکەوت تێیان بگرم. لەولاوە سەربازەکان زۆر بەخێرایی فاشیستەکانیان بەرەو کابینەکان برد، ئێمەش بەرەو قاوشەکان چووین. نەماندەزانی، مەگەر تەقەیان لەولاش کردبوو. چەند هەڤاڵێکیش لەگەڵ یەکەم تەقەدا هەوڵیاندا بوو بە ئاراستەی ئێمەدا بێن. ئەمە لەکاتێکدا بوو فیشەکەکان بە ئاراستەی ئێمەدا دەهاتن. چۆن هەستمان پێکرد هەڤاڵانمان ئاگادار کردەوە.

دەنگەکان تێکەڵی یەک دەبوون. توخنی ناو زیندان نەبوو. فەرماندەی گشتی بەشەکە و ئەرکدارەکانی تریش لەو نێوە دیار

نەبوون. بە ئەنقەست نەهاتبوون. فەرماندە و چاوەشی نۆبەتدار بێ کاریگەر بوون، شلەژابوون، زۆر هێواش بوون. پاشماوەیەکی زۆر ئەوجار بۆمبی فرمێسکرێژیان هەڵدایە ژوورەوە. بانگەوازییان دەکرد "چەکەکانتان رادەست بکەن". هەوڵیاندا بە زۆر بمانبەنە یەکێک لە کابینەکان کە شوێنی خەڵوزی بەرد بوو. ئێمەش سووربووین لەسەر نەڕۆشتن، شەڕە قسە شوێنی بۆ شەڕی دەستەویەخە و پاڵنان و پەلکێشان کردەوە. لەو نێوەدا دەستم هاویشتە دەمانچەی فەرماندارەکە و ویستم لێی بستێنم. راست خۆی لە دەمانچەکەی توند کرد لە ترسان و هاوکاری کرد "دەمانچەکەم، دەمانچەکەم.."، لەسەر ئەمەش سەربازەکان هەموویان دەورەیان لێدام. ئەمجارەیان پڕمدایە چەکی یەکێک لەسەربازەکان، ئەگەر دەستم پێ بگەشتایە دەستڕێژم لێدەکردن. هەر چۆن هاوارم کرد: "هەی خوێنڕێژان.. ئێوە بوون ها؟" فەرماندارەکە دەستی بە سوێندخواردن کرد "نەخێر، ئێمە نەبووین، من هەر ئاگام لێی نییە، هیچ پەیوەندییەکیشم بە راسترەوەکانەوە نییە".

ماوەیەک وەها بەردەوامی کرد، پاشان فەرمانداری گشتی ئەو شوێنە و پلەدارەکانی تر هاتن. ئەمجارە هێرشم کردە سەر ئەوان و هاوارم کرد: "خوێنڕێژان.. فاشیستان.. هەڤاڵانی ئێمەتان قەتڵکرد. دەی بڵێن چەند کەستان کوشت!" رووم کردە هەڤاڵانی ناو قاوشەکە و لێم پرسین: "ئێوە دەبینن چەند کەس کوژراوە؟" وەڵامێکی روونیان نەبوو. بەهۆی ئاڵۆزییەکەوە نەیانزانیوە چەند کەس پێکراوە. خۆمان پێ رانەدەگیرا. زانیان کە راناوەستین، فەرماندارەکە فەرمانی دا: "دەستیان لەدواوە کەلەپچە بکەن، بیانبەن بۆ ئەولا". پەسندمان نەکرد و گووتمان: "ئەگەر خۆتان بە خاوەنی هێز دەزانن، بڕۆن ئەو بکوژانە بگرن. بۆچی کەلەپچەیان

ناکەن؟ بۆچی چەکەکانیان لێ ناسێنن؟ بێگومان خۆتان چەکەکانتان بۆ هێنانە ژوورەوە، کەچی تەنانەت دەرزییەکیشتان نەدەدا بە ئێمە. بۆ ئێمە قەدەخەیە، بەڵام دەمانچەتان دایە دەست فاشیستەکان". بەزۆر بە پەلکێش و پاڵنانەوە دووریان خستینەوە و کەلەپچەیان کردین.

نازانم چەندی بەسەرچوو یان چۆن وەختەکە گوزەری کرد، بەڵام دوای چاوەڕووانییەکی پڕ لە قار، بە پاسێکی سەربازی بەشێک لە هەڤالانیان هێنا. دواتر زانیمان کە لەو چۆڵەوانەییە لەسەر دەم بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ رایانگرتوون، سەربازەکانیش بۆ ئەوەی کەس رانەکات بە بازنەیی دەورەیان لێگرتبوون. بەشێکی تر لە هەڤالان بریندارەکانیان گەیاندبووە نەخۆشخانەی سەربازی. دەستبەجێ هەوڵماندا بزانین چەند شەهید و چەند بریندارمان هەیە. کۆمەڵێک لە هەڤالان دیار نەبوون. ناومان دان و پرسیارمان کرد. (ئاتەکین) لەکوێیە، ئەی (حاملی)، ئەی (عادل)، (زەکی). .. زۆریان دیارنەبوون.

(مستەفا) گووتی: "ئارام بگرە، شەهیدمان نییە، تەنیا هەڤاڵێک بریندارە. زۆرێکیان بەهۆی تەلبەندەکەوە جەستەیان رووشاو و سووکە زام بووە. ئەوەی ئایتەکین فیشەکە، بەر شانی کەوتووە، بەڵام چاکدەبێتەوە، خەم مەخۆ".

بڕوام نەکرد و دووبارە پرسیارم کردەوە" ئایتەکین چی لێهات، راستم پێ بڵێن" چونکە یەکەم کەس لەویان دا. نیشانەیان گرتبوو و یەکەم کەس ئەو کەوت بە زەویدا.

پاش ماوەیەکی تر گرووپێکی تر هات. (حاملی) لەناویاندایە. ئەوانیش شتێکی جیاوازیان نەگووت جگە لەوەی کە" ئایتەکین و هەڤاڵێکی تریان برد بۆ نەخۆشخانەی شاری مەلەتی".

کەوابوو دۆخی (ئایتەکین) ناجێگیرە. بۆچی مەلەتی؟ لەو ساتەوەختەدا ئەژنۆم شکا، وەک خوێن لە لەشمدا پەنگی خواردبێت سڕبووم. لەبەر چاوم دواین بزە و پێکەنینی، دواین گاڵتە و گەپ، یارکردنی بە کڵاوەکەی، سڵ نەکردنەوەی، بێ باکییەکەی و زیندەییەکەی، زیتەڵی و رەق رامانی وەک لەمەیدانی شەڕدا بێت، رایەڵکە خێراکەی و بڕیارداریيەکەی، هەموو هەڵسوکەوتەکانی زیندووبوونەوە. ئەم هەستەم لەخۆڕا نەبوو. ئێش و ژانەکەی دڵمی هەراسان دەکرد، کەچی (حاملی) هەر سوێندی دەخوارد و دەیگووت: "شتێکی ئەوتۆی نییە". لە قسەکاندا باسی لەوە کرد کە لە نەخۆشخانە دەرفەتێکی زێڕینیان لەدەست خۆیان داوە. (مستەفا) گووتی: "لەو قەرەباڵغییەدا چەند هەڤاڵێک دەمانتوانی رابکەین". راستە، پێویستە لەکات و شوێنی خۆیدا هەل و دەرفەت بنرخێندرێن، ئەگەرنا بەهەدەر دەچن. لەم بوارەدا هۆشیارییەک لە ئارادا نییە، وەک بڵێی بیر و هۆشی پێچەوانەکردنەوەی رووداوەکان رەق بووبێت و بیر لە شتی دووەم نەکرێتەوە. پێویستە ئەم رچەیە بشکێندرایە.

یەکێک لە فاشیستەکانیان برد بۆ دادگا، گوایە بکوژەکەیە. ئەمە لەکاتێکدایە کە لە دوولاوە تەقەدەکرا. فاشیستەکان تەنیا دەمانچەیەکیان رادەستی پۆلیسەکان کردبوو.. درۆیە. کەواتە پلانی تریشیان هەیە. هێشتا لەهەمان باڵەخانەدا بووین. شوێنیان نەگۆڕین. دەگووترا کە لە زیندانەکانی تریش دۆخی هاوشێوە هەبووە. کاریگەری ئەو زیندانە بوو کە ئێمەی تیابووین. هەڤاڵان لەوێ نارەزایەتیان نیشاندابوو. رووداوەکەیان شەرمەزار "پرۆتێستۆ" کردبوو. بۆ ریسواکردنی ئەم رووداوە ئێمەش لەلای خۆمانەوە بڕیاری مانگرتنماندا. لە داوانامەکانماندا ئەوەمان خستەڕوو کە ئیدارە دەستی لەم پەلامارەدا هەیە، دەمانچەکە

لەلایەن ئیدارەوە گەیەندراوەتە فاشیستەکان و سەرەڕای ئاگادارکردنەوەکانیشمان، بە ئەنقەست هیچ ڕێوشوێنێکی پێویست نەگیراوەتەبەر، هێشتاش گەرەنتی پاراستنمان نییە. چالاکییەکە بە ئامانجی ئاگادارکردنەوە بوو، چونکە بێدەنگی؛ تەسلیمیەت بوو. هەوڵماندەدا بنەماڵە و کەسوکاری بەندکراوانیش بخەینە جوڵەوە. پێمان دەگووتن: "ئێوەش داوانامەی بەکۆمەڵ پێشکەش بکەن و بەکۆمەڵ بجوڵێنەوە".

پاشماوەیەک لەم ڕووداوە (حسێن یڵدرم) هات. دانیشتنی پارێزەر وەکو هەموو جارێک لە ژووری ئیدارە کرا. ئەفسەری ئەو ڕۆژەش هەمان ئەو کەسەبوو کە لە ڕۆژی ڕووداوەکەدا ئێشکگر بوو. (حسێن یڵدرم) سەبارەت بە پەڕاوی دۆزەکە شتێکی نوێی پێنەبوو، ئەوە نەبێت کە دۆزەکانی (PKK) دەکرێن بە یەک و گووتیشی: "لەگەڵ جاهید بەگ قسەم کرد، پێیگووتم کە هەوڵدەدات ئەم بڕیارە رابگرێت، کاریش دەکات تا گرووپی خارپێت لە دادگای خارپێت دادگایی بکرێن". جاهید بەگ؛ (جاهید ئای دۆغان)ی داواکاری گشتی سەربازییە. بابەتەکەم بۆ هەڤالانی نەخۆشخانەش باس کرد. سەرەتا نەیویست خۆی لە قەرەی بدات، بەڵام من ئەنجامەکەیم لە ئەستۆگرت و گووتم: "(ئایتەکین) تەندروستی ناجێگیر بوو، چی بەسەرهات؟" ڕاوەستا و گووتی: "لەدەستماندا.."

لەجێی خۆم بەرزبوومەوە. سەرەتا مێزەکەی بەردەم ئەفسەرەکەم دایە بەر مشتەکۆڵە و پێمگووت: "هەی خوێنڕژان.. ئێوە کوشتتان، ئێوە ئەو چەکەتان هێنایە ژوورەوە" و پاشان لە شوێنی خۆی ڕاپەڕی و دەستی بە قسەکرد: "ئارام بن، من؟ نەخێر من چەکم پێ نەدان". لەو لاشەوە (حسێن یڵدرم) دەیگووت: "ساکینە، ڕۆڵە، ئارام بە! ئەو ئەفسەرێکە، ئەو کێشە نییە".

یەخەیم گرت و قیڕاندم بەسەریدا: "نەخێر، ئێوە کردتان، چەند جار ئاگاداریمان دا بەئێوە، تەنیا جارێکیش پشکنینتان نەکرد. بۆ ئێمە دەرزییەکیش قەدەخە بوو، ئەی ئەو چەکانە لەکوێوە هاتن؟" و پاشان بە راکردن چوومە دەرەوە و دروشمی "ئایتەکین نامرێت"م هەڵدا. لەناکاوێک هەڤالانیش بە دەنگ هاتن و دروشمەکان زیادبوون: "نەفرەت لە فاشیستان، ئیدارەی فاشیست.. تۆڵە لە فاشیستەکان دەکەینەوە!" هەڤالان بانگیان کردم و پرسیان: "چی بووە؟"، بەڵام لەو ساتەوەختەدا هیچ شتێک نەدەهات بەگوێمدا، نەمدەویست ببیستم. ئاوڕێکم دایەوە و بینیم کە (حسێن یلدرم) بە یاوەری دوو سەرباز گەیشتۆتە بەردەم پاسەوانگەی دەروازەی زیندان و بەخێرایی دەڕوات. چەند زوو گەیشتە ئەویّ؟ دیارە لە گەیاندنی ئەو هەواڵە تووڕەببوون، پێیان گووتبوو "زوو دەرکەوە".

بە هەڤالانم گووت کە (ئایتەکین) شەهیدبووە. لە سەرەڕێی دالانەکە دانیشتم، هەڤالانیش سروودیان دەگووتەوە. پاشان کچانی تری قاوشەکەش هاتن. گوایا دڵنەوایم دەدەنەوە. دەرگەکانیان کردەوە، هەڤالان هاتنە لام. سەیرە! ئەفسەر و ئیدارە روونەرم بوونەتەوە! ئەمەش لەکاتێدا کە هەرگیز نەیاندەویست لێک نزیک ببینەوە.

تا ئێوارە کات بە گووتنەوەی دروشم و سروود تێپەڕی. پاشان هەواڵێکمان پێگەیشت کە (ئایتەکین) لە نەخۆشخانە بە ئەنقەست شەهید کراوە. پەرستارەکە سۆندەی ئاوی مەغەزی(سیرۆم)کەی لە قۆڵی دەرهێناوە، یاخود گرتوویەتییەوە. بە ئاشکرا دەیکوژن. تۆڵەی (جەلال ئایدن)یان کردەوە؟ چونکە (ئایتەکین) لە شاری مەلەتی بۆ راپەڕاندنی کار و خەبات لەجێی (جەلال) ئەرکدار کرابوو. پاش ماوەیەک (جەلال) نێردرابووە خارپێت و جارێکی تر

نەگەڕابووەوە. هاوکات هەندێک فاشیست لەگەڕەکی کولتوور هەبوو کە (ئایتەکین)یان دەناسی، حەتمەن ئەمانە تەقەیان لێکردبوو. لەدەرەوەش کێ دەزانێ چەند جار هەوڵی کوشتنیان دابوو.

شەهیدبوونی (ئایتەکین) کاریگەرییەکی زۆری لەسەر هەمووان کرد. لە زیندان دوای ئەو هەمووە ئەشکەنجە و فەلاقەیە، شەهیدبوونێکی بەم ڕەنگە..! چەند جارێک گووتبووی: "ئەمجارەش ڕزگاربووم". بەڵێ، مردن لە ناوەوە، لە زیندان ئەوی گرت. فیشەکی فاشیستەکانیش یەکەم کەس ئەوی کردبووە ئامانج. دۆخی دەرەوەی زیندان، لە زیندان، لەژێر لێپرسینەوە و دۆخی دوایین ڕۆژی، ئەو چالاکی و زیندەییەی، نزیکبوونی لە مرۆڤ، جوانی ڕۆحی شۆڕشگێڕانەی، هەر هەمووی وەکو ئاگرێک کەوتبووە دڵمەوە، هەرگیز لەیادم نەدەچوونەوە. ئیتر هەر گووتە، ئاگادارکردنەوە و ڕەخنەیەکی وەک: "زۆر سۆزداریت، نابێت بەمجۆرە بکەویتە ژێر کاریگەرییەوە، پێویستە رابێیت. پێویستە بەهێز بیت" کە ئاراستەم دەکران بێ تامی کردبوو. بەلامەوە هەڵوێست و بۆچوونی زۆر لاوازبوون.

دواتر ڕۆژێکیان (مستەفا) پێیگووتم: "بێ تاقەت مەبە، بەڵام ئەو نامەیەی کە بۆ تۆ نێردرابوو ڕۆژی ڕووداوەکە لەناومبرد. ناچار بووم. لەلای من بوو، بیرم لەوە کردەوە کە لەکاتی پشوودا لە دەرگەوە بۆت هەڵبدەم، نەکرا. سەربازەکان چاودێریان دەکرد. دوای ڕووداوەکە بۆ چەندین کاتژمێر ئێمەیان لە زەوییەکەی دەرەوە ڕاگرت، بیرم لەوەکردەوە کە ئەگەر بمانپشکنن دەکەوێتە دەستیانەوە، بۆیە بێ ئەوەی بیخوێنمەوە لەناومبرد. ڕاستییەکەی تەماشایەکی زەوییەکەی بەردەمم کرد درزێکم بینی و خستمە ناوییەوە، خاک و خۆڵم بەسەردا کرد. بریا بمخوێندایەتەوە، بەڵام

لەو نامەدا کە بۆ ئێمە هاتبوو هەندێک وردەکاری هەبوون. تیایدا: ڕەشبگیرییەکان بە شکستێکی پارتی هەڵسەنگێندراون. نووسراوەکانمان بەشوێنی مەبەست گەیشتوون. سەبارەت بەو شتانەی لەسەر شاهین پێمان ڕاگەیاندبوون هەڵسەنگاندنیان کردووە. دەشڵێن؛ دۆخی شاهین بەو شێوەیە نییە کە ئێمە پێمان ڕاگەیاندوون. شاهین گووتوێتی بەر لە دەستگیرکرانی هەموو شتێک بەدەستەوە دراوە و ئەویش ناچاربووە دان بە هەندێک لە ڕاستییەکاندا بنێت.. داوایان کردووە کە مۆڕاڵمان بەرز ڕابگرین".

باشە، کێ بەم هەڵسەنگاندنە بێ تاقەت نابێت؟ کەسێکی وەکو من؟ بە پێچەوانەوە ماوەیەکی درێژ بۆم بوو بە دەرد. هەڤاڵان چیان گووتبێت؟ نامەیەک بوو بەتایبەتی لەلایەن پارتییەوە هاتبوو! چۆن بوو؟ بەدفەڕییە، ئەگەر نا مرۆڤ لە چاوتروکاندنێکدا دەتوانێ (10) دانە نامە بگەیەنێت. بوونی سەرباز هێندە ڕێگریش نەبوو. داخم لێدێ. بەڵام بە هەوانتەیە چونکە نامەکە لەژێر خاکدا بوو. کەواتە نووسراوەکانمان گەشتۆتە دەست هەڤاڵان و هەڵیان سەنگاندووە. هاوکات هەڵسەنگاندنی سەبارەت بە (شاهین) مێشکمی هەڵدەکڕاند. سەرلەنوێ نامەیەکی تر بنووسمەوە؟!

دەنگۆیەک هەبوو کە جگە لە فاشیستەکان ئەوانی تر هەموومان پێکەوە دەگوازرێینەوە بۆ زیندانەکەی خوارەوە. بیر و هۆشم لای ڕاکردن بوو، دورینی پانتۆڵ و شتی وەها سەرنجی ڕادەکێشا. بە شەو ڕەنگ دیار ناکات. لەو نێوەدا نەگبەتییەکی تر هاتە ئاراوە؛ ئەفسەری ئێشکگر لەبەر دەرگەوە قسەی لەگەڵ دەکردین. لەکاتی قسەکردندا دەست و پێی ڕانەدەوەستا، بەردەوام قاچی دەکێشا بە کۆڵەکە ئاسنییەکەی دەرگەکە. قورساییەکەی ئاسنی دەرگەکە کاری لە چیمەنتۆی دیوارەکەی کردبوو، لەناوەوەش بە کەوچک بەشێکی زۆریم هەڵکەندبوو. چیمەنتۆکە

پێشتر سووکە سواخێکی لێدرابوو، بۆیە زۆر بە ئاسانی لێدەکرایەوە. دەرگەکە ئەوەندە شل ببوو چۆن دەستت دەدایە، خرپەی لێوە دەهات و ئەوەندەی نەمابوو لەبنەوە دەربکەوێت. لەو نێوەدا دەستی بەلای کێلونەکەدا برد و یاری پێدەکرد، کێلونەکە هاتەدەرەوە. کابرا حەپەسا و گووتی: "ئەوە چییە؟ ئەوەندە سست بوو؟" کەوتە گومانەوە. دەرگە ئاسنەکەی تۆزێک هەژاند، هەستی بە بۆشاییەکەی لاسەرووی دەرگەکەش کرد. بە هێواشی دەرگەکەی بەرز کردەوە، بینی کە بە ئاسانی لە گیرەکەی دەردەکەوێت. بانگی سەربازەکەی کرد و پێیگووت: "چۆن بەمەتان نەزانیوە؟ هەموو رۆژێک ئەم دەرگەیە دەکەنەوە و دایدەخەن"، و فەرمانی کرد کە زۆر زوو لەحیمچییەک بێنن. رووی کردە منیش و گووتی: "ساکینە خان، بیرتان لە راکردن دەکردەوە؟ ئەمە شتێکی ئاسایی نییە"؟ منیش: "بەڵێ دەرفەتێکی باشم لەدەستخۆم دا. نەگبەتییە، بریا زووتر پێم بزانیایە" و نەمویست سەرنجی لابەرم. بەڵام کابرا وەک گورگێک وابوو، هاوشێوەی (زەفەر کاراعوسمان ئۆغڵو)وە. زۆر لەیەکدەچوون؟! بە وردی لە مرۆڤ رادەمێنن و هەڵیدەسەنگێنن. ئەم جۆرە تایبەتمەندییانەش نابێت پشتگوێ بخرێن. بیرم لەوە نەدەکردەوە کە "بۆچی یەکەم کەس من دێم بەخەیاڵیاندا"، بەڵام ئاراستەی بیرکردنەوەکانیان راست دەردەچوو. بەهەرحاڵ ئەنجامێکی باش نەبوو، چونکە لەوەودوا کۆنترۆڵی خۆیان توندتر دەکرد.

بە نەفرەت بێت، کابرا بۆچی هات بۆ قسەکردن؟ ئەگەر نا ئەو شەوە بەهەر باجێک بووایە تاقیم دەکردەوە. کاتێک لەحیمچییەکە سەرقاڵی دەرگەکە بوو، سەربازەکانی دەوروبەر بە سەرسامییەوە دەیانڕوانی. دەنگی دەرگەکە بەگوێی هەڤاڵانی قاتی سەرەوەش گەیشتبوو. هەرکەس مەراقێتی بزانێ چی روویداوە.

له خۆڕا گومان دروست ببوو و پێشتر شتێکی وەهایان بەخەیاڵدا نەهاتبوو. مایەوە سەر (موراد)ی خەڵکی مانیسا. جارێکی تر زیندانێکی وەهامان بەرچاو نەدەکەوتەوە. باڵەخانەکە تایبەت بوو بە سەربازەکان، هیچ تایبەتمەندییەکی زیندانی نەبوو. دواتر هەوڵیاندا بیکەن بە زیندان، بەڵام لەڕووی پاراستنەوە خاڵی لاوازی زۆر بوو. تۆ بڵێی هەڤاڵانی دەرەوە بەمەیان زانیبێت؟ پێکهاتەی ڕێکخستنی پەرتەوازە بوو، دەشبێت بەهۆی هێرش و پەلامارەکانی دووژمنەوە تاکە هەڤاڵێکیش لە شارەکەدا نەمابێت. هاوکات مەترسییەکی زۆریش هەبوو. هەرگیز شیرۆڤەم لەسەر باشی و خراپی باجەکەی نەدەکرد. ئەگەر هەل و دەرفەتەکان بقۆزرێنەوە ئەمەش دەبووە چالاکی و گورزێکی بەهێز لەدژی دووژمن. دیارە زۆر خۆش بینانە بیرم دەکردەوە، خەیاڵەکانم خۆش بوون.

به ئاشکرا بە (موراد)م گووت: "هاوکاریم بکە با رابکەم، باوکم لە ئەڵمانیایە تۆ دەبەمە دەرەوەی وڵات. بۆ ئێوە سەربازی مایەی ژیان نییە. ڕەنجدەریت، خانەوادەکەت وەکو خانەوادەکەی من کرێکارن. هەرگیز لەو بڕوایەشدا نیم کە زیان بە تۆ بگەیەنن.."

سەرەتا حەپەسا و گووتی: "چاوەڕێم دەکرد. چونکە کەسی بەندکراو و کەسی سەرباز زیاتر بیر لە یەکشت دەکەنەوە، ئەویش ڕاکردنە. باشە ئەگەر بمانگرن؟ تۆ بە هەرحاڵ، دیسان دەخرێیتەوە زیندان و ئەمەشت لەبەرچاو گرتووە. ئەی من؟ وەڵلا دەمکوژن".

: "ناگیرێین، متمانەت بە من هەبێت"

: "با بیرێکی لێبکەمەوە.. ئەی باشە چۆن؟!

بەکورتی پێمگووت: "ئەوەیان ئاسانە. لە نۆبەتی شەو دا"و نەمویست زۆر بکەومە ناو وردەکارییەکانەوە. دیارنییە هێشتا، دەشبێت لایەنێکی تریشی هەبێت. بەڵام بەهەڵەدا نەچووبووم،

(موراد) کەسێکی نیازپاک بوو. دوولایەنە ڕەفتاری نەدەنواند. سەرەتا تۆزێک ڕاوەستا و دەرکی پێکرد. بەڵام ترسی سەرنەخستن و دەستگیرکران بەسەریدا زاڵ بوو.

پێیگووتم: "بڕوانە تەلبەندەکەی ئەویا نزمە، شوێنی هاتوچۆی مەفرەزەش هەیە، وەک ڕێگەیەکە". ئەو شوێنەی پیشانیدام هەر ئەو شوێنەبوو کە من بیرم لێدەکردەوە، ئاراستەی کانیاوەکە بوو. کەواتە بە باشی چاودێریم کردبوو. دیارە ئەم کارە سەردەگرێت، تەنیا (موراد) تۆزێک قانیع ببێت بەسە. گووتی: "با بیرێکی لێبکەمەوە". هەموو ئەمانەمان لەسەر ڕێگەی هاتوچۆی دەستاو و کانیاوەکە باسکرد. ڕۆژ بوو و منیش بە تەنیا چوو بووم بۆ سەرئاو.

ڕۆژی دواتر بە کۆمەڵ ڕەوانەی زیندانەکەی خوارەوە کراین. بەم شێوەیە پلانێکی تریشم بە هەوانتە چووبوو. چ بێ چانسییەکە! ئەوانەی لە نەخۆشخانە بوون گەڕانەوە. دەگووترا "شادی بەرەو چاکبوونەوە دەچێت". (شادی)یەکێک بوو لەوانەی ئەو ڕۆژە لەگەڵ (ئایتەکین) ڕایەڵکەیان دەکرد. فیشەک تۆزێک بە سەروو ناوچاوانیدا تیغی کردبوو.

زیندانەکەی خوارەوە جیاوازە. دوو نهۆم، پەنجەرەی درێژ و لای سەرووشی قوبکەیی بوو، دوو بەشەکەش بە داڵانێک لێکجیاکراوەتەوە. هەر بەشێکیان چەندین ژووری لەخۆگرتبوو و دەرگەی ژوورەکانیش بۆ یەکیان دەڕوانی. هۆڵی ناوەوە و ژوورەکانیش بەهەمان شێوەبوون. سەراوەکەی لە بەشی دەروازەدا بوو. خواردن لە دەروازەی هۆڵەکەدا دابەش دەکرا. دەرگەی ئاسنی ئەستوور و گەورەی هەبوو. لەهەر دوو سەری هۆڵە لەتکراوەکەدا بەشی شیشبەند و تەلبەندکراو دروست کرابوون. ئەوانەی لە دەرەوە بۆ سەردان دەهاتن لە بەشە

شیشبەندکراوەکەدا و بەندکراوەکانیش لە کابینە ئامادەکراوەکانی ژوورەوەدا چاوپێکەوتنیان دەکرد. لەنێوان هەردوو لادا شیشبەند، پەردەی تەلبەند و بەشێکیشی جامکرابوو. بەشی سەرەوە بۆ ئیدارە و سەربازەکان تەرخان کرابوو.

(شاهین) لە بەشی دووەمدا بوو کە هەر لەو بەشەدا هەندێک لە ئەندامانی گرووپە چەپەکانی کورد و تورک و هەروەها هەندێک هەڤاڵی خۆشمان هەبوون. دوو حەوشەی جیاجیای هەبوو کە بەگلۆڵەی تەلبەند گەمارۆ درابوو. زەوییەکە بۆ سەربازی تەرخان کرابوو. لێرەوە گەڕەکی کرکدوتلەر دەبیندرا. ڕێگەی ناوچەی خارپێت دەکەوتە لای سەرەوە. چەند خولەکە ڕێگەیەکیش لە پێشترەوە باڵەخانەکانی دادگای سەربازی هەبوون. ئێرەکانەش شوێنی فەرماندەیی سوپای هەرێمەکە و باڵەخانەکانی بوو.

(حسێن گیونگێوز)یش دەستگیرکرابوو. دوایین زانیارییمان لەو وەرگرت. باسی لەوە دەکرد کە لە دەرەوە لە هەوڵی خولقاندنی کۆکردنەوەیەکی گشتیدا بوون. (حسێن بۆزۆ)، (هەمان ئەو حسێن بۆزۆ-یەی ماڵی خوێندکارانی گەڕەکی داغی شاری دێرسیمە). هەمیشە ڕەنجکێشانەکەی ئەو ڕۆژانەیم دێتە بەرچاو کە (چی کفتە[52]ی درۆینە)ی دروست دەکرد و دەیفرۆشت. ئەویش بە ناسنامەی ساختەوە لە ماڵێکدا دەستگیرکراوە. بەرپرسیاری بەشێک(قاوش)کیان ئەمە و بەرپرسیاری بەشەکەی تریش (مستەفا)یە. لە پەنجەرەی لاسەرووی قاوشەکە و لە لاواچەکەوە[53] لەگەڵ هەڤالان پێکەوە قسە و گفتوگۆمان دەکرد. شوێنی قاوشەکەمان باش بوو، گۆشەگیر و دوور نەبووین لە هەڤالانەوە.

---

[52] جۆرە کفتەیەکی تون و تیژە، کە دوای شیلانێکی زۆری 'قیمە بەخاوی و بە بیبەرێکی زۆرەوە، لەگەڵ گەلای کاهوو و لیمۆ دەخورێت.

[53] پەنجەرەیەکی بچووکە بەگشتی لە نیوەی دەرگەی قاوشی زیندانەکاندا بۆ پێدانی خواردن یان هەر کەلوپەلێکی تر بەبەندکراوان دروستکراوە.

پێکهاتەی بەندکراوانیش تا بڵێی فرەڕەنگ بوو. رەشۆ (دەدۆ)ی میلیتانی دابڕاو لە گرووپی (MHP[54] ش لەوێ بوو، بە دەمانچەوە گیرابوو. دووژمن جاروبار بێ ئەوەی بەخۆی بزانێت کاری باشیشی دەکرد. (رەشۆ) رۆحی ئەنارشیانەیە، خەڵکی ناوچەی (پاڵی-پاڵو)ی خارپێتە و دملکی[55] زار بوو. لە رۆژانی یەکەمی دابڕانەکەشیدا چاومان بە یەک کەوتبوو، کەسێکی بە بڕیار بوو. ئێستا لە زیندان دایە. (مەتین)[56] و (دۆغان) پێکەوە دەستگیرکراون. لە پێکدادانەکەدا مەتۆ فیشەک بەر ئەژنۆی کەوتبوو و هێشتاش دەریان نەهێنابوو. پەڕاوەکەی لەگەڵ پەڕاوی گرووپەکەی خارپێت کرابوو بەیەک. ئیفادەیان لەسەر درابوو. (باقی پۆلات)یش هات، ئەویش گیرابوو. لە بەشی دووەم دەمایەوە و داوای چاوپێکەوتنی کردبوو. دەیویست شتێکم پێ بڵێت. دەیویست بێتە بەشەکەی ئێمەوە. لەکاتی هەواگۆڕیندا بینیم، ئاگاداریم پێدا. داوام لێکرد کە بەڕێز و رێکوپێک مامەڵە بکات و سنووری خۆی بزانێت. لەو نێوەدا گووتی: "ئێمە خزمین" و بەلای خۆیەوە قسەکردنمان ئاساییە و واتای نەدەدا بەم هەڵوێستە توندەی من! دوو سێ جاریش هەر لە شوێنی هەواگۆڕینەکەدا بانگی کردم و دەیگووت: "ساکینە، ساکینە با تۆزێک قسە بکەین". دیسانەوە بەلای (باقی)! لەو ساتانەدا ئەوەندە تووڕە و پەستی دایگرتبووم هێندەی نەمابوو شێت ببم. لەوەڵامدا پێمگووت: "نەخێر، شتێک نییە قسەی لەسەر بکەین. ئەگەر شتێک هەبێت، لەوێش هەڤاڵان هەن، دەتوانی قسەیان لەگەڵ بکەیت". بە هەڤاڵانیشم گووتبوو کە رێگە نەدەن بێت بۆ ئەم بەشەی ئێمەی تیابووین. هەندێک شوێن گۆڕینمان

---

[54] پارتی بزووتنەوەی نەتەوەپەرستی.

[55] زازا.

[56] برای ساکینە جانسزە کە لە زور شوێن بە مەتۆ ناوی دەبات.

هەر لەناوخۆماندا ڕێکدەخست، هەوڵماندەدا هەردوو بەشەکە هاوسەنگ بکەین. وامان بەباش زانی کە هەڤاڵانی خۆمان لەم بەشەی خۆماندا کۆبکەینەوە. بەڵام ئەوبەر لە زەوییە چۆڵەوانییەکەوە نزیکتر و تەنهاتر بوو. بیرمان لە هەڵکەندنی تونێلێک دەکردەوە. لە گرووپەکانی تریش کەسانێک هەبوون هەمان پلانیان دارشتبوو. ئەو هەڤاڵانەی سەرنجیان ڕانەدەکێشا لەوێ دەمانەوە. کەسێکی وەک (شاهین) هەیە لە زیندانەکەدا، پێویست بوو هەموو شتێک زۆر بە ڕێکوپێکی ڕێکبخرێت. بیرمان لە تاقیکردنەوەی بۆری ئاوەڕۆکە کردەوە، بەڵام گووتمان پەلە ناکەین. بیرمان لە هەندێک شتی تریش کردەوە کە پێویست بوون وەک هەنگاوی یەکەم جێبەجێ بکرێن. سەبارەت بە (شاهین) پێشنیازمان ئاراستەی پارتی کردبوو. وەڵامی پێشنیازی سزادانەکەی درەنگ هاتەوە. هێشتا هەڤاڵان خیانەتەکەی (شاهین)یان بەفەرمی ڕانەگەیاندبوو. کاردانەوەمان نیشاندا لەوەی کە لەم بوارەدا متمانەیان بەئێمە نەبووە.

ئێمە لە هەموو کەس زیاتر ڕەوشی ئەومان دەزانی. بۆچی هێشتا بڕیاری لەسەر نەدەدرا، تێنەدەگەیشتین. من سوور و پێداگربووم، بێ هەڵوێستی لەبەرامبەر بە خیانەتەکەی (شاهین) کارێکی نابەجێ بوو. دەیانگووت: "لە ناو زینداندا کارێکی وەها ئەنجامی مەترسیداری لێدەکەوێتەوە".. بەلای منەوە ئەمە بیانوویەک بوو و هیچ جێگای بڕوا نەبوو. زۆر هەڤاڵمان هەن ئامادەن بۆ ئەو کارە و ئامادەشن بەرپرسیارێتی هەڵبگرن، چالاکییەکی بەوشێوەیە چ لەدەرەوە بێت یاخود لە زیندان کاریگەرییەکی ئەرێنی و سودبەخشی دەبێت. بوون و ژیانی (شاهین) مایەی پەستی و تووڕەبوونی زۆرێک لە هەڤاڵان بوو. خیانەتەکەی ئاشکرابووە کەچی هێشتا لە ڕیزەکانمان دایە. کەم

یان زۆر دەرک بە هەڵویستی پارتیمان لەبەرامبەر بە خیانەت و خیانەتکار دەکرا. کەوابوو چاوەڕێی چیمان دەکرد؟ بەردەوام بووین لەسەر سووربوون و سەپاندنی پێشنیازەکەمان. (حسێن) لەلایەک دەیگووت: "پێویستە هەندێک شت بە ئەسپایی تر و بە نهێنی بکرێت" و لەلایەکی تریش باسی لە گەیاندنی پێشنیازەکەشمان دەکرد. (شاهین) جارێکیان هاتە ئەو بەشەی ئێمەی لێبووین. لە پەنجەرەکەوە گووتم: "نابێت ئەو ناکەس بەچەیە جارێکی تر بێتە حەوشەی ئەم بەشەوە" و هەڤالانیشم رەخنەکرد. هەڤالان هێشتا لە هەندێک بواردا خۆیان یەکلا نەکردۆتەوە، هەندێک هەن ملکەچ و بێ هەڵویستن. چونکە نابێت چاوەڕێی ئەوە بکرێت رێکخستن لەسەرەوە هەموو شتێک بڵێت و بیسەپێنێت. دەشبێت ئەوانەی دەرەوە نەیانزانیبێت و تەنانەت بۆی هەیە بشڵێن "پەیوەندی لەگەڵ ببەستن"، بەڵام ئێمە ئەو خیانەتکارە دەناسین.

(حاملی) سەری کردۆتە سەر هەڵسەنگاندنی گشتی دەرەوە سەبارەت بە بابەتی رەشبگیری و بەندکراوان و دەیگووت: "نابێت هەموو کەسێک بەهەمان پێوەر هەڵبسەنگێندرێت". لەلایەکی تریشەوە پێی هەرس نەدەبوو کە لێپرسراوێتی زیندان لەدەستی هەڤالانی تردا بێت. (عەلی گیوندوز) سەرسمی دەدا، لەڕاستیدا دۆخی ئەویش تاڕادەیەک مەترسیدار بوو. لە قۆناخی لێپرسینەوەکاندا بە ئەندازەیەکی بەرچاو ترازا بوو. هیچ جیاوازییەک نییە لەنێوان دانپێدانانی کەم و زۆردا. شێوازی ترازانەکەی دیاربوو. حاڵەتی رۆحییشی دیار بوو. راستە؛ لە سەرەتاکاندا بەرخودانی کرد، زۆر ئەشکەنجە کرا، بەڵام تادەچوو زیاتر دوور دەکەوتەوە، هەرچەند دووریش بکەوێتەوە زووتر خۆی بەدەستەوە دەدا، بێ باوەڕ دەبوو، هاوکات متمانەشی

بەخۆی نەمابوو. لەو دۆخەدا ئەمدیواو ئەودیوی دەکرد. لەنێوان هەردوو هێڵی (خیانەت – بەرخودان)دا هاتوچۆی دەکرد. حاڵەتی رۆحیی کەسی خۆبەدەستەوەدەر؛ یان روو لە خیانەت دەکات، یان ئەوەتا بە هەڵمەتێکی بەهێز خۆی لەو دۆخە رزگار دەکات و رووی لە بەرخودانی دەکات. ئەمە یەکێک بوو لە تەوەری گفتوگۆکانمان. خودی خۆیم دەناسی و هەستم بە چۆنێتی حاڵەتی رۆحیی خۆی دەکرد. ئەندێشەکانیشمم بۆ هەڤالان باس کرد. (عەلی) بەهۆی بەسەرهاتەکانییەوە هەستی بە ملکەچییەک دەکرد. نووسراوێکی خۆی پێدان، خوێندمەوە. بەتەواوی لەناو قەیرانێک دایە. لەلایەکەوە نەفرەتی لەو شتانەی یەخەی گرتوون و لە لاوازییەکانی خۆی دەکرد و بەخیانەت ناوزەدی دەکردن، لەلایەکیش نەیدەتوانی هەڵمەتێک ببات و خۆی رزگار بکات. دەشیزانی کە دووژمن بە ئاسانی دەستی لێ بەرنادات. دۆخی کەسێک کە لەلایەنی دەروونییەوە شکستی خواردبێت؛ دۆخێکی سامناکە. ئەگەر خودی خۆی ئەم دۆخە پێچەوانە نەکاتەوە، دەکەوێت و هەڵسانەوەی نابێت.

پەیوەندی نێوان (حاملی) و (عەلی گیوندوز)م بە کارێکی راست نەدەزانی. حاڵەتی رۆحیی (عەلی) و غووری (حاملی)، هەرس نەکردنی کۆمەڵێک شت و کاردانەوەکانیان کاریگەری نەرێنی لەسەر هەردوو لا دەکرد. دەرکم بەمە کردبوو بۆیە لەگەڵ (حاملی) بە ئاشکرا قسەم کرد. ئەندێشەی جیاوازم هەبوو سەبارەت بە (عەلی) کە بێ متمانەیی لەخۆگرتبوو و بە ئاشکرا دەمگووت: "بە ئاسانی هەڵناسێتەوە". سەبارەت بە (حاملی) ئەگەر ئەندێشەشم هەبووایە، هیوام پێی هەبوو. هیچ کەسێک مافی خۆسزادانی نییە. ئێمە کەسی رێکخستنین. لێپرسینەوەی ویژدان جیایە و خۆسزاکردنی کەسێک لەدوای کارێکی چەوت شتێکی

تربوو، تاوانێکی گەورەتربوو. بە (حاملی)م گووت: "ئێمە هەڵوێستی پارتی بەبنەما وەردەگرین. دەکرێ رەخنە هەبێت، تەنانەت سزادانیش. هەر جارەو دەڵێین: تاوانمان کرد، سەرجەمی دەستگیرکران و ترازانەکان؛ تاوانن. کەواتە پێویستە راستگۆ بین. هەڵوێستی پارتی هەر چییەکیش بێت، دەڵێین؛ "تا کۆتا پابەندین" و کەچی پاشان هەڵدەستین چیمان بوێت دەیکەین. ئەمەش کارێکی مەترسیدارە، (عەلی) جیایە، لەلای خۆتەوە دەتوانیت کاریگەری ئەرێنیانەتری لەسەر بکەیت. مەکەوە ناو خەم و دوودڵی کەسێتی خۆتەوە". (حاملی) دانی بە شتێکی تریشدا نا و گووتی: "عەلی دەیەوێت بچێت بۆ زیندانێکی تر، لەلای من باسیکرد" کەوابوو بابەتەکە هەستیاربوو. چونکە (عەلی) رایدەکرد. ئەم راکردنە دەیخستە پێگەیەکی خراپترەوە. داوای زیندانێکی جیاواز و تایبەت واتای چی بوو؟ زیندانێکی سەر بە سوپا هەبوو لەو شوێنەی کە دادگاکانی تیادا جێگیرکرابوون. پێشتر ئەوانەی تاوانی سەربازییان کردبوو لەوێ رادەگیران، بەڵام (عەلی) ئەمەی بۆچی دەویست؟ تەکلیفیان لێکردبوو یاخود شتێکی تر هەبوو؟ پێدەچێت بە هەندێک هەڵوێستی هەڤاڵان سەغڵەت بووبێت، بەڵام نابێت بکرێت بە بیانووی گواستنەوە. کاردانەوەی هەڤاڵان لەبەرامبەر بەخۆی شتێکی ئاسایی بوو، تەنانەت لەم بوارەدا بەپێی پێویست جددییەتیان نیشان نەدەدا، هەڵوێستیان زیاتر نارِوون و نیازپاکانە بوو. ئەم مامەڵەیەی هەڤاڵان زۆر توورەی دەکردم. وابیرم لێدەکردەوە کە پێویستە رک و کینی چینایەتی لەلای هەڤاڵان هەبێت.

دانوستانم لەگەڵ (حاملی) توندتر ببوو و پێمگووت: "ئەوەی دەیکەیت شێتییە. ئەگەر عەلی بیر لە شتێکی وەها بکاتەوە، پێویستە توندترین هەڵوێستی لەبەرامبەر وەربگریت. هەڵوێستت،

تووڕەییت لەبەرامبەر سیستەمی پەیوەندی هەنووکەیی، بوێری بە عەلی دەدات. بۆچی تەکلیف لەتۆ دەکات و لەکەسی تری ناکات؟" مۆڕاڵم تێکچوو، خەم و دوودڵیم زیادی دەکرد و ترس لەناخمدا سەری هەڵدابوو. مرۆڤ بۆی هەیە هەندێک چەوتی گەورە و تەنانەت تاوانیش بکات، خۆخاوێنکردنەوە و دەربازبوون لەو هەڵە و چەوتییانە ئەستەم نییە. بەڵام جۆرە خزانێک هەیە ئەگەرچی زۆر بە ئاسایی لێکبدرێتەوە و بە هەڵوێستێکی ئەوتۆ دابنرێت، ئەگەری هەیە بە ئەنجامی خراپ و خاڵێک بگات کە گەڕانەوەی نەبێت. (عەلی)م بانگ کرد و لەگەڵ ئەویش قسەم کرد. لە لاواچەکەوە قسەمان دەکرد، ئاستی دەنگمان سەرنجی هەموو ئەوانەی ناوەوە و هەڤاڵانی دەرەوەشی راکێشا بوو. لەگەڵ (عەلی) زۆر قسەم نەدەکرد، هەرکات هەستم بە نالەباری دۆخی دەروونیی ئەو بکردایە، قسەم لەگەڵ دەکرد. ئەم قسەکردنەشمان دواین قسەکردن بوو، بەڵام زۆر جددی بوو، بە تووڕەییەوە پێمگووت: "پێشنیاز و بۆچوونی گواستنەوە بۆ زیندانی تر، راکردنە بەرەو دووژمن". و ئەمەش زۆر قورس بوو بەلایەوە. بەردەوامم کرد: "حاڵەتی رۆحیی ئێستاکەت دۆخێکە بوێریی بە دووژمن دەدات. خۆتی لێ رزگار بکە، ئەگەرنا بە هەموو شتێکەوە شکست دەخۆیت". (عەلی) شەرم دایگرت، سوور هەڵگەڕا، سەری نەوی و چاوی پڕ بوو. بەوجۆرە کۆتاییم بە قسەکەم هێنا. ئەم حاڵەی بە نامە، نووسراو و هۆنراوەکانیشییەوە دیاربوو. هەڤاڵان بەنهێنی گەیاندیانە دەستم و خوێندمەوە. لەوێکانەدا خۆی زیاتر دابوو بەدەستەوە. لە هەمووان زیاتر لە راستییەکانی خۆی دەترسا. مەترسی سەرەکی لێرەدا بوو. ئەگەر بێتوو بوێری خۆ رزگارکردن لەناخی خۆیدا فەراهەم بکات، زوو خۆی لێ دەرباز دەکرد، بەڵام ...

ڕۆژانە ژمارەی بەندکراوان لە زیادبوون دابوو. لە دێرسیم لەگەڵ (تێکۆشین)چییەکان شەڕ ڕوویداوە. (حەیدەر ئالپاسلان - کەمال زاپ) تووشی برینداریيەکی زۆر و سەخت بووە. بۆسەیان بۆ ناوەتەوە و دەستڕێژیان لێکردووە. هەڤاڵان گاڵتەیان لەگەڵ دەکرد و پێیان دەگووت "حەوت ڕۆحیت". زیاتر فیشەک بەر ئەستۆ و ملی کەوتبوو.

هەر لەو ڕۆژانەدا (حەسەن ئایدین)یش هات. ئەویش لە شەڕێکی دژی ئێمەدا دەستگیرکرابوو. شەڕەکە لە دەوروبەری پێرتاگ - چەمیشگەزەک ڕویدابوو. لەو شەڕەدا دوو هەڤاڵی زۆر بە نرخمان شەهید بوون. (ئەحمەد)م دەناسی. (حەسەن ئایدین) دیسان هاتبووە سەر تەختی شانۆ، ئەو بێ نامووسە سرەوتنی بۆ نەبوو. لە دێرسیم بەر لە هەموو کەسێک ئەم کابرایە (HK - ڕزگاری گەل)ی لە دژی ئێمە تاودەدا و دووژمنایەتی دەچاند، لێرەدا بەهەڵەدا نەچووبووین. بەڕێوەبەری پەیمانگای مامۆستایان (حەسەن ئایدین) ئێستا بەهۆکاری شەهیدکردنی هەڤاڵان بەندکراوە و لەناو زینداندا لەلای خۆمانە. لەم بابەتەدا مەرجە کارێک بکەین. نەدەبوو لەگەڵ بکوژی خۆت بژیت. چەندین ساڵ بوو ئەم سیخوڕ و گێرەشێوێنە پەلاماری شۆڕشگێڕانی دەدا، (HK)ی تاودەدا. لەناوخۆماندا قسەمان کرد و پێشنیازەکانمان کرد بەیەک. پێشنیازەکەمان ئاراستەی هەڤاڵانی دەرەوە کرد. هەڵوێستمان ڕاست بوو، ئەمجارە پێویستبوو بێ ئەوەی کات بەفیڕۆ بدرێت ئەنجامبدرێت. بیرمان لە هێنانە ژوورەوەی دەمانچەیەک دەکردەوە. دەمانتوانی لە زۆرشت دا بەکاری بهێنین. ئەم پێشنیازەش پێشکەش کرابوو. بەڵام هەڤاڵان لە ئاسنی قەرەوێڵەکان شیشان لێکردەوە. (مەتۆ)، (مەمۆ) و (دائیمی) و ئەوان بە شیشەوە خەریک بوون. کاتێک هەموو بەندکراوان

دەچوونە حەوشە، ئەوان شیشەکانیان لە چیمەنتۆ و بەردەکان دەساوی و تیژیان دەکرد. یەکێکیان نیشاندام، وەک شمشێر وابوو، قەمە لەپاڵ شیشەکەی ئەوان هیچ نەبوو؛ ئەوەندە تیژیان کردبوو. ئەمجۆرە ئامادەکارییانە و هەڵوێست وەرگرتنانە، لەناو زینداندا هێز و ورەی پێدەداین، هۆشیاری دەکردین. زیندان بەرەیەکی دیکەی شەڕ و تێکۆشان بوو. درێژەدان بە شەڕ و تێکۆشان لەوێ، خۆپڕچەککردن هەرچەندە ئامرازێکی زۆر سنووردارێشت لەبەردەستدا بێت، رۆحی شۆڕشگێڕانەی مەزنتر دەکرد. ئەگەرنا بەشێوازی تر ژیان ناکرێت. دووژمن بەهەر شێوەیەک بێت هەوڵ دەدات زاڵ بێت بەسەر ژیانتدا و کۆتایی بە شەڕ و تێکۆشانت بهێنێت. هەرچییەک پێویست بێت بۆ بێ کاریگەرکردن داماڵینت لە هەموو جۆرە چەک و مەترسییەک، درێخی ناکات. هاوکات هەر پەلامار و هێزێکی دژبەر هەوڵی بدایە ژیان رابووەستێنێت، لەگەڵ خۆیدا هەڵایساندنی هێزی ئیرادە و بڕواشی بونیاد دەنا.

بێ ئۆقرە لە چاوەڕوانی دابووم. هەڤاڵان بەدوای هەلێکی شیاودا دەگەڕان. (HK)ییەکانیش نەیاندەهێشت کابرا بەتەنیا بێت. ئەوانیش گرژ بوون. پاراستن و خاوەندارێکردن لە بکوژ، تەوەرەیەکی باس و خواسەکانی ناوخۆشیان بوو. هەڤاڵان دوو سێ جار ئاگادارییان پێدابوون کە لەقاوشەکەی خۆیان راینەگرن و پێیان گووتبوون: "با لەم بەشەدا نەمێنێتەوە". ئەم ئاگادارکردنەوەیە بە واتا بوو، بەڵام ئەوان نەیاندەویست تێبگەن. شەوێکیان (حەسەن ئایدین) کە دەچێت بۆ سەراو، هەڤاڵان دەست بە لێدانی دەکەن. بە دەنگی قیڕە و هاواریان تێگەیشتم. ئەوانەی لەلام بوون ئاگایان لە هیچ نەبوو، ترس دایگرتبوون. وایان زانیبوو ئەشکەنجە و فەلاقە هەیە. پێمگووتن: "هێوربن، هیچ لەگۆڕی نییە". بەگشتی لەبەرامبەر ئەشکەنجە هۆشمەندییەک لە ئارادابوو، لەگەڵ

بچووکترین هێرش، دروشممان هەڵدەدا و دەمانکێشا بە دەرگەکاندا. ئەگەر ئێستا شتێکی وەها بکرێت دووژمن لە بابەتەکە بەئاگا دەهێندرایەوە. گەرچی لەناوەوە سەرباز هەبوون، بەڵام ژمارەیان کەم بوو. ئەستەم بوو بتوانن هەڤاڵان دەستنیشان بکەن. هەڵبەتە هەڤاڵان پێشتر ئامادەکاری دەکەن. لە یەککاتدا هەڤاڵان پێکەوە داوا دەکەن ببرێنە سەراو. لەکاتێکدا سەرباز خەریکی دەرگەیە، هەڤاڵان دەست بە لێدانی (حەسەن) دەکەن. سەرەڕای ئەوەی لە حەوت شوێنییەوە شیشی لێدرابوو، کابرا رزگاری بوو. بەباشی لەبیرمە؛ ئەوکاتە گووتمان: "بێ نامووسە، دەڵێی حەوت رۆحە". گەیەندرایە نەخۆشخانە و پاشان لەوێ بەریاندا.

دووژمن دەیزانی چۆن کەسانی خۆی بپارێزێت. هەڵبەتە لەگەڵ ئەم رووداوە گرژییەک ناو زیندانی گرتەوە. لەلایەک ئیدارە شڵەژا و دەستبەجێ دەستیان بە پشکنین کرد، لەلایەکی تریشەوە نزیکبوون و هەڵوێستی (HK)و گرووپەکانی تر سەمەرە و بێ واتا بوون. هەوڵیاندەدا درێژە بەو بلۆکی سۆسیال شۆڤێنییە و نکۆڵیکارییە بدەن کە لەدەرەوە لەدژی ئێمە پێکیان هێنابوو. بناخەی هاوپەیمانێتی، دۆستایەتی و هاوچالاکگەرییان دیار نەبوو کە لەسەر کامە پرەنسیپ و بنەما. هەڵسەنگاندنی سادە و ساکاری وەک "ناکۆکی نێوان شۆڕشگێڕەکان" زوو دەهاتە گۆڕێ. (HK)بەیاننامەیەکی بڵاو کردەوە. ئێمەش بەیاننامەیەکمان هەبوو. تیایدا ئاشکرامان کردبوو کە (حەسەن ئایدین) سیخوڕ و گێرەشێوێنە و بکوژی شۆڕشگێڕەکانە. بانگەوازیشمان لە گرووپە چەپرەوەکانی تر کرد کە هەڵوێست وەربگرن. لە هەمانکاتدا (HK)مان سەبارەت بە پێویستی ناسینی سیخوڕ و گێرەشێوێنەکانی ناو خۆیان ئاگادار کردەوە.

گۆڕینەوەی نووسراو و چاوپێکەوتن دەستی پێکردەوە. هەندێک لەگرووپەکان ئەمەیان دەکردە بەهانە و هانی دروست بوونی بلۆکیان دەدا، رەخنەی هاوبەشیان دەخستەڕوو. گرووپەکانی تری وەک رزگاری، کاوە و هاوشێوەکانیان زیاتر بە حاڵ و حیساب دەجوڵانەوە. (محەمەد یڵدرم) ئەم چالاکییەی لە ئەستۆ گرت. بانگهێشتی دادگا کرا و ئیفادەیان لێوەرگرت. (محەمەد) گووتبووی کە لە دێرسیم (حەسەن ئایدین)ی ناسیوە، خوێنتاڵ بووە لەلای، کەسێکی گێرەشێوێن و دنەدەر بووە. لەدادگادا نەیهێشتبوو رووداوەکە بەباری سیاسییدا ببردرێت.

(عەتیە) خۆی بە دڵگەرمترین نوێنەری نارەحەتییەکان دەزانی. لەسەر ئەم رووداوە لەنێوانماندا قسە و باسێکی توند هاتە ئاراوە. رۆڵی هەبوو لە بڕیارەکانی گرووپەکەیدا و دەیوست بەکاریگەر بێت. دەم و زارێکی زۆر سەیری هەبوو، هاوکات کادیری ئەنکەرە[57] بوو، هەربۆیە قسەی دەڕۆیشت، هەروەها رەواڵەتێکی بە حیساب و سەمەرەی هەبوو. بەردەوام گومانی دروست دەکرد. کەسایەتی، شێوازی ژیانی، پەیوەندییەکانی لەگەڵ کەسانی دەرەوەی گرووپەکەیدا، پەیوەندی لەگەڵ ئیدارە بەگشتی، راستییەکانی خودی خۆی دەدا بەدەستەوە. بەڵام زۆر بە حاڵ و حیسابە، فێڵبازە و نەیدەویست خۆی ئاشکرا بکات. لەگەڵ ئەو کەسانەدا کە دەهاتنە سەردانی لە ئیدارە دادەنیشت. ناوبەناو دەیانبرد بۆ دادگا. لەکاتێکدا کەسانێکی تری هەمان گرووپیش هەبوون، کەچی ئەویان بەتەنیا دەبرد بۆ دادگا. زۆر نەوسن و چڵێس بوو و خوانێکی جیاوازی هەبوو. گوایا کادیری رێکخستنە، بەڵام لەگەڵ ئەوانەی ناوخۆشیاندا مامەڵەی جیا و پلەبەندی

[57] لەناو ئەو گرووپانەدا کادیرێک لە ئەنکەرە کاری کردبێت یان ناوی هەبێت، شوێنی جیاواز بووە.

دەکرد. بەچاوێکی تر لەخۆی دەڕوانی و بە شیر، هەنگوین، هێلکە و پەنیر بەخێو دەکرا. نانیشی نەدەخوارد، لەجیاتی نان بسکیتی دەخوارد، هێندە تایبەت بوو! (حسێن یڵدرم) جارێکیان لەدەمی دەرچوو گووتی : "(عەتیە) کەسێکی چۆنە؟ ئەو کچە ناچێتە بەردەم دادوەر. لەگەڵ داواکاری گشتی دانیشتووە. پرسیار و لێکۆڵینەوەی لێدەکەم. کەسێکی جێی گومانە". ڕاست بوو و دەیزانی چی دەکات و لەگەڵ کێ و بۆچی چاوپێکەوتن دەکات. ئاسایی بوو ئەو بەم دۆخە بزانێت و لەلای ئاشکرابێت، سەرسامی نەدەکردم، بەڵام دیسان ناچاربووم بڵێم "هەڵبەتە دەتوانن لێی بکۆڵنەوە".

(عەتیە) لەلای (سەڤیم) خۆشەویست نەبوو. (ئەلیف)یش شتێکی وەهای پێ نەدەدا، لەگەڵ منیش نێوانی نەبوو و رقی هەڵسابوو. ئاستی پەیوەندیم لەگەڵ هەڤاڵان ئەوی نیگەران کردبوو، شێوەی کەسایەتی ژنێکی بیرۆکراتی هەلپەرست و خۆپەرست، چاوچنۆک، دوور لە جەوهەری شۆڕشگێڕی، لەناوخۆیدا زۆر بە حاڵ و حیساب و روودار بوو. چاوەڕوانییەکی ئەرێنی لەلای کەس دروست نەدەکرد و هەمووانی لەخۆی دوور دەخستەوە. پەیوەندییەکانی سیستەمی سەرمایەداری بە زمان، دەم و کەسێتیی (عەتیە)وە دیاربوو. لەم بوارەدا منیش هەندێک لایەنی توندم هەیە، زوو زوو ناگونجێم، ئەگەر لایەنێکی سەرنجڕاکێش، تایبەتمەندییەکی شۆڕشگێڕ و سۆسیالیستانە بەدی بکەم، ئاکار و خواست و گەرمی هەبووایە، ڕێزم لێدەگرت و لێی نزیکتر دەبوومەوە. هەنگاوێکی بنایە، من دە هەنگاوم دەنا. نەخێر، (عەتیە) وەک بێگانەیەک بوو: دوور، خۆویست و خۆپەرست بوو. تا رادەیەک (ئەلیف) دیارە، لایەنێکی پەنهانی نییە و نەماوە، بەڵام (عەتیە) پەنهان بوو. کاریگەری لەسەر هەڤالانی خۆیشی دەکرد.

وایلێدەکردن لەبەرامبەر بە ئێمە هەڵوێستی نەرێنی بگرنەبەر. ئەی باشە لەسەر کام بنەما؟ کامە بەرژەوەندی گرووپ، یاخود ئامانجی شۆڕشگێڕی؟ کەواتە دەیەویست چی بکات؟ دیسان هەتا بکرایە هەوڵماندەدا خاڵێکی هاوبەش پەیدابکەین، لەبەرەیەکدا لەدژی دووژمن سەنگەر بگرین – واتا بەشێوەیەکی بابەتیانە لەلایەن خۆمانەوە هەوڵماندەدا هەلومەرجی دروستکردنی یەک بەرەی دژ بە دووژمن بونیادبنێین. هەڤاڵان لەم بابەتەدا بەردەوام رەخنەیان لە هەڵوێستی (توند)ی من دەگرت. منیش رەخنەم لەوان دەگرت کە دەرک بە کەسایەتی و هەڵوێستەکانی لایەنانی بەرامبەر ناکەن، بەمجۆرە دەمانویست هاوسەنگییەک لەنێوانماندا دروست بکەین.

(مەحمود ئاکتاش) بە تاوانی تەقەکردن لە رۆژنامەنووسێکی سەر بە (PDA) دەستگیرکرابوو. خوێن بەری چاوی گرتبوو، لەلایەکی تریشەوە لەبەر ئەوەی لەژێر لێپرسینەوەدا بۆ ماوەیەکی درێژخایەن سەرەوخوار هەڵواسرابوو، بەردەوام ژانەسەری هەبوو. ئەو رۆژنامەنووسەی تەقەی لێکرابوو (عادل توران)ە، بە برینداری رزگاری ببوو. واتا چالاکییەکەی سەرکەوتوو نەبوو. (مەحمود) خەڵکی شاری سەمسورە، لەو هەڤاڵانەیە کە دوای دەستگیرکرانی ئێمە، رەوانەی شوێنەکەی ئێمە کرابوو. چاوەڕوانییەکی زۆرمان هەبوو چالاکی بکرێت، بەتایبەتیش هەر چالاکییەک لەبەرامبەر پۆلیسە ئەشکەنجەکارەکان کاریگەرییەکی زۆری دەبوو.

(حەیدەر کاراسونگیور) بە کۆمەڵێک بەیاننامەوە دەستگیرکرابوو. دەستەی بەیاننامەکان لەناو پاسەکەدا دەگیرێ و هێناویانە بەسەریدا، بەڵام ئەو پەسندی نەکردووە. واتا دانی بە کارەکەیدا نەنابوو. بۆیە تا دەچوو دەستگیرکراوەکان هەڵوێستی

پەوتریان دەبوو. لەژێر لێپرسینەوەکانیشدا بەرخودانیان کرد و زیانێکی ئەوتۆیان لێ نەدەکەوتەوە. بەڵام (حەیدەر) رۆژ لە دوای رۆژ وشک دەبوو، نەخۆش بوو. بەشێوەیەکی زۆر بەرچاو لاواز و لاغر دەبوو. بردبوویان بۆلای پزیشک، هەڤالان سەبارەت بە ئەنجامی توێژینەوەکان نەیاندەویست هیچ بدرکێنن، پێشتریش گەلێک هەڤاڵ لەژێر ئەشکەنجەدا میزیان بە خوێناو بوو، وامزانی هەر لەبەر هۆکارێکی وەهایە کە راستی نەخۆشییەکەی (حەیدەر)م لێ دەشارنەوە.

(حەیدەر)یان زۆر نەهێشتەوە، بە بڕیارێکی کتوپڕ بەریاندا. لە پاش ماوەیەک پێمزانی کە تووشی نەخۆشی سیل بووە، بەشێکی گەورەی سییەکانی کیم و کیسی کردووە. واتا رەوشی مەترسیداربوو. راپۆرتی پزیشک رۆڵی سەرەکی هەبووە لە بەردرانەکەیدا. لەلایەک شادبووم بە سەربەستبوونەکەی و لەلایەکیش خەمبار بە نەخۆشییەکەی. ئەگەر هەل و دەرفەتی چارەسەری هەبێت، چاک دەبووە، ئەم ئەگەرەش وەک دڵنەواییەک بوو.

لەلایەکەی تریمان دەکۆڵییەوە، بەڵام بەهەرشێوەیەک بێت مرۆڤ لە زینداندا گومانکار دەبوو؛ تۆبڵێی دووژمن بەهۆی مامۆستا (محەمەد)[58] ەوە، بەریدابێت؟ بە مەبەستی پەیداکردنی شوێنپێی مامۆستا؟ ئەگەرێکی لە هەزاران یەکە کە بەبیری مرۆڤدا دێت. (حەیدەر) هەڤاڵێکی بەهادار بوو. لەگەڵ (محەمەد کاراسونگیور) هەم تایبەتمەندی هاوشێوەیان زۆر بوو و هەم

[58] - محەمەد کاراسونگیور لە 2ی ئایاری 1983دا وەکو ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی (PKK) و لێپرسراوی کۆمیتەی سەربازی، بە ئامانجی رێگریکردن لە شەڕی براکوژی لەنێوان حزبی شیوعی و یەکێتی نیشتمانی دا لەیەکێک لە کەمپەکانی حزبی شیوعی لە قەندیل لەلایەن هێزێکی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانەوە هاوڕێ لەگەڵ هەڤاڵێکی تردا بەناوی ئیبراهیم بیلگەن شەهید دەکرێن.

لایەنی جیاکەرەوەیان. (مامۆستا) شێوەیەکی توندی هەبوو، بەڵام دڵشکێن نەبوو. (حەیدەر) کەسێکی وشک و توند نەبوو، دڵنزم، هێمن، سرووشتیانە بوو، بەڵام سەرنج راکێش و وەکو رووبارێکی ئارام بوو..

لەناو ئەو کەلوپەلانەی لەدەرەوە بۆم هاتبوو پێڵاوی پاژنە بەرز و نەعلێکی پاپوجیانەش هەبوو. پاژنەکانیان ئەوەندەی بستێک ئەستوور بوو، نەعلەکانیش مۆدێل بوو. هەڤاڵان پێیان گووتم کە جێ چەسپی پاژنەکان هەڵکەنم. لەڕاستیدا ئەم جۆرە نەعل و پێڵاوانە سووکەڵە بوون، بەڵام ئەوانەی گەیشتنە دەستم قورس بوون. پارچەکانی دەمانچەیان تیا بەجێ کردووە. پێشتر پێمگووترابوو کە برێک کەلوپەلم بۆ دێن، گووتبوویان: "داوای هەندێک شتمان کردووە، با بزانین دەینێرن". (حاملی) و (حسێن) باسیان لەوە کرد کە لە بەشەکەی تر هەوڵێکی راکردن تاقیدەکەنەوە. دەنگۆی ئەوە لە ئارادابوو کە: "ئەو هەڤاڵانەی بە تاوانی قورس دادگایی و سزا دەدرێن جیا دەکرێنەوە". تەلبەند نزیکبوو، ئەگەر بێتوو چەند مەترێک هەڵبکۆڵدرێت تەواوە، بەڵام کات گرنگە. دەشکرا تەلەکە بپسێندرێ. مشاریشیان هێنابوو. دەکرا شیشی پەنجەرەکانیش ببڕنەوە. شیاوترین رێگە تاقیدەکرێتەوە. ئەمەش دڵخۆشی کردبووم. لەلایەکی ترەوە هەموو پارچەکانی دەمانچەکەیان نەناردبوو، چاوەڕێی ئەوانی تر بووم. جارێک دووجار لەسەر یەک پێلاو و نەعل بهێندرێت سەرنج رادەکێشێت. هەر شتێک بۆ هەڤاڵانی پیاو بهاتا، ئەمدیواو دیو زۆر بە وردەکارییەوە پشکنینی بۆ دەکرا. تەنانەت تەماشای ناوەوەی هەموو کەلوپەلێکیان دەکرا، جا بە هەڵدڕین بووایە یان بە کردنەوە و ..هتد. پێویستە لەسەرمان پارچە هاتووەکان زۆر بە چاکی هەڵگرین. هەموو هەفتەی جارێک و جاروبار رۆژانی تریش

پشكنینی گشتی دەكرا، تەنانەت كاتێك هەڤاڵان دەچوونە حەوشە، پشكنین دەكرا. پشكنینێكی ورد لەسەر ئێمەش دەكرا، رازی نەدەبووین بەوەی سەربازەكان ئەم پشكنینە بكەن، بۆیە لە رۆژانی پشكنیندا پۆلیسی ژنیان دەهێنا. پۆلیسە ژنەكان زیاتر جلوبەرگیان دەپشكنی، سەربازەكانیش بەگشتی لە قاوشەكەیان دەڕوانی. پشكنینەكان بە وردی دەكران. لێكۆڵینەوەیان لە بوون و نەبوونی شوێنی هەڵكۆڵراو و هەروەها حەشارگەی كەلوپەل دەكرد. تەنانەت دۆشەكەكانیشیان والادەكردەوە و بەدوای شتی قەدەخەكراودا دەگەڕان. لەم بوارەدا دووژمن هەر جارەو فێری رێباز و شێوازی نوێ دەبوو.

پێشنیازی پلانێكی نوێم كردبوو؛ لە نەخۆشخانە دەرفەتی راكردن زیاتر بوو. لە نەخۆشخانەی سەربازی زەحمەتە، بەلام بۆی هەبوو رەوانەی نەخۆشخانەی گشتیشمان بكەن. پێشتر هەندێك كەس بۆ نەخۆشخانەی گشتی گوازرابوونەوە. بە ئیدارەم گووتبوو كە پێویستە بچمە بەشی ژنەكۆلۆژی[59]. نەخۆشخانەی سەربازی ئەم بەشەی نەبوو، بۆیە ئەم داوایەم خستەڕوو. لە بەشی كاروباری كۆمەڵایەتی خۆم تۆمار كرد. هەواڵ بە هەڤالان گەیەندرا و سەبارەت بە رۆژی نەخۆشخانەش شیمانەیەكمان پێڕاگەیاندن. هەڤالانی دەرەوەش ئامادەیی خۆیانیان دەربڕی بوو. لەملاشەوە بەگاڵتەوە بە (حاملی) ئەوانم دەگووت" بەر لە ئێوە لە دەرەوە دەبم". ئەوەندە بە مسۆگەرییەوە دەمڕوانی.

نەخۆشخانە قەرەباڵغ بوو، هۆڵی چاوەڕێكردن و ژووری پزیشكیش بە هەمان شێوە. منیش لەناو ئەو قەرەباڵغییە دام. چەند سەرباز و ئەفسەرێكمان لەگەڵ بوو. وەک ژنێكی ئاسایی چاویان لێدەكردم، بۆیە گریمانەی كردەیەكی تریان لێنەدەكردم.

---

[59] - بەشی تایبەت بە نەخۆشییەكانی ژنان.

قەرەباڵغییەکەی دەوروبەر زیاتر سەرنجی رادەکێشان. لەو قەرەباڵغییەدا راکردن ئاسان بوو. رێکەوت و کاتەکەمان بە هەڤالان گەیاندبوو. لەم خاڵەدا کەموکورتی نەدەهاتە پێش. ماڵئاوایم لەو هەڤالانەش کردبوو کە ئاگاداربوون. ئەفسەرەکە سەرقاڵی پێداویستییە فەرمییەکانی نەخۆشخانە بوو. دەستم لە پێشەوە کەلەپچەکرابوو بۆیە سەرنجی رادەکێشا. سەربازەکان گرژ و سام دایگرتبوون. ئەو شوێنەی تیایدا لە چاوەڕوانیدا بووین قەرەباڵغ بوو، بەردەوام چاوم بۆ هەڤالان دەگێڕا. لە دڵی خۆمدا دەمگووت: "دەی، ئێستاکە کاتی خۆیەتی". کەلەپچەکان توند بوون، بە سەربازەکەم گووت و تۆزێک بۆی شلکردمەوە. کاتێک کە دەچوومە لای پزیشک دەیانکردەوە. ئێستاش باشە، لە هەر بارێکدا دەمتوانی دەستم دەربهێنم. بە دزییەوە تاقیم کردەوە، دەردەکەوت. دڵم بەخێرایی لێیدەدا. دەی با نەگبەتییەکی تر نەیەتە رێ. وابۆی دەچووم کە حەتمەن پزیشک، پەرستار یاخود کارمەندێکی ناسیاو هەیە و کەڵکیان لێ وەردەگرم. ئەفسەر گووتی: "پزیشک نییە، نەهاتووە. پزیشکی تر دەبێت؟" بۆ قۆستنەوەی هەل و کاتی زیاتر پێمگووت: "لەخۆیان پرسیار بکەن، پزیشکێکی تر هەیە بچین بۆ لای؟" کات دەگوزەرێت، بەڵام هێشتا کەس بەدیار نەکەوت. بە هەڵە تێگەیشتنێک لە ئارادابوو؟ ئەفسەرەکە گووتی: "لە بازاڕ پزیشکی تایبەت هەیە دەتوانین بیبەین بۆ ئەوێ". دڵخۆشبووم. بازاڕ قەرەباڵغ بوو و شارەزابووم. شوێنی (د. ئایسەل داغدەڤیرەن)، لە تەنیشت گەراجی خۆزاتە. مادام لێرە نەبوو، دەکرا لەوێ تاقی بکرێتەوە. ئەگەر کەسیش نەیەت دەتوانم خۆم لە قەرەباڵغییەکە بدەم و رابکەم. هەڤالان ئەگەر بێن، پێمدەزانن و دێن بۆ ئەوێش. لەو ساتەوەختەدا خەیاڵم بۆ هەموو شتێک دەچوو.

سەرقاڵکردنەکە (5 – 10) خولەکی خایاند. بەجێبێک چووین بۆ ناو بازاڕ. هەر چۆن دابەزین، خەڵکی ناو چایخانەکە بە یەکجار ئاوڕیان دایەوە و تەماشایان دەکردین. ناسیاویشیان لەنێودا بوو. ئەفسەرەکە بەم دیمەنە نیگەران بوو. بە نیوە و ناچڵییەکەوە گووتی" ئەرێ هاتین بۆ کوێ؟" دوو ئینزیبات لەو دەورەبوون، هەردووکیانی بانگکرد، دیاربوو دەترسا. بە پلیکانەکاندا سەرکەوتین، ئەویش قەرەباڵغە. سکرتێرەکە گووتی "گەورەم دەبێت چاوەڕێ بکەن" کابرای ئەفسەر دەستبەجێ گرژی دایگرت. کەسانێکیش لە هاتوچۆدا بوون. گەنجێک تەماشایەکی کرد و تێپەڕبوو. لەدڵی خۆمدا گووتم" تەواوە، ئەمجارەیان سەردەگرێت" چەندین خولەک گوزەری، چوومە لای پزیشک، دوای تویژینەوە، داواملێکرد سەبارەت بە هاتنەوەم بۆ جارێکی تر شتی پێویست بنووسێت و پێمگووت: "ئەوانە سەربازن تێناگەن، لەسەر کاغەزی تەندروستی بینووسن" ژنەکە بە بزەیەکەوە گووتی:"باشە.." داودەرمانی بۆ نووسیم، بەڕاستی نەخۆشیم هەبووە، بە رێکەوتیش بێت مایەی باوەڕپێکردن بووم. پاشان هاتینەوە خوارەوە.

لەکاتی هاتنە خوارەوە لەسەر پلیکانەکان هێواشم کردنەوە، لە دواین پلیکاندا بە ئەسپایی دەستێکم لە کەلەپچەکە دەرهێنا و بۆ ئەوەی پێم نەزانن بە دەستەکەی ترم شاردمەوە. ئەفسەرەکە راوەستا و فەرمانی بڵاوکردنەوەی قەرەباڵغییەکەی بەردەرگەی دا. جێبەکەشی بە تەواوی هێنایە بەر دەرگەکە. ئینزیباتەکانیش لە بەردەممدا بوون، رابکەم دەستبەجێ دەمگرن. بۆ ئەوەی دەرفەتەکانی ئایندەش نەخەمە مەترسییەوە، پاشگەز بوومەوە. مۆڕاڵم تێکچوو بوو، ئەی خوایە لەکوێ بوون؟ تەماشایەکی دەوروبەرم کرد. ئاگادارکرامەوە کە دەستبەجێ سواری جێبەکە

ببم و کەوتینە ڕێ. چەند خولەکێکی بەسەردا نەچوو، لە کۆلانەکەی بەرامبەرەوە (بیلگە) و دوو هەڤاڵی تر بە خێرایی بەرەو ئەو شوێنە چوون کە لێی دەهاتینەوە. (بیلگە) سپی رەنگ و روومەتەکانیشی سوور هەڵگەرابوون! هێندە نەمابوو پڕ بەدڵ هاوار بکەم و بڵێم: "لێرەم". بەزۆر خۆم گرت. بریا هەر نەمدیبان، چونکە بینینیان زۆر خەمباری کردم. زۆر سەیرم بەسەرهاتبوو، وەک ئەوەی خوێنم راوەستا بێت. کاتێک گەیشتینە زیندان و لە جێبەکە دابەزین، هەمووان بە مەراقەوە سەیریان دەکرد. (حاملی) و ئەوان وەک نەفرەت بکەن لەو بێ چانسییەی تێیکەوتبووم، تەماشایان کردم و دەستیان کردەوە بە رایەڵکەکردن. پاشان لە لاواچی دەرگەکەوە بۆم باسکردن، ئەوانیش پێی نیگەران بوون. دەیانگووت: "بێ بەختییە. دەی جارێکی تر تاقی دەکەیتەوە، خەم مەخۆ" و دڵنەواییان دەکردم.

دواتر زانیمان کە لەکاتی دیاریکراودا هاتوون، تاوەکو چووینەتە ناوبازاڕ کات تێپەڕبووە و پاش چەند خولەکێک زانیویانە لەوێ دەرکەوتووین. بەڕاستیش ئەم ناهەمووارییە زۆر کاری تێکردم.

کارەکەی تریش بەڕێوە نەدەچوو. هێشتا پارچەکانی تری دەمانچەکە نەهاتبوون. پێشنیازەکەمان سەبارەت بە (شاهین) دووبارە کردەوە. ئەمجار رەخنەکانیشمان پێ راگەیاندن. ئەوەمان خستەڕوو کە؛ بۆ ماوەی (5 – 6) مانگە چاوەڕێی هەڵوێستی پارتیمانین لەبەرامبەر بە (شاهین) و پێشنیازی سزادانیمان دووپات کردەوە.

## یەکەم ڕاگواستن

بەردەوام هەلومەرجەکانی ژیان، سیاسەت و بەرنامەی هێرشەکانی دووژمنمان تاووتوێ دەکرد. گرووپەکانی تر بە پێشنیازی جیاجیاوە دەهاتنە مەیدانەوە. ئێمەش ئامادەکاریمان هەبوو و هەندێک گرووپیش هەبوون پشتیوانیان لە پێشنیازەکانی ئێمە دەکرد. لەو نێوەدا (شاهین) نەبوونی پاراستنی گیانی هێنایە ئاراوە و گوازرایەوە بۆ زیندانی سەربازی. دیارە ڕووداوەکەی (حەسەن ئایدین) ترساندبووی.

ناڕەزایی خۆمان لەبەرامبەر سەرلەنوێ لێپرسینەوەی بەندکراوان نیشان دەدا. ڕێگریمان لە بردنی ئەو بەندکراوانە دەکرد کە بۆ لێپرسینەوەیان دەبردن، هاوکات بە ئاگادارکردنەوە و داوانامەی ناڕەزایی دەربڕین هەڵوێستی هاوبەشمان نیشان دەدا. دیسان بەزۆر دەیانبردن. لەگەڵ دەستگیرکردنی کەسانی نوێ و لە چوارچێوەی ئیفادەکانیاندا، دووبارە بەندکراوان دەخرانەوە بەر لێپرسینەوە، یاخود ئەگەر هەر بەندکراوێک ئیفادەیەکی نوێی هەبووایە، ئەوا لەگەڵ کەسی تازە دەستگیرکراودا ڕووبەڕوویان دەکردنەوە. بەمجۆرە زیندان ببوو بە پارچەیەک لە خانەی لێپرسینەوە.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئێمە هێدی هێدی ئامادەکارییمان بۆ دانیشتنەکانی دادگا دەکرد. بۆ ئەمەش لە هەوڵی ڕەخساندنی هەلومەرجی پێویستدا بووین. داواکاری سەرەکیمان؛ هەڵگرتنی سەرلەنوێ لێپرسینەوە بوو، کردنەوەی دادگاکان و هێنانی ئامرازی پێویست بۆ ئامادەکردنی بەرگری پاراستنی یاسایی،

پێدانی هەر شتێک کە لەلایەن کەسوکارەوە دەهێندرێت، پێدانی پەرتووک و .. هتد.

بۆ گەیاندنی داواکارییەکانمان خۆمان بۆ چالاکی ئامادە دەکرد. نووسراوی هەڵسەنگاندن و داواکارییەکانمان پیشانی گرووپەکانی تریش دا، هاوکات نووسراوێکی تایبەتیشمان بۆ پێکهاتەی هەڤالانی خۆشمان ئامادەکردبوو. لەم نووسراوەدا پرسیاری؛ زیندان چییە؟ ئامانج و پیلانەکانی دووژمن چین؟ لەبەرامبەر بەمانەشدا پێویست بە چۆن هەڵوێستێکی شۆڕشگێڕی هەیە، ئامانجی سیاسیمان لە زیندان چییە...هتد خرابووە ڕوو. بۆ ئەوەی نەکەوێتە دەستی دووژمنەوە؛ تەنیا یەک دانەمان نووسی و هەڤالان یەک بە یەک خوێندیانەوە دەستاودەست تا گەیشتەوە بە خۆم. ئەو ڕۆژە سەرەی خۆشوشتنمان بوو. نووسراوەکەم لەناو رادیۆکەدا لە شوێنی پیلەکانی شاردبووەوە، هەرگیز لە هیچ پشکنینێکدا تەماشای ئەو شوێنە نەکرابوو. کاتێک لە قاوشەکە هاتمە دەرەوە، لەسەر پرسیاری هەڤالان، پێمگووتن کە لە جێگەی پیلی رادیۆکەدا شاردومەتەوە و شوێنەکەشی سالمە. بەڵام کە گەڕامەوە نووسراوەکە لە جێگەی خۆی نەمابوو. زۆر سەیربوو. هەر چوارمان پێکەوە چووبووین بۆ گەرماو. ئەگەرچی لە گەڕانەوەدا تاوێک لە حەوشە راوەستاین، (عەتیە) و (ئەلیف) رانەوەستان و چوونە ژوورەوە، بەڵام چۆن دەبێت؟ پشکنینێکی نهێنی بوو و دیاربوو تەنیا بۆ ئەو نووسراوە قاوشەکەیان پشکنی بوو. پێشتر چەندین جار نووسراوی جۆربەجۆرم لەوێدا شاردبووەوە. رۆژێک پێشتر (عەتیە) چووبوو بۆ دادگا. دەمزانی کە بۆ ماوەیەکی زۆر درێژخایەن لە ئیدارەش راگیرابوو. تۆبڵێی ئەو ئێمەی بە دەستەوە نەدابێت؟ (ئەلیف) بوو؟ ئەی کێ؟ لە هەلێکدا بە (حسێن) و ئەوانم گووت. تۆبڵێی لەو هەلەدا بەر گوێی

کەسێکی تر کەوتبێت؟ دۆخێکی مەترسیدار بوو و پێویستی بە چارەسەرکردن بوو. هەڤاڵانی تریش کاریان لەسەر دەکرد، بەڵام بە هیچ ئەنجامێک نەگەیشتین. من گومانم لە (عەتیە) بوو.

ئیتر نووسراوەکە کەوتبووە دەستی دووژمنەوە. پێویستبوو دەستبەجێ چالاکی مانگرتن دەستپێبکات. چونکە دووژمن دەیتوانی ڕێوشوێنی تریش بگرێتە بەر. سەبارەت بە ماوەی مانگرتنەکە هێشتا بڕیارێکی ڕوون و هاوبەشمان نەبوو. ئێمە پێشنیازی هەفتەیەک، هەندێکیان سێ ڕۆژ و هەندێکی تریشی پێشنیازی پێنج ڕۆژیان دەکرد. سەرەنجام لەسەر پێنج ڕۆژ ڕێککەوتین و بڕیارماندا. لە داوانامەکەماندا تەنیا ئاماژەمان بەوە کردبوو کە مانگرتنەکە تا بەجێهێنانی داواکانمان بەردەوام دەبێت. هەندێک گرووپ دوو سێ ڕۆژ مانیان دەگرت، ئەمەش ئێمەی پەیوەندیدار نەدەکرد. نوێنەرانی قاوشەکان کە لە هەمانکاتدا نوێنەرایەتی گرووپەکانیش بوون، چاوپێکەوتنیان لەگەڵ ئیدارەی زیندان دەکرد. ئەم جارەشیان بەهەمان شێوەی رابردوو، ڕێکەوتی دەستپێکردنی مانگرتنەکە هاوکات کرا لەگەڵ ڕۆژی سەردانی کەسوکار. یەکەمین دانیشتنمان لەگەڵ سەردانیکاران پەسند کرد و ئامانجی مانگرتنەکەمان پێ ڕاگەیاندن، دوای ئەوە نەچووینەوە بۆ هۆڵی چاوپێکەوتن. ناوبەناو دروشممان دەگووتەوە، سەردانیکارانیش هاوبەشیان دەکرد. لە پەنجەرەکانەوە گووتارمان پێشکەشی سەردانیکاران دەکرد.

ئیدارە بەردەوام پڕووپاگەندەی بڵاو دەکردەوە و دەیانگووت: (PKK)*ییەکان هانتان دەدەن، گێرەشێوێنی دەکەن و سەرتان لێ دەشێوێنن و دەیانەوێت لێرەش زاڵ بن، ئێوەش دەکەونە تەڵەکانیانەوە. لە زینداندا چ گوشارێک کراوە؟ هەموو شتێک باشە، دەیانەوێت ئێرە تێکبدەن، دەیانەوێت پەیامی خۆیان بگەیەننە

دەرەوە. سەرکردەکانی ئەم پلانە دەناسین و دەزانین کێن". و باسیان لەوە دەکرد کە بەڵگەیان پێیە و بە هەموو شتێکیان زانیوە.

پێنجەم رۆژ و دوای پەسندکردنی داوا بنەڕەتییەکانمان، کۆتایی بە چالاکییەکە هێندرا. بەڵام رۆژی دواتر دەستبەجێ پلانی تریان بەسەردا سەپاندین. بانگهێشتیان کردم بۆ ئیدارە. لەگەڵ نوێنەری بەشەکە چووم. بێگومان ئەرکی نوێنەرایەتی بە (عەلی) درابوو. منیان برد بۆ ژووری بەڕێوەبەری زیندان کە ناوی (عەلی دومان) بوو. پلەی مقدم – بینباشی بوو. چەند ئەفسەرێکی تری پلەداریشی لێبوون و گووتیان: "بە فەرمانی فەرمانداریێتی سوپای هەرێم دەگوازرێیتەوە بۆ زیندانی مەدەنی". روون و ئاشکرا بوو. هەوەڵ جار حەپەسام و پاشان پرسیم: "بۆچی؟ بیانوویتان چییە؟ ئێمە وەک گرووپ لێرەین، پەڕاوی دۆزەکەمان یەکە و بەم نزیکانە دادگاییەکردن دەستپێدەکات. دەمەوێت هۆکارەکەی بزانم". دووبارەی کردەوە: "ئەوە پەیوەندی بە ئێمەوە نییە. فەرمان لە سەرەوە هاتووە، ئێمەش جێبەجێی دەکەین" و لە وەڵامدا بە تووڕەییەوە گووتم: "ئاوەها؟ ژنی دیکەش هەیە لێرە، خۆ بیانووی شوێنیشتان نییە. من دەمەوێت بیانووەکەتان بزانم. دەمەوێت نووسراوی فەرمانەکە ببینم. ئەگەر نووسراو نەبێت تاکە هەنگاوێکیش نانێم. زیندانی مەدەنی بەم دواییانە بۆتە شوێنی کۆمەڵکوژی، هەر شەوەو فاشیستەکان کەسێک دەکوژن. زۆر هەڤاڵی ناسیاویان لە شیش دا. بۆچی دەمنێرن بۆ شوێنێکی وەها؟ بۆ ئەوەی فاشیستەکان چالاکی بکەن؟ تازە هێرشیان کردە سەرمان و هەڤاڵێکیان لێ شەهید کردین، دەیانی تریان بریندار کرد. دیارە ئەمە چاوی تێر نەکردوون". قسەکانم توند بوون و دەنگم بەرز بوو، کاری تێکردبوون. ئامانجم دەرهێنانی شتی ژێر زاریان بوو. دەرکم پێکردبوو کە دوور دەخرێمەوە، نووسراوەکە

کەوتبووە دەستیانەوە و منیان بە سەردەستە دەزانی. ئەمەیان بەلاوە بەس بوو.

بە هەڕەشەیەکەوە: "زۆرمان بۆ مەهێنە، پەلکێشت دەکەین و دەتبەین". هەر کە گووتم: "ها.. هەڵبەتە چاوەڕێی ئەمەتان لێدەکرێت. نەخێر من ناچم" (عەلی دومان) تەقیەوە و گووتی: "زیندانەکە تێکەڵ و پێکەڵ بکە، پاشان بڵێ - من ناچم - ئێستاکەش ئامانجت هەر ئاژاوەیە. بێگومان ئەوانیش (بەندکراوان) ئامادەن، ژنێک وەها بکات پیاوەکان دەکەونە ژێر کاریگەرییەوە! هانیان دەدەیت. نووسراوەکە لە دەستمان دایە. دەزانین چۆن زیندانەکە بەڕێوە دەبەیت". تف و لیک لە دەمی دەردەپەڕی. هەڵمدایە و گووتم: "نووسراوی چی؟ زۆر نەزانانە تەڵەکەبازی دەکەن. لێرەدا هەموو کەسێک ئیرادەی هەیە. تەنیا کەسێک؛ هەموو شتێک نییە. ئەگەر لەلاتان وایە بە دوورخستنەوەم هەموو شتێک کۆتایی دێت، ئەوا خۆتان دەخەڵەتێنن".

قسەکانمان تا ماوەیەک درێژەی کێشا. باسیان لەوە دەکرد کە نووسراوەی فەرمانیان لەدەستدا نییە. چۆن پێمگووت: "تەڵەکەبازییەکانتان ئاشکرابووە" پڕی دایە تەلەفۆنەکە و پێی گووتن کە داوای بینینی نووسراوەی فەرمانم کردووە. چی وەڵامێکی وەرگرت نازانم، بەڵام هێور بووەوە و گووتی: "بڕوانە، ئەمە لەئێمە بەولاترە، زەحمەتیمان بۆ دروست مەکەن". منیش گووتم: "دەچمە لای هەڤاڵانم، کەلوپەلەکانم لە خوارەوەن". رازی بوون. وابیرم لێکردەوە کە ئەگەر بچمە خوارەوە هەم بۆچوونی هەڤاڵانیش وەردەگرم و هەم ئەگەر ئەوان رازی نەبن، دەشێت بڕیارەکە بگۆڕێت.

هەڤاڵان سەرەتا لایەنگری دوورخستنەوەم نەبوون، پاشان بیرلەوە کرایەوە کە پێدەچێت دووژمن ئەمە بکات بە بیانوویەک و

پەلاماری هەموو هەڤالان بدات. بیروبۆچوونی گرووپەکانی تریش هەر لەو چوارچێوەیەدا بوو. بەڵام هەڤالان بە ئەندێشە و دوودڵ بوون. زیندانی مەدەنی بەتەواوی لەژێر چەپۆکی فاشیستەکاندا بوو. ئیدارە بە سەرجەم کارمەندەکانییەوە لە کادیرە فاشیستەکان پێکهاتبوون. هەڤالان بەر لەوەی بچم پێیان گووتم: "وریا بە، پارێزەر و خانەوادەکان دەخەینە گەڕ و لەوێ دەرتدەهێنین". ئەم هەڵوێستەی هەڤالان کاری تێکردم. کەلوپەلەکانم هەڵگرت و دەرکەوتم. ئەگەرچی زیندانیش بێت، پێکەوە بوون واتادار بوو. لە پڕێکدا هەستی تەنیایی و بۆشاییەک بەسەرمدا زاڵبوو، دڵم پڕبوو. قەیناکا، ئەمەش شەڕ و تێکۆشانێکە. زرنگ و توندترم دەکات. ناچاربووم بەهێزبم. ژیان و هەبوون لە شەڕ و تێکۆشاندا و بەگژاچوونەوەی دووژمن جوانییەکی تایبەت بەخۆی هەیە.

مادام ئەوەندە بە مەترسیم دەزانن، منیش بەردەوام دەبم بە بەڵا بەسەریانەوە. لەگەڵ توندگرتنی مشتەکۆڵەکانم ئەم گووتە سوێندئاسایەم دەگووتەوە..

ئۆتۆمبێلەکەیان لەبەردەم دەروازەی سەربازگەکە راگرت. ئەفسەری لێپرسراو لە گواستنەوەم، لە ئۆتۆمبێلەکە دابەزی، پاش کەمێک بەکۆمەڵێک کاغەزەوە گەڕایەوە. دەچووین بۆ زیندانی مەدەنی. ئۆتۆمبێلەکە نیو کاتژمێر لەبەردەم دەرگەکەدا راگیرا و منیان دانەبەزاند. ئەفسەرەکەش کە لە ژوورەوە بوو، نەگەڕایەوە. بە سەربازەکەم گووت: "برۆن کێ ئەرکدارە پێی بڵێن دەمەوێت قسەی لەگەڵ بکەم". سەربازێک چوو، بەڵام ئەویش درەنگ گەڕایەوە. گووتی: "ئێستا فەرماندار دێت". کاتێک ئەفسەرەکە هات هۆکاری چاوەنوارییەکەم لێ پرسی و گووتم: "ئۆتۆمبێل تێکیدام، دەمەوێت دابەزم. جیالەوەش پێداویستیم هەیە، کات بەفیڕۆدان و خۆدزینەوە لە کار بەم ئەندازەیەش زیادڕەوییە. خەریکی چین،

ئامادەکاری مەراسیم دەکەن؟" و تووڕەیی خۆمم پیشاندان. لە وەڵامدا گووتی: "خاتوون، کاریان هەیە، ئەمە لە من بەولاترە. بەڕێوەبەر و داواکاری گشتی لەژوورەوەن. وەرتدەگرن. منیش نازانم چی روودەدات".

نزیکەی کاتژمێرێک بەمجۆرە تێپەڕی. کاتێک دایانبەزاندم سەربازەکان وەک دیوارێک ئەمسەر و ئەوسەر بە هەردوولا دا ریزیان گرتبوو. لەپشت سەربازەکانەوە کەسانی مەدەنی هەبوون کە لە بەندکراو دەچوون. لەوێکانەدا هەندێکیانم ناسییەوە. فاشیستەکانی زیندانەکەی تر بوون. ئەی باشە ئەوانە بۆچی لەو گۆڕەدان؟ بەنێوان هەردوو دیواری سەربازەکاندا بردمیان بۆ ژووری ئیدارە. کە چوومە ژوورەوە بەڕێوەبەر دەرگەکەی قفڵ دا. لەژوورەوە پاسەوانی ژنیش هەبوو. بەڕێوەبەر چووە لایەکەی تری مێزەکەوە و دەستی کرد بە تێکدان و هەڵدانەوەی کاغەزەکانی بەردەمی و گووتی: "بڕوانن؛ من کەسێکی بێ لایەنم، ئەرکی سەرشانم بەجێدێنم. تووڕە دەبن لەوەی درەنگ تۆیان هێناوەتە ژوورەوە، بەڵام تا ئێستا کێ بینیویەتی بەڕێوەبەرێک دەرگە لەسەر خۆی دابخات؟ من ناچارم خاتوون. پاراستنی گیانی بەندکراوان لە ئەستۆی من دایە. من ئێستا چی بکەم؟ لە پشتی ئەم کاغەزەشەوە نووسراوە - وریای ئەم بەندکراوە بن" لێرەدا بێ ئەوەی بەخۆی بزانێت زانیاری دەدا، کابرا بە دڵسافی و ناشارەزایانە شیرۆڤەی دەکرد. یەکێک لە ئیدارەکانی سەر بە کودەتا؛ منی بە مەترسیدار ناوزەد کردبوو. دەستەواژەیەکی وەهای بەکارهێناوە، ئەویش دەرکی بە نەبوونی پاراستنی خۆی دەکرد. راستە، لە زینداندا رۆژانە دوو سێ رووداوی کوشتن و بریندارکردن دەهاتە ئاراوە و فاشیستەکانیش لەو گۆڕە بە ئازادی خۆیان بادەدا. کاتێک بەو جۆرە دەرگەکەی دادەخست؛ گوایە منی

دەپاراست!. کابرا گرژی پێوە دیاربوو. هەستا و بەرەو پەنجەرەکە کەوتەڕێ، هەردوو دەستی لەپشتەوە کرد بە یەک و دەستی بە کفەکفی جگەرە کرد. پێیگووتم: "ئەگەر زۆر نەچنە حەوشەوە باشترە، واتا لە قاوشەکەتان دەرنەکەون".

: "بۆچی؟"

: "من بەڕێوەبەرێکم، ئەگەر بەندکراوەکان هەتا ژوورەکەی منیش بێن ...هتد"

بەڵێ؛ هەموو شتێک بەڕوونی دەرکی پێدەکرا. باشە، کابرا نیازپاک بوو، ئەمانەی پێدەگووتم. بەڵام بەرلەوەی بێم گەلێک شت هەبوون بەرگوێم کەوتبوون، هەموو ئەوانە لەلایەک و ئەوەی ئێستاش دەمبینین لەلایەکی تر. منیان بە ئەنقەست ناردبوو، تێگەیشتم. پاش ماوەیەک بەناو دوو دیوارە لە سەرباز چنراوەکەدا بردمیان بۆ قاوشی ژنان. بەهەڵەدا نەچووبووم ـ مەراسیم ـ یان بۆ ئامادەکردبووم. بەدەمرێوە بە شڵەژانەکەیان پێدەکەنیم. فاشیستەکان بەم ئەندازەیە بەکاریگەر بوون. دواجار بە بەڕێوەبەرەکەم گووت: "مەراسیمێکی باشتان بۆ ئامادەکردووم" ژنە پاسەوانەکە ڕەنگی لێ بڕابوو، ترسابوو، کە گەیشتینە ژوورەوە گووتی "هەزار شوکر" و بە گەرمییەوە بۆ ئەوانی تری دەگێڕایەوە.

سەرەڕای ئاگادارییەکەی بەڕێوەبەریش، هەتا لەوێ بووم، بەردەوام دەچوومە حەوشەش. ژنە پاسەوان و بەندکراوەکانی تر بەناوی ڕێوشوێنی پێویستەوە، بەشی پێشەوەی پەنجەرەکانیان بە بەتانی پۆشتە دەکرد، سەرباری ئەمەش بۆ چەند جارێک فاشیستەکان لە پەنجەرەی ژوورەکەی بەڕێوەبەرەوە تەماشایان دەکرد، جوێنیان دەدا و هەڕەشەیان دەکرد.

ناچارم دۆخەکە بە جددی وەربگرم. دەرگەکە قایم نەبوو و کاریگەرییان لەسەر ژنە پاسەوانەکان دانابوو. بەتایبەتی لەڕووی جەستەیەوە یەکێکیان بەکاردەهێنا. تەنانەت شەوێکیان لە قاتی سەرەوەی ئەو قەرەوێڵەی لەسەری خەوتبووم، یەکێک لەو پاسەوانانە دابەزی و بە ئەسپایی و بە جلی خەوەوە چووە دەرەوە. هەستام سەیرێکم کرد. لە بەشی دەستاو و دەستشۆرەکە نەبوو. دەرگەی حەوشە بچووکەکەی قاوشەکەمان بە تەواوی دانەخرابوو. تۆزێک دەرگەکەم راکێشا، ئەوم لە پەنجەرەی ژووری پاسەوانەکاندا لە دۆخێکی زۆر قێزەوندا بینی. ئەو کەسەی لەگەڵی بوو، بەندکراوێکی فاشیست بوو. ژنەکانی تر باسیان لە هەندێک لایەنی بابەتەکە کردبوو. بەمجۆرە کچان و ژنانیان بەکاردەهێنا. رۆژی دواتر لەناو هەموو بەندکراوەکاندا پرسیارم لێکرد" دوێنێ شەو لە کوێ بویت؟" بە حەپەساویەوە : "خەوتبووم، ئەوجا من پاسەوانم، بەشەو دەتوانم هاتوچۆ بکەم". بەدەنگێکی بەرزەوە: "نەخێر، تۆ پاسەوان یان کارمەندێکی بەشی پاراستن نیت. ژنێکیت کە خۆی بە بەندکراوە فاشیستەکان دەفرۆشێت. بە جلی خەوەوە لەبەردەم پەنجەرەکەدا چیت دەکرد؟ کێ دەزانێت کە سبەینێ دەرگەکە ناکەیتەوە سەگەکانمان (مەبەست لە فاشیستەکانە) تێبەرنادەیت. جارێکی تر نایەیتەوە ناومان، نەتبینمەوە. لە شوێنێکی تر بخەوە بۆخۆت. لە هەموو زیندانێکدا شوێنی پاسەوانەکان جیایە. تۆسقاڵێک متمانەم پێت نییە".

بەشێک لە ژنەکان ئازایەتییان نیشان دا و دەستیان کرد بە گێڕانەوەی چاودێری و ئەو شتانەی پێیانزانیبوو. دانیان بەناوی ئەوانەی تریشدا نا، کە لەلایەن فاشیستەکانەوە بازرگانیان پێوە دەکرا. چاک دەمزانی کە تۆڵەی ئەم رووداوە دەسێننەوە. رۆژی دواتر پشکنینیان کرد. بەڕێوەبەر بەو بیانووەوە هات. حاڵی

پرسیم. پێمگووت کە پێویستم بە پەڕتووکە و متمانەشم بە پاسەوانەکان نییە، بەدەنگێکی بەرزەوە گووتم : "ئەو پاسەوانانەی دەرگەکە دەخەنە سەر پشت و هەموو شتێک دەکەن، رۆژێک فاشیستەکانیش دەهێننە ژوورەوە". کابرای داماو و بێچارە بە سەرسامییەوە گووتی: "چی بکەم، باشتر وایە دەست لەکار بکێشمەوە". کەسایەتییەکی بێچارە و داماو بوو.

لەو زیندانەدا زۆر نەمامەوە. بەڕێوەبەر و داواکاری گشتی زیندانەکە داوانامەیان نووسیوە و ئەندێشەکانی خۆیان خستۆتەڕوو. چونکە دوای ئەوەی منیش چوومە ئەویێ، هەموو شەوێک کوشتن و بڕین بەردەوامی کرد. شەوێکیان دوو کەس درابوونە بەر شیش، یەکێکیانم دەناسی. خەڵکی گوندی گولێمانی سەر بە شارۆچکەی مادەن[60] بوو، دەهات بۆ دێرسیم و سەردانی (پەریخان) و ئەوانی دەکرد، خاڵۆزایان بوو. چۆن دەبێت؟ ژنە پاسەوانەکە باسی هەڵوێستی منیشی کردبوو. رێگە بە سەردانیکارانم نەدرابوو. دووەم رۆژم لەو زیندانە بوو لە پەنجەرەی ژووری بەڕێوەبەرەوە لەگەڵ (حسێن یڵدرم) قسەمان کرد. باسی لەوە کرد کە لە بەردەرگە لێیان داوە و عەزێتیان کردووە. ئەم بابەتەم بە یەکێک لە زێدەڕۆییەکانی (حسێن یڵدرم) هەژمار کرد و گوێم پێنەدا. دایکی (ئایتەکین)یش بەناوی کەسێکی ترەوە هاتبوو. بۆ ئەوەی نەیناسن. لە دوای شەهیدبوونی (ئایتەکین) یەکەم جاربوو دەهات . گریا... گریا.. قسەی پێنەدەکرا. بەر لە شەهیدبوونی پێی گووتبوو: "تۆ دایکی ساکینەشیت، چۆن دێی بۆلای ئێمە، دەبێت بچیت بۆلای ئەویش". و گووتیشی لە هەر کوێیەکیش بێت داواکەی (ئایتەکین) بەجێدەهێنێت. ئاگادارم

[60] مادەن یەکێکە لە شارۆچەکەکانی سەر بە پارێزگای خارپێت.

کردەوە لەوەی کە هاتنی مەترسیدارە و داوام لێکرد کە زۆر لەسەر یەک نەیەت. ئەمەش دواین چاوپێکەوتنمان بوو لە خارپێت.

بەڕێوەبەری زیندان خواستی لە پەنجەرەی ئەو ژوورەی لێبووم قسەم لەگەڵ بکات. هەردوو بەری دەستی وەک بازنەیەک خستە بەردەمی خۆی و بە بێدەنگی گووتی: "خۆت ئامادە بکە، دەڕۆیت. نووسراوەکەمانیان بەهەند وەرگرتووە. دەتنێرین بۆ مەلەتی". ئەمەش دوورخستنەوەیەکی تر بوو! وابڕوات بە هەموو زیندانەکاندا دەمگەڕێنن. بەڵام تووڕەیی دایگرتم و پێمگووت: "بۆچی دەترسن؟ ئەمە چارەیە؟ ڕۆژانە لێرە خەڵک دەکوژن. بۆ وادەزانی ئەم سەگانە لەوێش نین؟".

گووتی: "بەرپرسیاریتی هەڵناگرم، ئەرکی خۆمم کرد. ئەگەرنا دەتکوژن. زانیاریم پێگەیشت". بەڵێ؛ بەڕێوەبەرێکی زۆر داماو بوو. وەکو یارییەکی مندالانە بەکاریاندەهێنا. لەماوەی (10) خولەک دا جارێکی تر بە نێو دوو دیواری ئەمبەر و ئەوبەر لە سەربازدا چوومە دەرەوە. هەرچەندە لایەنی بێزارکاریشی هەبێت، بەڵام شانازیم بەخۆمەوە دەکرد. دووژمن بێ فەڕی و بێ کەڵکی خۆی نیشان دەدا. دەستگیرۆ بوون و نەیاندەزانی لەکوێ دامبنێن و چۆن دەرەقەتم بێن. هەموو بێ فەڕی و هاربوون و هەموو جۆرە هێرش و پەلامارێکی دووژمن، زیاتر پێداگر و خۆڕاگری دەکردم. سەرقاڵکردنی دووژمن کارێکی خۆش بوو، هێزی ژیانی پێدەبەخشیم. (PKK)یی بوون بەمجۆرە بەواتا دەبوو. تەنیا ناوەکەی بەس بوو. تۆزێک تێکەڵاوی بووبێت، ئەو ڕۆحە کاری تێکردبێت، کەمێکیش بێت لە گڕکانەکەیدا سووتابێت بەشی ئەو ڕۆژگارەی دەکرد. تاکە کەس بەتەنیا؛ لاوازە، بواری کاریگەرییەکەی بەرتەسکە، ساکارە و چانسی گۆڕینی نییە. بەڵام ئەگەر بێتوو لایەنێکی کۆمەڵایەتییانەی هەبێت، مەمیلەکانی فیکر و

هۆشی کراوەبێت بۆ ڕاستییە زانستییەکان، دڵی کراوە بێت و خیانەتی لەخۆی نەکردبێت، ئەوا ژیان لەناخیدا زیندوو دەبێت و زیاد دەکات، لەم واتایەدا تەنیابوون زەحمەت نییە و خود لەناونابات.

# شەڕ و تێکۆشان چانسێکی گەورەن

کەی باسی مەلەتی بکرێت، نازانم هەر لەخۆوە بیر و هۆشم بۆ لای چەمی بەیلەر دەچێت. حەتمەن کاریگەری ئەو سروودانەیە کە لەسەر (سینان جەمگیل) و (قادر مەنگە) و هاوڕێیانیان[61] نووسراون. ناکۆکییەکانی نێوان چەپڕەو و راستڕەوەکانی پەیمانگەی مامۆستایانی ئارگان[62]. ئەو شوێنەی ئامادەیی توران ئەمەکسیزی لێ دوور خرابووەوە. ئێستاش زیندان! دیارە ئەمە دیارترین تایبەتمەندیی ئەو زیندانەیە کە هەرگیز لەیاد ناکرێت.

چەند رۆژێک بەرلەوەی بۆ زیندانەکەی مەلەتی دوور بخرێمەوە، لە زیندانی وێرانشار[63]ی مەلەتییەوە ژنێکیان هێنا. بە تۆمەتی هاوکاریدان بە (PKK) گیرابوو. لەناو هەمان گرووپدا هەڤاڵ (فەوزی کارا) هەبوو کە بە تۆمەتی کوشتن دەستگیرکرابوو، بەڵام ئەو لە زیندانی سەربازی بوو. کەلوپەلەکانم رادەستی ئەو کرد. لەوەتەی هاتووە کەس لێی نەپرسیوەتەوە. شێوەیەکی داماوی هەبوو. لەو هەنگامەیەدا دەرفەتێکی ئەوتۆمان وەدەست نەکەوت تا بەپێی پێویست قسە بکەین. پێمگووت: "کە

---

[61] لە پێشەنگانی سوپای رزگاری گەلی تورکیاTHKO ن و لە یەکەمین دەستەی گەریلایی ئەو تەڤگەرەن، لەکاتی ئامادەکاری بۆ چالاکی دژی سەربازگەیەکی گەورەی سوپای تورک لە نزیک چیای نورهاق کە دەکەوێتە نزیک شارۆچکەی ئەلبیستانی سەر بە پارێزگەی گومگومی باکووری کوردستان، لەلایەن موختاری گوندێکەوە هەواڵیان لێ دەدرێت، سوپای تورک بەهێزێکی زۆرەوە دێنە سەریان و دوای شەڕ و پێکدادانێک لەگەڵ دەستەیەک لە هەڤالانی شەهید دەبێت.

[62] ئارگان: شارۆچکەیەکی سەر بە پارێزگای مەلەتی باکووری کوردستانە کە دەوڵەتی تورک ناوی بۆ ئاکچاداخ گۆڕیوە.

[63] وێرانشار: شارۆچکەیەکی سەر بە پارێزگای مەلەتییە کە دەوڵەتی تورک ناوەکەی بۆ دۆغان شەهیر گۆڕیوە.

پارێزەرەکەت هات داوابکە با بۆ زیندانی سەربازی بتگوازنەوە".
زیندانی مەدەنی زۆر سەیرە، شێوازی ژیانێکی زۆر کەوتوو و نزمیان بەسەردا دەسەپاندیت. بەتایبەتی ژنەکان زۆر داماوبوون، زوو هەڵدەخەڵەتێندران.

ئێوارەبوو گەیشتینە مەلەتی. هێشتا تاریک دانەهاتبوو. دیسان لە دەرەوە ماوەیەکی درێژ رایانگرتم، ئەوجا جموجۆڵێک دوور لە دەروازەی پاسەوانگەکەوە دەستی پێکرد، پاسەوانەکان راکەراکیان بوو. چەند پارێزەرێکی لێبوو، بە عەباکانیاندا دیاربوو. چەند سەردانیکارێکیش کۆببوونەوە. رێگە ماندووی کردبووم، بە ئۆتۆمبێل هاتوچۆ کردن هەمیشە شەکەتی دەکردم. ئەمجارەش کە ویستم دابەزم نەیانهێشت. پرسیم لێیان: "چییە، بۆچی ناچین؟" گووتیان ئەفسەری ئەرکدار بە کۆمەڵێک کاغەزەوە چۆتە ژوورەوە. سەربازەکان هۆکاری ئاڵۆزییەکەیان نەدەزانی، یەکێک لە پاسەوانەکانی ئەوێی پرسی و ئەویش گووتی: "شەڕی نێوان چەپڕەو – راستڕەو" و پاشان بە گووتنی: "راستڕەوەکان هێرشیان کردە سەر چەپڕەوەکان". وەڵامەکەی راست کردەوە. کەوابوو راست و رێک هاتوومەتە شوێنی مەبەست! لە تێکۆشان و شەڕدا چانسێکی زۆرم هەیە. هەبوونی گرووپە چەپەکان باش بوو. بەڵام لێرە فاشیستەکان پەلاماریان دابوون. فاشیستەکان ئەوەی لەدەرەوە پێیان نەدەکرا، لە زیندان دەیان کرد. لە هەر زیندانکدا بەکاریگەر بوونایە هەمیشە هێرشی هاوکاتیان ئەنجام دەدا. ئەگەر فەرمانێک یاخود ئاراستەپێدانێک نەبووایە ئەوانیش ئەوەیان پێنەدەکرا.

دواتر بردمیانە ژوورەوە. کاروبارەکان کەمی خایاند. ناوەوە قەرەباڵغ بوو. ئەوانیش دەرگەکەیان پەردەپۆش کرد. لەو بەشانەدا کە بەندکراوانی لێ بوو غەڵبە غەڵبی لێ بەرز دەبووەوە، ئەوێش

قەرەباڵغ دیاربوو. ژنە پاسەوانێکیان بانگکرد و پێیانگووت: "دایە خەدیجە، ئەم کچە سیاسییە. لە ژوورەوە کەلوپەلەکانی بپشکنە، لێرە کار زۆرە" وەها باشتربوو، دڵهەنجانێکیش لەسەر ماندوویێتی ڕێگەم زیادی کردبوو. منیش حەزم دەکرد بڕێک زووتر بڕۆم.

هەر کە چوومە ژوورەوە هەموویان دەورەیان دام. کچێک لەپشت دەرگەکەوە ڕاوەستابوو. هەموولایەکی دەرگە تەختەکەش کون و درز بوو، دیاربوو لەوێوە چاوی لەدەرەوە دەکرد. هەواگۆڕێکی بچووکی هەبوو. ژوورەوە شوێنێکی رووخاو و داڕماو بوو، گەرماوە کۆنەکانی دەهێنایەوە یاد. دیواری دەرەوە ئەو شوێنەیە کە تازە "خانووی بەڕێوەبەر" و ژووری پاسەوانانی تیادا دروستکرابوو. چاک بوو، بەڵام دارەکانی بانی بەشی قاوشەکە ڕەش هەڵگەڕاوە، رزیوە و تۆڕ و پەتی جاڵجاڵۆکە بە هەموو لایەکیدا شۆڕبۆتەوە. قەنەفەیەکی تەختە، ئەمسەر و ئەوسەری لایەکی قاوشەکەی گرتبوو. لەلای پێشەوە ڕێگەیەکی تەسک ماوەتەوە. جانتا و کەلوپەلێکی زۆر و پەرشوبڵاو هەڵواسراوە. جلی شۆردراو بە تەنافێکەوە هەڵواسراوە، لەناویاندا هەندێک جلیش هەبوو کە کەفێکی جوانیان بەسەردا درابوو.

هەموویان بە مەراقەوە دەیانڕوانی. کچۆڵەکەی بەردەرگە کە پێشوازی لێکردین (ئایشێ)، پرسی : "دایە خەدیجە، لەکوێوە هاتووە؟" گوایا بە چپە دەیپرسی، بەڵام هاتە گوێم. بە میکیاژ و جلوبەرگێکی گەنجانەوە ناوبەناو سەرەتاتکێیەکی دەرگەکەی دەکرد و لە کون و درزی دەرگەکەوە تەماشای دەرەوەی دەکرد. کەسێکی زیندە و بزوت بوو. کچێکی تر سەرپۆشێکی بەدەستەوە و شەڕواڵ[64] لەبەر، بە ئەسپایی هاتە سەرڕێم، تەوقەی لەگەڵ

[64] جۆرە شەرواڵێکی ژنانەی تایبەتە بە هەندیک هەرێمی باکووری کوردستان و تورکیا، بە قوماشی رەنگەواڵە و بە شێوەیەکی فراوان دروست دەکرێت.

کردم و بەخێرهاتنی کردم. سەیرە ناویشی (گویزەل)[65] بوو. بەقسەکانی ناو خۆیاندا دەرکم بە ناوی هەموویان کرد.

گەنجەکان بە (دایە خەدیجە) بانگیان لە ژنە پاسەوانەکە دەکرد. ژمارەیەک بەندکراوی بەتەمەنیش هەبوو. دایە ((زەینەب))یش بە شەرواڵەوە هەر چەندە زۆر پیریش نەبوو، بەڵام وەک تازە پێگرتوویێک بەرەو پیرمەوە هات، بەدەم ڕێوە و بەشێوەزاری هەرێمی مەلەتی:" کچە شۆڕشگێڕەکەم، بەخێر و بەرەکەت هاتووە، دایە (زەینەب) بەقوربانی بێت" و لەئامێزی گرتم و ماچی کردم. دایکێکی ڕووخۆش و خۆشەویست بوو. چەند ڕێکەوتێکی خۆشبوو، دایکیشم ناوی (زەینەب) بوو. گووتم :" دایە زەینەبم زۆرن" هەموویان لەقاقای پێکەنینیان دا. پرسیارێکی زۆریان هەبوو. منیش بە لەبەر چاوگرتنی مەراق و تاسەیان بە وچانێک باسم لە خۆم و ڕێکخستن و دواین بەسەر هات و قۆناخم بۆ کردن. کاری تێدەکردن. بێگومان پرسیارەکانیان کۆتایی نەدەهات.

ڕۆژانی دواتر قسە و باسی درێژخایەن دەستی پێکرد کە بۆ چەند مانگێک بەردەوام بوو. ژیانی هەر یەکێکیان وەکو ڕۆمان و فیلمێک وابوو. کچێکی زیناکراو، لەلایەن باب و براوە دەستدرێژی کراوەتەسەر.. دایکی چەند منداڵێک بە تاوانی دزی.. ژنێک بەتاوانی کوشتنی هاوسەرەکەی بەهۆی خیانەت لێکردنییەوە.. ژنێک قوربانی دەستی کێشەی زەوی و زار.. ژنێکی تر پیاوێکی کوشتووە.. تاوان یان تۆمەت، ڕاستە یان درۆ و بانگەشە، ئەم ژنانە بەو تاوانانە بەندکرابوون و لەزینداندا بوون. تیایاندایە (10) ساڵی پڕکردبووەوە. (گویزەل داغدەڤیرەن)ی خەڵکی وێرانشاری مەلەتی، کە بەندکراوییەکەی ئەم ژنە جوانە پێی دەنایە یازدەهەمین ساڵییەوە. بە بیستنی زۆر سەرسام بووم، ژنە هێشتا چالاک و

---

[65] جوان – قەشەنگ.

جوان و پڕله هومێد بوو. دەستبەرداری پابەندبوون بە ژیان نەبوو. بەئەسپایی و لەسەرخۆ و لێوانڕێژ لە هەناسەی بە ئەزموون بۆی دەگێڕامەوە کە چەند زیندان گەڕێندراوە، چەند کچە سیاسی بینیوە، لە چەند پاسەوانی داوە، چەند جار هەوڵدراوە پەلکێشی خراپەکاری و پیسی بکرێت. ببووین بە دۆست و هەڤاڵێکی چاک بۆ یەکتر.

پاسەوانی دووەم دایە (زوهرە) بوو. تۆزێک بە تەمەنتر بوو. (خەدیجە) بێوەژنێکی عەلەوی بوو. منداڵەکانی لەبەر خوێندن بوون و سەری بە سیاسەتیشدا کردبوو. ماڵیان لەگەڕەکی چاوشئۆغلو بوو. ئەوێکانە گەڕەکێکی پڕ لە چەپڕەو بوو. زۆر کەسیش هەبوو بە گەڕەکی کۆمۆنیستەکان ناوزەدی دەکرد. تەوەری عەلەوی بوون و ئەندامبوونم لە سیاسەتێکی تردا کاری تێکردبوو. کەسێکی بەڕێز بوو، بەردەوام لە حاڵ و پێویستییەکانمی دەپرسی. پڕ بەدڵ ئەرکی دابینکردنی پێداویستی، هێنانی رۆژنامە و کاروبارەکانی تری رادەپەڕاند. (زوهرە) زیاتر بە بەرنامە کاری دەکرد. باس لەوە دەکرا کە لایەنگری راستڕەوەکانە، بەڵام ئەوەندەش دەمارگیر و توند نەبوو. (گویزەل)یەکە بە یەکەی پاسەوان، کارمەند، بەندکراوانی پێ ئاشنا دەکردم و بە دوور و درێژی بۆی باس دەکردم. کارئاسانییەکی زۆری بۆ کردم تا سەراپای ئەم زیندانە بناسم. هەر لەو رۆژانەدا لە ناوەوە نامەیەکم پێگەیشت کە تیایدا پرسیاری پێداویستییەکانم کرابوو. کەسانێکی زۆر هەبوون لە زۆربەی گرووپە سیاسییەکان، خۆشحاڵبوم بەم جۆرە بەسەرکردنەوە و گرنگی پێدانەیان. هەڤاڵانی خۆشمان هەبوون، نامەیەکی ئەوانیشم بەدەست گەیشت. هەر لەخۆوە نامەیان بە هەموو کەسێکدا نەدەنارد. لەکاتی گۆڕانی سەرەی نۆبەتی پاسەوانەکاندا، پیاوە پاسەوانێکیان بانگ دەکرد و

نامەکەیان پێدەدا. لە زیندانی ئارگان و چرمک[66]یش هەڤاڵمان هەبوو. نامەیەکی تر هات، بە واژۆی (فوئاد چاڤگین). ئەوەش لە زیندانێکی ترەوە هێنرابوو. تابڵێی بەچانس بووم. دووژمن بەردەوام بە دوورخستنەوەی بەندکراوان، هەوڵی دەدا بێزاری دروست بکات، بەلام هەرچەند بە بەندکراویش بێت گەڕانێکی بەمجۆرە کەیفێکی تایبەتی هەبوو. هەرێمێکی نوێ، مرۆڤی نوێ، پرسی نوێ دەهاتنە پێش. یەکڕەنگیٔ و پێداگری جێگەی نەبوو.

زۆری پێنەچوو پەیوەندیم لەگەڵ دەرەوە دروست کرد. هاتنی نامە لە دەرەوەش جۆشوخرۆشێکی تری هەبوو. هەڤاڵ (دەلیل دۆغان) لە هەرێمەکە بوو. زۆر لەمێژبوو هەر باس لە گرنگی هەرێمی مەلەتی دەکرا. دوای (ئایتەکین)، (سلێمان بۆزۆ) هاتبوو. دیارە لەدوای ڕەشبگیرییەکان لە خارپێت پاشەکشە کرابوو. بەخێرایی پڕکردنەوەی بۆشاییەکان ئەرکێکی گرنگ بوو و کاری لەسەر کرابوو. لەو هەرێمانەدا کە ڕێکخستنەکانی فاشیستانی لێ هەبوو، زەمینەسازی و ڕێکخستنی هەڵمەتی شۆڕشگێڕانەش بە ڕیشە و پتەوتر دەبوو، هەروەها پێکهاتەی کۆمەلایەتیش جیاواز بوو. لێرەدا گۆڕانکاری بە هێواشی و سەخت بوو، بەلام تایبەتمەندییەکیشی هەبوو، کە جارێک بناخە دانرابا، ئەوی تر بۆخۆی دەهات. بەتایبەتیش لە ساتەوەختێکدا کە دووژمن دەڵێت: "ڕیشەکێشمان کردن" برەودان بە خەبات و بەڕێوەبەردنی، ناوازەترین سۆزە. بەشێک لە هەڤالان چووبوونە خوارەوە (فەلەستین) و هاتبوونەوە. پێشتر هاتبووە بەر گوێم کە بۆ ئەو مەبەستە لە ئامادەکاری دان. هەڤاڵ (دەلیل)یش یەکێک بوو لەو

[66] چرمک شارۆچکەیەکی سەر بە پارێزگەی مەلەتی یە، کە دەولەتی تورک ناوەکەی بۆ یەشیلیورد گۆڕیوە.

هەڤاڵانە. درووستکردنی یەکەی چەکداری مەرجی مانەوە و ژیان بوو، چونکە دووژمن راستەوخۆ هێرش و پەلاماری دەهێنا.

لەسەر داوای خۆم پەرتووکیان بۆ هێنام، هەروەها کۆمەڵێک بەیاننامە و نووسراوی تریش. ئەوانەی پێشتر رەوانەی ناو زیندانەکان کرابوون بۆ منیش هێندران. بە وریاییەوە مامەڵەمان لەگەڵ نامەکانمان دەکرد.

(حسێن یڵدرم) وازی لێنەدەهێنام، بەدوامەوە راکەراکی بوو. لە شاری ئەنکەرە و لەشاری قەیسەری[67]یش وەکالەتی خەڵکی وەرگرتبوو. لە هەر گوزەرکردنێکدا سەردان و پرسیاری دەکرد. هەڵبەتە هەوەڵجار پێداویستییە سەرەکییەکانی خۆمم بەو دابین دەکرد. پێخەو و نوێن و شتی لەو جۆرەی هێنابوو، لە هەر هاتنێکیشدا پارەی دەخەواند. هەموو ئەم تێچووانەشی لە باوکم وەردەگرتەوە. نەمدەزانی چەند قاتی لێدەسەندەوە، بەلام لۆژیکی بازرگانی ببووە بەشێک لە تایبەتمەندی پارێزەرییەکەی. دەشێت هەموو کەس ئەم رەفتارەی نەبێت، بەلام هەبوو بەو چەشنە دزییەکی زۆری دەکرد.

مەسەلەی (حسێن یڵدرم) بە تەواوی مێشکی تێکدەدام. ئەگەرچی وا بڕواش بکات کە لەگەڵ دەرەوە هیچ پەیوەندییەکم نەبەستووە، بە بەهانەی ئەم و ئەو بەردەوام لێکۆڵینەوەی دەکرد. تا لەدەستم بهاتایە دیقم پێدەکرد. دەمگووت: "نەخێر پەیوەندیم نییە" ئەویش دەیگووت: "چۆن دەبێت؟ هەڤاڵان ناهێڵن بەتەنیا بیت، ناشبێت". جاروباریش بە خۆترش و تووڕەکردنێکەوە باسی لەوە دەکرد کە دەیەوێت هەندێک شت بە دەرەوە رابگەیەنێت، بەلام کەسی دەسناکەوێت.

---

[67] یەکێکە لە پارێزگاکانی تورکیا.

ڕۆژێکیشیان بە گەرمی و بە هەناسەبڕکێیەکەوە هات و گووتی: "فاشیستەکان دامیانە بەر دەستڕێژ، بەزۆر خۆمم پێڕزگاربوو"، وەک هێشتا بەدوایەوە بووبن، زوو زوو ئاوڕی دەدایەوە و سەیری دوای خۆی دەکرد. ڕاستە لە مەلەتی هەندێک ئالۆزی لە ئارادابوون. ڕووداوی (حەمیدۆ)ی سەرۆکی شارەوانی، هەواڵ و دەنگۆی زۆری لەسەر بڵاو ببووەوە، بەڵام لەو ئاستەدا نەبوو کە (حسێن یڵدرم)یش بکرێت بە ئامانج. بۆچی بەردەوام دەیویست ڕواڵەتێک دروست بکات کە هەمیشە لەژێر هێرش دایە و کراوەتە ئامانج؟ دەویست بەمجۆرە متمانەم لەلا دروست بکات؟ سەبارەت بەو قسەم هەبوو، وەکو شتگەلێک هەڵسەنگاندنم بۆ قسە و ڕەفتارەکانی دەکرد کە هەر بەم دەروونەوە ئەنجام درابێت. بەڵام نەخێر دۆخێکی وەها لەئارادا نەبوو. درۆزنێکی کەموێنە بوو! پرسیارێکی سەرنج ڕاکێشی کرد: "(شاهین) دەتوانێت ئیفادەکانی بگەڕێنێتەوە؟ شتی زۆر جددی لەسەر تۆ گووتبوو؟" دەترسا لەوەی شتێکی لێبکرێت. بەردەوامی کرد:" پارتی لێیدەبووورێت؟ تۆ و (مەزلوم دۆغان) لە ڕەوشێکی باش دان، بەردەدرێن، بەمەرجێک لەدادگا پاراستنی سیاسی نەکەن. لە دەرەوە پێویستیان پێتانە. هەمان شتم بە (مەزلوم)یش گووت. هەندێکیان دانیان بە چالاکییەکانیاندا ناوە، ئیفادەی بەرجەستە و نەگۆڕیان هەیە. ئەوەی ئێوە بەو شێوەیە نییە. بە پڕووپاگەندەکار و بەرگریکردن لە بیر و ڕامانی پارتی تاوانبار دەکرێن. دادگایی دەکرێن، ماوەیەکیشە لەزینداندن، بە ڕەچاوکردنی ئەم ماوەیەش بە کەمترین سزا ڕزگارتان دەبێت".

نەمدەویست قسە لەسەر ئەم بابەتانە بکرێت و پێمگووت: "ئەوەیان بۆ ئێمە دابنێ، خۆمان بڕیار دەدەین. دۆخی کەسی تر پەیوەندی بە منەوە نییە، من پاراستنی سیاسی دەکەم، کردوومە.

بەستنەوەی ئەم بابەتە بە یاسا و شتی تر، کارێکی نابەجێیە".
جارێکی تریش نامەیەکی خوشکەکەی هەڤاڵ (مەزڵوم دۆغان)ی بۆ خوێندمەوە کە بۆ (مەزڵوم دۆغان) نووسیبووی. دیارە خوشکەکەی ئەم نامەیەی بە تەنیا نەنووسی بوو. لە نامەکەدا هەندێک شتی هاوشێوەی قسەکانی (حسێن یڵدرم) دووبارە و سێبارە کرابوونەوە، هەوڵیاندەدا ئامۆژگاری هەڤاڵ (مەزڵوم) بکەن.

ئەم کابرایە بەلایە، خانەوادەکانیشی بەوشێوەیە ڕێکدەخست. کەسوکار مامەڵەیان سۆزدارانە بوو، دەیانویست هەرچی زووە لە زیندان دەرکەوین. بەلام (حسێن یڵدرم) و ئەوان ڕێنوێنی خانەوادەکانیان دەکرد و بەرێگەی ئەوان دەیانویست فشارمان بۆ بهێنن. کەشێکی دەرەخساند وەک بڵێی دڵی پێمان بسووتێتەوە. تەنانەت کاتێک دەیگووت: "ڕێکخستن و تێکۆشان پێویستی بە هەڤاڵی وەکو ئێوەیە" گەورەترین ساختەکاریی خۆی دەنواند. ئەمە جۆرە تەڵەکەبازییەکی کادیرانی (کاوە)ییەکانیش نەبوو، واتا هەڵوێستێک نەبوو کە لەژێر کاریگەریی سیاسەتێکی جیاوازدا بۆی هاتبێت. ئەمە لەکاتێدایە کە (حسێن یڵدرم) کاوەیی بوونەکەشی ساختەکارانە بوو. کاوەییەکان بۆچی بە پاراستنی سیاسیانەی ئێمە نیگەران ببن؟ دوایین ئاستی دووژمنایەتیشیان هەر ئەوەندە بوو تەنیا خوازیاری بەندکراویمان ببوون و بەس! (حسێن یڵدرم) بەناوی کەسانێکی ترەوە هاتبووە کایەوە و هەمووشتێکی لەسەر تای تەرازوو دادەنا. ئەمە ڕاستییەکەی بوو. دەیگووت: "لەدەستی دووژمندایت، ئەگەر خۆت بۆیاخ بکەیت و بە کەلوپەل بڕازێنیتەوە و لە کەسایەتی خۆت دەربچیت، ئەوا ڕزگارت دەبێت". لە ڕاستیدا ئەمە لۆژیکی کەمالیستانە بوو. لۆژیکی گێرەشێوێنێک، ترسنۆکێک بوو. ترس تا سەر ئێسکی ڕۆچووبوو، بەلام بۆچی؟ ترسی خۆی

پێ کۆنترۆڵ نەدەبوو. لە ڕوویێکیشەوە ئەم خۆبەدەستەوەدانانەی خۆشحاڵی دەکردم، باشتر ئاشنای دەبووم، پشتڕاست دەبوومەوە.

لەگەڵ بەندکراوانی زیندانی خارپێت دەستمان بە نامەگۆڕینەوە کردبوو. جاروبار سەبارەت بەم کابرایە، ناڕاستەوخۆیانە بیروبۆچوونی خۆمم دەردەبڕی. هەر تەوەرەیەک جێگەی مەراقم بووایە، بەشێوەیەک بۆم دەنووسین کە لێم تێبگەن. ئەوانیش سەرکەوتوو نەبوون لە ئامادەکاری ڕاکردنەکەیاندا. (شاهین)یش دەنگی لێوە نەدەهات. سزادانی (شاهین) ببوو بەدەرد لەدڵمدا. بەردەوام لە چاوەڕوانی دابووم.

(حاملی) دوای گفتوگۆ توندەکەی نێوانمان، لە نامەکەیدا پشتڕاستی کردبوومەوە و دەیگووت: "ئەگەر بەقسە و ڕەفتاری (عەلی)م بکردایە، دەرەنجامەکەی زۆر خراپ دەبوو". ئەمەش مایەی خۆشحاڵی بوو. بەڵێ؛ ئەو لایەنە بەردەوام نیگەرانی دەکردم. پێویست بوو پێناسەی ڕاست بۆ زەمینەی ڕەوتی بەرەو خیانەت دابنرێت. ئەگەر ناکۆکی ناوخۆ پراوپڕ شیکار نەکرێن و ڕوون نەکرێتەوە، پەرتەوازەبوون ڕوودەدات. (عەلی) زەمینەیەکی کراوەی هەبوو بۆ پەرتەوازە بوون و لەگەڵ خۆی کەسانی تریشی بەرەو ئەو پەرتەوازەییە پەلکێش دەکرد. (حاملی) ئەگەر هەستی بەم ڕاستییە کردبێت، تەواوە و خۆی کۆدەکردەوە. لە نامەکەمدا بیرۆبۆچوونم لەسەر بابەتەکە خستبووە ڕوو. لەم واتایەدا نامەگۆڕینەوەکان زۆر بەسوود بوون.

ساڵ لێوانرێژ بە پێشکەوتن و پێشهاتی زۆر گرنگ تێپەڕ دەبوو. لەبەرەی تورکیادا بەرخودانی کرێکاران بە ئەندازەیەک

سەرانسەری وڵاتی گرتبووەوە. رووداوی (تاریش)ی ئیزمیر[68] و پێشهاتەکانی دواتری، دەنگی دابووەوە. (تاریش) خاوەنی توانستێکی گەورەی کرێکاریی بوو. کاتی خۆی زۆر هەوڵمدا بچمە ئەوێ، وەریان نەگرتم. دەرکرانمان لە کارگەی بەکرە و شلیلەی (باسمانە) گرژی و ئاڵۆزییەکی گەورەی دروست کردبوو. بە مەترسیدار ناوزەدیان کردین. ژمارەیەک رێکخستنی تریش لە (تاریش) کاری دەکرد، رێکخراوەییەکی بەرچاو دروست کرابوو و خۆشیان بەمەیان دەزانی، فاشیستەکانیش بەهەمان شێوە. هەربۆیە بە وریاییەوە کاریان لەسەر وەرگرتنی کرێکاران دەکرد.

(فاخر کۆروتورک)[69] سەرۆک کۆماری ئەوسا بوو. حکومەت و پەرلەمانی دووەمین بەرەی میللی رۆڵێکی رووکەشانەیان هەبوو. لەبنەمادا لەژێر ناوی رێوشوێنی بەڕێوەبەرایەتی باری نائاسایی – تونددا، سوپا لەسەر کاربوو. بەردەوام باس لە"یەکپارچەیی نیشتمان و میللەت" دەکرا. قسەڵۆکی (ئانارشی و جوداخوازی وڵات)یان کردبوو بە بنێشتی دەمیان. پیلانەکانی تریان چی بوو؟ لە پاش کۆمەڵکوژی گومگوم، بەڕێوەبەرایەتی باری نائاسایی و دوای ئەویش بەڕێوەبەرایەتی کردەیی شانبەشانی شاڵاوی رەشبگیری کەوتە گەڕ. لە جورنەپەش، گرێ

---

[68] - لە مانگی کانوونی دووەم و شووباتی 1980 لە شاری ئیزمیری تورکیا بە پێشەنگایەتی کرێکارانی کارگەکان بە ئامانجی شەرمەزارکردنی مامەڵەی نا مرۆییانەی خاوەن کار و کاربەدەستانی دەوڵەت لەدژی کرێکاران، هەڵمەتێکی بەرخودانی و بەرەنگاربوونەوەیان ئەنجامدا، کە دواجار لە کۆتاییەکانی مانگی شوباتی هەمان ساڵدا بەدەستی سوپای دەوڵەت سەرکوت کران، هەرچەندە دەوڵەتی تورک تەنیا باس لە کوژرانی سێ پۆلیس بکات، بەڵام تا ئێستاش سەبارەت بە زیانی کرێکاران رای گشتی ئاگادار نەکراوەتەوە، جگە لە بریندارِبوونی سەدان کرێکار و دوورخستنەوەی زیاتر لە 3 هەزاریان لە کارەکانیان و هەروەها دەستگیرکردنی زیاتر لە هەزاریان زانیاریی راستەقینە لەبەردەستدا نییە.

[69] لەنێوان ساڵانی 1973 – 1980 سەرۆک کۆماری تورکیا بوو.

سۆر، ئیلیح، میردین و هەریمگەلێکی تردا تێکۆشانی رزگاریخوازی، گەلی لە ئامێز گرتبوو، لە کوردستاندا زەبری شۆڕشگێڕی رووی لە کۆڵەکە فاشییەکانی دووژمن کردبوو، ئەمەش هەلومەرج و دۆخی نوێی لەگەڵ خۆی دەهێنا، لەولاشەوە رۆژبەڕۆژ ترسی لەلای دەوڵەت دروست دەکرد. (PKK) هێزێکی وەها نەبوو کە بە ئاسانی سەرکوت بکرێت و کۆتایی پێبهێندرێت. هەر لەبەر ئەم هۆکارەبوو دووژمن لە ئامادەکارییەکی گەورەتر دابوو.

ئەو بەڵگەنامانەی لەکاتی دەستگیرکردنی (کەمال پیر) و ئەواندا کەوتبووە دەستی دووژمنەوە، ئاماژەبوون بۆ گەورەیی مەترسییەکانی (PKK) لەسەر دەوڵەت. تا بەو رۆژە کاریگەرییەکانی تێکۆشانی رزگاری نیشتمانی کوردستان وای لەدووژمن دەکرد لەناوخۆیدا هێرشی بەپیلان و بەرفراوان ئەنجام بدات. بزاڤەکەمان ببووە هێزێکی سیاسی "پۆلیتیک". کار و خەبات لە چوارچێوەی گەیاندنی تێکۆشان بە ئاستی بەرز و بالاتر بەڕێوە دەچوو. رەشبگیرییەکان رێگری لەم خەباتە نەکردبوو. لە بەرەی خۆشمانەوە بە پێی پێویست دەرک بە رووداو و گۆڕانکارییەکان نەدەکرا. بەلام دووژمن لەبەرامبەر بە راستییەکانی ئێمە ناچار بوو خۆی سەرلەنوێ رێکبخاتەوە. بەتایبەتیش ئەو بەڵگەنامانە دووژمنی ترساندبوو. چونکە هەنگاوی بونیادنانی کۆنسەی سەربازی نرابوو. ئەگەرچی ئەوسا هێشتا لە ئاستی پێناسەیەکیش دابێت، لەو چوارچێوەیەدا پلان و بەرنامەی شۆڕش پێکهێندرابوو و لە کوردستاندا تێکۆشانی گەریلا تاقیدەکرایەوە. هەموو ئەمانە هەوڵە شۆڕشگێڕییەکانی ناو بەرەی تورکیای دەخستە جوڵەوە. هەر بۆیە دووژمن باجەکەی هەر چییەکیش بووایە دەیویست

ڕێگری بکات. لێرەوە دەنگی پێی کودەتا هێواش هێواش بەرگوێ دەکەوت.

نیوەی ساڵی یەکەم بەخێرایی تێپەڕبوو. پرسی ژیان لە زیندانی مەدەنی ئاڵۆز بوو. ڕۆژانە ڕووداوی جیاجیا دەهاتە ئاراوە. بەڵام بەپێی کات شەڕی نابەجێ، جوێن، شەڕفرۆشتن، ئاژاوەگێڕی و گریان ...هتد کەمبوونەوە. بەڕێوەبەرایەتی زیندانیش حەپەسابوو. بە ئاشکرا دەیانگووت: "باشبوو ساکینە هات بۆ ئێرە، بەر لەو ڕۆژانە گیرۆدەی شەڕ و بەزم بووین، ژنان شەڕیان دەکرد. ئیتر بەئاستی دادگاییکردن یاخود هێنانیان بۆ بەڕێوەبەرایەتی ناگات". نووسینی نامە و داوانامەکانی ژنانی بەندکراو، دووبارە و چەند بارە گوێ شلکردن بۆ خەم و دەردەکانیان؛ کە چۆن دۆستەکەی خۆی لەتوپەت کردووە، چۆن دووچاری دەستدرێژی هاتووە، چۆن خیانەتی لێکراوە یان هەڵخەڵەتێندراوە، چۆن لەو کاتەوەی لە زیندانەکان دان کچەکانیان کەوتوونەتە داوی لەشفرۆشیەوە...هتد، بەڕاستیش ئۆقرەییەکی گەورەی دەویست، دیارە منیش لەم واتایەدا سەبرێکی باشم هەبوو. پێمدەگووتن: "ڕۆمانی ئێوە دەنووسمەوە" بەڵێ، لە کەسایەتی و نموونەی ئەواندا مرۆڤ زۆر بە ڕوونی دەیبینی چۆن ژن ناکەس دەکرێت، چۆن بیانی دەکرێت. بیانی نەبووم لەو بەسەرهاتانەی یەخەی کۆمەڵگەی گرتبوو. کۆمەڵگە ئاوێنەی ژن بوو، بەڵام یەکە بە یەکەی ڕووداوەکان لە چوارچێوەی پرسێکی قووڵی کۆمەڵایەتییانەدا دۆخی تراژێدیای ژن بوون. ئیتر پڕ بەدڵ هەستم بە شانازی، خۆشحاڵی و جوانی (بوون بە ژنێکی شۆڕشگێڕ) دەکرد. ئەو ژنانەش چاویان لێدەکردم و خۆزگەیان دەخواست. زۆرجار ڕاستەوخۆ پێیان دەگووتم: "بریا ئێمەش سیاسی بووینایە، تاوانەکەمان وەک تاوانەکەی تۆ بووایە". بەهەر بارێکدا

بێت هەموویان جۆرە گۆڕانکارییەکیان بەسەردا هاتبوو. ئەگەرنا
ئەو دەمەقاڵێ و شەڕەی هەبوو مایەی دانبەخۆداگرتن نەبوو.

# سەرهەڵدانەوەی مەیلی راکردن

دووبارە ئاورم لەو کارە دایەوە کە بەنیوە و ناچڵ بەجێمهێشتبوو و تیایدا سەرکەوتنم نەهێنابوو. بە شێوەیەک هەموو بیرکردنەوەیەکم لەسەر راکردن بوو. هەل و دەرفەتەکانی تر هەڵنەسەنگێندرابوو. هەندێک پێشهاتی نەرێنی هەبوون کە لەدەرەوەی ئیرادەی خۆم بوون. چۆن بتوانم ئەوانە تەواو بکەم؟ دەبێت شتێک بکەم کە ئەگەر هاوکاری دەرەوەش نەبێت خۆم سەرکەوتووبم تیایدا.

زیندان لە شوێنێکی شیاو دا بوو. بەشی ژنان لەلای چەپی دەروازەکەیە. قاتی سەرەوە ماڵی بەڕێوەبەر بوو. دیواری دەرەوە بەرز و تەلبەندکراو بوو، دەکرا خۆتی لەسەر هەڵبدەیتە خوارەوە. پێویست بوو زۆر بە وردی چاودێری دەرەوە بکەیت. لەبەر دەرگە و هەردوو لای دیوارەکەدا نۆبەتگەی سەربازیی لێبوو. سەربازەکان بەملاو ئەولای نۆبەتگەکەدا رایەڵکەیان دەکرد. باشییەکەی لەوەدا بوو قادرمەکانی ماڵی بەڕێوەبەر بەسەر بەشی لاسەرووی هەواگۆڕەکەی ژووری ئێمەدا تێپەڕ دەبوو. ئەم رێگەیە مەترسی کەمتر بوو، سەرنجی رانەدەکێشا. هەروەها خانووەکە لەسەر شەقامێک بوو، جاروبار قەرەباڵغ و جاروباریش بێدەنگ، بەگشتی لە کاتی قەرەباڵغیدا سەربازان وریاییان لەدەست دەدا. لە هەلێکی وەهادا ئەگەرچی مەترسیشی هەبێت، بەڵام دەمتوانی خۆم هەڵدەمە سەر شەقامەکە و بۆی دەرچم.

رێگەی دووەم نەخۆشخانە بوو. بۆ ئەمەیان ئامادەکاری سەرەتاییم نەبوو. بەهەر شێوەیەک ئەگەر لە نەخۆشخانە بخەوێندرێم، دەتوانم لەوێ رابکەم. چوونە نەخۆشخانە دەرفەتێکی شیاوی دەڕەخساند بە مەرجێک تێچووەکانی لەسەر خۆم بووایە.

جاری رابردوو داودەرمانم وەرگرتبوو. پزیشکەکە پێیگووتم: "ئەگەر چارەی نەکرد، دەتوانین ماوەیەک لە نەخۆشخانە بتخەینە ژێر چاودێرییەوە". هەموو شتێک جێگەی باوەڕ بوو و لە زیندانیش هیچ شک و گومانێکی ئەوتۆم لەسەر نەبوو. بەتایبەتیش نێوانم لەگەڵ ژنە پاسەوانەکان خۆش بوو و منیان خۆشدەویست، بەندکراوەکانیش بەهەمانشێوە، شتێکی سەرنجکێش لەئارادا نەبوو. بەڵام بەهەر بارێکیشدا بێت لەبارەی هەرێمەکەوە گرفتی زانیاریم هەبوو. شارێکی گەورە و گران و منیش ناشارەزا. لەلای خۆمەوە هەوڵمدەدا هەموو هەلومەرجێک بڕەخسێنم. پێویستە بە پێشنیازی بەرجەستەوە رای هەڤاڵان وەربگرم.

لەم بوارەدا نامەیەکم بۆ دەرەوە نووسی. گەلێک کەس دەهاتنە سەردانم. ئەوانیش بەناوی سەردانی هەڤاڵانی پیاو دەهاتن، بۆ ئەوەی سەرنج بەلای مندا رانەکێشن، لەکاتی گەڕانەوەیاندا سەرێکیان لەمنیش دەدا. گەلێک کەسی سەر بە گرووپە چەپڕەوەکانیش دەهاتن. بەتایبەتی بەندکراوانی خۆجێیی ناو زیندانەکە خانەوادەی خۆیان دەنارد بۆ لای من. بەناوی دامودەزگا مەدەنی و سەندیکاکانەوە کەلوپەلیان بۆ دەناردین. هەرەوەزی نموونەیی نەشونمای دەکرد. لەگەڵ هەندێک لە بەندکراوان پێکەوە کەلوپەلەکانمان بەهاوبەشی بەکار دەهێنا. بەم کردەیە زیاتر خۆشحاڵ دەبوون. بێگومان پاسەوانەکانیش سوودیان لێ وەردەگرت. سێ ژەمە نانیان لەوێ دەخوارد، تەنانەت هەندێکیان بڕێک شتیان بۆ ماڵەکانی خۆشیان دەستدەکەوت. فێر ببوون، هەرکەسە و شتێکیان پێدەدان، تەنانەت زۆرجار باشترین شتیان بەوان دەدا. دوای هاتنی من تا رادەیەک بەدووڵی ئەم کارەیان دەکرد. پاسەوانەکانیش جاروبار شتێکیان دەکڕی و پێشکەشی بەندکراوانیان دەکرد. شێوەی خێزانێکی گرتبوو.

نامەیەکم بەدەست گەیشت کە تیایدا دەگووترێت نامەکەم بۆ (هەرێمی یەکەم) رەوانەکراوە و خەمم نەبێت. نووسراوەکە ستایلێکی نوێی هەبوو. بەڵام سەرەڕای تێپەڕبوونی ماوەیەکی زۆر هێشتا هیچ هەواڵێکم بۆ نەگەڕایەوە. لەونێوەدا (نەجمییە) سەرنجی راکێشام کە لە کونی بۆری زۆپاکەوە چاودێری (دۆست)ەکەی دەکرد. (نەجمییە) خەڵکی شاری مەلەتی کۆن بوو. لەگەڵ دۆستەکەی یەک دەگرن و هاوژینەکەی خۆی دەکوژێت. پێنج ساڵ بوو لە زیندان بوو، سزاکەشی زیندانیی هەتا هەتایی بوو. زانیم لەو کونەوە شوێنی هەواگۆڕ و مەتبەخی بەشی پیاوان دەبیندرێت. دەستاوەکانی ناوەوە زۆر خراپ بوون و بەکار نەدەهێندران. دیوارەکەی رزیبوو، تۆزێک رووشاندم و خۆڵێکی زۆری لێهاتە خوارەوە. لە شوێنی بۆرییەکەشەوە تەماشام کرد دیوارەکە باریکە. هێندە باریک و رزیوە دەشێت لە رۆژێکدا کونێکی گەورەی لێ هەڵبکەنم.

کاتێک پێشنیازی راکردن هاتە رۆژەڤەوە، سەبارەت بە هەڤاڵانی پیاویش بیستبووم کە بەرنامەیەکی بەوجۆرەیان هەیە. بۆ ئەمەش یەکەمین بیرۆکەیەک کە هات بە ئەقڵمدا ئەوەبوو گووتم: "چۆنە لەگەڵ فوئاد چاڤگین و ئەوان رابکەم؟". دەربازبوون لە قاوشی ژنانەوە بە بەراورد لەگەڵ رێگەکانی تردا کەمترین مەترسیٔ هەبوو. ئەم پلانەم بەدڵ بوو. دەستمکرد بە قووڵبوونەوە لەسەر پلانەکە. لە نامەیەکدا کە بۆ (فوئاد) و ئەوانم نووسی پرسیارم لێکردن کە دێنە ئەو شوێنەی هەواگۆڕین یاخود نا. ئەم نامەشم لە بەشی وشەی یەکتربڕی رۆژنامەیەکدا نووسی. پێشتر هەندێک کورتە نامەمان بەمجۆرە دەنووسی، کەس زوو زوو پێی نەدەزانی. دەمدا بە ژنە پاسەوانەکان و ئەوانیش بەدەست دەیانگەیاند و قسەشیان لەگەڵ دەکردن. زۆرکەس حاڵی منیان

لەوان دەپرسی، ئەمەش کاریگەری لەسەر پاسەوانەکان دەکرد و دەیانویست وانیشان بدەن کە هەڵسوکەوتیان باشە و خزمەتمان دەکەن. نیازیان پاک بوو. کەس و کار و دەوروبەری دایە خەدیجە چەپرەو بوون و ئەم دۆخەی منیش کاری تێکردبوو. دایە (زوهرە)ش بەردەوام لەگەڕدا بوو بۆ ئەوەی نیشانی بدات کە لە راستڕەوەکان نییە، لایەنی کەس ناگرێت. ئەمەش سوودی زیاتر بوو.

وەڵام هاتەوە و ئەرێنی بوو. شیمانەیان کردووە کە هەندێک ئامادەکاریم هەیە. وابزانم هەڤاڵان لە سەردانێکدا ژێر بەژێر پێیان گووتوون. هەربۆیە (فوئاد) بە ئومێد بوو و داوای کرد دەستبەکار بکەم. ئەمجارەیان دەستم کرد بە بیرکردنەوە لە راکردنی بەکۆمەڵ. لەڕاستیدا بەلای منەوە هەرکامێکیشیان بێت جیاوازی نەبوو.

(عەتیە) دوای بەربوونی هاتە سەردانم. باسی لەوە کرد کە هاتووە بۆ مەلەتی بۆ سەردانی هەڤاڵانی خۆی. خۆشحاڵ نەبووم بە سەردانەکەی. (حسێن یڵدرم)یش سەبارەت بەو زۆر شتی گووتبوو. پەیوەندی هەیە لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی باری نائاسایی. (حسێن) زانیاری جیاوازی سەبارەت بە کەسەکان لە داواکاری گشتی و دادوەرەکانەوە وەردەگرت، واتا شتێک نییە پشتگوێ بخرێت.

(فەوزی کارا) خەڵکی وێرانشاری مەلەتی بوو، کاتێک کە لە خارپێت بووین دەستگیرکرا، پەڕاوەکەی رەوانەی مەلەتی کرابوو. بە کوشتنی فاشیستێک تۆمەتبار دەکرا. ئەوەی باش بوو کە بەجیا دادگایی دەکرا، واتا دۆزەکەی سیاسی نەبوو. خانەوادەکەی بەشێوەیەکی بەردەوام سەردانیان دەکرد. هەموو جارێکیش سەریان لێدەدام. (فەوزی)یشمان خستە ناو گرووپەکەوە، لەم

گرووپەدا ئەو هەڤاڵانە جێگەیان دەگرت کە سزایان پێدراوە یاخود سزا دەدران. قەرەباڵغ نەبوو، تەنیا بیرمان لە سێ ئەو پەڕی چوار کەس دەکردەوە. سپرای بێهۆشکردنم ئامادەکردبوو، لەکاتی هەڵاتندا لە قاوشەکەم دەپرژاند. ئەم کارە لە شەودا بکرێت کێشە نابێت، بەڵام بە هەر شێوەیەک بێت دەبووایە چەکمان پەیدا بکردایە. پێدەچوو لە دەرگە کێشەیەک بێتە ئاراوە. بۆیە لەکاتی پێویستدا دەکرا پاسەوانەکانیش بە بارمتە بگرین. لە پەلوپۆخستنی پاسەوانی بەر دەرگە ئاسانە. ئەگەر بەشە ئەرکی دەرەوەی ناو پلانەکە (مەبەست لە هاوکارییەکانی دەرەوەی زیندان) جێبەجێ بکرێت، ئەنجامێکی بێ وێنەی دەبوو. ئەگەر ئۆتۆمبێلێک ئامادە بێت ئەوا لەماوەی (5 – 10) خولەکدا لە هەرێمەکە دوور دەکەوتینەوە.

چەندین رۆژ بیرم لەم پلانە کردەوە. ژیانم ببوو بە هەڵاتن. پەپولە چییە[70]! لەو زیاتر پلانم دادەنا. بە پێداگرییەک گەیشتبوو. بەڵام دەمگووت"مسۆگەر رادەکەم". هەرگیز بیرم لەوە نەدەکردەوە بە رێگەی یاسایی بەربدرێم، ئەو جۆرە بەربوونەم بەبێ شکۆیی دادەنا. رۆحێکی سەرکێشییانە بوو؟ یاخود سرووشتی زیندان وابوو؟ بەندکراویی: هەستی ئازادی دەبزوواند، بەبۆچوونی من دەبێت خەیاڵی هەر شۆڕشگێڕێکی بەندکراو، راکردن بێت، نەک سووچەکانی زیندان...

لەوێ (فوئاد چاڤگین)م ناسی. پێشتر دەمزانی دەستگیرکراوە و لە زیندانی رۆحا بوو. برای (خەلیل چاڤگین) بوو. ناوی (خەلیل چاڤگین) بەرخودانی جورنەڕەشی بەبیر دەهێنایەوە. پاش ساڵێک لە شەهید بوونی هەڤاڵ (حەقی قەرار) لە هەمان بەروار و رۆژدا بە دەستی پیاوانی عەشیرەتی (سولەیمانی)ییەکان شەهید کرابوو.

---

[70] مەبەست لە رۆمانی پەپولەیە.

کاریگەری خەبات و تێکۆشانی شۆڕشگێڕانەی ئەم جۆرە هەڤاڵانە و بەتایبەتیش تێکۆشانی جوڕنەڕەش و گریٚ سۆر لە هەموو شوێنێک ناو و ناوبانگی هەبوو. بەجۆرێک خۆپیشاندانە سیاسییەکانی خەڵکی هەرێمەکە باس دەکرا کە لە ئاستێکی بەرزدا نوێنەرایەتی ئیرادەی خۆیان کردووە و خۆبەڕێوەبەرایەتی خۆیانیان راگەیاندووە، واتای گەورە و بەهادار بەبەر ئەم هەوڵ و هەڵمەتانەدا دەکرا و دەماودەم دەگەڕا. ژنان لە بەرخودانی چەکداری جوڕنەڕەش دا لە بەرەی پێشەوەدا سەنگەریان گرتبوو. ئەمجۆرە پڕووپاگەندانەش کاریگەری ئەرێنیانەی دەخوڵقاند.

ناسینی (فوئاد چاڤگین) بەشێوەیەکی خۆڕسکانە سەرلەنوێ دەیبردمەوە بەرەو تێگەیشتن لە بەرخودانی جوڕنەڕەش. ئەم بەرخودانییە رۆڵێکی گەورەی هەبوو لە هەنگاونان بەرەو چالاکییەکی هاوبەشەوە.

(گویزەل) کە بەندکراوێکی دۆزی کۆمەڵایەتی بوو، جێگەی متمانە بوو. پێکەوە قسەوباسمان لەسەر هەندێک تەوەری گشتیٚ دەکرد. پرسیاری پاراستنی دەرەوە و ناوەوەی زیندان و نەخشەکەیم لێدەکرد. پرسیاری نەخشەی مەلەتیم لیٚ دەکرد؛ گەڕەکەکانی، تایبەتمەندی و هەموو بابەتە پێویستەکانی تر، زۆر بە ئارامی و بیٚ خەوش زانیاری ئەرێنی پێدەدام. ژنێکی زیرەک بوو، دەیزانی لەخۆڕا ئەم پرسیارانەی لێناکەم. سەیر ئەوەبوو، بۆچی تا ئێستا هەوڵی راکردنی نەدابوو؟ پێشتر لە زیندانی نیمچە مابووەوە. تەنانەت باسی لە هەندێک ژنە بەندکراویش دەکرد کە لە زیندان رایانکردبوو. لە زیندانێکی وەهادا دەرفەتێکی زۆر لەبەردەست دایە. جگە لەمانەش بۆ ماوەی رۆژێک مۆڵەتی دەرکەوتنیشیان پێدابوو. دەیگووت: "کیٚ بیپاراستمایە؟ بچوومایە بۆ ماڵی باوکم، ئەویٚ ئاشکرایە و دەزانرێت. مێردەکەم کوژراوە

و خانەوادەکەشی بوون بە دووژمن. ئەگەر وەکو ئێوە بوومایە، هیچ رانەدەوەستام. زۆرن ئەوانەی خاوەنداریتان لێ بکەن، دەرفەتێکی زۆرتان هەیە"، راستە، بەڵام ئێمەش هەل و دەرفەتەکانمان بە راست و دروستی هەڵنەدەسەنگاند. هەر خۆی (فەوزی) و ئەوانیشی دەناسی، ئەمە متمانەی زیاتر دەکرد. سەرەڕای ئەوەش بەحاڵ و حیساب بووین لەگەڵیدا. دایکی (فەوزی) ژنێکی بێ ئامان، خەپە و شیرینە، رۆژێکیان باسی لە ئامانەتێک کرد و گووتی: "دەمانچەیەکی بچکۆلەیان پێدام شاردمەوە. پاشان نەهاتنەوە بۆی، رزی و تیاچوو".

نامەیەکی ترم سەبارەت بە پلانە نوێیەکەمان بۆ دەرەوە نارد. هاوکات نامەیەکی هاوشێوەم بە زیادکردنی هەندێک پرسیارەوە بۆ (فوئاد) و ئەوان نارد. لەوێوە باشتر دەیانتوانی بینێرنە دەرەوە. تیایدا بەتایبەت پێشنیازی وەپێشخستنی ئەم پلانەم کردبوو. سەبارەت بەم پلانەش وەڵامی ئەرێنی هاتەوە. وەڵامی پرسیارەکانیش ئەرێنی بوون. (فوئاد) و ئەوان زیاتر بێ ئۆقرە بوون، لە نامەکەدا گووتبووی: "دەبێت ئەم کارە بەبێ هیچ ئامرازێکی گواستنەوە و شتی تر بکرێت، ئەگەری پێشهاتی نەخوازراو هەیە"، دەمانچەکەیان ئەرێ کردبوو. ئەگەر بێتوو لە قاوشی ژنان دەربکەوین و سەرکەوتنیش نەهێنین، ئەوا دەمانچەکە کەڵکی دەبوو. بەمجۆرە رووندەبووە کە (فوئاد) و ئەوان پلانیان بۆ شتی تریش داناوە. ئەگەر یەکێکیان نەبێت ئەوی تر تاقی دەکرێتەوە. بەپێچەوانەوە لەجیاتی پلانێکی زۆر و ئاڵۆزکردنی کارەکە، جێبەجێکردنی گونجاوترینیان؛ بەرهەمدارتر دەبوو.

دەمانچەکە بەجیا لەناو دوو قوتووی لوقم و شکولاتدا گەیشتە دەستمان. ئەو رۆژە (خەدیجە) نۆبەتدار بوو. زۆرجار بێ ئەوەی

له بەشی پیاواندا پشکنینی بۆ بکرێت ڕاستەوخۆ هەر چییەک بهاتایە بۆیان دەهێنایە. پاسەوانەکان بێ خەم و بێ شک کاریان دەکرد، هەموو جارێکیش تەماشایان نەدەکرد. دایکی (فەوزی) هاتبوو، منداڵێکی تەمەن (9 – 10) ساڵانەشی لەگەڵ بوو. قوتووێکیان لە باوەشی خۆیدا و ئەوی تریش لە باوەشی منداڵەکەیدا بوو. لە زیندانی مەدەنی دا دەرفەتی تەوقەکردن و ئامێزگرتن هەبوو. ئەمەش بەپێی کەسایەتی نۆبەتگرەکان دەگۆڕا. بۆ دوو سێ خولەک لە ئامێزگرتن و جاروباریش دەکرا بانگهێشتی ناو قاوشەکەش بکرێت، لەوێ پێکەوە خواردن و چای بخۆنەوە.

(خەدیجە)ی پاسەوان چی بۆ ئەوانی تر بکردایە بۆ منیش بە هەمان شێوە، نەیدەویست جیاکاری بکات. دایکی (فەوزی)م لە ئامێزگرت، لەو نێوەدا پاکەتەکانی دایە دەستم و چپاندی بەگوێمدا "ئامانەتی لەناودایە". پاشان بەزۆر خستییە باوەشمەوە. نۆبەتگر بە ئامانجی هاوکاریکردن گووتی : "بیدە بەمن، بە دڵئاسوودەیی دیدارەکەت بکە". منیش گووتم :"لەشت ساخ بێت" و بۆ ئەوەی بەهەڵە تێنەگات، پاکەتی لوقمەکەم کردەوە و لە قاتی سەرەوە لوقمێکم پێشکەش کرد. ئەمە شتێکی باش بوو. دوای ئەویش (ئەیشێ) گووتی بمدەرێ با لە ژوورەوە بۆت دابنێم، ناچار بەویش بڵێم: "لێگەڕێ، قەیناکات". (ئەیشێ) بێ ئامانە، هەر چۆن لەدەستم بگرێت بەقورساییەکەیدا دەزانێت شتێکی تێدایە. دایکی (فەوزی) گووتی: "ئەو پاکەتە هەڤاڵێک پێیدام، وابزانم دێت بۆ بینینت، ئێستا لە بەشی پیاوانە".

زۆر لە دوور هاتبوون، بۆیە دەیانتوانی هەم پێشنیوەڕۆ و هەم پاشنیوەڕۆش چاوپێکەوتن بکەن. دوابەدوای ڕۆیشتنی ئەم، هەواڵی بوونی کەسێکی تریشیان پێدام و جارێکی تر چوومەوە. (خەدیجە)ی نۆبەتگر دەرگەکەی کردەوە. تەوقەمان کرد و گووتی:

"دیاره نەتناسیم. من لەمێژە دەتناسم. نامەکەتمان گەیاند، چاوەڕێی وەڵامین. دەلیلیش لێرە بوو، ڕۆیشت". کەمێک باسی (دەلیل)ی کرد، کە لە هەندێک مژاردا ناکۆکن. هاوڕا نییە لەگەڵ گواستنەوەی (دەلیل) بۆ هەرێمی دەپ، پاشان بە شێوازێکی سکاڵاکارانە گووتی "توند و محافەزەکارە". سەرەتا تووڕەبووم لەوەی چۆن هات و نەهات ئەو هەموو شتەی گێڕایەوە و پاشان پێمگووت: "دەتانتوانی پێکەوە قسەی لەسەر بکەن، ئێستاکە هیچ واتایەکی نییە". باسی هێنایە سەر پاکەتەکان: "بەڵام دیارە شتێک ڕوویداوە. لەناوەوە هەڤاڵێک هەیە، چاوەڕێی ئەنجامەکەیەتی. گومانمان لەوە هەیە نامەکەت کەوتبێتە دەست. ئەگەر وەها بێت، زۆر خراپە، باس لە دەمانچە کراوە. باسی ئێرەی کردووە. بۆیە ئاگاداربە".

سەرم سوڕما و گووتم"چۆن؟ نامەی چی؟ لەلایەک نامە و لەلایەکیش دەمانچە چۆن دەبێت؟ لەکوێ دەستی بەسەردا گیراوە؟" گرژ ببووم، بەڵام ئەو لەسەرخۆ بوو. پێمگووت: "ئەگەر شتێکی وەها هەبێت، دەتوانم بانگی ئەو ژنە بکەم و پاکەتەکانی پێدەدەمەوە. پێی دەڵێم بۆ ئێمە زۆرە، لوقمەکەیان ببات بۆ هەڤاڵانی پیاو – کەواتە خۆتان زۆر گیرۆ مەکەن، بۆچی ئەوەندە ئاسوودەیت؟ وەها نابێت...".

بەر لەوەی هەڵسێت لە ناسینەوە و نەناسینەوەی پرسی و گووتی: "حەیدەر ئەشی یۆک، خەڵکی دەپم. من لەڕۆژانی پەیمانگەی مامۆستایانەوە دەتناسم. هەروەها هەندێک شتیش هەیە دەمەوێت پێت بڵێم. دیارە ئێستا کات نەماوە. دواتر بۆت دەنووسم"، و ڕۆیشت. پاش ماوەیەک ژنەکەم بانگکردەوە و پاکەتەکانم پێدایەوە و گووتم: "ئەگەر کەسیشت دەستنەکەوت، لەگوند بیشارەوە". ژنە بە ترسێکەوە: "بە قوربان، ئەم ئیشە

مەترسیدارانە بە ئێمە مەکەن. خۆم ماڵم سوتاوە، ئەوجار..." دڵگران بووم چونکە کارێکی سەقەت بوو.

(حەیدەر ئەشی یۆک..)؟! هەتا لێرە بوو نەمناسیەوە. پێشتر ماوەیەک دەستگیرکرابوو. دەگووترا گورزێک بە سەری کەوتووە و زۆر عەسەبی بووە، ئەویش بەردەوام ئەم ناساخییەی گووتووەتەوە. لەم لایەنەوە کێشە بوو. بەپێداگرییەوە داوام لێکرد نەخشەی شاری مەلەتیم بۆ بنێرن. دیارە کارەکەی (فوئاد) و ئەوان شێوابوو. دەستبەرداری پلانەکانی ترم نەدەبووم. قەرەباڵغتر بووایە مەترسی زیاتر دەبوو.

کچۆڵەیەکی جوان و قشتۆکە لە رۆژانی دواتر دا هاتە سەردانم و نامەی بۆ هێنام. دوو نامەی جیاواز هەبوو. یەکێکیان سەردێڕەکەی بە "هەڤاڵ" و ئەوی تریش بە "ساکینە" دەستی پێدەکرد. هەردووکیشیان یەک دەستنوس بوو. لەو نامەیەدا کە بە "هەڤاڵ" دەست پێدەکات وەها نووسرابوو: "ئەو رۆژە گرفتێک هاتە ئاراوە، بۆیە ناچاربووم ئەو شوێنە بەجێبهێڵم. کارەکەی فوئاد و ئەوان بۆ کاتێکی تر دواخرا. وەڵامی پێشنیازەکەی تۆمان پێگەیشت، ئەرێنییە"، بەڵام باسیشیان لە هەبوونی کارێکی بەپەلە کردووە لە هەرێمی یەکەم، بۆیە ئەو هەڤاڵەی کە دەینێرن بۆ ماوەیەک درەنگ دەکەوێت. پێویستە منیش درێژە بە ئامادەکارییەکانم بدەم و ئێوەش بەردەوام بن لە نامە ناردن. ئەوەشیان لەسەر زیادکردووە کە تاکۆتا بڕوایان بە سەرکەوتنی ئەم کارە هەیە. ئەم وەڵامە زۆر ئاسوودەی کردم. بەمشێوە فەرمییە وەڵامدانەوە بە واتای بە جددی وەرگرتنی کارەکە بوو. ئایا ئەو کارە بەپەلە چی بوو کە باسی دەکرد؟ هیچم بە خەیاڵدا نەدەهات.

پاشان نامەکەی ترم خوێندەوە: "ساکینە، هەرچەند لە زیندانیش بێت دووبارە بینینەوەت شادی کردم"، و کۆمەڵێک پیاهەڵدانی تر و باسی لەوە کردووە کە زۆر ڕێزم لێدەگرێت. پاشان گەڕاوەتەوە بۆ ئەو ساڵانەی تازە منی ناسییوە، خۆشەویستی هەبووە بۆ من و لەبیرم ناکات، خۆشەویستی بێ پایانی شۆڕشگێڕان و کۆمەڵێک دەلەسەی تر... تا دەمخوێندەوە تووڕەتر دەبووم. بێ شەرم! چۆن جورئەتی کردبوو؟ شێت بوو، چی بوو؟ نازانم چ نەخۆشییەک لە سەریدا هەبوو، بیرم لەوە کردەوە کە تۆبلێی بەهۆی ئەو نەخۆشییەوە بێت!.

ئەی خوایە کەوتوومە داوی چییەوە. ئەم هەڤاڵە لە هەرێمەکەدا لێپرسراوێتیشیان پێ سپاردبوو، کەچی خەریکی چی بوو؟ وەڵامێکی کورت و توندم دایەوە، داوام لێکرد بەڕێزەوە مامەڵە لەگەڵ ئامانجی سەرەکی نامەکانم بکات. پاشان ئەم نامەیەم نارد، بەڵام هێشتا کاریگەری قسەکانیم لەسەر بوو. تۆبلێی هێشتا هەڤاڵ بێت؟ تۆبلێی تەڵەکەبازییەک نەبێت؟ خۆی وەک (حەیدەر ئەشی یۆک) ناساندبێت. بە شێوە و لەشولار نەمناسییەوە، بەڵام ناویم بیستبوو. بۆیە نەدەهاتەوە بیرم. کاری ڕاکردن کەوتە ناو چەمەوە! بابەتی دەمانچەکەش بەهەمانشێوە. ئەی ئەو نامەیە چی بوو، تێگەیشتن لەو نامەیە زەحمەت بوو. هێندەی نەمابوو بەو ئەنجامە بگەم کە هەموو ئەوانە تەڵەکەبازی بوون لەدژی من دەکرێن.

بەڵام (حەیدەر) بەڵایەکی گەورە بوو! بە نامەکەم دەستی بەهێرش کرد. مافی لەخۆیدا بەدی دەکرد. دیارە شکۆی فیۆداڵییانەی شکابوو. دەیگووت گوایە بەهۆی قۆناخی هاوسەرگیری و جیابوونەوەم قینم لە پیاوە و بێزێزیم بە هەست و سۆزەکانی خۆی کردووە. پێشتر منی ناسیوە، شۆڕشگێڕی و ئەندامێتیم لە پارتیدا کاری تێکردووە و ئەمەش هەست و سۆزی

وەگەڕخستووە و زۆرێک پیاهەڵدان و پڕووپاگەندەی خۆشەویستی و سۆزی کردووە. دڵگرانیش بووە بەوەی نەمناسیوەتەوە.

چەند سەیرە! هەموو ئەمانەی (منیان خۆش دەوێت) و باس لە خۆشەویستی و شەیداییەکی گەورە دەکەن، تا پێیان دەکرێت بەرەو قاتی خوداوەندی دەمبەن بە ئاسماندا، و دەڵێن گەیشتن بە خوداوەندێتییەکەم زۆر ئەستەمە و بەهیچ جۆرێک بوێری ئەمەیان نییە، بەڵام لەجەوهەردا بە راگەیاندنی قەباترین، بێ پێودانگترین، بێ رێزترین، سووک و هەرزانترین شێوەی ئەشق بتەکانی خۆیان دەڕووخێنن. وەک کاروانی هەست و سۆزێکە کە زۆری لێبکات و حوکمڕانی بەسەر ئیرادەی بەرامبەر لەخۆبگرێت، ناڕوونە و سەرەتا و کۆتاییەکی نادیاری لەولاتری نەریتگەراییەوە هەڵگرتووە، سەرچاوەکەی دیار نییە و نازانێت خزمەتی چی دەکات، لە رووێکییەوە پەنهانە، خۆپەرست و لاواز، لەرووەکەی تریشییەوە هار، قەبا، بەشێوەیەکی رەها بەرامبەرەکەی تاوانبار دەکات، تەنانەت بیر لە تۆڵەستاندنەوە دەکاتەوە.

(حەیدەر) لەکوێ و تاچەند دەیناسیم؟ کەی منی بینی بوو؟ ئەگەر هەموو ئەوانە راستیش بن ئەی من لە چ دۆخێکدا بووم؟ چ دەردێکم هەبوو؟ ئەگەر پیرێکی لەپێکەوتە و داماویش بێت، هیچ نەبێت کەمێک لێی تێدەگات و بەهای پێ دەدات. ئەگەر هەرچییەکم بەدەمدا هات بۆی بنووسم، وەک ئەوم لێدەهات. هەوڵمدەدا هێور ببمەوە. دەبووایە ئەم راکردنە بەسەر بخەم. چۆن دەمتوانی لە گرنگی و خێرایی ئەم کارە تێیبگەیەنم؟ لە هەرێمەکە هەڤاڵێکی تر لە ئاستی لێپرسراویدا هەبووایە باشتر دەبوو. هەڤاڵ (دەلیل) چووبوو بۆ شارۆچکەی دەپ. نەمدەویست کێشەیەکی تری وەها حەواڵەی سەرەوە بکەم و سەرقاڵیان بکەم.

نامەیەکی ئاساییم بۆ نووسی و گووتم: "بە هەڵە تێمەگەن، بێ ڕێزیم بە هەست و سۆزەکانتان نەکرد، بەڵام من پێشنیازێکی زۆر گرنگم پێشکەشی ئێوە کردبوو، لەجیاتی ئەوەی گرنگی بەم پێشنیازە بدەن، هەڵوێستی جیاوازتان مایەی کاردانەوەی توندتریشە. لەلای من شتێکی نییە ناوی نەفرەتکردن لە پیاو بێت. بەسەرهاتەکانم بەکاریگەربوون، بەڵام لەمندا بێ متمانەیی یاخود نازی نەچاندووە. لە نامەکەتاندا زۆر بە ئاسانی دەستتان بۆ هەندێک وشە بردووە. ئەم خاڵە پێویستی بە وریاییە. کەسێک نیم ناز بکەم و هەست و سۆزەکانم بفرۆشم. مادام شۆڕشگێڕبوونم کاری تێکردوویت، کەوابوو شۆڕشگێڕییەکەم بەو شێوەیە سووک و ساکار مەکە. ئەگەر دەرکەوم بەرفراوانتر قسە و گفتوگۆ دەکەین. لەو بڕوایە دام قانیع دەبن. ئێستا بەدوای هەندێک ڕێگەی تازەوەم. حسێن یلدرم باس لە ئەگەری ڕاپێچکردنمان بۆ زیندانی ئامەد دەکات. ئەگەر ئێوە درەنگیش بکەون، من دەرفەتەکانی بەردەستم بەکار دەهێنم".

نامەکەم دوو مەبەستی هەڵگرتبوو؛ یەکەمیان ناچاربێت بە جددیتر بابەتی ڕاکردنەکە وەربگرێت، دووەمیان بۆ ئەوەی تێبگات کە ئاتاجی ئەو نیم.

لەو نێوەدا لەکاتی سووکە بۆیاخکردنێکی دیوارەکاندا دەستەیەک کلیلم دۆزییەوە. بە نۆبە یەکە بە یەکەیانم تاقیکردەوە، یەکێکیان دەرگەکەی کردەوە. تەواوە، ئەم کارە تەواوە! لە خۆشیاندا وەخت بوو باڵم دەگرت.

ژمارەی ئەو پارێزگایانەی کوردستان کە دەخرانە لیستی بەڕێوەبەرایەتی باری نائاساییەوە لە زیادبووندا بوو. مەلەتیش یەکێک بوو لەو پارێزگایانە. دووژمن دەستی بە شاڵاوێکی گەورەی ڕەشبگیری و پەلامار کردبوو، ڕەشبگیرییەکی کەم وێنە لە ئارادابوو. بیستم کە هەڤاڵ (خەیری) و هەڤاڵ (کەمال پیر) و ژمارەیەکی تر لە هەڤاڵان دەستگیرکراون. چی ڕوویدەدا؟ فەرماندەییەکانی بەڕێوەبەرایەتی باری نائاسایی و ئەرکانی سوپا بەردەوام لێدوان و ڕوونکردنەوەیان دەدا. گووتە و گووتاری یەکێتی میللی و هاوپەیمانی لە ڕۆژنامە و تیڤییەکان کەم نەدەبوونەوە. پەندێکی پێشینانیان ئاوەژۆ کردبوو و دەیانگووت "تیرۆرستانی پارچەکاری وڵات، تا سەریان بچووکە، سەرکوتکردنیشیان ئاسانە". باشە ئامانجیان لەم پڕووپاگەندەیە چی بوو؟

هەندێک ڕووداو و پێشهات لە بەرەی تورکیاش لە ئارادابوو. بزووتنەوەی کرێکاران و خۆپیشاندانی خوێندکاران تا دەهات زیاتر دەبوو. ڕۆژ نەبوو شەڕ و تێهەڵچوون ڕوونەدات. ڕووداوەکانی (فاتسا)[71] لە ئارادابوو. کۆمین[72]ی گەلی شۆڕشگێڕ دامەزرابوو، شارەوانی کەوتبووە دەستی شۆڕشگێڕەکانەوە. گەل

[71] فاتسا؛ ناوچەیەکی قەدیمی هەرێمی دەریای ڕەشە کە لە سەدەی 15 دا لەلایەن ئیمپراتۆرییەتی عوسمانییەوە داگیردەکرێت و ئێستاش سەر بە پارێزگای ئۆردوی تورکیایە، لە ڕووی جوگرافی و ئابوورییەوە ناوچەیەکی بەپێزە، بەر لە کودەتای 12ی ئەیلولی 1980 گرووپە چەپڕەوەکان شێوازێکی خۆبەڕێوەبەرییان لە شارۆچکەکە باڵادار کرد، تا ڕۆژانی کودەتای سەربازی خۆبەڕێوەبەری تیایدا باڵادار بوو.

[72] کۆمونە.

خۆی بەڕێوەبەری خۆی هەڵبژاردبوو. فاتسا لەڕووی ئاستی ڕێکخستنی و تێکۆشەری خەڵکەکەیەوە وەکو جورنەڕەش و گرێ سۆر وابوو.

لە شاری ئێلیح (ئەدیب سۆڵماز)ی نیشتمان پەروەر کە لەلایەن گەلەکەمانەوە هەڵبژێردرا، زۆر زوو لەلایەن دووژمنەوە شەهید کرا. لە کوردستاندا بە دڕندەیی و بەخوێن وەڵامی بچووکترین پێشکەوتن دەدرایەوە، بە نامرۆڤانەترین شێوە تەگەرەیان دروست دەکرد. لە جورنەڕەش ئەنجومەنی گەل هەڵبژێردرا کە ژنیشیان لەناودا بوو. لەولاشەوە سەرۆک شارەداری پێشوو بەهۆی رابردووی خۆیەوە داوای لێبوردنی لە گەل کردبوو.

لە گرێ سۆر مەراسیمی گواستنەوە و بەخاکسپاردنی تەرم، گۆڕابوو بۆ بە خۆپیشاندانێکی سیاسی. دووژمن جەماوەر دەداتە بەر دەستڕێژی گوللە و شەهید و بریندار هەبوون. ڕووداوەکان کۆتاییان نەبوو. (شەڕی کۆزک – شەڕی سەنگەرگرتن) بەگەلێک لایەنییەوە لە ڕاگەیاندنەکاندا بڵاوکرایەوە. عەشیرەتی بوجاک لە هەرێمەکدا لە گرنگترین کۆڵەکەکانی دەستی داگیرکەران بوو. لە دژی تێکۆشانمان، بە دەستی چەند عەشیرەتێک چەتەگەرایی فیۆداڵی بەڕێوە دەبران. ئێمەش ئەم ڕووداوانەمان هەڵدەسەنگاند و بە شیکاری نوێ دەگەیشتین. شۆڕشی دیموکراتی و میللی دوو قۆناخی لێکدابڕاو نەبوون، وەکو گۆشت و نینۆک وابوون.

## هەڵاتن لە زیندانی مەلەتی

لە کوردستان ناکۆکییەکان لەناو یەکدا ئاڵۆز ببوون. دامودەزگاکانی داگیرکەران لەگەڵ فیۆداڵ و دەرەبەگە خۆجێیی و نۆکەرەکان پێکەوە و بەپشتبەستن بە یەکتر دەسەڵاتی خۆیان نیشان دەدا. لێژکردن و خاپوورکردنی شوێنگەی ئەو بەکرێگیراو و خیانەتکارانە، گەلی بەرەو رزگاریٔ نیشتمانی رادەکێشا و رێکیدەخستن. سەراوبنکردنی هەر یەکێک لەو بنەمایانە، بەرەی شۆڕشگێڕی دەکرد بە بنەمای سەرەکی. ئەمەش رووداوی نوێی لەگەڵ خۆی دەهێنا. هێرش و پەلامارە فرەچەشنەکانی دووژمن لە واتایەکی گشتیدا ئەم راستییەی دەخستەڕوو. بەڵام چاودێریکردنی ورد و بەدواداچوونی راستەقینە بۆ رووداوەکان و هەروەها تێگەیشتن لە پێشهاتەکان زەحمەت بوو. چاودێری هەنووکەییمان بەرتەسک و رووکەشانە بوو. لەلایەکی تریشەوە پەیوەندیمان لەگەڵ دەرەوە سنووردار بوو، لەلای خۆشمانەوە لەو توانایەدا نەبووین سنووری ئەو شوێنە بەرتەسک و کەم دەرفەتەی تێیدابووین ببەزێنین و هەڵسەنگاندنی گشتیانەتر بکەین. بەڵام هەر پێشهاتێک مەراق و وریایی لەگەڵ خۆی دەهێنا و بەئاراستەی بیرکردنەوەی دەبردین.

هێشتا لە خارپێت بووین دەیانگووت پەڕاوەکانتان دەبەین بۆ دادگای ئامەد. هەژمارێکی زۆر لە کادیرانی ئاستی سەروو لەوێ بەندکرابوون. بە سەدان هەوادار و لایەنگر بۆ ئەوێ راپێچکرابوون. لەم رووەوە خوازیاربووم چی زووترە بۆ ئەوێ بگوازرێمەوە. لەلایەک خیانەتەکەی (شاهین) ئاشکراتر دەبوو و نەیدەتوانی بەهەوەسی خۆی بجوڵێتەوە، لەلاکەی تریشەوە دووژمن پیلانێکی تری هەبوو کە دانیشتنی دادگا و کردنەوەی

دۆزەکان بدات بەدەم کاتەوە و هەموو کەسێک تا ماوەیەکی درێژ لە زیندان رابگرێت. رەوانەکردنمان بۆ ئامەد، درێژکردنەوەی وادەکە بوو. بەم هۆکارە هەندێک خانەوادە ترسیان لێنیشتبوو و هەندێک بەندکراویش نیگەران بوون.

زۆربەیان لە دەستپێکی تێکۆشاندا حیسابیان بۆ زیندان نەکردبوو. زیندان چی بوو، خزمەتی چی دەکرد؟ لە رابردوودا (شێخ سەعید) و بە دەیان کوردی تری پێشەنگانی بەرخودان لە دادگاکانی "ئیستقلال" دادگایی کران و بە سێدارە سزا دران. کاریگەری ئەم رووداوە زۆر بوو و بەپێچەوانەوە بەزەمینەی خوڵقاندنی قۆناخێکی پێشکەوتووتر نەگەیەندرابوو. تەنانەت دەرک بەوە نەدەکرا کە پێشتر کێ و چەند و لە کام زیندان ماوەتەوە، چۆن قۆناخێک تێپەڕکراوە؟ لە ئاستێکدا نەبوو کە لە هەنگاوی دواتری دادگاییدا دەست بە قۆناخێکی نوێ بکرێت یاخود دادگاییەکان پێچەوانە بکاتەوە. تەنانەت لە ئاستی ناوەکەشیدا نوێنەرایەتی ناوی کوردایەتی نەکراوە و بە راست و دروستی خاوەنداری لێنەکراوە.

مانگی ئادار پڕبوو لە باس و خواسی سێدارە، دادگایی و زیندانییەکان. پێشتر رووداوی هەندێک لە زیندانەکان و دادگایی کردنی هەندێک لە شۆڕشگێڕان لەو مانگەدا تۆمارکراوە و لە چوارچێوەی بڵاوکراوەی جیاجیا و پەرتووکدا بە رای گشتی راگەیەندراوە. هاوکات دادگاییکردنی (ئیبراهیم کایپاککایا) و هاوڕێیانیشی بەهەمانشێوە. لەم واتایەدا ئامەد گەواهی رۆژگارێکی گرنگی دەکرد.

دەستەواژەی زیندان، پێگەی شۆڕش و دژە شۆڕش لەم بەرەیەدا و رۆڵی زیندان لەم شەڕەدا، هەر یەکە و جێگەی تایبەت بەخۆیان هەبوو. ئەگەرچی هێشتاش لە ئاستێکی وەها قووڵدا

هەڵسەنگاندنی بۆ نەدەکرا، بەڵام تا دەهات پێشهات و ڕووداوەکان لە هەندێک لایەنەوە خاسییەتی سەرەکی هەرێمەکەی دەخستەڕوو. تا ئەو ڕۆژەش بە درێژایی مێژوو؛ زیندان ڕێگەی لەبەر چی ئاوەڵا کردبوو، شۆڕشگێڕەکان ڕۆڵێکی چۆنیان گێڕاوە، تایبەتمەندییان چییە هەموو ئەمانە تەنیا لە چوارچێوەی زانیاریدا قەتیس مابوونەوە. بۆیە تاچەند لەناو ئەو ڕاستییانەدا بژییابایین و ئەم لایەنەی تری دووژمنمان بناسیبایە، ئاستی تێگەیشتن و دەرک پێکردنیشمان بەرزتر دەبووەوە.

کات زۆر بەهادار بوو. هەر کەسێک ببیندرایە کە چەند ساڵێک بەندکراوە، بەسەرسامییەوە چاوی لێدەکرا، ماوەی بەندکرانەکەی بە ماوەیەکی زۆر درێژخایەن دەبیندرا. چۆنێتی دانبەخۆداگرتنی جێگەی مەراق بوو. ئێستا جیاوازە، تا دەچێت ساڵ لەدوی خۆمان بەجێدەهێڵین، شانبەشان لەگەڵ تێپەڕبوونی کات فێری ڕاستییەکانی ژیان دەبووین. سەرەڕای ئەمەش هێشتا دیاردە و ڕووداوی لە ژمارە نەهاتوو هەبوون کە دەرکی پێنەدەکرا، تێگەیشتن و لێکدانەوەی کەم بوو، بۆیە بە ئەنجامەکانیشی نەدەگەیشتین. خەسڵەتێکی تری تێکۆشانی تاکەکەس لە زینداندا ئەوەیە کە نە بە مانگ و ساڵ و نە دەشتوانرا بە ئاستی چۆنێتی دووژمن ڕوونبکرایەتەوە. شێوازێکی شەڕ بوو کە جیاوازی زیاتر، تایبەتمەندییەکی بێ شومار و خاسییەتی تایبەت بەخۆی هەبوو.

وەڵامی نامەکەم گەڕایەوە، کەچی هیچی بەدوادا نەدەهات. دواتر زانیم کە لەهەمان ئەو ڕۆژانەدا هەڤاڵ (مەزلوم دۆغان)یش پلانی ڕاکردنی هەبووە. یەکەمجار کە لەسەر ڕێگەی ڕۆحا دەستگیر دەکرێن، ناسنامەی ساختەی پێبووە. هەڤاڵ (مەزلوم) بە ناسنامەی (ئیبراهیم شەنۆڵ) لەگەڵ (ئایسەل) و (یڵدرم) پێکەوە لە یەک ئۆتۆمبێلدا دەستگیرکرابوون. ماوەیەکی درێژ بەو

ناسنامەیەوە مابووەوە، بەڵام دووژمن گومانی لێکردبوو. پێدەچوو ناسنامەکەی ئاشکرا بووبێت، دووژمن بۆ زانین و دڵنیابوون زۆر رێگەی گرتبووە بەر. تەنانەت کۆمەڵێک کەسی ئەڵقە لەگوێ و سیخوڕیشی بەناوی شۆڕشگێڕەوە رەوانەی زیندانەکان دەکرد ئەمە لەلایەک و لەلایەکی تریش ئیفادەیەکی زۆری (شاهین)یان لەبەر دەستدا بوو، ئەگەر بێتوو لەگەڵ (شاهین) رووبەڕوویان بکردایەتەوە، (شاهین) دەستبەجێ دەیناسیتەوە و دەیدا بەدەستەوە. ئەو هەموو نەهامەتییانەش راکردنێکی بەپەلەی خستبووە رۆژەڤەوە. بۆ ئەوەی هیچ شتێک کارنەکاتە سەر چالاکییەکەی هەڤاڵ (مەزڵوم)، چالاکییەکەی منیش دواخرا. هەوڵمدەدا خۆم ئاسوودە و دڵفراوان بکەم؛ قەیناکە با هەڤاڵ (مەزڵوم دۆغان) دەرکەوێت و هیچ نەبێت ئەو چالاکییە سەربکەوێت!

بەڵام هەواڵمان پێگەیشت کە دووبارە دەستگیرکراوەتەوە. ماوەیەکی زۆر بەبێ جوڵە لە دەبەیەکی زبڵدا دەمێنێتەوە، هەڤاڵی ئەرکدارکراو بە وەرگرتنیشی لە کاتی خۆیدا نەهاتووە، پاش ئەو ماوەیە سووڕی خوێنی تێکدەچێت و بەزۆری لە دەبەکە دەریدەهێنن. لەولاشەوە سەرباز هەبووە، نەیتوانیوە رابکات. هەموو جۆرە بەدبەختییەک یەک دەگرن و بەسەریدا دێن. ئەمە لە کاتێکدایە کە سەختترین هەنگاوی ناوە و لە زیندان چووبووە دەرەوە.

باشە ئەوانەی دەرەوە بۆچی وەها دەکەن؟ بۆچی، نەیاندەزانی کۆکردنەوەی ئەو هەموو دەرفەتانە لە زینداندا چەندە زەحمەتە؟ لانی کەم واتایەکی بچووک بەم راستییە بدرایە، باجەکەی چی دەبێت با ببێت دەبووایە ئەو چالاکییە سەربخرایە. حەتمەن بیانوویەکی بێشوماریان بۆ خۆیان هێناوەتەوە، سەرەنجام ؟! هەڤاڵ

(مەزڵوم) جارێکی تر کەوتبووە زیندانەوە، ئەو هەلە گەورەیە بەفیڕۆ چووبوو. ئیتر ناسنامەکەشی ئاشکرا بوو. دوابەدوای چالاکییەکەی، هەڤاڵ (مەزڵوم) پاراستنی خۆی کرد و بەفەرمی خاوەنداری لە پارتی کرد.

هەرچەند بیرم لە ناجددییانەبوونەکەی (حەیدەر) دەکردەوە، ئیتر منیش چاوەڕێی هیچم لێنەدەکرد. تەنیا داوای ناونیشانێکی جێ متمانەم کردبوو. ناونیشانی قاوەخانەیەکیان پێدام کە لە گەڕەکی سەیران باغلارییە. سەیرە یەکێک نەزانێت دەڵێت وەکو بەری دەستی خۆم شارەزای ناوشاری مەلەتی بم، ناونیشانی قاوەخانەیەکیان پێدابووم.

بۆ شارەزابوون سەبارەت بە ناوشار، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هەوڵم دەدا زانیاری لە بەندکراوان وەربگرم. ناونیشانی هەندێک لەوانەم لەبەر کردبوو کە پێشتر بۆ ماوەیەک لە زیندان بوون. دەشێت یەکەم شوێنێک کە بەدوامدا بگەڕێن هەر ئەو ناونیشانانە بن، بەڵام هەر پێویستم پێی دەبوو. گەڕەکی چاوش ئۆغڵو بەگشتی شوێنی نیشتەجێبوونی عەلەوی باوەڕەکان و گرووپە چەپڕەوەکان بوون. (گویزەل) شارەزای هەموو لایەکی شارەکە بوو. ئەگەر بۆ ئەوم باس بکردایە هاوکارییەکی زۆری دەکردم. ترسم هەبوو، نهێنیپارێزییەکی توند یەخەی گرتبووم. سەرەنجام شتێکم بۆ درکاند؛ کاتێک باسی پێویستی ناسنامەشم کرد پێیگووتم کە ناسنامەکەی خۆیم پێدەدات. ئەویش زۆر پرسیاری نەدەکرد بۆ ئەوەی بە هەڵە تێنەگەم.

(حسێن یڵدرم) ئەمجارەیان وەک دواین خشتی دیوارێکی دانابێت بە لوتبەرزییەکەوە هاتەوە. پەڕاوی "نهێنی" (ئۆزدەن مزراک)ی وەدەستخستبوو! دەیگووت: "DEV-YOL بەدوامەوەن، تەکلیفی پارەشیان کرد، دەیانەوێت پەڕاوەکە بەوان

بدەم. کاوەییەکان دەڵێن دەبێت بیدەی بە ئێمە. HKییەکان هەڕەشەم لێدەکەن و دەڵێن نابێت ئەو پەڕاوە بدەیت بە کەس. منیش بە ئاشکرا گووتم ئەگەر بخوازم دەیدەم بە PKK. بەڵام کەسم نەدۆزییەوە. ئەگەر عەلی حەیدەر قەیتان بدۆزمەوە دەیدەم بەو".

هەر کە گووتم: "بیدە بە من" ئەوەی هێنایەوە کە لەلای نییە، لە ترسان لەجێگەیەکی تر داینارە. دەشبێت وابێت، بەڵام ...

پرسیارم کرد: "لەکوێ و چۆن کەوتە دەستتانەوە؟"

گووتی "همم.. دۆزگەرێکی ناسیاو هەیە کەسێکی چاکە، هەندێ ئەفسەری شۆڕشگێڕ هەن. ئەگەر پێویست بێت دەتوانم دواتر بۆت باس بکەم. پەڕاوێکی زۆر گرنگە، PKK بەردەوام گومانی لەو دۆزگەرە دەکرد، کەس پەسندی نەدەکرد. حەسەن ئایدینیش بەهەمانشێوە. ئۆزدەن مزراک پێشتر نازانم لەکوێ کاری بۆ بەڕێوەبەرایەتی پۆلیس کردووە"، و ئەمەی دووبارە دەکردەوە.

ئەوجار بە شێوەیەکی فەرمی پێم ڕاگەیاندن، چاودێرییەکانم، باری دەروونی و دوایین بابەتی پەڕاوەکە، هەموویم نووسی. گومان و نیگەرانی خۆمم نووسی و داوامکرد کە بە وریایی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت. نامەکەم نەک بۆ هەرێم بەڵکو بۆ ئاستی باڵا؛ نووسی و ناردم. پێشتر ئاگاداریم دابوو بە هەڤاڵانی هەرێمیش، بە زارەکی بە (حەیدەر)م گووتبوو. ئەوانەی خارپێت دەیانزانی، هەڤاڵان زۆر بەجدی وەریان نەدەگرت، هەر هیچ نەبێت دەیانزانی بیر لەچی دەکەمەوە.

قورسایی زیاترم خستبووە سەر ئامادەکاری ڕاکردن. کردنەوەی دەرگە لە ناوەوە ئاسان بوو. ئەگەرچی کۆمەڵێک کەس لە حەوشەکە دەخەوتن و دوورنەبوو کارەکەم لێتێکبدەن.

بەتایبەتی ژنە بوخچەجی[73] لەگەڵ منداڵە (قەرەج)ەکانیان لەوێ دەخەوتن. شوێنێکی زۆر بەرتەسک بوو، تەنیا هەنگاوێک لەنێوان دۆشەک و دەرگەکاکەدا هەبوو. لەم شوێنەدا خەو بێ سیستەم بوو. هەبوو تا نیوەشەو قسەی دەکرد، هەبوو بەدەم ئاخ و ئۆفەوە نەدەخەوت، یان لەبەر گەرما هەڵدەستان دەست و قاچیان بەئاوی سۆندە فێنک دەکردەوە... کاتژمێرێکی دیاریکراوی نەبوو. بۆ دەستنیشانکردنی کاتی گونجاو، جاری وا هەبوو تا بەیانی نەدەخەوتم، ئەمە تەنیا لایەنێکی کارەکە بوو. لەلایەکی ترەوە دەرگەی دەرەوە ڕێک بەرامبەر نۆبەتگەی دەروازەکە بوو. مەودای نێوانیان (10) مەتر نەدەبوو. ژووری پاسەوانان لە پەناماندابوو و لەپاڵ ئەویشدا هۆڵێکە و جامخانەی هەبوو. پاسەوانەکان لە هەردوو شوێنەکەدا بە کۆمەڵ دەمانەوە. بەهۆی گەرماوە هەموو لایەک بە کراوەیی بەجێدەهێڵرا.

دەرگەی دەروازەکە شیشبەند و لەدوو بەش پێکهاتبوو. بە شەو تەنیا بەشێکیان دەهێشتەوە، جاروبار ئەو بەشەشیان پەردەپۆش دەکرد، کێلوونی نەبوو، یان خۆیان دایاننەدەخست. نۆبەتگە لەو بەری شەقامەکەوەیە. سەرباز بە خواروو و سەروو و ئەملاو ئەولای شەقامەکەدا ئەمسەر و ئەوسەریان دەکرد، لە شوێنێکی تایبەت ڕانەدەوەستان. جاروبار لەبەردەم نۆبەتگەکەدا رادەوەستان. شەقامەکە تابلێی بە کارە. کارگەیەکی توتن بەو بەری زیندانەکەوە بوو. لەکاتی تەواوبوونی کاردا شەقامەکە پڕدەبوو لە کرێکار. سەربازەکان بەگشتی چاویان لەسەر ژنان و کچان هەڵنەدەگرت. کارگەکە بەشی شەوکاریشیان هەبوو، بەیانی، نیوەڕۆ، ئێوارە بەردەوام چاودێریم دەکردن.

[73] بەو ژنانە دەگوترێت کە بەردەوام بوخچەیەکی گەورەیان لەکوڵە، جا ئەگەر کەلوپەل فرۆش بن یاخودماڵبەکۆڵ.

کونی دەرگەکە تابلێی بەکەڵک بوو. (ئەیشێ) لە هەمووان زیاتر چاوی لەویا بوو. (ئەیشێ)ی خەڵکی ئەدەنە. (ژنێکی لەشفرۆش) بوو لە گازینۆ کاریکردبوو. حەوت ساڵ بوو لە زینداندا بوو. هێشتا گەنج و جوان بوو. بۆیە پاسەوانەکان وازیان لە (ئەیشێ) نەدەهێنا، ئەویش بەهەمانشێوە. پەیوەندی هەبوو لەگەڵ یەکێک لە پاسەوانەکاندا. هەموو کارمەند و بەندکراوانیش دەیانزانی. ناوبراو بە شەو و رۆژ لەو کونەوە سەیری دەکرد. هەندێک زێدەڕۆییمان پێ راست و رێک کردەوە، جگە لەوەی نەمانتوانی لەو دەرگە دووری بخەینەوە. لەچاو پێشتر کەمتر سەیری دەکرد. بەڵام هەرگیز واتایان نەدەدا بەو سەیرکردنەی من کە بەم دواییانە زیادی کردبوو. دەمگووت پارێزەر، کەسوکار، خزمانم دێن. هاوکات قسە و باسی گواستنەوەم بۆ ئامەد بڵاو ببووەوە، منیش ئەمەم دەکرد بە بەهانە. پێم دەگووتن: "هەر کە دەنگی ئۆتۆمبێل دێت مەراق دەکەم، نەوەکو لەناکاو بێن و راپێچم بکەن". هەڵبەتە ئەوانیش بڕوایان دەکرد.

پاسەوانەکانیش بەدوو سەرە کاریان دەکرد. هەوڵمدەدا لە هاتن و رۆیشتن و پەیوەندی ژنە پاسەوانەکان تێبگەم. ژنە پاسەوانەکان بەردەوام بۆیان هەبوو بچنە دەرەوە. ئەوان کاری بازاڕی بەشی ژنانیان رادەپەڕاند. جاری وەها هەبوو لەڕۆژێکدا بیست جار دەچوونە دوکان و بازاڕ. لەو بوارەدا فیداکاربوون! هاوکات سوودی خۆشیانی تیا هەبوو.

(زوهرە)، دایکی نەخۆش بوو.ماڵیان لە گەڕەکەکەی خوارووی زیندان بوو. بەردەوام لەهاتوچۆدا بوو. لە زیندان چێشتی ئامادە دەکرد و دەیبردەوە. هەمیشە شتێکی هەر بەدەستەوە بوو. ئاسوودەترین پاسەوان بوو. سەرباز و پاسەوانەکانی تریش راهاتبوون بەم هاتوچۆیەی (زوهرە). جاروبار بە نیوەی شەو

دەڕۆیشتەوە. ژیانی لێ ببوو بە زیندان. هەفتەی جارێک کارمەندەکانیان دەگۆڕی. یەکیان شەوانە، ئەوی تر ڕۆژانە. ئەمەش زۆر بەسوود و بەکەڵک بوو بۆ من.

(زوهرە) جلی پاسەوانی لەبەر نەدەکرد. تەنیا لە هەندێک بۆنە و ڕۆژە فەرمییەکاندا نەبێت ئەویش تەنیا چاکەتەکەی لەبەر دەکرد. بەگشتی تەنوورەی بەسەر بیجامەیەکدا لەبەر دەکرد و سەرپۆشێکی ڕەشی لەسەر دەکرد. واتا جلێکی گەلێری ئاسایی. ئەمەش جوانییەکی تر بوو.

خەوتنی لەناوماندا بەسوود بوو. هەرچەندە ژووری تایبەت بەپاسەوانانیش هەبوو، بەڵام ئەو لەبەر تەلەفزیۆن خەوی لێ دەکەوت، جا لە هەرکوێ دابنیشتایە، سەرەنجامەکەی نەدەگۆڕا. خووی ساڵەهای بوو. هەستی بە هیچ مەترسییەکی ئەوتۆ نەدەکرد. جلەکانی لە قاوش دادەنا، یان دەریدەهێنا و بەسەر تەنافەکەیدا دەدا. لەبەر گەرما جلی شەو و شتی هاوشێوەی لەبەر دەکرد.

بە دەرەوەم ڕاگەیاندبوو؛ کەی هەلم دەستکەوت ڕادەکەم. چونکە (حسێن یڵدرم) پێی گووتبووین کە مانگی ئاب دەمانگوازنەوە بۆ زیندانی ئامەد. کاتێک ئەمەی گووت تەنیا هەفتەیەک مابوو. هەموو ئامادەکارییەکانم لە هەفتەیەکدا جێگیر کرد. لە نامەکەمدا گووتبووم" لەم دوا ڕۆژانەدا بەشێوەیەکی چڕوپڕ و بەردەوام لە چەند شوێنێک چاوەڕێم بکەن. تەنیا ئۆتۆمبێلێک هەبێت بەسە"، ئەوەشم دەستنیشان کردبوو کە کاتی درەنگانی شەوم هەڵبژاردووە.

کاتی بڵاوبوونەوەی کرێکاران شیاوترین کات بوو. دەمویست هاوکات بم لەگەڵیان. کەچی لەو کاتەدا یەکێک هەر بە خەبەر دەبوو. باسەکەم بە (گویزەل) گووتبوو، ئەویش پێیگووتم: "پەلە

مەکە، با باشتر بیری لێبکەینەوە. لەدەرەوەش شوێن ئامادە دەکەین. هاوکاریت دەکەم، دەردەکەویت. بەڵام نەمدەتوانی چاوەڕێ بکەم. پێمگووت کە لە 20ی مانگدا راماندەگوێزن. کابرای بە نەفرەت، ئەگەر وای نەگووتایە بە ئۆقرەتر دەبووم، دەست و پێم لێک نەدەئاڵا.

(زوهرە) لەو رۆژانەدا لەگەڵ پاسەوانەکان تووشی دەمەقاڵێ ببوو، نێوانی لەگەڵ سەرپاسەوان باش نەبوو. بەردەوام ئەم جۆرە هەواڵە ئەکتوێلانەی دەگێڕایەوە. دەستبەجێ دەمانزانی لەدەرەوە چی روودەدات. مەراق و تاسەی بەندکراوان، (زوهرە) و (خەدیجە)شی بەقسە دەهێنا و بە قسە دەبرد.

کۆمەڵێک پەڕتووک، نامیلکە و نووسراوی وەک (تەسلیمیەت بۆ خیانەت و بەرخودانی بۆ سەرکەوتنت دەبات – ئایدیۆلۆژیا و سیاسەت – سەبارەت بە کۆمەڵکوژی گومگوم، سەرخۆبوونی سەرەکی)م بۆ (فوئاد) و ئەوان نارد. هیچ نووسراوێکم لەلای خۆم نەهێشتەوە. ناسنامەکەشم لە (گویزەل) وەرگرت. شێوەمان زۆر لە یەک نەدەچوو، بەڵام لە تاریکیدا سەرنجی رانەدەکێشا. ئەگەر رەوشێکی نائاسایی نەبێت هەرگیز ناسنامە لە ژنان داوا ناکەن.

بە (گویزەل)م نەگووت کەی دەڕۆم. ئەو شەوە هەستی پێکردبوو. کات تابڵێی درێژی دەخایاند. تاوەکو بوخچەجییەکانم خستە خەو، هەرچییەکم لەدەستهات کردم. هەزار و یەک فیلم لێکردن. جلەکانی پاسەوانەکەم هەڵگرت، کە بەسەر تەنافەکەوەبوو. لە ژوورە چۆڵەکەدا لەبەرم کرد. (زوهرە) ژنێکی چوارشانە و جلەکانیشی بۆ من گەورەبوون. باڵاشمان وەک یەک نەبوو. یەکێک لە جووتە پاپوجە پاژنە بەرزکەشم لەپێ کرد. تەنوورەکەی زۆر گەورەبوو بۆیە لە ژێرەوە بیجامە و پانتۆڵم لەپێکرد و کراسێکم لەبەرکرد، نیوەی سەرچەفێکم پێچا لە

کەلەکەمەوە ئەوجا کەمەری تەنوورەکیم بۆ بوو. بۆ دروستکردنی سێبەر لەسەر رووخسارم، لەچکێکم قەد قەد کرد وەکو (زوهرە) لەناوچاوم بەست. لەچکەکەم گوڵدار و بە گوڵوانکە بوو. ئەوەڵ ناوەڕاستەکەی دەخەیتە سەر نێوچاوان و دوای گرێیەک هەردوو مێچەکەی بەسەر هەردوو لاشانتدا شۆڕ دەکەیتەوە. گرنگ شێوازی ڕێڕۆشتن و جۆری دەنگی بوو. دوای شەڕی نێوانیان (زوهرە) قسەی لەگەڵ پاسەوانەکان نەدەکرد، تۆرابوو. بۆیە بەو بیانووە دەمتوانی وەڵامیشیان نەدەمەوە.

بە دەستێکم هەر وەکو ئەو دەستە کلیلەکەم رادەوەشاند، سینییەک لە قاشە شوتی و میوە و سەوزەش لەسەر دەستەکەی ترم. هەموو شتێک (زوهرە)ی بەبیر دەهێنایەوە. رێک لە کاتی دەرکەوتنم لە ژووری پاسەوانان و کردنەوەی دەرگەکەدا نەنە (ئەیشێ) بە ئۆف و پۆفەوە بە پلیکانەی قەرەوێڵەکەدا هاتە خوارەوە. دەچووە سەراو، دەستبەجێ گەڕامەوە ژوورەوە. گڵۆپەکان کوژابوونەوە، لە تارمایی ژوورەکەدا بووم. دڵم چۆن کوتە کوتێکی بوو! دەترسام لەوەی کەسێک بە رێکەوت بێتە ژوورەوە یان بوخچەجییەکان وەخەبەر بێن.

نەنە (ئەیشێ) دوای سەفەرێکی پڕ لە بیسمیلا و نزا گەڕایەوە. هەر کە راکشا من هاتمە دەرەوە. کات گوزەری دەکرد، نەدەبوو تۆزێکی تر گیرۆ ببم. قفڵی دەرگەکەم کردەوە و کلیلەکەم لە ژوورەوە بەجێهێشت، دەستە کلیلەکەشم بەدەستەوەیە. دەرگەکەم داپۆشی، بەڵام پاڵم بە کێلوونەکەوە نەنایەوە. ئەمە پێچەوانەی بەرنامەکەم بوو چونکە لە بەرنامەمدا هەبوو (گوێزەل) هەڵسێنم و دەرگەکەی پێ دابخەمەوە، هەموو شتێک وەکو خۆی بەجێبهێڵم. وەک ئەمەم نەکرد کێلونەکەشم دانەخستەوە. دەرگەکە بە شەماڵێک دەکرایەوە و هیچ شتێک نەبوو تا بەری لێبگرێت. بەبێ

وەرگرتنی ڕێوشوێنێکی ئەوەندە گرنگ دەرکەوتم. لەو ساتەوەختەدا سەربازەکە لەگەڵ پاسەوانێکی پاسکیل سوار قسەی دەکرد کە لەو سەری شەقامەکەوە دەهات. نەمویست لە دەرگەکەدا ڕووبەڕوو یەک بێین.

بە دەستێکم سینییەکە و بەدەستکەی ترم کلیلەکان، وەکو (زوهرە) لارەو لار بۆیدەڕۆشتم. بەخێرایی دەمویست لە دەرگەکەی دەرەوە تێپەڕ ببم. لەو ساتەوەختەدا دەنگێک هات بەگوێمدا: "دایە زوهرە.. دایە زوهرە". دەنگی سەر پاسەوان بوو. بە کلیلەکانەوە دەستم بۆ ڕاوەشاند و وەکو بڵێی "ئێهـ" دەنگێکم لێکرد. ئیتر نازانم بەگوێیدا چوو یان نا. لە ژوورەوە بانگی لێکردم و نەهاتە دەرەوەی نۆبەتگەکە، بۆیە دیاربوو ئەویش و سەربازەکانیش دڵنیابوون کە من (زوهرە)م. پاسەوانەکەی تەنیشتی بە دەنگێکی بەرز گووتی: "وەڵڵا دایە زوهرە لە هەمووومان تۆراوە". باشتر. دڵم کوتە کوتی بوو. پاپوجەکانم پاژنەدار بوون. لە مێژبوو پاژنە بەرزم لەپێ نەکردبوو و دڵگەرمی ڕاکردنەکەشی لەسەر زیاد ببوو، بۆیە نەمدەتوانی بەجوانی بڕۆم. بەڵام بە وریاییەوە وەکو (زوهرە) ڕێمدەکرد. نۆبەتگری بەر دیوارەکە بەردەوامبوو لەڕایەڵکەکردن، جارێکیان وەک بڵێی ڕابوەستێ جوڵانەوەیەکی کرد، منیش لەژێر چاوەوە تەماشایەکم کرد و بەردەوامم کرد.

هەر دەڕۆم و دیوارەکانی زیندان کۆتایی نایەت. بەخێرایی بەپێچەوانەی ئاراستەی کارگەدا دەڕۆیشتم. کۆڵانێک هاتە ڕێم دەرنەدەچوو. گەڕامەوە بۆ هەمان شوێن. بە هەمان خێرایی بەرەو خوارەوە بەردەوامم کرد. نێو کۆڵانەکان چۆڵ بوو، ڕووم لە شەقامەکە کرد، ئەگەر ئۆتۆمبێلێک بهاتایە دەڕۆیشتم بۆ ئەو ناونیشانەی (حەیدەر) پێیدابووم. نزیکەی دوو کاتژمێر و شتێکی

ماوە بۆ هەڵاتنی خۆر. لەو نێوەدا چاوم بە مەفرەزەی پۆلیس کەوت و دەستبەجێ ڕێی خۆمم گۆڕی. زیاتر لە چارەکە سەعاتێکە لە دەرەوەم. لەپێشەوە ڕووناکی گڵۆپی چەند ماڵێکم بینی. پێویست بوو ئاراستەی گەڕەکی چاوشئۆغڵو بزانم. دڵنیا نەبووم لەوەی ئەو گەڕەکەی لێی بووم ئەوێیە یاخود نا. ڕاڕابووم لەوەی بەو نیوە شەوە پرسیار بکەم. پرسیاریش نەکەیت ملنان مەترسیدارە. بە دڵێکی پڕ لە ئەندێشە و نیگەرانییەوە لە جەڕەسی ماڵێکم دا، هێشتا دەرگەکەیان کراوەبوو. کابرایەکی بیجامە لەپێی تۆزێک بەتەمەن هات بە دەنگمەوە. هەوڵمدا دەنگم وەک دەنگی پیرە ژنێک لێبکەم و پێمگووت :"شەو شاد"، چونکە جلوپۆشاکم وەهابوو. کابرا بە حەپەساوییەکەوە گووتی "فەرموو"، پاشان ژنێکی هاوتەمەنیشی هات.

پێمگووت: "دەچووم بۆ گەڕەکی چاوشئۆغڵو، شەوەزەنگە نەمدۆزییەوە. لە نەخۆشخانەوە دێم، پیاوە نەخۆشەکەم لە نەخۆشخانە بەجێهێشتووە، دەچم بۆلای خزمێکمان کە پەرستارە لە چاوشئۆغڵو، پێیشی گووتم، بەڵام نەمدۆزییەوە". لێیان پرسیم :"ناوی چییە" منیش بێ وچان گووتم "سەکینە". خەڵکی مەلەتی بە (ساکینە)یان دەگووت "سەکینە". بەهەر هۆکارێک بێت نەمویست ناوێکی تر بدەم.

هێشتا لەبەر دەرگە لە قسەکردن نەبووینەوە، دەنگێکی هاوشێوەی دەنگی ئاگادارکردنەوەی ئۆتۆمبێلی پۆلیسم بەرگوێ کەوت. دوای سوپاسگوزاری ڕووم لەو ئاراستەیە کرد کە پێیان گووتم. کابرا گووتی:" دادە، بەم شەوە بە تەنیا بۆ کوێ ئەڕۆی؟ نابێت، وەرە ژوورەوە، فەقیرە بۆ کوێ دەڕوات".. چۆن گەیشتمە سەر سووچی کۆڵانەکە بۆی سوڕامەوە و دەستم کرد بە ڕاکردن. کەواتە پاسەوانەکان پێیان زانیبووم کە ڕامکردووە دیاربوو منیش

زۆر دوور نەکەوتبوومەوە. تا سووچی خوارووی گەڕەکەکە رامکرد. خوارترەوە شەقامی گشتی بوو، پێم باش نەبوو بەو شوێنانەدا دەرباز ببم. لە تاریکە گۆشەیەکی باخچەی ماڵێکدا دانیشتم. چ بۆ تێگەیشتن لە دۆخەکە و چ بۆئەوەی جلوبەرگم بگۆڕم، ئەم پشووە پێویست بوو. جل و بەرگی دایە (زوهرە) و جلە زیادەکانی بەرم داکەند. هەموویانم لەناو سەرچەفەکەدا کرد بە بوخچەیەک.

دڵەڕاوکێکەی سەرەتام نەمابوو. لەناو متمانە و خۆشحاڵییەکی گەورەدابووم. تەواوە، بەشە زەحمەتەکەیم تێپەڕکرد. ئەوی تر گەیشتنە بە شوێنێکی متمانەدار. لەوێکانەدا تووڕەیی گرتمی لەوەی (حەیدەر) لەجیاتی نەخشەیەک تەنیا ناونیشانێکی پێدابووم. هەروەها پێمگووتبوون کە چەند رۆژێک لەسەر یەک چاوەڕێم بکەن، حەتمەن رادەکەم" ئەمەشیان نەکرد. لە دڵی خۆمدا دەمگووت: "دەی بەهەر حاڵ، یەکتر دەبینینەوە، هیچ یەکێک لەمانەتان بەسەرەوە ناچێت. یەخەیان دەگرم".

نەمدەزانی ئەو ماڵەی لە باخچەکەیاندا جلەکانم داکەند تا چەند گونجاوە. لە ژوورەوە دەنگی کۆخین دەهات. دەشێت بەساڵاچوویان هەبێت. لە دەرگەیان بدەم داوای هاوکاریان لێبکەم؟ لەو دەورە گلۆپی چەند ماڵێکی تریش داگیرسابوون. دەگووترا "چاوشئۆغلو خەڵکی چاکن". ئەگەر بە ئاشکرا بڵێم هەڵاتووم، تۆبڵێی هاوکاریم بکەن؟ لەبەر ئەوەی ژنم دەشێت شتێک بکەن. دەشبێت بە رێکەوت شۆڕشگێڕ یان نیشتمانپەروەریش بن. منداڵەکانیان شۆڕشگێڕ بن. بیرم لەمانە دەکردەوە، بەڵام بەهیچ جۆرێک بڕیارم پێنەدەدرا. دەنگی ئۆتۆمبێل و رووناکییەکی زۆر هەبوو. لە شوێنی خۆم هەستام و

برێک بۆ دەوروبەرم روانی. مینۆبیسێکی پۆلیس بە ئەسپایی کەوتە نێو کۆڵانەکانەوە.

رەوشەکە زۆر نالەبار بوو، تادەچوو دەنگ و رووناکی ئۆتۆمبێل نزیکتر دەبوو. دیاربوو گەڕەکەکە دەپشکنرا. دەنگی پۆلیس و سەرباز زۆر نزیک بووەوە. ئەی خوایە، شوێنەکەی منیش لاڕێیە، تەنیایە. بەو درەنگانی شەوە چۆن پێیان زانی؟ پاسەوانەکان گومانیان کرد؟ دەشێت بانگی (زوهرە)یان کردبێت؟ یان دەرگەکەیان بە کراوەیی بینیبێت؟

پاشان تۆزێک هێور بووەوە، مینۆبیسی پۆلیسەکان بەردەوام بوو لە گەڕان. منیش چاوەڕێی بەرەبەیانم کرد. جارێکی تر لەشوێنی خۆم راپەڕیم و هەوڵمدا لە شەقامەکە بپەڕمەوە. لای خوارەوە کۆمەڵێک دار چناری گەورە گەورەی لێبوو و لە دارستانێکی چڕ و تاریک دەچوو. بچمە ئەوێ؟ ئەو جۆرە شوێنانە باشترین پەناگەن. دونیا رووناک ببووەوە و رێگەش چۆڵ بوو. گەنجێک تێپەڕبوو، لەشوێنی خۆم راپەڕیم و ویستم پرسیاری لێ بکەم کە چۆن ئۆتۆمبێلم دەستدەکەوێت؟ وازم لەویش هێنا. بوخچەکەم بە دەستەوەیە و بە ئاراستەکەی ئەودا دەستم بەڕۆشتن کرد. زوو بزر بوو، دەشێت خۆی کردبێت بە ماڵێکدا. بەلای چەپدا خۆمکرد بە کۆلانێکدا، کۆلانێکی دوور و درێژ، تۆزێک لەولاتر کۆمەڵێک سەرباز هەبوون. هەر چۆن منیان بینی روویان لە من کرد. لەناو خۆیاندا دەستیان بە قسەکرد: "ئەوە، من دەیناسم". لەجیاتی ئەوەی بگەڕێمەوە و رابکەم، لەپاڵ تەکسییەکدا وەک چاوەڕێی کەسێک بکەم راوەستام. گووتم بەشکو شکیان لەسەرم نەمێنێت. بەلام ئەوان بەرەو من دەستیان کرد بەڕاکردن و منیش دەستم کرد بە راکردن. پاپوجکەی پێم پاژنە بەرز بوو،

نەمتوانی زۆر دوور بکەومەوە. سەربازەکانیش فیشەکیان دایە بەر تفەنگەکانیان. یەکێکیان پێمگەیشتەوە و گرتمی.

بە تووڕەییەوە پێمگووتن" چییە، چیتان دەوێت؟"

ئەو سەربازەی منی ناسییەوە گووتی: "تۆ ساکینە نیت؟ هەڵبەتە تۆی، دەتناسم. چەند جار لە زیندانەوە تۆم برد بۆ نەخۆشخانە". سەرپۆشەکەم لەناوچاوم نەکردبووەوە. بەڵام سەرنجم نەدابووە جلەکانم، هەر جلەکانی هەمووجارم بوون.

منیش دەستبەجێ بە دڵنیاییەوە: "ها ناسنامەکەم" سەربازێک سەیری ناسنامەکەی کرد. گووتی: "ئەمە گویزەلی زیندانەکەیە، تەواوە ئەمە خۆیەتی". سەربازەکە لەوێکانەدا فیکەی لێدا، فیشەکی تەقاند بۆ گەیاندنی هەواڵەکە بە دەوروبەرەکەی. منیش هەوڵمدەدا قەرەباڵغییەک بکەم، بەشکو کەسانێک لەماڵەکان بێنە دەرەوە و بمبینن. ئەگەر خەڵک هەبا و قەرەباڵغییەک هەبووایە دەشیا هەلی خۆڕزگارکردنم دەستبکەوتایە. کەسانی شۆڕشگێڕی لێبوایە هەوڵیاندەدا رزگارم بکەن. بەڵام کەس نەبوو. یەک دووانێک هاتنە بانێژە و هەیوانەوە. ئەوەشی هاتە کۆڵان، دەترسان. بە سەربازەکەم گووت: "تەقە مەکە. با وادابنێین نەمن ئێوەم دیوە و نە ئێوەش منتان دی. نزیکەی دوو ساڵە لە زیندانم، بەبێ تاوان منیان گرتووە. ئێوە سەربازن، رۆڵەی ئەو خەڵکەن. وا دابنێن نەتاندیوم. ئەگەر دەتانەوێت پارەشم هەیە. باوکم لە ئەڵمانیایە، ئەم چاکەیەتان قەد لەیاد ناکەم". سەربازێکی خەڵکی قەرس[74] بە دەنگێکی نزمەوە: "بەدەست خۆم نییە، ئەگەر تەنیا بوومایە .."

دیاربوو ئەوی تریان فاشیست بوو گووتی: "تۆ خافڵمان دەکەیت" و فیشەکی تەقاند. لەناو دوو خولەکدا چەند مینۆبیسێکی پۆلیس هاتن. هێشتا لەو گەڕەکە دەرنەچووبوون. ئەوانەی لەماڵەکانیانەوە

[74] شارێکە دەکەوێتە هەرێمی سەرحەد لە باکووری کوردستان.

دەیانڕوانی، حەپەسابوون. پۆلیسەکان هاوار هاواریان بوو. بە بێتەلەکانیان گەیاندیانە سەرووی خۆیان. سەرباز و پۆلیسەکان دەمەقاڵێیان بوو. سەرباز دەیگووت: "فەرمانی دۆزگەرمان پێیە، ئەم ژنە راستەوخۆ دەبەینە بەردەم دۆزگەر" پۆلیسەکانیش سووربوون لەسەر بردنم بۆ بەڕێوەبەرایەتی باری نائاسایی.

هەندێک لە پۆلیسەکان هەر لە ئۆتۆمبێلەکە دانەبەزین و دەستیان بە جوێن کرد: "تۆ بڕوانە ئەو کچی کەری لەکەر کەوتووە، وائەزانێ من رامکردووە، هەر بە خەیاڵیشیدا نایەت. کچێ لە شەوەوە سەرباری ئەم بێ بەنزینییە شاخ و داخ و دەشت و دەر بەدواتدا دەگەڕێین. سەیری حاڵمان بکە". من قسەم پێنەدەکرا، دەستگیرکردنەکەم پێ هەرس نەدەبوو. بەتایبەتیش ئەوکاتە زۆر تووڕەیی دایگرتم کە بەبەر زینداندا تێپەڕبووین بە هاوارێکی قەڵبەوە دەیانگووت: "مژدە.. مژدە، گرتمانەوە". کەلوپەل و پێخەوەکانم لەبەر دەرگە بوون، کەواتە دڵنیابوون لەوەی رامکردووە و رزگاربووم. ئەی خودا بە نەفرەتتان بکات.

چووین بۆ لای داواکاری گشتی. بەر دەرگە پڕبوو لە رۆژنامەنووس. پۆلیس ئەوانی نەکردە ژوورەوە. تێنەگەیشتم لە پڕێکدا وەک رەوە سەگ ئەو هەموو پۆلیسە چۆن کۆببوونەوە. هەمووشیان لە ئۆپەراسیۆنی دەستگیرکردنی مندابوون. مەراقیشیان دەکرد. گرووپێکیان لەناودابوو کە لە خارپێتەوە هاتبوون. شەو دەستبەجێ وێنەی منیان بڵاو کردبووەوە، بازگەیان داناوە، مەفرەزەیان دەرکردووە، دیاربوو زۆر بەخێرایی کاریان کردبوو.

یەکێک لە پۆلیسەکان سووچێکی سەرپۆشەکەمی گرت و گووتی: "ئەمەشی بەستووە بۆ ئەوەی نەیناسینەوە" و ویستی لەسەرم بکاتەوە. زۆر بە توندی دەستیم گرت و فڕێم دا و گووتم:

"تەربیەتت هەبێت" و هەر لەگەڵ ئەمەدا پۆلیسەکان ویستیان پەلامارم بدەن، دۆزگەر لەناکاو گووتی: "پۆلیسی بەڕێز، ئێرە شوێنی منە. تکایە بۆ دەرەوە. بەڕێوەبەری پۆلیس لەکوێیە؟ تیمەکان بۆ دەرەوە.. بچنەوە شوێنی خۆتان. ئەم ژنە لەژێر کۆنترۆڵی ئێمەدایە. وتەی "ئیفادەی" وەردەگرین". بەڕێوەبەری پۆلیس گووتی: "بەڵام بەڕێز دۆزگەر، فەرمانمان پێکراوە؛ بەڕێوەبەرایەتی باری نائاسایی خارپێت داوای کرد، بۆ ئەم مەبەستە هاتین بۆ ئێرە". دۆزگەر بە دەنگێکی توندترەوە گووتی: "لەگەڵ ئێوە قسەی لەسەر ناکەم. تکایە دەمەقاڵێ و بازرگانی مەکەن. من ئەرکی خۆم دەزانم". ئەوان دەرکەوتن. دۆزگەر داوای سکرتێرەکەی کرد و گووتی: "بەڵام بەر لەوە چایەک بهێنە، بۆ ساکینە خانیش.." چووە ئەودیو مێزەکەوە و سیلەی چاوی خستە سەرم و گووتی: "براڤۆ، تۆی ژن توانیت رابکەیت. تابڵێی لێهاتوویت، حاشا ناکەم رێزت بۆ دادەنێم". چایەکەیان هێنا. کاتێک گووتم ناخۆمەوە، کەوتە ژێر بارەوە، هەرچەندە پێمگووت: "گەدەم دێشێت بۆیە ناخۆمەوە"، ئەویش گووتی" تەنانەت داوەتی خواردنەوەی چایەکیشمان دەگەڕێنیتەوە" و ئەوەی خستەڕوو کە پێی ناخۆشە. شێوەیەکی بچکۆلە، خەپە و خڕۆڵەی هەبوو. سەیری دەکردم سەری دەلەقاند، پێدەکەنی، نەیدەتوانی نواندن بکات.

پرسی: "بۆچی راتکرد؟" من رووداوەکەم وەکو خۆی بۆ گێڕایەوە. دەستە کلیلەکە لەگیرفانمدا بوو، دەرمهێنا و پێمدا. چونکە پاسەوان و سەربازەکان گشتیان دەستبەسەر کرابوون. خۆی پرسیاری دەکرد. (زوهرە)، (خەدیجە)، (شێخۆ)ی سەر پاسەوان، پاسەوانە نۆبەتدارەکانی تر، سەرباز، ئەو کابرایەی لە دەرگەکەیانمدا و گەڕەکی چاوشئۆغلوم لێ پرسیبوون، لە

نەخۆشخانە هەر کێیەک بەناوی (ساکینە) و (زەکیە) و هاوشێوەیەکانیان هەبووبێت کۆیانکردبوونەوە.

دۆزگەر سەرەتا بڕوای نەکرد و گووتی: "ئەگەر پاسەوانەکان هاوکاریان نەکردیتایە نەتدەتوانی رابکەیت. حەتمەن پارەت پێداون، خۆشت گووتووتە کەسوکارت لە ئەڵمانیان".

من سووربووم لەسەر ئەوەی کە کەس هاوکاری نەکردووم، ئەگەر هاوکاریان بکردمایە دڵنیام سەرکەوتوو دەبووم. (خەدیجە) و (زوهرە)یان هێنا. زۆر شەتەک و پەرێشان بوون. کووڕ ببوون، دیاربوو زۆر گریابوون. لە لای ئەوانیش پێمگووتەوە کە ئەمان هیچ ئاگایان لێنەبووە. سەبارەت بە جلوبەرگەکانی (زوهرە)ش زۆر بە وریاییەوە ئیفادەم دا. ژنە لەناو ئێمەدا دەخەوت، ئەمە خۆی لە خۆیدا تاوانبوو. گووتم: "جلەکان جلی یەدەگی زوهرەبوون، لەژوورەکەی لێم دزی. ناسنامەکەی گویزەلیش بە هەمان شێوە".

(زوهرە) هەر لەوێکانەدا وەکو بڵێی: "خوا لێت رازی بێت" چاوی لێدەکردم. ئەوان وا بۆی نەچووبوون کە من بەوشێوەیە قسە دەکەم، ترسابوون و خەمیان بوو شتێکی چەوت بدرکێنم. ئیفادەکەم هەموویانی رزگارکردبوو. ئەگەرچی دۆز کرایەوە و چەند دانیشتنێکی دادگا بەڕێوەچوو. بە سزای پارە و شتی هاوشێوە بە ئەنجام گەیشت. بەڵام سەرۆکی دادگا بە (شێخۆ)ی سەر پاسەوانی گووت: "شێخۆ؛ جوان سەیرکە، ساکینە چۆن دەبێت بە زوهرە؟ تۆ چۆن پێتنەزانی، لە دەرگە هەستت پێنەکرد؟ ئەمە مەحاڵە. راستم پێبڵێ، پارەی پێدایت".

شێخۆش گووتی: "بەڕێز دادوەر، وەڵڵاهی رێک وەکو دایە زوهرە وابوو، رێک وەکو ئەوی لێهاتبوو. ئێمە شەرمان بوو، دەنگم لێکرد، کەچی – ئێێهـ -یکی کرد و رۆیشت. منیش لەبەر

ئەوەی لێم زویر ببوو قسەی ترم نەکرد" هەموو ئامادەبووان بە دادوەرەکەشەوە بەم قسەیەی دەستیان بە قاقای پێکەنین کرد.

ئەمانە لایەنی ووردەکاری کارەکەن. لەلاکەی ترەوە بە هۆکاری دەستگیرکرانمەوە کەس زۆر ئاگای لە بەسەرهاتەکانم نەبوو. (فوئاد) و ئەوان بە بیستنی راکردنەکەم دەستیان بە هەڵپەڕکێ کردبوو، تاوەکو هێنرامەوە بۆ زیندانیش بڕوایان بە دەستگیرکرانەوەم نەکردبوو. هەڤالانی خارپێت رۆژنامەیان کڕیوە و تەنیا سەردێڕی "ساکینە جانسز رایکردا" دەخوێننەوە دەست بە هەڵپەڕکێ دەکەن. هەڤاڵێک تەواوی هەواڵەکە دەخوێنێتەوە و خۆشحاڵی هەموویان دەشکێت. چونکە لە رستەکەی دواتردا نووسراوە " دەستگیرکرا". باوکم و ئەوان هاتبوون بۆ سەردانم، بەڵام وام نەکرد هەست بەهیچێک بکەن. تەنیا پێمگووتبوو: "خەمتان نەبێت، زۆر نامێنمەوە، دەردەکەوم". باوکم بە فڕۆکە لە فڕۆکەخانەی ئەستەمبۆڵ دەردەچێت، رۆژنامەیەک وەردەگرێت و چاوی بە یەکەم بەشی سەرووی رۆژنامەکە دەکەوێت. لەخۆشیا وەک منداڵێک هاواری لێبەرز دەبێتەوە. لەدەستی بهاتایە فڕۆکەکەی دادەبەزاند و دەهاتە خوارەوە. پاشان وشەکانی دواتر دەخوێنێتەوە و دەست بەگریان دەکات. خۆزگە هەر نەیخوێندایەتەوە.

تا سێ مانگ نەهاتمەوە سەرخۆم، زۆر کاری لێکردم. بەسەر زەحمەتییەکاندا سەرکەوتبووم، بەدوای بێ ئاگایی و چەوتییەکاندا دەگەڕام، لەگەڵ دۆزینەوەی هەر یەکێکیاندا دڵم ژانی دەکرد. بەتایبەتیش کاتێک ئەو گووتە و قسانەی لە نامەکانی بەندکراوانەوە دەمخوێندەوە، بەتەواوی کاری تێدەکردم. گەڕەکی چاوشئۆغلو وەک گواستبێتیانەوە بۆ زیندان، هەموو رۆژێک دەهاتنە سەردانم. هەر یەکێکیان دەیگووت: "دادە، بۆچی نەهاتی

بۆ لای ئێمە؟ کچی خۆم بۆچی نەهاتی بۆ لای ئێمە؟ هاوارێکت بکردایە، هەواڵێکت بناردایە، بە هەر باجێکیش بووایە رزگارمان دەکردیت". هەندێک لە گەنجانی (TIKKO) و (HK) دەهاتن، ئەوانیش دەیانگووت: "شەڕمان لەگەڵ دەکردن و نەماندەدایت بە دەستەوە. بوخچەجییەکان دەهاتن و دەیانگووت: "ئەی خوا نازانم چیت لێبکات، خێوەتەکانمان لەناو دارچنارە گەورەکانی خوار شەقامەکە دایە، تەنیا سەد مەتر لەو شوێنەوە دوورە کە دەستگیرکرایت، ئەگەر بهاتیتایە ئەوا وەکو خۆمان پۆشتەمان دەکردیت و دەیان ساڵیش سەریان بکردایەتە سەر سەرمان، رادەستمان نەدەکردیت".

ئەوەندە شتیان بۆ دەگووتم کە هەموویان مایەی ئێش و ژان بوو. گەڕەکی سەیرانباغلاری و چاوشئۆغلۆ لە قاوەخانەیەک بووە بە شەڕیان. لەسەر ئەوەی سەیرانباغلارییەکان بە چاوشئۆغلۆییەکان دەڵێن "بەخۆشتان دەڵێن عەلەوی و چەپڕەو، تەنیا کچێکتان پێ رزگار نەبوو. ئەگەر بهاتایە بۆ گەڕەکی ئێمە، سوپاش بهاتایە نەماندەدا بەدەستەوە" و دەبێت بەشەڕیان. ئەی خوایە! لە ناکاوێکدا هەموو ببوون بە فریادڕەسی من.

(حەیدەر) و ئەوان نامەیەکیان ناردبوو شتی وەک: "هەوڵماندا تا بتبەن بۆ بەڕێوەبەرایەتی باری نائاسایی، بەلام دەشێت بتگوازنەوە. ئێوارەی ئەو شەوە تا درەنگانێک لەو دەورە گەڕاین. شەوی پێشتریش هەڤاڵمان نارد. نەدەبا پەلەت بکردایە. دیارە بە کاردانەوە و تووڕەییەوە جوڵاویتەوە. خەم مەخۆ. هەڤالان رێگەکەی تر تاقی دەکەنەوە"یان نووسی بوو. منیش هاوشان لەگەڵ رەخنەکانم، رووداوەکەم نووسییەوە، پەلەکردنەکەشم بۆ قسەکەی (حسێن یڵدرم) گەڕاندەوە کە دەیگووت لە مانگی ئابدا راپێچی ئامەد دەکرێن. راستییەکەشی هەر وابوو. پێشمگووتن کە

ڕێگەی نوێ تاقی دەکەمەوە. کابرای سەردۆزگەریش کە پرسی "باشە، جارێکی تر تاقیدەکەیتەوە؟" بەویشم گووت: "من شۆڕشگێڕم، هیچ مرۆڤێک، هیچ شۆڕشگێڕێک خوازیار نییە لە زینداندا بژی. دەوڵەت ئێمەی بەزۆر خستە زیندانەوە، ئێمەش لە هەر هەل و دەرفەتێکدا بۆ دەرکەوتن تاقیکردنەوەی پێویست دەکەین. هەلم دەستکەوێت دووبارە رادەکەم". ئەم وەڵامە لایەنی باش و خراپیشی هەبوو. چونکە ڕێوشوێنی خۆیان توندکردەوە. بەجۆرێک کە ئیدی (خەدیجە) خان و (زوهرە) خان لە خەویشدا دەیانبینی کە رادەکەم. هەموو شەوێک زۆر جار دەهاتن و کۆنترۆڵیان دەکرد. جارێکیان (خەدیجە) دوای خەونێکی وەها راچڵەکی و بەدەم هاواری "ساکینە نەکەی"یەوە راپەڕی، هەمووان بەبینینی قاقای پێکەنینمان لێدا. جارێکیشیان لەسەر دەم خەوتبووم، بۆیە منیان نەدی بوو، دەستیان بە قیژە و هاوارکرد. ماوەی چەند مانگێک لەم دۆخە دەروونییە رزگاریان نەبوو و منیش بە تەواوی لەژێر کۆنترۆڵێکی توندا بووم. دیسان درێژەم بە گەڕان بەدوای ڕێگەی راکردن دا. وازم لە ڕێگەچارەی نەخۆشخانە نەهێنابوو، بەڵام بەبێ هاوکاری نەدەبوو. لەم دواییانەدا بە یەکجاری پەیوەندیمان لەگەڵ (حەیدەر) و ئەوانەی دەرەوە نەما. چونکە کودەتای سەربازی هاتبووە ئاراوە.

# کودەتای 12ی ئەیلولی 1980و قۆناخێکی نوێ لە تورکیا

سەرلەبەیانی 12ی ئەیلول بەدەنگی سرووده رەگەزپەرست و فاشیستییەکان، تانک و ئامێرە سەربازییەکانی تر، زرم و گورمی پۆستاڵی سەربازان و نوتقی جەنەڕاڵەکان وەخەبەر هاتین. خەدیجە گووتی: "ئەرێ دەزانن، سوپا ئیحتیلالی کردووە"، خۆیشی رەنگی پەڕی بوو. سەرباز هاتووە... ئیحتیلال!... کودەتا!... کودەتای یۆنان، کودەتای تورک، کودەتای ئەرجەنتین و زۆر کودەتای تر بە خەیاڵدا دەهات..

(کەنعان ئەڤرەن) بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە لەپێناو یەکێتی و یەکگرتوویی نیشتمان و مانەوەی دەوڵەت دەستیان بەسەر بەڕێوبەرایەتیدا گرتووە.. هەر نیوە کاتژمێرێک جارێک لێدوانی دەدا و دەیگووت" لە رۆژهەلات یاخیبووانی جوداخواز، لە رۆژئاوا مشتێک تیرۆریست بەناوێکی زۆرەوە، هەموو رۆژێک رێگە بۆ شەڕی کۆلان و شەقام خۆش دەکەن، کاروباری ناوخۆ، گەنجانمان، گەڕەک، کۆڵان و شەقامەکانمان لێکجیا دەکەنەوە، دەیانەوێت ئەم وڵاتە جوانەمان بکەن بە گۆمی خوێن. دەبێت هاوڵاتیانمان بزانن کە ئەم یاخیبووانە بە مەرامە خائینانەکانیان ناگەن. سوپا و هێزە چەکدارەکانمان زاڵن و لە خزمەتی هاوڵاتیانمان دان..."

کاروباری پارتە سیاسییەکان راگیرابوو، پەرلەمان لەکارخرابوو، یاسا هەڵپەسێردرابوو. رۆژانە و هەر ئان و ساتێک بەیاننامەی تازە دەخوێندرایەوە، بڵاو دەکرایەوە و فەرمانی

جێبەجێ کردنی تەواوەتی دەدرا و دەگووترا: "دەبێت هەموو کەسێک چەکی خۆی رادەستی نزیکترین سەربازگە بکات، هەر کەسێک لەماوەی سێ رۆژدا چەکی خۆی رادەست نەکات، رێکاری یاسایی لەبەرامبەر جێبەجێ دەکرێت". زۆر کۆمێدین! رێکاری یاسایی! باسیان لە کام یاسا و رێکاریی یاسایی دەکرد؟

تەلەفزیۆن بە سەدان مرۆڤی بەدوایەکدا ریزکراوی پیشان دەدا. هەبوون چەکەکانیان رادەستدەکرد، هەبوو خۆی رادەستدەکرد. بەردەوام بانگەوازی "خۆت رادەست بکە – تەسلیم بە" دەکرا. سەرۆکی پارتە سیاسییەکان دەستگیرکرابوون. یەک بە یەک (دەمیرەل)، (تورکەش)، (ئەجەوید) پشاندەدران کە چۆن لە بارەگاکانی خۆیان و لە کۆشکی چانکایا دەستگیر دەکرێن و دەبرێن. هەموویان رەنگیان پەڕیبوو. هەموو رەفتار و هەڵسوکەوتێک بەگوێرەی پرەنسیپی سەربازی بوو! هەمیشە هەوڵیاندەدا رەواڵەتێکی بێلایەنیانە بۆ کودەتاکەیان دروست بکەن کە چەند رێکوپێکە، دڵنزمە، نە چەپڕەو و نە راستڕەوە. دیاربوو بەجوانی پیلانرێژ کرابوو.

هەر ئەم رەهەندەی کودەتا کاریگەری دەکرد و خاپینۆک بوو. بەمجۆرە شۆڕشگێڕ و ئۆپۆزسیۆنی دیموکراتی گەمارۆ دەدران و رێگری لە هەڵایسانی کاردانەوەیان دەکرا. کودەتا بە ئەزموون بوو، بەڵام زیاترین هێزیان لە لاوازییەکانی ئۆپۆزسیۆنی شۆڕشگێڕ وەردەگرت. وەکو ژەهرێک وابوو. هەموو تەکتیکێکیان ژەهرئاسابوو و بەدەرزی لە لەشی کۆمەڵگەیان دەدا. لە هەموو رووێکەوە لە هەوڵی بڵاوکردنەوە و زاڵکردنی بێ جوڵەیی، تەسلیمکاری، ملکەچیدا بوون.. سەیرە! ئەوەندەش نابێت! ئەی کوا شەقامەکان بە هەزاران کەس پڕبوون، کوا بەرخودانی کرێکاران، خۆپیشاندانی خوێندکاران، راپەڕینی گوندیان؟ لەکوێن؟ کوا

فاتسا؟ گرووپێکی بێشوماری شۆڕشگێڕان هەبوو. نا.. نا.. دیارە ئامادەکاری دەکەن. ئاوا بەم بێدەنگییە پێشوازیان نەدەکرد!.

بێگومان پارتیشمان ئامادەکاری هەبوو. بیستمان کە کادیرەکان بۆ پەروەردەی گەریلایی لە لوبنانن، پاش پەروەردە دەگەڕێنەوە. بەڵام حەتمەن لە وڵاتیش ئامادەکاری هەیە. چونکە لە گەلێک هەرێم و شوێنی وەکو جوڕنەڕەش، گرێ سۆر، ئێلیح و مێردین خەڵک لە بەرخودانی دابوو. ڕۆژ دوای ڕۆژ پڕووپاگەندەی دژە شۆڕشگێڕیی خێرایی بەدەستدەهێنا. ڕەشبگیرییەکی چڕوپڕ لە ئارادابوو، هەر دەستگیرکراوێکیش دەخرایە سەر شاشەی تەلەفزیۆن و رووپەلی ڕۆژنامەکان. هەبوو لەسەر تەلەفزیۆن بە قسەیان دەهێنا. هەموو ئامرازێکیان بەکار دەهێنا. وەها نیشان دەدرا کە سەراپای تورکیا، گشت هاوڵاتیان، گشت دەوڵەت کڕنووشیان بۆ کودەتا بردووە.

بەهەموو بار و لایەکیدا دیاربوو کە کودەتا بە فەرمانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کراوە. زۆرێک لە دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان پشتیوانیان دەکرد. لە ئاستی نێودەوڵەتیشدا دەیانویست شێوە نواندنێکی نەرمی وەک: "کودەتای میانڕەو – سەربازی فریادڕەس" بە بەر کودەتاکەدا بکەن و بۆ ئەم مەبەستەش هەموو جۆرە هەوڵێکیان خستبووە گەڕ. هەڵبەتە کاردانەوە و ناڕەزاییش هەبوو.

ڕەنگدانەوەی کودەتا بەسەر زیندانەکانەوە زۆر جیاواز بوو! فەرماننامەی نوێ بۆ سەرجەم زیندانە سیاسی و سەربازییەکان نێردرابوو و دەگووترا: "هەر بەندکراوێک سەربازێکە!" و هەموو شوێنێکیان پڕکرد لە ئاڵای تورک. بەگوێرەی کودەتا هەر یەکێک لە زیندانەکان کێڵگەیەکی کشتوکاڵییە! " دەبێت خاڵ بە خاڵ هەموو یاساکانی دیسیپلین جێبەجێ بکرێت".

به حیساب ئەو زیندانی ئێمەی تیادابووین زیندانێکی مەدەنی بوو. هەڵبەتە بەندکراوی سیاسیشی تیابوو. پاسەوانەکان دەستبەجێ خۆیان وەک سەربازێک لێکردبوو. کودەتا کاری تێکردبوون. دەشێت تا ئەوساتەش هێشتا کاریگەری راستەوخۆی لەسەر ژیان نەکردبێت، بەڵام سەرباز ترس و سامی خستبووە دڵی بەشی زۆرینەی هاوڵاتیانەوە.

لەم کەین و بەینەدا نامە گۆڕینەوەمان لەگەڵ زیندانی خارپێت بەردەوام بوو. زانیمان کە زیاترین پەیڕەوکاری بەسەر زیندانە سەربازییەکاندا دەسەپێندرا. دەستبەجێ گۆڕینی شێوازی پشکنین، پشووی هەواگۆڕین و کاروبارە کۆمەڵایەتییەکانی تری ناو زیندانەکان تووشی توندترین دیسیپلینی سەربازی کراوەتەوە. بە دروشمی "هەر بەندکراوێک سەربازێکە - هەر هاوڵاتیەک سەربازێکە" کۆمەڵگەی نوێ سەراپا دەکران بە سەرباز! شۆڤێنیزم بەرەو لوتکە دەبردرا.

بڵاوکردنەوە، باڵاکردن و قووڵکردنەوەی ترس لە کۆمەڵگادا پێگەیەکی بەزۆر داقورتێندراو دروست دەکات، لەدۆخێکی وەهاشدا بەئاسانی پەیڕەوکردنی توندوتیژی، یەکەمین پەیڕەوکاری، پیلان و ئامانجەکانی کودەتای هەنگاو بە هەنگاو دەردەخستەڕوو. دروشمی "هەم لەدژی راستڕەو، هەم لەدژی چەپڕەو" تا رادەیەک سەریگرتبوو.

کۆمەڵکوژی گومگوم، پاشان بەڕێوەبەرایەتی باری نائاسایی و ئێستاش کودەتا... هەموو پیلانێکیان لەدژی ئێمە، شێوازی رەوتی سەرەکی و جەوهەری ئامانجەکەیانی دەستنیشان دەکرد. رەشبگیرییەکەی خارپێت سەرەتایەک بوو، بەڵام سەرەڕای خیانەت و گورزەکەشی، بە ئەنجامی پێویست نەگەیشتبوو. تەنانەت رۆڵێکی ئەوتۆی بۆ ئاگادارکردنەوەش نەگێڕابوو.

لەولاشەوە (سەرۆکایەتی) بڕیاری چوونە دەرەوەی وڵات وەردەگرێت و جێبەجێی دەکات. دواتر فەرمانی کشانەوە بە هەموو کادیران دەدرێت، بەهۆکاری نەبوونی دەرفەتی تەواو بۆ جێبەجێ کردنی فەرمانەکە، تەنیا بەشێک لەکادیران توانیبوویان بچنە دەرەوەی وڵات. بەشەکەی تر لە وڵات درێژەیان بە تێکۆشان دا، بەشێکی تریش دەستگیر کران و زیندانەکانیان پێ پڕ کرانەوە.

کودەتا هەموو جۆرە ئامانجێکی دژە شۆڕشگێڕانەی خستبووە گەڕ. لە کوردستاندا توندوتیژی و هێرشی سەخت بێ سنوور لە زیادبوون دابوو. لە تورکیاش ئۆپۆزسیۆنی دیموکراتی شۆڕشگێڕ زۆر بە خێرایی سەرکوت و بێکاریگەر کرابوو. شۆڕشگێڕێکی لەژمارە نەهاتوو دەستگیرکرابوون. بەشێکیشیان تا ئەورووپا رانەوەستابوون. سەرجەمی ئەوانەی کە خۆیان گەیاندبووە گۆڕەپانی لوبنانیش ئامانجی سەرلەنوێ دەستکردنەوە بە تێکۆشانیان هەڵنەگرتبوو.

چاوەڕوانییەکی پڕ لە نادیاری دایگرتبووم. پەیوەندیمان لەگەڵ دەرەوە هەرزوو پسابوو. (حەیدەر) نامەیەکی زۆر کورتی بەجێهێشتبوو و تیایدا دەیگووت کە لە هەرێمەکە دەکشێنەوە و دەشێت ماوەیەک بێ پەیوەندی بمێنینەوە. جگە لەمە هیچی تری نەگووتبوو.

سەرەنووکی هێرشە نوێیەکان (فوئاد) و ئەوانیشی گرتبووەوە؛ سەربازان پشکنینیان زیاتر کردبوو، هەفتانە بە کەیفی خۆیان پشکنینیان دەکرد. دەستیان بەسەر بەشێک لە پەڕتووکەکاندا دەگرت. سەربازان لیستێکی پەڕتووکیان هەبوو، هەر پەڕتووکێک کە ناوی لە لیستەکەیاندا نەبووایە دەستیان بەسەردا دەگرت. بەڵام هێشتا سەپاندنێکی بەرجەستە لە ئارادا نەبوو.

لە خارپێت هەڤالان بەناوی "ڕێزگرتن لە ئالا"وە بەکۆمەڵ فەلاقە دەکران. بەشێوەی ڕێزگرتن لە ئالا و ڕێزنەگرتن دەکرانە دوو بەشەوە. ئەوانەی بەرخودانیان نەکردووە و ئیرادەیان نیشان نەداوە، هەر لەسەرەتاوە ملکەچییان نواندبوو. ئەگەرچی هێشتا لە ئاستێکی جددیدا نەبێت، ئەم ڕەفتارەش بەکاریگەر بوو و جۆرە شڵەژانێکی لەگەڵ خۆی هێنابوو. ئەوانەی دەرەوەش لە نامەکانیاندا دەڵێن" پەلامارەکان بەرەو ئێمە دێن" و شتی تریان بەسەردا دەسەپاندن. پاشان پێ بەپێ نامەکانیش بڕانەوە.

(ئایشێ دشکایا)ی ئەندام لە (HB-یەکێتی گەل) کە لە دیلۆکەوە هێندرابوو، هەندێک شتی بۆ گێڕامەوە. لە دیلۆک دەکەونەڕێ و لەسەر ڕێگەی بەرەو قەدپاڵەکانی دێرسیم، لە بازگەی دەروازەی مەلەتی گومانیان لێدەکەن و دەستبەسەریان دەکەن. لە قۆناخی لێپرسینەوەی دەستگیرکرانی پێشوویدا لەگەڵ (گێۆنول ئاتای) بووە. لە لێپرسینەوەکاندا هەڵوێستی (گێۆنول) کاریگەری لەسەر کردبوو. یەخەی دادەدڕی و دەیگووت: "ئەو کچە (PKK)یی نییە. بەڵام پۆلیس مامەڵەی تایبەتی لەگەڵ دەکرد. لە ژێر ئەشکەنجەشدا دەیانگووت "ئەگەر بەرخودانی دەکەن وەک ئایتەن بەرخودانی بکەن". (ئایتەن) ئەوجارەیان لە دیلۆک دەستبەسەر کرابوو. دەیگووت :"بەرخودانی دەکات، بەریدەدەن" باسی دەرەوە و هێرشەکانی دووژمنیشی بۆ کردم. ماوەیەکی کەم لەلامان مایەوە، بەڵام بەلای منەوە گۆڕانکارییەک بوو. بەمجۆرەش ئاگاداری زۆرێک لە ڕووداوەکان بوومەوە. پاش ماوەیەک خۆی و کوڕە هاوڕێکەیان برد کە پێکەوە بەندکراوبوون. خارپێت کرابوو بە مەڵبەندی سەربازی گشتی ناوچەکە، پارێزگاکانی سەر بە بەشی فەرماندارێتی سوپای هەرێمەکەشیان بەوێوە گرێدابوو.

(گیۆنول) له دیلۆک مابووەوە. تۆبڵێی (ئایشێ) زێدەڕۆیی کردبێت له باسەکەیدا؟، بەڵام سەبارەت بە (سەحەر) هەمان شتی نەدەگووت، ئایشێ دەیگووت: "گیۆنول کەسێکی نەفس نزم بوو، ببوورە، بەڵام بە جلی نیوه رووتی شەوانەوە دەسوڕایەوە. چجای دەسگیرانداریش بووە. پۆلیس بەردەوام بەدویدا دەگەڕا. هەندێک شتی گووتبوو. وابزانم بۆ دەستگیرکردنی دەستگیرانەکەی بەریاندابوو. هەڵبەتە ئێمە بارودۆخ و پێگەیمان نەدەزانی. لەو کچەشیان جیاکردبووەوە کە پێکەوە گرتبوویان، تایبەت بوو". دیاربوو ئەم دۆخە زۆر کاری تێکردبوو. ئەی (ئەلیف)یش بە هەمان شێوە ئێمەی تووڕە نەدەکرد؟ یەکەمجار کە لە توزلوچایر (گیۆنول)م بینی سیمایەکی ئەرێنی دروست نەکردبوو لەلام. هەڵوێست و رەفتاری پێگەیشتووانە نەبوو. بەڵام زیانی دەبێت؟ کێ دەزانێت، دەشبێت دووژمن خوازیاربێت بۆ دەستگیرکردنی (رەزا) بەکاریبهێنێت. چونکە لە ئیفادەکەیدا گووتوویەتی هاتووە و بەدوای دەستگیرانەکەی دەگەڕێت. دەشبێت بیەوێت پۆلیس بخەڵەتێنێت، بەپێچەوانەوە دەشبێت دووژمن خوازیاربێت بەکاریبهێنێت.

پێشتریش هەستیاربووم، هۆشیاربووم، بەڵام تا چەند دووژمنم لە نزیکەوە بناسیایە، هۆشمەندی و گومانەکانم زیاتر دەبوون. ئایا دیاردەی هەستکردن سەرچاوەکەی بۆ هەمان شت نەدەگەڕایەوە؟

سەرەنجام پێیان گووتم: "خۆت ئامادە بکە، دەڕۆیت" سەرەتای ئادار بوو. لە باڵەخانەی ئیدارە تیمی خارپێت وەریان گرتم. هەموویان پۆلیسی مەدەنی بوون. کاتێک لەگەڵ پۆلیسێک پێکەوە کەلەپچەکراین، رەتمکردەوە و ناڕازیبوونی خۆمم پێگووتن. پۆلیسێک گووتی: "لەڕووی پاراستنەوە پێویستە، فەرمانە، لەوانەیە رابکەیت". پێمگووتن: "بۆچی ئەو رێوشوێنانەی بەشێوەی تر

گرتووتانەتە بەر بەش ناکات؟ مادام ئەوەندە دەترسن فەرموون".
لە ئۆتۆمبێلەکەدا بە ناچاری لەپاڵ یەک دانیشتین. ناچاربووم قۆڵم بەردەوام بە حەواوە بێت. نەمدەویست دەستی قێزەونی بەر دەستم بکەوێت. بێگومان ئەویش بێزار بوو. پاش ماوەیەک دەستی هەردووکمان ئاوسا و ناچار کردیانەوە.

(جەلالەدین جان)یشیان لەهەمان ئۆتۆمبێل سوارکرد. هێشتا نەیانهێنابوو لەناو خۆیاندا بە "جەلالەدین جان لێپرسراوی رۆژهەڵات" باسیان لێوە دەکرد. سەر و ریشی تاشیبوو و جلەکانیشی خاوێن بوو. بەر لە دوو سێ رۆژ دایکی لەگەڵ خزمێکمان هاتن بۆ سەردانم، ئەوان باسیان لە گیرانی کردبوو. جلە خاوێنەکانیش دایکی بۆی هێنابوو. دوو سێ جار ئاوڕم لێ دایەوە و بەچاوبرکەیەک سڵاوم کرد. بەڵام ئەو بێ خواست بوو. چونکە لە تەلەفزیۆن بە مانشێتی " دانپێدانانی سامناک لە زاری سەرکردەی DEV-SOLەوە" پیشاندرابوو. هەندێک شتی گووتبوو، بەڵام دووژمن ئەوەی زۆر بەخراپە بەکار دەهێنا. چوونە بەر کامێرا خۆی لە خۆیدا تاوان بوو، کاریگەری نەرێنی لەسەر خەڵک دەکرد.

پۆلیس لە ئۆتۆمبێلەکەدا یان دەیویست کاریگەریم لەسەر بکات یان دەیویست پێمبناسێنێت بە (جەلالەدین)ی گووت: "لێپرسراوی رۆژهەڵات بوویت، دەتگووت تاکە رێگە شۆڕشە. شتێکی وەها نەما ئیتر، وانییە؟ دەردەکەویت و دەچیت بۆ ئەورووپا و دەژیت بۆ خۆت"، و دەیویست پێی ئەرێ بکات. تەنیا مەرامیشیان هەر ئەوەبوو. کاتێک بینیم (جەلال)یش جۆرە ئەرێیەکی بۆ کردن، ئاوڕێکی زۆر شێتانەم لێدایەوە. پۆلیس دەستبەجێ گووتی: "چییە؟ بە دڵت نەبوو، دەیناسیت؟" گووتم: "نەخێر .. ناسین و نەناسین گرنگ نییە، بەڵام ..." و بڕیمەوە. ئەو بەم هەڵوێستەی من تێکچوو.

به هەموو شتێکییەوە پێوەی دیاربوو کە هەبوونی من وای لێدەکرد شەرم لە خاڵە لاوازەکانی خۆی بکات.

بەبیرکردنەوە لەوەی دەچینە 1800ئەڤلەر خۆم ئامادە دەکرد. چونکە پرسیارم کردبوو بەرەو کوێ دەچین، ئەوانیش بە "پەیوەندی بە تۆوە نییە" وەڵامیان دامەوە. لەلام وابوو؛ یان رەشبگیری نوێ لە ئارادایە، یان دۆزی راکردنەکەم رادەستی بەڕێوەبەرایەتی باری نائاسایی کرابوو، کە پێشتر ئەمەیان لە ئاگادارنامەیەکدا رادەستی (زوهرە) کردبوو و هێشتا دوا بڕیاری لەسەر نەدرابوو، یان ئەوەتا پارەی دۆزەکەیان پێنەدرابوو بۆیە دۆزەکەیان درێژدەکردەوە.

(جەلالەدین) لە 1800ئەڤلەر خرایە ژێر لێپرسینەوە. منیشیان راستەوخۆ بۆ زیندانی خارپێت گواستەوە. هەموو کەس خۆی ئامادە کردبوو. بەهۆی قەرەباڵغییەوە زۆر قسەمان نەکرد. لەگەڵ (حاملی)، (حسێن)، (مستەفا)، (مەتۆ) پێکەوە لەیەک شوێن بووین. لەنووسراوێکی دەرەوەدا هاتووە: "دەکرێت هەندێک شت پەسند بکرێت، بەڵام ماچکردنی ئاڵا و شتی وەها هەرگیز" هەڵبەتە، هەربەهۆی ئەم نووسراوە هەندێکیان هەر لەسەرەتادا لاوازییان نیشاندابوو. لەجیاتی دەرککردن بە ئامانجی سەرەکی سەپاندنەکان و نیشاندانی هەڵوێستی خۆڕاگری راستەقینە، کەوتبوونە داوی هەڵوێستی خۆڕادەستکردنێکی وەک رازیبوون بە هەڵبژاردنی گوایا سووکترین و ئاساییترین رێگەچارەی ناو یاساکانی دووژمن. بێگومان بەگشتی هەڵوێستی هەڤاڵان نەرێنی نەبوو. گرووپەکانی تریش ئەوانیان بەجێهێشتبوو. لێرەش کرابوون بە دووبەشی سەرەکییەوە، ئەوانەی بەرخودانی دەکەن بەجیا گوایا (گرووپی مەترسیدارن) و ئەوانی تریش بە (گرووپی کەم مەترسی) بەناو کرابوون، ئەمەش بە پیلان دەکران. هەروەها

هەولّیاندابوو فاشیستەکانیش بخەنە ناویانەوە. هێشتا هەر لەو قۆناخەدا سیاسەتی "تێکەڵی بکە، بیگونجێنە" یان دەسەپاند.

ئێمەش گووتمان: "بچینە هەر کوێیەک، هیچ یاسایەک پەسند ناکەین. لەوێ هەڤالان چی بکەن ئێمەش هەمان شت دەکەین". ئەمە دوایین بڕیارمان بوو. وە (75) کەس بە پاسی گەورە بەرەو ئامەد بەڕێکەوتین.

## ئەمجارەیان بە بەندکراوی دەگەڕاینەوە بۆ ئامەد

هەر کاتێک چاوم بە (شاهین) بکەوتایە لەناخمدا یاخیبوونێک هەڵدەقوڵا. رق و کینە؛ هەموو لایەنە یاخی و شۆڕشگێڕییەکانی دەبزواندم. هەر لە ئاوڕێکم هەتا بە گووتەکانم سەرجەمیان لێوانڕێژ بوون لە نەفرەت. قینم بەرامبەر بە (شاهین) دەیهێنامە قسە، روانینەکانی تیژتر دەکردم. لە قسەشدا بووایە لێدان و سوکایەتی کردن بەو خیانەتکارە ئاسودەی دەکردم، رەنگ و رووخساری دەگەشاندمەوە. بە هەموو شتێکییەوە قێزەون و مایەی بێزلێکردنەوە بوو. لە مرۆڤایەتی پەڕیبوو، لەدوایین ئاستی ژێرینەی (بچووک بوونەوە و ناکەسبوون)دا دەژییا. ترسنۆک و پڕ لە دڵەڕاوکێیانە چاوی دەدزییەوە. لەسەرپێ مانەوە و ژیانی هیچ واتایەکی نەبوو. تەنانەت سەربازەکانیش سوکایەتییان پێدەکرد. بە دەنگێک کە بەتەواوی بەگوێیدا بچێت پێمگووت: "بێ نامووس، ناکەس بەچە" ئەو لەترسان، چاوی لە سەربازەکە بوو کە پێی بڵێت: "لەگەڵ کەس قسە مەکە".

نەقیبێک بە لیستێکەوە بە دەنگێکی بڵندی سەربازانەوە هات کە لەڕاستیدا ئەویش بەسەرکوتکردنی ترس و نائاسوودەیی ناخی خۆی، واتا بەناچاری بەم هاوارەوە لیستەکەی دەخوێندەوە. لەسەرەتای لیستەکەدا (شاهین دۆنمەز) هەبوو. سەربازەکە ئاگاداری پێدا: "وەرە ئەملاوە، دەی زوو. قیت بووەستە. تۆ سەربازیت، سەیری ئەملاو ئەولات مەکە". پاشان (عەلی گیوندوز)، (حاملی)، (ساکینە)، (مستەفا).. لیست بەردەوام دەکات. (75) کەس. بەپێی ریزبەندی ناوەکان دوو دوو لەپاڵ یەک دادەنیشن و سەربازیش لەنێواندا. سەربازێکی پلەدار فەرمانی بە سەربازەکان کرد کە بەپێی ریزبەندی دەستنیشانکراو هەمووان جێگەی خۆیان

بگرن. (شاهین) و (عەلی) لەپاڵ یەکدا و سەربازێک لەنێواندا. (ئەلیف)یشیان هێنایە لای من. ئەی خوایە، کەی لەم (ئەلیف)ە رزگارم ئەبێت؟ کاتم بەدەستەوە نەبوو بۆیە سەردانی بەشی ژنانم نەکردبوو. (یلدز)، (قەدریە) و ئەوانیش گیرابوون. دوایین دۆخی (ئەلیف)م نەدەزانی، بەڵام لەوبڕوایەدا نەبووم گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ بکات.

بەڕێوە قسە و شیرۆڤەی جیاجیا دەکران، هەموو مەراقیان بوو بەرەو کام زیندان دەبرێین. زیندانێکی تازە دروستکراو هەبوو. هەڤاڵان بەگشتی لەچەند زیندانێکی قایمی سەر بە سوپا و دوور لەیەک دەمانەوە. ئامەد زیندانێکی مەدەنیشی لێ هەبوو. کەس زۆر باسی نەدەکرد. دەشێت یەکەم جاربێت ئاوەها هەمووان پێکەوەبین، بەڵام هەریەکە و بەتەنیا بیری دەکردەوە. تۆبڵێی تایبەتمەندی رێبواریی بوو؟ یاخود بێدەنگی رۆیشتن بۆ هەرێمێکی نوێ بوو؟ نەخێر، لەڕاستیدا ئەوەی کاریگەری لەسەر هەمووان دەکرد خاڵی هاوبەش بوو، هۆکاری ئەوتۆی جیاواز لەئارادا نەبوو: یەکەمیان؛ ئەو زیندانەی بۆی دەچووین توندترین و قاییمکراوترین زیندانی سەربازیی دووژمن بوو. دووەمیش؛ ئەو هەڤاڵانەی لەوێ بوون، ئەوانەبوون کە دەزانران و دەماننناسین (مەبەست لە کادیرانی پێشەنگە).

جگە لە (شاهین) ئەوانی تر هەمووی سەبارەت بە رەوشی خۆی راپۆرتی بۆ پارتی نووسی بوو. دۆخی (رەزا) و (عەلی) جیاواز بوو. (رەزا) سزای گۆشەگیرکردنی لەسەر بوو. رازی نەبووین بە دۆخی خۆ حەشاردانی. دەشێت لە هەندێک بابەتدا خەم و نیگەرانی تاکە کەسی قورسایی هەبووبێت و هەندێکیش لە هەڵسەنگاندنی راستەقینە لابدەم، بەڵام کەموزۆر بواری خەبات

و تایبەتمەندییەکانی هەمووان دەزانرا. بەم هۆکارە شتێکی ناڕوون لە ئارادا نەدەبوو.

ڕوانگەی کەسێتی سەبارەت بە زیندان گرنگییەکی تایبەتی هەبوو. زۆر بیر لەوە نەدەکرایەوە کە زیندان چییە، دووژمن چۆن سیاسەتەکانی خۆی پەیڕەو دەکرد، چی ڕووی دەدا؟ هاوکات کاریگەری هەڵوێستێکیش هەبوو کە پاشماوەی خارپێت بوو. کەم نەبوون ئەوانەی دەیانگووت: "دادگا بکرێتەوە دەکرێت دەربکەوم" یان "سزاکەم دیار دەبێت، بەو پێیە دەجوڵێمەوە" و هەڵسەنگاندنی بەو شێوەیەیان دەکرد. گەرچی هاوشان لەگەڵ کودەتا دەزانرا کە شێوازی پەلامار و هەڵمەتەکانی دووژمنیش گۆڕاون. ئاشکرایە، هێرشی کردەگی و پیلانی پەلاماری دیکەیش لە ئارادابوون. تەنانەت هەر یەکێک لەوانە سەرەداوێک بوون سەبارەت بە دووژمن و پێشهاتەکان. لەم واتایەدا هیچ یەکێک لە هەڤاڵان بیریان لە شتی گەشبینانە نەدەکردەوە. بێگومان هێشتا بە تەواوی دەرک بە خەسڵەتی کودەتا، ئامانجەکانی، پەلامارەکانی بۆ سەر بزاوتی شۆڕشگێڕی، ڕەهەندی زیندان نەدەکرا. هەرچەندە هەڵسەنگاندن و شیرۆڤەی جیاجیاش هەبن، هەڵویستی فیکری کورت و درێژخایەن و سیاسەتێکی چوارچێوە دیارمان نەبوو لەمەڕ ئامانجی سەرەکی هێرشەکانی دووژمن، ماوەی بەردەوامکردنی پیلانەکانیشیمان نەدەزانی.

"بەرخودانی دەکەین، هیچ شتێک پەسند ناکەین". ئامانجی دووژمن؛ شکاندن، گۆشەگیرکردن، پچڕاندنی پەیوەندی لەگەڵ دەرەوە و سوود وەرگرتن بوو لە لاوازییەکان. ئەمانە ئەو بابەتانەبوون کە زیاترین قسەی لەسەر دەکرا و بەهەر شێوەیەک بێت بە یەکترمان دەگووت. دیسانەوە کەس نەیدەویست سەربنێتە سەر پێشهات و ئەو شتانەی چاوەڕێی ئێمەی دەکرد. دۆخی

بێدەنگەکان لێکدانەوەی زۆر بە خێر و بەرەکەتیان لەسەر نەدەکرا. هەموو ئەمانە نیگەرانییەکی دروست دەکرد.

سەرباری هەموو ئەوانە لە حاڵی مندا بەگشتی خۆشبینی و متمانەیەک بەدیدەکرا. سەرچاوەکەشی لەو بڕوایەوە دەهات کە بەنوێنەرایەتیی پارتی هەمبوو. ئەگەرچی لە ئاستی تاک و تەرای تاکە کەسەکاندا خیانەت، لاوازی و تەنانەت شتی نەرێنی گەورەتریش هەبێت، لەلایەک ئاستی بەرزی بڕواکردن بەپارتی، بەرژەوەندییەکانی رێکخستن، ئایدیۆلۆژیا و متمانە بە سەرکەوتنی رەها بەسەر دووژمندا و لەلایەکیش خەسڵەتی پووچەڵکردنەوەی هەموو جۆرە پیلان و تەڵەکەبازییەکانیشی هەبوو. هەرگیز دیاردەی وەک خراپی، شکست و خیانەت لە ئاستی تاکەکەسەکاندا، ئەم بڕوا و متمانەیەی منی نەدەشکاند و نایشکێنێت. سەرباری نەبوونی بەگژداچوونەوەیەکی بەهێز و پێویستیش، کەچی باوەڕییەکەم بەردەوام لەبەرامبەر بە کاریگەرییەکانی ئەو جۆرە دیاردە و رووداوانە و ئەو بێ مەعنەویاتییەی لەگەڵ خۆیان دەیانهێنا؛ زیندە و چالاک بوو و هێزی ژیانی پێدەدام. ئەم رەوشە زۆر گرنگە، چونکە هەمیشە ئەم لایەنە زیندووەم خۆشویستووە و پابەندی بووم.

کاتێک لەسەر رێی ئامەد بووین، هەندێک گەڕەکمان بینی کە لە شەونشینگە و خانووە بچووکە تەجاوزەکان دەچوو، لەولاشەوە لەکۆتایی زەوییەکی چۆڵەوانیدا هەندێک ریزە باڵەخانەی فرە پەنجەرە و فرە حەسار لەسەر رێگەمان بوون وەک هەڕەم دیاربوون. ئەو باڵەخانەیەی کە لە دەرەوە یەکپارچە دیاربوو، لەو زیندانە گەورەتربوو کە پێشتر لە ئیزمیر بینیبووم. تەنانەت لە کارگەیەکیش گەورەتر بوو. ئایا لە رقی سووری

ئامەد[75]؛ سووری ناو زیندانیان دروست کردبوو؟ دەرگەی ئاسنینی زەبەلاح بەخێرایی کرایەوە، لە ژوورەوە کۆمەڵێک ئۆتۆمبێلی زەبەلاحی هاوشێوەی ئۆتۆمبێلی سەرداخراوی قەسابخانە گەورەکان، جیپ و ئۆتۆمبێلی رەشی تایبەت هەبوون.

سەرەتا گووتیان: "جانتاکانتان هەڵگرن" و پاشان پەژیوان بوونەوە. لەدەرگەوە فەرماندرا: "دواتر بۆتان دەهێندرێت". هەموو بەڕیز دابەزین. گووتیان: "کچان تێپەڕبن". لە دەروازەدا رێکاری فەرمی کرا. زۆرشتی رووکەشانە هەبوو. جاروبار هەندێک پلەدار بەو نێوەدا دەسوڕانەوە.. بە دەرگەیەکی تریشدا تێپەڕبووین و رایانگرتین. شوێنێکی وەک ژێر قادرمە بوو. ئەمسەر و ئەوسەری دالانێکی درێژ دەبیندرا. لە نێوان هەر (10 – 15) مەترێک دەرگەیەکی شیشبەند هەبوو. سەربازێکی زۆر بە ئەمبەر و ئەوبەری دالانەکەدا ریزکرابوون. نێوان هەردوو قاچیان نیوە کراوە بوو، دەستیشیان لەپشتەوەبوو. قامچی "جۆپ" و سەگیشیان هەبوو. هەموویان پشتپان و بالادرێژ، بەرگی کۆماندۆیان لەبەر بوو. یەکەم رواڵەت بەسبوو، هەموویان وەکو ئاژەڵی دڕندە چاوەڕێی نێچیرەکانیان بوون. نیازیان روون و ئاشکرا بوو. هەڤالانیش دووبەدوو گوزەریان کرد. لەناکاو دەنگی قامچی، هاتوهاوار، وەڕە وەڕی سەگ دەستی پێکرد. کاتێک بە دالانەکەدا و بەنێو هەردوو ریزە سەربازەکەدا تێپەڕ دەبووین، لە چەپ و راستەوە کوتەکبارانیان دەکردین. هێشتا لە یەکەمین ریزەکاندا بوو هەندێک هەڤاڵ کەوتن بە زەویدا. ئەوجار لەسەر فەرمانی: "خۆتان رووت بکەنەوە، دەستتان بنێن بە دیوارەکەوە!" لە هەناسەیەکدا بەزۆر رووتکرانەوە. ئەو هەموو کەسە لەکاتێکی

[75] بە دیوارە گەورە و درێژەکەی ئامەدی کۆن دەگوترێت کە ئێستاکە ناوی ناوچەی ناڤاسووری وەرگرتووە و دەکەوێتە ناوجەرگەی شاری ئامەدەوە.

زۆر کورتدا و بەم پێشوازییە گەرمەی دووژمن گەیشتنە دالانەکە. نەمزانی چۆن تێپەڕببوون.

قاچیان دەکێشام بە ئەملاو ئەولا و زەویدا، دەمگووت" سووک و ناکەس بەچەینە!" و هاوارم بەسەردا دەکردن. دیاربوو دەیانویست بمانترسێنن. خۆزگە دەهاتن لەمنیشیان دەدا. سەیرێکی (ئەلیف)م کرد لێوی سپی و وشک ببوون، رووخساری گرژ و برۆکانیشی شۆڕببوونەوە، ترسی ناو چاوانی بەدی دەکرا، ترس دایگرتبوو.

لەناکاو یەکێک بەدیارکەوت، لەکوێوە هاتبوو، پلەی چی بوو؟ چۆن رێڕۆیشتنێک.. چ دەموفلْقێک.. خوێن بەری چاوە باشقاڵەکانی گرتبوو! بزەیەکی بەدڕەوشتانەی هەبوو. بزەی لێو و دەمی شێوەی سادیستبوونەکەی خۆی وەرگرتبوو. بەهیچ جۆرێک پێکەنین و رووخسار و روانینی مرۆڤانە نەبوو. دەشێت یەکەمین سیمای مرۆڤ خەڵەتێنەر بێت، بەڵام دەکرا پێی بڵێیت: "ئەم رووخسارەی وەک مرۆڤ دیارە، چۆن دەبێت ئەوەندە سادیست بێت". نەخێر، ئەم بونەوەرە بە یەکەمین دیمەن خۆی بەدەستەوە دەدا. دیاربوو لەم کارەدا گۆشکرابوو. لەبەردەممدا چەقی و یەکەم پرسیاری "ناوت چیە؟" بوو. "ساکینە". گووتی: "تورکیت؟" وەڵاممدایەوە و گووتم: "نەخێر، کوردم". شەقەزللەیەکی توندی لێدام. شەکەتی رێگە، بەسەرهاتەکانی ئەو ساتە و شەقەزللە، لەناکاو وەک ئەوەبوو بەرچاوم رەشبووبێت. سەرەڕای ئەوەی پێمگووتن: "چییە، چی دەکەن؟" رووی لە (ئەلیف) کرد و هەمان پرسیاری لێکرد. "ناوم (ئەلیف) ە"، "تورکیت؟" ئەویش گووتی : "بەڵێ، تورکم" کابرای ئەشکەنجەکار بە پێکەنینێکی سووک و بێنرخانەوە پێی گووت: "ئافەرین".

یەکەمین ئاشنابوونم بە (ئەسەد ئۆکتای یلدران)، ئاشنابوونم بە زیندانی ئامەد بەوجۆرە بوو. خواردنی شەقەزللەی دووژمن مایەی خواست و ئارەزوو نەبوو، بەڵام کەمێکیش بێت ژانی هەڤاڵانی لە دڵمدا دامرکاند. هێشتا لەگەڵیان خەریکبوون. (ئەسەد) بە هەناسەیەک خۆی گەیاندە ئەوێ. دیمەنی بەرچاومان زۆر خراپتربوو. زۆربەیان رووت کرابوونەوە و بەشێکیش تەنیا دەرپێ کورتیان لەپێ مابوو. بەشێکیان هێشتا لەسەر زەوین و دانیان بەخۆیاندا دەگرت. دەنگی ناڵە و هاواری ئەشکەنجەکراوان هەموو لایەکی دەهەژاند. (ئەلیف)یش بە سەرشۆڕی راوەستابوو. ئەو رەچاوی فەرمانی دووژمنی کرد و رووی لە دیوار بوو، بەڵام من لەسەرلا راوەستابووم و نەمدەویست هەڤاڵان لەو دۆخەدا ببینم. پلەدارێکی تر هات و گووتی: "جانتاکانتان هەڵگرن و دوامکەون. سەیری ئەملاو ئەولا مەکەن، سەر دانەوێنن" و وەک رابکات دەڕۆیشت. گوێم بە قسەکانی ئەو نەدەدا، بەڵام هێشتا زۆر بە سەختی لە هەڤاڵانیان دەدا. کێ، کامەیان کام هەڤاڵە ناسینەوەی زەحمەت بوو. بێگومان لەدۆخێکیشدا نەبوون تەماشا بکرێن، سەربازەکان دەستە دەستە بەربوونە گیانیان...

دالان لەناو دالاندا، درێژ و تەسک و بە هەردوو لایدا شیشبەندێکی زۆر هەیە. یەکێکیان گووتی: "جانتاکانتان دەکەینەوە". یەکی تریشیان گووتی: "ئێوەش دەپشکنین". بەرپەرچمدایەوە و گووتم" نەخێر، بۆچی، ئەرکدارێکی ژنتان لەلا نییە؟ ئێوە ناتوانن نەخۆمان و نە کەلوپەلەکانیشمان بپشکنن". دووبارە گووتی: "کەوابوو چاکەتەکانتان بەرز بکەنەوە، هیچتان پێیە؟" ئیلاوبیلا دەبووایە شتێکیان بکردایە، گووتم: "هیچم پێ نییە" و لایەکی چاکەتەکەم بەرز کردەوە. (ئەلیف) چاکەتەکەی داکەندبوو. جانتاکەی ئەویان دەپشکنی. لەبەرامبەر

نارازیبوونەکەی منیش دەیانگووت: "فەرمانمان پێکراوە، دەتپشکنین". پێمگووتن: "بڕۆن کێ فەرمانی داوە پێی بڵێن بابێت خۆم پێی دەڵێم، با کارمەندێکی ژن بێت بۆ ئێرە". لە وەڵامدا گووتی: "تەنیا سەیرێکی سەرەوەی دەکەم". دیاربوو نەیدەویست پلەدارەکانی سەرووی لەم بێفەڕبوونەی خۆی ئاگادار بکاتەوە. پەشۆکابوون. هەر یەکێکیان لەناو ئەشکەنجەکاراندا ببوو بە پارچەیەک لەو ژیانە، ببوون بە ئامێرێکی دەستیان. هەندێکیان لەوانەیە یەکەمجاریان بووبێت لە شوێنێکی وەهادا سەربازی بکەن. هەرچەندە بەشێکیان شکڵگەلێکی گەنج، فاشیستی هەڵبژێردراو و بەتایبەت پەروەردەکراویش بن، هەندێکی ساکار و نەزانیش لەنێوانیاندا بوو کە بە ئاسانی پەلکێش و راکێش دەکران. سیستەمی دەوڵەتی تورک لەناوخۆیدا لەسەر بنەمای توندوتیژی رێکخراوە. بە رێکاری کولتووری رەگەزپەرستی، شۆڤێنی و فاشیستی بەڕێوە دەبرێت. لۆژیک و بیرکردنەوە قەدەخەیە. سیستەمی سەپێندراو تەنیا دروستکردنی سەربازی بە ئامانج کردبوو.

پاشماوەیەکی کەم (ئەسەد) دیسان هاتەوە و گووتی: "لە شاخە قەشەنگەکانی دێرسیم، لەو شاخانەدا کە جوانییەکی وەحشیانەی هەیە زۆر بەدواتدا گەڕام. بڕوانە؛ ئێستاکە لەدەستمدایت. لە دێرسیم بوویت وانییە؟" تەنیا پێمگووت: "نەخێر لە خارپێت دەستگیرکرام".

بەردەوامی کرد و گووتی: "لێرە یاساکانی من دەخوات. هەرکەسێک لەم دەرگەوە هاتە ژوورەوە ناچارە رەچاوی بکات. هەموو کەسێک تورکە. UKOییە، کوردە نازانم چییە، ئەمانە ناخوات، نەمان، تەواو.. وانییە (ئەلیف)؟ تورکیت وانییە؟" (ئەلیف) بە "بەڵێ" وەڵامی دایەوە. (ئەسەد) دیسان بە پێکەنینێکی بێ

ڕەوشتانەوە بەدەوری خۆیدا خولایەوە. بەخێرایی چەند هەنگاوێک بۆ دواوە هات. قامچی "جۆپ"ەکەی دەکێشا بە بەری دەستی خۆیدا بە سەربازەکەی گووت: "(ئەلیف) ببە سەرەوە با ژنە پۆلیسەکە بیپشکنێت". ژنە پۆلیسێکی قژ زەرد لەبەر دەرگەکەدا دەستەکانی خۆی لەباوەش نابوو، سەری نەواندبوو و بەتاسەوە ڕاوەستابوو. ژنە بەبیستی گووتەی: "ژنە پۆلیس" لە دەمی (ئەسەد)ەوە، ڕاچڵەکی و خۆی قیتکردەوە.

(ئەسەد) گەڕایەوە و شەقەزللەیەکی تری لێدام و پرسیاری کردەوە: "تورکیت؟" وەڵاممدایەوە: "نەخێر. بەر لە هەموو شتێک من شۆڕشگێڕم. لە شۆڕشگێڕیدا جیاوازی نەتەوە هێندە گرنگ نییە، بەڵام من کوردم. ئەگەر تورک بوومایە، بێگومان دەمگووت تورکم". بە جددیەتەوە گووتی: "وەی.. وەی .. وەی.." و فەرمانی کرد: "نەخێر.. جارێکی تر وشەی "کوردم" نەبیستمەوە. ڕایکشێن.. دەی". دامیان بە زەویدا و یەکەم کەس خۆی دەستی کرد بە لێدانم. لەدڵی خۆمدا دەمژمارد یەک، دوو، دە، پازدە... بیست ... و بەردەوامی کرد. پاشان لەپێیەکانمەوە بەرەو سمتم، پاشان سمتم. ئیتر چەندەی لێدام نازانم.

جارێک وەک لە قووڵاییەکەوە دەنگێک بێت گووتیان "مرد؟". (ئەسەد) پێڵووی چاومی بەرز کردەوە و گووتی"نەخێر نەمردووە" وابزانم بۆ ماوەیەکی زۆر کورت لەهۆش چووبووم. کاتێک (ئەسەد) لێیدەدام، ژنە پۆلیسەکە پشتی تێکردبووم، دەستەکانی دیسان لەباوەش نابوو. سەیرە ژنە پۆلیسەکە بەرگەی نەگرت، لەو کاتەدا وابۆی دەچووم کە نەیدەتوانی تەماشا بکات. سەربازێکیش کاتێک قاچەکانی گرتبووم، ڕووی وەرگێڕابوو بەولادا، سەیری هاتنە خوارەوەی قامچیەکەی نەدەکرد، تەنانەت وەکو قامچیەکان لەو بدرێت ڕووخساری گرژ و ژانی پێوەدیاربوو.

دوای لێدان و فەلاقە پێویستە بڕۆی بەڕێوە. مەترسیدارە، باس لەوە کرابوو کە تەنانەت ئەگەری کانگرین[76] هەبوو. هەر لە خەیاڵم دابوو. بەڵام قاچەکانم سڕبوون، بەبێ هاوکاری نەمدەتوانی ڕێبکەم. ژنە پۆلیس هاتوو دەستی گرتم، تۆزێک هاتوچۆم کرد. لەو نێوەدا لە حەوشەی ناوەندی زیندانەکەوە کە شوێنی هەواگۆڕین بوو دەنگ دەهات. دەنگی (ئەسەد) بوو. پاشان دەنگێکی لەرزۆک و بەکۆمەڵ هات: "تورکم، ڕاستم، خەباتکارم..."[77] پاشان دەنگ نەما. پاشان دەنگێکی تر.. دەنگی ژنان بوو. جگە لە ئێمە کەسی تریش هاتبوو؟ پێشتر بەندکراوی تریش هەبوو؟ وەڵامی ئەم پرسیارانەم بەتەواوی نەدەزانی، بەڵام بیستبووم کە ژنی بەندکراویش هەن. هەروەها ئەوەشم بیستبوو کە (ئایسەل) لەگەڵ هەڤاڵ (مەزلوم) و ئەواندا دەستگیرکراوە. باشە تۆبڵێی کێی تر هەبێت؟

ئەمە دووەمین پێشوازی سەرەکی بوو. یەکەمیان شەقەزللە، دووەمیان فەلاقە. چی دەمایەوە؟ قولاپ، کارەبا، ڕووتکردنەوە، دەستدرێژی... لەکاتی فەلاقەکەدا (ئەسەد) دەیگووت: "ئەگەر نەڵێیت تورکم، ئەم جۆیە چەوردەکەم و تێتدەبڕم". وابزانم ئامانجی تەنیا هەڕەشە نەبوو. کەوابوو ئێرە زیندان نەبوو. هەوڵم دەدا تێبگەم. تورکبوونی دەسەپاند. تەنیا بڵێیت تورکم بەلایەوە هەموو شتێک بوو. بێگومان ئامانجیان تەنیا ئەوەندە نییە بڵێیت تورکم و بەس. لە خارپێت" ڕێزگرتن لە ئاڵا، ماچکردنی ئاڵا" نزا کردن بۆ تورک و ئاڵای تورک سەپێندرابوو. ئامانج یەکە. بۆچی پرسیاری "شۆڕشگێڕیت؟" یاخود " UKO بیت؟ نەدەکرا" چونکە

---

[76] لاڕەشی.

[77] کۆمەڵێک دروشم و دەستەواژەی فاشیستانەی دەوڵەت و سوپای تورکن کە هەر لە منداڵییەوە و بەبێ هیچ جیاوازییەک دەیسەپێنن بەسەر هەموو تاکێکی کۆمەڵگەدا.

زۆر کەس هەبوونی پەیوەندیان بە ڕێکخستنەکانیان ڕەتدەکردەوە. بۆچی تەنیا گوزارەی "تورکم" دەسەپێندرا؟ لەڕاستیدا لێرەوە دەیانویست هەنگاو بە هەنگاو تێکمان بشکێنن. پیلانیان وابوو لەم خاڵەوە و لە کەسایەتی ئێمەدا کوردبوون، (PKK)یی و بەهاکانی شۆڕشگێڕی لەناوببەن. تازە دەستیان بە جێبەجێکردنی پیلانەکە کردبوو. ڕەشبگیری، ئۆپەراسیۆن، خیانەت پێکردن لە ژێر دەستبەسەریدا، شکاندنی بەرخودانی، زیندان و ئێستاش زیندانی ناوەندی!.

ئەو دەنگەی پێش ئێستا هاتە گوێم کێ بوو؟ (ئەلیف) خۆی زوو دابوو بەدەستەوە، دەنگی زیاتر لە کەسێک بوو. پێشتر هەڤاڵی تریش هەبوون؟ ئەگەر ئەوانەی دوای ئێمە بن ئەوا لەکوێوە هێنراون؟ بتەوێ و نەتەوێ ئەم دەنگانە ئەو پرسیارانەی بە ئەقڵمدا دەهێنا. لەو نێوەدا لە پەنجەرەکەوە بۆ دەرەوەم ڕوانی، بینیم لەپەنجەرەکەی بەرامبەرەوە هەندێک ژن بە دزییەوە بۆمدەڕوانن. کەوابوو ژنە بەندکراوەکان لە قاتی سەرەوەدا بوون. دیارە (ئەلیف) بەوانی گووتبوو کە لە قاتی خوارەوەم.

منیان خستە ناو ژوورە تاکەکەسییەکەی کۆتایی داڵانەکەی لاتەنیشتەوە. پەنجەرەکانی بۆیاخکراو و داخراو بوون، هیچ شوێنێکم نەدەبینی. تۆزێک گوێم بۆ دەوروبەر شلکرد، پاشان لایەکی پەنجەرەکەم بەهێواشی بە هێندەی درزێک کردەوە، بینیم کە لە پەنجەرەی قاوشەکەی قاتی سەرەوە چەند ژنێکی تریش چاودێری شوێنەکەی من دەکەن. کاتێک بە منیان زانی، خۆشیان هەوڵیاندا تۆزێک ئاسایی تر بڕوانن. سڵاومان لە یەک کرد. یەکێکیان نزیکتر بووەوە. لە کەسێکی ناسیاو دەچوو، بەڵام دەستبەجێ نەمناسییەوە. دوو بەری دەستی لەدەوری دەمی خڕکردەوە و گووتی:"من (ئایسەل)م". نەیدەویست دەنگی بڕواتە

دەوروبەر. (ئایسەل ئۆزتورک). دواجار لە ماڵی زەکی و ئەوان لە چەولیک قسەمان کردبوو. دوای چوونم بۆ خارپێت یەکەم و دواینجار بۆ سەردانی (عەبدوڵلا ئەکینجی) لە زیندان چووبووم بۆ چەولیک. بە دەمانچەوە گیرابوو. هەوڵماندەدا بە کەفالەت ئازادی بکەین. لەماڵی (زەکی) چاوم بە (ئایسەل) و (سەلیم) کەوتبوو. ئەو ماڵەی (عەلی گیونگۆر)یان بەکرێ گرتبوو کە پێشتر ئێمەی تیابووین. جارێکیان خولقیان کردم و گووتیان: "وەرە بۆ ماڵە بۆرژوازی بچووکئاساکەمان، میوانمان بە". بۆ ماوەیەکی کەم لەلایان بووم. (ئایسەل) باسی لە هەندێک رەخنە و قسە دەکرد کە سەبارەت بە ژیانیان دەکرا و نیگەرانی خۆی باس دەکرد. باس لە ژیانی بۆرژوازی بچووک، هاوسەرگیری دەکرا. لەم بابەتەدا پێمگووتبوو: "ئەگەر رەخنەکان تەنیا بەهۆکاری هەندێک کەلوپەلی ناوماڵ بێت، گرنگ نییە، ئەم ماڵە ماڵی هەردووکتان نییە، ماڵی رێکخستنە. بەڵام ئەگەر هاوسەرگیری دەخەنە پێش کار و خەباتی رێکخستنەوە و لەم بوارەدا کەموکورتی هەیە، ئەوا دەبێت ئەو رەخنانە بەجددی وەربگرن". هەروەها مەسەلەی (نورحەیات) هاتبووە ناو باسەوە، دەیگووت کە بانگیان کردووە، قسەیان لێدەرهێناوە، بۆ ئەوەی ئاستی پەیوەندی نێوانی لەگەڵ (محەمەد توران) بزانن. گومان لە (محەمەد توران) دەکرا، دەنگۆی سیخوڕبوونی لەئارادابوو. لەو ماوەیەدا کە (نورحەیات) لە ناوچەی ئاگری خەباتی دەکرد کەوتبووە ژێر کاریگەری (محەمەد)ەوە. لەڕووی سۆزدارییەوە پەیوەندی هەبووە، کۆمەڵێک شیرۆڤەی جیاجیای وەک "بێ ئەوەی هەستی پێ بکات خستوویانەتە نێو داوەوە" دەکران.

(ئایسەل) لەسەر ڕێگەی ڕۆحا پێکەوە لەگەڵ (یلدرم مەرکیت)، هەڤاڵ (مەزلوم دۆغان) و شۆفێرێک دەستگیرکرابوو. کەوابوو لە چەولیک دەرکەوتبوو. ئەویش زۆر زوو دەستگیرکرابوو.

بە ئاماژەیەک پێیگووتم کە نامەم بۆ دەنووسێت و بەشەو بەشتێک بۆم شۆڕدەکاتەوە. بێ ئۆقرە ببووم. ناوەناوە سەربازەکان دەهاتنە ئەوێ و قامچی لێیان دەدام و دەڕۆیشتنەوە. سەربازەکان بە مەراق بوون، هەر جارە و شکڵ و شەماڵی تازە دەهات. (بەهاددین)ی بالابەرز؛ سەربازە بێ جۆپەکە، یەکێک بوو لە پاسەوانەکانی ناو زیندانەکە کە لە ڕۆژانی بەر لە کودەتاش لەوێ بوو.

لە سەرتاسەری زیندانەکەوە دەنگی سروودی کودەتاچییەکان بەرزدەبووە. ئەمانە هەر ئەو سروودانە بوون کە سەربازان لە کاتی وەرزشی بەیانیاندا بەدەم ڕاکردنەوە پێیان دەگووترا. سروودی وەک ( دووکەڵ سەری چیای گرتووە، با بڕۆین هەڤالان، سروودی ئیستیقلال، دەریای ڕەش وردە شەپۆل دەدا..) بەردەوام بە ئاست و تەزووی دەنگی جیاجیا دەگووترایەوە. ناوبەناو دەنگی قامچییش دەهات. دەنگی وەک هاوار و قیژە دەهات. شوێنەکەم لە قاتی خوارەوە بوو بۆیە تەواوی غەڵبەغەڵبی دالانەکانی هەردوو لای ڕادەکێشا. ئەگەرچی زۆر بە ڕوونیش نەبووایە؛ دەنگی دەرەوەش دەبیسترا.

شەو بۆ چەند جارێک بەشێوەیەکی ڕێکوپێک و بەدوای یەکدا و بەسووکی دەکێشرا بە بۆری گەرمکەرەوەکەدا[78]، منیش بە هەمانشێوە وەڵامم دایەوە. پەنجەرەکەم تۆزێک کراوەبوو. بە پەت کیسێکی باریک شۆڕکرایەوە، وەرمگرت و دووبارە پەتەکەیان

---

[78] سیستەمی کالۆریفەر یان زەیتی پێدەگوترێت بە ڕێگەی گەرمکردنی ئاو و بلاوکردنەوەی بەناو بۆری ژوورەکاندا گەرمایی بلاو دەکاتەوە .

راکێشایەوە بۆ سەرەوە. لەناو کیسەکەدا خواردەمەنیش هەبوو. سەرەتا نامەکەم کردەوە و خوێندمەوە، تیایدا هاتبوو: " ئێمە حەوت هەڤاڵ بووین، ماوەیەک بوو لەو شوێنەی تۆبووین، ئەمڕۆ هاتینە سەرەوە. بەگشتی هەندێک یاسا بەشێوەی تەکتیکی پەسند کرا. لە قاوشەکانی تریشدا یاساکان پەسند کراون. تۆش یاسای " تورکم" پەسند بکە، دەرکەوە و بە بەرفروانی گفتوگۆ دەکەین. سڵاو و ڕێز، (ئایسەل)"

دەستم کرد بە جوێندان. خوا بەڵاتان بەسەردا ببارێنێت، بۆچی ئەوەندە زوو بڕیار گۆڕا؟ ئەی نەماندەگووت یاساکان پەسند ناکەین؟ تەکتیکی چی؟ شوێنێکی چۆن بوو؟ هەر بەو قەڵەمەی بۆیان ناردم وەڵامەکەم لەبەشی سەرووی هەمان نامەکەیاندا نووسییەوە، چونکە کاغەزی لێ نەبوو و گووتم: "هیچ شتێک لە نامەکە تێنەگەیشتم. چۆن دەبێت، ئێمە کەهاتین پێکەوە بڕیارمان دا، یاساکانمان پەسند نەدەکرد. ئەمانە شێت بوون؟ دەڵێن تەکتیک، لەڕاستیدا هەر دووژمن خۆی تەکتیکی سەرەکی جێبەجێ دەکات. هەڤاڵان بەگشتی پەسندییان کردووە؟ فەرماننامەیەکە چییە؟ دەمەوێت بزانم، چاوەڕێی وەڵامم".

ئەم جارە من کێشام بە بۆرییەکەدا، پەتەکەیان شۆڕکردەوە. خواردەمەنییەکانم دەرهێنا و نامەکەم خستە کیسەکەوە و دووبارە رایانکێشایەوە. هەوڵمدا هیچ شتێک لەو دەورە بەجێنەهێڵم. نەدەبا بەو پەیوەندییەمان بزانرایە، ئەگەرنا ڕێگریان دەکرد. دووبارە نامە هاتەوە: "بەگشتی پەسند کراوە، هەواڵێکی وەهامان پێگەیشت، ئەگەر لەوێ دەرکەویت بە فراوانی قسەی لەسەر دەکەین". تا بەرەبەیانی ئەو ڕۆژە مێشکم تێکوپێک چووبوو. تەنیا پارچە بەتانییەک لەو ژوورە تەسکوترووسکەدا هەبوو و هەواکەی ساردبوو. لە مانگی ئاداردا بووین.

بەشێوەی تەکتیکی رازیبوون بە یاساکان! خۆ کێشە تەنیا رازیبوون نەبوو بە گووتەی"تورکم".. نەخێر. دیارنەبوو چی بەدوادا دێت. بەتایبەتی شانبەشانی کودەتا فشار و گوشاری زیاتر دەخرایە سەر زیندانە سەربازییەکان.

دوای مانگی تشرینی دووەم ئەمانەیان لەسەر زیاد کردبوو. لە خارپێت مەسەلەی ئالا، نزا، تاشینی سەر و ریش خرابووە بەرباسەوە. کات نەبوو و زۆر گفتوگۆمان لەسەر نەکرد. زیندانێکی نوێ بوو، نەماندەزانی پێشتر کێ لێرەبووە. دیارە هەڤالانیش هەر لەخۆوە بە یاساکان رازی نابن. تووڕەبوونم پەیوەندی بە (ئایسەل)ەوە نەبوو. بە بڕیار یان هەڵوێستێکی ئەوانم لەقەڵەم نەدەدا. مەبەستم لەو هەڤالانەیە کە لێپرسراوی گشتی بوون. ئەگەر هەڤاڵی تر نەهێنرابن، کەواتە ئەوانەن کە لە خارپێتەوە هاتوون. تووڕەییم لەو هەڤالانە بوو کە بەرپرسیاربوون لە بڕیاردان.

بە گومانەوە نەمدەڕوانی، بەهێندەی مسقاڵێک ئەم لایەنەم نەبوو. بە نیازێکی زۆر چاک و پاکەوە مامەڵەم دەکرد. ئێرە زیندانە و چاوەڕێ نەبووم هەر ئان و ساتێک بڕیارێک بدرێت نوێنەرایەتی ئیرادەی هاوبەش بکات. زۆر بیرم لەوە نەدەکردەوە کە ئایا هەل و مەرجی رێکارێکی وەها هەیە یاخود چۆن هەواڵ و ئاگاداری بەدەست دەگات؟ چونکە مسۆگەر جۆرە پەیوەندییەک هەر پەیدا دەبوو. ئالێرەدا رۆڵی تاک دەکەوتە پێشەوە و ناچارە وەک رێکخستنێک بجوڵێتەوە. دووژمن سیاسەتی چییە؟ یاسا سەپێندراوەکانی تاکوێ دەچن و رێگە بۆچی خۆش دەکەن؟ ئەی خۆشمان هەڵوێستمان بەرخودان نییە؟ ناوەندەکانی لێپرسینەوە تەنیا شوێنی لێپرسینەوە نین. ئیتر زیندانیش هەمان رۆڵی دەگێڕا. هەر لە یەکەم پێشوازییەکەیدا (ئەسەد) لەپاڵ (ئەلیف) لێی پرسیم

: "تۆ جەلال ئایدنت کوشت وانییە؟" کەوابوو دەیزانی کە (جەلال ئایدین) بە سزای خۆی گەیشتووە، ئەو دەزگایانە بەبێ ئاگاداری یەکتر کاریان نەدەکرد.

بەرۆژ ناوبەناو لە پەنجەرەکەوە چاوێکم دەگێڕا. لە ناوەوە کەس زۆر نەیدەڕوانی، دیارە سەربازی لێبوو. ئیتر کەم کەم دەهاتن بۆ لام. نامەکەم بە راسپاردەیەک لێکدەدایەوە، بەدەر لەمە بیرم لێنەدەکردەوە کە دەشێت بۆچوونی کەسێک یان کەسانێکی تریش بێت، ئەمەش کارەکەی ئالۆزتر دەکرد. تاڕادەیەکی کەمیش هەست بکەم کە بڕیارێکی دەرەوەی رێکخستنە، کێشە نەدەما. ئەمە بەس بوو بۆ ئەوەی ئەگەر بە تەنیاش بم، بۆ چەندین مانگ و سالێش لەو ژوورە تاکەکەسییەدا بم، باجەکەی هەر چییەک دەبێت با ببێت لەدژی یاساکان درێژە بە بەرخودان بدەم. لانی کەم تا گەیشتنی هەوالێکی راست، جێ متمانە و رێکخستنیانەتر، بەمجۆرە بەردەوام دەبوو. متمانەم بە (ئایسەل)یش هەبوو، ئەگەر نەمناسیبایە گومانم لێیدەکرد.

لە دەرەوە دەنگی سروود، قامچی و ئەشکەنجە ئالاوە بەملی یەکدا، کەواتە دەبێت چۆن و چی بکەم؟ بەرلەوەی دووژمن شتێکی نوێ بهێنێتەوە و بیسەپێنێت، بە سەربازێکم گووت :"فەرماندارەکەت بانگ بکە" وەلامی دایەوە :" ئێرە بەچی دەزانی؟ نەک قسەی تۆ، قسەی ئێمە دەڕوات". باشتر کە نەچوو. هیچ نەبێت بڕێک کاتی تر بەسەر دەچوو. کە هاتم لە وەلامی پرسیاری (ئەسەد) دا گووتبووم: "کوردم". لە پێشوازییە پڕ فەلاقەکەی دووەمیشدا بەهەمان شێوە. ئێستا ئەگەر بلێم" وەرە، بووم بە تورک" چۆن بەزمێکی گالتەئامێزە!. راستە دووژمن بەمە دلخۆش دەبوو، بەلام سەرسامیش دەبوو. بیر لەچی دەکەنەوە کەیفی خۆیانە، بەلام دەبێت هەتا زووە دەربکەوم و لەو دۆخە تێبگەم.

ئەفسەرێک هات. ئەویش بۆ "ئاشنابوون" هاتبوو! لەوێ "ئاشنابوون" لێدان بوو. سەربازەکە پێی گووت کە نەیوێراوە بە (ئەسەد) بڵێت.

:"فەرماندە ئەسەدت بۆ چییە؟"

:"داوای فەرماندەم کرد، هەر کێیەک بێت"

:"منیش فەرماندەیەکم. چیت پێیە بڵێ"

:"دەمەوێت بچم بۆسەرەوە بۆلای هەڤالانم"

:"بەڵام تا یاساکان پەسند نەکەن کەس لێرە دەرناکەین"

:"باشە دەتانەوێت بڵێم – تورکم- ئێوەش دەزانن کە من نەک تورک، کوردم. وە شۆڕشگێڕم" کابرا بە حەپەساوییەوە تەماشای دەکرد. دیاربوو لەهیچ تێنەدەگەیشت. من باسم لە "تورک بوون" دەکرد یاخود بێ لۆژیکی و نەفامی ئەوم تاووتوێ دەکرد؟ بەسەر لەقاندنێکەوە دەرکەوت و ڕۆیشت. پاش ماوەیەک (ئەسەد) بەخێرایی وەک سەگێک بە هەناسە بڕکێ و چەقەنە لێدانەوە هات و گووتی: "کێ لەسەرەوەیە دەزانیت؟"

:"دەزانم هەندێک ژنە بەندکراوی لێیە، بەڵام کێن ناویان چییە نازانم"

بە کین و بە نوقاندنی چاوێکیەوە "بۆچی دەتەوێت بچیت بۆ لای ئەوان؟" دیاربوو گومانی لە قسەکانم هەبوو. کێ دەزانێت خەیاڵی چۆن ئاهەنگ و زەماوەندێکی بۆ دەکردم. بە هەموو ڕووخسار و لەشولاریدا دیاربوو کە بەزەوقەوە ئەشکەنجەی دەکرد. پێشتریش هەر خۆی گووتبووی "دەنگی ناڵە و هاواری ژن بۆ من وەک میلۆدییە(ئاوازە)"...

ئەمجارە من هەوڵمدەدا تێبگەم لەوەی کە خواستی چوونە سەرەوەم بۆچی (ئەسەد)ی بێزار دەکرد؟ بۆچی، ئەی خۆی نەیدەویست یاساکانی پەسند بکەم؟

گووتی: "وەرە، دەچینە حەوشەکەوە و پشوویەک بدەین... تورکیت.. ها؟"

:"خۆتان دەزانن تورک نیم، بەڵام ئەگەر بەزۆر لە زارم دەردەهێنن. هیچ واتایەکی نابێت. من شۆڕشگێڕم، گرنگ نییە کورد، تورک یان لە هەر نەتەوەیەکی تر بم".

:"نابێت! من نەمویست گفتوگۆی لەسەر بکەیت. کوا، کێ بەزۆر پێت پەسند دەکات؟"

:"ئێستاکە خۆم داوامکرد، بەڵام لەوەتەی هاتووم دەتانەوێت بە زەبر و زۆر رازیم بکەن"

:"سوێندەکەمان دەزانیت"

:"نەخێر"

:"نەچوویتە خوێندنگە؟"

:"چووم"

:"ئێ باشە، هەرچییەکم گووت دووبارەی بکەرەوە"

:"ئەمەش یاسایە؟"

:"چیم گووت دووبارەی بکەرەوە"

رێک کاتی هاتبوو ئەگەر بڵێم "نەخێر من نایەم بۆ هیچ شوێنێک و هیچ شتێکیش ناڵێم". ئەمە دەبوو بەو هەڵوێستەی کە (ئەسەد)ی سەرشێت و هوڕ دەکرد. ئەی خودا بە نەفرەتت بکات. ئەمە بەرخودانی بوو یان خۆڕادەستکردن بوو؟ دووژمن هەر لە سەرەتاوە بە چەند گووتەیەک دەستی پێدەکرد و هەنگاو بە هەنگاو رایدەکێشایت. بێگومان ئەمانە رێبازی شکاندنی ئیرادە و باوەڕی بوو. هیوایان لەلا دروست دەبوو کە کەسێک ئەمڕۆ بەمە رازی ببێت سبەینی بە شتی تریش رازی دەبێت. رێگەی لەبەر سەرەنجامێکی وەها خراپیش دەکردەوە.

•

چەند جارێک سوێندەکەی پێ دووبارە کردمەوە و پاشان داوای کرد بەردەوام بکەم، بەڵام نەمگووتەوە. پێمگووت: "خواستی ئێوە بوو بڵێم - تورکم – ئێستا شتی ترم بەسەردا دەسەپێنن".

پاشان فەرمانی بە سەربازێک کرد بمباتە سەرەوە و بەرەو سەرەوە بەڕێکرام. مەعنەویاتم تێکچووبوو، تەنانەت نەمدەتوانی بە پلیکانەکاندا سەرکەوم. هێشتا من نەگەیشتبوومە بەر دەرگەکە، پاسەوانەکە گەشتبووە سەرەوە. هەر کەسێک چاوی پێمدەکەوت وایدەزانی بەهۆی ئەشکەنجەوە توانای رۆیشتنم نەماوە. نەخێر من ئەوکاتە هەموو ئەشکەنجە، ئێش و ئازارەکانیشیم لەبیر چووبووە. واهەستم دەکرد کردەیەکی راست لە ئارادا نییە و هەستم بە ئازارەکەی دەکرد. زوو شکستمان هێنابوو. هەڤاڵان پێیان گووتبووم "تەکتیک". ئایا بەڕاستیش ئامانج چی بوو، هەڤاڵان بۆچی پێویستیان بە ڕێگەیەکی وەها کردبوو؟ بۆ ئەوەی هێزەکەمان پارچە نەبێت؟ تا گەیشتمە سەرەوە زۆر شت بە مێشکمدا دەهات و دەچوو.

(ئایسەل)، (جاهیدە)، (حەوا)، (گیۆنول)، (فاتیمە) و دەیان ژنی تر. لە ئامێزیان گرتم. هەندێکیان شەرمنانە هاتنە پێش. چەند دایکێکی بەتەمەنیشی لێبوو. سەیربوو بەلامەوە، سەرەڕای ئەو ژمارە زۆرەیان کەچی قاوشەکە بێدەنگ بوو، دەنگیان نەدەهاتە خوارەوە. چەند رۆژێک بوو بێدەنگییەکی تەواو دایگرتبوون.

دوای قسەوباسێکی کورتی سەرەتا، خۆمم پێڕانەگیرا و گووتم: "کێیە؟ خوا بەڵای خۆی بەسەر ئەو هەڤاڵانەدا ببارێنێت. بۆچی وایان کرد؟ رێکخستن بڕیارێکی لەم چەشنەی هەیە؟" لە زیندانی خارپێت نامەیەک دەگات بەدەست هەڤاڵان، هەڤاڵان دەڵێن (چەتین؛ سەمیر) ناردویێتی. گووتویێتی "هەندێک شت پەسند بکەن" قسەمان لەسەر ناڕاستی ئەو بڕیارە کرد. پێمگووتن :"چۆن بوو، بۆم

باسبکەن" (ئایسەل) سەرەتا جگەرەیەکی داگیرساند، قومێکی قووڵی لێدا و پاشان هەناسەیەکی قووڵتری هەڵکێشا. (گیۆنول) سەیری بەردەمی خۆی دەکرد. (فاتیمە) پاڵکەوتبوو، گووتبووی کە نەخۆشە. هەڤاڵانی تر تۆزێک خۆیان لێمان دوورخستبووەوە. کەواتە بەرپرسیار ئەو سێیانە بوون.

ئایسەل گووتی: "نزیکەی هەفتەیەک - 10 رۆژە پەیوەندیمان لەگەڵ هەڤاڵان پچڕاوە. ئەوانەی قاوشەکەی پەنامان جاروبار هاوکارییان دەکردین. بەقسەی ئەوان سەرجەم بەندکراوانی زیندان یاساکانیان پەسند کردووە. گرووپی خارپێتیش، بەڵام بە تەواوی روون نییە. هەڤاڵان چوون بۆ نەخۆشخانە، لەوانەیە هەواڵ بهێننەوە. بیروبۆچوونی ناو ئەو نامەی بۆ تۆمان نارد، هی ئێمە بوو". فاتیمە گووتی: "منی تیا نەبووم، بەناوی خۆتەوە قسە بکە. ئەگەر ساکینە دەرنەکەوتایە، من دەچوومە خوارەوە، خۆم بۆ ئەمە ئامادە دەکرد". (گیۆنول) هەڵیدا و گووتی: "فاتیمە، قسەی راست بکە. مادام وەها بووی بۆچی پێشتر بەردەوامت نەکرد؟" (ئایسەل)یش بەلاچاو بۆی دەڕوانی و بەهێواشی و بە شێوازی تاوانکارانە قسەی دەکرد، لەناو ملکەچییەک دا بوو.

(ئایسەل) بەردەوامی کرد و گووتی:" ئێمە نۆ کەس بووین و هەفتەیەک بوو لە ژووری تاکەکەسیدا بووین. بەردەوام چەندین رۆژ ئەشکەنجەیان کردین. پێشتر هەمووومان پێکەوە دژ بە یاساکان وەستاینەوە. سەربازەکان دەهاتن و بە ژوورەکەدا رایەڵکەیان دەکرد. بەشەویش دەمانەوە. ئەسەدیش لەوێ دەمایەوە. فەرمانی بە سەربازەکان کرد؛ هەر یەکەتان بچنە سەر قەرەوێڵەیەک و بخەون. ئەشکەنجە، گوشارە دەروونییەکان رێگەی بۆ ترازان دەکردەوە. ئێمە هەر نۆ کەسەکەمان ماینەوە.

زۆربەیان زۆر گەنج بوون و خەڵکی خالفەتی[79] بوون. بەتایبەتیش لەم چەند رۆژەی دواییدا زۆر بە توندی ئەشکەنجە دەکراین. (ئەسەد) باسی لە هاتنی گرووپی خارپێت دەکرد و دەیگووت؛ ساکینە دێت.. زۆر بە هەوەس و خواس بوو بۆ بنەبڕکردنی بەرخودان".

ئیتر خۆمم پێڕانەگیرا و گووتم: "بێگومان، وایکرد کە بەتەنیا بمێنمەوە. ئەگەر رۆژێکی تریش درێژەتان پێبدایە یەکمان دەگرت. لانی کەم سەربەخۆ بڕیارتان نەدەدا، کاریگەریمان لەسەر یەکتر دەبوو. چۆن شتی وەها دەکەن؟ بۆچی نەتانگووت بیر و بۆچوونی خۆتانە؟" وەکو شێتێک بە دەنگی بەرز و هاوارەوە قسەم دەکرد.

بەردەوامم کرد: "ئەم کارانە لە شتی تر ناچێت، ئەمانە رێساکانیان دەسەپێنن، ئامانجیان هەیە. ئێستا بڕۆم و پێیان بڵێم ( بەهەڵە هاتم، بمبەنەوە بۆ خوارەوە ).. ؟ نەخێر، من لێرە راناوەستم، بەتەنیاش بم هەر بەرخودانی دەکەم". قسەکانمان دەچوو بەگوێی ئەوانەی دەوروبەریشدا. ئەوانەی لەسەر قەرەوێڵەکان دانیشتبوون، ئەوانەی رایەڵکەیان دەکرد بە مەراقەوە گوێیان شلکردبوو. لەلایەک نیگەرانی پەلامار و ئەشکەنجەی تر، لەلایەکیش چاوەڕوانی هاتنی سەپاندنی نوێ بەسەریاندا زاڵ بوو.

دووژمن زۆر دزەکانە، بەخشۆکی و هەنگاو بە هەنگاو هەموو شتێکی دەکرد. بە نزای خواردن، سەرژمێری، سوێند و گووتنی (تورکم) دەستی پێکردبوو. هەریەکەیان جۆرە ڕێبازێک بوون، دووژمن هەر یەکێک لەو ڕێبازانەی لەکاتی جیاجیا و بەشێوەی وابەستانە جێبەجێی دەکرد. تاشینی سەر و ریشی پیاوان، هەروەها بەزۆر بڕینی قژی ژنان هاتبووە ئاراوە. (5 - 10) کۆماندۆ پەلاماری هەر یەکێکیانی دەدا. بە مقەست ئەملاو ئەولای

---

[79] شارۆچکەیەکی سەربە پارێزگەی رۆحایە.

سەریان هەڵدەپاچی و وازیان لێدەهێنا. یەکیان دەیگووت: "مۆدێلی کەرانە" (گوڵتەن)[80]یش دەیگووت: "مۆدەی مەڕ بڕین" بێگومان لەکاتی باسکردنیاندا هەندێک لەتاو ئازاری دڵ رووخساری تێکدەچوو، هەندێکیش بەدەم ئازارەوە پێدەکەنین. هەر یەکێکیان لایەنێکی بەسەرهاتەکانیان دەگێڕایەوە.

(ئایسەل) بەردەوام جگەرەی دەکێشا. دیاربوو کاردانەوەکانی من کاری تێکردبوو. دەرکیان پێنەکردبوو، بەڵام لەکاتێکدا کە دووژمن هیچ لە چاوەڕوانیدا نەبوو، بەشێوەیەک و بەتایبەتیش بە رەنگ و ناوی (بڕیاری رێکخستن)ەوە، بە ئەسپایی منیان راکێشابووە ناو پەسند کردنی یاساکانەوە. لەڕاستیدا ئەو دۆخەی (ئایسەل) دڵگرانییەک بوو بەهۆی ئەم کردارەی خۆیانەوە.

باشە ئەی من؟! سۆز و دۆخی رۆحیم چۆن بێت؟ بە تاکە وشەیەکی سامناک! ئەو ئەنجامە بەهۆی ئەشکەنجەی راستەوخۆ، گوشار و تەڵەکەبازییەکانی دووژمنەوە نەبوو. گرنگ ئەوەبوو کەی هەوڵی گۆڕینی ئەو دۆخەم بدەم، بەڵام شکستێکی تەکتیکی بوو. لەڕاستیدا دەرفەتی دەستبەجێ پێچەوانەکردنەوەی هەبوو، ئاستەم نەبوو. دووژمن دەستبەجێ و لە یەککاتدا یاساکانی خۆی پێ ماییندە نەدەکرا، زۆر بە پیلان دەیکرد. ئەگەر لەسەر یەک بیکەن کاردانەوەی جیاوازی لەگەڵ خۆی دەهێنا. دابوویان بەدەم کاتەوە. ئەگەری دەستبەجێ پێچەوانە بوونەوەی یاساکان لە ئارادابوو، چونکە بەگشتی هەر یەکێکیانی بەزەبر و زۆر و ئەشکەنجە دەرخواردی بەندکراوان دەدا.

---

[80] گولتەن کشاناک، یەکێک لە هەڤالانی زیندانی سالانی هەشتا و پاشان بوو بە هاوسەرۆکی بەدەپە و شارەوانی گەورەی ئامەد و ئێستاش لە سەر هەمان دۆز لە زیندان دایە.

لەکاتێکی وەهاشدا خۆت بانگی دەکەیت و یاساکانیان پەسند دەکەیت! واتای چی بوو؟ (ئەسەد) ئەمەی هەڵدەسەنگاند. ئەم پێکهاتە ڕێکخستنییە لە مانگی تشرینی دووەمەوە ڕووبەڕووی ئەشکەنجە و هێرش کرابوونەوە. ماوەی چوار پێنج مانگی دەکرد. هەرچەندە هەندێک ڕێسایان پەسندیش کردبێت، بەڵام هێشتا ڕۆحی بەرخودانی کۆتایی نەهاتبوو، هاوکات هێز و وزەی ناوەکی هەبوو. ئەگەرچی ترس، هەرسکردن و واتا نەدان بە بەسەرهاتەکانیش لە ئارادا بێت، بەڵام کۆکەرەوە نەبوو، لە هەندێک کەسدا هێشتا بە خاڵی مەبەست نەگەیشتبوو. لە ئاستی ژناندا ئەگەرچی کاریگەری دابڕان و لێکنەدانەوەی قۆناخەکەش زاڵبوو، بەڵام حاشا هەڵناگرێت کە هۆشمەندییەکیش هەبوو. بەرخودانییەکی درێژخایەن هەبوو، تووڕەیی و کاردانەوەی دژ بە پەیڕەوکارییەکانی دووژمن، کین و نەفرەتێکی چڕوپڕی دروست کردبوو. هەر دەنگێکی دەوروبەر ئەمەی زیاتر دەبزواند. ڕەفتار و پەیڕەوکارییە پڕ لە سووکایەتییەکانی دووژمن، تووڕەیی و کاردانەوەکانی زیندوو ڕادەگرت.

"لەڕاستیدا مانگی تشرینی دووەم دەستییان پێکرد، هەڤاڵان لە زیندانە سەربازییە زۆر توندەکەشدا لە شوێنی جیاجیا بوون. بەتایبەتی لە دوای کودەتاکە هەوڵیاندەدا هەندێک لە هەڤاڵان لە گشت پێکهاتەی ئەندام، لایەنگر و هەواداران جیابکەنەوە. لەولاشەوە بە ئاژاوەگێڕی و گێرەشێوێنی، هەندێک لەکادیرە پێشەنگەکان دەکەنە ئامانجی لەناوبردن". هەست بەم هەنگاوانەی دووژمن دەکرا. گفتوگۆ لەسەر پیلان و کردارەکانی دووژمن بۆ داهاتوو دەکرا. ئامانجی سەرەکی و بنەڕەتییان تێکدانی ڕێکخستن بوو. پێکەوەبوونی هەڤاڵان لە یەک شوێندا جێگەی بایەخ بوو. پەروەردە، سیمینار هەبوو. ڕۆژنامەی (هاوار) بەشێوەیەکی

ڕێکوپێک دەردەخرا. هەروەها نووسراوی جۆراوجۆر بۆ هەڤاڵانی دەرەوە ڕەوانە دەکران. لە هەمووی گرنگتر دەرفەت هەبوو گرنگی بەو کەسانە بدرێت کە لەژێر لێپرسینەوە دەردەکەوتن و هاوکات سەبارەت بە ڕەوشی تر دەمانتوانی ئاگاداری وەربگرین.

گرنگییەکی پێویست بە باری دەروونی ئەوانە دەدرا کە لەژێر لێپرسینەوە دەردەکەوتن. ترازان و لاوازی دەهاتنە ئاراوە. ئەگەر ئەو بارە دەروونییە پێچەوانە نەکرایەتەوە، تاکەکەس لەماوەیەکی کورتدا دووچاری دابڕان دەهات، بێ بڕوایی تەشەنەی دەسەند. سەرووەریی پێگەی ڕێکخستنی بۆ هەرکەسێک کە تازە دەهات ورەبەخش بوو، دەرفەتی زوو خۆکۆکردنەوەی بۆ دەڕەخساند. هاوکات دەیتوانی هەڵسەنگاندنی ڕاست و دروست بۆ ڕەوشەکە بکات. پاشان هێزەکەیان پارچە و بەشبەش کرد. سەرەتا تەنیا هەندێک هەڤاڵیان هێنا بۆ ئێرە. پاشان ناوە ناوە هەموویان لێرە کۆکردەوە. لە سەرەتاکاندا پەیوەندی ناوخۆ و نێوان بەشەکان و قاوشەکان باشبوو، دووژمن نەیدەتوانی ڕێگری بکات. دیدەنیمان هەبوو، بەردەوام نامەمان بۆ یەکتر دەنارد. تەنانەت جاروبار هەڤاڵ (مەزلوم)، (خەیری)، (کەمال) تا بەردەم قاوشەکەش دەهاتن. ئەوان لە دالانەکەوە و ئێمەش لە لاواچەکەوە قسەمان دەکرد. تا بەو ئاخرانەش نامەیان دەهات.

دوابەدوای مانگی کانوونی دووەم گوشارەکان زیاتر کران. مانگرتن ئەنجامدرا. بێگومان "ماستاوچییەکان" بەشداریان نەکرد. هەڵبەتە هەر ئەوان یەکەمین ئالای خۆبەدەستەوەدانیان بەرز کردەوە. ژمارەیەک لە گرووپەکانی TİKKO و کاوەییەکان پێکەوە لەگەڵ ئێمە جولانەوە. بەڵام بەتایبەتیش، ڕێگای ئازادی، DDKD[81]، ڕزگاری و KUK و هاوشێوەکانیان هەر لە سەرەتاوە

---

81 کۆمەڵەی کولتووری شۆڕشگێڕی ڕۆژهەلات.

سەریان لەبەر ڕێساکانی دووژمن کەچکرد و خۆیان ڕادەستی دووژمن کرد. پاشان لە قاوشەکاندا ترازان هاتە ئاراوە، ئەمەش لەدوای پەلاماری دڕندانە و خوێنمژانە، بە هەڵکوتانە سەر یەک بە یەکی قاوشەکان دەهاتە ئاراوە. ئەوانەی دەچوونە نەخۆشخانە یان دادگا و دەهاتنەوە دەیانگێڕایەوە. هەر ژوورێکی تاکەکەسی چەند کەسێکی تێخزێندرابوو، بەوانەشەوە کە ڕێساکانیان پەسند نەکردبوو. لەو ماوەیەدا بەشێوەی ڕاست و دروست هەواڵمان دەستنەدەکەوت. باس لەوە دەکرا کە ئەوانەی ئەوێش ڕێساکانیان پەسند کردووە. قاوشەکانی تەنیشتمان بەردەوام پێیاندەگووتین "بەرخودانتان لەخۆڕایە، مایەپووچە، بەرخودانی سەرتاسەری نییە، سەرکێشییە" و شتی لەم بابەتە.

(گیۆنول) قسەی بە (گوڵتەن) بڕی: "مومتاز و ئەوان بەردەوام پێمان دەڵێن؛ ئاقڵ بن" (گوڵتەن) بە وردەکارییەوە گێڕایەوە. بێگومان تا ئەوساتەوەختە ئارام بوو و ڕووداوەکانی وەکو خۆی دەگێڕایەوە: "لە قۆناخی مانگرتنەکەشدا هەواڵی وەها ناڕاستیان هێنا. هەروەها دەیانگووت؛ ئەگەر سبەی ڕۆژ کچە ئاپۆچییەکان بە دووگیانی لە سەربازی بگەڕێنەوە سەرسام مەبن... بەم قسانەیان نەیاندەشاردەوە کە ئەو پەیڕەوکارییە نامرۆیی و ئەو پیلانانەی دووژمنیان بە چارەنووس دەزانی، لەبەرامبەر بەو هێرش و پەلامارانەی دووژمن؛ بەرخودانی بە شتی بێ واتا و بچووک لێکدەدەنەوە، ژیانی ئێمەیان بە شێوە ژیانێکی مەترسیدار لەقەڵەم دەدا" ..هتد

(فاتیمە)ش لەسەری دەڕۆیشت و دەیگووت: "باشە، بەردەوام پێمندەگووتن ئەگەر ساکینە بێت من دەچمە خوارەوە بۆلای ئەو و خۆشمم ئامادە نەکردبوو؟" (ئایسەل)یش دووبارە هەر بەلاچاو سەیری (فاتیمە)ی کردەوە و پێیگووت: "بۆچی لەگەڵ ئێمە نەهاتیتە

خوارەوە، با راست و دروست بین. ئێستا با هەریەکە و لەخۆوە هیچ نەڵێت. دووژمن دوایین رۆژ گووتی؛ ئەوانەی ریشاکان پەسند دەکەن بێنە ئەملا و ئەوانەی تریش بۆ ئەولا.. ئێوە ئێمەتان بەجێهێشت. ئێستاکەش هاتووی بەخۆتدا هەڵدەدەیت." (ئایسەل) دیاربوو توورە بوو.

(گیۆنول) بەردەوام باسی لە گۆشەگیرییەکەی دەکرد، بەڵام دیاربوو بێزاریەکی هەبوو. زۆرێک لەو هەڤاڵانەی بەناو قاوشەکەدا رایەڵکەیان دەکرد، بەلاچاو سەیری ئەویان دەکرد. هەر کات ئەو دەستی بە قسە بکردایە، هەڤاڵانی تر بە چاوبرکە و بە چپە لەناو خۆیاندا قسەیان دەکرد و توورەیی خۆیان نیشان دەدا. ئەمانە سەرنجی رادەکێشام. بەڵام ژمارە زۆر بوو. هەرجارێک دەرگە دەکرایەوە چەند کەسێکیان دەهێنا. کەسانی سەر بە (TIKKO)، (HK)، (TKP)، (DDKD) و گرووپەکانی تر هەبوون. لەرووی چەندایەتییەوە ئێمەی هەڤاڵانی بەندکراوانی دۆزی (PKK) زیاتربووین. زۆر گەنج و بەتەمەنیشمان لەناودابوو. ئەوانەی لە خالفەتی، ئێلیح و سێرتەوە هاتبوون زۆربەیان تابلێی گەنج بوون. ئەوانەی لە جورنەرەش و گرێ سۆرەوە هاتبوون تەمەنیان مامناوەندی و تێکەڵەبوو، هەندێکیان منداڵەکانیشیان لە زیندان بوو. جارێکیان (ئایسەل) داوایکرد بەتەنیا قسە بکەین و بیروبۆچوونی خۆی سەبارەت بە (گیۆنول) هێنایە زمان و گووتی: "گیۆنول ئاتای، لە رۆحا لەگەڵ مەتین دەستگیرکرا، لەوانەیە بشزانیت، ئەو دەستگیرانی رەزایە. بێزاری کردووین. باسی گۆشەگیری و فلان دەکات، بەڵام دووژمن مامەڵەی جیاوازە لەگەڵیدا. ئەمیان جیاکردەوە گوایا سەردەستەیی دەکات. هەر جارەو خۆی دەردەخستە پێش و سەرنجی بۆسەر خۆی رادەکێشا. لەراستیدا ئەوانەی بەرامبەرمان بە دووژمن دانانێت.

ئەمەی زیاتر بە زۆربلێیی و وەرگرتنی هەڵویستی توند دەکرد. ئەشکەنجەیەکی ئەوتۆشیان نەکرد. لە خوارەوە بە تەنیا هێشتیانەوە. هەندێک ئەفسەر هەر لەوێ دەرنەدەکەوتن. تەنانەت زۆر قسەی لەسەر هات، هەڤاڵان لێی توورەن. ئەشکاڵێکی سەیرە. ئەمەیان بەورەنگە. فاتیمەش بەردەوام دەیگووت: لە لێپرسینەوەدا بەرخودانیم کرد، ئێستاکە دەبێت مامەڵەتان لەگەڵ من باش بێت.. و خۆی بەسەرماندا دەسەپاند. ناشزانین چەند بەرخودانی کردووە. دیارە سەرمایە بۆخۆی کۆدەکاتەوە. هەر لە هەوەڵەوە بەو رەنگەیە. جارێکیان لەگەڵ هەڤاڵ مەزلوم و ئەوانیش باسمان کرد. ئەگەر هەڤاڵ مەزلوم پێی گووتین: ئیدارەی بکەن، چی دەوێت پێی بدەن. ئەم جۆرە شتانە مەکەن بە گرفت. شکڵ و ئەشکاڵی سەیر سەیرمان لەناو دەردەچێت، باش بزانن، بەڵام ناچارین هەمووشیان بەرێوە ببەین. بەرێوەبردنی هەموو کەس لە زینداندا ئاسان نابێت، لەبیرتان نەچێت... ئەگەر ئەم قسەیەی هەڤاڵ مەزلوم نەبووایە کەس لەگەڵیدا هەڵی نەدەکرد".

گوێم بۆ هەموو ئەوانە شل کرد، هەروەها چاودێرییەکانیشم لەسەر زیادکرد. بەتایبەتیش گوێم بۆ هەڵسەنگاندنەکانی (گوڵتەن) راگرت، راستتر، بێلایەنانەتر و فرە رەهەندانەتر بۆی دەرِوانی، کێشەکانی راستیخوازانەتر لێکدەدایەوە.

کاتێک من لە ژووره تاکەکەسییەکەدا بووم (جاهیدە)یان هێنابوو. دوورەپەرێز بوو. کە تازە هاتم بۆ قاوشەکە باوەشی پێدا کردم و گریا و پاشان چووە قاوشەکەی ترەوە. کاتێک دەیهێنن دەڵێت: "تورکم" و نەخۆی و نە دووژمنیشی نەخستۆتە زەحمەتییەوە، بەو شێوەیە هێنراوەتە سەرەوە. خۆی لە هەڤاڵان بە دوور دەگرت. یەکەم رۆژ بە ئاشکرا پێی گووتوون: "ئەندامی پارتی و مارتی نیم، لەدەرەوە رێکخستن منی گۆشەگیر کردبوو.

لێرە بەناوی خاوەندارێکردنەوە نزیکم مەبنەوە. سەربەخۆم، چیم بەلاوە راست بێت دەیکەم".

(جاهیدە) لە رۆژگاری رووداوەکانی گرێ سۆردا زۆرشتی بەسەر هاتبوو. بەر لەوەی دەستگیربکرێین خانەوادەکەی پلانی کۆچکردن و دەرکەوتنیان لە گرێ سۆر دادەڕشت. (جاهیدە) دەیویست واز لەخوێندن بهێنێت و پرۆفیشنالانە خەبات بکات. خێزانەکەی لەجیاتی ئەستەمبوڵ و ئیزمیر، شاری رۆحایان هەڵبژاردبوو. لەو قۆناخەدا خۆی و (نەڤین)ی خوشکی پێکەوە لە ماڵ رادەکەن. لە گرێ سۆر کاری کردووە و هەروەها لەگەڵ (سلێمان) دەستگیرانداریشی کردووە. (سلێمان)م لە پەیمانگای مامۆستایانی دێرسیم ناسی. (جومعە تاک[82])، (ئامەد)، (جوما)کەی تر، (سلێمان)، ئەمانە هەموویان یەک دەستەبوون. بە گوزارشتی گرووپە چەپڕەوەکانی دێرسیم، ئەمانیش "کرۆ[83]کانی خۆمان بوون. (سلێمان)یش لەزیندان دایە، بەر لە (جاهیدە) دەستگیرکراوە. دەستگیراندارییەکەی (جاهیدە) لە گرێ سۆر تابلێی بووە بەمایەی کێشە و گرفت. رێکخستن مۆڵەتی بە دەستگیرانداریتییەکەیان داوە. تەنانەت لەو سەردەمەدا هەڤاڵ (کەماڵ پیر) و (محەمەد کاراسونگیور) لەو هەرێمە بوون، پێیان دەڵێن: "ئەگەر دەخوازن، هاوسەرگیری بکەن". (جاهیدە) وابۆی دەچێت کە زووە بۆ هاوسەرگیریکردن و هاوکات لەو سەردەمەدا کار و خەباتیشی باشبووە. بەڵام گرێ سۆر شوێنێکی بچووکە، لەنێو هەڤالاندا تەنیا ئەوان دەستگیراندارن، هەر هەڵسوکەوت و رەفتارێکیان سەرنجی رادەکێشا. (جاهیدە) دووچاری یەکێک لە نەخۆشییەکانی ژنان

---

[82] لە کورمانجی ژووریندا بە جومعە دەڵێن جوما .

[83] کرۆ؛ کورتکراوەی کوردۆیە، گرووپە چەپڕەوەکان یان هەر کەسێک سوکایەتی بە کەس یان کەسانێکی کورد بکردایە بەو شێوەیە گوزارشی لێدەکرد.

دێت، لە راچەتای دەرمانەکانیدا کە لە نەخۆشخانە وەریگرتووە باس لەکاریگەرییەکانی لەسەر ژنانی دووگیان و شتی هاوشێوە دەکات. لەڕاستیدا دەرمانی رێکخەری سوڕی مانگانەن. بەڵام کچانی ئەوماڵەی کە دەرمانەکانی لێ داناوە و هەندێک لە هەڤاڵان سەریان کردۆتە سەر دەستەواژەی " ژنانی دووگیان" و بابەتەکەیان خستۆتە رۆژەڤەوە. سەرەنجام ئەمە جێگە بۆ فیتنە و قسەی پاشەملە جێدەهێڵێت، تا بە قسە و باسی وەک " (جاهیدە) نەشتەرگەری لەباربردنی منداڵی کردووە" دەگات.

لە شوێنێکی وەکو گرێ سۆر دا فیتنەیەکی لەمجۆرە بە ئەندازەی شەڕی "خوێن"داری مەترسیدارە. ئەوانەی خۆمان مەسەلەکەیان رێک وەکو مەسەلەیەکی نامووس لێکداوەتەوە. لەو رۆژگارەشدا (جاهیدە) یەکێکە لە کچە زیرەک و نموونەکان. عەشیرەتی بوجاک پارەی لەسەر دادەنێت. تەنانەت (محەمەد بوجاک) دەڵێت: ئەوەی بەساغی بیهێنێت، نازانم چەندە پارەی دەدەمێ. (جاهیدە) چالاکانە کاری دەکرد. تەنانەت کەسانی سەر بە دووژمنیش دەکوژێت، واتە دەست لەهیچ ناپارێزێت. بەڵام ئەم فیتنە و گووتی گووتیانە زۆر بە زوویی کاری لەو کردووە. خۆیشی ئەم پرسە بە "سوکایەتیکردن بە نامووس" هەڵدەسەنگێنێت، پرسەکە بەشێوەیەک گەورەبووە کە لە گفتوگۆیەکدا چەک لە یەکتر راکێشن.

(جاهیدە) بەشێوەیەک کەوتۆتە دوای ئەم کارەوە کە تۆڵکردنەوە و لێپرسینەوەش بە مافی خۆی بزانێت. کار و خەباتی رێکخستنی وەلادەنێت. سەرەنجام سزای گۆشەگیرکردنی پێدەدرێت. ماوەیەک لە ئەدەنە و دیلۆک دەمێنێتەوە. راپۆرت دەدات و دۆخەکە بە کۆمیتەی ناوەندی پارتی دەگەیەنێت. هەر لەو رۆژانەشدا (سلێمان) دەکەوێتە زیندانەوە. کاتێک (سلێمان) لە

زیندانە، چوارچێوەی ڕووداوەکان ئەوەندەی تر گەورە دەبن. (جاهیدە) لەکاتێکدا کە دەوڵەت فەرمانی گرتنی بۆ دەرکردووە، دەچێتەماڵەوە، بەناسنامەیەکی تریشەوە دەڕوات بۆ زیندان بۆ سەردانی سلێمان. هەر بەم هۆکارەش دەستگیر دەکرێت. ئەمانەم ڕاستەوخۆ لەخۆی بیست. بەگریانەوە بۆی باس دەکردم. تووڕە بوو، بەتایبەتیش لە (یلماز ئوزون) و ئەوان. لەگەڵ کۆمەڵێک هەڤاڵ بەگژیەکدا چوون. لە دیلۆک لەگەڵ (حەسەن شەریک) کێشەی بۆ دروست بووە. گۆشەگیریبوونی پێ پەسند نەبووە. دەیگووت :"حەسەن ڕاپۆرتەکەی نەگەیاند بە سەرەوە". واتا بەبۆچوونی ئەو لەم ڕووداوەدا هەموو کەس و ڕێکخستنیش تاوانبار بوو. ئەمە تاکە بیانووەکەی بوو. بەهیچ شێوەیەک ئەوەی پەسند نەدەکرد کە هەڵوێستی بەرتەسکی کۆمەڵێک هەڤاڵی لە سەرووی هەموو شتێکەوە داناوە، خۆیشی لە چوارچێوەی ڕێباز و شێوازی ڕێکخستن نەجوڵاوەتەوە، بەپێچەوانەوە ڕەفتاری هاندان و بەرهەڵستکارانەی نیشانداوە. بەتەواوی خۆی بە ڕاست و ڕەوا دەزانی. بۆ ئەمەش بەرگری لەهەموو هەڵوێستەکانی خۆی دەکرد، جا چ بەر لە لێپرسینەوە، دوای لێپرسینەوە، و هاتنی بۆ زیندان بێت، بۆ هەر یەکێکیشیان بیانوویەکی دەهێنایەوە. کارەکەی تا بەو ئاستە دەگەیاند کە بڵێت: "تاکە شتێک پێمبکرایە ئەمانە بوون، ئیترم پێبکرێت؟".

گرووپەکەی ئێلیحیش سەیرن، (گوڵتەن) دەڵێت" نۆ کەس بوون. چەندێکیان ڕۆژانی یەکەم وازیان هێنا. لەلێپرسینەوەکاندا دووژمن تەڵەکەبازییەکی زۆری کردووە. هەموویان هەڤاڵی گەنج بوون. بەو حاڵەیانەوە هەر یەکەیان کراون بە لێپرسراوی کۆمیتەی گەڕەک، کۆمیتەی ژنان و لێپرسراوێتی هاوشێوەیان پێدراوە. لەبەردەستی پۆلیسدا ترازاون. دەستگیرکرانی بەگرووپ و کۆمەڵ، هەر زۆر خراپە. هەڤاڵانی پیاویشیان لەنێودایە. لەڕیزی ئەوانیشدا

ترازان روویداوە. زۆرێک لە هەڤاڵان بەڕادەیەکی بەرز کاریان لێکراوە، تەنانەت هەڤاڵێک بەناوی موسلیم، شێتی گرتووێتی. لە لێپرسینەوەدا پۆلیس زۆر ئەشکەنجەی کردووە، بەڵام زیاتر بەکارهێنانی ژنان لەدژیان کاری تێکردوون. یەکێک لە ژنەکان هێشتا منداڵکارەبووە، ئەوەشیان لەبەرامبەر هەڤاڵانی پیاو و هاوژینەکەی بەکارهێناوە. دووژمن مێزی شەراب و مەزە دادەمەزرێنێت، ڤیدیۆی سێکسی دەخاتە سەر تەلەفزیۆن و پەلاماری کچان دەدەن. لە دۆخێکی زۆر خراپدابوون. بێگومان هەندێکیان لە ترسان کەوتوونەتە داوی پۆلیسەوە. پۆلیس لەڕووی جەستەییشەوە هەندێکیانی بەکارهێناوە. لە داخوازنامەکانماندا ئەمانەمان نووسی و پێشکەشی دادگاشمان کرد. ناوی پۆلیسەکانیشیان دەزانی، هەمان ئەو پۆلیسانە هاتوچۆی ئێرەشیان دەکرد. بانگی چەند ژنێکیان کردبوو و پێیان گووتبوون: ئەگەر پاشەکشە لەم داخوازنامەیەتان نەکەن، دووبارە دەتانخەینە بەر لێپرسینەوە... هێشتا کاریگەرییەکانی قۆناخی لێپرسینەوەیان لەسەر خۆیان فڕێنەداوە. نازانن بەهاکانی ڕێکخستن و سیاسەتی پارتی چییە. زۆربەیان تووڕەن لە پارتی. هەربۆیە کە دووژمن پەلاماریان دەدات زۆر بە ئاسانی دەشکێن و دەترازێن. ئیرادەیان بەهێز نییە. وابزانم دووژمن ئەم دۆخە زۆر بەکار دەهێنێت".

جورنەڕەش و گرێ سۆر گرفتێکی جیاواز بوو. دووژمن هەر لەخۆوە هەندێک کەسی گرتبوو. هەندێکیان هێشتاش لەژێر کاریگەرییەکی توندی قۆناخی لێپرسینەوە دابوون. ئەو ئەشکەنجە و هەڕەشانەی لێیان کرابوو، ترساندبوونی. لەوێدا پۆلیس بەناوی گەڕان بەدوای تاتۆی (PKK) دا، رووتیان دەکەنەوە، تەماشای سنگ و هەموو جەستەیان دەکەن و لێیان ورد دەبنەوە، گوایا بۆ ناوی (PKK) دەگەڕێن. لەگەڵ ئەمەشدا هەڕەشەی دەستدرێژی و لاقەکردن، هەموو ڕێباز و شێوازێکی بەکارهێنانی خزمان و ناسیاوان لەبەرامبەر بە یەکتر، لەناوخۆیاندا بە زەبر و زۆر بەقسە

هێنان و ئیفادەدان لەسەر یەکتر، لەسەرەنجامی هەموو ئەمانەشدا ئەو لاوازییانەی لە کەسایەتییەکاندا دەردەکەوێت، بەندکراوان بەرەو ئاراستەی خۆویستییەکی جددی دەبات. بەگشتی لە هەریەکێک لە گرووپەکاندا ئەمجۆرە کەسانە هەبوون کە بەو ئاستە گەیشتبوون. دووژمن کەڵکی لەمانە وەرگرت، هێشتا خۆمان رێکنەخست و بەرێکخستن نەبووین دووژمن پەلامارێکی تری هێنا.

# دووژمنی (کورد) بوون

هەڤاڵ (مەزڵوم) و ئەوان لە هەر دەرفەتێکدا بە هەمووانیان دەگووت: "ڕێکخستنی ناوخۆتان تۆکمە بکەن، چونکە ئەگەر دووژمن ڕێکخستنی ناوخۆ پەرتەوازە بکات، ئەوا دەکەوێتە دوای پارچە پارچەکردنی تاکەکانیشەوە، هەر مرۆڤێک لەناخی کەسایەتی خودی خۆیدا تەنیا دەکات و دەیکوژێت، ئەمە سەرەکیترین ئامانجی پەلامارەکانیانە. سەرەتا بە تەنیای دەکات و ڕووبەڕووی لاوازییەکانی خودی خۆی دەکاتەوە، پاشان لەگەڵ ژمارەیەکی تر لەو کەسانەی بەهەمان شێوە بێکاریگەر کراون دەکات بە کۆمەڵێک کە شەرم لەلاوازییەکانی خۆیان بکەن، بەبێچارەییەوە بناڵێنن و خۆیان پێ ڕزگار نەبێت، دووژمن دواجار هەوڵی بەکۆمەڵ لەناوبردنیان دەدات". زۆر بە ئاشکرا دەبیندرا کە مسۆگەر کێشە لەناوبردنی جەستەیی کەسەکان نییە..

گرووپە چەپڕەوەکانی دیکەی تورک و کورد، لە دۆخێکی ڕۆحی زۆر خراپتردا دەژیان. تاک و تەرا چەند کەسێکیان نەبێت، ئەوانی تر هەر لە سەرەتادا شکست و دۆڕانیان لە ڕۆحی خۆیاندا پەسند کردبوو، بەرخودانیان بە هۆکاری گوشار و ئەشکەنجەکان دادەنا و بەشێوازی جیاجیا لەدەرەوە درێژەیان بە دژایەتی (PKK) دەدا، دووژمن سوودێکی زۆری لەم هەڵوێستانەیان دەبینی.

سەرەنجام؛ ئەگەرچی بەشێوەیەکی پڕ لە وردەکاریش نەبێت، لە هێڵە گشتییەکانی دۆخەکەیان ئاگادار کردمەوە.

دیاربوو هێشتا بەشێوەیەک نەجولابوومەوە کە پێشبینی پراکتیکیم هەبێت و باشتر ئاگاداربم لە هەلومەرجی هەنووکەیی. بێگومان ئەم ڕەوشەم پێ هەرس نەدەبوو کە بەرتەسکانە، بە

پەلەپرووزێییەوە و بێ ئەوەی حیساب بۆ هیچ بکەم تێیکەوتبووم. لە ژیانمدا بەقوولایی هەستم بە کاریگەرییەکانی دەکرد، بەلام دوای بینین و دەرککردن بەهەموو ئەوانە، تێگەیشتم کە ئەگەر خۆراگری تەنیا بەخۆمەوە سنووردار بکەم، لایەنی واقیعیی نابێت. بێگومان بەتەنیا بەرخودانیکردنم کاریگەرییەکی زۆری دەبوو، لەناوخۆشدا ڕێگەی بۆ جیاکارییەکی بەرچاویش خۆشدەکرد. هەنگاو بە هەنگاو هەندێک هەڤاڵیش دەهاتنە لام. بەلام دووژمن لەسەر ئاستی گشتی پیلانی خراپی جێبەجێ دەکرد. هەستم بەمەش دەکرد. ئەگەر درێژەم بە هەڵوێستی دەستپێکم بدایە و هیچم پەسند نەکردایە، بێگومان باش دەبوو. لەبەرامبەر بە دووژمن بە ئاستی ورەی خۆمەوە و بەو بەگژداچوونەوە بێ خەوشەی هەمبوو، بەویژدانێکی ئاسوودەوە دەژیام. چونکە دۆخی رۆحیی ئەم هەڵوێستە بەشی ژیانی مرۆڤ دەکرد.

کەوتنە ناو دۆخێکی وەها لەناخمدا نیگەرانی و شکستێکی دروستکردبوو. شکستم پێ هەرس نەدەبوو. ڕووبەڕووبوونەوەی یەکەم لەگەڵ دووژمن چەند بەهێز و بەرفراوان بێت بایەخدارە. دەمزانی هیچ یەکێک لەمانە نابن بە خاڵی رادەستبوون، بێ باوەڕی و بێ متمانەیی. بەپێچەوانەوە دەکرا یەکە بەیەکەی کەسایەتییە لاوازەکان و هەموو ئەو بۆشاییانەی دووژمن بۆخۆی بە هەلی دەزانی؛ بۆ بەهێز و خاڵی بەرخودان وەربچەرخێنیت و لەم خاڵەشدا پێداگری و بەڵێن و تەنانەت سوێندیش بدەیت. لە هەمووان زیاتر (گوڵتەن) و (زولێخا) بە بڕیاری "کەمێک هێزی خۆمان کۆبکەینەوە و وەها دەست بە بەرخودان بکەین"، هەروەها سەبارەت بەچوونەکانمان لەسەر ئەو تەوەرە دڵخۆش بوون. بۆ ئەوانی تریش مایەی ورە و مۆراڵ بوو. لەو نێوەدا بڕیاریشمان دا کە هەر کەسێک تایبەتمەندی خۆڕاگری هەبێت، تێگەیشتنی لە

ئاست کێشەکان و قۆناخەکەدا هەبێت، گفتوگۆیان لەگەڵ دەکەین. چجای ئەندامی هەر گرووپێکی تریش بن. لەناو پێکهاتەی خۆشماندا ئەو خاڵانەمان دەستنیشان کرد کە لەگەڵ کێ و چۆن قسە بکەین و ئەو کەسانەشمان دیارکرد کە وەک هەنگاوی یەکەم کاریان لەسەر بکرێت. هاوکات هەڵسەنگاندنیشمان بۆ چۆنێتی دۆخی گشتی بەندکراوان، ڕووداوە هەنووکەییەکان و چۆنێتی گەیاندنی دۆخی خۆمان بە هەڤاڵانی دیکەی دەرەوە و زیندان کرد.

لەنێوخۆماندا کاربەشییەکمان کرد. پێشتر ڕێکخستنی ناوخۆ هەبوو، دوابەدوای زیادبوونی ئەشکەنجە، سەپاندن و پەسندکردنی ڕێساکان، هەڤاڵان بەرەو خۆڕێکخستنێکی تەنگەوە چوون. کۆمین[84] پەرتەوازە بووە. پارەکانیان لەناو خۆیاندا دابەش کردووە. ئەمەش وەک ئامادەکارییەک کراوە لەبەرامبەر هەر هەوڵێکی دووژمن بۆ دەرکردن و بڵاوکردنەوەی بەندکراوانی قاوشەکە بەسەر قاوش و زیندانەکانی تردا. لەشوێنی وەهادا هەبوونی کۆمین گرنگ بوو. هەموو هەوڵێکی دووژمن بۆ بونیادنانی خودپەرستی و خۆپەرستی بوو، چونکە کەسێک بە تەنیا کرابێت، لەخشتەبردن و تەسلیمگرتنی ئاسانترە.

دووژمن دەیویست بە ڕێساکانی ورەی مرۆڤ بشکێنێت، بە قۆناخی لێپرسینەوە دەستی پێدەکرد و بەردەوام هەوڵی دەدا بڕوا و پابەندییەکانی مرۆڤ بە ڕێبازەکەیەوە نەهێڵێت. لە زیندان بەشێوەیەکی سیستەمیانە و درێژخایەنتر ئەم پیلانەی جێبەجێ

[84] بەواتای ژیانی هەرەوەزی و هاوبەشە. لە زیندانەکاندا و بەتایبەتیش بەندکراوانی دۆزی (PKK) لە چوارچێوەی قاوش و بەشەکاندا و زۆرجاریش بە گرتنەوەی تەواوی زیندانەکە، بە بڕیاری گشتی کەس یان کەسانێک ئەرکدار دەکرێن بە وەرگرتنی هەر شتێک لەدەرەوە بهێندرێت یان بکڕێت و بەشێوەی پێویست و ڕێکوپێک بڵاوکردنەوەی بەسەر زیندانیاندا. واتا کۆمین هەبێت، کەس موڵکی تاکەکەسییانەی نابێت، هەموو شتێک موڵکی گشتی دەبێت.

دەکرد. لەلایەک دەیانگووت: "ڕێکخستن نەما، (PKK) نەما، ئیتر لەدەستی ئێمەدان. هەر یەکێکتان سەربازێکن. نابێت بێنە لای یەکتر و قسە لەگەڵ یەک بکەن"، لەلایەکی ترەوە لە ڕووی جەستەییشەوە وایاندەکرد کە تەنیا بیر لە ژیانی خۆت و ئەو ساتەوەختە یان ئەو ڕۆژە بکەیتەوە! دەیانگووت: "ئەگەر دەتەوێت بژیت، تەنیا ڕێگەت ئەو ژیانەیە کە بەخواستی منە، نەک خواستی خۆت". لەوی تریاندا مردنی پیشاندەدایت.

ژیان و مردن! دیارە ئەم دوو دەستەواژەیە زیاتر لە ڕاستینەی زینداندا بە واتای خۆیان دەگەیشتن. سەرەڕای ئەوەی ئەو هەمووە لە یەکً دوورن؛ دژبەری یەکیشن، کەچی هەمیشە نزیکترینن و پێکەوە لەگەڵ تۆ هەبوونیان هەیە. چۆن دەبوو هەردووکیان پێکەوە بن، ئەی یەکێکیانت هەڵبژاردایە چی دەبوو؟ دووژمن هەمیشە دەستەواژەی مردنی بەسەر زینداندا بارنەکردبوو؟ بەڵام چۆن مردنێک؟ زیندانی ئامەد گەواهی کام جۆرە مردنێکی دەکرد؟ کێ هات و کێ چوو؟ لەم تەوەرەدا هەر دەبێت بەنێو ڕێگە پێچاوپێچ و سەختەکانی مێژوو و ڕابردوودا بسوڕێیتەوە؟ بەڵێ، سەرەتا زیندان چی بوو، دووژمن بۆچی ئەم تونێلانەی مەرگی بونیادنابوو؟ ژن و زیندان چۆن هاتبوونە یەک جێگەوە؟ تەنیا بەسەرهاتی ژمارەیەکی زۆر کەمی ژنان دەزانرا و لەیاد مابوو. ئەوانیش لەچوارچێوەی دۆزی خوێن گیرابوون. پاشان بەهۆی ڕووداوە سیاسییەکانەوە بەندکرانی ژن وەبەر گوێ کەوتبوو! ژمارەی ئەو ژنانە کەم نەبوو کە لە سەردەمی کودەتای 12ی ئاداری 1971 دا گیرابوون. بەڵام دیسان لایەنی زیندان زۆر ڕوون و ئاشکرا نەبوو. دوایین جار لە ئیزمیر بۆ ماوەیەک بەندکرابووم.

بێگومان ڕووداو، تاوان و تۆمەتباری، کات و شوێن جیاواز بوو، ئەگەرچی لایەنی هاوشێوەشیان هەبێت. زۆر کەس کاتێک بیریان لە دوو تەوەری زیندان – ژن دەکردەوە، تەنانەت لە ئاستی خەیاڵیشدا نەیاندەتوانی لە تەنیشت یەکتریشەوە دایانبنێن. تا چەند بیریان لە بەسەرهات و باجی بەسەرهاتەکانیان بکردایەتەوە، ئەوەندەش لە قانیع بوون دووردەکەوتنەوە. هەبوو دەیگووت: "ئێمە چیمان کردووە ئەوەندە ئەشکەنجە و زوڵممان لێدەکەن؟" زۆریان لەو هەرێمانە بوون کە تێکۆشانەکەمان گەشەی سەندبوو. گومانی تێدا نییە کە تێکۆشان کاریگەری هەبوو. هزری کوردایەتی بەئاگا دەهێنا. برا، هاوژین و ڕۆڵەیان لەناو ئەم تێکۆشانەدا هەبوو. هەندێک تازە بە تازە هۆشیارییان پەیدادەکرد. بەشداری خەباتی پەروەردە ببوون یاخود مەیلیان بەلای هەندێک گرووپی ژناندا دەچوو. لە کۆمیتەی گەڕەک، کۆڵان و هەرێمەکاندا جێگەیان گرتبوو. لەناو گەنجانی خوێندکاردا کاری بانگەوازیان دەکرد. کوشتن و بریندارکردنی کەسان نەبوو، دزی، تالانی نەبوو. تەنانەت بڵاوکردنەوەی بەیاننامە و شتی لەو جۆرەش نەبووە. سەرەڕای ئەمەش دەوڵەت بەم ئەندازەیە پەلاماری دەدا. زۆربەیان بە ئاسانی دەرکیان بەم ڕاستیانە نەدەکرد. هەشبوو لە چاوەڕوانیدا بوون و دەیانگووت: "ئەگەر تاوانی هێندە قورسم نەبێت، دەشێت ئازادبکرێم. ئەگەرچی لای پۆلیس هەندێک شتیشم پەسند کردبێت، لای داواکاری گشتی ڕەتمکردنەوە. ئەوانەم لەژێر ئەشکەنجەدا گووتبوون. کەواتە لە یەکەمیش نەبێت دڵنیام لە دووەم دانیشتنی دادگادا بەردەدرێم" ئەمانیش بەلای خۆیانەوە ڕەوا و مافداربوون، بەڵام ڕاستییەکان زۆر جیاوازتربوون!

دووژمن، دووژمنی کوردبوونێک بوو کە تازە لەگۆڕ دەهاتە دەر. گووتەی "تورکم"ی دەسەپاند. لای دووژمن؛ هەموو کەسێکی

ژێر ئاڵای تورک، تورکە، نیشتمان یەکپارچەیە، هەموو کەس سەربازە! لەکاتێکدا لەناو سیستەمەکە دا ژن و سەربازی؛ دوو دەستەواژەی دووری یەکن، ژنانیان کردبوو بە سەرباز، کە دۆخێکی تازە بوو!

چ لەئاستی گرووپ یان تاکە کەسدا بێت باسی ئەمانەم بۆ دەکردن. بەخێرایی ئەو کەشە پڕ لە ترس و دڵەڕاوکێیەمان شکاند. لە دابەشکاری کاروباری ناوخۆماندا ڕێکخستنمان بە دووبەشی سەرەکی کورت و درێژخایەن دەستنیشان کرد. هەندێک هەڤاڵ هەبوون زۆر جێگای سەرنج نەبوون، ئەوانەمان بۆ کاتێک دەستنیشانکرد کە دووژمن هەوڵی جیاکردنەوە و بڵاوکردنەوەمان بدات. هەمان ئەم هەڤاڵانە ڕۆڵیان دەگێڕا لە پەیوەندییەکانماندا لەگەڵ گرووپەکانی تر و هەروەها لەگەڵ ئەوانەی نەیاندەویست بێنە ناومانەوە و خۆیان دوور رادەگرت. وامان بەباش زانی کە (گوڵتەن) لەم کارەدا جێگە بگرێت. چ لەبەرامبەر بە دووژمن و چ لەبەرامبەر پێکهاتە جیاجیاکانی ناوەوە؛ بە ئاگا و هۆشمەند بوو، لەهەمووی گرنگتر کەسێکی خۆڕاگر بوو.

ئەمجارەش کۆمینی هاوبەشمان پێکهێنا، لەم بوارەشدا بە جێگە هێشتنەوە بۆ هەر ڕێبازێکی پارچەکردنی هێزەکەمان لەلایەن دووژمنەوە، پارەکانمان بەسەر چەند هەڤاڵێکی دیاریکراودا دابەشکرد. خەرجی تێچووەکان هاوبەش بوون، دابینکردنی پێداویستییەکان تەنیا لە شوێنێکەوە دەکرا. بەمجۆرە هەم ڕێگریمان لە نیگەرانیەکانی ناوخۆ گرت و هەم سەرنجی دووژمنمان بڵاو کردەوە. پێویستییەکان لە چوارچێوەی لیستێکدا ئامادە دەکرا و رادەستی خواردنگەی زیندان دەکرا، دوای هاتنەوەی لیستەکە، کەلوپەلەکان بەپێی لیستی پێویستیی هەر یەکێک لە گرووپەکان دابەش دەکرا. بەڵام لەناو گرووپە چەپەکانی

تردا زۆر لەمێژ بوو ژیانی تاکەکەسی دەستی پێکردبوو. لە کەمێکیاندا لایەنی ژیانی هاوبەش کارابوو. بەمجۆرە توانیمان لەگەڵ بەشێکیاندا هاوبەشی دروست بکەین. لانی کەم پێداویستییە گشتییەکان پێکەوە وەردەگیران و بەکاردەهێندران. هاوبەشییەکمان بە بنەما وەرنەدەگرت کە بەگوێرەی بڕی پارە دەستنیشان بکرێت! نەخێر، بەپێچەوانەوە هەوڵی شکاندنی ئەو جۆرە لێکدانەوانەمان دەدا. زۆر کەس هەبوو کەسوکار و خزمانی نەدەهاتن بۆلای، کاتێک پێکەوە دەجولاینەوە، کاری لەوانیش دەکرد.

ئەم ژیانە هاوبەشە یەکێک بوو لە گرنگترین لایەنەکانی بەشی تایبەت بە ژنان، لەبوارەکانی تریشدا جولانەوەی هاوبەشی لەگەڵ خۆی دەهێنا. لانیکەم هۆکارێک بوو بۆ دروستبوونی پەیوەندی. لایەنە مەعنەوییەکەی زۆر گەورەتر بوو. لە قۆناخی پێشتردا هەوڵی دروستکردنی کۆمینی هاوبەش بۆ سەرتاسەری زیندان درابوو. بەڵام هەندێک لە گرووپەکان بەشداریان لەم خەباتە نەکردبوو و هاوڕاش نەبوون.

زیاتر گفتوگۆمان لەسەر واتای یاسا سەپێندراوەکان و ئامانجەکانی دووژمن دەکرد. هەمووان بە ئاشکرا دەرکیان پێکردبوو، تەنیا گووتنی "تورکم" کێشە نەبوو یاخود بەر لە دەستکردن بە خواردن نزاکردنێکی وەک "بسم الله الرحمن الرحیم، عافێت بێت، حەمد بۆ خودا، سوپا و میللەتمان هەر هەبێت"یش نەبوو. چونکە سەرەتا گووتیان "بەهۆی پاراستنەوە سەرژمێری دەکەین" لێرەوە دەستیان پێکرد. سەرژمێری بەپێوە و بەڕیز دەکرا، پاشان هەمووان ناچارکران کە هەر کەسەو بەدەنگێکی بەرز و لە شوێنی خۆیەوە راپەڕێت و ژمارەکەی بڵێت. دوابەدوای

ئەمەش، سوێندی میللی تورک، سروودی ئیستیقلال و شتی تریش بەدوایدا دەهات.

دووژمن سەرەتا بەم شێوازە دەتهێنێتە سەر خەت، پاشان هەنگاو بە هەنگاو دەست دەکات بە حوکمکردن بەسەرتەوە. لە کوردبوون داتدەماڵێت و لەناکاو دەبینیت بوویت بە سەرباز، بوویت بە تورک و ئاراستەت پێدەدەن. هەر یەکێکیان خاڵێکن لە خاڵەکانی دوورخستنەوەت لە مرۆڤ بوونت. تەنیا بەکارهێنانی گووتەی "تورکم" هەموو شتێک لەگەڵ خۆی نابات، نەخێر بە بەکارهێنانی ئەو گووتەیە گاڵتەجاڕی بە تورکبوون دەکەیت. ئەو کوردبوونت لێ دەدزێت، تۆش گاڵتەجاڕی بەو تورکێتییە دەکەیت کە ئەو دەیبات بە حەوادا. بڵێیت "تورکم" چی دەبێت؟ تۆ بەخۆت دەڵێیت "شۆڕشگێڕم"، چ بۆ دووژمن و چ بۆ تۆش هەموو شتێک لەوێدا کۆتایی نایەت. دووژمن ئەوە وەک ئامرازی شکاندنی ئیرادە و تەسلیم گرتنت بەکاردەهێنێت.

دووژمن هێشتا هەر لە سەرەتاوە هەندێکی تەسلیم گرتبوو. تەسلیمیەت و خیانەتی (شاهین) تێکهەڵکێش بوو، لەو ساتەوەختەدا پێکهاتەی کەسایەتییەک لە ئارادابوو کە بەتەواوی دەرگەی بۆ خیانەت خستۆتە سەر پشت. بەردەوام کراوە بوو بۆ خیانەت! لە یەکەم بەگژداچوونەوەدا لەگەڵ دووژمن، ئەم دەرگە و ئەم خەتە تووشی زۆر و زەحمەتییەکی ئەوتۆ نەهات. سنووری نێوان شۆڕشگێڕ و هەڵگەڕانەوە، ئەستوور نەبوو، زۆر باریک بوو، لەڕاستیدا ئەو لە سەروبەندی کۆنگرەدا خۆی بەدەستەوە دابوو: لەناو شۆڕشدا خۆی بەگوێرەی هێز و بەهرەی خۆی دەسەپاند، نەک ئامادەبوون بۆ ئەرکی شۆڕشگێڕانە، بەڵکو ئامانجی ئەوەبوو بەگوێرەی ئەرکی شۆڕشگێڕی بازرگانی بە خودی خۆیەوە بکات. جیاوازی نییە چونکە هەردوو لۆژیکەکە یەک شت بوون. وابزانم

(سەرۆک) هەر ئەو کاتە بەم کەسایەتییەی (شاهین)ی زانی بوو. دەیزانی پلەخوازی، زۆرخوازی و چاوکوێرییەکەی (شاهین) واتای چیە. هەڵبژاردنی بە کۆمیتەی ناوەندی هەموومانی حەپەساند، بەڵام (سەرۆک) شێوازی کار و خەباتی وەهابوو کە لەناو کار و خەباتدا ئەم جۆرە کەسانەی باشتر دەناسی. ئەم پرسیارە بەردەوام دەسوڕایەوە و لای من هەمان وەڵامی دەستدەکەوت.

بەڵێ، تایبەت بە (شاهین)، پێویستی بە ڕێبازێکی زۆر و جیاواز نەبوو. ئەو هێشتا لە لێپرسینەوەدا ڕێنوێنی پۆلیسی دەکرد. کێ چۆن دەترازێت و دان بە هەموو شتێکدا دەنێت، کێ و کام خاڵی لاوازی هەیە؟ دووژمن لە شەڕی دژ بە (شاهین) دا هیچ سەختییەکی نەهاتە پێش. ئێستا لە زینداندا پێکهاتەیەکی نزیک لە هەزار کەس هەبوو، هەر لە کادیرە پێشەنگەکان تا لایەنگر و نیشتمانپەروەران. ئەمە (PKK) بوو، (PKK) نوێنەرایەتی ئەو پێکهاتە بوو، ڕێکخستن، بڕوا، متمانە، پابەندی و هیوا بوو. (PKK)هەموو لایەنێکی مرۆییانەی ئەو پێکهاتەیە بوو، ئاواتی هاوبەش و ناسنامەیان بوو.

دووژمن هەموو ئاراستەی هێرشەکانی بۆسەر ئەو ئامانجە بوو. لەناوبردنی بڕوایەک، ڕەنجێک، هیوایەک، پێچەوانەکردنەوەی مەحاڵ بوو؟ هەموو شتێک ئەوەندە ئاسان نەبوو، چونکە بەواتای لەناوبردنی ژیانێک دەهات کە تازە ڕەگ و ریشەی داکوتاوە، نە بەندە و نە خوداوەندەکانیش هێزی ئەمەیان هەبوو! نە خوداوەندەکان بەو ئەندازەیەی بێنە خوارەوە بۆ ناو زیندانەکان وازیان لە ئاسمان هێنا بوو، نە ئەو بەندانەی کە ببوون بە دڕندە حیکمەتێکی وەهایان هەبوو تا ژیانی پێ لەناو ببەن. ئەگەر وەهابووایە بەدرێژایی مێژوو هەموو ئەو عەبدانەی بوون بەهۆڤ و کردەی وەحشیانەیان دەکرد و دەکەن لە زووەوە دەبوون بە

خوداوەند! چونکە خولّقاندن و لەناوبردن تەنیا تایبەتە بە خوداوەندەکان.

پێویستە باش بزانین: هەر یاسایەکی سەپێندراو بە ئامانجی دروستکردنی شکست بوو لە تاکە کەسدا. شکستەکەی ئێمە کاتیی بوو. یاساکانمان پەسند کرد، بەڵام لە ئاستی بڕوا و فیکردا رادەست نەبووین. هەرگیز و بەهیچ شێوەیەک ناتوانن بڕوایی و متمانەمان بە مافداریی دۆزەکەمان بگۆڕن. دەست لە داواکاریەکانمان هەڵناگرین، نابێت هیچ کەسێک ورەی خۆی بشکێنێت، ئەوەی بێ ورەیی خۆی نیشانی دووژمن بدات، ببێت بە ئامرازی گەمە و تەڵەکەبازییەکانی دووژمن؛ نابێت بە (PKK)، نابێت بە شۆڕشگێڕ. بڕوا هەبێت؛ مەحاڵ نییە نەتوانی هەلومەرجی پێچەوانە کردنەوەی یاساکانی دووژمن نەڕەخسێنیت. دووژمن ئامانجی بێ باوەڕکردنمان بوو. لەهیچ و خۆڕایی نەیاندەگووت" ناهێڵین بچنە دادگا، سەرکوتتان دەکەین، یەک بە یەک دەتانتۆپێنین"، کاتێک دووژمن هەڵدەسەنگێنین؛ بەگوێرەی هەلومەرجی خۆمان هەڵیناسەنگێنین. کێشە ئەوە نییە کە کێ تاوانی کەمە و کێ زۆرە نەخێر؛ کێ مرۆڤ بێت، کێ شۆڕشگێڕە و هەڵگری رۆحی (PKK)بێت، کێ بەهەر شێوەیەک (PKK) کاری لێکردبێت لای دووژمن تاوانبارە. گومانمان نەبوو کە بەشێوازی جیاواز پەلاماری هەندێکمانیان دەدا. پێیان دەگووتین: "(ئاپۆ) ئێوەی خەڵەتاند، خۆی لە دەرەوە لە کۆشک دایە، لە سەیر و سەفای خۆیدا لەگەڵ ژنان رادەبوێرێت. ئێوەش دەڕزێن" و لەناو خۆشماندا ئێمە وەک نموونەیەک نیشانی ئێوە دەدەن و پێتان دەڵێن: ئەمانە دەتانخەڵەتێنن". (ئەسەد) لە هەر دەرفەتێکدا پێی دەگووتین: "لەدەستم دان، وەک مێشێک پانم کردنەوە.

سەرکردەکانتان هەموویان بوون بە کەمالیست. بەم نزیکانەش هەر یەکەیان دەبن بە سەرباز، ئیتر ڕێکخستن نەما..هتد".

لە زیندان بونیادنانی بەرخودانێکی ڕێکخراو یاخود ڕێکخستنی بەرخودان جێی بایەخە. دروستکردنی ڕێکخستنی پتەو لە هەمانکاتدا گەرەنتییە بۆ تاک. توانای خۆڕێکخستن تاکە زامنی سیاسییە، گەیاندنی بە ئاستێکە کە بەبێ تۆش بەردەوام و هەمیشەیی بێت! پەیوەندی چییە لەنێوان بەبێدەنگی شڵەقاندنی ناوجەرگەی ئاوێک تائەوکاتەی دەگات بە لێوان ڕێژبوون؛ لەگەڵ دەستەبەرکردنی وزەیەک لە ئەنجامی شەپۆلێکی گەورە و لەناکاودا؟ لە هەردووکیشیاندا خۆبەخشین و فیداکردن هەیە. یەکێکیان دەبێتە دەربڕی هێزێکی بەرجەستە لەتۆدا، ئەوی تر هێزی زەمینە، دۆخی بە پارچە پارچە جیابوونەوەی شەپۆلە گەورەکانی تۆیە. لە هەردووکیشیاندا پێویستە هاوسەنگییەکان زۆر بەوردی بەرجەستە بکرێت. دەشێت لە یەکەمیاندا ون ببیت. لەم واتایەدا " فیدابوون" مەترسی لە دەستدانی مانای سیاسی هەڵدەگرێت. ڕێوشوێنە پێویستەکانت لەو ئاستەدابن کە هەموو لایەنە ئەرێنی و بەکەڵکەکانی زەمینەکەت لەباوەش بگرێت. حاشا هەڵنەگرە کە هەموو زەمینێک کراوەیە بۆ هەموو جۆرە هێرشێکی دووژمن. دۆخی رۆحیانەی هەموو کەسێک وەک بۆشاییەکە. پەلامارەکان بۆ زیاتر ئاوەلاکرنی ئەو بۆشاییانەیە تا بۆشاییەکی گەورەتری لێ دروست بکات. هەر بۆیە پێویستە خۆت لە هەر بۆشاییەک بدەیت، دۆخێک بنوێنیت کە بۆشاییەکان پڕبکاتەوە یاخود هەر هیچ نەبێت کەم و بەرتەسکیان بکاتەوە. هەموو شتێک، هەموو جۆرە هەڵسوکەوت، ڕەفتار، باوەڕی، بێ باوەڕی، ترس، بوێری، متمانە، بێ متمانەیی، کاردانەوە، تووڕەییەکی مرۆڤ پەیوەندیدار دەکات. زاڵبوون بەسەر سەرتاپای زەمینێک و هەموو

ئانوساتێک بەشێوەی راستەوخۆ وەڵامدانەوەی پەلامارەکانی دووژمن، لەبنەمادا تەواوی واتاکەی خۆبەخشینێکی یەکجارەکییە. مەترسیدارە!

لەلایەکی ترەوە روبەڕووبوونەوە لەگەڵ دووژمن شتێکی ترە. هەرگیز چەوت نییە. ئەوەی لە تۆدا گشتگیر و بە یەکپارچەیی گەیشتووە، ئیرادەی شۆڕشگێڕییە، بڕوا، بڕیارداری شەڕڤانییەکی بێ خەوشە. ئەو رووبەڕووبوونەوەیە قەشەنگترین و شۆڕشگێڕانەترین جۆری شەڕ و تێکۆشانە. هیچ نەبێت دیاردەگەلێک لەئارادا نییە کە زۆر لە نزیکەوە راکێش و پەلکێشت بکات. لەڕاستیدا تۆ بەو هێزەی کە لەناو ئەو تەنیاییەوە وەریدەگریت؛ دووژمن پارچە پارچە دەکەیت. ئەو لەلایەک بەتۆوە و لەلایەک بە رەنگدانەوە و سێبەرەکانتەوە سەرقاڵ دەبێت. لە بەگژداچوونەوەکەی تۆدا بێچارەییەکەی خۆی دەبینێت، بەمجۆرە لێکدانەوەی شکست، دەیخاتە گەورەترین بێچارییەوە.

لەلای من بیر و بۆچوونێکی وەک: "دووژمن لەگەڵ ئەم پێکهاتە رێکخستنییە هیچی پێناکرێت و بە مەرامی خۆی ناگات. ناتوانێت دەست بۆ بێکەڵکترین ژنیش درێژ بکات، ناتوانێت لەبەرامبەر بە شۆڕش بەکاری بهێنێت" و جۆرە بڕوایەکی وەک: "مادام تووشی رووبەڕووهاتنێکی وەها بوومەتەوە، پێویستە لەسەرمان هەموو هێزێکمان کۆبکەینەوە، بە بەرخودانێکی بەهێز و هاوبەش ئەم ئامانجە بپێکین" پێکەوەبوون. هاوکات دەشمگووت گەر بەتەنیاش بم هەر بەرخودانی دەکەم، پێویست بکات ئامادەم بە تەنیا هەڵوێست نیشان بدەم. ناوبەناو بەتەنیا یان لەگەڵ دەستەیەک بەجیابووین. هەرکات دووژمن بە مەترسی بزانیایە و کەی بەتەنیا رووبەڕووی سەپاندنەکانی دووژمن دەبوومەوە، گۆشەگیر دەکرام، دەخرامە ژووری تاکەکەسییەوە. ئەمە جرەجڕی دەخستە

ناو یاساکانییانەوە و دەیسووواندەوە، بەڵام بەتەواوی لەناوی نەدەبرد. سنووریکی بۆ هێزەکەی دادەنا، رێگری لە پەرەسەندنی دەکرد. هاوکات تاکەکەس بەتەنیاش بێت بەو مەرجەی لە سەرەتا تا کۆتا لە خۆڕاگرییەکی بێخەوشدا بێت، چێژی لەو خۆڕاگرییە وەردەگرت. لێرەوە زیاتر باجەکانی لە ئەستۆ دەگرت، بەرەو زۆربوون، گەورەبوونی متمانەی جەوهەری و دەستپێشخەری راستەقینەوە هەنگاوی دەنا. دڵەڕاوکێ و نیگەرانی نەدەما. هەربۆیە بردنەوە و سەرکەوتن لە خاڵێکدا، بە لوتکەی ئاسوودەیی دەگەیاند.

بەڵام ئەوی تریان شوێنێکە دەنگی ناڵە و هاوار و قیژەی هەزاران دەبیستیت. ترس؛ چاویان زەقتردەکاتەوە. رۆژانە کەسانێکی رووخاو، دانپێدانەر، فیتنە و شکایەتکار، دەبینیت و دەبیستیت کە چۆن هەڵگەڕاونەتەوە و جوێن بە بەها و نرخە پیرۆزەکانی خۆی دەدات و سوکایەتییان پێدەکات. درامای ئەو کەسانە دەبینیت کە لە خۆیان دوورکەوتوونەتەوە و چەواشە بوون گەر دووژمن پێی بڵێت: "پیسایی بکەمە دەمتەوە؟" رووداماڵراوانە وەڵام دەداتەوە و دەڵێت "فەرمانتە گەورەم".

بێگومان حاڵەتی رۆحیی خۆڕاگرە رووخاوەکان، حاڵەتێکی جیاوازە؛ دووژمنیش بەردەوام بە گومانەوە مامەڵەیان لەگەڵ دەکات. دەزانێت کە لە بوارێکی وەها تاقیکراوەدا بە هەموو خواستەکانی خۆی ناگات، یاخود بە ئاسانی پێی ناکرێت. رۆژانی سەرەتا کاردانەوە بەرامبەر بەو سروودانەی لە قاوشە هاودیوار یاخود نزیکەکانەوە دەهاتن جیاواز بوو. زۆر جار پێیان دەگووترا: "هەی بێ ناموسینە.. ئێمەتان بەتەنیا جێهێشت. یەکسەر خۆتان رادەستکرد. .ئێستاکەش سروودی فاشیستەکان دەڵێنەوە، شەرم ناکەن".

دواتر کاتێک بە رادەیەک ئەو ڕێسایانە پەسندکرا و لە ئاستێکدا شکست بە بەرخودانی هات، ئەم کاردانەوانە نەمان. بەڵام تەسلیمیەت لە هەناویانەوە هەڵقوڵابوو. هەر جێبەجێکردنێکی خواستەکانی دووژمن، وایدەکرد ئێمەش هەمان ئەو جوێنانە دووبارە بکەینەوە. چۆن دەبێت هەموو شتێک بەمجۆرە بخرێتە بەر چەپۆکی دووژمنەوە؟. بێ باوەڕی، نەفسنزمی و ناکەس بەچەیش سنووری خۆی هەیە، ئەو جۆرە کەسانە هیچ سنوورێکیان نەهێشتبووەوە.

لێکدانەوەی ئەو جیاوازییانە گرنگییەکی زۆری هەبوو. چونکە دووژمن ئامانجی بڵاوکردنەوە و قووڵکردنەوەی کەش و هەوای شکست و تەسلیمییەت بوو. کەوتنە داوی رادەستبوون و هەڵگرتنی کاریگەرییەکانی لە ڕۆحدا، مەترسی گەورەشی لەگەڵ خۆی دەهێنا. شەڕ کۆتایی نەهاتبوو، تازە دەستی پێدەکرد. لە کەسایەتیدا تاچەند بە زوویی کۆتایی بەو شەڕە بهێندرایە، ئەوەندەش بە زوویی بڕوا و باوەڕی لە دەستدەدرا.

هەر لەو ڕۆژانەدا دەست بە مانگرتنی تا مردن کرابوو. پشێوییەکی زۆر هەبوو، زۆر هەواڵمان پێدەگەیشت کە یەکتریان زوو مایەپووچ دەکرد. زۆرێک لەو کەسانەی لە ریزی خۆڕاگران دابوون گەرچی ئێمە واماندەزانی لە ژووری تاکەکەسیدا راگیراون، بەڵام ئەوان لەسەر رێگەی نەخۆشخانە و دادگادا هەر جارەو زانیارییەکی جیاوازیان بۆ دەهێنایین.

یەکێک دەیگووت: "هەموو قاوشەکان ڕێساکانیان پەسند کردووە، تەنیا ژوورە تاکەکەسییەکان نەبێت"، یەکیتر دەیگووت: "مانگرتنی تا مردن دەستی پێکردووە، تەنانەت شەهیدیش هەیە"، یەکێکی تر باسی لەوە دەکرد کە کەس نەماوە یاساکانی پەسند نەکردبێت. هەواڵی راست و تەندروست بەدەست نەدەکەوتن.

جاری وا هەبوو بە تەواوی بڕوامان بە ئەرێنیترین و باشترینیان دەکرد، جاری واش بوو بەهۆی کاریگەری هەواڵە نەرێنییەکانەوە نەماندەتوانی هەڵسەنگاندنی تەواو بۆ ڕووداوەکان بکەین. بە بیستنی هەواڵی مانگرتنی تا مردن، گووتمان: "با ئێمەش بەشدار بین". بەڵام لەم خاڵەدا: "بێ ئاگاداری ڕێکخستن دەست بە مانگرتنی تا مردن نەدەکرا" ئەمەش مایەی نیگەرانی بوو. پێشتر بەبێ ئاگاداریدان بە ڕێکخستن تەنانەت مانگرتنێکی ئاساییش ئەنجام نەدرابوو. ئەو مانگرتنانەش بەشێوەی هاوبەش، هاوکات و بەهەمان داواکارییەوە ئەنجام دەدران. قسەمان لەسەر هەلومەرجەکانی دەکرد و بەدوای ڕاسترین مامەڵە و هەڵوێستدا دەگەڕاین. پێویستبوو ئەزموون و ئەنجام لە ڕووداوەکان وەربگیردرێت؟ لەم جۆرە هەلومەرجانەدا چۆن بڕیار دەدرا و چۆن زانیاری بە ڕێکخستن دەدرا؟ ئەگەر بواری جێبەجێکردنیان نەبێت چی بکرێت؟

بەرگەی هەموو خەفەت و قارێکی پەیڕەوکارییەکانی دووژمنمان دەگرت، بەڵام ئەمجۆرە نادیارییانە هەرگیز. وەک کەوتنە بەر گیرەیەک وابوو. لەناو هەمان جێ، دەستت بەو دیوی دالانێک یان دیوارێک نەدەگەشت. چۆن بمانتوانیایە دۆخی خۆمان هەڵبسەنگێنین؟ پێشتر و تا بەو دواییانەش دەزانرا کە ژنان بەرخودانیان کردووە. تەنانەت هەمووان وایان دەزانی هێشتا ڕەچاوی یاساکان نەکراوە. چونکە لە هاتوچۆی نەخۆشخانە و دادگاکاندا وەکو پیاوان نەبووین. ئەوان ڕوویان لە دیوارەکان دەکرا و چاوەڕێیان دەکرد، سیستەمی نۆبە و ڕیزیان لەسەر جێبەجێ دەکرا، هەروەها وەک سەربازێک ڕەچاوی یاساکانی سڵاودانیان دەکرد، بەدەنگی بەرز، پێ کێشان بە زەویدا ..هتد. بۆ ژنان ماوەیەکی درێژ بواری جێبەجێکردنی ئەمانەیان پەیدا نەکرد.

جگە لە نزا و سەپاندنەکانی هاوشێوەی، هەر کات شتێکی تریان بسەپاندایە دەمانگووت ˚ ئەمانەمان پەسند نەکردبوو˚ و تەگەرەمان لەپێش پەیڕەوکردنی دادەنا. (مانگرتنی تامردن) کاریگەری هەبوو، هەرچەندە دووژمن بەهەموو شێوەیەک ڕێگری کرد لەوەی بەو چالاکییە بزانین. لەلای خۆمانەوە دەمانگووت ئەگەر بەو شێوەیە پەلامارمان بدەن ئەوا ئێمە دەست بە (مانگرتنی تامردن) دەکەین. بۆیە نەرمڕۆییان دەکرد. بەتایبەتیش دوای ئاگاداربوون لە قۆناخی (مانگرتنی تامردن) و کۆتایی هاتنی چالاکییەکە ئەم دۆخەمان بەباشی بۆ روون بوو.

(ئەسەد) بە ئامانجی زانینی پەیوەندییە ناوخۆییەکانی قاوشەکە، فیتنەیی و راپۆرت لێدان بەسەر هەندێک لەو (TKP) یانەدا دەسەپاند کە تازە هاتبوونە قاوشەکەمانەوە. بەسەر ئەوانەی پێشتریشدا سەپاندبووی. (ئەلیف) لەم بوارەدا ئاشکرابوو، بە ئاشکرایی قسەمان لەگەڵ کرد و پێمانگووت: ˚ئەگەر تاکە شتێک بدرکێنیت بۆ خۆت باش نابێت، بەردەوام بەکاریان هێنایت. ئیتر هەڵوێستێک وەربگرە. ئەگەر لەناو ئێمەدا دەژیت، وەکو مرۆڤێک رەفتار بکە، شتی تر بەتەواوی ناشرینت دەکات˚. (ئەلیف) زۆر نەمایەوە، لە هەر هاتوچۆیەکیدا (ئەسەد) داوای زانیاری لێ دەکرد. بەتایبەتیش ناوی هەندێکمانی دەدا بە (ئەلیف) و دەیگووت کە لەناوەوە رێکخستنمان دروست کردووە، کۆبوونەوەمان کردووە و زانیاری بەدەست گەیشتووە، بۆیە داوای لێدەکرد کە هەموو رووداوەکانی پێبگەیەنێت. (ئەلیف)یش پێیدەگووت کە هیچ شتێک نازانێت. بێگومان لێدان، ئەشکەنجە و پەلامارە جیاجیاکانی تری دووژمن؛ کاری لە (ئەلیف) کردبوو. هەم کەسێک بوو کە ئەوان دەیانویست، چونکە ˚پەرستارە ئاقڵەکە˚ی دەوڵەت بوو، هەم ژنێکی داماو و لە پەلوپۆ خراو. لەبەرامبەر بەو شتانەی لەگەڵ

هاوڕەگەزەکانی دەکران تووشی داماوی و ملشۆڕی ببوو. سەربازەکان ناوبەناو بەهەڵە لەویشیان دەدا. هەندێک لە سەربازەکانیش لەبەر ئەوەی بە فیتنەکاری خۆیانیان دادەنا لێیان دەوەشاند. هەبوو خۆی لەبەرامبەر خیانەتی ژن لە ژن ڕانەدەگرت، تەنانەت سەربازێکی ئەشکەنجەکاریش کە دەیبینی لەناو هەموو ژنەکاندا مامەڵەیەکی تر لەگەڵ (ئەلیف) دەکرێت پێی تەنگەزار دەبوو، سەیر بوو بەلامەوە. دیارە دەیانگووت "مادام ئەو وادەکات، ئێمەش لەکاتی لێداندا بە یەکسانی مامەڵەیان لەگەڵ دەکەین".

تەنانەت (حەسەن)ی خەڵکی چۆرم[85]، (بەهاددین)ی خەڵکی گیرەسون[86]یش (ئەلیف)یان خۆشنەدەویست! (ئەلیف) خزمی (عەلی عوسمان) بوو. ئەوکاتە پێمانزانی کە بەپەلە بەریاندا. (عەلی عوسمان)ی ئەفسەری پلەدار لەپاش (ئەسەد) قسەی دەڕۆشت. (ئەلیف) لەسایەی ئەم خزمایەتییە زوو رزگاری بوو! ئەی دواتر؟!

تاکە ساتەوەختی خۆشحاڵی (ئەسەد) ساتی شکاندنی بەرخودانی ژنان بوو. جگە لەوە (ئەسەد) بەردەوام لەناو حاڵی دڕی، تووڕەیی و هاربوونێکدا بوو کە هۆکارەکەی بۆ بەجێنەهێنرانی خواستەکانی دەگەڕایەوە. بەردەوام تەنیا بەو رووخسارە قێزەونەیەوە دەهاتە بەرچاو. هەر جارەو بهاتایە بۆ قاوشەکەمان دەیگووت: "ئاژەڵی لە ئاژەڵ کەوتوو! تەنیا ئێوە تووڕەم دەکەن". شێوازی جوێندانەکەی شایانی بینین بوو. ئێستا چۆن باسی نەکەم کە ئەم حاڵەی دووژمن چەندە ورە و مەعنەویاتی بە مرۆڤ دەدا؟ ئەو جوێن و دڕبوونانە، ڕێگەی بۆ

---

[85] چۆرم: شارێکی تورکیایە دەکەوێتە هەرێمی دەریای رەشی ئەو وڵاتەوە.

[86] گیرەسون: شارێکی تورکیایە و دەکەوێتە هەرێمی دەریای رەشی ئەو وڵاتەوە و هاوسنوورە لەگەڵ شارەکانی ئەرزینگان و سێوازی باکووری کوردستان.

گەشەکردنی متمانە بەخۆبوون خۆشدەکرد. ئەگەر دووژمن ئەوەندە هار و درە، ئەوەندە بە رق و کینە، کەواتە لایەنگەلێکی بەهێزمان هەیە کە هێشتاش لەناو نەچووە و بەرخودانی دەکرد و لەسەر پێ بوو. سەرەڕای پەسندکردنی هەندێک لە ڕێساکانیشی، ئەگەر دووژمن هێشتا ئەمانە دەڵێت، کەواتە بە ئامانجەکەی نەگەیشتووە. وەک خۆی دەیگووت هاوشێوەی مێشێک بە دیوارەکەوە پانی دەکردینەوە، بەڵام گرفت؛ قسە و کردارەکانی (ئەسەد) نەبوو، ئێمە وەکو مێش پان نەدەبووینەوە. خۆیشی باش دەیزانی کە ئەوەندە بچووک نەبووین تا لەناو لەپی دەستیدا جێگەمان بێتەوە!..

لەو شەڕ و گرژییەدا دووبارە بیرم لە راکردن دەکردەوە. دەرگەکان تا درەنگانێک بە کراوەیی دەمانەوە. سەرباز بەردەوام لەناوماندا چاوەڕێی نەدەکرد. لەکاتی لێدان و لە دۆخی تردا بە قەرەباڵغی دەهاتنە ژوورەوە. جگە لەوە پاسەوانی قاوش، چاوەشی دالان هەبوو. بیرم لەوە دەکردەوە، تۆبڵێی لە سەربانەوە راکردن چۆن بێت؟ بە (گوڵتەن) و (ئایسەل) و ئەوانیشم گووت. هەندێکیان بەلایانەوە سەیر بوو لەناو ئەو هەموو ئاڵۆزی و تێکەڵاوییەدا بیر لەشتێکی وەها دەکەمەوە. وەک بیرکردنەوەیەکی نیازپاکی، یان وەک خەیاڵێکیش لێکیان دەدایەوە. (ئایسەل) دەیگووت: "باڵەخانەکە بەرزە، دەرەوەش گۆڕەپانی سەربازانە. ئەو کابرایانە ڕێوشوێنی توندیان گرتۆتە بەر". منیش دەمگووت دەچینە سەربان و سەیرێک دەکەین. (گوڵتەن) لەم بوارەدا هۆشیارترە و تۆزێکیش ڕۆحی ئەنارشیانەی هەیە. بەڵام ئەنارشیستێکی هێمن و ئارام...! یەکەم جار گووتمان سەرچەف شۆڕ دەکەینەوە، پاشان پەتی جلوبەرگمان تاقیکردوە، زۆر باریک و تیژ بوو، دەستی دەبڕینەوە، وای دەکرد دەستەکانت زیاتر

هەست بە قورساییت بکەن. ئەو گرێیانەی لە پەتەکە دەدران، بەکەڵک نەدەهاتن. دوای سەرکەوتن تا شوێنێکی دیوارەکە، وازم لێهێنا.

دەرگەیەک هەیە بەڕووی دەرەوەدا دەکرێتەوە، لەو ساتانەدا کە دالانەکە ئارام بوو خەریک دەبووین پێیەوە، کردنەوەی قفڵەکان مەحاڵ بوو. تەماشایەکی دیوارەکەمان کرد، شوێنێک هەبوو پێیان دەگووت ژووری پاسەوانەکان، بەڵام زۆر لێی نەدەمانەوە. گووتمان" ئەوێ چۆنە، دیوارەکەمان پێ کون دەکرێت؟" ئەوێ هیوای پێ نەداین، پارچە ئاسنمان هەبوو، بەڵام نەماندەتوانی هەلومەرجی پێویست بڕەخسێنین. رۆژانە شتی تازەیان دادەهێنا. تادەچوو حەوشەی هەواگۆڕین بە گوێرەی کاتی دەستنیشانکراو بەکار دەهێنرا. ئەو ژوورانەش کران بە ژووری لێپرسینەوە. خواستی راکردن لە رووێکەوە بوو بە خەیاڵ. ناوەناوە باسی هەوڵەکانی راکردنی پێشترم بۆ دەکردن. بە باسکردنیان قۆناخەکانی رابردوومان زیندوو دەکردەوە. هەر ساتەوەختێکی پڕ لەتێکۆشان: ورەبەخش بوو. ساتەوەختەکان وەک پەڕتووکن، وەک هۆنراوەن، وەک رۆمانن. پڕن لە لایەنی پێکەنوک، تراژیدیا، خۆشەویست، ژانە دڵ.. بەڵام زیاتر دەبوون بە سەرچاوەی هێز. هەر هەڤاڵێک بە دەیان جار قسە، گووتە، چالاکی و زەحمەتییەکی (سەرۆک)ی دەگێڕایەوە، هەر جارێکیش وەک زۆر تازەبێت، بە قیت و زیندەییەوە گوێی بۆ شل دەکرا. لایەنە بە ئازارەکانی ژیان و بەسەرهاتەکان بەمجۆرە پڕدەکرانەوە، هەر بەم شێوەیەش پابەندبوون بە بەسەرهاتەکانەوە دروست دەبوو.

بە ئامانجی دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ هەڤاڵان ئەوانەمان رێکدەخست کە دەچوون بۆ نەخۆشخانە. بەتایبەتیش لەو هەڤاڵانەمان هەڵدەبژارد کە زیاتر جێگەی متمانە بوون. مانگرتنی

تا مردن پشتڕاست کرایەوە. لە سەرەتای مانگی ئادارەوە تا ناوەڕاستی مانگی نیسان بەردەوامی کردبوو. هەڤاڵ (عەلی ئەرەک) شەهید ببوو. داواکاری سەرەکی مانگرتنەکە لە چوارچێوەی کۆتاییهێنان بە ئەشکەنجەدا بوو. زۆربەی زۆری کادیرە پێشەنگەکان بەشداریان لە مانگرتنەکەدا کردبوو. بەگشتی بەندکراوان لە ژێر ئەشکەنجەدا ناچاری تەسلیمیەت و خیانەت دەکران. خۆڕاگری شۆڕشگێڕییەک بە هەستی بەرپرسیارێتی هەموو بەندکراوەکانەوە؛ بە چالاککەرییەکی بەمجۆرە بەگژ دووژمندا دەچوو. بۆ یەکەمجار بوو دیاردەی (مانگرتنی تامردن) دەبیسترا و گفتوگۆی لەسەر دەکرا.

لە مانگرتنەکانی تر جیاوازتر بوو. بیانی نەبووین لە مانگرتن. لە مانگرتندا ئاو و ئەگەر هەبێت کەمێک شەکراو وەردەگریت. هەروەها لەناوخۆدا ماوەی مانگرتنەکە دەستنیشان دەکەیت. هەرچەندە مەترسی مردنیشی هەبێت، هەڵوێستێک دەگەیەنێت کە هاوئاستە لەگەڵ ناوەڕۆک و گرنگی داواکارییە پێشکەشکراوەکان. یان ئەوەتا پەسند دەکرێت، یان ناهێڵن هەڵوێستەکە بگات بە سنووری مردن. بەڵام (مانگرتنی تامردن) جیاوازە. داواکارییە دەستنیشانکراوەکان داواکاری هێڵی باریکی نێوان ژیان و مەرگن. نەیارەکەت بە هەموو ئامرازەکانی پەلاماردانەوە لە گەڕدایە، هیچ مافێکی تری ژیانت پێنادات. بە هەموو خانەکانی ژیاندا ڕۆچووە، وەحشیانە پەلامار دەدات، ئەشکەنجە بە یەکجاری جێگەی ژیانی گرتۆتەوە. لەدۆخێکی وەهادا بەکاریگەرترین چالاکییەک کە دووژمن دەستبەردار بکات، کۆت و بەندی بکات و هەناسەیەکیش بە بەندکراوان بدات، مانگرتنی تا مردنە. مردن دەسەپێنیت؟ فەرموو ئەمەش مردنێکی بەشەرف! لەپێگەیەکدا کە هەر لە هەناسەدانەوە تا دابینکردنی پێداویستییە ئاساییەکانی مرۆڤ

کراوە بە ئامرازی ئەشکەنجە، بەرخودانییەک بە خستنەڕووی ئیرادە و بەخشینی هەموو خانەکانی جەستە، چالاکییەکە هەرگیز دووژمن بیری لێنەکردۆتەوە و لەبەرنامەیدا گریمانەشی بۆ دانەناوە. لەبەرامبەر دووژمنێک کە برسێتی، تینوێتی، بێخەوی، قسەنەکردن، سەیرنەکردن و نەبینینت بەسەردا دەسەپێنێت، لە ناوجەرگەی خۆیدا بە چالاکی مانگرتنی تا مردن: دەیسەلمێنیت کە بە رۆژان و تەنانەت بۆ چەندین هەفتە تەنیا بە وەرگرتنی ئاو و هەوا، ئیرادەت پۆلایین دەبێت.

ئیدی هەمووان گفتوگۆ و تاووتوێمان دەکرد. تەنانەت سەربازەکانیشی سەرسام کردبوو. دەیانگووت: "چۆن دەبێت، خۆمان ژەمێک نان نەخۆین هیچمان پێناکرێت. ئەی ئەوانە؟!" پزیشکەکانیش تەنیا لەدەمیان دەهات بڵێن: "ئەمە چۆن کارێکە؟ ئەمانە زانستیشیان سەراوبن کردا" بەندکراوان نەفرەتیان لە لاوازییەکانی خۆیان دەکرد. ئیتر دەیانگووت: "ئەوانەی (مانگرتنی تامردن) چۆن دان بەخۆیاندا دەگرن؟ ئیدی دووژمن سزای جگەرەمان پێدەدات، سزای چای نەخواردنەوەمان پێدەدات، حەزدەکات با ساڵێکیش بخایەنێت، حەزدەکات با هەرگیز نەمانبەن بۆ حەوشە و هەواگۆڕین، بێن و بەردەوام لێدان بکەن...هتد" کەسوکار و خانەوادەکانیش هەر یەکێک لە بەشداربووانی (مانگرتنی تامردن)یان بە هێزێکی ئیلاهی دادەنا.

(مەزلوم)، (خەیری)، (کەمال) و دەیان ناوی تر لە زاریان کەم نەدەبوو. ئیتر هەموویانیان بە رۆڵەی خۆیان دەزانی. لە ئاستی رای گشتیدا باس لە مانگرتنی تا مردنیش کرا. هەرچەندە نەیاندەویست بکەوێتە دەمی راگەیاندنەوە، بەڵام دەبوو بە رۆژەڤ. لە زیندانەکاندا راپەڕینێک بوو لەدژی کودەتا. سەرەتایەک بوو، ئاگادارکردنەوەیەک بوو. (ئەسەد ئۆکتای) بەڵێنی

دابوو، بەتایبەتیش "بەڵێنی سەربازانە". کەچی بەڵێنەکەی بەجێ نەهێنا. بۆ ماوەیەک: لەلای ئێمە تا رادەیەک فڕێدرانە ناو ژووری تاکەکەسی و ئەشکەنجەکردن کەمی کرد، شێوەی گۆڕی، بێگومان ئەمەش تەنیا بۆ ماوەیەکی کورت بوو.

## له زیندانی ئامەد دوو ژنە بەندکراوی لوبنانی و فەڕەنسی..!

هێنانی کەسانی تر لە گەلانی جیاواز بۆ زیندان، ڕووداوێکی جیاواز بوو. (سارا) و (مۆنایک) لە بەشەکەی ئێمەدا بەند کرابوون. لە قاوشی خوارەوە جێگیرکرابوون. (سارا) خەڵکی لوبنان و (مۆنایک) خەڵکی فەڕەنسا بوو. هاوەڵە پیاوەکانیشیان لە بەشی گیراوانی پیاواندا بوون. (مۆنایک) پزیشک بوو. دەرگەی قاوشەکەیان بەردەوام داخراو بوو، بۆ ئەوەی چاویشمان پێیان نەکەوێت پەنجەرەکەشیان بۆیاخ کرابوو، بەڵام کەسانێکی زۆر هۆشمەند بوون، لە ڕۆژانێکدا بوون کە لەوانەیە بە هەموو تەمەنیان بەو ئەندازەیە هۆشمەند نەببوون. لەنێوانماندا جۆرە پەیوەندییەک هەبوو کە هەستمان بە یەکتر دەکرد. (ریحان ساریباڵی) بەندکراو لەسەر دۆزی (TIKKO) ئینگلیزی دەزانی و هاوکاری دەکرد لە نامەگۆڕینەوەی نێوانمان. لەسەر سنووری باشوور – باکووری کوردستان لەکاتی تێپەڕبوونیاندا بەرەو باکوور دەستگیرکرابوون. پزیشکییەکەیان ببوو بە بەڵای سەریان. بە ئامانجی هاوکاریکردنی کوردانی باشووری کوردستان هاتبوون و لە گەڕانەوەیاندا بەرەو باکوور پێیان گووتوون: "ئێوە هاوکاری (PKK) تان کردووە و هاوکاریان دەکەن" و بەو تۆمەتەش دەستگیریان دەکەن.

(سارا) سۆزی باڵاتر و ڕەوشەکەش زۆر کاری تێدەکرد. تەنانەت جارێکیان بە دەنگی قامچی "جۆپ" و ئەشکەنجەی ناو یەکێک لە بەشەکانی زیندانەکە لەسەر قەرەوێڵەکەی رادەپەڕێت و دەکەوێتە خوارەوە. (مۆنایک) لە هەر دەرفەتێکدا بە هێما و

ئیشارەکردن باسی لەو بەسەرهاتانەی دەکرد کە لەزینداندا کاریان لە (سارا) دەکرد. لەلای خۆمانەوە سەبارەت بە پەیڕەوکاری و سیاسەتەکانی دووژمن لە زینداندا کۆمەڵێک شتمان بۆ دەنووسین، داوامان لێکردن کە دەرکەوتن شایەتحاڵییەکانی خۆیان بگەیەنن بە دەرەوە.

(مۆنایک) زۆر چالاک و بەجوڵە بوو. بڕێکیان لە بۆیاخی پەنجەرەکە هەڵکڕاندبوو، لەگەڵ هەر دەنگ و جوڵەیەک لەوێوە تەماشایان دەکرد. دەنگی ئەشکەنجەیان بەدزییەوە تۆمار کردبوو، کاتێک ئاشکرابوو و دەستیان بەسەر ئامێری تۆمارکردن(تسجیل)ەکەیاندا گرت. لەبەرامبەر ناڕەزایەتی دەربڕینی ئەو کردەوەیە و سەرجەم کردارەکانی تری دووژمن، رۆژێک خواردنیان وەرنەگرتبوو. لەڕاستیدا کردار و پەیڕەوکارییەکانی دژ بە ئێمەیان شەرمەزار دەکرد، ئەوانی تریان کردبوو بە بەهانە. کاتێک کە دەرکەوتن مشتیان بەرزکردەوە و بە گووتنەوەی "کوردستان.. کوردستان.." ماڵاواییان کرد. لە دوایین ساتەوەختەکانی بەر لە دەرکەوتنیاندا بە ئەگەری هەبوونی پشکنین، دوایین نووسراوەکانمانیان پێداینەوە و گووتیان: "لە مێشکی خۆماندا نووسیومانە، بەڵێن بێت بچینە هەر شوێنێک باسی بکەین". لە دوایین ساتەوەختدا بە هەلوەرگرتن لە شڵەژانی سەربازان، گەرمترین و هاوڕێیانەترین بەڵێنمان بە یەکتر دا.

(جاهیدە) تێکچوو بوو، بەردەوام بە دانیشتنەوە یان بە پاڵکەوتنەوە لەسەر جێخەوەکەی دەگریا. لەسەر یەک جگەرەی دەکێشا. یەکەمین گفتوگۆمان تابڵێی قووڵ و بەرفراوان بوو. لە هەلومەرجی جیاجیای دەرەوەدا هەندێک رووداو هاتبوونە ئاراوە، سەیر لەوەدایە ئەو رووداوانەی دەهێنا و بە تەواوی دەکەوتە ژێر کاریگەرییانەوە. هیچ واتامان پێنەدەدا. لە هەموویان باشتر

دەمناسی. کاتێک لە خارپێت بووین باش بوو، بەردەوام باس لە خەباتی ناو خوێندنگەکانی و کارەکانی لە شاری گرێ سۆر دەکرا و پیایدا هەڵدەدرا. چی بوو، چۆن بوو ئاوا لەگەڵ پارتی کەوتبووە نێو ناکۆکی ؟

دۆخە رۆحییەکەی کاردانەوەی، تووڕەیی و زۆر هەڵسوکەوتی تری کاریگەری نەرێنی لەسەر هەموو هەڤاڵان دەکرد. لەو هەلومەرجەدا زۆر کەس تووڕەیی لەناخی خۆیدا هەڵدەگرت. هەرکات لەهەندێک خاڵدا هێزیان بەشی وەحەشیگەراییەکانی دووژمنی نەکردایە، کاردانەوەکانیان بەشێوازی جیاجیا دەدایە دەر. لەبەرامبەر بەشێکمان بەپێوەر و پێودانگ بوون، راستەوخۆ کاردانەوەکانیان نیشانی ئەو بەشە نەدەدا، بەڵام بە ئاشکرا کاردانەوەکانیان لەبەرامبەر بەو کەسانە دەخستەڕوو کە پرسی لەو جۆرەیان هەبوو، کێشەکانی کەسایەتیی خۆیان دەخستە پێش هەموو شتێکەوە و خۆیان بەجیا دەزانی. چونکە خۆیان لەناو دۆخی رۆحیانەی هەنووکەیی کەسایەتی ئەودا بەدی دەکرد. خاڵی هاوبەشیان هەبوو؛ ئەویش تووڕەیی بوو لەبەرامبەر بە رێکخستن. ئەم تووڕەییە دەیگەیاندن بە ئاستێک کە لە ژێر لێپرسینەوەکاندا لاوازی نیشان بدەن.

لە زینداندا رێکخستنیان بە بیانووی هەموو پەلامارێکی دووژمن دەزانی! لەکاتێکدا ئەندامانی رێکخستنەکانی تریش لە زیندانەکەدا هەبوون، دووژمن بە ئاشکرا بەئەوانی دەگووت: "ئەگەر لە رێکخستنێکی تر بوونایە ئەمانەتان بەسەر نەدەهات". بەڵێ: دووژمن ئەوانی بە ئاقڵ و ژیر و زانا دادەنا، چونکە ئەندامی (PKK) نەبوون، ئەوان تەنیا ئەشکەنجەیەکی کەمتر خەلاتیان بوو و بەس. هاوکات هەڤاڵی زۆر بەقیمەت هەبوون لەڕیزی ئەو گرووپانەدا و بەڕاستیش پابەندبوون بە شەرەفی شۆڕشگێڕییەوە.

هەرچەندە لاوازی، بێچارەیی و هەڵوێستی جیاوازی ڕێکخستنیشیان هەبووایە، بەڵام لایەنی هاوبەشمان هەبوو. دووژمن هەرگیز نەیتوانی ئەم لایەنە لەناو ببات. جگە لەوەی لەم واتایەدا دووژمن تەڵەکەبازییەکانی بەسەر نەخست، تەنانەت ئەو کەسانەش کە دووژمن هەوڵی دەدا شکستیان پێبهێنێت، بیانکات بە سیخوڕ و ناچاری دەکردن ئیفادە بدەن، هەڵوێست و نزیکایەتی ئێمە کاری تێدەکردن و وازیان لە ڕاڕایی دەهێنا، دەهاتن و بە ئاشکرا تەڵەکەبازییەکانی دووژمنیان بۆ دەگێڕاینەوە و شەرم و عەیبەی خۆیان دەهێنایە زمان.

(جاهیدە) لە دۆخێک دابوو کە نەیدەیتوانی خۆی لە پەلامارەکانی دووژمنیش و لە کاردانەوە و هەڵوێستە فرەلایەنەکانی بەندکراوان رزگاربکات کە خۆی تاکە سەرچاوەی بوو. لەنێوان دوو دیواردا گیری خواردبوو. لە هەلومەرجی وەهادا دۆخی ڕۆحیانەی کەسێتی لەوجۆرە مەترسیدارە. دووژمن لەڕووی تەکتیکەوە بەهێز بوو و هەموو ئامرازێکیشی خستبووە گەڕ. لەو هەلومەرجەدا هەر لاوازی و هەر لایەنێکی نەرێنی لە کەسایەتیدا بەزوویی دەرفەتی یەکگرتنەوەی لەگەڵ دووژمن پەیدا دەکرد. بۆ ئەو مەبەستە پێویست بوو هەموو لاوازییەک تێپەڕبکرێت، هەموو ئەو دەرگەیانەش دابخرێن کە دەرفەت بە هاتنە ژوورەوەی دووژمن دەدات.

لە ڕاستیدا گۆڕەپانی شەڕێکی سەختە و رووتەڵترین گۆڕەپانی تاقیکردنەوەکەش خودی کاسایەتییەکانە. هیچ لاوازییەکت پێناشاردرێتەوە. هەموو ئامرازێکی شەڕت لەدەست دەرهێندراوە، لە گۆڕەپانێک دایت کە هەمووجۆرە کۆنترۆڵێکی تیادایە و سەراپای ژیانت لەژێر دەستپێشخەری دووژمن دایە. هەموو ئانوساتێک لەگەڵ دووژمن ڕووبەڕوویت و لەبەر چاوان دایت،

بەردەوام راستینەی پوختی خۆت دەبینیتەوە. جا ئەوجار دەتوانی لە کامەیان و تا کوێ رابکەیت؟

جارێکیان (جاهیدە) لەلایەن پاسەوانەکانەوە بانگهێشتکرا. چەند مانگێک بوو قەدەخەی سەردان هەبوو بۆیە نە رۆژی سەردان بوو نە رۆژی دادگا. پاشان بەناوی "پارێزەر بۆ بینینت هاتووە" منیشیان بانگهێشت کرد. چاوپێکەوتن لەگەڵ پارێزەریش خۆی لە خۆیدا بەڵایەکی تر بوو. دوایینجار (حسێن یڵدرم) هاتبووە سەردانم. پاسەوانەکان هاتن و لە ژووری تاکەکەسی دەریانهێنام و بردمیان، پۆلیسی ژنیشمان لەگەڵ بوو. (حسێن) بەشێوەیەک لە کابینەی چاوپێکەوتنەکە جێگیر ببوو جێگەی بۆ هیچی تری نەهێشتبووەوە، دانیشتنەکەی بەشێوەیەک بوو کە هێندەی نەمابوو پێ بنێت بە پێمدا، لە چاوەڕوانی ئاماژەیەکی چاودا؛ چاوی لەسەر چاوم دەگێڕا و چاوی نەدەتروکاند. لێیپرسیم: "بۆچی ئەوەندە لاواز و لاغر بوویت، نەخۆشیت؟" گووتم: "نەخێر هیچم نییە. بەتەنیا بووم، بێ خەوی و شتی تر کاری لێکردووم". لەکاتی ئەم وەڵامدانەوەیەدا ژنە پۆلیسەکە بەتوندی پێی نا بە پێمدا. بە تەماشاکردنێکی توند ئاوڕم لێدایەوە و ترسا. (حسێن یڵدرم) دەرکی بە دۆخەکە کردبوو. پێ پیانان بە واتای؛ "زۆر قسە مەکە، زیاتر لەسەری مەڕۆ و بەسەرهاتەکان باس مەکە" دەهات. بێگومان چاوپێکەوتنەکەش زۆری نەخایاند.

لە رۆژانی دواتر بە هەر شێوەیەک بێت لە باوکمەوە پێمزانی کە (حسێن یڵدرم) دەستگیر کراوە. چیان لێکرد نازانم، بەڵام دوای گەڕانەوەم لەو چاوپێکەوتنە دارکارییان کردم، لەبەر ئەوەی پرسیاری پارێزەرەکەمم کردبوو. بیستنی بەندکرانی (حسێن یڵدرم) هەواڵێک بوو. ئەمەش لەکاتێکدا بوو کە بەهیچ شێوەیەک

نەدەبوو تاکە زانیارییەکیش بە بەندکراوان بگات. یاسا دانراوەکانی (ئەسەد) وەهای دەسەپاند.

ئەو رۆژە (جاهیدە) زۆر گیرۆبوو. چاوپێکەوتنی پارێزەر ئەوپەڕی یەک یان دوو خولەکی بۆ دانرابوو. تەنانەت چرکە چرکە دەژمێردرا. بەگشتی هەر کەسێک لە قاوش دەربخرایە، هەمووان بە بێدەنگی لە چاوەڕوانیدا دەبوون. دادگا، نەخۆشخانە، پارێزەر یان هەر شتێکی تر بێت، چوونە دەرەوە جۆرە تاقیکردنەوەیەک بوو، ساتەوەختی دژوار و سەخت بوون. چونکە هەر ئانوساتێک ئەگەری هاتنە ئارای شتی تریش هەبوو، لەوانەیە بخرێتە ژێر ئەشکەنجەوە یاخود رووبەڕووی کەسانی تر بکرێتەوە. بەکورتی هەموو ئاراستەیەک بەرەو ئەشکەنجە دەچوو. بەتایبەتیش ئەگەر لە چاوەڕوانی کەسێکدا بیت کە زۆر جێگەی متمانە نەبێت، حاڵەتی رۆحیی ئاڵۆز بێت، بە رەفتارەکانی هیوا بە دووژمن بدات، خودی ئەو چاوەڕوانییە دەبوو بە ئەشکەنجەیەک.

کاتێک گەڕایەوە بۆ قاوشەکە سەری تا سەر شانی بەلادا کەوتبوو، چاوەکانی روانینێکی تاوانکارانەی هەبوو. چاوی دەدزییەوە، ملکەچ و دڵ پڕ بوو. دەستبەجێ پەنای بردە بەر جگەرەکێشان. بەڵێ؛ (جاهیدە) گەڕایەوە، بەڵام پارچەیەکی تریبشی لەدەست دابوو. دەشێت هەر کەسەو لەلای خۆیەوە سەبارەت بە (جاهیدە) بیری لە شتگەلێک کردبێتەوە، گومانی لەلا دروست بووبێت، دڵی پێی سووتابێت یاخود تووڕەیی دایگرتبێت، تەنیا خۆی بە باشترین شێوە دەیزانی کە لەهەمووان زیاتر من لێی تێدەگەم. کاتێک تەماشای منی دەکرد بەهۆی شەرمەندەیی خۆیەوە چاوەکانی دەبوون بە گۆمی فرمێسک. ماوەیەکی زۆر نەدەهاتە نزیکمەوە. هەرکەسە و شیرۆڤەیەکی دەکرد. بێدەنگی منیش سەرنجی رادەکێشان. ئیتر مامەڵەی کەسانی ناو قاوشەکە

لەمەڕ شیرۆڤەی پڕ لە جوێن وەک جاران نەبوو و هەستیارتر بوون. چاوەڕێیان دەکرد من شتێک بڵێم.

پێشتریش لەلایەن دووژمنەوە بانگکرابوو. لەگەڵ (7) کەسی تر پێکەوە لە هەمان ژووری تاکەکەسییان کردین. (9) کەس لەناو ژوورێکی پڕ لە ئاو. هەر لەویاکە بۆیەکتر دەبووین بە دیوارێکی گۆشتین و دەستاومان دەکرد. دەرگە و پەنجەرە داخرابوون. ئەو هەوایە ئەوەندە .دڵشێوێن بوو، تەنانەت کاتێک جەلادەکان دەهاتن و دەرگەکەیان دەکردەوە، بە دەستەسڕ بەرلووتی خۆیان دەگرت. بێ خەوی، برسێتی، تینوێتی، سارد و سڕییەکی بێ وێنە هەبوو. بەڵام ورەمان بەرز بوو. لەوانەیە هەرگیز بەهێندەی ئەو رۆژانە گاڵتە و قسەی خۆشمان نەکردبێت و پێنەکەنیبین. دەیان نوکتەمان لەو ژیانە دەهێنایەوە، لەگەڵ کات دەژیاین و خۆمان لە دۆخی ناهەمواری بەرجەستەیی رزگار دەکرد. لەوەها رۆژانێکیشدا (جاهیدە) دیسان بانگکرابوو. دووژمن وایدادەنا کە دەتوانێت لەژێر سزای ژووری تاکەکەسی و حاڵەتی رۆحیی ئەو سزایەدا بە ئاسانی (جاهیدە) بەکاربهێنێت. بەڵام کێشەی (جاهیدە) تەنیا وابەستە نەبوو بەوێکانەوە. چونکە رۆژانی پڕ لە ئەشکەنجە، ترس و سامی ناخی مرۆڤیشی دەشکاند.

ئەشکەنجە بە ئەندازەی خۆی؛ رق، کین و نەفرەتی بەرامبەر بە دووژمن گوڕتر دەکرد. بێ چارەیی دووژمن و سەپاندنی ئاستێکی ئەوەندە سووک و بێ واتا، زیاتر رێگەکانی پابەندبوون بە ژیانی شەرفمەندانەی دەخستەڕوو. ترسی گەورە ئەشکەنجەی سەختتری دەهێنا، ئەشکەنجەی سەختیش ترسی ئەشکەنجەکراوی کەرتوپەرت دەکرد. دووژمن هەستی بەم لایەنەش دەکرد. دۆزینەوەی لاواز و لاوازییەکان و بەکارهێنانیان زۆر ئەنجامگیر نەدەبوو.

(جاهیدە) هات و دەستی کرد بە گێڕانەوەی هیوا و داواکارییەکانی دووژمن، هەموو قسە و باسی نێوان خۆیانی بۆ باسکردم. لەم بابەتەدا هیچی نەشاردەوە. شاردنەوەی تەنیا وشەیەک ئەوی دەدا بەدەستەوە، چونکە پێوەی دیاردەبوو. ئەو رۆژەش چۆن دەستی بەقسە کرد، توند لە باوەشی گرتم و دەستی بە گریانیش کرد. دەیگووت: 'هیچت لێناشارمەوە. وەکو هێزێکی لێپرسەرەوەیت. ئەگەر پرسیاریش نەکەیت هێزێکی پاڵنەر هەیە وام لێدەکات بێم و بۆت باس بکەم. ئەو لایەنە شۆڕشگێڕییەی لەناخمدا چاندووتە و رابردووی خۆم قورسایی زیاترم دەخاتە سەر. جاروبار تووڕە دەبم، قینت لێدەکەم و دەڵێم؛ بۆچی لێرەیە؟ بۆچی ئەوەندە کاری تێکردووم؟ هەم متمانەم بە پارتی و هەم ئەو تووڕەییەی هەمە هەردووکیان بەسەر تۆدا هەڵدەهێنمەوە. بۆچی وازم لێناهێنیت؟' بۆ دەمێکی درێژ سەری لەسەر شانم دانا و دەگریا.

سەیرم لەخۆم دەهات، چەندە بە ئۆقرە بووم. چونکە کەسێکم لە جەوهەردا زۆر بێ ئۆقرەم. تۆ بڵێی بێ ئۆقرەیی، پێویستی ئۆقرەیەکی زۆرترت بەسەردا بسەپێنێت؟

بەڵێ، ئەمجارەش دووژمن داوای شتگەلێکی لە (جاهیدە) کردبوو. پۆلیسەکانی بەشی لێپرسینەوە دووبارە هاتبوونەوە و درێژەیان بە قۆناخی لێپرسینەوە دەدا. باوکی (جاهیدە)شیان هێنابوو. (کۆچ عەلی)، پۆلیس و (جاهیدە)... (کۆچ عەلی) بۆ (جاهیدە) چی بوو؟ لە قۆناخی لێپرسینەوەدا مامەڵەیان لەسەر بابەتی (نەڤین) کردبوو. لەبەرامبەر بەردانی (نەڤین)، لە دادگا ئیفادەکان دووبارە دەکرانەوە. ئەمە بریتییە لە دانپێدانەری ژێربەژێر. نەخرابووە سەر شاشەی تەلەفزیۆن و نە هەڕەشەی دەستدرێژی لێکرابوو. ئەو ئیفادانەی تریش گرنگییەکی ئەوتۆیان

نەمابوو کە پێشتر لەدژی درابوون، تەنیا ئەوەندە (جاهیدە) بڵێت پەشیمانم و بەس. (جاهیدە) لەگەڵ ڕێکخستن کێشەی هەبوو و دووژمنیش دەیزانی. (جاهیدە) لەژێر لێپرسینەوەدا ئەم لایەنەی خۆی دابوو بە دەستەوە، کاردانەوەی هەبوو لەبەرامبەر بە ڕێکخستن. لە جیاتی پاراستنی بەهاکانی ڕێکخستن هەڵسابوو بە پاراستنی کەسێتی خۆی. خانەوادەگەرایی لەناخیدا بە لوتکە گەیشتبوو و چاوەڕێی فریادڕەسی لە ڕێکخستنیش نەدەکرد. بەپێچەوانەوە لەناو چەقبەستی ( ڕێکخستن وێرانی کردم)دا بوو. شوێنی ڕەفتاری چەوت و بەرتەسکی تاکە کەسەکان و ڕێکخستنی تێکەڵاو کردبوو. (کۆچ عەلی) بڕەپارەیەکی زۆری دابوو بە پۆلیس، لەبەرامبەردا بەڵێنی ئەشکەنجە نەکردن، بەردانی (نەڤین) و خەڵاتی میوانداریکردنی (جاهیدە) بۆ شەوێک لە ماڵی خۆیانی پێدابوو! بەمشێوەیەش (جاهیدە) هەلی دەستدەکەوێت، کەچی ڕاناکات، بۆ ئەوەی خێزانەکەی نەکەوێتە مەترسییەوە. بەو ئەندازە بێ شەرمانەیە پەیوەندی خۆی لەگەڵ ڕێکخستن بڕی بوو. گۆشەگیربوونی پێ هەرس نەبووە. لەبەرامبەر دا وەکو بڵێت: "گۆشەگیرم دەکەن؟ دەبڕۆ ئەوەش ژێردەستەیی دووژمن، بزانم چی دەکەن؟!".

لەوکاتەدا نامەیەکی نووسی بوو. دووژمن پێی گووتبوو: "نامەیەک بۆ دەرەوە بنووسە، با باوکت ناوبەینکاری بکات و بیانگرین". (محەمەد کاراسونگیور) و ئەوان کرابوونە ئامانج. بەلای پۆلیسەوە (جاهیدە) دەیزانی (کێ لەکوێیە، چۆن دەتوانرێت پەیوەندی دروست بکرێت ). دەیگووت کە زانیاری چەواشەی پێداون و بە زاراوەی دملکیش بە باوکی گووتووە کە لە پۆلیس بەدوور بێت. ڕاست بوو. بەڵام (جاهیدە) دەرکی پێنەدەکرد کە لەم بێنەوبەرەیەدا خۆی بەرەو کوێوە ملی ناوە. هێڵێکی زۆر باریکی

لەنێوان خیانەت و تەسلیمیەتدا بەجێهێشتبوو. یان ئەوەتا بۆ بەرخودان وەردەچەرخا و پەنای دەبردە بەر دەرفەتەکانی سەرلەنوێ دۆزینەوەی خۆی لەسەر ئەم زەمینەیە، یان بەرەو خیانەت دەچوو.

بەگشتی لەژێر لێپرسینەوەدا ترازان دەهاتە ئاراوە. دوابەدوای هەر ئەشکەنجەیەک کەسێتی ناچارە گەڕانەوەیەکی خێرا ئەنجام بدات. درێژکردنەوەی ئەم قۆناخە و پێداگرتن بەرەو کۆتایی دەیبات. درێژ و کورتخایاندنی ئەم دۆخە زۆر گرنگ نییە، بەڵام ئاراستەی ئەولای وەرگرتبوو.

سەبر و ئۆقرەگرتنیش سنووری خۆی هەیە، ئەگەر لەو پێگەیەشدا هاوسەنگییەک بەرقەرار نەکرێت زیانبەخش دەبێت. (جاهیدە) گومانی لەسەر هەبوو و راستینەی خۆی سەرچاوەی ئەو گومانانە بوو. لەم خاڵەدا پێویست بە هەڵسەنگاندێکی جددی هەبوو بۆ دۆخی (جاهیدە). یان خۆی راست و رێک دەکردەوە، یان دەچووە ئەو جێگەیەی کە ئاراستەکەی وەرگرتبوو. لێرەدا شەڕکردنم لەگەڵ ئەم دۆخەی، دەبووە هۆکارێک بۆ باشتر هەڵبژاردنی ئامرازەکانی پابەندبوونی راستەقینە بە خۆڕاگرییەوە.

بۆیە پێمگووت: "تۆ دۆزی گەلێک و تێکۆشانێکت وەلاخستووە کە ئەو هەموو مرۆڤە لەپێناویدا گیانی خۆی خەڵات کردووە و کەوتوویە دوای مافی (ناموس)ی تاکەکەسی خۆتەوە. زۆرێکمان بەکێشە و گرفت بووین، زۆرێک لە هەڤاڵان دووچاری سزای ژووری گۆشەگیری، هەڵواسرانی پەیوەندییەکانی و سزای هاوشێوەی هاتن. هیچ یەکێکیان ئەمەیان نەکرد بە گرفت. نەیانکرد بە بیانووی کاردانەوە و تووڕەییەکانی خۆیان. ئەو شتانەی لەبارەی تۆوە دەگووترێن ئەوەندە گرنگن؟ ئێوە دەستگیراندار بوون و پارتی پەیوەندییەکەتانی ئەرێ کردبوو.

دەشێت هاوسەرگیریشتان کردبێت، منداڵیشتان لەبار بردبێت یاخود بەوجۆرە بیری لێ کرابێتەوە. لەڕاستیدا زۆر رووداو و پێشهاتی گرنگ هاتنە ئاراوە، کۆمەڵێک هەڤاڵ شەهید بوون، هیچ یەکێک لەمانە ناکەیت بە دەرد بۆ خۆت، کەچی مێشکی خۆت بە بەرگریکاری (ناموس)ێکەوە خەریک دەکەیت و دووژمنیش سوودی لێوەردەگرێت. پێدەچێت دەستگیرکراوانی پێشووتر سەبارەت بە تۆ زانیاریان دابێت بە دووژمن، پێدەچێت لە راپۆرتە دەستبەسەرگیراوەکاندا ناوت هەبووبێت و دووچاری زۆر تاوانبارکردنی جیاوازیش بووبیتەوە. هیچ یەکێک لەمانە مافی ئەوەت پێنادات لەبەردەم دووژمندا هەڵوێستێکی لەوجۆرە وەربگریت. لەکاتێکدا خۆشت باش دەزانیت بەدواتدا دەگەڕێن کەچی دێیتەماڵەوە و سەردانی سلێمان دەکەیت. بەئاشکرا لەگەڵ پۆلیس، نەڤین دەکەیت بە بابەتی مامەڵە و بازرگانی. دەشێت باوکت پارەی هێنابێت، بەڵام ئەوەی گرنگە (گەرەنتی)ییەکانی تۆیە. تۆ لەگەڵ دووژمن بازرگانی دەکەیت. لەسەر چی؟ لێرەش درێژە بەم بازرگانییە دەدەیت، نامە دەنووسیت، بە (زانیاری هەڵە) ناوزەدی دەکەیت، ئەی هەموو ئەمانە جۆرە خۆڕادەستکردنێک نین؟. یان ئەوەتا هەڵوێست وەردەگریت، یان ئەمە بۆ خیانەتت دەبات. بیر لە رۆژانی رابردوو بکەرەوە. خۆت باس لە بەرزی و پیرۆزی شۆڕشگێڕی و قەشەنگی ئەو ژیانە دەکەیت. کەواتە بەخێرایی خۆت لەم دۆخە رزگار بکە کە تیایدایت، ئەمە بە دەست خۆتە. دووژمن یەخەت بەرنادات. چونکە تۆ بوێریت پێدا. هەرجارە و داوای شتێک لێدەکات، داوای خۆشت دەکات و کە ئێستاکە تۆ هی (PKK) نیت، لەبەرامبەر پارتی جێگەت گرتووە. دووژمن لەوەش زیاتر و خراپتر بەکارت دەهێنێت. ئەگەر هەڵوێستی راست و دروست وەربگریت، خاوەن بڕیاری خۆت بیت، ئەوا بێگومان

بە کە وازت لێدەهێنن. هەرجارە و بانگت دەکەن، تۆ لەلایەک داواکانیان جێبەجێ ناکەیت و لەولاشەوە هیوایان پێدەدەیت، چونکە هەڵوێست وەرناگریت. هەڵوێست وەربگریت، بوێریان نامێنێت و بانگت ناکەنەوە. بڕوانە داواکاری سیخوڕی لەوانەی دەرەوەی ئێمە دەکەن، فیتنە و فەسادییان بەسەردا دەسەپاندن، بەڵام قسەمان لەگەڵ دەکردن، هەر کە تۆزێک هەڵوێستیان وەردەگرت، دووژمن دەستبەرداریان دەبوو. ئەم دۆخە ئێستاکەش هەر بەردەوامە و ئێمەش هەر بەردەوامین لەشەڕکردن لەدژی دووژمن. وا مەکە، بەڕاستیش ئەگەر پابەندیت بە سلێمانەوە و ڕێزت هەبێت بۆ خۆشەویستی، ئەوا هەڵوێستی خۆت دەگۆڕیت. ئەگەرنا لەبەرامبەر سلێمانیش بەکارت دەهێنن".

کاتێک ئەمانەم دەگووت، ناوەناوە تووڕەیی دەیگرتم و دەنگم بەرز دەبووەوە، ناوەناوەش بەدەنگێکی نزم کە تا بیر لەو هەست و سۆزانەی بکات کە هێشتا لەدەستی نەداون، ئەو هەستانەی کە دەیانباتەوە بۆ ئەو سات و ڕۆژانەی پێکەوە و بە هاوبەشی کار و خەباتمان دەکرد. بەهەنسک و بە گریانەوە گووتی: "ئەو ڕۆژانە جیا بوون. پارتی لە خارپێت جیاواز بوو. لە گرێ سۆر شتێکی تر بوو؛ هاوڕێیەتی دەکرا بە فیدای حیسابی تاکەکەسی. پێوانە و پێودانگەکان جیابوون. تەنانەت لەناو خەڵکیشدا ناوزڕاویان کردم. ئیتر نەمدەتوانی سەیری کەس بکەم".

هاتمە وەڵام و پێمگووت: "خۆت کۆکەرەوە. یان لەسەر پێخەفی، یان دەگریت، یان جگەرە دەکێشیت. خۆت لەم دۆخە ڕۆحییەت ڕزگار بکە! ئەوەی لاوازت دەکات ئەو هەڵوێستانەتە کە لەبەردەم دووژمن نیشانی دەدەیت، کاریگەرییەکانیشی بەردەوامن. هێشتا کات هەیە، هەموو شتێک بەدەست خۆتە. بە ئاشکرا پێیان بڵێ: "ئیتر بانگم مەکەن، چونکە هیچتان پێ ناڵێم،

هیچتان بۆ ناکەم" حەزدەکەن بانگت بکەن. بۆچی خۆ هەموو سات و رۆژێک نایەن بۆ ئێرەش؟ هەموو جۆرە گوشار، ئەشکەنجە و هەڕەشەیەکمان لێناکەن؟ کەوابوو دەبێت تۆش بەرخودانی بکەیت، بەتەنیا نیت. خۆت لە تەنیایی رزگار بکە. باشە؟".

"باش"

کە پرسیم "بەڵێن؟" گلێنەی چاوی تۆزێک گەشانەوەی پێوە دیار بوو، بەلاَم هێشتا پڕبوو لە فرمێسک و گووتی "باشە، بەڵێن بێت".

پێمگووت: "دەی کەواتە هەڵسە، خۆت کۆبکەرەوە و زیندوو ببەوە. واز لەم حاڵەی خۆت بهێنە" هەستا. دواتر تۆزێک هاتەوە هۆش خۆی. خواردنی دەخوارد، هەڵدەستا، دەڕۆشت، قسەی دەکرد و کەمیش بێت رووی لە ژیان کردەوە. ئەم گۆڕانەی ئەو، هەڤالانیشی ئاسوودە دەکرد. هەڵبەتە هێشتا هەندێکیان بە گومان بوون و بڕوایان بە کاتی بوونی ئەو دۆخەی دەکرد.

## نامەکەم نەگەیشتە دەستی (مەزڵوم)...

بەگشتی دیارنەبوو رەوش چیی بوو و لەدەرەوە چی روویدەدا، گەل لە چ دۆخێک دایە، هەڤالان رێوشوێنیکی چۆنیان گرتۆتەبەر. شیمانە، خەیاڵ، شیرۆڤە و پێناسەکان بەرجەستە نەبوون. دەرفەتی چاودێریکردنی دەرەوەمان نەبوو. **هیچ** هەواڵێکمان بەدەست نەدەگەیشت، چ رادیۆ، چ رۆژنامە و چ بەهۆی کەسوکار و سەردانیکارانەوە بێت. ناوبەناو دووژمن رۆژنامەی دەهێنا کە بە هەواڵی کوشتن و لەناوبردن، پڕووپاگەندەی خۆیان، هەواڵی زێدەڕۆیی و درۆ پڕکرابوونەوە، پاشان لێیان دەسەندینەوە. جاروبار رۆژنامەی رەنگاوڕەنگیان پێدەداین کە قیمەتی هەواڵێکیان نەبوو، بەڵام لەوەها رۆژگارێکدا تاکە خوێندنەوەی ریزە نووسراوێکیش واتای تایبەت بەخۆی هەبوو.

ئەشکەنجە پەرەی سەندبوو، بەشێوەیەک کە هەموو رۆژێک، هەموو ئانوساتێک بە ئەشکەنجە گوزەری دەکرد. شەو و رۆژی نەبوو. کەی بیانویستایە دەیان سەرباز خۆیان دەکرد بەژووردا و دەستیان بە دارکاری و لێدان دەکرد. بەگشتی سەربازانی قاوشەکان ئەم کارەیان بە پارچەیەک لە ژیانی رۆژانەی خۆیان دەزانی.

دۆزی گرووپەکەی ئێمە کە بە گرووپی خارپێت ناوزەد کرابوو، سەرباری هەموو هەوڵ و تەقەلایەکی پارێزەرانیش رەوانەی خارپێت نەکرا و ئاوێتەی دۆزی (PKK)ی ئامەد کرابوو. بڕیاری دادگا لە هەموویان زیاتر دڵی (ئەسەد ئۆکتای) خۆش کردبوو. لە زەوقدا وەختەبوو دەفڕی. دوای بڕیارەکەی دادگا بەدەم چەقەنە لێدانەوە هات و گووتی: "هیچ شتێک ئەوەندە

ئاسوودەی نەکردووم". یەکەمجار بوو بەشداری لەدانیشتنێکی دادگا دەکرد. بە ئاشکرا خۆیان ڕەوت و ئاراستەیان دابوو بە دانیشتنەکە.

دوای ماوەیەکی درێژ یەکەمجار بوو چاوم بە هەڤاڵان دەکەوت. چەند مانگێک بوو گیرۆدەی کۆمەڵێک هەواڵی ناڕاست ببووین. لەو بڕوایە دابووم کە لەدادگا هەواڵم دەستدەکەوێت. کەچی ئەگەر تەماشای یەکتریشمان بکردایە بە لێدان و جوێندان مامەڵەیان لەگەڵ دەکردین. ئەوانەی لەلای چەپ و ڕاستمەوە دانیشتوون هەر سەیریشیان نەدەکرد و وەڵامی پرسیارەکانیشیان نەدەدامەوە. بە ریز چاوم بە یەکبەیەکیاندا دەگێڕا. مەلوولی و سەرخواربیەکانی ئەوانەی وەڵامی قسە و پرسیارەکانیان نەدەدامەوە، زیاتر شێتی دەکردم. لە هەمان بارودۆخدا بووین، ئێمەش ئەشکەنجە دەکراین، بەئێمەشیان دەگووت لە دادگا قسە مەکەن و مسۆگەر دەشمانزانی کە لە گەڕانەوەدا دارکاریمان دەکەن. سەرەڕای ئەوەش پێویست بوو قسە بکرێت، سەیری یەکتر بکەین و ئەگەر بەچاویش بێت سڵاو لە یەکدی بکەین. ئەوەندەش نا ئیتر..! دوو سێ هەڤاڵ گووتیان باشین و بەس. چاوێکم لە هەڤاڵانی ئەولاتر کرد، ئەوان لەدوور دانیشتوون و بەبێدەنگی پێدەکەنین. ئەوان ئاسوودەتر بوون. سەرباز خۆی زۆر تێنەدەگەیاندن، بەڵام جوێنی بەوانی تر دەدا، بە قامچی "جۆپ" دەیکێشا بە دەستە کەلەپچەکراوەکانیاندا. کەلەپچەکان تا هاتنی دیوانی دادوەری نەکرانەوە. ئەو هەڤاڵانەی هێنرابوونە هۆڵی دادگاوە چاکەتی ڕەشیان لەبەر کرابوو کە جلکی زیندانە. لەژێرەوەش جلی مەدەنی بوو. هەڤاڵان وەهایان پێ باش بوو کە پەڕاوی دۆزەکە لە خارپێت بکرێتەوە. (زەکی بوداک) و (حسێن گیونگیۆز)م لێوە نزیکتربوون بۆیە گوێم لە چپەکانیان بوو. لەو

ساتەوەختەدا خۆم نەخستە ناو باسەکەیانەوە، هەر کە چاوم بە خۆشحاڵبوونەکەی (ئەسەد ئۆکتای) کەوت، گووتم: "بەنەفرەت بێت، خۆزگە رەوانەی خارپێت دەکراین". دوای گەڕانەوەشمان بۆ قاوشەکە ئەو رەوشەمان بە درێژی و فراوانی شیرۆڤە کرد.

پیلان لەسەر گرووپی خارپێت داڕێژرا بوو. (شاهین) لە خیانەتدا جۆکەرێک بوو، ئاشکرایە کە دووژمن لەبەرامبەر گرووپەکانی تر بەکاری دەهێنا. لەملاشەوە بەدەیان کادیری پێشەنگ هەبوو. (مەزلوم)، (خەیری)، (کەمال)، (کاراسو)[87]، (رەزا)[88]، (موزەفەر)[89]... و زۆری تر. هەر یەکەیان لە دۆزەکەدا هەڵدەستان و قسەیان دەکرد، زۆر هەڤاڵی تری ناسیاو هەبوون. دەمانگووت: "ئەمانە هەموویان پابەندن بە پارتییەوە و هێزی بەرگریکردنیان هەیە" (شاهین)ێک چی پێدەکرێت؟ هەرچییەکی پێبوو هەڵیڕشتبوو، شتێکی نوێی پێنەبوو. لە شیرۆڤەکانماندا وامان دادەنا کە "زیاتر قسەی پێدەکەن و هەوڵدەدەن ورەمانی پێبشکێنن".

یەکەم گرووپێک دووچاری رەشبگیری هاتبوو، گرووپی خارپێت بوو، بۆیە وامان دادەنا کە یەکەم کەس ئێمە ببردرێنە دادگا. منیش لەم بوارەدا ئامادەکاری بەرگریکردنم دەکرد. هەڤاڵان کاتێک لە زیندانی توندی سەربازی بوون، سەبارەت بە

---

87 موستەفا کاراسۆ – یەکێکە لە ئەندامانی بەڕێوەبەرایەتی ئێستای کۆما جڤاکانی کوردستان KCK کە لەو سەردەمانەی باسی لێوە دەکرێت لەزینداندا بووە.

88 رەزا ئاڵتون - یەکێکە لە ئەندامانی بەڕێوەبەرایەتی ئێستای کۆما جڤاکانی کوردستان KCK کە لەو سەردەمانەی باسی لێوە دەکرێت لەزینداندا بووە.

89 موزەفەر ئایاتا - یەکێکە لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەی pkk کە لەو سەردەمانەی باسی لێوە دەکرێت لەزینداندا بووە.

بەرگریکردن گفتوگۆیان کردبوو، پلانێکیان داڕشتبوو و پلانەکەیان پێشکەشی پارتی کردبوو. دانەیەکیشیان دابوو بە قاوشی ژنان. نووسراوەکان پارچە پارچە شاردرانەوە. هەڤاڵان دەیانگووت شوێنەکەی پارێزراوە، دەرهێنانەوەشی مەترسیدارە. لەلایەک ئەگەری ئاشکرابوونی بۆ کەسانی تر و لەلایەکیش لە پشکنینێکدا دووبارە شاردنەوە و پاراستنی ئەستەم دەبوو. هاوکات هەندێک شوێن هەبوون کە بەردەوام بەکارمان نەدەهێنا. هەربۆیە لەکاتێکی گونجاو دەگەڕاین. دەبووایە هەریەکە و دانەیەکیان لەبەر بگرینەوە و دیسان بیانشارینەوە. ئەگەر بکەوتایەتە دەستی دووژمنیشەوە دەمگووت: "بەرگرینامەی خۆمە". ئەوەی سەبارەت بە پلانەکە لە بیرمان بوو گفتوگۆمان لەسەر دەکرد. بێگومان لایەنێکی دیکەی کێشەکەش هەبوو، ئەویش؛ بەبێ وەرگرتنی مۆڵەتی ڕێکخستن نەدەکرا بەرگری بکرێت. لەم بارەیەوە لەناو گرووپێکی بچووک لە هەڤاڵان گفتوگۆمان دەکرد. لە ڕۆژانی لێپرسینەوە بەولا پەیوەندیم لەگەڵ ڕێکخستن لەئەستۆ گرتبوو، بەرگریم لە ئایدیۆلۆژیا و ئامانجەکەمان دەکرد. هەمان هەڵوێستم لە یەکەمین دانیشتنی دادگاشدا نیشاندا، تەنانەت بەرگریکردنەکەم بەشێوەیەکی روونتر و لە ئاستێکی بالاتردا بوو. دیارە لەم خاڵە بەولاتر کەس بۆی نەبوو داوای هەنگاوی پاشەکشەم لێبکات، کە هیچ نیگەرانی و دوودڵییەکیشم نەبوو لەم ئامانجەدا. لانیکەم ڕێکخستنمان ئاگادار بکردایەتەوە باشتر دەبوو. چەند جارێک نامەی بچووکم ئامادە کرد، بەڵام دەرفەتی گەیاندنم دەستنەدەکەوت. رادەستی هەموو

کەسێکم نەدەکرد، ئەو هەڤاڵانەی کە دەمویست نامەکەیان پێبدەم تووشی یەک نەدەهاتین. کارمان بە بەخت و رێکەوت دەکرد. دوایین جار نامەیەکم بۆ هەڤاڵ (مەزڵوم) بەڕێکرد، بۆ چەند مانگێک هەر چوو و گەڕایەوە. نەمکردەوە و نەمتوانی لەناویشی ببەم. بەردەوام بڕوا و هیوام بە گەیاندنی هەبوو. نامە نەگەیشت، نەمانتوانی بیگەیەنینە دەستی هەڤاڵ (مەزڵوم).

## بەرخودان گەورەتر دەبێت

لەمانگی ئایاردا دونیایان بەسەردا رووخاندین. رۆژانێک بوو کە ئەشکەنجە بە ئاستی وەحشیانە گەیشتبوو، رۆژانێک بوو کە (ئەسەد) بەردەوام خۆی دەکرد بە قاوشەکاندا و کەف و جوێن لەدەمییەوە دەهاتە دەر – بەبێ جیاکردنەوەی قاوشی ژنان. رۆژانێک بوو کە بەزۆر جلی بە پیاوانێک دادەکەند و دەیهێنایە قاوشی ژنانەوە، وەها نیشانی دەدا کە هەوڵی دەستدرێژی دەدات و بەمەش گوشاری دەروونی دروست دەکرد. هێنان و بردنی پیاوی نیو رووت هێمای خێر و بەرەکەت نەبوو. جارێکیان (ئایسەل)یشیان بانگ کرد و بردیان. کە گەڕایەوە مەلول و بێتاقەت بوو، رەنگی پەڕی بوو. لەگەڵ (سەلیم) چاوپێکەوتنیان پێکردبوو. (سەلیم) هێشتا یاسا سەپێندراوەکانی ناو قاوشەکانی پەسند نەدەکرد. دواتر زانیمان کە لەو رۆژەوە پەسندی کردووە. (ئایسەل) دەیگووت: "هەڤالان رووت و قووت کرابوونەوە و ئەشکەنجەی زۆر خراپ و هۆڤانە کرابوون. (مەزلوم)یش لەناو گرووپەکەدا بوو. کاتێک (سەلیم)یان هێنا (ئەسەد) گووتی؛ دەستدرێژی دەکەمە سەر (ئایسەل).. و هێنایانە لام. پاشان (سەلیم) یاساکانی پەسند کرد، پەلکێشیان کرد و بردیانەوە". ئازار یەخەی هەموومانی گرتبوو، بەڵام هەرگیز بێ هیوا نەبووم، هەمیشە دەمگووت دیارە شتێک دەزانن.

حەوت مانگ بوو بەرخودانییەکی بێ وێنە و لوتکەئاسا کرا. ئەم ماوەیە تەنانەت لە شەڕی بەرەی نێوان دوو سوپا درێژترە. لە شەڕدا هاوسەنگی هێز و هەندێک هەلومەرج هەیە کە یەکتر هاوسەنگ دەکەن. بەدرێژایی مێژوو هیچ شەڕێک هێندەی ئەم

شەڕەی نێوان ئێمە و دەوڵەتی تورک ناهاوسەنگ و یەکلایەنە نەبووە، پێدەچێت هیچ دەوڵەتێکیش هێندەی دەوڵەتی تورک خاوەنی ئامرازی هار و دڕ و هۆڤانە نەبووبێت.

جەماوەرێکی هەزاران کەسی بەندکراو هەبوو. زۆر حیزب و لایەن و گرووپ هەبوون هەر لە رۆژی هەوەڵدا خۆڕادەستکردنیان هەڵبژاردبوو، لە گۆڕەپانی شەڕ کشابوونەوە. ئەمە لەناو خۆدا لاوازکردنی زەمینی بەرهەڵستکردنی پەلامارەکانی دووژمن و بەتەنیا بەجێهێشتنێک بوو. پاش ماوەیەک بەرخودان بە گرووپێک کادیری پێشەنگ بەڕێوەچوو. ئەم کادیرە پێشەنگانە لەولاشەوە لەلایەن بنکەی کادیرانی خۆیەوە بەتەنیا جێهێڵدرابوو. بنکەی کادیران و لایەنگر و هەواداران بە ئەشکەنجەی زۆر سەخت و گوشاری زۆر؛ پارچە پارچە کراوە و بێ رێکخستن کراوە، جۆرە شەڕێکی یەک بە یەکە و کادیری پێشەنگ بێ هاوار و هاوکار بە تەنیا مابوو. لەم دۆخەدا بەرخودان دۆخێکی ئەفسانە ئاسا وەردەگرێت، هێزێکی بێ وێنەی ورە و بڕوا دروست دەکات. هیوا لەو خاڵەدا بوو. هەمووان دەمانگووت "مسۆگەر ئەم دۆخە پێچەوانە دەبێتەوە". یاسای بەزەبر و زۆر سەپێندرابوون، بڕوامان بە هاتنی رۆژانی رەتکردنەوەیان هەبوو. چاوەڕێی هێمایەکی وەها بووین. دەمانگووت: "تەنیا با رێگەی رزگاربوونی هەزارانمان پیشان بدەن، تەنیا رێبازەکەیمان پێ بڵێن، ئەوی تر هەرچییەک بێت ئامادەین". لەم بوارەدا تۆزقاڵێک رەشبینی، یاخود هەر رەفتارێک کە بڕوایەکی وەک "ئیتر ناگۆڕێت، واهاتووە و وا دەڕوات"ی هەڵبگرتایە، ڕووبەڕووی توندترین کاردانەوە دەهات. جاروبار هەندێک بێ ئومێدی وەهاش دەهاتنە ڕێمان. قسەی وەک "هەموو کەسێک یاساکانی پەسند کردووە. ئێستا یان دواتر سەر بۆ سەپاندنەکانی دووژمن شۆڕدەکرێت..."

و شتی لەمجۆرە بە کاردانەوەی توند وەڵام دەدرایەوە. بێ باوەڕییەکی گەورە بوو. هەمیشە بڕواداربووم بەوەی: "لە (PKK) دا بێ باوەڕی جێگەی نییە. ئەوەی بێ باوەڕ بێت نابێت بە (PKK)یی، نابێت بە شۆڕشگێڕ و چەپڕەو. دەشێت دووژمن لەڕووی تەکتیکەوە بەهێز بێت، ئێمەش هەندێک لە یاساکانمان پەسند کردبێت، بەڵام ئەمانە درێژ ناخایەنێت، مسۆگەر هەڤاڵان لە دەرەوە شتێک دەکەن" و ئەم باوەڕییە بەردەوام چالاک و زیندوو بوو. بێگومان لەولاشەوە دڵ و هزر بەو هەواڵە نوێیانە رازی نەدەبوو کە وەبەرگوێ دەکەوتن. وەک ئازارێک لەسەر دڵمان جێی دەکردەوە، لە دۆخی ئەوساکەماندا زیاتر ئازاری دەداین. ئەگەرچی بەشێوەیەکی کاتیش بێت، بوونی شکست لەبەرامبەر بە دووژمن، بەتایبەتیش جێکردنەوەی ئەم دۆخە لەناو کادیری پێشەنگدا، مایەی زەحمەتی و ژانێکی گەورە بوو. هەوڵم دەدا دەوروبەرم پێی نەزانن و هەستی پێنەکەن. کەس نەیدەویست شتێکی وەها ببیستێت و پەسندی بکات. کاتێک دڵگرانی بە تەنیا هێشتنەوەکەشی لەسەر زیاد دەبوو، قورساییەکە دەهێندەی تر زیاد دەکرد.

لێرەدا پڕووپاگەندەکانی دووژمن و دۆخی ئەوانەی لە هەوڵی دۆزینەوەی بەرگێکدا بوون بۆ تەسلیمکارییەکانیان، ئەوانەی لەناوخۆیاندا نەیاندەتوانی هێزی تێپەڕکردن و تێکشکاندنی لاوازی و بێچارییەکانیان کۆبکەنەوە..هتد گرنگی زیاتری بە دەست دەهێنا. هیچ یەکێک لەمانە کۆسپ نەبوون لەبەردەم پێچەوانەکردنەوەی هەلومەرجەکەدا. بواری کاریگەرییان تا شوێنێک بوو، دەشیا هەندێک کەسی بگرتایەتەوە. بەرخودانیش لە هەلومەرجێکی زۆر ناهاوسەنگ و هێرشگەلێکی وەحشیانەدا شکابوو. بێگومان کاریگەری هەبوو، بەڵام بەو هۆکارەی وەک دۆخێک لێکدرایەوە

و دەرکی پێکرا کە پابەندی، باوەڕی و هیوایەکی گەورەی بەرخودانی لەناخی خۆیدا هەڵگرتووە، بەشێکی زۆری بەندکراوان وەک پیلانێکی درێژخایەن لێکیان نەدەدایەوە. هیوایان بە گشتگیربوونی بەرخودان و دەستەبەرکردنی هەلومەرجەکانی هەبوو. ئەمەش هیوایەک بوو کە بەردەوام کراوەیە بۆ پێشهاتی نوێ و چانسی سەرلەنوێ خۆ کۆکردنەوەی دەهێنا. جگە لە هەندێک ئەندامی خیانەتکار و ئەوانەی کە لەقووڵایی ناو جەرگەی خۆیاندا لە بنهاتبوون، زەحمەت نەبوو بتوانیت سەرلەنوێ ئەوانە قازانج بکەیتەوە کە لە ژێر پیلان و پەلاماری سەختدا تووشی بێ باوەڕێ و بێ چارەیی هاتبوون. دووژمنیش بەمەی دەزانی و هەرچییەکی لەدەست بهاتایە بۆ لەناوبردنی هەموو دەرفەتێکی سەرلەنوێ خۆکۆکردنەوە درێخی لێ نەدەکرد. هەر لاوازی و درەنگ کەوتنێک لە بەرەی بەرخودانەدا، بواری کاریگەری دووژمنی بەرفراوان و قووڵ دەکردەوە.

چیدی هاوار و ناڵەی مرۆڤ بەهۆی ئەشکەنجەوە، لە داڵان، حەوشەی هەواگۆڕین، قاوشەکان و سەراپای زیندان دەنگی دەدایەوە. دووژمن ئامانجی دروستکردنی کەسێتی (یەکجۆر)ی خستبووە بەردەمی خۆیەوە. دووژمن کۆمەڵگەیەکی ترسناکی وەهای دەیوست کە لە مرۆڤایەتی، کوردایەتی، شۆڕشگێڕی ڤاڵا کرابێت، کڕنوش بۆ هەموو شتێک ببات! دەیویست لەسەر لاوازترین، پاشڤەڕۆترین و داماوترین ئاستی لەخۆبیانیبووی جیهانی مرۆڤایەتی، بەڕۆحێک بە لوتکە بگات کە تا سەر ئێسقان بە رەگەزگەرایی، شۆڤێنیزم و فاشیزم هەوێنکراوە. هەر ئەمەش جەوهەری سیاسەتی دووژمن بوو لەمەڕ زیندان. وەک هۆڤێکی دڕ پەلاماری لاوازەکانی دەدا، بەشێوەیەک کە هەموو جۆرە

لەناوبردنێک لەخۆوە بگرێت سزایان بدات و بەمجۆرە تۆڵە بکاتەوە!

مرۆڤایەتی وەک هەڵچنراوێکی تێکەڵ و پێکەڵ لە جەستە بێدەنگ و بێ شەرم وابوو لە بەرامبەر کەمپەکانی نازی. تەنیا جەستەی رووت. هیوا بێ واتاکەی نێو چاوانیشی لەنێو برابوو. تەنیا کاتێک بەرەو مردن رایان دەکرد جوڵەی جەستە رووتەکان بەدی دەکرا و بەس! کاتێک پرسیار دەکرا کە "ئایا شوێنی هاوشێوەی هەیە لەسەر رووی زەمین؟" پێویستی نەدەکرد زۆر دوور بچیت، تەنیا ئاوڕێکت لە ئامەد بدایەتەوە بەس بوو!، بەڵام ئامەد زۆر جیاوازتر بوو..

چۆن دەتوانرا ئامەد پێناسە بکرێت؟ هەم لە هەموو شوێنێک دەچوو، هەم بێ وێنە بوو. تەنانەت ئەو رووتییەی ئەشکەنجە داپۆشرابوو کە لە مرۆڤایەتییەکەی داماڵرابوو. تا هێزی هەبوو هاواری دەکرد، قسەی دەکرد، بەڵام سروودەکانی دووژمنی دەگووتەوە، دڵی شەرمی لەخۆی دەکرد، مێشکی پێداگری لەسەر هەردووکیان دەکردەوە. کەسایەتی بەندکراو لەناو ناکۆک "پارادۆکس"ێکی وەهادا دەژیا. دووژمنیش هەم لە کەیف و سەفای بردنەوەدا بوو، هەم هەستی بە ترسێکی گەورە دەکرد. بەندکراو پرسەی دۆڕانەکەی خۆی دەگێڕا، ئەوانەی بناخەی دروستکردنی ئەو ترسە گەورەی دڵی دووژمن بوون، ئەو بەندکراوانە بوون کە هیوای نهێنییان هەبوو، رەگی ژیانیان بە قووڵاییدا بردبوو.

بە ئەنقەست دادگاکانیان نەدەکردەوە. چونکە دەیانزانی لە دادگاکاندا چی دادگایی دەکرا. هەربۆیە دەیانویست ئەو هێز و ئیرادەیە بە تەواوی سەرکوت بکەن کە لەوێدا رۆڵی دەبێت.

# تەڵەکەبازی: گەنجانی کەمالیست

(ئەسەد) دەیگووت: "سەرکردەکانتانم وەکو مێشێک پانکردەوە، تاکە کەسێک نەماوە کە یاساکانی پەسند نەکردبێت هەموویان ئێستاکە کەمالیستی گەنجن. کۆمیتەی ناوەندی (PKK) نەما. ئێستاکە گەنجانی کەمالیست هەن. ئیتر کۆمۆنیست، کوردپەروەر، (PKK) پەروەری، فلانی و فیساری نەما، هەموویان سەربازی منن" و زۆر هەوڵی دەدا بەم مەرامەی بگات. لەناوخۆدا پێویستی بە دروستکردنی کاریگەریی هەبوو. بەشێکی زۆر بە پەسندکرانی یاساکانیان نەدەزانی و بڕوایان نەدەکرد. لێرەدا مرۆڤ بیر لە هۆکارێک دەکاتەوە. تەنیا ئەوانەی ناو قاوشەکە لە هاتوچۆی دادگا، نەخۆشخانە و شتی تر لە بەندکراوانی تر جیابوون. روویان لە دیوار نەبوو. کاتێک سەرباز جوێنی دەدا لە وەڵامدا نەیاندەگووت: "فەرمانتە گەورەم". خۆشیان یەکلا نەبوون لە مامەڵە و رەفتارەکانیاندا. بەگشتی جیاوازی بەرچاو هەبوو. لە هەندێک قاوشدا، چەند کەسێک لە بەندکراوان کڕنوشیان بۆ هەموو شتێکی دووژمن دەبرد، چیيان لێ داوا بکرایە دەیانکرد. بێ سنوور، لەناو خۆڕادەستکردنیکی وەها قووڵدا بوون وەک هەموو داوێکیان پچڕاندبێت. ترس و سام هەموو لایەکیانی گەمارۆدابوو، شەکەت بوون و تادەهات زۆر بەخراپی تووشی لەدەستدانی بڕوا دەبوونەوە.

(ئەسەد) بەشێوەیەکی تر مانگی تشرینی دووەمی پیرۆز دەکرد! خودی "گەنجانی کەمالیست" بەشدارییان لە مەراسیمی یادکردنەوەی "کەمال ئەتاتورک" دەکرد. پێشبڕکێی هۆنراوە،

نووسین و گووتاری ڕێکدەخست! پیلانەکەی زۆر نامەردانە و ریسوایانە بوو؛ دیاربوو تۆڵەی شتێکی دەکردەوە. لەو بڵندگۆیانەوە کە بە لامیچێکی قاوشەکاندا هەڵواسرابوو (ئەسەد) گوایا بەبۆنەی مانگی تشرینی دووەمەوە دەیگووت: "مەراسیمێکی شایستەی ئاتا[90] ڕێکدەخەین. ئەوانەی کە سەردەمانێک ناوەندی ئەم ڕێکخستن و ئەو ڕێکخستن بوون، زۆرێک مرۆڤی داماویان دەخەڵەتاند، ئامانجی پارچەکردنی وڵاتیان خستبووە بەردەم خۆیانەوە، ئێستاکە لەدەستی دەوڵەت دان، پەشیمان بوونەتەوە، لە ئێستا بەدواوە وەکو میلیتانێکی دەوڵەتیان لێدێت".

کۆمەڵێک کەسیان لە زۆربەی قاوشەکانەوە بانگهێشت کردبوو؛ ئەوەی خیانەتی کردووە، ئەوەی بەرخودانی کردووە، کەسی لاواز یاخود ئەوانەی دووژمن بە (ئاقڵ) داینابوون. کەسانێکیش بەڕاستی بە هەوەسی (ئاقڵبوونی خۆیان)ەوە ئەم خواستەیان پەسندکرد. ترس هەندێک کەسی (ئاقڵ) کردبوو! هەر چۆنێک بێت کەوتبووە زەلکاوەکەوە، چی دەبوو ئەگەر تۆزێکی تریش نوقم ببووایە و پیسایی زیاتری لە لەشی خۆی بسووایە؟ بۆ دووژمن ئەو جۆرە کەسانە گرنگ نەبوون. پیلان و ئامانجی جیاواز بوو.

(گیۆنول)یشیان بانگکرد، ڕۆیشت. ئەو ژمارەیان بەلاوە کەم بوو، بەڵام کەسی تر نەیدەویست بڕوات. ئەگەر بە زەبری لێدان و ئەشکەنجەش بیانبەن، کەس بەدڵی خۆی نەدەڕۆیشت. (گیۆنول) هێشتا لە بای (ئاقڵ)ی دابوو. لەولاوە (ئەسەد) بانگەوازییەکی کرد: "پاش کەمێکی تر (شاهین دۆنمەز)، (محەمەد خەیری دورموش)، (کەمال پیر)، (ڕەزا ئاڵتون)... سەبارەت بەم ڕۆژە گووتارتان

---

[90] دەستەواژەیەکە بۆ ئەتاتورک بەکاردەهێندرێت، لە کوردیدا بەرامبەرەکەی باپیرەیە، بەلام زیاتر پاش گەورە و بێ سنووورکردنی فاشیزم و ڕەگەزگەرایی تورک ئەم وشەیە لەلای هەلگرانی ئەو فیکرە هاوتەریبە لەگەل دەستەواژەی خوداوەند ..

پێشکەش دەکەن". سەرەتا کەس بڕوای نەکرد. منیش گووتم: "بەناوی ئەوان رووخاو و تەسلیمکارەکان بە قسە دێنن. هەی نامەردینە؛ بە ئەنقەست ئەو ناوانە دەدەن. دەیانەوێت کارمان تێبکەن. تەڵەکەبازییەکی دووژمنە. با هەڤاڵان ورەی خۆیان تێکنەدەن". ئەمانەم گووت، بەڵام لەناخی خۆمدا هەستم بە نیگەرانی دەکرد. تۆبڵێی راست بێت؟ بۆ تاکە چرکەیەکیش نەمدەویست بیر لەم بابەتە بکەمەوە. سەرباری هەموو شتێک پێویست بوو رێگری لە کاریگەری نەرێنی بکرێت و هەڤاڵان لە هاتنی هەر ئەگەرێک بە ئاگابکرێن.

(ئایسەل) وەک تۆپەڵێک لەسەر قەرەوێڵەکەی ونبووە، بە دەنگەوە ئاخێکی قووڵی هەڵکێشا. ئۆف و ئاخەکانی ئەو هەمیشە مامۆژنە (ئەسما)می وەبیر دەهێنامەوە. پاش خنکانی (محەمەد)ی کوڕی لە گێژاوێکی چەمی مونزوردا، ئامۆژنم ئاخ و ئۆفی لێ کەم نەدەبوو. دانبەخۆداگرتن لەبەرامبەریدا؛ زەحمەتترین کاری دنیابوو. هەرگیز رانەدەهاتم لەگەڵ ئەو دۆخەیدا. ئەوەی (ئایسەل)یش بەهەمان شێوە.. ئەم وشە پڕ لە ئازارانەی وەک ئەشکەنجەیەک وابوو. (ئایسەل)یش لەم بەزمەی زۆر بوو. ئەو وشانە وەک دەنگی لاواندنەوەی بێچارەیی و کۆتابوون وابوو. دەکرێت بە بۆنی مردنیش پێناسە بکرێت. ئەگەرچی لایەنی پڕ لە رک و کینیشی هەبا، لاواز بوو، لەناو بێچارییدا ون دەبوو.

لە بڵندگۆکانەوە دەنگی (شاهین) هات و باسی لە ئەتاتورکگەرایی دەکرد. پرەنسیپەکانی کەمالیزمی دەژمارد. بەدەنگیدا هەموو شوێنەوارێکی هەڵگەڕاوەیەکی پێوە دیاربوو کە چۆن بۆ سەرکەوتن لە کێبڕکێی تاقیکردنەوەیەک نووسراوێکی ئامادەکراوی بە ئاهەنگ و ئاوازەوە دەخوێندەوە. بەبیستنی دەنگی (شاهین) هەر کەسەو لەجێی خۆیەوە دەستی بەجوێندان کرد.

بەشێوەیەک کە دەنگی جوێنەکان تێکەڵاوی یەکتر ببوون: "نامەرد، ناکەس بەچە، ریسوا! چۆن هاوار دەکات. وەک ئاژەڵە. بووە بە گەنجی کەمالیست! مادام وایە با ناوی خۆی بکردایە بە ئەتاتورک...هتد" من و (گوڵتەن)یش بەناو قاوشەکەدا رایەڵکەمان دەکرد. (گوڵتەن) بە نیگەرانییەوە پرسی: "ئەو هەڤاڵانە دەهێننە قسە کە ناویان هێنرا؟" گووتم: "لەوانەیە... بەڵام ئەمەش تەکتیکێکە، هەڤاڵان رێساکانیان پەسند کردووە. ئەمانەیان هەر لە سەرەتاوە لەبار بردووە. دەبینیت، وەکو ئەوانی تر نین. دووژمنیش دەزانێت. دووژمن دەرکی کردووە کە هەڤاڵان بە بیرکردنەوە لە رەوت و پێشهاتی دۆخەکە ئەم قۆناخەیان لەبەرچاو گرتووە. بۆ ئەوەش بە رێبازی جیاجیا گوشار دەهێنن. دەیانەوێت رەواڵەتێکی وەها دروست بکەن کە هەم ئەو هەڤاڵانە و هەم سەرجەم بەندکراوەکان لەخۆیان و رامانەکانیان دووربخەنەوە. ئەم دیمەنەش نەک لە ئاستی چەند کەسێکدا، بەڵکو دەیانەوێت وانیشان بدەن کە ترازانەکە هاوبەش و سەرتاسەرییە. هەوڵدەدەن وا بکەن کە هەموو کەسێکیش بڕوا بەم یارییەیان بهێنێت. مسۆگەر تەڵەکەبازییەکە، دەیانەوێت لەبەرامبەر بەهەڤاڵان بێ متمانەیی دروست بکەن".

لەکاتێکدا کە هەموومان بە تاسەوە شیرۆڤەی جیاجیامان دەکرد و لەناو نیو بێدەنگییەکدا بووین دەنگی هەڤاڵ (خەیری) هات. بەبیستنی دەنگەکە "ئاااا! دەنگی هەڤاڵ (خەیری) "، پاشان بێنە و بەرەی " نەخێر ئەو نییە"، " نا، نا، ئەوە" دەستی پێکرد. ئەمانە یەکەم کاردانەوەبوون، کە پاشان جێگەی بۆ بێدەنگییەکی قووڵ بەجێهێشت. وەک هەڤاڵ (خەیری) لەگەڵمان بێت و ئێمە گوێمان بۆ گووتارێکی تری شلکردبێت. بێ ئەوەی بە خۆمان بزانین هەموو لەجێی خۆمان قیت ببووینەوە، کەشی رێزگرتن حاکم بوو.

دەرکەوتنی وشەی تر لە زاری هەڤاڵ (خەیری)یەوە، هەرگیز کاریگەری لەسەر ڕێز و حورمەتەکەی نەکردبوو. ئەگەرچی تووڕەیی بە خەمباری و گریانەوە خۆی دەردەخست، بەڵام متمانەش هەبوو. (ئایسەل) مشتی دەکێشا بەدیواردا. دایە (دووڕیە) بە لاواندنەوەیەکی فرمێسکاوییەوە دەگریا. چەندێکی تریش کە سەریان لەناو کەفی دەست نابوو و واقیان وڕمابوو، ئێش و کین لە یەک ئانوساتدا بەدی دەکرا. ئەو ئاوڕ و تەماشاکردنانە، ئەو ئاخ و ئۆفە قووڵانە، ئەو دەنگەی بە تاسەوە، بەهیوا و پابەندییەوە بەدوایدا وێڵبووین... تەنیا ئەو دەنگەمان بەس بوو.

پاشان (کەمال پیر)، بەدوایدا (ڕەزا). .. ئیتر کەس نەیدەتوانی گوێ رادێرێت. سوێند، سروودی ئیستقلال یاخود نازانم سروودی چەندەمین ساڵ هیچ جیاوازییەکی نەبوو. واتای ناواخنی دەنگەکانمان بەلاوە گرنگ بوو. جگە لە دەنگی (شاهین) و خیانەتکارەکانی تر کە زایەڵەی دەنگیان جاڕی هەوڵدان بۆ گەیشتن بە ئاستی کەمالیست و هەڵگەڕاوەیەکی چاکی دەدا. جیاوازبوون، زۆر جیاواز بوون...

چوومە داڵانەکەی ناوەوە، لەوێوە چوومە بەشی دەستاو. نەمدەویست کەس چاوی بە فرمێسکەکانم بکەوێت، ئەگەر بکەوتمایەتە هەمان کاردانەوە، دواتر نەمدەتوانی لەم دۆخەیان بگەیەنم. نەخێر، پێویستە یەکێکمان بە شێوەیەکی راست ئەم دۆخەیان بۆ شیرۆڤە بکەین. پێویستبوو زۆر بە وردی چاودێری ئامانجەکانی دووژمن بکەین. ڕاستە، مایەی هەرسکردن نەبوو، چاوەڕێش نەدەکرا یاخود شایستە نەبوو، بەڵام دەبا بەپێی پێویست خاسییەتی شەڕەکە، خودی ڕووداوەکان،

هەلومەرجەکانیش بەگشتی و پێکەوە لێکبدرێنەوە. تەنیا چەقبەستن بە کاردانەوەکانی ترەوە هەڵەیە.

سەرەتا خۆم لە (ئایسەل) تووڕە کرد˚ چییە؟ چی بووە؟ بەمشێوەیە پێشوازی دەکەین؟ بۆچی ئامانجی دووژمنیش هەر ئەوە نییە کە ئێوە دەیکەن؟ ئەو بڵندگۆیانەیان لەخۆڕا داناوە؟ نەخێر دەیانەوێت چۆکمان پێ دابدەن. بۆچی کەسی تریان نەهێنا و قسەیان پێنەکردن؟ چونکە ئامانجیان شکاندنی بڕوا و متمانەمانە و دەیانەوێت کادیرانی پێشەنگمان لەلا سووک بکەن. پێمان دەڵێن – ئەوەش سەرکردەکانتان، وازیان لێبهێنن – نەخێر، پێویستە لەسەرمان لە دەنگ، ناو و هەناسەیان شتی تر وەربگرین. بڕوا بکەن وا هەستم دەکرد هەڤاڵ (خەیری) سەبارەت بە کوردستان و تێکۆشان گووتاری شۆڕشگێڕانەی پێشکەش دەکرد. (کەمال پیر) وەک کەوتۆتبێتە پێش سوپایەکەوە و بەرەو پێش بچێت. پێویستە وەها دەرکی پێ بکرێت، ئەگەرنا دووژمن بە ئامانجی خۆی دەگات. هەڵبەتە ئاسان نییە ببینیت سروودی فاشیستان دەڵێنەوە و سوێندەکانیان دووبارە دەکەنەوە، نەخێر. ئەوان لە ئێمە زیاتر هەستیان بە ئازار کردووە. بەمجۆرە چوونە بەردەم بنکەی کادیر و جەماوەریەوە، دیارە لە هەمووان زیاتر خۆیانی تووشی قار و قین دەکرد. دەبیبنین ئەم دۆخە زۆر ناخایەنێت، رەهەندی پیلان و پەلامارەکانی دووژمن دەگۆڕێت، تا بە شوێنێک مل بۆ هەندێک شت دەدات، ئەوی تری نە هەڤاڵان و نە ئێمەش پەسندی ناکەین. سەرنجتان دابێت بەردەوام هەندێک لەئێمە دەخەنە پێش، پەلاماری دەدەن و لێرەوە هەوڵدەدەن پەلاماری گشتی بدەن و کار لەهەمووان بکەن. ئەی باشە بەر لە چەند رۆژێک منیان لەناوتان دەرنەخست و نەبرد؟ لەبەرچی؟ لەبەر ئەوەی سروودەکەیانم نەگووتۆتەوە. ویستیان بە زۆر و

بەدەنگی بەرز پێم بڵێنەوە. لەبەر چاوی ئێوە چییان نەکرد؟ دەنگم نزمتر کردەوە، سەرەنجام خستمیانە ژووری تاکەکەسییەوە. من بەخواستی خۆمە کە نایڵێمەوە، چونکە کۆمەڵە شتێکن بەزەبر و زۆر پێمان دەگووترێن. پەسندکردنی هەندێک لە ڕێساکان، بەجێهێنانی هەموو خواستێکیان نییە. ئەم خاڵە گرنگە. دووژمن ئەوپەڕی تا ماوەیەک هەوڵی کارکردنە سەر بنکەی کادیر و لایەنگران دەدات، لە ڕاگەیاندنەکانی خۆیاندا هەوڵی بڵاوکردنەوەی ئەو جۆرە هەواڵانە دەدەن، لەوانەیە بۆ ئەم مەبەستە ڕادیۆ و تەلەفزیۆنیش بەکاربهێنێت. بێگومان کاریگەری نەرێنی دەبێت، بەڵام بڕوابکەن هیچ یەکێک لەوانەی لەدەرەوە بڕوا بە دووژمن ناکەن و بەمجۆرەش ورەی خۆیان ناشکێنن، دەرکی پێدەکەن و دەڵێن؛ (تەڵەکەبازییەکی دووژمنە) و گرنگیشی پێنادەن. ئێمە باشتر دەرک بە هەڤالانی خۆمان و هەلومەرجەکە دەکەین، کەوابوو کەمتر دەکەوینە ژێر کاریگەرییەوە...".

(گیۆنول) هاتەوە قاوشەکە، لە دوورەوە چاوی بە هەڤالان کەوتبوو، بەمەش هەموومانی خۆشحاڵ کرد. (ڕەزا) سڵاوی کردووە، تەنانەت کاتێک بەلایدا تێپەڕبووە پێی گووتووە: "خۆتان بێتاقەت مەکەن، ئەمانەش تێپەڕ دەبن". وادیاربوو هەمووان بڵاوەیان بە کەش و هەوای بەر لە چەند خولەکی ڕابردوو کردبوو. (گیۆنول) دەیگووت: "هەڤالان ورەیان بەرز بوو. لەکاتی تێپەڕبوونی کەمال پیردا سەربازەکان هەموویان لێی ڕامابوون. هەموو هەڤالان بەسەر بەرزییەوە ڕێیان دەکرد؟".

(گوڵتەن) دوابەدوای ئەم قسانە گەشایەوە و گووتی: "لەڕاستیدا ئێستاکە دووژمن لە هەموو کات زیاتر لە دڵەڕاوکێ دایە. کاتێک ئەمجۆرە شتانە دەسەپێنێت ناچارە حیساب بۆ هاتنە کایەی کاردانەوەی جیاوازیش بکات. تەنانەت ئەسەد ئێستا

ئەندێشەی تەقینەوەی بەرخودانێکیشی هەیە. ئێمە خوێندنەوەمان زیاتر سۆزداریانەیە. ئێستاکە باشتر تێدەگەم. تووڕەبوونەکەت لەجێی خۆیدایە، ناچارین لەناو هەڤالاندا لە چۆنێتی کاردانەوەکانمان بە ئاگابین، ئەوان زووتر دەکەونە ژێر کاریگەرییەوە".

## (ئەسەد ئۆكتای) دووژمنی ژیان و جوانی بوو

کۆمەڵێک لە سەردانیکاران دەستگیرکرابوون. لە گیرفانێکی نهێنی جانتایەکی گەورەدا نامەیەکیان دەستکەوتبوو. لەو رۆژانەشدا ژمارەمان بەردەوام لەگۆڕاندا بوو، جاروبار لە (100) زیاتریش دەبووین. هەردوو قاوشەکە پڕپڕ ببوون. پێکهاتەی ئەمجارە هەمەڕەنگ بوو. دایک و (سەراب)ی خوشکی هەڤاڵ (مەزلوم) و (باران)ی خوشکەزای لەناو بەندکراوەکاندا بوون. سەیر بوو سێ نەوە پێکەوە لە یەک زینداندا بوون. هەروەها کۆمەڵێک ژنی خەڵکی گرێ سۆر و وێرانشاری رۆحاش هەبوون. زۆربەیان بەخێزانیی دەستگیرکرابوون. ئەوانی تر خرابوونە قاوشی پیاوانەوە. هاورێ بۆ (هیلین)یش پەیدا ببوو. بەمجۆرە لەگەڵ (باران) و (عەلی) دەبوون بە سێ منداڵی بەندکراو. (باران) پێنج شەش ساڵ بوو و لە دووانەکەی تر گەورەتر بوو.

(ئەسەد) ناوی بارانی بۆ (بەهار) گۆڕی. هەرکات باس لەوە بکرایە کە (ئەسەد) لەڕووی منداڵانەوە لاوازە مشتومڕ دروست دەبوو . چۆن دەبێت سادیستێک "چێژ لە ئەشکەنجەدانی مرۆڤ دەبینێت" منداڵی خۆش بوێت؟ لەبەر ئەوەی خۆیشی منداڵی هەیە؟ هەرگیز مایەی بڕواکردن نەبوو. (ئەسەد) کە قیژە و هاواری ژن بەلایەوە میلۆدی بوو، خۆشەویستی بۆ ژن بەو جۆرە بوو! خۆشەویستییەکەی ئەو بۆ چەند کاتژمێرێک لەسەر چیمەنتۆ سارد و سڕ راکشاندنی ژن و لێدان و دارکاریکردنی بوو! بە قیڕە قیڕ دەیگووت: "هەمووتان نەزۆک دەکەم، منداڵدان تووشی هەوکردن و کێم دەکەم و واتان لێدێت کە هیچ منداڵتان نەبێت. وەچەتان کوێر دەبێت و نەوەتان نابێت". بەلای خۆیەوە بەمجۆرە

نەوەی کوردی بنەبڕ دەکرد! گوایا ئەوانەی قاوشەکەی پەنامان بەبیستنی ئەم قسانە شەرمیان کردووە! قسەی وەک "بریا ئەم ژنانە لە زیندان نەبوونایە" یاخود هەموو گاڵتەجاڕییەکانی وەک "کچانی (PKK) لە دەمێکی نزیکدا لەلایەن سەربازەکانەوە دووگیان دەکرێن" سەرچاوەکەی لەو جۆرە گرنگی پێدانەی (ئەسەد)ەوە وەردەگرت.

خۆشەویستی ژن لای سادیستێک ئەوەبوو بە قامچی "جۆپ" و دار تا خوێنی لێ دەڕژاند لە ناوڕانی دەدا و ئازاری دەدان، هەڕەشەی "جۆپت تێدەبڕم"ی دەکرد و قڕنووچکی لە لێویان دەگرت! خۆشەویستی منداڵ لای هەمان سادیست زۆر سەیرتر دەبوو. (هێلین) لەناو دەنگ و هەرای ئەشکەنجەدا گەورە دەبوو، بەبرسێتی لەناو هەوای سارد و سەهۆڵبەندی قاوشەکاندا و بە نەخۆشییەوە. هەر کات چاوی بە (ئەسەد) دەکەوت هاواری دەکرد و دەیگووت: "بەسە، کەس ئەشکەنجە مەکە". خۆشویستنی منداڵ ئەمە بوو؟ هەست و سۆزی کین و نەفرەتی تیادەچاند. لەڕاستیدا (ئەسەد) دووژمنی ژیان و جوانی بوو، هیچ خۆشەویستییەکی لەدڵدا نەبوو.

کاتێک (باران)ی لەباوەش دەگرت هەموومان قێزمان لێدەهاتەوە. گەیشتنی دەستی بە منداڵێک، زۆر قێزەون بوو. (باران)یش دەترسا، چونکە شاهێدی کۆمەڵێک ئەشکەنجە بوو. بەڵام (هێلین) هێشتا لە سکی دایکیدا لە زیندان بە بیستنی فریاد و هاوار، بە بینینی کاریگەرییەکانی و هەستکردن بە ئێش و ئازار لەدایک بوو و گەورەبوو.

لەم واتایەدا (هێلین) جیاوازی هەبوو لەگەڵ (عەلی) و (باران). ببوو بە پارچەیەک لەخۆمان. هەستی پێدەکردین. هاوبەشی لە دڵەڕاوکێ، ترس، ئێش و خۆشییەکانماندا دەکرد. هەرکەسێک

مەلول بووایە ئەویش مەلول و دڵتەنگ دەبوو. ئەویش وەکو ئێمە تاسەی هەڤاڵانی تری دەکرد. بۆ چەندین سات گوێی دەنا بە لاواچی دەرگەکەوە و یاخود گوێی دەنا بە دیوارەکەوە و گوێی رادەدێرا. هەموو دەنگێک کاردانەوەیەکی لەلای (هێلین) دروست دەکرد. جاروبار دەنگی سەربازی بە دەنگی هەڤاڵان دەزانی و لەخۆشیان هاواری دەکرد.

(باران) و (عەلی) دوورەپەرێز بوون، هەم لە دووژمن و هەم لە ئێمەش دەترسان. لەبەر ئەوەی دووژمن جەلاد و ئێمەش ئەشکەنجەکراو بووین...

(باران) و (عەلی). دایک و باوک و شوێنێکی نیشتەجێبوونیان هەبوو. جۆرە ناسنامەیەکیان هەبوو هەر چەندە ناسنامەی کۆماری تورکیش بێت، شوێنی لەدایکبوون و گەورەبوون، ناونیشانێکیان هەبوو. هەموو ناونیشانەکانی (هێلین) زیندان بوو. لەسەر هیچ خانەوادەیەک تۆماری نەبوو. تەنانەت پەسندکردنی ناوەکەی بەزۆر و پێداگری ئێمە بوو، چونکە (هێلین) کوردی بوو. کچی (ئامین[91] بوو، بەڵام باوکی نەدەزانرا، دیار نەبوو، هەندێک دەیانگووت "پۆلیس" هەندێکی تر" عەبدولڕەحمان" و کێی تر دەیگووت "یوسف". شیکاری خوێن، ئیفادە، ویژدان وەڵامی ئەم پرسیارەی پێنەبوو. (هێلین)یش بەدوای باوکێکدا نەدەگەڕا. هەموو ئەو پیاوانەی بە جلی سەربازییەوە دەیبینین جەلاد بوون، ئەوانەی کە دەنگی هاوار و فریادەکانی دەبیستن "مام"ی بوون. هەموو "مام"ەکانی خۆی خۆشدەویست. یەکەمین وشەیەک کە فێرمان کرد "ئاپۆ" بوو. تەنیا لەم دەستەواژەیەدا ئاشنا بوو بە پیاو. دەیگووت "ئاپۆکانم". "پوور"ەکانیشی ئێمەی هەڤاڵانی ژن بووین. لەڕاستیدا وشەی دایک بەلایەوە بیانی بوو و پێیدەگووت "ئامین".

---

[91] لە کورمانجیدا بە ئەمینە ناوزەد دەکرێت، لەم پەڕتووکەشدا هەر بە ئەمینە هاتووە.

کاتێک (باران) و (عەلی) وشەی دایکیان بەکار دەهێنا، بەلای (هێلین)ەوە مایەی سەرسوڕمان بوو. (هێلین) کچی (ئامین) بوو، بەڵام پوورەکانی لە هەمانکاتدا دایکیشی بوون. تەنیا (ئامین) خزمەتی نەدەکرد، تەنیا (ئامین) خاوێنی نەدەکردەوە و پەڕۆ و قوماشەکانی نەدەشوشت. کاتێک برسی دەبوو، تەنیا (ئامین) تێری نەدەکرد، لە نەخۆشیدا تەنیا دایکی لەپاڵ سەری نەدەبوو. هەمووان پێکەوە دایکایەتییان بۆ (هێلین) دەکرد، لەڕاستیدا پارچەیەک بوو لە هەر یەکێکمان.

(هێلین) بەر لە گاڵگۆڵکێ پێی گرت. یاریی نەبوو تا یاری پێبکات، بە قەرەوێڵە، چیمەنتۆ، دیوار، ئاسمان و ڕەنگی شین ئاشنا بوو. دەرکی بە ڕۆیشتن و دانیشتن لەناو پیساییدا، قامچی، دار و فەلاقە کرد. هەر بۆیە (هێلین) منداڵ نەبوو. لەودا پێگەیشتوویی، ئێش، ئاوات و هەموو شتێکی قەشەنگ بۆ داهاتوو، زوو گەورە ببوو. یەکەم جار بوو گەورەبوونێکی واتاداری بەمجۆرەی منداڵێکم دەبینی، یەکەم جار بوو لە نزیکەوە و ئاوەها پڕ بەدڵ منداڵێکم خۆشدەویست. (هێلین) سەرەڕای هەموو پیسییەکی مرۆڤ، خاوێنترین و مرۆڤانەییترین لایەنی زیندان بوو.

دایە (کەبیرە[92]، (سەراب) و (باران) هەرچەندە بەندکراویش بوون، بردیان بۆ لێپرسینەوە. دایە (کەبیرە) هەڤاڵ (مەزڵوم)ی لەوێ بینی بوو... بەدەم گریانەوە دەیگێڕایەوە و دەیگووت: "لەلایەک داخم لێدەهات و دەترسام لەوەی دووبارە مەزڵوم دەخەنەوە ژێر لێپرسینەوە، لەلایەکیش زۆر دڵخۆشبووم، چونکە دەرفەتی لەباوەشگرتنی مەزڵومم دەستکەوت. بریا ئەو دوو سێ خولەکە زیاتری بخایاندایە. ئەگەرچی بەندکراویش بێت، بەڵام خۆزگە هەر لەلای مەزڵوم دەبووم". چاوەکانی لەبەر گریان سوور

[92] دایکی هەڤاڵ مەزلوم دۆغان.

هەڵگەڕابوون. بەردەوام لاوک و لاواندنەوەی بەسەر هەڤاڵ (دەلیل) و هەڤاڵ (مەزڵوم) دا هەڵدەدا و دەگریا.

خۆگرتن لەبەردەم ئەو دایکانە زەحمەت بوو. بەتایبەت بەتەمەنەکان هەموو پێکەوە دەگریان. (عەلی یاوەرکایا)ی کوڕی دایە (دووڕیە)ش لە هەمان زینداندا بوو. (خانم)ی کچیشی لە شاخ بوو. شانازی پێوە دەکردن، بەڵام لایەکیشی پڕبوو لە ئێش و ئازار. بەدەم گریانەوە بەمشت سینەی خۆی دەکوتا و هەمووومانی داخ لەدڵ دەکرد! وادیار بوو هەموو ئێش و ئازارەکانی مێژوو لەناو فرمێسکەکانیدا شاراوەبوون. بە پاراوترین شێوە ئازار و کینی ژنی کوردم لە دایە (دووڕیە) دا بەدیدەکرد.

(سەراب) بێدەنگتر بوو. خۆشی و ئێش و ئاواتەکانی لەناخی دڵیدا دەشاردەوە. تەنیا چاوەکانی دەدوان. بەم هۆکارەش (ئەسەد) نەیدەتوانی سەیری چاوەکانی بکات. (ئەسەد) دەیزانی کە چاوەکانی چەندە بێ ئامانن، راستییەکان چۆن لە چاویدا خۆیان دەردەخستەڕوو. لە گلێنەی چاویدا رق و کینی بەرامبەر بە دووژمن دەبریقایەوە. چاوی وەک چاوەکانی (دەلیل) و (مەزڵوم) رەشی خەڵوزی، بریقەدار، تیژ و بەحورمەت بوون. تەنیا چاوی ئەو بەس بوو بۆ ترساندن و سڵەمینەوەی (ئەسەد). چاوی (باران)یش بەهەمان شێوە دەیڕوانی، بەڵام هێشتا منداڵ بوو.

جارێکیان (ئەسەد) (باران)ی کردە باوەش و چوو بۆلای (مەزڵوم). خۆشەویستی فاشیستێکی جەلاد هەر هێندەیە! (باران)ی بردە لای (مەزڵوم) و دەیویست کار لە (مەزڵوم) بکات. (ئەسەد) هیچ هەست و سۆزێکی مرۆییانەی نەبوو. سەراپای سیستەم، هەست، سۆز و فیکری فاشیزم بەشێوەیەک تیایدا شێوەی گرتبوو کە هەر کردار و رەفتارێکی؛ شیاوی سیستەمەکەی بوو، هیچ سەرپێچییەکی تێدا بەدی نەدەکرا.

(ئەسەد) مرۆڤ نەبوو. لەناو ئەو هەموو قێزەوننییەدا لەتێکی باش یان وردە هەست و سۆزێکی مرۆیی تیایدا بەدی نەدەکرا، ئەمەش خۆنەناسینی مرۆڤ بوو، تاوان بوو لەبەرامبەر بە مرۆڤایەتی. لە زیندانی ئامەد ئیمپراتۆرییەتێکی بچووکی نازیی[93] دامەزراندبوو. سیستەمێکی بەو شێوەیەی بەڕێوە دەبرد.

بەڵام خۆ ئێمە یەهودی نەبووین. لەڕاستیدا وەک کۆمەڵگە نارێکخراوەکەی سالآنی 1940ی یەهودییەکان نەبووین. ساڵانێکە لەتێکۆشان داین، رێکخستنی خۆمان بونیاد ناوە. پارتیمان دامەزراندبوو کە ئێمەی بۆ ئازادی دەبرد و هەموو گەلەکەمانی دەکرد بە یەک. ئەگەرچی ئێمەی بەشێک لە کادیران بەندکرابین، هێشتا بە سەدان کادیر بەردەوام بوون لە تێکۆشانی ئازادی. بەم هۆکارە نەیاندەتوانی ئەو کۆمەڵکوژی و ژینۆسایدە بەسەر ئێمەدا بهێننەوە کە بەسەر یەهودی، ئەرمەنی و تەنانەت ئەوەی لە ساڵی 1938 و دواتریدا بەسەر کورداندا هێنابوویان. هەر بۆیە لە کۆمەڵکوژی زیاتر نکوڵی لە خۆکردن، وازهێنان لە فیکر و رامان، خۆڕادەستکردنێکی سەرتاسەری، دوورکەوتنەوە لە ناسنامە و کەسایەتی دەسەپێندرا. لە زیندانی ئامەد کەمالیزم؛ بە هێز وەرگرتن لە هەڵگەڕاوە و خیانەتکارەکان دەیویست هەموو راپەڕیوێک، هەموو کوردێکی خوازیاری ئازادی سەرکوت و گۆڕبەگۆڕ بکات.

(PKK)ش لەپێناو سەرلەنوێ بونیادنانەوەی کۆمەڵگەکان تێدەکۆشا. بەشێوەیەکی زۆر بێ ئامان هێزی ئایدیۆلۆژیای خۆی لە کوردبوون، مرۆڤایەتی، نەتەوەیی، سۆسیالیستی ...هتد وەردەگرت، لەناو گەلدا بەشێوەیەکی هێندە خێرا و لەناکاو زیندووبوونەوە بونیادنرابوو کە دووژمن لەکام لای بدایە

---

[93] مەبەست لە نازییەکەی هیتلەری ئەڵمانیایە.

لەلایەکەی ترییەوە رەهەندێکی تری ژیان دەهاتە ئاراوە. شارەزایی و ئەندازیاریی ئەم خولقاندنە زۆر جیاواز بوو. دووژمن؛ چەپڕەوی کلاسیک و کوردایەتی نەریتیشی دەناسی. یەک بە یەکی بەرخودانەکانی کوردستان گورزیان لێوەشێندرابوو. تەڤگەر و سەرهەڵدانەکان بە پێشەنگەکانیانەوە لەناوبرا بوون، بێکاریگەر کرابوون، خرابوونە دۆخێکەوە کە ئیتر خۆی نوێ نەکاتەوە. سەرلەنوێ ژیانەوە لە کوردستاندا سەری هەڵدابوو، ئەگەر هێشتاش بەتەواوی گەشەی نەکردبێت، بەڵام بە هەڵمەتێکی بەهێز و پتەو کەوتەگەڕ. ئاخۆ ئەم هەوڵی بنەبڕکردنەیان لە زیندان، ئەگەری بە ئاکام گەیشتنی کۆتاییە تراژییەکەیان بێت؟

بەڵێ، (باران)یش لەخۆی بیانی ببوو، تۆ بڵێی چوونە باوەشی خاڵە (مەزلوم)ی بە "تاوان" دانابێت؟ یاخود خۆشەویستیەکەی (ئەسەد) بۆ منداڵ و بەکارهێنانی وەک ئامرازێکی ئەشکەنجە دووچاری کاردانەوەی هەڤاڵ (مەزلوم) هاتبێت، (باران) دەترسێت، هاوار دەکات و ناچێتە باوەشی (مەزلوم)ەوە. دیارە ئەمە (ئەسەد)ی زۆر ئاسوودە کردبوو. هەموومان پێکەوە کاردانەوەمان لەبەرامبەر (باران) نیشاندا و پێمان گووت: "بڕۆ ئیتر قسەت لەگەڵ ناکەین. بۆچی نەچوویتە باوەشی خاڵۆتەوە؟" و بەمشێوەیە منداڵەکەمان سزادا. چی بەسەر هاتبوو؟ دەچووە لای هەرکەسێک پێی دەگووت: "بڕۆ قسەت لەگەڵ ناکەین..."

لەڕاستیدا هەڵوێستێکی بێ رەحمانە بوو لەبەرامبەر بە (باران). منداڵ بوو و توانای ئەمەی نەبوو. لەبەرامبەردا جارێکیان هاواری لێ هەڵسا و گووتی: "بۆچی قسەم لەگەڵ ناکەن؟ بەڵێن بێت جارێکی تر دەچمە باوەشی". جارێکی تر... جارێکی تر.. کام جارەیان؟ ئایا (باران) دەرکی بەوەکرد کە جارێکی تر نایبینێتەوە؟ خۆزگە بچووایەتە باوەشی، خۆزگە (مەزلوم) تەنیا جارێک

بیتوانیایە چاوە جوانەکانی ماچ بکات! بەڵێ؛ بە خۆزگە و بریا نەدەبوو، (باران)یش لەبیری نەچووبوو. هەرکەسەو بەسەرهاتەکانی تری زیندانی لەبیر نەدەکرد، (باران)یش هەرگیز بیری لەوە نەکردبووەوە کە ئەوەندە بە تاسەی باوەشی (مەزلۆم)ەوە بژی. ئەو ساتەوەختەی هەرگیز لەیاد نەدەکرد، تاکە یادەوەرییەک بوو سەبارەت بە زیندانی ئامەد لە یادگا منداڵییەکەیدا مابوو. (ئەسەد)یش بەردەوام فەرمانی مردنی دەدا بەسەر هەموو تاسە، خواست و لایەنێکی مرۆییدا. مردنی لە تاسەی منداڵەکەی خۆیشیدا دەچاند. چەند سەیر بوو؛ بکەر؛ خراپەکەی بەسەر هاتبوو.

# ژیاندنەوەی (جاهیدە)

حاڵەتی رۆحیی (جاهیدە) ئەگەرچی وەکو جارانیش نەبێت، جاروبار ئاسایی و جاروباریش ئاڵۆز بوو. پەیوەندی نێوانمان گۆڕابوو. لەلایەک لەناو ژیانی کۆمین دابوو و لە ئاستێکی بەرچاودا بەشداری دەکرد، لەلایەکی تریشەوە خۆی جیا دەکردەوە. لەڕاستیدا لەڕووی رۆحییەوە جیابوو.

(ئایسەل) بەهۆی دروستبوونی کیس لە هێلکەدانیدا پێویست بوو نەشتەرگەری بۆ بکرێت. بەهۆی تووشبوونی بە میکرۆبی سیل، پێویستبوو هێلکەدانی دەربهێنن. لەبەر ئەمە بەردەوام نەخۆش و لەسەر جێ بوو. پێویست بوو لە هەموو رووێکەوە بپارێزرێت. میکرۆبی سیل لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تریش دەگوازرایەوە. ئێمەش ژمارەیەکی زۆر پێکەوە لە قاوشێکدا دەژیاین. لە چوارچێوەی دەرفەت و توانستماندا هەوڵماندەدا هاوکار و یارمەتیدەری بین. قاپ و قاچاخ، جل و بەرگیمان جیا کردبووەوە. خۆی زۆر گرنگی پێنەدەدا. لەم خاڵەدا زۆرێک لە هەڤاڵان واتایان بەم وردکارییەم نەدەدا، تەنانەت هەبوون لێپێچینەوەشیان دەکرد. ئەم دۆخە (ئایسەل)ی بێزار دەکرد و خۆی نەدەپاراست. لەڕاستیدا ئەم هەڵسوکەوتە واتای وازهێنان بوو لە جددییەتی ژیان. نەخێر، دەشێت لە زینداندا بین، یاخود لە قووڵایی دۆزەخێکدا بین، دەشێت دەرفەتمان نەبێت، بەڵام دەبێت خاوێن بین، ژیانمان رێکوپێک و جوان بکەین. هەڤاڵان هەمیشە باسیان لە کادیرە پێشەنگەکان دەکرد کە چۆن خاوێنییان رادەگرت و گرنگیان پێدەدا، چۆن تاکە خاولییەکەی دەستیان دەشووشت و وشکیان دەکردەوە، چۆن بەرگی خاوێن و رێکوپێکیان لەبەر دەکرد. تەنانەت گووتەیەکی هەڤاڵ (مەزلوم)یان دەهێنایەوە، کە

دەیگووت: "لەسەر قەرەوێڵەکان قیت دانیشن، با قەمبوور نەبن. زیندە و خاوێن بن..." کەواتە بۆچی لەم خاڵەدا گرنگی بەخاوێنی نەدەدرا.

(ئایسەل) لە نەخۆشخانە خەوێندرا و (جاهیدە)یان بردە لای. سەرەتا سەرنجی کەسی ڕانەکێشا بوو، بەڵام من بە گومان بووم. باشیش نەبوو بە ئاشکرا قسەی لەسەر بکەیت. هەندێک کەس ئەو جۆرە قسانەیان بڵاو دەکردەوە و گرژییان دروست دەکرد. لۆژیکی (دووژمن هەموو شتێکی لەدەست دێت و دەیکات) هۆشیاری و وەرگرتنی ڕێوشوێنی پێویستی تیژتر دەکردەوە.

کاتێک (جاهیدە)یان بانگ کرد دەستبەجێ چوومە لای و بە جددی پێمگووت: "ئەمجارە دەبێت هەڵوێست وەربگریت. ئەگەر تۆزێک ڕێزت هەیە بۆ خۆت، لەناو ئەم هەمووە مرۆڤەدا خۆت مەکە بە یاری دەستی دووژمن". جارێکی تر تێگەیشتبوو کە ناتوانێت هیچ شتێکم لێ بشارێتەوە و چاوم لەسەرێتی. قسەکانم لە ئاستێکی دیاردا دوودڵییەکەی دەشکاند. کەوتبوومە ژیانییەوە، بەڵام دووژمنیش کەوتبووە ژیانییەوە. لە ڕوویێکەوە من پەیوەندی نێوان ئەو و پارتی بووم. ڕۆژگارێک گوزەری کردبوو، یەکەمجار لەڕێگەی منەوە پەیوەندی بە پارتییەوە کردبوو. لەپڕێکدا نەیدەتوانی بمسڕێتەوە و وەلامخات.

لە ئیدارە بۆ یەکەمجاربوو بەگژداچوونەوەیەکی پڕ لەترس و سام ئەنجام بدات و گووتبووی: "من بۆ بەشی تەندروستی ناو زیندان نووسرابووم، نامەوێت بچم بۆ نەخۆشخانە". (عەلی عوسمان) بەتوندی لوتی دەگرێت، دەیگوشێت، هەڕەشەی لێدەکات و دەڵێت: "دەتتۆپێنم". هەڵبەتە (جاهیدە) لەنێوان ئەم هەڕەشەیە و هەڵوێستەکەیدا ئەملاو ئەولای کردبوو و پاشان لە نەخۆشخانە خەواندنیان بەمەبەستی چاودێریکردن و سەرپەرشتیکردنی

(ئایسەل). نەخۆشخانەی سەربازی بوو، بەڵام خۆ دەیتوانی بەهەر جۆرێک بێت پەیوەندی لەگەڵ دەرەوە ببەستێت، چونکە ژمارەیەکی زۆر کارمەندیشی لێبوو. ئەگەر (PKK)یی بێت ئەوا ناچارە هەموو رێگەیەک تاقی بکاتەوە!

بەمجۆرە هەڵسەنگاندنمان لەلایەن دووژمنەوە، متمانە و پابەندبوونمان بە (PKK)ی زیاتر دەکرد، مایەی شانازیمان بوو. (جاهیدە) لە نەخۆشخانە پێداگری کردووە و پاش دوو رۆژ ناچاربوون دەریکەن. لەوێدا وای کردووە کە (ئایسەل)یش تا رادەیەک بەم دۆخەی بزانێت و پێی گووتووە "ئاگادار بە". دوای گەڕانەوەی بۆ زیندان هەموو شتێکی بۆ گێڕامەوە. لەبەرامبەردا منیش پێمگووت: "مەسەلە ئەوە نییە کە تۆ هیچ ناکەیت. خۆ کەسیش هاووشۆی (ئایسەل) ناکات. دەشێت کەسوکاری بێن بۆ لای، بڕوا ناکەم هیچ شتێک بکەن. گرنگ ئەوەیە کە هێشتا بەکارتدەهێنن. بۆچی پێداگریت نەکرد؟ تەنیا بتگووتایە ناچم، بەس بوو. لەوانەیە تۆزێک ئەشکەنجەیان بکردیتایە و هیچی تر. تۆ هێشتا دوودڵیت، هێشتا دەرگەکانت لەسەر دانەخستوون. بەمجۆرە لێتدەدەن، سوکایەتیت پێدەکەن. هیچ نەبێت برۆ بە گژیاندا، وەها لێدان بخۆ. پێویستە تۆزێک شکۆمەند بین. بۆچی تۆ بەهیچ شێوەیەک بڕیارت پێنادرێت؟ لە لێدان دەترسیت؟ ترست لە مردنە؟ بۆچی؟ باشە ئەم حاڵەت بەکوێ دەگات؟ ئەگەر نابیت بە (جاهیدە) و دەبیت بە کەسی تر، فەرموو برۆ، ببە بەکەسی تر". دووبارە دەستی کردەوە بەگریان. قەیناکات با بگری. (ئەسەد) پێداگری دەکرد، منیش پێداگری دەکەم. هەرگیز ناهێڵم ئەو نامەردە لەم قاوشەدا هیچ کەسێکی دانپێدانەر و تەسلیمکاری دەستکەوێت، ناهێڵم بەم مەرامەی بگات. هەرجارە و پڕووپاگەندەی دەکرد و دەیگووت: "کچانی دانپێدانەر و ترازاوم هەیە" و دەیەویست کار

له پیاوان بکات. دەشیگووت: "سبەینێ لەسەر تەلەفزیۆن دەست بە قسە دەکەن، خۆتان دەیانبینن" و مژدەی پێدەدان.

پیلانەکانی (ئەسەد) سەری نەدەگرت. ئەگەرچی هەندێک شکڵ و شەماڵی ناوخۆمان لێم تووڕە دەبوون و دەیانگووت:" جاهیدە دیار و ئاشکرایە، سەرەنجام دەچێتە باوەشی دووژمنەوە. بۆچی پێوەی خەریک دەبیت، بۆچی دەیپارێزیت؟" من لەم بابەتەدا بە بڕیار بووم. لەگەڵ ئەو هەڤاڵانەدا گفتوگۆم دەکرد کە دەرکیان بە کێشەکە دەکرد، ئەوان تێدەگەیشتن، تەنانەت هەوڵیاندەدا بە شێوازی جیاجیا هاوکاری بکەن، رزگاری بکەن لەو دۆخەی تیایدابوو.

سەرەنجام (جاهیدە) بڕیاری خۆی دا. پاش چەند رۆژێک کزی و داماوی، جارێکی تر ژیایەوە. دەستی بە خۆشویستنی ژیان کردەوە. هەرچەندە کەسانێکیش هەبوو کە هێشتا متمانەیان بە (جاهیدە) نەدەهێنا، بەڵام لە ئاستی گشتیدا بەشێوەیەکی ئەرێنی شیرۆڤە دەکرا. دەیانگووت" دیارە لەمەودوا راست دەبێتەوە". هەرکات (ئەسەد) و (عەلی عوسمان) بهاتنایە قاوشەکەوە رووکەشانە پرسیاریان لێدەکرد، ئەویش بەنابەدڵییەوە وەڵامی دەدانەوە، یاخود هەر وەڵامیشی نەدەدانەوە. ئەمەش هەڵوێستێک بوو. ئەگەر بێتوو لەناو بەندکراوەکاندا درێژەی پێبدەن، دەشێت دۆخەکە پێچەوانە ببێتەوە، بۆیە ئەوانیش وەکو پشتگوێیان خستبێت دەڕۆشتنە دەرەوە.

رۆژێکیان لە حەوشەی هەواگۆڕین بووین. (جاهیدە)ش ئەو رۆژە خۆی خاوێن و رێکوپێک پۆشی بوو. تەوقەی لە قژی دابوو و قژی بەسەر شانیدا شۆڕ کردبووەوە، وەکو رووی لە گۆڕەپانی شەڕ کردبێت دەڕۆیشت بەڕێوە. گرژی، ساردی، بێچارەیی و دۆڕانەکەی رووخساری جێگەی بۆ بڕیارداری و بەخۆباوەڕی

بەجێهێشتبوو. لە شوێنێکی وەها دەژیاین کە هەموو دۆخێکی رۆحی مرۆڤ بە ئاشکرا دەبینرا. هیچ شتێک شاردنەوەی بۆ نەبوو. هەریەکەمان تیرِوانینمان وەکو پلاژکتۆرێک لەسەر دووژمن، خۆمان و هەڤالانمان دەگەرِا. هەرچەندە کەسانێکیش هەبوون کە لەناو دنیای خۆیاندا چەقیان بەستبوو، بەلاّم لە ئاستی گشتیدا هۆشمەندییەکیش هەبوو.

(جاهیدە) زوو گەرِایەوە بۆ سەرەوە. لەکاتێکدا هەمووان لە حەوشەی هەواگۆریندا بووین، گەرِانەوەی بۆ سەرەوە جێگای سەرنجی بوو، بەلاّم لەکوێ بزانین (DDT)[94] دەخوات؟ (گولّتەن) و (زولّیخا) بە شلّەژان و لەرزە لەرزێکەوە بانگیان کردم بۆ سەرەوە. بە هەنگاوێک خۆم گەیاندە سەرەوە. (جاهیدە) لە قاوشەکەی دواوە لەسەر قەرەوێلّەیەک رەق راکشاوە، کەف لە دەمییەوە دێتە دەر. هێشتا دەژیا. دوودلّبووین لە ئاگادارکردنەوەی دووژمن. زۆرێک لە بەندکراوان لەبەر مەراقی خۆیان هاتبوونە سەرەوە و بینیبوویان. ویستم بە قسەی بێنم چونکە بەچەند وشەیەکیش بێت قسەکردنی کەلّکی دەبوو، پێمگووت:" جاهیدە، جاهیدە... چیت کرد؟ بۆچی وات کرد؟ قسەبکە". بەزۆر هاتە قسە و گووتی:" هەموو شتێکم نووسیوە" و پێی گووتین کە نووسراوەکانی لەکوێ هەلّگرتووە. لە گیرفانی دەرمانهێنا. یەکێکیشی بۆ من نووسیوە، ئەوم لای خۆم هەلّگرت.

ئەوەشی گووت کە (DDT)ی خواردووە. هێشتا نەمانگووتبوو "لەکوێ بوو؟" سەربازەکان خۆیان کرد بە قاوشەکەدا. (ئەسەد) هات، نەمانزانی چۆن بە ئاگا هاتبوون؟ کێ هەوالّی پێگەیاندن؟ حەپەساین. هەست بە شلّەژان و راکەرِاکێک دەکەن و لێپرسراوی

[94] Dikloro Difenil Trikloro ethan جۆرە ژەهرێکە بەتایبەت بۆ قالۆنچە و سیسرک و گیانەوەر هاوشێوەکانی بەکاردەهێندرا.

قاوشەکە خێرا هەواڵیان پێدەگەیەنێت. دەستبەجێ هەڵیانگرت و بردیان. دووژمنیش سامی لێنیشتبوو. (ئەسەد) زۆر بەکەمی ئاوەها رەنگی دەگۆڕی. کاتێک زۆر تووڕە دەبوو و کاتێکیش کە زۆر دەترسا وای لێدەهات.

پاش ماوەیەک (عەلی عوسمان) هات. چاوێکی بەهەمووماندا گێڕا. رووخساری هەمووان ترسناک و پڕ لە قین. چی دەبێت با ببێت، بەرپرسیار؛ جەلادەکان بوون. (عەلی عوسمان) بێ ئەوەی هیچ بڵێت ماوەیەک هەر تەماشای کردین. پاش ئەوەی گووتی "کێ بینی؟ DDT چی دەکرد لێرە" ئاوڕی لەمن دایەوە و گووتی: "تۆ پێت گووت خۆی بکوژێت؟". دەیویست بزانێت چ کاردانەوەیەکم هەیە. هیچ دەنگم نەکرد، تەنیا بە روانین وەڵامی پێویستم دایەوە. بە رق و قیرەیەکەوە: " هەی ئاژەڵی لە ئاژەڵ کەوتووان، لێرە، لە ژێر سەرپەرشتی ئێمەدا خۆکوشتن و مشتن نییە. ژیانتان و مردنتان بەدەستی ئێمەیە. چ ئەنجامێکی هەیە؟ کێ خەفەتتان بۆ بخوات؟ دەتۆپن و دەچن. ئاقڵ بن. بڕوانن، چی ئەکەین؟ هەر یەکێکتان تاوانێکتان لەبەرامبەر بە دەوڵەت کردووە و هاتوون. دادگا سزاکەیتان پێدەدات، پەیوەندی بە ئێمەوە نییە، ئێمە تەنیا بەرپرسیاری سیستەمی ئێرەین، لە پاراستنی ئێوە بەرپرسیارین. زۆرمان بۆ مەهێنن" و رۆیشت. بەڵام دوایین قسەکانی بە دەنگێکی نزم دەگووت. دیاربوو ئەم هەوڵی خۆکوژییە هەموویانی تۆقاندبوو. نەک مردن و نەمردنی (جاهیدە)، بەڵکو کاردانەوەی ئێمە، کاریگەری پێشهاتی ئەمجۆرە رووداوانە و ئەنجامەکەیان بەلاوە گرنگ بوو.

پزیشک گووتبووی: "ئەو پەڕی 10 خولەکی تر درەنگ بهاتایە دەمرد" دوای ماوەیەک خەواندنی لە نەخۆشخانە هێنایانەوە. نەمانزانی بەسەر ترسی مردندا زاڵ ببوو، نیگەرانییەکانی خۆی

شکاند بوو، پردی بەرەو خیانەتی رووخاندبوو، یان بەهەر حاڵ، (جاهیدە) هێواش هێواش گەڕایەوە بۆ ناو ژیان، خۆی خستبووە بەر لێپرسینەوە. بەمجۆرە هەڵمەتبردنی بۆسەر لایەنە لاواز و شکستخواردووەکانی ئەرێنی بوو. ئەگەر هەستی بە شەرمی شایستەنەبوون کردبێت، کەمێکیش هەستی بەوە کردبێت کە کاردانەوەی کەسێتی، قین و تووڕەیی، چەمکی بەرتەسکانەی ناموس رێگە لەبەر چی ئاوەڵا دەکات، ئەوا دەیتوانی جارێکی تر بگەڕێتەوە و خۆی زیندوو بکاتەوە. بەڵام ئاسان نییە. ئەگەر کەسێک لە رۆح، دڵ و هزری خۆیدا تەواوی ئەو رێگە و رێچکانەی هەڵنەوەشاندبێتەوە کە بەرەو تەسلیمییەت و خیانەت دەچن، هەر بۆشاییەک لەو خاڵەدا دروست ببێت مەترسیدارە و لەگەڵ یەکەم هەل و دەرفەت لەو بۆشاییەوە بە ئاسانی بەرەو خیانەت دەچێت.

لەناو خۆماندا دۆخی (جاهیدە)مان تاووتوێ کرد. لەمەودوا لەسەر بنەمای قازانجکردنەوەی هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکرێت، پێویستیشی بە هاوکاریکردنە تا بگات بەو ئاستەی لە دادگادا توانای بە ئاشکرا نیشاندانی هەڵوێستی راستەقینەی خۆی بەدەست دەهێنێت. هەڤاڵانیش دەستنیشانیان کرد کە رەچاوی ئەم بڕیارە دەکەن. پاشان لەگەڵ (جاهیدە) قسەمان کرد. ئەویش بەڵێنی دا کە لەبەرامبەر بە دووژمن هەڵوێستی ئاشکرای خۆی دەخاتەڕوو. لەنامەکانیشیدا شتێکی وەها نەبوو کە زۆرمان بۆ بهێنێت. ئەوەی گووتبوو کە توانای خۆڕاگرتنی لەبەر ئەو دۆخەی نەماوە کە تێیکەوتووە، هێزی وەرگرتنی هەڵوێستی لەبەرامبەر بە دووژمندا لەخۆیدا بەدی نەکردووە.. هتد.

ئەم دۆخە کاری کردبووە سەر کەسانی بێ بڕیار و ئەوانەشی کە لەژێر لێپرسینەوەدا لاوازیان نیشاندابوو. هەموو ئەمانە کران بە بابەتی گفتوگۆ و شیرۆڤەی بەرفراوانیان لەسەر کرا، تا هەڤاڵان

هۆشمەند و بەئاگابوون. برەودان بە خاڵی یەکانگیر بوون، بەرتەسککردنەوەی هەر زەمینەیەک کە دووژمن کەڵکی لێوەردەگرت، دەبووە مایەی بەرزترکردنەوەی ورەی هەڤاڵان. بڕیاردارییەکی لەخۆدەگرت کە" لەناوخۆدا هەر لاوازییەکیش هەبێت، کێشە و گرفت چی دەبن با ببن، کاردانەوەمان لەبەرامبەر بەیەک لە هەر ئاستێکیشدا بێت، نابێت دووژمن پێی بزانێت، لەناو خۆماندا چارەسەری دەکەین". بەڕاستیش کێشەکانی ناوخۆ کەم نەبوون. هەر یەکێکیان خۆی لە خۆیدا تۆپەڵە کێشەیەک بوون. گرژی دەرەنجامی گوشار و ئەشکەنجەکانی دووژمن، خۆپەرستی، زیاتر بە قووڵی و سیاسییانە هەڵنەسەنگاندنی رووداوەکان و قۆناخەکە، هەستیاریی بێواتای کەسایەتی لەبەرامبەر خۆی، رەشبینی...هتد، چەند نموونەیەکن لەو کێشانە. لەناو ژیانێکی پڕ لە گرفت و چەواشەکاریدا ئاسان نەبوو بتوانی لەناوخۆدا کۆمەڵێک پرەنسیپ دەستنیشان بکەین و هەمووان پابەندبن پێیەوە.

## نەورۆزی (مەزڵوم)

هەمیشە بە تاسەوە چاوەڕێی ڕۆژە مێژووییەکانمان دەکرد. لە زیندانی ئامەد بەرەبەرەی نەورۆزی دووەممان بوو. لە نەورۆزی پێشوودا مانگرتنی تا مردن هەبوو. ئەمجارەیان بە تەواوی لە هەموو جۆرە پەیوەندییەک دابڕابووین. چوارچێوەی دانپێدانان و تەسلیمکاری ملی نابوو، هەر سووچێکی زیندان ببوو بە شوێنێکی تری لێپرسینەوە. بەتایبەتیش هەوڵدەدرا دانپێدانان و خیانەت لەبەرگی گرووپی خارپێتدا بەرفراوان بکرێت. (شاهین)، (عەلی گیوندوز)، (ئەرۆڵ دەیرمەنجی)، (یلدرم مەرکیت)... بەرەو دەستەیەکی بەرفراوانتری خیانەت دەچوون و لە زیندان پێشەنگایەتی سیاسەتی دووژمنیان دەکرد.

لە بەشەکەی ئێمەش هەندێک دەخرانە بەر لێپرسینەوەوە. هەرجارە و سیمای نوێ دەهات و دەچوو. کاتێک بە نهێنی لە پەنجەرەکەوە سەیرمان دەکرد، ئەوانەمان لە دوورەوە دەبینی کە دەیانبردن بۆ سەراو. بۆ ئەم مەبەستەش هەمیشە پەنجەرەکانی گەرماوەکەمان بە کراوەیی دەهێشتەوە. کاتێک ژمارەی چاوەڕوانکاران زیاد دەبوون، باشتر دەهاتنە بەر چاومان. لە هەر هەل و دەرفەتێکدا زبڵدانەکانیانمان تێکەڵ و پێکەڵ دەکرد و ڕەشنووسی وتە "ئیفادە" نووسراو و دڕاوەکانمان کۆدەکردەوە. دووژمن بەزەبر و زۆرداری برەوی زیاتری بە دانپێدانان دابوو. بەدەیان لیستی پرسیار هەبوون. لە ژێر هەر ئیفادەیەکیشدا گوزارەی (پەشیمان بووەتەوە)یان نووسیبوو.

خوێندنەوەی ئەمجۆرە شتانە سوودبەخش بوو. بەشێکمان دەناسییەوە، هەندێکیشیان تەنیا وەک ناوێک لە ئەقڵماندا دەمایەوە. ئەو کاغەزانەمان کۆدەکردەوە، پارچە پارچە دەمانهێنانە لای

یەکتر و دەمانخوێندنەوە، پاشان هەڵماندەگرتن و دەمانشاردنەوە. وابۆی دەچووین کە دەتوانین لەدادگا ئەمانە وەکو بەڵگە بەکاربهێنین.

دووژمن بەزۆر ئیفادەی پێدەنووسین. سوکنایی نەدەهات، دووبارە و سێبارە پێی دەنووسینەوە. بێگومان هەندێک کەس خیانەتیان هەڵبژاردبوو، ئاسانکارییان بۆ دووژمن دەکرد، دووژمنیش هێندەی لەدەستی دەهات بەکاری دەهێنان. ناسراوێکیان تیا هەڵبکەوتایە، زیاتر کاری لە دەوروبەر دەکرد. بەم هۆکارە تا لەدەستمان بهاتایە نەماندەهێشت هەموو کەس ئەو کاغەزانە بخوێنێتەوە، ناوەکانیشمان بە هەموو کەسێک نەدەگووت.

هەر لەو رۆژانەدا ژوورێکی تریشیان جیاکردەوە. قولاپ، ئامێری کارەبالێدان و کەلوپەل و ئامێرەکانی تری ئەشکەنجەیان هێنا و بردیانە ئەو ژوورەوە. ژووری پاسەوانان ببوو بە ژووری ئەشکەنجە. نزیکبوو لێمانەوە و کەسی تریان نەدەهێنا بۆلامان. ژنە تازە بەندکراوەکان دوای ماوەیەک لێپرسینەوە، ئینجا دەهێنرانە قاوشەکەی ئێمەوە. ئامێری تازە لەناو ئامێر و ئامرازەکانی ئەشکەنجەشدا نەبوو، بەڵام دوایین ئامادەکارییەکان، هەروا ئاسایی نەبوون.

ناچار خۆمان بۆ هێرش و پەلاماری نوێ ئامادە دەکرد. سەرەتا لەگەڵ گرووپێکی بچووک قسەمان کرد و پێمانگووتن: "دووژمن دانپێدانان و دانپێدانەری بەسەر هەموو کەسێکدا دەسەپێنێت، پێدەچێت سەرەی ئێمەش بێت. سەرەتا بە هەندێک لە هەڤالان دەست پێدەکات. هەر کامێکمان ببەن، یەکەم وەڵامدانەوەمان چالاکی فیدایی دەبێت. دەرفەتی خۆخنکاندنمان هەبێت، خۆخنکاندن، هیچ دەرفەتیشمان نەبوو هەتاوەکو دەمرین

سەرمان دەکێشین بەدیوارەکاندا. ئەم هەڵوێستە پەلامارەکان رادەوەستێنێت. دڵنیام ئەمجارە مرخ لە دەستدرێژی و رەفتاری هاوشێوەی خۆش دەکەن. لەم لایەنە لە لاوازی ژنەوە دەست بە پەلامار دەکەن". هەموومان ئەم بڕیارە هاوبەشەمان پەسند کرد. پاشان لە گرووپەکانی تر بە هەڤاڵانی دروست و جێ متمانەمان گووت و بڕیارەکەمان پێڕاگەیاندن. پاشان بە هەموو هەڤاڵانمان گووت: "ئەو ژوورە بۆ ئێمە جیاکراوەتەوە. دەشێت دەست بە لێپرسینەوەی تایبەت بکرێت. هەڵبەتە هەموو رۆژێک ئەشکەنجەمان دەکەن. لەوێکانەدا تەنیات دەکەن و بە لێپرسینەوەیەکی زەبر و زۆر؛ رێگەی دانپێدانانمان دەخەنە بەردەم. دەشێت هەوڵی دەستدرێژیش بدەن. لەم بوارەدا هیچ شتێک بۆ دووژمن ناهێڵینەوە. ئەگەر هەڵوێست نیشان نەدرێت، دوور نییە هەوڵی دەستدرێژی و لاقەکردنیش نەدەن. کەوابوو کێ یەکەمجار ببردرێت هەڵوێست نیشان دەدات". هەر یەکەو لە شوێنێکەوە کاردانەوەی خۆی نیشاندا: "خۆمان دەکوژین، ناهێڵین ئەو کەسە قێزەونانە دەستی پۆخڵیانمان پێبگەیەنن". ئەم گوزارەیە وەکو بڕیارێکی گشتی کەش و هەوای قاوشەکەی گۆڕی. تا بەو رۆژە جگە لە لێپرسینەوەکانی پۆلیس، لە زیندان هیچ دیاردەیەکی دەستدرێژی نەبیندرابوو. ویستیان تاقی بکەنەوە، بەڵام ئێمە رێگەمان پێنەدەدان. کاردانەوە و هەڵوێستەکانیش لە ئاستێکی گرنگدابوون. هیچ نەبێت لەم خاڵەوە دەمانتوانی دەست بە بەرخودانییەکی مەزنتر بکەین. نەدەبوو بەردەوام چاوەڕێی گشتی بکرێت. ئەگەر بەتایبەتی پەلامارمان بدەن، کاردانەوەشمان بەوجۆرە دەبوو.

ئەم هەڵوێستە وەک پەیماننامەیەکی بەکۆمەڵ بوو. پاش ئەو قسەیە، لە ئاستی گشتیدا گەشانەوەیەک بەدیدەکرا. هەر کەسەو

گۆرەوی و تراکسوودی ئەستووری لەپێکرد. هەمیشە لەژێر تەنوورەوە بیجامە یاخود تراکسودی زیادەمان لەپێ دەکرد. لەکاتی ئەشکەنجەدا بەکەڵک دەهات. ئەگەر تازە هاتوویێک تەنوورەی لەپێ بووایە، (ئەسەد) بە زەوقێکی گەورە و بە بۆڕەکردنەوە قاچی ژنەی بە سەربازەکان بەرز دەکردەوە و دەستی بە دارکاری و لێدان دەکرد.

رۆژی دواتر بە شلەژاوی و هەڵپە هەڵپێکەوە هەمان ئامێر و کەرەستەکانیان لە ژوورەکە دەرهێنا و بردیانەوە. دەرگەی دالآنەکەشیان دانەخست، ژوورەکە وەکو پێشووی لێهاتەوە. بێگومان هیچ واتایەکمان پێ نەدا. تۆ بڵێی شتێک روویدا بێت؟ یاخود لە بەشەکانی تر بەهۆی ئەشکەنجەوە کەس مردبێت؟ دەنا ئەی گوێیان لە ئێمە بووبێت؟ شیرۆڤەی سەیر سەیرمان هەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا وەک پیلانێکیانمان پووچەڵ کردبێتەوە شاد و خۆشحاڵ بووین. رایەڵکەکردن بەناو قاوشەکەدا خێراتر و گفتوگۆکان گەشەی سەندبوو. وەک بڕیارەکەی رۆژی پێشوومان بەدیهاتبێت و بەئاستی چالاکی گەیشتبێت، کاریگەری لە هەمووان کردبوو. چەند سەیرە؛ شادی و دڵتەنگی زۆر زوو جێگەیان بە یەکتر لێژ دەکرد. لەبەرامبەر بە دووژمن، مۆڕاڵ گرنگییەکی گەورەی هەبوو. بە پێداگرییەوە پەیداکردنی تۆزقاڵەکانی ژیان، بەپێداگرییەوە بەباوەڕبوون، بەپێداگرییەوە هەبوون قەشەنگ و بەواتا بوو. هەڵبەتە ئەو دیاردانە گرنگی زیاتری هەبوو کە ئەمانەی واتادار دەکرد.

پێویستبوو نەورۆزمان پیرۆز بکردایە. لەدەرەوە مسۆگەر چالاکی دەکرا. دەشبوو هەڤالان شتێکیان بکردایە تا دۆخی ئێرە بگۆڕن. ئایا هەڤالان بەشێوەیەکی تەکتیکی رێساکانیان پەسند کرد و چاوەڕێی نەورۆزیان کرد؟ بیر و بۆچوونی لەمجۆرە بەردەوام

مێشکمی قاڵ دەکرد. زۆر شت هەبوو نەماندەزانی و ئاگامان لێی نەبوو. دووژمن بە نەفرەت بێت، تەنیا جارێکیش نەمانتوانی لەگەڵ هەڤالان هەواڵی یەکتر بزانین.

ئەو نامەیەی بۆ (مەزڵوم)م نووسی بوو هێشتا لەلای خۆمە. تیایدا بە کورتی باسم لە رەوشی خۆمان کردبوو. ئاماژەم بەوە کردبوو کە بەرگری لە خۆم دەکەم و دەرفەتی ئامادەکاری پەیدا دەکەم. بەتەواوەتی نەمدەزانی لە چ ئاستێکدا بەرگری لەخۆمان بکەین؛ لە ئاستی کادیرێک یاخود هەوادارێک دا. ئەگەر بمانتوانییایە پەیوەندییان پێوە بکەین، ئەوا شتێکیان دەگووت و منیش بەوپێیە دەجوڵامەوە. لە ئەگەری نەبوونی پەیوندیشدا وەک هەوادارێک بەرگریم لەخۆم دەکرد. بەڵام وای بۆ دەچووم گەر وەک کادیرێک بەرگری لەخۆم بکەم پێدەچوو شتێک بێت لەمن بەولاتر. لەدۆخێکی وەهاشدا پێویستی بە بەرگریکردنێکی گشتگیرییانە دەکرد. ئەو مافەم لەخۆمدا بەدی نەدەکرد کە بڵێم کادیرم. خۆبەخۆ وەرگرتنی گوزارەی کادیریشم لەجێی خۆیدا نەدەبینی. پێویست بوو پارتی بەفەرمی دەستنیشانی بکات. هەڵبەتە ئەم دۆخە کاری لە گفتوگۆکانیش دەکرد؛ هەڤالان رازی نەدەبوون بەوەی کە خۆم شایستەی کادیری نابینم. دواجار پێمگووتن: "گرفت بەرگریکردن نییە لە پارتی؟ بەرگری لێدەکەم، بەرگریکردنەکەشم بەگوێرەی پلانەکەی خۆمان دەکەم و برایەوە. مەرج نییە لە دادگادا شێوازی بەشداربوونەکەم دیاری بکەم". لەڕاستیدا خواستی ئاگادارکردنەوەی رێکخستن و وەرگرتنەوەی وەڵامم هەبوو. بەڵام هۆکاری نەبوونی هەلومەرجی پێویست بۆ ئەو مەبەستە نیگەرانی دەکردم. هەموو ناکۆکییەکم لێرەوە سەرچاوەی دەگرت.

بەیاننامەی نەورۆزمان ئامادەکرد. هاوکات داڕشتنێکی سیمبۆلی سەبارەت بە گرنگی نەورۆز نووسرا، ئەم کارەش بە (جاهیدە) سپێردرابوو. بەشوێنێکی دیوارەکەدا هەڵمانواسی کە لە لاواچی دەرگەکەوە دیارنەبێت. بە ئەندازەی دوو کاغەزی پەڕاو (A4) دەبوو. پێشتر هەندێک مۆممان شاردبووەوە، دەرمان هێنا، هەر یەکێکیانمان کرد بە چەند پارچەیەکەوە، بەو رادەیەی بەشی نووسینی (بژی نەورۆز) بکات. کە زانیمان لێی دەمێنێتەوە ئەوجار بژی (PKK)شمان نووسی. هەموویمان لەشێوەی مانگی یەکشەوە لەسەر زەوی و ریزکرد. کۆمەڵێک کاغەزمان سووتاند و بە دالانەکانی بەشەکەدا بلاومان کردنەوە. کۆمەڵێک پەتمان بە رۆنی مۆمەکە چەورکرد، بە یەکجار هەموو مۆمەکانمان داگیرساند و بۆ خولەکێک رێزلێنان بەبێ دەنگی وەستاین و پاشان بەیاننامەکەمان خوێندەوە. دواتر گۆڤەندمان گرت. کۆمەڵێک شتمان ئاخنییە لاواچی دەرگەکەوە، هەڤالانیش لەم دیوی دەرگەکەوە دانیشتبوون، ئەگەر سەرباز هەوڵی سەیرکردنیشی بدایە هیچی نەدەبینی. دوای ئەوەی بەرنامەی خۆمان تەواو کرد چیان لەدەست بهاتایە با بیکەن. نەورۆز بوو، گوێمان بە هیچ شتێک نەدەدا. لە گرووپەکانی تریشەوە بەشداربوومان هەبوو. ئەوەشی کە لە ترسان بەشدار نەبوون خۆیان هەڵدایە قاوشەکەی ترەوە. بۆ ئەوەی ئەگەر دووژمن هەڵیبکوتایەتە سەر قاوشەکەمان، ئەوان لێدان نەخۆن! ئەو جۆرە هەڵوێستانە بێتاقەتیان کردین، بەلام گوێمان پێنەدان. بەجۆش و خرۆش هاتبووین، تا دەچوو ریزی گۆڤەندەکە بەرفراوانتر و بازنەکەی گەورەتر بوو. هەروەها شانۆگەرییەکەشمان زۆر خۆشبوو. بەمجۆرە نەورۆزێکی نمونەییمان پیرۆزکرد.

بەزم و هەرایەک بوو کەچی تاکە سەربازێک لەو نێوە دیار نەبوو. دۆخێکی نائاسایی هەبوو؟ دەشێ چی بووبێت؟ دەستبەجێ دەستمان بە شیرۆڤەکرد: "دەکرێت لە دەرەوە چالاکی ئەنجامدرابێت. دەنا لەم شەوە گرنگەدا دووژمن چۆن وازی لێدەهێناین! هەرگیز بەبێ لێدان و ئەشەکەنجە نەورۆز بەڕێنەکرابوو. تۆبڵێی لە زیندان شتێک کرابێت؟ دەست بە چالاکی کرا؟ دەشێت (مانگرتنی تامردن) راگەیەندرابێت؟ ئەمجارە ئێمەش دەستپێدەکەین...".

سەرمان بە لاواچەکەوە دەنا و گوێمان بۆ دالانەکە شل دەکرد، نەبوو، پەرداخێکمان هێنا و نامان بە دیواری قاوشەکەی پەنامانەوە[95] و تەنیا ورتەیەک لەوانیش نەدەهات. گوێیان بۆ دەنگی گۆرانی و گۆڤەندەکانمان راگرتبوو، (گولتەن)یش دەیگووت: "ئەوان پیرۆزی ناکەن، لەترسان زراویان تۆقیوە". (بەدرییە) بە مشتەکۆڵە بە ئاوازێکەوە دەیکێشا بە دیوارەکەدا و دروشمی " بژی نەورۆز، بژی (PKK)ی هەڵدا" کەچی جگە لە دەنگێکی زۆر کزی دوو سێ جارە ئەو وەڵامە نەهاتەوە کە چاوەڕێمان دەکرد.

رۆژی دواتر هەمان بێدەنگی درێژەی کێشا. بێدەنگییەکی مەرگئاسا هەبوو و تا ئێوارەش بەردەوامی کرد. ئێمە زۆر واسواسە بووین؟ تۆ بڵێی خوومان بە لێدانەوە گرتبێت، مەرجە هەموو رۆژێک دارکاریمان بکەن؟ قیامەتێکی تر هەبوو؟ نادیاری هۆکاری ئەو بێدەنگییە تووڕەی دەکردین.

---

[95] جۆرە رێبازێکی قەدیمە، بۆ کۆکردنەوەی دەنگی بەرینی دیوار، پەرداخی پلاستیک بە دەماوخون بەدیوارەکەوە رادەگیرا و گوێ بە پشتی پەرداخەکەوە دەنرا، بەمجۆرە هەست بەو دەنگانەی پشت دیوارەکەوە دەکرا کە بە گوێڕادێرانێکی ئاسایی نەدەبیسترا.

بەڵێ، ئەو شەوە قیامەت هاتبوو، قیامەتی راستەقینە، بەتایبەتیش هەر لەو زینداندا، لەو شوێنەدا کە هەمووان هەواکەیمان هەڵدەمژی.

ئەو شەوە (مەزلوم دۆغان) بەشێوەیەکی واتادار نەورۆزی پیرۆز کردبوو. ئەوەی ئێمە هەستمان پێکردبوو لە ئاست چالاکییەکەی (مەزلوم)دا زۆر بچووک بوو. دەمانگووت شتێک بووە. چاوەڕێی چالاکیەکمان دەکرد، زیاتریش چاوەڕوانییەکەمان بۆ دەرەوەی زیندان بوو، بەڵام ئاگرە بڵێسەدارەکەی بەرسەری خۆمان نەبینی و نەبیست بوو. (مەزلوم) لەناو جەرگی دووژمنی دابوو. دەمانگووت " حەتمەن هەڤاڵان بیر لە شتێک دەکەنەوە". ئەمە باوەڕ و متمانە بوو لەبەرامبەر بەو هەڤاڵانە. بێگومان هیوا و ئومێدمان بە کەسایەتی ئەوان هەبوو، بەڵام مەزلوم... مەزلوم....

کەس بڕوای نەدەکرد. نەماندەزانی چەند تێپەڕبووە بەسەریدا. بەندکراوی تر هێنران. (بەزار)ی خوشکی (رەزا) ئاڵتونیشیان لەناودابوو. کچە فەرمانبەرەکەی دایە (خەدیجە)، گورجوگۆڵ و خۆشەویستەکەی ماڵە رەنجدەرەکەی ناوچەی ناتۆیۆڵو بوو، (بەزار)مان بە کچە "سیسەلۆکە لەخۆباییەکە" ناوزەد کردبوو. دەماننناسی. بەندکردنی هەر مرۆڤێک مایەی رق و تووڕەییمان بوو، داخمان لێدەهات و دەمانگووت: "نەخێر با نەیەن، ئاگایان لەخۆیان بێت، دەستگیر نەکرێن[96] دواتر کە وەرگرتنی هەواڵ و ئاگاداری لە دەرەوە دەهاتە ناو باسەوە، کاردانەوەکانی یەکەم لەیاد دەچوونەوە. تەنیا ئەو هەڤاڵانە دەیانتوانی بچنە قاوشی خوارەوە کە خواردنیان بڵاو دەکردەوە. پاسەوانیش بەردەوام بۆ رێگرتن لە دروست بوونی پەیوەندی لەگەڵیان هاتوچۆی دەکرد.

---

[96] لەو رۆژگارەدا بەشێکی زۆر لە کەسوکاری بەندکراوانی دۆزی (PKK) لەکاتی سەردانیکردنی زینداندا دەستگیر دەکران و دەخرانە زیندانەوە.

ئەو ڕۆژە بەرپرسیاری قاوشەکەمان دەستنیشان و ئامادەکردبوو، ئەو لەبەر دەرگە سەربازەکەی دەخافڵاند، هەندێک شتی پێدەگووت و سەرنجی بەلای خۆیدا رادەکێشا. (گوڵتەن) زانیاری نوێی لە (بەزار) وەردەگرت، دواتر بەرێگەی گۆڕینەوەی نامە درێژە بە پەیوەندییەکە دەدرا. چەند خولەکێک چاوەڕوانیکردن لەسەر قادرمەکان هێندەی ڕۆژێک درێژی خایاند. چاوەڕوانییەکی بێزارکەر بوو، هەستێکی سەیر و ناڕوونم هەبوو. چاوەڕوانییەکی پڕ لە سام بوو، وەک هەواڵی ناخۆش بەڕێوە بێت وابوو. (گوڵتەن) هەوەسی هاتنە سەرەوەی نەمابوو. بەگشتی کەسێکی وەها نەبوو، جموجۆڵی قورس و خاو بوو، تەمبەڵ بوو، بەڵام ئەمجارەیان هەنگاوی پێ نەدەنرا. سەری بەسەر شانەکانیدا ئەملاو ئەولای دەکرد. وا خۆی نیشاندەدا کە هیچی پێوە دیار نەکات. پاشان هێشتا چەند هەنگاوێکی مابوو بگات پرسیم" (گوڵتەن) چی بووە؟ ئادەی زوو وەرە" سەری بەرزکردەوە و سەیری کرد، چاوەکانی تەڕ بوون. دەتگووت خوێنی لێبڕاوە، لێوی سپی هەڵگرابوو، ڕەنگە زەردەکەی بەتەواوی کاڵ ببوو.

عەرەبانەی خواردەمەنییەکەی لەبەر دەرگە دانا و چووە مەتبەخەوە، بەدوایدا چووم. دیار بوو هەواڵی ناخۆشی پێبوو. دڵم وەختبوو بتەقێ، هێشتا نەمدەزانی کێیە و چی بووە کەچی تۆپەڵێک کەوتبووە سەر دڵم. مەتبەخ شوێنێکی بچووک بوو تەنیا بەناو مەتبەخ بوو. چونکە هیچ شتێکی تیا نەبوو. ئێمەش پێمان دەگووت "موتڵەق[97] شتە نهێنییەکانمان لەوێ تاووتوێ دەکرد. بەرەو ڕووی حەوشەی هەواگۆڕینەکە بوو بۆیە زۆر چاودێری نەدەکرا. هەڤالانیش ئەم ڕۆڵەی مەتبەخەکەیان دەزانی. هەرکاتێک بچووینایە بۆ ئەوێ دەیانگووت: "دڵنیام قسە لەسەر شتی زۆر

---

[97] وشەیەکی عەرەبییە و لە واتای نەگۆڕ و رەها دا بەکاردەهێندرێت.

گرنگ دەکەن"، ئەمجارەیان هەڤالان زۆر بە مەراقەوە سەیریان دەکرد. چونکە بەندکراوی تازە هاتبوون. (گوڵتەن) دەگریا. پرسیارەکەم دوبارە کردەوە" چییە، چی بووە؟" و باوەشی پیاکردم و تەنیا ناوی (مەزڵوم)ی لەزار هاتەدەر. هەردوو دەستم شۆڕبوونەوە و وەک دڵم لە جەستەم جیابووبێتەوە، کەوتم. مەزڵوم... مەزڵوم..

باشە چی روویدابوو؟ بەردەوامەکەی نەبوو. ئاشکرا بوو چی دەگووت. کە من دەستم بە گریان کرد (گوڵتەن) هێور بووەوە و گووتی: "لە نەورۆزدا، خۆی هەڵواسیوە". بەتووڕەییەوە گووتم "چۆن؟ خۆی هەڵواسیوە؟ نەخێر دووژمن درۆ دەکات. شەوی نەورۆز بوو، دڵنیام دووژمن شەهیدی کردووە، پاشانیش وانیشانیان داوە کە خۆی کوشتووە. دیارە بەم شێوەیە بووە" وازم لە گریان هێنا، ناخم لە کین و تووڕەییدا بڵێسەی دەدا. دووژمن تا کەی درێژەی بەم کردەیەی دەدا؟ وەها بڕوات هەموو کادیرە پێشەنگەکان دەکوژن. پێویست بوو شتێک بکەین. هیچمان نەبیستبوو، لەناو زیندانیشدا لە زیندانی دووەم دابووین.

پاشان (ئایسەل) هات، ئەویش چۆن پێی زانی دەستی بە گریان کرد. لەماوەیەکی کورتدا هەواڵەکە بڵاوبووەوە. هاوار و فریادی دایە (دووڕیە) دەگەیشتە ئاسمان. سینەی دابووە بەر مشتەکۆڵە. دەگریا، ئەمما چۆن گریانێک..

دایە (کەبیرە) بەئاواتی "بریا مەزڵومم بدیایە"وە لە زیندان دەرکەوتبوو. نەیبینی. (باران)یش بەڵێنەکەی خۆی بەدینەهێنا.

ئێوارە یادکردنەوەیەکمان سازکرد. هەمووان بەشداریان کرد. دوای خولەکێک رێزلێنان، گووتارێکم پێشکەش کرد و پێکەوە سروودمان گووتەوە.

(مەزلۆم) هەمووانی کرد بە یەک، هزر و هەناوی هەمووانی کرد بەیەک. تەنانەت بێکەڵکترین کەسیش ئەو شەوە لەبەردەم چالاکییەکەی (مەزلۆم)دا شەرمی لەخۆی کرد، سەری شۆڕ کرد و خۆی داوەشاند.

لەگەڵ شیکارکردنی رووداوەکە پەیوەندی نێوان چالاکی و نەورۆزمان بەدی دەکرد. لەجیاتی شیرۆڤەکردن هەوڵماندەدا بزانین (مەزلۆم) لەم چالاکییەیدا خواستی چی بوو، چ پەیامێکی دا. پەیام ئاشکرایە:

بەرخودان ژیانە...!

نووسراوی "تەسلیمیەت بە خیانەت، بەرخودان بە سەرکەوتن دەگات"ی بەجێهێشتبوو. سەرلەنوێ دەستمانکرد بە تاوتووێکردنی. دووژمن خیانەتی دەسەپاند و خێرایی بە دانپێدانان دابوو. هەڤاڵ (مەزلۆم دۆغان) بۆ شکاندنی ئەم گەمارۆی خیانەتە لە شەوی نەورۆزدا ئەو چالاکییەی ئەنجامدا. چالاکی؛ رەوتی پیلانەکانی دووژمنی راوەستان، بەڵام پێویست بوو هەرکەسەو لەلای خۆیەوە شتێک بکات.

هەڤاڵ (خەیری) کاتێک چالاکییەکەی هەڤاڵ (مەزلۆم) دەبیستێت دەڵێت" باشە، ئەمە چالاکییەکە. چالاکییەکی گەورەی سیاسییە، بە واتایە". پاش شکستی بەرخودانی مانگی ئایاری رابردوو، فیکری "سەرلەنوێ بەرخودانی" لە گفتوگۆکاندا بەخاڵی کۆنکرێتی گەیشت. ماوەیەکی زۆر بەسەر مانگی ئایاردا گوزەری بوو، دووژمن دەیویست دانپێدانان و تەسلیمییەت بکات بە پەتایەک و خیانەتیش وەک شێوازێکی ژیان بسەپێنێت. بەشەو و

ڕۆژ بە دروشم، بە ئەشکەنجە دەیویست لە کەسایەتییەکاندا هەرچییەک بەناوی ژیانەوە هەبێت بنەبڕی بکات. شوێنێک بوو (تاک) تیایدا بوونی نەبوو، تاک بنەبڕ دەکرا. تاک هەر چییەکی هەبووایە لەناو دەبرا و بێ واتا دەکرا. لەناو قەرەباڵغییەکدا سەرەتا تاکی بە تەنیا دەکرد، پاشان لەو تەنیاییەدا کەسایەتی تاکی دەکوشت. شیمانەی ئەنجامەکانی ئەم سیاسەتی ناکەسکردن و خیانەتە دەکرا. لێرەدا (مەزڵوم دۆغان) زۆر بەوردی هەستی بە مەترسییەکانی پەرەسەندنی زیاتری ئەو سیاسەتە کرد و خواستی لەخاڵێکەوە دەستپێ بکات و ببێتە کۆسپ لەبەردەم ئەو پەرەسەندنەدا.

مەگەر (مەزڵوم) و ئەوان بیریان لەوە و هەموو ئەوانە بکردایەتەوە. بۆیە هەر لەسەرەتادا هەڤاڵ (خەیری) چالاکییەکە دەنرخێنێت، گرنگی و واتاکەی لەشوێنی خۆیدا پێناسە دەکات. زۆرێکیان تا ماوەیەک واتایان پێنەدا، نەگەیشتن بە نهێنییە وردەکانی ئەو قارەمانێتییە، کە ئەمەش ئاسایی بوو. هەموو کەسێک نەیدەتوانی بەواتاترین مردن هەڵبژێرێت. خولقاندنی ژیانێکی بەم ئەندازەیە بەواتا و قەشەنگ لەدەست هەموو کەسێک نەدەهات. خەڵکانی تر نە قەشەنگی شکۆداری ژیانیان بینی و نەشیان زانی چۆن ئامێز بۆ مردنێکی گەورە بکەنەوە. سامێکی گەورەیان لە مردن و لە ژیانیش دەکردەوە. ئەو ترسە خودی خۆیانی بە مردنێکی تەواو دەگەیاند، هەرگیز لێی ڕزگار نەبوون.

دەمانزانی و لە قووڵایی دڵمانەوە هەستمان دەکرد کە ئەم چالاکییە وەها بەتەنیا نامێنێتەوە. لە هەمووواندا باوەڕییەکی بەرزی

وەڵامدانەوەی پێویست هەبوو. بەبێ ئۆقرەیی چاوەڕێکردنی هێمایەک، جێگەی خودی ژیانی گرتبووەوە.

چەند ناخۆشە، هەمیشە ئاراستەی چاوەڕوانیمان لەسەر شوێنی تربوو. بیرمان لەوە نەدەکردەوە لەخۆمانەوە دەست پێبکەین. هەتا هەڤاڵان هەبن ئێمە چۆن و دەستمان بەچی بکردایە؟ لەلایەک خواست هەبوو چونکە ڕووداو و پێشهاتەکان کاریگەرییەکی زۆریان هەبوو و دەمانگووت "ئیدی بەسە، چاوەڕێ ناکەین، دەست پێدەکەین"، لەلایەکی تریشەوە دەرکمان بە خاڵی دەستپێکردن نەدەکرد، دەگەڕاینەوە بۆ "دەبێت بڕیاری ڕێکخستن، دەستووری ڕێکخستن هەبێت". دەمانگووت "دەبێت ڕێکخستن ڕێنوێنی دەستپێکردن بدات". کەچی زەمینەیەکی هێندە زۆر هەبوو کە تەنیا ساتەوەختێک دەبوو بە هۆکار و تەنانەت دەکرا دەست بە سەرهەڵدانیش بکرێت. بەڵام لە بنەمادا ڕێکخستنی بوون و وەڵامدانەوەی ڕاستەقینە؛ قۆستنەوەی یەکەمین ساتەوەخت و بەشێوەیەکی خوڵقێنەرانە پراکتیزەکردنی ئەو خۆمەرجدارکردنەمان بوو بە مۆڵەتی ڕێکخستنەوە.

تایبەتمەندی لەخۆپرسینەوەی چالاکییەکەی (مەزلوم)؛ چ لەسەر هەموو بەندکراوان و چ لەسەر کادیرە پێشەنگەکان، لە هەر یەکێک لەو هەڤاڵانەی هەڵگری باوەڕی پارتین ڕێگەی بۆ بەخۆداچوونەوە کردبووەوە. چالاکی (مەزلوم) پێودانگی بەرخودانی (PKK) بوو. جەوهەریترین، ڕوونترین، بەرجەستەترین، بە بڕیارترین ساتەوەختی کەسایەتی خۆی بوو. هەموو کەسێک ناچارە خۆی بەم پێودانگە بەراورد بکات. لەلایەک

هەموو جۆرە وەحشەتێک؛ ریسواترین دۆخی هەڵگەڕاوەیی و خیانەت، لەلایەکی تریش گەورەیی چالاکی قارەمانانەی (مەزڵوم) و سەرکەوتنەکەی! .. ئاسۆی بیرکردنەوە رۆشن ببوو، ئیتر ئەو دڵانەی بەرەو لای ئەو دەچوون ئۆقرەیان لەبەر بڕابوو...

دادگاکان کرابوونەوە. بە مەراسیمی ئەشکەنجە و دارکارییەوە تۆمەتنامە[98]ی دۆزی سەرەکییان پێدەدایں. سەربازەکان بە پەڕاوەکەیان دەگووت "پەڕتووکی ئاپۆ". دۆزەکە بەپێی ماددەیەک کرابووەوە کە لە دەستووری کۆماری تورکدا سزاکەی سێدارەیە. سێدارە! دەستەواژەیەک نەبوو هەروا بە ئاسانی بهێنرێتە سەر زمان. بەڵام لە زینداندا زۆر بە زوویی بڵاو کرایەوە و بەردەوام لەسەر زاری سەربازەکان بوو، دەیانگووت: "هەموویان قابیل بە سێدارەن، هەموویان لە سێدارە دەدرێن". رابواردنێکی تازە کەوتبووە دەستی (ئەسەد)ەوە. ناوە هاتووەکانی ناو پەڕاوەکە، هەڵوێستی کاتی لێپرسینەوە، ئیفادەی لە یەکەمین دانیشتنی دادگادا، پلە و پێگەی ناو رێکخستنیان، کردە و کارەکانیان...هتد هەمووی دەخوێندرانەوە. بەر لە دانیشتنی سەرەکی لە دادگا؛ لە زیندان ئەو پەڕاوانە بە بنەما دانران و هەر لەوێ دەستیانکرد بە یەکەمین دادگایی کردن. دادوەرە جەلادەکان بەگوێرەی ئاستی پێگەی کەسێتی لەناو رێکخستندا ئەندازەی ئەشکەنجەیان بۆ دادەنا. ناوی جیاجیایان لە یارییەکانیان دەنا. تاوانی کوشتنی (20 – 30) کەسیان دابووە پاڵ هەندێک لە هەڤاڵان. دووژمن ئەمەی بەس بوو. لەولاشەوە بە هەندێک کەسی تریان دەگووت: "تۆ هیچت نییە، دەردەکەویت. ئەگەر ئاقڵ بیت، هیچ کێشەیەک نەنێیتەوە، دەردەخرێیت" و کەچی زۆر گرنگیشیان پێنەدەدان، بە" کەسی گەورە"وە خەریک دەبوون. تەنانەت سەربازە

[98] ئیدیعانامە، پەراوی تۆمەت، تاوان، ئیفادی بەندکراوان.

جەلادەکانیش بۆ تاوانباری گەورە دەگەڕان، مەراقیان دەکرد. سەیر بوو!

هەڤاڵ (کەمال پیر) لەسەر زاری هەموو سەربازەکان بوو. زیاتر سەربازانی خەڵکی دەریای رەش و بە رەچەڵەک لاز وەک باس لە ئەفسانەیەک بکەن ناویان دەهێنا. کاتێک بۆ یەکتریان باس دەکرد وەک (کەمال پیر)یان نەبینی بێت دەیانگێڕایەوە، کەچی هەمووشیان بینیبوویان. هەرچەندە لەلایەن دەوڵەتەوە تەفرە درابوون، تەلیسمە جوانەکەی ئەم (کابرا لاز)ە سەرنجی هەموو سەربازانی بەلای خۆیدا رادەکێشا ئەمەش لەکاتێکدا کە خەڵکانی لەدژی دەوڵەت هاندابوو، دەوڵەتی پارچەکردبوو، فەرمانی کوشتنی کەسانی دابوو. ئەقڵیان نهێنییەکانی ئەم (کابرا)یەی نەدەبڕی کە بەردەوام ئەشکەنجەیان دەکرد و دەرکیان پێنەدەکرد. گووتار و هەڵوێستی لەبەرامبەر (گەورە) ئەفسەرەکان لە ناخەوە کاریگەری لە سەرباز و پاسەوانەکان دەکرد. بە سەرسامییەوە دەیانگێڕایەوە کە (ئەسەد) دەست بۆ پەتێکی توندکراو دەبات و بە (کەمال پیر) دەڵێت " سەردەستە، ئەم پەتە بۆ تۆیە" لە وەڵامدا (کەمال) پێ دەڵێت:" ئەو پەتە خۆی لەبەر من راناگرێت، من هەڵناگرێت، دەپسێت". هەر گووتەیەکی (کەمال) پڕ لە واتا بوون، بەتایبەتیش لەبەرامبەر ئەسەد، وشەی هەڵدەبژارد، لە شوێنی خۆیدا و وەک پیر[99]ێک پێی دەگووت. چونکە هەر رووبەڕووهاتنێک لەگەڵ ئەسەد، پارچە شانۆگەرییەکی تری شەڕەکە بوو. لەم واتایەدا هەر ئاوڕێک، هەر وشەیەک گرنگی و رۆڵی تایبەتی هەبوو.

---

[99] لە باوەڕی عەلەویدا بە کەسانی رێبەر و گەورەی بنەماڵە، هەرێم و تەنانەت زۆرجاریش بە یەکێک لە رێبەرانی باوەڕی دەگوترێت .

هەڤاڵانی ئەندام لە کۆمیتەی ناوەندی ئامادەی دۆزە سەرەکییەکان دەبوون. تەنیا لە دۆزی خارپێت و چەند دۆزێکی بچووکی تردا ئامادە نەدەبوون. دووژمن بە ئەنقەست نەیدەخواست بەتایبەت ئامادەی دۆزی خارپێت بن. ئەم دۆزەی بۆ (شاهین) و (یڵدرم) هێشتبووەوە. بۆ ئەوەی بەهەوەسی خۆیان یاری پێبکەن! (یڵدرم) لەگەڵ هەڤاڵ (مەزڵوم) پێکەوە دەستگیر کرابوون. ئەوساکە هێشتا ناسنامەی هەڤاڵ (مەزڵوم) ئاشکرا نەببوو، یەکەمین جار بوو دەستگیر دەکرا ، (یڵدرم) رۆڵێکی گەورەی هەبووە لە بەدەستەوەدانیدا، بەتایبەت لە بازگەیەکی پۆلیسی هاتوچۆدا! ترس و شڵەژانی (یڵدرم) لەلای پۆلیس گومان دروست دەکات. خیانەت دەستبەجێ خۆی دەرنەدەخست. هەر هەڵە و چەوتییەک راستەوخۆ بەرەو خیانەت نەدەچوو. بەڵام هەندێک تایبەتمەندی هەن کە یەکەمین رێچکەی خیانەتیان دەکردەوە و هەنگاو بە هەنگاو گەورەتریان دەکرد.

ترس لە چی؟ ترسەکەی (یڵدرم) لە نیگەرانییەکی شۆڕشگێرییانەوە سەرچاوەی گرتبوو؟ دیارە لەو ساتەوەختەدا هیچ کەسێک هێندەی (مەزڵوم) ئەو نیگەرانییەی نەبووە. لەڕاستیدا مرۆڤ بەهۆی ترسەوە، بوێری، متمانە، بەباشترین شێوە دەربازبوون لە مەترسی، سەرکەوتنی مسۆگەری بەدیدەهێنا. دووژمنیش لەسایەی ترس رێوشوێنی پێویست دەگرێتەبەر، هەموو جۆرە پەلامارێکیش بۆ ئەو سەرچاوەیە دەگەڕێنێتەوە.

گەورەکردنی ترس لەدڵی دووژمندا، بێ چارەکردنی لەناو ترسەکانی و بێکاریگەریکردنی، راستەوخۆ بەندە بە هێزی ترسی خۆتەوە. ترسەکەی (یڵدرم) بەهۆکاری هەبوونی (مەزڵوم) یاخود هەستکردن بە مەترسییەکی سەر رێکخستن نەبوو، راستە کاریگەری هەیە، بەڵام زاڵبوونی ترسی پاراستنی کەسێتی خۆی

قورسایی زیاتری هەبوو. لەڕاستیدا ئەمە تایبەتمەندی ترسی دووژمن بوو. هەموو فەرمانڕەوایەک ترسێکی وەها دروست دەکەن کە کەسی بەرامبەری دەستبەجێ خۆی بەدەستەوە دەدات.

(یڵدرم)یش بەم شێوەیە بوو. ترسی ڕووبەڕووهاتنی لەگەڵ دووژمن هەر لەگەڵ یەکەم هەنگاو ئەوی خستبووە ناو لەپی دووژمنەوە و هەرگیز خۆی لەم ترسە دەرباز نەکرد. لە زیندان دووژمن هەموو ئانوساتێک لەبەردەم و لەبەر چاودا بوو. بۆ ماوەیەک تێکۆشان لەبەرامبەر بەو ترسە، هاوسەنگییەکی دروست کردبوو، تەنانەت کاریگەری تێکۆشان قورسایی زیاتری بەدەستهێنابوو و تاماوەیەک توانی لەسەر ئەو زەمینەیە بمێنێتەوە. ترسەکەی لەژێر کاریگەری خەم و نیگەرانی شۆڕشگێڕی، شێوازی ژیانێکدا بوو کە لەچوارچێوەی بەرژەوەندییەکانی ڕێکخستندا دەجولایەوە، لە ئاستێکدا نەکەوتبووە ژێر کۆنترۆڵی ترسەکەیەوە ئەو بەندە تێپەڕ بکات.

قۆناخی زیندان ڕاستییەکانی (یڵدرم)یشی دەرخستبووەڕوو. کەسایەتییەکی لاواز بوو، سەراپای هەڵوێست و ڕەفتارەکانی سام و ترسی دەردەبڕی. کەسایەتییەک بوو لە تایبەتمەندی بەیەکگەیشتنی شکست و ترس، لەبار بۆ گۆڕینی ڕیز و هەڵگەڕانەوەدا گەشەی سەندبوو. بەخێزانی لە (PDA)وە هاتبوونە ناو ئێمە. لەم خاڵەدا ڕاست نییە تایبەتمەندی چینایەتی هەندێک لە گرووپەکان لەگەڵ ڕەنگدانەوەکانیان لە کوردستاندا جیابکرێنەوە، بەڵام جێگرتنی (یڵدرم) یاخود خانەوادەی مەرکیت لە (PDA) ڕێکەوت نەبوو. (PDA) هەرگیز لە کوردستان و لە مێژووی کوردستاندا نەبوو بە یار و یاوەر بۆ شۆڕشگێڕیی و شۆڕشگێڕان، بۆ چەپڕەوی، تەنانەت لە سەرەتاییترین شێوازیشدا بۆ دیموکراتبوون و گەلێریبوونیش بە هەمانشێوە! چونکە

خەسڵەتیان وەها بوو. کەمالیزم تاکە تایبەتمەندییەک بوو کە ئەوانی هێنابووە لای یەک. دواتر تێکۆشانی (PKK) هاوشێوەی سەدان کەسی تر ئەوانیشی راکێشا. کەچی لە کۆتاییدا بە خیانەت وەڵامی هەموو ئەو هەوڵانەی (PKK)یان دەدایەوە.

بەهۆی دانیشتنەکانی دۆزی سەرەکی لە دادگا، دەرفەتی ئاگاداربوون و دەستکەوتنی زۆر زانیاریمان هەبوو. (ئایسەل) و چەند هەڤاڵێکی تری ژن پەڕاوەکەیان لەو دۆزەدا بوو، ئەمەش رێچکەیەکی گرنگی بەدەستخستنی زانیاری بوو بۆ ئێمە. دادگا زۆر جار نەیهێشتبوو هەڤاڵان قسە بکەن، دانیشتن و بەجێهێشتنی هۆڵی دادگا یەک شت بوو، مافی قسەکردنیان بە هەڤاڵان نەدەدا. تاکە لایەنی گرنگی ئەم دانیشتنانە کۆکردنەوەی زانیاری و ئاگاداری بوو. بەگشتی مافی قسەکردنیان دەدا بە دانپێدانەر و تەسلیمکارەکان. بەڵام سەیر بوو (شاهین)یان لەگەڵ هەموو گرووپێک نەدەبرد. (شاهین) خیانەتکاری سەرەکی گرووپی خارپێت بوو، زیاتر لە ناو زیندان بەکاریان دەهێنا. پەیوەندییان لەگەڵ دادگاکاندا تەنیا بە دانیشتنەکانەوە سنووردار نەبوو، دانیشتنی تایبەت بە رێگەی "دانیشتنی نهێنی" دەکرا. بۆ هەر دۆزێک خیانەتکاری سەرەکی یاخود سەردەستەیەکی خیانەتکاریان دەبرد.

گێڕایانەوە کە جارێکیان لەکاتێکدا هەڤاڵ (خەیری) دەیەوێت بەرگرینامەی خۆی بنووسێت و بۆ ئەو مەبەستەش دەیبەنە ژوورێکی چۆڵەوە، لەو نێوەدا (یلدرم)یش لە لاواچی دەرگەکەوە چاوی بە هەڤاڵ (خەیری) دەکەوێت، پێی دەڵێن؛ "ئەوەتا خەیریش دانپێدانانەکانی خۆی دەنووسێتەوە". گوایا ئەمیش لەدوای ئەو دیمەنە بڕیاری خیانەتی داوە. بێگومان ئەمە بیانوو بوو، بەحیساب

خەڵەتاندبوویان. باشە چۆن بەم ئەندازەیە بۆ هەڵخەڵەتان دەهاتە سەر بار!

ئەوانەی لە دادگا گەڕانەوە ئەم باسەیان بۆ هێناین، واقمان وڕمابوو. بینینی هەڤاڵ (خەیری) مۆڕاڵ بوو، ژیانەوەیەک بوو. گووتمان: "چۆن دەبێت؟!" کەسایەتی و ناخی خۆی ئەوەندە بۆ خیانەت لەبار کردووە کە بچووکترین خاڵ بەسە بۆئەوەی هەنگاوەکانی بەرەو خیانەت ببات.

(ئەسەد) کاتێک (کەمال پیر) و (خەیری) و ئەوانی دەهێنایە سەر مایکرۆفۆن و بەزۆر دەیدواندن، یاخود سوێند و سروودی پێدەگووتنەوە ئامانجی هەبوو. دوای پەسندکردنی یاساکان کاتێک دەشیگووت "وەک مێش پانمکردنەوە، هەموو کەسێک ملکەچی سیستەمەکەی منە، هەموو سەربازی منن. ڕێکخستن نییە، کۆمیتەی ناوەندی نییە" هەر ئامانجی هەبوو. کاتێک هەڤاڵ (خەیری) بەتەنیا دەخاتە ژوورێکەوە و بە (یلدرم) دەڵێت؛ "وەرە تەماشا بکە، خەیری دانپێدانانی خۆی دەنووسێتەوە" هەمان ئامانجی هەبوو. هەڤاڵ (خەیری) بە دیوانی دادگای گووتبوو کە بەرگرینامەی خۆی دەنووسێت: "دۆخی هەنووکەییمان بەهیچ شێوەیەک بۆ ئامادەکردنی بەرگرینامە لەبار نییە. هیچ پێداویستییەکی خوێندنەوە، هیچ پێنووس و تیانووسێکمان نییە. جگە لە ئەشکەنجە هیچی ترمان نییە. ئێمە ئەندامانی تەڤگەرێکین و ئێوە بەمشێوەیە دادگاییمان دەکەن. بەشێوەیەکی سرووشتی مافی ئەوەمان هەیە سەبارەت بە ڕێکخستنەکەمان هەندێک شت بڵێین. دەمەوێت لەجیاتی بەرگریکردنی زارەکی، بەرگرینامە پێشکەش بکەم. با کاغەز و پێنووسم پێبدەن". دیوانی دادگاش لەسەر ئەم داوایە بڕیار دەردەکەن و (ئەسەد) ئەم بڕیارەی دادگای جێبەجێ کردبوو. بەڵام زۆر فێڵبازانە. کاتێک هەڤاڵ

(خەیری) بەرگرینامەکەی دەنووسێت، هەندێک کەس دەهێنێت و پێیان دەڵێت: "بڕوانن خەیریش دانپێدانانەکانی خۆی دەنووسێتەوە".

لێرەدا ئەو ترسەی (یلدرم)ی دابەدەستەوە، وەسواسی و بێ بڕیارییەکەیشی ئاشکرا کرد. دەنا ئەنجامی کاریگەرییەکی کتوپڕ نەبوو. بەگشتی دانپێدانان بەسەر هەمووواندا دەسەپێندرا، دووژمن هەر خاڵێکی لاوازی بەدی بکردایە لەوێوە پەلاماری دەدا. بوێری ئەوەیان نەبوو بە هەموو کەسێک بڵێن: "دانپێدابنێ" و نەیدەتوانی. هەڤاڵ (خەیری)بیان پیشانی هەموو کەسێک نەدەدا، ئەوە درۆیەکی گەورەی (یلدرم) و هاوشێوەکانی بوو. چونکە بەساڵانە نەیدەهێشت تەنانەت چاومان بە تارماییەکەی هەڤاڵ (خەیری)یش بکەوێت.

سەرەی منیش هات و بردمیان بۆ دادگا. ئەو رۆژە دانیشتنەکان راستی یەکتر هاتن. هەڤاڵ (خەیری) بەشداری دانیشتنی دادگاییکردنی گرووپەکانی تریشی دەکرد. هێشتا لە جێبەکە دانەبەزیبووم. چونکە یان دوای کردنە ژوورەوەی هەموو کەسێک، یان پێش هەموو کەسێک دەیانبردمە ژوورەوە و لە سوچێک دادەنیشتم، دەستبەجێ سەرباز لە سێ لاوە دیوارێکی گۆشتینیان دروست دەکرد، بەم شێوەیە نیشانی کەسیان نەدەدام و نەیاندەهێشت کەسیش ببینم. سەرەڕای ئەوەش سەیرم دەکرد، ئەگەر کەس ئاوڕیشی نەدابا. ئەو رۆژە، کاتێک لەناو جێبەکەدا رایانگرتبووم، چاوم بە هەڤاڵ (خەیری) کەوت. دەستی لەدواوە کەلەپچەکرابوو بۆیە ئەو جەستە گەورەیەی چەمابووەوە. لەپێشیەوە هەڤاڵی تر هەبوون. بینینی لە وەها دۆخێکدا خەمباری کردم و گریام. سەرباری ئەوەش تەنیا بینینی بەس بوو بۆ من. هەڤاڵ (خەیری) بە چاوی دڵسۆزی و پاراستنەوە بۆ ئەوانەی پێش

و پشت خۆی دەڕوانی، کە ئەمەش تایبەتمەندییەکی گرنگی نیشاندەدا. گەورەیی ئەو خەسڵەتە و هەستکردنی بە بەرپرسیارێتی، پۆرترێتی راستەقینەی پێشەنگێک بوو. جەستەی چەماوە، جەستەیەک کە بە زەبر و زۆر؛ بڕێک ڕێسای پەسندکردبوو، تەنیا لایەنێکی ئەو پۆرترێتە بوو. جەوهەری گشتگیرییانەی تێک نەدەدا، بۆیە هەر بێ متمانەییەک یاخود بێ باوەڕییەک تاوان بوو. ئەی دووژمن هەر بەدوای بونیادنانی ئەوجۆرە بیرکردنەوانەوە نەبوو؟ (ئەسەد) بە شەو و ڕۆژ خۆی بەمەوە خەریک نەدەکرد؟ ئەی چۆن؛ دووژمن لە هەر هەل و دەرفەتێکدا نەیدەگووت: "ئاپۆ لە دەرەوەی وڵاتە، لە کۆشک و سەرادایە، ئۆتۆمبێلی مۆدێلی لەژێردایە و لەگەڵ چەند ژنێک دەژی. بۆچی بێ ئەقڵی دەکەن؟ بەرگری لە چی دەکەن؟ گوناح نییە؟" و هەوڵی چاندنی تۆوی بێ باوەڕی نەدەدا؟

دەکرێت مرۆڤ زۆر هەڵەی هەبێت، لاوازی نیشان بدات، شکست بخوات، دیارە هەر یەکێک لەمانە لۆژیکێکی هەیە، بەڵام بڕواکردن بە تەڵەکەبازییەکی وەک: "(خەیری) دانپێدانان دەنووسێت" و بڵێیت: "مادام ئەو خیانەتی کرد، منیش خیانەت دەکەم"! ئەم خەسڵەتە بەچی ڕووندەکرێتەوە؟ هیچ لۆژیکێکی هەیە؟.

کەسایەتی تەڵخ، کەسایەتییە نامۆکراو و لەباربراوە (PDA)ییەکەی، هەر زۆڵییە کەمالیستییەکەی ژێر دەمامکی "پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕ" نەبوو؟ هەر ترسی زۆڵبوونەکەی نەبوو بەرەو خیانەتی برد؟ (ئەسەد) ئەم ترسەی ئەوی کەوتبووە دەست. جەلادەکان زۆر چاک دەیانزانی ئەوانەی هەموو ئانوساتێک تا سەر ئێسک هەست بە ترس و خۆف دەکەن، نێچیرێکی باشن بۆ ڕاوکردنی ترسنۆکە هاوشێوەکانی تریان. هیچ تایبەتمەندییەکی

سەر بە چین و توێژێک، هیچ کولتوورێکی ئایدیۆلۆژییانەی نەبوو. (شاهین) و (یلّدرم) نوێنەرایەتی ئەو جۆرە کەسایەتییانەیان دەکرد. لە هەردووکیشیاندا ترس بنەمای خیانەتەکانیان بوو. بەهۆی ترسەکانیانەوە لە مرۆڤبوون داماڵرابوون. ئەم کەسێتییانەی لەسەر دەستی (ئەسەد ئۆکتای) سووک و ریسوا ببوون، تەنانەت کەس دڵی پێیان نەدەسووتا. هەندێک کەس لاوازییان نیشان دەدا، یاخود بە سنووری تەسلیمییەت دەگەیشتن، کەمیش بێت مایەی دڵگرانی و داخهاتن بوون، هەبوو بۆ ئەوانەیان دەگووت: "بریا نەکەوتبایە دۆخێکی وەهاوە، پارتی رەنجی پێوە کێشاوە. ئەگەر لاوازییەکانی خۆی تێپەڕ بکردایە، رزگاری دەبوو"، بەڵام بەرامبەر بە (شاهین) و (یلّدرم) تەنیا نەفرەت و قین دەهاتە بەر زار. ئەوانەی دەیانناسین، ئەوانەی بەرێگەی ئەو دووانە رێکخستنیان ناسیبوو و هاتبوونە ناو ریزەکانەوە، جگە لە نەفرەت هیچی تریان پێ نەدەگووتن.

## تانەی خیانەت لە گرووپی خارپێت دەدرا

دادگا و دانیشتنی دۆزەکانمان ببوون بەجێگەی خۆنمایشکردنی (شاهین) و خیانەتکارەکانی تر. تەنیا ڕێگەیان بەوان دەدا قسە بکەن. ئەم دادگایەی دانیشتنی دۆزی خارپێتی تیادا بەڕێوەدەچوو، سەیرترین دادگای سەربازی بوو. گۆڕەپانێکی شەڕ بوو. هەوڵدەدرا ئەم دۆزەی کە لە زیندان (ئەسەد ئۆکتای) بەتایبەت کاری لەسەر دەکرد، لێرەش بکرێت بە دۆزی "خیانەتی رەش"، بەمجۆرە هەموو کەماسییەکان تەواو دەکران. (شاهین) بەدرێژایی دانیشتن قسەی کرد. لەیەکەمین سەرهەڵدانی (PKK) ەوە دەستی پێکرد و پێیدا هات. هەموو شتێکی پێچەوانە دەکردەوە و (سەرۆک)ی دەکردە ئامانج. دیار بوو قینێکی گەورەی لە (سەرۆک) هەبوو، تەنانەت شێوازی خواردن و خواردنەوەکەی (سەرۆک)ی چەواشە دەکرد و بەهەوەسی خۆی باسی دەکرد. بەلای خۆیەوە بە روانگەیەکی کەمالیستانەوە؛ رەهەندەکانی ئایدیۆلۆژیای مایەپووچ دەکرد. بەڵام بەردەوام لە پەلاماردا بوو. سەیر لەوەدایە بە چاوبرسیبوونێکی زۆرەوە باسی دەکرد. ساڵەهایەک بوو قسەی دەکرد، کینی هەڵدەڕشت، کەچی سوکنایی نەهاتبوو. تاکە ئامانجیشی ئەوە بوو هەر چۆن لە ژێر لێپرسینەوە و لە زینداندا کردبووی بە خەسڵەت بۆخۆی، لێرەش بە هەمانشێوە دادگا بگۆڕێت بۆ شوێنی هەڵڕشتنی خیانەتەکانی. بەلای دووژمنەوە دەبا کەس بەرگری لە ڕێکخستن نەکات، چونکە نابێت بیکات.

ناوبەناو دەستوورم دەخواست و هەڵدەسام، بەڵام دیوانی دادگا مۆڵەتیان پێنەدەدام و نەیاندەهێشت قسە بکەم. دەیانگووت:

## تانەی خیانەت لە گرووپی خارپێت دەدرا

دادگا و دانیشتنی دۆزەکانمان ببوون بەجێگەی خۆنمایشکردنی (شاهین) و خیانەتکارەکانی تر. تەنیا رێگەیان بەوان دەدا قسە بکەن. ئەم دادگایەی دانیشتنی دۆزی خارپێتی تیادا بەڕێوەدەچوو، سەیرترین دادگای سەربازی بوو. گۆڕەپانێکی شەڕ بوو. هەوڵدەدرا ئەم دۆزەی کە لە زیندان (ئەسەد ئۆکتای) بەتایبەت کاری لەسەر دەکرد، لێرەش بکرێت بە دۆزی "خیانەتی رەش"، بەمجۆرە هەموو کەماسییەکان تەواو دەکران. (شاهین) بەدرێژایی دانیشتن قسەی کرد. لەیەکەمین سەرهەڵدانی (PKK) ەوە دەستی پێکرد و پێیدا هات. هەموو شتێکی پێچەوانە دەکردەوە و (سەرۆک)ی دەکردە ئامانج. دیار بوو قینێکی گەورەی لە (سەرۆک) هەبوو، تەنانەت شێوازی خواردن و خواردنەوەکەی (سەرۆک)ی چەواشە دەکرد و بەهەوەسی خۆی باسی دەکرد. بەلای خۆیەوە بە روانگەیەکی کەمالیستانەوە؛ رەهەندەکانی ئایدیۆلۆژیای مایەپووچ دەکرد. بەڵام بەردەوام لە پەلاماردا بوو. سەیر لەوەدایە بە چاوبرسیبوونێکی زۆرەوە باسی دەکرد. ساڵەهایەک بوو قسەی دەکرد، کینی هەڵدەڕشت، کەچی سوکنایی نەهاتبوو. تاکە ئامانجیشی ئەوە بوو هەر چۆن لە ژێر لێپرسینەوە و لە زینداندا کردبووی بە خەسڵەت بۆخۆی، لێرەش بە هەمانشێوە دادگا بگۆڕێت بۆ شوێنی هەڵڕشتنی خیانەتەکانی. بەلای دووژمنەوە دەبا کەس بەرگری لە رێکخستن نەکات، چونکە نابێت بیکات.

ناوبەناو دەستوورم دەخواست و هەڵدەسام، بەڵام دیوانی دادگا مۆڵەتیان پێنەدەدام و نەیاندەهێشت قسە بکەم. دەیانگووت:

"کەی نۆرەت هات ئینجا قسە بکە". (شاهین) هەموو شتێکی دادگایی دەکرد، هەموو شتێکی باس دەکرد. بێ وچان باسی لە چۆنێتی سەرنەکەوتنی (PKK)ی دەکرد، جگە لەوە خۆی لەبەر هیچ گوزارەیەکی تر رانەدەگرت. هەوڵەکانی منی بە "قارەمانێتی پووچ" ناوزەد دەکرد. بەلای خۆیەوە هەموو کەسێک خۆی رادەستی دووژمن کردبوو، منیش قارەمانێتییەکی پووچم دەکرد، لەو لاشەوە چەند کەسێکی تریش لە دەرەوە مابوونەوە و هەر هێندە! (شاهین) لەسەر ناوی گرووپی خارپێت خیانەتی گەرەنتی دەکرد!

شێوازی بەڕێوەبردنی دادگایکردنەکە لەهیچ یاسایەکی فەرمیدا جێگەی نەبوو. بەهیچ شێوەیەک تەنیا وشەیەکیان لە بەسەرهاتەکانی زیندان نەدەخستە دانیشتنەکانەوە! دەیانویست پەردەیەک بدەن بەسەر راستییەکانی بەندکراوێتی ناو چواردیوار و زیندانەکان. تەنیا خیانەت بۆی هەبوو قسەیان بۆ بکات. لە دانیشتنی دۆزەکانی تردا هەڤاڵان رەهەندی راستەقینە و ناواخنی دانپێدانەری و خیانەتکارییان باس کردبوو. دەگووترا کە بەرگریکارانی پارتی و خاوەنداریکردن لە باوەڕی بەکاریگەرتر بووە. باس لە پەیوەستداری بە (مەزلوم) و رۆحی بەرخودانی ئەو لەبەرامبەر بە خیانەت کرابوو.

ئایدیۆلۆژیا، سیاسەتی پارتی، تایبەتمەندییەکانی شۆڕشەکەمان، بنکەی رێکخستنیمان، ئاستی تێکۆشانمان، واتا و پێویستی پاشداکشانەوە، خوێندنەوەی بۆ سۆسیالیزم، خەسڵەتی دووژمن، سەرجەم ئامانجەکانی شۆڕشەکەمان، هاوپەیمانێتییەکانی، ژێرخانی کۆمەڵایەتی و سیاسی بونیادەکەی، (سەرۆک) و تەوەرە هاوشێوەکانی لە چوارچێوەی بەرگریکردندا بوو. ئێمەش باسمان لەمانە دەکرد و لەم خاڵەدا بەبڕیار بووین.

با (شاهین) چەواشەی بکات، کێ بڕوا بە درۆکانی دەکات؟ دەیتوانی کار لەکێ بکات؟

(شاهین) لەناو خیانەتی خۆیدا راستییەکیشی دەدرکاند: دووژمن بەڕاستیش لە ئاستێکی بەرچاودا لە دژی گرووپی خارپێت لە پیلانەکەیدا سەرکەوتبوو. بە ئاشکرا دەیانیان بوونەتە دانپێدانەر، دەیانیان بێ باوەڕبوون، بەشێکیان کەوتوونەتە ناو لاوازییەوە، بەشێکیان بێچارە چاوەڕێی بەدیکردنی هێمایەک بوون، تەنیا بەشێکی زۆر کەمیان خاوەندارییان لە پارتی دەکرد. ئەرکێکی تایبەتیش بە (شاهین)، (عەلی گیوندوز)، (ئەرۆڵ دەیرمەنجی) و (یڵدرم) درابوو؛ ( دەبێت یەک بە یەکی زیندانیان راکێشنە ناو بەرەی خۆیانەوە!). سەرجەم هەڤاڵانی گرووپی خارپێت بە ئەشکەنجەیەکی تا دوا رادە هۆڤانە و لەژێر لێپرسینەوەی گەورەترین خیانەتکاراندا، شەو و رۆژ ناچاری دانپێدانان دەکران. ئەمەش بەشێوەیەک دەکرا کە بەردەوام هەموو لاوازییەکی ژێر لێپرسینەوە و هاوکات رەخنەکانی پارتی لەسەر گرووپی خارپێت دەکرا بە رۆژەڤ و پێیان دەگووتن: "پارتی و رێکخستن پشتیوانی ئێوەی نەکرد. هەمووتانی بە خیانەتکار ناوزەد کرد. بۆتان نییە لە دادگا بەرگری لەخۆتان بکەن. چی ماوە تا بەرگری لێ بکەن؟" دووژمن و خیانەتکارە زمانحاڵەکانی بەمشێوەیە دەیانویست لە سوچێکدا تەنگەتاویان بکەن، لەڕووی دەروونییەوە بیانخەنە ناو بێچارەیی و چەقبەستەییەکەوە. راستە پارتی سەبارەت بە رەشبگیرییەکەی خارپێت هەڵسەنگاندنی هەبوو. دەستنیشانی کردبوو کە بەرگریکردن کارێکی ئەوتۆ و ئاسایی نییە، ئەگەر بەرگریدەکرێت، ئەوا ناچارە لەسەر ئەو بنەمایە بێت کە باجەکەی بداتەوە بە پارتی، گەل و مێژوو. ئەمە بەر لە هەموو کەسێک گرووپی خارپێتی دەگرتەوە، ئینجا هەموو

گرووپەکانی تر بەگشتی. چونکە نوێنەرایەتییەکی ڕاستی بەرخودانیی نەکردبوو (مەبەست لە گرووپی خارپێتە). هەر لە دوا قۆناخەکانی لێپرسینەوەکاندا دەرک بەمە کرا، هەرکەسە و لە ئاستی خۆیەوە ڕەوشی خۆی هەڵسەنگاند و دەستنیشانکرا کە هەڵوێستی شایستەی پارتی نیشان نەدراوە و ئامادەین بۆ هەموو جۆرە حیسابدانێک. لەڕۆژگارێکدا دەرک بەو ڕاستیە کرابوو کە هێشتا هیچ هەڵسەنگاندنێکی پارتیمان بەدەست نەگەیشتبوو. کەس نەیدەتوانی خۆی بخەڵەتێنێت. (PKK)یی ڕاستەقینە، خۆڕاگرییەکەی، کادیری و میلیتانییەکەی و ڕاستییەکانی ئێمە دووربوون لە یەک. بەر لە هەموو شتێک دەستگیرکرانمان، خۆنەپاراستنمان تاوان بوو، غەفڵەت بوو.

بێگومان پێشهاتەکانی دوای ئەو گووتانەش گرنگ بوون. تێکۆشان ڕانەوەستا بوو. گۆڕەپانی زیندان یەکێک بوو لە گرنگترین گۆڕەپانەکانی تێکۆشان، کە لەم خاڵەدا نەریت و ئەزموونێکی ئەوتۆمان نەبوو. خیانەت لەبەر سەرمان بوو، دوور نەبوو. هەر ئەو دەدوا و دەرشایەوە. دەکرا بێدەنگبوون و خاوەندارینەکردن لە پارتی و کەوتنە بۆسەی تەڵەکەبازییەکانی دووژمنەوە پەسند بکرێت؟ نەخێر، ڕێک کاتی خاوەنداریکردن بوو لە پارتیبوون. چونکە لە کەسایەتی ئێمەدا پارتی دادگایی دەکرا. لەجیاتی ئەوەی دووژمن لاوازییەکان بکات بە پلیکانە و لەوێوە لە پارتی بدات، پێویست بوو لەسەرمان لاوازییەکان بکەین بە هێز و داگیرکەری دادگایی بکەین.

بەگشتی ئەو ڕۆژە بێدەنگی باڵی کێشابوو. ئاوڕێکم لە (حاملی) و ئەوان دایەوە، ئەوانیش قسەیان نەدەکرد. چاوەڕێی چیان دەکرد؟ یاخود من بێ ئۆقرەبووم؟ چاوەڕێی نۆرەی خۆمم بکردایە؟ بەڵام دەمویست ئەو بێدەنگییە سامناکە تێکبشکێنم. چی

دەبێت، با ببێت. با دووژمن ڕێگە بە قسەکردنم نەدا، با (شاهین)یش بڵێت قارەمانێتییەکی پووچ دەکات، هەر بە خەیاڵمدا نەهات، بە چەند ڕستەیەکیش بێت قسەم کرد.

سکرتێرەکان تەنیا قسەکانی (شاهین)یان دەنووسی. پارێزەرەکان بێدەنگن، جاروبار یەک دووانێکیان داوای بەردانی بەندکراوەکانی خۆیان دەکرد. سەیرکردنە سامناکەکانی ئەوان تراژێدیتر بوو. کەسوکاری بەندکراوەکان لەدوورەوە تەماشای دانیشتنەکان دەکەن و دەگرین. بەسەرهاتەکانی کاتی سەردانکردنی ڕۆڵەکانیان، زەحمەتییەکانی ڕێی دادگا و بەسەرهاتی ڕۆڵەکانیان تەنیا هۆکاری ترسەکانیان بوو. تەنانەت لەترسی "شتێک لە ڕۆڵەکەم نەکەن" نەیاندەتوانی بە ڕاستیش تەماشا بکەن.

لەهاتوچۆی دادگادا مەراسیمی ئەشکەنجە بەردەوام بوو، بەڵام کەس هەڵنەستا و نەیگووت "ئەشکەنجە هەیە". کاتێک بگووترایە شتێکی وەها دەکرێت، دادوەرەکان دەیانگووت: " ئەوێ زیندانە، پەیوەندی بە ئێمەوە نییە".

دانیشتنەکانی سەرەتا هەر بەمشێوەیە تێپەڕ دەبوون. لەولاشەوە تەڵەکەبازییەکانی (ئەسەد) بەردەوام بوو. جارێکیان منیشیان سواری ئۆتۆمبێلێکی گەورەی سەرداخراو کرد. سەرەتا دڵخۆشبووم بەوەی لەگەڵ هەڤاڵان لەیەک شوێندا دەبین و دەرفەتی قسەکردنمان دەبێت. کاتێک چوومە ناوەوە بینیم ئەو گرووپە کە بەڕیز وەستاون و سەریان لەسەر پشتی یەک داناوە، دانپێدانەر و خیانەتکارەکانن. کەس نەیدەتوانی چاو لە چاوم بکات. لەو نێوەدا چاوم بە سیمای تریش کەوت؛ (مەتین)، (دۆغان)، (محەمەد)... چاومان بەیەک کەوت. لە حاڵێکی سەیردا بوون بڕوام نەدەکرد. بە سەرلەقاندنێکەوە وەک پرسیار بکەم "چی دەکەن لێرە،

ئێوەش لەریزی ئەمانەدان؟" (مەتین) بە چاوبڕکێ هەوڵی گووتنی شتێکی دا. رووانین و هەستەکانم کاری لەویش کردبوو. سەری دانەواندەوە و جاروبار تەماشای دەکرد. دواتر تێگەیشتم بۆچی منیشیان هێنایە ناو ئەم ئۆتۆمبێلەوە. (ئەسەد) دەیویست ورەم بشکێنێت. لەکاتی دابەزیندا ئاوڕێکمدای ەوە و پێمگووت: "تۆ چیدەکەیت لەناو ئەم بێ ناموسانەدا؟ یاخود پاش ئەو هەموو ئێش و ئازارە خیانەت دەکەیت؟ ئاژەڵ! دەرکەوە لەناویان" (مەتین) ویستی شتێک بڵێت. (دۆغان) و (محەمەد)یش شەرمیان کرد، چی بوو، سەیر بوون. سەربازەکان بەهاواریانەوە هاتن و دایانبەزاندم.

نەمزانی چۆن چوومەتە ناو هۆڵی دادگاوە. ئەو بەدخەسڵەتانە شورای خیانەتیان بەرفراوانتر دەکرد. (مەتۆ) لەبەر چاوم نەدەچوو.

وەک شتێک لە گەرووم ئالابێت هەر دەمگووت: "نابێت، نابێت". دووژمن، (ئەسەد)ی بەدرەفتار لەنزیکەوە گورزی لێدەدام و دەیویست بێ کاریگەرم بکات. بە رقئەستووری لە بەرامبەر بە هەر قسەیەکم دەیگووت "فەرموو، ئەوە دانپێدانەر".. ئاگام لێنەبوو لە دادگا چی دەبوو، قسە لەسەر چی دەکرا. چەند جارێکی تر ئاوڕم لەو لایە دایەوە کە دانپێدانەرەکان دانیشتبوون، (مەتین)یش سەیری منی دەکرد. وەکو ئەوان دانەنیشتبوو، بەڵام لەناویاندا بوو. ئاوڕم لەم لای خۆم دایەوە و سەیرێکی ئەوانی ترم کرد، (حاملی)، (سەلیم)، (شادی) لەپاڵ یەک دانیشتبوون. وەک لێیان بپرسم "چییە، چی روودەدات" سەیرم دەکردن، ئەوانیش هیچیان نەدەگووت. دەتگووت چاوەکانیشمان قسە ناکەن. کەچی لە کاتی تردا بەهەست پێکردن شتی ترمان لەیەک دەخوێندەوە.

(مەتین) ئەو رۆژە دەچێتە دەساوەکەوە خوڕ خوڕ دەگری. دواتر کە چاومان بەیەک کەوت پێیگووتم" هەرگیز ئەوەندە

نەگریابووم". رۆژی دواتر (مەتین) لە شوێنێکی تر دانیشبوو. پێویست بوو زۆر بە وردی تەڵەکەبازی و پیلانەکانی (ئەسەد) بخوێندرێتەوە. هەموو بەیانییەک چەند کەسێکی تری دەهێنا و بە زۆر دەیخستە ریزی دانپێدانەر و ترازاو و خیانەتکارەکانەوە. لاوازییەکانی گرووپی خارپێتی دەزانی. بەو ئیفادانەی بە زەبری ئەشکەنجە بە بەندکراوانی دەنووسی، ئەو دانیشتنانەی کە خودی خۆی رەوتی بە (شاهین) دەدا، دەیویست بەو دەنگە ناحەز و قێزەونەی خۆیەوە هاوار بکات و بڵێت "گرووپی خارپێتم بەدەستهێنا" هەڵبەتە ئەمانە دەبوون بە خاڵی سەرکەوتن بۆ (ئەسەد).

هەڤاڵ (خەیری) لە دانیشتنی دۆزی سەرەکی دا گووتبووی: "ئەم بێدەنگییە بە ئەشکەنجە، زەبر و زۆر بونیادنراوە. من لەو بڕوایەدام لە ئاییندەیەکی نزیکدا داوای لێبوردن لە پارتی دەکەن و لە ئیفادەکانی خۆیشیان پاشگەز دەبنەوە. ئەو کەسانە بە ئەشکەنجە و پەلامار و پیلانی نامرۆڤانە خرانە ئەم پێگەیەوە".

(شاهین) لە بەشێکی تری خیانەتەکانی و هەوڵدانی بۆ زیاتر قووڵکردنەوەی ئەو بێدەنگییەدا دەیگووت: " هەر کەسە و بەشێوەیەک کاری لێکرا و هاتە ناو ئەم رێکخستنەوە. گەنج بوون، زۆر زوو خەڵەتێندران. هەوەسی گەنجانەیان هەبوو. پێویستە ئەوانە تاوانبار نەکرێن، ئێستاکە لە راستییەکان گەیشتوون. بیر لە رێکخستن ناکەنەوە، بەڵکو تەنیا شتێک بیری لێدەکەنەوە ئەوەیە کە بەزووترین کات لێرە دەربکەون" دەستبەجێ دەستوورم وەرگرت و گووتم: "مرۆڤەکان بە ئەشکەنجە و گوشار دەمکوت دەکرێن"، ئاوڕمدایەوە و گووتم: "بۆچی هەڵناستن و قسە ناکەن؟.. خۆشیان زوو یان درەنگ باسی دەکەن. شاهین لە دادگاش درێژە بە لێپرسینەوەکان دەدات، بێباوەڕی دەچێنێت. خۆی لە ترسا

خیانەتی کردووە بۆیە هەموو کەس بە ترسنۆک نیشان دەدات. دادگاش رەچاوی یاساکانی خۆی ناکات. لێرە شاهین دۆنمەز بەندکراوان دادگایی دەکات، بۆ چەند رۆژێک دەچێت هەر خۆی قسە دەکات، مافی قسەکردن بە ئێمە نادرێت".

دادوەر بەقیڕاندنێکەوە گووتی: "دانیشە، دەنا دەتکەمە دەرەوە".

کاتێک نۆرەی من هات بۆ بەرگریکردن، درەنگ داهاتبوو. بە ئەنقەست بۆ کۆتاییان هێشتینەوە. (حاملی)، (سەلیم) و من بەرگریمان کرد. هەندێکیان لە ئاستی لایەنگر و هەوادار خاوەندارییان کرد. ماوەی یەکەم بەرگریکردنمان زۆر سنووردار کرا. بە کۆمەڵێک پرسیار بانگەشەکانیان لەسەر بناخەی تۆمەتەکانی ناو پەڕاوی ئامەد دەرباز کرد و ئیفادەکانی (شاهین)یان بە بنەما وەرگرت.

بەرگرینامە نووسراوەکانمان بەرفراوان بوو. زانیارییەکانی ناو وردە کاغەزەکانی زبڵدانەکەی زیندان بناخەی پلانی بەرگرینامەکەی پێکهێنابوو، بەڵام نەیانهێشت هەمووی بخوێنمەوە. گووتیان ماددەی تاوانی تیادایە و رێگەیان بە تەواوکردنی نەدا. کاتێک پێداگریشم کرد لەسەر خوێندنەوەی، لە دانیشتنەکە دەریان کردم. لەگەڵ (حاملی) پێکەوە بەرگرینامەیەکی هاوبەشمان ئامادەکرد، ئەم بەرگرینامەیە زۆر بەرفراوانتر بوو. لەبەشەکەی خۆیاندا نووسییان و پاشان هەردووکمان واژۆمان کرد. (حاملی) لەبەردەم دیوانی دادگا خوێندییەوە، ئەویش بە بازدان بەسەر هەندێک شوێندا. دواتر سەرلەنوێ رەشنووسی ئیفادەی من کرا بە پەڕاوێکی تری دادگاییکردن. ماوەیەکیش دانیشتنەکانی دادگا لەسەر ئەم بابەتە بەردەوامی کرد. تانەیان لەسەر ئیفادەیەک دابوو کە نەمخوێندبووەوە. زۆر هەزەلی بوو. دادگا هەڵوێستێکی سیاسییانەی هەبوو. زۆر گرنگیان دەدا بە بەرگریکردن لە پارتی،

بەرگریکردن لە باوەڕی، خاوەنداریکردن لە نەریتی بەرگریکردن لە شەهیدانمان، چونکە بەلای ئەوانەوە هەر یەکێک لەمانە تاوان بوو، دووژمن لەبەرامبەر بەمەدا خۆی پێڕانەدەگیرا.

ئەو شەڕەی لەبەرەی دادگادا بەڕێوە دەچوو، ورەیەکی گەورەی پێدەداین. ئیتر پاش هەر دانیشتنێک ئەوانەی بەرگریان دەکرد و دانپێدانان و خیانەتیان ڕەتدەکردەوە بە مژدەی "بەرگرییان کرد" پێشوازیان لێدەکرا و ناویان بڵاو دەکرایەوە. لێرەوە کۆمەڵێک لەو هەڤاڵانەش دەستیان بە بەرگریکردن کردبوو کە بەر لە زیندان لە ئاستی لایەنگردا بوون.

## شەوی (چوار نەبەرد)ەکە

بە ئەنقەست دانیشتنەکانی دۆزی سەرەکییان دوادەخست. ڕێکەوتێکی دەستنیشانکراوی نەبوو، دادگا و بەڕێوەبەرایەتی زیندان کەی پێیان باش بووایە ئەو کاتە دەیانکرد.

بەهۆکاری زۆریی ژمارەی دانپێدانەر و ترازاوانەوە لە ریزی ئەو گرووپەی کە لەگەڵ ئێمە دەستگیرکران، لە هەر دانیشتنێکی دادگادا یەکێکیان بە قسە دەهێنا. کاتێک بۆ دانیشتنی مانگی ئایار لە قاوشەکەم هێنرامە دەرەوە، هەر پاسەوانێک کە دەهاتە رێم، بە حەپەساوی تەماشای دەکردم. سەرەڕای ئەوەی لەکاتی خۆیدا بانگی منیان کرد، کەچی هیچ هەڤاڵێکی تر لە داڵانەکەدا نەبوو، هەموویان سواری ئۆتۆمبێل کردبوون. ئەو رۆژە سروود نەگووترابوو و لێدان و دارکاری نەکرابوو. پێشتر بەر لە هەر دانیشتنێکی دادگا داڵانی زیندان دەنگی دەدایەوە. بەر لە چەند کاتژمێرێک لە وادەی دیاریکراو هەڤاڵانیان دەکردە داڵانەکەوە، بەزۆر سروودیان پێدەگووتنەوە و پاش دارکارییەکی توند بەرەو ئۆتۆمبێلەکانیان دەبردن.

مانگی ئایار بوو، ئایا دەستنیشانکردنی ئەو ڕێکەوتە تەنیا ڕێکەوتێک بوو؟ رێک لە مانگی ئایاردا دانیشتنەکە دەکرا! سواری جێبەکەیان کردم. سەربازەکەی تەنیشتم تاسەدار بوو، قامچی 'جۆپ'ەکەی دەستی دەکێشا بە ئەژنۆ و کەفی دەستی خۆیدا، جاروباریش خواری دەکردەوە شکڵی سەیر سەیری لێ دروست دەکرد. بێدەنگ بوو. دیسان شتێک روویدا بوو؟ ترپەی دڵم خێراتر بوو، قورگم دەکزایەوە. شۆفێرەکە لاز بوو، بە شێوەزاریدا

تێگەیشتم، پێشتریش هەر قسەی دەکرد. ئەندامی پاراستنی بەشی دەرەوە بوو.

بۆیە بێ خەمانە قسەی دەکرد و دەیگووت: "چی بوو؟ چەند کەس لە ئاگرەکەدا مرد؟ ئەوەم بینی کە بردیان بۆ نەخۆشخانە، ئوووووففف.. لە هەموو لایەکەوە خوێنی لێ دەڕۆشت. ئەوە چی بوو!" ئەوەی تەنیشتم خۆی تێنەگەیاند، هێشتاش بە تاسە بوو. لەوانەیە هەر گوێی لێ نەبووبێت. سەربازە لازەکە پرسیارەکەی دووبارە کردەوە. پاسەوان بە گوێبیستبوونی من بێزار بوو. ئەوان بۆیان نەبوو لەلای بەندکراوان باس لەم جۆرە شتانە بکەن، چونکە تەمبێ کرابوون بەوەی نابێت هیچ زانیارییەک بگات بە گوێی بەندکراوان. سەربازە لازەکەش دەتگووت قسە بۆ هەوا دەکات. چاوی لەسەر خاڵێک گیرکردبوو و بەردەوامی کرد: "هەی هۆ.. چۆن باوەڕییەکی هەبوو! کابرا ئاگری تێبەربببوو و دەسووتا، کەچی هێشتاش دروشمی دەگووتەوە. ئەوە چۆن مرۆڤێک بوو!" ئەگەرچی کاردانەوەکانم سەرنجیشی رابکێشێت، قسەی خۆی کردبوو. هەوڵمدا خۆم کۆبکەمەوە، وەک هیچ بایەخێکی نەبێت خۆم تێکنەدا. هەستیان بە دۆخی من کرد بۆیە درێژەیان پێنەدا. سەربازە لازەکە لەو بەینەدا گووتی: "ئەوەی نەخۆشخانە بارودۆخی ناجێگیرە، دیارە ئەویش دەمرێت".

ژمارەکەم وەرنەگرت. ئۆتۆمبێلەکە کەوتبووە رێ، بەڵام ئاگام لێنەبوو؛ هێشتا دەڕۆیشت، راوەستاوە، دەفڕێت، یان لەسەر زەوین، ئاسمان روونە، تاریکە.. هەستم بەهیچ نەدەکرد. دڵم پڕپڕ بوو. دەمویست خوڕ خوڕ بگریم، بەڵام حەزم نەدەکرد لەبەردەم ئەو نامەردانە بگریم، بۆیە بەزۆر خۆمم گرت. تەنیا هێندە تێگەیشتم کە هەڤاڵانم خۆیان سووتاندبوو، بەڵام نەمدەزانی کێن و چەند کەسن. بەردەوام هەنسکی خۆمم قوتدەدایەوە. چۆنە بڵێم

نەخۆشم و بگەڕێمەوە؟ دانیشتنەکە زۆری دەخایاند. دانیشتن لەدادگا دەبوو بە ئەشکەنجە بۆم. پاشان بیرم لەوە کردەوە کە دەشێت یەکێک هەڵسێت و باسی ڕووداوەکە بکات. دەبووایە یەک هەڵسایە و قسەی بکردایە. خۆزگە (حاملی) و ئەوان هەڵدەستان و قسەیان دەکرد. تۆبڵێی ئەوان نەبن؟ لەوانەیە (حاملی)یشیان لەناودا بێت. سەرلەبەیانی زوو ئەوانیان بردبوو، بەر لەوە هەمیشە لەهاتوچۆی دادگادا چاومان بە یەک دەکەوت. بەچاو سڵاومان لەیەک دەکرد و قسەمان دەکرد. ناوبەناو بە سەر لەقاندنێک سڵاودان، خەندەیەک، جوانترین و واتادارترین دیمەن بوو بۆ هەمووومان. لە قاوش بەدەیانجار باسمان لەو سڵاو و خەندەیە دەکرد. هەڤاڵانی تریش دووبارە و سێبارە پرسیاریان دەکردەوە "ئیتر، ئیتر؟" منیش تەنیا دەمتوانی بڵێم "پێکەنی... سڵاوی کرد" و بەردەوام بەهەمان ئەندازەی دەنگ خۆشحاڵی خۆمم دەردەبڕی. ئەوانیش دەیانگووت "خۆزگە دەمانبینین".

چۆن چوومە هۆڵی دادگاوە چاوم بەهەموو لایەکدا گێڕا. ئەوانەی قاوشەکەی (حاملی) ئەوان لەوێبوون، تەنیا (شادی) دیارنەبوو. جگە لەوە کەسێکی تری ئەوتۆ کەم نەبوو. دیوانی دادگا پرسی: "کەس هەیە نەهاتبێت؟" (شادی) ئامادە نەبوو، بە نەخۆش ڕایانگەیاند. بە مەبەستی گوێبیستبوونی سکرتێرەکان ناوەکە دووبارە کرایەوە. کەواتە (شادی) نەخۆش بوو. ئەی کێ بوون؟ ئایا لە هەڤاڵانی پێشەنگ بوون؟ دادوەر قسەی دەکرد، بێنەوبەردەیەک لە ئارادابوو، بەڵام من لەوێ نەبووم، نەمدەتوانی گوێبگرم. بەبێ دەنگییەک لە خودا دەپاڕامەوە، بۆ ئەوەی دانیشتنەکە زوو کۆتایی بێت.

ناوبڕێک درا بە دانیشتنەکە. کەس هەڵنەستا و هیچی نەگووت. ئایا نەیانبیستبوو؟ چۆن بتوانم بپرسم؟

سواری ئۆتۆمبێلێکی زەبەلاحیان کردم. پاش ماوەیەک (حاملی) و ئەوانیشیان هێنا. خۆشحاڵبووم بە هاتنیان. ئەوانم دەبینی، ئەگەرچی سەریشیان نەواندبێت و قسەشیان نەکردایە. سەربازەکان جاروبار دەیانگووت: "سەیری یەکتر مەکەن، سەرتان دانەوێنن" و پاشان لەناو خۆیاندا دەکەوتنە قسە. ئۆتۆمبێلەکە دەنگی تەق و رەقێکی زۆری دەردەخست و گوێی کەڕدەکرد. دەنا دەنگم بەگوێی (حاملی) دەگەیاند. دوو سێ جار پێم کێشا بە پێی (حاملی) دا. دیاربوو دەنگی نەدەبیستم. کاتێک پێم لێدەدا، سەرەتا کەمێک رادەچڵەکی و پاشان پێکەنین رووخساری دەگرتەوە. ئەویش بەهێوری دەیکێشا بە (رەزا بۆزیەل)ی تەنیشتیدا. لێم پرسی:" شتێک روویداوە؟" دەنگیان بیستم، بەڵام (رەزا) بەهێواشی گووتی :"نا". گووتم "ئاگر". (حاملی) کەمێک ئاوڕی دایەوە و چاوێکی بەهێواشی داگرت، دەیویست لە پرسیارەکەم بگات. دووبارەم کردەوە. کە گووتی "ئێمە باشین" دوو دڵ بووم. ئایا سەربازەکان بە ئەنقەست ئەمەیان لەلای من درکاند؟ نەخێر تەڵەکەبازی تیا نەبوو، چونکە سەربازەکانیش لەژێر کاریگەرییەکدا بوون.

چوومەوە قاوشەکە، ئەو رۆژەش نەمتوانی بە قادرمەکاندا سەرکەوم. لەگەڵ کردنەوەی دەرگەی دالانەکە (گوڵتەن) و ئەوانم بینی لەبەردەم قادرمەکاندا چاوەڕێیان دەکرد. چەند جارێک بەر لە چوونە سەرەوە لەژێر قادرمەکاندا لێیان دەدان، دارکارییان دەکردین و ئەوجار دەیانبردین بۆ سەرەوە. لە دادگاش لە هەڤالانی پیاویان دەدا. لەبەرامبەر بە ئێمە لە دادگا رەواڵەتی "مامەڵەی باش"یان دروست دەکرد. بێگومان ئەم رەفتارەیان تووڕەی دەکردین، لەناو خۆماندا دەمانگووت "هەڤالان وا تێدەگەن کە ئێمە زۆر ئاسودەین و هیچ لە ئێمە نادەن و دارکاری ناکرێین"

قاوشەکانی هاودیوارمان دەنگی دار و قامچی "جۆپ"ی دووژمن و هاوار و فریادی ئێمەیان دەبیست، بەڵام دەنگ نەدەگەیشتە بەشەکانی تر.

پاسەوانەکان هێشتا کاریگەری رووداوەکەی ئێوارەی رابردوویان لەسەر خۆیان لانەداوە. پاسەوانی قاوشەکەمان لە هەموومانی دەدا، بەڵام ئەو رۆژە هێور بوو. چوومە قاوشەکەوە. هەموو مەراقیان دەکرد. باسی بەسەرهاتەکەی بەیانیم بۆ کردن، هەرکەس نوقمی بێدەنگییەکی خەماوی بوو. کەس نەیدەویست شیرۆڤەیەک بکات.

لە دانیشتنی دۆزی گرووپی شاری رۆحا رووداوەکەمان بۆ روون بووەوە. هەڤاڵ (فوئاد کاف) هەستا و گووتی: "چوار هەڤاڵمان ئاگریان لە جەستەی خۆیان بەردا. هەڤالان (مەحمود زەنگین)، (فەرهاد کورتای)، (ئەشرەف ئانیاک) و (نەجمی ئۆنەر) پەیامێکیان جێهێشتووە، داوا دەکەم بچێتە ناو تۆماری دادگاوە..." و تەواوی پەیامەکەی خوێندەوە.

کەوابوو لە ساڵرۆژی شەهیدبوونی هەڤاڵ (حەقی قەرار)، لە شەوی 17 لەسەر 18ی ئایاردا خۆیان سووتاندبوو. کەسانی تر باسیان دەکرد کە لەکاتی بەرزبوونەوەی بڵێسەی ئاگرەکەیاندا پێیان گووتوون: "ئاومان پێدا مەکەن، ئاگرەکە گەشتر بکەن" ئیدی هەر چالاکییەک، هەر گووتەیەک بانگەوازییەک بوو.

چوار نەبەردەکە وەڵامی بانگەوازییەکەی (مەزلوم)یان دابۆوە. لەناوخۆماندا یادکردنەوەیەکمان رێکخست. ئەو هەڤاڵانەی دەیانناسین یادەوەرییەکانی خۆیان باسکرد...

## ئەو بێگانەیەک بوو لەناوماندا....

شەهیدبوونی هەر هەڤاڵێک لەناوخۆدا لە یەکتری نزیکی دەکردینەوە. کەچی هەندێک کەسی بێ ئابڕووش هەبوو وازیان لە هەندێک خەسڵەتی خراپی خۆیان نەدەهێنا. بەردەوام لاوازییەکانی خۆیان وەک چەکێک بەکاردەهێنا. پەلاماری سەرتاسەری دووژمن، بەشێوەیەکی کاتیش بووایە ناکۆکییەکانی ناوەوەی رادەوەستاند. هەرکە پەلامارەکان کەم دەبوونەوە ئەو کەسانە دەبوونەوە بە بەڵا.

سەربازەکان بەردەوام لەناوماندا بوون. هەموویان ببوون بە سادیست و بەشێوەیەکی دڕندانە پەلاماریان دەداین. جاروبار رەفتاری بەدڕەوشتی راستەوخۆشیان دەنواند، لەولاشەوە مامەڵەی تایبەتیان لەگەڵ کەسایەتییە لاوازەکان دەکرد. بێگومان هەندێکیش بە سیلەی چاو خۆیان بۆ رەفتارە بەدڕەوشتانەکەی سەربازان شل دەکرد. ئەو جۆرە کەسانە تاک و تروک بوون، لەگەڵ ئەوەشدا بێزارکەر بوون. لەدۆخی وەهادا هەڵوێستی توند وەردەگیرا و بەپێی پێویست ئاگادار دەکرانەوە. بەشی هەرە زۆرینەی ژنانی بەندکراو لەم خاڵەدا هەڵوێستیان روون و بەرجەستە بوو. ئەوجۆرە کەسە لاوازانە سەرەتا ئاگادار دەکرانەوە و قسەیان لەگەڵ دەکرا. بە ئاشکرا جاڕمان دەدا کە بەتایبەتیش لەم زیندانەدا دەرفەت بە خۆبەدەستەوەدانی هیچ ژنێک نادەین. نەماندەهێشت سەربازەکان تەنانەت جوێنیش بدەن ئەگەر باجەکەی لێدانیش بووایە. جارێکیان پەلاماری ژنێکیان دا کە پێشتر لە گازینۆی شەوانە کاریکردبوو، رووبەڕووی

سەربازان راوەستاین و ژنەکەمان هێنایە ناوخۆمانەوە. لەناو خۆماندا بڕیارمان دابوو؛ دۆخی دەستدرێژی، یاخود هەر پەلامارێکی هاوشێوە دەکەین بە هۆکاری یاخیبوون. بایەخێکی زۆرمان بە بەشداری هەمووان لەم بڕیارەدا و هەروەها یەکخستنی کاردانەوە هاوبەشەکان دەدا. جاروبار کاردانەوەی گشتگیرانەمان دووژمنی ناچاری پاشگەزبوونەوە دەکرد لە هەر هەوڵێکی لەو جۆرەیان. (ئەسەد) دەرکی پێکردبوو. هەرکات بە نیوەڕووتی دەهاتە ژوورەوە هەموو پێکەوە بە توندی سەیری چاویمان دەکرد، بەکاردانەوەی جیاجیا بێزاری خۆمان دەردەبڕی. ئیتر ئەگەر بەو جۆرەش بهاتایە تەنیا لێپرسراوی قاوشەکەی لەبەرامبەر خۆیدا دەبینی، یان بانگی (گیۆنول)ی دەکردا.

(گیۆنول) کەسێکی زۆر جیاواز بوو لەناوماندا. یەکەمجار لە توزلوچایەر چۆنم بینی بوو و چۆن هەستێکی تێدا چاندبووم، هەر هەمان شت بوو، هێشتاش خوێنی تاڵ بوو. هەر رەفتارێکی بەلامەوە، رووکەش، دەستکرد، گاڵتەجار و سووک بوو. رووخسارە درۆیینەکەی جێگای باوەڕپێکردن نەبوو.

ئەوکاتەی تازە هاتبووم، هەڤالان بۆیان باسکردم. بەتایبەتیش قسە و باسەکانی لەگەڵ ئەفسەرەکاندا دووچاری رەخنە و گفتوگۆی زۆری هەڤالان هاتبوو. بەڵام ئەو دەستی لەو ئەتوارەی خۆی بەرنەدەدا. دوای هاتنی ئیدارەی (ئەسەد)یش ئیتر نوێنەرانی پێشووی قاوشەکان وەلاخران و مامەڵەی چاودێر "مراقب"یان لەگەڵ دەکرا. بەگشتی نوێنەرانی قاوش لەو کەسانە پێکدەهات کە نوێنەرایەتییەکی بەرزی رێکخستن و گرووپەکانیان هەبوو، یاخود رۆڵی نێوانگیرییەکی وەهایان هەبوو. لە قۆناخی ئەشکەنجەدا ئیدارە خۆی نوێنەرانی دەستنیشان دەکرد. (گیۆنول) لە رۆژانی هەوەڵدا سزای گۆشەگیری پێدرابوو. لە قاوشی خوارەوە بوو و

هەموو پێویستییەکیشی دابین دەکرا. شانبەشانی فشار و پەلامارەکان هەموو خۆڕاگرێک دەکرا بە ئامانج، بەڵام فیتنە و فەسادیی ڕۆژانی سزاکەی تا بەو دواییانەش بەردەوام بوو. کاتێک کە هاتم هەموو شتێکیان بۆ باس کردم. هەلومەرج و شوێن جیاوازبوو، تەوەرەی پەیڕەوکارییەکانی دووژمن و کێشەکان گۆڕابوون، بەڵام (گیۆنول) گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتبوو. (ئەسەد) لە زۆر بواردا بە ئەنقەست (گیۆنول)ی هەڵدەبژارد. دەیویست بێمتمانەیی ناوخۆ بەرامبەر بە (گیۆنول) قووڵتر بکاتەوە و لەدژی ئێمە بەکاریبهێنێت. لەلایەکی ترەوە لە قۆناخی لێپرسینەوەدا ئاشنای لاوازییەکانی (گیۆنول) ببوو. دووژمن ڕاپۆرتی خۆی لەسەر پەڕاوی یەک بە یەکی بەندکراوان زیاد دەکرد. لەوێدا زانیاری سەبارەت بە خودی کەسەکانیش جێگەی دەگرت؛ ئەو کەسە مەترسیدارە یاخود نا، پابەندە بە ڕێکخستنەکەیەوە، یاخود نا و لاوازییەکانی دەنووسرانەوە.

(ئەسەد) هەرجارێک دەهات و سەرەتا پرسیاری (گیۆنول)ی دەکرد، ئەگەر چاوی پێنەکەوتایە دەیقیڕاند و دەیگووت "گیۆنول لەکوێیە". کە (گیۆنول) دەهات، دەستی لەسەر شانی دادەنا و پێیدەگووت "وەرە" و زۆر جار بە دەنگێکی نزمەوە قسەیان لەسەر شتی زۆر سادە و بێواتا دەکرد، پرسیاری لە (گیۆنول) دەکرد" چی پێویستە بۆ نەخۆشی سوڕی مانگانەی ژنان؟ ڕۆژنامەتان بۆ دەهێنین، قوتو و دەبەی بچووک و شتی تر" یاخود " هێلین چی پێویستە تا بۆی بهێنین؟"، پاشان دەیگووت: "گیۆنول شارەزایە، باش لەم شتانە دەزانێت، ئاقڵە، تێدەگات". وشەگەلێکی وەک "گیۆنول دەزانێت، گیۆنول تێدەگات، گیۆنول ئاقڵە، گیۆنول... هتد" بۆ پێداهەڵگووتن و دڵخۆشکردنی (گیۆنول) بەسبوون. (گیۆنول) کە هەڵوەدای پیاهەڵدان بوو، سەرخۆش دەبوو بە بایەخپێدانەکەی

(ئەسەد) و پیاهەڵگووتنەکانی. (ئەسەد) دووژمن بوو، ئامانجی دیاربوو. نوێنەرایەتی سیستەمێکی دەکرد و تاکە ئامانجیشی پاشگەزکردنەوەمان بوو لە بیر و رامان، داماڵینمان بوو لە کەسایەتیمان. دەستووزی بەکارهێنانی هەموو جۆرە رێبازێکی پێدرابوو بۆ گەیشتن بەم ئامانجە. بەڵام (گیۆنول) رەچاوی هەڵسوکەوت و رەفتارەکانی خۆی و هەروەها هەستی بە بێزاریش نەدەکرد. هەموو ئەمانەیان بە عالەمی ئاشکرا دەکرد. کێشەکە لەوەدا نەبوو کە ئەو وەڵامی داخوازییەکانی (ئەسەد) یاخود ئەشکەنجەکارەکانی تر دەداتەوە یان شتێکی تریان بۆ دەکات، نەخێر، دەیزانی ئەگەر شتێکی وەها بکات هەڵوێستی بەرامبەری زۆر جیاوازتر دەبێت. نە خۆی و نە جەلادەکانیش بوێری کردەوەیەکی وەهایان نەدەکرد. (گیۆنول) لە بەشی ژناندا گەورەترین خاڵی لاواز بوو، ئەگەری هەبوو ببێت بە خاڵی جیاکردنەوە. زۆر هەست بەم خاڵە دەکرا و خواستی دووژمنیش گەیشتنبوو بەو مەرامە. هاوکات رەفتارە سوکەکانی (گیۆنول)، بێ پێوانەبوون، خاوەن بڕیار و پرەنسیپ نەبوو، بەرەی بەرامبەرمانی بە دووژمن دانەدەنا، هەموو کار و خەباتێکی رێکخستنی وەک پەیوەندییەکی نێوان فەرمانبەر و بەڕێوەبەرێک لێکدەدایەوە...هتد بەم خەسڵەتانەی ئێجگار تووڕەی دەکردین. هەرجارە و (گیۆنول)م دەهێنا، بۆ چەند کاتژمێرێک قسەم لەگەڵ دەکرد.

جاروبار خۆم پێڕانەدەگیرا و لەو نێوەدا بەدەنگی بەرز پێمدەگووت: "گیۆنول بەسە ئیترا ئەو نامەردە تەڵەکەبازیت لەگەڵ دەکات، تۆ بۆچی بێ هەڵوێستیت؟ تۆزقاڵێک هەست بە بێزاری ناکەیت. تۆ دەستگیرانی رەزایت، دووژمنیش دەزانێت. لێرە نوێنەرایەتیت کردووە. ئەسەد زۆر بە وردی چاودێری کردووە کە هەر رەفتارێکت کاریگەری نەرێنی لە هەڤالان دەکات، بۆیە

سووره لەسەر درێژە پێدانی. ئەوەی بە ئەشکەنجە نەیتوانی، دەیەوێت بەمجۆرە بەدەستی بهێنێت. (گیۆنول) بێ ئابڕووە، دەیگووت: "باشە" جاروبار دەگریا، جاروبار دەیگووت بەشێوەیەکی راست هەڵنەسەنگێندراوە و جاروباریش هاردەبوو، کەچی لەسەر هەمان رێی خۆی دەڕۆیشت. ئەوەی لەگەڵ (گیۆنول) دەکرا بەتەواوی شەڕی دەروونی بوو.

وەک پرەنسیپێکی سەرەکی و بناخەیی هەرگیز رێگە نەدەدرا دووژمن هەموو خواستێکی خۆی بەدی بهێنێت. تا شوێنێک لەمەڕ بەجێنەهێنانی کۆمەڵێک یاسا خۆڕاگیری کرابوو. یاساکانی دووژمن ناوبەناو دەبوونە مایەی گاڵتەجاڕی و شلکردنەوە، ناوەناوەش ڕووبەڕوو بوونەوە دەهاتە ئاراوە. بەردەوام لە چاوەڕوانی هاتنی ساتەوەختێکدا بووین؛ ساتەوەختی تەقینەوەیەک، کە ببێتە مایەی هەڵوێستی هاوبەشی سەرتاسەری و بەرخودانیمان. هەر بۆیە نەماندەویست نە (گیۆنول) و نەکەسێکی تر بەرەو دووژمن پاڵ بدەین. ناوەناوە لەگەڵ (گیۆنول) بە دوور و درێژی قسەمان دەکرد. بەشێوەیەک کە جاری وا هەبوو لێی دەپاڕامەوە و دەمگووت: "ئەگەر بیر لە هیچیش ناکەیتەوە ئەڵقەی رەزا لە پەنجەت دایە، رێز لەو پەیوەندییە بگرە. باشە؛ کێ دەزانێ؛ ئەسەد ناچێت بۆ لای رەزا و چی پێناڵێت؟ تۆزێک زۆر لەخۆت بکە، کاتێک ئەو دێت تۆ مەیە پێشەوە. با نوێنەری قاوش وەڵام بداتەوە، ئەگەر قسەت لەگەڵ بکات، با خۆی بێتە پێشەوە و لەناو هەڤاڵاندا قسەی خۆتان بکەن، حاڵی حازر ئەم دۆخە گومان و بێ متمانەیی دروست دەکات. ئەگەر هەڵوێست وەرگریت ئەویش واز لەو مامەڵەکردنەی خۆی دەهێنێت" و هەوڵمدەدا تۆزێک بیهێنمەوە هۆش خۆی. هەڵبەتە جاروبار هەڵوێستەکانم زۆر توند و بێ بەزەییانە بوون. لەو خاڵەدا

(گوڵتەن) دەکەوتە گەڕ و پێیدەگووتم: "هەندێک شت قورس و سەختن، کاری تێدەکات، لێیگەڕێ با ئێمە پێی بڵێین، کە تۆ پێی دەڵێیت بەلایەوە قورسە" و بەدوورودرێژی قسەی لەگەڵ (گیۆنول) دەکرد.

زۆر بیرم لێدەکردەوە کە "بۆچی گیۆنول لەناوماندا هەمیشە بێگانە بوو" و کەس ئەوی خۆشنەدەویست. خۆی زۆر بە گەورە دەزانی، کەسێکی خۆویست و لەخۆبایی بوو. زانیاری و دیماگۆژییەکەی وەک ئامرازێکی خۆبەزلزانین و جیاکاری بەکاردەهێنا. بۆیە پێداهەڵدانەکانی (ئەسەد) نارەحەتی نەدەکرد، بەپێچەوانەوە شاد و خۆشحاڵی دەکرد.

لەژیاندا بەردەوام بوو لە پێچاوپێچ کردن و پەیوەندییەکانیش بەوپێیە دەگۆڕا. لەناو خۆماندا وەک کۆمیتەیەک بووین. ئەویشمان بەشداری هەندێک لە کۆبوونەوەکان و وەرگرتنی بڕیارەکان دەکرد، دوورمان نەدەخستەوە. تەنانەت لە هەندێک کاروباری نووسین و خەباتی پەروەردەی ناوخۆماندا ئەرکدارمان دەکرد. دەمانویست ئیتر متمانە بەخۆی بهێنێت. بەلام بێ هیوابوو، لەناوخۆیدا لە تێکچوونێکدا بوو. لەڕووی دەروونییەوە گرژ و پەشێو بوو.

## کچانی دێرسیم چیان بەسەر هاتبوو؟

لەو نێوەدا گرووپێکی تر لە خارپێتەوە هات. (فادیمە ک..)، (نیعمەت ئە..) و چەند کەسێی تریشیان لەگەڵدایە. ناویان لەناو ئیفادەی بەندکراوانی پێشتردا هەبووە، بۆیە پەڕاوەکەیان لەگەڵ گرووپی خارپێت کرابوو بەیەک. لەڕاستیدا ئەمەش پیلانێکی دووژمن بوو. سەدان هەڤاڵ لە زیندانی خارپێت بەندکرابوون. کەچی تەنیا پەڕاوی چەند کەسێکیان خستبووە سەر کەیسی خارپێت. لێرەدا رۆڵی ئیفادەکانی (شاهین دۆنمەز) و خیانەتکارانی تر هەبوو.

(فادیمە) لەگەڵ (حسێن ئەرۆغلو) و ئەوانی تر پێکەوە گیرابوون. ئامادەکاری دەرکەوتنە دەرەوەی وڵاتیان کردووە، لەکاتی دەرکەوتنیاندا لە شاری مێردین دەستگیر دەکرێن. رەوانەی دێرسیم کراون و لەوێ خراونەتە ژێر لێپرسینەوەوە. پاشماوەیەک بۆ زیندانی خارپێت و لەوێشەوە بۆ زیندانی ئامەد گوازراونەتەوە. بە قۆناخێکی دووروودرێژ و ئاڵۆزدا تێپەڕ ببوون.

دوای رەشبگیرییەکەی ساڵی 1979 ئەمانە روویان لە قەدپاڵی چیاکانی دێرسیم کردووە و تا دەستگیرکردنیان واتا تا پاش کودەتا، هەر لەوێ ماونەتەوە. هەر لەو گرووپەیاندا (چیچەک سەلجان)، (عەزیمە دەمیرتاش) و چەند ناسیاوێکی تریش هەبوون. هەر لەو رۆژانەدا (عەزیمە دەمیرتاش) لە شەڕێکی چەکداری دژی دووژمندا شەهید دەبێت و وەک یەکەمین ژنە گەریلای شەهید ناوی دەچێتە مێژووەوە. قۆناخێکی هەستیار بوو. ئاسان نەبوو بتوانێت هەموو کادیر و شەڕڤانان بپارێزێت، بەبێ ئەوەی

تێکۆشان تووشی کۆسپ و تەگەرە، یان پچڕانێک ببێت جێ بۆ کادیر و خەباتکاران دەستنیشان بکەیت. پارتیمان ژمارەیەک لە کادیرانی رەوانەی دەرەوەی وڵات کرد و هەوڵی دەدا بەشێوازێکی تر درێژە بە قۆناخەکە بدات. لەسەر فەرمانی پارتی، گرووپێکی زۆر لە دێرسیم ئامادەکران و رەوانەی گۆڕەپانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کران، بەڵام زۆرێکیشیان یان بەهۆی پەیوەندی نەکردنەوە یان بەهۆی نارێکخستنبوونی خۆیانەوە، یاخود بەهۆی هەڵە و چەوتی هەندێک کەسەوە نەیانتوانیبوو خۆیان بگەیەننە گۆڕەپانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەشێکیان دەستگیر دەکرێن، هەندێکیشیان بێ سەروبەر مابوونەوە. (مەتینی کەڕ) لەو قۆناخەدا لە ناوچە گوندنشینەکانی دێرسیم بوو. بە پلەی یەکەم بەرپرسیارێتی هەبوو لە هاتنە کایەی زۆر گرفت و کێشەدا. زۆر شتی لەسەر دەگووترا.

بەپێی باسەکان (مەتینی کەڕ) هەوڵیداوە لەگەڵ یەکەم گرووپ بچێتە دەرەوە. لەناوخۆیاندا رێکنەکەوتوون. (مەتینی کەڕ) کەسێکی کەیفی، محافەزەکار، توند و هەروەها بێ ئیرادەش بوو، زیاتر خەمی خۆ پاراستنی لەناوجەرگەی کردە و رەفتارەکانیدا جێگردەکرد. هاوکات هەوڵیداوە ژیانێکی جیاواز بەسەر ژناندا بسەپێنێت.

(فادیمە) کاتێک باسی لە (مەتینی کەڕ)ی دەکرد زۆر بە تووڕەییەوە قسەی دەکرد و دەیگووت: "هیچ مەخلوقاتێکی قێزەونی وەکو ئەوم نەدیبوو. چۆن پێکەوە لە خارپێت کارتان کرد؟ مرۆڤ تەنیا خولەکێک لەگەڵ ئەو ناژی و خۆی پێڕاناگیرێت. بە ئەندازەی زیانەکانی، پابەند نییە بە پارتییەوە. لەو ماوەیەدا کە لە شاخ بووین، یەک کەس نەما دەماقاڵێی لەگەڵ نەکردبێت. گوێی بە کەس نەدەدا، ناڕاستەوخۆ پێدەیگووتین: پارتی منم، رێکخستن

منم.. شەڕی بە حسێن دەفرۆشت. وەک ئاگاداریت حسێن لەگەڵ چیچەک سەلجان دەستگیراندار بوو و هەردووکیشیان پێکەوە لە یەک هەرێمدا بوون، مەتینیش خۆی بەم رەوشە زۆر پەست و نارەحەت دەکرد. قسە و قسەلۆکی زۆری لەسەر بڵاو دەکردنەوە. کەچی لەولاشەوە خۆی بەدووی هەموو جۆرە قیزەونییەکەوە بوو. چەند جار پەلاماری دام. جارێکیان لێمدا، هەڕەشەم لێکرد و پێمگووت: دەتکوژم.. ترسا، ببڕای ببڕ دووبارەی نەکردەوە. بە ئاشکرا دەیڵێم، زراوم لێی دەتۆقی. رێک لەکاتی دەرکەوتنماندا کردی بە دەمەقاڵێ و دەیگووت: هەر دەبێت خۆم بچم.. ترسێکی هەبوو. دەترسا کردارەکانی بە رێکخستن بگەیەنم. ئینشەڵڵا نەچووبێتە دەرەوەی وڵات. ئەگەر چووبێت، چی بۆ پارتی باس بکات، چۆن راپۆرتێک بدات؟ من و حسێن لە زیندانین، تاکە لێپرسراوێک ماوەتەوە ئەویش خۆیەتی. دڵنیام دەست بەدرۆ دەکات. دەزانم حسێن لەکەدار دەکات. رۆژێک لێرە دەربکەوم یەخەی دەگرم. هەموو پیسییەکانی بۆ پارتی باس دەکەم".

(فادیمە ک..) لەناو یەکێک لە گرووپەکانی دەستپێکدا بوو. لەمێژبوو پەیوەندی بەستبوو. دەمانگووت: "ئەم ئایدیۆلۆژییە مرۆڤی جوان رادەکێشێت" لەماڵەکەیان کە لەگەڕەکی داغ بوو لە شاری خارپێت، کار و خەباتی پەروەردەییمان بەڕێوە دەبرد. کام ماڵ شیاو بووایە لەوێ کار و خەباتی پەروەردەمان ئەنجام دەدا. ئەگەرچی لە یەکەمین بەشداربووەکانیش نەبێت، لە ئاستی یەکەمینەکاندا هەژمار دەکرا.. خۆشەویست بوو، زۆربڵێ نەبوو، قسەکانی کەم، کورت و بەجەوهەر بوو. سەبارەت بەو دەمانگووت: "ژیر، زیتەڵ، چالاکە، ئەگەر ئەم تایبەتمەندییانەی هەمیشەیی بکات دەبێتە میلیتانێکی بەهێز". لەڕاستیدا هێور و

کۆڵنەدەر بوو. کاردانەوەکانی زوو دەرنەدەبڕی، تەنانەت کاردانەوەکانی جێگەی مەراقیش بوون.

کۆمەڵە کەسانێک هەبوون کە (قیمەت) و ئەوان کاریان لەسەر کردبوون، (فادیمە) لەوان نەبوو. زوو و بە ئاسانی کاری لێنەدەکرا. هەوڵی دەدا تێبگات و پاشان کاردانەوەی نیشان دەدا. کاتێک لەژێر لێپرسینەوەدا بووە کارەبایان لێداوە، هاواری نەکردووە، پۆلیسەکان تووشی سەرسوڕمان دەبن، تەنانەت دەشڵەژێن. چونکە کاتێک کارەبایان لێدەداین، بەدەر لە ئیرادە هاوارت لێبەرز دەبووەوە. من لەبەرامبەر بە قامچی "جۆپ" خۆم رادەگرت، کاتێک بە جۆپ ئەشکەنجەیان دەکردم دەمتوانی بێدەنگ راوەستم. بەڵام کارەبا جیاواز بوو. مرۆڤ هەموو جۆرە دەنگێکی لەزار دەهاتە دەر. کەچی (فادیمە) هاواری نەکردبوو. پۆلیسەکان پێیانگووتبوو: "یەکەمجارە دەبینە شاهیدی دۆخێکی وەها، ئەمە شتێکی ئاسایی نییە" و ئەم رووداوەیان بۆ هەموو کەسێک گێڕایەوە. کاتێک خۆی ئەم رووداوەی بۆ گێڕاینەوە لە قاقای پێکەنینمان دا و پێمان گووت: "چیت ئەوێ ئیتر، ناوبانگت دەرکردووە!".

(فادیمە) لە لێپرسینەوەکانی پۆلیسدا هیچ شتێکی پەسند نەکردبوو. تەنیا لەبارەی رێنوێنەکەیانەوە کە پێکەوە دەستگیرکرابوون هەندێک شتی گووتبوو، هەروەها باسی لە ناسینی (حسێن) و هەوڵەکانی بۆ چوونە دەرەوەی وڵات کردبوو. جگە لەوە هیچ شتێکی تری نەگووتبوو. سەبارەت بە (فادیمە) زانیارییەکی زۆر هەبوو لەدەستی پۆلیسدا، لەژێر لێپرسینەوەدا پۆلیس بەشێکی زۆری زانیارییەکانی بۆ دەخوێنێتەوە. زۆر کەس لەوانەی کە لە دێرسیم بوون و دەستگیرکرابوون، بە یەکدەم و یەک دەنگ لەوەڵامی پرسیاری "لە کچەکان کێ دەناسن؟"ی

پۆلیسدا دەڵێن:" فادیمە ک.. نیعمەت، مەنەکشە" و ناوی کچانی تریشیان دابوو.

سەرم سوورِما لە هاتنی (نیعمەت) و گەیشتنی بە زیندان. هەتا ئامەدیش هاتبوو. (فادیمە) بە بەرفراوانی باسی لەو خێزانە دەکرد. (نیعمەت) لە شارەوانی کاری دەکرد. من دواجار لە مانگی نیساندا چوومە دێرسیم. لەو سەردەمەدا قسەی لەسەر دەکرا. سزای هەڵپەساردنی پەیوەندی پێدرابوو (مەبەست لە پەیوەندییەکانی خۆیەتی لەگەڵ پارتی و پەیوەندی نەکردنی هیچ هەڤاڵێکە لەگەڵ خۆیدا). دۆخی (تورکان چاکماک)، (ئەرۆڵ د..)، (مەنەکشە)، (قیمەت) و خوشکەکانی تری هەڵسەنگێندرابوو. سەبارەت بە هەندێکیان بڕیاری گۆشەگیرکردن و بێ ئەرککردن جێبەجێ کرابوو. سەبارەت بە (قیمەت)یش سنوردارکردنی پەیوەندی و گۆشەگیرکردن بەهەند وەرگیرابوو، بەڵام ئاشکرا بوو کە (قیمەت) گوێی بەوجۆرە سزایانە نەدابوو. پێگە و ژیانی کاریگەری لە هەڤاڵان دەکرد. دۆخێکی ئاڵۆز بوو. (مەراڵ) رۆیشتبوو. رۆژگاری سەرەتای هەڵایسانی شەڕ بوو لەگەڵ (HK)ییەکان، هێشتا پێشهاتەکانی دواترمان نەبینی و دەستگیرکراین.

پاش رەشبگیرییەکەی خارپێت، (قیمەت) و ئەوان چووبوون بۆ شارە گەورەکانی تورکیا. (نیعمەت) گووتبووی لە ئەنکەرەیە. (پەریخان) لە جورنەڕەش دەستی لە کار و خەبات کێشابووەوە. یەکێک لە خوشکە بچووکەکانیان پەیوەندی سۆزداری هەبوو لەگەڵ سەربازێک. کاتێک یەک بە یەک ئەمانەیان بۆ باسکردین تووڕەبووم و گووتم: "بەسە تێگەیشتم"، خێزانێکی چەند سەیر و سەمەرە بوو! سەیر لەوەدا بوو کە بە پێشکەوتنخواز دەبینران. کەچی زۆر بە گرفت و کێشەبوون. کچەکانیان یەک بە یەک دەترازان و کەسایەتی خۆیانیان لەدەستدەدا.

(فادیمە) باسی لە (جەمیلە مەرکیت - سەحەر ) کرد کە چووە بۆ دیلۆک. پاش قۆناخی یەکەم، قسە و باس لەسەر هاوسەرگیری هەڤاڵ (فوئاد) کراوە. دەیانگووت هەڤاڵ (فوئاد) گووتوویێتی: "دەرزەنێک منداڵ دەخەمەوە". واماندەزانی بەمەبەستی رەشکردنی هەڤاڵ (فوئاد) ئەم باسەیان خستۆتە رۆژەڤەوە. تەنانەت ئەم جۆرە باسانەمان لەناو خۆماندا قەدەخە کردبوو، دەمانگووت ئامانجیان لەباربردنی کەسایەتی هەڤاڵانە. (فادیمە)ش دەیگووت: "لەزاری هەموو کەسێکدایە و هەموو کەسێکت پێ قورِوقەپ ناکرێت!".

ئەوانەی خۆمان بەچییەوە خەریک بوون؟ ئەگەر دژە پرووپاگەندە و رەشکردنی یەکتری بەم حاڵە گەیشتبێت، دیارە شتێک روویداوە. زۆرێک لە یەکەم کچانی ناو خەبات لە دێرسیم تێکچووبوون. بەهەر هۆکارێک بێت نەیانتوانی بوو هیچ بکەن؟ (تورکان چ..) گۆشەگیر کرابوو. ئەو هەموو بەهرەیەی کرد بە قوربانی ژنێتییەکەی خۆی. ئەویش هەڵوێستێکی پتەو، بە ئیرادە و بە پێوانەی نیشان نەدابوو. ئەی باشە (ئەرۆڵ د..) خۆ خێزاندار و خاوەن منداڵیش بوو، هاوسەرەکەشی هەڤاڵ بوو. لەگەڵ (تورکان) پێکەوە لە مازگێرد خەبات دەکەن، کەچی رەهەندی شۆڕشگێرانەیی هاورِێیەتی خۆیان دەشکێنن و بە پێچەوانەی رەوشت و پرەنسیپەکانی خەباتەوە مامەڵە لەگەڵ یەکتر دەکەن.

ئەم (ئەرۆڵ)ە کەسێکی چۆن بوو؟ بەپێی پێویست نەمدەناسی. چەند جارێک سەردانیماڵیانم کردبوو، یان بۆ کۆبوونەوە بوو یان کارێکی تر هەبوو. لافی زۆر رەهای لێدەدا، بەلام قووڵ و روون نەبوو. پێکهاتەی خێزانەکەشی ئالۆز بوو. زرِبرای (ئۆزدەن م..) بوو. (ئۆزدەن) ئەندامی (HK) بوو و گومانمان لێدەکرد. دواجار دەستەکەی ئاشکرا بوو. (حسێن یلدرم) گوایا پەرِاوی تایبەتی ئەوی کەوتبووە دەست! دەیگووت "ئەو پەرِاوە دەدەم بە

هەڤاڵ (عەلی حەیدەر قەیتان)" پرسیم لە (فادیمە): ئەرێ بەڕاست ئەم بابەتە بەکوێ گەیشت، ئاگاداریت؟" (فادیمە) هەندێک دەنگۆی بیستبوو کە نەدەهاتەوە بیری. پاشان گووتی:" ها.. ئەو کابرایە (حسێن یڵدرم) لە دەوروبەری پێرتاگ دەیەوێت چاوی بە هەڤاڵان بکەوێت، بەڵام لەکاتێکدا هەموو پێکەوە کۆببوونەوە دووژمن پەلاماریان دەدات. وابزانم هەندێکیان بریندار دەبن، بەهەڵەدا نەچوو بم هەڤاڵ (عەلی حەیدەر قەیتان)یش بە سووکی بریندار دەبێت".

سەیر بوو؛ گومانم لەسەر (حسێن یڵدرم) زیاتر ببوو. ئەگەر بچێتە شوێنێکەوە کە دووژمن هێرش بکاتە سەر ئەو شوێنە، دڵنیام دەستی لەو کارەدا هەبووە. هەڤالان زۆر دڵسافن، ئەم کابرایە ناناسن. هێشتا لە مەلەتی بووم هەواڵم بۆ ناردبوون، نامەم بۆ پارتی نووسی، دیارە بە هەندیان وەرنەگرتووە.

کاتێک هەواڵی دەستگیرکردنیشیم بیست بە ئاشکرا گووتم "شتێکی تیادایە"، کابرا لە کات و شوێنی خۆیدا بەشداری لە دانیشتنی دۆزەکانماندا نەدەکرد. ئەگەر بەشداریشی بکردایە بە دەنگێکی پڕ ترس و لەرزەوە قسەی دەکرد و جگە لە داوای بەردانمان هیچی تری نەدەگووت. بۆچی دەستگیریان کردبوو؟ پێویست بوو لە زیندان ئاگاداری بن. لە کام قاوش بوو؟ پارێزەری تری دەستگیرکراویش هەبوو. دەشێت هەڕەشەیەکی دووژمنیش بێت. هەوڵی بە تەواوی بێدەنگکردنی ئەمانەی دابێت، نەیویستووە بەشداری دۆزەکانی ئێمە ببن و سزایکردبن. ئەم لایەنەش هەبوو، بەڵام دیسان گومان هەبوو.

(سەڤیم) و ئەوانیش بێ کاریگەر بوون. پرسیاری (نادیرە)م کرد، ئەویش زیرەک و خوازیار بوو. پرسیاری (گیۆنول تەپە) و (یڵدز درومۆش)م کرد. (یڵدز) و (قەدرییە) لە زیندانی خارپێت

بەربوون، (گیۆنول)یش لە چەولیک لە ماڵێک دەبێت، پۆلیس هەڵدەکوتێتە سەر ماڵەکە، ئەویش بۆ ئەوەی نەکەوێتە دەست لە بەلەکۆنی ماڵەکەوە خۆی هەڵدەدات و پشتی ئازاری پێدەگات، بەڵام خۆی دەگەیەنێتە شاخ. هەواڵێکی خۆش بوو و کە گووتم" باشە، خۆی رۆحی ئەنارشیستانە بوو، با لەشاخ ببێت بە ژنێکی دوو دەمانچە بەدەست" هەموویان پێکەنین.

(نورحەیات) لە ئاگری بوو، ئەویش تووشی هەندێک کێشە هاتبوو. دواجار لە ئامەد ماوەیەک لە زینداندا بوو، بەڵام بێ مەبەست نەبوو. چونکە بۆ گەیاندنی زانیاری سەبارەت بە رەوش و پەیوەندییەکانی هەڤاڵان بە دووژمن خستبوویانە زیندانەوە، هەر کە ئاشکرا بوو بەریاندا. (ئایسەل) بە دوورودرێژی ئەم بابەتەی باسکرد. لەناخی خۆمدا بە نەفرەتم دەکرد. زۆرێک لە کچەکانی خەڵکی دێرسیم لە ریزەکانماندا نەمابوون. پاشان پرسیم: "ئەو کچۆڵەیەی لە پەیمانگای مامۆستایان دەیخوێند چی بەسەرهات؟" گووتیان شوێنی خەباتی بۆ جورنەڕەش گوازراوەتەوە. زانیاری روون سەبارەت بە (فادیمە ی..) لەبەردەستدا نەبوو، کەس نەیدەزانی چی لێهاتووە و لەکوێیە. بەڵام ئەگەرێکی گەورەی بێکاریگەر بوون و ترازانی هەبوو.

یەکەم شێوەگرتن و کەسایەتی ناو رێکخستن گرنگە. رۆژگاری سەخت زۆر زوو کەسایەتی لاوازی یاخود ئەوانەی خۆیان بە رێکخستن نەکردبوو ئاشکرا دەکرد.

پەیوەندیمان لەگەڵ (نیعمەت) بەپێوان و پێوەر بوو، هەوڵیشمان دەدا پاڵی پێوە نەنێین. دیاربوو دووژمن بەدۆخی ئەو بنەماڵەیەی دەزانی و ئەگەری بەکارهێنانیان لە ئارادابوو. بۆیە دەمانهێنایە ناو خۆمان و تەنانەت لە یەکەی لۆجستیکدا شوێنمان پێدا. حەزمان دەکرد هەست بە متمانەمان بکات. لەڕاستیدا دەرکی بە کێشەکان

دەکرد، ئەگەر بخوازێت پەرەسەندن و هەوڵی ئەرێنیشی لێدەوەشایەوە. بەڵام رووی گشتی پەیوەندیەکانی ناو خێزانەکەی کاریگەری لە (نیعمەت)یش کردبوو. لەلایەنی کەسایەتییەوە بێ بڕیاربوو. بە لایەنە ژنێتییەکانی زۆر زوو کاریگەری لەسەر مرۆڤ دەکرد. هاوکات ئەمە تایبەتمەندییەکی گشتی خێزانەکەشیان بوو. دەتگووت پەیوەندی چەواشە و نالەباری بۆرژوازی بچووک لەو خێزانەدا کۆببووەوە.

## ئەشکەنجە وەک سیستەمێک بەردەوام بوو

پاش چالاکی چوار نەبەردەکە[100] دووژمن زیاتر بە پلان رەفتاری دەکرد. زۆر شێوازی لەیەک کاتدا پەیڕەودەکرد. لە قاوشەکاندا بەگشتی نەیدەهێشت هەناسە بدەیت. بۆ ڕێگریکردن لە کاریگەری چالاکییەکە ڕۆژانە بەشێوەیەکی بەردەوام درێژەیان بە پێگووتنەوەی سروود، گوشار و ئەشکەنجەکانیان دەدا. ئەگەرچی ناوەناوە ئاستی ئەشکەنجەش ڕێکبخەن، بەڵام بە پەیڕەوکارییەکانی هاوشێوەی سروود گووتنەوە سەرەداوەکانیان بەدەستخۆیانەوە دەهێشتەوە. لە ژووری تاکەکەسیدا مامەڵەیان ووردتر بوو. چالاکی (مەزڵوم) و (چوار نەبەردەکە)، چالاکی ئاسایی و ئەوتۆ نەبوون. دووژمن تاچەند پێکهاتەی ڕێکخستنیشی پارچەکردبێت و چەندیان خستبێتە ژێر کۆنترۆڵی خۆشیانەوە، هێشتاش بەدوای پەیوەندییەکەوە بوون، چاوەڕوانییەکانی دووژمن، خودی خۆی هارتر و دڕتر دەکرد. لەلای ئێمەش پەیڕەوکارییەکان تێکهەڵکێش کرابوون، هاوکات سست بوونێکیشی تیا بەدی دەکرا. پێگووتنەوەی دروشم بەردەوامە، بەڵام لە ئاستێکدا نەبوو ژیانمان کۆنترۆڵ بکات و لە ڕووی دەروونییەوە بمان ڕمێنێت. سروودەکەمان بە ئاستی گاڵتەجاڕی گەیاندبوو. لە ساتی گووتنەوەی سروود دا قسە و دەمەتەقێمان لەسەر زۆر شت دەکرد.

بەگشتی لە هەندێک لە قاوشەکاندا گووتنەوەی سروود پەسند کرابوو، کە کاتی دەهات بۆ خۆیان دەیانگووت. سەربازەکان

---

[100] مەحمود زەنگین، فەرهاد کورتای، ئەشرەف ئانیاک، نەجمی ئۆنەر.

سەرپەرشتیان دەکرد، جاروبار بۆ لێدان و دارکاری دەچووە ژوورەوە و بە بیانووی "دەنگتان نایەت، جوانتر دەنگ هەڵبڕن" گێچەڵی پێ دەکردن. لەکاتی تردا چاودێری قاوشەکان یاخود ئەو کەسانەی خۆیان ئەرکداریان کردبوو، سەرپەرشتی خۆیان دەکرد. لەلای ئێمە ئەو چاودێرەی دووژمن دەستنیشانی کردبوو ناچار بوو بەقسە و ئیرادەی ئێمە بکات نەک دووژمن. ئێمەش هەر لەسەرەتاوە ئەم شێوازەمان سەپاند، ئەگەرچی ناوەناوە هەڵە و لاوازیش روویدابێت، بەگشتی پەیڕەومان دەکرد. لەلای ئێمە پێوانەیەکی سەرەکی بوو کە هەموو تایبەتمەندییەکی وەک؛ (ملکەچی بۆ دووژمن، بەگژدا نەچوونەوە، وابەستەبوون بە دووژمنەوە)ی رەت دەکردەوە. لەناوخۆدا یاسا دەستنیشانکراوەکانی خۆمانمان پەیڕەو دەکرد نەک ئەوانەی دووژمن دەیسەپاند. لە بچووکترین جوڵەی بەرامبەر بە دووژمن تا دەگات بە هەر هەڵوێستێک لە دادگا نیشان دەدرێت، هەموویمان تاووتوێ دەکرد. جێبەجێ نەکردنی ئەم یاسایانەمان بە تاوان لەقەڵەم دەدا. لە هیچ لاوازی و سەرپێچییەک خۆش نەدەبووین. لەبەرامبەر بە لێدان و ئەشکەنجەی دووژمن هیچ جۆرە رەفتار و کردەیەکمان پەسند نەدەکرد کە ورە و بووێری بە دووژمن بدایە. گریان، دڵبەخۆسووتاندن و پاڕانەوە دەستبەجێ دووچاری تەماشاکردنێکی پڕ لە تووڕەیی دەبووەوە. هەڵبەتە لەم خاڵەدا لاوازییەکی زۆریش هەبوو، مامەڵەمان بەپێی کەسێتی بەندکراوان دەگۆڕا. لەگەڵ هەندێکیاندا بە قسە، ئاگادارکردنەوە، تێگەیاندن هەوڵی تێپەڕکردنی ئەو لاوازییە دەدرا، لەگەڵ هەندێکیشیاندا روو لە هەڵوێستی توندتر و کردەوەی سزائامێز دەکرا. لە دژی هەموو جۆرە ئەشکەنجەیەک بووین و نەفرەتێکی گەورەمان لێدەکرد. بەڵام لەبەرامبەر بە هەر کردەوەیەکی بەندکراوێک کە بوێریی

بدایە بەدووژمن، خیانەت لە بەندکراوان بکات، بەشێوەیەکی سیمبۆڵیش بووایە سزای پێدەدرا. دەشبێت ئەمە ناکۆک "پارادۆکس"ێکیش بێت.

دووژمن بەشێوازێکی سیستەمیانە و بەدرەوشتانە ئەشکەنجەی دەکرد. پەلاماری تایبەتمەندییە مرۆییەکان، بەهای شۆڕشگێڕییەکان، ئایدیا جوانەکانی مرۆڤایەتی دەدا. کاردانەوەکەی لای ئێمە، هەڵوێستێکی ڕەوا بوو لەبەرامبەر بە هەر جۆرە خیانەتێک کە بەندکراوەکە لە دژی هاوڕێی و ژنبوونی خۆی دەینواند. لەم واتایەدا هەردووکیان زۆر لە یەک جیاوازن. کاردانەوە، ڕق و کین بوو لە بەرامبەر بە کەوتوویی، کۆیلایەتی و پاشڤەڕۆییەکانی ناو کەسایەتی.

زۆرێک لە ژنە بەندکراوەکان لەژێر کاریگەرییەکی چڕوپڕی تایبەتمەندی دابونەریتی باو دا بوون. ناسنامەی کوردبوون و ناسنامەی ژنبوونی خۆیان پێنەگەیاندبوو، هەر بۆیە لەزینداندا هۆکاری ئەوپەڕی فشاربوون. (پاکیزە) نمونەکەیان بوو. خەڵکی جورنەڕەش بوو، هاوژینەکەشی لە زینداندا بوو. لە ڕۆژانی یەکەمین لێپرسینەوەیاندا (پاکیزە) دووگیانە و لە ژێر ئەشکەنجەدا منداڵەکەی لەبار دەچێت. ئەم ڕووداوە لەناخیدا زامێکی قووڵی هەڵکەندبوو. هەندێک جار دووژمنی تاوانبار دەکرد و بەهۆکار و بەرپرسیاری لەبارچوونی منداڵەکەی دەزانی، هەندێک جاریش پارتی و ئەندامانی پارتی تاوانبار دەکرد. (PKK) نەبووایە، خۆی کورد نەبووایە، یاخود با دەرگەی ماڵەکەی بۆ هەڤاڵان نەکردایەتەوە، لە ئاستی خۆیاندا کار و خەباتیان نەکردایە ئەمەی بەسەر نەدەهات! (پاکیزە) بەردەوام لەناو ئەم بێنەوبەردەیەدا دەژیا. جاروبار باش دەبوو، سەرباری هەموو ئەشکەنجەیەک هاوبەشی هەست و سۆزی لەگەڵ دەکردین. تەنانەت جوێنی بە

جەلادەکان دەدا. جاروباریش قیژە و هاواری دەگەیشتە ئاسمان. تەنانەت پیاوە بەندکراوەکانی قاوشەکەی پەنامان[101] شەرمیان لە ئابڕووی خۆیان دەکرد. ژنان بەحاڵی خۆیانەوە دووژمنیان سەرقاڵ دەکرد. وەک ئەوان سووک نەبوون، سەرباری هەموو جۆرە ئەشکەنجەیەکیش هیوا و باوەڕی خۆیان لەدەست نەدابوو. هێشتا دەیانکێشا بەدیوارەکاندا و بەدوای ڕێگەی هەواڵگۆڕینەوەدا دەگەڕان. واتا هاوارەکانی (پاکیزە) بەو ئەندازەیە کاریگەری هەبوو کە ئەوانیشی دەخستە بیرکردنەوەوە. هەر هەمان (پاکیزە) هەندێک جاریش وەک شێتێک هێرشی دەکردە سەرمان. ئێمەی بەتاوانباری بەسەرهاتەکەی خۆی دەزانی. وایدەزانی ئێمەبووین بە هۆکاری لەدەستدانی منداڵەکەی! بەردەوام دەیگووت: "ئەم شۆڕشە، ئەم ڕێکخستنە، ئەم زیندانە چییە؟" ڕەچاوی یاساکانی ژیانی ناو خۆمانی نەدەکرد، بەهەوەسی خۆی دەجولایەوە. کاتێک لە ئێمە تووڕە دەبوو، دەچووە لای ژنانی سەر بە گرووپەکانی تر. بەلای ئەوەوە ئەوان ئاقڵتربوون، ئێمە ڕاوەستانمان بۆ نەبوو، دووژمنیش ڕەوابووە لە ئەشکەنجە کردنماندا! بەشداری کۆبوونەوەکانی نەدەکرد. لە خەرجی هاوبەشدا هەبوو، بەڵام هەمیشە شتی تاکەکەسانەی خۆی دەسەپاند. وەک ئەوەی ناچاربین بە دابینکردنی هەموو پێویستییەکانی، یان قەرزی گەردنمان بێت! مادام بەندکراوی دۆزی (PKK) بوو، مادام بەهۆی ئەم دۆزەوە ئازاری دەچەشت، ئێمەش ناچاربووین نازی هەڵگرین.

(ئەسەد) دەیویست (پاکیزە) لەدژی هاوژینەکەی بەکار بهێنێت. چەند جارێک دیداریان پێکردبوون. هاوژینەکەی لە قاوشە

---

[101] قاوشی دانپێدانەر، ترازاو، ئەوانەی زۆر زوو خۆیان بەدەستەوە دابوو، یان لە ڕێکخستنەکانی تربوون کە لەبەرامبەر بە ئەشکەنجەدا بەچۆکدا هاتبوون.

ئاساییەکاندا بوو، لەژێر کاریگەری بەسەرهاتەکاندا بوو. بەڵام (پاکیزە) دەتگووت خۆی لێوانڕێژ کردبوو لە فێڵبازی پاشقەڕۆییانە و کاردانەوە و لاوازییە هاوبەشەکانی! ماوەیەکیش هیچ هەواڵێکی لە هاوژینەکەی پێنەگەیشت. هیوای ئازادکردنی لەلایەن دادگاشەوە نەهاتەدی. چەند کەسێکی خەڵکی لای خۆیان بەردران، کەچی ئەو هێشتا لە زیندان دابوو. ئارەزووی ناپاکی، رەمەک، هەست، نەست، سۆزی، قەیرانەکانی ناخی هەمووی یەکیان گرتبوو. حاڵەتی رۆحیی رەنگدانەوەی هەموویان بوو. کەسێک لەو بارودۆخەدا بێت مەترسیدارە. لە زینداندا دەرگە تا کۆتا ئاوەڵایە بۆ ئەو جۆرە دۆخە دەروونیانە.

سەربازەکان بەوردی چاودێری ئەو دۆخە دەرونییەیان دەکرد. کەسێک کێشەیەکی هەیە، بەتەنیا دەگەڕێت، بێ تاقەتە، بە سیلەی چاو لاوازییەکانی خۆی دەرخستووە، یان بە ئارەزووەکانی هەوەسی شتێکی کردووە، ئەمانە کۆمەڵێک وردەکاری تر، ئەگەر هەمووشی نەبێت، دەرکیان بە بەشێکی دەکرد. چونکە ئەوانیش لەسەر بەندکراوان قاڵدەبوونەوە. دووژمن سیستەمێکی وەهای بونیاد نابوو کە هەر کەسەو چاودێری ئەوی تری دەکرد. سەربازەکان لە هەمانکاتدا چاودێری یەکتریشیان دەکرد، گومانیان لەیەک دەکرد. سەربازەکان لە چوارچێوەی ئەو خاڵانەی لەسەریان مەرجدار کرابوو، بەدوای واتای هەر کردەوە و جوڵەیەکی بەندکراواندا دەگەڕان. بەردەوام بە مەترسیان دادەنان و بەچاوی نێچیرێکەوە بۆیان دەڕوانین. تەنانەت خۆڕسکانەترین جوڵەی بەندکراوانیشیان بەئەقڵی خۆیان لێکدەدایەوە. بێگومان تیایاندا هەبوو شیرۆڤەی راستی دەکرد. بەڵام بەگشتی شیمانەیان هەبوو کە کێ لاوازە، کێ خاڵی لاوازی هەیە، کێ بە ئیرادەیە، کێ پتەوە...هتد. واتا دوو لایەنە یەکترمان باش دەناسی. ئێمەش زۆر

شتمان لە بارودۆخی دەروونی و ڕەفتاری سەربازەکانەوە دەخوێندەوە. لانیکەم لایەنی شیمانەی بەهێز دەکردین. جار هەبوو بەهەڵەشدا دەچووین، بەتایبەتیش ئەوکاتانەی بەپێی خواست و هیوای خۆمان زۆرشتمان لێکدەدایەوە. سەرەنجام دەمانبینی کە هەواڵێکی زۆر بە ئێشمان پێدەگات.

(پاکیزە) جارێک چاو لە سەربازێک دادەگرێت، واتا حاڵەتی ڕۆحیی خۆی بۆ دەخاتەڕوو. دوای ئەوەی چوو بۆ بەشی تەندروستی زیندان و هاتەوە، بەردەوام بە بیانووی وەرگرتنی داودەرمانەوە هامووشۆی سەربازەکەی دەکرد. تۆبڵێی چاوی بە هاوژینەکەی کەوتبێت، تۆبڵێی نیشانەی فیتنەیی بێت، ئەی پەیامی چی پێدەداین؟ هەڤاڵان لەم بوارەدا هۆشمەند بوون، یاسایەکمان هەبوو؛ ئەویش "کەس بۆی نییە بەتەنیا لەگەڵ سەربازەکاندا قسە بکات" ئەگەر کەسێک ڕوو لە شتێکی وەها بکات ئەوا بە نیازخراپ لێکدەدرایەوە.

(پاکیزە)مان خستبووە ژێر چاودێرییەوە. بەتەنیا نەبوو. یان بەڵێنێکیان پێدابوو، یان ئەوەتا گوشاری دەروونی بەرەو ڕێگەی تری دەبرد. لەو ڕۆژانەدا ئەشکەنجەیەکی توند لە ئارادا نەبوو. بێدەنگییەکی سەیر هەبوو. دانیشتنی دادگاکان بەینی تێکەوتبوو. بەو دواییانە دانیشتنی دۆزی سەرەکی ڕۆحا بەڕێوەچوو بوو. لەو لاشەوە دانیشتنی گرووپە بچووکەکان بەردەوامی دەکرد.

مانگی تەمموز بوو، هەوا گەرمبوو. (ئەسەد)یش ناوە ناوە دەهات. سەربازی پاسەوان بە پەلەپروزێکەوە خۆی دەکرد بە قاوشەکەدا و دەیگووت: "فەرماندە دێت، ئامادەن؟" چەند سەمەرەیە، وادەزانێت تا ئێستا ئامادەبوون و نەبوونمان بۆ ئەوان دەردێک بووە! جاروبار رووکەشانە پێشتر ئاگادارییان پێدەداین. بۆ گەیشتن بەم ئەنجامە کەم لێدانمان نەخوارد. کاتێک

دەمانگووت: "ئێرە قاوشی ژنانە. شەو و ڕۆژ بە هەوەسی خۆتان سەری پیادەکەن. زۆر پێویستی جیاجیامان هەیە. بۆچی بەبێ ئاگادارکردنەوە دێنە ژوورەوە؟ ئیتر پەسندی ناکەین" دەکەوتنە وێزەمان. (ئەسەد) بە قاو و قیژەوە دەیگووت "لێرە ژن و پیاو نییە، سەرباز هەیە، سەرباز.." جاروباریش بە پێکەنینی بەدڕەوشتانەوە باسی لەوە دەکرد کە ئێمە ژنین، پێویستە ڕەحمی خۆمان گەرم ڕابگرین و سەرمامان نەبێت. هەروەها ئاوڕی لە سەربازێک دەدایەوە پێیدەگووت: "کوڕم، ئەمانە کچن، پێویستە خۆتان تێبگەن. لۆکەیان بۆ بێنن، ڕۆژنامەیان بۆ بێنن، با بیکەن بەپاکەت". بەڵام هەمان (ئەسەد) ئەو پاکەتانەی کە خوێناوی سوڕی مانگانەیان تێدەکرا، دەیبرد لە ژوورە تاکەکەسییەکانی پیاوان، لە ژوورەکانی ئەشکەنجەکردندا دەیڕشت و گاڵتەی بە "ناموس"مان دەکرد. دەیویست کار لە پیاوە بەندکراوەکان بکات. پاش بیستنی ئەمانە، پاکتەکانمان لەناو زبڵدانەکەدا دەشاردەوە، هەڵبەتە دڵگران دەبووین و ئازاری دەداین. دووژمنی بەدڕەوشت و بەدڕەفتار گەمەی بە چی نەدەکرد؟!

(عەلی عوسمان) بەهێوری هاتە ژوورەوە. چەند هەنگاوێک لەدووری دەرگەکەوە ڕاوەستا. وەک پیشەی هەموو جارێکی ئەمسەر و ئەوسەر پێیدا هەڵدەڕوانین. پاشان گووتی: "ساکینە پۆلات، ئایسەل چوروککایا، گیۆنول ئاتای وەرنە خوارەوە" و ڕۆیشت. لەناکاو ڕووخساری هەمووان شێوا و هەروا ماینەوە. (عەلی عوسمان) و سەربازەکە ڕۆیشتبوونە دەرەوە، بەڵام ئێمە هێشتا بەپێوەین و بەڕیزێکی بازنەیی وەک هەیکەلێک ڕامابووین. پاشان بازنەکە تەنگتر بوو و هەموویان بەرەو ڕووی ئێمە هاتن، پرسیاری "چی بووە، بۆ کوێتان دەبەن؟" و کۆمەڵێک پرسیاری تر تێکەڵاو بوون.

(گوڵتەن)، (فادیمە ک..)، (نیعمەت) و چەند کەسێکی تریش گووتیان: ئێمەش دێین، بۆ کوێتان دەبەن؟ دیارە یان دەتانخەنە ژووری تاکەکەسییەوە، یان دەتانبەن بۆ بەشی هەڤاڵانی پیاو...". بەشی هەڤاڵانی پیاو؟! "ئێمە دەبەن بۆ ئەو بەشە؟ خۆزگە، لە هەڤاڵان نزیکتر دەبووین، دەرفەتی بە ئاسانی گفتوگۆمان دەبوو. کەوابوو دەتوانین هەواڵ و باس بۆ ئێوەش بنێرین. لەناو هەر جل و بەرگێک کە بۆتانی بنێرین نامە و نامەی تیا دەشارینەوە. بە جوانی لێی وردبنەوە". ئەم قسەیەی ئێمە هەڤاڵانی هەم دڵخۆش کرد و هەم دڵگرانیش. ئانوساتێکی سەیر بوو. لە یەککاتدا هەر دوو هەستەکەمان هەبوو، بەتایبەتیش لە هەمبەر یەک رووداودا.

بەو پێیەی پێیان گووتین: "خۆتان کۆبکەنەوە" کەوابوو کەلوپەلەکانی خۆشمان دەبرد. (ئایسەل) گووتی: "کاتێک کابرا گووتی خۆتان کۆبکەنەوە، وا تێگەیشتم دیسانەوە دەمانبەن بۆ فەلاقە، هێندەی نەمابوو دانیشم". پێشتر وەهابوو، بۆ چاوترساندنی هەڤاڵان لەناوەڕاستی هەموویاندا لێدان و دارکارییان دەکردین ئەوجار دەیانبردینە خوارەوە. تەکتیکی ئەمجارەیان نەرمترە.

نەخێر حەتمەن شتێک هەبوو. ئەگەر لە پاسەوانەکە بپرسین پێمان دەڵێت؟ (گوڵتەن) چوو بۆلای پاسەوانەکە و لێی پرسی "هەڤاڵان جلەکانیشیان دەبەن؟". سەربازەکە پێی گووت: "فەرماندە چی پێگووتن، وابکەن. با بێنە خوارەوە، دەرگەکەم کردۆتەوە. تەنیا پێخەویان کەمە". تێگەیشتین.. بۆ دوور نەدەچووین، بۆ ژوورە تاکەکەسییەکەی بەشەکەی خۆشمان نەدەبراین، دەچووینە قاوشەکەی خوارەوە. دیسان گۆشەگیریان دەکردین، بەڵام بۆچی، چی روویدابوو؟

ئەگەر بپرسن: "بە نەفرەترین ئەشکەنجە چییە؟" بێگومان دەڵێم "نادیاری" بەڵێ نادیاری.. نادیاری... نادیاریی... شیمانەکانمان ئەنجامێکی ئەوتۆی نەبوو. لە هەمان زینداندا، بەڵام گۆشەگیرتر کرابووین. نەماندەزانی رەوشی گشتی چۆنە و چی بووە. ئەوەی دەزانرا تەنیا ئەوەندە بوو کە لە قاوشەکانی تەنیشتمانەوە لێی دەگەیشتین. لە هاتوچۆی ژووری تەندروستی زینداندا تەنیا چاومان بە هەندێک بەندکراو دەکەوت. زۆر بە هەڵکەوت تووشی ناسیاوێک دەهاتین. ئەوانی تر کێن و چین نەماندەزانی. جاروبار هەڤاڵان بەهۆی نەناسینیانەوە سڵاویان لە دانپێدانەر و خیانەتکارەکانیش دەکرد. هەوڵماندەدا بە پاسەوانەکاندا بزانین. هەر قاوشێک پاسەوان و چاویشی خۆی هەبوو. زۆرجار بەژمارەی قاوشەکانیان بانگی یەکتریان دەکرد. بێگومان پاشناو "لەقەب"ی سەیر و سەمەرەشیان لەیەکتر دەکرد.

خاترخوازیمان لە هەڤاڵان کرد، یەکترمان لە ئامێزگرت و ماچکرد. هەندێکیان دەگریان، لەو نێوەدا بە (فادیمە)م گووت: "لەگەڵ گوڵتەن و ئەوان پێکەوە جموجۆڵ بکەن. ورەی هەڤاڵان بەرز راگرن. بەرپرسیار ئێوەن. ئاگاداری پاکیزە بن، قسەی لەگەڵ بکەن. هەڤاڵانی خەڵکی جورنەڕەش دەیناسن، با پەیوەندیداربن لەگەڵی. هاوکاری جاهیدەش بکەن. ئێمە لەخوارەوەین، ئاگامان لە یەکتر دەبێت. ئاگاتان لە نامە ناردن بێت، شەوانە بە شێوەیەکی چڕوپڕ پەتی نامە و نامە ناردن شۆڕمەکەنەوە. ئەگەر پەلەبێت ئەو رێگەیە بەکار دەهێنین. دەتوانن لەگەڵ هێنانی خواردنیشدا نامەمان پێبگەیەنن. ئەگەر ئێمەش هەواڵی تازەمان پێبگات، پێتان دەڵێین. هەوڵ دەدەین لەگەڵ قاوشە نزیک و هاودیوارەکان پەیوەندی دروست بکەین. ئەگەر لەلای ئێوەش کەس هاتوچۆی دادگا و نەخۆشخانە بکات، هەڤاڵان ئاگادار بکەنەوە کە ئێمەیان

جیاکردۆتەوە. دەشبێت دووژمن بیر لە شتی جیاوازیش بکاتەوە. متمانەمان پێتان هەیە. با شتی نەخوازراو روونەدات".

(گوڵتەن) و (فادیمە)ش زۆر بە رێکوپێکی و بەرێزەوە، کەمێکیش بە دڵگرانییەوە گووتیان "باشە". (فادیمە) بەدەنگێکی ئاسایی گووتی: "بۆچی منیان دانەبەزاند، منیش دێم. با گێونول لێرە بێت". سەرەتا بە حەپەساوییەکەوە سەیری (فادیمە)یان کرد پاشان هەموو پێکەوە دەستیان کرد بەپێکەنین.

پێمگووت: "خۆ ئێمە سازمان نەکرد، دووژمن کردی. ناشتوانین بڵێین؛ با لەجیاتی گێونول، فادیمە بێت. هەڤاڵان پێویستییان هەیە، لێرە هاوکاریان دەبێت. وەک جاران مەکە، لەگەڵ هەڤاڵان بجوڵێرەوە" تۆزێک تێکچوو. ئەویش گووتی: "دەی ئێوە برۆن، خۆمان دەزانین چی دەکەین" وازی لەو خووەی خۆی نەهێنابوو. گوێی بە مامەڵە و هەڵوێستی هەڤاڵان نەدەدا. دیارنەبوو؛ جیایە یاخود لەگەڵ ئێمەیە. یەکێتی ناوخۆ لەکاتی زەحمەتی و پەلامارەکانی دووژمندا بایەخدارە. فێڵبازی خۆ رزگارکردن لە مەترسییەکان، تاک بەرەو پێگەیەکی نالەبار دەبات. هەستکردن بەم خاڵە گرنگە. هەموو شتێک لەنێوان ئەم دیوارانەدا نەدەما و نەدەمایەوە. کات رانەوەستابوو، ژیان بەردەوام بوو. قۆناخەکە هێشتا هەندێکی تریشی دەهاڕی، پەرتەوازە و پەلکێشی دەکرد. هەندێکیش هەبوون، پێشبڕکێیان لەگەڵ کات دەکرد، بە کەوتن و هەڵسانەوەشەوە بێت پێکەوە، بە هەمان سۆز، بەهەمان باوەڕی و بەهەمان بڵێسەی دڵەوە باهۆزەکانیان لەباوەش دەگرت. ئەم جیاوازییە زۆر گرنگ بوو. پێویستە دیاردەکان تێکەڵی یەک نەکرێن. پەندێکی پێشینان هەیە دەڵێت؛ "کەس ئاخی کەسی تر هەڵناگرێت" زۆر لەجێی خۆیدایە. لە شۆڕشگێڕیدا ترسی حەشاردە، سۆزی حەشاردە، خواستی حەشاردە و ژیانی

حەشاردە جێگەی نییە. سروشتی شۆڕشگێڕی پەنهان نییە، رووت و روونە.

ئەگەرچی بە هۆکارەکەشیمان نەدەزانی، گۆشەگیرییەکەمان بە ئەرێنی نرخاندبوو. دووژمن هەر شتێکی بە مەترسی دابنایە و رێوشوێنی پێویستی لەهەمبەر وەربگرتایە، بۆ ئێمە پێشکەوتن و رەهەندێکی ئەرێنی بوو. ئەو سزایەی دووژمن بەئێمەی دەدا، بۆ ئێمە مایەی مۆڕاڵ بوو، متمانەمان بەخۆمان زیادی دەکرد. بێزار کردن و سەرقاڵکردن و بەفیڕۆدانی کاتی دووژمن زەوقێکی گەورەی دەدا. ئەم دۆخە هەست و سۆزی تێکۆشەری و بەرخۆدێری بەرزدەکردەوە. خودی شەڕ و تێکۆشان بریتی نەبوو لەم راستییە؟ بەتایبەتیش کاتێک ئەم شەڕ و تێکۆشانە لەگەڵ هەڤاڵان پێکەوە لەسەر بناخەی رێکخستنی، پەیوەندییەکی بەسیستەمیانە بێت، بێگومان مایەی شانازی بوو. کاتێک قسە لەسەر ئەم بابەتانە دەکرا ئازار و ئاخەکانمان گەورە دەبوون. تەنانەت زۆر درەنگ بە ئاگاهاتین لە شەهیدبوونی (مەزلوم)، شەهیدبوونی (چوار نەبەرد)ەکەش بەهەمان شێوە. تەنیا ئەوەندەمان دەزانی کە شتێک روویداوە. لە دانیشتنەکانی دادگا بیستمان. ئەم روونکردنەوەیەی لە دانیشتنی دۆزی هەوەنگ[102]ی شاری رۆحا کرا، وایکرد زۆرێک لە هەڤاڵان رەوشی زیندانەکان باس بکەن و بۆ نیشاندانی پەیوەستبوونیان بەپارتیەوە ئامادەبوونی خۆیان بۆ بەجێهێنانی هەر ئەرکێک دەربڕن.

زۆر شت تێکەڵاو دەبوو، پڕ بوو لە ناکۆکی. لە زیندانەدا سروودی تورکان بەزۆر دەگووترایەوە و یاسا سەپێندراوەکان رەچاو دەکران، بەڵام لە هەمانکاتدا لە دادگا بەرگریکردنێک

---

[102] شارۆچکەیەکی سەر بە پارێزگای رۆحای باکووری کوردستانە کە دەوڵەتی تورک بە بۆزۆڤا ناوزەدی کردووە.

پێشکەش دەکرا کە ئایدیۆلۆژیا و سیاسەتی پارتی لەخۆ دەگرت و دووژمن و داگیرکەری دادگایی دەکرد. لە دادگاکاندا ئێمە باڵادەست بووین، دەستپێشخەری لەدەستی ئێمەدا بوو، چونکە نوێنەرایەتی پارتی دەکرا. ئێمەی دانیشتوانی سەر کورسی "تاوانبار"ان شەق شەقێنمان بە داگیرکەری دەکرد. بەدەنگی بڵند جاڕی متمانە و باوەڕی دەدرا. باس لە پێویستی پابەندبوون بە شەهیدان دەکرا، باس لەوە دەکرا کە تائێستا شایان نەبووین بە (PKK) و سوێند و بەڵێنی شایان بوون نوێ دەکرانەوە. خەتا و تاوانەکان لەناوەوە درزیان تێکەوتبوو. ئەم رەهەندەی راستییەکان، راستیی خۆمان بوون. ئەو رەهەندەش کە هەموو رۆژێک نەفرەتمان لێدەکرد و قینمان لێ دەهات، واتا پێگەی زیندانیش راستینەی ئێمە بوو. بۆ تاکە ساتێکیش لایەنێکی نەبوو مایەی ژیان بێت، دووژمن لایەنێک بوو و تەنیا دەیهاڕین، دەیکڕاندینەوە و دەیخواردین. کاتێک چووینە شوێنە تازەکەوە هەوڵماندا لەسەرخۆ و هێورانەتر بارودۆخەکە هەڵبسەنگێنین. سەرەتا گوێمان بۆ دەوروبەر رادێرا. چەند کاتژمێرێک لە لاواچی دەرگەکەوە و لە دیوارەکەوە هەوڵماندا لەو دەنگانە بگەین. نهۆمی خوارەوە بەردەوام غەڵبەغەڵبی دەوروبەر و سەرەوەی زۆر پێدەگات، تەنانەت غەڵبەغەڵبی دوایین بەشەکانی زیندانیش دەهاتن. دەنگەکان ئاڵۆز و تێکەڵاو بوون، بۆیە زۆر لێی تێنەدەگەیشتین.

دەنگی قسە و باسی قاوشی تەنیشتمان دەهات و تێدەگەیشتین، بەڵام قسەی ئاسایی بوون. بە دەنگیان تێدەگەیشتین چی دەکەن و شیرۆڤەمان دەکرد. دەرگە کرایەوە، پاسەوان یەکێکیانی بانگ کرد؛ یەکێکیان داوای پێنووسی کرد، یەکێکی تر کۆخی... "چەند جوان پێدەکەنین. یەکیان کۆخەیەکی قووڵی هەبوو، دیاربوو تووشی سیل ببوو". ئەمانە کۆمەڵێک کورتەی ژیان بوون کە تەنیا

دەمانبیستن. تەوەری سیل هاتە باسەکەوە و ئاوڕم لە (ئایسەل) دایەوە و پێمگووت: "دەبێت لێرە وریاتر بیت. پەرداخ، قاپ و کەوچکت جیا دەکەینەوە، جلوبەرگ و خاولییەکەت خاوێن راگرە. زۆر جگەرە دەکێشیت، ئەگەر وازی لێنەهێنیت، تووشی شتی قورستریش دەبیت" هەڵبەتە تۆزێک پێی تێکچوو. ئاوڕێکی لێدامەوە وەک پێم بڵێت" لەناو زیندان و ئەو هەموو ئەشکەنجەیەدا سەیری خاوێنپارێزییەکەی ئەمە ناکەیت!". (ئایسەل) گەر بەشتێک تێکبچوایە بێدەنگ دەبوو، بەڵام ئاوڕێکی توندی لێدەدایەوە. هەناسەی سارد، ئاخ و ئۆف، رووخساری، سیلەی چاوی؛ بەردەوام بێچارەیی، ئێش و قەدەرگەرایی نیشان دەدا. تەنانەت رێکردن و هەنگاونانی، بە سەرسم، شەلەشەل و وەک ئەوەبوو چاوەڕێی مەرگ بێت و وازی لە ژیان هێنابێت. کاتێک جگەرەشی دەکێشا جیاواز بوو. قومی وەهای لێدەدا، وەک نەیەوێت تاقە تۆزێکی ئەو ژەهرە بەفیڕۆ بچێت. ژەهراویکردنی سی و جەرگ...!

منیش جگەرەم کێشا، بەڵام هەرگیز بەحەز و پڕبەدڵ نەمکێشا. ناوبەناو کەمپینی وازهێنانیشم رادەگەیاند و دەمگووت؛ وازهێنان لە جگەرە زەحمەتە، بەڵام گاڵتەجاڕیم پێدەکرد و وازم لێدەهێنا. گاڵتەکردن بە جگەرە..! لە زینداندا جگەرە چەکێک بوو بە دەست دووژمنەوە، یەکێک بوو لەچەکەکانی سزاکردن. چای؛ خوویەکی ساڵەهای ساڵە، حەزی لێناکرێت؟! چۆن حەزی لێناکرێت. بەتایبەتیش لە رۆژانی سارد و سەرمادا، یان کاتێک دەبێتە هۆکاری دانیشتن و گفتوگۆیەکی گشتی؟ ئێستا ئەویش خزمەتی ئەشکەنجە دەکات، چەکێکی زەبر و زەنگ بوو. ئیتر جوانی و قەشەنگی لێبڕابوو. تەنانەت تامیشی گۆڕا بوو. چایە تاموبۆ خۆشەکەی نەمابوو. بۆنی دەبەی پلاستیک، بۆنی پەرداخی پلاستیک و ..فرڕ...! زۆر هەڤاڵ تووشی سکچوون دەبوون بەو

چایە، ڕوومەتمان سپی سپی دەبوو، تامان لێدەهات. پێدەچوو شتی تریشیان بخستایەتە ناو چایەکەمانەوە، هەرگیز بەو نهێنییەمان نەزانی (مەبەست لە دووژمنە).

کاتێک جگەرەیان بڵاو نەکردایەتەوە، گرژی و ئاڵۆزی زۆر دەبوو. ئاڵودەبوون بە نیکۆتینەوە نەخۆشییەکە و دەکرا بە گرفت. ئاڵودەبوون زۆر خراپ بوو، هەندێکیشیان هۆگری ببوون و خووی پێوە گیرابوو. هەندێک کەس ببوون بە کۆیلەی. کاتێک دەستیان نەکەوتایە تووڕەیی دایدەگرتن. ئەگەر بەهادارترین نرخیان لەدەست دەربهێندرایە، لەوانەیە ئەوەندە پێی تووڕە نەبوونایە. ئەو جۆرە کەسانە بە ناشرینترین شێوە قەیرانی بێ جگەرەییان بەسەر دەبرد. تەنانەت لە ڕۆژنامە یان لە پڵتە چایی وشکراوە جگەرەیان دەپێچایەوە و دەیانکێشا.

بەبینینی ئەو جۆرە کەسانە بەتەواوەتی قینم لە جگەرە هەڵسا. لەگەڵ بەرزتربوونەوەی ئاستی قەدەخەکردن، دانانی لەجێگەی سزا و بینینی هەندێک کەس لەو دۆخەدا، لە جگەرە دوور دەکەوتمەوە. لە کاتی هەبوونی جگەرەدا کەمپینی وازهێنانم ڕادەگەیاند، بێگومان زۆر جار هەر خۆم بەتەنیا دەبوومە بەشداربووی کەمپینەکە.

چاوەڕوانیی سەردانیکەران، گرژی لەگەڵ خۆی دەهێنا. سەردانیکەران جۆرە پەیوەندییەکمان بوون لەگەڵ دەرەوە. بەگشتی هێشتا پەیوەندی خانەوادەیی بەهێز بوو. دیسان هەواڵی سەیر و سەمەرەمان سەبارەت بە دانیشتنی دادگاکان بەدەست دەکەوت. خانەوادەکان سەروماڵی خۆیان دادەنا. پارێزەرەکان بەگشتی وەک بازرگان وابوون. خانەوادەکان نائومێدانە هەموو شتێکیان دەکرد و بۆ کارکردنە سەر بڕیارەکانی دادگا پارەیان دەخستە گەڕ. بێ چارەیی بەرەو کوێوەی نەدەبردن! دەوڵەت تەنیا

پارەکانی نەدەخواردن، دەیویست هیوا و تەنانەت مرۆڤایەتییەکانیشیان بخوات. هاوکات دەوڵەت ئەم خاڵەی کرد بە سەرەتایەک بۆ دەستهاویشتنێکی نوێ. هاتنی سەردانیکەر، دیدار لەگەڵ رۆڵەکانیان، وەرگرتنی بچووکترین زانیاری سەبارەت بە پەڕاوی دادگا، گرتنی پارێزەر، هەموو ئەمانە و گەلێک شتی تر لەژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتدا بوو.

خانەوادە تەنیا لەژێر کۆنترۆڵدا نەبوون، بەڵکو لەژێر زەبر و ئەشکەنجەشدا بوون؛ دەستبەسەرکردن، گرتن و بەندکردنیان کۆتایی نەدەهات. دەیانویست بەتایبەتی ئەو خانەوادە نیشتمانپەروەرانەی کاریگەری رۆڵەکانیان لەسەرە و بەگشتیش هەموو خانەوادەیەک بخەنە زیندان و شورا و دیوارەکانی سیستەمە بونیادنراوەکەی خۆیانەوە، لێرەوە هەوڵی بەرفراوانکردنی سیستەمەکەی خۆیان دەدا. وایان دەکرد ئەوەی دەرەوە بیر لەوەی ناوەوە بکاتەوە و ئەوەی ناوەوەش بیری لای ئەوەی دەرەوە بێت. بەردەوام دڵیان لەلای یەکتر بێت و پرسیار و گومانێکی گەورەیان لەلا دروست ببێت. ئایا چی روودەدات؟ ئایا هێشتا دەژی؟ بینینی جەستەیی دەکرا بە مایەی گەورەترین هیوا و ئومێد. ژیان چ واتایەکی تری هەبوو، ژیانی جەستەیی چییە، چۆن دەژی یاخود ئەوەی تیایدا بوون ژیان بوو؟ ئەمانە دەبوونە پرسیار و وەڵامی دوورخستنەوەی مرۆڤ لە سیستەمی بیرکردنەوەی سرووشتیانەی خۆی.

حەوشەی هەواگۆڕین، شوێنی هەناسەدان و تۆزێکیش بە ئازادی گەڕان بوو. قاوشەکان، پەنجەرە شیشبەندەکان، دەرگەی زەبەلاحی ئاسنی، لاواچی ئاسن، قەرەوێڵەی ئاسن، کەلەپچە، تەلبەند و شیشبەند، هەموو شتێک لە ئاسن و چیمەنتۆ بوو. بەردەوام لەو شوێنەدا بە قەرەباڵغ و غەڵبەغەڵب یاخود

بێدەنگییەوە جیاوازبوو لەگەڵ ئەو شوێنی هەواگۆڕینەوە پەنجەرەدارەی بەڕووی ئاسمان کراوەبوو. رایەڵکەکردن، کەمێک بەتەنیایی بیرکردنەوە یاخود رایەڵکەی بە کۆمەڵ بەو زەمینە بێ خاک و خۆڵەدا، کە خۆر، باران، بەفر و سروشت پێی دەگات، هەستێکی ناوازەی هەبوو. بەتایبەتیش رێکردن لەژێر باراندا چەند خۆشبوو! هاوکات هەر لەو شوێنی هەواگۆڕینەدا زۆرجار خۆر، باران، بەفر، سەرما، گەرما.. هەر یەکێکیان دەبوون بە ئامرازێکی ئەشکەنجەکردن. بۆ چەندین سات بە پێی پەتی راگرتن لەژێر خۆر و لەسەر چیمەنتۆ، یان لەکاتی بەفر، باران، سەهۆڵبەندان و لە هەمان شوێن "ریزی دارکاریکردن"ەوە درێژبوونەوە بە درێژایی حەوشەکە.

هەڤاڵانی پیاو بە رووت و قوتی ئەم جۆرە ئەشکەنجەیە دەکران. ئەو هات و هاوارەیان هەرگیز لە گوێمان دەرنەدەچوو. یان پەلکێشکردن بەسەر ئەو چیمەنتۆیەدا! بەدەم گووتنەوەی سروودەکانی تورکەوە، رێکردن لەناو ئاوەڕۆیەک کە تا بە کەمەرمان دەهات... لەناو ئەو ئاوەڕۆیەدا دانیشتن... لەناو پیسایی، گوێزان و هەموو جۆرە حەشەراتێکی ناو ئەو ئاوەڕۆیەدا، پێنووس بەدیاری دەدرا، گاڵتە و شۆخی کردن، گووتنەوەی گووتەی بەنرخی سروودە شۆڕشگێڕییەکان لەجیاتی گووتەکانی ناو سروودەکانی دووژمن، یاخود گۆڕینی هەمان ئەو گووتانەی سروودەکانیان بۆ جوێن... هەموو ئەمانەش لەناو دەستەواژەی هەواگۆڕیندا بەجێدەکرا. زۆر شتی تریش؛ بۆ نموونە گۆڤەند، یاری شەڕە بەفر... هەروەها خۆشحاڵبوون بەو گژ و گیایەی لە درز و قڵیشی چیمەنتۆکانەوە نمایان دەکرد. دۆزینەوەی جوانی تەنانەت لەناو شتە قێزەونەکاندا، بەرجەستەکردن و گەیاندنی بە مایەی ژیان؛ دەکەوتە چواردیواری سەقفی حەوشەی هەواگۆڕینەکەوە.

نەیاندەبردین بۆ هەواگۆڕین. ئەوانەی لە ژووری گۆشەگیری نرابوون، بێبەش دەکران. هەڤاڵانیش بەردەوام نەدەبران، بەپێی کاتی دیاریکراو دەیانبردن، ئەمەش بە مەرامی کۆنترۆڵکردنی پەیوەندی نێوان ئێمە و هەڤاڵانی تر دەکرا. هەرکات ئەشکەنجەیەکی توند و بەردەوام هەبووایە، ئەمجۆرە کەمکردنەوە، قەدەخە و سزادانەش نەدەبوو، چونکە گرنگییەکی ئەوتۆی نەدەبوو. دیارە دارکاریکردنی ئاشکرا زەوقێکی تری پێدەدان. (ئەسەد) بەگشتی لە پەنجەرەکانی بەشی بەرامبەرەوە ئەمجۆرە دیمەنانەی پێ پیشان دەداین.

بەبەری ئەو بەری داڵانەکە قاوشێکی کۆن هەبوو. لاواچی چاودێریکردنی ژوورەکەی ئێمە و ئەو قاوشە بەرامبەر بە یەک بوو. قاوشێکی دووردرێژ بوو، گەورەییەکەشی بە ئەندازەی هەردوو قاوشەکەی ئێمە و قاوشی یەکەم بوو. دیاربوو دەرگەکەی لەناو دیوارەکەیدا دروست کرابوو و دووایین ژوورەکەی ئەوانیان لە بەشەکەی تر جیاکردبووەوە. لە رۆژانی یەکەمدا دروست کرابوو. دەرگەی دەرەوەی بەرەوڕووی دەرگەکەی قاوشەکەی ئێمە و بەڕووی داڵانەکەدا دەکرایەوە. ئەوانەیان دەبردە ئەوێ کە دانپێدانانی خۆیان دەنووسییەوە. ماوەیەک بوو چۆڵ بوو و زۆر بەکەمی بەکار دەهێندرا. دواجار لەسەروبەندی شۆردنی داڵانەکەدا هەڤاڵان هەلێکیان قۆستبووەوە و دەرگەی لاواچی ژوورەکەیان کردبووەوە، چاویان بە دوو چاوی زەق و ناحەزی دانپێدانەرێک کەوتبوو کە لە ژوورەوە لەسەر مێزەکە خەریکی نووسین بووە، هەم تەماشاکارەکە و هەمیش ئەوەی ژوورەوەش ترساوە. جیاوازی لەنێوان هەردوو ترسەکەدا هەیە. دانپێدانەرەکە ئەوەندە لەناو ترسدا نوقم بووە، ئەوەندە لە تایبەتمەندییەکانی مرۆڤ بوون دوورخراوەتەوە

تەنانەت سڵ لە ژنە بەندکراوێک بکاتەوە کە جورئەتی کردنەوەی لاواچی ژوورەکەی هەبووە، هاوکات ترسی ئابڕوچوونیشی لەگەڵدایە. ئەوەی خۆشمان دەشبێت لەو ساتەوەختەدا بیری لە بوونی کەسێک نەکردبێتەوە و کاتێک تووشی پۆرتریتی دانپێدانەرێکی چاوزەقی وەها بێ بەری لە مرۆڤ بوون دەبێت، دەسڵەمێتەوە و دەڵێت: "تف... بە نەفرەت بێت" و لاواچەکەی لەسەر دادەخاتەوە، ئەمەش جوانترین وەڵامێکە لەو ساتەوەختەدا. دڵنیام ئەوەی ژوورەوەش لەبەرامبەر بەم هەڵوێستە ترس و شەرمی زیاتر بووە.

شەرم تایبەتە بە مرۆڤ. بریا ئەو کەسەش تایبەتمەندی شەرمکردنی هەبووایە. بێ شەرمی دەستەواژەیەکی راستترە بۆی بەکاربهێنرێت. بەڵێ، تاوانکارانی دژی مرۆڤایەتی؛ بێشەرمییەکە لە لوتکەدایە. چەندە قێزەونە!

لەگەڵ دەنگی دەرگە، لە بۆشایی لاواچەکەوە تەماشامان دەکرد و گوێمان بۆ شل دەکرد. ژووری ناوبراو لەم رۆژانەی دواییدا چۆڵ بوو، یاخود ئێمە وامان دەزانی. هەوڵماندەدا ئەم گومانە یەکلا بکەینەوە. لەو کونۆچکەوە چاودێری زۆر هەڵسوکەوت و رەفتاری ئەوانەی قاوشەکەی بەرانبەرمان دەکرد. دالانێکی تەسک و دوو لاواچ مەودایەکی زۆر نەبوو لەنێوانماندا. گەورەیی بۆشایی نێوان تەلەکانی تەلبەندی لاواچەکە هێندەی تیلێک یان هەڵماتێک دەبوو. دەمانبینی چۆن سروود دەڵێنەوە، لەسەر قەرەوێڵەکان دادەنیشن و بە بۆشایی نێوان قەرەوێڵەکاندا رایەڵکە دەکەن. لانی کەم سەریان دەبیندرا، یان بەشێکی جوڵەکانیان بەدیدەکران. وایان دەزانی پاسەوانەکان لە لاواچەکەوە تەماشایان دەکەن، بۆیە زوو زوو دەهاتنە بەر لاواچەکەوە و سەیری دالانەکەیان دەکرد، بەتایبەتیش کاتێک دالانەکە جموجۆڵی تێدەکەوت، وایان دەزانی

یەکێک لە ژنە بەندکراوەکانە و بۆیان دەیانڕوانی. جاروبار هەڤالان لە کاتی خاوێنکردنەوەی دالانەکەدا لە لاواچەکەوە لە حاڵیان دەپرسین و ئەوانیش بەگشتی دەیانگووت باشن. ناوبەناو لە ڕۆژانی بۆنە و یادەکان، یاخود لە ڕوودانی هەندێک ڕووداوی گرنگدا نامەیەکی کورتمان دەنووسی و بۆمان هەڵدەدان.

بەیاننامەی سەبارەت بە نەورۆز و ئایارمان لە لاواچی قاوشی یەکەمەوە بۆ هەڵدابوون. نازانین چییان کرد و چۆن پێشوازیان لێکرد. لەلای خۆمانەوە شیرۆڤەیەکی زۆرمان لەسەر کرد؛ "نەیانخوێندەوە و لە ترسان دڕاندیان... نا نەخێر، حەتمەن خوێندویانەتەوە، دەیانزانی ئێمە بۆمان هەڵداون، بە دەنگدا ئێمەیان ناسیوەتەوە....". بەڵام شتێکی مسۆگەر هەبوو، ئەویش هەر بانگکردن و نامەیەکی ئێمە، ورەی پێدەدان. لێکدانەوە پڕ تووڕەیی و قەڵسییەکان ئەم ڕاستییەیان پێنەدەگۆڕدرا.

پاش چاودێری و بەدواداچوونێکی دووروودرێژ لەگەڵ یەکێکی قاوشەکەی بەرامبەردا چاوبەچاو بووین. خۆشحاڵ بووین بەوەی هەستیان بە هەبوونمان کردبوو. لەولاشەوە لەدۆخی وەهادا پاسەوانەکان لەناو خۆیاندا قسە و چەنەبازییان دەکرد. تەنیا بۆ جارێکیش ئەوەمان بەس بوو لەناو خۆیاندا بڵێن: "سێ کەس لە قاوشی ژنان خراونەتە ژووری تاکەکەسییەوە"، ئەوانەی قاوشەکەی بەرامبەرمان شیمانەیان دەکرد کێ هەیە لەناویاندا. بە هێما و ئاماژە پرسم لێدەکرد، تا بزانم لە زینداندا چی هەیە و چی ڕوویداوە. زۆر ئاماژەم دەکرد، بەڵام ئەوانیش هەر بە ئاماژە دەیانگووت تێنەگەیشتوون. دواجار پارچە نانێکم هەڵگرت و بە پەنجەکانم دەمی خۆمم بەست، نان نەخواردن بەواتای مانگرتن بوو، پرسیاری مانگرتن و (مانگرتنی تامردن) م دەکرد، بەڵام بەهیچ شێوەیەک تێنەدەگەیشتن.

ئایا لەوەش تێنەدەگەیشتن کە پرسیاری خۆیانم دەکرد یاخود وەها تێدەگەیشت کە ئێمە لە مانگرتنداین؟ چەندین رۆژ بەمجۆرە دووراودوور دوو لایەنە ئاماژەمان بۆ یەکتر کرد کە لەلای خۆمان واتایەکی گەورەمان بەسەر هەر یەکێک لە ئاماژەکاندا دەکرد. ئەی خوایە چ سەبر و ئۆقرەیەکمان هەبوو!

دەمانکێشا بە دیواری قاوشەکەی تەنیشتماندا. ناوەناوە ناوی خۆمان و دۆخی گۆشەگیرکراوی خۆمانمان دەگووت، پرسیاری هەبوونی رووداو و پێشهاتەکانمان دەکرد، بەڵام بێ دەنگی؛ تاکە وەڵامی هەموو قسە و پرسیارەکانمان بوو. تەنیا کاتێک بە ئاوازەوە دەمانکێشا بە دیوارەکەدا وەڵامیان دەدایەوە و هێندە. جاروبار بە توورەییەوە جوێنم دەدا و دەمگووت: "ترس و سامیش ئەوەندە نابێت". ئەگەر ئەوان پرسیاریان بکردایە، بەخۆشحاڵییەوە وەڵاممان دەدانەوە.

## (14ی تەمموز)

رۆژانێک گوزەری دەکرد. لەگەڵ ئەوانەی سەرەوە نامەگۆڕینەوەمان هەبوو. هەواڵێکی نوێ لە ئارادا نەبوو. بێدەنگی و چاوەڕوانی نەفرەتی، چەندە بێزارکەر بوو!..

لە سەروبەندی چاوەڕوانییەکی وەهادا رۆژێکیان دەنگێکی ئاڵۆز لە بڵندگۆکانەوە هاتە گوێمان. ماوەیەکی دوور و درێژبوو بڵندگۆیان بەکار نەدەهێنا، ئەوەی سەرەوەش خۆمان تێکماندابوو. ئەوەی خوارەوە هێشتا کاری دەکرد. پەخشی ئەزمونیان دەکرد. بە قسەی سەربازەکاندا زانیمان کە بڵندگۆکان تاقیدەکەنەوە و دەیانەوێت بزانن هەمووی کار دەکات یاخود نا. سەرباز لە لاواچەکەوە گوێی بۆ ئەوەی ژوورە تەسکەکەی ئێمەش راگرت. (ئەسەد) گووتی: "مەرحەبا منداڵینە" و دەستی پێکرد: "من فەرماندەی ئاسایشی ناوخۆتانم. روونکردنەوەی گرنگتان پێ رادەگەیەنم. چەند کەرێکی لە کەر کەوتوو وایان دەزانی شتێکیان پێدەکرێت. لە دادگا هەڵسان و گووتیان (خۆمان دەکوژین)، ناویشیان نا (مانگرتنی تامردن). چەند کەسێکیشیان هەڵخەڵەتاند. ئێستاکە بە تاقی تەنیان و خواردن دەخۆن. ئەمانە بێ ئەقڵ و نەفامن. (کەمال پیر) بە دزییەوە مشک دەخوات. ئەگەر نا ئەوانە خۆیان پێڕادەگیرێت؟ بە دزییەوە شت دەخۆن. گوێبگرن تۆزێکی تر یەکێک لە هەڵخەڵتێنراوەکانیان قسەتان بۆ دەکات. ئەو منداڵەیان خەڵەتاندووە. ئێستاکە خواردن دەخوات، ئاقڵ بووە. ئێرە زیندانە، یاسا و رێسای تایبەت بەخۆی هەیە. کێ سەرپێچی بکات دەیتۆپێنم. ئەوانە هەموویان دەتۆپن. لە زیندان نازانم چی و چی و ئیتر هەیە، شتێکی وا هەیە؟ نەخێر، لەدەستم رزگار نابن".

پاشان (عەلی کڵج) خۆی ناساند و دەستی کرد بە قسەکردن: "ناوم عەلی کڵجە و خەڵکی گرێ سۆرم. ئەمانە ئەوساش هەوڵیاندا بمانخەڵەتێنن. پێیان گووتین: تێکۆشانی جوڕنەڕەش - گرێ سۆر و باسی بوجاکییەکانیان کرد. ئێمەش گەنج بووین، جاهیل و نەزان بووین، کاریان تێکردین. فەرمانیان پێکردین و تاوانیان پێکردین. خۆیان هیچیان نەکرد. پێیان گووتین: بوجاکییەکان چاویان بەرداوەتە ناموسی خەڵک، ژن و کچ دەڕفێنن.. کەچی خۆیان ژنان و کچانیان هەڵگرت و بردیان. خۆیان چاویان بەردابووە ماڵ و ناموسی گەل. لە دادگا "..." خوارد، پەشیمانم. هەڵبەتە تێگەیشتم کە هەڵەم کردووە. ئێستاکە خواردن دەخۆم. بانگەوازیم بۆ هەموانە کەس متمانەی بەمانە نەبێت، سەرشێتی و بێ ئەقڵی و شتی وا نەکەن". ناوەناوە دەنگی پچڕ پچڕ دەهات، رادەوەستا و قسەی دەکردەوە. ئاشکرایە کە قسەی پێدەرخ کرابوو یان لەسەر کاغەز پێیان دەخوێندەوە. سوکی بێ قیمەت، هەرچییەکیش بکەیت لە ئەشکەنجە رزگارت نابێت. مادام خیانەتت دەکرد بۆچی بەشداریت کرد لە (مانگرتنی تامردن)؟

قسەی ئەو سوک و ریسوایەمان وەلا خست. یەکترمان لە ئامێز گرت و لەخۆشیان دەستمان بەگریان کرد. کەوابوو چالاکی هەیە. (ئەسەد ئۆکتای) بەم هەواڵەی کارێکی باشی کرد، بەدرێژایی رۆژگاری زیندان تەنیا کارێک بوو کە بە ئەرێنی و شایستە ناوی ببەین، ئێمەی لەو چاوەڕوانییە رزگار کرد. چاوەڕوانییەکی تۆقێنەر بوو. ئایا لە چەندەمین رۆژیدا بوو؟ دیاربوو تازە دەستیان پێکردبوو. هەوڵماندا ئەو گرووپانە بهێنینەوە خەیاڵ کە رێکەوتی دانیشتنی دادگاییکردنیان نزیک بوو. دیارە لە دانیشتنی یەکێک لە دۆزە سەرەکییەکاندا رایانگەیاندووە.

ئەگەر گرووپی ئامەد بووایە، دەبووایە (ئایسەل)یش بچێت. گرووپی مێردین و رۆحا هەبوو. قەرەباڵغترینیان رۆحا بوو. دەستبەجێ نامەیەکمان بۆ سەرەوە نووسی. جێگەی هەواگۆڕینەکە ئارام بوو، لەو رۆژەوەی ئێمە هاتووینەتە خوارەوە هەڤالان تەنانەت لەکاتی دەستینشانکراوی خۆیشیاندا نەچوونەتە حەوشەی هەواگۆڕینەوە. گۆشەگیرییەکەی ئێمە کاری لێکردبوون، دەیانویست هاوبەشمان بن لە هەموو شتێکدا. (فادیمە)مان بانگ کرد و نامەکەمان بۆ فڕێدا و بەزارەکیشی پێمان گووت. (فادیمە) لەخۆشیان هاواری کرد. چەند خولەک تێنەپەڕی قەرەباڵغی، راکەڕاک و هاواری خۆشی لەسەرەوە بەرگوێکەوت: "بەڕاست؟ ... کێ پێی گووتن؟... (مانگرتنی تامردن)؟... ئەم جارە ئێمەش بەشدار دەبین... کێ .. (عەلی) ؟.. هەی بە نەفرەت بێت! میکرۆب.." (کەزبان) لە هەموویان زیاتر تووڕە بووە، دەنگی پڕاوپڕ هەتا خوارەوە دەهات و دەیگووت: "(PKK) ژنان و کچانی هەڵگرت و بۆ شاخەکانی برد، ئەی بوجاکییەکان؟ هەی سووک و بەدرەفتار، وادەزانێت بەم قسانە خۆی پێ رزگار دەبێت؟" دەنگێکی زۆر هەبوو، پەنجەرەکان کراوەبوون، دیارە لەبەر ئەمە بوو سەربازەکان هەستیان پێ نەدەکرد.

نامەکەمان بەم شێوەیە بوو: "ئێمە ئامادەکاری خۆمان دەکەین. هەڤالان لە دۆخی (عەلی) تێبگەیەنن. دواجار ناوی بەشداربووان دەستنیشان دەکەین. (ئایسەل) نەخۆشە، وابیری لێدەکەینەوە کە ئەو بەشدار نەکەین. (فادیمە)، (گوڵتەن)، (جاهیدە).. دەبێت. (جاهیدە) هێشتا لە تاووتوێکردن دایە، دیار نییە. (بەزار)یش دەبێت، بەڵام هەم (رەزا) و هەم (گیۆنول) و ئەوجار (بەزار)یشی لەسەر زیاد بێت، وابزانم لەجێی خۆیدا نییە. لەم بابەتەدا بە بڕیاری کۆتایی نەگەیشتووین. ژمارەکە زیاد نابێت". (ئایسەل)

پێداگریدەکرد، بەڵام بەهۆی نەخۆشییەکەیەوە بە روونی پێمان گووت کە نابێت بکەوێتە مانگرتنەوە.

بڕیارێکی روون و بەرجەستەیە. هەڵوێستی بەرجەستە زیندە و چالاکبوونێکی لەگەڵ خۆی هێنابوو. ئەم چالاکییە ملکەچی و کەمییەکانی رابردووی لەناو دەبرد؟ (مەزڵوم)مان بەتەنیا بەجێ هێشتبوو. چوار نەبەردەکەمان بەتەنیا بەجێ هێشتبوو. هەر جارە و ئازارێکی گەورە وەکو تاشە بەردێک لەسەر سینەم خۆی بەجێ دەکرد. ئەوەندە بێ دەرفەت بوو، هەڤاڵان نەیاندەتوانی پەیوەندیمان لەگەڵ بکەن، قاوشەکانیان وەک ئەوەی ئێمە نەبوو؟ دیارە هیچ کەسێک گۆشەگیرییەکەی ئێمەی بەسەر نەهاتبوو.

(ئایسەل) تووڕە بووە، کاتێک (گیۆنول) دەچێتە شوێنی دەستاو، بە هەڤاڵان دەڵێت: "رەوشی ئاشکرایە، لە قەیرانێک دایە. شایستە نییە. من بۆچی بەشداری ناکەم؟ ئەگەر بەشداری نەکەم خراپتر دەبم، دەتانەوێت وەها بمکوژن؟" و پاشان دەستی بەگریان کردووە. لە تەوەرەی (جاهیدە)دا یەکلا نەبووم. ئایا چانسێکی پێ نەدەین، دەشبێت بیکات بە رێگەی هەڵمەتبردنێک، خۆی لەو سەرشۆڕیە رزگار دەکات، خۆی یەکلا دەکاتەوە، بەڵام ئەمە تاقیکردنەوەیەکی زۆر گرنگ بوو. دوودڵی، ڕاڕایی و ئەمسەر و ئەوسەری لەنێوان بەرخودان و تەسلیمییەت و هەڵوێستەکانی کەم نەبوون.

(عەلی کلێج)یش لای هەڤاڵان دەمایەوە، لەناو بەرخودانی گشتیدا بوو، بەڵام لە (مانگرتنی تامردن)دا هەڤاڵانی بەجێهێشتبوو. هەر بۆیە ئەو کەسانەی بەشداری دەکەن و ئاستی بڕیارداریيان جێگەیەکی تایبەتی هەبوو، چونکە مانگرتنی تا مردنە. بیر و بۆچۆنی هاوبەشمان بەم شێوەیە بوو؛ ئەوانەی دوودڵن، ڕاڕان و ئاشتەوانین لەگەڵ خۆیان لە توانایاندا نییە و پێیان ناکرێت. ئەگەر

ڕێکەوتی دانیشتنی دادگا بۆ پەڕاوەکەی خۆم بە ڕێکەوتی سەرەتای چالاکی دابنێین درەنگ نابێت؟ چونکە دەبێت لە دادگا رایبگەیەنین و رای گشتی لێ ئاگادار بکەینەوە. لانی کەم دەبووایە هەڤالان ئاگادار بن. ئەگەر نا (ئەسەد) هەر چییەکی لەدەست بهاتایە دەیکرد بۆ ئەوەی کەس بە چالاکییەکەی ئێمە نەزانێت. بەر لە من (گیۆنول) دەچوو بۆ دادگا. ئەویشمان پێ باش نەبوو بۆ راگەیاندنی ئەم چالاکییە. داواکاری هاوبەشمان ئامادە دەکرد و ئەویش دەیتوانی پێشکەشی دیوانی دادگای بکات. لەوێدا ناوی بەشداربووان دەخوێندرایەوە. (گیۆنول) بەشداری لە یەکەم گرووپدا نەدەکرد، تەنیا هەڵدەستا و رایدەگەیاند. ئەی ئەگەر نەهێڵن قسە بکات؟ (گیۆنول) گووتبووی: "قسە دەکەم. ئەگەر دەستووریشم پێنەدەن هەر قسەی خۆم دەکەم. ئەگەر لە تۆماری فەرمی دادگادا نەشینووسن، هیچ نەبێت هەڤالان دەیبیستن".

زۆر بە وردەکارییەوە حیسابمان بۆ هەموو شتێک دەکرد؟ دەبووایە لەخاڵێکەوە دەستمان پێ بکردایە. با هەڤالانی مانگرتنی تا مردن بە تەنیا نەبن، ئێمە هیچی ترمان ناوێت. هەڵبەتە بێ دەنگ و رەنگیش نابێت. (ئەسەد) دەیتوانی داواکارینامەکان پەسند نەکات و هەر گوێیشی پێنەدات، بەڵام لە بەرپرسیارێتی ئەنجامی چالاکییەکی وەها دەترسا. بۆیە ناچار بوو داواکارینامەکان رەوانەی دادگا بکات.

هەر لەو رۆژانەدا لە دالانەکەوە دەنگی جیاجیا بەرگوێ دەکەوت، بە تەواوی نەماندەزانی ژنە یان پیاوە، دەنگێکی باریک بوو. پاشان بە قسە و گاڵتەکانی ئەوانەی خۆماندا تێگەیشتین کە کەسێکی نوێ هاتووە.

چاویش: "راڵفی چی و ماڵفی چی، ئیتر تۆ ناوت عەلییە، باشە؟ ئادەی دووبارەی بکەرەوە. بڵێ عەلی..."

"عەلی":

بە کەم و کورتەوە گووتت، دەنگت بڵند بکە و بڵێ: " گەورەم .. عەلی"

" گەورەم.. عەلی"

بە تەواوی دەستەواژەی " گەورەم - فەرماندەم"ی پێ نەدەگووترا. (راڵف)ی ئەڵمانی لە زیندان ببوو بە "عەلی". (راڵف)ی گاور کرابوو بە سەربازی تورک - موسڵمان! زۆر زوو ناسنامەیان گۆڕیبوو. گووتنەوەی: "فەرماندەم تورکم، فەرمانتە فەرماندەم" لە دالانەکە دەنگی دەدایەوە..

هیچ نەبێت گەواهی بەسەرهاتەکانی دەکرد. هەم دەنگی ئێمە و هەم دەنگی هەڤالانی پیاوی دەبیست. پەنجەرەی قاوشەکەیان، بەرەو رووی حەوشەی هەواگۆڕینی قاوشەکانی تربوو. ناچار پێویستییەکانی سەراوی لە بەشەکەی ئێمە بەڕێ دەکرد، شوێنی تر نەبوو. ئەمەش هۆکارێک بوو بۆئەوەی زیاتر شایەدحاڵی ئێمە بێت.

رۆژێک بەر لە دانیشتنی دادگای دۆزی رۆحا - هەوەنگ بردیانین بۆ سەرەوە. هەمان رۆژ چاوپێکەوتنێکی کورت و سەرسوڕهێنەریان کرد. (ئایسەل) و دوو سێ کەسی گرووپەکانی تریان بانگکرد. بە (ئایسەل)یان گووت: "چاوپێکەوتن هەیە". چاوپێکەوتن زۆری نەخایاند. (ئەسەد) ئەو جۆرە چاوپێکەوتنانەی لە چەند خولەکێکدا سنووردار دەکرد. خۆیشی بەشێوەیەک کە بکەوێتە ناو دەمی هەر دوولاوە لە نزیکەوە چاودێری دەکرد و گوێی لێ دەگرتن. وەک ئەشکەنجەیەک وابوو. جارێکیان لە رۆژانی یەکەمی دادگاییەکاندا (مەتین)ی هێنابووە دالانەکەوە. تۆمەتنامەی پێدابوو. خۆی خستبووە نێوان من و (مەتین)ەوە. تەنیا ئەوەندە نەبێت کە بە یەکترمان گووت "باشم، تۆ؟" و

پێمگووت: "بارودۆخت باشە، دەردەکەویت. تۆمەتنامە لەسەر بنەمای هەندێک بانگەشە و دەنگۆ ئامادەکراوە. خەمی منت نەبێت، سڵاو لە هەموو لایەک بکە" و هیچی تر. ئێمەش لایەنگری درێژە پێدانی نەبووین، چونکە (ئەسەد) وەکو سەگێک بەدەور و نێوانماندا دەخولایەوە. وایدەزانی چاوبڕکەمان دەبێت، یان بە ئەنقەست وای دەکرد. جارێک سەیری منی دەکرد و جارێکیش سەیری (مەتین)ی دەکرد، خۆی دەخستە چەندین رەنگ و شێوەوە. ئەمجارەش وای کرد و نەیهێشت قسە بکەین.

(ئایسەل) گەڕایەوە و پێیگووتم: "لەکاتی یەکتر ئامێزکردندا بە چپە بە سەلیمم گووت؛ دەست بە (مانگرتنی تامردن) دەکەم. ئەویش گووتی؛ نا، چاوەڕێ بکەن. ئاگادارتان دەکەینەوە". ئیتر خۆمم پێ رانەگیرا، مۆڕاڵم تێکچوو بوو و پێمگووت: "ئاخێر بۆچی، بەچی هەقێک؟ ئەمانە متمانەمان پێناکەن؟ تا کەی چاوەڕێ بکەین؟" مەبەستی (سەلیم) لەم چاوپێکەوتنەیدا ئەم هەواڵە بوو؟ شیمانەی بەشداربوونی ئێمەیان کردبێت؟ وامان دەزانی (سەلیم) بەناوی هەڤاڵانەوە، بەناوی رێکخستنەوە قسەی کردووە. قاوشەکەی ئەوان پەیوەندیان هەبوو. ئەگەر ئەو چاوپێکەوتنە نەبووایە، رۆژی دواتر (گیۆنول) دەچوو بۆ دادگا و چالاکییەکەی رادەگەیاند. ئەگەر نەهاتێک نەبووایە بڕیارمان وەها بوو. دیسان بڕیارمان لەسەر پابەندبوون بەپلانەکەی خۆمان دایەوە. لەشێوەی دوو گرووپ بەشداریمان لە مانگرتنی تا مردن دەکرد. من، (گیۆنول)، (فادیمە) و (فاتیمە) لە گرووپی یەکەمدا بووین، (ئایسەل)، (بەزار) و (گوڵتەن) لە گرووپی دووەمدا بوون. لەگەڵ (جاهیدە) قسەمان کرد و ئاماژەی بەوەکرد کە جارێ ئامادە نییە بۆ مردن و گووتی: "رۆژانی دواتر پشتیوانی دەکەم، بۆ گرووپی یەکەم بڕوام بە خۆم نییە". رازی بووین، هەر چۆنێک بێت ئەم

کاره دڵخوازی دەوێت. نابێت ترسی مردنی هەبێت، چونکه هەر ئان و ساتێک له مردن نزیک دەبێتەوە. هەرچەند نزیک دەبێتەوە له مردن، حەزی ژیان گەورەتر دەبێت و تێرنابێت له واتاکانی.

هاوکات (سەلیم) لەبارەی رەوشی هەڤاڵانەوە پێی گووتووه که هەندێک هەواڵیان بەدەست گەیشتووە. رۆژی دواتر (گیۆنول) چوو بۆ دادگا و له گەڕانەوەدا هەواڵی دڵپڕێنەری بۆ هێناین. دڵ لەبەرامبەر بەکێ؟ بەچی، کام کردار، کام هەواڵی پڕ له ئێش و ژان خۆی بگرتایه و رابهاتایە؟ باشه ئەی ئەم هەواڵانە نەیدەکوشتین؟ دڵ و جەرگی پارچه پارچه نەدەکردین؟ هێشتا چاوەڕێی چیمان بکردایه؟ ئەمه چەندەمین پرسیارە، چەندەمین ئاخە، چەندەمین هاوارە لەسەر دڵم راوەستاوە؟ کەواته (سەلیم) دەیزانی بۆیه نەیدەویست دەست به (مانگرتنی تامردن) بکەین. شەهیدبوونی هەڤاڵ (کەمال پیر) و هەڤاڵ (خەیری دورموش) راست بوو. لەبارەی (عاکیف یلماز)، (عەلی چیچەک) و (مستەفا کاراسو) هیچ ئاگاداریيەکی روون لەبەردەستدا نەبوو. رۆژی شەهیدبوونەکانیشیان پێ گووتبوون. هەڤاڵ (خەیری) و (کەمال) لەمانگی ئەیلولدا شەهید ببوون. بەرخودانی له مانگی تەمووزدا دەستی پێکردبوو. هەندێک هەڤاڵی تر بەشدارییان له (مانگرتنی تامردن) کردووه. هەڤاڵ (فوئاد کاڤ)یش بەشداری کردووه.

هەروەها دیار نەبوو بەردەوامه یاخود نا. (گیۆنول) گووتیشی: "منیش ویستم هەڵسم و داوانامەی (مانگرتنی تامردن) پێشکەش بکەم. پاشان بیرم له ئێوە کردەوە، منیان نەدەخسته لای ئێوە، هەواڵگرتن ئەستەم دەبوو. ئەوجار سەلیم گووتبووی بەشدار مەبن، بۆیه پاشگەزبوومەوە. بەڕاستیش مرۆڤ خۆی پێڕاناگیرێت".

ڕۆژی دواتر ئەوانەی چوبوون بۆ نەخۆشخانە هەواڵی تریان هێنا. (کاراسو) شەهید نەبووە. (مانگرتنی تامردن) بە ئەنجام گەیشتووە. هەڤاڵان لە نەخۆشخانە بوون. زۆری پێ نەچوو زانیمان هەڤاڵ (عەلی) و (عاکیف)یش شەهید بوون. لە تەمووز تا ئەیلول، نزیکەی دوو مانگی خایاندبوو. دووبارە گەڕاینەوە بۆ دواوە. ڕۆژی قسەکردنی (ئەسەد) و (عەلی کڵچ) لە بڵندگۆکانەوە، چەندەمین ڕۆژی مانگرتنەکە بوو؟ ڕۆژەکانمان ژمارد، نزیکەی نیوەی مانگرتنەکەی دەکرد. بیر لەوەش بکەینەوە کە چەند ڕۆژ پێشتر دەستی پێکردبوو، هیچ ئەگەرێکمان بۆ دانەنابوو. چونکە بە ڕوونی ڕێکەوتی دانیشتنەکانی دادگامان نەدەزانی. زیاتر باس لە هەفتە یان (10) ڕۆژێک دەکرا. خۆمان بە گرووپی دووەم دادەنا، کەچی گرووپی دووەمیش بەشداریان کردبوو. ئێمە تەنیا ئەو کاتە پێمانزانی کە هەڤاڵان لە سەرەمەرگدا بوون و هەموو شتێک بە ئەنجام گەیشتبوو.

بەڵێ، مانگی تەمووز هەڵبژێردرابوو، ڕێکەوتی ڕاپەڕینەکەی باستیلی فەڕەنسا بوو. لەدادگا یەکەم کەس هەڤاڵ (خەیری) (مانگرتنی تامردن)ی ڕاگەیاندبوو. بەرخودانییەکی مەزن، ڕاپەڕینێکی مەزن بە فیداکردنی هەموو یەکێک لە خانەکانی جەستەیان... هەڵگرتنی ئەشکەنجە، زەبر و زۆری، دەستەبەرکردنی هەلومەرجی بەرگری لە خۆکردن لە دادگاکاندا، لەڕیزی داوا سەرەکییەکانیان بوون.

بەرگریکردن! لەمێژوودا بەرگرییەکەی (دیمیترۆف) لە (ڕێیشتاگ) نمونەیەکە کە تیایدا فاشیزم دادگایی دەکات. لە ئامەدیش دادگاییکردنی داگیرکەری! ناچارین خۆمان ببین بە بەرگریکاری خۆمان، ببین بە دادگاییکردنێکی مێژوویی ئەم دادگاییکردنەی (PKK) پێچەوانە بکاتەوە کە بەدەستی دووژمن

له کەسایەتی ئەم هاورێ قارەمانانە، له کەسایەتی ئێمەی بەندکراواندا دەکرا. ئەوانەی بەباشترین شێوە دەرکیان بە گرنگی مێژوویی ئەم پێچەوانەکردنەوەیە کردبوو، دەستیان بە دادگاییکردنی دووژمن و دادگاکانی کردبوو.

ئایا لەجیهاندا ڕووداوێکی شکۆمەندانەی تر هەیە کە مێژوو بەمجۆرە بەواتا و قەشەنگ بکات؟ بە تواندنەوەی خانە بە خانەی جەستەی خۆیان؛ مرۆڤایەتی و هیواکانی گەل شکۆدار بکەن، بەڕوونی بەڵێنی سەرکەوتنی مسۆگەری دۆزێک دەستنیشان بکەن..! نوێنەرایەتیکردنێکی پووخت و پاراوی ڕێبەرایەتی و پێشەنگایەتی شۆڕشێک، تەواوی واتای مانگرتنی گەورەی تەمموززی دەگەیاند. هێزی کاریگەرییان ئەوەندە بێ ئامان بوو گەمارۆی وەحشەتی سەر مرۆڤایەتی شکاندبوو. ترس ڕووی لە دارمان کردبوو. هەموو کەسێک باسی ئەوانی دەکرد، نمونەی ئەوانی دەهێنایەوە و لەناخی خۆیدا هەستی بەوان دەکرد. لە نموونەی ئەواندا لێپرسینەوەی لە خۆی دەکرد. هەر لەو خۆشحاڵییەی سەرەتای دەستکردن بە چالاکییەکەیانەوە تا دوایین ساتەکانیان، هەمووی مێژوویەک بوو. لە دادگاکان، لە بەرگریکردنەکاندا باس لەو مێژووە دەکرا. هێزی خوڵقاندن، ژیاندن و بڵندکردنەوەی ئەم مێژووە زیندانی تێپەڕ کردبوو. ئیتر ڕاوەستاندن و ڕاگرتنی کاریگەرییەکانی ئەو هێزە ئەستەم بوو.

دروشمی "سەرکەوتین، سەرکەوتین" لە گۆرانی و هۆنراوەکاندا بە زوان دەهاتن. وەسێتی "لەسەر کێلی گۆڕەکەم بنووسن قەرزارە" و هەڵسەنگاندنی "کوردستان بەرە بەرە دەبێت بە ڤێتنام، هاواری ئەم مرۆڤانە لەیاد مەکەن"ی ئەو قارەمانانە، بڕوایان بە شۆڕش، سەربەرزی و ڕەوتی بڕیارمەندانەیان لەسەر ئەو ڕێگەیە لە ئاستی لوتکەدابوو. تەنیا بەمشێوەیە بە گووتە و

کرداریش دەتوانرا پابەندییەکی گەورە بە هیوا و ئامانجەوە بخرێتەڕوو.

پاش خولەکێک ڕێزلێنان، هێزی باسکردنێکی هاوئاستی گەورەیی چالاکییەکەم نەبوو، تەنیا لەم چوارچێوەیەدا هەندێک شتم گووت. قاوشەکە هەمووی بەشداریان نەکرد. ژنانی ئەندام لە هەندێک گرووپ، بەسەر ترسەکانیاندا زاڵ نەببوون. شەرم و عەیبەی خۆیان بەو بەتانییە شاردبووەوە کە دابوویان بەسەر سەر و گوێلاکی خۆیاندا. ئیتر کات و شوێنی شەرمی پڕ لەترس و سام نەبوو. ئیتر لەبەرامبەر بەو هەڵوێستەدا دانبەخۆدا نەدەگیرا. پێمگووتن: "لەبەرامبەر بەم شەهیدانەی کە دووژمن لەبەردەمیاندا بەچۆکدا دێت و کڕنوشیان بۆ دەهێنێت، بێڕێزیتان لێپەسند ناکەین. هەستن و ونبن لەبەر چاومان، هیچ نەبێت لەکاتی ڕێزلێنان و یادکردنەوەیاندا سەرمەخەنە ناو ڕەشبینی، بێ هیوایی و ترسەوە. بچنە قاوشەکەی ترەوە". بە تووڕەییەوە هاوارم کرد بەسەریاندا، هەڵسان و ڕۆیشتن. بۆ جاری یەکەم ئەندامی گرووپێکی تر، (خالیدە) ناوێکی خەڵکی لیجێ[103] گووتاری پێشکەش دەکرد و گووتی: "(کەمال پیر)، (خەیری دورموش) و هەڤالانیان، شەهیدی ئێمەشن. بە شەرەف و شکۆمەندییەوە شەهید بوون" دوو سێ وشەش بایەخی هەبوو.

ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە کە واتای ژیان لە هەناسەدان، ترپەی دڵ، هەنگاونان بەرەو ئامانج و خودی شەپۆلی بێ کۆتایی دایە. ئەگەرنا دەرک بە پێویستی ئەو هەستە پیرۆزانەی ژیان ناکرێت. قەشەنگی و واتادارییەکی بەم ئەندازەیەی مردن؛ بوونی گەورەییەکی بەمجۆرەی ژیان تیایدا، بەسایەی قەشەنگی و نەبەردی ئەوانەوەیە کە خودی خۆیان بەکردەیی لەو هەستەدا

---

[103] شارۆچکەیەکی سەر بە شاری ئامەدە .

دەژین. ئان بە ئان لەنزیکەوە و شکۆمەندانە هەستکردن بە ژیان و مردن تەنیا بە نسیبی ئەوان بوو.

(ئەسەد)ێکیش هەبوو کە قوربانییەکی بۆ ئەو (مردن)ە سەربڕی بوو. تەنیا ئەوانەی رق و کینیان لە مردنی شکۆمەندانەیە، ئەوانەی بەدوورن لە مرۆڤایەتییەکی گەورە، قوربانیکردن دەکەنە وەڵامی مردنی بەشەرەف و شکۆمەندانە. (ئەسەد) ئەوەندە لە مردن دەترسا کە هەرکات سامی مەرگی لێبنیشتایە بە هاری و دڕییەوە لەبەرامبەر مردن، قوربانی سەردەبڕی. بەڵێ؛ (ئەسەد) بە بیستنی شەهیدبوونی هەڤاڵ (کەمال) و ئەوان، دوو بەرخی بۆ سەربازەکانی خۆی سەربڕی بوو. یەکێکیان بۆ (خەیری) و ئەویتریش بۆ (کەمال). وابزانم ئەمەش جۆرە نامەردی و ریسواییەک بوو لە دووژمنەکەی ئێمەدا بەدی دەکرا.

# نامەگۆڕینەوە لەگەڵ (راڵف)ی ئەڵمان

لە پەنجەرەوە چاومان لە (راڵف) بوو. رۆژێکیان لەسەروبەندی بردنی بۆ توالێت، لە رێکەوتێکی خۆشدا چاومان بە یەکتر کەوت و سڵاومان لە یەک کرد. دەنگی ژن، غەڵبەغەڵب وای لێکردبوو چاوێک بە دەوروبەردا بگێڕێت. وەک بەدوای شتێکدا گەڕابێت و دۆزیبێتییەوە خۆشحاڵ بوو. چاوی بەتەواوەتی کردبووەوە. لەو هەلەدا کە سەربازمان لێ دیار نەبوو، پارچە کاغەزەکەی دەستم پێ پشاندا و بە ئاماژە پێمگووت کە شتێکی بۆ دەنووسم و لەسەر بەشی دەرەوەی پەنجەرەی توالێتەکە بۆی دادەنێم. دەستبەجێ تێگەیشت و بە سەرلەقاندنێک وەڵامی دایەوە. لەسەر پارچە کاغەزەکە بە ئەڵمانی جۆرە تاقیکردنەوەییەک وەک ( 'Wie heissen sie?) ناوت چیە؟ (Wir kommen sie?) لەکوێوە هاتوون؟ (Wir sind Kürdische medshcen) ئێمە کچانی کوردستانیین... هتدم نووسی. پاشان دەستمانکرد بە چاودێریکردنی. کاغەزەکەی هەڵگرت و دەستێکی بۆ بەرزکردینەوە.

رۆژی دواتر بە تورکی نامەیەکی بۆ نووسین. لە نامەکەدا باسیشی لەوە کردبوو کە بەهاوکاری فەرهەنگۆک نووسیویێتی و دەیگووت: "ناوم راڵف براونە، لە ناوچەیەکی نێوان سوید و ئەڵمانیا نیشتەجێم. رێنوێنی گەشتیارییم. بۆ سەردان چووبووین بۆ دوورگەی ئاخدەماری هەڵکەوتوو لە شاری وان. ساڵانە دێم. ئاخدەمار جوانی مێژوویی زۆرە. بۆ سەردەمی ئەرمەنییەکان دەگەڕێتەوە. بۆ گەشتیارەکانم باسکرد. پۆلیس تۆمەتێکی خستە

پاڵم و گووتیان ئەندامی (ASALA)[104]یت و گرتمیان... شارەزای ئێرە نیم، ئێوەم بینی خۆشحاڵ بووم... راڵفەکەی خۆتان".

دەستمان کرد بە نامەگۆڕینەوە. هەرجارە و لە شوێنێکی توالێتەکە داماندەنا. بۆ ئەوەی پۆلیس نامەکان نەدۆزێتەوە، دوولایەنە هەموو بەهرە و خوڵقکارییەکی خۆمان دەخستە گەڕ. لەم نووسراوانەدا یەکە بە یەکەی (PKK)، کوردستان، زیندان و قۆناخەکانی رابردوومان بۆ باس دەکرد. ئەویش پرسیاری دەکرد، هەر بابەتێکی مەراق بووایە دەیپرسی. باسی لە هەموو وڵاتێک دەکرد کە سەردانی کردبوون. دواجار چووبوو بۆ ئەفغانستان. لەسەر ئەوەش قسە و باسی چۆنێتی و لایەنەکانی شۆڕشی ئەفغانستان هاتە نێو باسەکەمەوە. هەروەها دوو لایەنە سیاسەتەکانی سۆڤێتمان هەڵدەسەنگاند و شیرۆڤە دەکرد.

زۆر بە وردی و بە واتادارییەوە کاریگەری ئەشکەنجە، بەسەرهات، بیراو و بیستراوەکانی خۆی دەنووسی. جاروباریش دەیگووت: "خۆزگە بە زمانێکی تر لەیەک حاڵی ببووینایە و ئەم تورکییەمان بەکار نەهێنایە. ئەوەندە قێزەونن، تەنانەت قسەکردنیش بە زمانەکەیان زۆرم بۆ دەهێنێت"، و بەمجۆرە تووڕەیی خۆی دەردەبڕی. هەرچییەکمان سەبارەت بە چالاکی

[104] ئەرتەشی نهێنی بۆ رزگاری ئەرمەنیستان. لەلایەن ئاجۆپ ئاجوفیانی ئەرمەنەوە بە بانگەشەی گەیاندنی بانگەوازی نەژادپەوی بە ئەرمەنییانی ناوەوە و دەرەوەی وڵاتەکەیان و بونیادنانی ئەرمەنیستانێکی سەربەخۆ دادەمەزرێندرێت، بەتایبەتیش لەنێوان سالانی 1970 – 1985 چالاک بوون، گەلێک کردەیان لە وڵاتانی وەک تورکیا، ئیسپانیا، ئەمریکا و چەند وڵاتێکی تر ئەنجام دەدا، بەهۆی ژینۆسایدکردنی ئەرمەنییەکانەوە، دەوڵەتی تورک و دەزگاکانی ئامانجی بەشی زۆرینەی چالاکییەکانی ئەمان بوون. لەنێوان سالانی 1980 – 1990 دا لەلایەن ئەمریکا، بەریتانیا، روسیا، کەنەدا، یەکێتی ئەورووپا و چەند وڵاتێکی تری هاوشێوە خرایە لیستی تیرۆرەوە. دوای کوژرانی سەرکردەکەیان لە 1988، لە سالی 1994 ەوە کۆتایی بە جموجۆڵیان هاتووە.

(مەزڵوم)، چالاکی (چوار نەبەردەکان)، (شەهیدانی مانگرتنی تا مردن) و کەسایەتی ئەو قارەمانانە بزانیایە دەمان نووسی. بڕوامان پێ بوو کە ئەگەر هەمووشی نەبێت بەشێک لەم نووسراوانەمان هەڵدەگرێت و هەندێکیش لە یادگای خۆیدا هەڵدەگرێت و بە دەرەوەی دەگەیەنێت.

زۆر هۆشمەند بوو. ڕووداوەکانی ئەوێ و دەوروبەری، ئەو ئەنجامانەی لەقسەی سەربازەکانەوە دەریدەهێنا، تەنانەت خەونەکانیشی بۆ دەنووسین.

هەمان دنیامان هەبوو، ببوو بە پارچەیەک لە ئێمە. بێ ئەوەی لە نزیکەوە بمانناسێت، تایبەتمەندییەکانمان ببینێت، چەند قامچی "جۆپ"مان خواردووە، کەی چووین بۆ دادگا و بۆ نەخۆشخانە، شادی، ناخۆشی، ئارەزوو، قەوارەی ڕق و کینمان و لایەنە شاراوەکانمانی بۆ باس دەکردین. چێشت و چایمان یەک بوو. بەبیرکردنەوە لە ئێمە، خواردنێکی کەمی وەردەگرت، گۆشتی وەرنەدەگرت و دەیگووت: "زیاتر پێویستتان پێیەتی". لە نامەکانیدا بەتایبەتی دەستنیشانی دەکرد و دەیگووت: "ئەم داواکارییانەم بەو هەڤاڵانە بڵێن کە خواردنمان بۆ دەهێنن".

خۆشترین سوپرایزیشی لە سەری ساڵدا بوو. خوازیاربوو لەگەڵ ئێمە نوئێل پیرۆز بکات. دایکی دوای هەوڵ و تەقەلایەکی دوور و درێژی چەند کاتژمێری توانی لقی سنۆبەر، مۆم و کێکی پێ بگەیەنێت، ئەویش بەشی ئێمەی لێ جیاکردبووەوە و لە بنەوەی زبڵدانەکەدا شاردبوویەوە و لە گەرماوەکە بۆی دانابووین. نامەیەکی زۆر کورتی نووسی بوو لە شوێنی دیاریکراودا بۆ دانابووین: "ئەم شەو چاوێک بە زبڵدانەکەدا بگێڕن". پێکەوە لەگەڵ ئەو هەڤاڵانەی ئاگاداری نامەگۆڕینەوەی نێوان ئێمە و (ڕاڵف)بوون، کێکە لە نایلۆن پێچراوەکەمان کرد بە

چەندین پارچەوە و دابەشمان کرد، مۆمەکەشمان لەنێو چڵەکانی سنۆبەرەکە دانا و دامانگیرساند، بۆ ماوەیەکی کورتیش بێت پێکەوە و بە هەست و سۆزی دۆستانە نوئێلمان پیرۆزکرد. ئێمەش نامەیەکی پیرۆزبایی نوئێلمان بۆ نووسی. تیایدا باسمان لەوە کردبوو کە ساڵی نوێ بۆ ئێمە چ واتایەکی هەیە، چیمان هاتبووە پێش، واتای بەسەرهاتەکان و پێویستی شایستەبوونمان، هیوا و ئاواتەکان چین.

هەر خۆی باسی لەوە دەکرد کە بەهاوکاری فەرهەنگۆک نووسراو و نامەکانمان بە دوور و درێژی دەخوێنێتەوە، بایەخێکی زۆریان پێدەدات و بەمایەی هێزی ژیانی خۆی دەزانێت. بەردەوام دەیگووت: "ئێوە پەنجەرەی ژیانمن. ژیان لە ئێوەدا بەدی دەکەم و هەر بۆیە ئێوەم زۆر خۆش دەوێت".

بەڵێنی پێداین و پێیگووتین: "هەتا مابم بەسەرهاتەکانم، بەسەرهاتەکانی ئێوە و ئەوانەی بەچاوی خۆم بینیومن لەیاد ناکەم، لە هەموو شوێنێک باسیان دەکەم. دایکشیم رۆژنامەوانە، هەموو ئەمانە بۆ رای گشتی ئاشکرا دەکەم". پاش رۆیشتنی (راڵف) هەستمان بە بۆشاییەک دەکرد، داڵانەکە چۆڵ و هۆڵ بوو. لە زینداندا دروستکردنی پەیوەندی مایەی ژیان بوو. بۆ ئەم مەبەستەیە دووژمن تەنانەت بۆ بڕینی پەیوەندی نێوان هەموو ئەوانەشی کە لەتەنیشتی یەکترن، هەموو رێ و رێبازێکی تاقیدەکردەوە. دەیویست مرۆڤ تەنیا بکات و بەشێوازی بە تەنیاکردن لەناوی ببات. دەیویست مرۆڤایەتی، شۆڕشگێڕی و ئایندە لە تاکدا بکوژێت، هەر چییەک بەناوی جوانییەوە هەبێت لە مرۆڤدا قڕێژی بکات و بیخنکێنێت.

(راڵف براون)ی خەڵکی شوێنێکی ئەڵمانیا، لە زیندانی ئامەددا سەرەتا کرابوو بە ئەندامی رێکخستنی (ئاسالا)ی ئەرمەنی، پاشان

ببوو بە تورک! لە تۆمارە فەرمییەکاندا، لە بەڵگەنامەکانی زینداندا، لە زوانی ئەشکەنجەکاراندا، بەکورتی لە زمانەوانی و ویژەی داگیرکەریدا، (راڵف) کرابوو بە خاوەنی ناسنامەیەکی لەو جۆرە، بەلام لە بناخەدا (راڵف) ببوو بە شاهێدحاڵی سەرجەم رەهەندەکانی زوڵمی دژی مرۆڤایەتی. هەر لە (هیتلەر)ەوە تا(ئەسەد ئۆکتای). هەر لە (SS)[105]ەوە تا بە (SS)ەکانی تورک دەگات هەموو جۆرە دیمەنێکی نارەوای مرۆڤایەتی بنینیوە و دەشێت بەسایەی (PKK) وە سەرەرای هەموو ئێش، ئازار و ئەشکەنجەیەکیش، دووچاری بە چانسترین بەگژداچوونەوە هاتبێت. ئاشنای رۆحی نێونەتەوەیی[106] شەهیدە گەورەکانمان ببوو، هەمان هەناسەی لەگەڵ هەڵمژیبوون. بناخەی دۆستایەتییەکەی بەم ئەندازەیە پتەو و واتادار بوو. لەدوای (راڵف) یادەوەری خۆش و بەواتای بەمجۆرە مابوونەوە. (راڵف) بەڵێنەکەی خۆیشی بەجێهێنا. (سارا)، (مۆنایک)، (راڵف) و گەشتیارەکانی تری بەندیخانە..!

---

[105] کورتکراوەی(Schutzstaffel) یە و بەواتای یەکەی پاراستن دێت، کۆمەڵە یەکەیەک بوون بۆ پاراستنی هیتلەر دامەزریندرابوون، لەدوای دروستکردنی کەمپی یەهودییەکان ئەو یەکەیە دەکرێت بە دوو بەشی سەرەکی چەکدار و پۆلیس، ئەمانە لێپرسراون لەو کەمپانە و لە هەموو جۆرە کار و کردەیەکی نهێنی سوپا بەتایبەتیش لەبەرامبەر بە خەڵکانی ناو کەمپەکە. لەو سەردەمەدا ئەمجۆرە رێکخستنانە بەتایبەتیش بۆ سەرکوتکردن و لەناوبردنی نهێنیانەی هەموو جۆرە دەنگێکی دژی دەسەلات لە دەرەوە و ناوەوەی سنوورەکانی دەسەلاتی ئەڵمانیا، بەکار دەهێندرا ..

[106] ئینتەرناشنالی .

## رقی گەورەی دژ بە خیانەتی ژن

(عەلی عوسمان) بەبێدەنگی، بە چاوتێبڕینێکەوە و بە قین و نیگەرانیی نەزانینی دەرەنجامی پێشهاتەکانەوە خۆی کرد بە قاوشەکەدا. دەیویست رووبەڕوو هەموو کەسێک ببینێت و چاویان بخوێنێتەوە، بۆیە لەدەروازەی دەرگەکەدا چەقی بەست. یەکتر تەماشا کردنە پڕ لە رق و کینەکەی هەردووکمان سەرەنجی هەمووانی بەلای خۆیدا راکێشا. بە هەموو شێوە و جوڵەیەکیدا دیار بوو شتێک دەڵێت یان شتێک دەکات. بارکردنی گڕ و شەڕ لەچاوەکانم؛ هەمیشە حەزێکی گەورەی پێدەدام. خۆشترین لایەنی رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دووژمندا ئەوەیە کە تۆ تەنیا بەڕوانین ترس لەناخیاندا چەند قات دەکەیت، رۆحی قێزەونی نەیاران سەرکوت دەکەیت، بەهێزی داپۆشینی بێ چارەیی و لاوازیی، بە جەستەیەکی سیس و لاغرەوە وەک گاڵتەجاڕی بە دووژمنەکەی بکات؛ قیت بە پێوە رابووەستیت. دەرککردن بە بنەماکانی دووژمنایەتییەکانی دووژمنەکەشت لەبەرامبەر بەخۆت حەز و خۆشییەکی تری هەیە.

شتێکی سرووشتییە کە دووژمن هەوڵبدات لایەنە لاوازەکانی خۆی بپارێزێت، بەدوای رێگەیەکدا بگەڕێت گورزت لێ بوەشێنێت و لەم بوارەدا هۆشیار، پێداگر و لەپەراوێزی خەسڵەتەکانی خۆیدا بجوڵێتەوە. کاتێک تۆش دەرک بەم راستییە دەکەیت رێوشوێنی پێویست دەگریتەبەر، هۆشمەند دەبیت، خۆپڕچەک دەکەیت؛ ئەمەش ئەرک و شێوازێکی ژیانە. بەڵام کۆمەڵە تایبەتمەندییەکیش هەیە کە هیوا بە دووژمن دەبەخشێت، بوێری پێدەدات، ژیانی پڕە لە هێشتنەوەی دەرگەی ئاوەڵا، دوودڵە، خاوەن بڕیار نییە، بێ

بڕوایی به هەموو ڕەفتارەکانیدا دیارە، لە بچووکترین دەم ترەکاندێکەوە تا بەهەموو جوڵەیەکی دەگات سەراپایان لێوانڕێژن لە ڕاکردن و خۆدزینەوە لەشەڕ، بێگومان لوتکەی ئەو ڕێگەیەش کۆشی خیانەتە. لە زینداندا ئەگەر ئەو جۆرە تایبەتمەندییانە لەناخی کەسدا پێنەگەیشتبێت، ئەوا دەستبەجێ خیانەت دەکات، چاوەڕێ ناکات، چونکە زەمینەی هەیە، لە دۆخی قوتدانی خودی کەسەکەش دایە، چونکە تێکچوون لەناخەوەیە، دەستی لێ هەڵناگرێت.

هەر کاتێک ناوی (گیۆنول ئاتای) لەلایەن ئەسەدەوە دەهێنرا، یاخود بانگکرانی لەلایەن (عەلی عوسمان)ەوە، بانگهێشتێک بوون بۆ لاوازییەکانی (گیۆنول)، بۆ ئەو بوێری و هیوایانەی بەدووژمنی دەدا. ئەو جۆرە بانگکردنانە چۆنێتی سەیرکردنی بەندکراوانیشی لەبەرامبەر بەو کەسە دەگۆڕی. ئەندێشەیەکی ڕاستەقینە ڕەنگی دەدایەوە. لەو ساتەوەختەدا لەناخەوە هەست بە کین و نەفرەت دەکرا. چاوی پڕ لە ئەندێشەی هەمووان چووە سەر (گیۆنول). حەیرانی ئەو ڕوانینانە بووم، چونکە هاوبەشییەکی زۆر جوانیان هەبوو.

(عەلی عوسمان) بە شێوە زارێکی بەدڕەفتارانەوە گووتی: "کەمال پیر، محەمەد خەیری دورموش، بەڵێ ئەو کەری لە کەر کەوتووانە مردن. تێگەیشتن؟ وەک بیستوومە بۆیان گریاون، سەر و قژتان ڕنیوەتەوە. نازانم گووتووتانە: ئەوانە نەمرن، دەژین.. ساکینە پۆڵات، بێ تامت کرد؛ ئیتر بێ تاقەتم مەکە. ڕێزلێنان، سەر و قژ ڕنینەوە چییە؟ ئەو ئاژەڵی لە ئاژەڵ کەوتووانە کێن؟ پێم بڵێ". منیش بێدەنگیم شکاند و گووتم: "جوێن مەدەن. ئەوانە شۆڕشگێڕن. کەسیش سەر و قژی ..." هێشتا قسەکانم تەواو نەکرد مشتەکۆڵە و شەقەزللە بەسەر دەموچاومدا بارین. دوای

ئەوەش دەستبەجێ دەرکەوتە دەرەوە. ئەگەر زیاتر قسەی بکردایە جگە لە زیاترکردنی کاردانەوە و رقی بەرامبەرەکانی هیچی تری دەستنەدەکەوت. ئەمە خەونێک بوو، دیارە هەندێک یادکردنەوەکەیان بۆ گێڕاوەتەوە. راستە؛ دایە (دوڕییە) و چەند هەڤاڵێکی تر گریابوون. تەنانەت دایە (دوڕییە) بەدەم لاواندنەوەوە گریابوو، ئەو دەنگانە بە ئاسانی دەچوونە دەرەوە.

بەشداری نەکردنی (پاکیزە) لەو یادکردنەوەیەدا سەرنجی راکێشابوو. بەڵام هەرخۆی پێی گووتین: "بۆچی بانگتان نەکردم؟ لە قاوشەکەی تر خەوتبووم، نەخۆشبووم. متمانەتان بە من نییە؟ بێگومان من ئەو هەموو ئازارە بچێژم و ئێوەش بە کەیفی خۆتان مامەڵەم لەگەڵ بکەن. مادام وایە، زۆر باشە با ئیتر کەس خۆیم تێنەگەیەنێت، ئیتر لەناو کۆمین و مۆمینیشدا نیم. خواردنی زیندانەکە بەسە بۆ من. مانگی جارێک، ساڵی جارێکیش بێت کەسوکارم دێن بۆ لام، دیارە ئەوەندە بێ کەسیش نیم" و کاردانەوەکانی خۆی ئاشکرا کردبوو.

ماوەیەک بەمجۆرە لەبەر خۆیەوە قسەی بێ واتای کرد. بارودۆخی ئەو دواییانەی سەرنجی هەمووانی رادەکێشا. هەر کەسێک قەیرانی رۆحی و راڕایی هەبووایە بەهەر هۆکارێک بێت سەرەتا خۆی رادەستی جێخەوەکەی دەکرد. بەم شێوەیە سەرەنجی بەلای خۆیدا رادەکێشا. نەک نەخۆشی جەستەیی، بەڵکو نەخۆشی رۆحی و رەشبینی مرۆڤی بە جێخەوەوە دەبەستەوە. ئەو رۆحەی خۆی بە جێخەو دەسپارد، لەژێر بەتانیدا بەدوور و درێژیی بیری لەخۆی دەکردەوە. بەتانی دوودڵی و راڕاییەکانی دادەپۆشی. لەوانە؛ هەیە دەبورێتەوە، هەیە سەرشێتی کاتی دەیگرێت، هەیە سەروگوێلاکی خۆی دەچرێنێ و زۆر رەفتاری نائاسایی و جیاجیا هەبوون. لەو کاتانەشدا زیاتر گرنگی بە هەوڵ

و تەقەلای بایەخ پێدان، قسەکردن لەگەڵیان، تەنانەت پاڕانەوە بۆ رزگارکردنی ئەو کەسە دەدرا. گریمان ئەو جۆرە کەسانە قانیعیش بوون، هەرگیز بە تەواوی راست و رێک نەدەبوونەوە، بەردەوام بە شەلە شەل رێیان دەکرد.

بوورانەوەی زۆر و بەردەوامی (گیۆنول) ناوبانگی زیاتری بەدەستهێنابوو، کەچی یان کاتێک (ئەسەد) دەهاتە ژوورەوە یان کە دەیان برد بۆ ژووری نەخۆشخانەی زیندان دەستبەجێ دەهاتەوە هۆش خۆی. بەمشێوەیە هەوڵ و تەقەلایەکی زۆری ئێمەش بەفیڕۆ دەچوو. هیچ مرۆڤێک بۆ ماوەیەکی هێندە درێژخایەن نەدەبوورایەوە. تەنانەت ئەو نەخۆشانەی نەخۆشی قورسیشیان هەبوو و بۆ نەشتەرگەری بەنج دەکران، وەکو (گیۆنول) بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ بێهۆش نەدەبوون. تێنەدەگەیشتم ئەمەی چۆن پێدەکرا، بۆچی پێویستی بە شتێکی وەها دەبینی.

دوای هەر بوورانەوەیەک ئەو پرسیارەم لێدەکرد. لەڕاستیدا تێگەیشتن لە دۆخی دەروونی (گیۆنول) زەحمەت نەبوو. (گیۆنول) لە ئاستی نمایشکارێکدا بەشداری لە شۆڕش کردبوو. لە توزلۆچایری ئەنکەرە کەوتبووە ژێر کاریگەری کۆمەڵێک هەڤاڵەوە و پەیوەستدار ببوو. نەک لەسەر بنەمای ئاوێتەبوون بە هزری ئایدیۆلۆژی، سیاسی، سیستەمی رێکخستنیانە، نەک بە دەرککردن بە هێزی واتایی شۆڕش، تەنانەت بە جۆشوخرۆشی گەنجێتی و سروشتی شۆڕشیش رێی نەدەکرد.

نەخێر! رێک وەک نمایشکارێک بوو. ئەشکاڵێک بوو کە خۆی بە لافی چەنەبازی بۆرژوازی بچووکەوە بادەدا و بە پیاهەڵدان سەرخۆش دەبوو. ئەمە یەکەمین هەڵسەنگاندنمان بوو سەبارەت بەخۆی. بەڵام تەنیا بەمانەش روون نەدەکرایەوە. باسەکەی

(ئایشێ دشکایا)م هاتەوە یاد، ئەو کاتەی لە زیندانی مەلەتی بووین بۆی گێڕابوومەوە. باسەکەی ئەوم بۆ هەڤالانیش گێڕایەوە شیرۆڤەی جیاجیاشمان لەسەر کرد. پاش دەستبەسەرکردن، قۆناخی لێپرسینەوە گرنگترین قۆناخێکە کە دەبێت شیرۆڤە بکرێت. کەسێتی ئەگەر هەموو ئەو لاوازی، چەوتی و تاوانانە بشارێتەوە کە لەو ساتەوەختانەدا دەیکات، بە راست و دروستی هەوڵی پێداچوونەوە و راستکردنەوەیان نەدات، دووبارە و سێبارە کردنەوەی قەیرانی رۆحی، رووکەشانە، راڕایی، خەڵەتاندنی خۆی و دەرەوەی خۆی و دووبارەکردنەوەی چەوتییەکانی تیادا بەدی دەکرێتەوە.

ئەم دۆخەی (گیۆنول)، کاریگەری هەبوو لەسەر ناڕەحەتییە گشتییەکان و ئەوانەی تریش کە گرفتیان هەبوو. بە ئاشکرا هەموو هەوڵ و کۆششێکی راستکردنەوەی ئەو چەوتیانەی وەلادەنا. (گیۆنول) خۆی بە کادیرێکی ئاستی بەڕێوەبەرایەتی دادەنا و دووژمنیش پێی دەگووت: "گیۆنولی ئاقڵ" هەڤالانیش دەیان پرسی: "مادام وایە، ئەی ئەم حاڵەی لەچییە؟"، ئەوانەی بێزار و تووڕەبوون لەو ژیانە، هاودەردی خۆیان لەگەڵ (گیۆنول) دەکرد و دەیانکرد بە بیانوو بۆ خۆیان.

(پاکیزە) تاڕادەیەک لەم ئاڵۆزییەدا و تاڕادەیەکیش بەهۆکاری کاریگەری چالاکییەکان و گریمانەی پێشهاتەکانەوە پەنای بۆ دووژمن بردبوو. راچەتاکەی دابوو بە سەربازێک و پێی گووتبوو: "دەرمانم بۆ بهێنن". ئەم داواکارییە، ئاوەلاکردنی دەرگەیە بۆ دووژمن. سەرباز زۆر باش ئاگادار بوو و دەیزانی کە ژیانی کۆمینمان هەیە. تا بەو رۆژەش ئەوەی کەسوکاری سەردانی دەکات یان نایکات، بەپێی دەرفەت هەموو پێداویستییەکانی قاوشەکە لە سندوقی هاوبەش دابین دەکرا. دووژمن بۆ تێکدان و

پەرتەوازەکردنی ژیانی کۆمین هەموو شتێکی دەکرد. (پاکیزە) بەو کارەی دووژمنی تێگەیاندبوو کە لەگەڵ ئێمە نییە و ناڕەحەتگەلێکی هەیە. بەگشتیش نەماندەزانی بەکوێ دەگات. فێڵبازی خۆی بەسەر ئێمە و بەسەر دووژمنیشدا دەسەپاند، ئەمەشی بە هەڵسوکەوتی ساویلکە دەکردا..

ئێوارە بەر لە سەرژمێرکردن دەچووە ناو جێخەوەوە و دەیگووت نەخۆشم. پێشتر هەڤاڵان پێیانزانی بوو کە لەگەڵ پاسەوانەکە قسەی کردووە، بۆیە بە وردی چاودێریان دەکرد. ئەگەر لە کاتی سەرژمێرکردندا ئامادە نەبێت، ئەفسەر و سەرباز کۆنترۆڵیان دەکرد، لێرەشەوە راستەوخۆ پەیامی پێدەدان.

بە هەڤاڵانم گووت: "بانگی بکەن با بێت، نەخۆشیش بێت دەتوانێت دوو خولەک بەپێوە رابووەستێت". (ئەسماهان)ی چاودێر "مراقب"ی قاوشەکە بانگی کرد و (پاکیزە) بە ورتە ورتەوە هات. بەپێوەبووین، دەرگە کراوەیە و پاسەوان لە دەرەوە لەبەردەم قادرمەکاندا چاوەڕێی ئەفسەری دەکرد. رێک لەو کاتەدا (پاکیزە) دەستی بە ورتە ورت کردەوە و گووتی: "هەڵبەتە بڕوام پێ ناکەن، چیتان لێم دەوێت؟" بەهەنسک هەڵکێشان و بەدەنگی بەرزەوە ئەم قسەیەی کرد تا بچێت بەگوێی پاسەوانەکەدا. دووبارە بەردەوامی کردەوە: "لەبەر ئەوەی بەشداریم نەکرد لە یادکردنەوەکەدا هەمووتان بوون بە دووژمنم. ئەوانی تریش بەشداریان نەکرد. بۆچی، وا دەزانن ئەوانەی بەشداریان کرد هەمووی بە حەزی خۆی بوو؟"، هێشتا قسەکەی تەواو نەکرد هەموویان بەجارێک کەوتنە وێزەی و پێیان گووت: "سوکی بەدفەڕ، چۆن فیتنەیی و فەسادی بۆ دووژمن دەکەیت، چۆن شکاتمان لێ دەکەیت. هەی شێت، قسەی چی دەکەیت؟ چیت بەو سەربازە گووت؟ بۆ ئەوەی چاوت بە هاوژینەکەت بکەوێت ئەم

ڕەزالەت و سوکایەتییە بەخۆت دەکەیت؟ ئەوانە وەک پارچە پەڕۆیەک بەکارت دەهێنن...هتد" زۆر شتی تریان پێگووت. چەند هەڤاڵێک پێکەوە دەمی (پاکیزە)یان توند گرتبوو بۆ ئەوەی لە دەرەوە دەنگی نەبیسترێت. لەونێوەدا سەرباز بەدەنگێکی بەرز هەواڵی هاتنی ئەفسەری پێدان. هەڤالان (پاکیزە)یان ئاگادار کردەوە و پێیان گووت: "هیچ شتێک بە دووژمن ناڵێیت، ئەگەر نا، خۆت دەزانیت"

(پاکیزە)ش هاتە ریزی سەرژمێرکردنەوە. چاوبەگریان بوو. ئەفسەرەکە پەیامەکەی سەرلەبەیانی (پاکیزە)ی پێگەیشتبوو. پاش سەرژمێرییەکە چاوی بڕییە (پاکیزە) و پرسی "نەخۆشیت؟" ئەویش گووتی: "نەخۆشم" و بێدەنگ بوو. (ئەسماهان) کەوتە نێوانەوە و گووتی: "نەخۆشی ژنانەیە، شتێکی جددی نییە. خۆمان دەرمانی بۆ دەکڕین، راچەتای هەیە" و نەیهێشت (پاکیزە) شتێکی تر بڵێت. ئەفسەرەکە واقی وڕما، وایزانی کە ئاگامان لە راچەتاکە نییە.

(پاکیزە) رۆژی دواتر لەناو پێخەوەکەی دەرنەکەوت و لای ئەفسەری سەرژمێرکاری فیتنەیی کرد و گووتی: "لێیان دام".

چاودێری قاوش لەبەرامبەردا گووتی:" نەخێر، راست نییە، درۆ دەکات، فێڵبازی دەکات. شێتە. خواردنی پێدەدەین، خزمەتی دەکەین، کەچی خۆی هەروا گێژ و وێژە، لەڕاستیدا نەخۆش نییە".

ئەفسەر بە حەپەساوییەوە سەیری دەکرد، بڕوای بە کامیان بکردایە؟ پاشان سەری لەقاند و چووە دەرەوە. پاشماوەیەک (پاکیزە)یان بانگ کرد و خستیانە ژووری تاکەکەسییەوە. دەیترسێنن و شتێکی لەدەم دەردەخەن، ئەگەر پێشیان بکرێت بەکاری دەهێنن. ئا لەو کاتانەدا (پاکیزە) باسی مەراسیم و کۆبوونەوەکانی بە دووژمن گەیاندبوو. تورکییەکەی باش نەبوو،

بۆیە هەموو شتێکی دەشێلا بەملی یەکدا، بە فێڵبازییەوە دەیویست کەڵک لەم دۆخەی خۆیشی وەربگرێت. سەربازەکانیش گومانیان لەلا دروست ببوو، وابۆی دەچوون کە شێت بووە. ڕۆژی دووەم (پاکیزە) دەنگی "هاوار.. هاوار.."ی لێبەرزبوەوە. لەسەر چیمەنتۆ رەقوڕوتەکە بەتاقی تەنیا و بەبرسی هێشتبوویانەوە. کەڵکی بۆ دووژمنیش نەبوو. لەناو ناکۆکییەکدا بوو، نەدەبوو بە دۆست بۆ ئێمە و دووژمنیش بەجددی لێی وەرنەدەگرت. بێ بڕیار بوو، دۆخی ڕۆحی هاوشێوەی وردە گیای بەر با وابوو، نەیدەزانی چۆن بۆ ژیان بڕوانێت، زوو زوو دەگۆڕا. سەرباری ئەوەی سکاڵاشی لێکردبووین، کەچی ئەویان خستبووە ژووری گۆشەگیرییەوە. باقییەکەی ترمان پێکەوە جوڵاینەوە. ئەم یەکێتییە ڕۆحییەی ئێمە کاری لە (پاکیزە) کردبوو. ترسابوو و دەیگووت: "بریا نەمکردایە. دوو ساڵە خزمەتم دەکەن. ئێوەش وەکو منن، لەمن زیاتر ئەشکەنجەتان دەکەن. ئەگەر ئێوە دەتوانن دانبەخۆدا بگرن، منیش دەتوانم و دانبەخۆمدا دەگرم".

لەناو ئەم ناکۆکیانەدا پەنجەرەکەی کردەوە و بانگی کردین. بە گریانەوە دەیگووت: "لێم ببوورن، ....م خوارد دەزانم. لێرە دەرمبهێنن." ژیانی کارەساتێک بوو. ناکۆکییەکی چەند سەیرە. سۆزداری ژن و چەقبەستووییەکەی. کێشە تەنیا (پاکیزە) نەبوو. ژیانی (پاکیزە) لە هەمانکاتدا ژیانی هەموو ئەو کەسانەش بوو کە دۆخی ڕۆحییان ناجێگیربوو، بەشێوەیەک کە ڕۆژانە، سات بە سات و زۆر جاریش کاتی دیاریکراوی نەبوو. سەرباری هەموو زەبر و زەنگی بەردەوام و بە سیستەمیانە و پەیڕەوکارییەکانی دووژمن، ئامانجێکی گەورە و سەرەکیشمان؛ پەرتەوازەکردنی ناکۆکییەکان، زیندوو ڕاگرتنی هەموو لایەنێکی پەیوەستداری کەسێتی بە ژیانەوە، شکاندنی ئەو پێگە پڕ لە گرژی، بێ متمانەیی،

پارچە پارچە، تاقی تەنیاکردن، بێ باوەڕێ و بێ هیواکردنە بوو کە دووژمن هەوڵی بونیادنانی دەدا.

بەنهێنی لە پەنجەرەکەوە قسە لەگەڵ (پاکیزە) کرا، خواردن و جلوبەرگی ئەستووری پێدرا، پێیگووترا کە هەڵوێستی تا بەئێستاشی لەگەڵ بێت؛ تاوانە، بەڵێنی لێوەرگیردرا کە لەمەودوا هیچ شتێکی نەرێنی نەدرکێنێت. پاشان بەڕێگەی لێپرسراوی قاوشەکە بە ئەفسەری ئێشکگری رۆژ گووترا: "پاکیزە کەسێکی گوندی و ئاساییە، ماوەیەکی دوورودرێژ نەبرایە بەردەم دادگا. لە ژێر ئەشکەنجەدا منداڵەکەی لەدەستداوە و ئێستاش بە خەفەت و ئازاری ئەوەوەیە، تووشی تەنگەزاری دەروونی هاتووە. زۆر راگرتنی لە ژووری تاکەکەسی دا لەوانەیە مەترسیدار بێت". نابێت دووژمن ناپەسندترین و بێکەڵکترین کەسیش لەبەرامبەر بە ئێمە بەکار بهێنێت، نابێت لە قاوشی ژناندا خیانەت روودات. (ئەسەد)یش بە دۆخێکی وەها خۆشحاڵ ببێت. (پاکیزە) نکۆڵی لە قسەکانی پێشووی خۆیشی کرد و گووتی: "نازانم چیم گووتووە". دووژمنیش بڕوای بە شێتییەکەی کردبوو. دووژمن پێی باش نەبوو دووبارە بهێنرێتەوە بۆ قاوشەکەی ئێمە، بەڵام شوێنی تریشی نەبوو. دواجار (پاکیزە) هاتەوە بۆلامان. ماوەیەک پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی سنووردار کرا، لە دەرەوەی کۆمین هێڵرایەوە. تەنیا چەند هەڤاڵێک قسەیان لەگەڵ دەکرد. پاشان رەخنەی لەخۆی گرت، دانی بە تاوانەکەیدا نا. پاش بەڵێنی دووبارە نەکردنەوە و رێگەنەدان بەو جۆرە شتانە، خرایەوە ناو ژیانی کۆمەڵایەتی. ماوەیەکی درێژ ئاوێتەی کۆبوونەوە و مەراسیم نەکرا. دوای کرانەوەی دۆزی جوڕنەڕەش – گرێ سۆر و چەند دانیشتنێکی دادگا، بەربوو.

ئایا توورەییەکی گەورەی دژ بە هەستی خیانەتی ژن بوو، یاخود بەرپەرچدانەوەیەکی توند بوو لەبەرامبەر بە بینینی قێزەونی خیانەت و ژن لە یەک شوێندا؟ هەرچۆنێکیش بێت کاردانەوە و جوڵانەوەی هاوبەش لەبەرامبەر بەم ناشیرینەی لە ژنێک وەشایەوە، واتادار و جوان بوو. دەشێت سەرکەوتن و هەڵوێستێکی زۆر زۆر گەورەش نەبووبێت لە بەرامبەر بە دووژمن، بەڵام پەردەی لەسەر ئەو راستییە هەڵماڵی کە هەر لاوازی و کرمۆڵە بوونێکی ناو ناخی کەسێتی، تا سەر بە شاراوەیی نامێنێت و ئەنجامەکانیشی لەم رووداوە بچووکەدا بەدیکرا. ئەم بابەتە ماوەیەکی درێژ لەناوخۆماندا بووە هۆکاری تاووتوێکردن و هەڵسەنگاندن.

# تەنیا خۆم دەتوانم مەرگی خۆم هەڵبژێرم

ساڵێکی تەواو بەسەر شەهیدانی (مانگرتنی تامردن)دا گوزەری. ئیتر لەدادگاکاندا بەرگریکردنی سیاسی ببوو بە خاڵی پابەندبوون بە شەهیدانەوە و هاوکات ناچارییەکیش. شەهیدان بایەخێکی گەورەیان بە بەرگریکردن دەدا. چونکە دەیانزانی دووژمن پیلانی ئەوە بوو بەبێدەنگی (PKK) لە زیندانەکاندا بخنکێنێت و ڕێگە نەدات وەک هیوای گەل بمێنێتەوە. هەموو پیلانێک بۆ ئەم مەرامەیان بوو. هەموو بڕیارێکی دادگای سەر بە کودەتا و یاساکانی دەوڵەت کە بێ ویژدانانە لە مێژووی کوردستاندا سزادانی کورد و کوردایەتییان لەبەردەم خۆیان دانابوو، تایبەتبوون بە لەناوبردنی بەرخودانی کورد. لەسێدارەدان و مەنفا و ڕاوەدوونانیش هەر بەو مەرامەبوو. ئامانجی سەرەکییان بەندکردنی بەرخۆدێری کورد بوو و ئەمەشیان جێبەجێ دەکرد. بەم هۆکارە زۆرشت لەیاد کران.

بەڵام ئەمجارەیان جیاواز بوو. (PKK) مێژوو و داگیرکەری دادگایی دەکرد. هێزی گەورەی ئایدیۆلۆژیای زانستیانەی، هەڵمەتی سەرکردایەتییانەی، شێوازی خولقێنەری شۆڕشێگێڕییانەی لە ڕێکخستندا، شێوازی شەڕی، خۆڕاگریی (PKK) زۆر بەرین و بەرفراوان بوو. بەهۆکاری بونیادنانی ڕاست و دروستی بناخەکەیەوە، هەرچەندە تووشی شکستی کاتیش هاتبێت، بەڵام لەبەرامبەر بە دووژمن هەبوونی خۆی مسۆگەر کردووە و چاوگی شۆڕشگێڕیانەی خۆی خولقاندووە. قۆناخی کشانەوە سەرەتا لەلایەن (مەزلوم)، (خەیری) و (کەمال)ەوە ئەرێ کرابوو. ڕێوشوێنی سەرکردایەتیانە، پاراستنی کادیران و بێ پسانەوە بەردەوامیدان بە تێکۆشان مەرجی

سەرەکی شۆڕشەکەمان بوو. ئەم هەڤالانەمان پێشبینی شۆڕشگێڕییان زۆر بەهێز بوو. لە سایەی ئەوەوە پشتیوانی لە کار و خەباتەکانی دەرەوە کرا، متمانە و باوەڕی پێهێندرا، لەلایەکی تریشەوە بە بڕیاری زۆر ئاقڵمەندانە و بەجێ ڕێگریان لە شکانی بەرخودانی ناو زیندانەکان کرد، بەشێوازی بەرجەستە زانیان چۆن قۆناخی شکستی کاتی پێچەوانە بکەنەوە، چۆن سەرلەنوێ بەرخودان بەرزبکەنەوە و ئامرازە شیاوەکانی تێکۆشان بەکار بهێنن، لەکوێ و چۆن بە ژیان بگەن.

کودەتای فاشی لە زیندانەکاندا پشتی شکا. تەنانەت بەهەموو دەزگا بکوژەکانیشیانەوە بوێری کوشتنیان پەیدا نەکردبوو، ئەو هەلەیان وەدەست نەکەوتبوو. لە ئاستی "ئەگەر مردن بێت، تەنیا خۆم مردنی خۆم هەڵدەبژێرم"دا بەگژی مەرگدا چوونەوە و بە بەرخودانییەکی بێ وێنەی بەو شێوەیە یەکەمین لاپەڕە زێڕینەکەی مێژووی زیندانیان نووسییەوە.

لە دادگاکاندا و لە هەر دانیشتنێکدا بەڵێنی پابەندبوون و پەیوەستداربوون بە (مەزلوم)، (فەرهاد)، (کەمال پیر) و (خەیری) و قارەمانانی دیکەی شۆڕش بەرز دەبووەوە. بەرگرینامەکان بە گووتە و هەڵسەنگاندنە بەهادارەکانی ئەوان دەنووسرانەوە. ناواخنی بەرگرینامەکانی (مەزلوم)، (خەیری) و (کەمال)، هەمان پلان، چوارچێوە و ڕۆحی جەوهەری بەرگرینامەکانی هەڤالانی تری پڕدەکردەوە. نووسراوەکان و هەروەها هێڵکاری، ڕێنیشاندەری و کەسایەتی شاعیرانەی ئەوان بوو. هەر ئەوان دروشمەکانی "بژی (PKK)، بژی کوردستانی سەربەخۆ و یەکگرتوو، بژی ئاپۆ" یان کردە بەیداخ.

(مەزلوم) گووتبووی: "درەنگ دەکەوین". پاش قۆناخی مانگی ئایار جێگەیەکی تایبەت دەدرا بە سەپاندنی خیانەت لەلایەن

دووژمنەوە و هێنانە کایەی دۆخێکی دەروونی نالەبار و نەرێنی بەسەر بەندکراواندا. هەر ئەو هەڤاڵانە هەستیان بە پێویستی وەڵامدانەوەیەکی زۆر توند کردبوو. خودی هەڤاڵ (مەزڵوم) بوو، رەخنەی لە درێژەکێشانی قۆناخەکە کرد، لە قووڵایی ناخییەوە هەستی بە قورسایی بەرپرسیارێتی مێژووییانە کرد، باجی درەنگ کەوتنەکەشی بۆ کەسی تر بەجێنەهێشت و رۆحی ژیانەوە، یەکێتی و ئازادی نەورۆزی بە سەرکەوتوویی گەیاندە لوتکە. چالاکییەکانی هەنگاوی دووەم بازنەی بەرخودانی گەورە و پتەوتر دەکات، رەهەندی تایبەتی و بێوێنەیی بەرخۆدێری (PKK) دەردەخاتەڕوو.

زۆرێک لەوانەی بەزەبر و زەنگی ئەشکەنجە دووچاری دانپێدانان کرابوون، پاشگەزبوونەوەی خۆیان لە دانپێدانانە زۆرەملێکانیان راگەیاند. لە هەر دانیشتنێکی دادگادا گووتنی: "داوای لێبوردن لە پارتی و شەهیدان دەکەم" یاخود "ئەو دانپێدانانە لەژێر ئەشکەنجەدا واژۆ کران. بەرخودانێکی شایستەی پارتیم نیشان نەدا. ئەگەر پارتی چانسێکی ترم پێبدات بە مایەی ژیان و گیانیشم بێت ئەو چانسە بەڕاست و دروستی دەنرخێنم" رۆژ لە دوای رۆژ زیاتر دەبوو. رۆح بەبەر سەدان کەسدا هاتبوو.

نەبووین بە شایستەیی (مەزڵوم)، (چوار نەبەردەکە)، (کەمال پیر)، (خەیری) و قارەمانەکانی تر. بە تەنیا بەجێمان هێشتبوون. لە ژیان و لە مەرگیشدا هەر ئەوان نوێنەرایەتی شکۆمەندییان کرد بوو. بەڵێ؛ بەشێوازی زۆر جیاجیا کاریگەری چالاکییەکان بەردەوام بوو.

لە کادیرانی بەشداربووی (مانگرتنی تامردن) (مستەفا کاراسو) هێشتا ساخ بوو، پێشەنگی زیندووی بەرخودانی زیندانەکان بوو. (کاراسو) بەلای هەموو کەسێکەوە وەکو پارچەیەک، ئامانەتێکی

بەرخودان و هەڤالانی شەهید بوو. دیارە خودی خۆی خوازیاربوو بەر لە (خەیری)، لە (کەمال)، لە (عاکیف) و (عەلی) کە حەیرانی جۆش و خرۆشی گەنجێتییەکەی بوو، شەهید بێت. زۆرتر لە ئێمە کە بەشداری ئەو چالاکییەمان نەکردبوو، زیاتر هەستی بە شەرمەزاری و بەجێمان لەو کاروانە دەکرد. (کاراسو)، (فوئاد کاڤ) و گەلێک لەو هەڤالانەی کە لەو چالاکییەدا جێیانگرتبوو، بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ تەندروستیان بە ناجێگیری مایەوە.

سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی بەندکراوان لەسەر ئەو زەمینە بەپێزەی بەرخودانیی دەستەبەری کردووە، هەنگاو بە هەنگاو لەڕووی فیکر، هەست، ڕۆح و هزرەوە ئامادەکردنیان بۆ بەرخودانی و لەهەمووی گرنگتریش، بڕواکردن بە پێویستییەکی بەوجۆرە مەرجی پەرەسەندن بوو. هەڵگرتنی ڕێبازی شەهیدانی بەرخودان ئەم ئەرکەی دەسەپاند. لە زینداندا هەڵگرتنی شوێنپێی شەهیدان بەندبوو بە پراکتیزەکردن و ژیانیکردنی هەڵوێستەکانی بەردەم دادگا. تەنیا بەمجۆرە دەرک بە پابەندبوون بە جەوهەری سیاسەتی بەرخودان دەکرا.

پاش شەهیدبوونی هەڤاڵ (مەزلوم) لە دەرەوە و زیندانەکانی تر هەواڵی تیربارانکرانی ژمارەیەکی زۆر لە کادیرانی پێشەنگ بڵاو کرابووەوە. کاتێک (فادیمە) و ئەوان لە زیندانی خارپێتەوە هاتن ئەمەیان بۆ باسکردین. هەڵبەتە ئەم جۆرە هەواڵانە لەلایەک باوەڕی و پەیوەستداری پتەوتر دەکات، لەلایەکی تریشەوە شەهیدبوونی کادیران خەمبارکردن و تێکچوونی ورەی لەگەڵ خۆی دەهێنا. مرۆڤ ئەم هەموو شەهیدبوونەی پێ هەرس نەدەکرا، خۆی پێڕانەدەگیرا. چۆن خۆ لەبەر شەهیدبوونی (مەزلوم)، (چوار نەبەردەکە)، (کەمال)، (خەیری) و هەڤالانی تر ڕادەگیرێت؟ ئەگەر لەکات و شوێنی تر بووایە دەبوو؟ ئەوانی تر،

یان ئەوانەی لەدوورن دەشێت دانبەخۆیاندا بگرن، ئەی ئەوانەی لەپاڵیدان؟ بەڵێ، دانبەخۆدا گیرا. ئەوان فێری دانبەخۆداگرتنیان کردین. پێیانگووتین تەنیا بە ژیاندنی بەرخودان دەتوانرێت دانبەخۆدا بگیردرێت. فەرمانەکانیان وەهابوو.

پەڕاوی دۆزەکەی (فادیمە) و ئەوان دیسان رەوانەی خارپێت کرابوو. پێنج شەش کەس بوون. سەر لە دادگای باڵای خارپێت درابوو. داواکاریش هەر لەوێوە هاتبوو. ئەمە لەکاتێکدابوو کە هێزەکانی وشکانی سەر بە سوپای تورک لە سەرووی کۆماری تورکیاوە کۆمارێکی دامەزراندن بوو. کۆکردنەوەی هەموو کەسێک لە ئامەد ئەرکی سەرەکیان بوو.

(ئەسەد) بەبیستنی شەهیدانی بەرخودانی تەممووز قوربانی سەربڕی بوو، بەڵام شیمانەی ئەنجامەکانیشی دەکرد. لە زیندانی ئامەد دەریانخست. دووژمن رووداوی شەهیدانی مەزنی بەرخودانی تەممووزی بۆخۆی بە سەرکەوتنێک راگەیاندبوو، بەڵام راستییەکی زۆر گرنگیشی بەهەند وەرنەگرتبوو؛ لەدەرەوە پارتی، (سەرۆکایەتی) و (PKK) واتادارترین پەیامی بەرخودانیان وەرگرتبوو، بەم هێزەوە و لەسەر بناخەی پابەندبوون پێیانەوە گوڕ بە هەوڵ و تێکۆشان درابوو، گەیشتبوون بە بڕیاری خولْقاندنی پێشکەوتنێک کە لە ئاستی وەڵامدانەوەدا بێت. بەردەوام بڕوامان بەم راستییە هەبوو و دەمانگووت: "لەدەرەوە مسۆگەر پارتی تۆڵەی ئەو هەڤاڵانە دەسێنێتەوە". چاوەڕێ بووین. گوێ و دڵمان لەلای هەواڵ و باسی دەرەوە بوو. تەنانەت دەرکرانی (ئەسەد)یشمان بۆ ئەم راستییە دەگەڕاندەوە، لەلای خۆشمانەوە دەمانگووت: "لەوانەیە هەڤاڵان کوشتبێتیان".

لەناو زینداندا نەمانتوانی بیکوژین. بەرلەوەی بچێت پلانی کوشتنیمان داڕشتبوو. کەس چاوەڕێی شتێکی وەهای نەدەکرد.

هەندێک شیش و پارچە ئاسنیان بۆ شکاندنی سەهۆڵەکانی حەوشەی هەواگۆڕین هێنابوو. یەکێکیانم شاردبووەوە. چەندین ڕۆژ پلانم بۆ دانا. (فادیمە) و (ئایسەل) و ئەوانیش دەیانویست بەشداری بکەن، بەڵام باش نەبوو ژمارەیەکی زۆر تێوەبگلێن. دەیانتوانی هاوکاری بکەن. (ئایسەل) و (فادیمە) زۆر حەزیان دەکرد پلانەکە بزانن. سەری شیشەکە زۆر تیژ نەبوو، بەڵام قورس بوو. هەم نوکەکەیمان تیژ دەکرد و هەم سوودمان لە قورساییەکەی وەردەگرت. چونکە پاش لێدانی گورزێکی توند بە پشتە سەریدا، بەکارهێنانی نوکە تیژەکە دەیکوشت. هەڤاڵان دەیانگووت: "ئەی باشە لەکوێ و چۆن دەبێت؟ چونکە لە هەموو شوێنێک نابێت" ڕێگەی ئەوەشم پەیداکردبوو. دەبا (ئەسەد)مان ببردایە بۆ قاوشی دواوە، بۆ ئەو مەبەستەش پێم دەگووت کە داوانامەیەکم هەیە و دەبێت لە قاوشی دواوە قسەی لەسەر بکەین. شتێک بوو کە هەرگیز چاوەڕێی نەدەکرد. پێشتر (فادیمە) یاخود کەسێکی تر لە قاوشەکەی تردا بەناوی نەخۆشییەوە پاڵدەکەوت. بەگشتی هەرکاتێک (ئەسەد) بهاتایە سەربازی پاسەوان هاواری دەکرد و دەیگووت: "فەرماندەم هات"، پاشان یەکێک لە پاسەوانەکان دەگەڕایەوە. بەهیچ شێوەیەک نابێت سەرنجی کەس ڕاکێشێت. ئەگەر شیشەکە لە قاوشەکەدا هەڵبگیرایە، مەترسیدار دەبوو، بۆیە بە پەڕۆیەکی ئەستوور دەمبەست بە پشتمەوە، شتێکی وەک هێلەک یان چاکەتێکم بەسەردا لەبەر دەکرد و بەئاسانیش شیشەکەم پێ دەردەهێندرا. (ئەسەد) بە تاسە و مەراقێکی زۆرەوە دەچووە قاوشەکەی پشتەوە، لەوێدا لەکاتی تەماشاکردنی داوانامەکەدا یەکەمین گورزم لێدەوەشاند و پاشان گورزی کوشندە و مسۆگەر.... دەبووایە تا ئەوکاتەش پاسەوانەکە بەهیچ شێوەیەک پێی نەزانێت. جاروبار پاسەوانەکان بەدوای

یەکدا و بەدەور و خولی (ئەسەد) دا راکەڕاکیان بوو و جاروبار بۆ ماوەی چەند چرکەیەک هیچیان ئامادە نەدەبوون، جاری وەهاش هەبوو لە نزیکی (ئەسەد) رادەوەستان. دەبا شتێکمان بکردایە کە هێندە بە نهێنی وەریبگرێت تەنانەت ئەگەر سەربازیش خۆی لێ نزیک بکاتەوە، (ئەسەد) لەخۆی دوور بخستایەتەوە.

سێ ڕێڕەوی درێژ و باریک لەنێوان هەردوو قاوشەکەدا هەبوو. بەشەکان لەشێوەی پیتی (L) دا بوو. قاوشی یەکەم لەدەمی دەروازەکەدا و ئەوی تریش دوای چەند مەترێک دووجار بەلای چەپدا لاتدەدا تا دەگەیشتیتە دەرگەکەی. درێژییەکەی کەمتر بوو. هاوشێوەی پێچاوپێچییەکی ئاڵۆز بوو.

بۆ دەرنەکەوتنی دەنگیش بەرنامەمان دانا، بەشێوەیەک قسە دەکرا کە مسۆگەر پاسەوانەکە سەرقاڵ بکات. تەنانەت دەکرا تا هۆڵی دەروازە و سەر قادرمەکانیش ببردرێت و لەوێ بەقسە رابگیردرێت. ئەمەش ئەرکی نوێنەری قاوشەکە بوو، ئەو بەردەوام دەیتوانی قسە لەگەڵ پاسەوانەکە بکات. بۆ ئەوەی سەرنجی هەڤاڵانی تریش رانەکێشێت قەرەباڵغی و غەڵبەغەڵب دەکرا. بێگومان هەمووان لەو گەرمەی ڕووداوەدا لەجێی خۆیان وشک دەبوون، زۆربەیان واتایان پێنەدەدا. شیمانەیەکی زۆریان دەهێنا و دەبرد. تەنیا ئەمەش بەس بوو بۆ دروستبوونی غەڵبەغەڵب.

پاش کوشتنی داوانامە و شتەکانی ترمان دەشاردەوە و دەمگووت: "سەرەتا ئەو پەلاماری دام و منیش لێمدا". ئامانج ئەوەبوو تا گەیشتن بە دادگا بەساخی بمێنمەوە. لە دادگاش راستەوخۆ چالاکییەکەم لەئەستۆ دەگرت و بەرگرییەکی وەهام لەخۆم دەکرد: "ئەسەد بکوژی بە دەیان هەڤاڵمانە، بۆیە کوشتم". سەرەنجامی ئەمەش یان لەسێدارەدان بوو، یان لەژێر ئەشکەنجەدا کوشتن بوو، بۆ هەردووکیشیان ئامادەبووم.

هەر قسە و ئامادەکارییەک لەم بارەیەوە ورەیەکی گەورەی پێدەداین، هەر جارە و وەک چالاکییەکە سەرکەوتبێت خۆشحاڵ دەبووین. بەڵام (ئەسەد) وەکو جاران نەدەهات. بۆیە لەسەر چالاکییەکە گفتوگۆی جیاجیاش دەهاتنە پێشەوە. (ئایسەل) دەیگووت: "کاریگەری لەسەر ئاستی گشتی چۆن دەبێت، کوشتنی ئەسەد هەموو ئەوانی تر هار و دڕ دەکات، کۆمەڵکوژیی بەسەر بەندکراواندا دێنن. لەبەرچاوگرتنی ئەم مەترسییە تاچەند راستە؟ تا بەهەڤاڵان رانەگەیەندرێت، نابێت بکرێت. چونکە چالاکییەکی جددییە".

دیسان چاوەڕوانی! بۆچی بۆ هەر هاتوچۆیەک دەبووایە چاوەڕوانی هەواڵ و دەستوورمان بکردایە؟ دیارە خوی ساڵەهای پەیوەندییەکانی پێشووی گرووپەکانە و ئەمجۆرە دەمارگیرییە هەموو شتێکی سەراوبن دەکرد. قۆستنەوەی هەل و دەرفەتەکان لەسەر بناخەی خولقێنەری شۆڕشگێڕییانە کوێی هەڵەیە؟ ناچاربووین هەر خۆمان هەڵسین بە ئەنجامدانی زۆر کار و کردەوە. زیاد لە دوو ساڵە هەر خۆمان بووین. خۆمان کۆمەڵێک شتمان نەدەکرد؟ لە دۆخێکدا بووین کە نە بەرخودانییەکی کردەیی و چالاک بوو نە وەک قاوشەکانی دەوروبەرمان، خۆمان رادەست کردبوو و وەکو دووژمن دەیویست سەرمان بۆ یاساکانی شۆڕ نەکردبوو. لەنێوان هەردووکیاندا بوو. لەبەرامبەر جوێن و سووکایەتییەکانی سەربازان، هەڵوێستی هاوبەش، نارەزایی دەربڕین "پرۆتێستۆکردنی" لە خواردنی قاپی سەربازی جیاجیا، رەتکردنەوەی تێهەڵچوون و بەشەڕدان[107]، نەگووتنەوەی شتی

---

[107] وەک بەشێک لە ئەشکەنجەکانی ناو زیندانەکە، ئەفسەر و سەربازان مامەڵەی گیانلبەری تریان بە بەندکراوان دەکرد، لێرەدا مەبەست لە بەشەڕدانی بەندکراوەکانە وەک شەڕە سەگ یان کەڵەشێر .

وەک (فەرمانتە فەرماندەم)، بەرپەرچدانەوە، زەمینە نەدان بە پەیڕەوکاری سیستەمیانە و گاڵتەجاڕکردنیان، ڕێگە نەدان بە جوێندان و سوکایەتی بە شەهیدان ...هتد دەمانتوانی بڕیاری خۆمان بدەین و جێبەجێی بکەین. هەنگاو بە هەنگاو برەودان بەو پەرچەکردارانە و وەشاندنی گورزێک بەتایبەتیش لە بەشی ژناندا کە هەرگیز چاوەڕێ ناکەن، سەراپای زیندانی دەخستە جوڵە.

بەڵێ؛ ئەمجارەیان گفتوگۆ لەسەر پێشەنگایەتی هەڵمەتێک دەکرا و پلانی جیاجیامان دادەنا. دەمانگووت: "دەتوانین پیاوە بەندکراوەکان ڕاپەڕێنین، هەڵمەتێکی بەهێز مسۆگەر بە ئاستی سەرتاسەریی دەگات و پشتیوانی بەدەست دەهێنێت. دەشبێت هەندێک شتیش لەگەڵ خۆی بسووتێنێت". چالاکی کوشتنی (ئەسەد) ڕێگەی بۆ کاریگەرییەکی تر دەکردەوە. لەگفتوگۆکانماندا دەمگووت: "خەیاڵ بکەن کە لەدەرەوە پارتی ببیستێت، گەل ببیستێت چەندە خۆشحاڵ دەبن و دەڵێن؛ ئەوانە لەناو زینداندا و بەقۆڵبەستراوی چالاکیان کرد، ئەنجامدانی ئەم چالاکییانە لە دەرەوە دەرفەتی زیاترە.. و هەمووان دەخاتە گەڕەوە. لەو ڕۆژانەدا (گوڵێ) بەردرا. ئەمە یەکێک بوو لەو ڕووداوانەی کە زیاترین هەستی خۆشحاڵیان پێبەخشیم. بە ئەندازەی کوشتنی (ئەسەد) خۆشحاڵ بووم. (گوڵێ)، مێژوویێکی زیندوو بوو، سەراپای قۆناخەکەی دەزانی، بەرخۆدێر بوو، پابەندبوو، بەچاوی درەوشاوە بۆ هەموو شتێکی دەڕوانی. دەمانتوانی هەواڵی پلانی کوشتنی (ئەسەد) بەودا ڕەوانە بکەین. پێشتر بە (سەراب) و ئەواندا نامەمان نارد. بە ڕێبازێکی تایبەت نووسیم و لەلای خۆی شاردمەوە. دڵنیابووم کە دەیگەیاند. سەبارەت بە چۆنێتی وەڵامدانەوەکەشیان ئامۆژگاریم کردبوو و چەند ڕێبازێکیشمان دەستنیشان کردبوو. ماوەیەک چاوەڕێی وەڵاممان کرد. بە

(گوڵێ)م گووت: "هیچ نەبێت تۆ دەستخەڕۆمان مەکە، پێدەچێت ئەسەد لێرە بڕوات، چاوەڕێی وەڵامی بەپەلەین. ئەگەر بە نووسراویش نەبێت بە زارەکی و بە وشەی نهێنیش دەبێت". وشەی نهێنیمان لەنێوان خۆمان دانا و گووتی: "باشە، خەمتان نەبێت، هیچ نەبێت کەسێکی جێی متمانە پەیدابکەم. هەر لەگەڵ دەرکەوتنە دەرەوە دۆزینەوەی هەڤاڵان ئەستەم نابێت؟.. بڕوا بکەن یەکەم ئیشم ئەمەیە". پێمگووت کە تۆمەتنامەیەکیش لەگەڵ خۆی ببات، چونکە هەریەکێک لەو تۆمەتنامانەی دووژمن بەڵگەیەک بوون. لەم بەڵگانەدا هەڵوێستی هەڤاڵان لە کاتی لێپرسینەوەکاندا، شێوازی خوێندنەوەی دووژمن بۆ (PKK)، شێوازی ڕێکارەکانی دادگا و زۆر وردەکاری تر بەدی دەکران. (گوڵێ) تۆمەتنامەی "دۆزی سەرەکی" هەڵگرت و بردی. هەڵبەتە لامان ئاشکرا نەبوو کە لەکاتی چوونە دەرەوەیدا بەڕێوەبەرایەتی زیندان ڕێگەی پێدا یاخود نا. (گوڵێ) زۆر گریا و گووتی: "بەجێهێشتنتان لێرە زۆر زەحمەت و بە ئازارە". بە زارەکیش پەیامی خۆمانمان پێدا و پێمگووت: "لەجیاتی من سەرۆک لە ئامێز بگرە، چاو و نێوچاوانی ماچ بکە". (گوڵێ) پارچەیەک بوو لە خۆمان و لەسەر ڕێ بوو، گەیاندنی دەنگوباسی زیندان بە دەرەوە ئەنجامی باشی دەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک ئەندێشە و گومانیشمان هەبوو. ئەی ئەگەر شتێکی تری بەسەردا بێت! چونکە هەرگیز متمانەمان بە دووژمن نەبوو.

بۆ چەند مانگێک لە خەم و تاسەی وەڵامی (گوڵێ)دا بووین. هەر جارێک سەردانیکاران بهاتنایە بەجوڵە دەهاتین. بەر لە بڵاوکردنەوەی جلوبەرگەکان، دەمانبردە مەتبەخەوە و زۆر بە وردی دەمانپشکنی. جاری وەها هەبوو بۆ چەند کاتژمێرێک پێوەی خەریک دەبووین، تەنانەت زۆرجار ئەو جلوبەرگانەمان دەشێواند،

کەچی بێ هیواش نەدەبووین. دەشمانگووت: "لەوانەیە گولێ بچێتە دەرەوەی وڵات و پاشان وەلاممان بۆ رەوانە بکاتەوە". ( دوای هەشت ساڵ چاوم بە گولێ کەوت و یەکەم شەڕمان لەسەر ئەو بابەتە بوو. بەڵێنم پێدابوو ئەگەر بەو ئەرکەی رانەپەڕێت – قژی دەردێنم – بەڕاستیش قژە لوولە سەیرەکەیم راکێشا).

(ئەسەد) یان رایکردبوو، یان خستبوویانە ژێر پاراستنەوە. ئیتر هیوامان بە دەرەوە بوو. نابێ (ئەسەد) بژی، چونکە شایانی رووی زەمین نەبوو، تەنانەت هەناسە وەرگرتنیشی تاوانبوو. تاوانبوو پۆتینە نەفرەتییەکەی پێی لەزەوی دابنێت، پیسی دەکرد. دەبێت مردنی بەدەستی ئێمە بێت. کوشتن زەوق و ئاسوودەیی بەکەس نادات، نەخێر! سەرەڕای ئەوەی کە خۆشم لەناو شەڕ و تێکۆشانەکەش دام، بە دەیان و سەدانجار نەفرەتم لەم خەسڵەتەی شەڕی چینایەتی کردووە. بەلام بەڕاستیش نەدەبا (ئەسەد) بژیا. خوێنی مرۆڤانی دەوروبەری بە هەموو رووخسارییەوە دیاربوو، تەنانەت دەتوانم بڵێم خوێنی مرۆڤانی تر لە هەموو خانەیەکی لاشەیدا هەبوو. خواردنەوەی خوێنی مرۆڤ تەنانەت بۆ گیانلەبەرانی تریش ترسناک و قێزەونە. لە حەوشەی دەرەوەی زینداندا دوو بەرخی بەخێو کردبوو، هەردووکیانی کرد بە قوربانی، بەلام بۆچی؟ بۆ کەیف و سەفای شەهیدبوونی هەڤالان، گووتبووی: "بەرخەکان بهێنن، یەکیان بۆ (کەمال) و ئەوی تر بۆ (خەیری)".

مرۆڤایەتی نابێت هەرگیز ئەمە لە یاد بکات و لەیاد ببات! دوای دەرکەوتنی (ئەسەد) لەسەر (شاهین) قاڵبوومەوە. کوشتنی (شاهین) لەناو جەرگەی دادگا و لەبەرچاوی دیوانی دادگا کە هەر یەکەیان پارچە (ئەسەد)ێکن! (شاهین) بۆ من لە کۆماری تورک، لە (ئەسەد)، لە هەموو جەلادێک، لە هەموو خیانەتکارێکی بە

دریژایی میژووی کوردستان زیاتر دووژمن بوو. دەشیت کۆی هەمووشیان بێت. دەربڕی قیزەونترین، بەدڕەفتارترین و هۆڤانەترین لایەنەکانیان بوو، بەڵام بەهیچ دیاردە و پیناسەیەکی بارکراوی خیانەت پیم پیناسە نەدەکرا. واتای تەواوم بەبەردا نەدەکرد، وشەکان بەشی پیناسەکردنی تەواوی نەدەکرد، ئەمەش مایەی دڵگرانی بوو بۆ من. بەدڕەفتار، بێ نامووس، سوک و چرووک، خیانەتکار، بەدەخەسڵەت... چەندین وشەی تریشم ریز بکردایە هیشتاش سوکنایی دڵم نەدەهات. بەردەوام بەدوای پیناسەی تازەدا ویڵ بووم.

پاسەوانی ژنی لێ نەبوو. دوو سێ جار لەجیاتی پاسەوان، پۆلیسی ژنیان ئەرکدارکرد، ئەوانیش خۆیان پیڕانەگیرا. تەنانەت (نورای) کە ژنە پۆلیسیکی پاشماوەی کودەتا بوو تەنیا پازدە رۆژیک خۆی پیڕاگیرا. پۆلیسیکی ژن هاوڕەگەزەکانی خۆی ئەشکەنجە دەکرد، زۆر قیزەونە. لەسەر کورسیەکە دادەنیشت، قاچی دەخستە سەر یەک و تەماشای سەربازەکانی دەکرد کە چۆن ژنانیان ئەشکەنجە دەکرد. پیکەنینە ساختە و دەستکردەکانی، رەفتاری هاندانی سەربازەکانیشی نەیگەیاند بە سییەمین هەفتەی خۆی. لەسەر یەک جگەرەی دەکیشا، دەشبیت حەب و دەرمانی هیورکەرەوەشی بەکار بهینایە، بەڵام لەو شوینەدا کە لە بچووک تا گەورە دەستیان لەهیچ ژنیک نەدەپاراست و ئەشکەنجەیان دەکردن، هیزی دانبەخۆداگرتنی نەما و رۆیشت. لەوانەیە داوای گواستنەوەی خۆی کردبیت، یاخود دەستی لەکار کیشابیتەوە. هەر کات پۆلیسی ژن هەبوونایە هەمیشە لە هاتوچۆی دادگا و نەخۆشخانە دەیانپشکنین. بەگژ ئەو جۆرە پشکنینەشدا دەچووین و کاردانەوەمان نیشان دەدا کە ناوڕان و تەنانەت جلەکانی ژیرەوەشی دەگرتەوە. خۆشیان بەیانیان زوو نەدەهاتن.. لە

پشکنینی قاوشەکانیشدا ناوبەناو پۆلیسی ژنیان دەهێنا. بەڵام ماوەیەک هیچ پۆلیس و پاسەوانی ژن نەبوو.

شیشەکەم بە قاچمەوە بەستەوە و تاقیمدەکردەوە. تەنوورەیەکی درێژ و گەورەم لەپێ دەکرد بۆیە سەرنجی کەسی رانەدەکێشا. کەمێک کاری لە رێڕۆشتنەکەم دەکرد، بەئاسانی هەنگاوم پێ نەدەنرا. نیوە شەلەیەک دەیگرتم. زیاتر قوماشە پێچراوەکە نارەحەتی دەکردم، رێگەی لە سوورِی خوێن دەگرت. هاوکات هاتوچۆی دادگاش خۆی لە خۆیدا ئەشکەنجەیەک بوو. بۆ چەندین سات بەپێوە رایان دەگرتین و پاشان یان بە ئۆتۆمبێلێکی زەبەلاح و شەق و شڕی سەربازی، یان بە ئۆتۆمبێلی گواستنەوەی تەرم دەیانبردین. لەو ئۆتۆمبێلانەدا چاوەڕێکردن زۆر زۆر ناخۆش بوو. ئینجا لە دادگاش چاوەڕێیکردن و دەستکردن بە دانیشتن، پاشان گوێگرتن لە قسە بێ واتاکانی دیوانی دادگا، زۆرجار بێ ئەوەی رێگە بە قسەکردنت بدەن، پەلکێشان و فڕێدانە دەرەوە... هتد یەکە بە یەکەیان و یەک لە یەک قێزەونتر بوون. هەموو ئەمانەش بەلایەک دانبەخۆداگرتن لەبەرامبەر بە (شاهین) و چەتەکانی زۆر زەحمەت بوو. بەتایبەتیش (شاهین) !. بەدرێژایی دانیشتنەکان بەسیلەی چاو بێزارم دەکرد، کاتێک بەلایدا تێپەڕ دەبووم پێم دەگووت" بێناموس، بەد رەوشت"، هەرکات دەرفەتی قسەکردنم دەستبکەوتایە لەدانیشتنەکانی دادگادا باسم لە خیانەتەکانی دەکرد. بەهەر شێوەیەک بووایە سەرقاڵم دەکرد. ئەم شەڕە پڕ لە گووتە، روانین و جوێنانە بۆ تاوێک ئاسوودەیی پێدەبەخشیم. لەدڵیشمدا بەڵێنێکی گەورەی تۆڵەکردنەوە هەبوو. هەتا ئەوەم بەجێ نەهێنایە تینوێتی دڵم نەدەشکا!

دەبووایە بەشێوەیەک شیشە ئاسنەکەم بە قاچمەوە ببەستایە، لەدانیشتنمدا کەس پێی نەزانیایە. کەمترین ترازانی، وای دەکرد شیرازەی سەر ئەژنۆی جلەکانم تێکبچێت. لە کاتی ئامادەکارییەکاندا لە قاوش، بەردەوام ئەم کێشەیەم دەهاتەڕێ. تەنیا جارێک پێمکرا لەگەڵ خۆم بیبەم بۆ دادگا. ئەو ڕۆژەش (شاهین)ە بەدڕەفتار نەهاتبوو. بڕیاری دانیشتنی نهێنی درابوو و کە دیوانی دادگا ئەمەی گووت لەجێی خۆم ڕەق بووم. چ بێچانسییەکە و یەخەی گرتووم! بێ چانسی.. بێ چانسی! بۆ چەندەمین جار بوو یەخەی دەگرتم. کەچی ئەو کارەی دەمویست بیکەم شایانی چانسێکی گەورەبوو. ئایا چانس چاوشارکێی لەگەڵ دەکردین؟ یاخود من لەدەستم نەدەهات چانس بگرم. دیارە دووەمیان ڕاستتربوو. زۆر ئاشکرایە بەکارهێنانی چانسم لانەبوو.

چەندجار خەیاڵم کرد، چەندجار خەونم پێوەبینی. لە هۆڵی دادگادا لە ڕیزی پێشەوەی لاچەپی بەرامبەر بە دیوانی دادگا (شاهین) دانیشتبوو. سەری گەورەی خیانەتکاران و یەکەمی هەڵگەڕاوەکان. بڵێسەی ئاگری پلەخوازییەکەی بوو بە مایەی سووتانی خۆی. هەر ئەوکاتەش بە مەبەستی ببێت بە یەکەمین خیانەتکار؛ بەدەوری کلکی خۆیدا دەخولایەوە، و بەم ئامانجەی خۆشی گەیشت. (شاهین)ی خیانەتکاری بێ هاوتا لە مێژووی تێکۆشان و مێژووی زینداندا! بەڵێ، مێژوو بەمجۆرە ئەوی لەخانەی خیانەتدا نووسییەوە.

لەسەروبەندی دانیشتنی دادگادا لەناکاو تووشی ناساخی دەهاتم و وام دەکرد بمبەنە دەرەوە. لە توالێت شیشەکەم دەردەهێنا لە ناو قۆڵی چاکەتەکمدا بێ ئەوەی دیار بێت دەمگرت، هەر کە لە (شاهین) نزیک دەبوومەوە دەرمدەهێنا و گورزێکی لەناکاوم پیادەکێشا.. دەرفەت هەبێت چەند گورزێکی تریشم لێدەدا.

بەرنامەکەم وەهابوو. دیار نەبوو لەو ئالۆزی و وروژانەدا شیشەکەیان لەدەست دەسەندم یاخود تەقەیان لێدەکردم؟ ئەمانەش هەر یەکەو گریمانەی گرنگ بوون. سەرەڕای ئەم مەترسییەش چانسی سەرکەوتنم زۆر بوو.

شێت ببووم، تا ئەو رۆژە (شاهین) لە دانیشتنەکاندا ئامادە دەبوو. بۆچی ئەمرۆ؟ وەک دەست یان زمانێکی نهێنی زانیاری پێگەیاندبێت. نەفرەتم لە بێ چانسی خۆم دەکرد.

لە خارپێت پێمان نەکرابوو. ئەگەر چاوەڕێی وەڵامی دەرەوە نەبووینایە و بڕیارەکەی خۆمان جێبەجێ بکردایە، (شاهین) هەر زوو بە سزای خۆی دەگەیشت. مرۆڤ هەرکات بڕیاری تەواوی لەسەر شتێک دا، دەیکات. لە زیندان پەیوەندی رێکخستنی پچڕابوو، چاوەڕێی مۆڵەتمان لەکێ، لەکوێ و لە کام رێگە دەکرد؟ ئەگەر ناوبەناو بە تووڕەییەوە ئەم شتانەمان بدرکاندایە، هەڵوێست و فیکری زاڵی دوودڵی و ڕاڕایی رێگری دەکرد. تێژبینی شۆڕشێگڕی، شیمانەکردنی دەرەنجامەکانی هێزی هەڵسەنگاندنی هەل و دەرفەت و گورزوەشاندن لە خیانەت، پێشدیدەیی لەم بوارەدا لاواز و کاریگەرییەکانیشی زۆر بەرجەستەبوون. کێ پشتیوان و سوور بووایە لەسەر کوشتنی؟ جگە لە ژمارەیەک لە هەڤالان هەندێک هەبوون دەیانگووت: "شاهین هەر هی خۆمانە". بە ئاسوودەیی جوڵانەوەی و گوزارشت کردنی لە لاواز و لاوازییەکان هەڵوێستی رادیکاڵانەی دەشکاند.

بەردەوام سووربووم لەسەر ئەم هەڵوێستەی خۆم و هەڵوێستەکەشم هەمیشە چالاک بوو. دوودڵیم نەبوو، بەپێچەوانەوە دنیام بەسەر ئەوانەدا دەهێنایە خوارەوە کە تۆزێک دوودڵیان هەبوو، تووڕە دەبووم، هاوارم دەکرد و کاردانەوەی خۆمم دەردەبڕی. پلانەکە و ئامرازەکانیشم پێگووتبوون، بەڵام تا

شوێنێک توانیم لەگەڵیان بلێم. لە ئاستی گووتە و بڕیاردا کاریگەری هەبوو. لە ئاستی کرداریشدا هەموو دەرفەتێکم دەخستە گەڕ، بەڵام لەو خاڵەدا هاوسەنگی دروست نەدەبوو. کاریگەری دەرەکی یاخود پەلەکردن - کە زیاتر هەڵەشەییم باڵادەست بوو - دەبووە هۆکار، یاخود بەهۆی تووڕەییمەوە، کاردانەوەکان زیاتر دەبوون، لەکەسانی تر تووڕە دەبووم و دەمگووت: "ئەو قاڵبە دەشکێنم"، ئەگەرچی لایەنگر و خوازیاریش نەبم، بەڵام شێوازەکانم بەرەو ئەو ڕێگەیەی دەبردم. ئەمەش لەکاتێکدا بوو کە پلان و بەرنامەکان ئەنجامی زۆر گرنگیان لەخۆدەگرت، ئەنجامەکان هێزیان پێدەبەخشین و سەرلەنوێ بەرەو هەنگاوی سەرکەوتووانە پاڵی دەداین. من بەو ئەنجامە نەگەیشتبووم بۆیە لەناخ و دەرەوەدا شەڕێکی نوێم دەکرد. لەخۆم تووڕە دەبووم. بە ڕۆحێکی برینداری هەڵنەستان بە کۆمەڵێک کارەوە کە ئەگەری سەرکەوتنیان زۆربوو، سەرلەنوێ ئامادەکاریم دەکرد و پلانی نوێم دادەڕشت. ئەمجارەیان لەلایەک کات تێپەڕ دەبوو، لەلایەکی تریش کارێکی شەکەتکار بوو و هێزی دەبردم. واتا شەڕەکەم بە ئاراستەی ئامانجەکەدا نەدەبرد. یان ئەوەتا لەکات و شوێنی خۆیدا خەیاڵ و ڕاستییەکانم نەدەکرد بە یەک.

ئاشکرایە پاساو هەڵناگرێت، ئەنجامەکەی سەرنەکەوتن بوو. زۆر هەستم بە ئێش و ئازاری پێشتر نەکوشتنی (شاهین) دەکرد (مەبەست لەو ڕۆژانەیە کە لەزیندانی خارپێت بوون)، بەئەندازەی هەڤاڵان دەرفەتم لەبەردەستدا نەبوو، لە دوورەوە کارێکی ڕاستەوخۆم پێنەدەکرا، بەڵام دەمتوانی تاکۆتا پێداگری بکەم و سووربم لەسەر بە ئەنجام گەیاندنی چالاکییەکە، هێزێکی بەکاریگەری وەهام هەبوو، بەرپرسیارێتییەکەشیم لە ئەستۆ

دەگرت. دیارە پارتی رەخنەی کوشتنی خیانەتکاریکی لێنەدەگرتین. چاوەڕێی دەمانچەمان کرد، پارچەکانی کەم بوون. پاشان دوورخراینەوە.. بەڵام گەورەترین دەرد بەلامەوە بۆ فەرییەکەی خۆمان بوو، کە لە ئامەدیش ئەم دەرد و تووڕەییەی خۆمم بەسەر (شاهین) دا نەتەقاندبوو. پلان لە ئاستی خەیاڵدا چەقی بەستبوو.

لەگەڵ پێچەوانە سووڕانەوەی ڕووداوەکان، هەڤالانی بەشداربووی بەرنامەکان لەم ڕووەوە بێ مۆڕاڵ دەبوون. باسیان لەوە دەکرد کە خەیاڵی زۆر قەشەنگ و گەورەم هەیە و دەرفەتی بەدیهێنانیانمان لەبەردەستدا نییە.

هەڵبەتە دەرەنجامێکی خراپ بوو. ڕاستە خەیاڵم هەبوو، جیهانی خەیاڵم بەرین بوو، بێ سنوور و پێوەر بوو، نەمدەتوانی ڕێگری لێبکەم، بەڵام هەمووشیان مایەی جێبەجێکردن بوون. نەماندەزانی چۆن پڕاوپڕ لە ئامێزیان بگرین. سەرەنجام خۆمان بەشوێنێکەوە گرێدابوو. خۆفریودان بە هاتنی مۆڵەت لەوێوە، زۆر لە خەیاڵەکە خراپتر بوو، لەو هەلومەرجەدا بەکەڵک نەدەهات. یاریکردن بە مەترسی و خەیاڵکردن و ترسانی بەردەوام لە مەترسییەکان، لەبەر چاونەگرتنی هیچ شتێک و تەنانەت خەیاڵ نەکردنیش! هەمیشە لەچاو دووەمیان، یەکەمیان بە باشتر دادەنێم، کە ژیانیشم تا ڕادەیەک بەمجۆرە بەڕێوەچوو.

ئەمجارە ئیتر چاوەڕێی کەسم نەدەکرد. شەهیدان فەرمانیان پێکردبووم. واتای چالاکییەکەیان زۆر ئاشکرابوو. ئەگەر مرۆڤایەتی بەیەکجاری لەدەست نەچووبێت، تۆزێک ویژدانی شۆڕشگێڕانە هەبێت، تۆزێک باوەڕی مابێت، بەتەواوەتی خۆی ڕادەستی مردنێکی ناشکۆمەندانە نەکردبێت، کەوابوو ناچارین بە جێبەجێکردنی ئەو فەرمانە. کەس هەبوو نەیبیستبێت؟

لەدادگاکاندا بە ئاشکرا دەگووترا: "ئەگەر بەمجۆرە بەردەوام بکات مردن لە ئامێز دەگرین. بە پەردەی کوشتنی کەسێتی داپۆشراوین، هەرگیز ئەم بێ شەرەفییە پەسند ناکەین... دەیانجار مردن هەڵبژاردەیەکی زۆر گەورە و پیرۆزە لەبەرامبەر بەو ژیانە پڕ ئەشکەنجەیە، لەبەرامبەر بەو ژیانە نامرۆڤانەیە... ڕێ و ڕێبازمان، ڕێگەی (مەزڵوم)، (کەمال)، (خەیری)، (فەرهاد) و هەموو قارەمانەکانی ترە.."

ناوەناوە لەبەرخۆیانەوە دەیانگووت: "خەمتان نەبێت ئیتر بەمجۆرە بەردەوام ناکات" پێشتر نەدەکرا سەربەرز بکەیتەوە و تەماشا بکەیت. کەسانێکیش ئەشکەنجەیان لەبەرچاو بگرتایە و قسە و چپەشیان بکردایە، دەنگیان بە ژنە بەندکراوەکان نەدەگەیشت. زۆر بە کەمی سڵاو لەیەکتر دەکرا. سڵاوکردن مەگەر بە چاو یاخود سەرلەقاندنێکی زۆر بە هێواشی بووایە. ژیان وماڵی دنیات بدایە بەو سڵاوەش هێشتا کەم بوو. ئێستا بۆ یەک ڕوانین، چپەکردن و تەنانەت قسەکردنیش بە دەنگی ئاسایی بەدیدەکرێت. پڕدەنگترین پەیامیش لە سەروبەندی بەرگریکردنەکاندا بوو.

(فادیمە) و ئەوان چوون بۆ خارپێت. نامەیەکمان بۆ هەڤاڵانی ئەوێ نووسی. بەکورتی سەبارەت بە بەرخودانی، واتا و گرنگییەکانی، دەرەنجامەکانی، ڕەوشی هەنووکە و بەردەوامکردنی پێشهاتی نوێ و ئەگەرەکانی بەردەممان هەڵسەنگاندنی خۆمان پێشکەش کرد، لەکۆتاییشدا گووتمان: "ڕێگەی (مەزڵوم)، (خەیری) و (کەمال) و قارەمانەکانی تر ڕێگەمانە" و باوەڕی و پابەندبوونی خۆمان دەربڕی. ئاماژەمان بەوە کرد کە نابێت بڕوا بە درۆ و پڕووپاگەندەکانی دووژمن بکەن. (فادیمە) نامەکەی وەک خۆی گەیاندبوو. (پاش ماوەیەک

چاوم بە شامیل کەوت و زۆر بەجوانی باسی لە دەرەنجامەکانی نامەکە و ئەو هەست و سۆزە کرد کە بەهەڤالانی دابوو. کەوابوو نامەکەمان بەکەڵک هاتبوو. کاریگەری ئەوجۆرە نامانە دەزانم چۆنە. پارچە کاغەزێک دوای چەندین ساڵ بۆ مرۆڤ وەک دونیایەکە. خۆشحاڵی و ورەی ئەو ساتەوەختە زۆر جیاوازە).

## یەکەمین دروشم گووتنەوەی بە کۆمەڵ لە زیندانی ئامەدا!

لەناو خۆماندا بەشێوەی گرووپی جیاجیای بچووک و بەرفراوان جڤاتمان سازدەکرد. ژوورەکانی گۆشەگیرکردن وەک پێشتر بەکار نەدەهێندرا. یان تازە بەندکراوان یان ئەوانەی دووژمن سزای دەدان بەتاقی تەنیا دەخرانە ئەو ژوورانەوە. زۆر بەکەمی سزای گۆشەگیرکردنی بەکۆمەڵ دەدرا. تا بەو رۆژە دووژمن ژوری گۆشەگیرکردنی بەکاردەهێنا. بڕیارماندا ئەوجار بۆ کار و کۆبوونەوە نهێنییەکانی خۆمان بەکاری بهێنین. ئەو ژوورە لەدوای گەرماو و دەستاو دەهات و لە کۆتایی دالانەکەدا بوو. هەرکات دەرگەی دالانی دەرەوە بکرایەتەوە، دەنگی دەبیسترا. هەتا ئەوان دەرگەی دووەمیان دەکردەوە، ئێمە فریادەکەوتین بڵاوەی لێ بکەین و سەرنجیشی رانەدەکێشا. پاسەوانیش وەکو جاران نەدەهاتە ناومانەوە، چونکە بەردەوام پەرچەکرداری توندمان هەبوو لەبەرامبەریان.

پێماندەگووتن"شوێنی گەرماو و دەستاوە، نابێت ئێوە بێن" ئەو رۆژەش کۆببووینەوە و هەموو هەڤاڵانیش ئامادەی کۆبوونەوەکە بوون. پێشتریش بەجیا لەگەڵ کەسانێکی گرووپەکانی تر قسەمان کرد. پێمانگووتن کە رەوشی گشتی، گۆڕانکارییەکانی ناو دادگاکان و کۆمەڵێک دیاردەی تر هێمای ئامادەکارییەکی نوێن، بۆیە دەبێت هەمووان خۆیان بۆ پێشهاتی نوێ ئامادە بکەن. پەیوەندییەکانمان بە بەراورد لەگەڵ رابردوو پێگەیشتووانەتر و باشتر بوو. ئەوانی تریش لەناوخۆیاندا کۆدەبوونەوە، بەلام (TKP)ییەکان ببوون بە چەند بەشێکەوە. لەڕیزی ئەوانی تریشدا

کەسانێک هەبوو نیگەران و شڵەژاو بوون. لەم بوارەدا هەڵوێستی هیچ کەسێک ئێمەی پەیوەندیدار نەدەکرد، بەڵام هەوڵماندەدا کاریگەری ئەرێنیان لەسەر بکەین.

چەند هەڤاڵێکمان لەدەروازەی دالانەکە کرد بە پاسەوان. باقییەکەی لەکۆبوونەوە دابووین و بە بەرفراوانی چوارچێوەی دەستنیشانکراومان تاووتوێ کرد. هەمووان تێڕوانینی خۆیان پێشکەش کرد، ڕووداو و پێشهاتەکانی دادگایان شیرۆڤە کرد، دواجار بە قەناعەتی هاوبەش لەسەر ئەوەبوو کە دەبێت کردە و وەڵاممان هەبێت.

هاوشان لەگەڵ هەڵسەنگاندنی قۆناخەکەدا، کەموکورتییەکانمان، هەڵوێست و خوێندنەوەمان بۆ قۆناخەکە، پەیوەندی نێوانمان و لە بابەتە سەرەکییەکاندا لێپرسینەوەمان لەخۆمان دەکرد. هەندێک لە هەڤاڵان لەسەر ئەم بنەمایە ڕەخنەیان لەخۆیان دەگرت. کەشێکی گەرم و بەپێزبوو و بەرەو کۆتایی کۆبوونەوەکە دەچووین. هەڤاڵان وایانزانیبوو کە نامە و زانیاریمان لەلایەن هەڤالانی دەرەوە پێگەیشتووە و بە نهێنی پەیوەندیمان هەیە. لێکدانەوەی بەمجۆرە واتادار و بەکاریگەر بوو.

(TKP)ییەکان دەیانگووت: "تا هەواڵ و زانیاری لە هاوڕێیانمان بەدەست نەگات هیچ شتێک ناکەین، بەڵام بەگشتی ئەو تەوەرانە بەپێزن کە ئێوە باسیان دەکەن، پێویستە بە ئاگابین". دیارە هێشتا نیگەرانی و دوودڵییەکانیان وەلانەخستبوو. بەلای ئەوانەوە دووژمن بەهێز بوو، کۆمەڵێک بەندکراوی قۆڵبەستکراو چییان لەدەست دەهات؟ ئەمەش دەرەنجامی ترس و لێکدانەوەی چەوتی دەستەواژەی (دووژمن) بوو. سیاسەتەکانیان ئاشکرایە. بەلای ئەوانەوە مەترسیدارترین دووژمن؛ ئێمە بووین. هێشتا خەونە کابوسییەکانی (خۆجە نیعمەت)مان لەبیر نەچووە کە لە

وڕێنەکانیشیدا دەیگووت: "ئاپۆچییە تیرۆریستەکان". سەرەڕای ئەوەش بەردەوام هاوکاریمان کرد. (ئەسەد) هەوڵیدەدا (نیعمەت)یش لە دژی ئێمە بەکاربهێنێت. کەسێکی ڕاستگۆ بوو و هەستی پێکرد کە پێمانزانیوە، پاشان قسەمان کرد. لەبەرامبەرمان ڕوون و کراوە بوو و (ئەسەد) هەرگیز بە مەرامەکانی خۆی نەگەیشت و نەیتوانی بە خواستەکانی خۆی بگات. (نیعمەت) کاتێک کە ڕۆیشتیش پێیگووتین کە زۆر قەرزاری ئێمەیە و هەرگیز لەیادمان ناکات. هێشتاش هەندێک کەسی سەیر و سەمەرە نەیاندەویست بڕوا بە ڕووخێنەربوونی ژیانی ئەو ڕۆژگارە بکەن. چونکە لەبەرژەوەندی خۆیاندا نەبوو، هێزی ڕووبەڕووبوونەوەشیان لە خۆیاندا بەدی نەدەکرد.

لەوانەی خۆشمان هەندێک بە پەرچەکرداربوون و دەیانگووت: "پێویستە پەلیان بگرین و فڕێیان دەین، با لەلامان نەمێننەوە"، بەدەنگی بڵند دەیانگووت بێ باوەڕان و ئەوانەش زۆر باش دەناسین کە لەژێر سایەی ترسەکانیاندا دەژین. بەڵێ، زیندان گەواهی ڕاستییەکانی هەموو کەس و هەموو گرووپێک بوو. شوێنێکی نەمابوو تا پێیدا بگەڕێن و خۆی تیادا حەشار بدەن.

لە سەروبەندێکدا کە ئێمە سەرگەرمی ئەو جۆرە شیکارانە بووین، هەڤاڵی ئێشکگرمان بەدەم ڕاکردنەوە هاواری دەکرد: "هەڤاڵ، هەڤاااڵ، مژدە! دەنگی دروشم دێت" بەڕاستیش دەنگی گووتنەوەی دروشم دەهات" بمرێت داگیرکەری".. هەموو باوەشیان بە یەکدا کردبوو. هەندێک گرووپ تووڕەبوون و دەیانگووت: "بۆچی پێتان نەگووتین ئەمڕۆیە؟" بڕوایان نەبوو بەوەی ئێمەش ئاگادار نەبووین. هەندێک گرووپیش زویر ببوون. ڕاستیەک هەبوو؛ کە هیچ زانیارییەکمان پێنەگەیشتبوو، هەستمان پێکردبوو، کەمێکیش بێت هەڵسەنگاندنێکی ڕاستمان بۆ

رووداوەکان کردبوو. هەموو روویان لە شوێنی هەواگۆڕینەکە کرد، پاش سێ ساڵ بۆ یەکەمجار بەکۆمەڵ دروشممان گووتەوە: بمرێت داگیرکەری!

جارێک دەنگی گووتنەوەی سروودە فاشییەکەش هاتە گوێمان. لە هەندێک شوێن دروشمەکان هەمەلایەنە دەگووترانەوە. کەچی قاوشەکەی تەنیشتمان هێشتا سروودی فاشیستانیان دەگووتەوە. ئاگادارییەکم دا بە هەڤالان "جل و بەرگی توندوتۆڵ لەبەر بکەن" هەمووان هەم دروشم هەڵدەدەن و هەم باوەش بە یەکدا دەکەن و لەخۆشیان دەگرین. لەلایەکیش واقیان وڕمابوو. هەندێک دەچوونە قاوشەکەوە و جل و بەرگی خۆیان دەگۆڕی. کام پێڵاوەیان بەلاوە ئاسودە بووایە ئەوەیان لەپێ دەکرد، خۆیان بۆ شەڕ و تێهەڵچوون ئامادە دەکرد. لە پەنجەرەکەوە بەدەنگێکی بەرز بانگەوازیم لە قاوشەکانی تەنیشتمان کرد و گووتم: "هەڤالان، بەرخودان دەستی پێکرد. دەست لەو سروودانەی فاشییەکان بەردەن. ساڵەهایە دووژمن یاری بە شکۆ و شەرەفمان دەکات، بە پەیڕەوکارییە دژە مرۆڤانەییەکانی هەوڵیدا باوەڕمان دابماڵێت. ئەگەر تۆزێک شکۆی شۆڕشگێڕیتان هەبێت، ئەگەر هەستی نیشتمانپەروەریتان هەبێت، لایەنی مرۆییتان هەبێت، دەبێت هەمووان بەشداری ئەم بەرخودانە بکەن. تەنیا مشتێک دانپێدانەر و خیانەتکار هەن. بەندکراوان هەموویان لەناو تێکۆشان و بەرخوداندان. ئێوەش بەشدار بن، رێ و رێبازی (مەزڵوم) و قارەمانەکانی تر رێ و رێبازمانە. ئەوان لەپێناوی گەیشتن بەم رۆژدا گیانی بەهاداری خۆیان فیداکرد. رێزتان هەبێت، دەست لەو سروودانە بەردەن. مەترسن ئەگەر بە کۆمەڵ و بەیەکەوە بجولێینەوە هیچ شتێکی نەخوازراو روونادات، ئێمە سەردەکەوین". هەڤالانیش بە گووتنەوەی دروشم پشتیوانیان کردم، بێگومان ئەمە

کاریگەری لەسەر ئەو قاوشانە دەکرد. چەند دەنگێکی کز دەرکەوت و گووتی: "بمرێ داگیرکەری" و بەس. دیاربوو هەندێک جوێنیاندا و هەندێکیش رێگریان کرد. ئێمەش بەدوای یەکدا دروشم و سروودی شۆڕشگێڕیمان گووتەوە. لەوێشەوە دەنگی گرووپێکی بچووک بەرگوێ دەکەوت و بەشدار دەبوون.

دوای ماوەیەک پاسەوانەکان بە ژمارەیەکی قەرەباڵغەوە هاتن و گووتیان: "هەرکەسەو بۆ قاوشی خۆی" سەرەتا وامانزانی بۆ دارکاری و لێدانمان هاتوون، لەترسا بە قەرەباڵغی هاتبوون. ئەی خوایە، دونیا سەراوبن بووە، شڵەژان، ترس و پەشۆکی دووژمنی داگرتبوو. بەشی زۆرینەی ئەو بەندکراوانەی دووژمن وایدەزانی بێدەنگی کردوون و هەموو خانەکانی لەشیانی لە جەوهەری راستەقینەیان داماڵیوە، ئێستاکە راپەڕیون. چۆن کارێکە؟ بریا (ئەسەد) ئەمەی ببینییایە. دەبووایە (مەزڵوم)، (خەیری)، (کەمال) و قارەمانەکانی تر ئەم رۆژەیان ببینیایە. چونکە خودی ئەم شەهیدانە پێیانگووتین: "تەسلیمیەت بەرەو خیانەت و بەرخودانی بەرەو سەرکەوتنمان دەبات" لە یەکێک لە دانیشتنەکانی دادگادا هەڤاڵ (خەیری) ئاوڕ لە بەندکراوەکان دەداتەوە و دەڵێت: "لەو بڕوایە دام سبەی رۆژ هەموو ئەمانە بەرگری لە پارتی دەکەن، دانپێدانەران و خیانەتکاران، ئیفادەکانی خۆیان پەرچدەکەنەوە، داوای لێبوردن لە پارتی و لەگەڵ دەکەن". ئەی (کەمال پیر) نەیگووتبوو" من ئەمڕۆ مەرگ لە ئامێز دەگرم، سبەی یەکێکی تر، یەکیتر و پاشان هەموویان فێردەبن چۆن لەپێناو ئەم دۆزەدا گیانی خۆیان فیدا بکەن"؟

بەمشێوەیە پێشوازیکردن لە ئەیلول زۆر خۆش بوو، ئەمە شایستەی ئەیلول بوو، رۆحی بەرخودانی ئەوان بوو کە هێشتا دەژیا و کاریگەری دەکرد.

دەرگەکان داخرابوون، بەڵام دەتگووت هەموو کەس لە گۆڕەپانێکی گەورەدا جەمبوونە و پیرۆزبایی سەرکەوتنێک دەکەن. دروشمێکی زۆرمان هەڵدا، بە یەکدەنگی زوڵاڵ دەمانگووت: "بژی (PKK)، بژی سەربەخۆیی، بمرێ داگیرکەری، بمرێ خیانەت، بژی مردنی شکۆمەندانە، مردنی بە شەرەف ژیانە و دەژیێنێت، بمرێ ئەشکەنجە، نەفرەت لە ئیدارەی فاشی، (مەزلۆم) نەمرە، (کەمال)، (خەیری)، (فەرهاد) و قارەمانەکانی تر نەمرن..." و چەند دروشمی تر..

دروشمەکان بە شەپۆل و زایەڵە بوو، دەگەیشتە بەشی کۆتایی و دەگەڕایەوە. دەرک بە دەنگەکان دەکرا، هەرچەندە جاروبار دروشمەکان تێکەڵی یەک دەبوون. کێ چی و چۆنی ببیستایە، دەستبەجێ دەستی بە گووتنەوەی دەکرد. سەرەتا ئاڵۆزییەکی وەها هاتە ئاراوە. گرووپەکانی تر گووتیان: "ئەمانە دروشمی (PKK) ن" و بەشدارییان نەکرد. پاشان قسەمان لەگەڵ کردن و پێمانگووتن: "ئاساییە، ئێمە دەستمان بە بەرخودان کرد، شەهیدانی ئێمە بوون. دەبێت ئێوەش خاوەنداریتی لە (مەزلۆم) و هەڤاڵانی تر بکەن، ئەگەر بەخۆتان دەڵێن شۆڕشگێڕ کەوابوو چاوەڕێی چین؟ بەشدارنەبوونتان بە بەرخودان و نەگووتنەوەی دروشمەکان کارێکی راست نییە. ئێمە بووینایە هەر کەسێک دەستی بەبەرخودان بکردایە دەستبەجێ بەشداریمان دەکرد"، بەڵام نیگەرانییەکیشمان هەڵنەدەگرت؛ چونکە لەو بڕوایەدابووین بەرخودانی هەموو کەسێکی بەلای خۆیدا رادەکێشا. دەشبێت کەسانێکیش هەبن بەشداری نەکەن. کەسانێک هەبوون ساڵەهابوو تا بەسەر ئێسکیان لەناو تەسلیمییەتدا دەژیان. لە پڕێکدا شکاندنی ئەو تەسلیمییەتە ئاستەمە، هاوکات شتێکی راستیش نییە چاوەڕێی هەمان هەڵمەت لە هەموو کەسێکیش بکەیت.

لەناو خۆماندا قسەمان کرد و پێشهاتەکانمان شیرۆڤە کرد. ڕاستەوخۆ دەستمان بە مانگرتن دەکرد و گووتمان: "سبەی بەیانی داوانامەکانمان پێشکەش دەکەین، دەشێت تا بەیانی شتی تریش ببیستین". هاوکات دانیشتنی دۆزی گرووپی خارپێتیش هەبوو، هەر لەوێ ڕاماندەگەیاند. زیاتر بەمە خۆشحاڵ ببووم. دەبووایە دیوانی دادگا ئەم ڕۆژانەیان ببینیایە و نوقمی ناو کورسییەکانیان بکرانایە. ڕوانین بۆ ڕووخسارە گەنیوە فاشیستانەکەیان و بەدیارکەوتنی ترس و نیگەرانییەکانیان لە چاویاندا سۆزێکی ناوازەی پێدەدام.

لەلای خۆمانەوە گووتمان: "پێویستە وەک (مانگرتنی تامردن) هەڵوەستە بکەین. داوانامەکەمان لەسەر ناوی گشتی دەبێت و واژۆی هەمووانی لەسەر دەبێت. لە دادگا ئاشکرای دەکەین و ڕایدەگەیەنین. لەگەڕانەوەدا من ناهێننە سەرەوە بۆلای ئێوە، بۆیە دەبێت لە ئاستی گشتیدا بە خوێندنەوەی پێشهاتەکان بجوڵێینەوە. کام دروشم بە کۆمەڵ دەگووترێنەوە ئێمەش بەکۆمەڵ بیانڵێینەوە، بە ڕێکوپێکتر. ناوەناوە دروشمەکان دەڵێینەوە، با هێز و توانستی خۆمان ڕێکخراوانە، بە بەرنامە و درێژخایەنتر بەکار بهێنین، نەک بەیەکجار لەهێز ببڕێین". هەڤاڵان بە بازنەی گەورە گۆڤەندییان گرتبوو. پڕ بە دەنگ سروودی شۆڕشگێڕیان دەگووتەوە. هێدی هێدی هەموو شتێک ڕێچکەی سیستەماتیکی خۆی دەگرت، بە هاوئاهەنگ و بەجۆشتر دەبوو. هەر یەک لە قاوشەکان لەلایەن چەند هەڤاڵێکی دەستنیشانکراوەوە سەرپەرشتی دەکرا و بەڕێوە دەبرا. شتی زێدەڕۆیی و بێ پێوادنگی نەکرا. بۆ هەموو کەسێک نەبوو قسە لەگەڵ ئەفسەر و سەربازان بکات، نەک ئەو نوێنەرانەی ئەوان هەڵیانبژاردبوو، بەڵکو نوێنەری خۆمان بۆیان هەبوو بەو ئەرکە هەستن. هەر لەخۆوە قسە لەسەر شت ناکرێت، هەرشتێک

هەمووان پەیوەندیدار بکات دەبێت بە بەشداری و هاوڕایی گشتی بێت. لەم بوارەدا سەرپێچی یان چەوتی جێگەی نەبوو.

داوانامەکانمان رادەستکرد. لەلایەن خۆمانەوە وادەی مانگرتنەکەمان دەستنیشان نەکردبوو، بەڵام لە داوانامەکەدا بە شێوەی بێ وادە رامانگەیاند. لە داوانامەکەدا ئەوەمان خستبووەڕوو کە تا هەڵگرتنی لێدان و ئەشکەنجەکان، تا کۆتاییهێنان بە هەموو یاسا گاڵتەجاڕییە سەپێندراوەکان و قەدەخەکان درێژە بە مانگرتنەکەمان دەدەین. (TKP)ییەکان وادەیان دەستنیشان کردبوو و داوانامەیەکی تریان دابوو. ئەوانیان برد بۆ قاوشەکەی خوارەوە، خۆیان داوایان کردبوو. ئەمەش شیاوی ئامانجەکانی دووژمن بوو، دووژمنیش ئامۆژگاری دەکردن و پێدەگووتن: "ئەم چالاکییە لەلایەن (PKK)ییەکانەوە دەستپێکراوە. گومانی تیانییە کە هەر یەکەیان تیرۆریستی سوێندخواردوو، قاتڵ و شایستەی سێدارەن. ئێوە جیاوازن، تێکەڵیان مەبن" کەچی هەندێکیان رێک لەچوارچێوەی ئەم ئامۆژگارییەی دووژمن دەجوڵانەوە.

لە ئەیلولدا شەپۆلی دروشمەکان بەگوڕتر، زوڵاڵتر و بەسیستەمتر بوو. هەڤاڵان بەجۆش هاتبوون. نە دەستیان لە گۆڤەندگێڕان بەردابوو و نە گووتنەوەی دروشم شەکەتی کردبوون. سەرەڕای ئەوەی پێنجەمین رۆژی مانگرتنەکەش بوو، زۆر چالاک و زیندە بووین. رۆژانە جارێک پەرداخێکی بچووک شەربەتیان پێدەداین. پێویست بوو بەشێوەیەکی رێکوپێک شەکر بەکاربهێندرێت، چونکە خۆی لەخۆیدا شەکرمان کەم بوو.

دواتر رۆژێکیان دەرگەی قاوشەکە کرایەوە (رەزا)، (موزەفەر)، (کاراسو) هاتنە ژوورەوە. هەمووان حەپەسابوون. هەبوو لەخۆشیا هاواری کرد. دوای ساڵەها بینینی هەڤاڵان بەمشێوەیە

لە نزیکەوە هەست و سۆزێکی گەورەی دەدا. دیدار لە ناو چالاکیدا واتادارتر بوو. دەستبەجێ بەشێوەی بازنەیەک کۆبووینەوە، گفتوگۆکرا و یەکتر لە ئامێزگیرا. دەستیانمان گرت. ئەم بەسەرهاتە جیاواز بوو. ساڵەهابوو بە تاسەی تەنیا وشەیەکیانەوە بووین، ئێستاکە لە تەنیشت یەک ڕاوەستاوین. ئێمە بەمەراق و ئەوان بە مەراق و لە حاڵی یەکترمان دەپرسین. بەگشتی بەسەرهاتەکان لەدادگاندا دەبیستران، زۆرێک لە هەڤاڵان بەزارەکی و زۆرێکیشیان بەنووسراو باسیان لە ئەشکەنجە و زەبروزەنگەکان کردبوو. بەڵام ئەوەی ئێمە زۆر نەبیسترا. تەنیا بە هەندێک باس و خواسی ناو دانیشتنەکانی دادگاوە سنووردار بوو، دیوانی دادگا ڕێگەی نەدەدا قسە بکرێت یان نووسراوەکان بخوێندرێنەوە. نووسراوەکان لە ئاستی گشتیدا بوون، بەتایبەت باس لە وردەکاری ئەشکەنجەکانی سەر ژنان نەکرابوو. دووژمن لە هاتوچۆی دادگا و نەخۆشخانەکاندا رووکەشانەیەکی تری دروست دەکرد. تەنانەت ئەشکەنجەکانی سەر ژنانیش نهێنی بوون، کردەوە و ئەتوارەکانیان لە ژووری تاکەکەسی بە حەشاردراوی هێڵرابوونەوە. بێگومان دەنگی ناڵە و هاوارمان بەشی ئەوەی کردبوو لە ئاستی گشتیدا بیر لە پیلان و پەلامار و بەدرەوشتییەکانی دووژمن بکرێتەوە. (ڕەزا) و ئەوانیش بە سەرسامییەوە دەیانپرسی: "سروودیان پێدەگووتنەوە؟" سەرەڕای هەموو باس و خواسێک هێشتاش وەها بیری لێناکەنەوە کە بەسەرهاتەکان یەکن و کەمتریان پێ نەکردووین.

دوای قسە و باسێکی کورت چووینە ناو بابەتە سەرەکییەکەوە. (ڕەزا) هەستا و گووتی: "ڕوونکردنەوەیەک دەکەم" و باسی لەوەکرد کە وەکو کۆمیتەیەکی پێنج کەسی بەناو زینداندا دەگەڕێن. ئەمڕۆ بە هەموو قاوشەکاندا گەڕاون، تەنانەت قاوشی

ئەوانەی لەسەر قاچاخچێتیش گیراون. ئامانجی ئەم کۆمیتەیە بەڕێوەبردنی چالاکییەکانە لەچوارچێوەی سیستەمێکدا، واتا رێکخراوە و گووتی: "لە ئەیلول دا گرووپێک هەڤاڵ دەستیان بە مانگرتنی تا مردن کرد. هاوکات مانگرتنی تریش هەیە، زیاتر هەڤالانی خۆمان دەستیان پێکرد. پاشان لەوانەی TIKKO و (کاوە)ش بەشداریان کرد. ئەمڕۆ هەمووان بەشداربوون. لە هەر شوێنە و بەجیا دروشم دەگووترێتەوە. تەنیا ئەو دروشمانە دەڵێینەوە کە داواکارییە سەرەکییەکانمان دەخەنەڕوو. ئەمانەش لە کاتی دیاریکراودا دەبێت. لەم بەشەوە دەستپێدەکات و پاشان بەدوایی یەکدا و بەڕیز بەشەکانی تر بەردەوام دەبن. لەناو سیستەمێکدا پێکەوە دروشمی وەک؛ بمرێ ئەشکەنجە، بژی بەرخودان، کۆتایی بۆ گوشارەکان...هتد، هەڵدەدرێن. ئەمانە دروشمی هاوبەشن. مانگرتنی ئاسایی ماوەی هەفتەیەک یان (10)رۆژ دەخایەنێت. (مانگرتنی تامردن) بەشێوەی دەستە دەستە و یەک بەدوای یەکدا دەبێت. دەستەی یەکەم دەستیان پێکرد، دووەم و سێیەمیش ئامادەکراون. هەر لەخۆوە دەست بە مانگرتنی تا مردن ناکرێت... پێویستە ئاگاداری گێرەشێوێنی بین. داواکارییەکانیش بەمشێوەیەن؛ هەڵگرتنی ئەشکەنجە و هەموو جۆرە گوشارێک، قەدەغە، فەرمان و فەرمانداریتیکردن، دادگاییکردنی بکوژانی ئەوانەی لەژێر ئەشکەنجەدا کوژران، هەڵگرتنی گوشار و قەدەغەی سەر سەردانیکار و پارێزەران، بەتەنیا بەهەند وەرگرتنی ئەو نوێنەرانەی خۆمان دەستنیشانیان دەکەین، هێنانی ماتریاڵی پێویست بۆ ئامادەکردنی بەرگرینامەکان، هێنانی رۆژنامە، پەڕتووک ..هتد".

ئەم کۆمیتەیە چاوپێکەوتنەکانی بەڕێوە دەبرد، چونکە نوێنەرایەتی ئیرادەی هەموو بەندکراوانی دەکرد. لەکاتی پێویستدا

سەرلەنوێ بە قاوشەکاندا دەگەڕان. (ڕەزا) گووتی: "بۆ ئەمجارە بە مەبەستی؛ ڕێگریکردن لە زێدەڕۆییەکان، ڕاگرتنی هەر شتێکی نەخوازراو، داوای ئەم چاوپێکەوتنانەمان کرد. ئەوانیش لەخوایان دەویست. نەقیبێکی تازە هاتووە، ناوی (عەبدوڵلا کاهرمان)ە. میانڕۆ دیارە، بەڵام تۆزێکیش توندە. لەو نێوەدا نەقیبەکە خۆی کرد بەژووردا. هەوڵی دەدا وەک کەسێکی بەڕێز خۆی بنوێنێت. زۆر سەیر تەماشای دەکردین. دەویست وابنوێنێت کە گەرموگوڕی دانوستانی هەڤاڵان کاری تێکردووە. لەکاتێکدا کە بە چاوێک پێیدا هەڵدەڕوانین گووتی: "ساکینە پۆلات کامتانن؟" وەک پێشتر ناسیبێتی. دیاربوو لە وێنەدا منی بینیبوو. هاوکات پڕووپاگەندەی "هۆف"ێتیمانیان بۆ یەکتر گواستبووەوە. هەڵبەتە مەراقی بوو، جاروبار بەدزییەوە بەسیلەی چاو سەیری دەکرد، کاتێک من سەیرم دەکرد، چاوی دەدزییەوە. ئەو ڕوانینە درۆینە و نهێنیانەت لەدەستم دەرناچێت، هەر دەیانگرم... لەناخەوە ددانمان لەیەک تیژدەکردەوە، ئەگەر بەدەنگیش نەبێت، دەرکمان پێدەکرد. دوو کەسی نەیار ئەگەر یەکتر زۆر باش بناسن (نەک لەواتای جەستەییدا) کاتێک تووشی یەکتر دێن زۆر باش دەزانن هەست بەچی دەکەن. خراپی ڕوو نەرم. یەکەم فیکر و بۆچون سەبارەت بە (عەبدوڵلا کاهرمان) وەهابوو. (ڕەزا) گووتبووی " یوزباشییە نوێیەکە لە کەسێکی خراپ ناچێت". زۆر ڕانەوەستا و ڕۆیشت.

دواجار بە (ڕەزا) و ئەوانم گووت: "منیش مانگرتنەکەم دەکەم بە مانگرتنی تا مردن". لەو نێوەدا سەبارەت بە ڕەوشی خۆمان بە کورتی هەندێک زانیاریم پێدان و ڕۆیشتن. ئێمەش لەناوخۆماندا دووبارە قسەمان لەسەر هەمان باسەکە کردەوە. من، (ئایسەل) و (فاتیمە) دەستمان بە (مانگرتنی تامردن) کرد. بۆ ئەم مەبەستەش

داوانامەیەکی جیا و بەرفراوانمان نووسی. خاڵی تایبەت بەخۆمانمان لەسەر پەراوێزی داوانامەی گشتی زیاد و کەمکرد. دوای گەیشتنی داوانامەکەمان پێیانگووتین کە دەمانبەن بۆ قاوشی خوارەوە. ئەوانەی ئەوێ (TKP یی، DDKDییەکان) کۆتاییان بە مانگرتنەکەیان هێنابوو. هەندێکیان دوو و هەندێکیان سێ ڕۆژ چالاکییەکەیان پێکرابوو.

سەرلەبەیانی ڕۆژی دواتر دروشم هەڵدران و بەدروشم دەست بە ژیانی ئەو ڕۆژە کرا. دواجار منیان سواری ئۆتۆمبێلی دادگا کرد. کاتێک چوومە هۆڵەکەوە بینیم هەموویان بەپێچەوانەوە دانیشتبوون، دانیشتنەکەی دادگا پرۆتێستۆ دەکرا. زۆرم پێخۆش بوو. یەکەمجار بوو چاومان بە چاوی یەکتر دەکەوت. زۆر خۆشحاڵ بووین. هێڵە شەرمین و کەچەکانی سەر ڕووخساریان نەمابوو. سڵاوی بەرخودانیمان لەیەکتر دەکرد.

"مەرحەبا، چۆنن؟" چەند بەتاسەی ئەم وشانەوە بووم و چەند ئاواتەخوازیان بووم. زیاتر بە وەرگرتنی وەڵامەکەی شاد دەبووم. تێڕوانینێکی تایبەتم هەبوو، بەلای هەمووومانەوە جێگەیەکی تری هەبوو، وەک پەرستگەیەک بوو. ئەو شوێنەبوو کە (مەزڵوم)، (کەمال)، (خەیری) و قارەمانەکانی تر تیایدا ببوون بە کۆتەڵ. ببوون بە نموونە. ڕۆح، جوانی و پیرۆزییان بە هەر گەردێکیدا ڕۆچووبوو. هەر یەکەیان لایەنگەلێکی زۆر جوان بوو کە لەواندا بە ژیان و بەرخودان گەیشتبوو. کاتێک دیوانی دادگا هاتە ژوورەوە لەبەردەم ئەو دیمەنەدا واقیان وڕمابوو، هاری و وەحشێتییەکەی نێو چاوانیان شایستەی تۆمارکردن بوو...

سەرۆکی دیوان گووتی: "بەرپرسیاری ئەمانە کێیە؟ کاربەدەستانی زیندان کێن؟ کێ ئەمانەی بەمشێوەیە هێناوەتە پێشمان، چییە؟ بیانبەن". لەوێدا دەستووری قسەکردنمان خواست

و گووتمان: "دەستمان بە (مانگرتنی تامردن) کرد، لە مانگرتنداین، لە بەرخودانیداین. خوازیارین داواکارییەکانمان لە قەیدی دادگادا تۆمار بکرێت. دیوانی دادگا بەرپرسیارە لە هەر ڕووداوێک. ئەم دادگایەش شەرمەزار دەکەین. تا ئەمڕۆ پێکەوە و دەستلەناودەست کارتانکرد، ڕێگەتان نەدا قسەی خۆمان بکەین. قسەکانیشتان لە تۆماری دادگادا نەنووسییەوە. لەبەرچاوتان ئەشکەنجەیان کردین، ئێوەش فەرمانتان پێکردن. تا بەجێهێنانی داواکانمان چالاکییەکەمان بەردەوام دەبێت". بەڵام هەر یەکە و لە شوێنێکەوە قسە دەکات. دادوەر هەڵسا و ڕۆیشت. کابرای بەدفەڕ دەیبیست، کەچی لەبەر ئەوەی لەبەرژەوەندی خۆیدا نەبوو خۆی لێ کەڕدەکرد. سەرەتا نەیهێشت لە تۆماری دادگادا بنووسرێتەوە، پاشان هەندێک شتی پێنووسی و بەپەلەپڕوزێ گەڕێندراینەوە بۆ زیندان.

(مانگرتنی تامردن)مان ڕاگەیاندبوو، تاڕادەیەکیش لە تۆمارەکەدا جێگەی گرت. ئەفسەرێکیش هەمان شتی بە ئیدارەی زیندان ڕاگەیاند. منیان خستە قاوشی خوارەوە، هەڤاڵانیشیان خستە کابینەی چاوپێکەوتنەوە. ئەمە گرووپی خارپێتە بەرخودانی دەکات، دەبێت کارێکیان پێبکرێت ناوی خۆشیان لەبیر بکەن! ئەو گرووپەی کە (شاهین) و (یڵدرم) خیانەتی سەرتاسەرییان تیا مسۆگەر کرد، ئێستا لەناوبەرخودانیدا بوو.

هێشتا نەچووبوومە ناو قاوشەکەوە لەناکاو دەنگی شوشە، هاوار، قامچی، قاوقیژ هاتەگوێم. دەنگێکی کڕی گووتنەوەی دروشم دەهاتە گوێم. ئەوانەی خۆشمان دەستبەجێ لە پەنجەرەی سەرەوەوە بە گووتنەوەی دروشم پشتیوانیان لێکردن. لە پەنجەرە شکاوەکەوە بەشێکی کابینەکە دیاربوو. چەند جارێک بە هاوار و

بەدوای یەکدا پرسیمان: "هەڤاڵ، هەڤاڵ چی بووە؟ حاڵتان چۆنە؟" دەنگ بەهەموو لایەکدا بڵاوەی دەکرد.

گرووپی خارپێتیان هێنابووە قاوشەکەی پەنامان. لەدڵی خۆمدا دەمگووت: "زۆر باش بوو" کێشایان بە دیوارەکەدا، دەستبەجێ هاتمە وەڵام. گووتیان: "سەربازەکان پەلاماریاندایین، هەندێک لە هەڤاڵان بریندار بوون. (مەتۆ)یشیان لەناودایە، بەگشتی رەوش باشە. هەموو هەڤاڵانمان بەشداربوون. لە گرووپەکانی تریش تەنیا چەند کەسێک هاتنە ریزەوە و ئەوانی تر هێشتا بەشدار نەبوون". لە حاڵ و رەوشی ئێمەیان پرسی، دانیشتنەکەی دادگام بۆ گێڕانەوە. پێنج خولەکی پێنەچوو لەوێش دەریانکردن و بردنیانن. کێشایانەوە بە دیوارەکەدا و پێیانگووتم کە دەیانبەن. ئەو سووک و بەدکارانە، هەڤاڵانی ئێمەیان بە ئەنقەست نەدەهێنایە ئەو قاوشانەوە کە نزیکبوون لەیەک. یان دانپێدانەر و خیانەتکارەکان، یان ماستاوچی و دەستلێسەکان (بەگشتی لە عەشیرەتی بوجاک و سلێمان و هاوشێوەکانیان) یاخود کەسانی گرووپەکانی تریان دەخستە ئەو قاوشانەوە. درێژەیان بە گۆشەگیرکردنی ئێمە دەدا.

هەمان رۆژ وەک بڕیارمان لەسەردا بوو (ئایسەل) و (فاتیمە)ش هاتنە خوارەوە. داوانامەکەمان خاڵی وەک (هەڵگرتنی ئەشکەنجە و لابردنی فەرماندەیکردن بەسەر بەندکراوانەوە، دادگاییکردنی بکوژانی بەندکراوانی ژێر ئەشکەنجە، هەڵگرتنی گوشار و قەدەخەی سەر سەردانیکار و پارێزەران، بەجددی وەرگرتنی پەیوەندی نوێنەری خۆمان لەگەڵ ئیدارەی زیندان، چارەسەرکردنی کێشە تەندروستییەکان، هێنانی ماتریاڵی پێویست بۆ ئامادەکردنی بەرگرینامە، هێنانی پەرتووک، بەشێوەی رێکوپێک پێدانی رۆژنامە... هتد)ی لەخۆگرتبوو.

ئیتر لە واتایەکدا (مانگرتنی تامردن) چارەنووسی چالاکییەکەی دەستنیشان دەکرد. مانگرتنە بەوادە و بێ وادەکانی تر بە ئەنجام گەیەندرابوون. لە هەندێک شوێن سێ رۆژ، لەهەندێک شوێن هەفتەیەک، ئەوانەی خۆشمان (10 – 12) رۆژ بەردەوامیان کردبوو.

رۆژانە پزیشک دەهاتە لای چالاکانی (مانگرتنی تامردن)، بەڵام ئێمە چاودێری پزیشکمان رەتکردەوە. پزیشک بە سەری پەژموردەی خۆیەوە هاتوچۆی دەکرد، ناوبەناو هەندێک پرسیاری دەکرد، بەحیسابی خۆی دەیویست بزانێت چەند بەهۆشین یان بەپێچەوانەوە. چالاکی بەرەو رۆژی (20)ەوە دەچوو. بەندکراوەکان ناوبەناو بە گووتنەوەی دروشم بە شێوەی کرداری و جیاواز درێژەیان بە بەرخودانی دەدا. ئیتر دەنگی سروودی فاشیستانە و ئەشکەنجە نەدەبیسترا. زیاتر تازە هاتووەکان دووچاری ئەو رەفتارانەی دووژمن دەهاتن. بەگشتی هەموو کەس لەم بابەتەدا هەستیار ببوو، لەگەڵ هاتنی هەر دەنگی لێدان و هاوارێک دەستبەجێ بە گووتنەوەی دروشم دەستوەردانیان دەکرد. لە بابەتی دەرخستن لە قاوشەکان و رەفتاری هاوشێوەدا کاردانەوەی هاوبەش و سەرتاسەری نیشان دەدرا. ئەوانەشی کە دەبرانە بەردەم دادوەر، بە دیوانی دادگایان دەگووت کە (مانگرتنی تامردن) بەردەوامە، ئەگەر داواکارییەکان جێبەجێ نەکرێن ئەوا خۆیشیان دەست بە (مانگرتنی تامردن) دەکەن.

# ئیمامە ساختەکان

لە بڵندگۆکانەوە گووتاری ئایینی دەگووترایەوە. نەقیبە جنۆکە ڕوونەرمەکە، لەجیاتی سروودەکانی جاران ئێستاکە دەیەوێت بە گووتاری ئایینی لە (مانگرتنی تامردن) دوورکەوینەوە. ئەم ڕێبازەیان لەهەموو ئەوانی پێشوویان سەیرتربوو! مامۆستا چەند ئایەتێکی دەخوێندەوە و پاشان دەیگووت کە کەسێک بە خۆبرسیکردن خۆی سزا بدات، گوناحی دەکات، سزا تەنیا لەلای خوداوەیە و ئەمەی دووبارە و سێبارە دەکردەوە. جارێکی تر بڵندگۆکانمان نەشکاندبوو، بەو مەبەستەی دەشێ پێویستمان پێی ببێت. بەڵام ئەم بەرنامەیەیان شەڕێکی گەورەی دەروونی بوو.

پاشان ئیمامەکانیان بۆ چەندجارێک هێنایە قاوشەکانیشەوە. نەقیب "یوزباش"ی بێ قیمەت بەمشێوەیە دەیویست بە ڕای گشتی ڕابگەیەنێت کە ئێمە کەسانی بێ دینین. لەڕاستیدا ئامانجی ئەوە نەبوو گوێ لە گووتارەکان بگرین، تاکە ئامانج شەڕی تایبەت بوو. ئاپۆرەیەکی گەورەی بەندکراو هەبوو، کۆمەڵێک نیشتمانپەروەری بەساڵاچوو و تەمەن مامناوەندی هەبوو، قاچاخچییەکانیش بەشداری بەرخودانەکەیان کرد. بەشداربوونی هەموو ڕەنگەکان ڕاستی و دروستی، ڕەوایەتی و پێویستی چالاکییەکەی بەڕوون و ئاشکرایی دەخستەڕوو. دووژمن هەوڵی دەدا بۆشاییەک پەیدا بکات. جارێکیان ناچاربووین لەگەڵ کابرای ئیمامی درۆینە دەمەقاڵێ بکەین.

ڕۆژێکیان یوزباشی بە یاوەری ئیمامێک هات، ئیمامەکە لەڕاستدا جەلادێکی فاشی ڕووخسار بوو، کڵاوێکی درۆینەی

ئیمامیانەی لەسەر و عەبایەکی ساختەی رەشی لەبەرە. بە قسەکانی؛ خۆی دەدا بەدەستەوە و دەیگووت: "دەتانخەڵەتێنن، بەبرسیبوون چیتان دەستدەکەوێت. خائینانی وڵات بەمجۆرە خۆیان دەکوژن و دەیانەوێت تورکیا لەبەرچاوی دەوڵەتانی دەرەوەدا ناشرین بکەن".

یوزباشی هەر چۆن هەستی بەو ناشارەزاییەی ئیمامە دەستکردەکەی کرد تێکچوو و خۆی تێهەڵقورتاند و گووتی: "ئەمانە بەوشێوەیە بێ ئەقڵانە نایکەن، دڵنیام ئامانجێکیان هەیە، هەندێک خاڵ و بنەما هەیە کە تیادا راست و هەقن، بەڵام پێویستە ئەمانە بە گفتوگۆ چارەسەر بکرێن. لەخۆڕایی خۆیان ئازار دەدەن. دەی بەهەر حاڵ خۆیان دەزانن، ئێمە زۆریان لێناکەین". و پرسی "هیچ فشارێکمان هەیە لەسەرتان؟" بە شێوەی سەیرکردنەکەم تێکچوو بوو، هەموو جارێک وام دەکرد تێبگات دەرکم بە ئاستی ساختەکاری و بەدخوویەکەیم کردووە. هاتمە وەڵام و پێمگووت: "زۆر لێکردن چییە؟ ئەشکەنجە چییە؟ قامچیەکانتان بێنن و بەکاریان بهێنن. ئەشکەنجە تەنیا قامچی و کارەبا نییە. ئەوەی ئێستاکەش دەیکەن هەر ئەشکەنجەیە. پێشتر لە بڵندگۆکانەوە سروودتان لێدەدا و ئێستاکەش گووتار. یان ئیمامی ساختە دەهێنن و دەتانەوێت شەڕی دەروونیمان لەگەڵ بکەن. ئەم ئیمامە وەکو سەربازێک قسە دەکات یان وەک ئیمامێک؟ لە داوانامەکانماندا داواکارییەکانمان خستبووەڕوو، تەنیا هەنگاوێکتان هەڵنەگرتووە بۆ جێبەجێکردنیان، کەچی ئیمامان بۆ دەهێنن. لەکاتێکدا نامانەوێت چاومان بە پزیشک بکەوێت هەموو رۆژێک پزیشک دەهێنن. پێشتریش چاومان بە پزیشک نەدەکەوت. نەخۆشمان هەیە کەچی کاری پێویستیان بۆ ناکرێت و پشتگوێخراون. هەروەها بۆ چەندین مانگ چاومان بە کەسوکار

نەدەکەوت، کەچی ئێستا دەیانهێننە ژووریشەوە. زۆریان لێدەکەن تا پاشگەزمان بکەنەوە. واتا لەیەک کاتدا گوشار دەخەنە سەر ئێمەش و کەسوکارەکانیشمان. پاشانیش دەپرسن؛ ئەشکەنجەتان دەکەین؟ یان دەڵێن؛ لە سەردەمی ئیدارەی پێشوودا هەندێک شتی نەخوازراو روویاندا...هتد جارێکی تر نە ئیمام و نە کەسی تریش مەهێنن، نامانەوێت. چونکە بەو ئەتوارەتان تەنیا مردنمان خێراتر دەکەن و هیچی تر".

یوزباشی بە تەواوی تێکچوو و گووتی: "ئەمە تێڕوانینی خۆتە، لەوانەیە هەڤاڵانی ترت بە پێویستی بزانن. تۆ ئاراستە بەوانیش دەدەیت، ناهێڵیت بە ئیرادەی خۆیان بن".. (ئایسەل) زۆر بە تووڕەییەوە پێی گووت: "هەمووومان بە ئیرادەی خۆمان بەشداربووین، کێشەکەش کێشەی هەموومانە. ئەوە دەڵێی چی؟"

لە دەرەوە بە هەڕەشەوە کەسوکاری بەندکراوانیان تەمبێ دەکرد. ئەوان بەشێوەیەکی ئاسایی حەزیان دەکرد بمانبینن چونکە مەراقیان دەکرد، بەڵام دووژمن ئەوانی بەم مەرجە دەهێنایە ژوورەوە: "زۆریان لێبکەن با دەست لە (مانگرتنی تامردن) بەردەن، ئەگەرنا دەمرن. ئێمە پەیوەندیمان پێوەی نییە. داواکارییەکانیان لە ئێمە بەولاترە. خۆتان دەبینن، ئەشکەنجە نییە، ئیدارە گۆڕا. هەندێک هەن ئاراستە بەمانە دەدەن، هانیان دەدەن. منداڵەکانتان دەخەڵەتێنن، گوناحە...هتد" و دەیانویست بەکاریان بهێنن. تەنانەت هەندێک خانەوادەیان بە زۆر لەماڵەکانیانەوە دەهێنا.

گرووپێکیان هێنابووە ژوورەوە، خانەوادەی (ئایسەل)یشیان لەناودا بوو. دەگریان و داوایان دەکرد کۆتایی بە مانگرتنەکە بهێنین. لەلایەک دەیانگووت: "بەم شێوەیە چیتان دەستدەکەوێت؟" و لەلایەکی تریش کاتێک لەباوەشیان دەگرتین و ماچیان دەکردین

دەیانچپاند بەگوێماندا" هەموومان پشتیوانیتان دەکەین، لەدەرەوە کار بۆ ئامانجەکانتان دەکەین، خەمتان نەبێت. تەنیا بۆ ئەوەی بێینە لاتان هەندێک شت دەڵێین، ئەگەرنا ئەم سەگانە ناهێڵن بێینە ژوورەوە". ئەمەش زۆر شادی دەکردین.

پشتیوانییەکی بەمجۆرەی کەسوکار و خانەوادەکان مایەی سەربەرزی بوو. بەر لەوەی دەرکەونە دەرەوە، یەکێکیان گووتی: "بەرەو فەرماندەیی ڕێپێوان دەکەین". کەوابوو تادێت خانەوادەکانیش خۆیان ڕێکدەخست. یەکێتی و هێزی چالاکییەکەی ناو زیندان، لەدەرەوەش خێزان و خزمانی جەمکردبوو.

لە ڕۆژانی سەرداندا، نەدەچووینە هۆڵ و کابینەکانی پێشوازی میوانانەوە. تەنیا چەند کەسێک دەچوون و ڕەوشی ئێرەیان بە میوانەکان دەگەیاند یاخود زانیاری دەرەوەیان دەهێنا. جگە لەوە بەدرێژایی ڕۆژ دروشم دەگووترانەوە و هەوڵی هۆشیارکردنەوەی خانەوادەکان دەدرا، لەلای خۆشمانەوە بانگەوازیمان دەکرد. کاتێک لە پەنجەرەکانی سەرەوە بە دەنگی بەرز هاوارمان بکردایە، کەس و خزمانی بەر دەرگە دەنگیان دەبیستین.

تادەچوو بارودۆخمان خراپتر دەبوو. توانەوەی جەستەیی لە هەموو شتێک زیاتر دووژمنی دەترساند. هەربۆیە نەیانویست لەوە زیاتر لە زیندان رامانگرن، بەمەبەستی هاوکاری خێرا، ڕەوانەی نەخۆشخانەیان کردین. دووژمن توانای وەڵامدانەوەی مەترسییەکانی نەبوو.

لەناو ئۆتۆمبێلەکەدا (سەلیم چرووککایا) و کۆمەڵێک هەڤاڵی تریش هەبوون. بەگشتی دەیانگووت کە ڕەوشیان باشە. سەبارەت بەدەرەوە لەوکەسانەی کە تازە هاتبوون چیان بیستبوو بۆیان باس کردم و گووتیان: "چەند دەستەیەک لە هەڤاڵان هاتوونەتەوە

وڵات. نزیکەی (20 - 30)کەسن و خەباتی ژێرزەمینی دەکەن. ناوبەناو لەدژی کەسانی جاسوس و بەکرێگیراو چالاکی ئەنجام دەدەن. ئەمانە دەستەی چەکدار و خەباتی ژێرزەمینی ناو گەلن. گەل بەم رەوشە خۆشحاڵ بووە. بێگومان زانیاریش هەیە کە لە ئایندەدا چالاکی گەورەتر بکرێت". تاوێک دەنگی کزکرد و پێیگووتم: "پارتی بیردەکاتەوە لەدژی زیندان چالاکی بکات و بە فڕۆکە بمانڕفێنن". لەناو ئۆتۆمبێلەکەدا کۆمەڵێک سەرباز هەبوون و دەستیان بە قسە و باسێکی خەستوخۆڵ کردبوو. پێشتر گوێیان شل دەکرد، بەڵام ئێستا هیچ خۆیان لەقەرەی نادەن. ئەوجار تادەچێت بۆ هەموو لایەک ئاشکرا دەبێت کە بەرخودان چەند پیرۆزە و چی ناکات؟! لە نەخۆشخانە بۆ ماوەیەک لە هۆڵی چاوەڕوانی پێکەوە بووین. گەڕاینەوە بۆ رۆژانی رابردوو. مەراقیان بوو بزانن چۆن مامەڵەیەکمان لەگەڵ کراوە. رووداو و بەسەرهاتەکانمان باسکرد، زیاتر ئێمە قسەمان کرد. (فاتیمە)شمان لەگەڵ بوو، بەڵام بێدەنگ و ساردبوو. ئەم خەسڵەتەی ناشیرین بوو و مایەی دانبەخۆدا گرتن نەبوو. ئێستا پێکەوە بەرەو مردن دەچووین، لە هەمان چالاکیدابووین، بیرم لەوە دەکردەوە کەچۆن لەگەڵیدا هەڵبکەم. چەند مرۆڤێکی سەیر بوو. (گولەر)ی خوشکی زیندەتر و دۆستانەتر بوو. کەچی (فاتیمە) هەنگاوەکانی، قسەکردنی، بەڕێوەچوونی، نیگاکانی، هەر یەکەیان بەحیساب و کیتاب بوو، بەشێوازێک بوو کە بەرامبەرەکەی بخاتە زەحمەتییەوە. لەڕێبواری بەرەو مردندا و لەکاتێکدا بەکەیف و خۆشی و بەلێوانڕێژی، بە گەرمی، پڕلەجوانی، بە راست و دروستی بەسەربردنی هەر تۆزقاڵێکی ژیان لە ئارادابوو، دیمەنێکی سارد و بێزارکەری بەمجۆرە، زۆر بێتاقەتی دەکردم. بەخۆشحاڵی و سەرفرازییەوە بەرەو مردن رۆیشتن..!، بەڵام بەو

مەرجەی قیمەتی هەموو شتێکی ژیان بزانیت، ئازاریان نەدەیت، نەیانڕوشێنیت، زیان لە جەوهەریان نەدەیت و بزانیت چۆن دەیانپارێزیت. لەهەمانکاتدا بەو واتایەش دێت کە بزانیت چۆن دەمریت. ئەگەر نا مردن و ژیان ئاسایی و کەمواتا دەبێت. هەستکردن بە یەک شت؛ واتا هاوهەستی، بە یەکگەیشتنەوە لە جوانی هاوبەشی رۆحیدا راستەوخۆ بەندە بە پابەندبوونێکی بەهێز بە ئامانجەوە. قووڵایی باوەڕی، بەخوڕبوون لە شەپۆلەکانی شەڕدا و هێزی لەباوەشکردنی زۆر و زەحمەتییەکان، ورە بەرز دەکاتەوە. چونکە بەشێوەیەکی تر پێکەوەبوون هیچ واتایەکی نەدەبوو.

لە ژووری بەندکراوانی قاتی سەرەوەی بەشێکی نەخۆشخانەدا ئێمە، لە بەشێکی تر و لەدالانەکانی خوارتردا پیاوانی بەندکراو هەبوو. دواجار بەرلەوەی بمانبەن بۆ ئەو شوێنە دەستنیشانکراوانە، هیوای سەرکەوتنمان بۆ یەکتر خواست و گووتمان: "تا هەڤاڵی جێی متمانە و دروست، یان هەڤاڵێکی کۆمیتە نەیەت و قسەیان لەگەڵ نەکەین، درێژە بە چالاکییەکەمان دەدەین".

ئەو بەشەی ئێمەی تێدا جێگیرکراین، بەشی منداڵبوون بوو. هەموو شەوێک دەمەو بەیانی منداڵێک لەدایک دەبوو. دەنگی گریانی کۆرپە و قاژوقیژی دایکان تێکەڵی شەو دەبوو. لەلایەک (مانگرتنی تامردن)، لەلایەکی تریش ئەوانەی تازە چاویان بە دونیا هەڵدێنا. کە گەورەبوون ئەگەر بۆیان باس بکرێت، ئەوانیش هەلومەرجی لەدایکبوونی خۆیان دەگێڕایەوە و دەیانگووت: "کاتێک لەدایکبووم، لە هەمان نەخۆشخانەدا هەندێک هەبوون لە (مانگرتنی تامردن) دابوون کە سەربازەکان بە چەکەوە بەسەر سەریانەوە راوەستابوون".

خانەوادە و کەسوکاریشیان بۆ دەهێنایە ئەوێ. ئەمجارە خانەوادەی هەرسێکمان پێکەوە هاتن. لەلای ئەفسەر، ئەرکدار و سەربازەکان دەگریان و نوزەنوزیان دەکرد، بەچپەش باسیان لەوە دەکرد کە تا کوێ چوون و چیان کردووە بۆ کۆکردنەوەی دەنگی نارەزایی و چەند هەوڵیان داوە. دەیانگووت: "شاندێکمان چووین بۆ ئەنکەرە، تا بەردەم پارێزگا ڕێپێوانمان کرد، چووین بۆ فەرماندەیی. زۆرمان بۆ ئیدارە هێنا، داوانامەمان نووسی...هتد".

بیستنی ئەم شتانە خۆشن، بەڵام ئەندێشەی خۆشیان لەمەڕ ڕەوشی ئێمە نەدەشاردەوە. دیاربوو ئازاریان دەچەشت. گریان، بوورانەوە و سەرسپیکردنیان لە ماوەیەکی وەها کەمدا نیشانەی ئەو ئازارەیان بوو. باسی بەسەرهاتەکانمان بۆ دەکردن. بەڵام کورتە باسی کردەوە و ڕەفتارەکانی دووژمن زیاتر کاری تێدەکردن. لە قسەکانماندا هەوڵماندەدا لە واتای ژیانیان بگەیەنین. لەم دیدارانەدا دەنگی قەرەباڵغی، غەڵبەغەڵب، گریان، حەیف و ئۆف تێکەڵی یەکتر دەبوون. ئەم دۆخە شەکەت و ماندووی دەکردین. دیسان دەبوو زۆر بە سەبرەوە هەموو ئەو شتانەیان بۆ باس بکرێت. قسەمان لەسەر چۆنێتی بە ئاگابوونیان لە تەڵەکەبازییەکانی دووژمن و لەبەرامبەریشدا دروستکردنی یەکێتییەکی ناوخۆ دەکرد، لەجیاتی ئەو ژیانەی دووژمن دەیسەپاند بەسەرماندا، مردن دەیانجار شەرەفمەندانە بوو و دەمانویست چالاکییەکەمان لەم چوارچێوەیەدا بخوێننەوە. تادەچوو باشتر لە جددیەتی دۆخەکە، ڕەهەندی چالاکییەکان، تەکتیکەکانی دووژمن لە چۆنییەتی بەکارهێنانی خۆیان لەبەرامبەر بە ئێمە دەگەیشتن. بە ئەندازەی تێگەیشتنیشیان ڕێزی زیاتریان لێدەگرتین و لە دەرەوەش روویان لە هەوڵی جددیتر دەکرد.

بەکارهێنانی تەکتیکەکانی دووژمن لەبەرامبەر بەخۆی، یەکێک لە واتادارترین چالاکییەکان بوو.

بەڕێوەبەرانی نەخۆشخانەی سەربازی، پلەدار و فەرماندارەکانی سەربە هێزی وشکانی، لە بەڕێوەبەرانی زیندان ناوەناوە دەهاتن و گفتوگۆیان دەکرد. بەردەوام هەمان وشەیان لەدەم دەردەکەوت؛ کەمئەندام دەبن، خۆتان ئازار دەدەن، بەهیچ ناچێت... هتد، هاوکات داوایان دەکرد دەست لە چالاکییەکەمان هەڵگرین. بێگومان لەناو کارمەندەکاندا هەندێک هەبوون کەوتبوونە ژێرکاریگەری ژیانی ئێمەوە. گریانی خانەوادە و کەسوکار، حەپەسانی خەڵکانی نەخۆشخانە لەبەرامبەر بە رۆژبەڕۆژ توانەوەمان، ئەوانەی بە خەم و ترسەوە سەیریان دەکردین یان پزیشک و پەرستارەکان کە زۆرجار هیچیان لەزار نەدەهات و دەڕۆیشتن. بەڵام بەگشتی مەخلوقاتی هەمان زیهنییەتی فاشی بوون. زمانە دەستکردەکان هەمان چوارینەیان دووبارە دەکردەوە.

27مین رۆژی چالاکییەکە بوو، دانیشتن کراوە، هەندێک هەڤاڵ هێندرابوون بۆ نەخۆشخانە، لەنێوان ئێمە و هەڤاڵاندا ئاڵوگۆڕی رۆژنامە هەبوو، سەبارەت بە پێشهات و رووداوەکان بەکورتی هەندێک شتیان دەنووسی و ئەوانیش پێیان دەگەیاندین.

هەمان رۆژ (ئایسەل)یان بانگکرد. چاوی بە (سەلیم) کەوتبوو، (سەلیم) پێیگووتبوو کە چالاکی بە ئەنجام گەیشتووە، دوو هەڤاڵ لە کۆمیتەوە هاتوون و رۆیشتوون، بەڵام سەریان لە ئێمە نەدابوو. کاتێک (ئایسەل) ئەمەی بۆ باسکردم کاردانەوەم نیشاندا و گووتم: "ئەمە چۆن چاوپێکەوتنێکە. لە کۆمیتەوە هەڤاڵ تا نەخۆشخانە بهاتنایە دەهاتن بۆلای ئێمەش. جێگەی باوەڕی نییە. (سەلیم) چۆنبوو؟ کێی لەگەڵ بوو؟ ئەمەش تەڵەکەبازی دووژمن نەبێت،

لەبەرامبەر بە یەک بەکارتان نەهێنێت..! دەڵێت: (سەلیم) بێ تاقەت بوو، قسەی پێنەدەکرا.. ئەگەر چالاکی ئەنجامگیر بووایە ئەوا مۆراڵی بڵند دەبوو، دەبووایە چالاک و زیتەڵتر بووایە. نەخێر با بەردەوام بین تا دڵنیا دەبین". لەسەر ئەم باسە نامەیەکم نووسی و گووتم: "ئێمە بەردەوامین لە چالاکییەکەمان، تا هەڤاڵ لە کۆمیتەوە نەیەن کۆتایی پێ ناهێنین". ئەرکدارەکان نامەکەیان نەگەیاند، بەڵام پێیانگووتبوون کە ئێمە بەردەوامین لە چالاکییەکەمان. شەو (سەلیم) هاتەوە، ئەمجارەیان هێنرایە قاوشەکە و گووتی: "خواردن و خواردنەوەی سادە و سوکەڵەی وەک شیر و شتی وام بۆ هێناون. بۆچی واتان کرد، دوای چاوپێکەوتنەکە ئێمە چالاکییەکەمان ئەنجامگیرکرد. رەزا و ئەوان هاتن و گەڕانەوە، بەهەموو قاوشەکانی زینداندا دەگەڕێن. یەکەم جار هاتبوون بۆ ئێرە، بڕوا بە من ناکەن؟".

لێی هاتمە وەڵام: "کێ دەبێت با ببێت، مەسەلە بڕواکردن و نەکردن نییە، بەڵام ئەم کارەش کاری مناڵانە نییە، پێویستە راست و پتەوبێت. دووژمن هەزار و یەک جۆر تەڵەکەبازی هەیە، ناچارین بە ئاگابین. چۆن ئەنجامگیربوو؟ کام داواکارییانەمان پەسندکران؟ هەموو داواکارییە سەرەکییەکانیان پەسند کرد؟".

سەلیم لەوەڵامدا گووتی: "ئەشکەنجە و گوشار نامێنێت، فەرمان و فەرماندەییکردن هەڵدەگیرێت، داواکارییەکانی تریش بەگشتی پەسند کراون. بەکارهێنانی دەستەواژەی (فەرماندەم) لەبەرامبەر بە ئەفسەرەکان هەبوو، ئەمە و شتی هاوشێوە لە ژیاندا هەڵدەگرین".

گووتمان: "تا ئێستا بەوانمان نەگووتووە فەرماندەم و لەمەودواش هەرگیز پێشیان ناگووترێت، مادام فەرمان و فەرماندەییکردن بەسەر بەندکراوانەوە هەڵدەگیرێت ئەو مەرجە

لەجێی خۆیدا نییە. دیارە لێرەدا دانیشتنەکان زۆر بە باشی و تێروتەسەلی بەڕێوە نەچوون و روون نین. وەک چاونوقاندنێک یان رێکەوتنی مەرجدارە" و رەخنەمان کردن کە سەردانی ئێمەشیان نەکردووە. ئەم بابەتانە جددین، بۆ نموونە، شتگەلێک هەبوون کە ئێمە پەسندمان نەکردبوون. ئێستا سێ کەس ئەم چالاکییە بەردەوام بکەین یان نا؟ ئەگەر نا ئەوا پێچەوانەی بڕیاری رێکخستن دەبینەوە. ئاشکرایە بە گومانەوە چاومان لە یەکەم هاتنی (سەلیم) کردبوو. هەر (سەلیم) بوو نەیهێشت بەشداری بکەین لە (مانگرتنی تامردن)ی مانگی تەمووزی رابردوودا. بۆیە دەشبێت ئەو توورەییەی لەبەرامبەر هەڵنەستان بەچالاکی لەناخی خۆماندا شاردبوومانەوە هۆکاری سەرەکی ئەو گومانە بێت.

مانگرتنەکەمان ئەنجامگیر کرد، بەڵام نارەزاییەک لەناخماندا هەبوو. هەندێک شت سەراوبن دەڕۆیشتن، مایەی رەزامەندیمان نەبوون. بۆچی هەروا کۆتایی پێهێندرا؟ لە رۆژی (27)میدا بوو، هێشتاش بە ئاستی مردنیش نەگەیشتبوو. لەناوخۆماندا بڕیارمان دا " لە پراکتیکدا جێبەجێی ناکەین، ئەگەر بەسەرماندا بیسەپێنن، ئەوا کار و چالاکی تر دەخەینە بەردەممان" ماوەیەک لە نەخۆشخانە ماینەوە و پاشان گەڕاینەوە بۆ زیندان.

## (PKK) تەنانەت شێتەکانیشی مایەی ترس و خۆفن

چالاکی کۆتایی هاتبوو، بەڵام وابەدەردەکەوت کە چالاکی ناوخۆ دەستی پێکردبێت. لەو رۆژانەدا ئەشکەنجە و زەبروزەنگی سێ ساڵە لەواتای قەبادا کۆتایی هاتبوو. وادەی سەردانیکردن لە (1 - 2) خولەکەوە بۆ (10 – 15) خولەک زیاد ببوو، ئیتر سروود نەدەگووترانەوە، بەپارەی خۆمان لە دوکانی ناو زیندانەکە شتی جیاجیامان دەکڕی، ئەو پەڕتووکانەیان بۆ دەهێناین کە لە لیستی مەترسیدار و قەدەغەکراوەکانی بازاڕ و زینداندا نەبوون، رووبەڕوو و لە ژێر چاودێری سەربازدا دانیشتن لەگەڵ پارێزەر دەکرا. ئەمانە ئاسوودەیەکییان هێنابوو، لەلایەکی تریشەوە لەناوخودی چالاکییەکەدا دیاربوو کە زێدەڕۆیی ناو کەسایەتی، گرژی، چاوسووری، خۆپەرستی، خودڕەوییەکانی کەسایەتی لەو رۆژانەدا زیاتر بەجوڵە هاتبوو. ئەگەر (مانگرتنی تامردن) درێژی بکێشایە، لەوانەبوو بێباوەڕی و پاشگەزبوونەوە سەری هەڵبدایە. هێواش هێواش ئەم مەیلە خۆی دەدایە دەرەوە.

ئەشکەنجە و زەبروزەنگ لەواتایەکدا یەکێتیی ناوخۆی دروست دەکرد، لەولاشەوە وێرانکارییەکی گەورەی ناوخۆی دەهێنا. ئەگەر رق و کین و تووڕەیی بەرامبەر بە دووژمن لەسەر بونیادی هزری پتەو دانەنرێت، دیاردەی دووژمن لەهەموو لایەکەوە هەڵنەسەنگێندرێت، خەسڵەتی شەڕی چینایەتی و لایەنە مێژوویی و هەنووکەییەکانی نەزانرێت، ئەوا گوشار و زەبری دەرەکی، ئەو دیاردانەی ناوخۆی بە خێرایی هەڵدەکڕاند، دەیشکاند و دەیڕوخاند کە کردبووی بە ئامانج. لایەنگەلێک دروست دەبن کە هاوشێوەن و یەکدی بەلای یەکدا رادەکێشن. ئەگەری هەیە جاروبار

کاردانەوە و پەرچەکرداری بەرامبەر بە دەرەوە روو لەناوەوە بکات. مەترسی لەم خاڵەدابوو.

پێویست بوو ناکۆکییەکان لەسەر بناخەی راست شیبکرێنەوە. (گیۆنول) بەو هۆکارەی لەناو (مانگرتنی تامردن)دا نەبوو هەم دڵگران و هەم تووڕە ببوو. چەند هەڤاڵێکی تریش بە هەمان شێوە. بەڵام ئێمە رێگەی دووەمین دەستەمان بۆ (گیۆنول) و هەڤاڵانی تریش بە کراوەیی بەجێهێشتبوو. لە زینداندا هەموو کەس لە (مانگرتنی تامردن)دا نەبوو، تەنانەت هەڤاڵانی کۆمیتەش بە هەمانشێوە. هەڤاڵ (رەزا)ش لەڕیزی مانگرتوواندا جێگەی نەگرت و ئەویش لە دەستەی دوواتردا جێگەی بۆ دەستنیشان کرابوو. بۆیە بەباشمان نەدەزانی ئەم دۆخە وەک بێ متمانەبوون هەڵبسەنگێندرێت.

گرنگ ئەوە بوو بزانین بەپێی هەلومەرجی دەرهاویشتەی قۆناخەکە بزانین بژین و بەڕاستی کار بکەین، ئەمەش یەکێک بوو لە پرسە سەرەکییەکانی ئەو رۆژگارە. دووژمن لەلایەک لەدژی چالاکییەکە پڕووپاگەندەی دەکرد و دەیگووت" ئەوانە خۆیان لەبەر سێدارەن و مردنیان دەوێت، ئەم کارەیان بە ئامانجی پڕووپاگەندەی رێکخستنە، دەیانەوێ لە دەرەوە رواڵەتێک بۆخۆیان دروست بکەن. بەمجۆرە هەق بەدەست نایەت..." لەلایەکی تریشەوە دیمەنی نەرمنوێنی نەقیب "یوزباشیی"ە تازەکە، سیاسەتە ژێربەژێر و دزەکییەکانی، تەکتیکەکانی دەخرایە رۆژەڤەوە. ئیدارە تەنیا لەپێناوی ئەو رواڵەتەیان قسەیان لەگەڵ بەندکراوان و نوێنەرانی بەندکراوان دەکرد. راستە لەواتای قەبادا ئەشکەنجە نەدەکرا، خواردن و خواردنەوە بە بەراورد لەگەڵ پێشووتر لەڕووی کوالێت و بڕەوە باشتر بوو. واتا لە ئاستی گشتیدا چاکسازی کرابوو، بەڵام ریباکارییان لە بەرامبەر

داواکارییە سەرەکییەکان هێشتا درێژەی هەبوو. بە پڕووپاگەندەی پێچەوانەوە چالاکییەکان ڕەش دەکران و دەیانگووت"بەدینایەن، داواکاری ئەستەمن، ئێمە بەخواستی خۆمان ئەم چاکسازیانە دەکەین نەک لەبەر داخوازی مانگرتووانی مانگرتی تامردن" و بەمشێوەیە هەوڵیان دەدا ڕێگری بکەین لە قەڵەمڕەوی ئەو مەیلە.

بەتایبەتیش یوزباشی ئەمەی بە ئاشکرا دەکرد و کاریگەریشی هەبوو. هاوکات ڕێکخستنی ناوخۆمان هێشتا لاواز و بڵاوەبوو. بەندکراوان خۆڕێکخستنێکی پتەویان نەبوو. لە ڕابردوودا هەرکەسە و بەشێوەیەک چەوتی و لاوازی نیشاندابوو. ئەم لایەنانە هێواش هێواش پەردەیان لەسەر لادەچوو. زۆر چەمک و مەیلی چەوت دەهاتنە ئاراوە. هەندێک کەس بە نیگەرانییەوە دەیانگووت: "ڕەوش ئاسایی ببێتەوە و پەیوەندی و دانوستان لەگەڵ پارتی و ڕێکخستن دروست ببێتەوە، ئەوا حیسابی هەموو شتێک دەخوازرێ و حیساب دەدرێتەوە، بەمجۆرە دۆخی هەمووان ئاشکرا دەبێت". بەهۆی ئەم ئەندێشانەوە ڕووداوە ڕۆژانەییەکان بەشێوەیەکی ڕاست و دروست هەڵسەنگاندنیان بۆ نەدەکرا. بەهەر جۆرێک خۆتت لە قەرەی خۆپەرستییەکانیان بدایە، دونیایان بەسەردا خراپ دەکردی. ئەمەش ئاستی تەسلیمییەتی نیشان دەدا.

باش بوو لە نەخۆشخانە زیاتر نەمابنەوە. هەمووان سەرەتا بەخۆشحاڵییەوە لەئامێزیان گرتین. وەک جەژنێک بوو، بەڵام دواتر قسە و باسی قین و تووڕەییەکان دەستی پێکرد. سکاڵا، تۆمەتبارکردن و قسە بەیەک'گووتن ڕژانە مەیدانەوە. لەلایەکەوە ئاسایی بوو، توێکڵگرتنی ڕاستینەیەک بوو. ڕاستە کە لە قاوشی ژنان دانپێدانان، خیانەتی گەورە ڕوینەدابوو، ئەوانەش ڕزگارکرابوون کە مەترسی شکانیان هەبوو، بەڵام هێشتاش

زەمینەی رووخان و کاردانەوە و بێ بڕوایی لەو کەسانەدا بەدیدەکران.

بە ڕۆژان قسەمان لەسەر ئەم تەوەرەیە کرد. پێویستبوو ئەو کەسانە راست بکرێنەوە کە قەیرانی کەسێتییان هەبوو. بوورانەوەکانی (گیۆنول) بەردەوامە و زیاتریش بووە. ئیتر بە ئاشکرا قسەمان لەگەڵ دەکرد. کێشەکان بە ئیدارەکردن و کات پێدان چارەسەر نەدەبوو. لەوانەیە بۆ هەندێک کەس درێژەی بکێشایە، بەڵام (گیۆنول) ناچاربوو بێتەوە هۆش خۆی. راستەوخۆ پێمان گووت: "یان دەردەکەویت و دەڕۆیت، یان ئەوەتا ئاوێتەی ئێمە دەبیت. ببە بە کەسایەتی خۆت، نەک کەسایەتییەکی تر".

ئەم گووتانەمان گەلێک کاریگەری لەسەر کرد، گریا، ماوەیەک بێ دەنگ بوو. پاشان لە لێپرسینەوەکانەوە دەستی پێکرد و دۆخی خۆی بۆ گێڕاینەوە و گووتی: "لە ژێر لێپرسینەوەدا بەرخودانییەکی چاوەڕوانکراوم نیشان نەدا، لە کەسایەتی مندا ترازان روویدا. بەشی زۆرینەی هەڤاڵانی ئەو هەرێمەی تیایدا کار و خەباتمان بەڕێوەدەبرد دەستگیرکرابوون. شتێک نەمابوو پەردەی لەسەر بێت. منیش هەندێک شتم لەسەر خۆم قبوڵکرد. لە تەوەری پەیوەندیم لەگەڵ رەزا هەندێک مژار هەبوون. هەندێک لەو هەڤاڵانەی لە رۆحا پێکەوە کارمان دەکرد پەیوەندیان لەگەڵم جیاواز بوو، مامەڵەیان جیاواز بوو. هەڵبەتە لەلاوازی منیشەوە سەرچاوەی دەگرت. رەخنەم لەسەر هەبوون، لە پاشەملێ قسەم لەسەر دەکرا، بە شێوازێکی تێگەیشتوو و پێگەیشتووانە مامەڵەم لەگەڵ نەکردن. واتا ئەم تەڵخبوونی پەیوەندییەم لەگەڵ رەزا تەنیا بە منەوە سنووردار بوو، بەڵام لە قوناخی دواتردا کاری تێکرد. لە راستیدا بەجۆرێک بۆ رەزام دەنواند کە زۆر پەیوەستم پێیەوە، بەڵام لە ناخی خۆمدا پەیوەستدار نەبووم. وەک مامەڵەیەکی

ساخته و دەستکرد وابوو. لە یەکەمین راپۆرتمدا کە لەقۆناخی لێپرسینەوەکاندا نووسیبووم، باسی ئەم خاڵانەم نەکردبوو. ئەمەش دڵتەنگی دەکردم. شاردنەوە؛ بێزاری دەکردم. لە قۆناخی زیندانیشدا پەیوەندییەکانم لەگەڵ ئیدارە لە ئاستی نوێنەردا بوو. وریا نەبووم، هەڵوێستم بەبڕیار و بە پرەنسیپ نەبوو لەبەرامبەر بە مامەڵەکانی دووژمن. کاتێک هەڤاڵانیش لەم رووەوە زۆریان بۆ هێنام، بەتەواوی دەرگەم لەسەر خۆم قایم کرد. بێ متمانەیی لەبەرامبەرمدا هەبوو و ئەمەش کاری هەبوو لەسەرم. دەزانم هۆکاری ئەمانە هەر خۆمم..."

دەستپێکێکی بەم شێوەیەم پێ باش بوو و پێمگووت: "باشە، دەبێت ئەمانە کاریگەرییان هەبووبێت، بەڵام نابێت بەردەوام لە هەمان خاڵ و جێدا چەقبەست ببیت. یان خۆتی تێوەدەگلێنیت و دەچەقێیت، یان لە هەندێک خاڵدا تەنیا خۆت بە هەند وەردەگریت. هەردووکیشیان بەرەو چەقبەستنت دەبەن. دەشێت ئێمەش لەم خاڵەدا زۆرت بۆ بهێنین، خۆت دەزانیت لەزیندانین، بەردەوام رووبەڕووین لەگەڵ دووژمن. هەر هەڵسوکەوتێکی نەرێنیت دەستبەجێ کاریگەری دەبێت لەسەر هەڤاڵان و لەسەر دووژمنیش. بەر لە هەموو شتێک دەبێت مەودایەک لەنێوان تۆ و ئەو کابرایانەدا هەبێت، جگە لە شتی پێویست هیچیان لەگەڵ مەلێ. هەمووشمان قسەیان لەگەڵ دەکەین، بەڵام ئەویش سنوورێکی هەیە. ئەوانە دووژمنن، بەڕاستیش قسەمان لەگەڵ دەکەن تەنیا بەو مەرامەی راستییەکان لە زاری ئێمەوە ببیستن و هیچی تر. پێویست بوو دەرکت بەمە بکردایە...هتد".

ئەم گفتوگۆیە ماوەیەک (گیۆنول)ی هۆشیار کردەوە، لە پراکتیکیشدا ئاوێتەی هەموو گفتوگۆ و بڕیارێکمان کرد. تا

رادەیەک هاتبووەوە سەرخۆی. بە ئەندازەی خۆڕاستکردنەوەی (گیۆنول)، دەوروبەریش مامەڵەیان لەگەڵیدا باشتر دەبوو.

بەشێوەیەکی چڕوپڕ پرسەکانی تریشمان تاووتوێ دەکرد. چ لە ئاستی یەکە بە یەکە یاخو گرووپ بە گرووپ بێت. مەحاڵە ئەم جۆرە کێشە و گرفتانەی قۆناخێکی سەخت و ئاڵۆز لە هەناسەیەکدا بەچارەسەری بگات. چونکە رەگ و ریشەیان بۆ رابردوو دەگەڕایەوە. لە هەنگاونان بەرەو قۆناخی نوێ، پێویست بوو رووداوەکان لە رەگوڕیشەوە هەڵبسەنگێندرێن. هەڵوەستەمان لەسەر دوایین رووداوە هەنووکەییەکانیش دەکرد. بۆ هەڵسەنگاندنی گشتی قۆناخەکە چاوەڕێی رێنماییەکی تێروتەسەلمان لە بەڕێوەبەرایەتی رێکخستنی ناو زیندانیش دەکرد.

دیاربوو ئیدارەی زیندان دۆخی نوێی پێ هەرس نەبوو. هێشتا ئێمە لە نەخۆشخانە بووین کە بە هەڤاڵانیان گوتبوو "هەقی چی، رێکەوتنی چی و دانوستانی چی؟" دیاربوو (عەبدوڵلا کاهرمان) رق و کینی لە وشەی (رێکەوتن)یان (دانوستان) بوو. ئەم جۆرە دەستەواژانەی بە ملدان و شکست دەزانی. هەربۆیە خۆی پێڕانەدەگیرا.

هەمان شتیان بە خانەوادەی بەندکراوانیش دەگووت تا بتوانن کاریگەری چالاکییەکە بشکێنن. چوونە حەوشەی هەواگۆڕین ببوو بە گرفت، سەپاندنی بەکارهێنانی گووتەی "فەرماندەم" بۆ ئەفسەرەکان و هەفتانە چەند جارێک گەوتنەوەی دوو سێ چوارینەی سرووودەکان هێشتاش بەتەواوی لانەچووبوون. دەیانگووت" ئەمانەمان لەگەڵ نوێنەرەکانتان گووتوبێژ کردبوو. ئەگەر سەرپێچی بکەن ئەوا بێبەریتان دەکەین لە هەموو ئەوانی تریش. ئەگەر بەڕێز نەچن بۆ حەوشەی هەواگۆڕین، ئەوا ناهێڵین

برۆن. ئەگەر بەڕێز نەچنە هۆڵی چاوپێکەوتنەوە، ناهێڵین چاوتان بەهیچ خزمێکتان بکەوێت...هتد' چی روویدا بوو، ئەی باشە کوا خۆ دەیانگووت فەرمان و فەرماندەییکردن[108] شکێندراوە؟ ئاشکرایە دووژمن پێی هەرس نەدەبوو، لەبەرامبەریشدا هیچ شتێک لەسەر بناخەیەکی پتەو دانەنرابوو تا ببێتە وەڵامێک. کێشەکە لە ئێمەدا بوو، دووژمن لە هەندێک خاڵدا سەرەداوەکانی گرتبووە دەست.

تەنانەت دروشمەکانی چالاکییەکەشمان کرابوو بە یەکێک لە بابەتی دۆزی دادگاییەکان. بەگشتی لە دادگاکاندا پەڕاوی دۆزی نوێ لەسەر بەرگریکردنەکان دەکرایەوە و ئەمەش بەربڵاو ببوو. لەشوێنێک سست و شلی بکردایە، لەولاوە توندی دەکرد! رۆژنامەیان پێدەداین، بەڵام هەموو هەواڵە گرنگەکانیان لێدەکردەوە و ئەوجا. چەندین مانگ پەڕتووکێکیان لەلای خۆیان دەهێشتەوە ئەوجا پێیاندەداین. ئەویش بە بیانووی لێکۆڵینەوە. خواستی چاوپێکەوتنی نوێنەران رەتدەکرانەوە. هەلومەرجێکی بە تەواوی تەڵخ و نادیاری دروست کرابوو. بەڵێ و نەخێر لە یەک کاتدا! لەماوەیەکی وەها کورتدا بەشێکی گەورەی دەستکەوتەکانیان وەلا خست یاخود هیچ جێبەجێیان نەکردن.

ئەو پەڕتووکانەمان دەخوێندەوە کە دانە دانە بەدەستمان دەگەیشتن. هەندێک لە نووسراو، گووتار و پەڕتووکەکانی (ئۆرهان هەنچەرلی ئۆغلو)[109]مان دەخوێندەوە و لەناو خۆماندا تاوتوویمان دەکرد. گووتار و نووسراوی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی ناو رۆژنامەکان بۆ ئێمە دەبوون بە بابەتی

---

[108] مەبەست لەو جۆرە مامەڵەی نێوان ئەفسەر و سەربازە کە بەپێی دەستووری سەربازی دەستنیشان کراوە و لە زیندان بەسەر بەندکراوانیشدا دەیسەپێنن.

[109] نووسەر و وێژەزانێکی تورکە، ژمارەیەک رۆمان و پەڕتووکی لێکۆڵینەوەی بەناوبانگی هەیە.

پەروەردە. تەنانەت پەڕتووکی خوێندکارە بەندکراوەکانیشمان بە هەمان شێوە هەڵدەسەنگاند.

ناوەناوە هەواڵ و باسی زارەکی لەلای هەڤاڵانی ترەوە بۆ دەهات، لێکدانەوەمان لەسەر هەڵوێستی ئیدارە، هەوڵەکانیان و ڕێوشوێنی پێویست دەکرد. بۆچوون و پێشنیاز وەردەگیران. ماوەیەکی پڕ لە ئەشکەنجە و زەبروزەنگمان بەسەربردبوو، بنکەی کادیر و لایەنگرانی ناو زیندان پێویستیان بە پشوویێک بوو. ئەوەی بەدەستهاتبوو هەر چەندە کەمیش بێت، ئەنجامی چالاکییەکان بوو. پێویستی بە هەڵسەنگاندنی راست و دروست هەبوو. ئەگەر دووژمن هەندێک داواکاری ئێمەی جێبەجێ نەدەکرد و زۆری بۆدەهێنایین، ئاسایی بوو. بەوەیان دەگەیاند کە خۆیان دەیانگووت: "بە بەرخودانی هیچتان دەستناکەوێت، قسە قسەی ئێمەیە" نەیاندەویست ئەو ترس و سامە بشکێنن کە لە ناخی تاکەکاندا دروستیان کردبوو.

لەو رۆژانەدا نامەیەکمان بەدەستگەیشت، کەتیایدا بەگشتی وەها دەگووترا: "هەفتەی جارێک سروودی ئیستیقلال و سوێند دەگووترێتەوە، بە ئەفسەرەکان دەگووترێت (فەرماندەم)، دووژمن لە بابەتی سەرژمێریدا فشار دەهێنێت و هەندێک شت بەکار دەهێنێت.... ئەگەر ئێوە رەچاویان نەکەن ئێمەش لەگەڵتانین .. هەندێک کاتمان پێویست بوو، چونکە پەیوەندی نێوان قاوشەکان دابڕاو بوو، نەماندەزانی لە قۆناخی رابردوودا کێ چییە و چی کردووە. ئەگەر سەرلەنوێ خۆمان رێکنەخەینەوە و رێکخستن پێکەوە نەنێین، زەمینەیەکی بەهێزی بەرخودانیشمان نابێت. هەر بۆیە بڕیارماندا بۆ ماوەیەک بەپێی رێکەوتنەکە بجوڵێینەوە. تاقی دەکەینەوە و چاودێری دەکەین، بابزانین ئیدارە دەیەوێت لە بەرەی

خۆیەوە بەچی بگات. کە تێگەیشتین ئەوکات یەکە بە یەکەی هۆکارەکانی ژێردەستیان دەردەهێنین و مایەپووچیان دەکەینەوە".

نامەکە بێ تاقەتی کردم. ماوەیەکی درێژبوو ئێمە هیچ یەکێک لەوانەمان نەدەگووتەوە، بەتایبەتیش نەیانتوانی بوو وشەی (فەرماندەم)ان لەزار دەربهێنن و پێیان نەکرا. بۆ چەند جارێک نوێنەری قاوش لەکاتی سەرژمێریدا بەکاریهێنا، پاشان لەبنەوە ئەو وشەیەمان رەتکردەوە و ئیتر کۆتایی هات. ڕێساکانمان سوواندبوو و کردبوومان بە مایەی گاڵتەجاڕی، بەشێکی زۆریشیمان جێبەجێ نەدەکرد. ئێستاکە سەرلەنوێ گەڕانەوە بۆ هەندێک لەو خاڵانەی سەرەتا و بەتایبەتیش لەسەر داوای ئەوان و لەو رۆژ و کاتانەدا کە خۆیان دەستنیشانیان کردبوو و رەچاوکردنی فەرمان و فەرماندەییکردنەکەی ئەوان بوو. لە وەڵامدا پێمگووتن: "دەزانین کە بڕیاری ڕێکخستنە، بەڵام جێبەجێی ناکەین. دەزانین کە لە چوارچێوەی پرەنسیپە ڕێکخستنییەکاندا تاوانێکە. هاوکات ئەو بڕیارەی بەسەرماندا دەیسەپێنن بەرخودانییەکانیش لەکەدار دەکات" و بڕیارەکانمان پەسند نەکرد. هەڤاڵان لە نامەیەکی تردا هەڵوێستی ئێمەیان رەخنەکردبوو و گووتبوویان: "خۆتان دەزانن" سەرەتا بەناوی نوێنەرانەوە، پاشان لەسەرناوی گشتی و دواتریش بە ناوی یەکە بە یەکەی بەندکراوان بە خانەوادە و خزمانی بەندکراوانمان گووت. ئەوانیش داوانامەی بە کۆمەڵیان رادەستی فەرماندەیی حەوتەمین سوپای وشکانی هەرێمەکە کرد. پارێزەرانیشمان خستەگەڕ، بەڵام ئەوان لە خانەوادە و خزمان جیاوازتر بوون! هیچ شتێکیان نەکرد.

لەبەرامبەر بەهەموو ئەمانەدا فەرماننامەیەکی نوێیان پێداین. تیادا هاتبوو: "هەر بەندکراوێک سەربازێکە، وەک سەربازێک مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، لە قاپ و قاچاخی سەربازدا

دەخوات...هتد" درێژەی دەکێشا و دەچوو. هاوکات دەنگۆی لەبەرکردنی جلی یەک جۆر لە ئارادا بوو. بە تەواوی نەماندەزانی چییە و چۆنە، بەڵام جلە خەتدارەکانی فیلمە ئەمریکییەکانمان دەهاتە بەرچاو. ئایا تەنوورە و کراس یاخود تراکسود و کراسی یەکڕەنگمان پێ لەبەر دەکەن؟ ئەوانەی لە دەرپێکانی دایکمان دەچوون. بەگاڵتەوە دەمانگووت: "وەرزشێکی باشی پێدەکەین" و پێی پێدەکەنین. ئەمە لایەنی گاڵتەوگەپی باسەکە بوو، پێویست بوو زۆر بەجددی قسەی لەسەر بکرێت و بیر لە رێگەچارە و هەڵوێست بکرێتەوە.

لە نامەکەدا هەڤاڵان لەسەر ئەم خاڵە ئاگاداری گشتییان بە هەمووان دەدا و دەیانگووت: "پەلامارێکە بۆسەر بەرخودانی ئەیلول. جلی یەکجۆر بیانوویەکە، هەرگیز لەبەری ناکەین. لە دروستکردنی مرۆڤی یەکجۆر بەولا هیچی تر نییە".

هەموومان لە ژێر پانتۆڵەکانەوە چەندین جلی ژێرەوەمان لەبەر دەکرد. بەمجۆرە رێوشوێنی پێویستمان لەبەرانبەر جلی یەکجۆر دەگرتەبەر. بێگومان لایەنە عەیبیارەکانیشیمان تاووتوێ دەکرد. هەبوون وەکو رووتکرابنەوە هەستیان بە شەرم و بێزاری دەکرد. بیر لە ئەگەری هەوڵی زۆر قێزەون و بەدڕەوشتانەی دووژمنیش دەکرایەوە. دەمانگووت: "سەربازەکان چاویان بە ژنی رووت یان نیوڕووت بکەوێت بە دڵنیاییەوە پەلاماری دەدەن" هەر بۆیە چی دەبێت بابێت هەرگیز جلی یەکجۆر لەبەر ناکەین، ئەمە بڕیارێکی توند و روون بوو. تاکە هەنگاوێک لە بەرخودانی ئەیلول نەدەکشاینەوە. ئەمجارە (کێشەکان)یش چارەسەر دەکران. خۆمان لەم چوارچێوەیەدا ئامادە دەکرد.

دەنگۆ هەبوو هەندێک هەڤاڵ خرابنە ژووری گۆشەگیرییەوە. ئەمانە ژووری گۆشەگیری کوێرەوەر بوون. راستییەکەشی

ئەوەبوو لەدژی سەربازەکان راوەستابوون، قسەی سووک بە ئەرکدارەکان گووترابوو. ماوەیەکی دوور و درێژبوو رێگە بە هەواگۆڕین نەدرابوو، بۆیە هەڤالان رەنگیان زەرد هەڵگەڕابوو، لەکاتی گواستنەوەیان بۆ شوێنی تەندروستی ناو زیندان یاخود دادگاکاندا دەمانبینین.

بەشی زۆربەی هەر زۆری ئەندامانی گرووپەکانی تری قاوشەکەی ئێمە بەردرابوون. دووژمن یاساکانی خۆی لەسەر سەرجەمی ژنە ئەندامەکانی (TKP) لە ئاستی دامەزرێنەر و بەڕێوەبەری (IKD)[110] جێبەجێ نەدەکرد. لەبنەمادا بە ئێمەوە واتا ژنانی (PKK)ییەوە خەریک بوون. رۆژێکیان (عەبدوڵڵا کاهرمان) لە ریزبەندێکدا کە هەمووان ئامادەبووین، ئاماژەی بەو هەڤاڵە گەنجانەمان کرد کە تەمەنیان لەنێوان (14 – 15)ساڵدا بوون و بە (TKP)ییەکانی گووت: "لەم منداڵانەی (PKK) دەترسم، بەڵام ترسم لە ئێوە نییە. بە ئەندازەی ترسان و سامم لە شێتەکانیشیان، لە کادیرە سەرکردەکانی گرووپەکانی تر ناترسم. تەنانەت شێتەکانیشیان هاوار دەکەن (بژی کۆمۆنیزم، بژی کوردستان)". لەسەر ئەم قسەیە تەواوی گرووپەکەی خۆمان بە شانازییەوە پێدەکەنین. قسەکەی زۆر راست بوو. دەشبێت تاکە قسەی راستیشی هەر ئەمە بێت. بەدەر لەمە بەتەواوی وەک مارێک وابوو.

مانەوەیان لەو قاوشەدا، هەڵوێستیان لەبەرامبەر بە دووژمن، شێوازی ژیانیان بخوازرێ و نەخوازرێ کاریگەری هەبوو. لاوازییەکانیان خۆیانی دەخواردەوە، بە ئێش و ئازارەوە تەماشای هەڤالانیان دەکرد. بەبۆچوونی ئەوان، ئەم کچۆڵانە لە تەمەنێکی بچووکدا ژیانیان لەدەستچووبوو، منداڵێتیان لەدەست چووبوو!

---

[110] کۆمەڵەی ژنانی پێشکەوتوو .

بەهۆی (PKK)ەوە سووتابوون.. زمانیان زمانی دووژمن بوو. دووژمنیان بە تاوانبار نەدەزانی، بەلای ئەوانەوە تاوانبار ئێمە بووین، پارتییەکەمان بوو. کودەتاکەش بەهۆی ئێمەوە کرابوو! بەبۆچوونی ئەوان ئەشکەنجەش بەهۆی هەڵوێستی دۆنکیشۆتئاسایانەی ئێمەوە دەکرا! بەم ئەندازەیە رق و قینیان لە ئێمە بوو. چونکە ژیانی ئاسوودەیان لێ تێکدرابوو، لە بنەمادا قین و پەرچەکردارەکانیان بۆ ئەم سەرچاوەیە دەگەڕایەوە. لەژێر زمانەوە دوور نەبوو شۆڕش لۆمە بکەن و بڵێن؛ ئەم دیاردەیەی پێی دەڵێن شۆڕش لەکوێوە هات و بەرۆکی گرتین؛ کوردایەتی و (PKK) لەکوێوە هاتن؟ چونکە پێشتر و تا ئەو رۆژگارەش لە کۆمەڵە و گۆڤارەکانیاندا بە خۆشی و ئاسوودەییەوە شۆڕشیان بەڕێوە دەبردا!

جێگای داخ و پەژارەش بوو کە ئەمجۆرە کەسانە دەهاتن و بە زینداندا گوزەریان دەکرد. بەڕاستیش دووژمن نەفامی و بێ ئەقڵییەکی گەورەی دەکرد، بۆچی کەسی وەهایان دەهێنا؟ هەرچەند ئەم ناپەسندی و بەدخەسڵەتیانەی ئەوانم دەبینی کە لەبەرامبەر بە شۆڕش دەیانکرد، ئێرەییم بە زیندانیش دەبرد. نەدەبا لێرەش بوونایە، هەموو بارە سەنگینەکانی ئەم شۆڕشە با هەر لەسەر شانی خۆمان بووایە، زیندانەکەشی هەر بۆ ئێمە بووایە، بۆچی؛ ئەم کەسە ساختانەیان لەکوێوە دەهێنا؟ سبەی رۆژ بەخۆیاندا هەڵدەدەن و دەڵێن: "ئێمەش لە زیندان بەندکراین"، دەیکەن بە سەرمایە بۆخۆیان. دەمانگووت حەیفە، تووڕە دەبووین و داخمان لێدەهات.

بەڵێ؛ هەر خۆمان مابووینەوە و تادەچوو پەیوەندییەکانمان پەرەی دەسەند. مادام دووژمن دەیویست ئەم زیندانەمان لێبکات بە دۆزەخ و رۆژانی رابردووی بەسەردا دەسەپاندین، کەوابوو

باجەکەی هەر چییەک بووایە دەبا ئێمەش رووبەڕووی رابووەستاینایە. تەنیا دەرککردن بەم رەهەندە، بەس بوو بۆ ئەوەی پێکەوە پێشهاتەکانی ئاییندە لە ئەستۆبگرین.

# بەرخودانی کانوونی دووەمی 1984

گرژی تەشەنەی دەسەند، لە هاتوچۆی دادگادا بە بیانووی سەیر سەیر لێدان و دارکارییان دەکردین، هەر کەسێک لە دادگا قسەی بکردایە دەخرایە ژووری تاکەکەسی گۆشەگیرەوە. هەر بۆیە وەک ئاگادارکردنەوەیەک لە سەرتاسەری زینداندا دەست بە مانگرتنی پێنج رۆژە کرا. رۆژی 10ی کانوونی دووەمی 1984 بە کردەیی بەرخودان دەستی پێکرد. دووژمن لەکۆتایی مانگی شوباتدا دەستی کرد بە پەلامارێکی وەلامئاسای هەر سێ چوار ساڵی رابردوو. یەکینەی تایبەتیان هێنابوو. هەر کەسێک بچووایە بۆ دادگا لە گەڕانەوەدا ئەشکەنجە دەکرا، دیسان یاسا و پلانی پەلاماری نوێ دەسەپێندرا. هەمووان دەیانزانی کە هیچ شتێک پەسند ناکرێت. هەر بۆیە یەکەمین پەلامارەکانی دووژمن بێ ئەنجام بوو.

هەر لە رۆژی یەکەمەوە قەلاچە و بەربەستمان دروست کرد. قەرەوێڵە و مێزە ئاسنەکانمان وەک دیوارێکی ئاسنین لەپشت دەرگەکەوە کەڵەکە کرد. هەر یەکێک لە دۆلابە ئاسنەکان بە ئەندازەی دەرگەکان گەورە بوون. نێوان هەردوو دەرگەکەش بەرتەسک بوون. دیوارەکان رۆڵی قایمکاریان دەبینی. خۆشیان لەترسان دەرگەکانی دەرەوەیان نەدەکردەوە. کاتێک لە لاواچەکەشەوە سەیریان دەکرد تەنیا کەنتۆرە ئاسنەکەیان دەبینی.

بەئەگەری بەکارهێنانی بۆمبی فرمێسکڕێژ، بەردەوام چاومان لە لاواچی دەرگەکە بوو. ئاگادارییەکی گشتیمان دا و ئەگەر هاتوو بۆمبی فرمێسکڕێژیان بەکارهێنا ئەوا بە پەڕۆی تەڕ خۆمان دەپاراست. بە قاپ و قاجاخ دەمانکێشا بە هەرچی ئاسن، لاواچ،

دەرگە و پەنجەرەی هەبوو. غەڵبەغەڵب و دەنگێکی زۆر گەورە و ناخۆشی هەبوو. بەمجۆرە ئەشکەنجە شەرمەزار دەکرا و دروشم و سروودی شۆڕشگێڕیمان هەڵدەدا. هەلهەلە و بالۆرەمان لێدەدا، گۆرانی دەگووترا، هۆنراوە دەخوێندرایەوە. چونکە ئامرازێکی تری هێرشکردنمان نەبوو.

قاوشەکەی سەرەوە لەبەرامبەر بە ئەشکەنجەخانە گەورەکە بوو کە ناویاننابوو هۆڵی سینەما. لاواچەکانیان ڕووبەڕووی یەک بوو. هۆڵەکە چۆڵ بوو بۆیە زۆر بە ڕوونی دەمانبینی لەناوەوە چی دەگوزەرێت. هەڵبەتە تەنیا بەشی ناوشان و سەرییانمان بەدیدەکرد. قەرەوێڵە و شتی لەو جۆرەی لێنەبوو، هۆڵێکی چۆڵ و هۆڵ بوو. بەهۆی بەرزبوون و چۆڵ و هۆڵییەکەیەوە، هەر جموجۆڵێکی ئاساییانەش زایەڵەیەکی گەورەی دەبوو. هەر بەهۆی نزیکبوونمانەوە لە پەنجەرە و لاواچی دەرگەکەوە هەموو دەنگەکانمان دەبیست.

گرووپ گرووپ، قاوش قاوش دەیانبردن بۆ هۆڵی سینەماکە، لەوێ؛ سەگ تێبەردان، کارەبا، فەلاقە، ڕووتکردنەوە و هەموو جۆرە ئەشکەنجەیەک دەکران.

دەزگا و ناوەندێکی گەورەی ئەشکەنجەیان دامەزراندبوو، دەنگ و سەدای هاواری ئەشکەنجە مایەی دانبەخۆداگرتن نەبوو. دروشم هەڵدان، کێشان بەدەرگە و پەنجەرەدا، گووتنەوەی سروود، هیچ یەکێکیان سوکنایی دڵی نەدەداینەوە. یەکێک لە زیاترین پەرچەکردارەکانیش ئەوە بوو هەرکەسە و لەلای خۆیەوە بەدەنگی بەرز دەیگووت "هەی بەدرەوشتینە، بۆچی نایەن بۆ ئێمە؟" بە گژ دووژمندا چوون و گەورەکردنی رق و کین لەبەرامبەریدا هەستێکی زۆر ناوازەبوو. لەدۆخی تردا خۆت دەخۆیتەوە. دووژمن لەبەرچاوت دایە، بە ئەندازەی بیستنی

هەموو دەنگێکیان، هەڤالانت ئەشکەنجە دەکات. ئەو هاوار، ئەو ناڵەنالانە، ئەو فریادانە بەردەوام گوێیەکانی دەزرنگاندیتەوە..." نەخێر نایڵێم.. نەخێر لەبەری ناکەم نەخێر.. نەخێر.. نەخێر..!" تەنیا ئەوەندەت بۆ دەمایەوە بڵێیت:" بەقوربانی ئەو (نەخێر)انەتان بم".

کاتێک ئەو (نەخێر)انەمان دەبیست سەرفرازی و خۆشی بە چاوە پڕ لە تووڕەیی، رق و کینەکانەوە رەونەقی دەدا. ئەو ساتەوەختانە بە دەیانجار دووپات دەبوونەوە. "ئێوەش بیستتان؟ دەڵێت؛ نەخێر لەبەری ناکەم. دەنگیم ناسییەوە". "بیستتان؟ دەڵێت نەخێر نایڵێم"، "بیستتان... بیستتان.. ئێوەش دەیبیسن؟.." ناوبەناو دەنگی ناڵەی "ئاخ! ئای! ئای" دەبیسترا، لەگەڵ ئەویشدا دەنگی ناڵەی دڵ بەرز دەبووەوە. دروشم هەڵدەدران، سرووود دەگووتران و دەمانگووت: "بێ ناموس، سووک و رسوا، بەدفەڕ و بەدڕەوشتانە! بۆچی نایەن بۆ ئێمەش؟" و بەمشێوەیەش دەمانویست لە ئازارەکانمان کەم بکەینەوە.

ئێمەیەک کە خۆمان ساڵەها بوو لەژێر ئەشکەنجە دابووین، ئێستاکەش خۆمان پێ رانەدەگیرا. چۆن ئۆقرەمان گرتبوو؟ تیژبینییەکانمان مردبوون؟ توێکڵی دڵمان ئەستوور ببوو، یاخود زمانمان لاڵ ببوو؟ ئێستا دانبەخۆدا ناگرین، بێدەنگ نابین. توێکڵەکە شکێندرابوو، پەردەی تارمایی و تاریکی فڕێدرابوو.

قەلاچە و بەربەستەکەمان بەرخودانی و بەربەستەکانی سەردەمی کۆمینی پاریسی وەبیر دەهێنایەوە کە پێشتر لە پەڕتووک و نووسراوە جۆراوجۆرەکاندا بەرچاومان کەوتبوو. لە شەقام و کۆلانەکاندا گەل و یەکینەکانی بەرخودان پێکەوە بەربەست و قەلاچە دروست دەکەن و شەڕ دەکەن. ئەوانەی لە رۆمان و فیلمەکاندا باسکرابوون لەبەر چاوم زیندوو دەبوونەوە. بەلام ئێمە لە نایەکسان و ناهاوسەنگترین هەلومەرجدا قەلاچەمان

دروستکردبوو. باوەڕی و ئیرادە، جەستەی داماڵراومان چەکمان بوو. ئێستاکە تەنیا زمانمان قسەی دەکرد یاخود شەڕی دەکرد. لە بری فیشەک دەنگمان دەگرتە دووژمن.

بەر لە دەستپێکردنی بەرخودان، لەناو خۆماندا دەمانگووت: "ئەگەر پەلامارمان بدەن چی بکەین؟" لەگەڵ سەرەتای ئەشکەنجەکاندا یەکەم شت قەڵاچەمان دروست کرد. نەدەبا دووژمن بە ئاسانی دەستی پێمان بگات. دەشێت دەرگەکە بشکێنێت، یان دیوارەکە بڕوخێنێت، تەنانەت چوارچێوەی پەنجەرەکە لەبندا دەربهێنێت و بێتە ژورەوە. هیچ کێشە نابێت، با سەرقاڵ بێت، هەوڵ و تەقەلایەکی زۆر بدات ئەوجار. نەک هەروا بە ئاسانی. چەندە ئاڵۆزی و ڕێگریمان بۆ دروست بکردایە ئەوەندەش ورەیمان دەشکاند. دواتر بیستمان کە لە چەندین قاوشی تریشدا قەڵاچە دروست کرابوو. لە هەر کوێیەک بە زەبر و زۆر قەڵاچەکانیان تێپەڕکردبێت، هەمووانیان بەکۆمەڵ ئەشکەنجە کردبوون. هەر بەندکراوێکیان بەزۆر لە قاوشەکانیان دەرفاند، لە هۆڵی سینەماکە کۆیان دەکردنەوە، لەوانە هەرکەسێک خۆی رادەست بکردایە بەجیا، ئەوەی پێداگری بکردایە و جلە یەکجۆرەکەیان رەتبکردایەتەوە، رووت و قوتیان دەکردنەوە و بەزۆر ئەو جلەیان پێ لەبەر دەکردن. جیاکراوەکان و ئەوانەی یاساکانیان پەسند دەکردن بە جیا دەیانخستنە قاوش و بەشی ترەوە.

لە پەنجەرەکەوە هاوارمان کرد و هەوڵماندا زانیاری لە قاوشەکەی تەنیشتمان وەربگرین. هەموو ئەو شتانەمان شیرۆڤە دەکرد کە لەنێوان قاوشەکان و داڵانەکەدا بەرگوێ دەکەوتن. پێیان گووتین: "ئەوانەی لە ژووری گۆشەگیری و تاکەکەسییەکان دان دەنگیان بە هەموو شوێنێک ناگات، بۆیە سەرپەرشتیکردنی

بەرخودانیان بە قاوشی 25ەمین سپاردووە، ئێستاکە بەرخودان لە قاوشی 25مینەوە بەڕێوە دەبرێت". (شەنەر)[111] لەوێیە. ڕێنماییەکان ئەو دەریدەکات یاخود هەر هەواڵێک بەدەستی دەگات ئەو بە قاوشی (35)مینی دەگەیەنێت. هەواڵی خۆسووتاندنی چەند بەندکراوێکی قاوشی (27)مینمان پێگەیشت. شەهیدمان هەیە. (ڕەمزی ئایتورک) و (یلماز دەمیر) شەهید بوون. (کوردۆ)ش خۆی سووتاندووە، بە برینداری گەیاندویانەتە نەخۆشخانە. کەوابوو ئەو دووکەڵە ڕەشەی لە گوێسەبانی بەشەکانی ئەودیومانەوە بەرزدەبوونەوە، دووکەڵی ئاگری ناو قاوشەکە بووە. لای ئێمەش هەندێک هەڤاڵ گووتیان: "با ئێمەش ئاگر هەڵگیرسێنین". سەرەتا نەمانهێشت. بە هاتنی هەر هەواڵێک زیاتر دڵگەرم دەبوون و نەماندەتوانی ئیتر ڕایانبگرین. هەمووان تووشی سەرشێتی ببوون. بەڕاستیش لە دۆخ و ساتەوەختی وەهادا هاوسەنگکردنی تووڕەیی، سۆزداری، پەرچەکردار و خەمبارییەکان زۆر ئەستەم دەبوو.

پاشان گووتمان: "دەتوانین ئاگر هەڵکەین و سەرنجی دووژمن بەم بارەدا ڕاکێشین. پێویستە هێزی دووژمن خاش خاش بکەین، بۆ تۆزێکیش بە ئێمەوە خەریک بن. هیچ نەبێت دەتوانین (50) سەربازیان لێ ڕابکێشین. دەی دۆشەکە و جلە کۆنەکان کۆبکەنەوە و بیانهێنن". هەموو لایەک بوو بە چرە دووکەڵ، لە پەنجەرەکانەوە دووکەڵ دەرکەوت. هەڤالان بەتایبەتیش بە

---

[111] محەمەد شەنەر؛ وەک ئەندامی بنەماڵەیەکی ئاڕادەیەک بەکرێگیراوی دووژمن و وەک یەکێک لەو کەسانەی کە بەدرێژایی تەمەنی لەناو ڕێکخستنەکانی (PKK) دا بە هەلپەرستی و تایبەتمەندی؛ خودڕەوی، خودپەرستی و بەرژەوەندی پەرستیانەی خۆی زیانی زۆری بە شۆڕشی ڕزگاری گەیاندووە، دوای ماوەیەک لە بەردرانی لە زیندانی ئامەد، چیتر ڕێگەی خیانەتکردن لە گەلەکەی و لە شۆڕش هەڵدەبژێرێت. لە بەرگی سێیەمی (ژیانم هەمیشە تێکۆشان بوو)دا وردەکاری زیاتری لەسەر باسکراوە.

ئامانجی سەرنج راکێشان پەردەی پەنجەرەکانیان لەبەردەم پەنجەرەکاندا دەسووتاند. بەشەکەی بەرامبەرمان تایبەت بوو بە سەربازان، کەچی چاومان بە دانەیەکیشیان نەدەکەوت.

بە تەختە درێژەکەی شوێنی دانیشتن و کۆمەڵێک پارچە سندوق ئاگرەکەمان گەش کرد. بۆجاری یەکەم ئەوکاتە گووتم: "ئێمەش چالاکییەکی خۆسووتاندن بکەین؟" ئەی بۆچی نەبێت؟ بەڵام ئەو ئاگرە چالاکییەکەی بە سەرکەوتن نەدەگەیاند! ئەگەر نەوت یان سووتەمەنییەکی تر هەبووایە مرۆڤ زووتر بڵێسەی دەسەند. لەناو ئاگرێکی وەها و لەناو گرووپێک هەڤاڵی بەم شێوەیەدا چانسێکی ئەوتۆی سەرکەوتنی نەبوو. دەستبەجێ دەریان دەهێنا لەناو ئاگرەکە. دووبارە گووتم: "ئاگر مرۆڤ رادەکێشێت" چەندێک لەوانەی پەنام بیستیان، (ئایسەل) ئاوڕێکی دایەوە و بەسیلەی چاو تەماشایکردم گووتی: "چی؟ بیر لە شێتییەکی وەها دەکەیتەوە؟" گووتم: "نەخێر، مەبەستم ئەوەیە ئاگر مرۆڤ رادەکێشێت. ئێمەش لە بەرەی خۆمانەوە چالاکییەکمان بکردایە چەند بەبایەخ دەبوو دەزانی؟ نەفرەت بێت، هەتا ئێستا نەمانتوانی شتێکی وەها بکەین" مردن بۆ هەموو کەسێک زۆر ئاسان بوو، بەڵام بۆ ئێمە مەحاڵ ببوو. هەناسەیەکی قووڵم هەڵکێشا. دۆزینەوەی مردن لەکات و شوێنی خۆیدا پسپۆڕییەکی گەورەی دەویست.

ئیدی بڕوامان کرد کە دووژمن بە ئەنقەست نایەت بەگژماندا. هەڤاڵان ماوەیەک پەنجەرەکانیشیان داخست، دەیانویست وا بنوێنن کە هەموو مردوون یان بووراونەتەوە. ئەگەر بێتوو لە لاواچی دەرگەکەوە سەیریانکردین بمانبینن، بۆیە بە کارێکی وەها هەڵسابن. بێدەنگیش ببووین. ئەو ماوەیە بەڕاستیش ئەوەندەی خایاند کە لەو چڕە دووکەڵەدا هەناسە نەدەدرا و چەند کەسێک

بوورابوونەوە. هەندێکیش خۆیان وەکو مردوو لێکردبوو. شەکەتی و بێخەوی چەند ڕۆژە، هەموومانی وەک نیوە بێهۆشێک لێکردبوو. هەستمان بە جددیەتی دۆخەکە کرد و دەستبەجێ پەنجەرەکانمان کردەوە. کەچی دووژمن هەر گوێیشی پێنەدا. بەشێوەیەک هار و دڕ و هۆڤانە پەلاماری هەڤاڵانی تریان دەدا کە هەر ئاگایان لە دووکەڵ و ئاگری قاوشەکەی ئێمە و ئەو هەموو قاژ و قیڕ و هاوارانەش نەبوو. ئێمەش سووربووین و بەردەوامبووین لە ئاگر و دووکەڵکردن.

زۆر درەنگ هەستیان بە دووکەڵەکە کرد و بە سۆندەی ئاگرکوژێنەوە لە لاواچی دەرگەکەوە. ئاوێکی زۆر بەخوڕ و پڕ تەوژمیان بۆ ماوەیەکی درێژ بە ژوورەکەدا کرد. ئامانجیان پەرێشانکردنی ئێمەش بوو. سۆندەکەمان پێ ڕانەدەگیرا، هەر چییەکمان دەستکەوتایە تێماندەگرتن. قاوشەکە تا نیوەی پڕبوو لە ئاو. ئێمەش لە ژوورەوە بووین. پاشماوەیەکی دوور و درێژ بۆ جارێکی تر چاومان بە (عەلی عوسمان) کەوتەوە. زۆر ئاسوودەبووین کە چالاکییەکان بەچاوی خۆی دەبینێت. کە چاومان پێیکەوت دەستمان کرد بە هەڵدانی دروشمی: "عەلی عوسمانی بکوژ! عەلی عوسمانی فاشی! ئیدارەی بکوژ، ئیدارەی فاشی" و پێمان گووت: "ئەی بەدخەسڵەتی سووک و ریسوا، ئەی ئەشکەنجەکار، ئەی بکوژ! هاتیتەوە بۆ ڕۆح کێشان؟ ئەمجارەیان نۆبەی ئێمەیە". خۆی زۆر پێ نیشان نەداین. سەربازەکانی بە دروشمی "عەلی عوسمان گەورەترینە" بەرپەرچی ئێمەیان دایەوە. هەرچی (عەلی عوسمان)یشە تەنیا گووتەی: "بتۆپن"ی لەدەم دەرهات.

لە لاواچی دەرگەکەوە بەردەوامبووین لە چاودێریکردن. ئەمجارەیان بڕوامان بە چاوی خۆمان نەکرد. یەکجۆر جل

لەبەرکرابوو. دەنگی ئەشکەنجە نەمابوو، تەنیا غەڵبەغەڵب دەهات. لە پڕێکدا (گیۆنول) گووتی: "ئاها ئەوە (کاراسو)، (ڕەزا)، (یلماز)... هەموویان دەناسمەوە، یەکجۆرە جلیان لەبەرە". بەسەر (گیۆنول)دا چووم و پێمگووت: "ناوی ئەو هەڤاڵانە نەخەیتە سەر زارت. تۆ دەزانی چی دەڵێیت؟ چۆن دەتوانیت وەها بڵێیت؟ یاخود چاوەڕێی شتێکی وەهادەکەیت؟ هیچ نەبێت پەتای ڕەشبینییەکەی خۆت بڵاومەکەرەوە..." و زۆر شتی ترم بۆ ریزکرد. هەموومان لە لاواچەکەوە تەماشامان کرد "تۆ چۆن ناسیتەوە؟" لە قین و تووڕەییدا خۆمم پێڕانەدەگیرا، دەمویست یەکێک بکێشم بەناو دەمیدا. ئەویش زۆر تێکچوو و چاوبەگریانەوە گووتی: "کەوایە بڕۆ خۆت تەماشای بکە، خۆ درۆتان لەگەڵ ناکەم" و بەگریانەوە چووە قاوشەکەی ترەوە. هەڤاڵانیش لەگەڵ ئەم قسە و باسەی ئێمە بێدەنگ ببوون، بە حەپەساوییەوە تەماشایان دەکردین. دەشبێت هەندێکی تریش چاویان بەوان کەوتبێت، بەڵام دەیانزانی چۆن کاردانەوەیەکم دەبێت بۆیە بێدەنگ بوون و هیچیان پێنەگووترا.

دەمەو ئێوارە نەقیب "یوزباشی"، پۆلیسی ژن، هەندێک ئەفسەر و سەرباز هاتنە بەردەرگە و گووتیان: "بەربەستەکان لابەن، دەمانەوێت قسە بکەین، بەهیچ شێوەیەک هێرش ناکرێت". بە بینینیان دەستمان بە گووتنەوەی سروود و دروشم کرد. گەڕانەوە، پاش ماوەیەک دووبارە و سێبارە هاتنەوە و گووتیان: "جلی یەکجۆر ژنان ناگرێتەوە، شتێکی وا نییە. بۆ ئەوەش دەرگەکە بکەنەوە و خواردنەکەتان وەربگرن". لەناوخۆماندا قسەمان لەسەر کرد، بڕیاری کردنەوەیمان دا. هەروەها گووتیشیان کە پشکنین دەکەن.

ڕۆژی دواتر هەواڵی شەهیدبوونی هەڤاڵ (نەجمەدین بیوککایا)مان بیست. (جەمیلە)ی هاوژینی ماوەیەک بەر لەوە بەرببوو. لەم بەرخودانییەدا سێ شەهیدمان دابوو. ئەو (نەرمبوونەوە)ی دووژمن بەم هۆکارە بوو. بێگومان ئێمە ئاگادار نەبووین کە لەسەر بڕیار جلی یەکجۆر لەبەر کراوە. لە دوایین ڕۆژانی (مانگرتنی تامردن) پێمانزانی. ماوەیەک لە هۆڵی سینەما دوای ئەشکەنجەیەکی زۆر و بێهۆشکردن، جلەکانیان لەبەر کردوون، پاش بە ئاگاهاتنەوەیان ئەو جلانەیان فڕێدەدا. تائەو ڕۆژە ئەو هەواڵ و زانیارییانەی پێمان دەگەیشتن و چاودێرییەکانمان بەمجۆرە بوون. بێگومان دووژمن پڕووپاگەندەی دەکرد و دەیگووت" هەموو کەسێک لەبەری کرد، بە قاوشی 35یشەوە"، بەڵام هەرگیز بڕوامان نەکرد.

سەرەڕای هێرش و پەلامارەکانیان، کەچی پەلاماری ئێمەیان نەدا. چاوەڕێبووین کە هەرکات پەلاماری ئێمەش دەدەن. ڕۆژی 18ی کانوونی دووەم بوو. دەنگێک لە دوورەوە هات، دەیگووت: "دەستمان بە (مانگرتنی تامردن) کرد. هەڤالانمان دەستیان بە (مانگرتنی تامردن) کرد" منیش دەستبەجێ گووتم" باشە، کاتی هات. گوێتان لە دەنگی هەڤالان بوو؟ دەڵێن دەستمان بە (مانگرتنی تامردن) کردووە. ئێمەش دەستپێدەکەین". (ئایسەل) خۆی بەزۆر خستە ناو گرووپەکەوە، گووتمان با ئەم جارە (گیۆنول)یش بەشدار ببێت. خۆیشی داوا و پێشنیازی لەسەربوو. (فاتیمە) نەیدەویست لە خوانەکەی هەردوو خێوەتەکەش ببێت، بڕوای بە هەواڵەکە نەکردبوو کەچی دیسان بەشداریکرد. داوانامەمان نووسی و بەشێوەیەکی کرداری دەستمان بە چالاکی کرد.

دوای دەستپێکردنی ئەم چالاکییە، ئەشکەنجە تاڕادەیەک کەمی کرد، بەڵام ناوبەناو دەنگی سروودەکانیان دەبیستران. ئەو دەنگانە

کاری تێدەکردین. ئایا کەس هەبوو دەستی لە بەرخودانی هەڵگرتبێت؟ ژمارەیان چەندە؟ تۆبڵێی؟! نەماندەویست بڕوا بکەین. هەر شتێک رابردووی بهێنایەتەوە یادمان قین و تووڕەیی لەناخماندا دەچاند. ئەو قەتماخە شکابوو، کێ حەزی دەکرد سەرلەنوێ ئەو ئەتوارە نەفرەتییانەی لەگەڵ بکرێتەوە، کێ حەزی دەکرد بگەڕێتەوە بۆ ئەو رۆژانە؟ ئەوانەی وازیان لە ژیان هێناوە؟ لەوانەیە ئەو کەسانەیان لە قاوشێکدا جەمکردبێتەوە کە شکۆیان شکاندووون و دووچاری ترازانیان کردووون. لێکدانەوەی ترمان نەبوو.

جارێکیان دەنگی قەرەباڵغییەک لە قاوشەکەی تەنیشتمانەوە هات. لە دیوارەکەمان دا و پرسیارمان کرد. لەوێشەوە وەڵام هات: "من (مەهدی زانا)م، چۆنن؟ ئێوە کێن؟" ناوی خۆمان پێگووت و باسمان لەوەشکرد کە لە (مانگرتنی تامردن) داین و رەوشمان باشە. ئەوانەی لە دادگاوە هێنرابوون، خرابوونە ئەو قاوشەوە. بە دوور خستنەوەیان لەیەکتر و بێ پەیوەندی هێشتنەوەیان دەیانویست ئەنجام وەربگرن. لە بێدەنگی شەودا (مەهدی زانا) بەدەنگێکی زوڵاڵ بانگی لە قاوشی (35) مین کرد. بەمشێوەیە هاتوچۆی دەنگی هەواڵ و حاڵپرسی دەستی پێکرد.

شەوانە لەم بەشەوە بۆ ئەو بەش، لەم قاوشەوە بۆ ئەو قاوش بە دملکی، کورمانجی، تورکی و تەنانەت ئینگلیزی دەنگە دەنگێکی زۆر و بۆر بەردەوامی دەکرد. ئیدارە لەڕێگەی بڵندگۆکانەوە و لە گوێسەبانەکانەوە هەرا و هۆریایان دەنایەوە، ئەوجاریش رێگریان پێنەدەکرا. ئێمەش وەک قاوشی ژنان بەشداریمان لەم پەیوەندییە دەکرد. (کەزبان) دەنگێکی زۆر بەرز و توندی هەبوو، هاوکاری دەکردین. ئەگەر شتێکی گرنگ و پێویست نەبووایە تەنیا گوێمان رادەگرت. گەیاندنی دەنگ زەحمەت بوو، بەڵام هاوبەشیکردنی

هەڤاڵان مایەی ورە و ئاسوودەیی بوو. گۆرانییە کوردیە خۆشەکانی (مەهدی زانا) لەودیوی دیوارەکەوە مۆڕاڵێکی تر بوو. حەزم لە گۆرانی و کلامی کوردی بوو، بەتایبەتیش گۆرانی (غەزال) کە پێشتر لە (شڤان)[112]م بیستبوو. ئەمجارەیان (خالۆ)کەی خۆمان دڵی نەدەشکاندین و بۆی دەگووتین. بەڵێ؛ لەودیوی دیوارەکەوە داوامان لێکردبوو. دەنگی زۆر بە روونی دەهاتە گوێ، گۆرانی (غەزال)ی بۆ دەگووتین. سەدای دەنگبێژییەکەی ئاوری لەهەموو لایەک بەردەدا. چۆن دەنگێک بوو! دیارە هەست و سۆزی قەشەنگی ژان و ئاواتی هاوبەش و دۆستایەتییەکان بوو. هەر بۆیە ئەوەندە بە واتا و خۆش بوو.

(ئایسەل) و (گیۆنول)یان بەهۆی دابەزینی فشاری خوێنەوە گواستەوە بۆ نەخۆشخانە، من و (فاتیمە) مابووینەوە. پاشماوەیەک ئێمەشیان گواستەوە بۆ نەخۆشخانە. گرووپێک لە هەڤاڵانی پیاویش، یەکێکیان لەسەر قەرەوێڵە بوو. هەڤاڵان زۆر زوو بێحاڵ ببوون. بەهۆی ئەشکەنجەکانەوە بێهێز ببوون. سەرەتا (فاتیمە)یان بردە ژوورەوە، بەر لەوەی بیبەنە سەرەوە بردیانە ژوورێکەوە. وامدەزانی لەوێ دەیخەوێنن. منیشیان بە قەرەوێڵە بردە سەرەوە، بۆ شوێنەکەی پێشووترمان. (ئایسەل) و (گیۆنول)یش لەوێ بوون، بەهاتنی من شاد ببوون. هەردووکیان تۆزێک وەخۆ هاتبوونەوە. لە زیندان رەوشیان نالەبار ببوو. گووتم "دیارە (فاتیمە)یان لە شوێنێکی تر خەواند" پاشان ئەویشیان هێنا. پێمگووت: "بۆ کوێیان بردیت؟" بە تووڕەییەوە وەڵامی دامەوە. دووبارە پرسیم "تەکلیفی هاوکاری تەندروستیان لێکردیت؟" بەمە زیاتر تووڕە بوو. ئەمە خوی ئەو بوو، هەرکاتێک شتێکی بەدڵ نەبووایە وەڵامەکەی بەوجۆرە دەبوو.

---

[112] شڤان پەروەر.

بەشێوەیەکی گشتی پزیشکەکان هەرجارە و کە دەهاتنە لامان لێیان دەپرسین "هاوکاری تەندروستی پەسند دەکەن؟" ئێمەش بە "نەخێر" وەڵاممان دەدایەوە. ئەمانەیان بە نهێنی نەدەکرد. بەڵام جاروبارە بە ڕێبازی جیاجیا هەوڵی دروست کردنی بێ متمانەییان دەدا. بەپێی کەسی بەرامبەریان دەجوڵانەوە. لە دەروون، ڕوانین و رووخساری کەسەکاندا بەدوای لاوازییەکدا دەگەڕان و ئومێدیان پێدەهێنا. بەجیا دەیانپرسی، بە چپە دەیانپرسی، بە هەڕەشە، بەهاوار، بە تێکدانی ورە، بە هاندان و بە زۆر ڕێ و ڕێبازی تر دەیانەویست لە حاڵەتی ڕۆحیی کەسی بەرامبەریان تێبگەن. تەنانەت لێکیان جیادەکردینەوە و سەبارەت بەو کەسەی هەتا بەر لە چەند خولەکێکیش پێکەوە بووین دەیانگووت" ئەو هاوکاری ئێمەی پەسند کرد، خواردن دەخوات، ئەو ئاقڵانە دەجوڵێتەوە، وەک ئێوە نییە". هەندێک کەسی کەم ئەقڵ بەمە دەخەڵەتان.

دووژمن زیاتر لەکات و ساتی وەهادا کەسایەتییەکان دەناسێت. چونکە لە کەش و هەوای کێبڕکێکردندا بووین لەگەڵ مردن. ڕۆژانە خانەکانی لەشت دووچاری مردن دەهاتن و ئازارێکی زۆریان دەدایت. لەساتەوەختێکی وەهادا ئەگەر ڕۆحت پتەوبێت، زاڵبیت بەسەر ئیرادەی خۆتدا، بە خەندەوە بەرەو مەرگ بچیت، باوەڕیت باوەشی بە ڕۆحتدا کردبێت، ئەوا هەم مردن و هەم دووژمنیشت دەترسێنیت. بەپێچەوانەوە ترسی مەرگ هەنگاو بە هەنگاو بەرەو خیانەتت دەبات. جارێک لەگەڵ مەرگ و جارێکیش لەگەڵ ژیان یاری دەکەیت. ئەو لاوازییانەی چاو لەخیانەت دادەگرن، بە چاوتەوە، بە ڕەنگ و رووخسارتەوە دیاردەبێت. رووخسارت وەک ترس و بێ هیوایی هەڵمژیبێت قێزەون دەبێت. بەردەوام گرژ، بەترس و هار دەبیت، دەگریت،

هەوڵدەدەیت ئەو ترسە لەژێر بەتانییەکەت حەشار بدەیت و تادێت ترسەکانت گەورەتر دەبن. وەک دەستت لە هەموو بوارێکی ژیان کێشابێتەوە، لەگەڵ هیچ کەسێک قسەت پێناکرێت. بە گووتە و روانینت قێزەونییەکانی خۆت بەسەر هەڤاڵەکەی خۆتدا دەڕشێنیتەوە کە رێبواری مەرگە. ئەمە هاورێیەتی ئەو کەسانە نییە کە پێکەوە بەرەو مردنی جەستەیی دەچن.

ناسینی مرۆڤ زۆر گرنگە. ساتەوەختی زەحمەتی، روونترین و بێلایەنترین ساتەوەختی ئەم پێناسەیەن. وەک رزینی هەڵوژەیەکە، کەسایەتی کە دەستی بە رزین کرد، هەر دەڕزێ و هەر دەڕزێ. هەموو لایەکی رووتەڵ و رووتە، تەنیا پارچە پەڕۆیەکیش شک نابات تا ئابڕووی خۆی پێداپۆشێت. بێگومان ئەگەر خواستی بینینی ئەم راستینەیە هەبێت، راستییەکەی بەمجۆرەیە. پێویستە چاو و دڵی بینینت هەبێت! دەنا ئەوجار خۆت دەبیت بە پەڕۆ بۆ داپۆشینی ئەو رووتە، هەر یەک لە گرێی دەروونی، بەدخوویی، ترس، پەشیمانی و چاوچڵێسییەکانت دەبن بە پەردەیەک بۆ ئەو.

(کاراسو) و ئەوانیش لە نەخۆشخانە بوون. رۆژنامەیان بۆ ناردبووین. دووژمن تەنیا رۆژنامە و ئەو نامانەیان پێدەداین کە تیایدا باس لە پێویستی رۆژانەیی دەکات. جگە لەمە هەموو جۆرە نامە گۆڕینەوەیەک قەدەخە بوو! پێکەوەبوونمان لەگەڵ ئەوان هەرچەندە لە نەخۆشخانەش بین، مایەی مۆڕاڵ بوو. لە سەربازەکانمان دەپرسی، تا دەهات ژمارەی مانگرتووانی نەخۆشخانە زیادیان دەکرد. دەیانگووت:"ئەمرۆ سێ کەسی تر هات... ئەمڕۆ پێنج کەسی تر.. ئەمڕۆ...." (ئایسەل) هەندێک جار خراپتر دەبوو. تەنیا مۆڵەتی شیکاری پشکنینی لێدانی دڵمان پێدابوون.

پزیشک رۆژی سێ جار سەردانیان دەکردین، جاروبار زیاتریش دەهاتن. پێشتر بە (ئایسەل)م دەگووت: "جگەرە مەکێشە، مردنت خێراتر دەکات.. کارێکی راست و بەجێ نییە". بەرەو مەرگ دەچووین، بەڵام دەبا مردن لە کات و شوێنی خۆیدا بێت، نەک بەدەستی خۆمان خێرای بکەین. ئەم بێخەمییەی بەلای منەوە کارێکی پێچەوانە بوو. بەردەوام رەش و دەردەدار! توورەی دەکردم. خۆی نەخۆشی سیلی هەبوو. بۆ هەر یەکێکمان داوای پەرداخمان کرد، بەڵام گووتیان قەدەخەیە و پێیان نەدەداین. هەربۆیە قەپاخی دۆلکەکەمان وەک پەرداخ بەکاردەهێنا. هەرکات بەرهەڵستی بەکارهێنانی یەک پەرداخم بکردایە، (ئایسەل) بەم هەڵوێستەم توورە دەبوو و دەیگووت: "بەرەو مردن دەڕۆین کەچی تۆ واز لەم خووەت ناهێنیت". (ئایسەل) دڵگران ببوو! هەوڵم دەدا تێیبگەیەنم، هەر چەند پێمدەگووت: "با بەخاوێنی بمرم، جەستەم تووشی نەخۆشی نەکەم. لەم بوارەدا بەبڕیارم" (ئایسەل) زیاتر جگەرەی دەکێشا. بێگومان ئامانجم توورەکردنی نەبوو، بەپێچەوانەوە بەمجۆرە پەرچەکرداری خۆمم لەبەرامبەر بە بێخەمییەکەی دەردەبڕی. ئەوەی ئەو تەنیا کەموکورتییەک یاخود خوێک نەبوو، تایبەتمەندییەکی کەسایەتی بوو، لایەنێکی ئاساییانەی بوو. گەیاندنیشی بە ئاستی تایبەتمەندی؛ مردن خواستن بوو. لە شێوەی نەترسان نەبوو لەمردن، نەخێر خۆی رادەستی مردن دەکرد. لەکاتێکدا جەستە ساغە کەچی کەسێتی خۆی رادەستی مردن دەکات، چونکە بەگژداچوونەوە و رووبەرووبوونەوە بە مردن، تاکۆتا حوکمکردنە بەسەر ژیاندا و هاوکات نزیکترکردنەوەی مردنیشە. دەبێت بەجۆرێک بێت تەنانەت مردن سڵت لێبکاتەوە، نەک تۆ لە مردن.

ئایا رۆژێک دەرفەتی گوێگرتن لە رۆژانی (مانگرتنی تا مردن)م دەست دەکەوت؟ (کاراسو) شاهێدی ئەو رۆژانە بوو. هیچ نەبێت ئەو بەشداری مانگرتنەکەی ئەمجارە نەبووایە، ئەوجارەش پێنج رۆژ بەر لە ئێمە دەستی پێکردبوو. خستبوویانە ژووری گۆشەگیری تاکە کەسییەوە و لەوێ دەستی بە (مانگرتنی تا مردن) کردبوو. بەر لەوەی دەست بە(ماگرتنی تا مردن) بکەین ئەوان پێنج رۆژ بە ئامانجی ئاگاداریدان بە دووژمن دەستیان پێکردبوو. کاتی مانگرتنەکەمان نێوانێکی زۆری نەبوو، بەڵام ئەو زیاتر شەکەت ببوو. چونکە هێرشێکی زۆریان لەسەر هەبوو، بەسەرهاتەکانی پێشووتریشی زۆر جیاواز بوو. نەخێر، دەبا ئەو و ئەوان بژیانایە. ئەگەر مردنیش بێت ئەمجارە دەبێت نۆرەی ئێمە بێت. دەمگووت: "خوایە، با یەکەم کەس من باوەش بە مردندا بکەم" بەڵێ بەمجۆرە نزام دەکرد و دەپاڕامەوە. خۆگرتن لەبەر مردنی کەسێکی تر؟ نەخێر! هەر نەمدەویست بیریشی لێبکەمەوە. جارێکیان کاتێک بیرم لەمە دەکردەوە، بێ ئەوەی بەخۆم بزانم بەدەنگ هاتبووم، وەک بابەتێکی گاڵتە و گەپ بێت دەمگووت: "من پێشتر بمرم". (ئایسەل)یش هەڵیدایە و گووتی: "نەخێر دەبێت من بمرم" هەناسەیەکی قووڵی هەڵمژی و دەیگووت: "من نزیکترم". (ئایسەل) زۆر بەخێرایی دەتوایەوە و لاغرتر دەبوو. جاروبار بۆ چەندین سات وەکو مردووێک دەخەوت. لە دۆخی وەهادا وەختەبوو دڵم دەتۆقی لە ترسان. بەهێوری دەمگووت: "(ئایسەل)... (ئایسەل)...." تۆزێک جوڵەی تێدەکەوت. پزیشکەکان زیاتر ترسیان لە (ئایسەل) بوو. کاتێک دەهاتنە ژوورەوە دەستبەجێ روویان لە شوێنەکەی (ئایسەل) دەکرد.

لە رۆژانی دواتردا (گیۆنول) دیسان بەناو بێ مۆڕاڵیدا رۆچووبوو. بۆ تاکە چرکەیەکیش شکست نەهێنان لەبەرامبەر

تووانەوەی خانەکان، بۆنی ناخۆشی دەم، ئێش و ئازارێکی گەورەی بێ سنوور ڕەهەندێکی تایبەتی (مانگرتنی تامردن) بوو. چونکە (مانگرتنی تامردن) لەهیچ جۆرە شەڕێکی تر ناچێت. لەگەڵ تێکڕای خانەکانی لەشتدا لە شەڕدایت. هەر یەکێک لە ئەندامەکانی لەشت بەرەیەکی تایبەت بەخۆیان دامەزراندووە، هەر خانەیەکی لەشت وەک ئەژدیهایەک هەوڵی گەمارۆدانی دڵ و مێشکت دەدات. تەنانەت ئێسکەکانیشت هەر یەکەیان دەبن بە قەڵغانێک. لەسەر هەر لایەکت پاڵکەویت، هاواری لێبەرزدەبێتەوە، هەر خۆسوڕاندنەوەیەکیش لەدەستدانی وزەیە، مرۆڤ هێزی نامێنێت. هەر تووڕەبوونێک دەبێتە مایەی لەدەستدانی هێز، هەر نیگایەک ناو چاوانت دەکزێنێتەوە. دەترسیت تەماشای خۆت و دەوروبەرت بکەیت. زیاتر تەماشای دەستی خۆت دەکەیت، ئێسکەکانی خوار و خێچ بوون، پێستەکەی ژاکاو بێ ڕۆح بووە، نینۆکەکانت مۆرهەڵگەڕاون....

ناچاربووین خۆمان لە سەرجەمیان دوربخەینەوە. کاتێک مرۆڤ خۆی بەمانەوە خەریک دەکات، لەناو بێدەنگی مردندا نوقم دەبوو. مردن وەک کابوسێکی لێدەهات بەسەرییەوە. مرۆڤ چاوی وەک چاوەکانی (گیۆنول) تاکۆتا دەکرانەوە، بەتانییەکەی دەدا بەسەرخۆیدا و دەگریا. لەگەڵ هەر تەزووی ئازارێکی بچووک ناڵەی لێبەرز دەبووەوە. ئێش، لاسەنگی، گێژبوون و لەهۆشچوونی کاتی بەهۆی ناکارایی کۆئەندامەکانی جەستەوە ترسی نوێی لەگەڵ خۆی دەهێنا. فیکری بەدواداچوون و چاوەڕوانی وەکو مارێک بەدزییەوە خۆی دەهاویشتە ناوەندی مێشکەوە. بێهۆشییەکی تیا دەچاندیت. وای لێدەکردیت ئیتر لاوازی و ترسەکانت لە دووژمن نەشاریتەوە. لێرەوە خاڵی شکست دەستی پێدەکرد و بەهەر جموجوڵێکتدا ڕەنگی دەدایەوە.

فەرماندەی نەخۆشخانەکە کە رائید "ئاڵبا"یکی سوپا بوو، پێکەوە لەگەڵ پزیشک خۆیان کرد بەژوورەکەدا. قسەیان لەگەڵ (گیۆنول) کرد، (گیۆنول) بە گریان و ناڵەوە وەڵامی پزیشکی دایەوە، نەقیب "بینباشی" ئەمەی بەهەل زانی و گووتی: "ئەگەر دەتەوێت با هاوکاری تەندروستیت بکەین، دواتریش خواستت هەبوو دەتوانیت دەستپێبکەیتەوە. یاخود ترسێکت هەیە؟ خۆت بڕیارت پێنادرێت؟" لەگەڵ ئەم قسانەی بەلاچاو سیلەیەکی هەڕەشە ئامێزانەی تێکرتم. چاومان بەگژیەکدا هات. دڵنیام قین و تووڕەییەکانی ناوچاوم ئەوی زیاتر ترساندبوو. خۆی لەخۆیدا چاوم بە چاڵاچوو بوو و لە ژاکاوییەکی سامناکدا چەقی گرتبوو. سەرەتا ئەو چاوی بادایەوە، منیش وەک بڵێم "هیچتان پێناکرێت" پێیان پێکەنیم. ئەوانەی دەروبەر هەموو چاویان لەسەر ئێمە بوو. رووخسار و نیگاکانی (ئایسەل)یش سامناک بوو.

(فاتیمە) بە پێچەوانەوە راکشاوە و لە بێخەمییەکەی خۆیدا بوو. نەدەزانرا بەکام ئاراستەی مردن یاخود ژیاندا دەچێت. زۆر بەکەمی قسەی دەکرد، بە ئاسانی بیر و بۆچونی خۆی دەرنەدەبڕی. دەبا بەردەوام گرنگی پێبدەیت و پەیوەندیداربیت لەگەڵیدا تا بزانیت دۆخی رۆحی چۆنە. جارێکیان زۆر درەنگ وەڵامی پرسیارێکی پزیشکی دایەوە، پزیشکەکەش پێی گووت" مرۆڤ نازانم لە چەند چرکەیەکدا وەڵام دەداتەوە، تۆ کەسێکی زۆر سەیریت. دوای ئەو هەمووە راوەستانە وەڵامدانەوەت، گرفتێکی رۆحی و دەروونییە". راستە؛ ئەوەی ئەم قسەیە دەکات دووژمنە، بەڵام کاتێک هەوڵدەدەیت زانستیانە بیری لێبکەیتەوە بەڕاستیش سەیربوو. دەشێت کەسێک بێدەنگ بێت و هەرگیز قسەش نەکات، بەڵام بەرپەرچدانەوە و پەرچەکردار تایبەتە بە

مرۆڤ، ئەگەر ئەوانەشی بنبەست کردبێت، ئەوا دۆخێکی رۆحی تایبەت و مەترسیدارە.

جاروبار لەناوخۆماندا دەمانگووت: "ئەمە شتێکی پەناداوە؟" و سەرسوڕمانی خۆمان دەردەبڕی. بۆچی لە (مانگرتنی تامردن) دایە؟ بۆچی بەشدار بووە؟ لەگەڵ کێ بەشداربووە؟ ئەوانەی لەگەڵیدان کێن؟ ئامانجی چی بوو؟ هەڵوێستی لەبەرامبەر بە مرۆڤ چییە؟ متمانە، خۆشویستن، هاوڕێیەتی بۆ ئەو چی واتایەکیان هەیە؟ ئەم دەستەواژانە و زۆری تر لەدۆخی پرسیاری بێ وەڵامدا دەمانەوە.

لە خۆڕا نەمدەگووت: "پێشنیاز بۆ پارتی دەکەم، کاتێک ئەمە چووە دەرەوە لە پێشکەوتووترین بواری زانستی پزیشکیدا مێشکی شیکار بکرێت، دیارە لە سۆڤێت تابلێی ئەم زانستە گەشەی سەندووە". بەجددی بیرم لەم پێشنیازە دەکردەوە. مرۆڤ بۆ دۆستی دەبێت بە دۆست و بۆ دووژمنیشی دەبێت بە دووژمن. ئەمە دوو دیاردەی بنەڕەتین. مرۆڤ ناوێکی دەستنەدەکەوت بۆ ئەو کەسانەی دۆستایەتی و دووژمنایەتییان دیارنییە، پێناسەکردنیشی کارێکی زەحمەت بوو.

پاش ماوەیەک هەموو رۆژێک خانەوادە دەهاتن. ئەوانیش بەرەیەکی تری ئەم شەڕەیان پێکدەهێنا. لایەنی دراما، لایەنی تراژیک، لایەنی کۆمیدی...هتد هەمووی لەیەک کاتدا. بەر لە هەموو شتێک زۆر بێ دەرەتان بوون. لەلایەک رۆژانە توانەوەی ئێمەی منداڵەکانیان بەچاوی خۆیان دەبینی، لەلایەکی تریشەوە گوشارەکانی دووژمن، ملکەچی و ئازاری بێ هێزبوونیان. لە هەندێک فیلمدا هەندێک کەس لەدۆخێکی پڕ لە ئازاردا یاخود لە بەردەم سێدارەدا دەستبەجێ سەریان سپی دەبێت. وام دەزانی ئەمەش رۆڵێکە. لە یاری یان لە فیلمەکەی ئێمەدا رۆڵ نەبوو،

هەرکەس خۆی ئەکتەری خۆی بوو و لە راستیشدا ئەگەر دەرهێنەرێکی شارەزا هەبووایە فیلمێکی ناوازەی بەرهەم دەهێنا. هیچ کورتە بەشێکی ئەو فیلمانە نەدەگەیشت بەوەی ئێمە تیایدا دەژیاین.

ماوەیەک رووداوی بۆبی ساندس[113] لە راگەیاندنەکاندا خرایە رۆژەڤەوە. (مانگرتنی تامردن) لە ئامەد و (مانگرتنی تامردن)ی لە بەریتانیا یەک رێکەوتیان هەبوو. هاومێژوو بوون یاخود زۆر نزیکبوو لە (مانگرتنی تامردن)ی 1981. گرووپێک لە ئەندامانی (IRA)[114] دەستیان بە (مانگرتنی تامردن) کردبوو. (ژنە پۆلایین)ەکە زۆر پێداگربوو و ملی نەنا، زیاتر لە (10) شۆڕشگێڕی ئەندامی ئەو گرووپە ژیانیان لەدەستدا. (بۆبی ساندس) یەکەمین شەهیدی ئەو گرووپە بوو. ئەم رووداوە زۆر کاری تێکردبووین. خاوەنداریمان لەویش کرد، لە یادکردنەوەی شەهیدەکانماندا ئەویشمان وەیاد دەهێنایەوە.

وەسیەتێکی بۆ دایکی بەجێهێشتبوو، تیایدا دەیگووت: "تا دوایین ساتەوەختەکانی ژیانم، مۆڵەت بە هیچ دەستوەردانێکی پزیشکەکان نادەم. گریمان لەهۆشی خۆم چووم، ئەوکاتەش تۆ رێگەیان پێمەدە" و بەڕاستیش ئەو دایکە دڵ گەورەیە رێگەی بە

---

[113] Bobby Sands : لە بەناوبانگترین شۆڕشگێڕانی ئیرلەندیە. دوای ئەوەی لە 1972بە تاوانی سیاسی دەستگیر دەکرێت و دەخرێتە زیندانەوە، لە ساڵی 1981 لەپێناوی باشکردنی دۆخی ژیانی زیندانیان پێشەنگایەتی چالاکی مانگرتن دەکات و لە 66مین رۆژی چالاکییەکەیدا گیانی دەسپێرێت. هاوکات مێژوویێکی پڕ لە وانە و کۆمەڵێک هۆنراوە و پەخشان لەدووی خۆی بەجێدەهێڵێت کە بەشێک لەو شیعرانەی لە ساڵی 2016دا لە چوارچێوەی پەرتوکێکدا لەچاپ دراون.

[114] Irish Republican Army : سوپای کۆماریی ئیرلەندا. هێزێکی گەلیری باکووری ئیرلەندایە کە هەڵگری دروشمی سەربەخۆییە. دوای دامەزرانی لە ساڵی 1969 دا روویکردە شەڕی چەکداری و لە 2005 بە فەرمی رایانگەیاند کە بە رێ و ڕێبازی سیاسی درێژە بە تێکۆشانیان دەدەن.

پزیشکەکان نەدابوو کوڕەکەی بژێننەوە. (بۆبی ساندس) لەم بوارەشدا ئاسودە بوو، دایکی وەسیتەکەی بەجێهێنابوو.

خانەوادەکانی ئێمە زۆر سەیر بوون. ئازار و ژان تاقەتی تیا نەهێشتبوون. گریان، سەر و قژ رنینەوەیان و گووتنی "خۆمان دەکوژین"یان هەمووی بۆ بێ دەرەتانی خۆیان دەگەڕایەوە. هەموویان پێچەوانەی داواکانی ئێمە بوون، پێچەوانەی وەسیتەکانمان بوون. ئەمەش بە هەر بارێکدا بێت کاری لێدەکردین. لانی کەم دەبووایە دەرکیان بە مانا و ئامانجی چالاکییەکمان بکردایە. لەهەندێک رووەوە دەیانزانی، بەڵام زۆر گشتی، سنووردار و ناتەواو بوو. بەم هۆکارە پەرچەکردارەکانیان سەرقاڵی دەکردین. لەکاتێکدا دەبووایە بەرۆکی دووژمنیان بگرتایە و حیسابیان لێبخواستنایە، قین و تووڕەیی خۆیان بەوان دەربکەن، کەچی زیاتر بە رازیکردنی ئێمەوە خەریک دەبوون. بەر لە هەموو شتێک راستە نەیاندەویست بمرین. هەموو هەوڵ و ئازارێکیان سەرەتا هەر خۆیانی دەکوشت. ئەوانیش دەتوانەوە. هەستم کرد و بەچاوی خۆم بینیم کە لەماوەیەکی کورتدا سەریان سپی بووە. دایکم، باوکم، مامە خدرم، ئەوانی تر رۆژانە پارچەیەکیان لێدەتوایەوە. دەگریان و گوێیان لە قسەکانی ئێمە نەدەبوو. یەکەمجار کە بانگیان کردبوون، دووژمن پێیان دەڵێت: "وەرن مردووەکانتان ببەنەوە" هەندێک لە خانەوادەکان بە تابوتەوە هاتبوون. بەڵێ؛ بە تابوتەوە هاتبوون!..

بەزۆر توانیمان پەرچەکردارەکانیان بەئاراستەی دووژمندا وەرچەرخێنین. پێمان دەگووتن: "بڕۆن هێرش بکەنە سەر ئیدارەی زیندان، هێرش بکەنە سەر بەشی سوپای وشکانی لە هەرێمەکە، رێپێوان بکەن، تا ئەنکەرە بڕۆن. مەگەر بەمجۆرە رێگری لە مردن بگرن، نەک بەم حاڵەی ئێستاتانەوە" پاشان کەوتنەخۆ و دەستیان

بە هەوڵدان کرد. خانەوادەکان بە بەرد هێرشیان کردبووە سەر زیندان. لەکاتی چاوپێکەوتنیاندا لەگەڵ بینباشی، هێرش دەکەنە سەری و پێی دەڵێن˚ ڕۆڵەکانتان کوشتین˚. شاندێکیان هەتا ئەنکەرە ناردبوو.

دووژمن سووربوو. گرووپی یەکەم بە ئێمەشەوە (12) کەس لەسەرەمەرگدا بووین. (ئایسەل) خوێنی هەڵدەهێنایەوە، خوێنێکی وەکو پڵتە. (گیۆنول)، (فاتیمە) و کەسی تر لەجێی خۆی نەدەجولا. تا دوا ڕۆژەکانیش پێداگریم کرد و بەردەوام بووم لە خوێندنەوەی ڕۆژنامە. چاوم هێشتا دەیبینی. جاروبار تەڵخ دەبوو، بەڵام هەر باش بوو. چاوی (ئایسەل) و (گیۆنول) زیاتر بە تەم و تەڵخ بوو. جەستەیان وەک سەراپا خۆیان ڕادەستی جێخەوەکەیان کردبێت شێوەی جێخەوی گرتبوو. جاروبار بە جوڵەی برژانگەکانیان و بە ناڵەیەکی بچووک دەمانزانی کە هێشتا دەژین، هەر ئەوەندە. ناوبەناو لەگەڵ درێژخایاندنی بێدەنگی، ناویانم دەهێنا و بانگم دەکردن. (گیۆنول) لەسەر جێخەوەکەی تەنیشتمەوە بوو، (ئایسەل) لە جێخەوەکەی لەپاڵ (گیۆنول) و (فاتیمە)ش لەسەر جێخەوەکەی بەرامبەرمان بوو. چاوم بەنێوان هەر سێ جێخەوەکەدا دەهات و دەچوو. نزای ˚ئەی خوایە با یەکەم کەس من بمرم˚م دووپات دەکردەوە. کێ چی دەڵێت با بڵێت، تەنانەت ئەگەر بشڵێن ئایدیالیست، نییەتگرتن و پاڕانەوە لە خودا دەشێت تەنیا بۆ ئەو ساتەوەختانە بێت.

(ئایسەل)، (فاتیمە) و (گیۆنول)، تەنیا بە جوڵەیەکی بچووکیش بێت وەڵامیان دەدامەوە. جارێکیان بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ (ئایسەل) وەڵامی نەدامەوە، ترسام. هەستام و چوومە لای، کە بینیم هێشتا ماوە و دەژی دڵخۆش بووم. جاری وەهاش هەبوو (ئایسەل) وەڵامی پێچەوانەی دەدامەوە، بەتووڕەییەوە دەیگووت

"چی!" خوی پێوەگرتبوو. زۆرجار ئەم وشەیەمان بە تووڕەیی و بە قەباترین شێوە لێدەبیست. ئەم "چی!"یانە دۆخێکی سەرشێتانە بوو؟ لە ژیانی رۆژانەشدا بە هەمانشێوە بەکاری دەهێنا.

وەسیەتەکەی باوکم زۆر سەیرتر بوو. بە هەنسکی گریانەوە تیانووسۆکێکی لە گیرفانی دەرهێنا و گووتی: "من لەبەردەم مردنی هەم کچەکەم و هەم (مەتین)ی کوڕم خۆمم پێناگیرێت، دەمەوێت بەر لەوان بمرم. منداڵەکانم شتێکی خراپیان نەکرد، لەپێناوی مرۆڤایەتی تێکۆشان. پڕووپاگەندەیان بۆ دۆزەکەی خۆیان کرد، هیچ تاوانێکی تریان نییە. ئەوان لەپێناو کارێکی شەرەفمەندانەدا تێکۆشان. لەم مزارەدا هیچ شتێکم نییە پێیان بڵێم، بەڵام بیریان لە ئێمە نەکردەوە. لەبەرامبەر بە ئێش و ئازارەکانیان ناتوانم خۆم رابگرم. دەچم خۆم هەڵدەواسم، ئەمەش دەفتەرەکەم..".

خانەوادەکان بەکۆمەڵ دەگریان. لەناو پەرستار، سەرباز و پزیشکەکانیشدا هەبوون دەگریان. ئیتر فرمێسکی خۆیان نەدەشاردەوە.

دوای ئێمە چوونەتە لای (کاراسو) و ئەوان. بارودۆخی ئەوانیش قورس بووە، (کاراسو) لەهۆش خۆی چووە. (ئۆرهان کەسکین) و (جەمال ئارات)یش گواستراونەتەوە بۆ بەشی هاوکاری بە پەلە، خانەوادەکان بەمەیان نەزانی بوو. دایک و باوکی (ئۆرهان) وەکو شێتێک بەدوای (ئۆرهان)دا دەگەڕان. باوکی تۆزێک هێورتر بوو، دایکە خەمبارەکەیشی پارچەیەکی لە دڵم کردەوە، ئازار و ژانێکی زۆرم چەشت لە هاوار و فریادەکانی. هاتۆتە لامەوە و دەست بەسەر قاچ و دەستمدا دەبات و دەهێنێت، ماچم دەکات، دەستم ماچ دەکات و دەیگووت: "بەقوربانت بم، کوا ئۆرهان؟ پێم ناڵێن لەکوێیە. چی لێهات؟ تۆ دەزانی و ئاگاداریت. ئیتر چارەیەک پەیدا بکەن. ئۆرهان دیار نییە، ئۆرهان... ئۆرهان.."

پاشان لەمن گەڕا و چووە لای ئەوانی تر، چووە دەرەوە، دووبارە هاتەوە. تاقەتم نەبوو. نەمتوانی دەست و قاچەکانم لە ماچی پڕ لە ئێش و ژانی دایکێک بپارێزم. تەنیا توانیم پێی بڵێم: "خەمت نەبێت ئەوان باشن" منیش ئاگادار نەبووم، کەس هیچی بەمنیش نەدەگووت. دوای چەند مانگێک لە گەڕانەوەمان بۆ زیندان ئەوجار پێمان زانی کە شەهید بووە.

دایکم لەگەڵ دایکی (ئۆرهان) فەرقی نەبوو، دەیگووت: "مەتۆ مردووە، کاراسو مردووە. بەسە ئیتر! تۆ شتێک بڵێ. ئەو کابرایانە دەڵێن؛ ئەگەر ساکینە رازیبێت ئەوانی تریش واز لەمانگرتن دەهێنن.. پێیان بڵێ باوازی لێبهێنن..." (مەتین) و (کاراسو) مردوون؟ دایکم چی دەگووت؟ بێ ئەوەی بەخۆی بزانێت منیشی دەکوشت. هەواڵی مردن ئەوەندە ئاسان نەبوو. گوایا زۆرم لێدەکەن تا کۆتایی بە چالاکییەکەم بهێنم، بەڵام دەرکی بە واتای قسەکانی خۆی نەدەکرد. نەیدەزانی چی دەڵێت. بە ئاماژەی دەست دایکی (ئایسەل)م بۆلای خۆم بانگ کرد. لەوم پرسی و گووتی: "شتێکی وەها نییە، تازە لەوێ هاتین، تۆزێک لە هۆش خۆی چوو و هیچی تر". دڵم سوکنایی هات. ئەو زیاتر لەسەرخۆ و زرنگ بوو.

پاش چەند رۆژێک (مەتین) هات بۆ بینینم و پێیگووتم: "لە بەیانییەوە چاوپێکەوتن بەردەوامە. لە سوپا و لە زیندانەوە هاتبوون. جگە لە هەندێک شت بەگشتی داواکانیان پەسند کردین. بەڵام خۆیان لە قەرەی گۆڕینی بابەتی جلی یەکجۆر نادەن". گووتم: "یەکجۆری چی؟" وەک لە بۆشاییەکەوە کەوتبمە خوارەوە یان چۆن دوای کابوسێک لە خەو رادەپەڕی و هەست بە بۆشاییەکی گەورە لەخۆتدا دەکەیت، هەستێکی بەو جۆرەم هەبوو. دیارنییە ئەو جلانە لەبەر کراون یاخود بابەتی دانوستانە و

بەردەوامە، دەستبەجێ قسەکەی (گیۆنول)م هاتەوە بیر کە دەیگووت: "قاوشی (35)یش جلی یەکجۆرییان لەبەریان کردووە، کاراسو و یڵمازم بینی"، بەڵام هەمان ئەنجامم لە قسەکانی (مەتین)دا بەدی نەدەکرد، هەرگیز بیرم لەوە نەکردەوە کە دەشێت لەبەر کرابێت. دیسان وەک پەرچەکردارێکی ناوەکی و نیگەرانییەک لەناخمەوە دەرپەڕی. (مەتین) زۆر نەمایەوە و گووتی: "هەڤاڵ رەزا و ئەوان چاوەڕێمن، دەچین بۆ زیندان و لەوێ قسە لەسەر ئەنجامەکان دەکەین. رەزا نەیدەتوانی سەرکەوێت بۆ سەرەوە، بۆیە بەتەنیا هاتم. ئێوە لیستی خۆتان ئامادە بکەن، حەتمەن وەڵامتان بۆ دەهێنینەوە". منیش پێمگووت: "دەبێت یەکێک لە ئێمەش بانگ بکەن بۆ ئەو چاوپێکەوتنانە. راستە کۆمیتەیەک هەیە، بەڵام ئێمەش خاڵی تایبەت بەخۆمان هەیە، دووره پەرێزین، دەرفەتی گفتوگۆمان نییە. لەو بڕوایەشدا نیم دووژمن رێگرییەکی ئەوتۆ بکات". و (مەتین) رۆیشت.

خانەوادەکان لە بەشەکەی تریان بیستووە و دەستبەجێ بەکۆمەڵ بەرەو زیندان بەڕێکەوتوون. هەمان رۆژ هەواڵیان نەبوو، دووەم رۆژ نەبوو، دیارە بە ئەنجام نەگەیشتوون. لەناو خۆماندا گووتمان: "باش بوو لیستەکانمان نەدا بە خانەوادەکان".

دەنگۆی نالەبارتربوونی دۆخی تەندروستی (کاراسو) هەبوو، هەروەها هەندێک هەڤاڵ هەستی بینین و بیستنیان زۆر کەم بووە. (حاملی)یش لەناویان دایە. خانەوادەکەی سەردانی ئێمەشی دەکرد. ئەوانیش جۆرێکی تربوون. یەکەمجار هەر کە هاتن گووتیان: "کوڕەکەمان دەمرێت، لە خوابترسە، گوناح نییە؟" کەسوکاری ئەوانەی لەلای منیش بوون هەمان شتیان پێگووتبووم. ئەی خوایە، ئەمانە فشاری ویژدانیم دەخەنە سەر، تۆمەتبارم دەکەن. هەر دەیانگووت: "(کاراسو) و تۆ دەتوانن شتێک

بکەن. (کاراسو) چووە و دۆخی نالەبارە. ئەگەر تۆ بڵێیت ئەوا کۆتایی دێت. دەی بەسە ئیتر!" دیارە خراپترین و ناهەموارترین جۆری فشار بوو لە دنیادا.

گووتم: "بانگی ئەفسەرەکە بکەن"، هات و پێمگووت: "دەمەوێت چاوم بە کاراسو بکەوێت و قسەی لەگەڵ بکەم" چونکە دەبووایە رۆژێک پێشتر ڕێکەوتن بکرایە. لە زینداندا چەقبەست کرابوو، ئەم بەدخەسڵەت و نامەردانە تەڵەکەبازیان دەکرد.

هەندێک لە خانەوادەکانی تر باسی شتی جیاوازیشیان دەکرد. دایکی (ئایسەل) و دایکم دەیانگووت: "شەنەر ناهێڵێت. لە زیندان ئەو دژایەتی دەکات. بینباشی پێیگووتین؛ چی لە ڕۆڵەکانمان دەوێت؟" لە خانەوادەکان تووڕەبووین، پێمگووتن: "دووژمن هەرجارێک شتێکتان پێدەڵێت و دەتانخەڵەتێنێت، ئێوەش بڕوایان پێدەکەن. دووژمن دووڕوویەتی دەکات، لێرە دەڵێت؛ تەواو، کەچی بەئێوەش دەڵێت؛ نەخێر هیچ ڕێکەوتنێک لە ئارادا نییە.. بەم هۆکارە درێژە دەکێشێت".

کاتێک داوای (کاراسو)م کرد کەسوکار و خزمانی ئامادە گەشبوونەوە. ئەوانەی کە دەگریان بێدەنگ بوون. هەمووان بە مەراقەوە لە چاوەڕوانی دان کە قسە لەسەر چی دەکەین.

(کاراسو)یان لەسەر قەرەوێڵەیەک هێنا و لەلای پێشەوەی جێخەوەکەی من دایاننا. هەمووان بە هاتنی ئەو گەشانەوە. سەیرە! (ئایسەل)، (گیۆنول) و (فاتیمە)ش لەجێی خۆیان ڕاستبوونەوە و خۆیان بە جێخەوەکەی منەوە گرتبوو، تا ئەو کاتەش هەر یەکێکیان وەک مردووێک وابوون. منیش بە نیوە پاڵکەوتنێکەوە تەماشام دەکرد. لەسەر قەرەوێڵەکە جەستەیەکی بچووک هەبوو، ئەگەر ئەو چەند فانیلە و چاکەتانە نەبووایە کە بەسەر یەکدا لەبەریانکردبوو زۆر بچووکتر دیار دەبوو. ڕووخساری هێندەی

لەپی دەستێکی لێمابوو. بە دەستێک دەتتوانی هەموو رووخساری داپۆشیت. چاوی بە قوولاییدا چووە، رەنگی دەوری چاوی و رەنگی رەشی چاوی تێکەڵاو بوون. بە زۆر خۆمم گرت، گریانی دەوروبەر بەس و زۆریش بوو. ئەوجار نابێت منیشی لەسەر زیاد ببێت! هەموو لایەک پڕبوو لە دووژمن.

کاتێک پێمگووت: "چۆنن؟" بەتەواوی وەڵامی پێنەدرایەوە، یاخود نەیبیست. پاشان گووتی: "باشین، هەڤاڵانیش باشن" ناوبەناو چاوی دادەخرا. وەک نەخۆشێک دەرزی بەنجی لێدرابێت هێواش هێواش قورس دەبوو. خانەوادە وەک بازنەیەک دەورەیان داین. هەموو چاو و گوێیەک لەلای ئێمە بوو. (کاراسو) گووتی: "دووژمن لەسەر بەڵێنی خۆی نەبوو، رێگە نادەن بە رەزا و ئەوان بە قاوشەکاندا بگەڕێن. لەگەڵ چەند قاوشێک قسەیان کردووە، مادده پەسندکراوەکان راگەیەندراون. یوزباشی، ئەو کابرا فاشییە لەکاتێکدا لێرە لەلای ئێمە رەزامەندی دەربڕی و پەسندی کرد، لەوێ دەڵێت؛ نەخێر شتێکی وەها نییە. پەسندمان نەکردووە، و کارەکەی بەرەو هەڵدێر برد. هەڤاڵان گەڕانەوە بۆ ئێرە، ئۆتۆمبێل بەتەواوی شەکەتی کردوون، هەوڵەکەیان بەفیڕۆ درا.

ئەوانە دووڕوون. بینباشی لە (مانگرتنی تامردن)ی 1981 دەیگووت؛ بەڵێنی سەرباز بێت.. بەڵێنی چی؟ هیچ نەگۆڕا، سەرباری ئەوەی هەڤاڵ (عەلی ئەرەک)یش شەهید بوو. لە 14ی تەممووزدا بەحیساب بەڵێنی سەربازییاندا کەچی دوای شەهیدبوونی کۆمەڵێک هەڤاڵی پێشەنگ و بەهادار بۆمان دەرکەوت کە هەموو بەڵێنەکانیان درۆن. رەوشت و ئاکاری سیاسییان نییە. چاوەڕێی مەرگی ئێمەن. لەجیاتی ئەوەی خۆتان بەسەر ئێمەدا توورە بکەن، برۆن بەرۆکی ئەوان بگرن. ئێمە

بەبڕیارین، ئەگەر بە دەیانیشمان لێ بمرێت ئەمجارە تا سەر دەیبەین، ئەم جۆرە شتانە تەنیا بە قسە نابێت..".

منیش گووتم: "بە ئەنقەست کاتمان بەفیڕۆدەدەن. نابێت وەک مانگرتنەکەی ئەیلولیشی لێبێت، دەبێت هەموو شتێک روون و ئاشکرا بێت. نابێت قسە لەسەر خاڵە بنەڕەتییەکان بکرێت و دەستبەجێ دەبێت جێبەجێ بکرێن. ئێمە تا کۆتا بەبڕیارین. مەتین هات و رۆیشت، دواتر هیچ هەواڵێکمان پێنەگەیشت. پێویست بوو ئەمە و دۆخی ئێوەش بزانین. بۆ ئەم مەبەستە داوای چاوپێکەوتنمان کرد. با ئیتر ماندووتان نەکەین". خانەوادەکان چاوەڕێی شتی تریان دەکرد، بۆیە بەم بڕیاردارییە هەمەلایەنەی ئێمە بە تەواوی بێ هیوابوون. هێشتا قەرەوێڵەکەی (کاراسو) لە دەرگەکە تێپەڕ نەکرابوو خانەوادە و خزمان هاوار و فریادیان لێ بەرز بووەوە. هەرکامیان لە ئەژنۆی خۆی بدایە و بگریایە کارمەندەکان دەریاندەکردنە دەرەوە.

لەو نێوەدا وەسێتی خۆمان پێ نووسین، بە دایکمم گووت: "لە گۆڕستانەکەی مامیکی دێرسیم بمنێژن، لەپاڵ گۆڕی ئایدن دا. با گۆڕەکەم لەو بەرزاییەدا بێت".

لە راستیدا زۆر حەزم دەکرد لەپاڵ (مەزلوم) بمنێژن. تەرمەکەیان وەرگرتبووەوە؟ دایە (زەینەب) لەتاو گریان هیچی نەدەبیست. زۆر پێی کاریگەر ببوو. پێمگووتن: "مەگرین. بڕوانن چەند ئاسوودەین. نابێت دڵگران بن. لەپێناو دۆزێکی بە شەرەفدا تێدەکۆشین، باجەکەشی هەر چییەک بێت ئامادەین. بڕوا بە سەربەخۆیی کوردستان بکەن، بڕوا بە گەورەیی و پیرۆزی ئەم دۆزە بکەن. زۆر گرنگە بزانین لەم دۆزەدا مردن هەیە و لەوەش گرنگتر ئەوەیە بزانین چۆن بمرین. بڕوانن، هەندێک کەس ژیانێکی ریسوا و رەزالەتیان هەڵبژارد. مردنیان قزەونترین جۆری مردنە.

هەرگیز ناتانەویت چارەنووسمان وەهابێت، وانییە؟ بە هەموو هەڤالان بلێن، متمانەمان پێیان هەیە. تۆڵەی هەموومان دەسێننەوە، تاکوتا ئالای تێکۆشان بەرز رادەگرن" دایە (زەینەب) بە ئاشکرا دەگریا و دەیگووت: "باسی ئەم شتانە مەکە" و هەنسک هەنسک.. هەر هەنسکێکی لە ئاگری دڵییەوە هەڵدەقولا.

چەند رۆژمان بەجێهێشت نازانم، خانەوادەکان جارێک بەم بار و جارێک بەو باردا دەهاتن و دەچوون. ئەمجارەیان تووڕەتر بوون. دایکم دەیگووت: "هەندێک هەن لەناو خۆتاندا ئەم کارە تێکدەدەن. نایانەوێت ئەم کارە سەربگرێت. شەنەرە چییە نازانم، دەڵێن کوڕی (سالیحە) کوێرە، ئەو لێناگەڕێت. سوێند بە دوزگیون بابا وەها دەڵێن. ئەو ژنەش شێتێکە بۆ خۆی، ئەویش لە دەرەوە ئالۆزی دەنێتەوە." دایکی (ئایسەل)یش سەری بۆ ئەو قسانە دەلەقاند. دووبارە هەوڵم دەدا تێیانبگەیەنم، بە تووڕەییەوە پێمگووتن: "دووژمن تەڵەکەبازی دەکات، بەردەوام بیانوو دەهێنێتەوە، ئێوەش بڕوای پێدەکەن. خۆشتان زۆر باش دەزانن کە ئێرە بڕیار دەدات، کاراسو و ئەوان بڕیار دەدەن، نەک ئەوانەی زیندان. بچن یەخەی ئەو کابرایانە بگرن و پێیان بلێن؛ ئێوە خوازیاری مردنی منداڵەکانمانن.. سەری خۆتان بە شتی ترەوە مەیەشێنن".

زۆر درێژەمان پێنەدا. دوای رۆیشتنی ئەوان لەناو خۆماندا ئەم بابەتەمان تاووتوێ کرد. بە هەڤاڵانم گووت: "زیندان بۆچی وەها دەکات؟ راستە؛ ئەم کارە تێکەڵ دەکرێت، ئەم شەنەرە کێیە و چی دەوێت؟ بۆچی هاوبیر نییە لەگەڵ ئێرە؟ تۆبڵێی لەوێش کۆمیتەیەک پێکهێندرابێت؟ نەخێر، دیارە دووژمن ئامانجێکی تری هەیە. چاوەڕێی مردنمان دەکات. دۆخی کاراسو نالەبارە، دیارە دووژمن دوای شەهیدبوونی ئەوان دێتە سەرخەت. چونکە لێرە گووتیان

(باشه و دەگەین بە ڕێکەوتن). ئامانجیان هەیە لەم دەستخەڕۆ کردنە. با بیر و بۆچوونی خۆمان بە هەڤالان بڵێین. بریا بە کاراسومان بگووتایە، بەڵام لەبەردەم خانەوادە و خزماندا نەدەبوو". (ئایسەل) قسەکانی ئەرێکردم. بەڵام (فاتیمە) بە تووڕەییەکەوە گووتی: "تۆ بەناوی هەموو کەسێکەوە قسە مەکە، من درێژە بە چالاکییەکەم دەدەم. بڕوا بەقسەی خانەوادەکان بکەین؟" (فاتیمە) بەردەوام بوو لە نواندنی سەیر و سەمەرەییەکەی خۆی. وەکو بڵێت من باسم لە کۆتایی هێنان بە چالاکییەکە کردبێت یان گووتبێتم خۆمان بڕیاری لەسەر بدەین.

لەوەڵامدا گووتم: "پێویست ناکات قسەکە بەبارێکی تردا ببەیت. بەڵام دووژمن ئامانجی هەیە لەم کات بە فیڕۆدانە، هەست بەمە دەکرێت و هەڵە نابێت ئەگەر ئەم باسە لەگەڵ هەڤالانی تر تاووتوێ بکرێت".

بە بڕیاربووم و دەبووایە ئەم بۆچوونەیان پێ ڕابگەیەنم. هەستەکانم پاڵێکی بەهێزی پێوە دەنام. بە کارمەندەکانم گووت؛ دەمەوێت لەگەڵ (حاملی) قسە بکەم. بانگکردنەوەی (کاراسو) کارێکی ڕاست نەبوو، شەکەت و ماندووتر دەبوو. ئەگەر لەگەڵ (حاملی) بە زاراوەی دملکی قسە بکەم، ئەفسەرەکەش تێنەدەگەیشت. (حاملی)یشیان بە قەرەوێڵە هێنایە سەرەوە. پێمگووت: "هەڵوێستی دووژمن گوماناوییە، خانەوادەکانیش باسیان کرد و گووتیان؛ زیندان نەیهێڵاوە.. ئەگەر ئێرە مەرجەعی بڕیار بێت، بەتایبەتیش کە بەشی زۆرینەی هەڤالانی خاوەن بڕیار لێرەن، کەوابوو بۆچی بڕیاری جیاجیا لە زیندانەوە دەردەکرێت، دەبێت ئەوان چاویان لە بڕیارەکانی ئێرە بێت نەک بەپێچەوانەوە. کاراسو دۆخی باش نییە، ترسم هەیە. بەبۆچوونی من دەبێت ئێرە قورسایی خۆی نیشان بدات و چالاکییەکە ئەنجامگیر بکات.

دووژمن ئێره بەهەند وەربگرێت. تێگەیشتیت لە مەبەستم؟" ئەویش بە بەڵێ وەڵامی دامەوە و گووتی: "هاوڕام لەگەڵت، لەناوخۆشماندا گفتوگۆ دەکەین، تاڕادەیەک TIKKOییەکان تەنگەژەیان نایەوە" و ڕۆیشت.

ڕۆژێکی تریش تێپەڕ بوو، (مانگرتنی تامردن) لە ڕۆژی (50) هەمین دابوو، مانگرتنەکەی (کاراسو) لە (55)مینی دابوو. (کاراسو) لەسەرەمەرگدا بوو... ئەو ڕۆژە بێدەنگی باڵی بەسەر هەموو لایەکدا کێشابوو، بەڵام شانبەشانی هەست و سۆزێکی خۆش، جۆش و خرۆشێکی سەیریش لەناخمدا بوو. چاوم بەو نووسینانەدا دەگێڕا کە خۆم لەسەر دیوارەکە نووسیبووم، پێم نەدەخوێندرایەوە. تەنیا لە نزیکەوە بە تەواوی لێم ئاشکرا دەبوو. ئەو ڕۆژەش ڕۆژنامەیان بۆ هێناین. تەنیا چەند وشەیەک لە بەشی وشەی یەکتر بڕەکەی پڕکرابووەوە. پیتەکان لە چوارگۆشەکان دەرکەوتبوون، زۆر سەیر نووسرابوون. هەوڵمدا تۆزێک لێکیبدەمەوە. تاوێک هەستم پێکرد کە دڵم زۆر تێکدەچێت، کلوە خوێن بە دەممدا دەهاتە خوارەوە، بۆنێکی زۆر ناخۆشی هەبوو. ماوەیەک سەرم لەسەر سەرین دانا و ڕاوەستام. پاشان زۆرم بۆخۆم هێنا و پێویست بوو لە هۆشی خۆم نەچم. هەرجارە و تەماشای ڕۆژنامەکەم دەکرد هەڵێنجەکان زیادیان دەکرد بۆیە وازم لێهێنا. سەرینەکەم خستە بەر پشتم و پاڵمدایەوە. وەک چاوەڕێی شتێک یان کەسێک بم وابوو.

شەو داهاتبوو، لەپەنجەرەکەوە تەماشای تارماییەکەی دەرەوەم دەکرد. ڕووناکییەکی کەم لەو شوێنانەدا بەدی دەکران

کە گڵۆپە گەورەکانی سەر دارتەلەکان رۆشنی کردبوونەوە. تاریکیم خۆشنەدەویست. شەو بەنەفرەتن و تێپەڕنەدەبوون. هەرگیز شەوم خۆش نەویست. کاتێک لەدەرەوە بووم شەوانە زۆر جار هەڵدەسام و دەگەڕام. لە کەناراوەکەی نێرگزی شاری ئیزمیر گەڕان و هەستکردن بە فێنکاییە خۆشەکەی دڵڕفێن بوو. لە خارپێت لەگەڵ (مەراڵ) پێکەوە هەورازییەکەی رێگەی ئەسەنتەپەمان دەبڕی. جاروباریش بە راکردن دەهاتینەوە خوارەوە. بەتایبەتیش شەوانی مانگەشەو رۆیشتن چێژێکی تری هەیە. مانگی چواردە دڵمی دەخرۆشاند. وەک لەناو بێسنووریی ئەو مانگە گەورەیەدا نوقم بووبم، لەگەڵ خۆی دەیبردم. کاتێک لەگەڵ نەنەم و ئەوان لەگوند لەسەر بان دەخەوتین، بۆ چەندین سات سەیری مانگم دەکرد، نزا و پاڕانەوەکانی نەنەمم بەلاوە زۆر خۆش بوو.

بەهۆی رووناکییە بێ تەزووەکەی گڵۆپەکانەوە بوو، یاخود من بە لیلی دەمبینی، بێدەنگی ناو ژوورەکە و ئەم هەوایە بێتاقەتی دەکردم. دیوارەکان تا بەنیوەیان بۆرن، پاشان سپی. پەنجەم لەسەر مەچەکی چەپم دانا و دەمویست هەست بە لێدانی دڵم بکەم، بەڵام نەمدەدۆزییەوە. سەیرە! تۆبڵێی دەمارەکان تووابنەوە؟ پاشان لە قووڵاییەکی دوورەوە هەستم بە لێدانێک کرد.

لەو نێوەدا دەنگی قەرەباڵغی دەرەوەم بیست کە تادەهات نزیک دەبوو. دەنگی چاویشی ئەرکدار بوو. دەرگە کرایەوە، رێک لەبەرامبەرماندا دوو قەرەوێڵەی تایەدار هێنرانە داڵانەکە، یەکیان (کاراسو)، ئەوی تر (حاملی)..

کاراسویە، ناسیتەوە؟"

لە وەڵامدا گووتم: "بێگومان، چۆن ناتانناسمەوە؟ چاوەکانم زۆر باشن، هێشتا رۆژنامە دەخوێنمەوە".

(حاملی) کەوتە ناو باسەکەوە و گووتی: "پێکەوە لەگەڵ کاراسو لە زیندانەوە هاتینەوە، چالاکییەکەمان بە رێکەوتنێک ئەنجامگیر کرد. رەوشی گشتی باشە. کاراسو لەناو ئۆتۆمبێلەکەدا تۆزێک لەهۆش خۆی چوو. دەستبەجێ پێویستی بە هاوکاری تەندروستی هەیە، بۆیە زۆر درێژەی پێنادەم. دواتر قسە دەکەین".

پرسیم: "هەموو شتێکیان پەسند کرد؟" لە وەڵامدا گووتی: "هەڵبەتە، بێگومان"

پرسێکی تریشم کرد: "شەهیدمان هەیە؟" (حاملی) گووتی "نا، نەخێر"

پێمگووت: "راستم پێبڵێ"

گووتی: "وەڵاهی بەڕاستمە" دڵشادم بەم وەڵامەی، بەڵام هێشتاش بەگومان بووم. پێمگووت: "ئاگاتان لەخۆتان بێت. پزیشک هاوکاریتان دەکات، سڵاو لە هەڤاڵان بکەن" بەڕوونی رەشی قژ و ریش و چاوەکانی (کارا)[115]م لێدیار بوو.

پزیشک و پەرستارەکان دەستەبەجێ خۆیان کرد بە ژووردا و دەستیان پێکرد. کەسێکی گێژ و پەرتەوازەی تازە لەخەو راپەڕیو وەک چۆن دەرزی لە نەخۆشێکی ئاسایی بدات، درزییەکی لە سمتم دا. هەرگیز ئەو ئازارەیم لە دڵ دەرنەچوو. ژنە بە دەنگم

[115]: مەبەستی لە حاملی یلدرم (کازم)ە.

راچڵەکی. دەتگووت ئێسکیان هارِیوم، لەبەر خۆمەوە پێمگووت: "هەی نەفرەتی"

زوو هاتمەوە سەرخۆم، هێشتا سیرۆمەکە تەواو نەبوو هەستامە سەر پێ. بۆ بەیانییەکەی لەسەر پێ بووم، ئەوانی تریش هێواش هێواش دەگەشانەوە. یەکترمان لە ئامێز دەگرت و ئەنجامەکانیمان پیرۆز دەکرد. پاش چەند کاتژمێرێک ئەوێ پڕبوو لە خانەوادە و خزم و کەس، وایان دەزانی جەژنە. بڕوایان نەدەکرد، گەشابووینەوە و گۆڕابووین. دەستبەجێ جل و بەرگم گۆڕی، چونکە جلەکانمان بۆنی مردووی لێ نیشتبوو.

پاش چەند رۆژ هاوکاری تەندروستی، وەرگرتنی پێویستی لەرِێی سیرۆمەوە و پارێزکردن، هێواش هێواش جەستەی شێواومان گۆڕانی بەسەردا هات. بەڵام هێشتا رێڕۆیشتن و قسەکردنمان ئاسایی نەبوو. کاردانەوە کیمیاییەکانی کۆئەندامی هەرس سەراوبن ببوون. پزیشکەکان سەریان سوڕمابوو، دەیانگووت: "زانستی پزیشکی سەراوبن بوو". ئێمەش پێمانگووتن: "رۆحی (PKK)یە، بێگومان هەموو شتێک سەراوبن دەکات".

کاتێک گەیشتینەوە زیندان بە شەهیدەکانمان زانی. هەڤاڵ (جەمال ئارات) و (ئۆرهان کەسکین) شەهید ببوون. بەگشتی پێنج شەهیدمان هەبوو. دووانیان خۆیان سووتاندبوو، یەکێک لە ژێر ئەشکەنجەدا و دووانی تریش لە چالاکی (مانگرتنی تامردن) دا. لەناو ئۆتۆمبێلەکەدا تووشی شۆکێکی تر هاتین، هەڤاڵان جلکی یەکجۆریان لەبەر بوو! سەرەتا بە گومانەوە تەماشامان کردن، پاشان بینیمان هەموویان ناسیاون، بەشداربووانی چالاکییەکە

بوون. ئەوانە بوون کە لە (مانگرتنی تامردن)دا بوون. سەرەتا وای بۆدەچووم بەهۆی نەبوونی جل و بەرگەوە پێدەچێت لەبەریان کردبێت، چونکە لە پەلامارەکەی مانگی کانوونی دووەمی رابردوودا بە زەبر و زۆری ئەشکەنجە پێیان لەبەر کردبوون، هەر بەو جۆرەش هێنرابنە نەخۆشخانە. لەبەرامبەر بە حەپەساوییەکەی ئێمە گووتیان: "بۆ نەتاندەزانی؟ جلی یەکجۆر لە کانوونی دووەمدا لەبەر کرا، لە رۆژی یەکەمی (مانگرتنی تامردن). پاش ئەوە پەلامارەکان راوەستان. لەبەرکردنی یەکجۆر لەبەرامبەر راگرتنی ئەشکەنجە دوولایەنە پەسند کرا. لەریزی داواکارییەکانیشماندا هەبوو، بەڵام رازی نەبوون، بەگشتی داواکارییەکانی تر پەسند کران".

هەواڵی شەهیدان، هەواڵی جلی یەکجۆر، کێ دەزانێ چی تریش هەبوو و چی تریشمان بەرگوێ دەکەوت؟! کاتێک (مەتۆ) هات بۆلامان جلی یەکجۆری لەبەر نەبوو، یاخود من هەستم پێنەکردبوو. بەهۆی (مانگرتنی تامردن) ەوە لەبەریان نەکردبوو؟ کاتێک گووتی: "جلی یەکجۆر پەسند ناکەن" دیارە مەبەستی لەمە بوو. هیچ بڕوام نەکرد لە چالاکییەکەدا لەبەریان کردبن. لەگەڵ (گیۆنول) چاوبەچاو بووین، وەها تەماشای دەکردم وەک بڵێت: "کە پێمگووتیت بڕوات نەکرد و جوێنت پێدام"..

لەهەمان شوێنداین کەچی گۆشەگیرین. هەموو ڕێککەوتنێکمان قەمبورئاسا دەردەچوو. بۆچی؟!.. مەگەر دوای قۆناخ و ساڵانێک لە ئاستێکدا دەرکمان بە وەڵامی ئەم پرسیارە بکردایە. "جلی یەکجۆر بیانووێکی دووژمن بوو، ئەو بیانووەمان لەدەست سەند. سەپاندنەکانی دوای ئەوەش بە هەمان شێوە بە سووربوون و پێداگری لێمان بردەوە. جلی یەکجۆرمان بەمەرجی تا ڕەخسانی هەلومەرجی فرێدانی لەبەرکرد" لە قۆناخی دواتردا بەش بەش ئەم خوێندنەوەمان دەبیست و دەرکمان بە ناواخنی ڕووداوەکە و زانیارییەکانی خۆمان دەکرد.

هەموو شتێک بە نیوە و ناچڵی دەهات. لە یەک شوێن و یەک قۆناخ دەژیاین، بەڵام بەجیا. وەک لەدەرەوەی ڕووداوەکان و لێی بەدوور بووبین. ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە هەلومەرجی ژیانی ئێمەی قاوشی ژنان بە پێگەیەکی دەستنیشانکەر و ڕۆڵگێڕ دانەدەنرا. بەرژەوەندی گشتی و هەموو ئەو تەوەرە سەرەکییانەی سەرجەم بەندکراوانی دەگرتەوە پێویست و گرنگ بوون، هەر بۆیە جگە لە جێبەجێکردنی هەر کارێکی پێویست لەم خاڵانەدا هیچ شتێکی ترمان نەدەویست. تەنیا ئەوەندە کە پێمان بڵێن، ئاگادارمان بکەنەوە یاخود بزانین چۆن لەکات و شوێنی خۆیدا هەلومەرجی تایبەت بەدەست بهێنین.

بەڵام بەهۆی نەشکاندنی یەکجارەکی گەمارۆکانی دووژمنەوە و کاریگەرییەکانی لەسەر بێبەریی بوونمان لە بڕیارە ژیانییەکان، ڕەوشێکی نالەباری دەهێنا. ئەم دۆخە لەخاڵێکدا وەک شتێکی سرووشتی و ئاسایی دەخوێندرایەوە. ژنە بەندکراوەکان هەر لە سەرەتاوە بەتەنیابوون و دیارە وەها لێکدەدرایەوە و دەگووترا: "ئیدارەیان کردووە و هەروا بەمڕۆ گەیشتوون". لەبەرکردنی جلی یەکجۆر گرنگییەکی ئەوتۆی نەبوو، بەڵام گۆشەگیری؛ پیلانی

دووژمن بوو. دەشێ هێزێکی ئەوتۆی بەکاریگەرمان نەبووبێت لەسەر بڕیارە گشتی و تایبەتەکانی ڕێکخستن، هەر چۆنێک بێت شتێکمان پێ بوو بیڵێین، کە ئەمانەش شتی زۆر ئاسایی و ئەوتۆ نەبوون. ڕەوتی کارەکە بۆ ڕێکەوت و هەڵکەوت بەجێهێڵرابوو، نامە نووسین، هەواڵ ناردن، بۆ پەیوەندیکردن و ئاگاداربوون لە ڕووداو و پێشهاتەکان هەوڵ و تەقەلایەکی زۆرماندا، لەبەرامبەردا هەوڵەکانی هەڤالانی دەرەوە زۆر کەمتربوو. وەک گۆڕەپانێکی دوور و جیا مامەڵە لەگەڵ قاوشی ژنان دەکرا. تا ئاستێکیش بەهۆی پەسندکردنی ئەو داوەرییەوە هیچ کارێکی ئەوتۆی لەگەڵ نەکرا. ئەو چوارچێوەیەی ئێمەیان تیادا جێگیرکردبوو لە قەوارەیەکی سۆزداری تێپەڕی نەدەکرد. بەلای ئەوانەوە ئێمە گوناح بووین و خۆزگەیان دەخواست لە زیندان نەبووینایە. بەگشتی لە ئاستی مۆڕاڵ و ورەدا کاریگەری هەمەلایەنە لە ئارادابوون.

ئەوانەی دەمانبیستن و بەسەرهاتەکانی خۆمانمان دووبارە و سێبارە دەنرخاند و تاووتوێ دەکردەوە. هەندێک خاڵ مایەی قەناعەت پێکردن نەبوون. بۆ ئەوەی ڕێگە بە کاریگەری نەرێنی نەدەین، لەناو هەڤالاندا قسەمان لەسەر هەموو شتێک نەدەکرد. هەوڵماندەدا قەناعەت بە خۆمان بکەین کە" جلی یەکجۆر بەشێوەیەکی تەکتیکی لەبەرکراوە!" تەنیا لەناو هەندێک لە هەڤالاندا بە ئاشکرا بیروبۆچوونی خۆمان لەسەر ئەو بابەتانە دەخستەڕوو کە جێگەی گومان و گریمانە بوون. لەم چوارچێوەیەدا بە تاسەی هاتنی کاتی فڕێدانی جلی یەکجۆرەوە دەژیاین.

پاش دوو سێ مانگ ئەوجار هاتینەوە سەرخۆ، (کاراسو) و ئەوان دوایین کەس بوون لە نەخۆشخانە گەڕانەوە. ژمارەیەکی زۆر لە هەڤالانی (مانگرتنی تامردن)، تووشی تێکچوونی باری

تەندروستی هاتبوون. چاوەڕێی ڕێنمایی هەڤاڵان بووین سەبارەت بە پەیوەندی نێوان گرووپەکان و ڕابردوویان، هەڵسەنگاندنی دوایین قۆناغ و پێشهاتەکان، گفتوگۆ، دۆخی پێکهاتەی ڕێکخستنیمان لە زینداندا و ئەو ئەرک و کارانەی پێویستە جێبەجێ بکرێن. بۆ ئەم مەبەستەش پێداگریمان لەسەر چاوپێکەوتنی خانەوادە دەکرد. بۆ بینینی خوشک و برا، دایک و باوک و بەگشتی خانەوادە و خزمانی زۆر نزیک داواکاریمان دەدا بە ئیدارەی زیندان. هەڤاڵانی پیاویش لە بەرەی خۆیانەوە هەوڵ و تەقەلای بەم جۆرەیان نیشاندابوو، بێگومان دووژمنیش بە هێنانەوەی بیانووگەلێکی زۆر ڕێگەی بە زۆرینەی داواکان نەدەدا.

لە هەمووواندا تاسەیەکی ئاسایی و سرووشتیانە هەبوو کە هۆکارەکەی بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ یەکتر نەبینینمان دەگەڕایەوە. بۆیە خواستی ئاگاداربوون لە ڕەوشی تەندروستی و پرسی پێداویستی یەکترمان دەکرد بە بەهانە بۆ ئەوەی چاومان بە یەک بکەوێت. هەرچەندە لەژێر کۆنترۆڵێکی زۆر توندیشدا بێت، جاروبار بۆ ماوەیەکی زۆر کورت چاوپێکەوتنی ناوخۆ دەکرا. یەکەمین چاوپێکەوتن لە داڵانەکەی قاتی خوارەوەی بەشەکەی ئێمە بەڕێوەچوو. بەشی زۆرینەی قاوشەکە هاتبوو. ئەوەی خزم و کەسی یەکتربوون و ئەوانەی کە خۆیان بە خزم نیشاندەدا ئەوەندە زۆربوون قەرەباڵغییەکی گەورەیان دروست کردبوو. (ڕەزا)، (حاملی)، (سلێمان)، (سەلیم)، (مەتۆ) و زۆری تریشیان لەناودابوو. لەگەڵ هەموویان یەکترمان لە ئامێز دەگرت. سەرباز، ئەفسەری ئێشکگر، یوزباشی هەموویان لەوێبوون، بە چوارچاو تەماشایان دەکردین، بۆ ئەوەی نامە و نووسراو نەدەین بە یەکتری. بێگومان ئەگەر ئەمەشیان نەکردایە کەواتە بەتەواوی گەمژە بوون.

لەگەڵ (رەزا) و (حاملی) پارچە پارچە قسە و باسمان لەسەر کۆمەڵێک بابەت کرد. ماوە کورتە، خۆشحاڵی، جۆشوخرۆش زۆرە و بۆیە نەمانزانی لە کام بابەتەوە دەستپێبکەین و چۆن قسەی لەسەر بکەین. باسی دۆخی (گیۆنول)م بۆ (رەزا) گێڕایەوە. داوام لێکرد قسەی لەگەڵ بکات و مامەڵەی ئەرێنی بێت لەگەڵی. بێگومان پێم باشبوو ئەندێشەکانیشم ئاوێتەی لێکدانەوەکانی خۆم بکەم و پێی رابگەیەنم. نەمدەویست بابەتەکە ببێت بە بابەتێکی کەسێتی، بەڵام پێویستیشی دەکرد رێکخستنی لێ ئاگادار بکرێتەوە. قسەمان لەسەر رەوشی (جاهیدە)ش کرد. چونکە (رەزا) دەیناسی. لە (10) رۆژی کۆتاییدا بەشداری چالاکی (مانگرتنی تامردن)ی کردبوو. سەبارەت بە جلی یەکجۆر هاوکات لەگەڵ بیر و بۆچوونی خۆم، کات و شوێنی دەرک پێکردنەکەشم پێگووتن. (رەزا) لەسەر بابەتەکە گووتی: "قۆناخەکە هەڵسەنگاندنی بەرفراوانتری بۆ دەکرێت. لەو خاڵەدا کەموکورتیمان هەبوو. بەڵام بۆچوونی گشتی بوو، تەنیا تایبەت نەبوو بە یەک دوو کەس. بێگومان ژمارەیەکی زۆر لەکادیران پێکەوەبووین، دیارە هەندێک لایەن ماون کە چاوەڕێی روونکردنەوەن. هەل و دەرفەتمان دەستبکەوێت نووسراوتان بۆ دەنێرین، دواتر ئێوەش نووسراوەی بیر و بۆچوونی خۆتانمان بۆ بنێرن. واتا شتێکی بەرجەستە لەبەردەستدا نەبوو. هەڤاڵان نەیاندەزانی ئێمە لە چی دۆخێک داین. زۆر چاوەڕێی ئەو دیدارەمان کردبوو، دەمانویست تێبگەین. کەچی بابەتەکان زۆر گشتی بوون. باسیان لەوەش کرد کە لەگەڵ گرووپەکانی تر پەیوەندی گۆڕینەوەی نامە و نووسینمان هەیە. پەیوەندیمان لەگەڵ ئەوانەدا پابەندە بە راست لێکدانەوەی رابردوو. تەنیا لەسەر بنەمای لێپرسینەوە و رەخنەکردن لە رابردوویان دەکرا پەیوەندی دۆستانە بونیاد بنرێتەوە.

لەگەڵ (حاملی) زۆر قسەمان نەکرد، بە فانیلەیەکی نیو قۆڵی سپییەوە هاتبوو. پێی ناخۆش بوو بەجلی یەکجۆرەوە بێت بۆ چاوپێکەوتن، باش دەیزانی کە منیش پێمناخۆشە. هێشتاش بەشێوەیەکی پڕبەدڵ چاوپێکەوتنمان نەکرد. بەردەوام کەموکورتییەک هەبوو. ئەمجارەیان جلی یەکجۆریان لەبەر بوو. پێشتر لەناو خۆماندا تاکە نیگایەک، گووتەیەک جێگەی تایبەتی هەبوو. لەناو ئەو یاسایانەدا تاکە شتێک بوو کە گرنگی و بایەخێکی گەورەی هەبوو. بەڵام ئێستاکە هیچ شتێکی دووژمن مایەی پەسند کردن نەبوو، بێگانەیی دروست دەکرد. هەربۆیە لەجیاتی چاکەت، لەبەرکردنی فانیلەیەک بەسەر پانتۆڵێکی شینی تۆخدا هیچی لە دۆخەکە نەدەگۆڕی. تەنیا بۆ ساتەوەختێک ئەو دیمەنە قەڵسکارەی دەگۆڕی. لەڕاستیدا بەلای ئەوانەوە زۆر بە زەحمەت و ناهەموارتر بوو.

هەر چاوپێکەوتنێکمان لەگەڵ (مەتۆ) بە مەلولی تێپەڕ دەبوو. خیانەتی ناو گرووپی خارپێت هەر لە قۆناخی یەکەمەوە وەک پەڵەیەک بەسەر گرووپەکەوە مایەوە. کاریگەرییەکانی بزر نەبوون. دووژمن تاکۆتا ئەم خیانەتە ناوخۆییەی بەکارهێنا. بۆ شکاندنی مۆراڵ و چۆکدادان بە هەموو کەسێکی ناو گرووپەکە چی لەدەست هات کردی. قورسترین ئەشکەنجەیان بەسەر هێنان، بەردەوام رووبەڕووی بەدخەسڵەتانەترین خیانەت کرانەوە. بەدڕەفتارانەترین و زیاترین جۆری شەڕی دەروونییان لەگەڵ کرا. لە سەردەمی هێرش و پەلامارەکانی دووژمن لە ساڵی 1982بە ئەشکەنجە و زەبروزەنگ، بەزۆر ئیفادەیان پێ واژۆ کرا. بەشێکیان بەیەکجاری رێگەی خیانەتیان هەڵبژارد، بەشێکیان بێ بڕوا بوون، بەشێکیشیان جارێکی تر خۆیان کۆکردەوە و دۆخەکەیان تێپەڕ کرد.

(مەتین) ئەو جوێنانەی منی هەرگیز لەبیر نەکردبوو. ڕاستە لەم بوارەدا زۆر بێ ڕەحم بووم. ئەی من؟ ئەو ڕۆژە چەند کاری تێکردبووم دەیزانی؟ (مەتین)ی هاوڕێ و برا زۆر خۆشەویستەکەم چی دەکرد لەناو ئەو خیانەتکارانەدا؟ بەبینینی دڵم وەستا. (مەتین)یش بەردەوام ئازاری ئەو دۆخەی دەچەشت. بەگشتی لە پەیوەندی نێوانماندا سۆزدار و نەرمڕەو بووم. تووند و بێڕەحمانە بوونم لەم بابەتەدا هۆکاری ئەو کاریگەرییە درێژخایەنە بوو. لەم چاوپێکەوتنانەدا نەمدەتوانی بەپێی پێویست هاوکاری بم. زۆر قسەمان نەدەکرد، بەڵام زۆر باش لەیەکتر تێدەگەیشتین. لەگەڵ (حاملی) و هەڤاڵانی تر زیاتر قسەم دەکرد. کاتێک هەستم بە کەموکورتییەکەشم دەکرد، دەمکرد بە دەرد بۆخۆم و دڵگران دەبووم. تۆبڵێی هەموو خوشک و برایەک وەها بن؟ لە یەک بەرەدا، یەک دۆز و یەک گۆڕەپانی تێکۆشاندا؛ ئەوەندە هەم نزیک و هەم دوور دەبوون لە یەکتر؟ ئەمە ناکۆکییەکی ئاسایی نەبوو؟

بەرخودانی ئەیلول، بەرخودانی بێ وێنەی (مەزڵوم)، (فەرهاد)، (کەمال)، (خەیری) و قارەمانەکانی تر گۆڕانکارییەکی گەورەی لەناو بەندکراواندا فەراهەم کرد. ئەم بەرخودانییە بوو بەهێزی یاخیبوون و سەرهەڵدان لە زیندانەکاندا. پەیامیان ڕوون و ئاشکرابوو، ڕاست تێگەیشتن لەو پەیامە، دەستەبەرکردنی ڕێکخستن و پێشەنگایەتیکردن بۆ گەیاندنی بە ئامانجەکەی هەنگاوێکی گرنگ بوو. (کاراسو) کاریگەرییەکی مەعنەوی گەورەی هەبوو. متمانەی هاوڕێیەتیکردن لەگەڵ ئەو قارەمانانە لەو قۆناخەدا، بەشێوەیەکی خۆڕسکانە ئەوی کردبوو بە ڕێبەری زیندووی بەرخودانی. (کاراسو) بۆ ئێمە ڕێکخستنی ناو زیندان بوو. متمانە و پابەندبوونێک لەو ئاستەدا واتایەکی گەورەی

هەبوو. لەجەوهەردا پابەندبوونێک بوو بە (مەزڵوم)، (خەیری)، (کەمال) و قارەمانەکانی ترەوە. ئەم راستییەمان لە کەسایەتی (کاراسو)دا بەرجەستە کردبوو. ئەم رەهەندەی بابەتەکە حاشاهەڵنەگر بوو. رەهەندێکی تریش بونیادنانەوەی رێکخستن، دەستنیشانکردنی رێکارەکانی و سەرلەنوێ جێگیرکردنەوەی بوو، ئەمەش کارێک نەبوو تەنیا بە هێزی واتایی – مەعنەوی بەڕێوە بچێت. پاش تێپەڕبوونی سێ چوار ساڵی زۆر سەخت لەناو هەلومەرجی زینداندا، گرنگ بوو دەرک بە بەسەرهاتەکان بکرێت، هەڵسەنگاندنێکی راست بۆ ئەنجامەکانی بکرێت، هاوکات هەموو ئەوانە بۆ قۆناخەکانی داهاتوو جێگەی تایبەتی خۆیان دەبوو.

دووژمن بە هێرش و پەلاماری سەرتاسەری هەوڵیدا کاریگەری بەرخودانییەکانی مانگی کانوونی دووەمی 1982 بشکێنێت. بەرخودانی ئەیلول رۆڵی راگواستنی بینی. بەڵام هێشتاش بە ئاستی رێکخستن و پێشەنگایەتییەکی پتەو نەگەیشتبوو و دووژمن دەستێوەردانی کرد. دەکرێت بگووترێت لە مانگی کانونی دووەمدا دووژمن رووی لە پیلان و پەلامارێک کرد کە سەراپای ئەشکەنجەی هۆڤانە و بەدمرۆییەکانی ساڵانی پێشووی لەخۆگرتبوو. دووژمن سەرلەنوێ خۆڕادەستکردن و خیانەتی دەسەپاند و دەیویست بنبڕکردنی جەستەیی بەدیبهێنێت. بێگومان کێشەکە تەنیا لەبەرکردن و نەکردنی یەکجۆرە جل نەبوو. بەڵکو ئەمەی وەک بیانوو و ئامرازێک بۆ تەسلیمگرتنی بەندکراوان، دەرفەت نەدان بە خۆکۆکردنەوەیان، بە یەکجاری شکاندنی ئیرادە و کۆنترۆڵکردنیان بەکاردەهێنا. سەپاندنی جلی یەکجۆر ئامرازێکی ناوازە بوو بۆ دووژمن. لەجێی خۆیدا بوو کە وەک قۆناخی 'قەمبور' پێناسەمان دەکرد. باشە ئەم 'قەمبور'ە چۆن دروست بوو؟ بۆچی دوای ئاستێک بەرخودانییەکان کاریگەری جیاوازیان لێ بەدیکرا؟ هێندەی نەمابوو ببێت بە

بەرخودانییەکی "قەمبور" و لەدەستدانی ژمارەیەکی زۆری مرۆڤ. چونکە دووژمن مردنی یەکەم گرووپی (مانگرتنی تامردن)ی لەبەرچاو گرتبوو.

دەرفەتێکی ئەوتۆمان دەست نەکەوت تا لەکات و شوێنی خۆیدا هەڵسەنگاندنی پێویست بۆ ئەم قۆناخانە بکەین. لەم بوارەدا بێدەنگی زاڵ بوو. سەرەڕای ئەوەش لە 1981 ەوە دەستم پێکرد و توانیم کۆمەڵێک شت لە چوارچێوەی راپۆرتدا بنووسمەوە. بەگشتی ژمارە، جڤات و پێکهاتە، کێشەکان، دۆخی یەکە بەیەکەی چەند کەسێکم باسکرد. بەتایبەتیش دۆخی (گیۆنول) و (جاهیدە). هێشتاش بە ئاسانی نامە و نووسراومان پێ رەوانە نەدەکرا. بە رێکەوت و بەپێی دەرفەت دەماننارد.

دادگاییکردنەکەم بەبێ ئامادەبوونی خۆم کۆتایی پێهاتبوو. بانگهێشت نەکرابووم. بەگشتی سزای (24) ساڵیان بەسەردا سەپاندم. هاوکات سەبارەت بە بەرگرینامە و بەرگریکردنەکانی رابردوومان دۆزێکی تریش تۆمار کرابوو. (حاملی) سزای سێدارەی پێدرابوو. دادگا بە بیانووێکی سەیر و سەمەرە سزای بەسەردا سەپاندبووم: "وەک چۆن بەهیچ جۆرێک دۆخێکی رێکوپێک و لەخۆبوردەی نیشان نەدا، تاکۆتا بەرگری لە رێکخستن کرد، هەر بۆیە مافی داشکاندنی سزا نایگرێتەوە" (مەتین)یش بە (18) ساڵ سزادرا، هەندێکی تریش بەردران، بەشی زۆرینەشیان بەهۆکاری پڕبوونەوەی پێشتری ماوەی سزاکەیان بەردران. هاوکات خاینەکانیش سزایەکی زۆرکەمیان بەسەردا دران و لەشێوەی گرووپ گرووپ بەرەڵایان کردن.

# 15ی ئابی 1984 یان جەژن

چوارەم ساڵی کودەتا، ژەنراڵە فاشیستەکان تەنیا ماوەی سێ ساڵیان بۆ کۆتایی هێنان بە هەموو شتێک دانابوو. پاش پڕووپاگەندەی سێ ساڵەکەیان روویان لە جێبەجێکردنی پیلانی "دیموکراسی"یە درۆیینەکەیان دەکرد. حکومەتی بەتایبەت دامەزراوی 1983 رووی سڤیلی کودەتای فاشیستی پێکدەهێنا و هێشتا هەموو شتێکیان تەواو نەکردبوو. گرووپە چەپەکانی بەرەی دیموکراتی شۆڕشگێڕی تورکیا، گورزی قورسیان بەرکەوتبوو. سەرکردە و بەشێکی گەورە لە کادیرە پێشەنگەکانی زۆرێک لەو گرووپانە بەندکرابوون و لە سێدارە درابوون. لە تورکیا بەرخودانی زیندانەکان بەردەوامی دەکرد. زیندانی ماماک[116] هەر لە زووەوە بەچۆکدا درابوو. (ئەسەد) پاش "بەچۆکدادان"ی ئەوێ هاتبوو بۆ زیندانی ئامەد. بەڵام پاش بەرخودانی مەزنی 1982 ناچار بوو لە ئامەد رابکات. سەرنەکەوت، وەکو دەیویست چۆکی بە ئامەد دانەدا.

پارتیمان لە کوردستان تا دوا ئەندازە بە مەعریفە و بەرنامە قۆناخی پاشەکشەی جێبەجێ کردبوو. (سەرۆکایەتی) پارتی لەگەڵ پەلامارەکانی سەر رێکخستن لە خارپێت، رێوشوێنی پێویستی وەرگرتبوو. ئەم شاڵاوە یەک لە دوا یەکانەی دووژمن وای لە پارتیمان کرد کە لەناوخۆیدا رێوشوێنی پێویست بگرێتەبەر. دووژمن دەیگووت: "دەبێت سەری مارەکە هێشتا کە بچووکە پان بکرێتەوە". ئەو مارەی دووژمن باسی دەکرد هێندە

---

[116] زیندانەکە لە شاری ئەنکەرەیە، وەک یەکێک لە زیندانە سەربازییە توند و تایبەتەکانی دەوڵەتی تورک خرایە کارەوە، بەتایبەتیش لەدوای کودەتای 12ی ئەیلول گەلێک کەسی سیاسیشی تیادا بەندکرا و وەک دۆزەخی گەنجان ناوی دەرکرد.

بچووک نەبوو، بەتایبەتیش سەری بەشێوەیەک نەبوو کە بە ئاسانی پان بکرێتەوە. لەم خاڵەدا دووژمن زۆر بە هەڵەدا چووبوو. شاڵاوی رەشبگیری یەکەم، خیانەتی ناوخۆ و دەستگیرکردنی کادیر و لایەنگران و خەڵکەکەی، گورزێکی جددی بوو، بەڵام سەری پارتی ساخ بوو.

ئەو وەحشەتەی دووژمن لە ناوەوە و دەرەوەی زیندان دەیکرد، ئەگەرچی لەناوخۆی وڵاتدا پەرتەوازەبوونێکی بەرچاوی رێکخستنی، بێدەنگ کردنی جەماوەر و ترسی لەگەڵ خۆیشی هێنابێت، هاوکات لەدەرەوەش هیوای گەورەی بە کار و خەباتی پارتی دەدا و هەمیشە زیندوو بوو. لە دانیشتنی دادگاکاندا دەگووترا: "تێکۆشانمان نەپساوە، پارتیمان هەرگیز لە وڵات دانەبڕا و دانابڕێت..." بەمشێوەیە هیوا و ئومێدەکان دەدرکێندران.

لە سەروبەندی قۆناخی بەرخودانی ئەیلولی 1983 دا هەندێک زانیاریمان بەدەست گەیشتبوون کە دەگووترا؛ لە وڵات ژێرزەمینی (20 – 30) کەسی بۆ یەکینەی خەباتی پڕووپاگەندەی چەکداری ئامادەکراون، چەند گرووپێکیش هاتوونەتە ناو وڵاتەوە... هیوا و شیرۆڤە کۆتاییان نەدەهات. هێشتا لە ساڵانی هەوەڵدا باسوخواسی شوێنی دەستپێکردنی تێکۆشانی چەکداری دەکرا بیر لە سێگۆشەی نێوان جولەمێرگ[117]– وان – شاخ[118] دەکرایەوە و دەگووترا: "هەرێمی یەکماڵ شوێنێکی شیاو و لەبارە بۆ دامەزران" شوێنی جێگای باس دەکەوتە نێوان سنوورە دەستکردەکانی ئێران، ئێراق و تورکیاوە و تێکۆشان کاریگەری لەسەر ئەو سێ بەشەی وڵات دەکرد. لەڕووی جوگرافییەوە زۆر شارەزا نەبووین،

---

[117] جولەمێرگ؛ پارێزگایەکی باکووری کوردستانە و یەکێکە لە شارە دێرینەکانی کوردان، کە دەوڵەتی تورک بە هەکاری ناوزەدی کردووە.

[118] شارۆچکەیەکی سەر بە شاری وانە و دەوڵەتی تورک لە 1960 دا ناوەکەی بۆ چاتاک گۆڕیوە.

بەڵام گفتوگۆ بلیسەدارەکان بەجۆش و خرۆشی دەهێناین. لەسەردەمی رووخانی رژێمی (شاهـ) لە ئێرانیشدا گفتوگۆی هاوشێوە لە ئارادابوون. لەلای ئێمە پارچەگەری جێگەی نەبوو. لە رەشنووسی پرۆگرامی پارتیدا لە بەشی ماددەی ئامانج و تایبەتمەندییەکانی شۆڕشەکەماندا باس لە رێکخستن و تێکۆشانی تایبەت بە هەریەکێک لە پارچەکان کرابوو، بەڵام لەپراکتیکدا پاڵپشت بە دەستەبەرکردنی هەلومەرجی لەبار تێکۆشانی هاوبەش بە بناخە وەرگیرابوو.

تەنانەت پرسیاری وەک: "دەتانەوێت خۆبەخشانە بچنە کوردستانی ئێران و شەڕ بکەن؟"یان لێدەپرسین. (محەمەد کاراسونگیور) هەر لەو سەردەمەدا بوو باسی چوون بۆ ئەو پارچانە و شەڕی خۆبەخشانەی دەکرد. چۆن رێکەوتێک بوو کە لەو هەرێمانەدا، لە چیاکانی قەندیل بە تیری خیانەتی ناوخۆی کوردان شەهید بوو. لەو سەردەمەدا تێکۆشانی بەلوچی، ئازەری، کورد و موجاهیدینی خەڵق، هەبوو و بەکاریگەریش بوون. واتا بچووکترین پێشکەوتنی پارچەیەک راستەوخۆ کاری دەکردە سەر پارچەکانی تر. چونکە سروشتێکی وەها لە ئارادابوو.

دوای بەرخودانی کانونی دووەمی 1984 تەلەفزیۆن درا بە قاوشەکان. هەڵبەتە بە پارەی خۆمان کڕیمان، چونکە لە ریزی داوانامەکانماندا ئامرازەکانی پەیوەندی وەک رادیۆ، تەلەفزیۆن، رۆژنامەش هەبوون. لە هەواڵەکانی ئێوارەی رۆژی 15ی ئاب دا دەگووترا: "گرووپێک تیرۆریست کە ژنیشیان لەناودا بوو، هەڵیانکوتایە سەر هەر دوو شارۆچکەی دێهـ[119] و شەمزینان[120]...

[119] شارۆچکەیەکی سەر بە پارێزگای سێرتی باکووری کوردستانە کە دەوڵەتی تورک بە ئەرۆهـ ـ ناوزەدی کردووە.

[120]شارۆچکەیەکی سەر بە پارێزگای جولەمێرگی باکووری کوردستانە کە دەوڵەتی تورک بە شەمدینلی ناوزەدی کردووە.

تیرۆریستەکان دامودەزگاکانی دەوڵەتیان دایە بەر موشەک و دەستڕێژی گوللە و پاشان بە ئۆتۆمبێل لە هەرێمەکە دوورکەوتنەوە..." بەبیستینی ئەم هەواڵە تۆفانی شادی هەڵیکرد. کەس گوێی لە درێژەی هەواڵەکە نەدەگرت. تلیلی و گۆڤەند تێکەڵی یەکبوون. لە قاوشەکانی تەنیشتمانەوە جموجۆڵێکی زۆر زیاتر هەبوو. دیاربوو هەمووان دەستیانگرتبوو. دەنگی فیکە و گۆرانی دەهات. ئەی خوایە! بینینی ئەم رۆژە چەند دڵڕفێن بوو!...

بەیەکترمان دەگووت: "هەڤاڵان پێیان گووتبووین. ئامادەکاری گرووپەکان لە وڵات بۆ ئەم مەبەستە بوو. تێکۆشان زیاتر تەشەنە دەسێنێت. کەواتە تێکۆشانی چەکداری دەستپێکرد. گەریلا جارێک دەست پێبکات، تەواوە" ناوبەناو سەیری تەلەفزیۆنمان دەکرد، مەحاڵ بوو بتوانی هەڤاڵانی ناو قاوشەکە بێدەنگ بکەیت، بەڵام دەمانویست تێبگەین. کۆمەڵێک ژن، پیاو و منداڵ پیشان دەدران کە لەناو ماڵەکاندا خۆیان دەشاردەوە. هەندێک کارمەند ترس و خۆفی خۆیان دەگێڕایەوە. یەکێکیان دەیگووت: "بەچاوی خۆم بینیم، ژنە تیرۆریستێک بەدەستێک لۆرییەکەی لێدەخوڕی و بەدەستێکیش دەستڕێژی دەکرد". هەر کە باسی کۆمەڵێک گەنجی تریشیان کرد شادی و خۆشی بە لوتکە گەیشت. یەکجار دەست پێبکات و تەشەنە بسێنێت، گەنج نەدەمایەوە، هەمووی بەشداریان دەکرد. چونکە دووژمن گوشارێکی زۆر گەورەی لەسەر گەل دانابوو. سێ رێگەی سەرەکی دەمایەوە یان زیندان، یان ژیانی سەراپا پڕ لە ئەشکەنجە، یان شاخ! ئاشکرایە سێیەمینیان هەڵدەبژارد.

وەکو جەژنێک بوو، ئیتر هیچ خەمی مردن و تەنانەت ئەشکەنجەی دنیاشمان نەبوو. بینینی ئەم رۆژانە ئاسوودەییەکی گەورە بوو. زۆری نەمابوو لە خۆشیان بمرین. بێگومان با مردنی

مرۆڤ بەم جۆرە بێت. لە ساتەوەختی وەها پڕ لە خۆشی و شادی دا هەر (مەزڵوم)، (خەیری)، (کەمال پیر) و قارەمانەکانی ترمان دەهاتەوە بەرچاو. چی دەبوو ئەوانیش ئەم رۆژەیان ببینیایە. هیچ نەبووایە با یەکێکیان لە ژیاندا بووایە. ئیتر کوردستان دەبوو بە ڤیتنام! دەبا هەڤاڵ (خەیری) ئەم هاواری خۆشییەی ببیستایە. لەپاڵ هەر شادی و خۆشییەکدا مسۆگەر ئەم مەلولییەشمان هەر دەبوو، خۆشییەک بەبێ ئەوان وەک حەرام وەهابوو. هەناسەدان بەبێ ئەوان خیانەت بوو، تاوان بوو، چونکە ژیان بەبێ ئەوان نەبوو.

ئەم پێشکەوتنە رێگەی بۆ چی تر ئاوەڵا دەکرد؟ تێکۆشانی چەکداری دەستی پێکردووە، دووژمن هەڵبەتە لە دەرەوە رێوشوێنی سەربازی دەگرێتەبەر و هێزەکانی لەو هەرێمەدا زیاتر جێگیر دەکات، گوشار، زەبر و زەنگی زیاتر دەخەنە سەر گوندەکان. لە سەردەمی شۆڕشی ڤیتنامدا گوندی ستراتیژی دامەزرابوون. دەشێت دووژمن هەمان شت لە کوردستانیش تاقی بکاتەوە، گوندەکان و خەڵکی هەرێمەکە بۆردومان بکات. ئەمە و دەیان گریمانە و ئەگەری هاوشێوەمان ریز دەکرد. ئەگەری پێچەوانەکەشی لە ئارادایە؛ بەرزکردنەوەی ئاستی گوشارەکان، خێرایی بە بەشداربوون دەدا. گەل خۆی لەخۆیدا نیشتمانپەروەرە، چالاکییەکانیش گەلی رادەکێشا. لە ڤیتنام لە هەنگاوی یەکەمدا گرووپی پڕووپاگەندەی چەکداری دادەمەزرێن. لە وڵاتانی وەک غینیا[121] ئەنگۆلا[122]ش بە هەمان شێوە. بۆ نموونە لە غینیا، سەرەتا لە شارەکاندا و لەڕیزی چینی کرێکار و رەنجدەراندا

---

[121] Gine یەکێکە لەو وڵاتانەی هەڵکەوتووی کیشوەری ئەفریقیان و دەکەوێتە رۆژئاوای زەریای ئەتڵەسەوە .

[122] دەکەوێتە باشووری رۆژئاوای کیشوەری ئەفریقیا.

دەست بە تێکۆشان دەکرێت. دووژمن پەلامارێکی گەورە و بەرفراوانیان بۆ دەهێنێت و چەندین کۆمەڵکوژی دەکات. بەمجۆرە نەیانتوانیبوو گەل بپارێزن. پاشان تەکتیک دەگۆڕن، سەرەتا لە ناوچە شاخاوییەکان کۆدەبنەوە، یەکەی پڕووپاگەندە دادەمەزرێنن و دەچنە ناو گوندەوار و لای گەل، پاشان یەکە چەکدارەکان دێن و کۆنترۆڵ دەگرنە دەست. دیارە ئەوەی ئێمەش بەوجۆرە دەبوو. هەرچەندە لە کوردستاندا هەلومەرج جیاواز بوو، بەڵام ساڵەهابوو بەشێوەیەکی سەرتاسەری لەژێر زەبر و زەنگی دووژمندا بوو، بەتایبەتیش ئەو چوار ساڵەی دوایی زۆر بێ پەروا و بێ سنوور بوو. ئیتر دەبووایە ترس و خۆف بشکێندرێت و سەرلەنوێ دەست بە رێکخستن بکرێتەوە. چالاکییەکان خێراییان بەم قۆناخە دەدا. لە هەموو لایەکی کوردستان چالاکی دەنگی دابووەوە. کودەتا لە هەر هەل و دەرفەتێکدا دەیگووت: "بنەبڕمان کردن، پاکتاومان کردن". بۆیە گەل بەچاوی خۆی دەیبینی کە بنەبڕنەبووە و کۆتایی نەهاتووە، هیوای شۆڕش سەرلەنوێ زیندوو دەبووەوە.

ئەی لە ناو زینداندا چۆن کاریگەرییەکی دەکرد؟ بەر لە هەموو شتێک بۆ بەندکراوان هێزی مۆڕاڵ و هیوایەکی گەورە بوو. نەک تەنیا بۆ ئێمە، بەڵکو بەندکراوە سیاسییەکانی رێکخستنەکانی تریشی دەگرتەوە. هەڵبەتە هەر کەسانێکیان دەردەکەوتن و دەیانگووت: " سەرەڕۆ "ماجەراپەرست"ی و دۆنکیشۆتی" دەکەن. لە رۆژانی سەرەتای زینداندا ئەم جۆرە وشە و دەستەواژانە زۆر بەکاردەهێندرا. زیاتر گرووپە چەپە کوردییەکان لەدژی ئێمە بەکاریان دەهێنا. ئاشکرابوو شانبەشانی ئەم پێشکەوتنە ئەو پێچواندن و گووتانەیان زیاتر بە کاردەهێنایەوە. بەبۆچوونی ئەوان چالاکی چەکداری لە دژی کودەتا سەرشێتی بوو. کاتێک

دەیانگووت: "گەل کۆمەڵکوژ دەکەن" لەڕاستیدا بە کۆمەڵکوژی و ژینۆسایدکردنی گەل نیگەران نەبوون، بەڵکو لە ترس و خۆفی خۆیانەوە سەرچاوەی دەگرت. لە جیاتی ئەوەی دووژمن گەورە بکرێتەوە و بە هێزێکی پڕ قودرەت نیشان بدرێت و لەبەرەی دژی دووژمندا پەرە بە تێکۆشان بدرێت، کەچی لەو جۆرە رۆژە سەختانەدا لۆژیکی "گەشتوگوزار و پشوودان"یان لێدەوەشایەوە. پڕووپاگەندەی "بنەبڕمان کردن، قڕوقەپمان کردن"ی دووژمن بەتەواوی کاری لەوانە کردبوو. لەڕاستیدا ئەمە بێ باوەڕی و باوەڕنەکردنە بە شۆڕش.

ئەگەرێکی تریش هەبوو؛ دەشیا دووژمن لەناو زینداندا هەر یەکێک لە ئێمەی وەک بارمتەیەک بەکاربهێنایە و بەوجۆرە تۆڵەی بکردایەتەوە. زۆربەی شیکارە سەرەتاییەکان بەمجۆرە بوون: "دەشێت لە زینداندا بەندکراوەکان تیرباران بکات؟ لە سێدارەدان بخاتە رۆژەڤەوە؟".. بەڵام ئەم جۆرە هەڵسەنگاندنانە راست و بەجێ نەبوون. هەندێکیش هەبوون دەیانگووت: "با خۆمان بۆ هەر ئەگەرێک ئامادە بکەین، کاتێک لەپەنای دیوارێکدا ریزیان کردین، بەرلەوەی تیربارانمان بکەن دروشمی (بژی بەرخودانی دێهـ و شەمزینان) دەڵێینەوە، ئایا چاویشمان دەبەستن؟" هەبوو لەجیاتی سێدارە، تیربارانیان هەڵدەبژارد، یان قسەیان لەسەر چۆنێتی شەق هەڵدان لە کورسی سێدارە دەکرد.

کێبڕکێی هەڵبژاردنی جۆری مردن دەستی پێکردبوو، هاوکات هەر یەکێک لەوانە جۆرە گاڵتەکردنێک بوون بە مردن. سەرجەمی هەڵبژاردنەکان لە دەوری "با لە دەرەوە و لە وڵات تێکۆشانی چەکداری دەستپێبکات، ئەوجار حەزدەکەن با بمانکوژن" یەکیان دەگرتەوە. تا بیرت لێدەکردەوە، ئەمجۆرە شیمانەکردن و بۆچوونانە پێچەوانە دەبوونەوە. چونکە دووژمن لەو سەردەمەدا

کە بەرخودانی و چالاکی گەورە لە زینداندا دەکرا، زیاتر تووشی شڵەژان و پەشۆکی ببوو. ئەی لە چالاکییەکەی (مەزلوم) دا بەوشێوەیە نەبوو؟ لە رۆژانی چالاکییەکەی (فەرهاد) و (خەیری) و قارەمانەکانی تردا هەمان ئەو ترسە گەورەی نەبوو؟ بەتایبەتیش بۆ چاوترساندن پەلاماری ئەو شوێنانەی دەدا کە لاوازییان تیادا هەبوو. لەو لاشەوە لە ئاستی گشتیدا ئەشکەنجە و گوشارەکانی تر رادەوەستان. دیهـ و شەمزینان گورزێکی چاوەڕوان نەکراو بوو بۆ دووژمن. کەوابوو پێویستە دووژمن دووچاری شڵەژان و راچەنینێکی گەورەتر ببووایە.

بێگومان بەهەڵەدا چووبووین. کێ دەڵێت دووژمن بەوجۆرە پەلاماری ناو زیندان دەدات؟ لەڕاستیدا پێچەوانەکەی دەبێت، بەخۆشتان دەیبینن. تەنانەت خودی پۆلیسە جەلادەکان دەیانگووت: "لە سێدارەدانی (PKK)ییەکان مەترسیدارە. ئەوانی تر لە سێدارە دەدەیت، دەڕوات و نامێنێت، (PKK)ییەک لە سێدارە بدەیت دەبێت بە بەڵا بەسەرتەوە. کوردەکان رادەپەڕن. هەڕەشەمان لێدەکەن و دەڵێن؛ ئەگەر کەسێکمان لێ بکوژن، هەزارتان لێدەکوژین". ئەمانە لە راگەیاندنەکانی دەوڵەتدا بڵاو کرابوونەوە، بەڵام نەیاندا بە ئێمە. دەمانگووت: "پارتی لەبەرامبەر تاقە سێدارەیەکیش هەموو دنیایان بەسەردا وێران دەکات. ئەگەر دووژمن تەقەلای جێبەجێکردنی سزای سێدارەی بدایە، زیانێکی گەورەی بەخۆی دەگەیاند. رای گشتی جیهانیش پەرچەکردار و کاردانەوەی نیشان دەدا".

لەبەرامبەر بە کەسێک، هەزار کەس. ئەم رستەیە وەک دروشمێکی لێهاتبوو. بە گفتوگۆ و تاووتوێکردنێکی بەمجۆرە بە هەڵسەنگاندنی راست و شیاو دەگەیشتین. پەرچەکردارە ناتەواو و بەهەڵەداچووەکان زۆری نەخایاند و لەجیاتی ئەو؛ متمانە گەورە

بوو، شوێنی بۆ ئومێدی گەورەتر جێهێشت. هەڵبەتە زۆری پێنەچوو ئەو پێشکەوتن و گۆڕانکارییانە بە دادگاکانیش گەیشت.

یەکەمین دانیشتنی پاش 15ی ئاب دانیشتنی دۆزی گرووپی مێردین بوو. ئەو ڕۆژە ڕۆژی بڕیار بوو. هەمووان زۆر دڵخۆش بوون. هەڵوێستی دادگا و دووژمن بە روونی دەردەکەوتەڕوو. بەوانەمان دەگووت کە چاوەڕێی دەرکەوتنیان لە زیندان دەکرد: "ئیتر لێیگەڕێن، چونکە بەرتان نادەن" دووژمن لە زیندانەکاندا پەنا بۆ بەکارهێنانی زەبر و ئەشکەنجە نابات، بەڵام لە دادگا رەفتارێکی دیکەی دەبوو. بە هەڵەدا نەچووبووین. لەکاتێکدا زیاترین کەسانێک کە ئەگەری دەرکەوتنیان هەبوو لەزیندان لەم گرووپە دابوون، کەچی قورسترین سزایان بەسەردا سەپێندرا. چونکە لە گرووپەکەدا رێژەی هەوادار، لایەنگر و نیشتمانپەروەر لە رێژەی کادیران زیاتر بوو. بڕیارەکە سەیربوو. کەمترین سزا (24) ساڵ و قورسترینیش سێدارە بوو. نیوەیان سزای ساڵانێکی زۆری زیندان و نیوەکەی تریش سێدارە و هەتاهەتاییان بەسەردا سەپێندرا. لەگەڵ کۆمەڵێک دروشمی تر، دروشمی "بژی بەرخودانی دێهـ و شەمزینان"یش گووترابوونەوە. هۆڵی دادگا لەبەرامبەر بەو سزایانە ببوو بە شاهێدی ئەم جۆش و خرۆشە مەزنە.

بەگشتی سزادراوان بە سێدارە و بەندکرانی هەتاهەتایی دروشمەکانی:

"بژی (PKK)، بژی ئاپۆ

بژی بەرخودانی دێهـ و شەمزینان

بمرێ داگیرکەری "یان دەگووتەوە. ئەو ڕۆژە گرووپی مێردین زۆر بە رق و کین بوون. هەر هەموویان دروشمیان هەڵدەدا. دروشم هەڵدان، قەدەخە بوو. دیوانی دادگا دەستبەجێ دەستیان

به ئامادەکردنی دۆزێکی تری تاوانبارکردن. بڕیاری دەستنیشانکردن و لێپێچینەوەی ئەوانە درا کە دروشمیان هەڵداوە. ئەمجۆرە بڕیارانە ئیتر زۆر بە ئاسایی وەردەگیران و وەک دیاردەیەکی ئاساییان لێهاتبوو. کردنەوەی دۆزێک لەبەرامبەر بە بچووکترین بەگژداچوونەوە و سزاباراندن بەسەریاندا سەرەکیترین ئیشی دادگای بەڕێوەبەرایەتی رەوشی نائاسایی سەر بە حەوتەمین باسکی سوپای وشکانی بوو.

هاوکات چەندین کەسی تازە بەندکراو هەبوون، لە قەدپاڵ و گوندەکانیش چەند کەسێک دەستگیرکرابوون. ئەوانەی هێنرابوونە قاوشی ژنانەوە زیاتر خوێندکاری زانکۆ و نیشتمانپەروەرانی گوندنشین و بناری چیاکان بوون، واتا ئەو کەسانە بوون کە دووژمن بە (هاوکاریدان و پاراستنی گەریلا) تاوانباری دەکردن. هەواڵ و زانیارییەکی ئەوتۆمان بەدەست نەدەگەیشت. ئەوانەی کە بەدەستمان دەگەیشتن جیاوازییەکی ئەوتۆیان نەبوو لەگەڵ هەواڵی ناو رۆژنامەکان.

ئەمجارەیان (بەسێ) هەبوو کە لە گۆڕەپانی رۆژهەلاتی ناوینەوە هاتبوو، بۆ چەندین مانگ لە مێردین و ئامەد لە ژێر لێپرسینەوەدا گیرابوو. زۆر درەنگ هێنایان بۆ زیندان، بۆیە لەو ماوەیەدا وامان دەزانی لەژێر ئەشکەنجەدا کوژراوە. (ئامین ئیسفەندیار ئۆغلو)ی ئەندامی (TKP) دەیگووت: "ئێمە وەکو پارتی روانگەمان بۆ (PKK) جیاواز بوو. بە رێکخستنێکی جێی گومان داماندەنا.. لەلای دەوروبەری خۆمان بەمجۆرە پرووپاگەندەمان دەکرد. بێگومان وەک خۆشم بیر و بۆچوونێکی جیاترم نەبوو. بە ئاشکرا دەیڵێم؛ خوێندنەوەم بۆ (PKK) لەدوای خۆڕاگری ئەو کچە گۆڕا کە لەکاتی ئەشکەنجەدا نیشانی دابوو. بەرخودانی کچێکی (PKK)یم دیت لەبەردەم پۆلیسدا، لەو کاتەدا شەرمم لە

قسەکانی خۆم کرد. کاریگەری لە ئێمە و هەمووومان کرد. دەیگووت: ئەو کچە ناوی (مەولودە) بووە کە بە (بەسێ) ناسراوە. یەکەمجار بوو ناوێکی وەهامان بەرگوێ دەکەوت.

کاتێک خۆی هات هەموو شتەکانمان لەخۆیەوە بیست. پێشتر نازناوی (جیهان) و (بەسێ)ی بەکارهێناوە. لە پەیمانگای مامۆستایانی مێردین پارتی ناسیوە. خەڵکی سێواز و بەرەچەڵەک تورکە. لە قۆناخی کشانەوەدا پێکەوە لەگەڵ گرووپەکان بۆ پەروەردە چووەتە دەرەوەی وڵات. دیارە ئەگەر راز و نیازیشمان بکردایە، کەسێکی وەهامان دەستنەدەکەوت کە لە هەموو بوارێکەوە هەواڵ و زانیاریمان پێبدات.

(مەولودە) کێیە، چییە، لەکوێ و بۆچی دەستگیرکراوە؟ سەرەتا وەڵامی ئەم پرسیارانەمان لێوەرگرت. (مەولودە) رووخساری منداڵکارە و قژێکی دەسکە دەسکە و درێژی هەبوو. سەیرمان لێدەهات، لە هەلومەرجی شاخدا چۆن خزمەتی قژی پێکرابوو؟ لەو بارەیەشەوە پرسیارێکی زۆرمان لێدەکرد. برۆی ئەستوور و نێوان تەسک، ناوچاوێکی بچووک و قەتیسماو لەنێوان برۆ و قژیدا. کەسێکی سروشتی و ئاسایی بوو، بەڵام تاڕادەیەک قەبا بوو. لە خواردن تا قسەکردن، هەموو جموجۆڵێکی جیاواز بوو. ژێرماوەی بنی پەرداخەکەی ئەگەر ئاو یان چای یان هەر شتێک بووایە زۆر جار لەدەستی دەهات بە ئەملاو ئەولادا بیڕێژێت. لەگەڵ هەموو تایبەتمەندییە سەیر و سەمەرەکانیشی، ژیرییەکی بێوێنەی هەبوو، مێشکی وەک کۆمپیوتەر بوو. یەکە بە یەکەی قۆناخەکانی پێشوومان پێ گێڕایەوە. کۆنفرانسی یەکەم، کۆنگرەی دووەم، خولەکانی پەروەردە، شەڕی 1982ی نێوان فەڵەستین – ئیسرائیل، پێکدادانەکانی لوبنان، پەروەردەی ناو ماڵان و بەگشتی هەموو بوارەکانی ژیانیان. لە (سەرۆکایەتی)یەوە دەستمان پێکرد

یەکە بە یەکەی هەڤالانی ناسیاومان لێپرسی و بە دوور و درێژی بۆی باس دەکردین.

باس و خواسەکانیمان هەڵدەسەنگاند و گفتوگۆمان لەسەر دەکرد. بەم زانیارییانە نووسراوەکانی بەرگری و بەرگرینامەکانمان زیاتر ئاراستەی بەرجەستەیی وەردەگرت. لێرەوە بە ئاشکرا، لە بەرگرینامەکانماندا بەشێوەیەکی گشتی و بەرجەستە خەبات و ئامادەکارییەکانی پارتیمان دەنووسی. هەموو ئەو قۆناخانەشمان بە (مەولودە) دەنووسی. داوامان لێکرد سەبارەت بە "رۆڵی زەبروزەنگ لە کوردستاندا"[123]، سەبارەت بە رێکخستن، سەبارەت بە کادیر، سەبارەت بە رێکەوتنەکان، بەتایبەتیش بەرەی بەرخودانی یەکگرتوو لەدژی فاشیزم (FKBDC) هەر چییەک دەزانێت بینووسێت و باسی بکات. (مەولودە) ببوو بە سەرچاوەی ماتریاڵ بۆ ئێمە.

ئەم ژێرخانە فیکرییەی وای دەکرد هەموو هەڵسوکەوتە قەبا و جیاوازەکانی مایەی حەز و لێبوردن بن. هەرچەندە ناوبەناو رێگەشی بۆ دەمەقاڵێ ئاوەڵا بکردایە، بەهۆی تایبەتمەندی دەوڵەمەندکردنی فیکریی کەسانی دەوروبەرییەوە، رێگریمان لە پەرچەکرداری هەڤالان دەکرد. (مەولودە)ش لەم بوارەدا کەم شەڕانگێز نەبوو. زۆر تایبەتمەندی بەرچاوی هەبوو و لەگەڵ ئەوەشدا دەمەقڕبوو. خۆی لە هەموو شتێک هەڵدەقورتاند، خۆهەڵقورتاندنە نابەجێکانی رێگەی بۆ پەرچەکردار و تووڕەیی دەکردەوە. پاش ماوەیەک لەسەر ئەو رەخنانەی ئاراستەی کران، رەوشی خۆی هێنایە زمان و گووتی: "لێرە هەست دەکەم تایبەتمەندییەکانم هێواش هێواش دەگۆڕێن. پێشتر ئەم دۆخە چڕ

[123] یەکێکە لە شاکارەکانی رێبەر؛ عەبدوڵلا ئۆجالانە.

و بەربڵاوتر بوو. لە ئاستێکدا بوو کە لەگەڵ هەڤاڵاندا نەدەگونجام و تەنانەت بە ئاستی رەوانەکردنەوەم بۆ ماڵەوە گەیشت".

شێوازی ژیان و سەراپای پەیوەندییەکانی لە هەموو بوارێکدا بایەخی تایبەتی هەبوو. لە دەرەوە ئەمە رێوشوێنی جیاوازی دەویست، بەڵام لە زینداندا تا رادەیەک دەبێت لەبەرامبەریدا دانبەخۆدا بگریت. گریمان تاک بەو تایبەتمەندییانەیەوە خەریکیشت بکات کە لە هێرشەکانی دووژمن بەزەبرترن، بەڵام تۆ ناچاریت تادواکات لە ریزەکاندا رایبگریت. پێی بڵێیت برۆ دەرەوە و دەربیکەیت، بەواتای رەوانەکردنی دێت بۆلای دووژمن. ئەگەر بتەوێت پەیرەوی ناوخۆی پارتیش جێبەجێ بکەیت بە هەمان شێوەیە. رێوشوێنی وەک گۆشەگیرکردن، پەساردن یاخود راگرتنی پەیوەندییەکانی تا شوێنێک کاریگەری دەبێت. هەموو کەسێکیش خۆی لەبەر ئەم رێکارانەدا رانەدەگرت. چونکە لە گۆرەپانێکی تەسک و تروسکدایت، ئەگەر بێتوو هەلومەرجی قسەکردن، گفتوگۆ، دروستکردنی هاوبەشی فیکری و وەرگرتنی بریاری هاوبەش دەستەبەر نەکەیت، تاکەکەس زوو دووچاری تەنیایی دەبوو. دووژمن وەک نەریت و خەسڵەتی هەمیشەیی خۆی؛ ئەو کەسەی گۆشەگیر دەکرد. لەلایەکی تریشەوە تاکەکەس لەناو ژیاندا نوقمی تەنیایی ببێت، زووتر بەرەو خراپی و کاری نەرێنییەوە رۆدەچێت.

لەسەر بنەمای گرفت و کێشەکانی رابردووی، خوێندنەوەمان بۆ کەسایەتی (مەولودە) نەدەکرد. گومانی تیا نییە کە ئەوانیش گرنگ بوون. لە دۆخێکدا کە مایەی حەز و خواستی هەمووانە و دەرفەتی هەموو جۆرە خەباتی سیاسی و سەربازی هەیە، لەدەستدانی ئەو هەلانە و نەگرتنەبەری ژیانی راست لەگەڵ هەڤاڵان خۆی لەخۆیدا تاوان بوو. بە پێداگرییەوە دەیگووت: "من

نەمویست بمنێرنەوە بۆ ماڵەوە. لەم بوارەدا زانیارییەکی ئەوتۆمان لەلا نەبوو. بەڵام دەیگووت کە بەڕێگەی دوو دۆست سنووری تێپەڕکردووە، دێتە ئامەد و لەوێشەوە یان بە ئۆتۆمبێل یان بە شەمەندەفەر راستەوخۆ چووە بۆ سێواز. بەر لەوەی بگاتە گوندەکەی خۆی لەماڵی خزمانی دەستگیرکراوە. دەنگۆی ئەوە هەبوو باوکی بەدەستەوەی دابێت. خۆیشی بانگەشەیەکی وەهای هەبوو. تەنانەت باوکیشی؛ کچەکەی خۆی نەویستۆتەوە.

دەکرا ئەم دۆخە لەدووتوویێ دوو بەکگراوندا لێکبدرێتەوە؛ یەکەمیان باوک لە ئاستی رادەستکردنی کچەکەی بە پۆلیس و دەوڵەت، کەسایەتییەکی پێچەوانەی کۆمەڵگەیە. بە واتای رادەستکردنی کچەکەی خۆی بە جەلادەکان و زیندان دەهات. باوکێکی بەم ڕادەیە بێ بەزەیی و ترسنۆکی هەبوو کە دەوڵەت بەهەموو شێوەیەک کاکڵەی لێ دزی بوو. لە هەمانکاتدا کچەکەیان کە وایاندەزانی هێشتا دەخوێنێت، ساڵەهابوو لەماڵ دەرکەوتبوو و لە شاخەکان بەشداری شۆڕشی کردبوو. ماوەیەکی دوور و درێژ لەسەر ئەم خاڵە لێپێچینەوە لە باوکی کرابوو. لە کۆتاییدا هەمان کچ دەستی لەو ژیانە بەرداوە و هاتۆتەوە. ئەو باوکە ئەمەی هەرگیز پەسند نەکردووە. چەمکێکی سەرەتایی و پاشڤەڕۆی ناموس لەگەڵ ترس و خۆفی لە دەوڵەت یەکدەگرنەوە. کەچی لە کۆتاییدا کابرا بەم قارەوە دەمرێت. لایەنی تراژیدی زۆرە، کردارەکەی نە لە باوکایەتی و نە لە شتی تردا جێگەی هەبوو..

(مەولودە) پەروەردەی دەرەوەی وڵات کاری تێکردبوو. ماوەی جێگرتنی لەناو ریزەکاندا کەم نەبوو و هاوکات هەموو لایەنە نەخوازراوەکانیشی بە هەناسەیەک پێ فڕێنەدەدرا. ئەگەر دەستگیریش نەکرایە نەدەبووە کەسی ئەو خانەوادەیەش، لە

ئاستی خوازراودا نەدەبوو بە (رۆڵە)یکیش بۆیان. هەرکەسێک کەوتبێتە ناو گۆرەپانی کاریگەریی (PKK) وە بە ئاسانی ئەو رۆحەی پێ فڕێ نادرێت.

ئاستی مۆراڵی بەرهەمی 15ی ئاب گرنگ بوو، بەڵام لە زیندانەوە وەچەرخاندنی ئەم مۆراڵە بەرەو هێز، پەیوەندی راستەوخۆی هەبوو بە چاودێری و شیرۆڤەی راست بۆ رووداوەکان. چونکە لێکدانەوەی رووداو و پێشهاتەکان تەنیا بە هەڵسەنگاندنی نابەرجەستە، یەکلایەنەیی و روانگەیەکی بەرتەسکی دروست دەکرد.

## بزاوتی (چروسک)[124] لە قاوشی ژناندا

بیرکردنەوە، خەیاڵکردن، شیرۆڤە و گفتوگۆ بەتەنیا بەشی وەبەرهێنانی وزە و پێشخستنی خوڵقێنەری ناکات. دەبووایە خوڵقێنەری هەبووایە و گۆڕان دەستەبەر بکرایە. لەناوخۆماندا پاش گفتوگۆیەک بڕیارماندا رۆژنامەیەک دەربکەین. زۆر قسەمان لەسەر ناوەکەی کرد دواجار لەسەر (چروسک) هاوڕابووین. لۆگۆی رۆژنامەکەش شاخ، چەک و پەرتووک بوو. دوو پەڕی پەڕاو ئەندازەمان هێنا و چەند ستوونێکمان لەسەر نەخشاند، هەر لاپەڕەیەکمان بەسەر سێ ستووندا دابەشکرد. جۆرە نووسینە زۆر وردەکەی زیندانمان بە جۆری نووسینی سەرەکی دانا. لە زینداندا بەهرەی نووسینی زۆر شت بەوردی لەسەر پەڕە کاغەزێکی زۆر بچووک لە ناخی مرۆڤدا جێی خۆی دەکردەوە. (گیۆنول) لەم کارەدا بەهرەمەند بوو. پاش (مانگرتنی تامردن)ی کانوونی دووەم لە ئاستێکی بەرچاودا رەخنە و رەخنە لەخۆگرتن بەڕێوەچوون، دۆخی یەکە بە یەکەی کەسەکان تاووتوێ کران و هەڵسەنگاندنی پێویست بۆ قۆناخەکە کرا. بۆیە (گیۆنول)یش دوای رەخنەکان ئیتر بە وردی و وریاییەوە دەجوڵایەوە. ئەگەرچی دانوستانێکی سنوورداریشی هەبوو لەگەڵ هەڤاڵان، بەڵام گەشەکردنی پەیوەندییەکان کاریگەریی ئەرێنییانەی لەسەر ژیانمان دەکرد. ئەرکدارکردنی (گیۆنول) بە نووسینی رۆژنامە، ڕێگەی بۆ متمانە بەخۆبوونی کردەوە. لانی کەم ئیتر رووی لە هەڵوێستەکانی رابردووی نەدەکرد.

---

[124] تروسکە.

لە لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەکەدا دروشمی" تەسلیمیەت بەرەو خیانەتە، بەرخودانیش بەرەو سەرکەوتن" و لە بەشی سەردێڕ، هەواڵ و گۆشەکاندا؛ پێشهات و ڕووداوەکانی بەرەی دووژمن، بارودۆخی نێودەوڵەتی، شیکار و لێکدانەوەکانمان لەسەر ئەو هەواڵ و زانیارییانەی لە تەلەفزیۆن، ڕۆژنامە و رادیۆکانی دووژمنەوە بڵاو دەبوونەوە، هاوکات ئەو هەواڵ و زانیارییانەمان دەنووسی کە لە تازە بەندکراو و خانەوادەکانەوە دەمانبیستن. لە بەشی پەروەردەدا بابەتی پارتی، ئەرتەش، بەرە، چین و توێژ، شەڕی گەل، سۆسیالیزم، ئیمپریالیزم ..هتد مان دەخستەڕوو. هاوکات گۆشەیەکمان هەبوو بەناوی شۆڕشەکانی جیهانەوە. ئەم گۆشەیە تایبەت بوو بەو وڵاتانەی شۆڕشی خۆیان بەدیهێنابوو یان ئەوانەی کە هێشتا لەپێناویدا تێدەکۆشان. لەلایەکی تریشەوە باس لە خەباتی پارتی لەدەرەوەی وڵات، پەڕتووکە نوێیەکان، گووتارەکانی (سەرۆک)، ئەرکەکانی یەکەی پڕووپاگەندەی چەکداریش دەکران. لە لاپەڕەی هونەر، وێژە و کولتووریشدا، هۆنراوە، یادەوەری و ناساندنی پەڕتووک جێی پێدەدرا. تاکە وێنەی ناو ڕۆژنامەکەشمان تەنیا ئەو وێنەیەی (سەرۆک) بوو کە لەرۆژنامەیەکی دەوڵەتدا بڵاوکرابووەوە و (سەرۆک) تیادا بە ریشنی نیشاندرابوو. بەڵام ئەم وێنەیەی کە بە قەڵەمدار دروستکرابوو، واتادارترین لایەنی ڕۆژنامەکەی پێکدەهێنا.

ئەم ڕۆژنامەیەمان پازدە (15) ڕۆژ جارێک دەردەکرد. ئەگەرچی شاردنەوەی نووسینەکان، شەوانە نووسینیان و گەلێک زەحمەتی تریشی هەبووایە، بەڵام لەڕاستیدا کارێکی پڕ زەوق بوو. زۆربەی هەڤاڵانی قاوشەکەش نەیاندەزانی چۆن دەنووسرێن و دەپارێزرێن. زۆر بەنهێنی کارمان دەکرد. پشکنین بەشێوەی زۆر و کتوپڕ دەکران. جاروبار هەتا ئەو نووسراوانەمان هەڵدەگرت و

دەمانشاردنەوە، دونیایەک بێنەوبەرەمان دەکرد. ڕۆژنامە لەلایەک ئامرازێکی پەروەردە بوو، لەلایەکی تریشەوە پەیوەندی ناوخۆی پتەوتر دەکرد. بەتایبەتیش بەشێوەیەکی بەردەوام بابەتی خیانەت و سیاسەتی دووژمن بۆ لە خشتەبردنی کەسایەتی ڕۆژەڤی سەرەکی بوون. لە مێژووەوە تا ئەمڕۆ ئاماژەمان بە هەموو خیانەتێک دەکرد، لە نووسراوەکاندا بەراوردمان لەنێوان مێژوو و ئەمڕۆدا دەکرد.

نووسینەکانی (مەولودە)مان بۆ قاوشی (35)یش دەنارد، لە ڕۆژنامەی (هاوار)یشدا بڵاو دەکرایەوە. خەباتێکی بەمجۆرە لە زینداندا هەست و سۆزێکی خۆشی بە مرۆڤ دەدا. تادەهات ڕۆژنامەکەمان لە تەواوی بەشەکە دەخوێندرایەوە. پێشتر خیانەتکارانیان دەخستە قاوشەکانی پەنامانەوە، پاش قۆناخی بەرخودانی کانوونی دووەم بە شەو و بەڕۆژ دەمانکێشا بە دیوارەکەیاندا و بێزارمان دەکردن، بەشێوەیەک کە جاری واش هەبوو خۆشمان بەو دەنگە دەنگە بێزار دەبووین. ڕۆژانە لەکاتی دیاریکراودا ئەم کارەمان دەکرد، بۆ ئەوەی دەنگە دەنگ کارمان تێنەکات دەچووینە قاوشی دووەمەوە. بە قاپ و تەختە گەورەکەی شوێنی دانیشتن و بە هەرچییەک دەستمان بکەوتایە لە دیوارەکەمان دەدا. بەمجۆرە بەردەوام ئیدارەشمان سەرقاڵ دەکرد و پێمان دەگووتن: "یان ئەوانە لەوێ دەردەکەن، یان ئەوەتا شێت و وێتیان دەکەین". سەرەنجام ئەوانیان گواستەوە و لەجیاتی ئەوان گرووپێکی تریان بەجێکرد کە لەناویاندا هەڤاڵان و کەسانی سەر بە گرووپی چەپڕەوی کوردی و گرووپەکانی تریش هەبوون. بەڵام ژمارەی هەڤاڵانی خۆمان زۆرینەی پێکدەهێنا.

لە پەنجەرەکانەوە پەتمان شۆڕدەکردەوە و ئاڵوگۆڕی نامەمان دەکرد. دیواری حەوشەی هەواگۆڕینەکە بەرز بوو، گەیشتبوو بە

گوێسەبانەکە. بۆ ئەوەی قسە لەگەڵ یەکتر نەکەین پەنجەرەی یەکەمی دەوری دیوارەکەیان لەحیم کردبوو. هەربۆیە ئاڵوگۆڕی نامە تەقەلایەکی زۆری دەویست. بەڵام ڕێبازی تریشمان پەیدا دەکرد. لەکاتی نەبوونی سەرباز لە .حەوشەی هەواگۆڕیندا نامەکانمان بۆ یەکتر هەڵدەدا. یاخود لەکاتی شوشتنی داڵانەکاندا هەلێکمان پەیدا دەکرد و لە لاواچەکەوە هەڵماندەدایە ژوورەوە.

خوێندنەوەی ڕۆژنامەکان سوودی هەبوو. هەر قاوشێک لە دوای خوێندنەوەی دەیدا بە قاوشەکەی تەنیشتی و بەم شێوەیە بەڕیز بەردەوامی دەکرد تا بەو جێگەیەی دەرفەتی گەیاندنی هەبوو. ئەمەش هانی دەداین کاری زۆر جددیتر لەسەر ڕۆژنامەکە بکەین و نووسینی بەپێزتر بنووسین. لە قاوشەکانی تریشەوە نووسینمان بۆ دەهات. هاوکات ڕەخنە و پێشنیازیشمان وەردەگرت.

تا ژمارەی پازدەهەمین، ڕۆژنامەکە بە ڕێکوپێکی دەرکرا. دوای ژمارەی پازدەهەم، لە قاوشەکەدا قیامەتێکمان بەسەردا باری بۆیە پێمان دەرنەکرا. لە ڕۆژگاری دواتردا هەموو ژمارەکانی ڕۆژنامەکەمان گەیاندە دەرەوە. بێگومان هەرگیز نەمانزانی گەیشتۆتە دەستی پارتی یاخود نا.

## ساڵی 1985 و یاسای خیانەت و پاشگەزبوونەوە!

لەلایەک بە زیادبوونی ژمارەی قاوشەکان و لەلایەکیش بەو زانیارییانەی هەڤاڵان پێیان دەگەیاندین، زانیمان ژمارەی بەندکراوان تادەچوو زۆر دەبوو. دانپێدانان و خیانەت بە رەهەندێکی نوێ گەیشتبوو. (عەلی ئۆزانسۆی)، (هیدایەت بۆزیغیت) و (مستەفا چیمەن) لە (شاهین) و (یڵدرم) زیاد ببوو. (هیدایەت) لە خارپێت دەستگیرکرابوو. هەندێکیان رەوانەی ئەدەنە کرابوون، هەندێکیشیان لەوێ بەزۆر تەسلیم کردبوو. ئەمجارەیان (عەلی ئۆزانسۆی) لە ئامەد رۆڵی ئەکتەری سەرەکی خیانەتی وەرگرتبوو. گوایە نوێنەرایەتی بەرەی گەریلای دەکرد! (مستەفا چیمەن) لەژێر لێپرسینەوەدا دانی بە زۆرشتدا نابوو، زانیارییەکی زۆری درکاندبوو و تا دووچاری خیانەت کرابوو. دووژمن هێشتا نەیتوانیبوو بەتەواوی لە خشتەی ببات. نەخرابووە لای خیانەتکارەکانەوە. لە شوێنێکی نزیکی بەشەکەی ئێمە دایاننابوو. ژوورەکەی نێوانمان بەتاڵ بوو، بۆیە لە پەنجەرەکەیەوە قاوشی بەرامبەر و شوێنی هەواگۆڕینەکەی دەبینرا. پەیوەندیمان لەگەڵ دروست کرد و هەوڵماندەدا لەو دۆخە رزگاری بکەین. رۆژانی سەرەتا تۆزێک هیوای هەبوو، پاشان دووژمن دەستبەجێ لەوێ دەریهێنا.

(مستەفا چیمەن)یش ماوەیەک چووە ناو هەمان گرووپی خیانەتەوە. (عەلی ئۆزانسۆی) لە تەلەفزیۆن و دادگا دەهێنرایە قسە. دووژمن دەیویست چالاکی 15ی ئاب بخاتە ژێر پەڵەهەوری ئەمانەوە و رەشی بکات، لەڕێگەی ئەم خیانەتکارانەوە کاریگەرییەکانی چالاکییەکە بشکێنێت. خیانەت سەراپای رۆحی

ئەوی پێچابووەوە، کەموکورتییەکانی شاخی بەشێوەیەکی جیاواز دەکردە سیناریۆیەک و بەردەوام وەک بنێشتە خۆشە دەیجووی. بەرنامەی تایبەت سازدەکرا و خیانەتکار و دانپێدانەرەکان بەردەوام خۆیان لەبەردەم شاشەکاندا دەنواند.

هەر لەو رۆژانەدا هەڤاڵ (سەبری ئۆک) لەگەڵ دەستەیەک لە هەڤاڵان لە قەدپاڵەکاندا دەستگیرکرابوون. (مەولودە) لەلای خۆیەوە رەوشی گۆڕەپانی لوبنانی بۆ باسکردبووین. بەڵام هەڤاڵ (سەبری) لەناو گەریلا، بەرەی شەڕی ناو زەمینەی وڵات و لەناو پێشکەوتن و گۆڕانکارییەکانی ئەوێوە هاتبوو. باسیان لە کاریگەرییەکانی 15ی ئاب لەسەر گەل و زۆربوونی ژمارەی بەشداربوونی نوێ دەکرد؛ خەڵک دەستە دەستە روویان لە شاخ کردبوو. گەنجان بە کوڕ و کچەوە دەیانویست بەشداری بکەن، بەڵام جێی داخە کە هەڤاڵان حیسابیان بۆ ئەم لایەنەی کاریگەرییەکانی 15ی ئاب نەکردبوو، بێ ئامادەکاری بوون. هەربۆیە زۆربەیان گەڕاندۆتەوە و بەشداربوونیان بۆ کاتێکی تر دواخستووە.

خیانەتی (عەلی ئۆزانسۆی) گورزێکی جددی لەم قۆناخە نوێیە دابوو. بە سەدان نیشتمانپەروەر دەستگیرکرابوون و لە گوندەکانیشدا ئەشکەنجەیەکی بەربڵاو دەستی پێکردبوو. گەل لەژێر گوشارێکی گەورەدا بوو و لەبەرامبەریشدا دووژمن بە ئامانجی سەراوبنکردنی پێشکەوتنەکان درێخی لەبەکارهێنانی هیچ رێ و رێبازێک نەدەکرد. بەڵام پارتی ئامادەکاری نوێی هەبوو، هەڤاڵ (عەگید) و ئەوان ئاوێتەی قۆناخەکە ببوون. هاوکات (HRK-هێزی رزگاری کوردستان) دامەزرابوو. ئیدی هەڤاڵان بە جلی فەرمی و رەمزی گەریلاییەوە دەگەڕان. قاوشەکەی ئەملامان پڕببوو لە (HRK)یی و زۆر زرنگ بوون. (سەبری) و ئەوان

هێشتا له قاوشێکی تردابوون. دەیانگووت؛ هەڤاڵانی ئەو قاوشە پێویستیان پێیەتی، دەیانناسێت بۆیە با لەلایان بێت، دواتر دەیهێنینە قاوشی (35)ەوە.

(HRK)! هەمووان بەم هەواڵە زۆر دڵخۆش ببوون. یەکەمین هەنگاو و کاکڵی بە ئەرتەشبوونە، بە قۆناخێکی باڵاتری یەکینەی پڕووپاگەندەی چەکداری ناوزەدمان دەکرد. بەشێوازێکی بەگوڕ و بەتین قسە و گفتوگۆمان لەسەر قۆناخەکانی شەڕی گەل و قۆناخی ئێستای تێکۆشانمان دەکرد. هەوڵماندەدا لە رووی تیۆرییەوە تایبەتمەندی قۆناخەکان و پەیوەندییان لەگەڵ یەک دەستنیشان بکەین، بەڵام گفتوگۆکانمان بەبێ ئەوەی بە راستینەی بەرجەستەی شەڕ و تێکۆشانمان بگات تووشی جەمسەرگیری و زێدەڕۆیی دەهات. سۆز و خواست بەخێرایی بەرەو پێشەوە بازیدەدا، بەشێوەیەک بەسەر هاوسەنگی ستراتیژیدا بازمان دەدا و دەچووینە بواری هێرشی ستراتیژییەوە. رووداو و پێشهاتەکانی دوای دێهـ و شەمزینان هیوایەکی گەورەی پێدابووین. قسەوباس لەسەر راپەڕین دەکرا؛ راپەڕینی چەکداری لە کوردستاندا ئەنجامێکی چۆنی دەبوو؟ بەپێی زانیارییەکانمان قسەمان لەسەر شۆڕشەکانی غینیا، ئەنگۆلا، ڤێتنام و کوبا دەکرد". راپەڕین بەخوێن سەرکوت دەکرێت. گەریلا خاڵی بنەڕەتییە، لەسەرەتا تاکۆتا مۆرکی خۆی لە شەڕی گەل دەدات، بەڵام ناوبەناو دەشێت راپەڕینیش بکرێت، لەشوێنێک راپەڕین هەبێت کار لە شوێنەکانی تریش دەکات. هەڵبەتە شەڕی گەل خەسڵەتی پەرەسەندنی ناهاوسەنگی هەیە...هتد". بەهیچ شێوەیەک نەماندەتوانی شوێنی بەرجەستانەی قۆناخی هەنووکەییمان لەنێو ریزبەندی قۆناخەکاندا بدۆزینەوە و دەستنیشانی بکەین. کاتێک (مەولودە) باسی لە بەرگریکردنی ستراتیژیی دەکرد، دونیامان بەسەردا خراپ دەکرد

و دەمانگووت: "لەکاتێکدا ئەو هەمووە پێشکەوتنانە لەبەرچاون، بەرگریکردنی ستراتیژی دەبێت؟" جیهانی خەیاڵمان زۆر خێرابوو. بە ئەندازەی گفتوگۆکردن لە راستیدا خاڵی بەهەڵەداچوونیشمان دەدۆزییەوە. زۆر شوێن و هەرێم هەبوون کە هێشتا یەکینەی پڕووپاگەندەی چەکداری لێ نەبوو. پێویست بوو گەریلا جێگیر و بەربڵاو ببێت.

دووژمن رووی لە پیلانێک کردبوو کە دەرەوە و ناوەوەشی لەخۆوە دەگرت. یاسای پەشیمانی ناوی هەڵمەتە نوێیەکەی دووژمن بوو. لەڕاستیدا بەدەر لە بەیاساکردنی پیلان و پەلامارەکانی رابردووی هیچ تایبەتمەندییەکی تری نەبوو. ئەم یاسایەشی لەسەر پڕووپاگەندەکانی شەڕی تایبەتی خۆی زیاد کردبوو. لەکاتێکدا بە گەریلای دەگووت: "وەرن خۆتان رادەست بکەن، سزاتان نادەین، داشکاندنی سزا دەتانگرێتەوە" بەوانەی ناوەوەشی دەگووت: "بڵێ پەشیمانم لە سزاکەت دەبوورین و ئازادت دەکەین، جا هەر چییەکیشت کردبێت؛ با کەسیشت کوشتبێت یاخود بەهەر تاوانێک بەندکرابیت، بەس تۆ وەرە و هیچی تر". چوارچێوەی ئەم یاسایەیان بەرفراوانتر کردبوو؛ قاچاخ، رێگر و دز، تۆڕی کوشتن و رفاندن... هتد هەمووی لەخۆ گرتبوو. بەڵام لەبناخەدا نوکە تیژەکەی (PKK) و گەلی کوردستان بوو. رادەستبووان و ئەو دیلانەی دواتر خیانەتیان کرد بۆ چەندین رۆژ خرانە پێش کامێرای تەلەفزیۆنەوە، وەک مانشێت و سەردێڕی رۆژنامەکان بڵاوکرانەوە و هەروەها لەڕێگەی ئەوانەوە بانگەوازییان دەکرد.

داشکاندنی سزا، لێبوردن، مافی ژیان، رازاندنەوەی پەشیمانی و خیانەت بە بەڵێنی نەشتەرگەری جوانکاری و گۆڕینی رووخسار و زۆر رێبازی تر برەو بەو هەوڵانە دەدرا. بۆ زیاتر تێگەیشتن و

دەرککردن بەم تەکتیکەی دووژمن، لە زینداندا نووسراوی جیاجیا ئامادە و بڵاو دەکرانەوە. یاسای پەشیمانی چییە؟ ئامانج لەم یاسایەدا چیە؟ ئەمە و زۆر وردەکاری تر لە رۆژنامەکەدا، لە گۆڤاری هاوار و نامیلکەی جیاجیادا دەنووسران و هەڵدەسەنگێندران.

زیاتر سەرنج دەخرایە سەر ئەم پەلامارەی دووژمن. پێشتر بە بەکارهێنانی زەبر و زەنگ، بە درێژەدان بە گوشار و ئەشکەنجە کەسەکانی ناچاری پەشیمانی دەکرد، ئێستا بە یاسا، بەڵێن و هەڕەشەی جیاجیا دەیکات. لە ناواخندا هیچ جیاوازییەکی نییە، کردویێتی بە سیستەم و بەس.

هەمان ساڵ دوو ژنە ئەندامی (رزگاری) لە زیندانەکانی ئەدەنە و مێرسینەوە هێنران. یەکێک لەوانە (لەیلا ئاکباش) بوو. پاش ماوەیەک بەدوی ئەواندا دوو ژنی تر هێنران کە پێشتر لەسەر دۆزی (رزگاری) و (ئاڵای رزگاری) گیرابوون و بەردرابوون. بە باولەکانیانەوە هاتبوون بۆ تەواوکردنی سزاکانیان. ئەمە لەواتایەکدا خۆڕادەستکردن بوو، ملکەچکردن بوو بۆ یاسای پەشیمانی. بەڵام ئێمە هێشتا لەم لایەنەی بابەتەکە تێنەگەیشتبووین. دادگاییکردنیان بەردەوام بوو، چونکە پێشتر بەبێ بەندکردن دادگایی دەکران. ئەمە دۆخێکی نوێ بوو. بۆیە ئێمە وای بۆدەچووین کە ئەمانە "شۆڕشگێڕە ئاقڵەکان!"ن، دووبارە بەندکراون و بۆ تەواوکردنی سزاکانیان هاتوون. هاوکات لە 1981ەوە دەمانناسین. خاتری پێکەوە ژیانی ئەو رۆژە سەختانەمان لەلا بوو و تاکۆتا پەیوەندیداربووین لەگەڵیان، مەودایەکی ئەوتۆمان نەخستە نێوانمانەوە. باسمان لە پێشکەوتن و گۆڕانکارییەکان، گفتوگۆ و ئاڵوگۆڕی نامەی نێوان گرووپەکان بۆ کردن. کارئاسانیمان بۆ کردن تا پەیوەندییان لەگەڵ هاوڕێ

پیاوەکانیان بکەن کە ئەوانیش لەسەر هەمان دۆز بەندکرابوون و بتوانن بە ئاسانی ئاڵوگۆڕی نامە بکەن. (لەیلا) بە زیندەیی و چالاکبوونمان سەرسام دەبوو و لەلای خۆیەوە هەوڵیدەدا خۆی ئاویتەی ژیان بکات. بەهەر هۆکارێک بێت زۆرجار سەرسامییەکەی خۆی دەردەبڕی و دەیگووت: "سەرەڕای ساڵانێکی زۆری ئەشکەنجە بەمشێوەیە زیندەیی، چالاک، بە سیستەم بوونتان و ئافراندنی زەمینە و هەلومەرجی خەباتی سیاسی لە زینداندا ورەیەکی گەورەی پێدام. ئەدەنە و مێرسین بەمشێوەیە نەبوو. مایەی بێزاری بوو، باش بوو هاتم بۆ ئێرە".

بێگومان ئێمە رۆژنامەمان دەردەکرد و خەباتی پەروەردەمان رێکدەخست. بەشێوەیەکی رێکوپێک وەرزشمان دەکرد، سیستەمی ژیانی کۆمین بەردەوام بوو. لە دادگاکاندا بەرگری کراوە، هەرکەسەو لەسەر دۆزی جیاجیای (PKK) دادگایی کراوە و سزای قورس دراوە. ئەمەش کەش و هەوای خۆی هەبوو. هەر کەسێک لەدەرەوە بهاتایە یەکەمجار هەستی بەو جیاوازییە دەکرد. دووژمن (PKK)ی بە موخاتب وەردەرگرت. (PKK) بە دەیان شەهیدی هەبوو. لە هەمووشی گرنگتر هێزی پێشەنگی تێکۆشانی چەکداری بوو.

ژنەی ئەندامی ئاڵای رزگاری کە دەیگووت گوایا لە کەمپەکانی گۆڕەپانی رۆژهەڵاتی ناوین ماوەتەوە، ژێربەژێر دەستی بە فەسادی رەشکردن و چەواشەکردنی ژیانی کادیری و رێکخستنی (PKK) کرد. رووی دەمی لەو گەنجانە دەکرد کە بۆخۆی بە لاوازی دەزانی و پێی دەگووتن: "ژیان بەدخەسڵەتانە بوو. پەیوەندی نێوان ژن و پیاو پێوانە و پێودانگێکی ئەوتۆی نەبوو، هەرکەسە و لەگەڵ یەکێکی تر دەژیا. ژنان بەکاردەهێندران. کەس بیری بەلای شەڕ و تێکۆشانەوە نەبوو". کاتێک دەهاتە لای ئێمەش

باسی دۆستایەتی، پەیوەندی هاوپەیمانی، هەوڵ و خەباتی گەورەی هەڤاڵانی دەکرد. چۆن هەستمان بەم هەوڵانەی کرد هەڤاڵانمان لێ ئاگادارکردنەوە کە ئەوجۆرە کەسانە بە هەند وەرنەگرن.

ئەو ژنە؛ کەسایەتییەکەی 1981ی نەبوو، وەک ژنێکی ئاسایی، ساکار، ترسنۆک و ملکەچی لێهاتبوو. رەشبین، وڕماو و بێ هیوا بوو. بەردەوامبوو لە ئاڵوگۆڕی نامە و نووسراوی لەگەڵ هەڤاڵانی، بەڵام هەر یەکە و بەجیا جیا دەیاننووسی. نامەکان هەرکەسە و ناوی خۆی لەسەر دادەنا. گومانمان هەبوو، بەتایبەتیش (لەیلا) بۆماوەیەک لەگەڵیان شەڕی کرد. لەگەڵ ئەو ژنەی کە پێکەوە هاتبوون بوو بەشەڕیان، سەر و قژی یەکتریان رنییەوە و قسەی زۆر سووکیان بە یەکتر گووت. هەموو ئەوانەی کە بەو دواییانە هێنرابوون دەیانویست بەدوور بن لەو ژنە، هاوکات هەر چواریشیان شکیان لەیەکتر دەکرد. ئەوەی لەگەڵ (لەیلا) هاتبوو، تاڕادەیەک دروست و راستتربوو، لەگەڵ ئێمە قسەی دەکرد. دەیگووت (لەیلا) لە ژێر لێپرسینەوەدا خۆی کردووە بە یاری دەستی پۆلیسەکان، بە کارە نادیار و پەردەپۆشەکانیانەوە خەریک بووە، هەر لە مافیاکانەوە تا بە گرووپە چەپڕەوەکان خۆی کردووە بەناو هەموویاندا، پێویستە بەهیچ شێوەیەک متمانەمان پێی نەبێت. (لەیلا) بەوی تری دەگووت شێتە. ئەوانەش کە تازە هاتبوون دووانەکەی تریان بە شێت دادەنا. (لەیلا) بە ئاشکرا ئەو تازە هاتووانەی بە خۆڕادەستکردن تۆمەتبار دەکرد.

ژیانیان وەک فیلمێکی سەمەرە بوو و ئێمەش تەماشامان دەکردن. سەرەتا بە روونی تێنەگەیشتین و لەناو خۆماندا گووتمان: "با پەلە نەکەین، تێبگەین" پاشان کۆمەڵێک سەرەداومان لە ناو قسە و هەڵوێستەکانیاندا بەدی کرد. بەتایبەتیش بەردەوام

گۆرانی دۆخی رۆحی (لەیلا) سەرنجی راکێشاین. دەستمان کرد بە پێداچوونەوە و چاودێریکردنی سەرجەم نووسراو و نامەکانیان. بەگشتی هەر نامە و داوانامەیەک کە بەرێگەی ئیدارە دەچووە دەرەوە؛ سەرەتا ئێمە چاومان پێدا دەخشاند یان لێکمان جیادەکردنەوە. ئەمەش مەرجی سەرەکی دیسیپلین و سیستەمی ناوخۆمان بوو. جاروبار هەندێک شتی نابەجێش لەو نامانەدا بەدی دەکران کە بۆ زیندانەکانی تر یاخود بۆ خانەوادە بەرێ دەکران. رێگری لە هەموو ئەو شتانە دەکرا کە ئەگەری بەکارهێنرانی هەبوو لەلایەن دووژمنەوە، لەم رووەوە هەڤالانمان ئاگادار دەکردەوە. هەندێکیان لەو کەسانە بوون کە وەدوی هەلومەرج و بەرخودانییەوە هاتبوون و بێ هیوایی و رەشبینی خۆیان دەنووسی. سەرپەرشتی ئەم جۆرە نامەگۆرینەوە و نووسراوانەمان دەکرد. تەنانەت هەندێک هەبوون ئاڵوگۆری نامەیان لەگەڵ کەسانێکی نەناسیاوی زیندانەکانی تر دەکرد. دووژمن بۆ ئەم مەبەستە کەسانی دانپێدانەر و ئەوانەشی بەکاردەهێنا کە بەنهێنی دانیان بە هەندێک شتدا دەنا. سەرەتا وەک بیانناسێت بەناوی دانوستانەوە و شتی بۆ دەنووسین، پاشان هەوڵی بادانەوەی بەرەو نامەی دڵداری دەدا.

هەواڵی دڵداری و مارەبرین لە پشت شیشبەندی زیندانەکانی وەک ماماک و مەتریس[125] ببوون بە مانشێتی رۆژنامەکانی دەوڵەت. ئامانجیان بەربڵاو کردن و هاندانی بەندکراوانی تر بوو. بەندکراو هەبوو دەیگووت: "لەجیاتی ئەوەی سینەم پربکەم لە خەم و پەژارە، باشترە دڵداری بکەم..هتد" ئەم جۆرە کەسانە هەر لە هەوەڵەوە بروایان بە شۆرش نەبوو، تا ئەو رۆژە تەنیا بە هەندێک لایەنی مرۆییەوە خۆیان رادەگرت. پاشان کاتێک بروایان بەوە

[125] زیندانێکی تایبەتی دەوڵەتی تورکە لە شاری ئەستەمبول.

نەدەما کە لەپێناوی ئامانجێکدا بژین، ڕێگەی تریان دەگرتەبەر. ئەم جۆرە کەسانە ئەمسەر و ئەوسەریان دەکرد، دۆخی ڕۆحییان ناجێگیر بوو. نەیاندەتوانی لە ژیانی هەنووکەیی دەربکەون و بەتەواوی ئاوێتەش نەدەبوون. هەبوو بەدوای پەیوەندی خێزانییەوە بوو و بیری پێوانە نەریتییەکانی ئەو جۆرە پەیوەندییەی دەکرد. لەجیاتی بیرکردنەوەی زانستیانە و بەلۆژیک، کەچی بەچاوی ڕەمەک و حەزە وردیلەکانییەوە تەماشاکردنی ژیانیان بەسەر کەسایەتی خۆیاندا زاڵ دەکرد و کەسایەتی خۆیان تیادا دەهاڕی.

(لەیلا) خۆی دابوو بەدەم بێنەوبەرەی دڵدارییەوە، لەنێوان زیندانەکاندا. تەمەنی (43) ساڵ و کچەکەشی (18) ساڵ بوو. پێشتر تەنیا لەگەڵ کچەکەی ئاڵوگۆڕی نامەی دەکرد، باسی ئێمە و بەرخودانی کچە هاوتەمەنەکانی بۆ دەکرد، بەڵام دوای ماوەیەک نامەی سەیر و سەمەرەی بۆ دەهات. لامان ئاشکرا نەبوو کەسێکە تازە ناسیوێتی یاخود پێشتر یەکتریان ناسیوە، بەڵام لەگەڵ گۆڕانی دنیای (لەیلا)، نامەکانمان خستە ژێر چاودێری. مەگەر (لەیلا) بووە بە (کروپسکایا)[126] و ئەوی تریش بووە بە (لینین)! کابرا لە نامەکەیدا (لەیلا)ی بە (کروپسکایای خۆم) ناوزەد کردبوو. تا شوێنێک پەیوەندی بە ئێمەوە نەبوو. (لەیلا) کە بە هەرجۆرە ژیانێکدا گوزەری کردبوو، لە پاش تەمەنی (43) ساڵەی خۆی پێویستی بە پاراستنی ئێمە دەکرد؟!، بەڵام دەمانزانی جۆرە نەخۆشییەکی تر تیایدا سەریهەڵداوە. نامەکان لە ئەدەنە و مێرسینەوە دەهاتن، دیارە کەسانی تریشی تێوەگلاندبوو.

---

[126] نادیژدا کروپسکایا هاوژینی ڤلادمیر لینینی پێشەنگی پارتی کۆمۆنیستی یەکێتی سۆڤێت.

(لەیلا) لە جێخەوەکەی هەڵنەدەستا، سەری لەژێر بەتانییەکەی دەرنەدەخست. بۆ خواردن و جگەرە هەڵدەستا و بەردەوام خەریکی نووسین بوو. هەموو رۆژێک نامەی دەنووسی، هەر نامەیەکیشی دەیان لاپەڕەی تێپەڕ دەکرد. هەموو دنیای ببوو بە نامە. پاش ماوەیەک ناوەڕۆکی نامەکانی گۆڕان. بەدوای رێگەی ناڕاستەوخۆی دەرکەوتن لە زینداندا وێڵ بوو. بەرامبەرەکەی پسپۆڕانە دەینووسی و ئەمیش پسپۆڕانەترا (لەیلا) هێواش هێواش بەشێوەیەکی زۆر قێزەون هەموو شتێکی خستە بازاڕی مەجنونەکەیەوە.

وەڕس و بێتاقەت بوو و لەناو پێخەفەکەی دەرنەدەکەوت. بەهۆی تەمەنییەوە ناویمان لە لیستی ئەرکی خاوێنکردنەوە و ئێشکگری رۆژانەدا نەدەنووسی. (لەیلا)ش (دادەیەک) بوو و خزمەتی دەکرا. پەرداخێکیشی لانەدەبرد، بگرە سوتوو و پاشماوەی جگەرەکەی دەکردە ناو پەرداخەکەیەوە. ئەوەندە تەمبەڵ بوو و دەستی لە ژیان بەردابوو. قێزەونی دنیای ناخی وەکو خۆی دەردەبڕی. بازنەی چاوی بەتەواوی مۆر هەڵگەرابوو. بە کۆخە، پژمە و قڵخەقڵخەکەی چۆنێتی دنیای ناخی خۆی دەسەلماند. سیلە و تەماشاکردنی خائینانە بوو. وەک رۆژانی یەکەم بە چاوی خۆشویستن و خۆشبینییەوە تەماشای نەدەکردین. کاتێک پرسیاری هۆکاری ئەم دۆخەیمان لێدەکرد، بۆ ناکۆکییەکانی لەگەڵ خێزانە (رزگاری)یەکەی تری دەگەڕاندەوە. تەنانەت تا دەهات ئەوانی بە رزگاری دانەدەنا. جاروبار هەڵدەستا و خۆی هەوڵی ناردنی نامەکانی خۆی دەدا. رێگریمان دەکرد، چونکە نامەکان لەیەک رێگەوە دەچوون. ئیتر ئەم دۆخەی وایکرد بە ئاشکرا شەڕی لەگەڵ بکەین.

لەگەڵ گرووپەکانی تر سەبارەت بە فڕێدانی جلی یەکجۆر و هەندێک بابەتی تر ئاڵوگۆڕی نامەمان دەکرد. هەوڵدەدرا یەکینەی چالاکی هاوبەش پێکبهێندرێت. نووسراو بۆ ئەوانیش دەهات. چەند نووسراوێک ئەوانی هێنایە لای یەک. ئەم یەکێتییە ساتەوەختی و زۆرەملێیی و رووکەشانە بوو. وەک پارچەیەکی تەڵەکەبازییەکان بوو. سەرنجی ئێمەیان بۆ ئەم رۆڵی تۆران – ئاشتبوونەوەی خۆیان رادەکێشا.

ناوبەناو دەرکەوتنی (لەیلا) بەناوی نەخۆشخانە و دادگاوە سەرنجی رادەکێشاین. کاتی هاتوچۆی دادگا دیاریکراو بوو. لەو ساتانەدا دەنگی ئۆتۆمبێلە زەبەلاحەکە یان ئۆتۆمبێلەکانی تری دادگامان دەبیست. فێری جۆری دەنگەکانیان ببووین. ئۆتۆمبێلەکانی نەخۆشخانەش بەهەمان شێوە. لە ساتی هاتنیاندا هەمان ئەو دەنگانە دەبیستران. لەم بابەتەدا زۆر هەستیار ببووین. لەو هاتوچۆیانەدا جلوبەرگی (لەیلا) دەگۆڕا. لەکاتێکدا لەناو رۆڵێکی زۆر دەمارگیرانەشدا بوو، کەچی میکیاجی دەکرد، بەئاشکرا خۆی دەڕازاندەوە و دەهاتەوە. لەهاتنەوەشیدا ژێرچاوەکانی؛ دەستەکەی ئاشکرا دەکرد. خۆی لە وەڵامی پرسیاری "دادگاییەکەت چۆن بوو؟" دەدزییەوە. لەو رۆژانەدا هاری دەیگرت. هەستی بە نیگاکانی دەوروبەری دەکرد، گرژی و پەشۆکی دایدەگرت و خۆی لەهەموو کەسێک دەدا. بە نامەکانیدا تێگەیشتین کە تەنانەت پیلانی دانابوو گێرەشێوێنییەک بنێتەوە و لە قاوشەکە جیابکرێتەوە.

نامەکانی ئەو رۆژانەی دوایی ئەومان گرت و خوێندمانەوە. وردەکاری ناو ئەو نامانەمان بە هەڤاڵانی قاوشەکانی تەنیشتمان گەیاند و لەنامەیەکدا پێمان گووتن: "ئەوانە ئاگادار بکەنەوە، قسەیان لەگەڵ بکەن. لەیلا پەیوەندی هەیە لەگەڵ ئیدارە، هاوکاری

دووژمن دەکات و هەموو نووسراوەکان ڕەوانەی دووژمن دەکات. ئێمە لەلای خۆمانەوە دەستمان بەسەر نامەکانیدا گرتووە، با خۆیشیان بزانن. لەمبارەیەوە وردەکاری زیاترتان بۆ دەنێرین".

(لەیلا) هەموو شتێکی زیندانی بۆ دووژمن باسکردبوو. لە دانیشتنی نهێنی دادگا و لەگەڵ ئیدارەی زیندان لە بچووکترین هەڵسوکەوتمانەوە بگرە هەموو شتێکی ئێمەی بە دووژمن گەیاندبوو. بێگومان (ڕزگاری) شتێکی ئەوتۆی نهێنی نەمابوو، دووژمن لە هەموو وردەکارییەکانی ئاگادار بوو. ئەگەر شتێکی نهێنیش مابێت، (لەیلا) لەو دانیشتنە نهێنییانەیدا بۆ دووژمنی باسکردبوو. بەڵام تەنیا (ڕزگاری) جێگەی باس نەبوو، بەدەستەوەدانی (PKK)، واتا ئێمەیش هەبووین. سەبارەت بە دۆخی هەنووکە و پێشهاتەکان، یاخود ئەگەری جموجوڵەکان و گەلێک بابەتی هاوشێوە زانیاری بە دووژمن دابوو. ببوو بە ژنێکی تایبەتی یاسای پەشیمانی. ئەگەر (ئەسەد ئۆکتای) لێرەبووایە قیرەیەکی قێزەونی دەکرد، لەوانەیە لە بڵندگۆکانیشەوە بانگەوازی بکردایە. چونکە ژنێکی دانپێدانەریان دەستکەوتبوو. بەڵام ئەو مەبەستی (PKK) بوو، دەرهێنانی کچێکی دانپێدانەر بوو لە ڕیزی (PKK) دا. ئەم مەرامەی بۆ نەلوا و بوو بەگڵمۆڵەی دەردێک لەسەر گەردنی.

دووژمن لە قۆناخی ئەشکەنجەکاندا هەوڵێکی زۆریدا تا بتوانێت هەندێکیان لەبەرانبەر ئێمە بەکاربهێنێت. دەیەویست ئەم کارەش بەدەستی ژنە بەکرێگیراو و سیخوڕەکان بکات، بەڵام نەیتوانی. بۆ ئەم مەبەستە پەنایان بۆ بەکارهێنانی ژنێکی ئیزۆلیی[127]ەکان برد. هاوژینە بوجاکییەکەیان پێکرد بە دارودەستە، بەڵام وەکو دەیانویست نەیانتوانی ئەو ژنە بەکاربهێنن. ژنە یەک بە یەک بۆی

---

[127] عەشیرەتێکە لە ناوچەکانی دەوروبەری شاری ڕۆحا لە باکووری کوردستان.

دەگێڕاینەوە کە (ئەسەد) داوای چی و پرسیاری کێی لێدەکرد. سەبارەت بە ئێمەش دەیگووت: "دڵم هەرگیز ڕێگەی پێنەدام لە بەرامبەر بە چاکەی ئێوە خراپەتان لەگەڵ بکەم". ئێستا دووژمن بەدوای تەکتیکێکی نوێوەیە. ئەشکەنجەی قەبا و ڕاستەوخۆ نەدەکرا، بەڵام جۆرە کەسانێکی وەهایان هێنابووە لامان کە پێگەیەکی زۆر خراپتریان لە پێگەی ئەشکەنجە دروست دەکرد.

پێشتر (لەیلا)مان تێگەیاندبوو: "ئەگەر ژنێکی دانپێدانەر لەم قاوشە دەربکەوێت دەیکوژین، فەلاقەی دەکەین و فڕێی دەدەین" بۆیە ترس دایگرتبوو. ئەو ژنە بەردرابوو کە لەگەڵیدا پێکەوە هاتبوون. دیارە دووژمن ئەویشی بەپێی ئیفادەی (لەیلا) بەردابوو، چونکە ڕۆژ بە ڕۆژ ئەو ژنە لێمان نزیک دەبووەوە. تۆزێک هەستی نیشتمانپەروەری تیا مابوو و لە نزیکەوە (لەیلا)ی دەناسی. (لەیلا) نەیدەتوانی بە ئاسانی بجوڵێتەوە. لە پەیوەندییەکانی وەک نامەگۆڕینەوەدا هەر شتێکی پێچەوانەی بەرژەوەندییە گشتییەکانی ژنانی لێ بەدی بکردایە، دەستبەجێ ئاشکرای دەکرد. مسۆگەر پێی دەگووتین. بەر لەوەی بڕوات قسەیەکی زۆر ڕاست و بەجێی کرد و گووتی: "لەیلا، ڕزگاری و کەسانی تری لەسەر نووکی پەنجەی خۆی دەسوڕاندەوە، دەبێت بە بەڵا بەسەر (PKK) شەوە. زۆر باش بیناسن". هەڤاڵانی مێرسینیش لەنامەکانی خۆیاندا ئاگادارییان پێدابووین. ئێستا زۆر ئاشکرا بوو لەلامان. دووژمن ئەوەی بە ئەشکەنجە پێی نەکرابوو، دەیویست بە ژنێک مەیسەری بکات!

ئەندامانی تری (ڕزگاری)مان بردە لایەکەوە و ئاگادارمان کردنەوە: "گومانمان لەم ژنە هەیە. ئێوەش ئاگادارن چی دەکات. یان هەڵوێست وەردەگرن، یان ئەوەتا ئێوەش بە هاوبەشی تاوانەکانی دادەنێین". پێشتر پلانی خۆمان داڕشتبوو. ئەو نامانەی

لێرەوە دەیاننارد هەڤاڵانی خۆمان دەستیان بەسەردا دەگرت، ئەوانەشی کە لەولاوە دەگەڕانەوە ئێمە دەستمان بەسەردا دەگرتن، دوولایەنە دەمانخوێندەوە و هەڵماندەسەنگاند. (زەکی لاز - یلماز) نوێنەری قاوشەکەی تەنیشتمان بوو، پلانەکەی خۆمان بۆ باسکرد و داوامان لێکرد بە قاوشی(35)یشی بگەیەنێت. گووتی: "نەرم بن لەگەڵیدا، لێیمەدەن، دەریکەن". بڕیارمان لێدانی بوو ئەگەر لێدانەکە بەشێوەیەکی ڕەمزیش بووایە. وەک چالاکییەک پلانمان بۆ داڕشتبوو. مادام دووژمن بەمجۆرە یاسای پەشیمانی پەیڕەو دەکرد، دەبووایە وەڵامیشمان زۆر روون و ئاشکرا بووایە. دەمانویست رای گشتی و بەندکراوانیش بەم پەیڕەوکارییانە بزانن. دەمانویست هەمووان ئەو کەسانە بناسن کە لەناو پەشیمانییەکی نهێنی دان.

سەرلەبەیانی رۆژی دواتری ئاگادارکردنەوەکەمان؛ (لەیلا) و هەردووکی تریانمان لەقاوشەکەی پشتەوە دەخستە ژێر لێپرسینەوە. پەنجەرەکان داخرابوون. دووانەکەی تر دانیان بە هاوبەشی تاوانەکەیان ‌دا دەنا – دواتر پێمانزانی کە ئەوان دانپێدانانی خۆیان بۆ پۆلیس نووسیوە و پاشان هێنراون بۆ ئێرە - لەیلاش بەهۆی دانپێدانان و خیانەتەکەیەوە پێکەوە لەگەڵ ئەو هەڤاڵانەی پێشتر بڕیارمان دابوو دەستمان دەکرد بە لێدانی. هەمووان بەیانی زوو هەڵساوین بەخرۆشێکەوە لە قاوشەکەدا رایەڵکەمان دەکرد. هاتوچۆیەکی بەردەوام لەسەر قاوشەکەی تر هەبوو. چاودێری دەرگەی قاوشەکەی تر دەکرا. دەرگەی قاوشەکە لەگەڵ هاتنی خواردن بەزوویی دەکرایەوە و دەرگەی دالانەکەش قفڵکراوبوو. من چاودێری (لەیلا)م دەکرد، بە هەڤالانم گووتبوو: "داینێن بۆ خۆم" هەر بە مشتەکۆڵە و بۆکس لوتی ئەو ناکەسە ناپەسندەم دەشکاند. ئەوەنییە دەڵێن نەشتەرگەری

جوانکارییان بۆ دەکەن! رووخساری خۆی لەخۆیدا ناشرین بوو، با ماوەیەکیش لە ئاوێنە رووخسارە ناشرینترکراوەکەی خۆی ببینیایە. هەرکات تەماشای ئاوێنەی بکردایە بیگووتایە: 'کچە ئاپۆچییەکان وایان لێکردم'. بەڵێنم دابوو کە دەبێت شوێنەواری کچانی ئاپۆچی لەسەر رووخساری هەڵکۆڵم.

ئەمە رق و قین بوو لەبەرانبەر ئەو ئاستەی کەوتن و سووکبوونی ژنێک. لەپێناو ژیانێکی سووک و ریسوای خۆیدا خیانەتکردن لەبەرامبەر هاوڕەگەزانی خۆی کە ژان و ئەشکەنجەی ئەو هەموو ساڵەیان چەشتووە، هەرگیز پەسندمان نەدەکرد هیچ کەسێک سیخوڕی و فەسادی بەسەر قاوشەکانەوە بکات، هەر کەسیکیش شتێکی وەهای بکردایە لێی خۆش نەدەبووین. هەروا بە ئاسانیش نەیدەتوانی لەلامان بڕوات. لەبەرامبەر بەو بەرخودانەی شەهیدانمان؛ ئەو روو رەش بوو، خیانەتی هەڵبژاردبوو و بێ شەرەفی دەسەپاند.

(لەیلا) بەنیاز بوو بچێتە قاوشەکەی ترەوە جلەکانی لەبەر بکات، خۆی بۆ نانی بەیانی ئامادە بکات، بەڵام هەستی بە بوونی دۆخێکی نائاسایی کردبوو. بە شۆکێکەوە تەماشای دەوروبەری خۆی دەکرد. دووانەکەی تر دیار نەبوون. هەڤاڵان زۆر زوو هەردووکیانیان بردبووە قاوشەکەی ترەوە. قیڕە و هاوار بەرزبووەوە، راکەڕاکێک دەستی پێکرد. دەست بۆ دووانەکەی تر نەدەبرا، تەنیا بێدەنگ و بێکاریگەر دەکران، دانیان بە تاوانەکانیاندا دەنا و پاشان حیسابیان لێ دەسێندرا. ئەگەر هاتوو قیڕەو هاوار بکەن ئەوا دەمیان پێ دادەخرێت و بەتوندی ئاگادار دەکرانەوە.

(لەیلا) هەستی پێکرد و بەرەو دەرگەکە رایکرد. دەیکێشا بە دەرگەی داڵانەکەدا و داوای هاوکاری کرد. سەرەتا وامزانی دەچێتە قاوشەکەی تر، بۆیە زۆر پەلەم نەکرد، نەمویست گومان

بکات. بەڵام کە بینیم رووی لەدەرگەی داڵانەکە کرد بەدوایدا رامکرد. لەدواوە گرتم و رامکێشا، زۆر بەهێز بوو و خۆی بە دەرگەی داڵانەکەوە توند کرد. دەستی بە هاوارکرد و منیش قۆڵم لەسەر دەمی توند گرت، بەڵام وەک چۆن بیەوێت پارچەیەک لەقۆڵم بکاتەوە، قەپی لێگرتم. بە دەستەکەی ترم دامە بەر مشتەکۆڵە و پێمگووت: "مادام ئەوەندە پەلەت کرد، ئەوەش بۆتۆ هەی ژنی سووک و ریسوا. دوایی دەچیت و نەشتەرگەری دەکەیت، خۆ لوتیشت زۆر ناشرینە" و بەدوای یەکدا چەند جارێک کێشام بە لووتیدا. هەڤاڵان هەموویان بەهاتنی دەنگی قاوشەکەی تر روویان لەوێ کردبوو، تەنیا (فاتیمە) گەیشتە لای ئێمە و ئەویش هەوڵی دەدا دەستم بگرێت و دەیگووت: "وامەکە، تازە لەسەر جێخەو هەڵسام. چییە، چیی روودەدات؟"

(فاتیمە) خۆی لێ گێل دەکرد. راستە لەجێخەوەکەیدا بوو، بەڵام (فاتیمە) لەکاتی ئەم جۆرە کارە مەترسیدارانەدا خۆی گێل دەکرد. پێشتر بەتایبەتی ئەوەی گووتبوو کە لایەنگری لێدانی (لەیلا) نییە. زۆر فێڵباز بوو. تووڕەببووم و هاوارمکرد بەسەریدا و پێمگووت: "برۆ بەو لاوە، ئەم ریسوایە رادەکات و تۆش دەستم دەگریت". لەو ساتەوەختەدا زیاتر لە (فاتیمە) تووڕەببووم. ئەمە لەکاتێکدایە کە ئێمە بە فەرمی چوارکەس چالاکییەکەمان لە ئەستۆ گرتبوو. ئامانجمان بەگژداچوونی یاساکە و کۆکردنەوەی رای گشتی بوو. پێویست بوو هەموو بەندکراوێک بەگژ یاسای پەشیمانی دا بچووایە، دژایەتی بکردایە. دەمانویست دۆخێکی وەها باڵادەست بکەین. لە ئەگەری هەر لێپرسینەوەیەکیشدا هەموو هەڤاڵان بە دووژمنیان دەگووت کە چاویان بە لێدانەکە نەکەوتووە. دەیانگووت: "لەیلا ئاکباش ناکەس بەچە و ریسوایە، دووژمن یاری پێدەکات. تەنیا لەپێناوی دەرکەوتن لە زیندان کەسانی تری

تاوانبار کردووه". پەردەیان لەسەر یاسای پەشیمانی هەڵدەماڵی و دووژمنیان ریسوا و شەرمەزار دەکرد.. فەسادی و دانپێدانان تاوانێکی دژی مرۆڤایەتییە. هەڵوێست وەرگرتن و شەرمەزارکردنیشی، بەر لە هەموو شتێک مەرجی بە مرۆڤبوونە و دیاردەیەکی مرۆییە.

(فاتیمە) شیمانەی کاریگەری پێشهاتەکانی ئەم چالاکییەی دەکرد، بۆیە لەکاتێکدا کە من ئامادە نەبووم، بەشێوەیەک (لەیلا)ی تێگەیاندبوو. لەناو ژیانی رۆژانەشدا بەلای (لەیلا)وە (فاتیمە) کەسێکی ئاسایی بوو، ئێمە بەردەوام سەرمان دەکردە سەری و رەخنەمان دەکرد. هەر چۆن هەست بە دانپێدانەری و خیانەتەکەی (لەیلا) کرا، (فاتیمە) لە ترسا هەموو پەیوەندییەکی لەگەڵ ئێمە بچڕاند.

لە (لەیلا)م پرسی "بۆچی خیانەتت کرد؟ لە کەیەوە دەستت بە دانپێدانان کردووە؟" ئەویش بە قیژەو هاوارەوە گووتی: "بۆچی، من باج و حیساب بەئێوە بدەم؟"

گووتم: "بێگومان دەبێ بیدەیت، هەی بێ ناموس! چەند ساڵ دووژمن سەریکردە سەرمان و نەیتوانی تاکە ژنێکی دانپێدانەر و بەکرێگیراوی لەناوماندا بەدەست نەخست. باشە تۆ بۆچی تەنیا لەبەر ئەوەی دەربکەویت چوویت و هاوکاری دووژمنت کرد. خۆ هیچ ئەشکەنجەیەکیان نەکردیت تا بڵێین؛ لەیلا بەرگەی نەگرت.. بۆچی؟" وەڵامی نەدایەوە. وەک مرداربوویەک لەسەر زەوی پاڵکەوتبوو. هەمووان تفیان دەکرد. مرۆڤ چۆن بەم ئەندازەیە خۆی قێزەون و بچووک و سووک دەکرد، لەمرۆڤبوون دوور کەوتبووەوە؟ (لەیلا) دوور کەوتبووەوە، لەو ساتەوەختەدا زۆر قێزەون، ناشیرین و سووک بوو. رۆژ بەڕۆژ رێکەوتی رۆیشتنی بۆ دادگا و ئیدارەمان پێگووت و داوای وەڵامان لێکرد،

پرسیارمان لێکرد کە لەوێ چی باسکردووە. دیسان هیچی نەوت و پێداگری کرد.

عالیە پێیگووت: "زۆر شوورەییە بۆ دایکێکی وەکو تۆ، ئەوجار شەرمت لەخۆشت نەدەکرد و باسی کچەکەت بۆ دەکردین. نامەکانی ئەوت بۆ دەخوێندینەوە. وادەزانێ دایکی شۆڕشگێڕە، پێی دەگووتیت؛ شانازیت پێوە دەکەم کە شۆڕشگێڕیت.. ئێستاکەش دەڵێت دایکێکی سووک و ریسوام هەیە. هەی ساختەچی، کچەکەی خۆشت خەڵەتاند، خیانەتت لەویش کرد".

بەدوای ئەودا ژنێکی تر: "کروپسکایا! لینینەکەت لەکوێیە؟ ئەو تۆی داوەتی خیانەت کرد یاخود تۆ؟ هەردووکتان دەکەم بە قوربانی کروپسکایا و لینین".

.. "رۆڵی کلاسیکترین ژنی شۆڕشگێڕت لەخۆت بار کردبوو، بەڵام بەناوی دەچم بۆ دادگا و بۆ نەخۆشخانەوە، خۆت بۆیاخ دەکرد و دەڕۆیشتیت، دیارە لەشفرۆشی و خۆفرۆشی دەکەیت..".

.. "هەموو ئەو نووسراو و نامانەت بە دووژمن گەیاند. پلانی چالاکییەکەی ئێمەشت دا بە دووژمن. نامەی هاوڕێکانی خۆشت دا بەدووژمن. گوایە ژنە میلیتانی رزگاری! کە چ ژنێکی بێ نامووس و خیانەتکاریت.."

پرسیار و کاردانەوەکان درێژەیان کێشا و بەردەوامبوون. هەرکەسەو تاوانێکی خودی (لەیلا)ی دەدایەوە بەڕوویدا. (زوبەیدە) پارچە سۆندەی سەر بەلوعاکەی هێنا. بەزۆر دەیویست لێیبدات و دەیگووت: "با لێپرسینەوەی لەگەڵ بکەین". نەمهێشت، دەنگم لێبەرزکردەوە، کەچی هەر سوور بوو، بۆیە پێمگووت: "نەخێر؛ دەست لەو مەخلوقە پیس و قێزەونە نادەین، ناچاری کردین. پاراستنی شەرەف و خاوەندەرکەوتنمان لە بەرخودان و پووچەڵکردنەوەی پیلانەکانی دووژمن باشترین وەڵامە، توندترین

گورز و لێدانە. لێدان و کوتانی ناکەسێکی وەها، هەڵوێستێکی بەجێ و رەمزییە. ئەگەر بمانەوێت دەیکوژین، بەڵام شایستە نییە. هەر خۆی بەم رەفتارە خۆی کوشتووە، ژیانی کەسێکی لە مرۆڤ بەدەربوو چ واتایەکی هەیە؟" ئاورم لەوانی تر دایەوە و (مەبەست لە هاوەڵانی لەیلایە-و) پێمگووتن: "بەچاوی خۆتان بەسەرهاتەکانی 1981تان بینی، دونیامان بەسەردا خراپبوو. ئەم ژنە 1985 هات و لەم گۆڕەپانەدا کە بە خوێن و گیانی هاوڕێ و هەڤاڵانمان دەستەبەر بووە بێ ئەوەی تاکە شەقەزللەیەکی دووژمنی بەربکەوێت، خیانەتی کرد. ئێوەش پێتان زانی بوو، بەڵام دەترسان، چونکە خۆشتان لەسەر بانگهێشتی ئەم یاسایە هاتبوون. سەرەڕای ئەوەی ئاگاداریشمان کردنەوە کەچی پشتیوانی خیانەتکارێکتان کرد. پێکەوە ئەم تاوانە دەکەن. دەبێت باج و حیسابی ئەم تاوانەتان بدەن". بێدەنگ بوون، سەریان شۆڕکردەوە.

کاتی سەرژمێری هاتبوو پێمان گووتن" ئێوە بڕۆنە قاوشەکەوە و دانیشن" هەردووکیان گووتیان: "نەخێر دەمانەوێت لە سەرژمێرییەکەدا ئامادەبین. ئەو جیایە و ئێمە جیاین" بە مەرجێک کە هیچ پشتیوانییەک لە (لەیلا) نەکەن رازی بووین. لە سەرژمێرییەکەدا یەکێک کەم دیاربوو و ئەفسەرەکەش گووتی: "کەسێک دیار نییە، لەکوێیە؟" لە وەڵامدا پێمگووت: "لەیلا ئاکباش لە قاوشەکەی ترە، لە قاوشەکەی خۆمان دەرمانکرد، بڕۆن بەکرێگیراوەکەتان ببەنەوە". ئەفسەرەکە بەم هەڵوێستەم واقی وڕما. فەرمانی بە سەربازەکان کرد.. چوون و باڵیان گرت و بردیان. کە بینیم لوتی ئاوساوە، ژێر چاوەکانی شین و کەوە بوونەتەوە. دواجار تەماشای رووخسارە قێزەون و پیسەکەیم کرد و پێمگووت: "دەی بڕۆ با نەشتەرگەری جوانکاریت بۆ بکەن".

ئەفسەرەکە ئاوڕێکی توندی لێدامەوە. زۆری پێناخۆش بوو کە گووتم: "لێماندا و فڕێماندا، بڕۆن بەکرێگیراوەکەتان هەڵگرنەوە".

ئەفسەرەکە هیچ شتێکی نەگووت و بەخێرایی چووە دەرەوە. هەرچەندە رۆژی یەکشەممە بوو کەچی (جاهید ئای دۆغان) هات. داواکاری گشتی بەناوبانگی دادگای سەربازی بەڕێوەبەرایەتی باری نائاسایی! کاتی تر بووایە نەدەهات.

ئەو هەمووە شەهیدەمان دا، ئەو هەموو ئەشکەنجەیان کردین، نەهات. ئەم دۆزگەرە فاشییەی لە هۆڵی دادگادا خۆی لەبەر قسەکانمان رانەدەگرت، رۆژی یەکشەممە بۆ وەرگرتنی ئیفادەی ئێمە هاتبوو.

سەرەتا هەردوو ژنە ئەندامەکەی تری (رزگار)یان بانگکرد. پاش ماوەیەکی درێژخایەن چووە قاتی خوارەوە. سەربازەکان هاتن و داوای کەلوپەلەکانی ئەوانیان کرد، پێماندان. ئەو بەدڕەفتارانە لەڕاستیدا هەر سێکیان پێکەوە کاریان کردبوو. با (رزگاری)بیەکان بە (باجی)یەکەیانەوە بنازن، ئەو هەمووە ئاگادارمان کردنەوە، کەچی بەردەوام پشتیوانی و بەرگریان کرد و گووتیان "(لەیلا) باشترین کەسمانە".

هەرکەسەو لەلای خۆیەوە بە دەربڕینی شتێک کاردانەوەی خۆی نیشاندا. هەڵبەتە دەستمان بە کابراکانی تری (رزگاری)بیەکان نەدەگەیشت. لەناوخۆماندا دەمانگووت: "بریا هەموو ئەمانەمان بەڕوویاندا بڕشتایە، بریا هەواڵی (باجی)یەکەیان پێدەگەیشت کە ئەو هەمووە دەیانپاراست".

بە سەرە بانگی ئێمەیان کرد. من، (گیۆنول)، (مەولودە) و (جاهیدە) چالاکیەکەمان لە ئەستۆگرت. وەک چۆن بڕیارماندا بوو بەو جۆرەش ئیفادەماندا. بە دۆزگەرە فاشییەکەم گووت: "بەڕێگەی ژنێکی بەدڕەفتار و ناکەس بەچەوە یاسای پەشیمانی پەیڕەو

دەکەن. هانی کەسەکان دەدەن تا درۆ بکەن و یەکتر تۆمەت و تاوانبار بکەن. ئەو ژنە بۆ دەرکەوتن لە زیندان هەموو جۆرە پیسییەک دەکات. ئێمە چۆن دەژین یان چی دەژین پەیوەندی بە هیچ کەسێکەوە نییە. ئێمە کەسانی سیاسیین، قسە دەکەین، گفتوگۆ دەکەین، دەخوێنینەوە، دەنووسین. ئەمەتان پێ کۆتوبەند ناکرێت. ئێمەتان لەسەر دانپێدانانەکانی (شاهین) سزاباران کرد، ئێستاش بە دانپێدانانەکانی (لەیلا) دەتانەوێ سزای ترمان لەسەر هەڵچنن. هەرگیز کۆڵنادەین و ئەمجۆرە پەیڕەوکارییانەتان شەرمەزار دەکەم". دوای ئەو قسانە دۆزگەر پێیگووتم: "لە زیندان لەخەڵک دەدەیت، خۆ بەحیساب ئێوە لەدژی لێدان و ئەشکەنجە بوون!" ئاوڕێکی توندم لە (جاهید ئای دۆغان) دایەوە، ئەو بکوژانە هاتبوون و داوای باج و حیسابی چەند شەقەزللەیەکی سەر دەموچاوی (لەیلا)یان لێدەکردین.

لێی رانەوەستام و پێمگووت: "ئاشکرایە کێ جەلاد و بەزەبروزەنگە. بە دەیان هەڤاڵمان شەهید بوون، دەیانی تر کەمئەندام بوون، نەخۆشکەوتن. ئەمانەتان پێ ناشاردرێتەوە. ئەی بۆچی لەبەرامبەر بەو دۆخە ئەوەندە هەستیار نەبوون؟ بۆ ژنە داردەستێکی خۆتان هەموو یاساکانیشتان وەلادەنێن. لەکوێ بینراوە رۆژی یەکشەممە دانیشتنی دادگا بکرێت؟ ئیفادە نادەم". و دەرکەوتم. پاش ئەم روونکردنەوەیە هەڤاڵان یەک بە یەک رۆیشتن. ئامانج دەرخستنەڕووی تایبەتمەندی چالاکییەکی بەوجۆرەبوو. پێویستی نەدەکرد کە هەموو کەسێک بڵێت لە (لەیلا)ی داوە، چونکە وەها نەبوو. من لە ئەستۆم گرت و ئەوانی تریش یاسای پەشیمانیان شەرمەزار و پرۆتێستۆ دەکرد. بەگشتی هەموو هەڤاڵان باسیان لە کەسایەتی پەڕپوت و بەدڕەوشی (لەیلا) دەکرد و سەبارەت بە رووداوەکەش دەیانگووت کە لە قاوشەکەی

تر روویداوە و ئەوان نەیانبینیوە. دانیشتنی دادگایی یەکشەممەی پشووی هەفتانە بەمجۆرە تێپەڕبوو.

ڕاپۆرتێکی دوازدە ڕۆژەی تەندروستییان دا بە (لەیلا). ئامانجیان ئەوە بوو دۆخی ئەو سەخت و نالەبار نیشان بدەن و ئەمەش بکەن بە هۆکاری دۆزێکی نوێ لە دژی ئێمە. بێگومان تەنیا بە دۆزێکی ترەوە نەوەستانەوە. (لەیلا) و دووانەکەی تر بەتەواوی ڕۆڵی پۆلیسیان لە ئەستۆ گرت. هەر بەندکراوێکی نوێ بهاتایە دەیانخستە لای ئەوان. بێگومان بەندکراوە تازەکانیش خوێندکار، دێهاتی، ئەوانەی خزمیان لە زیندان هەیە و دۆستانی خۆمانن کە لە چوارچێوەی دۆزی (PKK) دا دەستگیرکرابوون. پێشتر لەماوەی دەستبەسەریدا لە قاتی خوارەوە ڕایاندەگرتن، پاشان یان بەندیان دەکردن و دەیانهێنان بۆ لای ئێمە، یان بەریان دەدان. (لەیلا) و هاوەڵەکانی درێژەیان بە لێپرسینەوەی هەموو ئەوانە دەدا کە دەخرانە قاتی خوارەوە. ئەوانەی لەژێر لێپرسینەوەی پۆلیسدا شکستیان نەدەخوارد و زانیارییان نەدەدا، لێرە لەخشتە دەبران. بەیەکجاری ڕێگریان لێدەکرا تا پەیوەندیمان پێوە بکەن. قەدەخە خرابووە سەریان کە تەنانەت لەپەنجەرەکانیشەوە بۆمان بڕوانن. لە ساتی هەواگۆڕیندا ئەوانیان لەبن دیوارەکە بە ملکەچی ڕادەگرت، نەیاندەهێشت سەریان بەرزبکەنەوە و تەماشا بکەن. بێگومان ئێمەیان بەشێوازی جیاجیا بۆ باس دەکردن و بەناوی قەدەخەوە هەموو ئەمانەیان بەسەردا دەسەپاندن. هەندێکیان هەستیان پێکردبوو. جاروبار بەکوردی و بەدەنگی بڵند شتمان پێدەگووتن. ژێربەژێر دەستمان بە نامەگۆڕینەوە کردبوو لەگەڵ هەندێکیاندا. ڕێک وەک شوێنی لێپرسینەوەی پۆلیسیان لێکردبوو. (لەیلا) و هاوەڵەکانی خۆیان بەشۆڕشگێڕ نیشانی تازەهاتووەکان دەدا و وەها مامەڵەیان لەگەڵ

دەکردن. لەناو یەکەم و دووەم رۆژی هەوەڵدا ئیفادەیان پێدەنووسین یاخود بە زارەکی زانیارییان لێوەردەگرتن و بە دووژمنیان دەگەیاند. هەندێکیان بەوجۆرە دووبارە دەخرانەوە بەر لێپرسینەوە.

کاتێک لە تەلەفزیۆنەوە هەواڵی شەهیدبوونی هەڤاڵێکیان دەبیست چەپڵەیان لێدەدا. شەوانە بەڕووتی دەچوونە سەر مێزەکان و دانسیان دەکرد، دەنگی زۆر ناشیرین و قێزونیان دەردەکرد، قاقای زۆر ناخۆش و بێواتایان لێدەدا، هەموو ئەمانەش لەچوارچێوەی شەڕی دەروونیدا دەکران. تازەهاتووەکانیشیان ناچاری رەفتاری وەها دەکرد. بە ئەنقەست سەربازەکانیان دەبزواند، سەربازەکانیش لەبەردەم ئەو دیمەنە ناشرینەدا قاوقیژ، رەفتاری لەوان خراپتریان دەکرد و دەنگی قێزەونتریان لێبەرز دەبووەوە.

لەلایەک دادگاکان و لەلایەکیش ئەوەی لەڕێگەی ئەوانەوە دەیانکرد خودی شەڕی تایبەت بوو. لە بەرگریکردنەکانماندا لە دادگا ئەم سیاسەتەی دووژمنمان ئاشکرا کرد. بەڵام دووژمن بە بڕیاربوو باجێکی گەورەی ئەم هەڵوێستەمان بەسەردا بدات. لەڕێگەی دادگاوە سزای نوێ خرایە رۆژەڤەوە، بەتایبەتیش بۆ ئەو کەسانەی کە هێندەی نەمابوو سزایان کۆتایی بێت، یان بەجۆرێک هەڕەشە و گوشاریان دەخستە سەر ئەو کەسانەی خۆڕاگرنابن لەبەردەم سزای نوێدا. سەرەڕای هەموو ئەوانەش دانیشتنەکانی دادگا سەرەتا ئەرێنی بوون. هەڵبەتە من هەموو رووداوەکەم لە ئەستۆ گرتبوو، سیانەکەی تر لە چوارچێوەی شەرمەزارکردنی پەیڕەوکارییەکاندا بەرگرییەکی نارەزایی ئامێزیان نیشاندەدا، بۆیە لە ئاستی گشتیدا پاڵپشتییەکی بەرجەستەی تاوانبارکردنیان لەئارادا نەبوو، بەڵام (لەیلا) و هاوڕەفتارەکانی، بەشێوەیەکی پڕ

له وردەکاری زانیارییان لەسەر یەکە بە یەکەی بەندکراوان و تایبەتمەندییەکانیان بە دووژمن دابوو، کێ بەچی کاریگەر دەبێت، کێ پێویستە چۆن مامەڵەی لەگەڵ بکرێت ...هتد.

هەر بۆیە دووژمن دانیشتنەکانی دواخست و دەیویست کات بەدەستبخات. دیارە بەهۆی شەقەزللەیەکەوە هەموو کەسیان سزا نەدەدا. بەڵام کاری لە هەڤاڵان کردبوو. هەندێک ترسنۆک بەدوای هاوبەشێکدا دەگەڕان. لەجیاتی ئەوەی کاردانەوە و پەرچەکردارەکانی خۆیان بەسەر دووژمندا بتەقێننەوە، بەگژ ئێمەدا دەهاتن. هەر لەو ڕۆژانەدا و پاش ئەم چالاکییەی ئێمە، لە قاوشێکی پیاوانیشدا لە بەکرێگیراوێکیان دابوو و دەریانکردبووە دەرەوە. تەنانەت ڕەوانەی دادگاش نەکرا. بەڵام دووژمن ئەم هەڵوێستەی ئێمەی پێ هەرس نەکرا و پەلاماری هێنا. لەگەڵ هەستکردن بە لاوازییەکانی ناوخۆ، پەلامارەکانی زیاتر دەکرد. سەرەنجام بە تۆمەتی لێدان و هەڕەشەی کوشتن سێ ساڵ و نازانم چەند مانگ سزایان دام، ئەوانی تریش بەهۆی هەڕەشەوە سزادران. بەرگرینامەکەی منیان کرد بە بابەتێکی تری دۆزێکی نوێ و بۆ ماوەی دوو ساڵ دانیشتنی دۆزی بەرگریکردنەکانم بەردەوامی کرد. دۆزێک بوو وەک زنجیرەی بەرگریکردن لە بەرگریکردنەکانم.

## دادگای داگیرکەران ناتوانن دادگاییمان بکەن!

دۆزی گرووپی خارپێت لە دادگای باڵا گەڕابووەوە و بۆ بەشێکمان بڕیاری ئەندامێتی ڕێکخستن هەڵوەشێندرابووەوە، سزای سەپێندراو لە ئەندامێتییەوە بۆ هەواداری گۆڕابوو، بە لەبەرچاوگرتنی ماوەی بەندکراویمان، داوای بەردرانمان دەکرا. واتا بڕیاری دادگاکەی حەوتەمین سوپای زەمینی هەڵوەشێندرابووەوە. سزاکەی (حاملی) لە سێدارەوە بۆ هەتاهەتایی گۆڕابوو. کاتێک ئەم بڕیارە ڕاگەیەندرا گووتم: "هیچ بڕیارێک پەسند ناکەم، چ لەبەرژەوەندیمدا بێت یاخود بەپێچەوانەوە، من ناگرێتەوە". چونکە ئێمە لە بەرگرینامەکانماندا گووتبوومان: "هیچ دادگایەکی داگیرکەری ناتوانێت دادگاییمان بکات". هیچ بڕیارێکی دادگا بۆمن هیچ واتایەکی نەبوو. دادگا دژایەتی هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکەی منی کردبوو. بەگشتی دادگای هەرێمی لە بڕیاری دادگای باڵا دەرنەدەچوو. لە هەموو بڕیارێکیدا بەو شێوەیە بوو. بەڵام لەسەر بڕیارەکەی سەبارەت بەمن، پێداگری دەکرد. لەلایەک دۆزگەرانی بەڕێوەبەری لێپرسینەوەکانم، لەلایەک دادوەر، لەلایەک شتێکی تر هەموویان پێکەوە بە داڕشتنێکی دەستکردانە ئەم کارەیان دەکرد.

ئەگەری بەربوونیشم هەبێت، بە هەڵە لە دەنگدانەکەدا بڕیارەکە لە بەرژەوەندی منیشدا بدرێت – ئەگەرێکی گەورەی هەبوو – تەگەرەکردنی ئاسان دەبوو. هەڵبەتە سەرەڕای ناتەبایی نێوانیشیان، بڕیارەکە لە دژی من دەرکرابوو. لەڕاستیدا هەم لەنێوان دادگاکان و هەم لەنێوان هەردوو دیوانی دادوەرانیشدا

ناکۆکی هەبوو، بەپێی یاساش هەر ناکۆکی و نەگونجانێک لە یاسادا؛ ڕێگە بۆ ئەنجامێک دەکاتەوە کە لەبەرژەوەندی بەندکراوەکە دایە. بەڵام ئەمەش نەکرا! پەڕاوەکان سەرلەنوێ ڕەوانەی ئەنکەرە کرانەوە.

واتا دۆزەکەمان بەناوبانگ ببوو! لە دەرەوە ڕاگەیاندن باسی لەوە دەکرد کە چۆن لە (لەیلا ئاکباش)مان داوە. لە زیندانەکانیشدا (ڕزگاری)یەکان وەدووی مافی (لەیلا) کەوتبوون! هاوڕێکانی هەڵەشەییان کرد و خێرا داوایان لە هەڤالانمان کرد کە لەسەر ڕووداوەکە ڕەخنەدانی خۆیان پێشکەش بکەن، بێگومان پاشماوەیەک کە دانپێدانەری و خیانەتی (لەیلا) و هاوڕەفتارەکانی ئاشکرابوو ناچاربوون بێدەنگ ببن. سەیر بوو، هەڤالان لەگەڵ یەکەم کەش و هەوای بیستنی دۆخەکە ڕەخنەیان لێگرتین. بە زۆر نامەی خۆمانمان پێدەگەیاندن، بەڵام ڕازی نەبوون و دەیانگووت "شایستە نییە" و بەردەوام بوون لە ڕەخنەکردنمان.

جگە لە بەڕێوەبەری و هەندێک لە هەڤالان، بەگشتی هەڤالانی قاوشەکە پیرۆزباییان کرد. بۆ یەکەمجار بوو لە زینداندا لەدژی دانپێدانەرێک، خیانەتکارێک چالاکی کرابوو و چالاکییەکەش لە ئەستۆ گیرابوو. هەندێک هەبوون بە سەرسامییەوە دەیانگووت "ژنی دانپێدانەری چی؟! شتی وادەبێت؟" بە هەمانشێوە هەبوو بەچاوێکی سەیرەوە مامەڵەی لەگەڵ لێدانی ژن بەدەستی ژن و هەڵوێست وەرگرتنی ژنان دەکرد. ژنێک بەم ئەندازەیە دووژمنی هاوڕەگەزی خۆی بێت، بە قێزەونترین شێوە لەناو خیانەتی دژ بە ڕەگەزەکەی خۆیدا بێت، هیچ پەیوەندییەکی بە ژنبوونەوە نییە. ئەم خاڵە لەیاد دەکرا. مەسەلە لێدانی ژنێکی داماو، لاواز، گرفتار و بێچارە نەبوو، کاردانەوەیەکیش نەبوو کە هۆکارەکەی جیاوازی گرووپ یان سیاسەت بێت. نەخێر! لەگەڵ دەیانیان لە هەمان

قاوشدا پێکەوە ژیاین. بە وەلاخستنی هەموو ناکۆکییەکان، لەپێناوی یەکهەڵوێستی و یەکدەستی لەبەرامبەر بە دووژمن هەر چییەک پێویست بوو بەزیادەوە کردمان. بە هەڵوێستەکانمان لە دژی دووژمن، هەوڵماندا هەموو ئەو کەسانەی لە خەویشدا پێیان دەگووتین" ئاپۆچییە بکوژەکان"، ئەو کەسانەی پێیان دەگووتین " ماجەراپەرست و نەژادپەرست"، هەموویان تێبگەیەنین کە ئێمە بەوشێوەیە نین، بۆیە قسە و گفتوگۆیەکی زۆرمان لەگەڵ دەکردن. کەسێکی وەکو (لەیلا) بە هەموو تەمەنی تەنانەت نزیکترین کەسیشی بەهێندەی ئێمە ڕێزی لێنەگرتبوو، وەک ئێمە خزمەتی نەکردبوو. ئەوانی تریش بە هەمان شێوە. ئەم ڕەفتارە بەدخووانەی بوون بە خیانەتکار، لەگەڵ دووژمن یەکدەستن و هاوکارن، بازرگانییەکی قێزەون بەسەر ژیانی (PKK)ەوە دەکەن و بەتایبەتیش لە هەر بوارێکدا ژنبوونی خۆیان دەخەنە بازاڕەوە، ئەگەر ئەمانە وەک ژنێک بپارێزرێن، ئەوا تاوانێکە لەوپەڕی دەرەبەگایەتییەوە. تەنانەت لە دەرەبەگایەتیشدا هەر کەسێک بەها و ئاکاری کۆمەڵایەتی ببەزێنێت، سەرپێچی دابونەریت و یاسای عەشیرەت و خێزان بکات زۆر جار بە کوشتن سزادەدرێت.

ئەوانەی لەدوورەوە تەماشایان دەکردین، ئاگایان لە ڕووی ڕاستەقینەی ڕووداوەکان نەبوو، ئەوانەی نەیاندەویست تێبگەن، هەڵسەنگاند و شیرۆڤەیەکی زۆریان دەکرد. ئێمە چاوەڕێی پیاهەڵدان یاخود پیرۆزبایی کردن نەبووین. بەڵام لانی کەم دەبووایە بزانرایە پەرچەکردارێکی بەمجۆرەی دژ بە دانپێدانەری، خیانەت و خیانەتی ڕەگەزی، ئەرکێکی مرۆییە.

کێشەی ناوخۆ و کاردانەوەکان زۆر سەرقاڵییان دەکردین. هاوشێوەی گەمارۆدانێک بوو. ئەوجار لە دادگاکانیشدا ئاماژەم بەوە دەکرد کە چۆن دیاردەی لێدانێک دەکرێت بە بیانووی

هێرشکردن و پەلاماردان و جەختم لەسەر ئەوە دەکردەوە کە ئەم پەلامارانەی سەر ژنە بەندکراوەکانیش بە ئامانجی دروستکردنی (لەیلا)ی نوێیە و خۆم دەکرد بە ئامانجی هەموو هێرشەکان. تەنیا ئەوەندە با دۆزەکە بەتاڵ ببێتەوە. سەرەنجام تەنیا مانەوەم لەم دۆزەدا زیاتر منی شاد دەکرد. ئاشکراکردنی چەند خیانەتکارێک باجەکەی قورس بوو، بەڵام لە هەندێک لایەنەوە پیلانەکانی ئەوانی پووچەڵ دەکردەوە.

دۆزەکان بەدوای یەکدا دەهاتن. دووژمن پێداگری دەکرد. دادگاکان وەک ئەشکەنجە بوون، نەیاندەنهێشت قسە بکەیت و قسەیەکیش نەمابوو پەڕاوی تازەی لەسەر نەکرابێتەوە. هەر وشەیەکمان لەدەم دەربهاتایە مایەی سزایەک بوو. پێشنیازم کرد بۆ هەڤاڵان کە دادگاکان شەرمەزار بکەین، پەسند نەکرا. گووتم بە کوردی بەرگری لە خۆم دەکەم و هەوڵی بێکاریگەرکردنی دادگاییەکە دەدەم، ئەویش نەبوو. دواجار لەچوارچێوەی شەرمەزارکردنی کودەتای 12ی ئەیلولدا گووتارێکم دا. جارێکی تر بانگهێشتیان نەکردمەوە. سزاکان، ژمارەی پەڕاو و دۆزە نوێیەکانم لە ئاگادارینامە و رۆژنامەکانەوە پێمدەگەیشت. جارێکی تر رووخساری ئەو فاشیستانەم نەبینییەوە.

## پێویسته مێژوو، به بەرخودانی؛ دادگایی بکرێت

دوای بەرخودانی کانوونی دووەمی 1984 قۆناخی چوار ساڵی رابردوو خرایه بەر هەڵسەنگاندنەوە. له ئاستی سەرەتایەکیشدا بێت، بەگشتی گفتوگۆ و نووسراوەکان لەم چوارچێوەیەدا بوو. ئامانج و ئاکامەکانی بەرخودانی 1982 زیندانی تێپەڕ دەکرد. لەڕاستیدا شەڕێکی راستەوخۆی نێوان دووژمن و (PKK) بوو، سەرەڕای هەموو هێزێکی تەکنیکی دووژمنیش، (PKK) سەرکەوتنی بەدەستهێنابوو. "سەرکەوتین" وشەیەکی پڕ به واتابوو. چونکه دووژمن بۆ یەکەمجار له ناو زینداندا، واتا به بەکارهێنانی هەموو هێز و دەرفەتەکانی خۆیەوە رووبەڕووی (PKK) دەبووەوە. پیلانی پاکتاوکردنی (PKK) له کەسایەتی کادیرەکانیدا، پیلانێکی زۆر بەرفراوان بوو، هەر له سەرەتاوە هەوڵی دەدا، هیوای تازە گەشاوەی گەل لەمەڕ شۆڕش بشکێنێت. به کۆتایی هێنان به کادیری پێشەنگ لەناو زیندانەکاندا، دەیانویست له بەرەی زیندانەوە گورزی کوشندە له (سەرۆکایەتی) پارتی و خەبات و تێکۆشانی پارتی لەناوەوە و دەرەوەی وڵات بدەن. زیندان رۆڵێکی گەورەی مێژوویی لەسەر شان بوو و (مەزلوم)، (خەیری)، (کەمال) و قارەمانەکانی تر دەرکیان بەو رۆڵە کردبوو.

ئەم هەڤاڵانە ئەرکی ئاپۆچێتی، پابەندبوون به (سەرۆک ئاپۆ)، پاراستنی پارتی و نوێنەرایەتی راستەقینەی بەرخودانییان کردبوو. له رۆژگارێکدا که دووژمن دەیگووت: "قڕمانکردن، هەموویان تەسلیم گیران، سوپای گەنجانی کەمالیستمان دامەزراند" له ئەستۆ گرتنی ئەم رۆڵ و ئەرکە مێژووییه لەلایەن

بەندکراوانی زیندانەوە، تایبەتمەندییەکە و تەنها تایبەتە بەو کەسانەی توانای پێشبینی راستەقینەیان هەیە. ئەم هەوڵە شۆڕشگێڕییە تێکۆشانی رزگاری نیشتمانی خۆمانی مسۆگەر کرد. بەرجەستەبوونی ناوازەی شێوازی رێبەرایەتییەکەی، ببوو بە مەرجی سەرەکی خوڵقاندنی نەریتێکی نوێی تێکۆشان. ئەگەر مێژوو دادگایی بکرایە بەمجۆرە دەکرا. جەوهەری بەرخودانی 1982 بەم رادەیە قووڵ و لێوانرێژ بوو لە ئایندە. بەم رادەیە روون و مسۆگەر بوو.

ئەگەرچی هەر یەکێک لەمانە یەکسەر بە هەموو رەهەندەکانییەوە دەرکیان پێنەکرابێت، بەڵام هەر یەکەیان شۆڕشێک بوون. ئەم چالاکییانە لەو زنجیرە چالاکییە شۆڕشگێڕیانە بوون کە لە کۆمینەکانی پاریسەوە بەرەو شۆڕشی ئۆکتۆبەر دەچوو. راپەڕینی باستیل بوو. بە تایبەتمەندی سەرکەوتنی مسۆگەرەوە پێناسە دەکران. بەهای مەعنەوییان زۆر پایەدار بوو، ئەوان بەرخودان و ژیانێکی شایستەیان هەڵبژاردبوو. بەڵام دۆزینەوەی (مەزلوم)ێکی تر، (کەمال)ێکی تر، (خەیری)یەکی تر و هەموو قارەمانەکانی تر زۆر ئەستەم بوو، هەر ئەمەش گەورەیی، قورسایی و ئازاری زیانەکانمانی دەردەبڕی. راستە، ئەوان نەمربوون و دەژیان. بەتایبەتیش قەڵەمبازی 15ی ئاب پێشوازی و لە ئامێزگرتنی واتای پیرۆز و بەپێزی شەهیدبوونیانی لە خۆگرتبوو. ژیاندنەوەی ئەوان بوو. لە کۆنگرە، کۆنفرانس و سەرجەم کار و خەباتی ئامادەکارییەکاندا هێزی گەورەی ئیلهامبەخش بوون. لە یەکینەکانی پڕووپاگەندەی چەکداری (HRK) و قۆناخەکانی دواتریدا بەرخودانی ئەو پێشەنگە قارەمانانە رایەڵەی هەبوو. هاوکات لەلایەن خۆمانەوە لەبەرامبەریاندا هەستمان بە تاوانباری کرد، ویژدانمان هەمیشە

نائارام بوو. گووتەی: "خۆزگە ئێمە لەجیاتی ئەوان بمردینایە" نەدەبووە مایەی راست گەیاندن، ژیاندن و هەڵگرتنی رێ و رێبازی راستەقینەیان.

بەرخودانی ئەیلول لە سەرەنجامی کاریگەرییەکانی بەرخودانییە گەورەکە (مەبەست لە بەرخودانی 14ی تەممووزە) هاتە ئاراوە. دەنگدانەوە، خۆداماڵین، ژیانەوە و یەکەمین راپەڕینی بەندکراوان بوو. بەڵام نەکرا بە پردێکی پتەو بۆ لێکدانەوەی راستی قۆناخەکانی دواتر. رۆحی پێشەنگایەتی، ئاسۆی بەرفراوانی و شێوازی ئەنجامگرانەی باڵادار نەکرا. پەلامارەکانی دووژمن لە مانگی کانونی دووەمدا بە ئامانجی دەرفەت نەدان بە چارەسەرکردنی لاوازی و کەموکورتییەکانی قۆناخی راگوزەری بوو. بۆ رێگرتن بوو لە بەرەو پێشەوەچوون، دەیویست بە شەڕێکی گەورەی ژێر چەپۆکی خۆی؛ بواری کاریگەری بەرخودانییەکان بەرتەسک بکاتەوە، پەلکێشی هێڵێکی تری بکات و بە رێبازی جیاواز بیخنکێنێت.

لەدەرەوە ئیدارەی کودەتا (مەبەست لە دەسەڵاتی سەربازی سەپێندراوی کودەتایە) لەناو پیلانی " گوایا بە سڤیل بوون، دیموکراتیزە بوون" دابوو. سەرەکیترین رەهەندی ئەو پیلانەش زیندان بوو. دووژمن زیندانی کرد بە کۆتێزی سەرجەم سیاسەتەکانی خۆی. یەکەمین کردارەکانی کودەتا لە ئاستی گشتیدا، لەسەر بوارەکانی پەیڕەوکردنی ئەو سیاسەتە بونیادنرا. لە دەرەوە پاکتاوسازی، سڕینەوە، راماڵین، رەشبگیری بە خێرایی تەواو کرابوو. واتا مەترسیان لەدوای خۆیان نەهێشتبوو! هیچ ناوەندێکی ئۆپۆزسیۆن و بەگژداچوونەوەی کودەتا نەهێڵرابوونەوە. بە پەیڕەوکارییەکی هەمیشەیی زەبروزەنگ (دەرەوە)ی لەژێر کۆنترۆڵی خۆیدا راگرت، لە زیندانەکانیشدا

پاکتاوکردن و لەناوبردنی بەبنەما وەرگرت. لە کوردستان و تورکیا هەموو تاقیکردنەوەکانیان لەسەر ئەو بوارە بوو. لەم واتایەدا کوردایەتی و کوردستانی بە تەواوی پاکتاو دەکرا. ئامانجی ئەنجامگیرکردنی سیاسەتەکانی، کە هەر لە سەرەتای دامەزراندنی کۆمارەوە دەستی پێکردبوو، تەواوکردنی کەموکورتییەکانی و جێبەجێکردنی هەموو ئەو شتانە بوو کە پێشتر پێی نەکرابوو. (هیتلەر) لەواتایەکدا کۆتایی بە یەهودیەت هێنابوو. بەلای ئەوانەوە یەهودییەکان، سووکترین و بێکەڵکترین نەژاد بوون، ئێسک و پروسکیشی نەهێشتن. (ئەگەرچی یەهودییەکانیش دواتر بڕیاری پاکتاوکردنی فەڵەستینییەکانیان دا). بنەچەیان لەناو نەبرا، بەڵام ڕێبازەکەیان لەڕاستیدا وێرانکارانە بوو. تایبەتمەندی گەل و نەتەوە زۆر سەیرن. سەرەڕای ئەوەی خۆشیان دووچاری ژینۆساید و دژە مرۆییانەترین کۆمەڵکوژی هاتن، کەچی هەڵسان بە تاقیکردنەوەی هەمان مێژووی ڕەش بەسەر گەلانی تردا. هەر ئەم گرێی دەروونی "کۆمپلێکس"ەیە ئەوانە بە سەیروسەمەرە دەکات.

زیندان بەلای دووژمنەوە تاقیگە بوو. گەل، نەتەوە، کەس، ڕێکخستن، ڕەگەز و هەمووانی تر لێرەدا زۆر لەنزیکەوە شیکار دەکران. هەر لە دەروون تا جەستە، لە پێکهاتەی ڕێکخستن تا شێوازی شەڕ، لە هەموو بوار و مژارێکدا گەیشتبوو بە ئەنجامی تاقیکردنەوەکانی. زیندانەکان ببوون بە باشترین گۆڕەپانی نیشاندانی خەسڵەتی ئەنجامی جیاجیای هەر یەکێک لە توانەوەکان. هەموو ئانوساتێک لەگەڵ دووژمن ڕووبەڕوویت. دووژمنێک کە دەیویست تەکنیک، زانست و ڕێبازەکانی تاقیکردنەوە، بەکورتی هەموو یاساکانی تاقیگەکە لەچوارچێوەی ئامانجەکەی خۆی دابڕێژێت. حەزدەکەیت جیوە بیت، ئاسن، پۆلا یان هەر ماددەیەکی

تر بیت، حەز دەکەی با جۆرێکی تر بیت لە جۆرە گیانلەبەرەکانی دونیا، هێزی خۆت، پێکهاتەی جەوهەریت هەر چییەک بن، لەو تاقیگەیەدا ئاشکرا دەبوو.

هاوکات پەیوەستە بەخۆتەوە ئاوێتەی چی دەبیت و لەچی جیادەبیتەوە. لەم خاڵەدا نەستی "دووژمنە هەموو شتێکی لەدەست دێت، منیش ملکەچی دەبم" بەرەو خیانەتت دەبات. سەرەڕای هەموو شێوازێکی گەرمکردن و هەوڵی تێکەڵاوکردن و پلانی شێلاندن و گۆڕینی شێوەشت، دەتوانی خۆت بتەقێنیتەوە، بە هەموو ئەتۆمەکانتەوە دەتوانیت ڕێبازەکانی دووژمن پووچەڵ بکەیتەوە و تاقیکردنەوەکانیش تێکبدەیت. بەرخۆدێرانی 1982 ئەم هەوڵەیان بە ناوازەترین شێوە ئەنجامدا.

(مەزڵوم) لە ژووری تاکەکەسی گۆشەگیر دابوو، ژوورێکی رووت. وەک تێکەڵەیەک لە قاپێک نرابێت، ژێری، راست و چەپی لەناو ئاگردا بوو. دووژمن وایدەزانی شوێنێکی وەهای دروستکردووە کە تەنانەت مردنیش تیایدا مەحاڵە، وایدەزانی مردنی ئێمەش بەدەستی خۆیەتی و دەیگووت: "مافی مردن، مافی ژیان، هەموو مافەکانی تر تەنیا بەدەست خۆمە و بەو شێوەیە دەبێت کە من دەمەوێت".

(مەزڵوم) لە هەلومەرجێکدا کە دووژمن بە شێوەیەکی بەدخەسڵەتانە چارەنووسی ژیان و مردنی هێڵکێش کردبوو؛ لەناو جەرگەی خودی ئەو سیستەمە توانی گورزی کوشندە بووەشێنێت. بە چەند دنکە شقارتەیەک فتیلەکەی داگیرساندبوو! بە پارچە بۆینباخێک بەرۆکی ئەو مردنە قێزەونە سەپێندراوە دەگرێت و تاریکی، ترس، تەسلیمییەت و ئەژدیهای خیانەتی کوشت. پێویستە لە زەمینەی ژیاندا، زۆر شارەزایانە بزانیت لەناو سروشتی قەشەنگ و جوانی خۆیدا بە بنج و بناوانی رەسەنی

خۆت بگەیت، بەوانە بگەیت کە خودی خۆیانن و لێرەوە بەنهێنییەکانی فەرمانڕەوایی بزانیت. باوەڕی گەورە و پیرۆز و بەرپرسیارێتییە قووڵەکەی، خودی تایبەتمەندی ژیان و ژیاندنی شۆڕش و ئایندە بوو لە ساتەوەختدا. ئەم هەوێنە هەر لەسەرەتاوە بە ئامانجی خۆی گەیشتبوو. دیاردەی ئاپۆچێتی جەوهەری ئەم هەوێنگرتنە بوو، ژیانەوەی بوو لە (مەزڵوم)، (کەمال)، (خەیری)، (فەرهاد) و قارەمانەکانی تردا، بە ژیانیی و هەمیشەیی بوونی بوو، نەمرییەکەی بوو. هێزی چالاکییەک بوو لە ساتەوەختێکدا کرا کە هیچ کەس چاوەڕێی نەدەکرد و هەموو کەسێکی دەهەژاند.

شێواز، ئامادەکاری، بڕیارداری تا کۆتا و پووختبوونی چالاکی (چوار نەبەرد)ەکە مایەی سەرسامبوونە. ئەگەر بازنەیەکی تر لەسەر چالاکییەکەی (مەزڵوم) زیاد بکرێت، ئەوا دەبێت چالاکییەکە لە کات و شوێنی خۆیدا بێت و مسۆگەر سەربکەوێت. شێوازی چالاکییەکە بڕوا و بوێرییەکی بەرزی دەویست. پێویستی بە پسپۆڕی و شارەزایی گرتنی ئانوساتێک دەکرد کە لەژێر گەمارۆی هەموو جۆرە هەلومەرجێکی نەرێنی و نالەباردا سەرکەوتن بەدەست بخات. (چوار نەبەرد)ەکە ئەم پسپۆڕی و شارەزاییەیان نیشاندا. دووژمن لە ئاگرەکەیان ترسا، لە هاواری سەرکەوتنیان ترسا، لە وردە پارچە گۆشتەکانیان، لە خوێنە ڕژاوەکەیان ترسا. جارێکی تر دووژمن سامێکی گەورەی لە (PKK) کردەوە.

کەواتە (PKK) ئەمە بوو! سەربازی جەلاد کە تا ئەوکاتەش یاری بە قامچییەکەی دەکرد، بەبێ ئەوەی بەخۆی بزانێت بەقامچییەکەی دەستی لە قێزەونییەکانی خۆی دەدا. دەیگووت: "ئەوە چۆن باوەڕییەکە! کڵپەی ئاگری لێبەرز دەبووەوە کەچی دروشمی هەڵدەدا. چ باوەڕییەکی هەبوو.. چۆن باوەڕییەک!" بەڵێ،

ئەمە بڕوای (چوارنەبەرد)ەکە بوو، باوەڕی (PKK) بوو. سەربازێک هەستی بەو ئاستەی کردبێت، مەحاڵە بەندکراوەکانیش هەستیان پێنەکردبێت. مەگەر خودا بزانێت ئەو ئاگرە چەند جار دڵ و هەناوی سووتاندووم، چەند جار پژاندی. چەند جار تا سەر ئێسقان هەژاندمی، چەند جار لەبەردەمی ئەو مەزنایەتییەدا بەکڕنووش دەهاتم. تەنیا هەستکردن بەو گەورەییە بەشی ژیاندنی مرۆڤی دەکرد. ئەگەر ژیانێک هەبوو بێت، بەهۆی ئەو ئاگرەوە بوو کە دڵی دەسووتاندین، بەهۆی بەردەوام هەستکردن بوو بەو ژانە. ئەگەرنا مایەی ژیان نەبوو، ژیانیش نەدەبوو.

ئەی (مانگرتنی تامردن)؟ بەبێ لەخۆ بڕانەوە و بەردەوام بۆ یەکترمان باسدەکرد. چیمان نەدەبیست چی! بەتایبەتیش کاتێک بە کردەیی بینیمان و تیایدا ژیایین، کاتێک تاڕادەیەک بووین بە گەواهی ئەو شتانەی تووشیان دەبووین و بەسەرمان دەهاتن، زیاتر دەرکمان بەو خۆڕاگرییە ناوازەیە کرد کە لە چەند ڕۆژێکدا ئەنجامدرابوو. بەرخودانێک کە مردنی لە هەموو خانەکاندا کەرت و پەرت دەکرد. خۆڕاگرییەک کە بەهەر خانەیەکی لەشی، گورزێکی بەهێزی لەدووژمن دەدا. خیانەتکار هاوشێوەی بۆنی دەمی مانگرتووان قێزەون بوو، هەڵوەریو و رزیو بوو. (60) ڕۆژ خۆڕاگرتن لەبەرامبەریدا، (60) ڕۆژ هەموو ئانوساتێک شەڕکردن لەگەڵیدا، دەزانن چییە؟ نە زانستی تەندروستی وەڵامێکی دروستی ئەمەی پێیە و نە بە باسکردنیش دەبێتە مایەی تێگەیشتن.

هەڵسەنگاندن لەسەر هەلومەرجی چالاکییەکان و تایبەتمەندییەکانی، بەڕێوەبەرانی، کەسایەتی شۆڕشگێڕی ئەو قارەمانانە دەکرا و هەوڵدەدرا پەیوەندی نێوان ڕووداوەکان لەگەڵ دیالێکتیک شیبکرێتەوە. ژیانمان بریتییە لەمانە، دەستەواژەی زەمان، بەو چالاکییانە سنووردار دەبێت. سەرجەم مانگ، ساڵ،

سەدە و ئاییندەکان لەنێو مێژووی ئەم چالاکییەی 1982 دا شاردراوەتەوە. بێ پێشینەیی و بێ پاشینەیی زەمان دەستەواژەیەکی کراوەیە بۆ لێکدانەوە. تاکە شتێک کە من بم؛ ئەوەیە کە لە پێشینە و پاشینەی زەماندا لەبەرخودانی ئەواندا قفڵبەندە.

بێگومان لایەنەکەی تری زۆر جیاوازە! ئەم کاریگەرییە لە هەمووواندا یەک ئاستی نەبوو. سەرەڕای ئەو کاریگەرییانەش لە هەست و سۆزدا بە قووڵاییەکانیدا رۆنەدەچوون. دەرک بە نهێنی هۆکارەکانی تاوانباری، ملکەچی، بێ دەرەتانی لەگەڵ هێزی گەورەی چارەسازی چالاکیەکە نەدەکرا. شێوازی ژیانێک و ئەنجامەکانی لە کەسایەتیدا لەبەرچاو بوو کە بە مانەوەی ماوەیەکی درێژ لە کۆنترۆڵی دووژمن، ئەشکەنجە، گوشار و هەڕەشە هەوڵی شێوەپێدانی دەدرا. باوەڕی، هزر و ئیرادە لە کەسایەتییدا تا چەند بەرجەستە بێت، ئاستی هەڵوەشان و تێکچوونیش ئەوەندە کەمتر و نزمتر و.وێرانکارییەکەی بچووکتر دەبێت. لەم رووەی مەدالیاکەدا گرافیکی تەسلیمیەت و شکست لە ئاستێکی جددیدا بوو. چونکە کەسێتی تەنیا لەڕووی جەستەییەوە گەمارۆ نەدرابوو، ئەم گەمارۆیە لە ئاستی باوەڕی و ئیرادەدا شکست و چەمینەوە و داڕوشانی لەگەڵ خۆی هێنابوو. ئەوەی بەرخودانی دەکرد، ئەوەی دوای بەرخودانی شکستی دەهێنا، یان ئەوانەی بەبێ بەرخودان خۆیان رادەست دەکرد، یان ئەوانەی بەزۆر پەلکێش دەکران، هەر یەکێکیان بەدی دەکران و لەبەر چاوبوون. بەرخودانی هەر هەموویانی هەڵگرت، رایکێشان، هەژاندنی، کاری تێکردن. هەلومەرج جگە لە بەرخودانی، هیچ چانسێکی تری پێنەدەداین. رێگەی بۆ تاکە ساتێکیش هەناسەدان؛ بە بەرخودانیدا گوزەری دەکرد.

بەشداربوونە گشتییەکەی مانگی ئەیلول لەم واتایەدا حاشاهەڵنەگر و تاکە ڕێگەی هەناسەدان بوو. هاوکات هەلومەرجی ڕاپەڕین و بەگژداچوونەوەی دووژمن پێگەیشتبوو. کەچی هێشتا هەناسەمان هەڵنەکێشابوو کە پەلامارە نوێیەکانی مانگی کانوونی دووەم، هەر زوو ئەو شەپۆلەی تێکشکاند. بەڵام قەوارەی شکانەکەی ئەمجارە جیاواز بوو. پێشەنگایەتی و شکستی نوێنەرایەتییەکەی، ڕێگربوو لەبەردەم پووچەڵکردنەوەی تەواوی سیاسەتەکانی دووژمن و نەیهێشت بە تەواوی و بەپێی پێویست دەرک بەو سیاسەتە و شێوازەکانی جێبەجێکردنیشی بکرێت. دووژمن جەوهەری سیاسەتی قڕکردنی نەگۆڕی بوو، بەو هۆکارەی تاڕادەیەک پیلان و پەلامارەکانی لەسەر زەمینەی ئەم شکانەی ئێمە بونیاد نابوو، لەو لاشەوە پەنجەی لەسەر گرفت و لاوازییە ناوخۆییەکانی ئێمە دانابوو، بۆیە دەیتوانی زۆر بە ئاسانی ئەنجام وەربگرێت. پەلامارەکانی مانگی کانوونی دووەم، پەلامارێکی بەرفراوان بوو کە سێ ئامانجی سەرەکی: پاکتاوکردن، تەسلیمییەت و خیانەتی لەخۆ گرتبوو.

## پیلانی خیانەتی سەپێندراو و چالاکییەکەی (سوبحی)

دووژمن ئەمجارەیان بە جلی یەکجۆر ڕێبازێکی کۆنیشی بەکارهێنابوو. جلی یەکجۆر لە ناواخنی خۆیدا هیچ جیاوازییەکی نەبوو لە پەیڕەوکارییەکانی تری وەک "نزای خواردن" و گووتنی "تورکم". دووژمن بە هەر شێوەیەک بێت شتێکی دەکردە بیانوو و بەکاری دەهێنا. بەڵام ساڵی 1984 وەک ساڵی 1980 و 1981 نەبوو. ئەزموونی چەند ساڵی ڕابردوو لەبەردەستدابوو. لێرەدا ئامانجی سەرەکی گرنگی بەدەستدەهێنا. شکاندنی پێگەی تەسلیمییەت بەواتای سەرلەنوێ خۆڕێکخستنەوە و ڕەخساندنی هەلومەرجی شیاو بۆ سەرلەنوێ بەرخودانی بوو. ئەم ڕاگوزەرییە، ئەم هەنگاوە ئەگەر بێتوو بە شێوەیەکی ڕاست جێبەجێ بکرێت، ئەوا قۆناخی ڕابردووش بەشێوەیەکی ڕاست هەڵدەسەنگێندرا، ڕۆحی بەرخودانی 1982 ڕیشەگیر دەکرا و بەرەو قۆناخەکانی دواتریش هەنگاو دەنرا.

بەگشتی ئەم بابەتانە هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکرا، لەلایەکی ترەوە بێ چارەیی لەمەڕ کێشەکانی قۆناخی نوێ کۆت و بەندی دەخەستە بەردەم پێشکەوتنەکان. بەپێی پێویست و هۆشمەندانە ڕوو لە سەرچاوەی کێشەکان نەدەکرا. پەلامارەکانی دووژمن لەڕووی کردەییەوە ڕاوەستابوون، بەڵام گرووپ گرووپێنە، سێبەر دروستکردن، دروستکردنی بەڕێوەبەرایەتی جێگرەوە[128]، وەک پەرلەمانە بۆرژواکان بە پێشنیازنامەیەکی زۆرەوە گوشار خستنە سەر بەڕێوەبەرایەتی، کاروبارەکانی بە تەواوی دووفاق

[128] ئەلتەرناتیف.

دەکرد. ئەوەی ئێمەی لێ ئاگادار دەکرایەوە؛ ئەو زانیارییە گشتیانە بوون کە بەبێ ناوهێنان، لێپرسینەوە و بەدواداچوون لە نامە کورتەکاندا بۆمان دەهاتن. لەلایەک بەو هۆکارەی ئێمەیان (مەبەست لە قاوشی ژنانە) لەدەرەوەی کێشەکان دەبینی و لەلایەکی تریش بۆ ئەوەی کێشەکان کاریگەری نەرێنیمان لەسەر نەکەن، زۆر شتێکی ئەوتۆیان پێ رانەدەگەیاندین. تەنیا بە روونترین شێوە رووداوی (فوئاد چاڤگین)یان پێ راگەیاندن. بێگومان ئەویش هەڤاڵان لەلای خۆیانەوە رێوشوێنی پێویستیان گرتبووە بەر و بەوجۆرە نووسیبویان و دەیانگووت: "لەمدواییانەدا هەندێک کێشە و گرفت ئێمەی سەرقاڵ کرد. زۆر گرنگیمان بە ئێوە نەدا. پێشتر شیکارنامەیەکمان بۆ ناردبوون، فوئاد چاڤگین و ئەوان نووسیبویان. بەلامانەوە باش بوو و بۆ هەموو لایەکمان نارد. لەو رۆژانەدا رەخنە لەسەر بەڕێوەبەرایەتی هەبوو، ئێمەش رەچاومانکرد و جەختمان کردەوە کە هەڵوەستەیان لەسەر دەکەین. بەڵام پاشان بینیمان ژێر بە ژێر بنکەی کادیری لەبەرامبەر بە بەڕێوەبەرایەتی هاندەدات، نیگەرانیە جیاجیاکانی ناو بنکە جەمدەکاتەوە. بەتایبەتیش دەستی خۆی بەو هەڤاڵانە گەیاندووە کە لە قۆناخەکانی رابردوودا گرفتیان هەبووە و لەلایەن رێکخستنەوە کردەی جیاجیای لێپرسینەوەی لەگەڵ کراوە. دوای (مانگرتنی تامردن)ی مانگی کانوونی دووەم بۆ ماوەیەکی درێژ کێشەی تەندروستی لە ئارادابوو، بەم هۆکارە دووربووین و لە نزیکەوە ئاگادار نەبووین لەم کێشانە. هاوکات هێشتا ئەو ماددانەی کە تازە پەسندکرابوون، لەلایەن دووژمنەوە پێویستییەکانی بەجێ نەدەهێندرا. ئیدارەی زیندان بەردەوام کۆسپ و تەگەرەی دەنایەوە. هەر بۆیە هەندێک شت درەنگ کەوت و بەپێی پێویست باڵادار نەبووین بەسەریدا. بەڵام لێرەدا

دواخستنێکی بە ئەنقەست جێگەی باس نییە. فوئاد دواجار بە نامەیەک ڕایگەیاند کە بەڕێوەبەرایەتی هەڵدەوەشێنێتەوە و جەختی لەسەر ئەوەش دەکردەوە کە دەبێت هەموو کەسێک ئەو نامە بخوێنێتەوە، بەپێچەوانەوە مافی ئەوە بەخۆی دەدات کە بۆ هەموو کەسێکی ڕەوانە بکات. بێگومان ئەمە هەڕەشە بوو و کاری لە کۆمەڵێک کەسیش کردبوو. بەتایبەتیش خەڵسەتی خۆجێیی و دەرەبەگایەتی هەڤاڵانی هەرێمەکانی جوڕنەڕەش – گرێ سۆر بەکاردەهێنێت و پێیان دەڵێت؛ بەڕێوەبەرایەتی هەڵدەوەشێنمەوە، چونکە ئەرکی خۆیان جێبەجێ ناکەن، خۆمان دەیکەین.. دووبارە نامەیەکمان بۆ نووسی، بانگمان کرد کە پێکەوە گفتوگۆ بکەین، پێکەوە کێشەکان چارەسەر بکەین، ئەگەر پێویستیش بکات بە ئیرادەی هاوبەش بەڕێوەبەرایەتیش بگۆڕین. ئەو بەقسەی خۆی کرد. خۆیان بە ڕێکخستنی سەرەکی ڕاگەیاند، واژۆی پارتییان بەکارهێنا و بەیان و ڕوونکردنەوەیان نووسی و بڵاویان کردنەوە. بە گرووپەکانی تریشیان ڕاگەیاند. ئەم دۆخەمان خستە بەر گفتوگۆ و لێکدانەوە. سەبارەت بەم دۆخە ئێوە چی دەڵێن؟ هەڵسەنگاندن و پێشنیازەکانی خۆتان بنووسن".

نامەکە کەم و زۆر بەمشێوەیە بوو. سەرمان سوڕما، بابەتێکی جددی بوو. سەبارەت بە هەندێک ڕووداوی گێرەشێوێنی لەناوخۆی پارتیدا لە گۆڕەپانەکانی دەرەوەش چەند زانیارییەکمان پێگەیشتبوو. بە تەواویش نەبێت ڕووداوی (سەمیر، سەحەر، داود، سلێمان)مان بیستبوو. هەروەها دەگووترا (سەمیر) دەستی هەیە لەو هێرشە ئاسمانییەی کە دەوڵەتی تورک لە ساڵی 1983دا لە دژی باشووری کوردستان ئەنجامیدا، دووژمن بە پیلانێک دەیویست هەم لەناو پارتیدا دەستبەسەر پارتیدا بگرێت و هەم بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ هێرش بکاتە سەر بوار و گۆڕەپانەکانی

تری خەبات و بەمجۆرە پارتی بێکاریگەر بکات. ئەمانەمان بەلاوە نامۆ بوو، یەکەمجار بوو هەواڵی بەو جۆرەمان دەبیست. ئەگەرچی هێزی پڕاوپڕ هەڵسەنگاندنی ئەو جۆرە هەوڵە خیانەتکارانەشمان نەبێت، لە ئاستی ناوزەدکردن و فیکریدا؛ هەڵوێستی روون و بەرجەستەمان هەبوو. متمانە بە پارتی، متمانە بە (سەرۆک)، لەو جۆرە رووداوانەدا بەبێ دوودڵی بەرەو هەڵوێست وەرگرتنی دەبردین.

بخوازرێ و نەخوازرێت هەواڵی سەبارەت بە (فوئاد) منی خستنە ناو گەڕان بەدوای پەیوەندییەک لەنێوان خۆی و گێرەشێوێنییەکانی دەرەوەدا. پەیوەندی (سەحەر) لەگەڵ (یلدرم مەرکیت)، پەیوەندی مسۆگەری خیانەتەکە لەگەڵ دەرەوە گومانی لەسەر ئەم رووداوە زیاتر دەکرد. بیر و بۆچوون و پێشنیازی خۆمم بەمشێوەیە پێشکەش کرد: "سەرەتا دەمەوێت ئەوە دەستنیشان بکەم کە گۆشەگیر و دوورخراینەوە لەو رووداو و دیاردانە. لەم بابەتەدا گەر بخوازرێت دەرفەتی بەرچاو هەن و لەبەردەستدان. هاوکات لەگەڵ ئاگادارنەبوون لە هەموو لایەنەکانی رووداوەکە، لەو بڕوایەدام کە ئەمە پەیوەندی هەیە بە دووژمن و بەو گێرەشێوێنییەی لە دەرەوە لە ئارادایە. دەشێ دووژمن خانەوادەکانیشی بەکارهێنابێت، بەڕێگەی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دەستێوەردانی کردبێت. تا ئێستا هیچ کەسێک لەناو پارتیدا بەمشێوە راستەوخۆ دەزگا و پێکهاتەی رێکخستنی نەکردۆتە ئامانج! بەر لە هەمووشتێک لە نووسراوەکەیدا راستگۆ نییە. ئامانجیان رەخنەکردنی رێکخستنی زیندان نییە بە نامەیەک. چونکە ئەگەر وەها بووایە نامەی وەڵامدانەوەکە ئەرێنییە، هەڵوێستێکی بەهەند وەرگرتن و کراوە بۆ رەخنە لە ئارادایە، تیایدا دەگووترێت؛ با گفتوگۆ بکەین و پێکەوە چارەسەری بکەین.. بەڵام

ئەو بەو شێوەیە دەیەوێت زەمینەی رەوا بۆخۆی بونیاد بنێت. دەیەوێت بڵێت؛ هەموو ڕێگەیەکمان تاقی کردەوە، ناچاربووم و کودەتام لە دژی بەڕێوەبەرایەتی کرد.. شیکردنەوەی لەمەڕ بەرخودانییەکەی 1984یش بەهەمان شێوەیە. دوایین نووسینیش بە ئەنقەست نووسراوە. لەگەڵ ئەوەی کۆمەڵێک شتی تێدایە کە مایەی گفتوگۆ و پێداچوونەوەن، کۆمەڵێک خاڵی ناڕوونیشی هەڵگرتووە. هەندێک شت وەک سیناریۆی شانۆییەک بە ئەنقەست جەختی لەسەر کراوەتەوە. هەڵبەتە بە فێڵبازانە، کیفێکی سیاسییان بەبەردا کردووە، کۆمەڵێک راستیشیان تێکهەڵکێش کردووە. هەندێک شتیش هەبوون سەرنجی راکێشاین، بەڵام گووتمان؛ شوێنی ئەوە نییە دەستبەجێ گفتوگۆی لەسەر بکرێت... و بە تەواوی ئاگاداری ئەو قۆناخانەش نەبووین هەر بۆیە نەمانتوانی زۆر لەسەری بڕۆین. ئێستاکە زیاتر دەرکی پێدەکرێت.

سەرەنجام؛ ئاشکرایە هەڵوێستێکی دژی ڕێکخستنە، کودەتایەکە. لە رابردوودا خیانەت بەشێوەیەکی تر لە زینداندا سەریهەڵدا، تێر تەڵەکەبازی خۆی کرد، راستەوخۆ هێرشی کردە سەرمان. ئەمەیان لەژێر کیفێکی زۆر جیاوازتر بەڕێوە دەبرێت. پێشنیازم: سزادانی فوئاد چاڤگینە. لەئێستا بەدوا نابێت هیچ تاوانێکی دژی پارتی بەتایبەتیش لە زینداندا بەبێ سزا و باج بمێنێت. ئەگەر شاهین سزابدرایە، لەقۆناخەکانی دواتردا قەوارەی خیانەت ئەوەندە بەرفراوان نەدەبوو، ئەوەندە خراپەی نەدەهێنا". ئەم وەڵامەم نووسی و هەروەها ئەوەشم لەسەر زیادکرد کە ئەگەر هەبێت نووسراو و زانیاری تر لەسەر ئەم بابەتە بۆمان بنێرن، چونکە سوودی زۆری دەبێت.

دواتر ئەو نامە و نووسراوانەمان پێگەیشت. پاش ماوەیەکیش دەستمانکرد بە ناردنە دەرەوەی چەند نامەیەک. دەرفەتی هەڤاڵان

سنوردارتر بوو. ئێمە دەرفەتمان باشتر بوو بۆ رێکخستن و ناردنەدەرەوەی نامەکان و ئەم جۆرە کارانەمان رادەپەڕاند!

هەڤالان پێشنیازەکەیان بەلاوە زۆر رادیکاڵ بوو. سەرباری هەموو بانگەوازییەکیش (فوئاد) و ئەوان لەسەر رێی خۆیان بەردەوام بوون. پاشان جیابوونەوە کەوتە ناویانەوە و هەندێک چوونە قاوشەکانی ترەوە. ئەمەش رەهەندی ئەو هەڵوێستەی نیشاندەدا کە بەهەندیان وەرگرتبوو. لە زینداندا جیابوونەوە لە هەڤاڵ و هاودۆز و دەرکەوتن لەلایان، وەک رۆیشتنێک بوو بەرەو دووژمن. من تا کۆتا بەم شێوەیە دەیخوێنمەوە و بەناوی دەکەم.

(فوئاد) پاش (مانگرتنی تامردن)ی 14ی تەمموز، کەمئەندام ببوو، شەلەل لێیدابوو. بەبیستنی ئەم کارەساتە زۆر خەمبار بووم. ئەگەر پلانی راکردنەکەمان لە مەلەتی بەدیبهاتایە، دەمانتوانی رابکەین. دەمگووت: "ئەوسا شتێکی وەها رووی نەدەدا" رێزێکی تایبەتی هەبوو. هەر هەڤاڵێک کە لەژێر ئەشکەنجەدا، لە (مانگرتنی تامردن)دا، یان لە ئەنجامی هەر پیلان و هێرشەکانی دووژمن بریندار یان کەمئەندام بووبێت، رێز و سۆزێکی گەورەی بەخۆیەوە دەبینی. هاوکات (فوئاد) برای هەڤاڵ (خەلیل چاڤگین) بوو، ئەمەش رێزێکی تریشی لەسەر زیاد دەکرد. لێردا لایەنێکی مەعنەوی هەبوو، بەڵام بەبیستنی دوایین رووداوەکان ئەو خۆشەویستی و رێزەی داڕما. (سلێمان) واتا (باقی قەرار)، برای هەڤاڵ (حەقی قەرار) بوو، کەچی رایکرد و خیانەتی کرد. ئەم لایەنە مرۆڤی تووڕە و بەقینتر دەکرد.

دەمگووت: "ئەگەر تۆزقاڵێک رێزیان بۆ ئەو مرۆڤە بەهادار و پیرۆزانە هەبووایە، بەمشێوەیە نەدەجولانەوە". سەیر لەوەدابوو (فوئاد)یش خیانەتی لە (خەلیل) کرد. دووژمن بە ئەنقەست خزم و کەسانی نزیکی شەهیدان و بەها پیرۆزەکانمانی لەدژی پارتی

بەکار دەهێنا. (فوئاد) ئیفلیجیش بوو، ئەو خەسڵەتە جەستەییەی پێ هەرس نەبوو. لەجیاتی ئەوەی تۆڵەی لە دووژمن بکاتەوە، کەچی هێرشی کردە سەر ئێمە واتا پارتی.

دەروونی کەمئەندامێتی هەستیارە، تا بە گرێی دەروونی "کۆمپلێکس"، ناجێگیری خوو یان بەدخوویی و تۆڵەسێنیش دەگات. ئەو دۆخە زۆر کاری تێکردبووم. مرۆڤ چۆن بەمجۆرە دەگۆڕا؟ خیانەت، راکردن و هەڵگەڕانەوە چی بوو؟ چەندین جار لەسەر یەک بیرم لەوانە دەکردەوە. رەخنەی هەڤاڵانم سەبارەت بە رادیکاڵبوونم پێپەسند نەدەکرا. دەیانگووت: "لە هەلومەرجی زینداندا سزادان لەجێی خۆیدا نابێت، ئەنجامی نەرێنی لەگەڵ خۆی دەهێنێت". پێداگریکردن لەسەر ئەو لێکدانەوەیە، ملکەچکردن بوو بۆ هەلومەرجی ئەوسا. بەبیرکردنەوەی من: خیانەت لە هەرکوێیەکیش بێت نابێت لێخۆشبوونی هەبێت.

دوای رووداوەکەی (لەیلا ئاکباش)، بەندکراوانی قاوشەکەی تەنیشتمانیان لەوێ دەکرد. دووبارە پەیوەندیمان لەگەڵ هەڤاڵان پسا، زۆر بە ئەستەم پەیوەندیمان دەبەست. نامە و نووسراوەکان زۆر جار بۆ چەندین رۆژ و هەفتە دەمانەوە، دەرفەتی ناردن و وەرگرتنمان دەست نەدەکەوت. (لەیلا) بەشێوەیەکی وەها خۆی رادەستکردبوو کە هەموو رێ و رێبازێکی پێشبینیکراو و نەکراوی ئاڵوگۆڕی نامەی بە دووژمن گووتبوو. تۆپە هەویرەکانی ناو نانەکەش کە نامەمان تێدەکرد و بەسەر گوێسەبانەوە لەم بەش بۆ ئەو بەش هەڵمان دەدا ئاشکرا ببوو. بەکارهێنانەوەی هەمان رێگە ئەنجامی باشی نەدەبوو. نامەکانمان جاروبار بە گوێسەبانەکانەوە دەگیرسانەوە یان دەچوونە قاوشی تر و دەکەوتە دەست سەربازەکانیش. بەم هۆکارە نامە گرنگەکانمان بەوجۆرە نەدەنارد.

پاش ماوەیەک دووبارە دانپێدانەر و ترازاوەکانیان هێنایەوە بۆ قاوشەکەی تەنیشتمان. (سوبحی چەڤریجی) دوای قۆڵبەستکردن دەستبەجێ هێنایان و خستیانە ئەوێ. بەناوبانگترین دانپێدانەرانیان خستبووە قاوشی (38)ەوە، خیانەتکارە مامناوەندەکانیان خستبووە قاوشی دووەمەوە. دانپێدانەری وەک (خەیرەدین تۆگا)، (محەمەد گرگین)یان تیابوو. (سوبحی) و ئەوان هەلێکیان بۆ رەخسا و پەیوەندیان پێوە کردین. کاتێک ئەوانی تر لە حەوشەی هەواگۆڕین بوون بە ئاسانی قسەمان لەگەڵ دەکرد، ئەوان لەو دیوی دیوارەکەوە واتا لە قاوشەکەوە گوێیان لێدەگرتین و ئێمەش لەدیوی خۆمانەوە. دوای ئەوەی فێری نووسین و ناردنی نامە بوون، سەبارەت بە دۆخی خۆیان نامەیان بۆ دەنووسین.

(سوبحی) لەکاتی گەڕانەوەیدا بۆ وڵات کۆمەڵێک کێشەی دێتەڕێ، ئەویش قین هەڵدەگرێت و دوولایەنە لەگەڵ هەڤاڵان یەکتر تاوانبار دەکەن و بەوشێوەیە لە هەڤاڵان دادەبڕێت. دەستی لەو ئاستی تێگەیشتنەی خۆی، ئەو پەروەردەیەی لە دەرەوەی وڵات بینیوێتی، هیوا و هەموو شتێک بەردەدات و دادەبڕێت. دواجار خۆی پێ ناپارێزرێت و دەستگیر دەکرێت، راستییەکەی؛ دەدرێت بەدەستەوە. لە ژێر لێپرسینەوەدا تا ئاستێک دان بە کۆمەڵێک شتدا دەنێت. دووژمن ئەم لاوازییەی بەکاردێنێت و دەیخاتە ناو دانپێدانەر و شکستخواردووەکانەوە. (سوبحی) خیانەتی نەکردبوو. بەڵام لاوازی هەبوو، تاوانی کردبوو، هەڵوێستێکی (PKK)ئاسای نەنواندبوو، بەڵام ئەو پێگەیەشی بە خیانەت نەگەیاندبوو. هەربۆیە ئامادەبوو بۆ سەرلەنوێ پەیوەندیکردنەوە. خۆی هەوڵی پەیوەندی کردنی دا. بەسەرهاتی زیندانەکانی بیستبوو، یەکێک بوو لەوانەی کە لەدەرەوە بەرخودانییەکانی

زیندان کاری تێکردبوو. ئێستا خۆیشی لە زینداندا بوو. خیانەت ریسواترین رێگە بوو. کەوابوو دەبێت بێتەوە هۆش خۆی و هەر لە سەرەتاوە فێڵ و تەڵەکەبازییەکانی دووژمن پووچەڵ بکاتەوە. چانسی بەرخودانێکی بەهێزی هەبوو و (سوبحی) ئەو چانسەی بەدەستهێنا.

داوامان لێ کرد بەش بەش خەباتەکانی دەرەوەی وڵات، هەڵسەنگاندنی پارتی و پێشکەوتن و رووداوەکانمان بۆ بنووسێت. کۆپی هەر نووسراوێکیمان بۆ قاوشی (35) نارد، هاوکات نووسراوەکانی لە (هاوار)یشدا جێگەیان پێدرا و کران بە بابەتی گفتوگۆ، زانیاری وەرگرتن و پەروەردە.

(سوبحی) هەڵسەنگاندنی بەهێزی هەبوو، زۆر لە هی(مەولودە) باڵاتر بوو. بە بەرفراوانی ئاگاداری کۆمەڵێک شت بوو. هەر لە گرفتی رێککەوتنەکان تا بەو هەرێمانەی کە نوێنەرایەتی پارتی تیادامەزراوە، هەروەها کێشە ناوخۆییەکان، مەیل و چەمکەکانی دژی پارتی. بە تاسەیەکی زۆر گەورەوە گۆشەگیری ساڵەها و دووربوونی خۆمان دەبەزاند. پەرەسەندنی دڵرفێن و زۆر بەرفراوان لە ئارادابوو. کە لەوپەڕی شیمانەکانمانەوە بوو.

(سوبحی) دەیویست هەرچی زووە بچێتە دادگا. قەلەقی و ئەندێشەی خۆی نەدەشاردەوە. دووژمن دەیەوێت بەزۆر بیبات بۆ قەدپاڵ و شاخەکان و دەیگووت: "دەیانەوێت بە هەلیکۆپتەر بمبەن بۆ شاخ و پێم دەڵێن شارەزایت و دەبێت شوێنی گەریلاکانمان پێ پشان بدەیت". هەندێکیان لە دانپێدانەر و خیانەتکارەکان برد بوو بۆ ئۆپەراسیۆنیش. پۆلیس دوو سێ جار هاتن بۆ زیندانیش. بەبیستنی ئەم هەواڵەیان دەستبەجێ هەڤاڵانمان ئاگادارکردەوە و خۆشمان لە داوانامەکانماندا بۆ دادگا باسمان لەوە دەکرد کە دانپێدانان بەسەر تازە بەندکراوەکاندا

دەسەپێندرێت، پۆلیس دێت و لێپرسینەوە دەکات، دەیانەوێت بەزۆر بەندکراوان ببەن بۆ ئۆپەراسیۆن، بەمەش هەوڵماندا ئەو پیلان و جۆری پەلامارانە ئاشکرا بکەین و بیگەیەنینە بەردەم دادگا. ئەمەش فشارێکی لەسەر ئیدارەی زیندان دروست دەکرد.

ئەگەر بەم دۆخەی (سوبحی) و ئەوانیان بزانیایە لەوانەیە بەشێوازی تر هەوڵی کوشتنیان بدایە. زۆر بەنهێنی نامەمان ئاڵوگۆڕ دەکرد بۆیە هەستیان پێنەدەکرد، کۆنە دانپێنەرێک بەم رێبازەی دەزانی بۆیە هەستی پێکردبوو. (سوبحی) بە ئاشکرا هەڕەشەی لێکردبوون و پێی گووتبوون: "هیچ نییە، ویستمان تاقی بکەینەوە، ئەگەر بێتوو بە ئیدارە بڵێیت دەتکوژم". هەندێکیشیان چاوپۆشیان دەکرد، چونکە دەترسان. (سوبحی) لە حاڵیان دەگەیشت و دەیویست ئەوانیش رابکێشێت. بەڵام لە بنەمادا پلانمان لەسەر کوشتنی دانپێدانەرە کۆنەکانی ئەو قاوشە دادەڕشت. ئەگەر رەوانەی قاوشی تر بکرێن ئەوا پەلاماری کەسی تریش دەدەن، بەڵام لە قاوشی دووەمدا چانسی سزادانیان زۆرتر بوو. (سوبحی) دەیویست لەو دۆخە رزگاری ببێت کە تێیکەوتبوو و مسۆگەر دەیویست شتێک بکات. کاتێک لەم بارەیەوە پێشنیازمان بۆ کرد، خۆشحاڵ بوو. هەر بۆیە دەبووایە تاماوەیەکی تریش لەو شوێنە قێزەونەدا دانبەخۆیدا بگرێت. پێشنیازەکەمان ئاراستەی قاوشی (35) کرد و پەسندیان کرد. هاوکات ئەگەر ببرایە بۆ دادگا ئەوا ئەویش بەرگری دەکرد. ئەوکاتە ئەم چانسەی لەدەست دەچوو. بەرگریکردن لە بەردەم دادوەریش چالاکییەک بوو، هەربۆیە خۆی بۆ هەردوو دۆخەکە ئامادە کردبوو. دەستی بە نووسینی بەرگرینامەکەی کردبوو. هەڤاڵان گووتبوویان: "بەو مەرجەی داوای لێبوردن لە پارتی بکات

و دۆخی خۆی بە تاوانێک پەسند بکات، دەتوانێت لە دادگا بەرگری بکات' ئەویش پەسندی کردبوو.

درێژەمان بە ئاڵوگۆڕی نامە دەدا. ئەوان بۆیان هەبوو چاوپێکەوتنی کراوە و ئاشکرا لەگەڵ خانەوادەکانیان بکەن. بەردەوام بوو لە کۆکردنەوەی ئەو هەواڵانەی لەدەرەوە دەهاتن، ئەو زانیارییانەی بەشێوەی ناڕاستەوخۆ لە ئیدارەی وەردەگرتن، ئەمە و لەگەڵ دۆخی دانپێدانەران بەگشتی بە ئێمەی دەگەیاند. چالاک و زیرەک بوو، دەیزانی پێویستیمان بەچی هەیە، بۆیە بەردەوام نامەی دەنووسی و دەینارد. جارێکیان لەکاتی خوێندنەوەی یەکێک لەو نامانەی ئێمە بۆمان ناردبوو، سەربازەکان هەڵدەکوتنە سەر توالێتەکە، (سوبحی) هێشتا نامەکەی بەتەواوی لەناو نەبردووە و چەند پارچەیەکی دەکەوێتە دەستی سەربازەکانەوە. دیاربوو ئەو ریسوایانە شکاتیان لێکردبوو. (سوبحی) کێشای بە دیوارەکەدا و هەواڵی پێداین و گووتی: 'دەمانبەن'.

(سوبحی) و ئەوان خرانە قاوشێکی تێکەڵاو کە زیاتر هەڤاڵانی تازەی تیابوو. لەوێ بەردەوام بوو لە نووسینی بەرگرینامەکەی. لەلایەکی تریشەوە ئەو شتانەی دەبیستەوە کە لەدەرەوە سەبارەت بەخۆی دەگووتران، هەڵوێستی ئەوانەی دەبینی کە بەتەواوی ئاگایان لە رەوشی نەبوو و ئەمەش کاری تێدەکرد.

دووژمن بە ئەنقەست نەیدەبرد بۆ دادگا. لە بەرگرینامەیەکی نزیکەی (50-60) لاپەڕەییدا دووژمنی دادگایی دەکرد، لاوازی و تاوانەکەی خۆی دەخستەڕوو، کە ناوەڕۆکەکەی بەتەواوی

سیاسیانە بوو. هەرچی زوو بچووایەتە دادگا و ئەم هەڵوێستەی نیشانی دووژمن بدایە، دڵی سوکنایی دەهات، بەڵام دووژمن پێی زانیبوو. لە بەشێکی بەرگرینامەکەیدا دەیگووت: "هەڵسوکەوتم ناشیاوبوو لەبەرامبەر بە پارتی، لاوازی و پەرچەکردارەکانم چەوتی گەورەیان پێکردم، بەڵام خۆم رادەستی دووژمن نەکرد، خیانەتم نەکرد.."

(سوبحی) لە بەشی دەستاوی قاوشەکەیدا خۆی هەڵواسی و گورزێکی توندی لە خیانەت دا. بریا بژیایە، لەژیاندا ئەم قین و رقەی خۆی پراکتیزە بکردایە و بەمەش گورزی گەورەتری لە خیانەتەکانی مێژوو بدایە. لەتوانای دابوو بەهرە و هێزی خۆی بەشێوەی زۆر ناوازە بەکاربهێنێت. نووسراو، ژان و شەڕەکەی لەدوای خۆی بەجێهێشت. بە شەهید راگەیەندرا. لە دانیشتنی دۆزەکەی خۆمدا هەڵسام و گووتم: "هەڤاڵ سوبحی چەڤیریجی، چەند مانگێک لەژێر لێپرسینەوەی پۆلیس و ئەشکەنجەدا زۆری لێکرا تا دان بەهەندێک شتدا بنێت. بە گیانی خۆی لەبەرامبەر بەزەبر و زۆری سەپاندنی دانپێدانان و ئەشکەنجەی هاوبەشی چەندین مانگەی پۆلیسە جەلادەکان، ئیدارەی زیندان و دادگا پێکەوە، چالاکی کرد و هەمووتانی بە پیلان و هێرشە بەد رەفتارەکانتانەوە شەرمەزارکرد. بە ئەنقەست نەیانبردە دادگا. چونکە هەڤاڵ سوبحی چەڤیریجی رووی راستەقینە و شاراوەی خیانەتی سەپێندراوی دەخستەڕوو. خودی دادگا بەرپرسیارە لەم رووداوە. شەرمەزاری دەکەم. هەڤاڵ سوبحی چەڤریجی شەهیدی

ئێمەیە، لەسەر رێ و رێبازی بەردەوام دەبین. بۆ یەکەمجار بوو دیوانی دادگا دەریان نەکردمە دەرەوە و گوێیان لێدەگرتم.

## من و (حاملی) !..

بڕیاری بەربوونی (مەتین) و (دایمی) و چەندێکی تری دۆزی گرووپی خارپێت دەرچوو. پەڕاوی دۆزەکە هەر بەڕێی دادگای باڵاوە بوو و هەر جارەو بە بیانوویێک رادەگیرا. سەرۆکی دادگای باڵا ئاگاداریەک بۆ ئیدارەی زیندان دەنێرێت و دەڵێت: "ئەگەر بەهۆی تاوانێکی ترەوە بەند نەکراوە یاخود دۆزێکی تری لەسەر نییە، پێویستە بەربدرێت..." دوابەدوای ئەوەش دەستبەجێ دۆزێکی تری لەسەر دەکرایەوە!

بێگومان دۆزێکی تر لەسەر (مەتین) هەبوو. لە سەروبەندی بەرخودانی ئەیلولدا لە کابینەی چاوپێکەوتندابوون کە هێرشکرایە سەریان و بەهۆیەوە شوشەی کابینەکە شکابوو. لە دانیشتنێکی دادگادا پشتمان لەدیوانی دادگا کردبوو و شەرمەزارمان کردبوو، هەروەها بەشداریمان لە (مانگرتنی تامردن) کردبوو، هەموو ئەمانە دیوانی دادگای زۆر تووڕە کردبوو. سەرۆکی دادگا تووڕەیی خۆی دەرِشایەوە. هەمان رۆژی رووداوەکە لە زیندان پەلاماری هەڤاڵانیان دابوو. لەوانە (مەتین)، (مستەفا - کوردۆ)، (عەبدوڵلا بوجاک) بە سەختی بریندار ببوون و هەر بەو حاڵەشەوە خرابوونە ژێر لێپرسینەوە. بەڵام ئەوان ئیفادەیان نەدابوو. پاشان هەموویان خستبووە ناو قاوشی دووەمەوە کە بوجاکییەکان و (سلێمان) و ئەوانی لێبوون، ئەمەش دیوێکی تری ئەشکەنجەکان بوون. دواتر هەڤاڵان زۆر پێداگریانکرد و لەوێ دەریانکردن.. ئەمەیە ئەو دۆزەی کە ئەوان باسی دەکەن.

دووژمن لەبەر ئەوەی بیانوویێکی تری دەست نەدەکەوت تا لە زینداندا بیانهێڵێتەوە، دۆزی: "شوشە شکاندن، بەرهەڵستیکردن

لەبەرامبەر سەربازˇی لەبەرامبەر کردنەوە. بەم دۆزە ڕێگەیان لە بەربوونیان گرت. (مەتۆ) لە دەمەو بەربوونیدا نامەیەکی بۆناردم، تیایدا دەیگووت: "لەگەڵ ئەوەی هێشتا دیارنییە، ئەگەری بەربوونم زۆرە" و هەست و سۆزی خۆی دەربڕی بوو، ئاماژەی بە گرنگی و جوانی هاوڕێیەتییەکەی نێوانمان دەکرد. پابەندبوونی خۆی بە تێکۆشان، بەرخودانییەکانی زیندان دەستنیشان کردبوو و دەشیگووت کە تۆڵە دەسێنێتەوە. هەندێک "پیاهەڵدان"ی لەسەر منیش نووسیبوو.

لە شوێنێکی نامەکەیدا باسی لە (حاملی) کردبوو؛ ئاسوودەیی و مامەڵەی ئاسایی منی بە شتێکی جوان پەسن دابوو، بەڵام (حاملی) لەم بوارەدا بیرکردنەوەیەکی جیاوازی هەبووە من هەستم پێنەکردووە. بە ئاشکرا شتێک لە ئارادا نەبوو، بەڵام خۆی نەینووسی بوو، منی ئاگادار دەکردەوە. شتی وەک " ئەوەندە ئاسایی و بێ خەم هەڵسوکەوت مەکە"ی نووسی بوو. یەکەمجار کە خوێندمەوە هیچی لێ تێنەگەیشتم. ئەم نووسراوەی بەواتای چی بوو؟ بۆچی دەبووایە بەسەرنج و وریابم؟ لە ساڵان و لە مانگان (5 -10) خولەکێک چاومان بەیەک دەکەوت. لەگەڵ خۆی چۆن هەڵسوکەوتم کردبێت لەگەڵ (حاملی)یش بەهەمان شێوە.

لەلایەکیشەوە ڕاستی دەکرد، چونکە هەر کەسێکم ببینیایە دەمگووت: "حەمۆ چۆنە، ئەی کارا چۆنە؟ سڵاوی لێبکەن، زۆر بیرم کردووە" هەمووان بەو وشانەی من ڕاهاتبوون. هەر لە خانەوادەوە تا هەموو هەڤاڵان و ئەوانەشی کە پێکەوە بووین، سەرجەمیان (حاملی)یان خۆشدەویست. چونکە بە ساڵان بوو لە کەسایەتی و نمونەی ئەودا باسی هەڤاڵانم دەکرد. ئاواتی قاوشی (35)م لەودا قووڵکردەوە. گەرمی و هاوڕێیەتی بەرخودانی هەبوو. چی لەمە پەیدا دەبێت، پێویستە سەرنجی چی شتێکی ئەمە بدەم

و ئاگاداری چ شتێکی بم؟ جیاکاریم کردبوو یان ئەگەری هەبوو بەوشێوەیە لێکدرابێتەوە؟ نامەکەم دا بە (جاهیدە) و پێمگووت: "ئادەی تۆش بیخوێنەرەوە، لە شتێک تێنەگەیشتم و نەکەوتە مێشکمەوە". (جاهیدە) خوێندییەوە و بەخەندەیەکی گاڵتە ئامێزەوە گووتی: "بە ئاشکرا دەڵێت (حاملی) گرنگیت پێدەدا. چی هەیە مایەی تێگەیشتن نەبێت؟" ئەویش کوتەی لێهێنا و قسەی تێکرتم. تێکچووم و بە تووڕەییەوە گووتم: "یەعنی چی؟" (جاهیدە) جددیەت دایگرت و گووتی: "چوزانم، بەڵام روون و ئاشکرایە" و درێژەی پێنەدا، چونکە پەرچەکردارەکەم کاری تێکردبوو. چییە، تاوانێک هەیە لەئارادا؟

دەستبەجێ نەمدەویست شیرۆڤە و لایەنێکی تر بەسەر بیرکردنەوەکانمدا بار بکەم. نەمدەزانی بیر لەچی بکەمەوە، چۆن بیری لێبکەمەوە و چۆن شیرۆڤەی بکەم. ئەم دۆخە زۆری نەخایاند و کاردانەوەکانم لە هەموو کات زیاتر سەر شێتانەیی بەسەرهات. وەک تۆمەتێک، وەک گوناحێک بوو بەلامەوە، خۆم بەو شڵەژان و پەشۆکییە هەراسان کرد. وەک هاوار بەرم بۆ لایەک، ئەگەر کەسێکی تر سەیربکات و ببینێت، وادەزانێت هەواڵی مردنی کەسێکم پێگەیشتووە و لەناو ئێش و ژانیدا دەتلێمەوە. ژمارەمان کەم و گۆڕەپانێکی بەرفراوان، هەر کەسەو لەلایەک بوو. لەناو ئەو بەشە زەبەلاحەدا تەنیا چوار کەس ماوینەتەوە. بەڵێ؛ بەبێ هیچ زیادەڕۆییەک؛ بە ئەندازەی هەواڵی مردنی کەسێکی نزیکم هەراسانی کردم.

هەموو شتێکم وەلاخست و پێداچوونەوەم بە پەیوەندی و مامەڵەی خۆم لەگەڵ (حاملی) دەکرد. هیچ یەکێک لە هەڵسوکەوت و وشەیەکم جێگەی نەدابوو بە هاتنە ئارای بیرکردنەوەیەکی جیاواز. ئەی باشە چۆن دەبێت بەو شێوەیە بیری لێکرابێتەوە؟

هەڵسوکەوتی سروشتی و بێخەمی من وای نیشاندابێت؟. دڵەڕاوکێم لەم خاڵەدایە. هەرگیز بە خەیاڵمدا نەهاتبوو و نەدەهات کە لەلای (حاملی) مایەی بیرکردنەوەیەکی تر بم. نامەکەی (مەتین) روون نەبوو. زۆر بە پێچەوانەوە لە ئاگادارکردنەوەیەکی وەک "ئاگات لە هەڵسوکەوتەکانت بێت" تێگەیشتبووم. چۆن هەست و سۆزێکی خوشک و برایانەم بۆ (مەتین) هەبوو، بۆ (حاملی)یش بە هەمان شێوە.

لەنێوان هەردووکیاندا هیچ جیاوازییەک نەبوو. بەڕاستیش جیاوازیم نەدەکرد، سادەترین، بێ خەوشترین و سروشتیترین هاوڕێیەتییەک هەبوو لەنێوانماندا. ئاساییبوونەکەی ئەویش جوانییەکی تایبەت بەخۆی هەبوو و بەهیچ شتێکم نەدەدا. بەرکابەری لەگەڵ ئێش و ژانی ساڵەها و ئەو دوورییەی کە لەو پێگە وەحشەتناکەی زینداندا هەبوو، بەلای منەوە هیچ شتێک وەکو خۆشویستنی هاوڕێ، نزیکبوون لە هاوڕێیانەوە، بەدیکردنی هەموو کەس لە هاوڕێ و هەروەها لە هاوڕێدا بەدیکردنی هەموو کەسێک، جوان و دڵڕفێن نەبوو

بە هەندێک قۆناخدا گوزەرم کرد بوو. خۆم نەدەکرد بە قەشە[129]، چونکە قەشەکان بەلامەوە رووکەش و دەسکرد بوون. وەک ئەوە بوو خۆرسکی مرۆڤ، خۆرسکی ژنێک و ژیانی بە دەمامکێک داپۆشرابێت. لە فیلمەکاندا تەماشام دەکردن. لە ئەورووپاش بینیبووم، وەک سەهۆڵ سڕ بوون. هێمای ژیان و زیندوویی بە رووخسارییانەوە دیار نەبوو. فریشتەی چاکەش نەبوون. هەرچەندە لایەنی مرۆڤپەروەرانەشیان هەبێت، کەچی هەرگیز مرۆڤپەروەرییەکەی ئەوانم خۆشنەویست. بەلام لە کەنیسەدا و لەکاتی رێوڕەسمی ئاینییاندا جیاواز بوون، زۆر

---

[129] راهیب.

لەناخەوە و پڕبەدڵ بوون. کریستیانی لەم لایەنەوە سەرنجی رادەکێشا. ئەو پاڕانەوەیان کاری تێدەکردم. دەشبێت بەهۆی هەستکردنم بێت بە لە خاچدانی حەزرەتی (عیسا) و ئازارەکانی. سەرەڕای ئەوەش قەشەیی بەلامەوە وەک خەسڵەتێک وابوو کە لە کۆمەڵ و کۆمەڵگە دووورت دەخاتەوە و پەراوێزت دەکات.

لەکاتێکدا کە بناخەی خۆشەویستیشی نەبوو، لەلایەک بە زەبری مەرجە نەریتییەکان و لەلایەکیش بەهۆی لاوازی، بێچارەیی، ناشارەزاییم لە شەڕ و تێکۆشاندا، ناشارەزاییم لە شۆڕشگێڕیی و بەهۆی کاریگەری خولیای ئازادیمەوە، لەگەڵ پیاوێک پێکەوە ژیام. بڕواناکەم کەس بە ئەندازەی من باجی سەخت و دژواری چەند مانگێک هاوسەرگیری دابێت. دوور یاخود توندڕەو نەبووم لەگەڵ رەگەزی پیاو. ئەگەر خۆشەویستیم بزانیایە، ئەگەر هەلومەرجی لەبار بووایە؛ کەسێک بووم گرنگیم بە خۆشەویستی دەدا. لەم واتایەدا روانگەیەکی توند و وشک جێگای باس نەبوو. لەو بڕوایە دابووم کە پڕ بەدڵ هەموو کەس و هەموو هاوڕێیەکم خۆشویستووە. تەنانەت لەم خاڵەدا سنوور و پێوانەم نەبوو. جیهانێکی سۆز و خۆشەویستیم هەبوو لەدڵدا، کە جێگەی هەموو مرۆڤ و بەتایبەتیش هەموو هاوڕێیەکی خۆمی تیابێت. کەسانێکیش هەبوون کە خۆشم نەدەویستن و لەناخەوە هەستم پێیان نەدەکرد. لەم لایەنەوە سۆز و پەرچەکردارەکانم ئاشکرا بوون، نەشمدەزانی پەردەیان لەسەر دانێم و حەشاریان بدەم.

ئەی باشە ئەم ئاگادارکردنەوە تاکە رستەییە بۆچی ئەوەندە تووشی دڵەڕاوکێی کردم؟ خۆشەویستی شوورەیی نەبوو، گوناحیش نەبوو. ئەی باشە بۆچی ئەم خۆشویستن و گرنگیپێدانەی کە بە دوو سێ وشە گوزارەی لێ دەکرێت وەکو

گوناح و شەرمێک خۆی کێشابوو بە رووخسارمدا؟ لێرەدا کاریگەری جێگیربوونی هاوڕێیەتی و برایەتیساڵەها هەبوو لە قووڵایی مێشکدا. ئیدی نازانم خۆ مەرج بارکردنێک بوو یاخود هەلومەرجی پەیوەندییەکی سروشتیی بوو، بەڵام (حاملی) لە ئاستێکی وەهادا جێگەی لە چوارچێوەی پەیوەندییەکانمدا گرتبوو. یەکێک بوو لەو هەڤاڵانەی کە لەقۆناخی سەرەتای گرووپ دا ئاشنای بووین، لە یەکەمین خەباتی پەروەردەدا جێی گرت، لە یەکەمین خەباتی هەرێمیشدا لە هەمان کۆمیتەدا جێگەمان گرت، پێکەوە دەستگیرکراین و خراینە زیندانەوە، لەناو یەک گرووپدا پێکەوە دادگایی کراین. لەدادگادا پێکەوە بەرگریمان کرد. لەهەموو ئەو قۆناخانەدا رەنجێک هەبوو، بەشێک لە هاوڕێیانی ئەو سەردەمەمان خیانەتیان کردبوو، (شاهین)، (عەلی گیوندوز)، (ئەرۆڵ دەیرمەنجی)، (مەتینی کەڕ).. پاشان چەندی تر... پێکەوە شاهیدحاڵی ئەو خیانەتانە بووین. (حاملی) بۆ من پارچەیەک بوو لەو هەڤاڵانەی لەدەرەوەی زیندان لەناو خەبات و تێکۆشان دابوون، پارچەیەک بوو لە شەهیدان و لە هەموو خۆڕاگر و بەرخودانوانانی ناو زیندان.

لە دەرەوە نێوانمان زۆر سنوردار بوو، بەبەراورد لەگەڵ هەڤاڵانی تر دانوستانێکی کەمترمان هەبوو. خۆیشی کەمدو بوو، لەگەڵ منیش کەمدو بوو، بەردەوام بە مەودابوو. لەو رۆژانەدا کە لەماڵ هەڵاتبووم، لە کەنارەکانی چەمی مونزور بەدوامدا گەڕابوو، ئاگادار نەبووم. بە رێکەوت شەوی شەکراو خواردنەوەی (حاملی) و (ئایتەن)، لە دێرسیم بووم، لەوێ ئامادەبووم. ئەو دڵگران بووە و من پێم نەزانییوە، دوای هاوسەرگیرییەکەشیان، من و (عەلی گیوندوز) پێکەوە چووینەماڵیان، ئەو شەرمی کردووە و من پێم نەزانیوە. جارێکیان لە ماڵی کۆمین دا لەکاتی نانی بەیانی، ئەو

لەوپەڕی سفرەکەوە واتا لەدیوان دانیشتووە، سیلەیەکی ئەوم گرتووە، ئەو پێی قار بووە و من پێم نەزانیوە. لەڕاستیدا زۆر سەرەداویی تری ئەم خۆشەویستییەی لەلا بووە، بەلام من بەهیچیانم نەزانیوە و هەستم بەهیچیان نەکردووە.

ئەوەندە بە واسواس و بێ ئۆقرە، ئەوەندە دوور لە لۆژیک و وابەستە بەسۆزەکانمەوە کارم دەکرد کە هەرخۆم دەبووم بە هۆکاری پێشهاتەکانی. لەناو چاوبەستراوییەکی وەهادابووم. دەستبەجێ نامەیەکم بۆ (کاراسو) لە قاوشی (35) نووسی؛ تیایدا رەخنەم لە (حاملی) گرت و پێمگووت کە ئێمە شۆڕشگێڕین، هەڵەیەکی گەورەیە (مەتین) لەبەر ئەوەی برامە، هەڵسێت و بکات بە هۆکاری گەیاندنی دەردی دڵی خۆی. داوام لێکرد کە ئەم بابەتە روون بکاتەوە. ئەوەم بۆ روونکردەوە کە دڵگرانبووم بە هەر هۆکارێکی ئەو تێگەیشتنە ئەگەر سەرچاوەکەی بۆ هاوڕێیەتی نزیکمان و بۆ من بگەڕێتەوە. هەوڵی (حاملی) بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکە لەگەڵ (مەتین) تووڕەی کردم، بۆیە داوام لێکرد هەرچییەک پەیوەندی بە منەوە بێت، ئەگەر بەشێوەیەکی تر لە هەڵسوکەوتم گەیشتبێت، دەتوانێت لەگەڵ خۆم قسە بکات.

هاوکات ئێمە لە زینداندا بووین، گەلێک ئێش و ئازار هەبوو، هاتنە کایەی شتی تر بە واتای نەبینین و هەستنەکردن بوو بە قورسایی هاوبەشی ئەو ئازارانە. ئەم لایەنە زیاتر کاری تێدەکردم، زیاتر لەم خاڵەدا شەرمم دەکرد، بێتاقەت و بێزاری دایدەگرتم.

وەلامی نامەکەم هاتەوە؛ هەڤاڵ (کاراسو) دەڵێت نامەکەمی داوە بە (حاملی)، ئەویش هیچ تێنەگەیشتووە و نامەیەکی (حاملی)یشی لەسەر نامەکەی خۆی زیادکردووە و بۆی ناردووم. هەروەها ئاگادارییەکیشی پێدابووم و دەیگووت: "سەر مەخەنە سەر ئەم جۆرە شتانە و خۆتان دڵگران مەکەن". (حاملی)یش باس لەوە

دەکات کە لە سەرەتاوە تا قیامەت بە چاوی خوشک و دایک تەماشای منی کردووە و زۆر بەو قسانەشم دڵگران بووە. شتێکی وەک بە هەڵە تێگەیشتنی (مەتین)یشی نووسی بوو. ئەم نامە دڵخۆشی کردم. بە حاڵی خۆم پێکەنیم و هەڵبەتە تووڕەش بووم. لەکاتێکدا هیچ شتێک لە گۆڕێ نییە، بەو هەڵەشەییەمەوە و بەبێ گەڕانەوە بۆ (مەتین) و بەبێ لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون پەنام بردبووە بەر نووسینی نامە و ئەو هەموو شیرۆڤەیەم کردبوو. ئەمەش زیاتر ئازاری دەدام. بەهەر حاڵ گووتم: "با شتی تر نەبێت، کەماسییەکانی من زۆر گرنگ نییە، دواتر دەرفەتم هەبێت بۆی روون دەکەمەوە".

ماوەیەک دوای ئەم نامانە چووین بۆ دادگا. لە دالانی دەرەوەی زیندان چاوم بە (حاملی) کەوت، سلاویشی لێنەکردم. پێمگووت: "چیە، چی بووە؟" گووتی: "هیچ نییە" هەواڵی ناساغبوونی بە ریزی پێشەوە گەیاندبوو، بەلام جێگای باوەڕ نەبوو.

چووین بۆ چاوپێکەوتنی ناوخۆ کە مانگی جارێک ئەویش بۆ ماوەی (10) خولەک بوو. هەموومان لە هۆڵەکەدا بووین. هەموو ناس و ناسیاوان لەوێ چاویان بەیەک دەکەوت و قسەیان دەکرد. (مەتین) بەردرابوو، (حاملی)یش هێشتاش بە سفەتی خاڵۆزا و پورزا یەکترمان دەبینی. دانیشتین، ماوەیەک بێدەنگ، بە شەرمەندەیی سەیرمکرد. پێشتر وەها نەبوو، دوای سلاو و لە باوەشگرتن، دادەنیشتین و دەمدایە بەر دەستڕێژی پرسیار. بەهۆی کەمی کاتەوە دەبووایە هەموو شتێک بخزێندرێتە ناو چەند خولەکێکەوە. مەراقی هەواڵی تازەی دەرەوە، دۆخی زیندان و هەموو شتێکی ترمان دەکرد.

پێمگووت: "ئەو رۆژە ئالۆزییەکم نایەوە. بە هەڵە لە نامەکەی مەتۆ گەیشتبووم. زۆر دڵگرانم. بەلام خزمانت هەندێک شتی

بەوانەی ئێمە گووتووە، بە زۆر رازیم کردن. ئایا دانوستان و چاوپێکەوتنەکانمان مایەی بەهەڵەداچوونیانە، یان کەسانێک شتێکی گووتووە؟ کەسی تر بە ئەنقەست ئەم شتانە نەخاتە نێوانمانەوە." (حاملی) پاش ماوەیەک بێدەنگی گووتی: "راستە". لێم پرسی" چی راستە؟" گووتی: "دڵبەندیم بۆ 1975 دەگەڕێتەوە". دەستیم بە توندی گرت و پێمگووت: "نەخێر وانییە، من تۆم هەمیشە وەکو برایەک بینی و وەکو برایەک خۆشمویستیت". (حاملی) دیسان بێدەنگ بوو. بەر لە پڕبوونەوەی وادەی چاوپێکەوتنەکە و دەنگی فیکەی کۆتایی، بەبێ ماڵاوایی هەڵسا و رۆیشت... (سلێمان) سەیرێکی کردم و بە سەرلەقاندنێک گووتی: "چی بووە؟" بە پێوە بووم، سەربازێک لە پەنامدا راوەستا بوو، ئەوانیش واتایان پێ نەدا. چونکە تا ئەو ساتەش بەزۆر دەریاندەکردینە دەرەوە. بۆ درێژکردنەوەی ماوەی چاوپێکەوتنەکە، بەپێوە درێژەمان بە قسەکانمان دەدا. تەنانەت گوێمان لە دەنگی فیکەش نەدەبوو. بە (سلێمان)م گووت: "قسەی لەگەڵ بکە" بە مەلولی و بێ موڕاڵییەوە گەڕامەوە قاوشەکە.

(حاملی) مرۆڤێکی چۆن بوو؟ لە نامەکەی رابردوویدا دایک و خوشکی بووم! ئێستاش نازانم چی چەند ساڵەی بووم! یاخود من بەشێوەیەکی پڕ بەپێست بیرم لە رووداوەکان نەدەکردەوە؟ ... نازانم چەندی تری بەسەردا گوزەری، رۆژێکیان (کاراسو) نامەی بۆ ناردم. لە نامەی یەکەمدا بەشێوەیەکی گشتی باسی لە رووداو و پێشکەوتنەکان کردبوو، بەکورتی ئاماژەی بە ئامانجی ئەو گشتینامەیەی دووژمن کرد کە بەر لە چەند رۆژێک بڵاو کرایەوە و گوزارەی لەوەش دەکرد کە پێدەچێت لەم قۆناخەدا بڕیارمان لەسەر فڕێدانی جلی یەکجۆر بخرێتە رۆژەڤەوە. بەمە دڵشاد بووم. ئیتر دەبووایە ئەم قەمبورەی جلی یەکجۆرە فڕێ بدرایە. لە 1985

ەوە قسەی لەسەر دەکرا. هەر گرووپێکی سیاسی و پێشنیازێکی جیاوازی دەهێنا. پاشان کێشەی ناوخۆ هاتە ئاراوە و سەرقاڵیان کردین. لای ئێمەش ماوەی دوو ساڵ بوو دۆزی (لەیلا ئاکباش) درێژەی پێدەدرا. ئەمە کرا بە بیانوو و کردیان بە شەڕی تۆڵەکردنەوە. دەیانویست بە کۆڵە سزایەک پاشەکشەمان پێ بکەن، یان وەکو خۆیان دەیانگووت: پێیان دەرشتین.

نامەی دووەم جیاواز بوو، سەبارەت بە (حاملی) بوو. باسی لەوە دەکرد کە (حاملی) هەڤاڵێکی چاکە، کەسایەتی دروست و بەرخۆدێریی لەلای منیش ئاشکرایە و دەیگووت: "هەندێک شتی کردووە بە دەرد بۆ خۆی و خۆی تەنگەزار کردووە. ماوەیەک لە 1982 جەمیلە مەرکیت - سەحەری خوشکی یلدرم ویستی حاملی بۆلای خۆی پەلکێش بکات. نامەیەک بوو بە مەسەلە، حاملی لەو بوارەدا هەڵوێستی وەرگرت و خۆی هات بۆلامان و دۆخەکەی بۆ باسکردین. ئەم بابەتەمان بەرتەسکانە و لەناوخۆماندا هەڵسەنگاند، نەمانویست هەموو کەس بزانن چونکە لەوانەبوو خەڵکانێک بخوازن بەکاری بهێنن. ئەشکالی وەهامان لەلا زۆرە. حاملی خۆی هەستیار و دڵناسکە، بچووکترین ئاگادارکردنەوەمان دەبێتە مایەی بە هەڵەتێگەیشتنی. هەندێک شتت بۆ نووسی بوو، کاری تێکردووە. ئێمەی شۆڕشگێڕیش خۆشەویستی و دڵبەندیمان دەبێت. نابێت بە هەڵە تێبگەین. لە وەرگرتنی بڕیاردا دەبێت ڕەچاوی هەستیارییەکەی بکەیت. خۆت دەزانیت، ئێمە ناڵێین مسۆگەر دەبێت وەهابێت یان بەشێوەیەکی تر، خۆشت لەو ئاستی تێگەیشتنەدایت کە بزانیت چی دەکەیت..." چاوەڕیی فیداکاری لێدەکردم.. سەیرە..

سێیەم نامە لە (حاملی)یەوە. تۆزێک بە درێژی نووسیویێتی، جۆرە نووسینێکی سەیری هەبوو. فاڵبێژیی دەستوخەتم هەبووایە،

خەسڵەتی کەسایەتی ئەوم لەلا ئاشکرا دەبوو. بەڵام بەڕاستی وەکو خۆی سەیرە. هەر پیتێک لە دەستوخەتەکەی کلکدارە. لە ژوورێکدا و بە تەنیابووم. کاتێک لەسەر ئەم بابەتە دەمنووسی لە قاقای پێکەنینم دا. هیوادارم کەس گوێی لە قاقاکانم نەبووبێت، ئەگەرنا وایان دەزانی شێت بووم. پیتی کلکدار، درۆی کلکدار، ئەستێرەی کلکدار، خۆشەویستی کلکدار! دەستم نەدەچووە ئەم دوا وشەیە، کەچی سەیرم کرد نووسیومە. خۆشەویستی جوانە، بێ کلک و سادەیە.

پێشتر (سەکۆ)[130]ی دایکم بووم، کاتێک توورە دەبوو، وەهای پێدەگووتم. ئێستاش ببووم بە (سەکۆ)ی (حاملی). چەند جارێک (مەراڵ)یش پێی دەگووتم. ئەویش لە (حاملی)یەوە فێر ببوو. راستەوخۆ بەو ناوە بانگی نەدەکردم، تەنیا لە نامەکاندا پێی دەگووتم.

لە 1975ەوە دەستی پێکردبوو، راکردنەکەم و پەرچەکردارەکانم، تا دەگات بە رۆژی شەکراوخواردنەوەکەی خۆی و (ئایتەن)، هەر هەمووی باسکردبوو. سەبارەت بە نامەی یەکەمیشی دەیگووت کە لە ترسی کاردانەوە و هەڵوێستی من بۆ ئەوەی جێگای بڕواپێکردن بێت بەو شێوەیە نووسیوێتی. دوای خوێندنەوەی نامەکەی دڵگران بووم، دڵم پڕ بوو و گریام. سەیرە، کاری تێکردبووم. بۆخۆم نا بەڵکو بۆ نووسینەکانی، بۆ هەست و سۆزەکانی ئەو دەگریام.

داخم لێدەهات کە لێی تێنەگەیشتبووم، بەلامەوە سەیر بوو کە چۆن بەهیچ شێوەیەک هەستم بەو سۆز و بیرکردنەوانەی نەکردبوو. کە ئەمە بەکاریگەرترین رەهەندیٚ باسەکە بوو. دەمگووت:" ئەگەر من بوومایە کارێکم دەکرد هەستی پێبکات". بەو

---

[130] کورتکراوەیەکی خۆشەویستی ئامێزانەی ناوی ساکینە یە .

هۆکارەی هەست و سۆزەکانیم بە قووڵایی و دروستی دادەنا، ڕێز و خۆشەویستیم بۆ (حاملی) زیادی دەکرد. دەمپرسی "ئایا خۆشەویستی ئەمەیە؟".

هەفتەیەکی ڕێک سەرقاڵی کردم. نەخۆشکەوتم و کەوتمە ناو پێخەفەوە. ساڵەهابوو لە زیندانبووم و ئەو هەموو ئازارە نەفرەتییەم چەشتبوو، هیچ یەکێکیان منی نەخستە ناو پێخەفەوە و نەخۆش نەکەوتبووم. (حاملی) نەخۆشی خستم.

زۆر توند بووم یاخود زۆر سۆزدار[131]؟ ژانی تاکە بەسەرهاتێکی ساڵەهام لەبیر نەکردبوو، هەمویان لەناو دڵمدابوون. بەگژاچوونەوەکانمان لەبەرامبەر بە دووژمن بە هەموو شتێکییەوە توند و دژواری کردبووم. کین، ڕق، یاخیبوون دڵی کردبووم بە بەرد. بەڵام لەگەڵ هەڤاڵانم بەوشێوەیە نەبووم. خۆیان زۆر باش دەیانزانی و دەیانناسیم. بەتایبەتیش (حاملی) زۆر باش دەیناسیم. هەر یەکێکیان بۆمن ئەشقێک بوون. لەڕاستیدا ئەشق ئەوەیە. هەستکردن بوو بە هەستەکانیان. دەشێت دڵێکی هێندە گەورەم نەبێت کە هەست بە هەموو شتێک بکەم، بەڵام تا سەر ئێسقان هەستم بە هەستەکانی ئەوان دەکرد.

دانیشتم و نامەیەکی دوور و درێژم بۆ (کاراسو) نووسی. پێمگووت: "هەمووتان ئەشق و ئەوینی منن". هاوکات باسم لە ڕێز و بناخەی پەیوەندی نێوان خۆم و (حاملی) کرد. ئەندێشەیەکی بەم شێوەیەم هەبوو: دڵنیام (حاملی) لە هەڵسوکەوت، قسەکردن و لە کاردانەوەکانیدا وای نیشانداوە کە هەست و سۆزی دوولایەنەیە. پیاوان لایەنێکی وەها ئاسایی و ئاشکرایان هەیە، تەنانەت سیناریۆ و داڕشتنی وەها دەهێننەوە، کەسی بەرامبەری وەک بەسەرهاتێکی ڕاستی لێکیدەداتەوە. لاوانەیە نەیهێشتبێت

---

[131] عاتیفی.

هەستی پێبکەم یاخود من پێم نەزانی، بوارم پێنەدا، بەڵام گەیاندنی بە (مەتین) و هێنانی (کاراسو) بۆناو بابەتەکە، بیرکردنەوەیەکی وەهای لەمندا دروست کرد بێت. نەخێر، ڕاستییەکەی چییە دەبێت بزانرێت، شتێک نەبوو ئا بەمجۆرە بە خەیاڵ و سیناریۆ بکرێت. نابێت هیچ کەسێک هیچ پێچواندنێکی جیاوازم لەسەر بکات، ئەگەر بەناوی خۆشەویستیشەوە بێت. ئەوەندە بە هەستیاری مامەڵەم دەکرد. هەر ئەمە بوو بە هۆکاری درێژە نووسینیشم.

هاوکات لەگەڵ (35)مین قاوش بەردەوام بووین لە ئاڵوگۆڕی نووسین، نووسراوی پێشنیاز و تێڕوانینی هەموو گرووپەکان سەبارەت بە گشتینامەکە و وەڵامی نووسراوەکانیشی لەناودا بوو. گشتینامەکەی دووژمن هەموو پەیڕەوکارییەکانی تری بەچوارچێوەی یاسایی دەگەیاند. زەبر و ئەشکەنجەکان لەسەر بناخەی یاسایی بونیاد دەنران. بریتی بوو لە قەدەخەنامەیەک کە هەموو شتێکی دەگرتەوە؛ جلی یەکجۆر لەبەر دەکرێت، سیستەمی ناوخۆ فەراهەم دەکرێت، چاوپێکەوتن لەگەڵ پارێزەر بەو ڕەنگە، فلان شت قەدەخە، فلانە شت بێ دەستوور نابێت...هتد. بەڵگەیەک بوو کە ناکەسکردن و زەبروزەنگی ڕەوا دەکرد. سەرجەم زیندانەکانی دەوڵەتی تورکی دەگرتەوە. لەبەرامبەر بەمەشدا لە ئاستی گشتیدا بیر لە چالاکییەکی سەرتاسەری هاوبەش و هاوکات دەکرایەوە. ئەم نووسراوانە بەشێوەی نامە و بەجیاجیا هەوڵماندەدا لەڕێگەی خانەوادەکانەوە بیگەیەنین بە زیندان و شوێنەکانی تر. کاتێکی زۆری دەبرد. چونکە هەر زیندانێک و هەر گرووپێک دوای تاووتوێکردن بەبڕیار دەگەیشتن.

نامەیەک بە واژۆی (محەمەد شەنەر) لەگەڵ نامەیەکی تر پێکەوە گەیشتە دەستم. نامەی یەکەم بۆ من نووسرابوو. ئەویش باسی لە دڵبەندی و خۆشەویستییەکەی (حاملی) دەکرد. تەنانەت

زیادەڕۆییشی کردبوو، گوایا دەیەویست بڕوای پێ بهێنم. باسی لەو پانتۆڵە ڕەشە دەرلنگ فراوانەی خۆم و کڵاوقژە زەردەکەی سەرم دەکرد کە لە گەڕانەوەم لە ئەڵمانیا پۆشیبووم. واقم وڕما. کاردانەوەیەکی جیاواز لە کاردانەوەکەی رابردوو لەناخمدا هەڵقوڵا. (حاملی) بەچی مەبەستێک ئەمانەی بۆ هەموو کەسێک باسکردبوو؟ ناکۆک بوو بەلامەوە. لەلایەک هیچی بە من نەگووتبوو و تەنانەت وای نەکرد هەست بە هیچ بکەم، لەلایەکی تریشەوە باسی منی بۆ هەموو کەسێک کردبوو. بێ تاقەتی کردم. خستنەگەڕی ئەو جۆرە نێوانگرانە بەلامەوە مایەی سەرسوڕمان بوو. وەک بڵێی من منداڵ بم و هەوڵی رازیکردنم بدەن، منیش لەلای خۆمەوە مەکر و نازم کردبێت و کەسانی تریش بێن و ناز لەسەر نازم زیاد بکەن!

دەمگووت: "نەخێر .. دەبێت خۆم بیری لێبکەمەوە." لێرەدا جارێکی تر فیداکاری دەکەوتە گەڕەوە. وابزانم ئەم وشەیە لە "فیداکردن"ەوە دێت. فیداکردن! پێشتر فیدا کردنێکم بەسەر بردبوو کە ماوەیەکی زۆر سەرقاڵی کردبووم. کاتێک دەگووترێت "هەموو شتێک بەفیدای شۆڕش بێت" پێویستە زۆر بە وردی دەرکی پێبکرێت کە لەکوێ هەوڵی چی دەدەیت و لەکوێ چی فیدا دەکەیت، دەبێت هاوسەنگییەکی باش لەنێوانیاندا دروست بکرێت. بەر لە هەموو شتێک ئێمە لە زیندان دابووین. دووژمن دەستبەجێ جۆرە پەیوەندییەکی بەوجۆرەی بەکار دەهێنا.

لەو ماوەی دواییدا رۆژنامەکان وێنەی ئەو کەسانەی بڵاو دەکردەوە کە لە زیندانەکاندا مارەبڕی و هاوسەرگیرییان کردبوو. لەم مژارەدا زۆر بە ورد و هەستیاری دەجوڵاینەوە. (جاهیدە) و (سلێمان) لە رۆژگاری تێکۆشانی گرێ سۆر زەماوەندی شەکراوخواردنەوەیان کردبوو. دووژمن لە لێپرسینەوەکاندا

زانیاری بەدەست گەیشتبوو. چاوپێکەوتن لەگەڵ خانەوادەی هەردوولا کێشەی دەنایەوە، چونکە پاشناوەکانیان یەکیان نەدەگرتەوە. پێشنیازی "مارەبڕین" یان هێنا، دنیام تێکدا و بەگژ ئەو پێشنیازەیاندا چووم، لەکاتێکدا کە دەشیانگووت: "دەستورمان لە قاوشی 35 وەرگرتووە". پێمگووتن: "دووژمن دەستبەجێ لە رۆژنامەکاندا مانشێتی (لە زیندانی ئامەد هاوسەرگیری)، یان (PKK)ییەکان لەزینداندا هاوسەرگیرییان کرد بڵاو دەکاتەوە.. نابێت، پێویستە زۆر بە وردی چاودێری یاری و تەڵەکەبازییەکانی دووژمن بکەین. چونکە ئەمە دەبێتە هەلێک کە دووژمن بەساڵانە عەودالێتی" و پاشگەزم کردنەوە. (جاهیدە) ماوەیەک لەژێر کاریگەری ئەم دۆخە رزگاری نەبوو. چونکە لەخۆیەوە سەرچاوەی نەگرتبوو، رەخنەکان کاری تێکردبوو. ئەو پێشنیازە زیاتر لەناو هەڤاڵانی پیاودا خرابووە رۆژەڤەوە. تەنانەت (مەهدی زانا)یان بە شاهێد دەستنیشان کردبوو، واتا شاهێدیشیان هەڵبژاردبوو.

ئەم لایەنە بۆ من گرنگییەکی تایبەتی هەبوو. نەک تەوەری بیستن و نەبیستنی دووژمن، بەڵکو هاتنە کایەیی ئەو جۆرە قسانە لەناو هەڤاڵاندا بەلای منەوە مەترسیدار بوو. لەلایەکی ترەوە کاری لە (حاملی)یش کردبوو. لەلایەک لۆمەی ئەو کارلێکردنە نەرێنییەی ئەوم دەکرد و لەلایەکیش سۆزدارانە لێکم دەدایەوە و پێی دڵگران دەبووم. لەناو هەلومەرجی بەندکراویدا بووین، سێدارە، هەتاهەتایی یاخود شێوازەکانی تری مەرگمان لێوە دوور نەبوو. بەشێوەیەکی توند رەتکردنەوەی خواستی دڵبەندی و خۆشەویستی کەسێکی بەردەم پەتی سێدارە، لەڕووی ویژدانەوە پەستی دەکردم. من پێشتریش ئەوم زۆر خۆشەدەویست، زیادکردنی رەهەندێکی تر لەسەر ئەو خۆشەویستییە چۆن و چ

ئەنجامێکی دەبوو؟ لە ناخی خۆمدا هەوڵمدا بناخەیەک بۆ ئەم بڕیارە دابنێم. بەزەیی هاتنەوە بەکەسی بەرامبەر، کاریگەری سۆزەکانی، خواستی خۆشحاڵبوونی، هەڵگرتنی ترس و نیگەرانی لەدەستدانی، سەرەنجام ملکەچ کردن نییە بۆ بڕیاری کەسێکی تر؟

خۆشەویستی تەنیا لەسەرداوای یەکلایەنە و کەسانی تر هەڵناقوڵێت! ئێستا خۆشەویستی چی بوو؟ لە واتایەکی گشتیدا دەگووترێت (رەنجە). بێگومان رەنجێکی زۆر هەبوو. دەشێت زۆر تایبەت، کەسێتیانە یاخود دەستنیشانکەریش نەبێت، بەڵام رەنجم بە (حاملی)یەوە کێشابوو. من ئەو رەنجەم خۆشدەویست، نەک بەشێوەیەکی خۆپەرستانە، بەڵکو بە ئێرەیی پێبردنێکی زۆرەوە دەمپاراست. (حاملی) چ بە خێزانداری و بەو کاتەشەوە کە هی هەمووماان بوو، ئەم پاراستنە، ئەم خۆشەویستی و گرنگی پێدانەم هەر هەبوو. ئەی باشە ئێستاکە داوای چی دەکرێت؟ لێرەدا تووشی زەحمەتییەکی گەورە دەهاتم. دەبووە پارچەیەک لە خۆشەویستییەکەی من. خۆشەویستییەک کە لەناخیدا، لەگەڵیدا هەڵقوڵێت و زیانی لێنەدرێت. لەڕاستیدا خۆشەویستییەکەی تا ئەوساش ئەوەندە قەشەنگ و دڵڕفێن بوو کە سرووشتییەکەی، گەرمی و حەزەکانی بەشی هەموو شتێکی دەکرد. خۆشەویستییەکی تاکەکەسی جێگەی هەبوو؟ من نابم بە هی تەنیا کەسێک! ئەو کەسەش نابێت بە هی خۆم. نەخێر. من (سەکۆ)ی هەموویان بووم. (حاملی) وەک هەموو کەس و هەموو کەسیش (حاملی) بوو بۆ من.

دڵڕفێنی و واتاداری خۆشەویستییەکەی ناو هەڤاڵێتییەکەی خۆمانم لە نامەیەکدا بۆ (حاملی) نووسی و پێمگووت: "خۆشەویستی قووڵم بۆ تۆ؛ شتێکی تازە نییە و نابێت بە شتێکی تازەش. بەڵام بە ئاشکرا دەیڵێم لەم واتایەدا دڵی بەردئاسای

خۆمت بۆ نەرم دەکەمەوە. بەدرێژایی ئەو چەند ساڵە خۆشەویستیت هەڵگرت، بێ ئەوەی هەستی پێبکەم پاراستت، ئەمەش کاری لێکردم. وابزانم ئەمە خودی خۆشەویستییە. هاوکات بە (کاراسو) و ئەوانیشم گووت کە زۆر بە زەحمەتیش بێت بڕیارم دا، بەڵام پێشنیازم ئەوەیە جگە لە هەڤاڵانی وەک ئێوە، کەسی تر پێی نەزانێت. پەیوەندییەکەشم لە ئاستی 'بەڵێن'ێکدا راگرتبوو. پاشان لەگەڵ (حاملی) دەستمان بە نووسین و نامە گۆڕینەوە کرد.

# لەکاتێکدا کە ئامادەکاری چالاکی گەورەی راکردن بەردەوامبوو..

بۆ ماوەیەکی درێژ لە دژی قەدەخەنامەکەی دووژمن؛ بەرنامەی چالاکییەکە جێبەجێ نەکرا. سەرەڕای ئەوەی بابەتێکی گرنگی تەواوی نامەکانیشمان بوو، ئەو بیانووانەی لە سەرەتاکاندا دەهێندرانەوە هیچ یەکێکیان بۆ من جێگەی بڕوا نەبوو. لەم بوارەدا لە هەر هەل و دەرفەتێکدا بیر و بۆچوونی خۆمم پێ رادەگەیاندن. پاشان بە بیستنی ئامادەکاری هەڵکەندنی تونێل هیچم پێنەگووترا. لە چاوپێکەوتنێکدا (حاملی) پێیگووتم کە ئامادەکاری چالاکییەکی گەورەی هەڵاتن لە ئارادایە. بەم شێوەیە بەشی زۆری کادیرەکانمان دەردەکەوتن. ژمارەیان لە سەرووی (40) کەسەوە بوو. دەیانگووت: "دوو سێ ئەندامی TIKKO یيەکانیش دەبەین" ئەم هەواڵە دڵخۆشی کردم. خۆی لە قاوشی (36) بوو، دەیانگووت بۆ ئەوەی سەرنج رانەکێشین بەشێک لە کادیرەکان لە قاوشی (36) دەمێننەوە.

کۆمەڵێک وردەکاریان سەبارەت بە رووداوەکەی (فوئاد) نووسیوە، بەئەندازەی گەیشتنی نامەی گفتوگۆکانیان، ئاشنای ئەو وردەکارییانە دەبووین. بەو نووسراوانەدا دیاربوو کە رێکخستنی زیندان لەبەردەم کۆمەڵێک کێشە و گرفتی جددی دایە، کێشەی کەڵەکەبووی ساڵەهای بەگشتی کادیر و پێکهاتەی رێکخستنی رەنگیداوەتەوە، رەخنە و یەکتر تۆمەتبارکردن لە ئارادایە، لە بواری چارەسەریشدا زەحمەتی و ئاستەنگی گەورە جێگای باسە. بەر لە روونبوونەوە و چارەسەرکردنی کێشەیەک، یەکێکی تریان

هاتۆتە بەردەم. لە ڕووداوەکەی (فوئاد)دا؛ کێشەی کادیری بەڕێوەبەرایەتی و سەپاندنی تەنگەزارکردنی یەکتر لەژێر ناوی؛ (پێشنیازنامەی چوار لایەنە، یازدە کەسەکە، کۆمیسیۆن، کابینەی سێبەر...هتد) هەبوو. نەمدەزانی هەموو ئەو هەڤاڵانە کێ و کێن، ئاستی تێگەیشتن و پێکهاتەی کەسایەتییان چییە. تا ڕادەیەک لەچوارچێوەی هەڵوێستیان لە دادگاکان و ڕۆڵیان لە زینداندا دەمناسین. لە نووسراوەکاندا ئاماژە بە کۆمەڵێک کێشە و چوارچێوەکانی کرابوو. دواتر لەگەڵ دەرکەوتنی سەرەنجامەکان تێگەیشتین، بەڵام ئەمانە بەشی گەڕانەوەی بۆ سەرچاوە و هۆکارەکان نەدەکرد. بەگشتی هەڵوێستێکی وەک؛ (متمانەمان بە هەڤاڵان هەیە، ئەوان کێشەکان چارەسەر دەکەن) زاڵ بوو. لەگەڵ ئەوەشدا هەر شتێک بەلامەوە مایەی ناکۆکی بووایە، لایەنە ناڕوونەکانیم دەپرسی، ڕەخنە و پێشنیازی خۆمم پێشکەش دەکرد. هێشتاش ڕەهەندی پەیوەندییەکی وەها گەشەی نەکردبوو کە من و ئێمەش بەشێوەیەکی کارا ئاوێتەی ڕاپەڕاندنی کارەکان بکەن. لەو خاڵانەدا کە بەلای ئەوانەوە پێی دڵگران دەبووین، کاری تێدەکردین یاخود ئێمەی پەیوەندیدار نەدەکرد، بڕێک زانیاری و وردەکاری سنووردارییان پێڕادەگەیاندین. لەم بوارەدا ئێمە زیاتر هەوڵدەر بووین. هەر شتێکمان ببیستایە پێمان ڕادەگەیاندن و بەردەوام ڕێگەی پەیوەندیمان ئاوەڵا کردبوو. لەواتایەکدا بەو پێگەیەی ئێمە ڕازی و بێدەنگ بوون کە وەک ئەوە بوو لەناو زیندانێکی تری ناو زینداندا بین. هەربۆیە دوای گوزەرکردنی ماوەیەکی زۆر بەسەر ڕووداوەکاندا، زانیاری و ئاگاداریمان پێدەدرا.

لای ئێمە کێشە و لێپێچینەوەکان بەرتەسک و ئاسایی بوون. تایبەتمەندی خودگەرایی و خۆپەرستی زۆر بە زوویی

دەردەکەوتەڕوو. یەکتر تاوانبارکردن زیاتر تەنیا بە ڕەهەندی ژیانی خۆیەوە سنووردار بوو. لە هەڵوێستی دژی دووژمنیشدا پێگەی تاوانی تایبەت روون و ئاشکرا بوو. (جاهیدە) ماوەیەک زۆری بۆ هێنایں، ئەویش بێکاریگەر بوو و هەڵبەتە لەدوای هەوڵی خۆکوشتنەکەیەوە تا هات خۆی ئاوێتەی ژیان کرد.

(گیۆنول) بەلایەکی پێچاوپێچ بوو و ڕێگەمان نەدا بەرەو ئاستێکی تر بچێت. پاش بەربوونی، پێشنیازێکمان ئاراستەی پارتی کرد و گووتمان: "پێویستە لەژێر چاودێری پارتیدا بێت و ماوەیەک ئەرکی پێنەدرێت" و بە ئەندازەیەک ئاماژەمان بە هەندێک لە وردەکارییەکانی ڕەوشی ئەوسای کردبوو.

خەباتێکمان هەبوو کە لەژێر کاریگەری شێوەی پەیوەندییەکانی قۆناخەکانی سەرەتای دروستبوونی گرووپ بەڕێوە دەچوو. هەر لەسەرەتای قۆناخی یەکەمی زیندانەوە سەرەرای هەبوونی ناکۆکی و ململانێی ناوخۆ و هاوکات بە هەندوەرگرتنی ڕێکاری تاکۆتا نهێنیگریش، لە بڕیار و هەوڵە هاوبەشەکاندا پێکەوە جوڵاینەوە. پێکەوەبوون سوودبەخش بوو. بەسەرهات و کردارەکان ئاشکرا و بەرچاو بوو، هیچ کەسێک تاکە هەڵسوکەوتێکی نهێنی نەبوو. بەڵام قاوش و بەشەکان جیا جیابوون. قۆناخەکانیشی هەر بە هەمان شێوە دەگوزەرێن. هەڵە، گوناح، عەیبە و تاوانەکان زۆر بە زوویی سەریان دەرنەدەپەڕاند. لە بناخەدا کێشە و نەخۆشییەکانی کادیر و پێکهاتەی ڕێکخستنی ناو زیندان بەگشتی هەر لەو ساڵانەدا خۆیان نواندبوو و ئاشکرا بوون. هەوڵماندەدا زۆربەی کێشەکان بەم بۆچوونە ڕوونبکەینەوە و بەمشێوەیە لێکی بدەینەوە.

یەکێک لەو کێشانەی لە ئاستی گشتیدا ببوو بە مایەی پەشێوی، ڕووداوەکەی (فوئاد) و ئەوی تر (شەنەر) بوو. کەم تا زۆر لە

رووداوەکەی (فوئاد) تێگەیشتبووین، بەڵام بۆچی گفتوگۆ لەسەر (شەنەر) دەکرا؟ بۆچی رەخنە دەکرا؟ رۆڵی چی بوو و کێ بوو؟ کەسێک بوو کە نەماندەزانی لە چ دۆخێک دایە و چ ئاستێکی هەیە. لە نووسراو و نامەکانی سەبارەت بە (فوئاد)، زۆر ناوی تریش هەبوو، کە(شەنەر)یش لەناویان دابوو. هاوکات لە نووسراوی گرووپەکانی تریشدا کۆمەڵێک ناو هەبوون. هەڤاڵان هەواڵێکیان بۆ نووسین و پێیانگەیاندین، تیایدا دەیانگووت: "لەکاتی چاوپێکەوتنی شەنەر و ساڵیحە دا نامەیان لەسەر دەگیرێت" لەم بوارەدا رەخنەی زۆر جددیم ئاراستە دەکردن. لەو نووسراوانەدا کۆمەڵێک رەخنە، هەڵسەنگاندن و تەنانەت شک و گومانێکی زۆر لەسەر (شەنەر) هەبوو. پێدچێت هەموو لێکدانەوەیەکی گرووپەکانی دەرەوەی خۆمان مایەی سەرنج و بایەخێکی جددی نەبانا، بەڵام لە نووسراوەکانیاندا بەتایبەتی ئاماژە بەڕۆژانی بەرخودانی مانگی کانوونی دووەم دەکرێت، کە شێوازی مامەڵەکردنی ئەو لەگەڵ بەرخودانییەکە، بۆتە هۆکار تا رێکاری رێکخستنی لەگەڵ بگیرێتە بەر، لە کاتی جێبەجێکردنی ئەو رێکارانەشدا نەک وەک کەسێکی سزادراو بەڵکو وەک بەڕێوەبەرایەتییەک خۆی لەزۆر شت هەڵقورتاندووە، کاری کردۆتە سەر بڕیارەکان و لەلایەن دووژمنەوە خراوەتە پێش کادیرانی ترەوە.

تەنانەت خانەوادەی بەندکراوانیش لە رۆژانی بەرخوداندا باسیان لەوان کردبوو. بۆیە نامەیەکم نووسی و گووتم: "ئەم ساڵیحە کوێرە کێیە، یان (شەنەر) چ رۆڵێکی هەیە؟ ئەو نامەیان چۆن لەسەر دەگیرێت، دەبێت لێپێچینەوەی جددییان لەگەڵ بکرێت. لەو بڕوایەدام کە رووداوەکان بەپێی پێویست ناخرێنەڕوو" و بیر و بۆچوونەکانی خۆم بەوردی خستەڕوو. لە نامەیەکی تازەدا هەندێک زانیاری ترمان بەدەست گەیشت. لەو نامەدا دەیانگووت:

(ساڵیحە) کوێر، دایکی شەنەرە. تا ئێستا هەندێک پەیوەندی بۆ ڕێکخستین. بەڵام خانەوادەی بەندکراوان سکاڵا و ناڕەزاییەکی زۆریان هەیە. کەسێکی دەمەوەرە. هەڤاڵان هاوکاری هەندێک خانەوادە دەکەن، هەروەها پارە بۆ هەڤاڵانی زیندان دەنێرن. خانەوادەکان لەناوخۆیاندا لەگەڵ (ساڵیحە) زۆر کۆک نین. دەگووترێت کە پارەی پارتی خواردووە، هێشتا بەدواداچوونی بۆ دەکەن. بێگومان بەدەستەوەدانی نامە بابەتێکی هەستیارە. کاتێک نامەکەی پێدەدات، (شەنەر) لەدەستی دەکەوێتە خوارەوە و سەربازێکیش دەیبینێت، (شەنەر) دەیەوێت هەڵیگرێتەوە، لەو کاتەدا ئاڵۆزی و گرژی دێتە ئاراوە، سەربازەکانی تریش دەستێوەردان دەکەن و نامەکەی لێ دەسێنن. مەسەلەی نامەکەش بەمجۆرەیە. مەسەلەیەکی تری (شەنەر) کە جلی یەکجۆرە، بەم شێوەیە: ئەم و (نەجمەدین بیوککایا) دەبەن بۆ گەرماوەکە. ئەشکەنجەیان دەکەن. وەکو خۆتان دەزانن (نەجمەدین شەهید) دەبێت. (شەنەر)یش ئەشکەنجە دەکرێت، هەوڵ دەدەن سوێند و سروودەکەی بەزۆر پێ بڵێنەوە. ئەویش دەیڵێتەوە. خۆی دەیگووت لەو کاتەدا لەسەر هۆشی خۆی نەبووە و هۆشی لەدەستداوە. ئەمە خرایە بەر باس و گفتوگۆ و بە کێشەیەکی جددی لەقەڵەمدرا. هەڵوێستێکە شیاوی کادیرێکی پێشەنگ نییە. ئەمە لەکاتێکدایە کە بەهەر باجێکیش بێت هیچ یەکێک لە یاساکان پەسند نەدەکران. چونکە لە قاڵبی تەسلیمییەت و خیانەتدا بوو. سەرەنجام وەک لاوازییەک، وەک کاریگەرییەکی هەلومەرجی تەسلیمییەت لەقەڵەم درا و سزای دوو ساڵ بێ ئەرکی پێدرا. لەولاوە گرووپەکانی تر بە ئەنقەست هەندێک شت دەخەنە ڕۆژەڤەوە. (فوئاد) و ئەوانیش بە هەمان شێوە. لەڕاستیدا سەرەتا (فوئاد) بابەتەکە لەگەڵ (شەنەر) و ئەوان تاووتوێ دەکات.

ژمارەیەک لە هەڤالان لەسەر خاڵی رەخنەی سەبارەت بە بەڕێوەبەری و پێناسەکردنی کێشەکان هاوڕا دەبن. پاشان دۆخی ئەویان لەدژی ئێمە بەکارهێنا. سەرەڕای بڕیارەکەش کارکردنی وەک کادرێکی بەڕێوەبەرایەتییان لە ئێمە پرسییەوە. بێگومان ئێمەش کەموکورتی و ناتەواویمان هەبوو".

لە دەرەوە خەباتی پێکهێنانی بزاوتی کەسوکاری بەندکراوان لە ئارادابوو. (ساڵیحە)ش لەناو ئەو کارەدا بوو. سەرباری هەموو ئەو دەنگۆ و قسانەی لەسەری هەبوون، ئەرکدارکردنی (ساڵیحە) لە دروستکردنی پەیوەندی گرنگدا مەترسیدار بوو. لەم بارەیەوە پێشنیازمان پێشکەشی هەڤالان کرد. نامەیەکی هەڤالانیشمان بەڕێکرد کە بۆ هەرێمی مێردین نووسیبوویان. نامەکە بەم شێوەیە بوو: "هیچ نامەیەکی گرنگ نەدرێت بە ساڵیحە، لە پەیوەندییەکانیشدا ئاگاداری بن. دەکرێت نامە و هەواڵی ئاسایی پێدا بنێرن. سەرنجی رامەکێشن و با کاریگەری خراپیشی لەسەر نەکات". لەلایەکی ترەوە کۆمیتەیەک پێکهێندرا ئەگەرچی بە فەرمیش نەبێت. (فاتیمە)ی خوشکی (شەنەر) و (ئیحسان)ی برای، خوشکەکەی (جاهیدە) و (لەیلا زانا..) و کەسانی سەر بە خانەوادەی تریش هەبوون.

هەروەها لە نامەکەدا گووتراوە: "شەنەر کاریگەری لەسەر بڕیاری جلی یەکجۆر هەبوو، بەڵام بە بڕیاری هاوبەش لەبەرکرا. لەو قۆناخەدا تاڕادەیەک وەک بڕیارێکی شەنەر دەنگی دایەوە، ئێمەش بەپێی پێویست مامەڵەمان لەگەڵ ئەو دەنگۆیە نەکرد. تەنانەت دەشیانگووت کە شەنەر دەڵێت ناحەقی لێکراوە بۆیە دڵگران بووە. بەگشتی بەشێکی بەرچاوی پێکهاتەی رێکخستنی ناو زیندان ئەو جلەیان لەبەر کردبوو. رەچاوی یاساکان کرابوو. ئێمەش ویستمان تاکە بیانووی دەستی دووژمن کە جلی یەکجۆرە

فرێبدەین. گفتوگۆمان کرد، بڕیارماندا بۆ ماوەیەکی کاتی لەبەری بکەین و بەزووترین کات بەشێوەیەکی ڕێکخراوانە پێکەوە فڕێی بدەین...هتد". بەمجۆرە تا رادەیەک ئاگاداری چەند لایەنێکی ڕووداوەکان بووین.

دوای ئەمە باشتر تێگەیشتین کە چەندە دوورخراوینەتەوە لەو کێشە و گرفتانەوە. ئەگەر متمانە لەنێوانماندا نەبووایە، ئەوا تابلۆیەکی پڕ لە ئەندێشە بوو. ئەو متمانەیە وای لێدەکردین لەبەرەی خۆمانەوە چالاکتر بین؛ لانی کەم هانی دەداین کە لە ڕووی بیر و بۆچوون، رەخنە و پێشنیازەوە بەکاریگەربین.

لەو نێوەدا زانیم کە (حاملی) لەگەڵ ڕێکخستن کێشەی هەیە. لە پێشنیازنامە چوار لایەنەکەدا ئەو، (شەنەر)، (یوجەل)، (ئەرکان) و هەڤاڵێکی تریش هەیە. بەمجۆرە زانیم کە لە بەڕێوەبەرایەتیدا جێ دەگرێت. (حاملی) هاوشێوەی رۆژانی خارپێت، لێرەش خۆی لە کاروبارەکانی بەڕێوەبەرایەتی بەدوور گرتووە. بەڵام پێویست بوو لەسەری؛ ببێت بە کەسی هەڵگری ئەرکی سەخت و هەمووانیش چاوەڕێی ئەمەمان لێدەکرد. لەناو ئەو هەموو کێشە و گرفتانەدا بە پێشنیازنامەی چوارلایەنە، کابینەی سێبەر و جەمسەربەندی تر هیچ شتێک بەدەست نەدەخرا. بێتاقەتی کردبووم. باشە بۆچی هیچ باسی نەکرا؟ نە هەڤاڵ (کاراسو) و ئەوان و نە خۆیشی هیچیان باسیان نەکرد. ئایا بۆ ئەوەی کارم تێنەکات وا پێیان نەگووتم؟ لە خارپێت گفتوگۆی توند لەنێوانماندا ڕوویدابوو. جارێکیان پێمگووت: "لە مەترسی رادەکەیت". بەتایبەتیش لە شوێنێکی وەک زینداندا کە ژمارەیەکی ئەوەندە زۆری تیادایە، زیاترین کۆنترۆڵی دووژمنی لەسەرە، هەموو جۆرە پیلان و تەڵەکەبازییەکی لەسەر دەکرێت، ئەرکی بەڕێوەبەرایەتی بایەخ و گرنگییەکی گەورەی هەیە. ئەی باشە ئەندامێتی پارتی،

کادیری و بەرخودانی لە قۆناخی وەها سەختدا خۆی بەدی نەدەکرد؟!.

ئایا دیسان لە دەفی زوویری و تۆراوی دەدایەوە؟ یان بەهۆی خۆویستییەکی زیادەڕۆوە بوو؟ لە کەسایەتی (حاملی)دا هەردووکیشیان هەبوو. لە هۆڵی چاوەڕوانی دادگادا ئەمجارەیان خۆم راستەوخۆ بابەتەکەم کردەوە. پێی تێکچوو و دەستیکردەوە بە ددان جیڕکردنەوە. گووتی "کێ دەڵێت؟ نەخێر شتێکی وەها نییە" پاشان بەردەوامی کرد: "لە قۆناخی لێپرسینەوە بەملاوە نەمویست ئەرک وەربگرم. ئەو کاتەش پێمگووتبوون. هەڵە و لاوازیمان هەبوو، گیراین، بەپێی پێویست ئەرکی بەڕێوەبەرایەتیمان بەجێ نەهێنا. پاشان لە ئاستێکی بەهێز و پێویستدا بەرخودانیمان نەکرد، ترازان هاتە ئاراوە. لەوکاتەوە بڕیارمدا کە ئەرک وەرنەگرم. هۆکارەکەی بۆ رابردوو دەگەڕێتەوە، پەیوەندی بە ئێرەوە نییە".

پێمگووت: "راست ناڵێیت" بەمە زۆر تێکچوو. یەکەم جار بوو بەمشێوەیە رەخنەیەکی راستەوخۆ و قورسم دەکرد. بە تووڕەییەوە لێی پرسیم: "کێ و چی بۆ باسکردوویت؟ دەتەوێت چی بزانیت؟" ئەم قسەیەی بەشێوازی ڕێگرتن بوو لە گفتوگۆ. لەڕاستیدا کراوە نەبوو، بۆچی لە باسکردنی کێشەکان دەترسا؟ تاکە خاڵێک بوو کە مایەی هەستیارییەکی گەورەیە بۆمن. کەمیش بێت (حاملی)م دەناسی. نەمدەویست کاری چەوت و هەڵە بکات، سەرەڕای هەبوونی ئەو ژمارە زۆرەی کادیران، گەلێک کێشە هەبوون. من هێشتا تێکڕای وردەکاری رووداوەکانم نەدەزانی، لە بواری پەیوەندی نێوانیشمانەوە بیرم لێدەکردەوە. بەر لە هەموو شتێک پێویستە لەگەڵ یەک کراوە و دروست بین، دووەم

کێشەکان جددی بوون و نیگەرانی دەکردم. یەکەمجار بوو پارچەبوونی نێوان کادیرانم بەرگوێ دەکەوت.

(حاملی) بڕوای وابوو کە هەندێک هەڤاڵی تر سەبارەت بەخۆی کاریگەریی نەرێنیان لەسەر من هەیە. چەند سەیرە! هەر یەکێک لەوانە کێشەی ڕێکخستن بوون، بەڕێوەبەرایەتی بۆی هەبوو بەمنیش رابگەیەنێت. هاوکات هەر خۆم تووڕە دەبووم لەوەی بەپێی پێویست زانیاریم پێنادەن. لەنامەیەکدا بۆ (کاراسو) لەم بارەیەوە رەخنەم کرد، پێمگووتبوو کە بە دۆخی (حاملی)یشەوە دەمەوێت لە گەلێک بابەتی تریش ئاگادارم بکاتەوە. بەتایبەتیش جەختم لەسەر ئەوە کردبووەوە کە نابێت بەهیچ شێوەیەک کێشەکە بە (پەیوەندی)یەوەکە قەتیس بکرێت. لە نامەکەدا گووتبووم: "بۆ من کێشە ڕێکخستنییەکان، بەرژەوەندی ڕێکخستنی گرنگە، ئەمانەن پەیوەندیدارم دەکەن". شاردنەوەی ئەو شتانەشم رەخنە کردبوو.

هەموو شتێک هەنگاوێکی تری لە ئاستی چۆنێتی دەگۆڕی. بەو سۆزدارییەی توندەی ئەنجامی دووربوون و لێکجیابوونی ساڵەهابوو، زیاتر لایەنی مەعنەوی کارەکەمان لە ئامێز گرتبوو. ڕێزگرتن لە بەرخۆدێری هەڤاڵان، متمانەمان بەپابەندبوونیان بە پارتییەوە، بینینیان ئەگەرچی دوور بە دووریش بێت، هەستپێکردنیان، بیستنیان، ژیانیان، بەگژداچوونەوە و ڕووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ دووژمن بەس بوو بۆ من. ئەم ئاوات و خواستە شەڕ و ناکۆکییەکانی وەلا خستبوو. هەڵوێستمان هەبوو لەبەرامبەر هەموو ڕووداوێکی ئاشکرا و زانراو، زۆر بیرمان لەوە نەدەکردەوە کە دەشێت شتگەلێکی نەزانراویش هەبن. پاشان لەگەڵ پێشکەوتنی پەیوەندییەکان، بینینی ڕووداوەکان بەلایەنە بەرجەستەکانیانەوە و هەنگاو بە هەنگاو ڕۆچوون بەناو

کارەکەدا، لە ئاستی سۆز و بیرکردنەوەشدا شەڕ پەرەی دەسەند. جوێکردنەوەی خاڵە تەبا و ناتەباکان و گەڕانەوە بۆ سەرچاوەی کێشەکان بەندە بە دەرکپێکردنیانەوە.

دژایەتیکردنی پارتی چی بوو؟ لە زینداندا چۆن شێوەیەکی دەگرتەخۆی؟ خیانەت، دانپێدانان، فەسادی، ئەمانە دیاربوون و دەزانران. بەهەر شێوەیەک بێت تێکۆشان کاری تێکردوون، بەڵام لەبەردەم ئەو کێشانەی رووبەڕوویان هاتوون بێ باوەڕبوون، بەهۆی زاڵ نەکردنی دابڕانی تەواو لە سیستەم و بنەماڵەوە؛ دەکرا واتا بدرایە بە خواستی گەڕانەوە بۆ رابردوو، بەو لاوازییانەی بەهۆی نەشکاندنی دابونەریتەوە سەرهەڵدەدەن، شارەزانەبوون لە ئایدیۆلۆژیا، سیاسەت، بەو لاوازییانەی سەرچاوە لە نەناسینی دووژمنەوە دەگرن...هتد مرۆڤ دەیتوانی واتا بە هەر هەموویان بدات، لەگەڵ لێکدانێکی لۆژیکانەدا دەیتوانی دەرک بەلایەنێکی بکات، بەڵام هەندێک شت هەبوون کە بەمجۆرە بە ئاسانی روون نەدەبوونەوە.

تەنیا و تەنیا بەشێوەیەکی دروست لێکدانەوەی کێشەکانیش هیچی پێ رزگار نەدەبوو! ئەگەر خۆشت بخستایەتە ناو ریزی نیازخراپەکانیشەوە کێشەکە چارەسەر نەدەبوو. بە ئەندازەی پێگەی هەنووکەیی هەر یەکێکمان، ئاستی دەرک کردن، تێگەیشتن و واتادانمان، بەپێ ئاستی هێز و بەهرەکانمان لەناو کارەکاندا بووین، بەوڕادەیە دەمانتوانی ببین بە هێزی چارەسەری، شەڕ و تێکۆشانیشمان ئەوەندە دەبوو.

لەناو ئەم گێژاوەدا، تەوەری تونێل ورەی بەرز رادەگرتین. ئایا هەندێک شتی تر دەکرا بە فیدای ئەو تونێلە؟ گومانی تیا نییە کە راکردنی زیاتر لە (40) هەڤاڵ چالاکییەکی گەورەیە، بەڵام بە ئەندازەی درێژخایاندنیشی دەبوو بە بەڵایەکی گەورەش.

هەڤاڵان داوایان لێکردین هەوڵبدەین گەچیان بۆ دابین بکەین. لەبەر ئەوەی بەردەوام پێویستیان پێدەبوو، دەبووایە پلانێکی جیاوازیش جێبەجێ بکرێت. (جاهیدە) دەرچووی ئامادەیی پیشەیی کچان بوو. کاری پەیکەرتاشی دەزانی. بە ئیدارەی گووت کە گەچ و بۆیاخ و کەرەستەی پێویستە تا دیاری دروست بکات، کە پێویستیشی کرد بۆ فرۆشتن و دابینکردنی پێداویستییەکانی خۆی، کاری دەسترەنگینی بکات. دوای بێنەوبەرەیەکی زۆر پەسندکرا. بە مەبەستی سەرنج رانەکێشان بۆ سەر ئامادەکارییەکانی هەڤاڵان، هەروەها بۆ دڵخۆشکردنی پاسەوانەکان، جاروبار دیارییەکمان دروست دەکرد و پێمان دەدان. بۆ ئەوەی گەچەکە بەش بکات، زۆرجار هەویری ناو سەمونەکانیش بەکاردەهێندران، دوای بۆیاخکردنی هیچی پێوە دیارنەدەبوو. هەموو گەچەکەی تریش دەدرا بە قاوشی (35) بۆ ئەوەی لە کارەکەیاندا بەکاری بهێنن. هاوکارییەکی بچووک بوو، بەڵام ئاسودەییەکی گەورەی پێدەداین.

هەر لەو رۆژانەدا چالاکییەک لەدژی گشتینامە (قەدەخەنامە)کەی دووژمن هاتە رۆژەڤەوە. چالاکی دەستی پێکردبوو. بەڵام پلانی چالاکییەکە پێشتر کەوتبووە دەستی ئیدارەی زیندانەوە. لە قاوشێکدا کەوتە دەستی دووژمنەوە کە ئەندامانی گرووپەکانی تر زۆرینەی رێژەکەیان پێکهێنابوو. سەرەڕای ئەوەش دەستمان بە چالاکییەکە کرد. پاش دوو رۆژ ئیدارە رێککەوتنی راگەیاند. جلی یەکجۆر بە مەرجێک فڕێدرا، دووژمن دەیگووت: "هەرکەسێک بەحەزی خۆی لەبەری کرد، ئێوە نابێت هیچ گوشارێکی بخەنە سەر".

جلی یەکجۆر ئەوەندە بە ئاسانی فڕێدرا! شیرۆڤەکانیشمان ئەرێنی بوون. پلانی ئەو چالاکییەی کەوتبووە دەستی دووژمنەوە

بەرفراوان بوو. لەلای خۆمانەوە دەمانگووت: "دووژمن رەچاوی قۆناخێکی بەجۆرەی چالاکگەری کرد، چونکە سەرجەم زیندانەکانی دەگرتەوە. بۆیە بەبێ دەنگی جلی یەکجۆری هەڵگرت".

یەکەمجار کە چالاکییەکە هاتە رۆژەڤەوە پێنج شەهیدمان دابوو، دوای پێنج شەهید بەزۆر لەبەریان کردین. ئەمجارەیان لەدوای دوو رۆژ مانگرتن خۆیان ملیان دا و رادەستی جلی یەکجۆر بوون. لەڕاستیدا لەلایەک ئەم شیرۆڤانەمان دەکرد، لەلایەکیش باسمان لەوە دەکرد کە پێویستە باش بزانرێت دووژمن لەکوێ و چی بە چ ئامانجێک دەکات. مەرج نییە هەموو شتێک هەر بەشەهید و باجێکی ئێجگار سەخت بخولقێندرێت. بەڵام تەکتیکێکی خلافاندنی بەمجۆرەی پاش کانونی دووەم و دۆخی "قەمبور"ییەکەی ئێمە هێمای خێر و بێر نەبوو. هەرچەند گفتوگۆمان بکردایە، شیرۆڤەیەکی بەمشێوەیە دەهاتە پێش: دووژمن بە کێشە ناوخۆییەکانی دەزانی، هەموو جۆرە چالاکییەک، یەکێتییەکی پێکدەهێنا. بەلایانەوە زۆر باشتر بوو کە لەپێگەی قووڵترکردنەوەی ناکۆکییە ناوخۆییەکاندا رامانگرن.

لەو نێوەدا بەرگریکردن بە زمانی کوردی هاتە رۆژەڤەوە. زۆربەی دۆزە سەرەکییەکان بە ئەنجام گەیشتبوون. ئەوانەی مابوونەوە لە قۆناخی کۆتاییدا بوون. ئەمانیش دۆزی بەرگریکردن و دۆزە کەڵەکەکراوەکانی تربوون. لەوانەشدا دەست بە بەرگریکردن بە زمانی کوردی کرابوو. لە چوارچێوەی ئەم بڕیارەدا (مەهدی زانا) بە زمانی کوردی بەرگری لە خۆی کرد، بەڵام ئەنجامێکی سەیر هاتە ئاراوە. وەکو (مەهدی زانا) دەستی کردبێت بە بەرگریکردن بە زمانی کوردی لە راگەیاندندا مانشێتی وەها بڵاو دەکرانەوە، (مەهدی)یان دەردەخستە پێش.

یەکێک لە ماددە دەستنیشانکراوەکانی چالاکی (مانگرتنی تامردن)، ئازادی زمانی کوردی بوو. زۆربەی زۆری خانەوادە و کەسوکاری بەندکراوان تورکییان نەدەزانی. بەتایبەتیش لەدەمودەستی ئەشکەنجەکاندا هیچ قسە و گفتوگۆیەکی ئەوتۆ نەدەکرا، چاوپێکەوتن بەبێ قسەکردن نەدەبوو. ماوەیەک رێگە درا بە کوردی بدوێین، پاشان ئاستەنگییان دروست کرد و رێگریان کرد.

ماوە ماوە قسەمان لەسەر پێگەی سیاسی بەندکراوی دەکرد. بەرگریمان لەوە دەکرد کە دەبێت رەچاوی (پەیماننامەی جنێف) بکرێت، لەچوارچێوەی نۆرمە نێودەوڵەتییەکاندا ناسنامەی سیاسی دەستنیشان بکرێت. ئەم داخوازییەمان بە شێوەی پێشنیاز ئاراستەی پارتی دەکرد و دەمانگەیاندە دەرەوە. بەڵام شیاو نەبینرا و لە وەڵامدا گووترا: "لە داواکاری زیندانەکان بەولاترە. لایەنی سیاسی داواکارییەکی بەرفراوانە. ئەمەش دەبێتە سەودا و مامەڵەیەکی راستەوخۆ لەگەڵ دەوڵەت، کە ئەمیش مەحاڵە".

لە نامەیەکدا کە لە ساڵی 1985دا بۆمان هات پارتیمان بەشێوەیەکی زۆر سەرنجڕاکێش واتا و گرنگی بەرخودان و بەرخۆدێری لە زیندانەکان، رۆڵ و پێگەی بەرچاوی لە تێکۆشانی رزگاری نیشتمانیدا دەستنیشان کردبوو. قەڵەمبازی15ی ئاب واتادارترین وەڵامی ئەو بەرخودانییانە بوو. هێما بەو راستییە دەکرا کە تێکۆشانی چەکداری تاکە گەرەنتی هەموو ئەو پێشکەوتنانەیە. تا ئەو کاتەش جگە لە بەرخودانی 1982 و قۆناخی دواتری کە کاریگەری بەرخودانەکەی لەسەر بوو،

بەگشتی پراکتیکی زیندانمان بەردەوام بە شێوەیەکی ملکەچی و نەزۆکی دەخوێندەوە، ئەگەر لە ئاستی فیکر و باوەڕیشدا نەبێت، بە قۆناخێکی شکست و رادەستیمان دادەنا. لەم واتایەدا ئەو نامە مایەی مۆڕاڵێکی بێ وێنەبوو. بەڵام دەبووایە بەجددی باجی بەسەرهاتەکان بدرایە. ئەگەر بە رەخنە لە خۆگرتنەوە مامەڵەی لەگەڵ نەکرێت، بە ئاسانی تاوان، چەوتی و لاوازییەکان پەردەپۆش دەکران.

# شەهیدبوونی هەڤاڵ (عەگید)

لە هەواڵەکانی ئێوارەی 28ی ئاداری 1986 دا بە شەهیدبوونی هەڤاڵ (عەگید)[132]مان زانی. لە هەفتەی قارەمانێتی دا. لە دیمەنێکی زۆر لە نزیک و ڕووندا لە چیای (گابار) هەڤاڵ (عەگید) لەسەر بەفرەکە وەکو خەوتبێت بە کەفیەکەی سەرییەوە ڕاکشابوو و باس لە شەهیدبوونی دەکرا. بێدەنگی بەسەر هەمووواندا زاڵ بوو. ئەوانەی دەیانناسی دەستیان بەگریان کرد، بەتایبەتیش ئەوانەی لە ئێلیح دەیانناسی و بە سایەی ئەو بەشداریان لە تێکۆشان کردبوو.

هەموویان کۆمەڵێک هەڤاڵی زۆر گەنج بوون. باوەڕکردن بەو ڕووداوە زۆر زەحمەت بوو، چۆن دەبێت؟ دەبووایە لە نەورۆزدا ئێمە دنیامان بەسەر دووژمندا دارماندایە. چۆن شەهید کرابوو؟ تۆبڵێی دەستی خیانەتی تیا هەبێت؟ باس لە پێکدادانێک دەکرا. زۆربەی هەڤاڵان دەیانگووت: "خیانەتی ناوخۆیە، ئەگەرنا هەڤاڵ عەگید شەهید نابێت". شیرۆڤەکان بەمجۆرە ملیان نابوو. ئەو شەوە هەرچییەکم کرد خەو نەچووە چاوم. نیوەی شەو دوای خەوتنی ئەوانی تر، بەتانییەکەم دابەسەر خۆمدا و تێر تێر گریام.

لە ڕیزەکانی گەریلادا دوای شەهیدبوونی هەڤاڵ (محەمەد کاراسونگیور) بۆ جاری یەکەم بوو فەرماندەیەکی باڵای گەریلا شەهید دەبوو. ڕۆژی دواتر بەگشتی مەراسیمێکمان سازکرد. فەرماندەیەکی بەهاداری تێکۆشانی چەکداریمان لەدەستدا بوو. لەنزیکەوە دەمانناسی بۆیە زۆر درێژەمان بە هەڵسەنگاندنی نەدا.

---

[132] مەعسوم کورکماز ، هەڤال عەگید" فەرمانداری گشتی هێزی رزگاری کوردستان، لەدایکبووی شارۆچکەی فارقینی ئامەد و لە ئێلح گەورەبووە و بەشداری شۆڕشی کردووە.

پاشان لەلایەن هەڤالانی پیاو سەبارەت بە هەڤاڵ (عەگید) نووسراوی جیاجیا هاتن. تیایاندا هەڵسەنگاندنی بەرفراوان لەسەر ژیان و قۆناخی گوزەرکردووی هەڤاڵ (عەگید)، بەتایبەتیش پەیوەست بوونی بە هونەری سەربازی و پراکتیکەکانی هەبوو. هەلی ئاگاداربوونمان لە قۆناخی (HRK)، 15ی ئاب و دواتری، هەروەها رۆڵی هەڤاڵ (عەگید) لە کۆکردنەوە و بەڕێوەبردنی گەریلا لەدوای رۆژانی پڕ لەخیانەتی 1985 و هەندێک تایبەتمەندی ترمان دەستکەوتبوو. لە سێیەمین کۆنگرەدا بۆ یادی هەڤاڵ (عەگید) روو لە دامەزراندنی (ئەرتەش) کرا. دامەزراندنی (ARGK - ئەرتەشی رزگاری گەلی کوردستان) کاریگەری و مۆراڵێکی گەورەی هەبوو.

لە ساڵی 1987 دا کۆمەڵێک چالاکی و جوڵانەوە بۆ چەندین رۆژ لە رۆژەڤی تەلەفزیۆن و راگەیاندنەکاندا دەنگیان دایەوە و بەرنامەی تایبەتیان لەسەر کرا. دەوڵەت تادەچوو تیمی تایبەت، پارێزگاری تایبەت، بەشی تایبەتی سوپای وشکانی و یەکەی چەتەی دادەمەزراند. دوای هەڵکوتانە سەر گوندەکان، کوژرانی ژن، منداڵ و کوشتنی نادیاری تر، دژە پڕووپاگەندەکانی دەوڵەت لە دژی ئێمە بەربڵاوی بەدەست دەهێنا. ئەمانەمان بە پیلانی (MIT - دەزگای هەواڵگری تورک) و بە هێرش و پەلاماری کۆنترا گەریلا[133] هەڵسەنگاند و بەتایبەتیش لە دادگاکاندا ئەم

---

[133] ناوی رێکخستنێکی تایبەتی سەر بە گلادیۆیە لە تورکیا، ئەرکی سەرەکی ئەم رێکخستنە لەکەدارکردنی هێزی بەرامبەرە، واتا بەجل و بەرگی گەریلاوە گورزیان لە گەل دەوەشاند، بەمجۆرە ناوی گەریلا و گەریلایان لەبەر چاوی رای گشتی ناشیرین دەکرد. دامەزراندنی ئەو جۆرە هێزانە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی شەڕی سارد، بەڵام لە تورکیادا بەتایبەتیش دوای دامەزراندنی (PKK) لە چەندین کۆمەڵە و گرووپی جیاجیادا و لەچوارچێوەی دەزگاکانی دەوڵەتدا بەشێوەی زۆر کارا جوڵاونەتەوە. لە واتایەکی تریشدا بە پەردەپۆشی دەوڵەتەوە کاری چەپەڵ بۆ دەوڵەت دەکەن.

پەیڕەوکارییانەی دەوڵەتمان لەدژی کوردستان شەرمەزار دەکرد. (MIT) و کۆنترا گەریلا بەمجۆرە لەدژی پارتیمان هەوڵی هاندانی گەل و رای گشتی دەدا.

لەبەرامبەر بەو پەلامارانەی کۆنترا گەریلا کە بۆ لەکەدارکردنی گەریلا، شکاندنی چالاکییەکانی و کەمکردنەوەی خێرایی گەشەسەندنەکەی خرابووە گەڕ، پارتیمان چ رێوشوێنێکی پێویستی گرتۆتەبەر، لەلایەنی ئێمەوە لێدوان و روونکردنەوەمان هەبوو کە سەراپایان مایەپووچ بکات؟ لەم بوارەدا زانیاریمان پێنەدەگەیشت، بەڵام هەستمان بە بوونی هەندێک کەموکورتی دەکرد.

هەر لەو قۆناخەدا شاندی جیاجیای کۆمەڵێک لە دەزگا راگەیاندنکارە خۆجێیی و دەرەکییەکان بە زیندانەکاندا دەگەڕان. دەوڵەت دەیویست نەبوونی ئەشکەنجە بسەلمێنێت. شاندەکان پرسیاری هەڵوێستی ئێمەیان دەکرد لەمەڕ بەسەرهاتەکانی ئەو گوندانە. ئێمەش لە دادگاکاندا روونکردنەوەمان دەدا و بە ئاشکرا دەمانگووت: "کاری کۆنترا گەریلایە". دواتر دانپێدانەر و خیانەتکارەکان دەیانگووت "کاری (PKK)یە" ئەوانەشی کە تازە دەهاتن دەیانگووت: "چالاکی خۆمانن". ئاڵۆزییەک لە ئارادابوو.

لە رۆژگارێکی وەهاشدا روونکردنەوەیەکی (جەلالەددین) بەناوی " گوللە؛ گوێ بە ناونیشان نادات" بڵاو دەکرایەوە. دووژمن هەر وشەیەک، هەر رستەیەکی بەسوودیان بۆ خۆیان پەیدا بکردایە لە راگەیاندنەکاندا بەکاریان دەهێنا. هەندێک دەیانگووت: "شەڕە و ناوبەناو خەڵکی مەدەنیش پێوە دەبن".

---

ئێستاکەش یەکێک لە هێزە سەرەکی و دەستلێبەرنەدراوەکانی دەوڵەتی تورک کۆنترگەریلا و جۆرەکانێتJITEM، JÖH، PÖH، TITچەند نموونەیەکن لەو دەزگایانەی دەوڵەتی تورک ...

(مەهدی زانا) دەیگووت: "شەڕە، بەشێوەی نەخوازراو زیانمەندیشی لێ دەکەوێتەوە" دووژمن ئامانجی ئەوە بوو لە زیندانەکانەوە دەنگی شەرمەزارکردنی ئەو چالاکییانەی دەستکەوێت و بەدەرەوەی رابگەیەنێت. دەیویست کەڵک لە یەکەم پەرچەکردارەکان وەربگرێت و ناکۆکی دروست بکات. واتا هەوڵی دەدا رەواڵەتێکی وەک " (PKK)ییەکانی زیندان، پشتیوانی لە (PKK)ی دەرەوە و گەریلا ناکەن" دروست بکات. بەم هۆکارە لە بەرگرینامە و بەرگرییە زارەکییەکانماندا ئاماژەمان بەم گەمە و پیلانانەی دووژمن دەکرد و گووتمان: "دووژمن دەیەوێت تێکۆشانی رزگاری نیشتمانی – نەتەوەییمان لەکەدار بکات، جلی گەریلا دەپۆشێت و گەمەی زۆر جیاوازی گێرەشێوێنیانە دەخاتە رۆژەڤەوە. دانپێدانەر و خیانەتکارەکان بەکاردەهێنێت...هتد" بێگومان دووژمن زۆربەی قسەکانی ئێمەی بڵاو نەدەکردەوە، نووسراوەکانیشی رەش و رووت دەکردەوە، بە موکێش دەکەوتە وێزەی یەکە بە یەکەی وشە و رستەکانی ئێمە و هەرچییەکی دەستکەوتایە دەیکرد بە دروشمی رۆژنامە و میدیاکانی تری.

## تۆ وەرە! کارەکە بگەیەنە بە دوایین هەنگاو و پێچەوانە ببێتەوە !

دەگووترا: "کاروباری تونێلەکە تەواو بووە". واتا راکردن لە تونێلەکەوە لە رۆژەڤدا بوو. ئەو شەوە هیچ خەوم لێنەکەوت. کەسی تر لە قاوشەکەی ئێمە نەیدەزانی. شەو وەکو دێوەزمەیەکی لێهاتبوو، درێژ و درێژەی دەکێشا. هەر دەنگێکم ببیستایە دەمگووت تەواوە دەرکەوتن. لەدڵی خۆمدا نزام دەکرد کە کەموکورِی و نەگبەتییەک یەخەی هەڤالان نەگرێت. پاشان خەیاڵ دەهات و دەیبردم. راکردنی (40 – 50) کادیر لە زیندانەکان و گەیشتنیان بە پارتی، هەموو رۆژەڤێکی سەراوبن دەکرد. لەکاتێکدا مۆراڵ و مەعنەویاتێکی گەورەی دەدا بەپارتی و بە گەل، دووژمنیشی چارەرەش دەکرد. هاوکات هەموویان کادیری ساڵەهابوون وای بۆ دەچووم کە بۆ پارتی دەبوون بە خوێنی تازە. هەستێکی زۆر خۆش بوو! ئایا لە قەدپاڵ و شاخەکاندا بەپێی پێویست ئامادەکاری هەبوون؟ چەند بەزوویی دەیانتوانی لە شار دەرکەون؟ ئەگەر تەگەرەیەک بێتە رێیان چی دەبێت؟ بەرەی زیندان ساغ و پتەو بوو. تونێلەکە تا ماڵێکی نزیکی زیندان چووبوو و لەناو ماڵەکەوە دەردەکەوتن.

هەوڵی هەڤاڵ (مەزلوم دۆغان)م هاتەوە بیر؛ کە لەناو زبڵدانێکدا بۆ چەندین سات بەبێ جوڵە چاوەڕێی کردبوو، ئیرادەیەکی زۆر گەورەی دەوێت. ئەوانەی بەر لە چەند خولەکێک بۆ وەرگرتنی هاتبوون ئەگەر لەکاتی خۆیدا فریای بکەوتنایە، رزگاری دەبوو. دوو سەربازی لێبوو کە زۆر بە ئاسانی لەدەستوپۆ دەخران. بیرم لە راکردنەکەی خۆم کردەوە. ئەویش زۆر سەیر بوو. هیچ

شەوێکی تر هەبوو هێندەی ئەو شەوە خۆشبێت؟! زۆر دڵشاد بووم. هێندە دڵخۆش و ئاسودەبووم دەتگووت لە چالاکییەکی گەورەدا سەرکەوتنم بەدەستهێناوە. ئەوەی من متمانەی زێدەڕۆ، وەرنەگرتنی ڕێوشوێنی پێویست و درێژەنەدان بوو بەسەرکەوتن. چونکە من دەرکەوتبوومە دەرەوەش، زەحمەتی و ئاستەنگییەکانم تێپەڕ کردبوو. بەدوایدا پێویست بوو بە خولقێنەرییەکی بەهێزەوە سوود لە هەل و دەرفەتەکان وەربگرم و بۆ تەنیا چرکەیەکیش بەبێ لۆژیک نەجولامایەتەوە. کارەکە بە دوایین پلیکانە بگەیەنم، پێ لەسەر پلیکانی سەرکەوتن دابگرە و پاشان کارەکە پێچەوانە ببێتەوە!.

لەدەستدان لەم خاڵەدا برینێکی قووڵی دروست دەکرد. دەشێت زۆر باشتر بێت لەوەی کە هیچ هەوڵ نەدەیت و تاقینەکەیتەوە. لە کارێکدا بێ بەهرە و دەستەوئەژنۆ بیت، هێزی جێبەجێکردنت نەبێت، توانستت بواری نەبێت، بوێری هەوڵدانت نەبێت، خواستت نەبێت، ئەگەر دەستیش پێنەکەیت، سەرنەکەوتنیشت نابێت بە کێشەیەکی ئەوتۆ. لانی کەم ئەم دۆخە روونکردنەوە و بیانوویێکی هەیە. بەڵام بەشی زۆرینە و زەحمەتی کارەکە راپەڕێنە، هێزی زیاتر و باشتریت هەبێت، چانسی گوشارخستنە سەر دەرفەتەکانیشت هەبێت، کەچی سۆزێکی کاتی راتبکێشێت، بۆ تاکە چرکەیەک متمانەیەکی زێدەڕۆ و بیرکردنەوەیەکی دوور لە ڕێوشوێنی پێویست؛ هەموو هەوڵ و تەقەلاکانت پێ بدۆڕێنێت.

ئەمە یاریکردنە بە مەترسییەکان یاخود فیداکردنە، یان حەزکردنێکی زۆرە لە خۆ بەفیداکردن؟ پێویستە زۆر بەباشی لە دەستەواژەی "فیدا" بگەم. بێ ئۆقرەیی، فیداکردن، متمانە، تووڕەیی، قین، کاردانەوە و هەموو شتێک پێویستە پێوەرێکی هەبێت. لە شوێن و شتێک تووڕە ببووم و بەوشێوەیە دەستم

بەکار کردبوو. وەک چۆن دەڵێن؛ (تووڕەیی پەشیمانی لەدوایە) بێگومان ئەمەش بیانوویەک نەبوو. دەرکەوتبوومە دەرەوە، بەڵام خۆمم پێ نەپارێزرا یان پاراستنەکەی خۆمم بەکەم نەزانی. ئەوە راستە کە شارەزای هەرێمەکە نەبووم، بەڵام ئەگەر بچوومایە ناو دارستانەکەوە، ئەو شەوە تا بەیانی مەودایەکی زۆرم دەبڕی و دوور دەکەوتمەوە. لە شاخ و داخەکاندا هەمیشە دەرفەتی خۆحەشاردان هەیە. شاخ پەناگەیە. ئیتر دەمگووت "خۆم لە زەحمەتەکەیان دەرباز کرد، ئیتر هیچ نابێت". هەرچەندە نیگەران بووم، بەڵام ئاسوودەییەک بەسەرمدا زاڵ ببوو و دەمگووت: "دووژمن پێمناگاتەوە". لەئان و ساتی وەهادا سۆز و خەیاڵ دڵڕفێن بوون. لەناو خەیاڵێکی زیندوودا بووم وەک سەرکەوتنم بەدەستهێنابێت، لەدەرەوەبم و باسەکە بۆ هەڤاڵان بگێڕمەوە. وەک فیلمێک وابوو. لە مەلەتی ئەو شەوە خۆشترین شەو بوو بەلامەوە. واتا شەوی 20ی ئابی 1980.

لە زیندان بارێکی نائاسایی لە ئارادا نەبوو، سەرلەبەیانی ژیان ئاسایی بوو. کەوابوو رایاننەکردبوو یان هەستیان پێنەکراوە. چاوەڕێ بووم هەڵکوتنە سەر قاوشەکان و لە هەموو شوێنێک بەدوای تونێلدا بگەڕێن، بە شڵەژان و پەشۆکییەوە سەرژمێری بکەن، نەکو لە قاوشەکانی تریشەوە کەسی تر رایکردبێت. گومان لە ئێمەش بکەن. جا بۆچی نەبێت؟ پاش ماوەیەک بۆ تاقیکردنەوە نامەیەکم نووسی و ناردمان بۆ (35)مین قاوش، داوای ناونیشان و وەڵامی بەپەلەمان کرد. وەڵام بە درەنگی هاتەوە. کەواتە نەچوون. تۆ بڵێی چی روویدابێت؟ هیچم پێنەدەگووترا. بەهەمان جۆشوخرۆشەوە چاوەڕێی شەوی داهاتووم کرد. لەناکاو دەنگی قەرەباڵغییەک و بەدوایدا راکەڕاکێک. گووتم: "ئەمجارەیان تەواوە، ئەمشەو رۆیشتوون." سەرم بە لاواچی دەرگەکەوە بوو،

ماوەیەکی دوور و درێژ چاوەڕێم کرد. سەرنجی (جاهیدە) و ئەوانیشی راکێشابوو. ئەویش دەیزانی شتێک هەیە، بەڵام بە کەس نەگووترابوو کەی و چۆن دەچن. لەبەرخۆمەوە گووتم: "حەتمەن هەڤالان چوون" ئەویش هاتەجۆش..

دواتر زانیمان کە تونێلەکە نەگەیشتۆتە ماڵەکە، هێشتا چەند مەترێک ماوە، لەکاتی دەرچوونی هەڤالاندا لە بەشی ژێر شەقامەکەدا دارمانێک روویداوە. چانسەکەی وابووە ئەو شەو ئۆتۆمبێلێکی بارهەڵگر لە شوێنی دارمانەکە راوەستاوە. هەڤالان ماوەیەک لەناو تونێلەکە قسەیان لەسەر کردووە. هەندێک گووتوویانە:"با دەرکەوین"، بەڵام شەقامەکە ئاوەلایە و لەبەری ئەوبەری تونێلەکەدا نۆبەتگەی سەربازان هەیە. بۆیە ئەگەر هەست بە بچووکترین جوڵە بکەن سەرنجیان رادەکێشێت و حەتمەن نۆبەدار کاری خۆی دەکات. لە دۆخێکی وەهادا هەموویان نەیاندەتوانی بچن. دووبارە دەگەڕێنەوە و راکردنەکەیان سەرناگرێت. بە تەواوی وردەکارییەکانمان نەدەزانی، خۆیان باشتر دەیانزانی کێ چی گووتووە، چی بکەن و چۆن بکەن. بەڵام رانەکردنیان تووڕە و دڵگرانی دەکردم. تونێل کارێکی هەستیارە، بچووکترین بێ ئاگایی دەبووە مایەی ئاشکراکردنی. ژمارەیەک هەڤالی شارەزایان لەناودا بوو. ئەگەری هەر خیانەتێک هەموو رەنجێکی بە هەدەر دەبرد. دوای ئەو هەموو گرفتانە مرۆڤ بەدەست خۆی نییە کە بیر لە هەموو ئەگەرێک نەکاتەوە.

بەر لەو هەوڵە لەگەڵ (حاملی) ئاڵوگۆڕی نامەمان هەبوو. (حاملی) خاترخوازی[134]یەکی نووسی بوو. لەلای خۆمەوە سەبارەت بە هێڤی و چاوەڕوانییەکانم لەخۆی، پێمگووتبوو کە لە دەرەوە هێزێکی گەورە" بە تێکۆشان و هەڤالان دەدات، ئەو کۆمەڵە

---

[134] ماڵئاوایی.

هەڤاڵە بۆشایی ساڵانی پێشوو پڕدەکەنەوە. داوام لێکردبوو کە واز لەو پێداگری و پەرچەکردارە نابەجێیانەی خۆی بهێنێت و چالاکانە بەشداری لە کار و خەبات بکات و پێمگووت: "دەمەوێت وەک فەرماندارێک وەک ژەنراڵێکی بەهێزی شەڕ و تێکۆشان بتبینم و بتبیستم. لەوانەیە هەرگیز چاویشمان بەیەک نەکەوێتەوە، چونکە تێکۆشانە، دیارنییە چی دەبێت و چی روودەدات، بەڵام وەک خۆت دەزانی ئومێدی (یەکتر بینینەوە) لای من زۆرە! ئەو وشەیەم زۆر خۆشدەوێت و بڕوایەکی زۆرم پێیەتی.. لە شاخ یەکتر دەبینینەوە...".

خۆیشی هاوشان لەگەڵ کۆمەڵێک وشەی جوان گووتبووی: " ژەنراڵی ... . کەهاتی بۆ شاخ بە هاویشتنی تۆپ پێشوازیت لێدەکەم، بڕوا بکە." دوایین نامەمان بەم شێوەیە بوو.

بەهەر حاڵ کەسیان نەیانتوانیبوو بچن. راکردنەکەیان دووچاری کۆسپێکی بەو جۆرە هاتبوو، کە ئەمەش هەموومانی دڵگران کرد. لە زینداندا ئەو جۆرە کارانە هەستیارن. درێژکردنەوە و بەدەم کاتەوە رۆیشتنی مەترسیدار بوو. دەبوو خیانەتکارێک بهاتا و هەواڵی بدایە یاخود لە پشکنینەکاندا کێشەیەک روویبدایە. تونێلەکەش بەبن شەقامەکەدا تێپەڕ دەبوو، ئەگەر شوێنە دارماوەکە بەجوانی پەردەپۆش نەکرێت، ئەگەری ئاشکرابوونی زۆر بوو. بەڵام هەڤاڵان پەرچەکردارەکەیان وەک ئێمە نەبوو، ئەوان هێورتر بوون. دەیانگووت: "کەمێک ماوە، دووبارە تاقی دەکەینەوە". زۆری بەسەردا نەڕۆیشت و گرفتێکی تر هاتەڕێ. تونێلەکە ئاوی تێچووبوو، یان ئاوەڕۆیەک بەوێدا تێپەڕ دەبوو، یان ئەوەتا سەرچاوەیەکی تیا هەڵقوڵابوو. ئەمەش خۆی لەخۆیدا کاری هەڵکەندنی تونێلەکەی خاو دەکردەوە. سەرباری ئەمەش هەڤاڵان دەیانگووت کە کار دەکەن، ئاوەکە بە دەبە و دۆلکە

رادەکێشن و ڤالای دەکەن. دڵم سوکنایی نەبوو. لەدوورەوە تەماشاکردنی ئەم رووداوانە زۆر خراپتر بوو، ئەگەر لەناویدا بوومایە دیارە ئەوەندە زۆری بۆ نەدەهێنام.

سەبارەت بە پێشکەوتن و رووداوەکان نامە و نامەکانی خۆیان بۆ ئێمە دەنارد تا رەوانەی دەرەوەیان بکەین. خۆیان چۆنیان بگووتایە، بەو شێوەیە دەماننارد. بەشێک لە نووسراوی پێنج سەد لاپەڕەییەکەی بەسەرهات و ژیانی قاوشی ژنان کە هەر لە سەرەتاوە تا 1986 هاتبوو، کەوتبووە دەستی دووژمنەوە. لەم بوارەدا زانیارییەکی روون و ئەوتۆمان دەستنەکەوت. نووسراوەکە زۆر بەرفراوان و پڕلە وردەکاری بوو. تەنانەت هەڤالان دەیانگووت: "وەکو رۆمانێک نووسیوتە، دەکرێت لە ئاییندەدا ببێت بە رۆمان" گرووپێکی بەرفراوانی هەڤالان خوێندبوویانەوە. پاشان بۆ لەبەرگرتنەوەی، بەسەر هەڤالاندا پەخشی دەکەن. لە پشکنینەکاندا هەندێک بەشی دیارنەما، هەروەها لە کاتی ناردنیشیدا بۆ دەرەوە، بەشێکی گەورەی کەوتبووە دەستی دووژمنەوە. ئەو سەربازەش لەکارلابرا کە هەڵسابوو بە بردنە دەرەوەی، دواتر نەمانزانی چی بەسەرهات.

کاری تونێل بۆ ماوەیەک ناکۆکی و تێهەڵچوونەکانی راوەستاندبوو یان کەمی کردبوو. لانی کەم چاودێرییەکانمان بەم جۆرە بوو. چونکە تونێل کاری سەرەکی بوو. هاوکات بەشی زۆرینەی ئەو هەڤالانەی کێشەیان هەبوو و رەخنەدەکران لەو گرووپەدا بوون کە دەبووایە بچوونایە. تەنانەت سەبارەت بە بردن و نەبردنی هەندێک لەو هەڤالانەش گفتوگۆ و پێشنیاز پێشکەش دەکرا. نەدەبوو هیچ هەڤاڵێک لە راکردنێکی وەها جددی پەراوێز بخرێت، چونکە ئەنجامی خراپی دەبوو. لەلای خۆمانەوە بەتەواوی زانیاریمان لەسەر دۆخی ئەو کەسانە نەبوو، بەڵام

بەپێی دەرفەت بیر و بۆچوونی خۆمان دەردەبڕی. ئەم جۆرە شتانە زۆر بە ئێمە و هەڤاڵانی تری قاوشەکانی دیکە نەدەگەیەندرا. هەڵبەتە پێشتر بە بڕیاری هاوبەش گرووپی هەلاتن دەستنیشان کرابوو.

پەیوەندی نێوانم لەگەڵ (حاملی) جاروبار دەبووە بەستەڵەک جاروباریش باش دەبوو. لێرەوە دەرفەتی زیاتر ناسینی لایەنەکانی تریم دەستکەوت. پێشتر لە هەموو روویێکەوە متمانە پێکردن و هەموو جۆرە بەرپرسیارێتییەکم تیادا بەدی دەکرد. لە مەیدانێک نەبووین کە تیایدا ناکۆکی و تێهەڵچوونەکانمان راستەوخۆ بن. لەخارپێت لە ئاستێکی بەرچاودا گفتوگۆ و تێهەڵچوون هەبوو لەنێوانماندا. لەوێش خۆی لە دەرەوەی بەڕێوەبەرایەتی رادەگرت، خۆی لە ئەرک بەدوور دەگرت، خۆی نەدەخستە ژێر بەرپرسیارێتییەوە. خۆویست بوو. ئێستا لێرەدا هەمان ئەو تایبەتمەندییانە لە رۆژەڤدا بوو. لە ئاستی گشتیدا کێشە و گرفت هەبوو، قۆناخێک بوو کە پێویستی بە(حاملی) هەبوو بۆ بەڕێوەبردنی کار و خەبات. لەلایەک لەبەرامبەر دووژمن ئەو هەمووە بەرخودانە بکە، بە لایەنی بەرخودانی و خۆڕاگری ناوبانگ دەربکە و شایستەی رێز و پێزانینێکی زۆر بە، لەلایەکیش لەناو ئەو تەنگەژەیەدا خۆت بکە بە جەمسەرێک! دەبووایە لەهەموو کەسێکی تر زیاتر رەخنەم لە (حاملی) بگرتایە. کەچی خۆی لەبەر رەخنەکان رانەدەگرت، لەدڵی دەگرت و توورە دەبوو. (کاراسو) وەها فێری کردبوو کە سەرەڕای هەموو شتێک گرنگی بە بیر و بۆچوونەکانی ئەو بدات، دیارە بەپێی پێویست هەڵوەستەی لەسەر نەکردووە. هەڤاڵانی تر لەم چوارچێوەیەدا رەخنەیان هەبوو. لەبەرامبەر زۆرێکیان لیبڕالانە مامەڵەی کردووە

و بووە بە مایەی نارەحەتی. ڕاست و هەڵە لەناو ئەو هەڵوێستەدا ون بووە.

لەلایەک بەهۆی هەبوونی بەشی خۆی لەو کێشە ڕێکخستنییانەدا و لەلایەکیش هەڵسوکەوتی لەمەڕ پەیوەندی نێوانمان بێزاری دەکردم. هەردوو دۆخەکەش ڕێخۆشکەر بوو بۆ زیاتر ناسینی هەندێک لە تایبەتمەندییەکانی (حاملی). هەی هۆ... پێشتر چۆن نەمناسیبوو! بەلای (حاملی)یەوە من کەسێک بووم بە زەحمەت پێم دەگەیشت!، بەڵام بە هەر شێوەیەک بێت بە ئاسانی پێمگەیشتبوو. بەقسەی خۆی؛ نازانم کامە گوڵی شوێنە هەرە سەختەکانی شاخ و زنارەکان بووم! پاشان ئەو لێیکردبوومەوە و لەلای خۆی هەڵیگرتبوو، لەشوێنێک دانابووم کەی بیەوێت پێمبگاتەوە. لۆژیکەکەی وەهایە! ڕۆژ لە دوای ڕۆژ تیایدا ماف بەخۆدان و تایبەتمەندی خودڕەوی و خۆپەرستی نەشونمای دەسەند. هەر کاتێک ئەمانە بکەوێتە ناو خۆشەویستی و شوێنی هاوڕێیەتی بگرنەوە، ئەوکاتە قیامەت ڕوودەدا! قیامەتەکەی منیش لەم خاڵەدا دەتەقییەوە. شێواز، ئاست، شوێن، کات و ئامانجی قیامەتەکانی من زۆر گرنگ بوو.

خۆشەویستی دیاردەی خوڵقاندنە. دەبێت بەرهەمهێنەری ڕەنج ببێت بە خوڵقێنەری بەها و نرخ. سۆز و دڵبەندی مسۆگەر پێویستە لەناو شەپۆلی ئەو خۆشەویستییەدا بەرجەستە ببێت، پێودانگ و پێوانەگەلێک هەبن؛ کە لە ژیاندا کەسایەتی شیاوی ئایدیالەکان بێت و ڕێخۆشکەر بێت بۆ پێشکەوتن. خۆشەویستی سۆزێکی حەشار و پەردەپۆشکراو نییە. ئەو هەڵوێست و هەڵسوکەوتانەن کە دەبن بە چالاکی، سەرەنجام یەکتر تەواوکردنی هەردووکیانە. لە پەیوەندی نێوانم لەگەڵ (باقی)دا

جیاوازی ڕێکخستنی و ئایدیۆلۆژیا هەبوو، ئەمە بناخەی سەرەکی ناکۆکییەکان بوو.

دەمگووت "ئەم ناکۆکییە چارەسەر بکرێت، دەشێت پەیوەندییەکە بەردەوام بکات". تەنیا چارەسەر بوونی ئەم لایەنە بریتی نەبوو لە هەموو خۆشەویستییەکە، تەنیا بەشی بناخەدانانی خۆیشەویستی دەکرد. ئەگەر بەرگری لە یەک ئایدیۆلۆژیا و سیاسەت بکەن و پێیەوە پەیوەست بن، هەڵگری سیستەمی پەیوەندییەکی یەکسان و ئازاد و ڕەهەندەکانی پێکەوە ژیان بن و یەکتر تەواو بکەن؛ ئەوجار خۆشەویستییەکی بەهێزی هاوڕێ و هەڤاڵێتی و خۆشەویستی نێوان هەردوو ڕەگەز دەهاتە ئاراوە.

شێوازی ڕەنگدانەوەی موڵکایەتی بە هەڵسوکەوت، دەروون، جیهانی بیر و سۆزەکانی تاکەکەسەوە زۆر چەپەڵ و قێزەونە. بنەمای ماددیانەی بۆ ڕابردوویەکی دوور دەگەڕێتەوە، بەگەیشتن بە سەرەداوی ڕەگ و ڕیشاڵە مێژووییەکانی، ڕوونکردنەوەی پێویستت بەدەست دەهێنا. لەژێر سایەی کاریگەری تایبەتمەندییە چینایەتییەکاندا ڕوونکردنەوەی جیاجیا دەکەیت، بەڵام لە چوارچێوەی پەیوەندی یەکێتیدا، دەبینیت کە نەک لایەنی گەشەپێدەر، بەڵکو کوژەر و لەناوبەری خۆشەویستییە. لەم خاڵەدا هەموو خۆ سوورکردن و سەپاندنێک، هەر هەڵسوکەوتێک تەنانەت هەر وشەیەکیش زیان بە کەسایەتی دەگەیەنێت، کاریگەری نەرێنی دەبێت، سۆز و کاردانەوەکان بە ئاقارێکی تردا دەبات. کەسایەتی ڕاستەقینە بەدەستەوە دەدات. بواری لێکدانەوەی خۆشەویستی و لێکدانەوەی (ژن) بوارێکی هەستیاری تاقیکردنەوەی کەسایەتییە. پێوەرەکان لەم بوارەدا بە زووترین کات دەردەکەونەڕوو.

نەخێر، لەو پەیوەندییەدا خۆشەویستی نەبوو. قۆناخێک بوو کە پڕبوو لە هەوڵی شۆڕشگێڕی و هەوڵی ئازادی. بنەماڵە دەیویست بە هاوسەرگیریپێکردن بەربەستێک لەبەردەم هەوڵەکانم بۆ ئازادی دروست بکات. رووم لەو خاڵە بکردایە، ژیانێک دەهاتە پێش کە بەتەواوی وابەستەی دابونەریتەکان دەکرا. ژیانێکی وەهام نەدەویست. هەڤاڵانیش هەمان رێبازی چارەسەرییان بۆ هەوڵەکانم دەهێنایەوە، دەیانگووت: "با لەگەڵ هەڤاڵێک مارەبڕی بکرێت و لەو گوشارانەی خانەوادەکەی رزگاری بکەین". بەرپەرچی ئەوەشم دەدایەوە. لەو بڕوایە دابووم کە دابڕانم لەماڵەوە هەنگاوێک بوو لە هەوڵەکانم، بەڵام هێزی تەواوکارییم نەبوو. (باقی) ماوەیەک جۆرە چارەسەرییەک بوو، شۆڕشگێڕێکی باش بوو. بیر لە هاوسەرگیری، خۆشەویستی و شتی تر نەدەکرایەوە، لەڕاستیدا بیر لە هەنگاوەکانی دواتری نەدەکرایەوە. راکردن، بازدان و بەدواداچوون! بەرەو کوێ، چەند و بۆچی؟ بیرکردنەوەیەکی پلانرێژانەی لەسەر نەبوو. رێوشوێنی پێویست نەبوو. ئەو پێگەیەی بە ئاراستەیدا دەڕۆیشتم تایبەتمەندی خواست و سەپاندنی ئەو رەهەندەی هەبوو.

خۆم؛ لە بێهێزی و منداڵکارانەترین قۆناخی شۆڕشگێڕیدا بووم. وەکو ژنێکیش لاواز بووم، لەژێر کاریگەری دابونەریتەکاندا بووم. سووربوون و بەبڕیاربوونم لە بەدواداچوون و بانگەشەم لە شۆڕشگێڕیدا، بۆ ژنێک لایەنی لێوانرێژن لە مۆراڵ. لەڕاستیدا بناخەیەک هەبوو لە بەدواداچوونم بۆ خۆشەویستی؛ ئەگەرچی لاوازیش بێت. بە ئەندازەی گەشەسەندنی بەدواداچوون و ئاستی ئازادیش ئەم بنەمایە پتەوتر دەبوو. سووربوون و پێداگریم لەم بەدواداچوونەدا، وایلێدەکردم بەگژ خواست و رەهەندەکانی ژیانی یەکلایەنەدا بچم. واتا هەموویان پێکەوە گرێدراو بوون. گەڕان

بەدوای ژیانێکی شۆڕشگێڕانەدا بە ئەندازەی سەرتاپاگیرکردنی ئایدیۆلۆژیا و سیاسەتی شۆڕشگێڕی، سیستەمی ڕێکخستنی و شێوازی شەڕ و تێکۆشانی بەدیدەهات. هەر ئەمە سەرچاوەی خۆشەویستی دەخوڵقاند. ئەگەر زەمینەی نەبێت، ئەوا هیچ یەکێتییەک لە ژیاندا بەدی نایەت. تەنانەت ئەگەر شۆڕشگێڕییەکەی (باقی)، سەرچاوەی شەپۆلی بەهێزی بەردەوام، واتا (PKK)شی بەدیبکردایە و وەک میلیتانێکیش تێبکۆشایە، ئەو یەکێتییەی نێوانمان نەدەبوو بە خۆشەویستی و ئەشق. لە هاوسەرگیرییەکی نەریتی (تاڕادەیەک پێوانە جیاواز) بەولاتر نەدەبوو.

لە هاوڕێیەتیمدا لەگەڵ (حاملی)، ئەوین و خۆشەویستی هەبوو. ئەویندارى بەرخۆدێری، جەنگاوەری، سەرەڕای هەموو شتێکیش ئەویندارى ڕەوتی بڕیاردارییەکەی بووم. جەنگاوەرییەکەی هۆکاری خۆشویستنی بوو. پەیوەندییەک نەبوو کە تەنیا لەسەر قسەیەک، تەماشاکردنێک یاخود بە گووتە و قسەبازییە بازاڕییەکان دروست بووبێت. بنەمای هەبوو و من ئەو بنەمایەم خۆش دەویست. پابەندبووم بەو بناخەیەوە، هەوڵمدەدا بە ئێرەییەوە بیپارێزم. پێویست بوو ئەم شێوازە نوێیەی پەیوەندی لەسەر ئەو بناخەیە قایم بکرێت، بەڵام کێشەیەک هەبوو. بەر لەهەموو شتێک خۆشویستن و قیمەتدان بە (حاملی) یەکێک بوو لە بنەماکانی هاوڕێی و هەڤاڵێتی. بۆ ماوەیەکی درێژخایەن پێکەوە کارکردن و هاوبەشیکردن لە هەموو هەلومەرجەکانی ئەو خەباتەدا، هاوڕێیەتییەکی گەرم و مەزنی پێدابووین، کە ئەمەش دۆخێکی خۆڕسک و ئاساییە، بەڵام پێویست نەبوو ئەمە ببێت بەهۆکارێک بۆ سەپاندنی بەجیابینین و جیاکاری لە پەیوەندییەکاندا. ئەگەر دەستبەجێ وەڵامی خۆشەویستی و دڵبەندییەکەی (حاملی)م نەدایەتەوە؛ بەواتای ڕەتکردنەوەی

دەهات، پێچەوانەکەشی بەواتای پەسندکردنی هەموو شتەکانی دەهات، دەبوو بە موڵکایەتییەک بۆ خۆی. ئەو دەیویست بەم سنوورانە پەیوەندییەکەمان گەمارۆ بدات.

من چیم کرد؟ خۆم کرد بە فیدای هاوڕێیەتییەک کە لەسەر زەمینەی خۆشەویستی، پابەندی و متمانە شێوەی گرتبوو. سەرلەنوێ دەگەڕامەوە بۆ دیاردەی (فیدا). هاوڕێیەتیم لەگەڵ (حاملی) تا ئەو رۆژە لەسەر بناخەی هێزپێدان بوو، لەهەموو کەس زیاتر گەرم و نزیکتر بوو. شتی تایبەت لە هاوڕێیەتییەکەماندا جێگەی نەبوو، لانی کەم لەلای منەوە نەبوو. کەسانێک نەبووین کە تازە یەکترمان دۆزیبێتەوە و تازە ئاشنای یەکتر بووبین. پەیوەندییەکی سادە، ساکار و خۆپەرستانە نەبوو، پەیوەندییەک نەبوو کە بەهۆی کاریگەری بارودۆخی زیندانەوە هاتبێتە ئاراوە.

لەلای (حاملی)؛ پێوەرەکانی خۆشەویستی، خاوەنداری و ناسینی ژن دوور نەبوو لە پێوەرە نەریتییەکان. تایبەتمەندی پیاوی دەرەبەگ و تایبەتمەندی شۆڕشگێڕیی بەناویەکدا چووبوو، یەکەمەکەیان قورسایی زیاتری هەبوو. لەم واتایەدا بەبێ پشتگوێخستنی بنەماکانی تێکۆشانی هاوڕێی و رێزدارییانە، دەبا بەدانانان بە ئیرادەی بەرامبەر و گەڕان بەدوای گەشەکردنی سروشتیانەی خۆشەویستی و دڵبەندی تیایدا دەرکی پێبکرایە، نەک بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و لە رێگەی نێوانگیر، نەک بە سەپاندن، نەک لەچوارچێوەی پەیوەندییەکدا کە دەستبەجێ سەربگرێت و بەوشێوەیە مامەڵەی لەگەڵ بکات. ویستی خۆشەویستی بە ئامانجی هەڕەشە لێکردن بەکاربهێنێت، ئەمە لەکاتێکدا کە خۆشەویستی بابەتی هەڕەشە لێکردن و بەکارهێنان نییە.

ئەو قۆناخەش قۆناخێک بوو کە پڕبوو لە کێشەی ڕێکخستنی. ئەم دڵبەندی و خواستەی خۆی لەسەر زەمینەیەکی لاواز و بێچارەییانە دامەزراندبوو. ئەگەر لە دۆخێکی بەهێزتردا بووایە بەمجۆرە نەیدەخستە ڕۆژەڤەوە. مسۆگەر دەبێت سەربگرێت! ئەگەرنا؛ (حاملی) دڵنازکە، زوو دەتۆرێت، پەشۆکە، لە چارەسەرکردنی کێشە ڕێکخستنییەکاندا توند و موحافەزەکارە. ئەگەرنا کەسێکی بەهێز و سەرنج ڕاکێش جاڕی ئەشق نادا. شێوازی خۆنزیککردنەوەی مرۆڤ دەخاتە بەر ئەندێشە و ترسەوە. لەدڵی خۆتدا دەڵێیت: "ئامان با هیچ شتێکی نەخوازراو روونەدات؟". بەپێچەوانەوە من دەمویست دڵبەندی بەهێزەکەیان ببم. سەرباری لاوازییەکانیشی، لەبەر ئەوەی خۆڕاگر بوو بۆیە خۆشمدەویست. سەرەتا زۆر سۆزدارانە هەڵدەسوڕام، کاری لێکردبووم. بە گوناهم دەزانی و هاوکات گرژی و توندییەک لە ئارادابوو سەرچاوەکەی بۆ هەلومەرجی ئەوسا دەگەڕایەوە. ئەندێشەم لەوە بوو کە ئەگەری هەیە دووژمن هەوڵی بەکارهێنانی بدات.

ئەگەری هەبوو کاریگەری نەرێنی لە هەڤاڵانیش بکات. چونکە دەمگووت: "من ساکینەی هەموویانم". لە ئانوساتێکی وەهادا وەک دەستیان لەسەر بینەقاقام دانابێت بڕیارم دەدا. لەلایەکەوە (کاراسو) و لەلایەکی تریشەوە (شەنەر) دەیانگووت: "ئامان با حاملی هیچی لێنەیەت. حاملی باشە، دروستە...هتد" گومان لە بەکاریگەربوونی هیچ یەکێکیاندا نەبوو، بەڵام هیچ یەکێشیان نەدەبوون بە پاساوێک بۆ من. لایەنی دەستنیشانکار لە بڕیارەکەدا خۆم بووم و دەشبێت یەکەمجارم بێت بە ئەنقەست هەڵە و خەتایەکەم کردبوو. ئەگەر پێداگریم لەسەر یەکەم هەڵوێستی خۆم بکردایە، ئەنجامی باشتری دەبوو. تووڕەبوون، زوویربوون و

تۆرانیشی بەدوای خۆیدا بهێنایە، چانسی بیرکردنەوەی تەندروستانە و کردنەوەی گرێکوێرەکانی دەبوو. دەمتوانی خۆم زیاتر رازی بکەم و پاشان بڕیار بدەم، دەمتوانی بیدەم بەدەم کاتەوە، دەمتوانی زۆر باشتر گفتوگۆ لەگەڵ (حاملی) بکەم، باشتر لە یەک تێبگەیشتینایە و بەبڕیاری هاوبەش بگەیشتینایە. هەوڵێکی ئەرێنی یان پێچەوانەش بووایە کاریگەری ئەوتۆی لە پەیوەندییەکانی تری نێوانمان نەدەکرد، نزیکبوونەوەی راستەقینەتر دەهاتە ئاراوە کە چارەسەری کێشە جددییە رێکخستنییەکانمان بکاتە بنەمای خۆی. چونکە کێشەی ریشەییمان هەبوو.

دواجار؛ ببووم بە خاوەنی هەڵوێستێک کە خۆی بەئاسانی فیدا دەکات، هەست و سۆزی خۆی بە ئاسانی دەردەخاتەڕوو. خۆشەویستی نەدەبا بە ئاسانی و بێ پێوەرانە پێشکەش بکرێت، چونکە بە ئاسانیش کۆتا دەبوو. (حاملی) پاش خۆشەویستی هاوڕێ و هەڤاڵێتیانەی دە ساڵی رابردوو وای دەزانی بە ئاسانی پێیگەیشتووە. هەوەڵ خۆشەویستی و خۆشەویست بە ئەندازەی جاویدانی گەورە بکە و پاشانیش بیدە بە چەقی زەویدا و لە چێوەیەکی قەبا و خواستی خۆپەرستانەدا جێگیری بکە! واتا ئەگەرچی خۆشەویستی و دڵبەندیشی لەناودا هەبێت، بەمجۆرە جێگیرکردنی لەناو ساڵەهای ساڵدا، خنکاندنی لە پەردەپۆشیدا و راگرتنی لە حەشارگەی دابونەریتەکاندا؛ واتایەکی ئەوتۆی نەبوو. گەیشتن بە ئامانج؛ واتای چی بوو؟ چۆن دەبوو؟ گەیشتن؛ بوون بەخاوەنی ماف ناگەیەنێت، لە پەلوپۆ خستن و کەمکردنەوەی بەهاکەشی نییە، نەخێر. گەیشتن چالاکییەکە. خولقاندنی چالاکی و بوونە بە سەرچاوەی چالاکی نوێ. ئەگەر گەیشتن بە خۆشەویستیش چالاکییەکی ژیان و شەیداییە، ئەی ئەم هەموو

شتە بێزار و بێتاقەتکارانە چین؟ بریتی نییە لەدۆخی داماڵینی لە ژیان و تێکۆشانێک کە جەوهەرەکەی پێکهێناوە؟ ئەی تایبەتی ناکات بەخۆی؟.. لەنێوان دوو تاکدا (تایبەت) نییە. بەپێچەوانەوە سەرەڕای ئەوەی زۆر "تایبەت"یشە، ئەوەندە گشتی و بەرفراوانە کە ژیان لەخۆوە بگرێت و تیایدا تێکۆشان بەوپەڕی خێرایی بگەیەنێت.

ئەگەر خۆشەویستی پەیوەندییەکی ژیانە و بەواتای هێزی ژیانە، کەوابوو نابێت بە سەرچاوەی کێشەکان و رۆڵی نەرێنی نابێت لە چارەسەرییەکاندا! خۆشەویستی مۆراڵ بەخشە، هێز بەخشە، تەواوکارە، هەست دەبەخشێت، رێککەوتن دەستەبەر دەکات، دەبێت بە وزەیەکی زۆر گەورەی خولقێنەری. بەڵام ئەوەی ئێمە بەردەوام بە شەڕ و تێهەڵچوون بوو. بچووکترین گووتە کاری تێدەکرد. نەک بە پێگەیشتووانە، بە ئۆقرە و بیکردنەوە لە رەهەندی درێژخایاندنی، بەڵکو زیاتر بێ ئۆقرەیی، ناسەقامگیری، هەڵویستی سۆزدارانە و پەرچەکردارانەمان دەخستە پێشەوە و بەوشێوەیە مامەڵەمان دەکرد. هێشتا لە ئاستی بەڵێنێکدا بوو. هیچ وابەستەییەکی تری نەبوو. ئەگەر بڕیارێکی چەوتبێت، ئەوا هێشتا دەرفەتی راستکردنەوەی هەبوو، پێویست بوو بەمشێوەیە هۆشمەندانە، بەڕێز و سەنگینانە هەڵسوکەت بکرایە. پەیوەندی لە ئاستی بەڵێندا گرنگە، بەڵام لەسەرووی هەموویانەوە ئێمە شۆڕشگێڕ بووین، لەژێر گەمارۆی دابوونەریتەکاندا نەبووین. لە شیرەخۆریدا بۆیەکتر دانەنرابووین! مارەبڕی و واژۆ و شتی لەو جۆرەش نەبوو. تەنانەت لە کۆمەڵگەشدا ئەم شتانە گۆڕانی بەسەردا دێت. ئەمە لەکاتێکدایە کە پێشتر بە مسۆگەری بەڵێنی خۆشەویستی نادرێت. خۆشەویستی بە قسە و بەڵێن نەشونما ناکات و گەشە ناسێنێت، خودی

خۆشەویستی بەڵێنە، خودی خۆشەویستی جوانترین بڕیارە. تاچەند راستە ئەو جوانییانە بخرێنە ژێر کۆنترۆڵی شتێکەوە؟ بەندکردنی خۆشەویستی لە چەند جموجۆڵ و رەفتارێکدا، بەکۆیلەکردنێتی. هەر کاتێک هەستم بەم راستییە کردبێت، پارچەیەک لە شکۆ، شۆڕشگێڕی و (ژن)بوونم لەدەستدەدا و هەستم بە ژانێکی گەورە دەکرد. هەموو ئەوانەم لە رۆژنووسەکانی ئەو رۆژگارەدا نووسیبوو.

زەحمەت نەبوو بەخۆدابچمەوە و خۆم بخەمە بەر لێپرسینەوەی کەسایەتیمەوە. لەو بڕوایە دابووم کە هەستم بە هەندێک شت کردووە، هەندێک شتیشم بەدی دەکرد کە پێمان ناکرێت و نایزانین. خۆشەویستی هزر و شارەزایی دەویست. کاتێک لەناخەوە دەرک پێکردن و تێگەیشتن نەبوو، هەڵوێستی زانستیانە و هەستیار نەبوو، رەهەندە ئەرێنییەکانیش شەکەت دەبوون و لەبار دەچوون. بە ئاشکرا دانم بەو راستییەدا نا، لەپێناوی هاوڕێیەتی دا لای خۆمەوە سەرکەوتوو نەبووم لە خۆشەویستیدا. ناچار نەبووم خۆم هەموو فیداکارییەک بکەم. لەڕاستیدا سەرەکیترین بەهەڵەداچوون و لاوازی لەم خاڵەدا بوو. هەڵبەتە کاتێک بیرم لەمانەش دەکردەوە، دیسان پەلەم دەکرد.

چەند جارێک بە (حاملی)م گووت: "با کۆتایی بەم پەیوەندییە بهێنین" لە وەڵامدا دەیگووت: "خۆم دەکوژم" هەڵوێستێکی سامناکە! کێشە خۆکوشتن و نەکوشتنی نییە، خۆی لە گفتوگۆ و تێگەیشتن لە کێشەکان دوور دەخستەوە، رێگری دەکرد. ئەمەش منی بەرەو هەڵبژاردنی هەڵوێستی ئاسانەوە دەبرد. منیش پێگەیشتوو و تێگەیشتووانە مامەڵەم نەدەکرد لە قانیعکردن و تێگەیاندنی دا. زوو هەموو شتێکم دەکرد بە دەرد بۆ خۆم. بچووکترین کەموکورتی یاخود ناتەواوییەکانی پێکهاتەی کەسایەتی ئەوم لە شوێنی خۆیدا

نیشان دەدا. کاتێک کاریگەرییەکانی چەمکی موڵکپەرستی دەرەبەگی و بۆرژوازی بچووکی ئەوم لەگەڵ بەرخۆدێری و لایەنە ئەرێنییەکانی تریدا بەدی دەکرد، دەشڵەژام.

کەچی کەسایەتی و راستییەکانی یەکانگیربوون و لەناو رێکخستنیشدا بە شێوەیەکی جیاواز بەدی نەدەکرا، چونکە جێگەی نەبوو. پەیوەندی نێوانی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی، کارنەکردنی هاوبەشانە، تێهەڵچوونی لەگەڵ کادیرەکاندا، هەموویان پەیوەندییان بە هەمان توانستەوە هەبوو. کەوابوو پێویستبوو ئەم ململانێیە بەشێوەیەکی راست بکرێت. بەڵام من رووم لە رێگە ئاسانەکەیان دەکرد. پێم دەگووت: "دەبێت دەستبەجێ کۆتایی بەم پەیوەندییە بهێنین" و ئەمەم بەسەردا دەسەپاند. ئەمەش نەدەبوو بە چارە. بەهۆی لاوازی بناخەی پەیوەندییەکەوە، هەر یەکێک لە لاوازی، کەموکورتی، بێ بڕیاری و کارلێکە دەرەکییەکان، رێگەیان بۆ تێکچوون ئاوەڵا دەکرد.

# وا دایدەنێم کە ساڵی 1988 نەژیاوم

لە ژیانی مرۆڤدا ساتەوەختی وەها هەن کە سەرەڕای هەموو تایبەتمەندییەکی نەرێنی، هەموو ئێش و ئازار و لایەنە پڕ لە ئەشکەنجەکانیشی یادی دەکاتەوە و هەندێک لایەنی شایستەی ژیانی تێدا پەیدا دەکات، بە بەشێک لە بەسەرهاتەکانی خۆی هەژمار دەکات، ئەگەر جوێن بە (چارەنوس)ی خۆیشی بدات، بەڵام هێشتاش بە بەشێک لە ژیانی خۆی پەسندی دەکات، خاوەنداری لێدەکات و بەبەشێک لە تەمەنی خۆی دایدەنێت و دەڵێت: "چی دەبێت با ببێت، من ژیام و پێیدا گوزەریم".

تا ئەمڕۆ (مەبەست لە ساڵی 1996 – 1997) و بەمڕۆشەوە بە هەزاران جار گووتوومە: "بریا 1988م بەسەر نەهاتایە" و دەیشیڵێمەوە. ئەو ساڵەم لەناو چل ساڵی رابردووی خۆم دەرخست. دڵگرانم کە ناچارم بە نووسینەوەی، دڵگرانم چونکە زیاتر قسەی لەسەر دەکەم و یادی دەکەمەوە. ئەمەش سیبابەختییەکی گەورەیە!

سەرەڕای ئەوەی نووسین و یادهێنانەوەی هەندێک ناو، هەندێک شوێن و هەندێک دەستەواژەش شەرمەزار بکەم، ناچارم بە تێکدانی ئەو بڕیارە. کەسانی تر ئەمەیان بە شێوەیەکی جیاواز لێکدایەوە و پێچەوانەکەیان شیرۆڤە دەکرد، بەڵام ئەو روانگەیە هەرگیز نەیتوانی راستییەکان بگۆڕێت. ئەو شتەی بە نەژیاوی پەسند دەکرێن؛ ئەو شتانەن کە هەرگیز خۆشەویست نین، لەدوی ناگەڕێن و بیریان ناکرێن. دەخوازرێت ئێش و شادی هەموو ئەو شتانەی لەژیاندا هەزاران جار لێی پەشیمان بوویتەوە لەگەڵ بەسەرهاتەکان پێکەوە لەیاد بکرێت و ژێرخاک بنرێت.

چیرۆکی ساڵێک دووباره ناژییتەوه که ژێر خاکم کردووه! تەنانەت کاتێک ساتەوەختە ناهەموارەکانی ساڵانی ترم دەنووسی، هەست و سۆزی ئەو رۆژەم هەبوو و بەهەمان هەست و سۆزەوە نووسیمەوە. بەڵام هەرگیز نامەوێت هیچ سۆزێکی ساڵی 1988 ببینمەوە. ئەمە دەبێتە مایەی رەتکردنەوەی راستینەی خۆم یاخود راستینەی ئەو ساڵە؟ نەخێر! نەخێرێکی زل و زەبەلاح.. شتێک نییە رەتمکردبێتەوە. هەر شتێک مایەی ژیان بێت لە مرۆڤدا ئاسەوارێک بەجێدەهێڵێت، هەرگیز لەیاد ناکرێن و وەیاد دەهێندرێنەوە. بەپێچەوانەوە من نامەوێت وەیادی بهێنمەوە، لەسەری بنووسم یاخود قسە بکەم. سەرباری ئەوەش هەر دەینوسم. نازانم چ ناوێکی لێ دەنرێت.

لەمانگی شوباتدا لە سەرتاسەری زیندان دەست بە مانگرتن کرا. هەڤاڵان خوازیار نەبوون هەندێکمان بەشدار ببین. دەیانگووت: "بەرخودانێکی کردەیی لە ئارادایە، بەشدارکردنی هەڤاڵانی شەکەت و نەخۆشمان بەلاوە گونجاو نەبوو. پێمان باش نییە تۆش بەشداری بکەیت. چالاکی بەشێوەی دەستە دەستە و بە نۆرە دەبێت. پێویستە لەم بوارەدا سۆزدارانە مامەڵە نەکرێت. لە قاوشی (35)یشدا (کاراسو) و چەند هەڤاڵێکی تریش بەشداری ناکەن" و کەچی هەر ئەوانیش راستینەی ئێمەیان لەبەرچاو نەدەگرت و سۆزدارانە مامەڵەیان دەکرد.

ئەمەم بەلاوە گونجاو نەبوو و کاردانەوەم نیشاندا، لە نامەیەکدا پێمگووتن: "بە هێشتنەوەم لەدەرەوەی چالاکییەکان نەخۆشم دەخەن. مایەی دانبەخۆدا گرتن نییە. ئەو هەڵوەستەیە زیاتر دەمکوژێت" لەبەردەوامی نامەکەدا ئەوەشم نووسی کە بڕیارەکە لەجێی خۆیدا نابینم، ئەگەر بزانم پێچەوانەی بڕیاری رێکخستنیش بوومەتەوە، بەشداری دەکەم. ئەم هەڵوێستەم رەخنەکرا و

سەرلەنوێ ئاگادارکرامەوە. ئەوانیش بە پەرچەکرداری سۆزدارانە تۆمەتباریان دەکردم. دیسان پاشگەز نەبوومەوە. کێشە پەرچەکرداری سۆزدارییانە نەبوو. ئەو هەڵوێستە لە رووی ئەخلاقی، کۆمەلایەتی و سیاسییەوە جێگەی نەبوو. من نەمدەتوانی جێگەیەکی بۆ بدۆزمەوە. ئەوە شێوازێکی ژیانە و پێویستی نەدەکرد من یان کەسێکی تری لێ پەراوێز بخەن. گەرچی رازیبووم بە بەشداری نەکردنی ئەوانی تر، جا ئەگەر وەک ناکۆکییەکیش لێکبدرێتەوە، بەلام سەبارەت بەخۆم هەرگیز! بەشداری نەکردم لە چەند (مانگرتنی تامردن)ی رابردوو، زۆر ئازاری دابووم، بۆیە نەمدەویست ئەو ئێش و ئازارانە دووبارە ببنەوە.

ئایا دەمتوانی کەموکورتی 14ی تەممووزی 1982 لە هەموو ژیانم دەربکەم؟ لە 1982دا ئاگادار نەبووین، زانیاری کۆنکرێتیمان بەدەست نەدەگەیشت، هاوکات بڕیارێکیش هەبوو؛ ئەویش هێشتا بڕیارمان لەسەر نەدابوو کە ئەگەر بێ هەواڵ و ئاگاداری هەڤالان بجولێینەوە کارێکی راست دەکەین یاخود چەوت. ئەمە و کاریگەری هۆکارگەلێکی تریشی لەسەر بوو. بەلام لە 14ی تەممووزدا دووژمن لەکاتی سەرقاڵبوونی بە لایەنەکانی تری کارەکەوە و تەڵەکەبازییەکانی بۆ شکاندنی چالاکییەکەدا، هەواڵی پێدابووین و ئێمەش ئامادەکاریمان کرد. لەوانەیە ئەنجامەکەی نەگۆڕیبا و چالاکییەکە لە دوا رۆژەکانیدابوو، بەلام لانی کەم دەبووە بڕیارێکی جێبەجێکراو، دواتر لەوانەیە بەم ئەندازەیە ویژدانی ئازار نەدابایەن، نەدەبوو بە ژانێکی گەورە، هاوکات لەخۆشماندا بەشێوەیەکی خێرا دەمانکرد بە هەوڵی بەهێزبوون. واتا لەم بوارەدا شتێک هەبوو کە کردبووم بە

پرەنسیپ بۆخۆم: لەهەر کوێیەک بم، باجەکەی هەر چییەک بێت، هەموو شێوازێکی بەرخودانی دەبوو بە شێوازی ژیانم.

هەڵبەتە توانستی جەستەییم وەکو جاران نەبوو. تەنانەت مانگرتنی دوو رۆژەش کاریگەری دەبوو. (م.ئەمین یاووز) و چەند هەڤاڵێکی تر کە هەمان باری تەندروستیان هەبوو پێیان گووترابوو کە بەشداری نەکەن. چونکە خۆی نەخۆشی گەدەی هەبوو. هەندێک لەو هەڤاڵانە رەچاوی ئاگادارییەکانیان کردبوو، هەندێکیش نەخێر، چونکە لەدۆخی وەهادا خۆڕاگرتن لە بێچالاکی و بەشدارینەکردن مەحاڵ بوو. ئاخی بەسەرهاتەکانی رابردوو دڵی هەموو هەڤالانی زامدار کردبوو. شەهیدبوونی ئەو قارەمانانە لەدڵی هەر هەڤاڵێکدا زامێکی کۆلابوو. بەهەر شێوە و شێوازێک بێت تۆڵەسەندنەوەیان لە ئاستی پرسێکی ویژدانیدا بوو. (م.ئەمین) لەبەرامبەر هەموو زەبر و زەنگ، ئەشکەنجەی وەحشیانە و هەموو برسێتییەک خۆی راگرتبوو، بەرخودانییەکی گەورەی کردبوو. بەڵام لە یازدەهەمین رۆژی بەرخودانی مانگی شوبات دا شەهید بوو.

لە راستیدا لە (9)مین رۆژی چالاکییەکەدا دانوستان دەستی پێکردبوو، بەڵام بەڕێککەوتن نەدەگەیشت. ئەو رۆژە هەڤالان بە ژمارەیەکی زۆرەوە هاتبوون و منیشیان بۆ دانوستانەکان بانگ کرد. سزای هەڤال (موزەفەر) و (جان) یەکلا ببوو، شەو لە ئامەدەوە دەگوازرانەوە. سەرەتا (جان) بەناوی (PKK) وە دانوستانەکانی بەڕێوە دەبرد. تەنیا نیوە رۆژێک توانیبووی بەشداری بکات، پاشان (شەنەر) لەجیاتی هات. لە زیندان یەکەم

جار بوو لەنزیکەوە دەمبینی. یەکەمجار لە کۆنگرەی دامەزراندنی پارتی لە 1978 دا بینیم، کە لە کۆنگرەکەدا بەشێوەی زارەکی راپۆرتی هەرێمی ئێلیحی پێشکەشکرد، ئەمەش بۆ من مایەی سەرنج بوو. گەنج بوو. هەرچەندە بچووک دیاربوو، بەڵام راپۆرتەکەی بەرفراوان بوو.

ناوبەناو هەڤاڵ (کاراسو) و ئەوانیش بەشداریان دەکرد. دەمگووت: "دیارە هاوکاری (جان) و ئەوانیان کردووە". (کاراسو) هەمیشە کاریگەری مەعنەوی هەبوو، متمانەی دەبەخشی. دۆست و دووژمنیش دەیناسی. هەرچەندە لەناوخۆدا هەندێک دەرکەوتبوون بە شێوازێکی نەرێنی روویان تێکردبوو، بەڵام ئەوانیش راستیینەی خۆیان بۆ هەمووان ئاشکرا کردبوو. نزیکەی دوو ساڵ سەرقاڵیان کرد، رێگەیان لێگیرا و نەیانهێشت بەرەو ئەنجامی ترەوە بچێت. هێشتاش بە تەواوی نەماندەزانی کێشەکان لە چ ئاستێکدان.

ئێمە وەک قاوشی ژنان ماددەیەکی ترمان لەسەر داوانامەکەی چالاکی مانگی شوبات زیادکردبوو: "لە پێگەی دووجار بەندکراویداین، واتا لەناو زینداندا لە زیندانێکی تریشداین، ئێمەی بەندکراوان لە ناو گۆشەگیرییەکی گەورەداین کە ئەمەش هەڵوێستێکی هەرەمەکییە(میزاجیە) و پێویستە لاببرێت". لە بیرمان نەبوو بچین بۆ شوێنی هەواگۆڕینی قاوشەکانی تر. بەڵام بەگشتی نوێنەرانی قاوشەکانی تر ئەم دۆخی گۆشەگیرییەی ئێمەیان خستبووە بەر باس و کاردانەوەی خۆیان نیشان دابوو. ژمارەمان کەم بوو، چوار کەس بووین. بە تەواوی لەیادم نییە، بەڵام هەڤاڵێک

گووتبووی: "ئەنانەت دەتوانن جاروبار بێنە حەوشەی هەواگۆڕینەوە". لەلای خۆمانەوە ئەم خاڵەمان زۆر نەخستبووە پێشەوە. لەگەڵ بە رۆژەڤبوونی "میوانداری" نێوان قاوشەکان، ئەم ماددەیەشیان خستە پاڵییەوە. لەڕاستیدا کێشە بناخەییەکانی تر گرنگ بوون. ناوە ناوە قەدەخەنامە (گشتینامە)یان بەسەردا دەسەپاندین. شوێن و ماوەی چاوپێکەوتنی ئاشکرا دەبوو بە کێشە. لەم بوارەدا داواکاری چاوپێکەوتن لە حەوشەی هەواگۆڕین پێشکەش کرابوو. دەگووترا پێویستە لەماوەی رۆژانی جەژن و بۆنەکان، رۆژانی پشوو بە گشتی چاوپێکەوتن هەبێت. گەیاندنی هەر پێداویستییەک کە لەلایەن خانەوادەکانەوە دەهێندران، چونکە کێشەی پەرتووک و نامە لە ئاستێکی جددیدا بوو. لێنانی چای لەناو قاوشەکاندا یەکێک بوو لە داواکارییەکان. چای گشتی لە رووی تەندروستی و لەڕووی ماددیشەوە زیانی زۆر بوو، داوای تەباخی کارەبا کرابوو بۆ هەر یەکێک لە قاوشەکان.

گفتوگۆیەکی زۆر لەسەر ئەو خاڵانە دەکرا. دانوستانەکانی رۆژانی یەکەم چەقی بەستبوو. خانەوادە و کەسوکاری بەندکراوانیش لەدەرەوە لە چالاکیدا بوون. شاندێکیش چووبووە ئەنکەرە.

هێشتا بە شەهیدبوونی هەڤاڵ (م.ئەمین)مان نەزانی بوو. دانوستانەکان لەگەڵ کاربەدەستێکی نێردەی ئەنکەرە و پلەدارێکی سەر بە سوپای حەوتەمی وشکانی دەکران. لە خاڵێکی دانوستانەکاندا قسە و باس هێنرابووە سەر سەر و ریش. هەندێک کێشە بە دوورودرێژی قسەیان لەسەر دەکرا. لەلایەک لەبەر

ئەوەی کێشەکە بەم ئەندازەیە گەورە دەکرا و لەلایەکیش قەدەخەنامەکانیان لەڕاستیدا هێشتاش خۆزاڵکردن بەسەر جەستە و ئیرادەی بەندکراوان و جەوهەری یەکجۆر کردنی مرۆڤی نیشاندەدا، بەم هۆکارە تەداخولم کرد و گووتم: "تەنانەت تایبەتمەندییە سرووشتییەکانی مرۆڤیش کراون بە ئامرازی زەبروزەنگ، کراون بە ماددە و لە گشتینامەکاندا جێگیرکراون. ئەمانە زۆر سەرەتایین، پاشڤەڕۆن و پەیڕەوکاری دژی مرۆڤایەتین. بێ ئەملاو ئەولا دەبێت لاببرێن" زۆر پێی تێکچوون، تۆزێک گاڵتەیان خستە ناو باسەکەوە و گووتیان" ساکینە خان بەرگری لە مافی سەر و ریشی پیاوانیش کرد" بێگومان هەمووومان پێکەنین. کابرا لەوێدا بە نوکتەهێنانەوە قسەی کرد، بەڵام گەلێک پیلان و رێسای زۆرەملێ و قێزەون هەبوون و ئێمەیان پێوە سەرقاڵ دەکرد.

هەندێک لەماددەکان بە چەقبەستی گەیشتبوو و ئەوان دەیانگووت: "بەپێی کات" چارەسەر دەبن. هەر لەوێدا خۆیان شەهیدبوونی هەڤاڵ (م.ئەمین)یان پێ راگەیاندین. بەشێوەیەکی زۆر فێڵبازانە لە کۆتایی دانوستانەکاندا پێیان گووتین. ئەویش بە " تکا و رجا" و هەوڵدان بۆ هێورکردنەوەی کاردانەوەکان و رێگەنەدان بە ئاڵۆزی قسەیان دەکرد. هەمووومان لەو کتوپڕەدا بێدەنگ ببووین. پاشان گووتمان: "مادام شەهیدمان هەیە، بۆچی هێشتاش قسە لەسەر ماددەکان دەکەین؟" بێگومان کەس نەیدەویست دانوستانێک بهێنێتەوە سەرەتا کە بە ئاستی ئەنجامگرتن گەیشتووە. هەروەها دووژمنیش زۆر پێداگر نەبوو،

هەڵوێستێکی نەرمیان دەنواند. تەنانەت بە گفتوگۆی یەکلایەنەی ناوخۆمان تێکچووبوون، شڵەژابوون. لەو نێوەدا ماددە یەکلاکراوەکان سەرلەنوێ دووپات کرانەوە.

هاوکات لەگەڵ یەکلابوونەوەی ماددەی "میوانداری" گووتبوویان "کچەکانیش ناوە ناوە دەتوانن بچنە حەوشەی هەواگۆڕین و لەوێش چاوپێکەوتنی ناوخۆیان بکەن". ئەمەش بەم واتایە دەهات: ئێمەش لەگەڵ هەڤاڵانی قاوشەکانی تر پێکەوە لە یەک حەوشە یەکترمان دەبینی. سەرەتا بڕوامان نەکرد، لەلای خۆمانەوە گرنگترین و ئەرێنیترین بڕیار بوو.

یەکەمجار چووینە حەوشەی هەواگۆڕینی قاوشی (35) و ئەنجامەکانمان بە هەڤاڵان گەیاند. سەرجەم بەندکراوانی هەموو قاوشەکان، پێکەوە و لەیەک کاتدا لە حەوشەکانی هەواگۆڕینی سەرجەم قاوشەکانی تردا بە ڕێزلێنان و دروشمی (محەمەدئەمین نەمرە)، (بژی بەرخودان)، هەڤاڵ (محەمەدئەمین)مان وەیاد هێنایەوە. دەنگ بەیەکجار شەپۆل بە شەپۆل لە هەموو بەش و قاوشەکان زایەڵەی دەکرد. سەرەنجامەکان بە خانەوادە و کەسوکارەکانیش گەیەندرا کە لەبەردەم زینداندا بوون. دەستەیەک لە نوێنەرانی خانەوادەکان هاتن، داواکارییە پەسندکراوەکانیان پێ ڕاگەیەندرا.

## هەڵاتنەکە سەری نەگرت؛

## مەنفایەکی گەورەی بەدوادا هات

دوای بڕیارەکە بۆ یەکەمجار بوو دەچوومە قاوشی (35)ەوە، بێگومان تەنیا حەوشەکەی، مۆڵەت بە چوونە ناو قاوشەکە نەدرا. دیسان ناوی و هەموو شتێکی، (مەزلوم)، (خەیری)، (کەمال) و قارەمانەکانی تری دەهێنایەوە بیر، لەگەڵ ئەوان یەکانگیر ببوو. (35... 35... 35... ) لەسەر پارچە نایلۆنێک، لەسەر رۆژنامەیەک، مەتارەیەک یان لەسەر هەر شتێک ژمارەی (35)مان ببینیایە وەک ئەوەی شتێکی پیرۆزمان بینی بێت بە ریز و بە نۆبە دەستمان بەسەردا دەهێنا و ماچمان دەکرد. هەرکات گووتەی (35) بەرگوێ بکەوتایە، هەموو کەسێک بە چوار چاوەوە و بە وریاییەوە هەوڵی تێگەیشتنی دەدا، لەو ئانوساتەدا هەستی بە جۆشوخرۆشێک دەکرد و دەیگووت: "دیارە شتێک هەیە". (35) بەشێوەیەک بەناواخنی ژیانماندا رۆچوبوو، ببوو بە ناڵە، بە سوێند، برینی دڵ، شادی و هیواکانمان. شوێنێکی پیرۆزە، قیبلەی زیندان بوو. بێگومان لە نووسراو و گووتارەکاندا هەموو کەس بە قیبلەی زیندان ناوزەدی دەکرد.

(کاراسو) لە قاوشی (36) بوو. (35) و (36) لەهەمان بەشدا بوون، بە داڵانێک کرابوون بەدوو بەشەوە و هەمان پێگەیان هەبوو. هەر لەمێژیش بوو هەڤاڵان لە (36) دەمانەوە. بەڵام کادیرە پێشەنگەکان، شەهیدەکانمان لە (35) بوون. هەربۆیە کاریگەری مەعنەوییانەی دیار و بەرچاوتر بوو. بەهۆکارێکی لەوجۆرە یەکەمین جار بوو سەردانی (35)م دەکرد. هەموو هەڤاڵانم لە ئامێز گرت، زۆربەیان بۆ یەکەمجار بوو دەمبینین. پێشتر ئەگەر

لەیەک ڕێکەوت و کاتدا دادگاییمان هەبووبێت تووشی یەکتر ببووین و هەلێکمان دەستکەوتبێت قسەمان کردبوو، بەشێکیانمان لەدوورەوە ناسیبوو، ئەگەرنا ژمارە زۆربوو و نەمدەناسین.

نەمدەزانی کێیە؟ چییە؟ چی کردووە؟ تا چەند هەڤاڵە، تا چەندە پەیوەندی هەیە لەگەڵمان؟ جیاوازییەکی بەوجۆرەم بە خەیاڵ و ئەقڵدا نەدەهات. هەموویان هەڤاڵ و هاوڕێ بوون، هەموویان ئەو مرۆڤانە بوون کە ئەو وەحشەتەیان بەسەردا هاتبوو و هەر هەمووشیان مرۆڤی بەهادار بوون.

کەسانی گرووپەکانی تریشمان خۆشدەویست، بەچاوی هاوڕێی زیندانەوە سەیرمان دەکردن و گرنگیمان پێدەدان. مامەڵەی ئەوانیش لەگەڵمان بەهەمان شێوە بوو. تەنیا چوار ژنە بەندکراو مابووینەوە. لەناو هەزاران بەندکراودا تەنیا چوار ژن. بۆیە (باجی، گوڵە، دادە) و تەنانەت (دایک)یان بووین. بە تەمەنترین هەڤاڵیش هەر بە دادە بانگی دەکردین. خۆشەویستی خۆیان بەمجۆرە دەردەبڕی. بێگومان شەرمەندەیان دەکردین، دڵیان پڕدەکردین و تەنانەت زۆرجار فرمێسکیان لەچاو دەباراندین. لەم بوارەدا لەیەک تێگەیشتن زەحمەت نەبوو، بەڵام دیسانیش لەوبڕوایەدا نیم هیچ یەکێکیان بزانن سەبارەت بەوان بیرمان لەچی دەکردەوە، هەستمان بەچی دەکرد، چۆن بەسەرهاتێکمان هەبووە و چۆن ژیاوین.

گۆشەگیربوونی ساڵەها برسێتییەکی گەورەی لەناخماندا دروست کردبوو. هەر بۆیە قسەکردن، گرنگیدان و مەراق لەسەر لایەنە نەزانراوەکانی ساڵانی رابردووش هەبوو. ئاشنای ناویان دەبووین، لەڕیزی کام گرووپ دادگاییکراون، چەند سزایان بەسەردا سەپێندراوە و گەلێک بابەت و پرسی تر. پاش گفتوگۆی گشتی لەگەڵ هەڤاڵان، بۆ ئاگاداربوون لە گۆڕانکاری و پێشکەوتنەکان گوێم بۆ (کاراسو) شل دەکرد و پرسیارم لێدەکرد.

ئەویش دانە دانە باسی لە یەکە بە یەکەی کادیرەکان، بەرئەندامان، ئەوانەی کێشەیان هەبوو، ئەوانەی پێویستبوو هەڵوەستەیان لەسەر بکرێت، ئەوانەی لەلایەن ڕێکخستنەوە ڕێکاریان لەبەرامبەر گیراوەتەبەر، تەنانەت تا بە قاچاخچییەکان دەگات، کێن و چین، ئاستی پەیوەندیمان چۆنە، پێویستە چی بکرێت و چی نەکرێت... هتد، ئاگاداری و زانیاری پێدام.

ئەوانەی سزاکانیان یەکلاکرابووەوە ڕەوانەی شوێنی تر دەکران. دۆزە سەرەکییەکان بە ئەنجام گەیشتبوون. بەشێک لە دۆزی گرووپەکانی تریش بە هەمان شێوە. لێرەدا کەمێک بە پەلەپرووزی دەجولامەوە و دەموویست بە هەموو شتێک بزانم. ئەگەری بێچانسی و پێشهاتی چاوەڕوان نەکراو هەبوو. یەکەمجار بوو بەم شێوەیە یەکترمان دەبینی، ئەگەری ڕۆیشتن و گواستنەوەی بەشێکی زۆری هەڤاڵان لە ئارادا بوو.

(کاراسو) خۆیشی بۆی باس دەکردم و ناوی چەند هەڤاڵی تریشی پێدام و پێیگووتم: 'با ئەوانیش بۆت باس بکەن. لەگەڵیان گفتوگۆ بکە. فوئاد کاف، حەسەن ئا.. و ئەوانیش ئاگاداری هەموو قۆناخەکانن. بەڕاست ئەگەر جان، موزەفەر، ڕەزا و ئەوانیش لێرە بوونایە باشتر دەبوو. ئێمەش نەمانتوانی بەپێی پێویست گفتوگۆ بکەین. دیارە بەس ئەم هەڤاڵانە دەیانتوانی بارودۆخ و ڕەوشی گشتی هەڵسەنگێنین. یلماز ئۆزون، شامیل، سەعید ئویچلو و چەند هەڤاڵی تریش هەن کە هەڵسەنگاندنەکانیان گرنگن. لەگەڵ هەموو کەسێک گفتوگۆ بکە. باشە، ئەم هەلە بەوردی هەڵسەنگێنن. هەڤاڵان ئێوەیان خۆشدەوێت. لەلایەک دەبێتە مۆڕاڵ و لەلایەکیش بە ئاشکراتر دەتوانن قسە بکەن. لەلای ئێمە هەموو کەسێک تا ڕادەیەک ئاوێتەی یەکتر بوون. ئەم دوو ساڵەی دوایی بە ڕادەیەک بوو بە ساڵی گرژی و تێهەڵچوون. ئەگەر باڵادەستی و قورسایی پارتی نەبێت، گوێگرتن و تێگەیشتن لاواز و پەرچەکردار و تاوانبارکردنی یەکتر زۆر دەبێت. لەوانەیە دڵگرانیشت بکات، بەڵام

راستینەی ئێمە وەک ئەوە نەبوو کە لەدوورەوە دیاربوو، گەر بچیتە ناوی، تێدەگەیت. بێگومان ئەندامی شانازیی بەڕێوەبەرایەتیت.

تا ئەمڕۆ بەپێی پێویست ئاڵوگۆڕی نووسین و نامەمان نەکرد، بەشداربوون کەڵکی دەبوو. ئێستا دەتوانی باشتر بەشداری بکەیت، لە ئاستی بڕیارداندا بەشداری بکە. دیارە بەمشێوەیە دەرفەتی بەشداریکردنی راستەوخۆت لە کۆبوونەوەکاندا مەحاڵە، بەڵام بەر لە کۆبوونەوە و دوای کۆبوونەوەکە بیر و بۆچوون و پێشنیازەکانت وەردەگرن. ئەمەش کاریگەری لەسەر بڕیارەکان دەبێت. لە ئایندەدا دەرفەت هەبێت بەشداری کۆبوونەوەکانیش بکە. ناوەناوە بەبێ سەرنجڕاکێشان دەتوانرێت لە کاتی پشوو و هەواگۆڕیندا کۆبوونەوەی کورتخایەن بکرێت. لەسوچێکدا کۆببینەوە قسە بکەین. بەڵام ئێستا دەتوانی بەهەموو قاوشەکاندا بگەڕێیت، لە هەر قاوش و بەشێکدا هەڤاڵی بەرپرسیار هەیە، نوێنەر هەیە. بەمشێوەیە دەکرێت بیر و بۆچوونی ئەوانیش وەربگیرێت. هەر شوێنێک ئێمە دەستمان پێنەگەیشت تۆ دەچیت و راستەوخۆ قسەیان لەگەڵ دەکەیت. ئیتر پێویست بە نامە نامێنێت. ئەگەر پێویستی کرد دەینووسین...هتد".

هەرکاتێک دەچووینە یەکێک لە حەوشەی قاوشەکانەوە، لەبەر ئەوەی دەبووە یەکەمین جارمان، لەگەڵ هەموو کەسێک چەند خولەکێکمان دەبوو بۆ قسە و گفتوگۆ. کات زوو تێپەڕدەبوو، هەر هێندەمان پێدەکرا سڵاو بدەین و دۆخی یەکتر بپرسین.

لە قۆناخی یەکەمدا زیاتر دەچووینە حەوشەی قاوشی (35)ەوە. لە دانوستانەکەماندا گووتبوویان: "دەتوانین بچینە حەوشەی ئەو قاوشانەی خزم و کەسی خۆمانی لێیە" هەڤاڵان (35)یان بەباش زانی. ئاراستەی سەرەکیمان ئەوێ بوو. چونکە لەلایەک شوێنی ناوەندی بەڕێوەبەرایەتی بوو، لەلایەکیش واتای مەعنەوی هەبوو، بۆیە ئێرەیان بە گونجاو زانی. هاوکات لەگەڵ

قاوشێکی تریش هەمان حەوشەیان هەبوو. ئەمەش کەڵکی زۆری هەبوو. هەڤاڵان قەرەباڵغ بوون. هێشتا پەلەی قاوشەکانی ترمان نەبوو. دەستمان بە یەکەم سەردانەکانی خۆمان کرد، هەر جارە و نیوەی رۆژێک دەچووینە لای قاوشێک. سەردانی گرووپەکانی تریشمان دەکرد. لە نەورۆزدا چووینە لای هەموویان و جەژنە پیرۆزەمان لێکردن.

لە سەرەتای ئاداردا دەنگۆی راگواستنی گرووپێکی گەورە هەبوو کە (کاراسو)شیان لەناودابوو. شەوێکیان دروشمەکانی "شەرمەزاری بۆ راگواستن - مردن بۆ راپێچکردن" لە هەموو لایەکەوە دەنگی دەدایەوە. (کاراسو) و هەندێک لە هەڤاڵان بۆ خاترجەمی، بە قاوشەکاندا دەگەڕان. سەریان بە هەرکامە قاوشدا بکردایە بە دروشمەوە پێشوازییان لێدەکرا، بە دروشمەوە بەڕێدەکران. هەڤاڵان دەیانگێڕایەوە و دەیانگووت: "وەک مەراسیمێکی بەهێز وابوو".

دەیانگووت: "لەبەر ئەوەی بڕیاری دادگایە و بۆ کۆمەڵێک هۆکاری – یاسایی – دەگەڕێننەوە بۆیە شتێک نییە بیکەین". هەندێک لە هەڤاڵان گووتبوویان: "با بسووتێنین، بڕوخێنین..."، بەڵام هەڤاڵان ئەم پێشنیازەیان بەباش نەزانی و دەیانگووت: "هەوڵی یاخیبوون و پەرچەکرداری لەوجۆرە زەمینەی گێرەشێوێنی بۆ دووژمن دەستەبەر دەکات".

سەرلەبەیانی رۆژی دواتر لە داڵانەکەدا چاومان بە هەموو ئەو هەڤاڵانە کەوت کە لەسەر رێی دوورخرانەوە بوون، تا تەواوکردنی رێکارەکانی گواستنەوەیان هەر پێکەوە بووین.

(کاراسو) بەرلەوەی بڕوات پێیگووتم: "شەوی رابردوو لە (35) کۆبوونەوەیەکمان سازدا. بەڕێوەبەرایەتییەکمان دەستنیشان کرد. تۆش بەپێی هەل و دەرفەت بەشداری دەکەیت. بەتایبەتیش حاملی و ئەوان دەیانگووت؛ با بسووتێنین، بڕوخێنین. نابێت بەم بێدەنگییە وەڵامیان بدەینەوە. ئەمە دوورخستنەوەیەکە. ئەگەر وەها بڕوات،

پێشهاتیشی دەبێت.. ئێمە بەرپەرچمان دایەوە و رازی نەبووین. دووژمن ئامانجێکی زۆری هەیە، نایەوێت هێزێکی گەورەی کادیران لە ئامەد رابگرێت. لە هەشتاکاندا هەموو کەسێکیان لێرە کۆکردەوە، ئێستاش بە پێچەوانەوە پەرتەوازەیان دەکەن. خەڵکی ئامەد نیشتمانپەروەرن، هەموو رووداو و پەرەسەندنێک کاریان تێدەکات. دەیانەوێت خانەوادەکانیش پارچە بکەن و یەک هێزی نەهێڵن. لەم بوارەدا پەردەی یاساییشیان پەیدا کردووە. هەر بۆیە سوورن لەسەر راگواستنمان. ئەگەر هەڵسین بە رێگریکردن، پێشهاتی جیاواز دێتە رێمان. راپەڕین و بەگژداچوونەوە رێگە بۆ شەهیدبوونی هەڤاڵان ئاوەڵا دەکات".

منیش سەرەتا گووتم: "نابێت بەم جۆرە بەبێدەنگی وەڵام بدرێنەوە".. دوای قسەکردنم لەگەڵ (کاراسو) رازی بووم. پێویستە دەرک بە ناواخنی ئەو تەکتیکەی دووژمن بکرێت. دەشێت هەموو شوێنێک بکرێت بە ئامەد. کە هەر ئەو رۆژە دروشمی "هەموو شوێنێک دەکەین بە ئامەد" گووترانەوە.

لەگەڵ جوڵەکردنی گرووپەکە، هەمووان پێکەوە و بە یەکدەنگ دروشمی: "ریسوایی بۆ راگواستن – بژی بەرخودانی شکۆمەندانەمان – هەموو شوێنێک دەکەین بە ئامەد"مان گووتەوە و تا دوورکەوتنەوەی دەنگی ئۆتۆمبێلەکانیش بەردەوام بوون. (کاراسو) پارچەیەک بوو لە شەهیدەکانمان و بەمجۆرە بەڵێنی پابەندبوون بە هەڤاڵێتی (کاراسو) و ئەوانەوە خۆی دووپات دەکردەوە.

## ئەندامی شانازیی بەڕێوەبەرایەتیم..

لە دوای بەرخودانی شوبات، ئیدارەی زیندان کرا بە مەدەنی. پاسەوانی مەدەنی، بەڕێوەبەری مەدەنی، سێ بەڕێوەبەر بەجارێک هاتبوون. بەڕێوەبەری یەکەم و دووانی جێگر. (محەمەد)یان کاتێک لە زیندانی مەلەتی بووم ئەو لەوێ فەرمانبەر بوو. لەزیندان یان پاسەوان بوو یان سکرتێر. ئێستا ببوو بە بەڕێوەبەری دووەمی زیندانی ئامەد. پاسەوانەکان هەڵبژاردە بوون، کادیری تایبەت بوون کە لەگەڵ پاسەوانی زیندانەکانی تر هاوسەنگ کرابوون. هەر یەکەم ڕۆژ سەرپاسەوانێک بە بینینی ئێمە لە حەوشەی قاوشی هەڤاڵانی تر و بە ئاسانی هەڵسوڕانمان تووڕەبوو، کڵاوەکەی دا بە زەویدا و گووتی: "بەڕێوەبەرەکەم، من لەشوێنێک ئەرک هەڵناگرم کە ژن و پیاو تیایدا پێکەوە لەیەک حەوشەی هەواگۆڕیندا بن، دەست لەکار دەکێشمەوە". پاشان درەنگ دەرگەی قاوشەکەیان کردینەوە. هۆکاری ئەمەشمان لە بەڕێوەبەری گشتی پرسی و لە وەڵامدا گرفتاری خۆی دەهێنایەوە و دەیگووت: "پاسەوانەکەم کڵاوەکەی فڕێدەدات، ئێوە پێم دەڵێن؛ بەڕێوەبەری فاشی، ئەوی تر دەڵێت بەڕێوەبەری لایەنگری بەندکراوان.. لەو نێوەدا گیرمان خواردووە، چی بکەین؟".

لەگەڵ (حەسەن ئا. )، (فوئاد کاف)، (سینان جانیاک)، (فاروق)، (شەنەر) پێکەوە دەستەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی زیندان بووین، (حەسەن) سکرتێر بوو. تا ناوەڕاستەکانی مانگی ئایار نەمدەتوانی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەشداری لە کۆبوونەوەکان بکەم. شتێکی گرنگ هەبووایە ناوەناوە لە حەوشەی زیندان کۆدەبووینەوە. بەڵام لەبنەمادا سیستەمی پێشوو کارابوو. تێڕوانینەکانی خۆمم پێشکەش دەکرد و گفتوگۆمان دەکرد. جاروبار دوو بەدوو،

جاروبار سێ کەس، جاری واش هەبوو پێنج کەس دەمانتوانی گفتوگۆ بکەین. واتا لایەنی تەکنیکی تەگەرەیەکی ئەوتۆ نەبوو، بەڵام نەماندەتوانی گفتوگۆی بەرفراوان و درێژخایەنتر بەوجۆرە ئەنجام بدەین.

پێشتر بڕیاردرابوو کە بەهاتنی نەورۆز دەست بەقۆناخێکی نوێ دەکرێت. لە دادگاکاندا بەرگریکردن بە زمانی کوردی و لەناوخۆشدا دەست بە قۆناخی رەخنە لەخۆگرتن دەکرا. ئەم قۆناخی رەخنە لەخۆگرتنە، سەرجەم زیندانەکانی دەگرتەوە. قۆناخەکە لەچوارچێوەی واتای مێژوویی نەورۆز بەگشتی و پابەندبوون بە یادی (مەزڵوم) و شەهیدە قارەمانەکانی تر بەتایبەتی هەڵدەسەنگێندرا. سەبارەت بە قۆناخەکە گووتارێک نووسرا بوو کە واتا، گرنگی و چۆنێتی جوڵانەوەی لەخۆگرتبوو. بەم قۆناخە تا رادەیەک یەکلابوونەوە و رۆڵی کادیران دەردەکەوتە روو.

کاری نووسین زیاتر لەلایەن(شەنەر)ە وە ئەنجام دەدرا. رۆژنامەی (هاوار) بەشێوەیەکی رێکوپێک دەردەکرا. پێشتر هەندێک لە ژمارەکانیمان بۆ دەهات. بەتایبەتیش لە 1987 دا گووتاری گرنگ و بەرفراوان چاپدەکران. تیایدا بابەتی جیاجیا تاووتوێی دەکرا. گۆڕانکارییەکانی سۆڤیێت و لە ئاستێکی گشتیدا کێشەکانی سیستەمی سۆسیالیستی لە بابەتە سەرنجڕاکێشەکانی رۆژنامەی (هاوار) بوون. سەبارەت بە تەوەرەکانی؛ شێوەی تایبەت، چەتەگەری، دەزگاکانی شەڕی تایبەت و کۆمەڵێک بابەتی تریش نووسراو بڵاو دەکرانەوە. بەڵام شێوازی لێکدانەوەی قۆناخی سۆڤیێت بەتایبەتیش هەر لە (میخائیل گۆرباتشۆڤ) تا (پیرۆسترۆیکا) و (گلاسنۆست) گەیشتبوو بە چوارچێوەی تاوانبارکردن و جیاکاری لەنێوان لایەنگرانی (گۆرباتشۆڤ) و

دژبەرانی (گۆرباتشۆڤ). بەشێوەیەکی بێ ئەندازە و بێ سنوور کرابوو بە بابەتێک کە جێگەی بە هەموو کێشەکانی تر لێژکردبوو. زۆر دواتر زانیم کە ئەوکەسەی زیاترین گووتار لەسەر ئەم بابەتە دەنووسێت (شەنەر)ە، بەناوی جیاجیاوە. چونکە لە هەر ژمارەیەکدا نازناوی جیاجیا هەیە و لەراستیشدا هەمان کەس لەژێر ئەو ناوانەدا دەینووسی. بێگومان نووسەری تریش هەبوو. بەڵام دەیانگووت بە ئامانجی زیاتر خستنە بەر باس و دەستنیشانکردنی ناکۆکییەکان ئەم رێگەیە گیراوەتەبەر. هەمووومان گفتوگۆمان دەکرد و ئیتر بەخاڵێک گەیشت کە پێشنیازمان کرد هەموو نووسراو و گفتوگۆیەک لەسەر ئەو مژارە رابووەستێندرێت. هەموو دەتوانن لەناوخۆدا گفتوگۆ بکەن، بەڵام هەر گفتوگۆیەک لە رۆژنامەدا جێگە بگرێت ئەوا بە چەمکێکی فەرمی لێکدەدرایەوە و جێگەیەکی جیاوازی دەبوو. کەس نەیدەزانی هەڵوێست و بۆچوونی پارتی چییە لەسەر ئەو بابەتە. هەربۆیە ئەنجامدانی گفتوگۆیەک کە شێوازی بەسەر یەکتردا سەپاندنی لەخۆ گرتبوو، هیچ سوودێکی نەدەبوو.

دواجار گووتارێکی (سەرۆک)مان بەدەستگەیشت کە لە گۆڤاری ( کورتولۆش)دا بەناوی (عەلی فورات) بڵاو کرابووە، لێرەوە ئەم گووتارە بە بناخە وەرگیرا. بێگومان ماوەیەکیش دەگووترا: "قسەکانی من راست دەرچوو، سەرۆکیش هەمان شتی نووسیوە، یەک دەگرنەوە" و ئەم ئەوی تر و ئەو کەسێکی تری تۆمەتبار دەکرد. مەگەر پاش ماوەیەکی دوور و درێژ و سەرقاڵییەکی زۆر بە رادەیەک توانرا تێگەی خۆبەدوورگرتنی هەڤاڵان لەو جۆرە گفتوگۆیانە باڵا بکرێت.

هەر لەم قۆناخەدا گەلاڵە پرس بۆ هەڤاڵان ئامادەکرا تا راپۆرتی خۆیانی لەسەر بنووسن. پرسیاری وەک ئایدیۆلۆژیا و سیاسەتی

پارتی چییە؟ چۆن لێکدەدرێتەوە؟ و هاوکات داوا دەکرا هەڵسەنگاندن لەسەر قۆناخی دوای 1984 بکرێت. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا پێیان گووترا کە دەتوانن قۆناخی لێپرسینەوەکانیش بنووسن.

ئامانجی سەرەکی ئەم هەنگاوە، روونبوون و یەکلابوونەوە بوو. ئاشکراکردنی چەوتی، لاوازی و تاوانەکان بوو، پێویستبوو هەڵسەنگاندن بۆ کێشەی هەندێک کەس بکرێت. دەمانویست بانگەشەکان، تۆمەتبارییە دوولایەنییەکان، گومان و خومامییەکان دەرکەونەڕوو. دەرکەون تا لە ئاستی پلاتفۆرم و لە ئاستی سەرجەم بەندکراوانی زینداندا بە چارەسەری بگەین. هەموومان لەسەر ئەم بنەمایە راپۆرتی خۆمان ئامادە دەکرد.

راپۆرتەکان بۆ هەموو کادیران دەخوێندرایەوە و تێڕوانینیان لێ وەردەگیرا. بەڕێوەبەرایەتیش راپۆرتی خۆی لە (35) بۆ کادیران دەخوێندەوە و رەخنەی پێویستی وەردەگرت. (شەنەر) دوای تەواوکردنی، راپۆرتەکەی بۆ هێنام و خوێندمەوە؛ بەگشتی شتێکی سەرنجڕاکێشی نەنووسی بوو، لەبەر ئەوەی ئاگاداری هەموو وردەکارییەک نەبووم، پێم باش بوو سەرجەمی راپۆرتەکان بە ئەنجامەکانییانەوە هەڵبسەنگێنین. بەڵام هەڵسەنگاندنی سەبارەت بەقۆناخی بەرخودانی کانونی دووەمی 1984 مایەی ناڕەحەتی بوو. پێشتریش کاتێک هەڤاڵان لە نووسراوی جیاجیادا بابەتەکەیان بەدەستگەیاندم و خوێندمەوە هەستم بە هەمان نیگەرانی کردبوو. لەدەستدانی شعور و هۆش واتای چی بوو (مەبەست لەو ساتەوەختەیە کە شەنەر تیایدا خیانەتی کردووە و پاشان گووتوێتی لەسەر هۆشی خۆم نەبووم-و)؟ ئەمە پرسیارێک بوو لە هزرمدا و بێزاری دەکردم، بێزارییەک کە لەئاستی دروستکردنی بێ متمانەییدا بوو. بێزارییەک کە مرۆڤ

بە ئاسانی هەستی پێناکات، بیری لێناکاتەوە و بە ئاسانیش پێی نادرکێندرێت، نایکێشێت بەڕووی کەسی بەرامبەریدا! هەر ئەو کاتە کۆمەڵێک پرسیارم لەلا دروست بوو و گووتم "چۆن دەبێت؟"، بەڵام لەچوارچێوەی تەوەری کاریگەرییەکانی قۆناخی لاوازی، چەوتی و خۆبەدەستەوەداندا لێکدانەوەی کردبوو. زانیاری و بەڵگەیەکی تر لەبەردەستدا نەبوو بۆیە ئەگەرچی نائاسوودەیی لە هەستەکانیشمدا هەبن ناچار دەبووم (ئایا)کانی خۆم سەرکوت بکەم.

نازانم تا چەند دەیناسیم، بەڵام لەوانەیە (شەنەر)یش یەکێک بێت لەو کەسانەی بەباشترین شێوە هەستیان کردبوو کە چۆن راستەوخۆ خۆم هەڵداوەتە ناو کارەکەوە، بە ئاشکرا و راشکاوانەم و هەموو شتێکیش لەسەر بنەمای سۆزدارییەکی ئەوتۆ لێکنادەمەوە، لانی کەم لە شیکاری رووداو و کێشەکاندا، لە پێناسەکردندا، لە گفتوگۆ و دۆزینەوەی ناکۆکییەکاندا بەجەرگ و چاونەترسم، تەنانەت هیچ شتێک لەبەرچاوم دەرباز نابێت. لە یەکتر ناسین و دۆزینەوەی تایبەتمەندییەکانی یەکتردا لە رووێکەوە هیچمان لە یەکتر کەم نەبوو.

دوای خوێندنەوەی راپۆرتەکەی هیچم نەگووت. یەک دووجار پرسی "چۆنە؟"، لە هەردوو جارەکەشدا تەنیا پێمگووت: "خوێندمەوە، هەڤاڵان هەڵیدەسەنگێنن". لەوانەیە دوای خوێندنەوەی راپۆرتەکەی، هەستی ناوناخم رەنگی بە رووخسارمەوە دابێتەوە، چونکە لەو بوارەدا بەڕاستیش بەهرەمەند نەبووم؛ هەرشتێکم ببیستایە بە قسە و دەنگ و رووخسارمەوە دیاردەبوو. بەرچاوترین لایەنم بوو کە بەدەستەوەی دەدام. هەر بۆیە هەموو کەسێک بە ئاسانی پرسیاری "چی بووە؟"یان لێدەکردم. یان بەپێچەوانەوە، کەسی

بەرامبەر بیر و بۆچوونی خۆی دەدرکاند و قسەی لەسەر شتێکی خۆی دەکرد، چونکە لەو ساتەوەختەدا زۆر هەستیار دەبووم، هەستم بە بەسەرهاتەکانی کەسی بەرامبەر دەکرد. هەربۆیە جارێکیان (شەنەر) پێیگووتم: "مرۆڤ لەلای تۆ هیچی پێناشاردرێتەوە، وەک زیارەتگا یان پەرستگایەک کە لە کریستیانیدا بۆ هەڵرشتنی گوناه پەنای بۆدەبەن. بەم تایبەتمەندییەی خۆتت زانیوە؟" منیش لە وەڵامدا پێمگووتبوو: "من خۆم هیچ ناشارمەوە، دەشێت لە روون و رەوانیمەوە سەرچاوە بگرێت".

خوێندنەوەی راپۆرتەکان کۆتایی هاتبوو، لەو چوارچێوەیەدا ژمارەیەک لە هەڤاڵان بەتایبەت (گەزگیۆر) هەڵوێستیان لەمەڕ کانونی دووەمی 1984 خرایە بەر لێپێچینەوە و رەخنەکران، چونکە گوشارێکی زۆریان دروست کردبوو. لەم بوارەدا (حەسەن ئا.. ) و ئەوان هەڵسەنگاندنەکانی سەردەمی پێشووی بەڕێوەبەرایەتییان بە بنەما دەگرت، ئەگەرچی شایەنی رەخنە گرتنیش بێت هەر لەو چوارچێوەیەدا هەڵیاندەسەنگاند. تەنانەت ژمارەیەک لە هەڤاڵان داوایان کرد سەرلەنوێ راپۆرت بنووسێتەوە، بەڵام (شەنەر) بەزارەکی هەندێک شتی تری گووت و رەخنەدانەکەی ئەوی تەواو کرد، بەمجۆرە راپۆرتەکەی (حەسەن ئا.. ) پەسند کرا. هەموو ئەوانەش لە نووسراوە تۆمارییەکاندا هەن. بیرمان لەوە دەکردەوە ئەم نووسراوە تۆمارییانە لەگەڵ راپۆرتەکان بە رێکخستنی گشتی بگەیەنین. ئەمەش بۆئەوەی لەلایەک قۆناخی رابردوو زیاتر روون بکرێتەوە و لەلایەکی تریشەوە پارتی لە ئاستی گفتوگۆ و لێکدانەوەمان بۆ کێشەکان ئاگادار بێت.

هاوکات راپۆرتەکەی (حاملی) کێشەیەکی زۆری لێکەوتبووەوە. راپۆرتەکەی تابڵێی درێژ بوو، ناونیشانێکی سەیری وەک (بەڵگەی 14 ساڵی شۆڕشگێڕیم)ی لەسەر دانابوو. ئەویش بە هەمانشێوە خوێندرایەوە و هەڵسەنگاندنی بۆ کرا. هەموو پێکهاتەی ڕێکخستنی ناو زیندان نەیدەتوانی لەیەک کات و شوێندا کۆببنەوە. بۆیە کادیرانی قاوشی (35) سەرجەمی راپۆرتەکانیان دەخوێندەوە و هەڵیاندەسەنگاند، رەخنەی پێویستیان ئاراستەی خاوەنی راپۆرتەکان دەکرد. هەروەها لە قاوشەکانیشدا یەکە یەکە هەڤالان دەیانخوێندەوە و لێکدانەوە و شیرۆڤەی خۆیان رادەستی ناوەند دەکرد.

راپۆرتەکەی (حاملی) پەسند نەکرا. بە بڕیاری هاوبەش دەستنیشان کرا کە لایەنی رەخنە لەخۆگرتنی نییە، رەوشی خۆی بەدی نەکردووە و هێشتا بە پەرچەکردارانە رەفتار دەنوێنێت. ناوەڕۆکی رەخنەکان راست بوو و تێڕوانینی زۆربەی کادیرانیش بوو. (حاملی) نووسینەوەی راپۆرتی دووەمی بە سزا لە قەڵەمدا و گووتی: "بڕیارێکی راست نییە، ئاراستەپێدانێکی تیادایە" و بڕیارەکەی رەتکردەوە. ئەم بڕیارەی بەڕێوەبەرایەتی بە پەرچەکرداری تایبەتی هەندێک کەس لێکدەدایەوە. ئەم هەڵوێستە کارەکەی تادواڕادە ئاڵۆز دەکرد.

(حاملی) پاش راگواستنی هەڤالانیش بە کاردانەوە و پەرچەکردار بوو. بۆ رەخنەکانی هیچم پێنەبوو، بەڵام دەمویست لە کاردانەوەکانی تێبگەم، لەو خاڵەدا نەبوونی پێوەر و سنوور زیانی دەبەخشی. نەدەبا هەروا بە ئاسانی لەهەموو شوێن و لەناو هەموو کەسێکدا چی بەدەمدا بێت درێخی نەکات. بەلای منەوە لە زینداندا بەشێوەیەکی نابەجێ و ناوەختە و بەمجۆرە قسە و باسکردن لەسەر کێشەی ڕێکخستنی مەترسیدار بوو. شێوازی

سکاڵاکارانەی هەبوو. کاتێک پێیشی دەگووترا؛ مادام وایە بۆچی ڕاست و ڕێکنەکرایەوە یاخود بۆچی خۆت نەتکرد، تووڕە دەبوو و کاردانەوەی زیاتری نیشان دەدا.

نێوانیشی لەگەڵ (شەنەر) زۆر سەیر بوو. هەردووکیان یەکتریان ڕەخنە دەکرد. (حاملی) زۆرجار دەیگووت: "ئەو کوڕی ... بۆ بەرژەوەندی خۆی هەموو شتێک دەکات" و لەم بوارەدا بەبێ گەڕانەوە بۆ شێوازی ڕەخنەکردن و بەبێ پشتبەستن بە دیاردەی بەرجەستە قسەی دەکرد. هاوکات هەمان (حاملی) دەشیگووت: "جگە لە شەنەر کەسی تر ئەم کارەی پێناکرێت" و بەسەر کارابوونی (شەنەر) لەناو خەبات و هونەری بەڕێوەبەرایەتییەکەیدا هەڵیدەدا. زۆر سەیر و نامۆ بوو بەلامەوە، وەک دوو جەمسەربەندییەک بوو. گریمان ئەو بابەتەی ڕەخنەی لەسەرە و قسەکانی ڕاستن، بەڵام بەمشێوەیە لێکدانەوە و بەکارهێنانی هەمان شێواز لەبەرامبەر بە هەموو کەسێک، لێڵییەکی دروست دەکرد. دیارنەبوو کامەیان ڕاستە، کامەیان هەڵوێستی (حاملی)یە؟ گاڵتەیە یان ڕاستە؟. پلەخوازی و هەلپەرستییەک بوو؟ یان ئێرەیی بردنێک بوو؟ ناچاربووم لەیەک کاتدا بیر لە هەموویان بکەمەوە.

لەم بوارەدا (شەنەر) زمانێکی وردتر و هەستیارانەی بەکاردەهێنا. کاتێک قسەی لەسەر کێشە گشتییەکان بکردایە، یاخود کێشەی تاکەکەسەکان، یان کاتێک قسەی لەسەر کێشەیەکی (حاملی) بکردایە ڕەچاوی کاردانەوەکانی دەکرد. بەتایبەتیش کاتێک سەبارەت بە (حاملی) شتێکی باس بکردایە بە دەستەواژەی "بەهەڵە تێمەگە" یاخود بە "حەزناکەم پێی تێکبچێت، بەڵام ..." دەستی پێدەکرد. جاروبار وا بەخەیاڵمدا دەهات کە ئەم دووانە ڕۆڵ دەگێڕن. لەلایەک گوایا ڕەچاوی ئەو خاڵانەیان دەکرد کە من

تیایدا هەستیاربووم و نەیاندەویست ئازاری دڵم بدەن، لەلایەکی تریشەوە هەڵویستێکیان نیشاندەدا کە مایەی سەرسوڕهێنی و نادیاری بوو. لەم بوارەدا شێواز و تەرزییان زۆر جیاواز نەبوو. بەڕاستیش سامناک بوو بەلامەوە.

گفتوگۆی نێوان من و (حاملی) بە راپۆرتەکەی بەرفراوانتر بوو. ئەو کاردانەوەی لەبەرامبەر سەرلەنوێ راپۆرت خواستنەوە بوو و بە تەواوی رەخنەی 'هەندێک کەس دەیکات و ئەو تێکیدەدات'ی رەتدەکردەوە. بەمجۆرەش رووبەڕووی هەموو کەسێک و رێکخستن رادەوەستا. هۆکارەکەی زیاتر بۆ (شەنەر) دەگەڕاندەوە. ئەو زیاتر پەرچەکردەی لەبەرامبەر بەو هەڤاڵانە بوو کە پێشتر رەخنەیان دەکرد و یەکتریان دەناسی. ئەمە هەڵوێستێکی روون نەبوو کە کێشەکان ئاشکرا و چارەسەر بکات. لە راستیدا (شەنەر)ی دەناسی، کەسێک بوو کە لەماوەی رابردوودا زۆر پێکەوە بوون. تەنانەت ئەوەندە نزیکی یەکبوون کە هەمووشتێکی خۆیان بۆ یەکتر باسکردبوو. ئەم پەیوەندییە لە هەڤاڵێتی ژووری گۆشەگیریەوە بە ئاستی برادەرایەتی، هاودەرد و خەمی یەکتری گەیشتبوو. بەگشتی ئەم پەیوەندیی و شێوازی ژیانە زاڵ بوو. بە سەرجەم لاوازییەکانی یەکتریان زانی بوو، مەیلی بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتی یەکتریشیان دەزانی. زیاتر بۆ ئەم سەرچاوەیەم دەگێڕایەوە، بەلام بە تەواوی پێم شیکار نەدەکرا.

هەڵوێستی (حاملی) لەبەرامبەر راپۆرت، بە ئاستی سەرەکیترین کێشەی قۆناخەکە گەیشتبوو. هەرکەسەو لەلای خۆیەوە تا رادەیەک لەرێگەی ئەم کێشەیەوە بە ئاسانی کاردانەوەکانی خۆی دەردەبڕی. لێرەدا چەواشەکردنێک، یان لەخشتەبردنێک هەبوو؟ بۆچی دەرکی پێنەدەکرا یاخود بەدی نەدەکرا؟ لەڕاستیدا بیرم لە هەموو ئەگەرەکان دەکردەوە.

شێوازی لیبراڵ، بیرۆکراسی، تەسک، ناوەندگەرایی توند، ناڕوونی لەبەرامبەر بە کێشەکان و پارچەبوونی ناوخۆی بەڕێوەبەرایەتی پێشوو، ڕێگەی بۆ مۆڵدانی کێشەکان ئاوەڵا کردبوو. لە ئاستێکی گشتیدا کێشەی پێکهاتەی ڕێکخستنی لەگەڵ کێشەکانی کادیرانی ئاستی بەڕێوەبەرایەتی و کادیرانی پێشەنگ تێکەڵاو بوو. بەپێی پێویست لێکدانەوە بۆ کێشەکانی کادیرانی بەڕێوەبەرایەتی نەکرابوو. کێشەکان لەڕووی سەرەنجامەوە و بەشێوەیەکی گشتییانە دەزانرا، بەڵام گەڕانەوە بۆ ناواخن، بەگشتیکردنی چارەسەرییەکەی لە ئارادا نەبوو. لە دۆخێکی وەهادا هەڵوێستی وەک "با بەڕێوەبەرایەتی بیکات، چارەسەری بکات. خۆ هەر ئەوان ئەم کارە دەکەن" دەهاتە پێش. لەقۆناخی نوێدا بە ئاشکرابوونی بەشێک لە کێشەکان، ئەمجارەیان بەدیکردنی بەرجەستەترینیان و هەڵمەت بۆ بردن دەهاتە ئاراوە، بەڵام دیسان کێشە ریشەییەکان لەولاوە دەهێڵدرانەوە.

لە ڕاستیدا هەر لە سەرەتاوە (حاملی) لە ئاستی بەڕێوەبەرایەتیدا پێگەیەکی سەربەخۆی هەبوو. ئاوێتە نەببوو. تەنانەت کاتێک بەگژ (کاراسو) و ئەواندا چووبوونەوە، ئەگەرچی هەر یەکێکیان بیانوویان جیاوازبوو، بەڵام بەرەیەکی هاوبەشیان لەبەرامبەردا دروست کردبوو. ڕووداوی (فوئاد)، هەڵوێستی پێشنیازنامەی چوار لایەنە و کۆمەڵێک کاردانەوە و پەرچەکرداری کەسێتی تر یەکیان گرتبوو. ئەوەی لەو نێوەشدا بەهێز دەبوو، (شەنەر) بوو. چونکە لە بابەتی قۆناخی سزای ڕێکخستنیانەی سەبارەت بە (شەنەر) بەڕێوەبەرایەتی و بەتایبەتیش (کاراسو) ڕەخنە دەکرا. سەرەڕای سزاکەشی، ئەوەی کاری لە بەڕێوەبەرایەتی دەکرد، ئەوەی کارا ببوو و ڕەچاوی دەکرا (شەنەر) بوو، بەڵام کەسانی تر ڕەخنە دەکران. پاشان

بە(شەنەر)یشەوە پێشنیازنامە ئامادە دەکرا و ئەوانەی ئامادەکارییان بۆ سازکردنی بەڕێوەبەرایەتی جێگرەوە دەکرد یەکیان دەگرتەوە. قۆناخێکی ئاڵۆز بوو، چەندەی لێ باس بکرایە، ئەوەندەی تر ئاڵۆز دەبوو. تەنانەت حکومەتەکانیش بەم ئەندازەیە کێشەکانیان دووفاق نەدەکرد؛ هاوپەیمانی، کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوە و پێشنیازنامە..! مایەی ئەقڵ و تێگەیشتن نییە. بۆچی هەموو شتێک بەم ئەندازەیە تێکاڵۆزا بوو؟

هەوڵم دەدا لە رەوشی هەنووکەیی بگەم. کێشەکانم لەگەڵ (حاملی) سەرقاڵی دەکردم. نەمدەویست وەلایخەم، چونکە جیا نەبوو لەکێشەکانی تر. گفتوگۆی هاوبەش، راست و هاوبەشانە لێکدانەوەی رووداو و دیاردەکان پێویستییەکی سەرەکی بوو. بەڵام ئێمە پێمان نەدەکرا. (حاملی) کاردانەوەکانی بە هەموو هەڵسوکەوتەکانیدا دیاردەبوو. لەجیاتی ئەوەی بەچاوی ئەندامێکی بەڕێوەبەرایەتی تەماشام بکات، هەموو قسە، رەخنە، پێشنیاز و فەرمانێکی بەڕێوەبەرایەتی دەکردە کێشەیەکی تاکەکەسی. دەیگووت: "دەزانم ئەمە تێڕوانینی فلانە کەسە، فلانە کەس وایگووت، وا نییە؟" و بە هەوەسی خۆی جوێنی دەدا و پێچواندنی دەکرد. واتا ناز و کاردانەوە و هەموو تووڕەییەکەی دەدا بەڕووی مندا. ئەمە لایەکی بوو، لایەنەکەی تری بە زەبر و دژوارتر بوو. سەبارەت بە پەیوەندی نێوانمان بەهەموو شێوەیەک رێگری لەهەموو جۆرە گفتوگۆ، تێڕوانین و هەموو شتێکی تر دەکرد. (حاملی) دەتگووت دەڕشێتەوە. قسەی لەگەڵ نەدەکرا. بە ئاسانی رەتی دەکردەوە، گوێی نەدەگرت، فەرمییەتی نەدەهێشتەوە.

هەر یەکێک لە هەڤاڵانی ئاستی بەڕێوەبەرایەتی بە ئاسانی هەستی بەمانە دەکرد. (شەنەر) لەم بوارەدا لە هەمووان زیاتر هەستی بە نیگەرانیەکانم دەکرد. تەنانەت هەوڵی دەدا رازیم بکات

و دەیگووت: "زۆر بێ ئۆقرەیت. زوو بڕیار مەدە"، لەولاشەوە هەر خۆی لە هەمووان زیاتر دەکەوتە ناو بواری قووڵترکردنەوەی ناکۆکییەکانی لەگەڵ (حاملی). لەکاتێکدا ئەندامێکی بەڕێوەبەرایەتی بوو کەچی ئاڵوگۆڕی نامەی تایبەتی لەگەڵ (حاملی) دەکرد، ئەمە مایەی بێ بڕیاری و خاوەن دەرنەکەوتن بوو لە قسەی خۆیان. ڕاستەوخۆ من پەیوەندی هەڤالانم بەڕێوە دەبرد. من نامەکانم دەگەیاند، یاخود من ڕاستەوخۆ کێشەکانم بە کەسانی پەیوەندیدار دەگەیاند. لێرەدا من دەبوومە یەکەم موخاتبی گفتوگۆکان. (حاملی) بە ئاسانی دەیتوانی نامە بدڕێنێت و فڕێیبداتە بەردەمم. ئەم هاندان و تاودانەی لەچی بوو؟ (حاملی) تا چەند هەستی پێدەکرد؟ لەم بوارەدا جێگای داخە کە خۆی لە هەموو کەسانی تر زیاتر ڕووداوەکانی لێڵ دەکرد. کاردانەوەکانی تاکە کەسیانە بوون، دانی بەهیچ پێوانەیەکدا نەدەنا. بۆیە ناچاربووم لەم بوارەدا نیگەرانی ڕێکخستنی و ڕێکاری کردەی ڕێکخستنی لەبەرامبەر بگرمە بەر. لەوێکانەشدا دەیگووت: "کاریان تێکردوویت" و خۆی دەرباز دەکرد.

(حەسەن ئا..)، لەسەروبەندی ئەو قۆناخەدا بەردرا. لە دواساتدا پێمگووت: "کۆتایی بە پەیوەندیم لەگەڵ حاملی دەهێنم، بە هەڤالان بڵێ. ئیتر لە تواناما نەما. دەشێت ئەم بابەتە گەیشتبێتە دەرەوەش، بڵێ شتێکی وەها نییە" کاتمان نەبوو، قسەی ترم پێنەکرا. چاوەڕێی بەردرانیمان نەدەکرد، بەردرانێکی لەناکاو بوو. دەرفەتی گفتوگۆیەکی بەرفراوانیشمان نەبوو. تۆزێک حەپەسا و گووتی: "باشە". ئاگاداری ئاستی گفتوگۆ و تێهەڵچوونەکانمان بوو. ئەگەرچی (شەنەر) زیاتر بەگرنگییەوە لەم بابەتەی دەڕوانی.

لەسەرەتاوە بە پەیوەندییەکەی دەزانی و زیاتر لەگەڵ ئەو گفتوگۆم دەکرد. خۆیشی لەگەڵ (ئەلیف) ناوێک مارەبڕی کردبوو

کە لەڕیزەکانی پارتیدا بوو. لە هەڵوێستەکانیدا دەمزانی کە لەنزیکەوە (حاملی) دەناسێت و کاریگەری پەیوەندی خۆی لەگەڵ (ئەلیف)یشی لەسەرە بۆیە بەچاوێکی تر لێم نەدەڕوانی. هاوکات خۆشم بە ئاسانی زۆرشتم بۆ باس دەکرد و بەگرفتم نەدەزانی. تەنانەت دیارە لەم بوارەدا کراوەییم لە ئاستی بێ پێوەریدا بوو، هەر چییەک هەبووایە یان ڕوویبدایە بۆم باس دەکرد و بەلای خۆمەوە بەدوای چارەسەریدا دەگەڕام!..

لە دوای (حەسەن)، (شەنەر) ڕاستەوخۆ دەبوو بە سکرتێر. پێشتر قسەی لەسەر کرابوو، (حەسەن)یش بە(شەنەر)ی سپاردبوو. (شەنەر) دەستبەجێ پێشنیازی کرد و گووتی: "با کەسێکی تر بێت. من نامەوێت ئەم ئەرکە جێبەجێ بکەم. (فوئاد کاف) دەبێت، تۆش هەروەها. با هەڤاڵێکی تر ببێت بە سکرتێر. من بەشێوەی تر دەتوانم زیاتر هاوکاربم. بەمشێوەیە زیاتر زەحمەتە بۆمن. هەڤالان بە هەڵە تێدەگەن. زۆر شتم لەسەر دەگووترا. ڕاپەڕاندنی ئەرکێک لەم ئاستەدا، دەبێتە مایەی کاردانەوەی پێکهاتەی ڕێکخستنی ئێرەمان. لەم بوارەدا کەمم نەچەشت. ناوبەناو خۆمم کرد بە قەڵغان، تەنیا بۆئەوەی هیچ بەسەر ڕێکخستندا نەیەت". ئەو بابەتەی بۆ "خۆمم کرد بە قەڵغان"ی دەگەڕاندەوە، مەسەلەی جلی یەکجۆر بوو. لەکاتێکدا تێڕوانینی هەموو لایەکیش بوو، کەچی دەگووترا: "شەنەر پەسندیکرد". خۆیشی بەردەوام ئەمەی دەهێنا و دەیبرد.

پێمگووت: "کێشەکان لەپەراوێزی تاکەکەسیدا قەتیس مەکە. بەڕێوەبەرایەتی کاری دەستەیەکە. ئەگەر کار و خەبات لەسەر ئەم بنەمایە بێت، کێ چی بڵێت؟". ئەویش (جاملی) بە نموونە هێنایەوە و گووتی: "دەیبینیت، هەموو شتێک بەمنەوە دەبەستێتەوە. ئەگەر ئەرکێکی وەهاشی لەسەر زیاد بێت زیاتر دەمکاتە ئامانج". بەرپەرچی ئەم پاساوەشیم دایەوە و گووتم:

"هەموومان بەگژ هەر بەهەڵداچوون و تێهەڵچوونێکدا دەچین. نابێت خۆت لە ئەرک بدزیتەوە، ئەوەی تۆ دەیڵێیت، ئەوانەی تۆ دەیانهێنیتەوە شتی جیاوازن". هەڤاڵانیش گووتیان: "با شەنەر بێت". (فوئاد کاڤ) لە هەمووان زیاتر دژبە سیستەمی سکرتێری بوو. لەدەستی بهاتایە لە بەڕێوەبەرایەتیشدا جێگەی نەدەگرت. ئیدی نازانم بەهۆی دڵنزمی خۆیەوە بوو، یان زەحمەتی کارەکەوە بوو، دیارە کارەکە زەحمەت بوو و زۆر بەرنامە و حیسابی لەسەر دەکرا بۆیە. گفتوگۆ و رەخنەکانی قۆناخی رابردوو کاری تێکردبوو. بەڕێوەبەرایەتی "کراسێکی ئاگرین"ە. بەتایبەتیش لە زینداندا سەراپای ئاگربوو. بەهۆکاری دەرکنەکردن بە قەوارەی کێشەکان و راستییەکانی خۆمان بوو یاخود شتێکی تر، بەڵام ئاگرەکەی نەیدەترساندم، ئەوەی سامی دەخستە دڵمەوە هەندێک هەڵسوکەوتی پڕاوپڕ و لێوانڕێژ بوو.

یەکێک لەوانەی هەوڵی رازیکردنی(شەنەر)ی دەدا من بووم. تەنانەت لە هەموویان زیاتر هەوڵم دەدا. دەرکم بەهێز و توانستی کردبوو. سکرتێر بێت یاخود نا، هیچ جیاوازییەکی نەبوو، چونکە بەکاریگەر بوو، بەڵام بەرپرسیارێتی لە ئاستی یەکەمدا، هۆشمەندی و لێپرسراوێتی زیاتری دەویست. باش و خراپ زوو و بە ئاسانی ئاشکرا دەبوو.

(شەنەر) کەسایەتییەکی جێگەی قسە و باس بوو. لەڕاستیدا شانبەشانی قۆناخی رەخنەدان سەرلەنوێ خرابووە بەر باس، بەڵام لەبوارێکدا ئەمجارەیان هەڵوێستی پێشووی رێکخستن بە فەرمی کرابوو. واتا (شەنەر) رەخنەدانەوەی خۆی پێشکەشکردووە و کێشەکە بەو شێوەیە سەرنخون کراوە. لەگەڵ ئەوەشدا (حاملی) لە رۆژەڤ دابوو، هەروەها لەسەر دۆخی ئەوانەی پێشتر دانپێدانەربوون و ئێستا پاشگەز ببوونەوە، ئەوانەی لاوازییان نوواندبوو، ئەوانەی لەلایەن رێکخستنەوە رێکاریان لەبەرامبەردا وەبەرگیرابوو، تەنانەت ئەوانەی شێوازی

دەستگیرکردنیان روون و ئاشکرا نەبوو، ئەوانەی لە قۆناخی لێپرسینەوەدا ترازابوون، لە خشتە برابوون و کۆمەڵێک کێشەی جۆراوجۆری تر کاری پێویست دەکران و داوای راپۆرتیان لێکرابوو.

بە (حەسەن)م گووتبوو، بەڵام بوێر نەبووم بە (حاملی) بڵێم کۆتاییم بە پەیوەندی نێوانمان دەهێنم. چونکە زۆر لە رابردوو توندتر و کێشەکانیش ئاڵۆزتربوون لەوانەی رابردوو. لە کاردانەوەکانی دەترسام، بەڵام بەئەندازەی درێژەکێشانیشی، زیان بە هاورێیەتیمان دەگەیشت. من نەمدەویست ئەوە بکەوێتە پێگەیەکی لاوازەوە و تێکبچێت. ئەگەر ئەم پەیوەندییە نەبووایە زۆر بێ دوودڵی و راستەوخۆ بەگژیدا دەچووم، تەنانەت لەوبڕوایەدا بووم کە لەسەر بنەمای هاوکاریکردنی مامەڵەم لەگەڵ دەکرد.

لە رابردوودا بەو شێوەیە بوو. لە خارپێت زۆر بێ رەحمانە بەسەریدا دەچووم، بەڵام کاریگەری ئەرێنی لەسەر دەکرد، بەشێوەی تر تێنەدەگەیشت، دەیزانی لەبەر ئەوەی بیر لە چاکەی خۆی و رێکخستن دەکەمەوە بۆیە بەجددی مامەڵەی دەکرد. بەڵام ئێستا هەر چییەک بڵێم دەیخاتە ملی کەسی تر یان هۆکارەکەی بۆ کەسانی تر دەگەڕێنێتەوە و دەڵێت تێکدانی پەیوەندییەکەیان کردۆتە ئامانج. کاریگەری تایبەتمەندی خۆپەرستی، تاکڕەوی و موڵکگەراییانەی تەگەرەبوون لەبەردەم بەدیکردنی فەرمیەت، سیاسەت و هاورێیەتیدا. پاساوێکی زۆر و بۆری دەهێنایەوە. زۆرخوازی تیایدا بەدی دەبوو. ئەوەی بەلاپەوە مایەی دەست پێنەگەیشتن بوو و پێی دەگەیشت لەڕاستیدا خودی سیاسەت بوو. بمانەوێت و نەمانەوێت لایەنێکی جیاواز و تایبەتی نەبوو، نەدەبوو. بەڵام ئەگەر بێتوو هەمان شت لەناو سیاسەتدا بەشێوەیەکی راست جێگیر بکەین، پێکەوە گفتوگۆیەکی راست و دروستمان هەبێت، کێشەکان بەشێوەیەکی راست دەستنیشان بکەین و لەسەر

بنەمای بەرژەوەندی پارتی هەڵسەنگاندنی بۆ بکەین، پێکەوە پەیوەندییە (تایبەت)ەکە و گشتییەکەشمان بەبێ ئەو هەموو سەرقاڵکردنە بەڕێوەدەبرد.

ئەم (پەیوەندییە تایبەتە) کە لەسەر بنەمایەکی بەهێز بونیاد نەنراوە، لە مەیدانێکی ئاوەهای پڕ لە حیساب و ململانێ لەسەر پێ نەدەمایەوە. چونکە تایبەتمەندییەکی زۆر لاواز و نادیاری هەبوو. چانسی ئاوێتەبوونی لەگەڵ سیاسەت، رێکخستن، بەرخودان و تێکۆشانی چینایەتی، بەمجۆرە خۆقاڵکردنەوە و بەهێزکردنی نەبوو، بەو ئاستە نەگەیشتبوو. بەم هۆکارە هەموو شتێک کاریگەری نەرێنی لەسەر دەکرد. لەکاتێکدا کە لەو قۆناخەدا بە زیاترین شێوە پێویستم بە قسە و گفتوگۆکردن هەبوو، پێویستبوو پێکەوە چارەسەری کێشە سەخت و قورسەکانمان بکردایە، کەچی نەمدەتوانی بە ئاسانی و رێکوپێکی قسەشی لەگەڵ بکەم. لەم بابەتەدا من برسێتیم دەچەشت. برسێتییەک کە هۆکارەکەی بۆ دووری ساڵەها دەگەڕایەوە.

هەروەها داخوازیشم هەبوو، هەستم بە بەرپرسیارێتیش دەکرد. ژمارەیەکی زۆر کادیری بەهادار راپێچی زیندانەکانی تر کرابوو. ژمارەی هەڤاڵانیش لێرە زۆر بوو و دەستگیرکراو و بەندکراوی نوێش هەبوون. لەناوخۆدا کێشەکان هەڵپەی گەورەبوونیان بوو. هێشتا هەموو کادیرەکانم نەدەناسی. لەبوارە ریشەییەکانی وەک ئایدیۆلۆژی، سیاسی، رێکخستنی دا، قووڵایی فیکری بەدەستنەخرابوو، هەموو کێشەکانمان لەچوارچێوەی زینداندا دەگرتە دەست. پەیوەندیمان لەگەڵ دەرەوە بە تەڤگەری خانەوادەکانەوە سنوردار و لە ئاستی هەواڵگرتنێکی زۆر ئاسایی دا بوو.

## من هەمیشە ئاپۆچی بووم

سالی 1988، یەکەمجار بوو گۆڤاری (سەرخۆبوون)مان بەدەست دەگەیشت. چۆن بمانتوانییایە پارتی و شەڕ بخوێنینەوە، هۆشمەندی پێویست لەمەڕ کێشەکان نیشانبدەین، لەبەرەی زیندانەوە چۆن بتوانین وەلامی پێویست بدەینەوە، دەتوانین چی بکەین، وەلامی ئەم پرسانە زۆر پێویست بوون و لەگەل خۆیدا خەباتێکی هاوبەشی دەسەپاند. کار و خەبات؛ بە سۆز، ئاوات، جۆشوخرۆش، خەیال و خواستی دلگیرانە بەڕێوە نەدەبرا. کاتێک لەیەک دوور بووین نەماندەتوانی بەسەر یەکدا بچین. پەیوەندییەکی سۆزدارانەی هاوڕێیەتی هەبوو کە سەرچاوەکەی بۆ بەسەرهاتەکان دەگەڕایەوە، کەس دلی نەدەهات تەنیا وشەیەکی گران بەکەس بلێت، بەلام ئەمەش کارەکانی رانەدەپەڕاند. تێهەلچوون، گفتوگۆ، تاوانبارکردن و رەخنەی بەردەوامیش چارەسەری نەبوون. جۆرە پەیوەندییەک بوو کە لەم سەرەوە بۆ ئەوسەر خزابوو.

دواجار لە حەوشەی هەواگۆڕین بە (حاملی)م گووت: "با کۆتایی بەم پەیوەندییە بهێنین، شەکەتمان دەکات، پێشتر یەکتریمان زۆرتر خۆشدەویست". دیسان تووڕەبوو. دەستبەجێ هەولمدا روونی بکەمەوە. بەلام دەمویست شتێکی وەها لەناخی (حاملی) دا دروست بکەم کە خۆی بڕیار بدات و بلێت: "ئەم کارە نابێت!" دەمویست ئەمەی پێبدرکێنم. ئەمە تاکە رێگەی بەهۆش خۆهێنانەوەی (حاملی) بوو. با شتێک فیدا بکات، با شتێک پارچە پارچە بکات، بەس بێتەوە هۆشی خۆی. بەهێز بووایە گفتوگۆمان دەکرد و بڕیارمان دەدا. لەم حالەدا غروری دەرەبەگێتی و کاریگەری مولکایەتییەکەی بە ئاشکرا بەدیدەکرا.

(شەنەر) پێیدەگووتم: "سامت لێدەکرێت، زۆر بێ بەزەییت"، بەڵام کۆتایی هێنانم بەو پەیوەندییە بەواتای بەدەستهێنانی هێز دەهات. چونکە بە ئاراستەی هەڵەدا سەرقاڵی دەکردم، هەموو هێز، وزە، توانست و قاڵبوونەوەیەکی هزریمی دەبرد. سەرم پێوە دەئێشاند. لایەنی سۆزداریم تابڵێی چڕ و بەهێز بوو. ئەگەر کێشەکان لەم ئاستەدا نەبوونایە و چارەسەری راست لە ئارادابووایە، زۆر پەیوەست دەبووم بە (حاملی)یەوە. بەڵام نەیدەکرد یان پێینەدەکرا. واتا بەکورتییەکەی هەموو شتێک بەپێچەوانەوە بوو و منیش دەمویست خۆم و (حاملی) لەم کێشەیە رزگار بکەم کە هەردووکمانی سەرقاڵ دەکرد. دەشێت بیرم لەهەموو رەهەندەکانی نەکردبێتەوە، بەڵام دەبوو خۆم لەم پەیوەندییە رزگار بکردایە کە لە سوودەکانی زیاتر زیانی پێدەگەیاندین. نیگەرانیم هەر لەسەرەتاوە لەم خاڵەدا بوو، رووم لە سۆزەکانم کردبوو و لۆژیک تیایدا شکستی خواردبوو.

لەو رۆژانەدا رووداوی (حسێن یلدرم) تەقییەوە. (حسێن یلدرم) رایکردبوو و لەگەڵ ئەوەشدا دەستی بەسەر ئەرشیفەکەماندا گرتبوو. لەدژی پارتی دەستی بە پڕوپاگەندە کردبوو، (سەرۆک)ی کردبووە ئامانج و دەیگووت گوایە هەر خۆی (PKK)ی راستەقینە دادەمزرێنێت. (PKK)یەکی دیموکرات! ئەمەش بەکورتییەکەی سەرجەمی کێشەکانی بە هەڵواسراوی راگرت. بەگشتی سەرنجی هەموو لایەکی راکێشایە سەرخۆی. دەگووترا کە نامەی بۆ (کاراسو) ناردووە، هەروەها بەپێی هەندێک زانیاری بانگەوازیشی لە زیندانەکان کردبوو کە خۆی دەستی بە تەڤگەری رزگارکردنی (PKK) کردووە! لەکێی رزگار دەکرد؟ لە (سەرۆک)؟! تێگەیشتن و پەیبردن زەحمەت نەبوو. هەموو ئەو شتانەی (سەرۆک)یان کردبووە ئامانج، پەلاماری پارتی و

شۆڕشییان دەدا. کردەیەکی دووژمنئاسا بوو. باسێک نییە قسەی لەسەر بکرێت، کەسێک کە تۆزێک لە (PKK) گەیشتبێت، تاکێکی ئاسایی کە تۆزێک پابەندی (سەرۆک) بێت زۆر بەئاسانی لەو کردەیە دەگەیشت. دووژمن حیسابی بۆ ئەوە نەکردبوو. یەکەم کاردانەوەمان بەمشێوەیە بوو: "ئەمە گێرەشێوێنییەکە، پیلانگێڕییەکە، لەدژی پارتی، سەرۆک و تێکۆشانمان رێکخراوە".

پێشتر لە سوید چەند کەسێک گیرابوون. هەر لەو چوارچێوەیەدا پەیوەندی نێوان (کەسیرە "فاتیمە") و (حسێن یلدرم) لە راگەیاندنەکاندا دەنگی دایەوە. پاشان رووداوی (پالمە)[135]، بەر لەم رووداوەش چەندین روونکردنەوەی توند و گێرەشێوێنیانەی (حسێن یلدرم) و هەڕەشەکانی بلاو دەکرانەوە. گوایا هەوای سەردەرکردنێکی توندی (چەپڕەو)ی بوو، (سەرۆکایەتی) پارتیش بە راستڕەوی تاوانبار دەکرا. بەپێی ئەو پیلانەیان تێکۆشان و جەنگەکەمان لەلایەن گێرەشێوێنی بە رەواڵەت چەپڕەو و بە پێشەنگایەتی (حسێن یلدرم) بەڕێوە دەبرا. لە راستیدا هەموو شتێک ئاشکرا بوو. بەتایبەتیش بۆ ئەوانەی کە (حسێن یلدرم)یان دەناسی، دەیانزانی کە جگە لە داشێکی یارییەکە هیچی تر نییە و ناشبێت بەهیچ.

هێشتا لە سالانی 1979 – 1980 کاندا (حسێن یلدرم)م بە "کابرای خراپەکار" راگەیاندبوو، گومانم لێی هەبوو. کاتێک لە مەلەتی بووم تێڕوانینەکانم لە پەراوێزی نامەیەکدا بە فەرمی ئاراستەی پارتی کرد. لەو کاتەوە دووژمن ئامادەی دەکرد. تازە

---

[135] ئۆلف پالمە کە سەرۆک وەزیرانی ولاتی سوید بوو و لە ئاستی جیهانیدا ناوبانگێکی گەورەی لەبواری مافەکانی مرۆڤدا هەبوو، هاوکات دۆستێکی نزیکی دۆزی کوردیش بوو. لە شەوی 28ی شوباتی 1986 دا لەچوارچێوەی رووداوێکی بکەری نادیاردا تیرۆرکرا و ماوەیەکی زۆر خیانەتکاران و نەیارانی دۆزی کورد(PKK) یان بەم تیرۆرە تۆمەتبار کرد، بەلام پاش سالانێک راستی رووداوەکە ئاشکرا بوو.

سەری دەرنەکردبوو. سەرەڕای ئەوەی پارێزەرێکی سادە و ئەوتۆش بوو، کەچی پەڕاوی نهێنی سیخوڕە بەناوبانگەکانی لەدەست دۆزگەرانی دادگاکانی بەڕێوەبەرایەتی باری نائاسایی دەسەند! دیارە هەر لەو سەردەمەدا لەگەڵ (جاهید ئایدۆغان) لە پەیوندیدا بوو. پاشان هەردووکیان هاتنە ئامەد. (حسێن یڵدرم) پارێزەربوو، پاشان دەستگیرکرا. (جاهید ئایدۆغان)یش کرا بە دۆزگەر و دادوەری بالای پەڕاوی دۆزەکانی ئێمە!

دەستگیرکردنەکەی (حسێن یڵدرم) رێکەوت نەبوو. بە دەستگیرکردنی سەرنجی هەموولایەکیان بلاو کردەوە، لە زیندان ئامادەیان کرد و بەریاندا. پارێزەرێکی لەزیندان دەرکراو زوو ناوبانگی دەردەکرد. لەو رۆژگارەدا گرنگییەکی زۆر بەوانە دەدرا کە لە زیندان دەرکەوتبوون. لە زیندان بە ساغی دەرچووە و ئەگەر پڕووپاگەندەی پابەندبوونێکی ساختەی بە زیندانەوە بکردایە، هەموو کارێکی بۆ دەکرا! (حسێن یڵدرم) چووبوو بۆ ئەورووپا. باسوخواسی زیندانی ئامەدی کردبوو و جەماوەرێکی لەخۆی جەمکردبووەوە. لەناو رای گشتیدا پابەندبوون بە (مەزڵوم) و قارەمانەکانی ترەوە بایەخێکی گەورەی هەبوو، کەسیش وەکو (حسێن یڵدرم) ئەو ساختەکارییەی پێنەدەکرا. رۆڵکردن مەستی دەکرد و تاکە پیشەی بوو، رۆڵی درۆزنی و پابەندی ساختە! من لەبەرامبەر بە رێزە ساختە و نمایشە درۆیینەکانی پەست ببووم و گومانم لەلا دروست ببوو، هەر ئەو سەردەمەش وەهای دەنواند کە زۆر پابەندە بە (مەزڵوم)ەوە. چۆن دەهات و رەواڵەتی ئامادەیی دەردەبڕی بۆ گیانبەختکردن لەپێناوی بینینی من و (مەزڵوم) لە تێکۆشانی دەرەوەی زینداندا!. ئەم ساختەکارییانەی دڵی تێکدەدام و وەختەبوو پێی دەڕشامەوە. هەرگیز متمانەم پێنەکرد، کە خۆیشی زۆر باش دەیزانی و هەستی پێدەکرد.

پڕووپاگەندەی "تۆ و مەزڵوم لە دەرەوە پێویستن، ئەگەر بەرگری نەکەن دەردەکەون"ی بڵاو دەکردەوە. ئەمەی بە خانەوادەکانیش گەیاندبوو.

لە ساڵی 1988 دا کاتێک لەگەڵ (محەمەد عەلی بیراند[136]) چوونە ئاکادیمیا بە ساختەکارییەکەی خۆیەوە نمایشی پابەندی و ڕێزی دەکرد. چۆن ڕێزی بۆ (سەرۆکایەتی) دەنواند! لە ڕۆژنامەکاندا وێنەی چەماوەیی و سەرکەچکردنەوەی بڵاو کرابووەوە. لەو کاتەشدا گوایا (سەرۆکایەتی) پارتی لە تەڵەیەک ڕزگار دەکرد. بەدوای دانانی کرانەوەی دیموکراسی لە شوێنی تێکۆشانی شۆڕشگێڕیدا دەگەڕا. داشێکی زۆر گەمژە بوو. ڕۆڵەکەی تا ئەو خاڵە بوو، لەوە زیاتر هیچ هونەرێکی تری نەبوو.

لەگەڵ هەڤالان قسە و باسمان لەسەر ئەم بابەتانە کرد. لەگەڵ هاتنی هەواڵی ڕاکردنی (کەسیرە)، نووسراوێکی پێشنیازئامێزمان بۆ پارتی نارد کە (کەسیرە) سزا بدرێت. پێشنیازێکی توند بوو. (شەنەر) ئەو جۆرە نووسینانەی زۆر بە جوانی دادەڕشت، هەمیشە خۆی دەینووسی. "کەسیرە دەبێت سزا بدرێت" پێشنیازێکی ڕادیکاڵ بوو. (شەنەر) زۆر ڕادیکاڵ ببوو! کاتێک گووتم: "دووژمن بەکاری دەهێنێت، نزیکترین کەسی سەرۆکە، دەیکەن بە مانشێت و دەڵێن؛ ژنەکەی خۆی بەکوشت دا.." (شەنەر) پێیگووتم: "هەمیشە بە کەسێکی زۆر ڕادیکاڵ و چەپڕەوم دەزانیت. لەڕاستیدا وەها نیت" لە وەڵامی پرسیاری "ئەی ڕاستڕەوم؟" دا گووتی "نەخێر، تۆ ئاپۆچیت". ئەمە پێناسەیەکی زۆر گرنگ بوو.

---

[136] - میدیاکارێکی بەناوبانگی تورکیا بوو، ساڵانێکی زۆر خزمەتی میدیای تورکیای کرد بە میدیای فەرمی دەوڵەتیشەوە، دوای نزیکەی نیوسەدە لە کاری میدیایی لەساڵی 2013 دا و لەسەرەمەرگدا دانی بە کوردبوونی خۆیدا نا.

هەم دڵخۆشی کردم و هەم شەرمەندە. من ئاپۆچی بووم! چەند خۆشە، لەناخی دڵمەوە شانازیم بە ئاپۆچێتی خۆمەوە کرد...

سەبارەت بە (حسێن یڵدرم)یش نامەیەک ئامادە دەکرا. (شەنەر) دەیگووت: "تۆ بینووسە، دەیناسیت". منیش پێمگووت: "نا، تۆ باشتر دەنووسیت. شێوازی سەردەرکردنەکەی سەرنجڕاکێشە. بە رواڵەت دیموکرات! (PKK) لە دیکتاتۆری رزگار دەکات! دەبێت ئەم لایەنە بە روونی بنووسرێت. راستی سەرۆک بۆ ئێمە واتای چییە؟ سەرۆک خودی پارتییە. دەبێت بەتایبەتیش جەخت لەسەر ئەم خاڵە بکەینەوە".

سەیربوو، کۆمەڵێک دۆست و هاوشاری دەهاتن بۆ سەردانمان و بەباڵای (حسێن یڵدرم) دا هەڵیاندەدا. مامە (حەیدەر) هاتبوو بۆ لام، ئەوەندە بە باڵایدا هەڵیدەدا کە ناچاریکردم پێی بڵێم: "ئێستا دەبێت رەخنەدانەوەی خۆم بدەم بە (حسێن یڵدرم)؟ سەبارەت بەو بیرکردنەوەی زۆر جیاوازم هەیە و دەرفەتم هەبووایە کاتێک کە چووە ئەوروپا بە هەڤاڵانم دەگووت؛ ئامان، ئاگادار بن. باسی ئەوم بۆ هەڤاڵانی زیندان کرد، بەڵام هێشتاش نیگەران و بێزاری دەکردم. ئێوە باسی کارەکانی دەکەن و وا دەزانن ئەرکدار کراوە. با کارەکانی بەجوانی و سەرکەوتووانە راپەڕێنێت، پێویست بکات خۆم داوای لێبوردنی لێدەکەم و رەخنەدانەوەی خۆمی پێدەدەم، هیچ نابێت. خۆیشی دەزانێت کە سەبارەت بەخۆی بیرکردنەوەیەکی ئەرێنیم نییە" و پێشمگووت کە سڵاوی منی لێبکەن.

هەوڵی بەدەستهێنانی رەنگدانەوەیەکی ئەرێنی لەناو زیندانەکاندا! ئەمەش جۆرە ئامادەکارییەکی سەرەتایی بوو؟ بەپێی بەرنامەکەیان دەبووایە بەشێوەیەک نیشانی بەندکراوەکان بدرێت

که "حسێن یڵدرم پابەندە بە ژیانی بەندکراوەکانەوە، حسێن یڵدرم لە ئەوروپا خەبات دەکات، کار دەکات، چالاکە، چاکە... هتد!".

دەستبەجێ نامەی بۆ (کاراسو) نووسی بوو. تەنانەت مەراقی ناوەڕۆکەکەیمان نەکرد. دەمگووت: "دڵنیام دەیەوێت ئاڵۆزی و ئەندێشەی فیکری بخاتە زیندانەکانەوە". سەبارەت بە زیندان هەموو هەوڵێکی مایەی تێگەیشتن بوو. گوێ بە هیچ هەواڵێکی لەو جۆرە نەدەدرا.

(کاراسو) هەواڵی ناردبوو: "دەشێت پەلاماری ئەوانیش بدات، با وریابن" و هەر خۆی وەڵامی (حسێن)ی داوەتەوە. وێنەیەکی نووسراوەکەی خۆمان ڕەوانەی ئەوێ و زیندانی جەیهان[137] واژۆیەکی زۆری لەسەر بوو، ناوی من،(شەنەر)، (موزەفەر)، (کاراسو)، (فوئاد کاف). ..

لەو خاڵەدا (شەنەر) دەستبەکارە! نووسینەکانی بە سیستەمن. گووتار و بەیاننامەشمان دەنارد بۆ دەرەوە، بەتایبەتیش ئەوانەی بە سەردێڕی "بۆ گەنجانی کورد"، ئەویش بەیاننامەی زۆر بەکاریگەر، سەرنجڕاکێش، هاندەر، ڕاکێشەر و ناوەڕۆکی بەهێزی دەنووسی. (شەنەر) و ئەم خێراییەی لە کار و خەباتدا، لە هەمووان زیاتر کاری تێدەکردم، مایەی دڵخۆشیم بوو. بەمجۆرە دەستمان بە دەرەوەش دەگەیشت. دەرفەتی خەبات و مەودای فراوانی کارکردنمان دەستدەکەوت.

لەڕێگەی جیاجیاوە گۆڤاری (سەرخۆبوون) و (بەرخودان)، پارە و کەلوپەلمان بۆ دەهات. بە شێوەیەک لە شێوەکان پەیوەندی لەگەڵ پارتی دروست بووە، بەرە بەرە ڕاپۆرتەکان بەشوێنی مەبەست دەگەیشتن، ڕێنمایی و ڕاسپاردەمان پێدەگەیشت..

---

[137] جەیهان: شارۆچکەیەکی سەر بە شاری ئەدەنەی تورکیایە، نزیکترین شارۆچکەی ئەدەنەیە لە شاری حاتای سەر سنووری سوریا .

لەو رۆژانەدا نامەیەک هات و تیایدا باس لە هێنانی کەلوپەل دەکرا. بە کارتۆن کەلوپەل بۆ (حاملی) دەهات. بەر لە وەرگرتنی کارتۆنەکە هەواڵمان پێدا، هەر خۆم چووم و پێمگووت. (حاملی) گووتی: "نەخێر، ئەو کارتۆنە هی منە، لە ماڵەوەم داواکردبوو. هەر چییەکیشی تیادا بێت هی منە. نامەیەکی تایبەتیشی تیایە". پاش هەناسەیەک گووتی: "پێشتر هەندێک شتم بە کچە مامەکەم گووتبوو، ئەوەش وەلامەکەی ئەوە" و گێژاوێکی سەیری دروستکرد. هەستم بە رەوشی کرد و پێمگووت: "مەکە، هەڵەیە، بە پەرچەکردار و تووڕەییەوە مەجوڵێرەوە. رێکاری رێکخستنیمان هەیە، پێشتر ناوت هاتۆتەوە، خۆت دەزانیت. کەسێکی پارتی هیچ شتێکی تایبەتی نابێت. تۆ رادەستی بەڕێوەبەرایەتی بکە، ئەگەر هی تۆبن دەدرێتەوە بەخۆت"، لە وەلامدا گووتی: "نەخێر، ئەو نامەیە هی منە، نەک بەڕێوەبەرایەتی، نایدەم بەهیچ کەسێک".

ئەم هەڵوێستەییم بە بەڕێوەبەرایەتی راگەیاند، هەمووان بە گونجاویان نەزانی. (شەنەر) گووتی: "ئایا شتێکی تر هەیە؟ دەشێت حسێن یلدرم نامە و شتی بۆ ناردبێت؟ دەشبێت ئەمە بێت حاملی نیگەران کردووە". هەموومان بەجارێک حەپەساین.

لەسەری رۆیشت و گووتی: "ئەی چۆن، لە رابردوودا سەحەر و ئەوان هەوڵیان بۆ نەدا؟ ویستیان لەو لایەنەیەوە کار لە حاملی بکەن کە ئەویش خەڵکی دێرسیمە. دیارە کەسایەتییەکەشی دەناسن". بەمەش لیلی و گێژاوەکەی بۆ گومانێکی جددی تر بەرز کردەوە.

گووتم "نەخێر.. منیش دەیناسم. بە تووڕەیی و کاردانەوە دەجوڵێتەوە، بۆ دووەمجار راپۆرتەکەی پەسند نەکرا، ئاستی کادیربوونەکەی خرایە بەرباس، لە ئەرک لابرا. هەموو ئەمانە کاریان تێکرد. هاوکات لە پەیوەندی لەگەڵ منیشدا کێشەی هەیە، بە وەدا دیارە کە دەڵێت؛ لەوانەیە کارتۆنەکە لەلایەن کچە مامەکەمەوە هاتبێت..." چونکە پێشتر باسی لەوە کردبوو کە خانەوادەکەی کچە مامەکەیان هێناوە بۆ سەردان و نیشانی (حاملی)یان داوە تا مارەبڕییان بکەن. سەر لەنوێ هێنانەوەی ئەو باسە بۆ ئێرەیی پێبردنی منە، بەم شێوەیە "دەیەوێت تۆڵەی هەڵسوکەتەکانم لێبکاتەوە". بەڵام ئەگەرەکەی ترم بەلاوە سەنگینتر بوو. پێدەچێت (حسێن یڵدرم) نامەشی بۆ بنێرێت، بەڵام هاوڕانیم ئەمە بکرێت بە هۆکارێک بۆ دروستکردنی بێ متمانەیی لەبەرامبەر (حاملی). شەنەر گووتی: "دەبێت سەرلەنوێ پێی بگووترێتەوە و ئاگاداریش بکرێتەوە".

منیش گووتم: "کەواتە با نامەیەکی فەرمی بنووسرێت، پێگووتنەوەی زارەکی دەکات بە مەسەلەکی تاکەکەسی". نامە نووسرا، (جاهیدە) نامەکەی برد و پێیدا. هەروەها بە زارەکیش پێی گووت. ئەوجار (حاملی) مەرجی هێنایەوە و گووتی: "نامەکە لەبەرچاوی هەڤاڵێک دەکەمەوە، سەرناوەکەی دەخوێنمەوە، ئەگەر هی من نەبێت دەیدەم بە بەڕێوەبەرایەتی". ئەم هەڵوێستە مەرجدارەی هەمووومانی لەخۆی تووڕە کرد. پاشان گووتم: "با لێیبگەڕێین، چی دەکات با بیکات، دواتر هەڵوێستەکەی هەڵدەسەنگێنین. با نەکەوینە رقگریی دوولایەنەوە. کارێکی باش

نییە". هەڤاڵ (فوئاد کاف)یش پشتیوانی کردم و گووتی: "ئەمە هەڵوێستێکی شیاوترە، هاوڕام لەگەڵی".

بەڵێ، چاولەیەکتر سوورکردنەوە مەترسیدار بوو. ئەی خوایە کارمان لەسەر کام شێوە و لایەنی کێشەکان دەکرد! هەڵوێستێکی وەها توند و بەرتەسک کێشەکانی چارەسەر نەدەکرد. خودی (حاملی)یش ئەندامی بەڕێوەبەرایەتی بوو. دانانی نامە یان نامەیەک تەنیا بەهی ناوەند، هەڵەیە. بەڵام بەپێی رێکاری رێکخستنی دەبێت سەرەتا نامەکە رادەستی ناوەند بکرێت، ئەگەر هیچ دەرفەتێکی نەبێت هەڤاڵێکی تریش بۆی هەبوو بیخوێنێتەوە. ئەمەیان ئاسایی بوو. بەپێچەوانەوە (حاملی) بە ئەنقەست وەهای دەکرد کە ئەمەش سەرپێچیکردنی رێکارە رێکخستنییەکان بوو. بەستنەوەی هەموو شتێکیش تەنیا بە خاڵێکەوە، کردەیەکی راست نەبوو. لەم بوارەشدا پەرچەکردار و نیگەرانی هەر یەکێکمان بۆ زەمینەی جیاجیا دەگەڕایەوە، هەرئەمەش سەیرترین لایەنی بابەتەکە بوو. لە ئاستی گشتیدا سەرپێچی دیسیپلین بوو، ئەم خاڵە تووڕەی دەکردین، بەڵام لەکوێوە سەرچاوەی دەگرت و بۆچی گەورە دەکرا؟ بۆچی بە ئاستی رقگری و رقئەستووری گەیشتبوو؟ لەم بوارەدا هەڵوێستێکی خوێنساردانە، بە ئۆقرە و رامیارییانە لە ئارادا نەبوو، زۆر ناشارەزایانە و بە شێوەیەک خۆ بە رواڵەتی کارەکەوە سەرقاڵ دەکرا.

(حاملی) نامەکەی کردەوە و کە زانی هی خۆی نییە، بۆی ناردین. واتا بە قسەی خۆی کرد. بەم هۆکارەش دووبارە دەهاتەوە رۆژەڤەوە. (حاملی) ئامانجێکی باش بوو بۆ (شەنەر)

بۆیە پێی نەدەخستە چاڵەوە. لایەنی لاواز و چەوت زەمینەیەکی بەپێزی پێدەدا. زۆر شارەزایانە بێزاریەکانی بەڕێوەبەرایەتی و پەرچەکردار و تووڕەییەکانی کادیرانی دیکەی دەکرد بە یەک. ئێمە هەستمان بەمە نەدەکرد، (حاملی) هەستی بە کێشەکانی شێوە و رەواڵەت کردبوو، بەڵام بە ئەندازەیەک کێشەکانی کردبوو بە کێشەی تاکەکەسی خۆی، هەموومانی لەبەرەی بەرامبەر بەخۆی دانابوو.

لەم بوارەدا پێشنیاز دەهاتن؛ لە بەرامبەر بە سەرپێچیکردنی بە پەیڕەوی ناوخۆ، داوای راپۆرتی رەخنەدان و بەهەند وەرگرتنی رێکاری رێکخستنی دەکرا. خۆیشی دانی بەوەدا دەنا کە بەکاردانەوە و پەرچەکردارەوە دەجوڵێتەوە. داوای لێکرا کە وەڵامی پرسیاری: "بۆچی بڕیاری بەڕێوەبەرایەتی بۆ تاکە کەسەکان دەگەڕێنێتەوە" بداتەوە، لەوەڵامدا ئاماژەی بەوە کرد کە لەبەرامبەر بە (شەنەر) هیچ هەڵوێستێکی تایبەتی نییە، بەڵام پەرەسەندنی کاردانەوە و هەڵوێستی هاندەرانەی دوولایەنە لە ئارادایە.

## شاڵاوی دەستگیرکردن لە ئەوروپا

لەو قۆناخەدا لە ئەوروپا لەدژی تەڤگەری ئازادیمان دەست بەهێرش و پەلامار کرا. شاڵاوێکی دەستگیرکردن بوو و بەردەوامی دەکرد. ئەمەش بەشێک بوو لەپیلانەکانی دژی کار و خەباتی پارتیمان. دووبارە تێکۆشانمان و (سەرۆکایەتی) کرابووە ئامانج. دەمانگووت: "پەیوەندی بە گێرەشێوێنییەوە هەیە"، بەدەیان کادیر دەستگیرکرابوو. دەگووترا دەستبەسەر ئەرشیفی پارتیشماندا گیراوە. دەمانگووت: "هەڤاڵان چۆن رێوشوێنی پێویستییان نەگرتۆتە بەر، ئەوەندەش بێ خەمی مایەی تێگەیشتن نییە". دەستگیرکردنی هەڤاڵ (عەباس - دوران کالکان)، هەڤاڵ (فوئاد – عەلی حەیدەر قەیتان)، (مەراڵ) و بەدوای ئەمانیشدا دەستگیرکردنی هەڤاڵانی دیکە، رێکەوت نەبوو. ئەم هەواڵە بێتاقەتی کردین.

میدیاکانی دەوڵەتی تورک جێگەیەکی هەمیشەیی و تایبەتیان بۆ هەواڵی چەواشەکاری دژی گەریلا تەرخان کردبوو. بۆ چەندین مانگ لەسەر یەک و لەبەرنامەی تایبەتدا باسی هەڵکوتانە سەر گوندەکان دەکرا. هەوڵیاندەدا بەرگی " بکوژی ژن و منداڵ" بەسەر گەریلادا بکەن. هەروەها لە سەرەتای 1987 ەوە یاسای پەشیمانی کە دەگووترا: "ماوەی یاسایی تەواو بووە" سەرلەنوێ خرایەوە رۆژەڤەوە. بەشێوەیەکی چڕوپڕ بانگەوازی" خۆتان بەدەستەوە بدەن" بۆ گەریلا دەکرا. ناوی هەندێک لە فەرماندەکانی گەریلا زیاتر دەهێندرایەوە و بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بەرەو سازش رایان دەکێشان و دەیانویست وا بە رای گشتی نیشان

بدەن کە زەمینەی جیاوازیی و جیابوونەوە لەناو پارتیدا سەریهەڵداوە.

لە رۆژنامەکاندا لەپاڵ مانشێتی (PKK)ٚ پارچەبووٚ وێنەی خیانەتکاران بڵاو دەکرانەوە، شانبەشانی ئەوەش ناوی ٚ دەستەڕاست.. نزیکترین ئۆپۆزسیۆن، ئەفسانەییترین فەرماندە، ئەمانە لە بەرەی زیندانەوەن، ئەو هۆڤانەی زیاترین کەسیان کوشتووە، ئەو میلیتانانەی دان بە شتی زۆر ترسناکدا دەنێن...هتدٚیان بەبەر چەندێکیاندا دەکرد. ئامرازی هێرش و پەلامارەکانی دووژمن و ڕێبازەکانیان تا رادەیەک ئاشکرا و روون بوون.

گرنگترین بازنەی ئەم پیلانەش؛ چەواشەکاری، چەواشەکردنی هێڵی پارتی و سەرقاڵکردنی زەمینەی گەشەکردن بوو بە لاوازییە ناوخۆییەکان و لێرەشەوە بێکاریگەر کردنی سەرتاسەری بوو. ئێمە زیاتر بەو لایەنانەوە خەریک بووین کە دەمانبینین و ڕووداوەکانمان لەو چوارچێوەیەدا دەخوێندەوە.

## "کۆتایی بەم پەیوەندییە دەهێنم"

(حاملی) ئەو رۆژە هاتە شوێنی هەواگۆڕینی قاوشی (35) کە پێشتر هەرگیز نەدەهات. زۆر تووڕە بوو. هۆنراوەیەک بووە هۆکاری سەرلەنوێ تێهەڵچوونەوەمان. (شەنەر) هۆنراوەیەکی تابلێی دوور و درێژی نووسی بوو. پێشتریش هۆنراوەی کوردی و تورکی دەنووسی. بەگشتی هۆنراوە و نووسینی هەموو هەڤاڵانمان رەوانەی دەرەوە دەکرد. تەنانەت هەبوو دەستیان بە نووسینی رۆمانیش کردبوو. (شەنەر)یش بەشە رۆمانێکی نووسی بوو، داوای لێکردین بیخوێنینەوە. ئەوکاتە هێشتا نەدەچووینە حەوشەی هەواگۆڕینی قاوشەکانی ترەوە و گۆشەگیریمان بەردەوام بوو. وایدەزانی شارەزاییم هەیە لە نووسینی رۆمان، ئەوکاتە راپۆرتەکەمان بە رۆمان ناوزەدکرابوو، هەر بۆیە نووسراوەکان بەگشتی بۆ ئێمە دەنێردران و داوایان لێدەکردین هەڵسەنگاندنیان بۆ بکەین. ئێمەش دەمانخوێندەوە و رەخنە و تێبینی پێویستمان ئاراستە دەکردن.

زمانێکی زۆر جیاوازی هەبوو. ناوەڕۆکی ئەو بەشەی پێوەرە نەریتییەکانمانی تێپەڕ دەکرد. بەشێکی گەورەی بەسەرهاتەکانی ناو زیندانی لەناو یەکدا نووسی بوو. لە شیعرەکەدا؛ رەهەندی ژن، خۆشەویستی، تایبەتمەندی بەخەیاڵیی کردنی ئەڤین، هاوتەریب بوو لەگەڵ ئەو بابەتانەی کە نووسەرانی بۆرژوازی بچووک یاخود ئەو نووسەرانەی لە هەلومەرجی وڵاتانی تردا دەیاننووسین. یەکەم خاڵی هەستپێکراوی بەو شێوەیە بوو. لە شیرۆڤەکەی خۆماندا پێمانگووت: "خەیاڵ و پێوەری خۆیەتی"، واتا راستییەکانی خۆی بوو. بۆ چاپکردن گونجاو نەبوو. بێگومان بە تاقیکردنەوەیەک دانرا، وابزانم لە ئاستی گشتیشدا سەرنجێکی

ئەوتۆی بەلای خۆیدا رانەکێشا. بابەتی رۆمانەکە بەوجۆرە سەراونخون بوو. دیارە خۆی بەردەوام نەبوو لە نووسینی. بەڵام هۆنراوە جیاواز بوو، بەگشتی هۆنراوەیەکی زۆر دەهات و ئێمەش بە قووڵایی شیرۆڤەمان نەدەکرد و زیاتر رەوانەی دەرەوەمان دەکرد.

بێگومان هۆنراوە پێویستە بە چاوی رەخنەوە بخوێندرێتەوە، ئەم دیاردەیەش پابەندە بە تێگەیشتن لە هۆنراوە. بەگشتی یەکەمین کاریگەرییەکانیان بەهەند وەردەگیرێت. لەلای ئێمەش دۆخێکی زۆر دروشمئاسا گەشەی کردبوو. کولتووری هۆنراوە لای ئێمە بەربڵاو نەبوو. نووسینی هۆنراوە گەیشتن بوو بە خاڵە باریک و قووڵاییەکانی ژیان و گەڕانێکی وەستایانە بوو بەناو گێژاو و گەردەلولەکانیدا. چڕبوونەوەی دڵگیری و سۆز بوو، شەپۆلی بەردەوام و قەڵبەزە بوو. رەنگدانەوەی خواستی ناو ناخ، نهێنی، خەیاڵ و داڕشتنی سۆز بوو. هەر کەسە و بەگوێرەی بەسەرهاتەکانی خۆی دەیهۆنییەوە. هونەرپەروەرییەک بوو! هەر بۆیە گرنگیم بە هۆنراوە دەدا، بەڵام زۆر جیاکاریم نەدەکرد یاخود خۆشەویستیم بۆ هونەر هاو ئاست نەبوو لەگەڵ رەخنە لێگرتنی.

(شەنەر) هۆنراوەکەی لەسەر من نووسی بوو یان وەکو خۆی دەیگووت: "ناوم لێنەنابوو"، بەڵام بایەخداربوو. پێدەچێت لە هەندێک لایەنەوە کاری تێکردبێت، هەستم بە واتای گشتی نەکردبوو. هەرگیز بیرم لە بارکردنی ناوێکی تر نەکردەوە. بە هەر حاڵ، هەر ئەو رۆژە هۆنراوەکەم بۆ (حاملی)یش خوێندەوە. (حاملی)یش پێی جوان بوو. لەوێدا باسی لە (مەزڵوم) کردبوو. هاوار، گریان، سوپای شکست پێهێندراو، باری دەروونی سوپاسالاری شکستخواردوو... رەخنەکردن بەلایەک، هەستی سۆزدارییانەی بەرزکردبوومەوە. لەوێدا دەستەواژەگەلێکی وەک

"دادەی منی... دایکی منی... یار و یاوەر .. دەستگیرانی منی ...هتد" واتا و شتێکی تری بەخەیاڵمدا نەهێنابوو. یاخود تاڵە سپییەکانی سەرم ببێت بە سۆزی راپەڕین لەناخیدا، شاردنەوەی تاڵێک و بیکات بە مایەی هێز بۆخۆی، هیچ یەکێکیان نەیحەپەساندم، لایەنێکی عەیبارم تیابەدی نەکردبوو.

من بە ئاشکرا بەهەموویانم دەگووت: "ئەوینی منن، چاوی هەمووتان ماچ دەکەم" و ئەمەش پێویستی بە هیچ چوارینەیەک نەدەکرد! زۆربوون ئەوانەی کە نازانم تاکوێ بەرزیان دەکردمەوە. هیچ یەکێک لەوانە بەراورد نەدەکرا لەگەڵ پیرۆزکردن و بەرزکردنەوەی خۆیان و ئاستی خۆشەویستی ناخی من لەبەرامبەریان، هەرگیز ئەم لاسەنگییەشیان تێکی نەدەدام، ئەمەم بە جیاکارییەک، دڵبەندییەکی تایبەت، پیلانێک، یان ئامانجێک دانەدەنا. چونکە دەبووە مایەی بیرکردنەوەیەکی خراپ و پیس. هاوکات لە مەیدانێکی وەهادا زوو دەرک بە دڵبەندی و پەیوەستی تایبەت، خۆشەویستی جیاواز دەکرا و ئاشکرا دەبوو. حەشار نەدەدرا. ئەوەندەش خۆمم لەدەست نەدابوو و کەم هەست و سۆزیش نەبووم تا دەرک بەهیچ یەکێکیان نەکەم. چ ئەو هەڵوێستانەی لەسەر بناخەی زۆر چەپەڵ، قەبا و رەمەک بوون، چ ئەوانەی زۆر بە باریکی و شێوە پێدراوانە هەوڵی شاردنەوەیان دەدرا، زوو هەستم بە هەموویان دەکرد. بەڕاستیش مەحاڵ نەبوو هەست بەو لایەنگەلە نەکرێت کە هەڵگری خۆشەویستی، حەیرانی و دڵبەندی بوون. مەحاڵ نییە دەرک نەکرێت بە لایەنە جوان و قێزەون و ئەو لاوازییانەی لە مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرن. هەر دڵبەندی و حەیرانییەک، تەنانەت هەموو هەڵسوکەوتێک کە رەمەکیش لەخۆبگرن مسۆگەر نییە بەرەو ئەنجام بڕوات، نابێت بە سەرەتا یاخود کۆتایی هەموو شتێک!

بە تاڵێک لەقژی من چی لەچی دەگۆڕا؟ دەستەواژەی (دادەمی، دایکمی، دەستگیرانمی) دەبووە مایەی سەراوژێرکردنی چی؟ هەرچەند بیری لێبکرایەتەوە و تێگەیشتنی زەحمەتتر دەکرد. چۆن هەموو شتێکمان کەم واتا و ئاسایی کردبوو!

(حاملی) سەرەتا خۆشحاڵی خۆی دەربڕی و پاشان دەستبەجێ گۆڕا، کە من هیچ واتام پێنەدا. دووبارە هۆنراوەکەم خوێندەوە.. نەخێر، هیچ شتێکی ئەوتۆی تیا نەبوو!، بەڵام (حاملی) هەندێک شتی دەزانی، (شەنەر)ی دەناسی، تەنیا بەشێوازێک لێکیدەدایەوە کە دەستدرێژی کرابێتە سەر بواری موڵکایەتی خۆپەرستییەکەی، لەو خاڵەدا دنیای تێکدەدا. هەڵوێستێک نەبوو کە لەچوارچێوەی هەستی لێپرسراوێتی ئەندامێکی پارتییەوە بەگژ ئەو دۆخەی (شەنەر)دا بچێت و بەشێوازێک بێت کە (شەنەر)م زیاتر پێ بناسێنێت، بەپێچەوانەوە وەک چاو بڕابێتە ناموسیەوە پەرچەکرداری دەنواند. لە راستیدا لەو خاڵەدا هەردووکمانی دابوو بە دەست (شەنەر)ەوە. (حاملی) بەم شێوە تراژیدی - کۆمیدییە دەیسەلماند کە تێگەیشتن و لێکدانەوەی بۆ (خۆشەویستی)، دزی (خۆشەویستی) و (خۆشەویست)ەکەی چییە. لە حەوشەی هەواگۆڕینەوەکەدا بە تەنیا رستەیەک کۆتایی بە هەموو شتێک دەهێنا، گووتی: " کۆتایی بەم پەیوەندییە دێنم" و رۆیشت. تەنیا ئەو رستەیەی بەکار هێنا، ئەویش لەشێوەی تۆڵەسەندنەوەیەک. "کۆتایی پێدێنم...". بەڵام ئەگەر خۆشەویستی راستەقینە هەبووایە، بەمجۆرە کۆتایی پێنەدەهات، دوایی نەدەهات و نەدەبا کۆتایی بێت.

دوای ئەوەی رۆیشت بۆ چەند خولەکێک راوەستام و لە دواوە سەیریم کرد.

(شەنەر) گووتی: "قسەی لەگەڵ دەکەم". پێمگووت: "نەخێر! ئیتر لەم مژارەدا نابێت هیچ کەس؛ هیچ شتێکی لەسەر بڵێت. ئەمە یاری منداڵانە نییە. تۆزێک ڕێزتان هەبێت و هیچی تر..."

پاشان چوومە لایەکەوە. هەڤاڵ (فوئاد کاڤ) هەستی بە شتێک کرد، هات و پێکەوە بە پێچەوانەی ئاراستەی ڕایەڵکەکردنی هەڤاڵانەوە و لەنزیک دیوارەکەوە دەستمان بە ڕایەڵکە کرد.

پرسی: "چی بووە؟ بێ تاقەت دیاری". سەرەتا گووتم: "نەخێر.. هیچ نییە"، پاشانیش گووتم: "وەک بارێکی قورس لەسەر شانم لاچوو بێت". بەڵێ، بەڕاستیش بارێک، بارێکی هەمیشە بێتاقەتکار، ئەوجا بەناوی خۆشەویستییەوە. خۆشەویستی پیاوێک! وەک کابوسێک، وەک شاخێک، وەک خەنجەرێکی سەرپشتم! ئەو هەمووە قسەمان کرد و گووتم با بەگفتوگۆ و تێگەیشتن، لە چوارچێوەی ڕێزگرتن لەیەکتر ئەم کێشەیە چارەسەر بکەین، بەڵام خۆی لە قەرەی نەدا. ئێستاش بە شێوازەکەی خۆی کۆتایی پێهێنا! بە هێز و پەتای دەروونی باوی پیاوێتی. بێگومان ئەم لایەنەی بێتاقەتی دەکردم، بەڵام لەلایەکی تریشەوە بە تەواوی ئاسودە بووم. ئەو دۆخە وەکو پەستێنەرێک وابوو.

ڕۆژانە قسەی لەسەر دەکرا. (فوئاد کاڤ) دانی بە ڕاستییەکدا نا و گووتی: "من هەر لە سەرەتاوە دژی پەیوەندییەکی وەها بووم، بەلامەوە شیاو نەبوو. لە کۆبوونەوەکەی کاراسوشدا پێمگووتن. گووتم لەوانەیە پێی تێکبچێت بۆیە پێم نەگووتیت. بە هەر حاڵ، باشتر.. ئەی باشە ئەم کابرایە شێتە چییە؟ بۆچی لەبەردەم شەنەردا وەهای گووت؟".

پاشان ژمارەیەک نووسراوی یادەوەرییەکانم هێنا و بەشێکی زۆر لەمێژم پشانی (فوئاد) دا و لەبەر خۆیەوە دەستی کرد بەخوێندنەوەی: "... پێدەچێت بە هەموو ژیانم یەکەمجاربێت بە

ئەنقەست کارێکی هەڵە دەکەم. بەناوی فیداکارییەوە... بەڵام ئێستاکە کە دەبینم رێگەی بۆچی خۆش کردووە، هەست دەکەم شکۆی شۆڕشگێڕیم دەڕوشێنێت. ئەمە ئازارێکی گەورەم پێدەدا". لێرەدا بە (فوئاد)م گووت: "بەسە، ئەوی تر مەخوێنەرەوە" و لێم وەرگرتەوە. پرسی" بۆچی هیچ گفتوگۆت نەکرد؟" لە وەڵامدا پێمگووت: "هەمیشە گفتوگۆ، ها؟!".

رۆژی دواتر هەواڵی "تەندروستی حاملی نالەبارە"م بیست. ئەمیان زیاتر بێتاقەتی دەکردم. بێ ئەوەی بپرسم چیە و چی بووە دەستبەجێ گووتم: "راست ناکات.." فوئاد گووتی: "بەجددی زیانی بەخۆی گەیاندووە. بەر لەوە نامەیەکی نووسیوە و داوێتی بە عەلی، وەسیەتەکەی بۆ ئەو بەجێهێشتووە". هەڤاڵان هاوکاری تەندروستی پێویستیان کردووە.

هەڤاڵ (فوئاد) چووەتە قاوشی (36) و بە بەرفراوانی قسەی لەگەڵ کردوون. (حاملی) گووتوویێتی بەهۆی کاریگەری کۆتایی هێنان بەو پەیوەندییەوە پەنای بۆ شتێکی وەها بردووە. گووتبووی: "بە پەرچەکردار و تووڕەییەوە رەفتارم کرد". بەهەڵەدا نەچووبووم.

(سەعید) دەیگووت: "باشە ئەم جۆرە شتانە ئەوەندەش بە ئاشکرا دەکرێن؟" نەمدەویست هیچ بڵێم، بەڵام نابێت. بە هەڤاڵانم گووت: "دەیناسم، بڕیارێکی وەها سەرچاوەکەی لە تووڕەیی و پەرچەکردارەوە دەگرێت. دەیزانی کە ئەمە ئیتر راست نابێتەوە. ئەوجار ئەم زیان بەخۆی گەیاند و لێرەوە هەوڵدەدات سەرنج بەلای خۆیدا رابکێشێت. بەم دواییانە زۆر رەخنەی هاتنە سەر، رێکاری رێکخستنی لەگەڵ کرا. هاوکات هەڕەشە دەکات و دەڵێت؛ فشارم بۆ مەهێنن.. هەڤاڵێکی زۆر سەیرە. هیچ حیساب بۆ ئەوە ناکات کە لەکوێین، دووژمن پێی بزانێت چۆن سوودی

لێوەردەگرێت، هەڤالان چۆن بیر دەکەنەوە و سەرەنجامەکەی چی دەبێت. ئاستی خۆی بەتەواوی سووک و بێ واتا دەکات. بەڕای من با تەنیا هەڤال فوئاد قسەی لەگەڵ بکات. هەڵوێستی لەگەڵ فوئاد تا رادەیەک جیاوازە. نابێت پەرچەکردار و تووڕەییەکی کوێر بکرێتەوە. هەرچی و هەر چۆنێکیش بێت ئەو دۆخەی دڵگرانی دەکردم. ئەگەرچی لە راستییەکی زۆریش هەبێت هەڵسەنگاندنەکانمدا سەبارەت بەخۆی، خۆم لەبەرامبەر بەو دۆخەی بە تاوانبار دەبینی. دەمتوانی چۆن مامەڵە و هەڵسوکەتێکی ترم لەگەڵ بکردایە؟ شتێک هەبوو کە من ئاگام لێی نەبوو بێت؟ دەبووایە لەکام لایەنەی پەیوەندییەکانمدا بە ئاگا و ورد بوومایە؟

(حاملی) بەم زیان بەخۆگەیاندنەی بەتایبەتی من و بەگشتی هەموو هەڤالانی خستبووە ژێر پەردەی تۆمەتەوە. هەر کەسە و کاردانەوەیەکی جیاوازی دەبوو. بنکەی گشتی کادیران لە پێشنیازی هەڵپەساردنی ئاستی کادیری هاوڕابوون، بەڵام بەشێکیش لە هەڤالان ئەم پشنیارەیان بە فشارێکی توند دەنرخاند. لەگەڵ (شامیل) بابەتەکەمان تاووتوێ کرد. (شامیل) زۆر هەستیارە، لە تاوتوێکردنی بابەتەکاندا دەیزانی لەکوێ و کەی چی بڵێت. بەڵام لە بابەتی (حاملی)دا بە ئەندێشە بوو. رەخنەی لە منیش دەکرد. لەو رۆژانەی من و (حاملی) بۆ یەکترمان دەنووسی، (شامیل) خۆشحاڵی خۆی دەربڕی بوو، بە نیازپاکییەکی گەورەوە تەمەننای جوان و بەواتای پیاهەڵدابووین. بێگومان ئەمە مرۆڤدۆستی هەڵوێستی هاوڕێیانەی بوو. بەڵام ئەوەی هەبوو هەرگیز هیچ یەکێکمانی شاد و بەختەوەر نەکردبوو. بەشێوەیەکی

ڕێکوپێک و تێگەیشتووانە مامەڵەنەکردنەکەی منیش ڕاستییەکی دیکە بوو. پێدەچێت زۆر فیداکار و هۆشمەندانەش هەڵسوڕابم، بەڵام پشوودرێژانە شەڕی ئەم پەیوەندییەم نەکرد، کە هەر ڕاستەوخۆش بۆ چۆنێتی مامەڵەکردنم لەگەڵ هەموو کێشەکان دەگەڕایەوە.

هەموو گفتوگۆ، کاریگەری و کاردانەوەیەکم لە هەموو شوێنێک خستە ناو باسەوە. (شەنەر) بۆی هەیە بە زۆر شت بزانێت، بەڵام نەدەبا بەو جۆرە بێ پێوەری و بێ حیسابییە قسەم لەگەڵ بکردایە. چونکە هەموو لاوازییەکانم، ئەو بابەتانەی کارمان تێدەکەن و چیمان بە بنەما وەرگرتووە و زۆر شتی تریشی دەدا بە دەستەوە. لەم بوارەدا عەلەنییەت و ئاشکرابوونێکی بێ سنوورانە و نهێنی پارێزی و حەشاردان لە یەک چاوگەوە دەردەکەوتن، سەرەنجام مرۆڤ بە چارەسەری ڕاستەقینەی کێشەکان ناگەیەنێت. پێوەرم بە سۆز و پەرچەکردارەکانیشم نەدابوو، لەکاتێکدا ڕەخنەی بێ بڕیاریم لەکەسی بەرامبەر دەکرد، خۆشم بە بڕیار و بە پرەنسیپ هەڵسوکەوتم نەدەکرد.

جیاوازییەکەی ئەمەیە: (حاملی) هەر لە سەرەتاوە ڕاشکاو نەبوو، هەرچارە و شتێکی گووت، بەگشتی لە پەیوەندییە ڕێکخستنییەکاندا خۆیشی حەشاردا، هەرگیز بە ئاشکرا کێشەکانی لەگەڵ من تاوتوێ نەکرد. منیش بە پێچەوانەوە، هەر لە سەرەتاوە لە هەموو بابەتێکدا بە ئاشکرا هەڵسوڕام، بەتایبەتیش لە قۆناخی دواییدا کاتێک سەرکەوتوو نەبووم لە چارەسەرکردنی کێشەکان بە گفتوگۆ و یەکتر قانیع کردن، بەشێوەیەک جوڵامەوە کە زیاتر

(حاملی) هان بدات و بەرەو کۆتایی هێنان بە پەیوەندییەکەی ببات. لەم واتایەدا خۆم بێ پێوانە و پێوەر کرد. زیانم بە.پێگە و ڕێزداری خۆم گەیاند. هەڵە کردن بە کەسانی تر و هاندانی بەرەو کێشەی نوێ خۆی لە خۆیدا بێ بڕیاری بوو، دوور بوو لە خاوەن یەک قسەیی. بۆیە لێرەدا دەبا هەڵە و چەوتییەکانی خۆمم بەدیبکردایە، کاریگەری کەسانی ترم ببینیایە.

ئەمە تەنیا شەڕی من و (حاملی) بوو؟ نەخێر! ئەوە ڕاستە کە زەمینەی شەڕێک لە ئارادا بوو، بەڵام کێ لەگەڵ کێ شەڕی دەکرد؟ کامە بەرە و چۆن سەنگەرێک گیرابوو؟ کەسایەتییەکان ڕۆڵێکی چۆنیان لە بازی و کایەکانی خۆشەویستی و ئەویندا گێڕا؟ خۆشەویستی و شەڕ چۆن لەیەک کات و شوێندا دەبوو؟ چۆن یاری بە هەست و سۆز دەکرا؟

## سەر لەنوێ دەست بە هەڵکەندنەوەی تونێل کرایەوە

(گەزگێڕ) سوور بوو، ئاوی تونێلەکەی وشک دەکرد! لەکاتێکدا تا دەگات بە دڵ ڕۆماتیزمایان هەبوو، کەچی بە پێداگرییەوە کاریان دەکرد. دووژمن خەندەقی قووڵی بەدەوری زیندانەکاندا لێدەدا، هەر جارە و پاسەوانەکان شوێنێکییان هەڵدەکەند. دەتگووت دۆزگەری زیندان خەوی پێوە بینیوە، دەیگووت: "دەزانین تونێل هەیە، بەڵام پێمانبنادۆزرێتەوە". بەگشتی لە بەشێکی زۆری زیندانەکاندا هەوڵی ڕاکردن هەبوو، لە واتایەکدا ڕاکردن ببوو بە شتێکی ئاسایی و ئەوتۆ. بەگشتی لە هەر زیندانێکدا چەند هەوڵێکی هەڵکەندنی تونێل و تاقیکردنەوەی ڕاکردن ڕوویدابوو.

باس لەوە دەکرا کە لە 1981 – 1982 وە لە زیندانی ئامەد پلانی ڕاکردن هەبووە. تەنانەت پلانی ڕاکردن بە فڕۆکەش. شتی سەیر و سەمەرە لە پلانی ڕاکردنەکانی ئێمەشدا جێگەی دەگرت، بەڵام ئەم پلانی فڕۆکەیەی لە دەرەوە داڕێژرابوو، کەوتبووە سەر زاری هەمووومان. ئەگەرچی مایەی دەرککردنیش نەبێت، بڕوا بەوە دەکرا کە پارتی حەتمەن بیری لە شتێک دەکردەوە و شتێکی دەکرد.

هەرجارە و دەچووینە حەوشەی هەواگۆڕین هەڤاڵ (فیلۆ) نەخشەی پلانێک یاخود چەند پلانێکی نیشان دەدام. تیانووسەکەی بەدەستەوە و بەهێوری دەهاتە لام و دەیگووت: "ئەگەر کارێکت نەبێت دەمەوێت پێکەوە لەسەر هەندێک شت قسە بکەین". لەو نێوەدا چاوی هەموو هەڤاڵان دەهاتە سەرمان، هەندێکیان لەژێر سمێڵەوە پێدەکەنین. تۆبڵێی ئەمجارەشیان (فیلۆ) چۆن

فەیلەسوفییەکی نوواندبێت! هەڵبەتە هەندێک شیمانەیان دەکرد. قەشەنگی خەیاڵ و بۆچوونەکانی ئاستێکی هەبوو. چانسی سەرکەوتنیشی؛ یان زۆر ئەستەم بوو یان هیچ نەبوو. قاتی سێیەم بەرزترین قاتی زیندانبوو. لە خەیاڵی خۆیدا لەوێوە تەلەفریک[138]ی بۆ یەکێک لە ماڵەکانی ئەوبەری راکێشا بوو. حیسابی بۆ کاتی گۆڕانی پاسەوانی نۆبەتگە و ماوەی رایەڵکەکردنی بەردەرگەیان کردبوو. پێچەرێکی لە گوریسەکە بەستبوو. بەو پێچەرە گوریسەکەی زووتر دەپێچایەوە، چونکە بەدەست کاتێکی زۆری دەبرد. هەر یەکێکمان بۆ چەند خولەکێک لە دەرەوە رادەوەستاین، زۆر لەناخی دڵییەوە و بەجددی ئەمانەی باس دەکرد، بۆیە هەمیشە رێزم لەو بیرکردنەوە و هەولانەی دەگرت. لە وەلامدا کە دەمگووت: "باشە، بەلام ...." گریمانە رێگر و تەگەرەکانی بەردەم پلانەکەیم بۆ ریز دەکرد، بێتاقەتی دایدەگرت. پاشان دەستبەجێ دەچووە پلانی دووەمەوە. کاتێک دەچوومە (35) ەوە پلانەکانی راکردنی هەڤاڵ (فیلۆ) بابەتی سەرەکی راپۆرتی قاوشی سێیەمی پێکدەهێنا. ئیتر راهاتبوون، زۆر جار مایەی قسەی نەستەقمان بوو.

سەبارەت بە راکردن لە تونێلەکەوە بەجددی پێشنیازم کرد. شانبەشانی ئەوەش پلانێکی تریم خستە رۆژەڤی خۆمەوە. بە دەستەیەکی کەم ژمارەی هەڤالانی بەڕێوەبەرایەتیم گووت. وەک ئەگەرێک وەدەستگیرا. لە دەرەوە ئامادەکارییەکانی رێکخرا. پلانێکی زۆر مەترسیدار نەبوو، پێویست بوو کات و هەلی پێویست بقۆزرێتەوە. دەمانگووت: "ئەگەر بەخت یاوەرمان بێت"، تا رادەیەک بەندبوو بە چانس و هەڵکەوتەوە. باشییەکەی لەوەدا بوو کە لایەنێکی سەرنجڕاکێشی نەبوو. ئەوانەی کاریان لەسەر دەکرد

---

138 کالیسکەی هەڵواسراو.

لەلای خۆیانەوە کارەکەیان تەواو کردبوو. ئەو رۆژە بە خۆشبەختی سەرگرتنی پلانەکەوە چووم بۆ نەخۆشخانە. شەنەر دەیگووت: "لەڕاستیدا من خوازیاری سەرگرتنی ئەم کارە نیم. ئەگەر سەریشی گرت خۆ کەس گوێ بە نزاکانی من نادات. لەوانەیە وەک خۆپەرستییەک لێکبدرێتەوە، بەڵام من خوازیار نیم!" منیش لە وەڵامدا گووتم: "کاتێک کەسێک دەچێت بۆ چالاکیکردن لانی کەم هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازرێت. یەکەمجارە دەبیستم بگووترێت باسەرنەکەوێت..".

(حەسەن)یش بەم هەوڵانەی دەزانی. (حەسەن ئا..)، (سینان جانیاک)، (حەسەن گیوللو) و ئەوان کە دواتر بەردرابوون، هەموو پێکەوە لەلایەک بە کاری تونێلەوە و لەلایەک لەسەر راکردنەکەی من کاریان دەکرد. زیاتر (حەسەن) و ئەوان ئاگادار بوون، هاوکات لە دەرەوە لەژێر چاودێرییەکی توندی پۆلیس دابوون و زیاتر هەواڵی ناخۆشیان بۆ دەهێنایین. بەڵام بەردەوام کاریان لەسەر دەکرد. بۆ ئەو مەبەستە ژمارەیەکی زۆر ئەرکدار کرابوون. هەر کەسێک بەردەبوو و هەواڵی دەنارد و دەیگووت: "دەرەوە وەک ناوەوە نییە، وەک ئەوە نییە کە ئێوە بیرتان لێدەکردەوە" کارەکەیان بەرەو مەحاڵبوون دەبرد. ئەوانەشی کە بە کارەکەی منەوە خەریک بوون ئەو رۆژە نەهاتنە نەخۆشخانە و منیش "بە سەرنەکەوتوویی" گەڕامەوە. بەتەواوی هیوا و ئومێدم پێیان نەبوو، بۆیە کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر نەکردم. بەڵام بەمجۆرە سەراوژێر چوونەی کارەکان مایەی بێزاری بوو. ساڵەهایەک ئەم پلانی راکردنەم درێژەی دەکێشا و هیچ یەکێکیشیان سەرکەوتوو نەبوو. ئەمەیان کاریگەری زیاتری هەبوو لەسەرم. سەرباری ئەوەش وازم لێنەدەهێنا. "من لە دەرگەی زیندانەوە دەرناکەوم و ناچم" ئەمە سوێند، پێداگری و

بانگەشەیەک بوو. بێگومان چاوەڕێ نەبووم لە رووی یاساییەوە دەرکەوم و دەربکرێم. دەمگووت "دووژمن بیانووێک پەیدا دەکات". لەلایەکی تر راکردن، دەرباز بوون، یەکێکە لە خۆشترین خەیاڵ و قەشەنگترین چالاکییەکانی بەندکراوێک. کەسی بەندکراو بەردەوام بیر لە دەربازبوون دەکاتەوە. لە خەیاڵ و خەونی خۆیدا هەمیشە خۆی لەناو راکردندا دەبینێتەوە، ئەگەر لەو خەیاڵ و خەونەشیدا کوژران و سەرنەکەوتنیش ببینێت، هەرگیز لێی پاشگەز نابێتەوە. لەلای منیش ئەم دڵگیرییە هەبوو و کە زەوق و چێژێکی تری بە کارەکە دەدا. کێ دەزانێ چەندین جار لە خەیاڵی خۆمدا رامکردبوو و چووبوومە دەرەوە. خەونەکانیشی هەر خۆشن، بەڵام هێشتا سوێند و بەڵێنەکەی زیندانی شاری مەلەتیم مابوو. سوێندم خواردبوو. کاتێک بە داواکاری گشتیم گووت: "هەر کە هەلم دەستکەوت رادەکەمەوە. من شۆڕشگێڕم، ئەگەر بیر لە راکردن نەکەمەوە، ئەوکاتە بۆ من نالەبارییەکە"، کابرا ئەوسا بە حەپەساوی و تۆزێکیش بەهۆی بە ئاشکرا و راشکاویی قسەکردنمەوە بە زەردەخەنەیەکەوە سەری لەقاند. تەنانەت ئەویش خەیاڵی راکردنی بەندکراوێکی بەهەند وەرگرتبوو.

کاتێک گەڕامەوە (شەنەر) لە حەوشەی هەواگۆڕین نەبوو، پاشان هات و گووتی: "کە درەنگ هاتیتەوە وامزانی رۆیشتوویت. لەوانەیە دیسان توورەبیت، بەڵام تێکچووم، بۆیە نەهاتمە حەوشەی هەواگۆڕینەوە. ئەگەر تۆ نەبیت نایەمە حەوشەی هەواگۆڕینەوە". واقم ورما، مەبەستی چی بوو. من ئەوەندە جێگەیەکی زۆرم دەگرت؟ گووتم: "باشە.. باشە، دەبێت دڵخۆش بم کە ئەوەندە بەدوامدا دەگەڕێن. بەڵام ئەم کارە شتێکی تیادایە. ئەو هەمووە مەسرەفەیان کرد، بۆچی نەهاتن؟ ئەی خۆیان نەیاندەگووت؛ کەی هاتی بۆ نەخۆشخانە، ئێمە دێین بە هاناتەوە.

لەو مژارەدا کێشەمان نییە.. لەو بڕوایە دانیم هەڤالانی دەرەوە ئەوەندە لەم کارەدا جددی بن. ئێرە ماڵی باوکمان نییە کەی بمانەوێت بە هەوەسی خۆمان بڕۆین. دیارە ئەوان بەم ئەندازەیە ئاگادار نین. ئەی باشە حەسەن و ئەوانیش باسیان نەکردووە؟ و باسەکەم هێنایە سەر مەسەلەی تونێلەکە و گووتم: "نابێت ئەم کارەش ئەوەندە درێژە بکێشێت، ئەگەرنا مەترسیدار دەبێت".

پێشتر قسەمان کردبوو. بەشداربوونی منیش لە گرووپەکەدا پەسند کرابوو. تەنانەت لە پلاننامەکەی پێشتریشدا بیری لێکرابووەوە، بەڵام ئەوکاتە دەرکەوتن لە قاوشەکە ئەستەم بوو. چوونمان بۆ حەوشەی هەواگۆڕین لەم بوارەدا سودبەخش بوو. بەر لەوەی (حەسەن) و ئەوان دەربکەون ئەم بڕیارە درابوو. وابزانم جارێکیان (کاراسو) و ئەوانیش قسەیان لەسەر ئەم باسە کردبوو. واتا لە ئاستی گشتی دا ئاوێتەبوونم بەو گرووپەی خۆیان دەرباز دەکرد، ئەری کرابوو.

پێشنیازەکەمان بەمجۆرە یەکلاکردەوە: من دەچوومە بەشی (35) ەوە، هەڤاڵێک لەوێوە رەوانەی قاوشی سێیەم دەکرا و لەو قاوشی سێیەمیشەوە هەڤاڵێک دەنێردرایە قاوشەکەی ئێمە. دەکرا لە لاواچی دەرگەی قاوشی ژنانەوە بێتە ژوورەوە، لاواچەکەی گەورە بوو. هەر کات لە دەرەوە دەرۆچکەکەی بکرایەتەوە هەڤاڵێکی تۆزێک لاغر بەزۆر دەیتوانی بچێتەوە ژوورەوە. لەکاتی سەرژمێرییەکەشدا ئەو هەڤاڵە هەڵنەدەستا و بە نەخۆش نیشان دەدرا. دیاربوونی بەشێکی بچووک لە جەستەی و نواندنی هەبوونی کەسێک لەناو جێخەودا بەس بوو بۆ تێگەیشتن لە نەبوونی هیچ گۆڕانکارییەک. پیاوە پاسەوانەکان لە قاوشی ژنان زۆر رانەدەوەستان، لە دەمی دەرگەوە تەماشایان دەکرد و دەڕۆیشتن. ژمارەشمان کەم بوو بۆیە سەرنجی دووژمنی

رانەدەکێشا. منیش لە (35) هەمان شتم دەکرد، هەڵبەتە ئەگەر دەرفەتی دەستبەجێ راکردنمان نەبووایە ئەم ریگەیەمان تا کات و ساتی دەرکەوتن بە هەند وەردەگرت. زۆر قسەمان لەسەر دەکرد، تا ئەوکاتەش هیچ رووداوێکی نەخوازراو لە ئارادا نەبوو، پلانەکە لە ئاستی فیکریدا ناوازە بوو! دلڕفێن بوو. بێگومان نەهاتنی هەڤاڵانی تر دلگرانییەکی دروست دەکرد، ئەو هەموو کارەی لەسەر کرا و پلانی بۆ دارێژرا. بەشی زۆرینەی هەڤاڵانی خاوەن پرۆژە و رەنجەکە بۆ زیندانی تر راپێچکرابوون، ئەمەش بێ چانسییەکی گەورە بوو.

رێکاری رێکخستنی سەر (حاملی) هێشتا کۆتایی نەهاتبوو، دەخوازرا قسە لەسەر چوون و نەچوونی بکرێت. جەختم لەسەر کردەوە کە هەڵوێستێکی وەها راست نییە و گووتم: "نابێت حاملی لەم پلانە پەراوێز بخرێت، چونکە کاریگەری نەرێنی لەسەر دەبێت. هاوکات رێکاری رێکخستنیش رێگر نەبوو". کێشەکە بە خاڵی شایستە نەبوونی گەیەندرا. (شەنەر)یش شتی وەکو: "هەڤاڵان زۆرن، دەیکەن بە کێشە. (حاملی)یش تووڕەیە و خۆیشی گووتوویێتی نایەم.." ئەم پێشنیازەیمان ئەرێ نەکرد. لەڕاستیدا هەر لە هەوەڵەوە پێشنیازم کردبوو (حاملی) بێتە بەشی (35) وە. لە وەلامدا پێیان گووتم: "لە (36) پێویست بە هەڤاڵ هەیە، ئەوێ لاوازە و کاراسو و ئەوانیش ئەمەیان پێ باش بووە. لە ئاییندەدا دەبێت، هەڵبەتە تونێلەکەش کاری تەواو نەبووە" و (حاملی) لە (36) مایەوە.؟ دوای بەربوونی (سینان) و (حەسەن ئا. )، (حوسنی) و (سەعید ئویچلو) لە شوێنیان ئەرکدارکران. (حوسنی ئاڵتون) و (فاروق) برا بوون.

(حوسنی) لەگەڵ هەڤاڵ (سەبری ئۆک) و ئەوان لە هەمان ساڵ و لە قۆناخی نزیکدا هاتبوون. ئێمە نەماندەناسی، تەنیا (شەنەر)

دەیناسی و دەیگووت: "هەڤاڵێکە لە دەرەوە، لە ریزەکانی گەریلاوە هاتووە، بۆیە جێگای بایەخپێدانە. هاوسەنگی دروست دەکات". بەتایبەتیش ئەوانەی لەو قۆناخەدا هاتبوون زۆربەیان لەوانەبوون کە لە پاش 15ی ئاب لە شاخەکان گیرابوون. چ گەریلا و چ دۆست و هاوکار، لە ریزەکانی ناو خەڵکیش هەبوون.

لە ساڵی 1988 دا زیندان بەتەواوی وێنایەکی بچووکی کوردستان بوو. لە هەموو چین و توێژێک هەبوو، رەشبگیری لەناو خەڵکدا زۆر بەربلاو بوو. نزیکەی نیوەی بنکەی جەماوەریمان دەستگیرکرابوون. جگە لە (هاوار) لەنێو جەماوەردا دەست بە چاپکردنی گۆڤارێکی تر کرابوو. بەزۆری بابەتی کوردی بلاو دەکرانەوە. گرنگی بە پەروەردەکردنی ئەو توێژەش دەدرا کە بۆ ئەو مەبەستەش بەرنامەی پەروەردەیەکی تایبەتمان دارشتبوو.

دوابەدوای قۆناخی راپۆرت و رەخنەدان، روو لە جیاکارییەکی وەک کادیر، بەرئەندامی کادیر، ئەندامی کۆمیتەی ناوەند، ئەندامی یەدەگی کۆمیتەی ناوەند کرابوو. ئەو دەمە سەبارەت بە هەڤالانی ناسیاو هیچم نەگووت. لێرەدا بەرخودان؛ زیاتر بە پێوەرێکی گشتی دادەنرا، هەروەها ئاستی ئایدیۆلۆژی و رامیاری، شێوازی ژیانیش. (شامیل) و چەند هەڤاڵێکی ترم بۆ ئەندامێتی کۆمیتەی ناوەندی پێشنیاز کرد. لە بابەتی پێشنیازەکاندا بە رادەیەک تێروانینی هاوبەش لەنێوان من، (فوئاد) و (سەعید)دا هەبوو. (شەنەر) سکرتێر بوو بۆیە لە ئاستی گشتیدا لێپرسراوی پەروەردە بوو و تەنیا تێروانینی خۆی پێشکەش دەکرد. لە هەندێک بابەتیشدا راستەوخۆ پێشنیازی دەهێنا. لە گفتوگۆکاندا خۆسەپێن بوو، بۆیە کۆبوونەوەکانمان زیاتر بە گفتوگۆی توند و تێهەڵچوون تێپەڕ دەبوون.

من، (فوئاد) و (شەنەر) لێپرسراوی کاری دەرەوە بووین، لەسەر ڕێکخستنی نووسراو، نامە، نامە وەرگرتن و ناردنیان ڕادەوەستاین. زیاتر من پەیوەندی نێوان قاوشەکانم ڕێکدەخست. ڕاستەوخۆ زانیارییەکانم دەدا بە (شەنەر). جاروبار پێکەوە دەچووینە قاوشەکانی تریش. هەندێک کۆبوونەوە دەکران. چەند جارێک بەناوی جەژنە پیرۆزەوە سەردانی گرووپەکانی ترمان کرد، تەنانەت قاچاخچییەکانیش. کادیرانی کۆمیتەی ناوەندی (TIKKO) لە (35) بوون. هەر لەوێ لە پەیوەندیدابووین لەگەڵیاندا. ئەوانیش بەشداریان لە خۆدەربازکردن لە تونێلەکەوە دەکرد. بەم هۆکارە نەدەچوونە قاوشی ترەوە. پەیوەندییەکان بەگشتی باشبوون، ئاستێکی گرنگیان بەدەستهێنا بوو. هاوشێوەی ڕابردوو هەڵوێستی پەراوێزخستن، تاوانبارکردن، زێدەڕۆیی، توند و زیانگەیاندن بە پەیوەندییەکان لە ئارادا نەبوو.

لەگەڵ (مەهدی زانا) هەندێک کێشە هاتبووە ئاراوە. ماوەیەکی زۆر بوو لەگەڵ هەڤالان بوو. ڕێز لە خۆڕاگرییەکەی دەگیرا. خۆیشی هەر لە سەرەتاوە لەنزیکەوە شەهیدە مەزنەکانی بەرخودانی بینیبوو و ئاشنایان ببوو. دۆستێکی شاهێدحاڵی سەردەمانێک بوو کە بەرخودانیی (PKK) مۆرکی خۆی لێدابوو. پەیوەندییەکانیش لەگەڵیدا لەسەر ئەو بنەمایە بوو. بەڵام بەتایبەتیش لەدوای 1987 و زیاتریش لە ساڵی 1988 دا دوورکەوتنەوە و ساردبوونێک لە پەیوەندییەکاندا هاتبووە ئاراوە. (مەهدی زانا) پێگەیەکی بۆخۆی دانا کە لەسەرووی سیاسەت و گرووپەکانەوە بوو. هەڵوێستێکی وەک "من مەهدی زانای سەربەخۆم" ی خۆی و هەڵوێستی پراگماسیستیانەی گرووپەکانی تر و هەوڵەکانیان بۆ ڕاکێشانیان بەلای خۆیاندا، کاری تێکرد. چ لەدەرەوە و چ لەناو زیندانیشدا هەوڵەکانی دوورخستنەوە و

دابڕاندنی له ئێمه زۆر ئاشکرا و بەرچاو بوون. لەم بوارەدا ئێمەش هەڵوێستمان کەموکووڕی هێنا. بەپێی پێویست ڕەچاوی هەندێک تایبەتبوونی ئەو و پێشهاتەکان نەکرا، زیاتر هیوامان پێ هەبوو، لەسەر بنەمای ئەو هیوایانەش ڕەخنەدەکرا و ئاگاداری پێدەدرا. ئەمە لەکاتێکدا بوو کە کەسانی تر ژێر بە ژێر تەڵەکەبازییان دەکرد، ئێمەش زۆر دەرکمان بەو ڕاستییە نەکرد.

لەلایەکی تریشەوە پەیوەندیمان لەگەڵ (لەیلا)[139] ناڕەحەتی کردبوو. جێگرتنی (لەیلا) لەناو تەڤگەری بنەماڵە و خێزانی زیندانییاندا، دۆخێکی سرووشتی بوو. بەڵام هانیان دەدا و دەیانگووت "لەیلات لەدەست دەردێنن". ئەمەش زۆری بۆ دەهێنا. لەو قۆناخەدا هەڵبژاردنی شارەوانییەکان لەرۆژەڤدا بوو. (مەهدی) لە هەموولایەک زیاتر دژی کاندیدکردنی (لەیلا)بوو. بۆیە سەرکەوتوو نەبووین لە کاندیدکردنی (لەیلا). وابزانم ئەوکاتە (ئاتاڵای) و (ڕەفیق کاراکۆچ)یش کاندید بوون. بێگومان (لەیلا)، چیدی (لەیلا)کەی جاران نەبوو. لەلایەکی تریشەوە هێرش و پەلامارەکانی دووژمن، بەگشتی گەلەکەمانی هۆشمەند و سیاسی کردبوو. کەسوکاری بەندکراوان لە هەموو لایەک زیاتر دەکەوتنە بەر ئەو کاریگەرییەوە، چونکە ڕاستەوخۆ لەناو ڕووداوەکاندا بوون. یەکێک لەو ژنانەی لەناو هۆشیاربوونەوەی ژنی کورددا بوون، (لەیلا زانا) بوو. (لەیلا زانا) بە هەوڵ و تەقەلای خۆی لە خاڵێکەوە دەستی بە تێکۆشان دەکرد و لەوێوە ناسنامەی ژنبوونی خۆی بەدەستدەهێنایەوە.

---

139 مەبەست لە لەیلا زانایە .

نازناوی (زانا) ناسنامەی راستەقینەی خۆی نەبوو[140] هەر گۆڕانێکی (لەیلا) بەشێوەیەکی خۆڕسکانە ڕێگەی بۆ هاتنە ئارای ناکۆکییەک لەگەڵ (مەهدی زانا) دەکردەوە. هەر سەرهەڵدانێک، هەر بەدواداچوون و گەڕانێک راستەوخۆ کاریگەری لە پەیوەستداری خێزانی و هاوژینی دەکرد. شکست و رووخانی کەسێتی لەبەردەم دووژمندا لە ئاستی گشتیدا بەدی دەکرا و (مەهدی) و (لەیلا)شی دەگرتەوە. ئەو پەیوەندییەی کە جێگەی پەیوەندییەکەی پێشووی نێوانیانی دەگرتەوە، زۆر بەڕێز و پایەدار دەبوو. ئەم جۆرە قۆناخانەش بە ئازار دەبوو. شۆڕش (لەیلا)ی لێ دەسەند، بەڵام بەلای هەندێک کەسەوە (PKK)؛ (لەیلا)ی لەو دزی بوو، بە دۆخێکی مەترسیدار نیشانی دەدرا! لە بناخەی سارد و سڕبوونی پەیوەندیمان لەگەڵ (مەهدی زانا)، تا رادەیەک ئەم کێشەیە هەبوو. بە ئەندازەی تێگەیشتن و دەرککردن بەم کێشەیە، کێشەکەش لەسەر بناخەیەکی راست چارەسەر دەبوو.

(شەنەر) پێشتر باسی لەو نامانە کردبوو کە لە (ئەلیف)ی دەستگیرانییەوە بۆی هاتبوون. داوام لێکردبوو کە بیانخوێنمەوە، بەڵام نەیهێنان، منیش زۆر دوای نەکەوتم. باسی ئەوەم بۆ کردبوو کە لە کۆتاییەکانی 1987 دا لە خارپێت چاوم پێکەوتووە، بە (مەدیحەی تورک) دەناسرا. قسەکانی (خالیدە)ی ئەندامی (DDKD) هاتەوە بیرم کە دەیگووت: 'پیاوی کورد زۆر سەیرن، هەر یەکێکیان وەک شێرێکن. کەچی دەچن، لە کام شاری گەورەدا کچە تورکێکی کوێر، چرچ و سیس هەبێت کە نەزانێت بڕوا بەڕێوە ئەوانە دەهێنن. ئێ خۆشمان کچی جوان و دڵڕفێنی کوردمان

[140] لە یاساکانی دەولەتی تورکیشدا هاوشێوەی گەلێک ولاتانی جیهان زیهنییەتی هی ئەو و بەمولککردنی ژن زاڵە، لێرەدا ژن ناچارە نازناوی کەسێتی هاوژینەکەی هەلگرێت، واتا زانا نازناوی خێزانی و بنەماڵەیی مەهدی زانای هاوژینێتی .

هەیە". ئەوکاتەش سەرجەم ئەندامانی (TKP) قاوشی ژنان تورک بوون و زۆربەشیان چاویلکەیان لەچاو بوو، هاوژینەکانیشیان کورد بوون. تا رادەیەک رووی قسەکەی لەوان بوو. ئەم گاڵتە سیاسییەی (خالیدە) ئەوانیشی هێنایە پێکەنین. لە راپۆرتەکەشمدا باسم لەو جۆرە کەسایەتییانە کردبوو، هەڤاڵانیش دوای خوێندنەوەی، پێکەنی بوون. ئەمەم بۆ (شەنەر) گێڕایەوە و گووتم: بێگومان پێویستە ئەلیفی لێ جیا بکرێتەوە".

به هاتنی ناوی (مەدیحە)، (شەنەر) باسی لە قۆناخی کار و خەباتی خۆی لە شاری ئێلیح کرد. لە بارەی (مەدیحە)وە زۆر پێداگری کرد و گووتی: "ئێستا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، حوسنی باسی کرد، هەندێک شتیشی گێڕایەوە". بەڵام زۆر لەسەری نەڕۆیشت. پاشان گفتوگۆمان لەسەر خۆشەویستی کرد. باسەکەی هێنایە سەر (حاملی) و دەیگووت: "کاری تێکردووە". دووبارە پێیگووتم کە لەم بوارەدا بێ رەحمم. پاشان لێکدانەوەی منی سەبارەت بە خۆشەویستی هەڵسەنگاند و گووتی: "ئاپۆچییەکەی تۆ کار لە هەموو کەسێک دەکات. زۆر سرووشتی و ئاساییت. وەک ئەو رەنگانەیت کە فڵچەیەک لەسەر تابلۆ دەینەخشێنێت. هەموو کەس لە واتای ئەو رەنگانە تێناگەن کە بەوشێوە ئاڵۆزە تابلۆکە دەنەخشێنێت. کاری تێدەکات، بەڵام واتای پێنادات". منیش پێمگووت: "زۆر فەلسەفییانە و رۆمانسیانە قسە دەکەیت". قسەکان بەم شێوەیە ماوەیەک بەردەوامی کرد.

لەو نێوەدا گووتی: "ئەگەر دەستگیراندار نەبوومایە، ئاشقت دەبووم". لەوێدا جددییەتێکی گەورە زاڵ بوو بەسەرمدا و بە تووڕەییەوە پێمگووت: "ئەوەندەش نا، دەبێت قسەکانمان قورساییەکیان هەبێت. راستە کە قسە و باس لەسەر هەموو شتێک دەکەین و ئەم گفتوگۆیەشمان سوودبەخشە، بەڵام نەک هەموو

ئەو شتانەی بێت بە خەیاڵدا". درێژەی پێدا و گووتی: "خۆ ناتوانیت ئابلۆقە بخەیتە سەر خۆشەویستی! دەشێ ئەوانە لەدەرەوەی خواستی خۆت بێنە ئاراوە. بەگژ هەموو شتێکدا دەچیتەوە؟" و هەموو شتێکی دووبارە کردەوە. بێدەنگ بووم. گووتەکانی (حاملی)م هاتەوە بیر. هەولّی شیرۆڤەکردنی قسەکانیم دا کە لەسەر هۆنراوە و خۆشەویستی کردبوونی. لەناکاو هەستم بە تاوانبارییەک کرد. نەدەبا هیچ کەسێک ئاوەها بە ئاسانی قسەی بکردایە. ئەم بوێرییەیان لەکوێوە دەهێنا؟ پێی پەست بووم، چاوەکانم پڕ ببوو. (حاملی) هاتەوە بیرم، دڵگرانبوونی ئازاری دابووم. ئازاردانی کەسانی تر زۆر ناخۆش بوو! لە ژیانمدا لەم بوارەدا گەلێک رووداوی نەرێنی هاتنە ئاراوە و هەمیشە بە ئازار بوو. منیش چەشتم و کەسی بەرامبەریشم. بە ئەنقەست و خواستی خۆی ئەمەی نەدەکرد. بەهیچ جۆرێکیش لە هۆکارەکەی تێنەدەگەیشتم! ئایا هۆکارەکەی هەڵسوڕان و کارکردن بەقسەی کەسانی تر بوو، یاخود دانانی خۆشەویستی بوو بە نێوانگیری بەرێوەچوونی هەندێک شتی تر؟

نەخێر! خۆشەویستی بە نێوانگر نابێت، چونکە چالاکییەکی راستەوخۆیە، خۆشەویستی خودی ژیانە. لە گەڕانی بەدوای خۆشەویستیدا سەقەتی هەبوو. خۆشەویستی پێشکەش ناکرێت، بەزۆر وەرناگیرێت، نابێت بە مایەی بازرگانی، یاری پێناکرێت، فێڵی تیادا ناکرێت، خۆشەویستی ناشاردرێتەوە. بەڵام نەدەبا بەوجۆرە بەخشندانەیەش پەرتەوازە بکرایە.

گووتە و دەستەواژەی وەک "هێڵە نەخشێندراوەکانی سەر تابلۆیەکە" یان" مۆنالیزای شاکاری فڵچەکەی لیۆناردۆ"، " نێرگزی قەدپاڵی شاخەکان" خۆش و دڵڕفێن بوون، بەڵام لە هەمووشیاندا

خۆشەویستی زوو دەڕووشا، بە قێزەونی عەودالّی خۆشەویستی دەبوو.

(شەنەر) هەستی بە تێکچوونم و زالّبوونی دۆخی سۆزدارییانەم کرد و گووتی: "بۆچی چاوت پڕبووە؟ حەتمەن قسەکانم کاری تێکردوویت". دەیناسیم. خۆشویستن خۆشبوو، کار لە ژنێک دەکات، بەلاّم ئەو لەم خالّەدا لاوازییەکی منیشی گرتبوو. سۆزداربوونم، گەڕانم بەدوای خۆشەویستی و ژنبوونم؛ بەشێوەیەکی پتەو لەناو ئەو ئاپۆچێتییەدا جێگر نەببوو کە ئەو باسی لێوەدەکرد. پێویست بوو باش دەرک بەوە بکرێت کە خۆشەویستی و دلّگیری لەکوێوە دەستپێدەکات و لەکوێ کۆتایی دێت.

دواجار خۆم لە کاریگەرییە سۆزدارییەکان دامالّی و پێمگووت: "تۆ هاوڕێیەکی منت خۆش دەوێت و دەستگیراندارن. با ڕێزت بۆ ئەو هەبێت. قسەکانت کاری تێکردم، بەلاّم لەخۆشەویستیدا پێویستە دروست بین" و دەستبەجێ لەوێ دوورکەوتمەوە.

ئەو ڕۆژە بۆ یەکەمجار بوو لە حەوشەی هەواگۆڕینەکە زوو دەردەکەوتم و دەچوومەوە قاوشەکە. بە (جاهیدە) و ئەوانیشم گووت: "تۆزێک ناساغم".

دوای ئەوەی هاتمەوە قاوشەکە ماوەیەک تێی رامام و بیرم کردەوە. لەسەر مژارەکە گووتارێکیشم نووسی، چونکە قسەکانی بەلامەوە زۆر جددیی بوون. من تازە لە گێژاوی پەیوەندییەک ڕزگار ببووم. ئەمە لەکاتێکدایە کە هێشتا (حاملی) وەک نەیارێک هەلّدەسووڕا. کاریگەری لەسەر منیش کردبوو. سالّێک بەردەوام تێهەلّچوون و گرژی لەنێوانمان بوو، دواجار بەخالّێک گەیشتین کە نەماندەتوانی لەگەلّ یەک قسە بکەین. هەر کاتێک بهوومایە بۆ (36)، (حاملی) نەدەهات، هەر کات ئەو هەبووایە من نەمدەویست

زۆر بمێنمەوە. هەوڵمدەدا نەهێڵم هەڤاڵان هەستی پێبکەن. چونکە بەشێکی زۆریان ئاگایان لە باسی نێوانمان نەبوو. پێشتر دیالۆگ و دانوستانێک لەنێوانماندا بوو، قسەمان دەکرد، ئێستا تەنانەت نەماندەتوانی سڵاو لە یەکتریش بکەین. ئەگەر وەهابێت هەرگیز قسەمان نەکردایە باشتر بوو. ئەگەر (حاملی) هەڵسوکەوتێکی سەنگین و رێکوپێکی بنواندایە، من دیسانەوە وەک هاورێیەکەی جاران درێژەم بە پەیوەندییەکانم دەدا، بەڵام ئەو هەرگیز خۆی نزیک نەدەکردەوە.

لە نامەیەکدا بە شەنەرم گووت کە وەکو دەزانرێت خۆم بەگشتی لە هەموو هەڤاڵان بە نزیک دەبینم، پەیوەندیم لەگەڵیاندا خۆڕسک و گەرمە، بۆیە نابێت ئەمە مافی ئەوەیان پێبدات کە بە ئاسانی هەموو شتێک بڵێن. هەروەها ئەگەر رێخۆشکەری ئەو هەڵوێستەش من بم ئەوا لەلای خۆمەوە پێداچوونەوەی بۆ دەکەم، بەڵام سەرەڕای ئەوەی دەستگیرانداری (مەدیحە)یە و پەیوەندییەکەیان بەردەوام دەکات ئەو شتانەی باسی دەکات بەلامەوە پرسێکی جددیە و دەبێت رێز لەو پەیوەندییە بگرێت، لەم بوارەدا رەخنەم لە هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی بۆ خۆشەویستی گرت. قسە و گفتوگۆم بەلاوە شیاو نەبوو بۆیە رۆژی دواتر نامەکەم پێدا. پاش خوێندنەوەی هەوڵیدا قسەم لەگەڵ بکات، بەپێچەوانەوە منیش درێژەم بە قسەکردن لەگەڵ هەڤاڵانی تر دا و دەرفەتم پێ نەدا. بە ئاشکرا خۆم لە قسەکردن دەدزییەوە.

بەلای منەوە جۆرە ساختەکارییەک بوو. ئەڵقەی لەپەنجە بوو، نامەیان بۆ یەکتر دەنارد و منیشی لێ ئاگادار دەکردەوە. گوایا ئێمە وەک کەسانێک کە هەمان کێشەمان هەبوو، کێشەکانی خۆم و (حاملی)م لەگەڵ ئەو تاووتوێ دەکرد و هەوڵی چارەسەکردنم دەدا. مرۆڤ لە یەک کاتدا چۆن دەتوانێت دڵبەندی و دڵگیری لەگەڵ

زیاتر لەکەسێک بکات یان خۆشەویستی لەگەڵ بکات؟ چ لەڕووی ڕەوشت و چ لەڕووی زانستییەوە هیچ واتایەکم پێنەدەدا.

کە زانی دەرفەتی قسەکردنی دەستناکەوێت، ئەویش ناچار بوو بە نووسراو وەڵام بداتەوە. شێوازی دەربڕینەکەی زۆر سەیر بوو. ئاماژەی بەوە دەکرد کە من قسەکەیم گەورە کردۆتەوە، ڕێز لە (مەدیحە) دەگرێت، بەڵام خۆشەویستی شتێکی زۆر جیاوازە و دەیگووت: "پابەندبوون و خۆشویستنی تەنیا کەسێک بریتی نییە لە خۆشەویستی، ئەگەر زەمینەی گۆڕابێت، ئەوا خۆشەویستییەک بوونی دەبێت کە تەنیا لە چوارچێوەی بەندی ئەخلاقی و ڕەچاوکردنی یاسا کۆمەڵایەتییەکان دایە، کارتێکردن و کارلێکبوون ئاساییە، خەڵەتاندن و دووڕوویەتی تیادا نییە. من لەبەرامبەر بە (مەدیحە) ڕاست و دروستم. تا بە ئەمڕۆ هیچ خراپەیەکم بۆ ئەو پەیوەندییە نەبووە". ئەوەشی دەستنیشان کردبوو کە ڕەخنەکەی منی پەسند نەکردووە و هەڵوێستی منیشی بە بەرتەسک و محافەزەکارانە بەناو کردبوو.

گفتوگۆیەکی بەمجۆرە کاری لە پەیوەندییەکانی تریشمان دەکرد. بەڵام مەودا و ساردبوونەوەیەکی دروست دەکرد. من وەکو جاران ئاسودە و ڕووخۆش نەبووم، هاوکات بابەتەکەشم هەرگیز نەدەهێنایە ناو باسوخواسەوە. ئەویش بە وریاییەوە هەڵسوکەوتی دەکرد.

هەڤاڵان ژمارەیان زۆر بوو بۆیە دەرفەت نەبوو قسە و گفتوگۆ لەگەڵ هەموویان بکەم. لەم ڕووەوە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ڕەخنەکان زیاتر دەبوون. زۆرێک لەهەڤاڵان دەیانویست قسەم لەگەڵ بکەن، بەتایبەتیش ئەوانەی لە مێژبوو دەیانناسیم، ئەو هەڤاڵانەی تا ڕادەیەک هەندێک کێشەیان هەبوو پێویستییان بە قسە و گفتوگۆکردن بوو. خۆشم لەم بوارەدا هەستم بەو کەموکورتییە

دەکرد و بێزاریشی دەکردم. بەڵام زیاتر لە (20) قاوش هەبوون، تایبەتبوون بە هەڤاڵانی خۆمان. لەبەر ئەوەی لە بەڕێوەبەرایەتیدا بووین زیاتر لەگەڵ نوێنەرانی قاوشەکان کارمان دەکرد. ئەمەش لە چوارچێوەی ڕێکاری پلەبەندی[141]ی ڕێکخستنی دەکرا. تارادەیەک شێوازی کارمان بیرۆکراسیانە بوو. بەگشتیش هەتا تۆزێک گوێمان لە کێشەکان دەگرت، هەندێک شتمان بە گشتی رادەگەیاند و لەگەڵ هەڤاڵان قسەمان دەکرد، کاتمان بەدەستەوە نەدەمایەوە. لەناو راکەڕاکێکدا بووم و هیچ رانەدەوەستام. تەنانەت نەمدەتوانی کاتێکی پێنج خولەکی بۆ خۆشم تەرخان بکەم، بەڵام دیسان تێر و تەسەل نەبوو.

لە دەمەو کۆتاییەکانی کاتی هەواگۆڕیندا تەنیا زانیارییە گشتییەکانم بە (شەنەر) دەدا. ناوەناوە قسەمان لەسەر بەرنامەی رۆژانەی گشتی بەندکراوان دەکرد. ئەمەش بەشێوەیەکی سرووشتیانە سنووردارکردنێکی لەگەڵ خۆی دەهێنا. بەڵام (شەنەر) زاڵبوو بەسەر دۆخەکەدا، چ لەڕووی کاری بەڕێوەبەرایەتییەوە و چ لەڕووی ژیانەوە. لە سەرەتاکاندا قرێژ و پەرتەوازە بوو، لە پەیوەندی و قسەکانیدا شێوازی ناڕێک بوو، زیاتر ترسنۆک و لە ناو کارەکەشدا نەبوو. لەم بوارەدا لە ئاستی گشتی و تایبەتیشدا ئەم کەموکورتیانەم لە هەندێک هەڤاڵدا بەدی دەکرد و رەخنەم دەکرد. زۆر شت هەبوون کە بە عەیب و شەرمم دەزانی. لە دوورەوە هەموو شتێکیان جوان و خۆش بوو، ئاستێکی هەبوو. هەر چەند لە نزیکەوە ئاشنای ژیانیان دەبووم زیاتر ئەو لایەنە بە شەرم و سەرسامانەم تیادا دەبینین. لە پەیوەندی ئاسایی رۆژانەدا بەردەوام ئاگادارم دەکردنەوە و رەخنەم دەکردن. (شەنەر) تا دەچوو لەم بوارانەدا دەستی بەخۆیدا دەهێنا و

[141] هیرارشی.

گۆڕانێکی بەرچاوی دەکرد. هەڤالان دەیانگووت: "لەوەتەی ئێوە هاتوون گۆڕانکارییەک لە هەڤالاندا بەدی دەکرێت، ئاگاداری خاوێنی، دەنگ و هەڵسوکەوتی خۆیانن. چەپەڵترین کەسی ناو ئەم زیندانە شەنەر بوو، تەنانەت ئەویش گۆڕا".

بەرنامەی پەروەردەمان بەرفراوان بوو. پەڕتووکەکانی بەردەستمان وەک سەرچاوەیەک بەکاردەهێنا. هەڵبەتە ئێمە نەماندەتوانی بەشداری بکەین. ناوبەناو لە هۆڵی خوارەوە بەشداریمان لە سیمینار و هەندێک کۆڕی گفتوگۆدا دەکرد، بەڵام بەشداریمان لە پەروەردەکانی ناوەوە نەدەکرد. بەلامانەوە جێگای بەها و بایەخ بوو کە جگە لە حەوشەی هەواگۆڕین نەچینە ناو قاوشەکانەوە. ناوبەناو کۆبوونەوە و جەژنانە دەبووە هۆکارێک و بەسەرجەم قاوشەکاندا دەگەڕام. دووژمنیش واقی لەم هەڵویستەمان وڕدەما. بەگشتی ڕێزدارییەک هەبوو، تەنانەت ژنە پاسەوانەکان دەیانگووت: "جاران ئەم پیاوە پاسەوانانە لەجێگەی پێنج قروشیان دانەدەناین، ئێستا پەیوەندییەکانی ئێوە کاریِ تێکردوون، کە دێینە ژوورەوە لەبەرمان هەڵدەستن، کورسیمان دەدەنێ. تەنانەت بەڕێوەبەریش بە هەمان شێوە". ئەم قسەیان جێگەی بایەخ بوو. تێڕوانین و ڕەواڵەتێکی بەرەی دووژمن بوو سەبارەت بە ئێمە. ئەگەرچی دووژمنیشە، بەڵام شێوازی ژیان و پەیوەندییەکانمان کاری تێکردبوو.

## پەرچەکردارەکان؛ دووژمنیشی دەترساند

لە یەکەمین هەفتەی مانگی ئایاردا ئیدارەی زیندان هەواڵی نارد: "هەر چوار ژنەکە سەرجەم کەلوپەلەکانیان کۆبکەنەوە؛ دەگوازرێنەوە بۆ زیندانێکی تر". دەستبەجێ بەربەستێکمان دروست کرد و بەشێوەیەکی بەردەوام دروشمی: "بمرێت راپێچکردن، نەفرەت لە دوورخستنەوە"مان هەڵدا. بەجارێک ئەم دروشمە لە سەرتاسەری زیندانەکە شەپۆلی دەدایەوە. قاوشەکان لەناو خۆیان و لەگەڵ یەکتر بەدەنگی بەرز و هاوارکردن قسەیان دەکرد. تا ماوەیەک نەیانزانی کێ راپێچ دەکرێت، چی روودەدات و دۆخەکە چییە. قاوشی سێیەم نزیکترین قاوش بوو لە ئێمەوە، تەنیا توانیمان رەوشەکە بەوان رابگەیەنین. لەماوەیەکی کەمدا هەمووان زانییان کە ئێمەین راپێچ دەکرێین. کاربەدەستانی زیندان گووتیان: "فەرمانەکە لە سەرەوە هاتووە، لە ئێمە بەدەرە. دادگا بڕیاری داوە. بۆ ئێوە باشترە. دەبرێنە زیندانی مەدەنی. لە ئامەدە، نابرێنە دەرەوەی ئامەد".

لە وەڵامدا گووتمان: "نەخێر، هێشتا دادگاییەکانمان بەردەوامن، دەمانەوێت لەگەڵ هەڤالانی هاودۆزی خۆمان بمێنینەوە. بڕیارەکە؛ بڕیارێکی کەیفییە، بۆچی تا ئەمڕۆ نەتانناردین؟. پەسندی ناکەین". دۆزگەرەکەش گووتی: "هەموو زیندانتان راپەڕاند. چۆن ئاوەها لەناکاو هەواڵیان پێگەیشت، سەیرن. دیارە ئەم زیندانە ئێوە بەڕێوەی دەبەن، تێگەیشتم..". پێیان ناخۆش بوو، دەرکی پێکرد کە دەبێتە مایەی سەرئێشە بۆیان.

پاش رۆیشتنی (کاراسو) و ئەوان، بابەتی راپێچکردن خرایە بەر هەڵسەنگاندن. لەم بوارەدا رەخنەی پێویست کران. بێدەنگ و

سەدا رۆیشتنی ئەو گرووپە بوێری بە دووژمن دابوو. ئەگەرێکی گەورەی هەبوو لەوەودوا یەک بەیەک و گرووپ گرووپ درێژە بە راپێچکردنی بەندکراوانی زیندانی ئامەد بدەن. گووتمان: "دەبێت بەم سیاسەتەماندا بچینەوە" و لە ئەنجامی گفتوگۆکاندا بڕیارماندا و گووتمان: "لەمەودوا بەهیچ شێوەیەک بە ئاسانی رێگە بەهیچ راپێچکردن و گواستنەوەیەک نادەین، رووبەڕوویان دەبینەوە بەمەرجێک بە راپەڕینی سەرتاسەری نەگات". کەس چاوەڕێی نەدەکرد راپێچکردن لە ئێمەوە دەستپێبکات، تەنانەت شیمانەش نەدەکرا. ئەم راپێچکردنانە هیچ هۆکار و بنەمایەکی (یاسا)ییشی نەبوو، ئەمەش هەلێکی باشی پێدەداین تا رووبەڕوویان ببینەوە.

بەدەنگەوەهاتن و خاوەندارێکردنەکانی هەڤاڵانیش بێ وێنە بوون! لە پەنجەرەکانەوە دەیانگووت کە تا کۆتا پشتیوانمانن و بەرخودانی دەکەن. تەنانەت هەندێکیان تا دواڕادە سۆزدارانە هەڵسوکەوتییان دەکرد و دەیانگووت: "ئەگەر تەرمەکانیشمان دەربێنن، رێگەیان پێنادەین ئێوەی خوشکە گەورەکانمان دووربخرێنەوە". هەڤاڵانی قاوشی سێیەم لە پشت پەنجەرەکانەوە پاسەوانییان دەکرد. هەرچەندە پەنجەرەکان زۆر بەرزیش بوون، بەردەوام بە نۆبە دەچوونە ئەوێ و لەگەڵ ئێمە لەپەیوەندیدا بوون. هەرگیز لەیادم ناچێت (حسێن ئەرۆغلۆ) لە پەنجەرەکە دانەدەبەزی و دەیگووت: "ئەو سووک و ریسوایانە ئێرەییان بە ئێوە برد. ئەی کابرای فاشی کڵاوەکەی نەکێشا بە زەویدا و نەیگووت؛ دەست لە کاردەکێشمەوە.. دەرکیان بە ئێوە کردووە کە چەند بەکاریگەرن. لە هیچ زیندانێکی تردا شتێکی بەمجۆرە نییە، ئەم دەستکەوتەیان پێ هەرس نابێت. تەنیا ئەوەندەیان پێ هەرس بوو. بەڵام نەخێر؛ ناتوانن لەم زیندانەوە بۆ شوێنێکی تر

دوورتانبخەنەوە. بە وەڵڵا تیخ[142]مان لەلایە، بە ئاشکرا بەوانیشمان گووت، ئەگەر دەست بە راپێچکردن بکەن، چالاکی خۆکوژی دەکەین. هەموویان ترسان".

منیش دەترسام. دەبێت لەم جۆرە بابەتانەدا بەردەوام بیر لە ئەگەری گێرەشێوێنی بکرێتەوە. کاتێک لە خارپێتەوە راپێچیان کردین بیرکردنەوەیەکی لەو جۆرە هەبوو. بەڵام ئەوێ جیا بوو، هێشتا کاردانەوەکان پۆلایین نەببوون.

لە ئامەد پەرچەکردارەکان راپەڕینئاسا بوون، دووژمنیش دەترسا و ئێمەیش. هەڤاڵان هەڵوێستیان لەناکاو و سۆزدارانە بوو. زۆربوون ئەوانەی بە دووژمنیان دەگووت: "متمانەمان پێتان نییە، چوزانین بۆ کوێیان دەبەن؟ نەخێر، تاکە هەنگاوێکیش ناچنە دەرەوە" ئیدارە شڵەژابوو، سام گرتبووی، خودی بەڕێوەبەر دەیگووت: "چۆن بەڵایەکمان هێنا بەسەر خۆماندا". زۆر چاک دەیانزانی کە هاموشۆکردن و گەڕانمان بە حەوشەکانی هەواگۆڕینی قاوشەکاندا تەنیا بۆ میوانداری نەبووە. بەتایبەتیش هەر خۆم دەچووم بۆ هەموو لایەک. زۆر باش دەیانزانی کە ئەم گۆڕانکارییانە راستەوخۆ پەیوەندییان بە خۆڕێکخستنمانەوەیە. دیارە ئەمە ئەنجامێکی ئەو راپۆرتەیان بوو کە سەبارەت بە ئێمە ئامادەیان کردبوو و لەلایەن فەرماندەیی حەوتەمینی هێزە وشکانییەکانەوە هەڵسەنگاندنی بۆ کرابوو! لە مانگی شوباتدا کاتێک داواکانمان پەسند کران، تەنیا لەچوارچێوەی میوانداریدا بوو و تەنیا حەوشەی هەواگۆڕینی قاوشێک بەهەند وەردەگیرا. لەو ساتەوەختەشدا هەواڵی شەهیدبوونی هەڤاڵێکیان پێگەیاندبووین بۆیە هەروا زوو کۆتاییان بە بابەتەکە هێنا. پاشانیش رێگریان پێنەکرا. ئەگەر بێتوو راستەوخۆش قەدەخەیان

---

[142] گوێزان.

بکردایە، پەرچەکرداری لێدەکەوتەوە. بۆیە لەژێر ناوی "گواستنەوە بۆ زیندانێکی تر"دا چارەسەرییەکی ریشەییان دادەنا.

هاوکات لە بەرنامەیان دابوو دانپێدانەر و تەسلیمکارەکان لە بەشەکەی ئێمە جێگیر بکەن. بەشەکە لەناوخۆیدا لەشێوەی زیندانێکی جیاوازدا بوو. هەموو رێگاکانی شوێنی چاوپێکەوتن، هەواگۆڕین، گەرماو، تەنانەت رێگەی دەرەوەشی جیا بوو. چونکە زۆر باش دەمانزانی کە ئەگەر لەوێ جێگیریان بکردینایە ئەوا کەس نەیدەزانی کێ دەخرێتە ئەو بەشەوە و پەیوەندیان لەگەڵ ئیدارەی دووژمن لە چ ئاستێکدا دەبێت. هاوکات پێدەچوو هەر ئەوانەش ببەنە دەرەوە و لە ئۆپەراسیۆنەکانی دژی گەریلادا ئەرکی رێزانی و رێنوێنیان پێبدەن. ئەو بەشە ئاسانکارییەکی تەواوی بۆ ئەو مەبەستەیان دەکرد. ئەم پیلانە و پێگە و کاریگەری ئێمە لە زینداندا بۆ دووژمن هۆکارێکی گەورەی راپێچکردنی دەستنیشان دەکرد. بەڵام دیارە لە پیلانەکەیاندا جێگەیان بە بەرپەرچدانەوە و بەرخودانییەکی وەها گەورە نەدابوو.

نازانم چەند رۆژی خایاند، بەڵام لەناو هەفتەیەکدا وەکو جاران دەچووینەوە حەوشەی هەواگۆڕین. بەڕێوەبەر، دۆزگەر و (شەنەر) پێکەوە هاتن. دانوستان کرابوو و بەڵێن درابوو. بۆ ئەوەی بڕوایان پێ بکەین کە راپێچمان ناکەن، (شەنەر)یشیان لەگەڵ خۆیان هێنابوو. بەربەستەکەمان هەڵگرت و کۆتاییمان بە چالاکییەکە هێنا.

ئیتر لێرەوە پێویست بوو وریا و بە ئاگابین. پێدەچوو سەرلەنوێ بخرێتەوە بەر باس، بۆیە دەبا بەئاگا بین نەوەک بە هەڵکوتانێکی لەناکاو راپێچ بکرێین. بەشەکەش جیاواز بوو، ئەمەش هۆکارێکی جددی ئەندێشە و خەمی هەڤاڵان بوو.

بەبۆنەی رۆژی (دایک)ەوە لەو رۆژانەدا یەکەمین سەردانی رووبەڕوو و کراوە ئەنجامدرا. چاوپێکەوتنەکان لە حەوشەی هەواگۆڕین و دالانەکانی خوارەوە سازدەکرا. خانەوادەکان داوای بینینی ژوورە تاکەکەسییەکانی (مەزلوم)، (کەمال)، (خەیری) و قارەمانەکانی تریان دەکرد. سەرلەبەیانی ئەوڕۆژە بەر لە میوانەکان هاتین، بۆ یەکەمجار منیش سەردانی ئەو ژوورانەم کرد و شوێنی چالاکییەکانیانم بینی. ئەو ژوورانە بەگشتی قفڵدرابوون. رۆژانی سەردان چوونە قاوشەکان قەدەخەبوو، بۆیە بە پاسەوانەکانیان گوتبوو تەنیا دەچنە قاتی چوارەم و سەردانێکی ئەو ژوورانە دەکەن، بەوجۆرە دەستوریان پێدرابوو.

پێمگووتن کە کەس نەیەت و بەتەنیا لەو بەشەی دەستشۆرەکەدا کە هەڤاڵ (مەزلوم) بە بۆینباخێک خۆی هەڵواسی بوو، پاڵمدایەوە و پڕبەدڵ گریام. تەنیا بۆرییەکی لێبوو، بۆینباخەکەی بەو بۆرییەوە دەبەستێتەوە، ئەویَ؛ ئەو شوێنەم ماچکرد کە ئەوی بەرکەوتبوو. نەمدەویست دەربکەوم. دەتگووت هێشتا (مەزلوم) لەوێیە، دلڕفێنی، جوانی و ناوازەییەکەی وەک پەیکەرێکی پیرۆز وابوو. رۆحێکی تری بەمرۆڤ دەبەخشی، لە تەوقی سەرەوە تا نوکی پێ لە ئامێزی دەگرتی. هیچ شەهیدبوونێک ئەوەندە لێوانڕێژ نەبوو لە ژیان. لە زیندان تەنیا یەکجار لەدوورەوە چاوم پێیان کەوت. (مەزلوم)یان لەگەڵ نەبوو. ئەو رۆژە دانیشتنی دۆزەکانمان هاوکات بوو. من لەسەرەوە و ئەوانیش لەخوارەوە دەچووینە هۆڵی دانیشتنی دادگا. هەموویان سەریان بەرزبوو، چاویان بریسکەدار و رووخساریان بەخەندە بوو. هەنگاوەکانم تا کۆتا هێواش کردەوە، تەنانەت گوێم بە قیڕەی "خێرا خێرا.."ی سەربازەکەش نەدا. جارێکیشیان هەڤاڵ (خەیری)م لەگەڵ گرووپێکی تر بینی. جاری دووەمیش لە رۆژی دانیشتنی

دادگادا بوو. هەمووی ئەوەندە، بەڵام واهەستم دەکرد کە هەمیشە لەبەرچاومان، بەلای منەوە هەمیشە لە هەموو شوێنێک بوون. گەردەلولی شۆڕشگێڕانەی ئەو هێزە مەعنەوییانە؛ دڵ و هەناویان دەبرژاند، ئاگری لە جەرگی مرۆڤ بەردەدا.

بێ ئەوەی بەخۆم بزانم مشتێکم کێشا بەدیوارەکەدا، هەر ئەوەندەم زانی (شەنەر) پێیگووتم: "تکایە دەست لەوێ مەدە، ئەوە دەرکەی تونێلەکەیە". گووتم: "چۆن؟ لێرەیە؟" رێکەوتێکی سەیر! لەشوێنی بەیەککەیشتنی سەر و دڵی (مەزڵوم) بوو. بەوردی تەماشام کرد، زۆر بە باشی داپۆشراو و حەشار درابوو. بە پارچە تەختەیەکی فایبەرئاسا دەرگەکەی قەپات کرابوو، بەگەچ راگیرابوو و وەکو دیوارەکەی لێکرابوو. ئەی باشە چۆن؟ لەوێوە دەچووە خوارەوە. لە زەمینیشدا پێنج شەش مەترەیەک بەقووڵایی هەڵکەندرابوو، لەوێوەشەوە بەردەوامی دەکرد و دەڕۆشت. پاشان لەوێ دەرکەوتین و خانەوادەکانیش هێواش هێواش چوونە ئەو ژوورەوە. زۆر بوون ئەوانەی دەیانویست سەردانی ئەو ژوورە بکەن. بە نۆبە دەهاتنە ژوورەوە. ئەو ژوورە تاکەکەسییە بە رێکوپێکی رێکخرابوو. وێنە و ئاڵا بەدیوارەکەیدا هەڵواسرابوو، وەک مۆزەخانەیەکی بچووکی یادەوەرییەکان بوو. جیاواز بوو لە ژووره تاکەکەسییەکانی تر. هەڤاڵان ئەوێیان بەکار نەدەهێنا. ئەوە شوێنی (مەزڵوم) بوو.

ئەو رۆژە (فاتیمە)ی خوشکی (شەنەر) و هەروەها (ساڵیحە)ی دایکیشی هاتن، توانیم لە نزیکەوە بیانبینم و بیانناسم. بینیم کە (شەنەر) لەگەڵ (فاتیمە)ی خوشکی دەمەقاڵێیانە. پاش کەمێک منیشیان بانگ کرد. (شەنەر) ئەڵقەکەی دابوو بە (فاتیمە)، (فاتیمە)ش تێنەگەیشتبوو و واتای پێنەدەدا، بۆیە داوای کرد قسەی

لەگەڵ بکەم. دەشبێت شتی تریشی پێگووتبێت، بەڵام (فاتیمە) بەتەواوی تێکچوو بوو.

گووتی: "چی بووە؟ ئەلیف لەناو پارتی دایە، وانییە؟" منیش گووتم: "بەڵێ، لەناو پارتی دایە". (فاتیمە) پێیگووتم کە (شەنەر) ئەڵقەکەی داوەتێ و پێی گووتووە کە ئیتر پەیوەندی لەگەڵ (ئەلیف)نەماوە. بە سەرسوڕمانێکەوە دەیگووت: "چەند ساڵە دەستگیراندارن، ئەمە لەکوێوە دەرکەوت؟"

بێتاقەتی کردم. (شەنەر) بۆچی لەڕێگەی خانەوادەکەیەوە ئەو هەواڵانەی خۆی جێبەجێ دەکرد؟ یان بۆچی منی تێوە دەگلاند؟ وای بۆدەچووم کە (فاتیمە) بەشێوەیەکی جیاواز لێکیدەداتەوە و شتێکی تریشی لێدەڕوێنێت. تەنیا هێندەم پێکرا پێی بڵێم: "نازانم، دیارە خۆی باسی لە هۆکارەکەی بۆ کردوون. بەڵام بە هەر بارێکدا بێت راست نییە کەوا باسی کێشەکانی خۆیتان بۆ دەکات".

دواتر ئەم دۆخە ڕێگەی بۆ دەمەقاڵێیەکی توند کردەوە. لەو نێوەدا پێمگووت: "نەک تەنیا کەسوکارەکەت، بەڵکو هەموو هەڤاڵان لێت دەپرسنەوە، کە ئەم ئەڵقە فڕێدانەت لە چییە؟ لەوانەیە ئەو ئەڵقەیە هیچ واتایەکی ئەوتۆی نەبێت، بەڵام مادام تا ئەمڕۆ لەپەنجەت کرد، ئێستا فڕێدانت نابەجێیە". خۆی سەرەتا باسی لەوەکرد کە دوای بیستنی هەندێک دەنگۆ سەبارەت بە (ئەلیف)؛ ئەڵقەکەی فڕێداوە. وایدەگێڕایەوە کە گوایا لەنێو ریزەکانی پارتیدا پەیوەندییەکی جیاواز لەنێوان (حوسنی ئاڵتون) و (ئەلیف)دا هەیە و هەندێک ناوی تریشی هێنایەوە. هەڵبەتە (شەنەر) لەم باسەدا بەشێوازێک قسەی نەدەکرد کە (ئەلیف)ی پێ تاوانبار بکات.

(شەنەر) دەیگووت: "دەیناسم، کەسێکی ئاوەها سووک نییە، کەسێکی بێ خەمە و لە پەیوەندییەکانیدا پێوانە نەریتییەکانی شکاندووە. ئەو بێ ناموسانە ئەویان بەکارهێناوە، لەو جۆرە

کەسانە زۆرن. من هەرگیز مەدیحە (ئەلیف) تاوانبار ناکەم، متمانەشم پێیەتی. کێشەکە تەنیا ئەوەنییە. راستە کاری تێکردووم، بەڵام مژاری سەرەکی تۆیت. بەلای منەوە تۆ کەسێکی پیرۆزیت، شاردنەوەی هەست و سۆزەکان لەبەرامبەر بەتۆ دەبێتە ریاکاری و دووڕوویێتی. لەم بوارەدا لەپەنجە راگرتنی ئەو ئەڵقەیە دەبێت بە ساختەکاری. تۆ پێم دەڵێیت (هەڵخەڵەتاندن). نەخێر. ئاپۆچێتییەکەی تۆم خۆشدەوێت. کارت تێکردووم و کاریگەرییەکی هەروا ئاسایی نییە، ژیانت گۆڕیم. پێشتر بەشێوەیەکی تر مامەڵەم لەگەڵ ژیان و مردنیش دەکرد. لەمردن دەترسام و لە ژیانیشدا زۆر بوار هەبوو دەیانترساندم، ئێستا مردنم خۆشدەوێت، یان بەخەیاڵیشمدا نایەت. لە ژیانیشدا هەرچییەک بکەم واهەست دەکەم ناچارم پێوان و پێودانگێک بۆخۆم دابنێم. لە هەموو شتێکدا تۆم دێتە بەرچاو".

دەیگووت کە دەیەوێت بە ئاشکرا قسە لەسەر هەموو شتێک بکات و نەیدەبڕییەوە. ناچاربووین بۆ چەندین کاتژمێر گفتوگۆ بکەین. گریام... هەڤالانیش هەستیان پێکرد. هەرچەندە دەمویست دەرکەوم و بڕۆم، بەڵام دەمگووت دووژمن هەستی پێدەکات، بۆیە نەمدەتوانی. چوومە شوێنی دەستشۆری هەڤالان و دەست و دەموچاوم شوشت. ئەوانەی بەچاوی سوور و پڕفرمێسک دەیانبینیم سەیریان لێدەهات، بەڵام هیچیان پرسیاریان پێنەدەکرا. لە دۆخێکیشدا نەبووم وەڵامیان بدەمەوە.

دەستی لە بینەقاقام نابوو، نەیدەهێشت هەناسەیەک بدەم. هەمووجۆرە شیکارێکی زانستی، کۆمەڵناسی، دەروونناسی و زانستەکانی تری دەهێنایەوە. هەر لە سەرەتاوە دەیزانی بایەخ بە کاریگەربوونی خۆی دەدەم لە ئاستی گشتیدا. دەیزانی هەڵوەدای خەباتم، لەبەرامبەر بە کێشە و پرسە رێکخستنییەکاندا چەندە

هۆشیارم، چەندە هەوڵ و تەقەلا دەدەم. دەیزانی چیم دەوێت و هیوام بەچی هەیە. لە نزیکەوە ئاگاداری ریشەی تێهەڵچوونەکەی نێوان من و (حاملی)یش بوو. (حاملی) بەلای منەوە کەسایەتییەکی بەرخۆدێر بوو، بەڵام لاوازی و چەوتییەکانی لەبواری ئاوێتەکردنی ئەو هێزەی لەسەر زەمینەی رێکخستنی، کاریگەری خراپی لەسەر دەکردم. هاوبەشی خەباتی رێکخستنیمان پێکنەهێنابوو، لەو خاڵەدا یەکانگیر نەببووین. هەوڵەکانمان ئاوێتەی یەک نەببوون. هەر ئەمەش پەیوەندییەکەی تێکدا.

بە ئاشکرا پێمەوە دیار بوو کە بەچییەوە پابەندم و چیم دەوێت. هاوکات وەک ژنێک لە ئاستی خۆمدا کاریگەرییەکی بەرچاویشم هەبوو. کاریگەری مەعنەوی لەگەڵ پێگەی ناو رێکخستنم هێزێکی پێکدەهێنا. بە راستیش ببووم بە قەڵغانێک بۆ (شەنەر). بەگشتی هەڵوێستم بۆ هەموو هەڤاڵان بەهەمان شێوە بوو. بەڵام (شەنەر) زوو هەستی بەمە کرد و دەیویست بۆخۆی بقۆزێتەوە. منیش بەهرەکانی ئەوم بەدی دەکرد و ئەمەش منی پەلکێش دەکرد. لەم بوارەدا خواست و بەهرەی رێکخستنی هەموو هێزێکی ئەو و وەگەڕخستنیشیم هەبوو. شەو و رۆژی خۆی دەکرد بەیەک. بەم پەیوەندییەم دەگووت: "ئەمە ئەو هەڤاڵێتییەی کار و خەباتە؛ کە بەدوایدا دەگەڕام".

(حاملی) بەردەوام دەیگووت: "ئێمەت بە دڵ نییە، هەندێک کەس بەلای تۆوە شۆڕشگێڕی ناوازەن" و رەخنەی دەکردم. راستی دەگووت. لەگەڵ (حاملی) تەنانەت نەمدەتوانی بۆ نیو کاتژمێر گفتوگۆ بکەم. نەک لەبەر ئەوەی بەهێندەی من بەهرەمەند نەبوو یاخود کەمتری دەزانی. نەخێر! (حاملی) هەوڵی قسەکردن، گفتوگۆ، رێکخستن، هەنگاونان بەرەو خەباتی هاوبەش، رووکردنە ئەنجامی هاوبەشی نەدەدا، لەم بوارەدا شارەزایەتی نیشان نەدەدا.

منیش ئۆقره و شارەزایی خولقاندنیم نەبوو. هەر ئەمە بوو وای دەکرد بڵێم: "شەنەر دەتوانێت ئەم کاره راپەڕێنێت" ئەو، ئەم رواڵەتەی لەلای هەموو کەسێک دروست کردبوو. منیش دەمویست کار بکەم. سەنگی رێکخستنیم لەهی ئەو زیاتر بوو. شتێکی ئەوتۆش لە ئارادا نەبوو کە خۆمی پێ بچووک و سەرنەوی بکەم. تەنانەت سەرپەرشتی (شەنەر)یشم دەکرد کە هەرچەندە سکرتێریش بوو. ئەگەرچی ئەولایەنانەشی لە رۆژەڤدا نەمابێت کە زۆر باس و خواسی لەسەر دەکرا، بەڵام کاریگەری لەسەر خۆیشی و لەسەر پێکهاتەی هەڤاڵان هەبوو. لە واتایەکدا من پاراستنی شەنەرم دەستەبەر کردبوو.

لەلایەک ئەو خاڵانەی جێگای قسە و باسبوون، لەلاکەی تر لەڕاستیدا بواری بەرفراوانی خەباتکردن، بۆ من مایەی هەستیاری بوو. لەم واتایەدا لەخۆم دڵنیابووم. واتا ئەو هەمووه دەنگۆ، قسە و باسەی لەسەر هەبوون، ئەو رەوشەی لە 1984 تێیکەوتبوو، ئەمانە بەردەوام مایەی بێ متمانەیی بوون. لەوانەیە ئەم کێشەیە ناوبەناو لەناو کار و خەباتدا، لەناو گشتگیری پەیوەندییەکاندا بزر بێت، بەڵام هەرگیز بێزاریەکەیم لەسەر خۆم پێلانەدەچوو، بەردەوام هەستم پێدەکرد. بێگومان لایەنی سەنگین، ئەو لایەنە بوو کە لەکاردابوو. پێدەچێت لە هەمووان زیاتر خوازیاربم کە ئەو هێزی خۆی دەربخاتەڕوو، لێرەوه لە ئاستی جیاجیای خەبات و شۆڕشدا جێگە بگرێت و داوەرییەکان لەسەر خۆی نەهێڵێت.

(ساڵیحە)، بەر لە بینینی داوەرییەکی خراپی لەلای من دروست کردبوو. لە جەوهەردا کەسێکی خۆشەویست نەبوو، بەڵام ناوبانگی هەبوو! بەمجۆره هاتنە پێشەوەی و زاڵبوونی؛ بۆ بێ بەرنامەیی و پێشدیدە نەبوونی خۆمان دەگەڕایەوە. لەوەمان نەدەڕوانی کە کێ چۆن خۆشەویستە، چۆن ناوبانگ دەردەکات.

ژمارەیەکی زۆر دایک هەبوون، بێدەنگ و سادە، بەڵام پڕبەدڵ و ڕەنجدەربوون، ئەگەرچی خاوەنی ئێش و ژانێکی گەورەش بوون، کەچی بەپێی پێویست بایەخ و گرنگی بەوانە نەدەدرا کە لە ژیاندا دڵنزمانە دەیانویست کارێک بکەن. کەم نەبوون ئەوانەی دڵگیری هەمووانیان دەدزی و جگە لە ئاڵۆزی و تێکهەڵدان هیچی تریان نەدەکرد و هیچ بەرهەمێکی تریان نەبوو. زیاتر بە چاوی (خاتر)ەوە لێکدانەوە بۆ ڕەنجیان دەکرا. (ساڵیحە) بەدەم و زارەکی زۆر دەبووە (قوربان و ساقە)، بەڵام لەناخیدا لایەنێکی پڕبەدڵ، کامڵ و سادەی نەبوو، بەپێچەوانەوە بێزار بوو. زۆر بانگەشەی جددی لەسەر هەبوون. لە سەردەمی (کاراسو)شدا قسەمان لەسەر کردبوو. نەشمان دەزانی کە لەدەرەوە تاچەند و چۆن ڕێوشوێنێکی پێویست گیراوەتە بەر. تەنیا ئەوەندەمان پێدەکرا ئەو کەسانەی لێ ئاگادار بکەینەوە کە لە ڕیزی جوڵانەوەی کەسوکاری زیندانیاندا بوون. چونکە بەئاسانی دەستمان بەوان دەگەیشت.

شەهیدبوونی (محەمەد ئەمین ئارسلان) سەرلەنوێ (ساڵیحە)ی خستە ناو باسەوە. بەناوی ڕێکخستنەوە هاتوچۆی ژمارەیەک لە زیندانەکانی دەکرد. کەسێک نەبوو بەشێوەیەکی ڕاست و دروست سەرپەرشتی بکات. پاشان گووتمان: "با لێی بکۆڵینەوە" لە (لەیلا زانا) و ئەوانمان پرسی. ئەوانیش باسیان لەوەکرد کە (ساڵیحە) لەو ڕۆژەدا لەکوێ بووە، چۆن جیابۆتەوە، چی گووتووە.. هەندێک لەو قسە و باسە لە ئاستی دەنگۆدا بوون، هەندێکیشیان زانیاری بەرجەستە بوون. پێویست بوو هەندێک پرسیاریش ئاراستەی خودی (ساڵیحە) بکرێت. لەگەڵ (شەنەر) پێکەوە چووین بۆ چاوپێکەوتن، بە کوردی قسەیان کرد. (شەنەر) هات و هاواری

دەکرد. (ساڵیحە) دەگریا، سوێندی دەخوارد. سەرەنجام قسە و باسەکان لەگەڵ راستییەکانی (ساڵیحە) یەکانگیر نەبوونەوە.

پێویستبوو ئەوانەی دەرەوە ئەم کارە بە راست و دروستی راپەڕێنن. (شەنەر) پەست بوو و گووتی: "ئەم ژنە کاری نابەجێ دەکات، بەڵام باس و خواسەکانیش زێدەڕۆییان تیادایە. لەم کارەدا تەڵەکەبازییەک هەیە. لەم بارەیەوە زانیاری بگاتە دەستی پارتی ئەنجامی باشی نابێت. با بە فەرمی هەندێک شت بنووسین و بینێرین. بەڵام دەبێت بۆ راستییە بەرچاوەکانی بگەڕێنینەوە، ئەگەرنا لەوانەیە هەڵە بکرێت". وەک بەڕێوەبەرایەتی نووسین و ناردنی نامەیەکمان لەمەڕ ئەو بابەتە ئەرێ کرد، (شەنەر) نووسی و ئێمەش خوێندمانەوە و ناردمان. بەمشێوەیە لەبەرەی زیندانەوە (ساڵیحە) گەرەنتی کرا. لێرەشدا لۆژیکی (ژنێکی بێ کۆنترۆڵە، بەڵام ئەویش دایکێکە) زاڵ بوو و نامەکەش لەو چوارچێوەیەدا بوو.

لە نووسراوێکدا هەڵسەنگاندنێکی تێر و تەسەل سەبارەت بە کادیرانی ناوەندی کرابوو. جگە لە من و (کاراسو) هەمووانی تر رەخنەکرابوون. لایەنە نەرێنییەکانیشیان هەڵسەنگێندرا بوو و تیادا بەجۆرێک کە "لاوازییەکی تایبەتی نەنواندووە، بەڵام لەم خاڵە و لەو خاڵەدا کەموکورتی و ناتەواوی کردووە. تایبەتمەندییە بەرچاوەکانی ئەمە و ئەوەن ...هتد" نووسرابوو. هاوکات خاڵێکی تریش هەبوو کە رەخنەمان کردبوو، لە چاپکراوەکانی پارتیدا سەبارەت بە زیندانەکان ژمارەیەکی زۆر وێنە بڵاو دەکرانەوە. هەمووشمان پێی پەست ببووین. بۆیە گووتمان: "نابێت جگە لە وێنەی شەهیدان، وێنەی تر چاپ بکرێن. دەکرێت جاروبار وێنەی بەکۆمەڵ بڵاو بکرێنەوە". خۆی (مەبەست لە شەنەرە- و) من و

(کاراسو)ی لەسەر زیاد کردبوو، سەرباری ئەوەی رەتیشم کردەوە کەچی هەڤالانی تریشی لەخۆی رازی کردبوو.

ئەو رۆڵ و دەورەی بە هەردووکمانی دەدا، ناوبەناو نیگەرانی دەکردم. هەڤالان خۆشەویستی و متمانەیان پێمان هەبوو. لایەنێکی خۆرسک بوو و مایەی خۆشحاڵیش بوو بۆ من. بەلام نەدەبا بەشێوەیەک کە لەتامی خۆی دەرچێت بخرێتە بەر باس و بەرز بکرێتەوە. (شەنەر) لەم خاڵەدا رەخنەی دەکردم و دەیگووت: "تۆ بەپێگەی خۆت نازانیت"، هەڵبەتە زیاتر سەرچاوەکەی بۆ چاو لەخۆکردن و خۆ سنووردارکردنم لە ئاستی قوولایی ئایدیۆلۆژیا و سیاسی و هاوکات جولانەوەم بە گوێرەی هەست و سۆزەکانم دەگەڕاندەوە. ئەم رەخنەیەی بەجێ بوو. راستییەکانی منی دەردەخستەڕوو. لەم بوارەدا بە رەخنە و گفتوگۆکانی منی زیاتر پابەندی خۆی دەکرد.

کار و خەبات پێویستی بەچی دەکرد، چۆن دەتوانرا ئەو پێویستییانە دابین بکرێن و کێشەکان چارەسەر بکرێن؟ (شەنەر) لەگەڵ هەموو ئەوانەدا و لە نووسینەوە یاخود گفتوگۆکردنی کێشە ناوخۆیی و دەرەکییەکان و دەربڕینی رووداو و پێشهاتەکاندا گرفتی نەبوو. بەلای منەوە پێویست بوو ئەو کارانە بکرێن، کە مایەی رەزامەندی هەموو لایەکیش بوو. بەگشتی بەڕێوەبەرایەتی ئاستی بەرچاوی هەبوو لە گفتوگۆکردن و هێزی دەستنیشانکردنی کێشەکاندا. کێشەیەکی جیا و رێگرانە بەدی نەدەکرا، چونکە رۆژانە کاریان لەسەر دەکرا. سەرەڕای ئەوەش هەندێک کەس نیگەرانیان هەبوو کەچی بە ئاشکرا نەیاندەدرکاند. بەتایبەتیش (حوسنی) و (فاروق) کە بە حیساب بوون لە هەڵسوکەوتەکانیاندا، هەرچەندە واتامان بەو هەڵوێستانەیان نەدەدا و تەنیا رەخنەمان دەکردن.

(شەنەر) لە بابەتی خۆشەویستیدا رووی لە قسە و قسەلۆکی کلاسیکی نەدەکرد، خۆی لەوانە دەپاراست. زۆر باسیشی نەدەکرد، بەلام لە ناو کار و خەبات و پەیوەندی رۆژانەدا هەستی دەکرد کە کاریگەری هەیە لەسەرم، بەتایبەتیش دەیویست بەگوێرەی سۆز، پێوانە و خواستەکانی من هەڵسوکەوت بکات و بەوجۆرە کارم لێبکات. تەنانەت تەنیا بەناو هێنان بانگی نەدەکردم. دەیگووت کاتێک دەڵێم (ساکینە)، زۆر لەخۆم دەکەم. بەگشتی پێی دەگووتم (دادە گەورە، دایە، بەقوربان)، بەلام ئەمانەشی بەشێوەیەکی بەردەوام بەکار نەدەهێنا. منیش بەتایبەتی بە دەستەواژەی (ئێوە) گوزارەم لە هەندێک هەڤاڵ دەکرد. بە ناویان بانگم نەدەکردن، جارانیش هەر وەهابوو. فێرببووم، لە رێزەوە سەرچاوەی دەگرت. بەلام لە نووسراوەکاندا بە (حسێن)ی من، (مەتۆ)ی من، (شامیل)ی من یان (کارا)ی من پێناسم دەکردن. ئەمەش بەهۆی سۆزدارییەکی چڕوپڕ، و ئەو هەست و ئاواتەوە بوو کە هەلومەرج لەناخی مرۆڤدا دەیچاندن، شێوازێک بوو کە بۆشاییەکانی (تەنیایی) پردەکردەوە.

دووژمن هەموو شتێکی سنووربەند دەکرد و تاکڕەوی و خۆپەرستی بەسەر هەموو شتێکدا دەسەپاند، لەگەڵ ئەوەشدا زیاترین هەوڵی دەدا بۆ تەنیاییکردنی کەسێتی لە ئاستی فیکر و تەنانەت لە خەون و خەیاڵیشیدا، ئەمانەش لەلای بەندکراوان کاردانەوەیەکی ناوازەی دروست دەکرد، جۆرە پەیوەست بوونێکی دەهێنا. بێگومان ئەگەر ئەم دۆخە تووشی بێ پێوەری ببووایە، دەبووە مایەی کەڕوکردن و تێکچوونێک لە خودی کەسەکاندا. بەهەر جۆرێکیش بووایە دەبوا دیاردەکان تێکەلاوی یەکتر نەکرێن.

(شەنەر) پێچەوانەی سەرجەم هەڵسوکەوتەکانی دەهێنایەوە، لە ئاستی گووتەدا شتێک نەمابوو بۆی روون نەبووبێتەوە. بنەمایەکی فیکریی دەوڵەمەندی هەبوو. دەیگووت: "کاتێک کە لێرەنیت زۆرتر بیرت لێدەکەمەوە". تەنانەت لەکاتێکدا کە هەل و دەرفەت هەبوو لە شوێنی هەواگۆڕیندا رایەڵکە و قسە بکەین، هەرکات بانگم بکردایە دەهاتە بەردەم پەنجەرەکەوە، ئەو لەناوەوە و منیش لە شوێنی هەواگۆڕینەکە رادەوەستاین و قسەمان دەکرد. لە کاتی دیاریکراوی خەباتدا قسەمان لەسەر ئەو بابەتە نەدەکرد. لە کاتی نیوەڕۆدا، لە ماوەی خواردن و پشوودا ماوەیەکی کەممان تەرخان دەکرد و قسەمان دەکرد. ئەگەر بمویستایە باسەکە بهێنمەوە و قسەشی لەسەر بکەم، ئەو دەیگووت: "نەخێر، کاتی ئەوە نییە" ئەمانە هەر یەکێکیان مایەی خۆشحاڵی بوون بۆ من، هاوکات پێوەرێک بوون کە لە پەیوەندیدا مەودای پێویستی دەپاراست و هەبوونی مافی بەسەر یەکەوە رەت دەکردەوە.

لە سەرەتاکاندا کەس ئەوەندە زۆر لە شتەکان ورد نەدەبووەوە. دوای ساڵەهایەک تازە بە تازە هەڤاڵانمان دەبینی، بەڵام لە ئاستی گشتیشدا پەرتەوازەیی و هەڕەمەکییەک هەبوو. مایەی سەرنج و رەخنەکردن بوو. بە ئەندازەی رەخنەکردنیان؛ هەڵسوکەوت، شێوازی خەبات و پەیوەندی هەمووان پەرەسەندنی زیاتری بەدەست دەهێنا. بۆ ماوەیەک زیاتر بەیەکەوە راپەڕاندنی کاروباری وەک نووسین و زیاتر پێکەوە قسەکردنمان سەرنجی هەڤاڵانی راکێشابوو و رەخنەیان کردین. ئەوەش دەستنیشان کرابوو کە ئەو کارانە کاری لاوەکین و پێویستە لەسەر من زیاتر کات بۆ هەڤاڵانی تر تەرخان بکەم و پێویستییەکی بەوجۆرەیان خستبووەڕوو. ئەم رەخنە کاری تێکردم. هەر بۆیە ئیتر لەگەڵ هەڤاڵ (فوئاد کاف) پێکەوە کاروباری پەیوەندی نێوان

قاوشەکانمان رادەپەڕاند. بەڵام هەمان کات و تەنانەت زیاتریشی دەگرتەوە.

واتا کێشەکە کات نەبوو، بۆیە کاری تێکردبووم، بەڵام راستییەکیش لە ئارادابوو، من لەڕووی سۆزداریشەوە پەیوەست ببووم بە(شەنەر)ەوە. هەرچەند نیگەرانیشم هەبوو، کەچی کۆمەڵێک لایەن هەبوون کە لە خەبات و پەیوەندییەکانمەوە رەنگیان دەدایەوە. گۆڕانکارییەکی نەرێنی نەکردبوو لە خێرایی کارکردنم و هەڵوێستم لەبەرامبەر بە کێشەکان، بەپێچەوانەوە خواستی بەرفراوانکردنی بواری خەبات و گەیشتن بە هەر شوێنێک کە پێویست بێت؛ لەناخمدا زیاتر ببوو. هاوکات بەڕێوەبەرایەتیی و شارەزاییەکیشم بەدەست نەهێنابوو کە کێشەکان بە قووڵایی لێکبداتەوە، شێوازی بیرۆکراسی تێپەڕ بکات، خوڵقێنەرانە چەمک و پەیڕەوی رێکخستنی بکات بە یەک و لەسەر بنەمایەکی پتەو جێگیری بکات.

لەلایەکی تریشەوە شتێکی وەهاش لە ئارادا نەبوو کە بەشێوەیەکی بەرجەستە قسە لەسەر پەیوەندییەکە بکرێت، ناوی لێ بنرێت، مەرجدار بکرێت یاخود لەشوێنێکەوە دەست پێبکات و هەموو شتێک لەو چوارچێوەیەدا هەڵبسەنگێندرێت. ئەنجامێکی گەورەی ماوەی رابردوو لەبەر چاو بوو. کەوابوو خۆشەویستی؛ راپەڕاندنی خەباتی هاوبەشە؟ بەلای منەوە ئەمە وابەستەترین لایەن بوو. بۆ ئەوەش لەجیاتی نیگەرانییەکی وەک: ئایا کاریگەرییەکی چۆن لەسەر پەیوەندییەکە دەکات، چی دەبێت، بەکوێ دەگات؟ نیگەرانییەک لەمەڕ چۆنێتی راپەڕاندنی هاوبەشی ئەو خەباتە هەبوو. لەم بوارەدا بێ شک و گومان ئەگەر بە گفتوگۆ بێت، ئەوا گفتوگۆ، بە ململانێش بێت، ئەوا ململانێ، بە قانیعکردنیش بێت ئەویش بەهەمان شێوە، بەهەر شێوەیەک بێت؛ تاسەر

پێداگری لەسەر سەپاندنی راستییەکان دەکرا. واتا هەوڵدان و چالاکبوونێک هەبوو کە بەکاریگەریش بوو. خودی پێگەی بەڕێوەبەرایەتی لەو دونیا خرابوونەدا ئەمەی وەکو پێویستییەک دەسەپاند.

هاوکات ماوەیەکی دوور و درێژ لە زینداندا و پێشتریش لە هەندێک گۆرەپانی خەباتدا بەتەنیا کارم کردبوو، دوور بووم لە هەڤاڵان. هەر ئەمە؛ تایبەتمەندی بەڕێوەبردنی کار و بڕیاردانی لە کەسایەتی مندا بونیادنابوو. تەنانەت بە خاڵێکی تایبەتیشی گەیاندبوو. لەو بەڕێوەبەرایەتییەی زیندانیشدا تایبەتبوون و لایەنی تایبەت بەخۆمم هەبوو، سەرنجی بەلای خۆیدا رادەکێشا. ئەمە جاروبار رۆڵی ئەرێنیانەی دەگێڕا و جاروباریش زۆری و زەحمەتی دەهێنا. واتا تاکڕەوییەکەم دوور بوو لە رەهەندی بەرتەسکی خۆپەرستییەوە. لەلای من بەرژەوەندی رێکخستن لە سەرووی هەموو شتێکەوە بوو. بۆ ئەم مەبەستەش هەموو شتێکم لەبەرچاو دەگرت. با هەر هێندە هەست بە پێویستییەکانی بکەم و بەس. بەڵام لەوە گرنگتریش ئەوەبوو کە بەشێوازێک بێت لەکات و شوێنی خۆیدا بە ئامانج بگات و هەمیشەیی دەستەبەر بکات. هەر ئەمە بوو پێویستی بە شارەزایی و پسپۆڕی دەکرد.

لە بنەمادا پێویست بوو لە سیاسەتدا پێوەر بەدەست بهێنرێت، دەست بە هەستیارترین بازنەی سیستەمی شێواز و رەفتاری بگەیەنیت. شۆڕشگێڕی لە زینداندا بەم شێوەیە بە واتای خۆی دەگەیشت. ئەمە ئەلف و بێی ژیانی شەرەفمەندانە، بەرخودانی شەرەفمەندانە و مردنی شەرەفمەندانە بوو. ئەگەر ئەمانە نەبن ناتوانیت لە سیاسەتدا جێگە بگریت.

## بۆ خۆشەویستی، ژنبوونم، ئاپۆچێتیم

هەڵسەنگاندنم بۆ خۆشەویستی لە هەڵسەنگاندنی ژیان و تێکۆشان جیاوازتر نەبوو. کاتێک لەم چوارچێوەیەدا بەسەرهاتەکانم هەڵدەسەنگاند، ژیانێکی تایبەت و جیاواز لە شۆڕشگێڕیم بەسەردا بار نەدەکرد. بەپێچەوانەوە هەر لە سەرەتاوە لە دژی (تایبەت)کردنی بووم. لەناو شەڕ و تێکۆشاندا خۆشویستن! خۆشەویستییەک بە ئەندازەی خۆشەویستی بۆ شەڕ و تێکۆشان! ئاشکرایە ئەم خواستە و راستییەکان یەکانگیر نەببوون. بەڕاستیش هەرگیز نەمکرد وەکو کچێکی گەنج، وەکو ژنێک بەدوای پیاوێکدا بگەڕێم و بیکەم بە هی خۆم، یان خەیاڵێکی وەها بکەم، پێوەرێکی لەو شێوەیە بۆ خۆم دابنێم و بەو بیر و بۆچوونەوە لە ژیان بڕوانم. ژیانیماڵێکی بچووک و سیستەمی خێزان هەرگیز سەرنجی رانەکێشام. لە پەیوەندییەکاندا کاریگەری لایەنی بەرامبەر زیاتر رۆڵی دەگێڕا، کە ئەمەش رەهەندێکی دیکەی راستییەکەی لای من بوو. جەوهەر بە رواڵەت نەگەیشتبوو، هێشتا پێوەرم دانەنابوو. پێگەیەکی لاواز، یەک لایەنە و بێهێز جێگەی باس بوو کە هەموو لایەکی پڕە لە دەروازە. لەڕاستیدا ئەمە لاوازترین، بێ رێوشوێنترین دۆخ بوو کە هەموو ئانوساتێک لەبەردەم ئەگەری شکستدا بوو. ئەگەر بێتوو روو لە لایەنە باش و ئەرێنییەکان بکات، ئەرێنیانە گەشەدەسێنێت، ئەگەر روو لە خراپی و نەرێنیش بکات زۆر زوو دەبێتە ئامانجی خراپەکاری.

مرۆڤ کاتێک وزەی ژیان و شەڕی پسپۆڕانەی پابەند نەبوو بە سیاسەتەوە و لەم بوارەدا رووی لە ئامانجی راست نەکرد، ئەوا دەکەوێتە داوی سۆزەکانی و وزەی خۆی بەم ئاراستەیەدا

دەبات کە تارادەیەک وای لێدێت لەو پەنجەرەیەوە بۆ هەموو شتێک بڕوانێت، لەم خاڵەدا کڵپەی ئاگری سیاسەت ئامانی نییە، بەلایدا دەڕوات و دەیسوتێنێت. گریمان شەپۆلی هێز و وزەت سەرشێتانەیە، ئەگەر سیاسەت و ڕێکخستنت لە بازنەی تێکۆشانتدا جێگەیەکی پتەوی بەدەست نەهێنابێت ئەوا هەر بە دەوری خۆتدا دەخولێیتەوە، لە پەرتەوازەبوون رزگارت نابێت.

ناتوانم بڵێم وەکو ژنێک پێوەرەکانی ئازادی و شۆڕشگێڕیم لەخۆمدا بەرجەستە کردبوو، نەخێر. کۆمەڵێک تایبەتمەندی گشتیم وەرگرتبوو کە بەشێکیان بەڕادەیەک لە ژیانمدا رەنگیان دابوویەوە. بەڵام بەر لە هەموو شتێک زۆر دواکەوتبووم لە گەیشتن بە ئایدیۆلۆژیا، سیاسەت، ڕێکخستن و ئامرازە سەرەکییەکانی تری شەڕ و تێکۆشان و بەکارهێنانیان. پێوەرەکانی تر راستەوخۆ بۆ ئەم بنەمایە دەگەڕانەوە. لەم واتایەدا یاریزانێکی باشی یارییەکانی خۆشەویستی یان یارییەکانی تێکۆشان نەبووم. سەرباری هەموو لێدان و گورزێکیشی؛ نەکەوتم، تەنیا توانیم تا رادەیەک لەسەر پێ بمێنمەوە، کەچی لەولاشەوە بەوهۆکارەی بە هەمان هۆشمەندی و ڕێوشوێنی پێویستەوە بەسەر ئاڵۆزیی و گرفتە ناوخۆییەکاندا نەچووم، تووشی دەرەنجامێک هاتم کە هیچ حیسابم بۆ نەکردبوو، لەم شەڕەشدا ببووم بە نزیکترین ئامانجێکی هەمە لایەنە و فراوانی ساختەکارییەکان.

پێدەچێت یەکەم جار بێت بکەومە ناو تێکۆشانێکەوە کە تیایدا سیاسەت لەگەڵ سۆزەکانی خۆشەویستی بەو ئەندازەیە پێکەوە بەسترابنەوە و لەناو یەکدابن. رەتکردنەوەی هاوسەرگیری و هەڵاتنم لە ماڵ، تەنیا لایەنێکی زۆر ئاساییانەی بوو. بەڵام تایبەتمەندییەکی زۆر بێ ڕێوشوێن و ناشارەزایانەی سیاسەت و

شەڕیشی هەڵدەگرت. دوابەدوای ئەمەش هەوڵی تاقیکردنەوەی سیاسەتکردن لەسەر زەمینەی (یەکێتی)یەکی بێ بناخە و بنەما ئەنجامدرا. لەوێشدا ئەو راستییە سەلمێندرا کە ئەگەر کەسایەتییەکی سیاسی بەهێز نەبێت، گەمەی خۆشەویستی سەرناگرێت. پاشان لە زینداندا سەرلەنوێ؛ نازانم پێی بڵێم جیلوەی سیاسەت یان جیلوەی خۆشەویستی، جیلوەی هەردووکیان منیان دۆزییەوە، یان من ئەوانم بەشێوەیەک لێکدایەوە کە ببنە بەڵا بەسەرمەوە! گووتم با خۆشەویستی بەقوربانی سیاسەت بێت و خۆمم کردە قوربانییەک.

بەڵێ؛ فیداکردن! لێرەدا دەستەواژەیەکی زۆر مەترسیدارە. لە سیاسەت و لە خۆشەویستیشدا دەستەواژەیەک نییە بەناوی فیداکردن یان فیدابوون و ناشبێت. چونکە لەپێناو لەدەستچووەکان، تالانکراوەکان و فیداکراوەکاندا تێدەکۆشیت. شتێک نەماوەتەوە کە فیدای بکەیت! فیداکردن کوشتنە. پاڵنان بەخۆشەویستییەوە بەرەو مردن، کوشتنی خۆشەویستی! شتێکە وەک دەرکردنی فەرمانی کوشتن وایە. ئەوەیە کە لەخۆت سەندراوە، لەدەستت دەرهێندراوە و بۆیان نەهێشتویتەوە. ئەوەشی لەتۆدا دەئافرێت؛ خۆشەویستییە. ئەگەر هێزی راستەقینەی ئافراندنت لەخۆتدا پێکهێنابێت، ئەوجار دەتوانیت باس لە خۆشەویستی راستەقینە بکەیت. ئافرێنراوەکە گەورەتر دەکەیتەوە، بەڵام نەک فیدای کەسانی تری بکەیت. ئەمە بەواتای: "فەرموو، ئەوەی من خوڵقاندوومە، تۆ تێکیبدە، بیڕوخێنە" دێت. ئەگەر خوڵقێنەری تایبەتمەندی سەرەکی سیاسەت بێت، ئەوا خۆشەویستیش خودی خوڵقێنەرییە. لەم واتایەدا خۆشەویستی شکستهێن نییە.

له پەیوەندی (حاملی) دەترسام. ترس و نیگەرانیم تێکەڵاو بوون. چونکە لەو پەیوەندییەدا پێوانەی (خۆشەویستی، ئەڤینی) دابونەریتێکی دەمارگیرانەی هەبوو. دڵبەندییەکی نازانم چەند ساڵەی (حاملی)، ئەگەرچی کاریگەرییەکی بەرچاوی ئاستی مەعنەوی شۆڕشگێڕیشی هەڵگرتبێت، لە چوارچێوەی چەمکی نامووسیی دەرەبەگایەتی هاتبووە ناو باسەوە. لە کۆمەڵگادا نمونەی زۆرە. پیاوێک دڵبەندی ژنێک بووبێت، بۆ چەندین ساڵ کاریگەری لەناخی خۆیدا هەڵدەگرێت. هەیە لەدوای چەندین ساڵیش لەکاتێکدا کەسی بەرامبەری هاوسەرگیری کردووە و منداڵیشی بووە، هێشتا دەستی لە دڵبەندییەکەی خۆی بەرنەداوە و تەنانەت هەیە لەدۆخی وەهاشدا ئەگەر بە خوێن رشتنیش بێت مەعریفەتی گەیشتن بەو کەسەی بەرامبەری نیشان دەدات. ئەوەی لێرەدا خۆی دەنوێنێت، غرورێکی قەبای پیاوی دەرەبەگە، پێداگری و خۆشەویستییە کوێرۆبووەکەیەتی. دەکرێت چەندین ناوی تریشی لێ بنرێت. هەڵبەتە لایەنی تریشی هەیە. بەڵام (حاملی) لە هەمانکاتدا شۆڕشگێڕێک بوو، ناچار بوو خۆی ئاوێتەی پێوەر و پێودانگە نوێیەکان بکات.

سەرەتا بەلامەوە دڵبەندبوونی بۆ ماوەیەکی ئەوەندە درێژ و نەدرکاندنی، وەک ئیرادەیەکی گەورە و هەڵوێستێکی شۆڕشگێڕی و دیموکراتی بوو، بەڕاستیش کاری تێکردم. هەندێک دڵبەندی هەیە سرووشتییە، تەنانەت جوانە و واتادارە. هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی وەڵامێکی رەها یاخود فشارخستنە سەر کەسی بەرامبەر هەتا وەڵامی ئەو دڵبەندییە بداتەوە، هەریەکێک لەمانە هەڵوێستی زۆر دواکەوتوو و نادیموکراتییانەن و هیچ پەیوەندییەکیشیان بە شۆڕشگێڕییەوە نییە. تا ئێرە بەلای منەوە (حاملی) رێزی لە ئیرادەی بەرامبەرەکەی گرتبوو. بەڵام دواتر

هەرچەند هەستم بە ناجێگیریی و ئاشکرابوونی پێوەرە راستەقینەکانی دەکرد، نیگەرانی و ترسم زیادی کرد، هەڵوێستی موڵکپەرستانە خۆی بەسەر (حاملی)دا زاڵ کرد بوو و کە لە هەمانکاتدا دژی سروشت و کەسایەتی من بوو. چونکە پێشتر لە خواست و سەپاندنی هی من بە کەسێک رامکردبوو. دابڕان لە خێزان و کەسوکار سەرەڕۆی نەبوو. خۆم لە گرێکوێرەکانی موڵکگەرایی خێزان رزگارکرد. لە ناوەڕۆکی دابڕانم لە پەیوەندییەکانی تریشمدا هەمان شت هەبوو، ئەم دابڕانەش چالاکی بەدواداچوونێکی شۆڕشگێڕانە بوو. ئاشکرایە ئەوانەم بە کۆڵەکە و بناخەی رێکخراو، بە بەرنامە و بەهێز نەگەیاندبوو، بەڵام حاشاهەڵنەگرە کە چالاکی دابڕان بوو.

خۆڕاگری، کۆمەڵێک تایبەتمەندی شۆڕشگێڕانە و بڕیارداریی‌یەکەی تەنیا لایەنێکی (حاملی) بوو، هەمووی نەبوو. یەکێک لە لایەنەکانی: پیاوێکی کوردی باو بوو کە بە چەمکە نەریتییەکان شێوەی گرتبوو، لایەنێکی تری: پیاوێکی دڵبەندی ژن بوو لە چوارچێوەی پێوەرە عەلەوێتییەکانی دێرسیمدا. هاوکات یەکێک بوو لەوانەی هەر لەسەرەتاوە لەگەڵ ژن لەناو شۆڕشدا رێی دەکرد. لەم واتایەدا هەندێک هۆشمەندی هەبوون کە لەبەرامبەر بە ژن بەدەستی هێنابوون. هەندێک راهاتن و خووی رۆژانەیی بەدەست هێنابوو. لەم لایەنەدا بەختی هەبوو. چونکە هەڤاڵێتی شەڕ و تێکۆشان لەگەڵ ژن جوانییەکی تایبەت بەخۆی هەیە، کاریگەری ئەرێنییانەی هەیە لەسەر پیاو. لانی کەم وای لێدەکات خۆی لە پێوەرە قەبا و نەریتە نەخوازراوەکان دوور بخاتەوە.

(حاملی) لەگەڵ ژنان دەستی بە شۆڕشگێڕی کرد. یەکەمین چالاکی هاوبەشی، ئەو پەروەردەیە بوو کە لەگەڵ ژنان پێکەوە

بینییان. ئەمە کارئاسانی دەکرد لە جولانەوەی هاوبەش لە سەرجەم بوارەکانی تری ژیاندا، لەگەڵ خۆیدا پێوەری پێدەدا. لەلایەکی تریشەوە (حاملی) هاوسەری هەبوو، سەرەنجام چی دەبێت با ببێت، (ئایتەن) لەناو ئەم تەڤگەرەدا بوو، بەرئەندامی شۆڕشگێڕی بوو. لە زیندانیشدا ساڵانێکی زۆری لەگەڵ ژنان بەڕێکرد، پێکەوە بەرخودانیان کرد. بەڵام جێی داخ بوو کە جگە لەو چوارچێوە پێوەری و لۆژیکییەی خۆی هێشتا بە راستی ژنی نەناسیبوو. پێدەچێت کاریگەری شۆڕشگێڕی ژنی لەسەر هەبووبێت، حەیرانییەکی هەبوو بۆیان، بەڵام لە واتای راستیدا هەرگیز نەیتوانی پۆرترێتی راستەقینەی ژن دروست بکات.

پێوەری ژن لەلای (حاملی) ئاڵۆزە، ناجێگیر و پڕ لە بەهەڵەداچوونە. لەوانەیە ئاستی گووتەی یەکسانی و ئازادیخوازانە رەنگدانەوەیەکی قەبای بە هەڵسوکەوتەکانییەوە هەبێت، بەڵام لە ژیاندا لە ئاستێکدا نەبوو کە ژن گەورە بکات، ئازاد بکات، لەگەڵ تایبەتمەندی ژن لە بەکۆمەڵایەتیکردندا بەندێکی شۆڕشگێڕی دروست بکات. لێرەدا کەموکورتی زۆر جددی هەبوو. هەوڵ و کۆششی تاکە کەسییانە بوو، لەئاستی گەیاندنی بە رێکخستندا نەبوو. لۆژیکی "من بە جوان ناڵێم جوان، ئەگەر هی من نەبێت" یان" جوان هی منە، هەر ئەوەیە کە مسۆگەر دەبێت بەهی خۆم"ی بەسەردا زاڵ بوو. سەرەنجام دڵبەندی و پابەندی (حاملی) بە ژنەوە تا دواڕادە بەرتەسک و خۆپەرستانە بوو.

لە دۆخێکی وەهادا ململانێ لەگەڵ (حاملی) درێژخایەن و پڕ ئۆقرە نەبوو. کاردانەوە و پەرچەکردارەکانی کاتی و لەناکاو بوون. خۆشەویستی و تووڕەییشی وەک مینی سەرەڕێ بوو. دیارنەبوو کەی و لەکوێ دەتەقییەوە. هاوکات تایبەتمەندییەکانی منیش لە ئاستێکدا نەبوون کە بە هۆشیاری، بەبێ قەزا و قەدەر و

تەقاندنەوەیان ئەو مینانە هەڵگرێتەوە، بە پێچەوانەوە پێم لێدەنا و بە خۆمدا دەمتەقاندنەوە. هەر یەکێکیان پارچەیەکیان لێ دەبردم. بەمشێوەیە هێز و توانستی خۆمم لاوازکردبوو. تێکۆشانێکم نەبوو کە ئەنجامێکی بەهێز و بەردەوام لە لاوازی و چەوتییەکان وەربگرێت، لە دۆخێکدا شەڕم دەکرد کە کوێرانە خۆم کردبوو بە پلیکانە بۆ ئەو لاوازییانە، دوای زیان بینینیش هەوڵم دەدا راستیان بکەمەوە و خۆم گیرۆدەی ئەنجامەکانی دەکرد.

هاوکات لە پەیوەندیمدا لەگەڵ (شەنەر) هەر لەسەرەتاوە نیگەرانیم هەبوو. نیگەرانی و بێزاریەک بوو کە سەرچاوەکەی بۆ هەستکردن بە کەسایەتییەکەی دەگەڕایەوە. بەڵام هەر ئەمەش وای لێدەکردم زیاتر بەکاریگەر ببم، لە هەر بوارێکدا کارم بکردایە زیاتر هانی دەدام کار و خەبات بکەم. وەک کێبڕکێیەک وابوو. دەمگووت "با ئەویش کار بکات و منیش کار بکەم"، هەموو شتێکم بۆ نەدەهێشتەوە. بەشێوەیەک کە ئەگەر کاری نەکردایە، بە ترس و شەرمانە هەڵسوکەوتی بکردایە زیاتر بێزار دەبووم. لە سەرەتاکاندا کاتێک دەیگووت: "با من نەبم بە سکرتێر، لەدەرەوە هاوکاری دەکەم" لە هەموویان زیاتر خۆم بەگژیدا چوومەوە و پێمگووت: "نەخێر، دەبێت کار بکەیت، خەبات بکەیت، نەک خۆت لە ئەرک بدزیتەوە. ئەمە لەکاتێکدا بوو کە بانگەشەی زۆر جددی لەسەر هەبوون، رێکخستن دەربارەی ئەودا: رێکاری رێکخستنی گرتبووە بەر، لەگەڵ ئەوەشدا کەسێکی بەکاریگەر و بەهرەمەند بوو. لەگەڵ هەموو ئەوانەش بەرپرسیارێتی لە ئاستی یەکەمیندا کارێکی ئاسان نییە. ئەم خەباتانە باشترین مەیدانی تاقیکردنەوەی ئەو جۆرە کەسانە بوو. ئەگەر شتێکی هەبا ئاشکرا دەبوو، ئەگەر نا دەبێت ئەو بەهرەیە ببێت بەهێز و خزمەتی رێکخستن بکات. واتا نیگەرانییەکانم سەبارەت بەو؛ لە خاڵی خاوەنداریکردن لە

ڕێکخستندا زیاتر بەئاگای دەهێنام. (شەنەر) لەخۆڕا نەیدەگووت: " تۆ وەک مەزارگەیەکیت. مرۆڤ لەبەرامبەرت گوناح و تاوانی پێناکرێت" سەیر بوو، ئەمە تەنیا پیاهەڵدانێک نەبوو، (شەنەر) بە ئاشکرا لە من دەترسا، دەسڵەمییەوە. هەر خۆی دانی پێدادەنا.

بەگشتی لە پەیوەندییەکانمدا مەیدانم بۆ واڵا نەکردبوو. ئەو پێی دەگووتم: "تۆ هێزێکی مەعنەویت، وەک مەزارگەیەک پیرۆزیت". کاریگەری بەڕێوەبەرایەتی منی لە دەرککردندا بەرجەستە دەکرد. خۆی بەگوێرەی من ڕێکدەخست. بەلای منەوە ئەمە هەوڵێک نەبوو کە تەنیا و تەنیا لە ڕووی سۆزدارییەوە کارم لێبکات. ئەگەر بەو شێوەیە بووایە، یاخود هەستم بەشتێکی وەها بکردایە، لەو خاڵەدا شەڕم هەڵدەگیرساند، دەمکرد بە کێشە و گرفت. هەرچەندە لەسەرەتادا پێی نیگەران بووم، بەڵام دواتر بابەتی بایەخدانی کەسێتی و شتی لەو جۆرەم نەدەخستە پێشەوە. تەنانەت قسەکانی ئەوم سەبارەت بە پەیوەندییەکەی لەگەڵ (ئەلیف) بە ڕاست دادەنا. پشتیوانی هەڵسەنگاندنێکی تریم دەکرد و بە زانستیانەشم دادەنا کە دەیگووت: "پراکتیکی هەموو هاوسەرگیرییەکانی لای ئێمە سەرنجامیان نەرێنی و خراپەیە، تایبەتمەندی دابونەریتی بەسەر هەموویاندا زاڵە". ئاماژەی بەوە دەکرد کە (فاتیمە) هەر لەسەرەتاوە (سەرۆک)ی خۆشنەویستووە، باسی تایبەتمەندی چینایەتی و سارد و سەهۆڵئاسایەکەی کەسایەتییەکەی دەکرد. سەبارەت بە پەیوەندییەکەی خۆیشی لەگەڵ (ئەلیف) دەیگووت: "بێ ئەوەی پێکەوە کار و خەباتێکی ئەوتۆمان کردبێت، گفتوگۆمان کردبێت، بێ ئەوەی شەڕمان لەگەڵ یەک کردبێت، ئەڵقەمان گۆڕییەوە. دواتر ململانێ و تێهەڵچوون سەریهەڵدا. هەڤاڵان ئەم پەیوەندییەیان کرد بە کێشە. منیش زۆر پێداگریم کرد و دواتر بەخاڵی چەقبەستوو گەیشت" و گەلێک هەڵسەنگاندنی تریشی

دەکرد. دەربارەی پەیوندییەکانی رابردوو زۆر گفتوگۆ و قسەمان دەکرد. دەیگووت: "جگە لە تێکچوون هیچ سەرەنجامێکی تریان نەدەبوو".

هەموو ئەوانە ئەو بیرکردنەوانە بوون کە رازیان دەکردم و پشتیوانیم دەکردن، دەیگووت: "ئەگەر ژنێک ئاپۆچێتی تێدا هەبێت، خۆشەویستییەکەی پیرۆزە"، بەردەوام پێی دەگووتم:" خۆم دەگەیەنم بەو ئاستەی شایستەی تۆبم، ئەمە ئەرکێکە. مافی ئەوەت نییە دەست لەم ئەرکە وەربدەیت یان دژایەتی بکەیت" ئەو قسانەیم تەنیا وەک پیاهەڵدانێک یاخود وەک شتێک لێکنەدەدایەوە کە ئامانجی کارکردنە سەر سۆزەکانمی لەخۆگرتبێت. تا رادەیەک راستی منی دەردەبڕی، بۆ ئەوەش هەستم بە ناڕەحەتی نەدەکرد. بەلای منیشەوە خۆشویستنی کەسێک یەکسانبوو بە خۆشەویستنی دۆز. چۆن بڕوام بە دۆزەکەم هەبوو، متمانەم پێ هێنابوو و لەم بوارەدا بەهەموو شتێکەوە پابەندی ببووم، بەهەمان شێوەش بڕواکردن، متمانەکردن و بێخەوشانە خۆشویستنی کەسێکیش جێگای بایەخ بوو. دەمگووت: "دەبێت خۆشەویستییەک بێت کە هیچ نیگەرانییەکی نەبێت، ئەوینێک بێت کە هیچ ترس و ئەندێشەیەک هەڵنەگرێت". ئەگەر پەیوەندییەکی خۆشەویستیش جێگەی هەبێت، دەبێت ئەم پەیوەندییە بکرێت بە نمونە و ئەزموون. ئەگەرنا بەخۆمم دەگووت منی تیادا نیم. لەڕاستیدا نەمدەویست بچووکترین هەڵە، بێ متمانەیی و نیگەرانی تیا هەبێت. هەموو شتێکمان بەمجۆرە لەناو خۆماندا ئایدیالیزە دەکرد. ئەمانە دەبوون بە لایەنە هاوبەش و بەیەککەیشتووەکانمان.

بەگشتی لەلای خۆمانەوە نووسراوی وەک راسپاردە و رێنماییمامەمان بۆ سەرجەم زیندانەکان ئامادە دەکرد. هەرچەندە (کاراسو) و ئەوان کۆمیتەی ناوەندی بوون، ئەرکی نووسین بۆ

دەرەوە و پەیوەندی لەگەڵ زیندانەکانی تر بە ئێمە سپێردرابوو. دەیانگووت: "چ لەڕووی پێگەوە و چ لەڕووی توانستەوە ئەوێ (مەبەست لە زیندانی ئامەدە) گونجاوترە" لەگەڵ (شەنەر) سەبارەت بە سیاسەتی دووژمن لەدژی زیندانەکان و چۆنێتی هەوڵ و بەگژداچوونەوەکان نووسراومان ئامادە دەکرد. لە کۆبوونەوەکاندا چوارچێوەمان دەستنیشان دەکرد و زیاتر (شەنەر) دەینووسینەوە. نووسراوەکانیشمان بۆ (کاراسو) دەنارد، بەبێ ڕەزامەندی ئەوان پێمان باش نەبوو بۆ شوێنی تری بنێرین. چونکە (کاراسو) دڵنزمانە کاری دەکرد، بەڵام هەل و دەرفەت هەبوو، واباشتر بوو دواین بڕیار و شێوازی کۆتایی نووسراوەکان لەوێوە بڵاو ببێتەوە.

هەرچەندە زیندانی ئامەد لایەنی مەعنەوی زیاتری هەبوو، لە ڕووی ڕێکخستنییەوە پێویست بوو (کاراسو) ڕۆڵی ناوەندی بگێڕێت. لەم ڕێکارە ڕێکخستنیانەدا هەڵسوکەوتی دڵنزمانەی هەڤاڵ (کاراسو) کارێکی ڕاست نەبوو، لەم بوارەدا ڕەخنەمان دەکرد. نەک لەبەر ئەوەی بەرپرسیارێتی هەڵناگرێت، بەڵکو (کاراسو) بۆ ئێمە متمانە و گەرەنتی ڕێکخستنی بوو. نوێنەرایەتی بەرخودانی زیندان مایەی بەها و بایەخ بوو. (شەنەر)یش هەرچەندە لە زیندانی ئامەددا لە ئاستی لێپرسراوی گشتیدا بێت، بەڵام هیچ یەکێکمان ڕازی نەدەبووین ڕۆڵی (کاراسو)ش لە ئەستۆ بگرێت.

زیاتر لەگەڵ هەندێک لە هەڤاڵان ئەم باسەمان تاووتوێ دەکرد. (فوئاد کاڤ) دەیگووت: "کاراسو جارانیش هەر وەها بوو، نازانم بەهۆی خاکیبوونەوە بوو یاخود سافبوونەوە. لە گرنگترین بابەتیشدا هەر دەیگووت؛ هەڤاڵان خۆیان دەزانن. کاردانەوەی هەندێک لە هەڤاڵان بەهۆی ئەم هەڵوێستەی خودی کاراسووە بوو،

بەڵام خۆی هەستی پێنەدەکرد". لە وەڵامدا پێمگووت: "خاکیبوونی چی! خاکیبوون وەها نابێت. لە چوارچێوەی ئەندامێتی خۆڕسکانەی لە نێو پارتی، بە بەڕێوەبەرایەتی سرووشتیانەی رێکخستنی نابێت. ئەگەر پێشتر ئەم کاری بەڕێوەبەرایەتییەی بە توندی بگرتایە، کێشەی هەندێک لە هەڤاڵان بەم قووڵاییە نەدەگەیشتن. (حاملی)یش (خۆی لەخۆیدا بەڕێوەبەر)ێک بوو، بەڵام ئاستێکی بۆ خۆی دادەنا کە لەسەرووی رێکخستنەوە بوو. بەم هۆکارەیە کە رێکخستنیشی بە جددی وەرنەگرت و خۆیشی ئەرکی بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێ نەکرد. دیار نەبوو: کێ بەڕێوەبەری گشتییە. بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ هەمووتانم بە بەڕێوەبەر دەزانی...". هەندێک شتمان هەڵدەسەنگاند، بەڵام نەدەبووە چارەساز.

(شەنەر) دەیزانی رەخنەکانمان چی واتایەکیان هەیە، تێدەگەیشت. دەیگووت کە خۆیشی پێی ناڕەحەت بووە، خۆی خستۆتە ژێر بەرپرسیارێتییەکی قورسەوە و لەڕووی رێکاری رێکخستنیشەوە بە شتێکی راستی نەزانیوە. ئەم هەڵوێستەمان (کاراسو)ی کاراتر دەکرد، وای لە(شەنەر)یش دەکرد کە زیاتر حیساب بۆ رێکخستن بکات و بەوشێوەیە هەڵسوکەوت بکات.

ئێمە نەماندەزانی کارێکی باش دەکەین یاخود خراپ. زیاتر بە لۆژیکی پاراستنی پرێستیژی رێکخستنییەوە دەجوڵاینەوە. ئەگەرچی نیگەرانییەکانمان سەبارەت بە (شەنەر) سەرچاوەیەکی بەرجەستەشی نەبوو، بەڵام لەم بوارەدا پاراستنی هەستیارییەکانمان کارێکی باش بوو، هەڵگرتنی نیگەرانی رێکخستنی؛ خۆشی و ئاسوودەیی پێدەداین.

کاروباری هەڵکەندنی تونێل ئێمەی خستبووە چاوەڕوانییەکی گەورەوە. هەڤاڵ (حەسەن ئاتماجا) لەدەرەوە هەواڵی نارد و

دەیگووت: "من هەنگاوم پێ نانرێت، ناچارم هەموو ڕۆژێک بچمە سەربازگە و واژۆیەک بکەم"، ئەمەش قسەی کەسێک بوو کە باوەڕییەکی گەورەی ڕاپەڕاندنی کارەکەمان پێهەبوو.

لە ناوەندی شاردا هەندێک کەس دەستگیرکرابوون. (سیمۆن) و ئەوانیشیان لەناودا بوو. ماوەیەکی درێژ لەماڵێکدا بوون کە جێگەی باوەڕی نەبووە. هاوکات باس لە هاتوچۆی (ساڵیحە) دەکرا بۆ ئەو ماڵە. دیسان تیری نیشانەی گومان ڕووی لە (ساڵیحە) کردەوە! هەواڵەکە تووڕەبوونێکی گەورەی لەناخماندا چاند. ئەم ژنە لەشوێنێک ڕانەدەوەستا. جارێکیان بیرمان لەوە کردەوە کە بینێرینە دەرەوەی وڵات. بەڵایەکی گەورە بوو، بێتاقەتی دەکردین.

لەو ڕۆژانەدا بەبۆنەی جەژنەوە سەردانی بەندکراوان دەکرا. لەڕێگەی برایەکی (عەلی کڵچ)ەوە نامەیەکمان بەدەست گەیشت، بە هەڵە تیایدا "قیبلەنما" نووسرابوو، ئەم هەڵەیە ئاڵۆزییەکی خستە ناو کارەکانەوە. دەوروبەری خانەوادەکەی ئەوانیش تێکەڵ و پێکەڵ بوون. گومان لە برایەکی دەکرا. زاوایەکی ماڵی (جاهیدە) و ئەوان پاسەوان بوو، ئەو هەندێک شتی بۆ باسکردین. دەیگووت کە ئەو لەگەڵ کەسێکی تر پێکەوە داردەستەیی بۆ پۆلیس دەکەن. پێشتریش ئەمانەمان بیستبوو، تەنانەت زانیاریمان بە هەڤاڵانیش گەیاندبوو. وێڕای ئەوەش بە وریاییەوە مامەڵەیان نەکردبوو. دووژمن زۆر بێ پەروایانە دەستی خستبووە ناو خانەوادە و کەسوکارەکەیەوە. زۆربەیانی کردبوو بە سیخوڕ. پێویستبوو ئەوانە یەکلا بکرێنەوە، بەڵام لەزیندانەوە زەحمەت بوو دەست بەو شوێنانە بگات. هەر ئەمانەبوون کە سەردانیان دەکردین و گرنگترین کار و خەباتیان بۆ ڕادەپەڕاندین، ئیتر نەماندەزانی بەهۆی پەیوەندی خانەوادەییەوەیە یاخود دووژمن.

لەو سەردانەدا ئەم کابرایەی گوایا برای (کلێچ)ە قیبلەنماکەی دابوو بە دەستەوە. بۆمان دەرکەوت کە قیبلەنماکەمان بەدەست ناگات. لەولاشەوە دەستبەجێ سەردانیان راگرت. یەکەم گرووپ هاتبوونە ژوورەوە و لەناویاندا ئەو کەسەش هەبوو. دەستبەجێ روویکردە قاوشەکەی ئێمە و بە شڵەژاوییەکەوە گووتی: "با دەستبەجێ دەست بە دروشم هەڵدان بکەین، ناهێڵن خانەوادە و کەسوکار بێنە ژوورەوە. سەربازێکی زۆر لەدەرەوەن. هەڤاڵان ئێمەیان نارد، (حەسەن گوێللو)شیان لەناودایە، لەگەڵ دەرکەوتنی ئالۆزییەکە ئەو رانەوەستا و رۆیشت".

دروشممان هەڵنەدا، دەستبەجێ هەستمان کرد کە گێرەشێوێنییە. ئەوم گرت و راستەوخۆ بردمە بەشی (35)ەوە. ئەوانەی کە چوو بوون بۆ ئەوێش هەمان شتیان گووتبوو. گومانم بە تەواوی گەورەببوو. بەڵێ؛ گێرەشێوێنییەک لە ئارادابوو، بە هەڤاڵانم گووت: "ئاگادار بن. بەهیچ شێوەیەک دروشم هەڵنادرێت." هەواڵمان بەهەموو لایەکدا نارد کە بەهیچ شێوەیەک دروشم هەڵنەدرێت. پرسیم: "کێ داوای قیبلەنمای کرد" گووتیان: "شتێکی وەها نییە. هێشتا کاراسو و ئەوان لێرەبوون داوای نامەمان کردبوو. دەشێت نامە بە قیبلەنمان ناوزەدکرابێت. پێمان گووتبوو: ئەگەر نامەیان پێدایت، بیهێنە...هتد" بەمشێوەیە مژاری (قیبلەنما) و (نامە) روونبووەوە، بەڵام ئەم کابرایە چی و کێ بوو، پێویست بوو ئاشکرای بکەین. دووژمن بەردەوام بوو لە دنەدان. بینیمان کە سەربازەکان چوونەتە سەر گوێسەبانەکان. لەناکاو دەنگی تەقەیەکی زۆر و هاتوهاواری کەسوکار و خەڵکی بەردەم زیندانەکە گەیشتە ئاسمان. هەڤاڵانی قاتی سەرەوە سەیریان دەکردن. هەوڵماندەدا بەهێوری لە مەسەلەکە بگەین. کاتێک زانییان کە لە ناوەوە هیچ شتێک رووی نەدا، لە دەرەوەش دۆخەکە هێور

بووەوە. پاش ماوەیەک لە درەنگکەوتنیان، خزمانی بەندکراوان هێنرانە ژوورەوە.

دەمانویست لە ئامانجیان بگەین. هیچ زانیارییەکمان لەبەردەستدا نەبوو، جگە لە چەند ئەگەرێک، لەناو خۆماندا گووتمان: "دیارە بە کاری تونێلەکەیان زانیوە". یەکەم شت ئەمە هات بە بیرماندا. چونکە جگە لەمە قیبلەنما بۆ چی پێویستی بکردایە؟ خۆ لەناو دەریادا نەبووین. بەتەواویش نەمدەزانی لەناو ئەو تونێلەدا تا چەند پێویست بە قیبلەنما هەبوو، لەوانەیە بەکەڵکی دۆزینەوەی ئاراستە بهاتایە و هیچی تر. تەنیا بۆ ئەوە بوو؟ ئەگەری شتێکی تر بەشێوەیەکی جددی وەبیرکردنەوەی دەهێناین.

لە رۆژانی دواتردا یەک لەدوای یەک، نیشانەی پرسیارەکان جێگەیان بۆ وەڵام هێشتەوە. (سیمۆن)، (ساڵیحە)، (حەسەن گیوللو) و (سینان) دەستگیرکرابوون. ئەم هەواڵە ئێمەی بەتەواوی خستە ئەندێشەوە. کاری تونێلیش لە تەواوکردندا بوو، دەگووترا کاری یەک دوو رۆژێک ماوەتەوە.

ئەم دەستگیرکردنانە شتێکی ئاسایی نەبوو، نیگەرانیم رووی لە زیادبوون دەکرد. نابێت بەهیچ شێوەیەک کاری تونێلەکە هیچی بەسەر بێت. ئەو هەمووە رەنجەی لەگەڵ درابوو، ئەو هەمووە هیوایەی پێهێندرابوو. دوای ماوەیەکی درێژ یەکەمجار بوو نەخۆش دەبووم. بەشێوەیەک کە ئاوی مەغزی "سیرۆم"یان لە قۆڵم بەست. دڵەڕاوکێی رووداو و پێشهاتەکان گەدەی هەراسان کردبووم. کێشەیەکی زۆر هەبوو، بەڵام هیچ یەکێکیان بەهێندەی بەفیڕۆچوونی ئەو هەوڵ و تەقەلا زۆرە کاری لێنەدەکردم. لەبارەی ئەو گومانەوە هیچ شتێکی بەرجەستە لە ئارادا نەبوو، بەڵام بێ متمانەییەک لە ئارادا بوو و هەستم پێ دەکرد.

(گەزگیۆر) شێت ببوو، لە داخ و تووڕەیی جوێنی دەدا و دەیگووت: "کارێکیان پێنەکرا، دیسان چوون و کەوتنەوە دەستی دووژمن. متمانەمان بەوانە نەبوو، بۆچی پشتتان پێبەستن". رق و قینی خۆی بەسەر (حەسەن ئاتماجا)دا دەڕژاند و دەیگووت: "ئەویش چوو لەماڵی خۆی دانیشت، ناتوانێت لەگوندەکەی خۆی دەربکەوێت!" و چی بەدەمدا بهاتایە دەیگووت. ئەوەندە تووڕەبوو کەس نەیدەتوانی قسەی لەگەڵ بکات. بە تووڕەییەوە رایەڵکەی دەکرد و یەک لەسەر یەک جگەرەی دەکێشا.

ئیحسانی برای(شەنەر)، (فاتیمە)، (نەوین)ی خوشکی (جاهیدە) هەموویان لە هەرێمەکە دوورخرابوونەوە. کاروباری ئەو خێزانەش بەوجۆرە راوەستێندرابوو. هاوکات دەگووترا کە (ئیحسان) ئاگای لە مەسەلەی تونێلەکە هەیە. پاش ماوەیەکی کورت (ئیحسان) رایکرد بۆ یۆنانستان. نەوین ماوەیەک لە گەورە شارێکی تورکیادا مایەوە. بە هەموویان گووترابوو کە تا هێوربوونەوەی رەوشەکە لەو دەورە نەمێنن. سەبارەت بە (سیمۆن) و ئەوانیش دەگووترا: "لەو گرووپە دابڕاون کە بەرەو باکوور دەڕۆیشتن". دەمانگووت: "ئەگەر پەیوەندییەکی راستەوخۆیان بە تونێلەکەوە نەبێت، ئەوا ئاشکرا نابێت".

## مەنفا؛ بەرەو یاسسی ئادا!

سەرلەبەیانییەکی کۆتایی مانگی تشرینی یەکەم بوو. چاوەڕوانییەکی نادیار زاڵ بوو. تەنیا ئەوەمان پێدەکرا بڵێین: "ئەمجارەش دەرباز ببین، تەواوە" لە حەوشەی هەواگۆڕینی قاوشی (35) بووین. لەناکاو سەرجەم دەرگەکانمان بەسەردا داخرا و نەمانتوانی روو لە هیچ شوێنێک بکەین. هێزی تایبەتی دەوڵەتی تورک بەخێرایی هەڵیانکوتایە سەر قاوشی (35). دەنگی دروشم دەهات، ئێمەش دەستمان بە گووتنەوەی دروشم کرد و پاشان گووتنەوەی دروشم سەرتاسەری زیندانی گرتەوە. (سەعید) کە نوێنەری قاوشەکە بوو، لەناو قاوشەکەدا مابووەوە. پشکنینێکی ئاسایی نەبوو، زۆر بێ پەروا و بێ شەرمانە پەلاماریان دەهێنا، دیاربوو بەرنامەڕێژ کرابوو. ماوەیەک لەناوخۆماندا دۆخەکەمان شیرۆڤە کرد.

ئەو یەکەی تایبەتی و پۆلیسانەی هاتبوون ئیدارەیان پەراوێز خستبوو. ئەمەش یەکێک بوو لە نیشانە جددییەکانی ئۆپەراسیۆنەکە. بە رووکەشانە چووبوونە هەندێک لە قاوشەکانی تریشەوە. بەڵام بەتەواوی هێرشەکەیان لەسەر (35) بوو. هەر چۆن چوونە ژوورەوە دەنگی لێدانی پیک هاتە گوێ. دیوارەکانیان دەڕوخاند. زەمینی دەستاوەکەیان دەشکاند، بەدووی شتێکدا دەگەڕان. هەوڵماندەدا لە پەنجەرەکەوە لەگەڵ هەڤالان قسە بکەین. شیمانەکانمان راست دەرچووبوو. پێیان گووتین: "دەستاوەکانی خوارەوە دەشکێنن، دیوارەکان دەڕووخێنن". ئیتر ئاشکرا بوو کە بۆ تونێلەکە هاتبوون. گووتمان: "با دروشمەکان رانەوەستێنین، سەرنج رادەکێشێت، بەڵام با ئاگاداری گێرەشێوێنی و شتی

وەهاش بین. پێویست بە زێدەڕۆیی و هاندان و شتی لەوجۆرە ناکات" و بەکۆمەڵ دەستمان بە گووتنەوەی دروشم کرد. چونکە هەڤاڵانی قاوشەکانی تر بە نهێنی لێیان پرسین: "شتێک بکەین و سەرنجیان بەلای خۆماندا راکێشین؟" پێمان گووتن "نەخێر".

یەکەم پەلاماریان تا نیوەڕۆ خایاندی، هیچیان دەستنەکەوت. بێگومان لەو ماوەیەدا دڵەڕاوکێکی وەها بەرۆکی گرتبووین کە وێنەی نەبوو، خەفەتمان دەخوارد. (گەزگێوڕ) لەسەر یەک جگەرەی دەکێشا. بەگشتی هەمووان بە تونێلەکەیان نەدەزانی. بۆیە نەدەبا سەرنج راکێشێت. هەوڵماندەدا کاردانەوەکانی خۆمان بشارینەوە. بێگومان نەماندەزانی زۆر لەمێژە هەواڵ بە دووژمن گەیەندراوە. (فوئاد) گووتی: "سینان و حەسەن دەیانزانی لە (35) تونێل هەیە، بەڵام شوێنەکەیان نەدەزانی" ئەمەش تا رادەیەک خەمی دەرەواندینەوە.

لەونێوەدا دەستیانگرت بەسەر هەموو نووسراو و پەڕتووکەکاندا. ئەوانەمان زۆر بەلاوە گرنگ نەبوو. با تونێلەکە ئاشکرا نەبێت و بەس. ئەوجار (گەزگێوڕ) زۆر بە تووڕەییەوە دەیگووت: "ئەمجارەش ئاشکرا نەبێت، تەواوە، ئیدی چی دەبێت با ببێت؛ دەردەکەوین. با کەسیش لە دەرەوە نەیەت، من هەر دەچم". کاتێک جگەرەی دەکێشا دەستەکانی دەلەرزین، هەرکە چاوم پێیدەکەوت دەترسام؛ چونکە ساتەوەختێکی وەهایە کە مرۆڤ سەرشێت دەکات.

ماوەیەک پشکنینەکەیان راگرت. بەمەش دڵمان خۆشبوو. لەناو خۆماندا گووتمان: "کەوابوو نەیاندۆزیوەتەوە". سەربازەکان هێشتا لە زیندانەکەدا بوون تەنیا پشکنینەکەیان راوەستاندبوو. پلەداری بەڕێوەبەری ئۆپەراسیۆنەکە بەتووڕەیی و بەدەم جوێندان بەسەربازەکانەوە لەقاوشی (35) دەرکەوت. چەندین

قسه و هاواری وەک: "بڕۆنە ئەولا! ئەوە لەویا دانێن! بۆ وا گەمژانە راوەستاویت؟ .."ی کابرا بەرگوێ دەکەوت. ئەو تووڕەیی و هاربوونەی مایەی خۆشحاڵی ئێمەبوو. بە پێکەنینەوە گووتم: "سووک و ریسوا! هیچی دەستنەکەوت، بۆیە تووڕەیە".

پاشان چوونە ئیدارە. هەڤاڵانی نوێنەریش چوونە ئەوێ. (سەعید) پێیگووتبوون: "لیستی کەلوپەلی دەستبەسەردا گیراو لای خۆتان بنووسنەوە، نووسراو و پەڕتووکەکانمان هیچیان بەسەر نەیەت. ئەگەرنا بەرپرسیارێتیان هەڵناگرین". کاتێک پلەدارەکە لە ژووری ئیدارەوە بە تەلەفۆن قسەدەکات، هەڤاڵان گوێیان لەدەنگی دەبێت. کابرا دەڵێت: "نەماندۆزییەوە... حەتمەن دەبێت لەدەمی دەربهێنن. ئەو شوێنەکەی دەزانێت. ناونیشانەکەی لێوەرگرن. بیهێننە قسە. هەتا نەیدۆزمەوە لێرە ناڕۆم". بەردەوام دووبارەی دەکردەوە... بەڵێ؛ سوور بوون.

دوای ماوەیەک دووبارە درێژەیان بە پشکنینەکە دایەوە. لەکاتی لێدانی پیکێکدا بە شوێنێکی دیوارەکەدا، بڕێک خاک هەڵدەوەرێت و تادێت زیاتر دەبێت. ئەویش خاکی تونێلەکە بوو. پاشان تونێلەکەیان دۆزییەوە. هەر کە زانرا تونێلەکەیان دۆزیوەتەوە، بەیەکجار دەست بەگووتنەوەی دروشم کرا. بەڵام بەچی دەچوو؟ بەشێک لە هەڤاڵان دەیانگووت: "بۆ رێگریکردن لە پەلامارەکانی دووژمن دروشم بڵێینەوە". نە قسە و نە دروشمەکانیش هیچیانم نەدەبیست، لەلایەکەوە رەق رامابووم. لە 1984ەوە دەستم لە جگەرە بەردابوو. داوای جگەرەم لە هەڤاڵان کرد، واقیان ورما. (فوئاد) گووتی: "نابێت، نەیکێشیت؟" سەیری (گەزگیۆر)م دەکرد، نیگەرانی دەکردم. لەشوێنی خۆی رانەدەوەستا، دیوارەکەی دەدایە بەر شەق و مشتەکۆڵە.

ئەو هەموو رەنجەی لەگەڵ درابوو، لەناو ئاوی تونێلەکەدا چییان بەسەر نەهات و چییان لەگەڵ نەچەشت؟ (حەسەن ئاتماجا) بەرلەوەی بەربدرێت سەبارەت بە تونێلەکە رۆژنووسی خۆی بۆ ناردبووین. ئەوکاتە هێشتا نەماندەتوانی بچینە لای هەڤاڵانی تر. رۆژ بە رۆژ هەمووی نووسی بوو. زۆر خۆش بوو، هەموو شتێکی لەناودا بوو. ئەوەندە سرووشتی و سەرنجڕاکێشانە نووسی بووی، وەک تەماشای فیلمێکم کردبێت لە خوێندنەوەی بوومەوە. ئەو رۆژەش لە کەناڵی تەلەفزیۆنەکەدا فیلمی ( The Great Escape) نمایش کرا. رووداوی تونێلەکە جۆش و خرۆشێکی زۆر لە فیلمەکە جیاوازتری هەبوو. رەنجێکی زۆر، نهێنی پارێزییەکی گەورە، پشودرێژی و سەبرێکی بێ وێنەی دەویست. دیارە لەدنیادا هیچ تونلێک وەک تونێلەکەی زیندانی ئامەد نەبوو. دووژمنیش پێی سەرسام ببوو. لە قاتی چوارەم بۆ خوارەوە تونێل چۆن لێدەدرێت؟ ئەو دیوارە، ئەو چیمەنتۆیە چۆن کونکرابوو؟ پڕاوپڕ داهێنەرییەکی گەورە بوو.

ژوورە تاکەکەسییەکان[143] چوار قات بوو، رووی پێشەوەیان محاجەرە و شیشبەندی هەبوو. هەر هەمووشیان روویان لە بۆشاییەکی گەورەی هەواگۆڕین بوو. هەرهەموویان بە دیوار و ئاسن گەمارۆدرابوون. لەکاتی دروستکردنیدا لەنێوان هەر یەکێک لەو ژوورانەی گۆشەگیرکردندا تاقێکی بچووکی هەواگۆڕین دروست کرابوو. بۆ وەرگرتنی هەوا پێویست بە پەنجەرەی بچووک هەبوو، بەڵام دووژمن دواتر بە مەرامی رێگرتن لە پێشهاتی خراپ پڕیان دەکاتەوە. ئەمەش ببووە هۆکارێک کە بونیادی ژوورەکان گۆڕانێکی بەرچاو بەخۆیەوە ببینێت. هەڤاڵان بە رێکەوت یەکێک لەو شوێنی هەواییانە دەدۆزنەوە. لەوێوە

---

[143] ژوورەکانی گۆشەگیرکردن.

کونێک هەڵدەکۆڵن و بەرەو خوارەوە دەیهێنن. لە خوارەوەش بە قوڵایی پێنج تا شەش مەترە و پاشان بە ئاراستەی یەکێک لە ماڵەکانی گەڕەکی باخلار دەست بە هەڵکۆڵین دەکەن. خاکە هەڵکەندراوەکەشیان دەخستە ناو ئەو بۆشاییە هەواییانە و گوێسەبانەکانەوە. بەڕاستی پلانێکی ناوازەبوو. بەڵام دووژمن بە نەفرەت بێت، کە سەری نەگرت!..

ئەو ڕۆژە تا ئێوارە لە حەوشەی هەواگۆڕین ڕایانگرتین. هیچ پێداویستییەکمان دابین نەدەکرا. هەوا ساردبوو، هەمووان لە ڕایەڵکەکردندا بوون. ئەی باشە چی دەبوو، چیان دەکرد؟ پێویست بوو لەم بوارەدا ئامادەکاریمان هەبێت. تێکچوونی مۆڕاڵ، دڵگرانی، خەمخواردن و قاربوون بێکەڵک بوو، چونکە دەنگۆی چۆڵکردنی قاوشی (35) و تەنانەت زیندانەکەش لە ئارادا بوو، شیرۆڤەکردنی ئەم پرسیارەش زەحمەت نەبوو. مسۆگەر ڕاپێچی زیندانێکی تر دەکراین. زۆربەی هەڤاڵان دەیانگووت: "لەوانەیە بە تەواوی ئێرە ڤالا بکەن".

(گەزگیۆر) ئەوەندە تووڕە ببوو چەقۆت لێبدایە خوێنی لێنەدەهات. کێ ئەم خیانەتەی کردبوو؟ کام سووک و ڕیسوا؟ کام بێ ویژدان؟ کام مەخلوقی بەدخەسڵەت و بەدڕەفتار؟ ئەمە نهێنییەک نەبوو، کۆمەڵێک دەستگیرکراو هەبوون کە دیار بوو لەناویاندا کەسی ترازاو و تەسلیمکار هەبوو. دەشێت خیانەتێکی نهێنیش بێت، بەڵام کار بە دەشێت و پێدەچێت بەڕێوە ناچێت. مسۆگەر دەبووایە ئاشکرای بکەین و تۆڵەی بەدەستەوەدانی تونێلەکەی لێبکەینەوە. پێویست بوو تۆڵەی هەموو ڕەنج، هیوا، ساتەوەختی ناو ئاو، مەترسی خنکان، ڕۆماتیزمی دڵی (گەزگیۆر)، شەونخونی و بەنیوەی شەو هەڵکوتان و پشکنینەکانی پۆلیس ...هتد بسەندرێتەوە.

چەند بە خۆشی و جوانی خەیاڵی راکردنم دەکرد. لەکاتی سەرژمێریدا ئەو هەڤاڵەی لەجیاتی من لەناو جێخەوەکە راکشاوە، بەزۆر خۆی دەگرێت بۆ ئەوەی پێنەکەنێت، خۆشاردنەوەم لە (35)، دەرکەوتنە دەرەوە، چوونە سەرشاخ، رێکردنمان، ژێرزەمینەکانی شاخ، ئاواتێکی زۆر تا بە گەیشتن بە (سەرۆک) دەگات... چەندین جار خەیاڵم کردبوو، چەندین جار خەونم پێوە بینیبوو. دوای چەندین ساڵ گەیشتن بە پارتی و (سەرۆک) چەند خۆش بوو! هەموویان وەک رێبوارییەکی خەیاڵی مانەوە. خودی راستییەکەشی خیانەتی لێکرابوو.

رایەڵکەی بێدەنگ، هەناسەی قووڵ، قسەی پڕ لەجوێن و نیشانەی پرسیار!... رۆژمان لێ ببوو بە شەو. کە بەوردی سەیری ئاسمانمان دەکرد ئەستێرەکانمان لێوە دیاردەبوو. کاتی هەواڵەکانی BBC بوو. لە قاوشەکەی پەنامانەوە دەنگی غەڵبەغەڵب و قەرەباڵغییەکی نائاسایی دەهات، دەنگێکی زوڵاڵ هاواری دەکرد "هەڤاڵ.. هەڤاڵ .. مژدە.. مژدە..(ئەسەد ئۆکتای) کوژرا!" و دەیپرسی: "تێگەیشتن؟".

چەپڵەڕێزان، فیکە لێدان، گۆڤەند... ئەی خوایە، ئەوجار لە رۆژێکی ئاوەهادا! باشی چی دەبوو راکردنەکەش سەری بگرتایە. پێویست بوو ئەمڕۆ رۆژی راکردنیش بووایە. هاورۆژ بوونایە. لە زیندانی ئامەد (40) کەس رایانکرد و(ئەسەد ئۆکتای) کوژرا! ئەو دوو هەواڵە چەند جوان یەکتریان تەواو دەکرد. چارەڕەشییە، ئەی خودا بە نەفرەتتان بکات! نەک جارێک هەزار جاریش بە نەفرەت بن..

ئەویش دڵنەواییەک بوو. (ئەسەد) کوژرابوو! تۆڵە؛ بەمشێوەیە دەسەندرایەوە! پارتی تۆڵەی سەندەوە، نەیهێشت ئەو جەللادە بژی. تۆڵەی (مەزلوم)، (خەیری)، (کەمال) و سەرجەم

قارەمانەکانی تر بوو. هێشتاش تۆڵەیان دەکاتەوە. ئاخ! دەبووایە (شاهین)یشمان بکوشتایە. (یلدرم) و بێ نامووسەکانی تر، هەموویان نەفرەتی سەر رووی زەمین بوون. نەدەبا بۆ تاکە ساتێکیش لەسەر رووی زەوی بمێننەوە.

ئەم هەواڵە ببووە مایەی مۆراڵێکی گەورە. هەرچۆنێک بوو کەس ئاشکرابوونی تونێلەکەی لەخەیاڵ نەبوو. بەڵام (گەزگیۆر) هێشتا دڵی ژانی دەکرد و دەیگووت: "ئەگەر تونێلەکە ئاشکرا نەبووایە، لەناو دوو رۆژدا راکردنەکەمان سەری دەگرت". چەندین جار هەمان شتی دووبارە کردەوە. ئاخ و ئۆفیان بەهیچ جۆرێک لێنەدەبڕایەوە. ئەوەندە بەقووڵی ئاخی هەڵدەکێشا، پەراسووەکانی بە ئاستی لێکترازان دەگەیشت.

شەو دەرگەکانیان لەسەر کردینەوە و گووتیان هەرکەسەو قاوشی خۆی. لەژێر گەمارۆی سەربازانی بەر دەرگە و داڵانەکەدا؛ بردینیانەوە بۆ قاوشەکان. هەموومان سەرودڵمان گیرا بوو. وەها هەستمان دەکرد کە جارێکی تر یەکتر نابینینەوە. بەڵام من وەکو هەمیشە، لەکاتی جیاکردنەوەکەدا پێمگووتن "بەنیازی دیدار[144]".

داڵانەکان پڕبوون لە سەرباز، جلوبەرگیان جیاوازبوو، هەموویان یەکینە و تیمی تایبەت بوون. پاسەوان و کارمەندە مەدەنییەکانی تر بە ئەندێشەبوون، گرووپ گرووپ لەناو خۆیاندا قسەیان دەکرد. تا لە داڵانەکە تێپەڕین هەموویان سەیریان دەکردین. ئێمەی چوار ژن بەناو دوو ریزە دیواری ئەمبەر و ئەوبەر لە سەربازدا رووومان لە قاوشەکە کرد.

قاوشەکە وەک مەیدانی شەڕ و جەنگی لێهاتبوو. سەرجەم پەڕتووک و نووسراوەکانمان دەستیان بەسەردا گیرابوو. سیناریۆی بەڵگە فیلمەکەی (گەزگیۆر)یشیان بردبوو. ئەمە زیاتر

---

[144] لەتورکیدا وەک چاومان بەیەک دەکەوێتەوە (یەکتر دەبینینەوە) هاتووە .

ئازاری دەدام. هاوار و گۆڤارەکانی تریش بەهەمان شێوە. (گەزگیۆر) زیاتر لە هەزار لاپەڕەی نووسی بوو، بەڵگەفیلمێکی زۆر خۆش و واتاداربوو. هەموو قۆناخەکانی نووسی بوو، ریپۆرتاژیشی تیابوو. لەگەڵ کەسانی گرووپەکانی تریش ریپۆرتاژی کردبوو. بە دەستوخەتە بزمارییەکەی چی نەنووسی بوو؟! (جاهیدە) بە تابیعە دەینووسییەوە و بەنیازبووین بینێرینە دەرەوە. وامان دانابوو کە هەرجارە و بەشێکی لێ بنێرینە دەرەوە. تەنانەت بەشێکیشیمان ناردبوو. بێ چانسییەک بوو! (گەزگیۆر) هێشتا پێی نەزانی بوو، بیبیستێت زیاتر بێزار دەبوو. نوسخەی تریشی نەبوو. بەشێکیمان شاردبووەوە، بەڵام لەکوێمان بهێنایە؟ نەشماندەزانی بۆ کوێمان دەبەن. بەمجۆرە؛ رەنجێکی تریش بەهەدەر چوو. هەواڵی یەکبەدوای یەکی پڕ لەئێش و ئازار قورساییەکی گەورەی دروست دەکرد.

ئیدارە بە هەڤاڵانی نوێنەری گووتبوو: "دەگوازرێنەوە"، بەڵام نەیانگووتبوو بۆ کوێ دەچین. دیاربوو زیندانەکەیان ڤالا دەکرد. لەلایەکی تریشەوە گووتبوویان کە بەتەواوی چۆڵی ناکەن. سەرەڕای ئەوەش ئاشکرابوو کە بەشێکی گەورەی لێ راگوێز دەکەن. دەبوا خۆمان بەو پێیە ئامادە بکردایە.

رۆژی دواتر دەرگەکان دیسان داخرابوون. کەس دەرنەدەخرایە حەوشەی هەواگۆڕینەوە. لیستی ناوی ئەوانەی راپێچدەکران ئامادەکرابوو، دەگووترا "زیاتر لە سەد کەسن". ژمارەیەکی کەم نەبوو. دەمەو ئێوارە بەتەواوی خۆمان ئامادەکرد. فەرمانێکمان دەرکرد، بەپێی ئەو فەرمانە ئەوانەی ناویان دێتەوە دەبێت فشارێکی گەورە لە دووژمن بکەن، هەموو پێکەوە قۆڵ بە قۆڵ ریز دەبەستن، هەتا نەیەن و بەزۆر نەیانبەن، کەس بە ئاسانی و دڵخوازی ناچێت. بەشێکی زۆری ئەندامانی بەڕێوەبەرایەتی

بڕیاریان وەهابوو. دوایین قسەکردنمان لەگەڵ (شەنەر) لە لاواچی دەرگەکەوە بوو، ئەو ئەمانەی پێگووتین. ئێمە خۆمان چوار کەس بووین، کە گووتی دەبێت قۆڵبەقۆڵ راوەستن، پێکەنین و گووتمان: "لە قاوشێکی زل و زەبەلاح دا چوار ژنە بەندکراو قۆڵ بە قۆڵ راوەستاون و بەرەنگارییەکی توند نیشان دەدەن، رێک دەبێتە بابەتی تەنزئامێز". دیسان جل و بەرگێکی زۆرمان لەبەرکرد. نەماندەزانی بۆ کوێمان دەبەن. هەڤالانی تریش بەپێی دەرفەت دەهاتن و لە لاواچەکەوە خاتریان دەخواست. هیوای سەرکەوتنمان بۆ یەکتر دەخواست...

کاتژمێر (10)ی شەو، دەستیان کرد بە هەڵکوتانە سەر قاوشەکان. دەنگی دروشم، هاوار، قامچی، کوتەک، کەلەپچە، زنجیر سەراپای زیندانی گرتەوە. تا (4)ی بەیانی خایاندی. تەنانەت بیستنی ئەو هاوارانە وەکو ئەشکەنجەیەک بوو. دەمانکێشا بە لاواچ و دەرگەکەدا، دروشممان گووتەوە و بانگمان لە هەڤالان کرد. کەس دەنگی ئێمەی نەدەبیست. بێ وەڵامی؛ شێت و هاری دەکردین.

دواجار نۆبەی ئێمە هات. پۆلیسەکان هەر کە دەرگەیان کردەوە، ئێمەش خۆمان توندکرد و دەستمان بە دروشم هەڵدان کرد. سەرباز نەبوون، تیمی تایبەت و پۆلیس بوون. کەسێکیشیان لەگەڵ بوو کە دەیگووت بەڕێوەبەری پۆلیسم. بە قامچی لێیان دەداین، ماوەیەک دەستەویەخە شەڕمان کرد. چوار پێنج کەس منیان گرت، بەهۆی گورزی قامچیەکانەوە جەستەم سڕ ببوو. هەڵبەتە منیش لە هەر هەل و دەرفەتێکدا شەقم تێهەڵدەدان. ئەوجار بۆ ئەوەی مت و بێدەنگم بکەن، بەسەرپۆشەکەی ملم، دەمیان توند بەستم.

تا ناو ئۆتۆمبێلەکەش بەمجۆرە بردمیان. دەتوانم بڵێم ئەو بەری بەیانە؛ بە ئەندازەی هەموو سالآنی رابردوو گورزی قامچیم بەرکەوت. پاشان یەک بە یەک سواری ئۆتۆمبێلێکی سەربازییان کردین کە بەشی دواوەی بە تەواوی داخراو بوو. جگە لە ئێمە کەسی تر دیارنەبوو. بەیان داهاتبوو، دەرخستنمان لە قاوشەکە لانی کەم کاتژمێرێکی خایاند. لەناو ئۆتۆمبێلەکەشدا لەکاتی هەوڵدانیان بۆ کەلەپچەکردنمان، فەسڵێکی تری شەڕ و لێدان دەستی پێکرد. بەردەوام دروشممان هەڵدەدا. ئەوەی بەخۆی دەگووت بەڕێوەبەری پۆلیسم لەبەر دەرگەکە راوەستابوو و دەیگووت: "بێدەنگیان کەن". منیش پێمگووت: "کۆتاییەکەی تۆش وەکو کۆتاییەکەی ئەسەد دەبێت. ئەسەد کوژرا دەزانن؟" زۆری پێناخۆشبوو، هاتە ناو ئۆتۆمبێلەکە و بە بۆکس و مشتەکۆڵە کەوتە وێزەی دەموچاوم. دەیکێشا بە لوتمدا و دەیگووت "لوتت دەشکێنم".

ئەوکاتە چاوم وەختەبوو دەرپەڕێت. ئازاری ئێسک جیاوازە، لوتم پژا. لەدڵی خۆمدا گووتم دیارە شکاوە. ئەو سووک و ریسوایە، ئەو سەگە فاشیستە تۆڵەی (لەیلا ئاکباش)ی لێدەکردمەوە. جێی داخ بوو کە بە تەواوی لوتیم نەشکاندبوو. ئەم فەسڵی لێدانە ببوو بە خوێی چێشتەکە. دووبارە گووتم: "کۆتاییەکەی ئەسەدتان لەبیر نەچێت هاا!". کابرا جارێکی تر لەبەر دەرگەکەوە گووتی: "ئاگات لە حسێن یڵدرم نییە؟ هاوشاری خۆتە، خەڵکی دێرسیمە. پارچە بوون، دەزانیت؟" منیش دەستەووەستان نەبووم و گووتم: "هەر لە سەرەتاوە داردەستەی خۆتان بوو. دەمانزانی، ئەندامی (PKK) نەبوو، داشێکی زۆر ساویلکەی خۆتان بوو. ئەویش دەتۆپێت. ترسنۆکێکە وێنەی نییە، هەر لە ئێستاوە لەترسا تۆپیوە. مژدەکەی تۆ سەری نەگرت. ئەوەندەی

هەواڵەکەی ئەسەد بەکاریگەر نەبوو". ئامانجم ئەوەبوو لەڕووی دروونییەوە چۆکی پێدابدەم. لە دۆخێکی وەهادا لەوە زیاتر هیچم پێنەدەکرا.

کەوتینە ڕێ.. دۆزگەر؛ لەبەر دەرگەی زیندانەکە راوەستابوو. دواجار هەتا دەنگم هەبوو بەسەریاندا هاوارم کرد و گووتم: "ئەی فاشیستان.. بەسەر هیچ یەکێکتانەوە ناچێت". بەردەوام بووین لە هەڵدانی دروشم. لەگەڵ وەجوڵەهاتنی ئۆتۆمبێلەکان لە سەرتاسەری زیندانەوە دەنگی دروشم بەرزبووەوە، تا ئێمەش دوورکەوتینەوە هەر بەردەوامبوو. ئێمەش تا لەشار دەرکەوتین بەردەوامیمان کرد. دەنگێکی زۆر قەرەباڵغی ئۆتۆمبێل، ریک کاروانی راپێچکردن بوو! هەستمان دەکرد کە کاروانی ژمارەیەکی زۆر زۆری ئۆتۆمبێلی سەربازییە.

ئەو ئۆتۆمبێلەی تیایدا بووین بە دوو دەرگە و شیشبەندێک کرابوو بە دوو بەشەوە. لە بەشی پێشەوەدا سەربازەکان دانیشتبوون. کێشامان بە دەرگەکەدا و گووتمان: "کەلەپچەکان شلکەنەوە، دەستمان ئاوسا"، هەر گوێشیان پێنەداین. پاشان یەکیان بەدەنگیکی مات و مردارەوە گووتی "قەدەخەیە". کەلەپچەکان زۆر توند کرابوون بۆیە سوڕی خوێنی ئاسایی نەبوو، زۆری بۆ دەهێناین. خۆمان هەوڵماندا دەریان بهێنین. دواجار بە تەوقەی قژ توانیمان شلیان بکەینەوە. تەنانەت دەستێکیشمان دەرهێنا، وەها زۆر باشتر بوو.

لەسەر پارچە کاغەزی بچووک شتی جیاجیا و دروشممان دەنووسی و فڕێمان دەدایە دەرەوە. هەرچی دەفتەر و کاغەزی سپیمان هەبوو بەمشێوەیە بەکارمان هێنا. بە هەر شوێنێک بگەیشتینایە کە بە شوێنی نیشتەجێبوونمان بزانیایە، لە کون و درزە زۆر بچووکەکانی سووچێکی سەرەوەی ئۆتۆمبێلەکەوە

کاغەزەکانمان فڕێدەدایە دەرەوە. دەرەوەمان نەدەبینی، تەنیا لە کونەکانی بەشی سەرەوەیەوە؛ گوێسەبانی ماڵ و بەشی سەرەوەی باڵەخانە بەرزەکانمان دەبینی. هاوکات شێوازی راپێچکردن و پەلامارەکەی دووژمنمان دەنووسییەوە، دەمانگووت: "هەر هیچ نەبێت، سەرنجی گەل بەلای خۆماندا رادەکێشین" بەو پارچە کاغەزە بچووکانە پیلانەکانی دووژمنمان ئاشکرا دەکرد.

دوای ئەو هەموو کوتەک و لێدانەش رێگە و کەشوهەوای ناو ئۆتۆمبێل و دابین نەکردنی هیچ پێداویستییەک شەکەتی کردین. بەڵام دەستمان لەخۆمان بەرنەدا. ئەوە نییە دەڵێن لە رقی دووژمن رۆژێک زیاتر بژی. تەنیا مەراقمان ئەوەبوو بزانین بۆ کوێمان دەبەن. لە قەرەباڵغییەکەدا کاتێک سواری ئۆتۆمبێلیان دەکردین لە یەکێک لە پۆلیسەکانمان پرسی: "بۆ کوێمان دەبەن؟" ئەویش گووتی: "دەچین بۆ یاسسی ئادا "دوورگەی یاسس". ئایا بە راستی بوو؟ بۆ ئەوەش دەمانگووت: "جا بۆچی نەبێت؟ چونکە لە رابردوودا ئەوێ وەکو شوێنی مەحکوم بەکارهێندرابوو. دۆزی (49) کەسەکە[145] لەیاد نەکرابوو، وابزانم کۆمەڵێک لە رۆشنبیرانی کوردی ئەو سەردەمە لەوێ بەندکرابوون". زانیاری تەواومان نەبوو، بەڵام دەمانزانی کە (جەلال بایار)[146] و (عەدنان

[145] لە سالی 1961 دا جانیپ یلدرم، یوسف عەزیز ئۆغلو و موسا عەنتەر بەهۆی بلاوکردنەوەی هۆنراوەیەکی کوردی بەناوی (قمل) درانە دادگا، پاشان (50) کەسی تر پشتیوانیان کردن و ئەوانیش درانە دادگا، یەکێک لەوانە محەمەد ئەمین باتو بوو کە هەر لەوێ بەهۆی شێرپەنجەی گەدەوە گیانی لەدەستدا، بەمجۆرە (49) کەسیان مانەوە، لێرەوە ئەم ژمارەیە بوو بە ناوی دۆزەکەیان.

[146] لەنێوان سالانی 1950-1960 دا سەرۆک کۆماری تورکیا بوو.

مەندەرەس)[147] لەوێ ڕاگیرابوون. (مەندەرەس) لەگەڵ چەند هاوەڵێکی هەر لەوێ لە سێدارە درابوون. دەی بەهەر حاڵ تێر ماسی دەخۆین، ئەگەر مەلەوانیشمان بزانیایە خۆشدەبوو لە دەریاوە رامانکردایە.

دیسان (پەپولە)م هاتەوە بیر. بەدرێژایی ڕێ بۆ هەڤالانم باسکرد. کەسی سەرەکی ناو ڕۆمانەکە؛ لە توێکڵی گوێزی هندی بەلەم دروست دەکات و بەو جۆرە رادەکات. توێکڵێکی زۆر دەخاتە ناو چەند فەردەیەکەوە و بەشی دەربازبوونی لە دەریاکە دەکات. هەڵبەتە هاوەڵەکەی مردبوو. ڕێکردن بەدەریادا مەترسیدارە. بە یەکترمان دەگووت: "ئەو کابرایانە ئەمجارە دەمانخەنە شوێنێکی وەهاوە کە جنۆکە و شەیتانیشی لێ نەبێت. کەسیش تا ئەوێ نایەت بۆ سەردانمان. دیارە پەیوەندیمان لەگەڵ دونیا دادەبڕن. بە هەرحاڵ مانگرتن و (مانگرتنی تامردن) مان هەیە! لەوێوە داوای شوێنێکی تر دەکەین". هەرچییەکیشمان بکردایە داخی تونێلەکەمان لەدڵ دەرنەدەچوو، لەیادمان نەدەکرد. ئێش و ئازاری ئەو هەمووە لێدانەمان لەبیرکرد، هەرچەندە ڕەنگ و شێوەی رووخسارمان گۆڕابوو، ئاوساوی، شین و کەوەیی، لوتی شکاو، ئێش و ژانی هیچ یەکێکیان ئەو ژانە گەورەیەی لەیاد نەدەبردینەوە. مرۆڤ حەوسەڵەی نەبوو خیانەتێکی بەو ئەندازەیە پەسند بکات. ئەو خائینە کێ بوو، کێ بوو، کێ ... بەڕاستی کێ بوو ئەوەندە خۆی ڕەزیل و ڕیسوا کردبوو، یاخود کێ بوون؟

ئۆتۆمبێلەکە لە شوێنێک ڕاوەستا، تەنیا نووسراوەی (زیندانی داخراوی سێواز)ی سەر دیوارەکەمان بەدیدەکرد. دەمانخەنە زیندانی سێوازەوە؟ ماوەیەک لەوێ ڕایانگرتین. بە سەربازەکەمان

[147] لەنێوان سالانی 1950-1960 دا سەرۆک وەزیرانی تورکیا بوو، دوای کودەتای سەربازی ساڵی 1960 لە ئەیلولی 1961 دا لەسێدارە درا.

گووت کە تۆزێک دەرگەکە بکاتەوە، تا بڕێک هەوا بێتە ژوورەوە و ڕێگە تێکیداوین. ئەویش چوو بە سەرووی خۆی گووت. سەردەستەکەی گووتی: "نەخێر، نابێت" بەدوایدا ئێمەش دەستمانکرد بە لێدان و کێشان بە دەرگەکەدا و دروشمی "بمرێ ڕاگواستن، بژی بەرخودانی!"، "بمرێ ئەشکەنجە"، "نا بۆ ڕاگواستن!"مان دەگووتەوە. چەندین دروشمی ترمان گووتەوە و هەوڵماندا سەرنج ڕاکێشین. ئەو هەموو دەنگمان چۆن لێدەردەکەوت نازانم. ڕەوش و ڕواڵەتمان پەرێشان بوو، زۆر شەکەت ببووین، بەڵام زۆر بە زیندەیی دروشمان دەگووتەوە. لەناکاو وەخۆهاتبووینەوە. دەنگی قەرەباڵغییەک لە دەرەوە دەهات، بەڵام دەنگی هەڤاڵانمان نەدەبیست. ئەوانیان لەدوور ڕاوەستاندبوو؟ نەماندەزانی کە ئایا لە سێواز زیندانی تر هەیە یاخود نا. دروشمەکانمان بێزاری کردبوون بۆیە دەستبەجێ ملی ڕێیان گرتەوە. پرسیاری هەڤاڵانمان لە سەربازەکان کرد پێمان گووتن: "لە سێواز بەجێیان هێشتن؟ دەنگی ئۆتۆمبێلەکان کەم بوونەوە"، لە وەڵامدا گووتیان: "ئەوان هەر لە مەلەتی جیابوونەوە. تەنیا ئێوە هەن: "لەو کاتەدا هەموومان واقمان وڕما. کەواتە ئێمەیان جیاکردبووەوە. ئەو بێناموسانە دەیانویست تەنیامان بکەن. هەموو دەردێکیان هەر ئەوە نەبوو؟ ئەوەی لە مانگی ئایار نەیانتوانی بیکەن، ئێستاکە دەیکەن. هەر یەکەمان لەلای خۆیەوە دەستمان بە جوێندان کرد.

وامدەزانی پارچەیەک لە دڵم کراوەتەوە. لەو کاتەدا بە تەواوی هەستم بە دڵشکاوی جیابوونەوەم لە ئامەد دەکرد. هەتا لەگەڵ هەڤاڵان پێکەوەبووین هەستم بە جیابوونەوە نەکردبوو. دەمانگووت: "لە هەر کوێیەک بین ئەوێش دەکەین بە ئامەد". ئەم جیابوونەوە دڵنەوایەکیشی هەبوو. دوای چەند کاتژمێرێک زانیمان

که هەڤالانمان لەگەڵ نییە. تەنیا ئێمە دەبەن بۆ یاسسی ئادا؟ کێ دەزانێت، لەوانەیە هەڤالی تریشیان بردبێت بۆ ئەوێ. جارێکی تر پێداگریمان کرد و پرسیارمان لە سەربازەکان کردەوە: "هەڤالان لە مەلەتی مانەوە؟" گووتیان: "نەخێر، ئەوانیش کەوتنە رێ، لەوانەیە بەرەو ئەسکی شەهیر[148] چووبن. دواجار کە بینیمان بەرەو ئەو ئاراستەیە دەچوون". ئەسکی شەهیر! ئەی باشە ئێمە بۆ کوێ دەچووین؟ وەڵامی ئەمەیان نەبوو. سەربازەکان دەیانگووت: "ئێمەش نازانین". هاوکات پێشیان گووتین کە بە فەرمانی سەردەستەکانیان بەشێک لەو پارچە کاغەزانەی لە کون و درزی ئۆتۆمبێلەکەوە فڕێمان دەدانە دەرەوە، کۆکراونەتەوە، بەشی زۆرینەشی بەهۆی باوە پەرتەوازە بووە و نەیانتوانیوە بیگرنەوە. کەواتە ئەوانەش کۆدەکەنەوە و وەک بەڵگە لەدژی ئێمە بەکاری دەهێنن. هەی حۆل و گەمژەینە! هەموو لۆژیکیان لەسەر چۆنێتی سزادانی ئێمە بونیاد نابوو. دیسان دڵخۆش بووین و تێر پێیان پێکەنین. سەرقاڵکردنیان، پەستکردنیان، بێزارکردنیان زۆر خۆشبوو. نەدەبا بهێڵین دووژمن بۆ تاکە ساتێکیش ئاسوودە بێت. ئەمە وەکو سوێندێک لەناو دڵمان دابوو.

رێگە بە تەواوی (24) کاتژمێری خایاند. لە نووسراوەکەی سەر دەرگەکە (زیندانی داخراوی ئاماسیا[149] نووسرابوو. بەڵام ئاماسیا لەکوێوە دەرکەوت؟ بێگومان ئاماسیا شوێنێکی بەناوبانگی دوورخراوە و راپێچکراوەکان بوو. لەبەر دەرگە کەسێکی پاڵتۆ لەسەر شان، ئاغا ئاسا پێشوازی لێکردین.

یەکەم قسەیەک کە کردی: "ئەمانە ئاژەڵەکانی ئامەدن؟" بوو، پاشان پێکەنینێکی چەپەڵانە بەدوایدا، وەک بۆڕەی سەرخۆشێک.

---

[148] پارێزگایەکی تورکیایە و دەکەوێتە رۆژئاوای باکووری ئەو وڵاتەوە.

[149] یەکێکە لە پارێزگاکانی باکووری تورکیا.

ئەوجا گووتی: "سەیری حاڵیان بکە، چیان لێهاتووە، هەموو لایەکیان قوپاوە، ئەگەر ئامەد بکەن بە باخچە، ئەمە چارەنووستان دەبێت! ئێرە ئاماسیایە، هیچ وەبەرگوێتان کەوتووە؟ ئەویّ هیچ پەیوەندییەکی بە ئێمەوە نییە. ئێرە یاسای تایبەت بەخۆی هەیە. گویّ بە ژن و من نادەم". دواتر ئێمەیان بردە ژوورێکەوە و پێمان گووتن: "ئاگاتان لە کەلوپەلەکانمان بێت، شتی ناسک و هەستیاری تێدایە. تێکەڵ و پێکەڵی مەکەن. هەتا خۆمان ئامادە نەبین، مەیپشکنن". ئاغای بەناو بەڕێوەبەر بە روو چرچکردن و سوکایەتیکردنەوە کەوتەوە قسە: "جا تۆ سەیری ئەمانە بکە، چۆن هاتنە ژوورەوە دەستیان کرد بە فەرمانکردن. دیارە ئەمانە تووشی سەر ئێشەمان دەکەن. ئەم بەڵایانەتان لەکوێوە هێناوە؟ سەد پیاوتان بهێنایە، بریا ئەمانەتان نەهێنایە". دیاربوو زۆر پێی پەست ببوو. خۆمم پێڕانەگیرا و پێمگووت: "ئێوە کێن، چین؟"

گووتی: "چیدەکەیت؟ ئەوە تۆی ئێمە دەخەیتە ژێر لێپرسینەوە؟ سەرەتا تۆ پێم بڵێ، کێیت؟". لەسەر ئەمە بێ ئەوەی بەخۆم بزانم پێکەنیم. کابرایەکی زۆر سەیرە. فاشیستێکە گرێی دەروونی هەیە. تەنانەت نەیدەزانی بۆچی و پرسیاری چیم لێکردووە. پێشتر خۆی بەوجۆرە ئامادەکردبوو؛ گوایا بەو حاڵەیەوە کارمان تێدەکات. لەڕاستیدا دیاربوو لە ترسان وای دەکرد. هاوکات لەبەر ئەوەی ژن بووین بەچاوی سووک و بچووککردنەوە سەیری دەکردین. بەڵام ئێمە (PKK)یی بووین و لە زیندانی ئامەدەوە هاتبووین. دەیزانی و شیمانەی دەکرد کە بەندکراوی ئەوەندە (گوێڕایەڵ) نین.

بەدەنگیّ بەرز و توندەوە پێمگووت: "ئەگەر چاوێک بە پەڕاوەکانی بەردەمتاندا بخشێنن دەزانن کێین. من ناوم ساکینە پۆلاتە، ئەندامی (PKK)م. لە ئامەدەوە راپێچی ئێرە کرام. (10) ساڵە لە زیندانم. تێگەیشتیت؟ لێرەین، هەرچۆنێک بێت بەوردی و

بەرفراوانی ئاشنای یەکتر دەبین. بەڵام لە نزیکەوە دەتانناسین. لەگەڵ هاتنە ژوورەوەمان هەر هەڵسوکەوت و هەر قسەیەکتان ئێوەی دابەدەستەوە کە چین و کێن. ئێمە بەندکراوی سیاسین، مامەڵەی بەندکراوێکی تاوانی کۆمەڵایەتیمان لەگەڵ مەکەن. دیارە لێرە زیاتر بەندکراوی تاوانی کۆمەڵایەتی هەیە. هەڵبەتە بەچاوێکی سووکەوە تەماشایان ناکەم، ئێوە راهاتوون لەگەڵ ئەو دۆخە. ئێمە (PKK)یین، واتا شۆڕشگێڕین. لەلایەن دادگاکانتانەوە دادگایی کراوین و سزاش دراوین. دەوڵەتیش زۆر لەنزیکەوە ناسنامەکەمان دەزانێت. ئێوەش بزانن. بەڵام هەندێک شت هەیە کە شتی مرۆییانەن و پێویستە بکرێن. لەو بوارەدا رێزدار بن. دەبێت لەبەر چاوی خۆمان کەلوپەلەکانمان بپشکنن. دەبێت پشکنینەکەش لەلایەن پاسەوانێکی ژنەوە بکرێت. هاوکات ئەشکەنجەکی زۆر کراین، برینمان هەیە، پێویستمان بە پزیشکە، ئەم داوایەمان بە پەلەیە. وابزانم حەزناکەن بەرپرسیارێتی ئەم ئەشکەنجەیە بکەوێتە ئەستۆی ئێوە. چونکە ئێمە ئەم دۆخە بە رای گشتی دەگەیەنین. بەچاوی خۆتان دەبینن. ئێمەتان چۆن و لە چی دۆخێکدا وەرگرتووە دەبێت رابیگەیەنن. ئەگەرنا بەرپرسیارێتی لە ئەستۆی ئێوەدا دەبێت".

قسەکانم ئەوی شڵەژاند. دیاربوو تۆزێک نەرم و هێور ببوو. بێگومان ئەو دیسان ئێمەی تاوانبار دەکرد و دەیگووت: "هاتن و نەهاتن دەستانکرد بە فەرمانباراندن. من بەڕێوەبەری ئێرەم. ناوم (حەسەن جان)ە. ئێرە یاسای تایبەت بەخۆی هەیە، ئەگەر شتی قەدەخەکراوتان هەڵگرتبێت، پێتان نادەین. بۆ نموونە پەڕتووکتان لەلایە، جگە لەوەش رادیۆ، تەلەفزیۆن ناتوانین هیچ یەکێکیانتان پێبدەین. لە ژوورەوە تەلەفزیۆن هەیە، هی بەندکراوانی تاوانە کۆمەڵایەتییەکانە. لە کاتی دیاریکراودا سەیری دەکەن".

دوای تۆزێک بیرکردنەوە بەردەوامی کرد: "باشە، پزیشک دێت، بەڵام لەم ساتەدا نایەت. لەکاتی دەوامی خۆیدا دێت، ئەوکاتە هاوکاری ئێوەش دەکات" و قسەکانی خۆی تەواو کرد.

ئەو شەوە تا بەیانی لە ژوورێکی وەک ژووری تاکەکەسی دا بەندیانکردین. پزیشک هات و دەستی کرد بە توێژینەوە و لێتۆڕینمان. ئێسکی لوتم درزی بردبوو. بەشێکی زۆری شوێنەواری لێدان و گورزەکانمان پشاندا. خۆمان حەزمان نەکرد چەند شوێنێکی پێ پشان بدەین، پێویست نەبوو. ئامانجمان ئەوە بوو زۆریان لێبکەین کە ئەوانیش هەڵوێستێکیان هەبێت یاخود لانی کەم بتوانین لێرەوە رێ لەو جۆرە پەیڕەوکارییانە بگرین. گووتمان: "بێدەنگ نابین" و هەوڵماندا گوشارێک دروست بکەین.

پزیشکەکە حەپەسا بوو، دڵگران ببوو. سەری دەلەقاند و ئێمەش بەردەوام بووین لە باسکردن: "لە بەشەکەی هەڤاڵانی پیاودا تونێلێکیان دۆزییەوە. ئەوەیان کرد بە بیانوو. بەڵام لەراستیدا بەهۆی سزادرانی ئەسەد ئۆکتای یلدرانەوە کە پێشتر لە زیندانی ئامەد ئەرکدار کرابوو و بکوژی دەیان هەڤاڵمانە، ئەمانیش هاربوون و پەلاماریان داین. هەڵبەتە جەلادەکان لە بنی دنیاش بن رزگاریان نابێت لە تۆڵەکردنەوە. ئێوە پزیشکن، ئەگەر پابەندن بە سوێندی هیپۆکراتی خۆتانەوە، لەم بوارەدا باشترین و بەجێترین کار دەکەن بە ئامانج بۆ خۆتان. پزیشک نابێتە جەلاد، یاخود جەلادەکان ناشارنەوە و رەوایەتییان پێنادەن".

بە شڵەژاوییەکەوە گووتی: "بێگومان.. بێگومان من پزیشکم، ئەشکەنجەکار نیم" پاشان راپۆرتی نووسی، راپۆرتێکی یەک هەفتەیی پێداین. باش بوو. داوای نوسخەیەکیمان کرد. داودەرمانی پێداین، هەوڵ و رووخۆشییەکەی ئێمە کاری تێکردبوو.

پاسەوانەکانیش داماو و سەرکز سەیریان دەکردین. روانینی هەندێکیان بەتەواوی فاشییانە بوو، دەستبەجێ هەستیان پێدەکرا.

لە زینداندا چوار ژنە بەندکراوی سیاسی تر هەبوو. (حەسەن جان) دەیگووت: "ئەوانیش لە تایەفەی ئێوەن". چ جۆرە مرۆڤیەکە! قسە و هەڵسوکەوتەکانی مرۆڤی دەهێنایە پێکەنین. ئەو ژنانەی باسیان دەکرد، بەندکراوانی دۆزی (TIKB)[150] یەکێک لەوانە خوشکی (ئایسەل زەهیر) بوو کە لە ئەنجامی (مانگرتنی تامردن) لە زیندانی مەتریس دووچاری کەمئەندامی هاتبوو. بەشەکە لە شێوەی پیتی (L) بوو. ئێمەیان خستە قاوشی لاڕێڕەوی بلۆکی یەکەمەوە. هەرچەندە هەمان بلۆک بوو، بەڵام لە شێوەی دوو قاوش دابەشکرابوو. یەک مەتبەخ، یەک حەوشەی هەواگۆڕین، یەک گەرماو، یەک دەساو و دەستشۆریان هەبوو. هاوکات ژنانی بەندکراوی دۆزی تاوانی کۆمەڵایەتیش هەبوون و هەموویان لە یەک قاوش دابوون. دەیانگووت: "دوو رۆژ ماوە بۆ سەردان" بە ئامانجی ئاگادارکردنەوە بۆماوەی دوو رۆژ دەستمان بە مانگرتن کرد. بەمشێوەیە کاتێک ئەوانی تر چوون بۆ چاوپێکەوتن باسیان لە دۆخی ئێمەش دەکرد. دەستبەجێ بە تەلەگراف بە زیندانەکانی ترمان راگەیاند کە لە ئاماسیاین. لە رێگەی خانەوادەکانی تریشەوە هەواڵمان نارد.

پێشتر بەرنامە بۆ چالاکی مانگرتن دارێژرابوو، ئێستاکە لە رۆژەڤدا بوو و بەوجۆرە ئاماسیاش راستەوخۆ دەستی بە چالاکی مانگرتن دەکرد. لە ئامەد، جەیهان، دیلۆک، ئەسکی شەهیر، مەلەتی و لە هەموو زیندانێک کە هەڤاڵانی لێبوون دەست بە مانگرتن

---

[150] یەکێتی کۆمۆنیستی کرێکاری تورکیا – وەک رێکخستنێکی نایاسایی لە ساڵی 1974 ەوە دامەزراوە و تا ئێستاش پاشماوەکانیان بە فۆرم و ناسنامەی جیا بوونیان هەیە.

کرابوو. (TIKB)ییەکانیش بەشدار دەبوون. باسیان لەوە دەکرد کە بڕیاری گرووپەکەی خۆیانە، بەپێویستی دەزانن کادیرانی خۆیان بپارێزن، بۆ ئەم مەبەستە بۆ ماوەی کورت دەتوانن بەشداری لە مانگرتندا بکەن، هاوکات بەرخودانیان بە بنەما وەردەگرت. لەدۆخێکی وەهادا گفتوگۆی زیاتر نابەجێ بوو. بەڵام پێمان گووتن کە پلانێکی گشتی ئامادەکراوە، پێشکەشی هەموو گرووپەکان کراوە و ئێمەش ڕەچاوی دەکەین.

یەکەمجار بوو تووشی هەڵوێستێکی وەها دەبووین؛ "پاراستنی کادیرەکان" هەرگیز بە ئەقڵماندا نەهاتبوو. لای ئێمە بەر لە هەموو کەسێک کادیر دەست بەچالاکی دەکات. لۆژیکی پاراستنی کادیری هەردوو لا چەندە لەیەک جیاوازن. جاروبار بۆ هەندێک هەڤاڵ بیری لێدەکرایەوە، بەڵام هەرگیز سەری نەدەگرت، کاردانەوە و کاریگەری زۆر جیاوازی لەگەڵ خۆی دەهێنا. ئایا ئێمە زۆر توند بووین، گوێمان پێنەدەدا؟

لەماوەی مانگرتندا نامە، تەلەگراف و شتی وەهایان پێنەدەداین. کەسوکاری (مەولودە) لەمێژبوو نەدەهاتن، ئەوانەی (ئامین)یش دوور بوون، زەحمەتبوو بتوانن وا بەزوویی لە مێردینەوە بێن. خانەوادەی منیش لە ئەورووپا بوون. دەمێنێتەوە سەر خزمانی (جاهیدە). ئەوانیش هەر چۆن هەواڵیان پێدەگات دەستبەجێ دێن. (جاهیدە) بەمەبەستی وەرگرتنی هەندێک زانیاری چوو بۆ چاوپێکەوتن. زانیمان کە (120) هەڤاڵیان بۆ ئەسکی شەهیر ڕاگواستووە. (شەنەر) لە ئامەد بوو. هەروەها (فەتحی)، (مەحمود تانریکوڵو)، (جەودەت) و چەندێکی تریش لەوێ ماونەتەوە. لەبەر ئەوەی تازە هێنراوەکان ژمارەیان زیاتربوو، مانەوەی بەشێک لەهەڤاڵان کاریگەری ئەرێنی دەبوو. بەڵام لەلایەکی ترەوە مانەوەی (شەنەر) تا ڕادەیەک نیگەرانی دەکردم. دواجار کە لە

لاواچی دەرگەکەوە لەگەڵ (شەنەر) قسەم کرد، ئەویش جلێکی زۆری لەبەرکردبوو. ئایا دەیزانی کە ناوی لە لیستەکەدا نییە؟ بۆچی پێی نەگووتین؟ دیسان مانەوەی لەوێ مایەی بێزاری بوو. ئەویش لە قاوشی (35) بوو و حەتمەن دووژمن دەیزانی کە لەناو ئەوانە دایە کە هەڵدەهاتن. ئایا بە ئەنقەست هێشتیانەوە؟ بەهۆی بەردەوامکردنی دۆزەکەیانەوە بوو؟ بەڵام زۆر دۆزی تریش هەبوو بەردەوامی دەکرد. وەها بۆی دەچووم دووژمن ئەوی بەئەنقەست لەوێ هێشتبووەوە و دەمگووت: "دووژمن سەرنجی هەمووان دەخاتە سەر شەنەر"..

چالاکی نزیکەی مانگێکی خایاند. بەم چالاکییە لەلایەک سیاسەتی راگواستن و راپێچکردن، دوایین پەلامارەکانی دووژمن لە زیندانی ئامەد و دووبارە و سێبارە سەپاندنەوەی قەدەخەنامەکانمان شەرمەزار کرد، لەلایەکی تریشەوە بەهۆی نەبوونی هیچ مافێکی ریشەیی و سەرەکی لە ئاماسیا، داوانامەی خۆمان ریز کرد. لە ئاماسیا تازە بە تازە داوای ئەو مافانەمان دەکرد کە چەند ساڵێک بوو لە زیندانەکانی تر بەدەستهێندرابوون. رۆژنامەی (جمهوریەت)مان پێنەدەدرا، دەیانگووت قەدەخەیە، گۆڤاری (نۆکتا) نەدەهێندرا. دەرزی و مقەست و هەموو جۆرە ئامراز و ئامێرێکی تر قەدەخەبوو! واتا هەلومەرجی ژیان وێران بوو، هیچ مافێکی ژیان لە ئارادا نەبوو! هێشتاش ژووری گۆشەگیری و تاکەکەسی ژێرزەمینی هەر مابوو، کە (تەرزی فیکری)[151] لەو ژوورانەدا کوژرابوو. بۆیە داواکانمان بەرفراوان بوون. بەڵام بەگشتی ئامانجی چالاکییەکەمان بە ئاراستەی

[151] سەرۆکی شارەوانی ناوچەی فاستای سەربە شاری ئۆردو بوو، پاشان دەچێتە ریزی رێکخستنی ماهیر چایان، لەوێ ناوبانگێکی گەورەی دەبێت. دوای دەستگیرکرانیشی لە رۆژی 4ی ئاباری 1985 لە زیندانی ئاماسیا بەشێوەکی گوماناوی دەکوژرێت.

دەرەوەدا بوو، لە دژی پەلامارەکانی دووژمن بەگشتی و لە زیندانی ئامەد بەتایبەتی.

چالاکییەکە سەرتاسەری و هاوکات بوو بۆیە کاری لە کەسوکاری بەندکراوان و هەندێک چین و توێژی تر کردبوو. بە چالاکی جیاجیا پشتیوانی لە بەندکراوەکان دەکرا. ئەمەش بەشێوەیەکی خۆڕسکانە گوشارێکی زۆری دەخستە سەر دەوڵەت.

پاش ماوەیەک لەهەندێک لە زیندانەکان چالاکی ئەنجامگیر کرا، لە ئامەد، جەیهان، مەلەتی، ئەرزڕۆم، خارپێت و ئێمەش بەردەوام بووین. لەمێژبوو گوشار و زەبروزەنگێکی زۆر لەسەر زیندانەکانی ئەرزڕۆم، مەلەتی، خارپێت هەبوو. ئەوان زیاتر لەچەپەڕێ و دوورە دەستبوون، دەستیان بە هەواڵ و زانیاری نەدەگەیشتن، هاوکات لەدەرەوەش بەپێی پێویست نەدەتوانرا شتێکی ئەوتۆیان پێبدرێت. چالاکی مانگرتنیان دەکرد، بەڵام کێشەکانیان کۆتاییان نەدەهات. زیاترین سیاسەتەکانی دووژمن لە زیندانی ئامەد بەرجەستە دەبوو، کاتێک سیاسەتی خۆجێیی و هەرێمی خودی ئەو شوێنانەشی لەسەر زیاد دەکرا، بەتایبەتیش شەکەتبوونێکی زۆر رووی لەو زیندانانە دەکرد.

ئێمە هێشتا بەردەوامبووین لە چالاکییەکەمان. لەبەر ئەوەی دڵنیابووین بە ئەنجام دەگەیشتین، خۆمان بەگوێرەی رەوتی قەدەخەنامەکان رێکخستبوو. لەو نێوە رۆژنامەکان هەواڵی نالەباری دۆخی تەندروستی (کاراسو)یان بڵاو دەکردەوە. ناوی ئەوانە ریزکرابوو کە باری تەندروستیان ناجێگیربوو. پشتیوانییەکی گەورەی رای گشتی و جەماوەریش هەبوو و زیادی دەکرد. کەسوکاری بەندکراوانیش دەستیان بە مانگرتن کردبوو.

تەنانەت هەندێک هەوڵیان دابوو لەناو باڵەخانەی پەرلەمان خۆیان بسوتێنن.

لەکاتێکدا بەندکراوانی زیندانی ئەسکی شەهیر لە (مانگرتنی تامردن)دان، جارێکی تر راپێچی زیندانی ئایدین[152] دەکرێن و لەوێ (حسێن) و (محەمەد) شەهید دەبن. ئەم هەواڵە کاری لە رەوتی چالاکییەکە کرد. بە بیستنی هەواڵەکە دەستمان بە هەڵدانی دروشم کرد: "محەمەد نەمرە!... حسێن نەمرە... شەهید نامرن... بژی بەرخودانەکەمان... نەفرەت لە ئەشکەنجە..!" پاشان چالاکییەکەمان بۆ چالاکی (مانگرتنی تامردن) وەرچەرخاند. مردنی بەندکراوان گوشاری دەخستە سەر دووژمن. هاتن و گووتیان کە رازین بە داواکان.

ئاماسیا یەکەمجار بوو دەبووە شاهێدی چالاکییەکی هێندە درێژخایەنی (مانگرتنی تامردن). لە دەرەوەش چالاکییەکی زۆری ناڕەزایی دەربڕین هەبوون. بۆ رێگرتن لە مردنی تر، بانگەوازی دەکران. لەبەرامبەریشدا (مانگرتنی تامردن) بە هەرلایەکدا بڵاو دەبووەوە.

دواجار لە زیندانی ئامەدەوە تەلەگرافێک بە واژۆی (شەنەر) هات: "چالاکییەکەتان ئەنجامگیر بکەن". بەگشتی چالاکییەکان بە ئەنجامی خۆیان گەیشتبوون. ئێمەش لەچوارچێوەی فەرمانی گشتیدا کۆتاییمان پێهێنا.

لەو ماوەیەدا نامەیەکی دوور و درێژم لە شێوەی نووسینی یادگاری دا نووسیبوو. نامەکە لێوانڕێژبوو لە هەست و سۆزی دابڕان لە ئامەد. هەموو بەسەرهاتەکانی دوای راپێچکردنەکەم نووسی بوو. جارانیش کە باس لە دوورکەوتنەوە لە ئامەد دەکرا، دڵم ئازاری پێدەگەیشت. ئامەدم خۆشدەویست. لە زینداندا حەز لە

---

[152] 20 مین گەورە شاری تورکیایە و دەکەوێتە باشووری رۆژئاوای ئەو وڵاتەوە.

ئامەد دەکرا؟ بەڵێ، زۆر بوون ئەوانەی بەمە سەرسام دەبوون. لە زیندانەکاندا هۆڤانەترین ئەشکەنجە و پەیڕەوکاری ئەنجامدەدران. لەویکانە زۆر شتیان لێکردینەوە و بردیان. بەنرخترین هەڤاڵانمان لەویّ شەهید ببوون. ئەم لایەنەی زۆر بێ ویژدان و نەفرەتی بوو. بەڵام لایەکەی تری مەگەر کێ بزانێت چۆنم باس کردبوو؟ چونکە دواتر هەر هەڤاڵێک دەیخوێندەوە رەخنەی دەکردم و دەیگووت: "زۆر سۆزدارانە نووسیوتە" یەکێک لەوانەش (شێخ مەحمود) بوو.

دوای ئەنجامگیربوونی چالاکییەکە ئاڵوگۆڕی نامە دەستی پێکردەوە. نامەم بۆ هەموو لایەک دەنووسی. نامەیەکیشم بۆ (شەنەر) نووسی، پاش ماوەیەکی کەم وەڵامی هاتەوە. ئەویش بارودۆخی دوای راپێچکردنەکەی نووسی بوو. دیسان هۆنراوەیەکی تری نووسی بوو...

پاشماوەیەک (فەتحی یڵدز) و چەند هەڤاڵێکی تر راپێچی زیندانی خارپێت کران، کۆمەڵێکی تریش بەرەو زیندانی ئەسکی شەهیر راپێچکران. ژمارە کەم بوو، بەڵام دیار بوو کە زیندانی ئامەد لە زیندانییە کۆنەکان دادەماڵرا!.

دوامانگی ساڵ بوو. تەلەگرافێکی تر هات و دەگووترا: "شەنەر و مەحمود تانریکولو بەردران" هەواڵێکی تادواڕادە کتوپڕ بوو. یەکەو دەست شۆک ببووم و گووتم: "شتی وەها نابێت". زۆر شتی سەیری و سەمەرە روویان دەدا!. هەرجارە و هەواڵێک: تونێل، کوژرانی (ئەسەد)، راپێچکردن، شەهیدی نوێ، راپێچکردنی تر و ئێستاش بەربوون! (شەنەر) بەربببوو. بەم هەواڵە هەم شۆک و هەم دڵخۆش ببووم.

لەلای خۆمەوە نەمدەزانی دادگاییەکانیان لە چ دۆخێکدابووە، چەندە سزایان پێدراوە، دۆزەکەیان چۆنە.. دۆخی دادگایی و

سزای هیچ هەڤاڵێک جێی بایەخ نەبوو. جاروبار رووکەشانە پرسیار دەکرا، بەڵام ئەم لایەنەی زۆر کەسی پەیوەندیدار نەدەکرد. زۆر بێتاقەتکار و بێ واتا بوو. یاسا، دادگا، دۆز و سزا لە بوارەکانی تری ژیان گرنگتر نەبوون. تەنیا رێکەوتی دادگا و ئامادەکردنی بەرگرینامە پەیوەندیداری دەکردین، لەوێدا زیاتر لەسەری قاڵدەبووینەوە. چونکە تاکە شوێنی گەیاندن و پەیوەندی بوو، هاوکات لەوێدا باوەڕی، هیوا و پابەندی؛ گەورەترین دادوەر بوون.

دوای شۆکی بەربوونەکەیان کەوتمە ناو ئەندێشەی "ئایا دەگاتە لای هەڤاڵان یاخود دەچێت بۆ سەربازی؟" چونکە بەگشتی ئەوانەی بەردەدران رەوانەی سەربازی دەکران، یاخود لە زیندانەوە دەیانبرد بۆ سەربازی. دەرفەتی جموجۆڵێکی تریان پێنەدەدرا. ئەوانەی کە کەسوکارەکانیان هەوڵ و تەقەلایان بۆ دەدان؛ چەند رۆژێک مۆڵەتیان دەست دەکەوت. گەرچی وەکو جاران نەبوو، بەلای منەوە گەیشتن بە پارتی ئەوەندە زەحمەت نەبوو، بەڵام دیسان دەبوو دووژمن بە ئەنقەست سەربازیی بسەپێنێت. ئەم خاڵە مایەی بێزاری بوو.

پاش ماوەیەک بەناوی جیاجیاوە نامەی (شەنەر)م پێگەیشت، لەسەر زەرفی نامەکە پوڵی ئەستەمبوڵ هەبوو. تۆزێک ئاسودە بووم. باسی لەوە دەکرد کە کێشەی سەربازی لەبەردەم دایە و بە ورياييەوە مامەڵە دەکات. چونکە بەتایبەتیش راسپاردەیەکمان هەبوو کە لە ئامەد بڵاومان کردبووەوە. ژمارەی ئەوانە زۆر بوون کە لەدوای بەربوونیان برابوونە سەربازی. دووژمن بە ئەنقەست سەربازی دەسەپاند، کەچی ئەوانەی کە دەچوون رێوشوێنی پێویستیان بۆ پووچەڵکردنەوەی ئەم پەیڕەوکارییانەی دووژمن نەدەگرتەبەر. کاتێک دەردەکەوتن ئەگەر راستەوخۆ نەگەیشتبانا

بە پارتی، سەربازییان بۆ دەمایەوە. ئەمەش دەبوو بە بیانوێک بۆ نەچوونیان بۆ چیاکان. بۆ کەسێک دوای ئەو هەموو ساڵە لەژێر ئەشکەنجە و زوڵمی خودی سەربازانی دووژمندا تاوان و خیانەتە هەڵسێت و بۆ تەنیا رۆژێکیش روو لە سەربازی بکات. قین و توورەییم لەوانە دەهات کە دەکەوتنە دۆخێکی وەهاوە.

لەم بوارەدا لەگەڵ نووسراوێکی بەرفروان هەندێک بڕیاریشمان وەرگرتبوو. لە بەشێکی بەرفراوانی نووسراوەکەدا ئاماژە بەوە کرابوو کە لەسەر بنەمای هۆشمەندی شۆڕشگێڕی؛ ئەرکی بەرهەڵستیکردنی دوورخستنەوەی کەسێتی لە ئایدیا و ئامانجەکانیان، راوەستان هەیە لەدژی ئەو پیلان و هێرشانەی دووژمن بەتایبەتیش بۆ سەر زیندانەکان کە کەسایەتییان دەخستە ژێر کۆنترۆڵەوە و وەک سیاسەتێکی تایبەتیش هەوڵیان دەدا کەسایەتی و ناسنامەی کەسایەتی پووچ و نەزۆک بکەن. ئەوەش خرابووە روو کە ئەو هەڤاڵانەی ساڵەهابوو لە زیندانەکاندا سەرەڕای هەموو جۆرە زوڵم و ئەشکەنجەیەکی دووژمن باوەڕی خۆی پاراستووە، لە دادگاکاندا بەرگری کردووە و پارتی پاراستووە، بەهەر باجێکیش بێت نابێت لەهیچ دەزگایەکی دووژمندا جێگە بگرن نەک تەنیا لەو فاشیستانەترین دەزگای داگیرکەرییەدا، بەپێچەوانەوە دەبێت هەوڵەکانیان مایە پووچ بکەن. بەکورتی ناوەڕۆکەکەی بەم شێوەیە بوو: "ئەوەندەی ئاگادارین، ژمارەیەکی زۆر لەوانەی لێرە دەردەکەون بۆ سەربازی دەبرێن. لەم بوارەدا تا دەکرێت دەبێت بەهەر جۆرێک بێت هەڵێک بدۆزرێتەوە و خۆ گەیاندن بە پارتی؛ بکرێت بە ئامانجی سەرەکی. گریمان ئەمەش نەکرا و راستەوخۆ راپێچی بنکە سەربازییەکان کران، دەکرێت هەلومەرجی راکردن بڕەخسێنرێت و خۆدەرباز بکرێت. لەم بوارەدا بەهیچ جۆرێک رێگرییەکانی دووژمن مایەی

پاساو نین. لەو ماوەیەدا نابێت هیچ یەکێک لەو کادیرانەی ناسنامەی سیاسییان لەلایەن دووژمنەوە ئاشکرابووە، ڕەچاوی یاساکانی دووژمن بکات، بەپێچەوانەوە دەبێت دژایەتی خۆی لەبەرامبەر بە سەربازی دەربڕێت و هەڵوێست نیشان بدات".

بانگەوازی و فەرمان بۆ هەموو کەسێک بوو، بەڵام بەتایبەتیش بڕیارەکە بۆ کادیرەکان ڕوون و پوختتربوو. تیایدا دەگووترا: "سەرەڕای ئەوەش هەر کەسێک سەربازی بکات بە خیانەتکار ناوی دەهێندرێت". ئەم نووسراوە بە سەرجەم بەندکراوان گەیەندرا و گفتوگۆی لەسەر کرابوو.

(شەنەر) لە نامەیەکیدا باسی لەوە دەکرد کە لە شوێنێکی باشە، بەڵام هێشتا نەیتوانیوە پەیوەندی بەهەڤاڵانەوە بکات و دەیگووت: "ئەوانەی ئێستا لەلایانم ناسیاوی خۆتن. ماوەیەک پێکەوە کارتان کردووە". بۆم دەرنەکەوت مەبەستی لە کێیە. ئەگەر هەڤاڵانی خۆمان نەبن ئەوا حەتمەن لەلای کەسانی یان چەپی تورک یان چەپی کوردن. جارێکیان گووتارێکی لە گۆڤارەکەی (TKP)ییەکاندا چاپکرابوو. جگە لە ناوەڕۆکەکەی، تەنانەت بڵاوکردنەوەی لە گۆڤاری (TKP)ییەکاندا مایەی پەسند کردن نەبوو. ناوەڕۆکەکەشی سەیر بوو، ڕەنگدانەوەی ناخ و ڕۆحی ئێمەی پێوە دیار نەبوو. سەرنج ڕاکێش نەبوو. (شەنەر) قەڵەمێکی بەتوانای هەبوو. ئەو نووسراوەی بە شێوازی هەڵبژاردن، بە زۆر و ڕازیکردنی ئەوانی لەخۆگرتبوو. هۆکارەکەی ئەو وشکە دۆستایەتییە نابەڵەدە بوو کە سەرەنجامی هاوزیندانیی بووە؟ واتام پێنەدا و لە نامەیەکدا پێمگووت کە کارێکی باش و ڕاستی نەکردووە. ئاتاجی ئەوان ببوو؟ شیمانەمان دەکرد، تۆ بڵێی ئەوان بکات بە پردێک بۆ گەیشتن بە دەرەوەی وەڵات؟ تاچەند ڕاست و دروستە؟ لەوانەیە لەئاستی تاکە کەسیدا هەندێکیان بناسێت، بەڵام

ئێمە ئەوەندە بێ چارەبووین کە هانا بۆ ئەوان ببەین؟ لە روانگەی پرێستیژەوە لە کێشەکەم دەڕوانی و دەمگووت: "سەد ساڵی تریش بڕوات، لەگەڵ TKP کارێکی وەها ناکەم".

زۆری پێنەچوو لە ئاماسیا سەرلەنوێ دەستمان بە مانگرتن کردەوە. نزیکەی ساڵێک تێپەڕیبوو. لەو ماوەیەدا هیچ یەکێک لەو داوایانەمان جێبەجێ نەکرابوون کە ئیدارەی زیندان بەڵێنی جێبەجێکردنی دابوو. تادەچوو پێکهاتەی بەندکراوانی زیندانەکەش دەگۆڕا. ئەندامانی (DEV-SOL) و چەند گرووپێکی تریش هەبوون. هەندێک هەڤاڵیش دەهاتن کە سزای سێدارەیان بەسەردا سەپێندرابوو و تا زیندانی سینۆپ[153] چووبوون. لەلایەکیشەوە زۆربوونی ژمارەی بەندکراوە سیاسییەکان دڵخۆشی دەکردین.

لەچوارچێوەی کۆمەڵێک داواکاری دوور و نزیک لەیەک دەستمان کرد بە مانگرتنی بێ وادە، ئەمەش سەرنجی رای گشتی بەلای ئاماسیادا راکێشا. ناوەندی ئاماسیا لە رووی پێکهاتەی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە داخراو و بونیادێکی تایبەت بەخۆی هەبوو کە تا دواڕادە پاشکەوتوو و فاشیستانە بوو. زیندان بەرچاوترین نمونەی ئەو راستییەی بوو. ئاماسیا بە پڕاوپڕی واتاکەی شوێنی دوورخستنەوە(مەنفا) و کەنارگیرکردن بوو! بەندکراوە سیاسییەکانی تر کە بەر لەئێمە هاتبوون، تەنانەت ئەوانەی تریش کە بەتۆمەت و تاوانی قاچاخچێتی و شتی تر گیراون، هەموو پێکەوە لەپێناو گواستنەوەیان بۆ زیندانەکانی تر چالاکی مانگرتنیان ئەنجامدابوو. خواستی رۆیشتن لەو زیندان، ببوو بە تاکە داواکاری سەرەکی. لە دۆخێکی وەهاشدا زیندانییەکانی ئاماسیا درێژەیان بە سەڵتەنەتی باوی خۆیان داوە.

---

[153] یەکێکە لە شارەکانی تورکیا لە هەرێمی دەریای رەش

ئاغایەتی لە زیندان‌دا شتێکی زۆر سەیر بوو. کەسانێکی زۆر هەبوو کە ببوون بە ئاغا، بەتایبەتیش (حەسەن جان). هەر یەکێک لە پاسەوان و سەرپاسەوانەکان؛ ئاغایەک بوون. ژنە پاسەوانەکانیش خاتوون بوون. هەرچەندە گەنجیش بوون، کەچی زوو ببوون بە ئاغا. هەمووی یان دەستگیرانی سەرباز بوون، یان خوشکی سەرباز، یاخود دۆستی ئەفسەرێک بوون. کەسێکی ئاسایی لێنەبوو، هەر بۆیە یان ئەوەتا لەناو ئەو چەرخەدا دەبوون، یان تەنیا فەرمانبەریتی نەدەکرا. چەرخی ئەو جۆرە کەسانە لەو جۆرە شوێنانەدا بەڕاستی زۆر سەمەرە بوو. دەتگووت سەرلەنوێ دەستمان بە هەموو شتێک کردۆتەوە. تەنانەت زۆر لەدوای بارودۆخی زیندانی خارپێتی 1979یە کە ئەوسا تازە بەندکرابووین، شوێنێک بوو کە ڕێبازێکی زۆر قەباتر و پاشڤەڕۆتری هەبوو.

(حەسەن جان) دەیگووت: "زیندانەکەمان باش بوو، ئەم کچە (PKK)بیانە هاتن و تێکیاندا، ئەنارشییان تیا دروست کرد".

ئاماسیا شارێکی بچووکی ئەناتۆلیا بوو. هەموو ڕووداوێک بە زوویی دەنگی دەدایەوە. زیندانەکە لەناو گوندی (حەڵواجی) دروست کرابوو، شوێنێکی دوورە دەست بوو. دوور بوو لە ناوەندی شارەکەوە، بەڵام هەموو شتێک زوو بڵاوەی دەکرد و دەبیسترا. لە ئامەد دۆخەکە جیاوازترە، کەسوکاری بەندکراوان دەستبەجێ بە مانگرتن و ڕێپێوان پشتیوانیان دەکرد. خەڵکی ئاماسیا تازە بەتازە بە مانگرتنی بەندکراوان ئاشنادەبوون.

خەڵکی هەرێمەکە وا بانگەشەیان دەکرد کە ئاماسیا شوێنی چیرۆکی (شیرین و فەرهاد)ە. ((لەڕاستیدا ئەم چیرۆکە لە شانامەی فیردۆسی دا باسکراوە. داستانیکی کوردییە و لە کرماشان ژیاوە. گۆڕی فەرهاد و شیرینیش لە چیای بێستوونە ))

گوایا (فەرهاد) بۆ (شیرین) شاخی ئاماسیای کون کردووە. لە پەنجەرەی زیندانەکەوە ئەو خەڵکە دەبیندران کە ڕۆژانی بۆنە و یادکردنەوەکان دەچوونە گۆڕستانەکەی سەر لوتکەی شاخەکە. ئەوانەی بینیبویان دەیانگێڕایەوە و دەیانگووت: "لە شوێنی گۆڕی شیرین و فەرهاد دوو گوڵ هەیە، دڕکێکی زۆر زەبەلاحیشیان لەنێواندایە. شوێنەکەیان زۆر خۆشە". گوندەکە ناوی حەڵواجی بوو، هۆکاری ئەم ناوەمان پرسی و بۆیان گێڕاینەوە. کاتێک دەنگۆی مردنی (فەرهاد) بڵاو دەکرێتەوە، بۆ ئەوەی هەموو کەسێک باوەڕ بکات، حەڵوایان بڵاو کردۆتەوە[154]. باوکی (شیرین) بە ئەنقەست کارێکی وەها دەکات. بەڵام لەڕاستیدا (فەرهاد) نەمردووە. (شیرین)یش بە بیستنی دەست بەجێ خۆی دەکوژێت، ئەوجار (فەرهاد)یش خۆی لەبەر مردنی (شیرین) ڕاناگرێت و ئەویش خۆی دەکوژێت. بەوجۆرە حەڵوای هەردووکیان پێکەوە بڵاو دەکرێتەوە. گوندەکەش بەو هۆکارەیە ناوی حەڵواجی هەڵگرتووە!

شاخەکەی کون کون بوو، دەتگووت کەسێک بە ئامێری کونکەر ئەو کارەی کردووە، زۆربەی زۆری گابەردەکانی کونی گەورەیان تیا هەڵکەندرابوو. بۆیە دەگووترا ئەو شاخەی کە (فەرهاد) کونی کردووە. باس لەوەشدەکرا کە سەرەڕای ئەوەش بە (شیرین) نەگەیشتووە. سەیرە، ئەڤینە گەورەکان هەموویان بەوجۆرە بوون؟ یاخود دەکرا بە ئەفسانە و پەردەپۆش دەکران؟ ئەم چیرۆکەش ئەفسانە بوو، بەڵام وای لێدەکردیت بیری لێبکەیتەوە، ناوبەناو گفتوگۆمان دەکرد. هەر بەیەک گەیشتن و گەیشتنێک باجی هەبوو. (فەرهاد) شاخەکان کون دەکات، دەیەوێت

[154] بەتایبەتیش لەناو چەند گەلێکی ڕۆژهەلاتی ناویندا وا باوە لەیەکەمین ڕۆژی دوای مردنی هەر کەسێک، حەڵوا دروست دەکرێت و بەسەر ئامادەبوواندا بڵاوی دەکەنەوە.

دوای سەرکەوتن بەسەر زەحمەترین ڕێگەدا؛ بگات بە خۆشەویستی. کەواتە کەس بە ئاسانی بە خۆشەویستی ناگات، بەڵام ڕاستیش نییە لە چوارچێوەیەکی مەحاڵدا لێکبدرێتەوە، بە ئاراستەی پەنهانی و ئاسماندا ببرێت.

تێزی "ئەوینی پیرۆز" تێزێکی چۆن بوو؟ (شەنەر) لە هەموو نامەکانیدا باسی لە پیرۆزی دەکرد. دەستەواژەی پیرۆزی دەستەواژەیەکی قەشەنگ بوو، بەڵام پێویستە نهێنی، شک و نیگەرانی تیانەبێت. من دەمگووت "خۆشەویستی جەنگە، تێکۆشانە"، ئەو دەیگووت: "خۆشەویستی پیرۆزە".

ئەی باشە خودی جەنگ و تێکۆشانیش پیرۆز نەبوون؟ نامە پڕ لە ململانێیەکانم، خۆشەویستییە پڕ لە ململانێیەکانم، ڕایەڵکە، قسە، ساڵە پڕ لە ململانێیەکانم...هتد بەڵێ، بەڕاستیش لە هەمووشیاندا (شەڕ – تێکۆشان) هەبوو. بەڵام جەوهەر، شێوە، هۆکار، ئەنجام و تایبەتمەندییەکانیان جێگەی بایەخ بوون. شەڕ و تێکۆشان دەستکەوتەکانی چی بوون و شکستەکانی چیبوون؟ واتای شەڕ و تێکۆشان لێرەدایە.

لە ڕۆژانی بەرەو پێشەوەترچوونی مانگرتنەکەدا هەڤاڵ (موزەفەر ئایاتا) هات. لە ڕیزی (DEV-SOL)ییەکانیش (جەلالەدین جان) هەبوو. لە ئەسکی شەهیرەوە هاتبوون. سەیرە، ئەوانیش سەرەتا بە زۆرەملێ بۆ ئەوێ ڕاپێچکرابوون، ئێستاش لەوێوە دەست بە دوورخستنەوەیان بۆ ئاماسیا کراوە. دووژمن سەری لێ شێوابوو، یان ئەمەش پارچەیەکی پلانی دوورخستنەوە بوو؟ ئەمە جۆرە پەیڕەوی سیاسەتێک بوو کە تیایدا هێزی بەندکراوان پارچە دەکرا، بەش بەش دەخرانە ژێر کۆنترۆڵەوە، لە هەر یەکێک لە زیندانەکاندا شتی نوێ دەسەپێندران؛ ئەگەرچی یەک ناوەڕۆکیشیان هەبێت، بەڵام سەرقاڵکردنی بەندکراوان و

دەوڵەمەندکردنی هەموو جۆرە ڕێبازێکی پەرتەوازەکردن و لەباربردنی کەسایەتی بەندکراوانی هەڵدەگرت.

لێرەش دەستمان بە ئاڵوگۆڕی نامە کردبوو، هێشتاش هێزی هەڵدانی تۆپە هەویرمان هەبوو بەسەر گوێسەبانەکاندا. بەڵام گەیاندنی نامەکان دەبوو بە کێشە. هەڤاڵان لە قاوشێکی وەهادا بوون کە لە قاوشەکەی ئێمەوە ئاسان نەبوو گوێسەبانەکەیان بپێکیت. ناوبەناو هەندێک نامەمان دەکەوتە دەستی دووژمنەوە کە بەسەر گوێسەبانەکەوە دەگیرسایەوە. هەر هیچ نەبێت دەمانتوانی یەکتر لە ڕووداو و پێشهاتەکان ئاگادار بکەینەوە.

شانبەشانی بەرفراوانبوونی پێکهاتە و ئاستی بەندکراوان، ئیدارە تووشی دڵەڕاوکێ ببوو. هاوکات (موزەفەر) بەڕێوە تووشی خوێنبەربوونی گەدە ببوو. ڕێگە؛ ئەو گرووپەی تێکدابوو و کاری تێکردبوون. لەسەر ناوی قاوشی ژنان، (جاهیدە) بەشداری لە چاوپێکەوتنەکان دەکرد. هەڤاڵ (سەعید کۆرکماز)یش لەولاوە هاتبوو. لە یەکەم چاوپێکەوتندا ئەنجام بەدەست نەهێندرابوو، هەندێک داواکاری ببوون بە مایەی قەیران.

هەڤالان ئاماژەیان بەوە دەکرد کە باری تەندروستی (موزەفەر) باش نییە. خەممان بوو. چالاکییەکی سەرتاسەری و گشتی لە ئارادا نەبوو. تایبەتمەندییەکی وەهاشی نەبوو کە کاری نەرێنی بکاتە سەر زیندانەکانی تر یاخود سیاسەتی گشتیمان و ڕۆڵی دەستنیشانکەری هەبێت. لەم واتایەدا بەلامەوە ڕاست و بەجێ نەبوو پێداگری و سووربوونێکی زۆر لەسەر هەندێک ماددە بکرێت. بەتایبەتیش بۆ داواکاری لەو جۆرە نابێت کەس لەدەست بدەین، یان لەدەستدانی هەڤاڵێکی وەک (موزەفەر) مایەی پەسندکردن نییە. ئەگەر چارەسەری کێشە زۆر بنەڕەتییەکان جێگای باس بێت و تایبەتمەندی ڕێخۆشکردنی بۆ ئەنجامی

مێژووییانە هەبێت، لەو پێناوەدا زۆرشت لەبەرچاو دەگیردرێت، بەپێچەوانەوە ئەگەر تایبەتمەندییەکی بەوجۆرە دەستنیشانکەر و لایەنێکی وەها هەڵنەگرێت کە کاریگەری نەرێنی لەسەر گشتی بکات، ئەوا پێداگری و سووربوون بە واتای هەڵبژاردنی مردن و لەدەستدانی مرۆڤ دەهات. چەوتییەکەی لەبەر چاوان بوو. بەرپرسیارێتییەکەیم لەئەستۆ گرتبوو هەر چەندە جیاوازیش بێت. (DEV-SOL) پێداگری دەکرد، تەنانەت ئێمەیان لەگەڵ بڕیارەکانمان بە ناکۆک نیشان دەدا. لەم بوارەدا هەڵوێستێکی توند، دەمارگیر و سەپێنەرییان دەنواند. لەڕاستیدا شێوازی دەربڕینی کێشەکان لەلایەن هەڤالانی بەشداربووی چاوپێکەوتنەکانەوە و لەبواری هۆشمەندی و سیاسییەوە بە وریاییەوە مامەڵە نەکردنیان لەدژی دووژمن هۆکارێکی سەرەکی بوو. لەم بوارەدا هێزی نوێنەرایەتی پێکهاتوو لە (جاهیدە) و (سەعید) هێزێکی لاواز بوو. دووژمن هەڵوێستێکی خلافێنەر و ملنەدەری نواندبوو. واتا لەو چاوپێکەوتنەدا بەکاریگەر نەببوون. بەڵام بەگشتی زیندانەکانی تر هێور و ئارام بوون، دەترسان لەوەی چالاکییەک لە ئاماسیا بە مردن کۆتایی بێت. هاوکات بە پێگەی (موزەفەر)یشیان دەزانی.

ناچار خۆم چووم بۆ چاوپێکەوتن، داوام لێکردن کە (موزەفەر)یش بانگ بکەن. سەرەتا پێکەوە قسەمان کرد. باری تەندروستی (موزەفەر) ناجێگیر بوو. من بە ئاماژەکردن بۆ ئەنجامگیرکردنی چالاکییەکە گووتم: "سووردەبین لەسەر داواکانمان. هەوڵی چارەسەرکردنی ئەو ماددانە دەدەین کە چەقبەستبوون و چالاکییەکە ئەنجامگیر دەکەین". (موزەفەر) رازی نەبوو. پاشان لەگەڵ ئیدارەی زیندان دانیشتین. ئیدارەمان هێنایە سەر خاڵی ئامانجکراوی خۆمان و گووتمان: " یەک دوو شتی

ئەوتۆ دەمێننەوە لە ژیاندا ئەوانیش کارا دەکەین٠ و کۆتاییمان بە چالاکییەکە هێنا. لە قۆناخی دواتردا ئەندامانی (TIKB) و (DEV-SOL) رەخنەیان کردین. ویستیان ئەم خاڵە لەدژی ئێمە بەکار بهێنن، بەڵام دوای گفتوگۆیەکی تێروتەسەل؛ تێمانگەیاندن. جاروبار چەپڕەوەکان هەڵوێستی محافەزەکار و پێداگرییان دەنواند. مافی پاراستنی کادیرەکانیان بۆ خۆیان بەڕەوا دەزانی، بەڵام بە هەمان هەست و بۆچوونەوە مامەڵەیان لەگەڵ کادیرەکانی ئێمە نەدەکرد. ئەمەش فێڵبازییەکی تری ناو سیاسەت بوو.

زیندانی ئاماسیا ناچاری دوو چالاکی یەک لە دوای یەکی کردین. هەرچارە و مانگرتن و (مانگرتنی تامردن)ی زیاتر لە مانگێک تادواڕادە شەکەت و ماندووی دەکردین. هێشتا نەهاتبووینەوە سەرخۆمان شاڵاوێکی تری زوڵم و قەدەخەکاری دەستی پێدەکرد. گۆڕەپانێک بوو کە لەلایەن رای گشتییەوە زۆر نەبیسترابوو. هاوکات لەدەرەوەش لەنێوان دامودەزگا دیموکراتییەکان و گەلدا رێکخستنێک نەبوو، تازە بە تازە لە ئاماسیا باس لە بەرخودانی بەندکراوان دەکرا. ئەمەش فاکتەرێکی گرنگ بوو. کەسوکار و خانەوادەکانیش بەهۆی دووربوونیانەوە نەیاندەتوانی بێنە لای یەک و هەلومەرجێک بۆ خۆگەیاندن بە هێز دەستەبەر بکەن.

(موزەفەر) ناوبەناو گفتوگۆی دەکرد و تووڕە دەبوو و دەیگووت: "ئایا ناتوانین بەدەر لەم چالاکی مانگرتنانە، چالاکییەکی تر بهێنینە کایەوە؟" بەجددی گفتوگۆمان لەسەر دەکرد. (موزەفەر) دەیگووت: "جۆرەکانی بەرخودانی کرداری هەمیشە سەرناگرێت، بەتایبەتیش کاتێک بە ئاستی راپەڕین دەگات، ئەنجامی مەترسیداریش لەگەڵ خۆی دێنێت. دووژمن ئەگەر بە مایەی خوێنیش بێت هەر سەرکەوتی دەکات. جگە لەوەش بە دروشم و

کاردانەوەکانی تریش نابێت. چالاکی بارمتەگرتنی کارمەندان و ئەندامەکانیان ئەنجام بدەیت، ئەوەش کێشەکە چارەسەر ناکات. یان لەم کارەدا گرێکوێرەیەک هەیە، یان ئەوەتا ئێمە ناتوانین خولقێنەر بین؟".

بەڵێ؛ دووژمن لەچوارچێوەی ئەو سیاسەتەی خۆی دایڕشتبوو و لەسەر ئەو زەمینەیەی کە خۆی دروستی کردبوو هەوڵیدەدا لەناوخۆماندا بەشەڕمان بدات. لە زینداندا سەرەڕای هەموو زوڵم و قەدەخەکارییەک، سەرەڕای هەموو میکانیزمێکی کۆنترۆڵکردن و هەموو بێ دەرفەتییەکانی تر، ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی، شکاندن و لاوازکردنی کاریگەرییەکانی دووژمن، پێکهێنانی سیاسەتێکی زیندان کە لانی کەم هاوئاست و شایستە بێت بە تێکۆشانی دەرەوە و خزمەتی بکات، لەهەموو گرنگتر زاڵکردنی ئەم سیاسەتە ڕەنجێکی گەورەی بۆ تەرخانکرا.

پێویست بوو هەموو شتێک لەچوارچێوەی هەلومەرجی زیندان و ڕێسا سەپێندراوەکانیدا لێکنەدرێتەوە، چارەسەرییەکانیشی هەر بەو چوارچێوەیەوە سنووردار نەکرێت. تا ڕادەیەک دەمانزانی دووژمن بە پەلاماردانی زیندانەکان دەیەوێت ڕۆژەڤ چەواشە بکات، هێز و وزەی بەندکراوان لەبار ببات. لەلایەک ئامانجی ئەوە بوو بە پلانە زەبروزەنگ ئامێزەکانی نەهێڵێت بەندکراوان هەناسە بدەن، لەناو کێشە و گرفتی خۆیاندا بخنکێن و سەرقاڵیان بکات، لەلایەکی تریشەوە بەهێرشێکی بەردەوام دەیویست چالاکییەکانی جەماوەری تێکۆشانەکانەمان بەچۆکدا بدات.

لە ڕاستیدا تەکتیکێکی تا دواڕادە ژێربەژێر و چەپەڵ بوو هاوکات زۆر ئامانجیشی لەخۆ گرتبوو. لەو نامانەدا کە بۆ یەکترمان دەنووسی و تەنانەت لەو نامانەشدا کە بۆ هەڤالانی دەرەوەمان دەنووسی بەدواداچوونێک دەکرا، هەوڵدەدرا

بەقووڵایی و بەفراوانی لێکدانەوەی بۆ بکرێت، بەڵام بابەتێکی هەستیار بوو. بەرخودان تا رادەیەک بە لایەنە قەباکانییەوە لێکدەدرایەوە. گفتوگۆکردن لەسەر (مانگرتنی تامردن) و جۆرەکانی تری مانگرتن کە لە بەکاریگەرترین چەکەکان بوون، بەر لەهەموو شتێک ئەگەری هەبوو لەناو بنکەی کادیری و ئەندامانی خۆماندا بەهەڵە لێی تێبگەن. کەچی لەگەڵ هەر قەدەخەکارییەکی بچووکیشدا دەستبەجێ سەرنج رادەکێشرایە سەر مانگرتن یاخود جۆرە چالاکییە درێژخایەن و تاقەتبەرەکانی تر. بەتایبەتیش لەو شوێنانەدا کە لاچەپ، بچووک و بەلای دووژمنەوە لاوازبوو ئەو جۆرە پەلامارانە بەشێوەیەکی چڕوپڕ دەکران.

## راپەڕینەکانی فەڵەستین لە کوردستانیش سەریهەڵدا

بەرێگەی جیاجیا هەندێک لە ژمارەکانی رۆژنامەی (سەرخۆبوون)مان پێدەگەیشت. هەر یەکێکیان بۆ ئێمە پێداویستی پەروەردە بوون، هاوکات چەند بەشێک لە شیکارییەکان[155] دەهاتن، هەموویانمان بە تینوێتییەکی گەورەوە لەئامێز دەگرت و دەخوێندەوە.

گەشەسەندنی سەرهەڵدانەکان بووە مۆراڵێکی زۆر گەورە بۆ هەموو لایەک. تێکۆشانمان دەبوو بە تێکۆشانێکی جەماوەری و گەل، ئیتر لە گوند و شارۆچکە و تادەهات لە شارەکاندا هەموو خەڵکی دەجولاند، ئەمەش وزەی لە خێرایی دووژمنی لەداڕشتنی پیلان و پەلامارەکانی لەدژی زیندانەکان دەبڕی. هەموو سەرنجێک لەسەر سەرهەڵدانەکان بوو...

راپەڕینەکانی فەڵەستین ئێستا لە کوردستانیش بە شێوازێکی زۆر شکۆدارانە گەشەی دەسەند. گۆڤاری (2000 ە دۆغرو)[156] لەو رۆژانەدا رووداو و پێشکەوتنەکانی بە هونەر و بەرهەمی خۆیان رادەگەیاند. چاوی خۆیان بەتوندی بەستبوو لەو راستییەی

---

[155] مەبەست لەو هەڵسەنگاندن و شیکردنەوە تیۆرییانەی رێبەری گەلی کوردستان عەبدوڵلا ئۆجالانە.

[156] گۆڤارێکی هەفتانە بوو لەلایەن دۆغو پەرینچەکەوە دەردەکرا، دۆغو پەرینچەک کە ئێستا سەرۆکی پارتێکی فاشیزانەی تورکە بەناوی پارتی وەتەن، کەسێکی بەرەچەڵەک کوردە و لەسەرەتای خەباتی سیاسی زۆربەی پارتە چەپە کوردی و تورکییەکانەوە تا ئێستا واتا لە ساڵی 1968ەوە رۆڵێکی گەورەی داردەستەیی و نۆکەری دەوڵەتی تورک و چەند دەوڵەتێکی تری جیهانی خۆی لەناوچەکەدا سەلماند. ئێستاش هەر چەندە بە ئاشکرا دووژمنایەتیش دەکات، بەلام ژێربەژێر لەگەڵ هەندێک لایەنی کوردی، لەدژی بزاڤی نەتەوەیی کوردی دیموکراتدا کار دەکات.

که گەریلاکانمان ڕێگەیان بۆ ئەو پەرەسەندنانە کردۆتەوە و وەڵامی کاریگەرییەکانی شەڕ و تێکۆشانی گەریلایە. دەیانەویست خۆیان ئەو بۆشاییە پڕبکەنەوە کە لەو بوارەدا لە ئارادایە. خودی شەڕی گەریلا زەمینەی بۆ (دۆغو پەرینچەک) ڕەخساندبوو کە بچێتە ناوچەی جزیرەی باکووری کوردستان و لەوێ میتینگی جەماوەری ساز بدات. پێشتر و لەکات و ساتی تردا تاکە هەنگاوێکیان پێنەدەنرا. دوای ئەوەی تێکۆشانەکەمان هەلومەرج و بوارێکی گەورەی ڕەخساند، خەباتی ڕێکخستنی جەماوەری، وەجوڵەخستنی جەماوەر لەبەرەی سیاسییەوە و گەیاندنی بە پەیوەندییەکی قووڵ و توندوتۆڵ لەگەڵ گەریلا، دەرفەتێکی ناوازە و دەستلێبەرنەدراو بوو. (پەرینچەک) هەستی بەو زەمینەیە کردبوو و هەوڵیدەدا بۆخۆی بقۆزێتەوە.

(پەرینچەک) ڕاپەڕینی جەماوەری بۆ چەند قسەیەکی خۆی دەگێڕایەوە کە لە مەیدانی گردبوونەوەکەدا کردبووی و دەیگووت "ئێمە خەڵکمان ڕاپەڕاند". بەڵام نەیدەزانی بەمە گەورەترین ساختەکاری خۆی ئاشکرا دەکات. بێگومان بڵاوکردنەوەی هەواڵ و باسی پەرەسەندن و گۆڕانکارییەکان لەو گۆڤارەدا مایەی پێزانینە، هەر ئەمەش بوو بە هۆکارێک کە بۆ ماوەیەکی کاتی لە هەندێک شوێنی کوردستاندا بگیرسێنەوە. سوود و کەڵکی ئەو جۆرە گۆڤارانە دەرفەتی ئەوەی پێدەدان لە بواری یاسایی و لەبەردەم ڕای گشتی دا تۆزێک خۆیان دەرببڕن.

گۆڤاری ئایدینلک[157] ماوەیەک وەک ئیخبارنامە[158] یەک کاری دەکرد. ببوون بە هۆکاری بەندکران، سزادران و ئەشکەنجەدرانی

---

[157] مێژووی دامەزرانی بۆ دەوڵەتی عوسمانی دەگەڕێتەوە، بەڵام دوای ماوەیەکی زۆر و لەسەر دەستی دۆغو پەرینچەک بۆ دووەمجار لەپەراوێزی هەمان ئامانجی سیاسی عوسمانییەکاندا زیندوو کرایەوە.

[158] بەواتای بەدەستەوەدان و زانیاریدان بە دووژمن .

کەسانێکی زۆری لە ژمارە نەهاتوو. ژمارەی ئەو ئەندامانەی (PDA) کەم نەبوون کە دەهاتنە هۆڵی دادگاکانەوە و لەدژی بەندکراوان شاهێدیان دەدا. ئەوانە تاوانبارن لەبەردەم گەلی کوردستاندا. ئەو جۆرە رەفتارانە بەواتای جێگرتن بوو لەبەرەی دووژمندا لەبەرامبەر بە دۆزی کوردستان. بەڵام ئەگەر ئەمڕۆ لانی کەم پەرەسەندنەکانی گۆڕەپانی شەڕ دەکرێت بە هەواڵ، دەربڕی لە خواستەکانی گەل دەکرێت، ئەوەش بەواتای رەخنە لەخۆگرتنێکی کردارییانە و (لێرەدا مەبەستی نووسەرەکە بۆ ساڵی نووسینی ئەم پەرتووکە واتا 1996 - 1997 دەگەڕێتەوە -و)، بەواتای هەنگاوی وازهێنان لە تاوانکردن دەهات. کاتێک لەم لایەنەوە هەڵماندەسەنگاند بە ئەرێنیمان دەزانی. بەڵام لەم خاڵەدا تاچەند خاکیبوون و بنەمای دۆستایەتی هەبوو، چەند بە بنەما وەردەگیرا؟ هەموو ئەمانە بەپێی کات روونتر دەبوونەوە؟ بەڵام ئەوانەی کە راپەڕینەکانیان بە "جوڵانەوەی عەفەوی" ناوزەد دەکرد و ئەوانەشی کە بۆ قسەکانی (دۆغو پەرینچەک)یان دەگەڕاندەوە بە هەڵەدا دەچوون. سەراپای ئەو بەها و نرخانەیان پێ هەرس نەدەبوو کە بەخوێن و رەنجێکی گەورە بەرهەمهاتبوون.

هەڤاڵێتی و دۆستایەتیمان لەگەڵ هەڤاڵانی گرووپی عاجیلجییەکان[159] ئاستێکی هەبوو. لەگەڵ هەڤاڵانی پیاویش هەر لە یەک قاوشدا بوون. پەرەسەندن و گۆڕانکارییەکانی دەرەوە هیوای بەوانیش دەدا. شادی، سەرکەوتن و شانازی شۆڕشی کوردستان بەتەنیا خۆی بەس بوو بۆ خۆڕاگری مرۆڤ. ئەو

[159] گرووپی عاجیلجییەکان؛ گرووپێکی سەر بە پارتی – بەرەی رزگاری گەلی تورکیاDHKP-Cیە، ناوەکەشیان لەو نامیلکەیەوە بەسەردا دەبڕدرێت کە لەساڵی 1970 دا بەناوی - کێشە بەپەلەکانی شۆڕشی تورکیا – دەریان کردبوو.

هەڤاڵانە هەوڵیاندەدا ئەو کاریگەرییانە بۆ گرووپەکانی خۆیان بگوازنەوە. لەگووتارەکانیاندا کە بۆ دەرەوەیان رەوانە دەکرد رەخنە و پێشنیازییان پێشکەش دەکردن، ئەمەش راستییەکی دەسەلماند.

گفتوگۆ گەرموگوڕەکانی 1988 مان تا رادەیەک لە رەهەندێکی تردا لە ئاماسیا بەردەوامی دەکرد. دەمگووت: "ساڵی 1990 ساڵی رزگارییە. دەبێت بە راپەڕینی سەرتاسەری. هەلومەرجی راپەڕینی سەرتاسەری لە کوردستان و تورکیادا دەرەخسێت". هەڤاڵان زۆر بە خەیاڵپەرست ناوزەدیان دەکردم. بێگومان خەیاڵیشی تیادابوو، بەڵام هەنگاوەکان ئەو هیوا و هەستەی لەلا دروستکردبووم. کاتێک راپەڕینەکان هاوتەریبی گەریلا سەریانهەڵدا، ئەم هیوایەم زیاتربوو. خۆشبینییەکی زێدەڕۆییانەی هاوشێوەی سەردەمی هێرشە ستراتیژییەکانی قۆناخی دوای 15ی ئابی دەهێنایەوە بەرچاومان. ئەمجارەیان راپەڕینەکان منی بەرەو تێزی خۆشبینی وەرچەرخانیان بەرەو سەرهەڵدانی چەکدارییەوە دەبرد. شتی دوور لە راستی نەبوون، بەڵام پێناسەیەکی راست و گونجاویش نەبوو بۆ دۆخی ئەوسا.

بۆ یەکەمجار زیندان ئەوەندە بەلامەوە تەسک و تروسک ببوو، جێگەم نەدەبووەوە تیایدا. خواستی جێگرتن و بەجۆشهاتن لەناو ئەو شەپۆلەدا، هەموو رۆژێک پلانێکی نوێی راکردنی لەمێشکمدا دروست دەکرد. تەنانەت دەستم کردبوو بە هەوڵی تاقیکردنەوەی رێگە مەترسیدارەکانیش. چەند جارێک لەسەربانەکەوە بەدوای رێگەیەکدا دەگەڕام. لەسەرچەفەکان پەیژەمان دروست دەکرد و لە چەند سانییەیەکدا سەرکەوتن و دابەزین دەیخرۆشاندین. ئەم تاقیکردنەوانەمان کە بەئامانجی کەشفکردنی نۆبەتگە و دەوروبەر بوو، هەرجارە و رووبەڕووی رێگرییەک دەهاتین. بەردەوام

دەمانگووت: "مسۆگەر دەبێت ئەمجارە سەرکەوین"، بەڵام پاشان قاری سەرنەکەوتمان هەڵدەکێشا. تەنانەت (موزەفەر) کە جیهانێک بوو لە سەبر، سەبرکردنەکەشی کاری تێنەدەکرد. تاقیکردنەوە و ئەو پلانانە درێژەیان هەبوو کە بە پەلەپرووزی دادەڕێژران.

# (شەنەر) دەبوو بەسەرباز

لەبەرەی (شەنەر)ەوە کاروبارەکان ئالۆزبوون. سوپرایزێکی تری چاوەڕوان نەکراو رووی تێکردبوو! (شەنەر) دەستگیرکرابوو و رەوانەی سەربازی کرابوو. لەکاتێکدا چاوەڕێبووین بڕواتە دەرەوە، ئەم هەواڵەی کاری تێکردین. نەدەبا ئەو ماوەیە دوور و درێژە لە ئەستەمبوڵ بمێنێتەوە! نەشماندەزانی لە ماڵی کێ ماوەتەوە و ماڵێکی چۆن بووە. شیمانەمان هەبوو و متمانەمان پێنەبوو. دەگووترا لەکاتی چاوپێکەوتن لەگەڵ هەڤالاندا دەستگیرکراوە، (م.ئەکسەن) و کەسی تریش هەبوون. زۆربەیانمان نەدەناسین. دەمانگووت لەوانەیە ئەو کەسانەی کاتەکەیان دیارکردبوو و چووبوون بۆ چاوپێکەوتنەکە هەڤاڵیش نەبووبن". شیرۆڤەکانمان مایەی دڵخۆشی نەبوون. دواتر تەلەگرافێکی بۆ ناردین، هەڤالانی ئامەد سەبارەت بە دەستگیرکردنەکەی هەندێک شتیان نووسی بوو و دەیانگووت کە لەبەرکردنی جلوبەرگی سەربازی و جێبەجێکردنی یاساکانی رەتکردۆتەوە. ئەم هەواڵە زۆر دڵشادی کردم و دەمگووت: "دەبێت بەم شێوەیە بێت. ئەگەر (PKK)ییە نابێت ئەو جلە لەبەر بکات! لەم بارەیەوە گووتارمان نووسیبوو و فەرمان و رێنماییناممەمان هەبوو، کەوابوو دەبوو بەر لە هەموو کەسێک خۆمان جێبەجێی بکەین. پێویستە لەسەر شەنەر لەم هەنگاوەدا سەرکەوتبوو بێت". هەرگیز بیرم لە پێچەوانەکەی نەدەکردەوە. چوونە سەربازی، تاوانبوو.

پێشتر لەلایەن (حەیدەر)ی خەڵکی نازمیە[160]وە نامەیەکمان بۆ هات، بووە بە سەرباز و لەوێوە ناردبووی، بەمەش واقم وڕما. لەنامەکەدا گووتی: "دلاوەریشیان هێنا، بەڵام ئەو داوای مۆڵەتی کردبوو، دەیگووت کە منیش دەبەن[161]، چاوەڕێم. لێرە تەنیا رۆژێکیش پێمناکرێت چاوەڕێ بکەم". هەندێک شتی بە زمانێک نووسی بووی کە ئیدارە لێی تێنەگات، بەڵام ئێمە تێگەیشتین. کەواتە (دلاوەر)یش بەردرابوو و راستەوخۆ بۆ سەربازی برابوو. ئەویش پلانی وابوو مۆڵەت وەربگرێت و لەو هەلەدا بڕواتە دەرەوەی وڵات. بنەماڵەیەکی گەورە و بەرفراوانی هەبوو، کارە بیرۆکراسییەکانیان پێدەکرا. خزمی پۆلیسیشیان هەبوو، دەمانگووت: "ئەگەر بە باشی رێکی بخات دەتوانێت دەرکەوێت".

پاشان هەواڵمان پێگەیشت کە دەرباز بووە. زۆر ئاگاداری ئەو قۆناخە نەبووین. بەڵام دواتر بیستمان کە لە هەمان ساڵ واتا 1988 دا خۆی کوشتووە، زۆر واتامان پێنەدا. تێنەگەیشتن، ئایا بردنی بۆ سەربازی پێ هەرس نەکرابوو، یاخود بەهەڵە تێگەیشتبوو؟ نەمانتوانی شیرۆڤەی بکەین. سەبارەت بە (مەحمود)ی پارێزەریش دەگووترا کە وەک ئەفسەرێکی ئاسایی سەربازی کردووە و پاشان چۆتە دەرەوەی وڵات، دواتر کوژراوە. بابەتی هەستیار بوون. پارتی کاری هەڵەی نەدەکرد، لەم خاڵەدا هەمووان متمانەی تەواویان هەبوو بەپارتی، بەڵام تێگەیشتن لە خۆکوشتنی کەسێک کە لەدوای چەندین ساڵ گەیشتووە بە پارتی، زەحمەت بوو و زۆریشی بۆ دەهێنایین.

بەتایبەتیش ئەوانەی لە قاوشی قاچاخچییەکان بوون و دەیانناسی زۆر پێی کاریگەر بوون. (جانتورک) کە پێشتر لە

---

[160] شارۆچکەیەکی سەر بە پارێزگای دێرسیمە.

[161] مەبەست لە بردنە بۆ گۆرەپانەکانی تری خەبات لە دەرەوەی وڵات.

زیندانی ماماک پێکەوە بوون، بە دڵی پڕ لەگریانەوە پرسی: "من بڕوام بە هەموو شتێکە کە لەزاری دادەمەوە بێتەدەرێ، بیکە بەخاتر راستم پێبڵێ، پارتی کوشتی؟ چونکە کەسێک نەبوو خۆی بکوژێت. باش دەمناسی". کە گووتم: "دڵنیام کە پارتی نەیکوشتووە، بڕوات هەبێت" فرمێسکی چاوی بە ئەسپایی بەسەر رووەمەتیدا داباریبنە خوارەوە. ئەویش گووتی: "با بەگوللەی پارتی نەکوژرابێت! هیچی ترم ناوێت. چونکە زۆر بە ئازارە". پێمگووت: "باشە بەرگەی چیی نەگرتبوو؟" و راوەستام. بۆ هەمووومان نادیارییەک بوو.

ئێمە؛ کۆمەڵێک لەوانەی دەمانناسی قسەیەکی زۆرمان لەسەر کرد. (دلاوەر)م لە خارپێت ناسی. (حاملی)یش لە نزیکەوە دەیناسی. تۆبڵێی زیندانی ماماک گۆڕیبێتی؟ یان ئەو ماوە کەمەی سەربازییەکەی؟ وەک هاوکێشەیەکی نادیار وابوو. مرۆڤ کە زانیاری بەرجەستە و رەهای نەبوو، شیرۆڤەکردنیشی سوودێکی ئەوتۆی نابێت.

کاتێک بابەتی سەربازییەکەی (شەنەر) دەهاتە ناوباسەوە، ئەندێشەی لەو جۆرەشی لەگەڵ خۆی دەهێنا. دووژمن بۆچی کەسێک ببات بۆ سەربازی کە بە (PKK)یی بوون تاوانبار و دادگایی کردبێت، چی لێدەکات؟ گرتن و بردن بۆ سەربازی و سەربازیکردن پێچەوانەی پرەنسیپ بوو. ئەگەر بە زۆری زۆرداریش ببردرێت، دەبێت حیساب بۆ ئەو کاریگەرییە بکرێت کە لەسەر کەسەکە دەیکات. پاشان "کۆمەڵێک پێشهاتی دەبوو. بەندکراویی جیاواز بوو. بەندکردن توندترین جۆری رووبەڕووبوونەوەی نەیاران بوو. دووژمن بە ددانەکانی خۆی جەستەی بەندکراوەکەی کون کون دەکرد و ناوی لەمەش نابوو بەندکردن. بەهێز و چالاک راگرتنی دڵ و مێشک و رێگەنەدان بە

لەدەستدانییان؛ سەرەڕای هەموو شتێکیش گەورەترین بەگژداچوونەوەی دەویست.

سەربازیی: ئەو گۆڕەپانە بوو کە دووژمن راستەوخۆ بە ئامرازی چالاک سیاسەتەکانی خۆی تیادا جێبەجێ دەکرد. لەبەرەی خۆیەوە هێزی خۆی لەو دەزگایەدا دەنواند. ئەمە ئامانجێکی لەولاتری زۆرداری و فەرمانداربیەکەی ناو زیندانی هەڵگرتبوو. بۆ ئەوەش دەبوو تا زووە یان خۆدەرباز بکرێت یان ئەوەتا جلوبەرگیان لەبەر نەکرێت، یاساکانیان جێبەجێ نەکرێت، چەکی دووژمن هەڵنەگیرێت و لەبەرامبەریدا بەرخودانی بکرێت. رێگەیەکی تری نەبوو. بە (موزەفەر) و ئەوانم راگەیاند و پێمگووتن: "دەبێت هەواڵ بۆ دەرەوە بنێرین ئەگەرنا دڵنیام دەیکوژن". دووژمن پێی هەرس نەدەکرا. بەگژداچوونەوەی سەربازی، لەتورکیا هەرگیز لێخۆشبوونی نەبوو. ئەمەش نیگەرانی دەکردم!

بەنامەیەک رەوشەکەمان بە پارێزەرەکان راگەیاند. تەنانەت گووتارمان بۆ هەندێک رۆژنامە نارد. (ئیلهان سەلجوک) لە گۆشەیەکدا جێگەی پێدابوو. پارێزەرەکەش بەشێوەیەک وردەکاری ناو نامەکەی لە راگەیاندنەکاندا بڵاو کردبووەوە.

لەلایەکی ترەوە (کاراسو) و ئەوانیش کەوتبوونە گەڕ. بەڵام ئەوان هەڵوێستێکی لەوجۆرە بە رێگریکردن لەو هەوڵی خۆدەربازکردنە لە زیندان دادەنێن و رەخنەی دەکەن، لەجیاتی ئەوە بە (شەنەر) دەڵێن کە باشترە جلوبەرگی سەربازی لەبەر بکات، هەلێک بڕەخسێنێت و رابکات. ئێمە ئاگامان لەمە نەبوو. منیش بەردەوام نامە دەنێرم بە ئەملاو ئەولادا و دەمگووت: "دەبێت کەسوکار و خزمان بەئاگا بهێندرێن".

لە راستیدا لەژێر ئەم شڵەژانەم، نیگەرانییەکیشی هەڵدەگرت. هەڵویستی (شەنەر) لە سەروبەندی بەرخودانییەکەی 1984 بۆشاییەک بوو، لایەنێکی لاوازی بوو. کەسێک بەتاقیکردنەوەدا گوزەری کردبێت نیگەرانی و شڵەژانێکی بەوجۆرەی دروست نەدەکرد، نیگەرانی و شڵەژانیان جیاوازترە. هەڤاڵی وەها هەبوون کە ئەگەر دووژمن هەموو جۆرە تەڵەکەبازی و پیلانێکی لەسەر جێبەجێ بکات، هەموو جۆرە زۆردارییەکی لەسەر تاقی بکاتەوە، تەنیا ئێش، ئازار و ترسی لەدەستچوونی جەستەییانەی دەکەوێتە قووڵایی دڵتەوە، لایەنەکانی تری هێزت پێدەدەن، رق و کینت تیژتر دەکەنەوە، متمانە تێکنادەن. ئەم لایەنە لاوازەی (شەنەر) بەردەوام کاردانەوە و هەوڵی پاراستن، رزگارکردن و دەربازکردنی دەخستە دڵتەوە. چونکە هیوایەکم تیادا بەدی دەکرد کە خۆی بەهێز بکات و ئەو بۆشاییە پڕ بکاتەوە. وەکو بڵێی لە قووڵایی بیرێکەوە بۆ سەرەوەم رادەکێشا، تا شوێنێک هاتبوو، ئەگەر خۆی بتوانێت لەوەودوا هەڵمەتی خۆرزگارکردن بدات، ئەوا ترسی کەوتنیشی نەدەما. بیرکردنەوەکانم سەبارەت بە (شەنەر) ئەم خۆشبینییەشی هەڵگرتبوو.

(ساڵیحە) هاتبوو بۆ زیندانی ئاماسیا. لەوێوە دەچوو بۆ زیندانی تۆکات[162] بۆ سەردانی (شەنەر). دەیگووت کە لە زیندانی جەیهانەوە لەلای (کاراسو) و ئەوانەوە هاتووە. (کاراسو) هەواڵی بۆ (شەنەر) ناردووە کە " ئاقڵانەتر بجوڵێتەوە". زۆر بڕوام بە (ساڵیحە) نەدەکرد، بەڵام لام وابوو (کاراسو) وەکو تەکتیکێک داوایەکی بەمجۆرەی ئاراستە کردبێت. سەرەڕای ئەوەش نامەیەکم بۆ (شەنەر) نووسی و پێمگووت: "جلی سەربازی لەبەر ناکەیت، مادام هەڵویستێکی وەهات وەرگرت، پاشگەز مەبەرەوە.

[162] پارێزگایەکی تورکیایە کە دەکەوێتە هەرێمی دەریای رەشەوە.

ئێمە لەلای خۆمانەوە هەوڵی پێکەوەنانی پشتیوانی جەماوەری دەدەین". نامەیەکی بچووک بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا متمانەم بە (ساڵیحە) نەبوو. چونکە ئەو بەیانییە؛ هاتنەکەی (ساڵیحە) کێشەی لەگەڵ خۆی هێنابوو. خەڵک هاتبوون بۆ سەردان، کاتی چاوپێکەوتن هاتبوو و پاشان هەواڵی دەستبەسەرکردنی (ساڵیحە) و نەوەیەکیمان بۆهات. ئەمە ناچاری کردین هەڵوێست وەربگرین.

بەگشتی لەبەرامبەر هەرجۆرە گوشارێکی سەر سەردانیکاران هەستیاربووین، بەتایبەتیش ڕووبەڕووهاتنیان بەم جۆرە پەیڕەوکاریانە هەرگیز مایەی پەسندکردنمان نەبوو. چونکە ئەمە لەبەرامبەر بە خانەوادەکانی تریش هەڕەشە و هەڵوێستی وێرانکارانە بوون. هاوکات گووتمان: "دیارە ئەمجارەش نامەی داوە بەدەستەوە". ئەگەر هێشتا کەسێک هەبێت لەڕێی (ساڵیحە)وە نامە بنێرێت دیارە گەمژەییەکی گەورەی کردووە. لە نەهێنانە ژوورەوەی خزم و خانەوادەی بەندکراوان تووڕەبووین و دەستمان کرد بە ناڕەزایی دەربڕین. دروشمی: "نابۆ گوشاری سەر خانەوادەکان"مان دەگووتەوە. سەردانی ڕۆژانی جەژن بە ئاشکرا و ڕووبەڕوو دەکرا. لە زۆر شوێنەوە خەڵکێکی زۆر هاتبوون. دووژمن ئەگەر نەیەوێت ڕێگە بە چاوپێکەوتن بدات، ئەوا بیانووی دروست دەکرد. کەواتە چی بوو؟ ئێمە دیسان وابیرمان دەکردەوە کە "گێرەشێوێنییەکە"، بەڵام نەماندەزانی لەسەرچی و بۆچی دەیانکرد.

گریمان دەیانەوێت (ساڵیحە) بەتەواوی بەناوبانگ بکەن، (ساڵیحە) لەو بوارەدا ناوبانگی دەرکردبوو. ئەمەش وایدەکرد لەناوخۆماندا بڵێین: "کەوابوو نامەی بەدەستەوە داوە". چالاکی ناڕەزایی دەربڕین کەمی خایاند. ئیدارە لەگەڵ هەڤاڵانی نوێنەر دانیشتن و گووتیان: "کێشەیەکە لە ئێمە بەولاترە. پەیوەندی

بەئێمەوە نییە". پۆلیسی مەدەنی فێربوون، بردوویانە بۆ بەڕێوەبەرایەتی پۆلیس، پشکنینیان بۆ کردووە و پاشان بەریانداوە. (سالیحە) لەگەڵ نەوەیەکی کەمئەندامی پێکەوە هاتن. (سالیحە) چاوەڕێی پێشوازییەکی جیاوازبوو، بەڵام لەگەڵ (موزەفەر) تا ئاستێک مەودایەکمان بۆ دانا و بەوجۆرە قسەمان کرد. بە هەنگامەی بەقوربان و بە حەیران کردی بە قەرەباڵغی. ئەی خوایە، چۆن دایکێکە؟ لەلایەکەوە دڵت نایەت خۆتی بەسەردا تووڕە بکەیت، لەلایەکیشەوە قەرەباڵغی، ئاڵۆزی و تایبەتمەندی شەڕنانەوەی، مرۆڤی بێزار دەکرد.

دەیگووت: "سەراپا پشکنیمیان" کراسەکەی هەڵدایەوە و گوایا دەیەوێت تێمانبگەیەنێت و گووتی: "تەنانەت سەیری پێنە و تەقەڵەکانیشیان کرد، دەیانگووت: دەچی بۆ کوێ؟ بۆچی هاتوویت؟ سەردانی کێ دەکەیت؟.. ئەوانە پۆلیسی ئێرەنین، هی ئامەدن.." بە پێداگرییەوە دەیگووت: "دەیناسم، لەوێوە دوام کەوتبوون". پێمانگووت: "تۆ جارێکی تر مەیە بۆ ئێرە، پیریت، نەخۆشیت هەیە. ئەوجار ئەگەر لەڕێگە بتگرن، کەس ئاگای لێنابێت". کەچی هەر دەیگووت: "دوای ئێرە دەچم بۆ ئایدین و لەوێشەوە بۆ چاناک کالە" بەزۆر رازیمان کرد، بۆیە نامەکەمان پێنەدا، وێنەیەکی بچووکم پێدا و چەند رستەیەکی بچووکم لەسەر دیوی پشتەوەی نووسی: "سڵاو لە حاڵی بێ تاخم[163]یت دەکەم. ئاگاداری خۆت بە، تەندروستیت بپارێزە.." و (سالیحە) رۆیشت. ئەگەرچی لەگەڵ (کاراسو) لەو خاڵەدا کۆکیش نەبین، بەڵام نەمتوانی شتێکی تری لێ چاوەڕێ بکەم. بێگومان هەڵوێستی (کاراسو) و ئەوان دەستنیشانکەر بوو. لەڕاستیدا لەلایەنی لۆژیکییەوە هەڵوێستی ئەوان راستتر بوو و ئەو جۆرە کارانە

---

[163] مەبەست لە تاخمە جلی سەربازییە .

ئاسان نەبوون، بەڵام دەبووایە نەریتێکی نوێمان چالاک بکردایە. خوازیاربووم (شەنەر) ئەو هەڵوێستە بنوێنێت و ئاستی کەسایەتی خۆی بسەلمێنێت. وابزانم ئەم خواستەشم بەهۆی نیگەرانیەکی ناو ناخمەوە بوو. جۆرە بەسەردا سەپاندنێک بوو کە بۆ پێچەوانەکردنی لاوازییەکەی 1984ی خۆی بوو! ئەگەرچی زۆر بە ئەنقەست و بە ئاشکراش نەبێت هەستەکانم بەولایەدا پاڵیان پێوە دەنام.

لەگەڵ هەڤاڵ (موزەفەر) سەبارەت بە ئاستی پەیوەندیم لەگەڵ (شەنەر) و دۆخی پەیوەندی نێوانم لەگەڵ (حاملی) قسەمان کرد. هەموو شتەکانم وەکو خۆی بۆ گێڕایەوە. (موزەفەر)یش لەبەرامبەرم دانیشتبوو و گوێی بۆ شلکردبوو. منیش بەبێ هیچ سڵکردنەوەیەک قسەم دەکرد. چونکە قسەم بۆ هەڤاڵێکم دەکرد، رووداوەکانم بە هەموو کەموکورتی، ناتەواوی و چەوتییەکانییەوە بۆ باس دەکرد. گەرچی کاتێک لەگەڵ (شەنەر) قسەمان کرد، گووتبوومان: "ئەم پەیوەندییە لە پراکتیکدا دیاردەبێت. پراکتیکی تێکۆشانمان تاکە گەرەنتی ئەم پەیوەندییەیە. هەرکامێکیشمان زووتر گەیشتن بە پارتی، دەبێت بۆ (سەرۆک)ی باس بکات. ئەمەش دوایین ئەرێکردن و بڕیار بەدوای خۆیدا دێنێت". بەڵێنمان بەم شێوەیە بوو. بەڵام دیسانیش بە پێویستم زانی بۆ (موزەفەر)ی باس بکەم. ئەمە زۆر هۆکاری هەبوو. هەرچییەکیش و ئەگەرچی لەئاستی گووتە و قسەی نێوان دوو کەسیشدا بێت، نابێت بە شاراوەیی بمێنێت. بە نهێنی مانەوەی بێزاری دەکردم. کاتێک لە ئامەدیش بووین لەم بارەیەوە خواستم لەگەڵ (فوئاد)، لەگەڵ (شامیل) قسە بکەم، بەڵام (شەنەر) هەرجارە و رازی دەکردم و دەیگووت: "هەڤاڵان پێیان هەرسناکرێت، دەیگەڕێننەوە بۆ تێکچوونی پەیوەندیت لەگەڵ (حاملی) و پاشان پەرچەکرداریان

دەبێت... کەس حەز ناکات بەجۆرێک بتبینێت کە هی کەسێک بێت! منیش نەمویست بەوجۆرە بتبینم. لەخۆمەوە دەزانم".

بەڵێ؛ کەسێک بووم کە هەرگیز نەمدەویست ببم بە هی هیچ کەسێک؟ بوون بە هی کەسێک چۆن بوو؟ لە ژیانی خۆمدا ئەوەم رەتکردبووەوە؟ دەمگووت: "نەخێر، ئەم پەیوەندییە جیایە". چۆن جیاوازییەکی هەبوو؟!.. ئەم گووتەیە دروشمێکی گەورەی من بوو. "نەخێر، ئەمەیان جیایە!.. جیایە.. جیا.." وابزانم خودی (شەنەر) لەهەمووان زیاتر بەمەی دەزانی. چونکە من لە خۆشەویستی نەدەترسام، (شەنەر) لە خۆشەویستییەکەی من دەترسا. خۆی بە ئاشکرا دانی پێدا دەنا. من بەردەوام دەمگووت: "خۆشەویستی ترس هەڵناگرێت". خۆشەویستی کەس ناترسێنێت. کەوابوو بۆچی دەترسیت؟ لەلایەک بە گەورە و پیرۆز دایدەنا، لەلایەکیش دەترسا! ئەمە ناکۆکییەک بوو، ئەمە...هتد، پێم تەواو ناکرێت. چونکە ئەو ئەگەرە لە قووڵاییەکی زۆر زۆردا بوو. لاواز بوو، خۆشەویستییەکەی تەنیا لە ئاستی هەست پێکردنێکدا بوو، چونکە لە خۆشەویستیدا خەڵەتاندن و دووڕوویەتی جێگەی نەبوو. ئەمانە بەلایەک، دەمگووت: "نابێت بچووکترین زبری و خەوشی هەبێت". چەند خەیاڵپەرست بووم. یوتۆپیای خۆشەویستیم چەند سەیر و سەمەرە بوو...

ناکۆکی و شەڕم خۆشدەویست. تاکە ساتەوەختێکی بێ شەڕ بەلامەوە وەک ئەشکەنجەیەک وابوو. شەڕ خۆشبوو و ژیانی پێدەداین. شەڕ هێزی بە مرۆڤ دەدا.

چاوە شین یان مەیلەو سەوزەکەی (موزەفەر) بۆچی تەڕ داهاتبوو؟ بۆچی ئەویش نەیدەویست ببم بە هی کەس؟ دڵنیام لەو نیگا پڕواتایەی چاوەکانیدا ئەم راستییە هەبوو. پڕبەدڵ و بێ خەوش بوو، زۆر خاکی بوو. لە کاردانەوەکانیدا ئێرەییەکی زۆر

واتادار هەبوو، ساکار، خۆپەرست و تووڕەهاتانە نەبوو. وەک هەستێکی قووڵی هەڤاڵ بوو. بەڵام ئەم هاوڕێیەتییەمان ئەوەندە سەیر بوو؛ گووتنی راستییەکان وەک شکاندنی شتێک دەرکی پێدەکرا. بریا ئەو راستییە بێ بەزەیی پێ بگووتمایە ئەگەر بەباجی شکاندنی شتێکیش بووایە. لەکاتی باسەکەمدا دەستم لەنێوان هەردوو کەفی دەستی دا بوو. پاشان سەری خستمە نێوان هەردوو کەفی دەستییەوە و بەرەو لای خۆی رایکێشا و چەند جارێک سەری کێشا بەسەرمدا و گووتی: "هیچ ناڵێم، دەڵێن چاوی شین هیچ هەستێکی مرۆڤ بەدەستەوە نادات، منیش چاوم شینە، چی بکەم؟" هەموو ئەوانە لەلای من هەستێکی دروست دەکرد کە (موزەفەر) رازی نییە بەو کارە. پاشان بە دوور و درێژی رایەڵکەمان کرد.

من پەیوەست نیم بە کەسێکەوە ، بەڵام من بەبێ بیرکردنەوە لە هیچ شتێکی تر بەردەوام لە کەسی بەرامبەردا بەدوای شتێکدا دەگەڕام کە هی من یان هی خۆمان بێت، دەمدۆزینەوە و بەجۆرێک بەرگریم لێدەکردن کە لە خۆپاراستن و بەرگریکردنم لەخۆم بەولاتر بوو. هەرگیز لە یەک کات و شوێندا بیرم لەوە نەدەکردەوە کە لە خۆشەویستیدا مەترسی، قومار و دەستکەوت و لەدەستدان هەیە! بەڵام حەزم لە مەترسی و بەڵا دەکرد. ئایا حەز لە بەڵا کردن، وەک ئەوە بوو حەز لە بکوژی خۆت بکەیت؟

پاش ماوەیەک نامەیەک لەلای (شەنەر)ەوە هات. لە تۆکاتەوە رەوانەی بایبورت[164] کرابوو. بە دوور و درێژی نووسیبووی. دەیگێڕایەوە کە سەرەتا جلی سەربازی لەبەر نەکردووە، پاشان ناچار بووە.. وەها پێویستی کردووە.. پێی ناخۆش بووە.. و دەیگووت: "ناچارم لاوازییەکم بۆ دادەی خۆم بگێڕمەوە، دەزانیت

---

[164] پارێزگایەکی تورکیایە کە دەکەوێتە هەرێمی دەریای رەشەوە .

که هیچ ناشارمەوە" و وەها درێژەی پێدەدا: "لەبەردەم بێنباشییەکدا بووم، ئەوکاتە خۆمم پێنەگیرا و گریام. چاکم نەکرد، فرمێسەکەکانی بینیم. ئەمە حاڵی دۆڕان و جۆرە شکستێک بوو".
گفتوگۆ و دانوستانەکانمان بەڕێگەی نامەگۆڕینەوە بوو. نامەکانم بۆ ناونیشانێک دەنووسی کە بەناوی یەکێک لە وڵاتانی ئەورووپاوەیە، واتا نامەکان بەشێوازێکی ناڕاستەوخۆ دەهات و دەچوون. ناوی خۆمم نەدەنووسی، تەنیا ئەوەندە نەبێت لەلای خوارەوەی دەمنووسی (دادەی خۆت).
لەکاتی گواستنەوەیان لە تۆکاتەوە بۆ بایبورت، بە ئاماسیادا تێپەڕبوون، واتا بە بەردەم زیندانەکەدا. زیندان و سەربازی! بەهیچ جۆرێک پێم هەرس نەدەبوو. وابزانم هەواڵی مەرگ کەمتر کاری لێدەکردم. باوکی (جاهیدە)مان خستە گەڕ. لەگەڵ (کۆچ عەلی) بە ئاشکرا قسەم کرد، ئۆتۆمبێل و پارەشی هەبوو. ئێمەش بڕێک پارەمان پێدا و پێمگووت: "بڕۆ لەگەڵ شەنەر قسە بکە، پاشناوتان نزیکە. خۆت وەک خزمێکی ئەو بناسێنە. دەبێت قسەی لەگەڵ بکەیت، دەبێت رابکات. نابێت بۆ تەنیا رۆژێکیش بمێنێتەوە". بێگومان شتی وەکو: "دووژمن دەیکوژێت، دەیخاتە تەڵەیەکەوە، پاشان دەڵێن رایکرد و کوژرا.." مان لەسەر زیاد کرد بۆ ئەوەی بەجددی وەریبگرێت.
(کۆچ عەلی) بەڵێنی دا و گووتی: "باشە، بە زووترین کات دەچم". پاشان ماوەیەکی کورتی بەسەردا چوو و تەلەگرافێکی (شەنەر)مان پێگەیشت. دەڵێت: "ئێستاکە لەگەڵ جەمیل پێکەوە لە چێشتخانەیەک دانیشتووین خواردن دەخۆین، کەش و هەوای گەشتێکە بۆ خۆی...". نامەکە لە ئەنتاکیا[165]وە هاتبوو. کەوابوو (شەنەر) رایکردبوو. دەستبەجێ تەلەگرافەکەم بۆ (موزەفەر) و

---

[165] شارۆچکەیەکی سەر بە شاری حاتای تورکیایە و نزیکە لە سنوری سوریاوە .

ئەوانیش نارد، هەموومانی خۆشحاڵ کرد. (شەنەر) بەسەر خەندەقێکی تردا دەرباز ببوو، هیچ نەبێت با ئەمجارە نەگیرێت! نامەیەکی تر هات، زۆر تووڕەیە. باس لەوەدەکات کە بە تەلەفۆن لەگەڵ (یلدز دورموش) قسەی کردووە، دەمەقاڵێیان کردووە، لەجیاتی ئەوەی هەوڵی تێگەیشتن بدات پێم دەڵێت: "ئاگات لەخۆت بێت بزانە چی دەڵێیت" و رەخنەی کردم و دەشڵێت: "وەها بڕوات بۆ ئەوەی جارێکی تر ئەو جۆرە شتانە دووبارە نەبنەوە، تاکە شتێک کە بیکەم، روو لەمەرگ دەکەم، ناچاری ئەمەم دەکەن".

ئەمە لەکوێوە هات؟ دەیویست چی بڵێت؟ ئەو هەموو بێچارەیی و شڵەژاوییەی لە چی بوو؟ لە دەرەوە مرۆڤ دەیتوانی رێگەیەک بدۆزێتەوە و دەربکەوێتە دەرەوەی وڵات. گەرچی کاتێک خۆشم لە مەلەتی هەڵاتم، چارەیەکی ئەوتۆم پێ پەیدا نەبوو، بەڵام ئەو کاتە جیاواز بوو. (شەنەر) زاوایەکی خۆیشی لەگەڵ بوو. نەخێر، هەڵوێستێکی تەواو شێتانەیە. ئەو شڵەژاوییە نیشانەی لاوازی بوو. بیرکردنەوە لە مردن و گۆڕ، داماوییە. لەم بابەتەدا لەلایەک تووڕە دەبووم، لەلایەکیش نیگەران و راڕا. ترسم لەوە بوو شتێک بەسەر خۆیدا بێنێت. جاروبار دەشگریام. لە (یلدز) و ئەوان تووڕە دەبووم؛ هیچ نەبێت با ئەوان مامەڵەیان رێکوپێک و چارەسازانە بووایە. بەتەواوی نیگەرانی بووم کە شتێک لەخۆی دەکات. (موزەفەر) لەم خاڵەدا تووڕە بوو و رەخنەی کردم و گووتی: "دەیناسم، شڵەژاوی وەکو خۆی نییە، واسواسەیە، ئەگەر قەناعەتی بە شتێک نەهێنابێت، دەیکات بە هاتوهاوار. نیگەرانییەکەت لەخۆڕایە. هیچ شتێکیش ناکات، خۆ منداڵ نییە؟".

هێور بوومەوە و دانیشتم بە دوور و درێژی نامەیەکم نووسی و بۆ ناونیشانی ئەورووپام نارد. زۆر بەتوندی رەخنەم کرد: "هەر کە تەنگەتاو بوویت و زۆرت بۆهات بۆچی و چۆن بیر لە مردن

دەکەیتەوە؟ هەرەشەمان لێدەکەیت؟ دەڕۆیت برۆ، تا دۆزەخ ڕێگەت هەیە، برۆ تا بەوێ دەگەیت". جاری یەکەم بوو بە شێوازێکی وەها بۆمدەنووسی. چونکە وابۆیدەچووم کە بەشێوازی تر نەدەهاتەوە هۆشی خۆی. نازانم نامەکەی بەدەستگەیشت یان نا. پاشان بە تەلەگرافێک پێیان گووتین چووە بۆ یۆنانستان. دواتر یەک لە دوای یەک چەند نامەیەکی هات. باسی لە شاری ئاکرۆپۆلیس، باسی لە جوانی دەریاکەی دەکرد. دواتر ئاماژەی بەوە کرد کە چاوەڕێیە بڕوات بۆ ئاکادیمیا. بەدرێژایی چەندین مانگ بوو بۆ یەکەمجار بوو لەو بوارەدا ئاسوودە دەبووم.

بەشێک لە هەڤالانی گرووپی عاجیل خەڵکی سامسون[166] بوون، پرسیاری نەخۆشخانەی گشتی شاری سامسونمان لێکردن. چونکە لە ئاماسیا لایەنی بێ سوود و کەڵک زۆر بوو. لەوێ کەسێکی ئەوتۆ و ناسیاوی لێ نەبوو. عاجیلجییەکان گووتیان"سامسون لەڕووێکەوە باشترە". سامسون پێکهاتەی کۆمەڵایەتی جیاواز بوو. ئەگەر هاوکارییان بکردینایە، دەمانتوانی لەوێوە رابکەین. هەڤالانی دەرەوە دەیانتوانی هاوکاری بکەن. بەخۆشحاڵییەوە پێشنیازەکەمانیان پەسند کرد. ئەگەر سەربگرێت دەبێت بەنموونەیەکی جوانی هاوکاری و پشتیوانی و دەگووترا: "شۆڕشگێڕانی تورکیا، شۆڕشگێڕێکی کوردستانی یان لە نەخۆشخانە رفاند!".

تەنانەت بیرکردنەوە و بۆچوونێکی بەو جۆرەش جوان بوو. دەیانگووت: "دەشێت لەکاتی گواستنەوەدا سوود لە ڕێگەکەش وەربگیرێت". هەڵبەتە رەخساندنی ئەو هەلە؛ لە هەمووی گرنگتر

---

[166] یەکێکە لە گەورەشارە قەرەباڵغەکانی تورکیا کە دەکەوێتە هەرێمی دەریای رەشەوە .

بوو. هەوڵی گواستنەوە بۆ ئەوێ خۆی لەخۆیدا کێشە بوو. پسپۆڕی نەشتەرگەری چەناگە لە هەموو شوێنێک پەیدا نەدەبوو. چەناگەم لە ئامەد خوار کرابوو، دەمتوانی لە سامسون ڕێکی بکەمەوە. پزیشکەکانی نەخۆشخانەی سەربازی ئامەد دەیانگووت: "ناکرێت". هەندێکیان گووتبوویان: "دەبێت بۆماوەیەکی درێژ لەقاڵب بگیرێت". ئاماسیا شارێکی بچووک بوو، بۆ ئەو مەبەستە پێدەچوو ڕەوانەی سامسونیان بکردمایە.

لەو نێوەدا پلانێکی تر هات بەبیرماندا. لەوانەیە ڕێگەیەک بێت کە کەس بیریشی لێنەکاتەوە. ئەوماڵەی بەڕێوەبەری زیندان تیایدا دەمایەوە و قاوشەکەی ئێمە هاودیوار بوون. پەنجەرەی ماڵەکە بەرامبەر بە شوێنی هەواگۆڕینی قاوشەکەی ئێمە بوو، بەڵام بۆشاییەک لە نێوانیاندا هەبوو. دەرگەکەی ڕووی لەدەرەوە بوو. ژنانی دۆزە کۆمەڵایەتییەکانیان لە قاوشەکە دەرکردبوو و بردبوویان بۆ قاوشێکی تر. داڵانەکانیان جیا و تاڕادەیەکیش لەیەک دوور بوون. بۆ هاتوچۆی هۆڵی چاوپێکەوتن و ئیدارە، داڵانی خوارووی بەشەکەی ئێمەیان بەکار دەهێنا. لایەکەی تریشی بەتەواوی بۆ ئێمە دەمایەوە. ئەمەش کەڵکی هەبوو بۆ ئێمە.

پاسەوانە ژنەکان ناچارن چاویان لە هەردوو لا بێت، بەگشتی لای ئەوانی تربوون، لەوێ ئاسوودەتر دەجوڵانەوە. هاوکات پێمانگووتبوون کە جگە لە ڕۆژانی پشکنین، نابێت بەبێ مۆڵەت بێنە قاوشەکانی ئێمەوە و لە پەیوەندیشماندا لەسەر ئەو بنەمایە دەجوڵاینەوە. نەماندەهێشت خۆیان لە هەموو بوارێکی ژیانمان هەڵقورتێنن. ئەمەش بەپێی کات مسۆگەر دەکرا. لەسەرەتاکاندا بەردەوام هەوڵیاندەدا بە هەوەسی خۆیان بێن و بڕۆن، بۆیە شەڕێکی زۆرمان لەگەڵ کردن. جاروبار بە زۆر دەرماندەکردن. بەتایبەتیش نەدەبوو بە ڕێ و ڕێچکەی پەیوەندیمان لەگەڵ

هەڤالان بزانن. دواتر پێیانزانی، جاروبار بۆسەیان دەنایەوە و بەڕاکردن هەوڵی گرتنی ئەو تۆپانەیان دەدا کە لە هەویری ناو نان دروستمان دەکردن و بۆ هەڵدانی نامە بەکارمان دەهێنان. دوای تێهەڵچوون و دەستەویەخییەکی زۆر لێمان دەسەندنەوە، جاروباریش هەندێک نامەمان دەکەوتە دەستیانەوە، پاشان دەکران بە بابەتی دۆزی دادگاییکردن.

لە دیواری قاوشەکەی دواوە دەمانتوانی بە ئاراستەی بۆشایی ژێر قادرمەکانی ماڵی بەڕێوەبەرەکە کونێک هەڵبکەنین. زۆر بە جوانی حیسابمان کرد و شوێنەکەمان بەشێوەیەک دەستنیشان کرد کە راستەوخۆ بگاتە بۆشایی ژێر پێچی قادرمەکان و بە ئەندازەی تێراچوون هێمامانکرد. لە بەشی دانانی نوێنی قەرەوێڵەکەوە، دەروازەیەکمان کردەوە، بەشێوەیەک کە دیارنەبێت بەتانییەکمان بەسەردا شۆڕدەکردەوە، لەولاشەوە پارچە تەختەیەکی تەنکمان تێگرت. بەمەبەستی سەرنجڕانەکێشانیش، پانۆ، بۆیاخ، کارتۆن و کەرەستەی وێنەکێشیمان هێنا. بەهرە و هونەری (جاهیدە) لەم بوارەدا رۆڵی خۆی دەگێڕا. وێنەی دەکێشا، زەخرەفەی دروست دەکرد و سەرنجی ژنە پاسەوانەکانی رادەکێشا، هەموویان بەبێ پسانەوە لە ئامادەکردنی باوانی خۆیاندا بوون. موور و زەنگیانە، قەنەواچە و قەنەوزیان بەدەستەوە بوو و هەر خەریک بوون.

سەرەتا سواخەکەمان لەو بەشەی دیوارەکە کردەوە. زۆر پێوەی دیارنەبوو. بچووکترین دەنگی تەپەتەپ، یان تەقورەقێک راستەوخۆ دەگەیشتە ماڵی بەڕێوەبەرەکە و ژووری پاسەوانەکان کە لە قاتی خوارەوەی بوو. پاسەوانەکان بە رێبازەکانی ئێمەیان زانی بوو. فێرببوون گوێیان دەنا بە دیوارەکانەوە بۆ ئەوەی بزانن تونێل هەڵدەکەنین یاخود نا. ئێمەش نەک بەشەو، بەڵکو بە رۆژ

کارماندەکرد. سەرنجی رانەدەکێشا. ئەگەر شەویش فیلمێکی گرنگ و سەرنج راکێش هەبووایە، لە ساتی فیلمەکەدا کارمان دەکرد. لەو سەردەمەدا زنجیرە درامای "ماریا" خەڵکی زۆر بەلای خۆیدا رادەکێشا. بەگشتی لەو ساتەدا سەرجەم پاسەوانەکان لەبەر تەلەفزیۆن بوون. من جگە لە هەواڵەکان، زۆر سەیری تەلەفزیۆنم نەدەکرد. بۆیە ئامادەنەبوونم سەرنجی رانەدەکێشا. تەلەفزیۆن لە خوارەوە لە بەشی مەتبەخ بوو. تابڵێی دوور بوو لەو قاوشەی کە کاری هەڵکەندنمان تیادەکرد.

چیمەنتۆی دیوارەکە زۆر پتەوبوو، بەشە چیمەنتۆی نێوان خشتەکان وەک ئاسنی لێهاتبوو. زۆر قایم و تایبەت دروستیان کردبوو. دیاربوو چیمەنتۆی دنیایان لەوێ خەرج کردبوو. پارچە ئاسن و دەسکی کەوچک کارێکی باشیان پێدەکرا، بەلام هاوشێوەی هەڵکەندنی شاخێک بوو بە نینۆک. ئەگەر رێبازی تواندنەوەی چیمەنتۆ نەبێت، وەختێکی زۆر دەبات. بەچی بیتوێنینەوە؟ تواندنەوەی چیمەنتۆ و تەنانەت ئاسنیش بەچی و چۆن دەکرا؟ لە (موزەفەر) ەوە فێربووین. بە شرینقە تێزابمان پێدا رژاند، بەلام هێشتاش وەکو دەمانویست بە زوویی نەیدەتواندەوە.

لەو ماوەیەدا رۆژی سەردانی ئاشکرا هاتە پێش. بیر و بۆچوونی خۆمان سەبارەت بە راکردن بە پارتی راگەیاند و گووتمان ناسنامە و وێنەی شیاومان پێویستە. هێنانی کامێرای فۆتۆ بۆ ناو زیندان زەحمەت بوو. لەبەر ئەوەش هەندێک کەسی ترمان خستە گەڕ. دەرخستنی فیلمی کامێراکە بۆ دەرەوە کارەکەی رادەپەڕاند. قژمان بە چەند شێوەیەک گۆڕی، هاوکات ئەو وێنانەی ناردبوویان دەکرا مۆنتاژ بکرێن. (یڵماز داغڵی) هات بۆ سەردانمان. لە گۆڕەپانی ئاکادیمیاوە هاتبوو، نامەیەکی کورتی لە(شەنەر)یشەوە هێنابوو، دەیگووت:"بە پەلە نووسیومە". گوایە

(یلّماز) هاوکارمان دەبوو لە راکردنەکەماندا. بەر لەو بیرمان لە باوکی (جاهیدە) دەکردەوە. متمانەمان پێ نەبوو، بەڵام شتێکی وەهای نەدەکرد کە ژیانی کچەکەی خۆشی بخاتە مەترسییەوە! لەم بوارەدا دەتگووت قومار دەکەین، بەڕاستیش هەمووی قومار بوو! (یلّماز) ناسنامەی بۆ دابین دەکردین. بەگشتی حیسابێکمان بۆ ماوەی تەواو ئامادەبوونی خۆمان کرد و پێمان گووت: "دەبێت ناسنامەکان زۆر بە زوویی بهێندرێن".

هەر لەو رۆژانەشدا تونێلی (DEV-SOL)ەکان ئاشکرا ببوو. شەوێکیان بەدەنگی دروشم هەڵدانیان وەخەبار هاتین. هەڵیانکوتابووە سەر قاوشەکەیان. بێ چانسی بوو. رۆژی دواتر پشکنین کرا. بێگومان لەبەر ئەوەی چاویان هەر لەسەر تونێل بوو زیاتر سەیری قاتی خوارەوە، دەستاو و شوێنی زەمینی و بانەکانیان دەکرد. شوێنەکەی ئێمە زۆر قایم و دوورە چاو بوو، قالّبی دەرگەکەشیمان زۆر بەجوانی دروست کردبوو، بە گەچ سواقمان دابوو، بە سیکۆتینیش دەمانتوانی دەستبەجێ و بەتەواوی قەپاتی بکەین.

رۆژنووسەکانمان، سەرجەمی نووسراو و نامەکانمان بەش بەش رەوانەی ئەوروپا کردبوو. لەبەر ئەوەی بەشێوەی نامە دەماننناردن، زۆر سەرنجی رانەدەکێشا. هەندێک نووسراو و رۆژنووسیشمان دەستاودەست دەنارد. هەڤاڵ (حەسەن ئاتماجا) و (یلّدز) لە ئەوروپا بوون. دواتر هەواڵمان پێگەیشت کە هەڤاڵ (جومعە)[167]ش لەوێیە. ئەم هەواڵە سەرسامی کردین. نامەمان دەنووسی و (حەسەن) بە گاڵتەوە پێیدەگووتین: "پۆستەخانە تەنیا بۆ ئێوە ئیش دەکات". زەرفی زەرد و گەورە گەورە دەهاتن. ئیتر بۆ ئەوەی سەرنج رانەکێشێت تەنیا پۆستەخانەی ناوشاری

[167] جەمیل بایک .

ئاماسیامان بەکار نەدەهێنا، بەڵکو پۆستەخانەی قەزا و ناحییەکانیشمان بەکار دەهێنا. هەڵبەتە زۆر درەنگ زانیمان کە دووژمن هەڵیاندەچڕێت، فۆتۆکۆپی دەکات و وەکو خۆی بەڕێیان دەکاتەوە. ئێمەش بەو هۆکارەی بەشوێنی مەبەست دەگەیشت گومانمان لەلا دروست نەدەبوو.

بەسەدان نامەم نووسیبوو. رۆژانە ناو و ناونیشانی نامەگۆڕینەوەم زیادی دەکرد. بەمشێوەیە تینوێتی تەنیایی سالانی رابردووم دەشکاند. دەستم بە کوێ بە کێ بگات نامەم بۆ دەنووسی و پێی دەگەیشت. دەمگووت مادام دەرفەتێکی بەو جۆرە هەیە، ئەوا پێویستە ئەگەرچی تەنیا بە نووسینیش بێت تێکۆشانەکەمان زیاتر بە دەوروبەر بناسێنم و خەڵکی زیاتر ئاشنا بکەم، تا بتوانم لێرەشەوە پەیوەندییەک دروست بکەم. ئەو دیاردەیەی بە زۆرکردنی تەنیایی ناوزەد کراوە، لەم خاڵەدا گرنگی زیاتری بەدەست دەهێنا. لە حەوشەی هەواگۆڕینەکەدا هەر یەکێک لە سندوق، سەکۆ و بەرزاییەکی شوێنی دانیشتن ناوی شاخێکم بەبەردا کردبوو. کاتێک بە حەوشەکەدا بۆ چەندین کاتژمێر رامدەکرد و بەسەر ئەوانەدا بازم دەدا، وەک بەشاخەکاندا سەرکەوم ئاواتم هەڵدەگرت، لەژێر باراندا تا تەڕوبڕ دەبووم هەنگاوم دەنا، لە بەفر و رۆژانی سارد و سڕدا لەو حەوشەدا رایەڵکەم دەکرد، پەیوەستبوون بە ژیانی شاخ و گەریلاوە چۆنە، چۆن هەست، سۆز، ئاوات و خەیاڵکردنی خۆی دەکات بە پێویستییەک، بە هەمانشێوە نووسینیش رێگەیەکی تری گەیشتن بوو بەو خواستە.

رۆژنووسەکانم بەناوی(شەنەر)ەوە دەنووسی. لە راستیدا رۆژانە هەموو ئانوساتێکم دەنووسییەوە. نووسینی رۆژانە، ببوو بە راهاتنێک، ببوو بە پارچەیەک لە ژیانم. هەر کات دەرفەتی

نووسینم دەستکەوتایە دەستبەجێ دەستم بە نووسین دەکرد. کاتێک هەڤاڵان لەسەر پارچە کاغەزی زۆر بچووک بە وردی شتیان دەنووسی و بۆیان دەناردین زۆر بەلامەوە سەیر بوو، ئەگەر دەرفەت نەبێت و مەترسیدار بێت ئەوا بەکارهێنانی ئەم شێوازە جێگەی خۆی دەگرت. بەگشتی منیش لەسەر پارچە کاغەزی بەو شێوەیە نامەم دەنووسی، بەڵام هەرکات هەل و دەرفەتی پێویست بڕەخسایە، نووسینەوەی هەموو شتێک ئاسوودەی دەکردم، وەک ئەرکێک بوو بۆ من. بێگومان ئەمانە زیاتر بە بەسەرهاتەکانەوە سنووردار بوو یان لێوانلێوبوون لە هەست و سۆز. گرنگییەکی کەمترم دەدا بە گووتاری سیاسی، گووتاری لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون. نووسینیشیان زیاتر بە قاڵبوونەوە و تێڕامانێکی جیاواز دەکرا. هێشتا ئەو پەڕتووکانەمان لەبەردەستدا نەبوو کە داوامانکردبوون. ساڵانێکی دوور و درێژ بەبێ خوێندنەوە تێپەڕبوو. قۆناخەکانی مانگرتنیش کاریگەری لەسەر خوێندنەوەمان دەکرد، بەڵام تایبەتمەندی نووسین و هەڵسەنگاندنی بەسەرهاتەکانی هەبوو. بڵاو کردنەوە و هاوبەشیکردنیان مایەی پێویستییەکی گرنگ بوو.

نووسینی حەقیقەتی ژیانی زیندان لە رۆژنووس و یادەوەرییەکاندا، ئاسوودەیی دەبەخشی. تێپەڕکردنی یەکڕەنگی ژیان بە هۆندنەوە، بە گفتوگۆکردن، دەربڕینی سۆز و پەرچەکردارەکان بە بێسنوورانەترین و ئاشکراترین شێوە، لەلای من وەکو خوویەکی لێهاتبوو. چۆن بیرم دەکردەوە، خەیاڵەکانم چۆنبوون، خەونەکانم، پەرچەکردارم لەبەرامبەر بە رووداوی رۆژانە، لەبەرامبەر بە دووژمن چۆن بوو، هەموویانم وەکو خۆی دەنووسی. دووژمن دەیویست بە شوێن و جێگەیەوە سنوربەندت بکات، لەگەڵ ئەمەشدا سنوور بۆ هەموو شتێکی ئەو شوێنە

سنووربەندەش دابنێت، بەگژداچوون و دژایەتی کردنی ئەو هەوڵانە لەلای من دەبوو بە سەرچاوەی سەنگەرگرتن. بۆیە هەر نووسراوەیەک گرنگییەکی تایبەت بەخۆی هەبوو. پارچە نووسینێک بەهایەکی گەورەی دەبوو. دڕاندن و لەناوبردنی نامەیەک هاوتاست بوو بە لەناوبردنی زیندەوەرێک. بۆیە لەناوم نەدەبرد. ئەگەر پێویست بە لەناوبردنی پارچەیەکیش هەبووایە، دەمدا بە کەسێکی تر و خۆم ئەو کارەم نەدەکرد. حەزم لە کۆکردنەوە و هەڵگرتنیان بوو. لە ئاماسیا سەرجەم نامەکانی نێوان ئێمە و (موزەفەر)مان دەناردە دەرەوە. (موزەفەر)یش زۆر دەینووسی. ئەویش رۆژانە هەموو شتێکی دەنووسی. بۆ ئەوانم دەنووسی، بۆ دەرەوە و زیندانەکانی تریشم دەنووسی. بەڵام تێرنەدەبووم لەنووسین، ئەمەش زیاتر هانی دەدام و زیاتر دەمنووسی. وزەیەکی گەورە هەبوو و منیش ئەمەم رەوانەی گۆڕەپانەکە کردبوو. بەندکردنی کەسێک لەمەیدانێکی بەرتەسکدا، وای لێدەکرد هێزێکی گەورەی خەیاڵی و خواستێکی بێوێنەی هەبێت بۆ گەیشتن بە گۆڕەپانێکی گەورە و بەرفراوان.

## "کوردستانیشی پێبدەیت دەردێکی تر بۆ خۆی ئەدۆزێتەوە"

جگە لە رۆژانی تایبەت و قەدەخە، بەشێوەیەکی بەردەوام چاپی رۆژانە، هەفتانە و مانگانەی رۆژنامە و گۆڤارەکانمان پێدەگەیشت. ژمارەکانی (سەرخۆبوون)یشمان پێدەگەیشت. لە یەکێک لە ژمارەکانیدا زنجیرە گووتارێک بەناوی (دانپێدانانی سیخوڕەکان) بڵاو کرابووەوە. یەکێک لەو (سیخوڕ)انەی ناوی درابوو؛ (جیهانگیر) بوو، کە دواتر لە دێرسیم شەهید بوو. پێشتریش لە گۆڤاری (2000ە دۆغرو) هەندێک بابەت بەناو و وێنەی ئەوەوە بڵاو کرابووەوە. هەمان وێنەکەیان لە لاسەرووی گۆڤارەکە دانابوو، لەژێریشدا نووسیبوویان: "دیمەنێک لە دادگاییەکەی محەمەد شەنەر!" یان رستەیەکی هاوشێوەی. نامەیەکیشی تێدابوو کە لەسەر (محەمەد شەنەر) بڵاو کرابووەوە و لە ناوەڕۆکەکەیدا باسی کارە سیخوڕییەکانی دەکرا. بۆ نامەکەش گووترابوو: "لەسەر بانگەشەی ئەندامێک لە گرووپی پێشەنگییەکان" و نامەکەیان وەکو خۆی بڵاو کردبووەوە! هەروەها دەشیانگووت: "شەنەر سزا درا." لەناوەڕۆکەکەشیدا دەڵێت: "جاهیدە شەنەری خوشکی محەمەد جاهید شەنەریش هێشتا لە زیندان دایە".

بە ناوەڕۆکی نامەکە و بەو وێنەیەدا کە هی کەسێکی ترەو پێشتر بڵاوکراوەتەوە، دیارە هەواڵێکی پڕ لە ئامانجە. بەلایانەوە زۆر گرنگ نەبوو (جاهیدە) خوشکی(شەنەر)ە یاخود وێنەکە هی (شەنەر) نییە و وێنەی (جیهانگیر)ە. ئەوەی گرنگە دۆخی (شەنەر) بوو، بەمشێوەیە ناساندنی بوو بە رایگشتی. ئەوجار بۆچی (2000ە دۆغرو) ئەمەی بڵاو کردبووەوە؟ ئامانجیان چی بوو؟

نەبوونی وەڵامی ئەم پرسیارانە بێتاقەتی دەکردم. هەواڵی گۆڤارەکەم بە (موزەفەر)یش گەیاند و گووتم: "ئەو ریسوایانە ڕێبازێکی تری چەواشەکردنی مێشکی خەڵکیان دۆزیوەتەوە". لە زیندانیشدا لەدژی ئەو؛ پڕووپاگەندەیەکی زۆریان کردبوو، خستبوویانە ڕۆژەڤەوە. ئایا ئامانجیان دروستکردنی شک و گومان بوو؟

ساڵی 1988 لە قاوشی (35) کەسێک کە بەکاری نووسین و تابیعە ئەرکدارکرابوو، کتوپڕ دەچێت و خۆی رادەستی ئیدارە دەکات. دوای مانەوەی ماوەیەک لە قاوشی دانپێدانەر و ترازاوەکاندا دووبارە دێتەوە و هانا بۆ هەڤاڵان دێنێت. دەڵێت کە لێرە تووشی بێتاقەتی و قەیرانی رۆحی بووە و رایکردووە، پاشان پاشگەز بۆتەوە. دوای گەڕانەوەی دەڵێت: "ئیدارە پێیگووتم؛ شەنەر پیاوی خۆمانە.." ئەو سەردەمەش دەمانگووت: "دووژمن بە ئەنقەست ئەم دەنگۆیانە لەسەر شەنەر بڵاو دەکاتەوە. شەنەر خۆی لەخۆیدا رەخنەی لەسەرە، بەگشتی زۆربەی ئەوانەی چ لەگرووپەکانی تر و لەخۆشمان دادەبڕان، شتی باشیان لەسەر (شەنەر) باس نەدەکرد، ئەم شتانە بە شێوەی جیاجیا بەگوێی دووژمندا دەچوون، هەندێک نووسراو هەبوون کە دەستیان بەسەردا گیرابوو. هەروەها بە ڕێگەی دانپێدانەر و ترازاوەکان دەیانتوانی لە کێشە ناوخۆییەکان بەئاگا بێن. بۆیە دەیانویست ئەم گومانە قووڵتر بکاتەوە. ئەگەرنا لەخۆوە ناڵێن؛ برۆ بڵێ شەنەر پیاوی خۆمانە..".

ئەو کەسە لە دۆخێکدا راینەکرد کە ئەشکەنجە و زەبروزەنگێکی زۆری تیا هەبێت، بەپێچەوانەوە لە کاتێکدا رایکرد کە رەوشەکە هێور بوو و دوای چەندین بەرخودانی گەورە دەرفەتێکی بەپێز بەدەستهێندرابوو، پاشان گووتی پەشیمانم و

گەڕایەوە. وەک تەنیا بەمەبەستی گەیاندنی ئەو پەیامە هاتبێتەوە وابوو. لەم واتایەدا زۆر بەدواداچوونمان بۆ نەکرد. زیاتر لەسەر خودی ئەو کەسە کارمان دەکرد. بێگومان ئەو قسەیەی لەلای من بێزاریشی دروست کردبوو. دەنگۆیەک بوو کە نیگەرانییەکانی ناو ناخمی هەڵدەکڕاند. (عەبدوڵلا کاهرمان) کەسێکی زۆر ڕاشکاو بوو. جارێکیان بە(جاهیدە شەنەر)ی گووت: "تۆش دانپێدانەریت کرد، وا نەبوو؟" هەروەها پرسیاری پەیوەندی خزمایەتی ئەوی لەگەڵ (محەمەد شەنەر) کردبوو. لەڕاستیدا ئەو لاوازییەی کە (جاهیدە) لەسەرەتای قۆناخی لێپرسینەوە و یەکەم ڕۆژانی زینداندا تیایدا بوو، جیاوازییەکی ئەوتۆی نەبوو لەگەڵ دانپێدانەری و خۆبەدەستەوەدان. ئەو دۆخەی، ماوەیەکی دوور و درێژ سەرقاڵی کردین، دووژمنیش بەردەوام ئەو عەیبەی بەڕوویدا دەدایەوە و بانگهێشتی خیانەتی دەکرد. هەوڵی دەدا پێی بڵێ: "تۆ لاوازیت نیشاندا، هێشتا بەرگری لە (PKK) دەکەیت؟ هێشتا خۆت بە (PKK)یی دەزانیت؟" و بەمجۆرە قولاپی بۆ هەڵدەدا و دەیویست بەلای خۆیدا ڕایکێشێت. هەڵوێستێکی بە پلان و بە ئامانج بوو. ئەگەرنا (عەبدوڵلا کاهرمان) تەنیا بۆ دەمەوەری نەدەهات و شتێکی وەهای نەدەدرکاند.

هەڵبەتە لەوانەیە وایزانی بێت کە ئێمە ئاگاداری ئەو دۆخەی نەبووین و دەیویست پێمان بڵێت. چونکە لەناو خۆیاندا ئاڵۆزییەکی گەورە و ترسناکیان هەبوو. زیندان زۆرجار لەلایەن پۆلیسەوە بەڕێوە دەبرا. دیارنەبوو کێ دێ و کێ دەڕوات و ئەو کەسە نهێنیانە کێ بوون؟ ئەو گرووپەی پۆلیسی مەدەنییان پێدەگووترا؛ لە بەڕێوەبەرایەتی زیندان بەکار و کاریگەرتر بوون. ئەوەی دانپێدانەرەکانی بەڕێوەدەبرد خودی ئەو پۆلیسانە بوون. لێپرسینەوە تایبەتەکان لەلایەن خودی پۆلیسەوە بەڕێوە دەبرا.

(عەبدوڵڵا کاهرمان) دەیگووت: "دڵنیام رۆژێک دێت و یادەوەرییەکانم دەنووسمەوە". لەبەر ئەوەی نەیتوانیبوو قانیعمان بکات کە ئەفسەرێکی فاشیست نەبووە، ئاخێکی قووڵی هەڵدەکێشا و ئەمەی دەگووت و دەگووتەوە.

حەزی لە گفتوگۆ و قسەکردن بوو. کاتێک باس دەهاتە سەر کوردستان دەیگووت: "سەرم ئەکەوێتە بەلایەکەوە" و دەیبڕییەوە. گرنگ نەبوو رۆڵی دەکرد یاخود بەڕاستی بوو، بەڵام ئەو و کەسانی تریش بێ ئەوەی بەخۆیان بزانن راستییەکانیان دەدرکاند. ئێمە تەنیا قورساییمان دەخستە سەر لایەک و دەمانگووت: "دووژمنە، هەموو شتێکیش بە ئامانجی دووژمنانە دەکەن". راستە، بەڵام ئەوەش هەبوو کە بیرمان لە ئەگەری تریش نەدەکردەوە، شیرۆڤەکان لەو خاڵەدا هەستیار ببوون. تەنیا ئەوە نەبێت کە هەموو ئەوانە بەگشتی رێگەی بۆ هەستکردن بە ناڕەحەتییەک دەکردەوە کە لەناخی مرۆڤدا هاوشێوەی (کرمێک) دەسوڕایەوە.

(موزەفەر) دەستبەجێ نامەیەکی نووسی. وای بۆ چووبوو کە نووسراوەکانم بەجددی وەرگرتووە و پێی کاریگەر بووم، لە نامەکەیدا دەیگووت: "ئەو بێ ناموسانە بە ئەنقەست هەندێک شتیان نووسیوە. نەکەی بەجددییان وەربگریت...". دەیزانی چۆن خوویەکم هەیە و بەردەوام پێیدەگووتم: "تۆ ناسرەویت، بەهەر شێوەیەک بێت شتێک پەیدا دەکەیت کە بێتاقەتیت پێ بدات". تەنانەت دەشیگووت: "ئەگەر ئەو کوردستانەش بدەین بە ساکینە کە خۆی هەمیشە ئاواتەخوازێتی، سەربەخۆییەکەیشی بەچاوی خۆی ببینێت، دیسان ناسرەوێ و دەردێک بۆخۆی پەیدا دەکات" و بەمشێوەیە هەوڵی دەدا راستینەی من بهێنێتە زمان. ئەگەرچی لەبەرامبەردا ئاماژەم بەوە دەکرد کە زێدەڕۆیی تیاداکراوە و دەمگووت: "ئەوەندەش نییە"، بەڵام ئەوەش راست بوو هەموو

شتێکیشم دەکرد بە دەرد بۆ خۆم. ئەم مامەڵە زێدەڕۆییانەیەم، نەیدەهێشت بە ناوەڕۆکی کێشەکان بگەم، لەناو هەست و سۆزدا دەیخنکاندم. کە هەر خۆشم هەستم بەم راستییە دەکرد.

لە چاوپێکەوتنی هەفتانەی ناوخۆدا سەرلەنوێ بابەتەکەم لەگەڵ (موزەفەر) خستەوە بەر باس. دەشێت چی بوو بێت؟! بڵاوکردنەوەی هەواڵێکی وەها لە گۆڤاری (2000ه دۆغرو) شتێکی سەیر بوو. ئەوەندە بە هەندوەرگرتنی نامەی کەسێکی سەر بە گرووپی (پێشەنگ)ییەکان یاخود هەر کەسێکی تر مایەی تێرامان بوو. یاخود نامەکە سیناریۆیەک بوو؟ (شەنەر) دەرکەوت و گەیشتە پارتی، بەم شێوەیە دەیخەنە رۆژەڤەوە تا بێ متمانەیی لەبەرامبەر دروست بکەن؟ دەیانویست بڵێن: "هیچ کەسێک لەوانەی لە زیندان دەرکەوتوون؛ جێگەی متمانە نین". یان "نایکەین بە یار بۆ پارتی و بۆی ناهێڵینەوە"؟ زۆرشت بەبیرمدا دەهات و هەمووشیانم بۆ (موزەفەر) باس دەکرد. موزەفەر لەو کاتەدا دەیگووت: "زۆر دەیکەیت بە دەرد بۆ خۆت" و گوێی پێنەدەدا، هەوڵی دەدا واتا بدات بە نیگەرانییەکانی من. خۆی؛ زیاتر بەبێ دەنگی بیری دەکردەوە.

لە نامەیەکدا کە بۆ (شامیل)م ناردبوو ئاماژەم پێدا و گووتم: "ئامان هیچتان بەسەر نەیەت. ئەگەر بمکوژێت، ئەمەیان دەمکوژێت". بۆ ئەویشم باسکردبوو کە هەواڵەکەی سەبارەت بە (شەنەر) چۆن کاری تێکردووم. پێدەچێت ئەمەش هاوشێوەی هەمان ئەو کاردانەوانە بێت کە زۆر جار نیشانم دەدان و رەنگدانەوەی هەمان ئەو شتانەبێت کە پێیان نارەحەت دەبووم. بەبێ ئەوەی بەخۆم بزانم نیگەرانییەکی خۆمم هێنابووە زمان. بێگومان (شامیل)یش رەخنەی ئەوەی لێکردم کە بەوجۆرە سۆزدارانە بیردەکەمەوە. ئەم سۆزدارییەم گەورەترین رێگرێک

بوو لەبەردەممدا کە بتوانم هەموو راستییەکان لە یەک شوێندا کۆبکەمەوە و لەسەر روانگەیەکی سیاسی لێکدانەوەی پێویستیان بۆ بکەم، یان بیکەم بە سیستەمێک چ لەناو کەسایەتی خۆم و چ بۆ دەرەوەش.

زۆری پێنەچوو ئەمجارەیان دەنگۆی "کێ تونێلەکەی ئاشکراکرد؟" بڵاوبووەوە. لەنامەکانی ناوخۆماندا باسمان لە گومانەکانی خۆمان دەکرد. بەشێوەیەکی سەرداخراو و بەبێ ناوهێنان. زیاتر گومان لە (حەسەن) و (سینان) دەکرا، یاخود دەنگۆکان لەو چوارچێوەیەدا بوون. چونکە تەنیا ئەوان دەیانزانی. (ساڵحە) و دەستگیرکراوەکانی تر بە تونێلەکەیان نەزانی بوو. تەنانەت ئەگەر ئاگاداری باسوخواسی راکردنەکەش بووبن، نەیاندەزانی چۆن و بە چ رێبازێک دەکرێت.

بەڵام سەردانیکەرەکان (شەنەر)یشیان لەسەر ئەو ناوانە زیادکردبوو. لە ناو دەنگۆکانی دەرەوەدا (شەنەر)یش هەبوو. ئەمەم بۆ (کاراسو) نووسی. سەبارەت بە قۆناخی دوورخستنەوەکەمان بەگشتی نووسراوێکم بە کورتی بۆ نووسین و بەنهێنی بۆم ناردن. تیایدا لە بابەتی دەنگۆکانی سەر (شەنەر)یش ئاماژەم بەوە کرد کە ئەو دەنگۆیە زۆر لەمێژە هەیە، هەڵبەتە بەدوادانەچوون و ئاشکرا نەکردنی، کەموکورتییە، ئەگەر بەمجۆرە بڕوات خودی (شەنەر)یش دەکەوێتە ژێر کاریگەرییەوە، بۆیە پێشنیازم کرد نووسراوێک بۆ پارتی بنووسێت.

بە (کاراسو)م گووت: "ئێوە باشتر دەیناسن. خۆشتان دەزانن، تایبەتمەندی سەیر و سەمەری هەیە. بە گوێرەی ئەقڵی خۆی هەموو شتێک لێکدەداتەوە، بۆیە ئەگەر بڵێت؛ مادام متمانەیان پێم نییە، ئەوا منیش نایکەم.. سەرەنجامێکی باشی نابێت. دەتوانن شتێکی بۆ بنووسن. لەلای خۆمەوە منیش بۆیدەنووسم، بەڵام

بەپێی پێویست نییە. بەمجۆرەش نیگەرانییەکانی خۆمم بۆ (کاراسو) دەربڕی. بەڵام لە هەموویاندا بەشێوەیەکی نیازپاکانە پاراستن و رزگارکردنی (شەنەر) و رێگریکردن هەبوو لە کەوتنە ناو هەڵە و خراپییەوە، شانبەشانی ئەمەش خواستی ئاشکراکردنی رووی راستەقینەی بوو لە هەر ئەگەرێکدا. سەرجەمی ئەمانەش بریتیبوون لە سۆز و حاڵەتی رۆحیی ئاڵۆز.

تونێل و شەنەر! بەلامەوە زۆر سامناک بوو. بۆ تەنها ساتێکیش نەمدەویست بیری لێبکەمەوە. دووبارە و سێبارە بیرم لە چۆنێتی ئاشکرابوونی تونێلەکە دەکردەوە. لەوانەی تەنیشتم دەپرسی، هەموو پێکەوە دەستمانکرد بە یادهێنانەوەی ئەو رۆژە. ئەوان حەزیان دەکرد بزانن بۆچی دووبارە و سێبارە هەمان پرسیار دەکەمەوە و بۆچی ئەوەندە بەدوای وردەکارییەکاندا دەچم، بەڵام هیچیان پێنەدەگووترا، جگە لەمە: "بەر لەوەی بچنە قاوشی (35)ەوە سەرەتا لە قاتی خوارەوە دەستیان بە هەڵکەندن کرد وانییە؟ باشە ئەگەر شوێنەکەیان بزانیایە دەستبەجێ نەدەچوونە قاتی چوارەم؟ (حەسەن گویللو) و (سینان جانیاک)یش بەتەواوی شوێنەکەیان نەزانیوە. تا نیوەڕۆ بۆی گەڕان، نەیاندۆزییەوە. دوانیوەڕۆ لە چوارچێوەی ئەو زانیارییانەی لەرێگەی تەلەفۆنەوە پێیانگەیشت دەستیان بە پشکنین کردەوە و کەوتبوونە دوی ئەو خاکەی لە درزی دیوارەکەوە هاتبووە خوارەوە و بەو شێوەیە دۆزیبوویانەوە، وانییە؟ ئەم خاڵە تا رادەیەک ئۆقرەی پێدام. ئەگەر خیانەت لەناوخۆدا بووایە، ئەو کابرایانە دەیانتوانی ئەو هەمووە رۆڵە بکەن؟ بەمەشدا دیار دەبوو. لەوانەیە (سالیحە) پێی گووتبن، ئەو ژنە رێک وەک جادوگەرێک بوو. لەلای خۆمانەوە تا رادەیەک رووکەشانە گرنگی و بایەخمان پێدەدا، لە ئامێزمان دەگرت، وێنەمان دەگرت، قسەمان دەکرد، بەڵام هەر لە یەکەم رۆژەوە

بڕوام بە (ساڵیحە) نەدەهات. لەناخی دڵمەوە خۆشم نەدەویست. بەهۆی(شەنەر)ەوە درێژەمان بە پەیوەندییەکەمان دەدا. بەڵام (شەنەر) زۆر پابەند بوو بە (ساڵیحە)وە. لێی توورە دەبوو و تەنانەت جارێکیان بەچاوی خۆم بینیم چۆن جوێنیشی پێدەدا، کەچی کاتێک باسمان لەدۆخی ئەو دەکرد و گومانی خۆمانمان دەهێنایە گۆڕێ، پێی تێکدەچوو. لە نووسراوێکیدا کە ئاراستەی دەرەوەی کردبوو، سەبارەت بە (ساڵیحە) گووتبووی: "ڕاست نییە لەچوارچێوەی دەنگۆکاندا مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، بەڵام کەسێکی بێ بڕیار و چەنەبازە".

هەر لەو ڕۆژانەدا نامەیەک لە(شەنەر)ە وە هات. ئاماژەی بە پێویستی گفتوگۆکردنی هەندێک شت کردبوو. لەسەرەتادا باسی لەوە کردبوو کە (سەرۆک) ڕەخنەی کردووە و خۆیشی هێزێکی گەورەی لێ وەرگرتووە و دەیگووت: "هاوکارییەکی زۆرم دەکات. بەڵام کێشە ئەمە نییە. شتی وەها هەیە تێگەیشتن و باسکردنیشیان ئەستەمە. هێشتا ئاسوودە نیم، ناتوانم قسەبکەم، دەمم لەبەرامبەر بە زۆر شتدا ناکرێتەوە. بەتایبەتیش لەبەر ئەوەی هێشتا بەڵێنی خۆمم بەجێ نەهێناوە داوای لێبووردن دەکەم. دەرفەت نەبوو، لەناو ئەو هەموو شتەدا نەمویست ئەوە بۆ مامە باس بکەم، لە دەرفەتێکی گونجاودا بۆی باس دەکەم، بڕوام پێ بکە". مەبەستی لەبەڵێنی باسکردنی پەیوەندییەکەیە بۆ (سەرۆک).

بەردەوامی نامەکەی سەبارەت بە ژیانە. بە "ژیان چییە؟" دەستی پێکردووە و خۆی وەڵامی پرسیارەکەی دەداتەوە، باس لە (پاڤێل)ی ناو ڕۆمانی (توتن) دەکات و دەڵێت: "دیارە ئەگەر وابڕوات منیش دەبمە پاڤێل، پاڤێلبوونم بۆ دەمێنێتەوە. هەندێک کەس زۆر زۆرم لێدەکەن. کێشەکە گونجان و نەگونجان نییە، نەخێر، بۆ من وەک چوونێک وایە لە ژوورێکەوە بۆ ژوورێکی تر.

بەڵام وەکو گووتم هەندێک شت هەیە مرۆڤ شێت دەکەن. ئەگەر مامە نەبووایە شێت و وێت دەبووم. ئەو گەورەترین هاوکاریم پێدەدات".

ئەمەش شێوازی گفتوگۆی باوی(شەنەر) بوو. مژارێکی دەهێنایەوە، لە زۆر لایەنی کۆمەڵناسی، دەروونناسی، هونەری، ئیستاتیکا و چەندێکی ترەوە هەڵیدەسەنگاند و گفتوگۆی لەسەر دەکرد. لە هەموو نامەیەکیدا بابەتی وەها سەیر جێگەی دەگرت، بەڵام لەمەیاندا باس لەوە دەکات کە لە ناو هەلومەرجێکی زەحمەت و نالەباردایە و بەرەو (پاڤێل)بوونەوە دەچێت. هەڤاڵانیش نامەکەیان خوێندەوە و پرسیم: "ئێوە چی لێ تێگەیشتن؟" (موزەفەر) گووتی: "تۆ ئەم لایەنەی شەنەر ناناسیت، لەم بوارانەدا نووسەرێکی شارەزایە، دڵنیام لەوێ محافەزەکارانە خۆی هەڵداوەتە ناو ژیانەوە، بێگومان نازانێت دەرەوە چۆنە، دەشێت ئەم تایبەتمەندییەی زۆر بە پێچەوانەشەوە هەڵبسەنگێنن. ئەویش سەری لەو جۆرە شتانە دەخورێ و حەزی لێیە".

لە ناو رێکخستندا (پاڤێل)ی رۆمانی (توتن) جێگەی متمانە نییە. هەندێک شتی بە پێچەوانەی رێکخستن و دژی رێکخستن لەقەڵەم دەدرێت و دوور دەخرێتەوە. پێکهاتەی خێزانی جیایە. (بۆریس)ی برای خاوەنی کاروبارێکی گەورەی توتنە، لەگەڵ زۆرێک لە دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان دەست لە ناو دەستە. تەنانەت لەگەڵ فاشییەکانی ئەڵمانیاش لەناو کاردایە. برایەکی تری لەژێر لێپرسینەوەدا دەکوژرێت. (بۆریس)یش دواتر لەلایەن هێزە شۆڕشگێڕەکانەوە دەکوژرێت. (پاڤێل) بەشداری شەڕی ناوخۆی ئیسپانیا دەبێت، پاشماوەیەک شەڕکردن لە بەرەکاندا، دەگەڕێتەوە بۆ بولگاریا و لەوێش لەبەرەی شەڕدا جێدەگرێت، رۆڵێکی چالاکیش دەگێڕێت. لێرەدا (شەنەر) دەیویست چی بڵێت؟ مۆڕاڵم

تێکچوو و بەخۆمم دەگووت "دڵنیام کێشەیان هەیە". پاشان من نامەیەکم بۆ نووسی تیایدا بە توندی رەخنەم کرد و پێمگووت: "بوون بە پاڤێل چییە؟ بۆچی وا خۆت تاریک دەکەیت؟ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە لەسەر خۆتە. مادام (مامە)[168] ئەوەندە هاوکاریت دەکات، کەوابوو پێویستە ئەو بە بنەما وەربگریت. نەک کەسانی تر" هاوکات دەستنیشانیشم کرد کە جارێکی تر لەو جۆرە شتانە نەنووسێت و چاوەڕوانم پێشکەوتنی باش بەدی بکات.

هەر جارە و دەستنیشانی دەکرد کە پێویستی بە نامەی منە. من هەر بۆم دەنووسی. خۆی نزیکتربوو لە پارتییەوە، نامەکانی من و (کاراسو) تا چەند کاریگەری دەبوو؟ پێویست بوو خۆی بە پاڤێلبوونێکی راست و دروستی بەدیبهێنایە. بەردەوام سووربوون لە تێهەڵچوون، ژیاندنەوەی قۆناخەکانی دابڕان واتای چی بوو؟ رەخنە و ئاگادارکردنەوەکان لەسەر ئەم خاڵە تاچەند بە ئامانج دەگەیشت؟ دیاربوو نیگەرانییەکانی بەردەوامی دەکرد. خودی خۆی لە هەریەکێک لە قۆناخەکاندا گفتوگۆی لەسەر دەکرا و بەردەوام گرفت بوو. منیش دەستم بۆ کارێکی وەها پڕ لە بەڵا بردبوو و هەوڵی چارەسەرکردنیم دەدا. ئەم لایەنەی و ئەو لایەنەی تری کە هێز و بەهرەم تیادا بەدی دەکرد منی رادەکێشا. ناکۆکییەک بوو، بەڵام خودی ئەو ناکۆکییە رایدەکێشا.

بەهیچ شێوەیەک بە بیرکردنەوە تەنیا لە بنەمای پێوەری سۆزداری لەگەڵ (شەنەر) بەیەک نەگەیشتبووین. واتا ئەوەی یەکەمجار کاری لەمن کرد و منی راکێشا، سۆز و رەمەک نەبوون. هەستکردن، هۆشمەندی، نیگەرانی و پێویستییەکان کاریان تێکردم و دەستنیشانکەر بوون. کارلێکەکانی تر لەگەڵ ئەمانە پێکهاتن.

---

[168] مەبەست لە رێبەری گەلی کوردستان عەبدوڵلا ئۆجالانە.

کەی پێکهات، لە کوێوە دەستی پێکرد، بەرەو کوێ چوو، هەر هەمووی لەگەڵ ئەم ڕەهەندانەی ژیان و پەیوەندییەکان پێکەوە بوون. ناکۆکی، تێهەڵچوون، نیگەرانی، بزاوتن و هەستەکان بەردەوام بوون. هێزی کارلێکیان هەبوو. لە ڕاستیشدا سەرجەمی ناکۆکییەکان لەناو ئەو پەیوەندییەدا بوون. پێویستبوو ناکۆکییەکان ئاشکرا بکرێن و لە خاڵی شەڕی بەرجەستەیاندا بە بەڵگە و زانیاری بەرجەستەوە کار بکرێت. لەلایەکەوە هەوڵدەدرێت جیهانی پەیوەندییەکی بەنموونەییکراو(ئایدیالیتەکراو)، بێخەوش، بۆ ناکۆکی و بە هەموو شتێکییەوە جیاواز بخوڵقێندرێت، لەلایەکی تریش مۆزایکی پەیوەندیەک هەبوو کە پڕبوو لە ناکۆکی، تا ڕادەیەک هەر ئانوساتێکی پڕ بوو لە شەڕ و هەرجارە و خەوشێکی تری لەسەر زیاد دەبوو. ئەو لایەنەی کە لە نیگەرانییەکاندا خۆی دەدایە دەر ڕەوت و ئاراستەی ئەم پەیوەندییە نەبوو، بەڵکو لەچوارچێوەی "شەنەر چی بەسەردێت" دا بوو. (شەنەر) ئەم پەیوەندییەی وەک گەرەنتییەک لەقەڵەمدا، ئەمەش زۆر ئاشکرا بوو. تایبەتمەندی خۆپاراستن و خۆ دزینەوە لە تەوەری گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن هەبوو، دەیویست لە ڕێکخستندا بە پێگەیەکی کاریگەر بگات. لەم پەیوەندییەدا گەرەنتی هەموو ئەوانەی بەدیکرد. هەر لەسەرەتاوە هەستی پێکرد. پێویستی بە من هەبوو. لەم واتایەدا پێویستبوو کە لە چوارچێوەی ئەو پێوەرانەدا کە من هەمە گەورە و پیرۆزم بکات و ڕێزم لێبگرێت. بێگومان ئەمەش کاریگەری هەبوو.

خۆی لەلایەک لەناو ئەو دۆخە پڕ لە کێشەیەدا هێزێک بوو، لەناو ماتەوەزەی خۆ کاریگەرکردندا بوو، لەلایەکی تریشەوە بە ئەندازەیەک کە کار لە سۆزەکانم بکات کەوتبووە ناو گۆڕەپانی منیشەوە. ئەمانە پێکەوە لەناو پەیوەستدارییەکدا گەشەیان کرد.

دۆخی من بەگشتی ئەرێنی بوو و کاریگەری لەسەر هەڤاڵان هەبوو یان سەرنجی رادەکێشان، بەڵام (شەنەر) ئەوەندە گرنگی پێدەدام کە لە هەموو بوارێکدا خۆی بەگوێرەی من رێکدەخست. من لەوپەڕی حەز و خواستی کارکردندا بووم، دەمویست بە هەموو شوێنێک بگەم کە دەستم پێیدەگەیشت، خواست و وزەیەکی گەورەی کارکردنم هەبوو. ئەو، لە گەیشتنم بەم ئامانجەمدا بەهرەیەکی ناوازەی پێشکەش دەکردم. وەک بڵێت: "تۆ چی بخوازی، من ئەوە دەکەم" و دەشیکرد. رای وەردەگرتم، بەبێ دەستووری من هیچ شتێکی نەدەکرد، بەردەوام دەیگووت: "بەقوربان، چی دەڵێیت؟" گوزارەی "بەقوربان" بەپێی کات بوو بە شێوازە ناوهێنانێکی بەردەوام. لە نامە و نامەکاندا ئەو دەستی ماچدەکردم، منیش چاوەکانی، ناوچاوی و سەری. نامەکانمان، هەڤاڵانیش دەیانخوێندنەوە، ئەوەی بەو پەیوەندییەی دەزانی و ئەوەشی نەیدەزانی؛ بەم شێوازەی من راهاتبوون کە لە زینداندا بەدەستمهێنا بوو.

جارێکیان لە (حەسەن) و لە (یڵدزم)م پرسی: "رۆژنووسی یادەوەرییەکان دەخوێننەوە؟" و بە پێداگرییەوە پێمگووتن "بیخوێننەوە". دەمویست دەرک بە هەموو لایەنەکانی ژیانمان بکەن. (حەسەن) بیانی نەبوو لە ژیانی زیندان، بەڵام بەلامەوە هیچ لەجێی خۆیدا نەبوو (یڵدز) بڵێت درێژە و نەیخوێنێتەوە. بەتایبەتیش داوام دەکرد نامەکانم بە (شەنەر) بگەیەنن. دەمزانی کە پێویستی پێیەتی.

(شەنەر) دوای ئەوەی لە زیندان دەرکەوت، بەتایبەتیش دوای ئەوەی گەیشتە پارتی، چاودێرییەکی زیاترم خستبووە سەری. دەمویست هێز بە پارتی بدات، لەناو پارتیدا بەکاریگەر بێت. زۆر کەس لەوانەی لە زیندان دەرکەوتبوون بێ بەرهەمی و بێ

کەڵکییان لەگەڵ خۆیان دەهێنا. هەندێکیان هێشتا لەماڵی خۆیدا بوو، هەندێک بەکاری زۆر سادە و ئەوتۆوە خەریکبوون. وەرگرتنی هەواڵی گەیشتنی هەڤاڵان بە پارتی و چالاکانە بەشداریکردنیان لە خەباتدا، دیارە بۆ ئێمەی بەندکراوان خۆشترین هەواڵ بوو. بەتایبەتیش کاتێک کەسێک هەبێت کە هیوایەکی زۆرم پێی هەبوو و خواستێکی گەورەی سەرکەوتنیم هەبوو، چاوەڕوانی هاتنی هەواڵ زیادی دەکرد.

چەند فانیلە و بلوسێکمان بۆ (سەرۆک) چنی بوو و بۆمان بەڕێکرد. ئەمە شەپۆلێکی گەورەی خۆشەویستی و پارچەیەکی بچووکی ئاواتەکانمان بوو. بەشێوازی تر گەیشتن مەحاڵ بوو. هەر لەو قۆناخەدا فانیلەیەکیشم بۆ (شەنەر) چنی بوو، نامەیەکم خستبووە ناوی و بۆم ناردبوو. دیارە یەکەمجاربوو نیگەرانییەکانم وەلا دەنا و نامەیەکی بەو جۆرەم بۆ دەنووسی، لە نامەکەدا واتای ئەو پەیوەندییەم بۆ دەستنیشان دەکرد.

سەرەڕای بەسەرهاتەکانم، گەڕانم بەدوای خۆشەویستیدا کۆت نەکرد. لەوانەیە هەرگیز بیرم نەکردبێتەوە، خەیاڵم نەکردبێت، بەڵام لە نامەکەدا ئەوەم خستەڕوو کە خودی شەڕ و تێکۆشان خۆشەویستییە، وەک رەهەندێکی خۆشەویستی، بەشدارییەکی بەهێزانەی لە ژیاندا بە پێویست دەزانم و دەبێت ببێت بە هەنگاوێک کە هەرگیز لێی پەشیمان نەبمەوە، لەم بوارەدا بە ئەندێشەم و تووشی زەحمەتی هاتووم، بەڵام لە ئاستێکی بەرچاودا بوواردوومە. ئەمەش لەڕووێکەوە بەواتای قانیعبوونم دەهات.

واتا لە بەرەی خۆمەوە تا رادەیەک دانم بە پەسندکردنی ئەو پەیوەندییەدا دەنا. دەشبێت سەرەڕای کەموکورتییەکی زۆری لە گەیشتنی بە پارتیدا و هەبوونی کێشەیەکی زۆری خۆیشی، ئەمە ببێتە گەرەنتی دروستکردنی پەیوەندییەکی راستەوخۆ لەگەڵ

پارتی. ئیتر کێشەکە لە خودی شەنەردا بوو. پارتی و خۆیشی لە بەرچاوان بوو. قۆناخەکانی بەر لەوە بەردەوام لێوانرێژبوون لە ئەندێشە. ئێستا ئەگەرچی هەندێک ئەندێشەش هەبن، لەبەرامبەردا متمانە بە پارتی و هێزی چارەئامێزی هەبوو. بەرپرسیاریێتی من لە سایەی ئەم پەیوەندییەدا زیاتر هێز پێدان و بەرزکردنەوەی ئاستی مۆڕاڵی بوو. لایەنی راستی ئەمانە و هەڵوێستی پڕ لە نیازپاکیم پێکەوەن. ناوبەناو تابلۆیەکی زۆر ئەرێنی و نیازپاکانەم دەکێشا. جاروباریش بچووکترین هەواڵ و دەنگۆ، هەموو لایەنە ئەرێنییەکانی دەخستە ژێر سێبەرەوە و لەدواوە دەیهێشتەوە. سەقامگیر و درێژخایەن نەبوو. لە رووێکەوە بێ سنووری و جاویدانیم بەسەردا بار دەکرد. لەلایەکی ترەوە ئەو سۆز و کاردانەوانەی بەئەندازەی لێکردنەوەی بەشێک لەخۆی؛ خۆی نیشان دەدا، بەڵام هەردووکیشیان لە هەمانکاتدا پەیوەستداری و پابەندییەکی گەورەی لەگەڵ خۆی دەهێنا. لەو خاڵەدا کە زیاترین شەڕ و ناکۆکی تیادا هەبوو، زیاترین پابەندبوون دروست دەبوو.

## دۆزی حەشارگە

کاری کونکردنی دیوار بە ئاستێکی بەرچاو گەیشتبوو. ناسنامەکانیشمان هاتبوون. کەموکورتییەکی ئەوتۆیان تیادا نەبوو. جلوبەرگ و کەلوپەلیشمان ئامادە کردبوو. (موزەفەر) و ئەوان بۆ هەڵبژاردنی تاقمی چاکەت و پانتۆڵ داوای پەرتووکی مۆدەیان لەوانەی دەرەوە کردبوو، ئەمەش کارێکی تری هێنا بەسەرماندا. ئەوەی دەیبیست وای دەزانی یان زۆر لەنزیکەوە بەدوای مۆدەدا دەچین، یان ئەوەتا لە زیندان خۆیان بۆ نمایشی جلوبەرگ ئامادە دەکەن. بێگومان دەستبەجێ گەلێک دەنگۆ بڵاو ببوونەوە. (موزەفەر) زۆر لەسەر خۆبوو و دەیگووت: "چی دەڵێن با بیڵێن". کەچی من بەپێچەوانەوە لەناو بێتاقەتیدا هەراسان ببووم.

میوانێکی زۆر هاتوچۆی ماڵی بەرێوەبەریان دەکرد. رۆژی تایبەتیان هەبوو. ناراستەوخۆ چاودێریمان دەکردن. زیاتر دەمانویست رۆژانی قەرەباڵغ دەستنیشان بکەین. لە رۆژی وەهادا خۆدەربازکردن باشتر دەبوو. سەرنجی سەربازەکانی رانەدەکێشا. من و (جاهیدە) وەکو دوو خانمی شیکپۆش دەردەکەوتین. ناسنامەشمان هەبوو. لەگەڵ باوکی (جاهیدە) رێککەوتبووین. لەسەر رێگەی سامسون چاوەڕێی دەکردین. وشەی نهێنیشمان پێدابوو. بە تەلەگراف ئەو وشەیەمان پێدەگووت و ئەویش دەستبەجێ دەهات و لەوێ چاوەڕێی دەکردین. زۆر بەتوندی سەرزەنشتمان کردبوو کە "نابێت سەرنج رابکێشێت". بە ئەنقەست سامسونمان هەڵبژاردبوو. دەگووترا کە بەو لایەدا باشترە. لە هەرێمی دەریای رەش زیاتر دەرفەتی خۆ حەشاردان هەبوو. هەڤاڵانی عاجیل ئەو پێشنیازەیان کردبوو، ئامادەیی خۆشیان بۆ هاوکاری خستبووە روو.

بابەتی نەخۆشخانە سەری نەگرت. ئیدارە نەیدەویست بمانبات. لە ئاماسیا بووایە دەبوو، بەڵام چوونە دەرەوەی سنووری شارەکەیان بە مەترسی دادەنا. (حەسەن جان)یش لەم بوارەدا گورگێک بوو بۆ خۆی! وەکو هەموو فێڵبازییەک لەودا کۆببێتەوە؛ شک و گومانی لە هەموو شتێک دەکرد. بەردەوام لەلایەن ئێمەوە نیگەرانی هەبوو و سوکنایی نەدەهات. ناحەقیش نەبوو، هیچ راوەستانمان بۆ نەبوو، بەردەوام خۆمان لەقەرەی شتێک دەدا. هەر بۆیە بەردەوام پشکنین دەکرا. بە ئاشکرا دەیگووت: "من ئەو هەمووە زیندانم بەڕێوە بردووە، لە هەریەکەیاندا بە دەیان ژن هەبوون، بەڵام هەرگیز ئەوەندە لەو ژنانە نەترسابووم". لەناوخۆماندا دەمانگووت: "تۆبڵێی شکی کردبێت؟" و هەموومان شکمان لەلا دروست دەبوو. دەوروبەری دوایین خشتی دیوارەکەمان هەڵدەکەن. پێویست بوو سواخەکەی دەرەوە هیچی لێنەیەت. بۆ ئەوەش زۆر بە وردی کارمان دەکرد. بێگومان بێ سەبریش ببووین...

بەشێکی زۆری نووسراو و نامەکانمان بۆ دەرەوە ناردبوو، بەڵام هێشتا بەشێکیشی لەلای خۆمان بوو. لەو نێوەدا باسی پەیوەندییەکەی خۆم و شەنەرم بۆ (جاهیدە) گێڕایەوە. سەرەتا واقی وڕما، چونکە چاوەڕێی شتێکی وەها نەبوو و پاشان بە دڵگرانییەکەوە گووتی: "ئەگەرچی لە هەڵوێست و مامەڵەکانیدا هەستم بە هەندێک شت کردبوو، بەڵام هەرگیز چاوەڕێی شتێکی وەهام لەتۆ نەدەکرد". زۆر قسەمان لەسەر نەکرد. بەڵام بەویشم گووتەوە کە "ئەم پەیوەندییە جیاوازە" ئەویش قانیع نەدەبوو و دەیگووت: "چۆن جیاواز؟". خۆی زیاتر لە (10) ساڵ بوو لەگەڵ (سلێمان) دەستگیراندار بوو، گرفتێکی زۆریشی لێکەوتبووەوە. هەڵوێستی هەڤاڵان لەوێ، پێوانەکانی خۆی، هەڵوێستی دووژمن

له بەکارهێنانی پەیوەندییەکەیاندا هەموویان ئەوی تووشی زەحمەتی و ناهەمواریيەکی گەورە کردبوو. له 1983 بەدواوە تادەهات گرافیکێکی ئەرێنیانەی نواندبوو. بە ئەندازەیەکی بەرچاو دۆخی جارانی بواردبوو. له دادگادا وەک نیشتمانپەروەرێک بەرگری لەخۆی کردبوو. بە نووسین و گفتوگۆکردن کێشەکانی رابردوویان تێپەڕکردبوو. تەنانەت (یلماز ئوزون)یش بەهۆی: 'هەڵوێستی بەرتەسک و دەرەبەگیانەی خۆیەوە' رەخنەی لەخۆی گرتبوو. (یلماز) ئەو هەڤاڵە بوو کە له گرێ سۆر زیاترین تێهەڵچوون روویدابوو لەنێوانیاندا. ئاستی پەیوەندی سیاسی (جاهیدە) به فەرمییەت گەیشتبوو. واتا نادیاری و رێکاری رێکخستنی پێشووی لەسەر لابرابوو.

له ساڵی 1988دا دەرفەتی گفتوگۆی لەگەڵ (سلێمان) دەستکەوتبوو، بەڵام (جاهیدە) دەیگووت کە پەیوەندییەکەی بۆتە مایەی دواخستنی کەسایەتی خۆی. له رۆژانی ئەشکەنجە و زەبروزەنگدا مۆراڵی هەڤالان کاریگەری ئەرێنی لەسەر دەکرد و وەک لقە دارێک لێیدەڕوانی کە بۆ خۆرزگارکردن پەنای بۆ ببات. پەیوەندی نێوان خۆی و (سلێمان)ی لەگەڵ پەرچەکردارەکانی له بەرامبەر بە پارتی بەراورد دەکرد. هەڵوێستی نەرێتییانەی ناموسگەرایی له هەردوولاشدا هەبوو. (سلێمان) له پەیوەندییەکەیدا دروست بوو، دڵساف بوو، بەڵام حاڵەتی رۆحیی و کارلێکردنەکەی (جاهیدە) جیاواز بوو. (جاهیدە) له ئاماسیا له نووسراو و گووتارەکانیدا رەخنەگرانە بوو. له نامەکانیدا تا شوێنێک گفتوگۆشی دەکرد، گۆڕانی خۆیشی بۆ ئەمە دەگەڕاندەوە. بەلای (جاهیدە)وە ئاکارێکی راست نەبوو کە تاکۆتایی تەمەن بە پەیوەندییەکەوە وابەستەبێت و بە چارەنووسێک لێکیبداتەوە و له قاڵبێکی دەمارگیرانەدا جێگیری

بکات. (10) ساڵ وابەستەبوون بە بازنەیەکەوە! ئەمە ئەوینێکی گەورەیە؟ چ رەهەندێکی خۆشەویستی هەبوو، چ پێوانەیەکی هەبوو؟ هەموو ئەمانەمان خستە بەر باسەوە. (جاهیدە) لە هەندێک خاڵدا مافدار بوو! بەڵام چی لە جێگەی ئەوانە دادەنا کە بەدڵی نەبوون یان رەخنەی دەکردن؟ شەیدابوونی (جاهیدە) بە پێوەرەکانی بۆرژوازی بچووکی ناو کەسایەتی خۆی مەترسیدارتر نەبوو؟ خوو و راهاتنی ژیانی بۆرژوازی بچووک و حاڵەتی رۆحیی ئەو جۆرە ژیانە لە (جاهیدە)دا کارابوو. لایەنی پرۆلیتارئاسایانەی، لەناو خێزانیشدا تا رادەیەک لە دایکی جیاوازبوو. ئەویشی خستبووە خزمەتی ئاواتەکانی ژیانی بۆرژوازی بچووکەوە. لە قۆناخی ئاشنابوون بە (PKK) و راپەڕاندنی هەندێک کار و خەباتیشدا، لایەنی بۆرژوازی بچووکی لەکەسایەتی خۆیدا هەڵگرتبوو. لە رووی ئیرادەشەوە هەمان ئەو ئاڵۆزییەی هەبوو. چەمکی حیسابگەری بەشێوەیەکی هەمیشەیی بەسەر (جاهیدە)دا زاڵ ببوو. ئەمە پەیوەندی راستەوخۆی هەبوو بە شێوەگرتنی سەردەمی منداڵی، پەیوەندی خێزانی و پەیوەندی بازرگانی و ئابووری خێزانەکەیەوە. باوکی (چاوەش) بووە، وەک دەلاڵ و نێوبەندێکی کرێکارانی وەرزانە بووە. خۆیشیان کاریان کردبوو، بەڵام حیسابگەرایی باوکی لەو کارانە و ئاستی پەیوەندی لەگەڵ خاوەنکارەکەیدا لە هەمووان زیاتر کاری لە (جاهیدە) کردبوو. هەمیشە لەوانی دی زیاتر لە باوکییەوە نزیک بوو. دایکیشی کاری دروستکردن و فرۆشتنی شیرینیی دەکرد. هاوکات توخنی قاچاخچێتیش کەوتبوون. بەرەڵلایی ئارەقخۆری، قومار و دەستبڕی، شێوازی ژیانی باوکی بوو.

لە راستیدا دەمگووت ئەگەر (جاهیدە) ببێت بە شۆڕشگێڕ، بەهرەی گەورەی هەیە، هەوڵدەرە، هەموو جۆرە فێڵبازییەکی

هەبوو، ئەگەر بێتوو ئەوانە بە ئاراستەی بەرژەوەندی رێکخستن و تێکۆشاندا بخاتە گەڕ، سوود و بایەخی زۆری دەبوو. لانی کەم لە تێکۆشانی گریێ سۆر دا زۆر چالاک بوو. چەک و تفاقی لە قایمقام، کەسانی ناوداری سەر بە دامودەزگاکانی دەوڵەت پەیدادەکرد، کاروباری گواستنەوەی هەندێک کارمەند و فەرمانبەری دەوڵەتی پێدەکردن،ماڵی ئەوانی بەکار دەهێنا و دەسەلاتی ئەوانی بەکار دەهێنا. تەنانەت کەسێکی بوجاکییەکانیش دەکوژێت. بوجاکییەکان پارەیەکی زۆریان لەسەر کردبوو بە خەلات. بەم ئەندازەیە بەکاریگەر بوو.

قۆناخی دواتر (جاهیدە)ی بەرەو شکست دەبرد نەک سەرکەوتن. ماوەیەکی زۆر لەژێر ئەو کاریگەرییە دابوو. ناکرێت بگووترێت هەرگیز شکست نایەتەڕێ، نەخێر. بەلام ئەگەر ئەم شکستە لە مەیدانی شەڕدا نەبێت، زیاتر کاولکارە. ئەوانەی بە شەڕ و جەنگان گورزیان بەردەکەوێت و شکست دەهێنن، دواتر چانسی سەرلەنوێ خۆجەمکردنەوە و سەرکەوتنەوەیان دەبێت. بەتایبەتیش کاتێک رۆح، سۆز، بیر و باوەڕ و ئیرادە دووچاری شکست هات ئەگەرچی بەشێوەیەکی سنووردار و لەماوەیەکی کەمیشدا بێت، زۆر مەترسیدارە و کەسایەتی بەرەو خیانەتیش دەبات.

(جاهیدە) دەرکی بە هۆکارەکانی ئەو شکستەی کردبوو. پێوەری پەیوەندییەکەی، خۆپەرستی و خودڕەوییەکەی خۆی لایەنێکی پێکدەهێنا. بەهۆی ئەو پەیوەندییەوە هەندێک شتی بەسەر هاتبوو، ببوو بە هۆکاری گۆشەگیرکردن و دواجاریش دەستگیرکرانی. هاوکات لە لێپرسینەوەکانیشدا شکستیهێنابوو و لەهەندێک رووەوە دووچاری خۆڕادەستکردنیش ببوو. دوای تێپەڕکردن و تارادەیەک وەهۆش خۆهاتنەوەی، تادەهات

هەڵوێستی لەمەڕ ئەو پەیوەندییە دەگۆڕا. ئەمەش یەکێک بوو لە هۆکارەکانی لەدەستدان و شکستەکەی. بەناوی پاراستنی وەفای پەیوەندییەکەوە هەموو شتێکی بەسەر هاتبوو. کەواتە ئەمە نابێتەوە بە پێچەوانەکەی؟ دەیویست ئەم پەیوەندییە ببڕێت و خۆی لە کاریگەرییەکانی رزگار بکات و بەردەوام ئەم باسەی دەهێنایە ناو گفتوگۆکانمانەوە. لەڕاستیدا هەرچەندە لە رواڵەتدا لایەنی راستیشی هەبێت، بەڵام لەجەوهەریدا کاردانەوە و تۆڵەسەندنەوەیەکم بەدیدەکرد، کەچی خۆی ئەمەی قبوڵ نەدەکرد. (گیۆنول)یش هەمان شتی هەبوو. بەناوی پابەندی و وەفادارییەکی زۆر گەورەوە، کاردانەوە و دووڕوویەتییەکی زۆر بێ پەروایانەی هەبوو. بە ئەندازەیەک تۆڵەسێن بوو کە هێندەی نەمابوو بەشێوەیەکی زۆر چەپەڵ و قێزەونانە پەیوەندییەکەی بەدووژمن بفرۆشێت. رەهەندێکی تارادەیەک جیاواز بوو لە (جاهیدە). ئەوەی (گیۆنول) زۆر چەپەڵ بوو، هەر لە سەرەتاوە دروست و خاکی نەبوو. سەرچاوەکەشی بەشێوەیەکی راستەوخۆ بۆ هەڵوێستی لەمەڕ شۆڕش دەگەڕایەوە. شۆڕش لە ئایدیالەکانیدا نەبوو، کاریگەری چەمکی ماجەراگەرایی بۆرژوازی بچووکی لەسەربوو.

(ئایسەل)یش هەڵوێستێکی زۆر قەدەرگەرا و نەریتییانەی هەبوو. دۆخی ئاخ و ئۆف کێشان و باری ناجێگیری دەروونی (ئایسەل)، هاوکات دۆخی بێچارەیی و کۆیلایەتی بوو. چەمکی خۆشەویستییەکەی وا نیشان دەدات کە زۆر پابەندە، زۆر بەوەفایە و زۆر قووڵە، بەڵام لەڕاستیدا زۆر داماوانەیە و هاوشێوەی پابەندبوون و هیوای هەتیوێکە بە کەسێکی دەرەوە کە هاوکاری بکات. دەروونی کەسێکی ستەملێکراو و ئازارچێژ و تابلۆی مەلولی و ملکەچییانەی دەبێتە مایەی کوشتنی

خۆشەویستی، خۆشەویستییەک کە لەسەر هێڵی مردنە، ئەوینێکی دراماتاسا جێگەی باسە!

سیل نەخۆشییەکی شاراوەیە. لە زاری خەڵکدا بە (تەنکە نەخۆشی) - (مەبەستی لە خەڵکی هەرێمەکانی باکووری کوردستانە - و) بەناوبانگە. دۆخی زیندان لەبارە بۆ تووشبوون بەو نەخۆشییە و چەندان نەخۆشی تر. خودی دووژمن میکرۆبی سیلی بڵاو دەکردەوە. خواردنی بەڵغەماوی بڵاو دەکردەوە. خاوێنڕانەگرتنی جەستە، چەپەڵی و بێ خەمیکردن لە خاوێنی گشتی، هەروەها بێ هەناسەیی و هەموو شتێک لەباربوو بۆ بڵاوبوونەوەی نەخۆشی. بەڵام دیسان ئیرادەمان هەبوو لە زۆربەی نەخۆشییەکان دەیپاراستین. ئەو ئیرادەیە شایستەی هەموو دونیایە. (ئایسەل) نەخۆشی سیلی هەبوو. نەخۆشی؛ تاوانێک نییە، بەڵام حاڵەتی رۆحیی (ئایسەل) سەرچاوەی دەیان نەخۆشی تریش بوو. هەناسەی قووڵ، ئاخ و ئۆف و گریانی هەرگیز نەدەبڕایەوە. (ئایسەل) بەو شێوەیە زۆر داماو بوو. بۆ ئەوەش بەردەوام شەڕم لەگەڵ کرد. تەنانەت کاتێک پێکەوە بەرەو مردنیش دەچووین هەر شەڕم لەگەڵ کرد. خۆشەویستی هەرگیز نەخۆشی دروست ناکات. خۆشەویستی تەندروستی مرۆڤ دەپارێزێت، زیندە و بەهێزی دەکات، مۆڕاڵی بەرز دەکات. بەڵام (ئایسەل) خۆشەویستییەکەشی نەخۆش بوو، (تەنکە نەخۆشی)یەک!

لەگەڵ (موزەفەر) و ئەوان دوایین رۆژمان دەگوزەراند. هەموو لایەک بە راکردنەکەیان نەدەزانین، بەڵام هەستیان بە بوونی شتێک کردبوو. لە شوێنی چاوپێکەوتن بووین، لەوێ (موزەفەر) دەیگووت: "ئەگەر رۆیشتن، چاوێکتان لە ئێمەش بێت. ئەم شوێنە نەفرەتییە ئیتر شوێنی ژیان نییە. تۆزێک کاری لەسەر بکرێت،

ڕێوشوێنی هەیە. لەم بوارەدا پێویستە زۆر لە هەڤاڵان بکرێت. بە ئەندازەی (DEV-SOL)یشیان لەدەستنایەت؟.. پێویستە چەند فاشیستێکیش لەناوببردرێن. هەندێک کەسی ئەشکەنجەکار هەیە، ئەگەر چالاکییەکیان لەسەر بکرێت، ئەوەندە هارنابن" بێگومان هەمووان بەشێک لەو کەسانەمان دەناسی. خۆشحاڵی و مەلولی لەیەک کاتدا باڵی بەسەر (موزەفەر)دا کێشابوو. هەموومان بڕوامان دەکرد کە حەتمەن سەردەکەوین، بۆیە مەعنەویاتمان بەرز بوو.

لەو نێوەدا ژنە پاسەوانێک هات و گووتی: "میوانت هەیە؟" ڕۆژی سەردانی گشتی نەبوو، کێ بوو ئاوەها بە (تایبەت) دەهات؟ پێویست بوو داوای مۆڵەت لە دۆزگەر بکات. ئەگەر لە دوورەوە هاتبێت و هۆکارێکی جددیی هەبێت، ڕێگەیان پێدەدا، ئەگەرنا ڕێگە بە کەس نەدەدرا. تۆزێک خرۆشام، لەکاتێکدا لە کابینەی چاوپێکەوتندا چاوەڕوان بووم، لەناکاو لە کابینەکەی بەرامبەرەوە (باقی) دەرپەڕی. حەپەسام و لە حەوسەڵە کەوتم.

گووتی: "مەرحەبا، چۆنی ساکینە؟ لەمێژە نەمبینیویت". منیش گووتم: "باشم" و دەستبەجێ بەچەند پرسیارێک هاتنەکەیم دایەوە بەڕوویدا: "بۆچی هاتی؟ بە چ حەقێک هاتووی بۆ سەردانم؟ مۆڵەتت لە من وەرگرت؟" لەوەڵامدا گووتی: "پێویست بە شتێکی وەها هەیە؟ ئێمە خزمین، تۆ ئامۆزای منیت، دیارە هاتن و حاڵپرسینت ئەرکە لەسەرم".

پێمگووت: "نەخێر، کەسێک کە خۆم نەمەوێت، ئەگەر دایک و باوکیشم بن، نابێ بێت بۆ لام. ئەوجار بۆچی یەک لەسەر یەک نامەم بۆ دەنووسیت؟ سەیرە من وەڵامت نادەمەوە، کەچی تۆ هەر نامە دەنێریت. با باش بزانیت بێ ئەوەی بیانخوێنمەوە دەمدڕاندن. چونکە هیچ نرخێکیان نەبوو بەلای منەوە. یەکەم نامەتم

خوێندەوە، شتێکت نووسیوە و لەسەری ڕۆیشتوویت، ئەمەت کردووە بە دەردێک بۆ خۆت و درێژەی پێدەدەیت. هیچ پەیوەندی و پەیوەستییەک نییە لەنێوانماندا، خزمایەتیش بەلای منەوە جۆرە پەیوەندییەکی ئەوتۆ نییە. دەستبەجێ هەستە و بڕۆ! هیچ شتێک نییە تا قسەی لەسەر بکەین". بەگریانەوە گووتی: "من ئەو هەموو ڕێگەیەم بڕیوە و هاتووم، با تۆزێک قسە بکەین. دەتوانیت نرخم پێنەدەیت، ڕێزت لێدەگرم". و منیش دووبارە داوام لێکرد بڕوات.

کاتێک تێگەیشتم کە ناڕوات، خۆم هەستام و دەرکەوتم. بەر لەوەی بڕۆم پێمگووت: "پێویستە تۆزێک ناموس، تۆزێک شکۆی کەسێتیت هەبێت. لەکاتێکدا نامەوێت قسەت لەگەڵ بکەم، بۆچی خۆت ئاوا داماو دەکەیت؟ نەمویست لە بەرچاوی دووژمن تێکت بدەم، بەڵام خۆت پێداگریت کرد". و دووبارە چوومەوە بۆلای هەڤالان. (موزەفەر) بەبیستنی تووڕە بوو و گووتی: "ئەو کابرایە وەکو کرمی ئاوریشمە، تووڕەییەکەم لە تۆیە، بۆچی چوویت و ئەوت پەیدا کرد؟ ساڵەهایە وەکو بەڵایەکە".

بەڵێ؛ لەکوێ دۆزیمەوە؟ چەند جارە چیرۆکەکەی دەگێڕمەوە. (جاهیدە) دەیگووت: "بەر لەوەی چاوت پێی بکەوێت نامەکانیم لەناو دەبرد. زۆر بێزار و بێتام دەینووسێت. چووە هاوسەرگیری کردووە و منداڵیشی هەیە، کەچی هێشتا بەدواتەوەیە. چ کەسێکی سەیرە!".

من ئامادەم بۆ گفتوگۆیەکی ئاسایی و بێ خەوش، جا حەزدەکات بەپێی پێوەرە خزمایەتییەکانیش بێت، بەو مەرجەی شتێکی تری تیادا نەبێت. قسە و گفتوگۆ دەکەم و هەموو جۆرە هاوکارییەکی دەکەم. هەرگیز پەیوەندییەکی رابردوو ناکەم بە مایەی زوویربوون یان وەرگرتنی هەڵوێستێکی جیاواز. بریا هێزێکی وەهای هەبووایە، لەکاتێکدا دونیایەکی دیکەی بۆ خۆی

دروستکردبوو، کەچی وەکو هەموو دنیای خۆی لەدەستدابێت وابوو! بە پێداگرییەوە هەر لەو خاڵەوە دەستی بەهەموو شتێک دەکرد. هاوشێوەی دەمارگیرییەک لەناخیدا چەقی بەستبوو، کە جگە لە بێزاری، هیچی تر نەبوو. لەجیاتی ئەوەی من بە مرۆڤێک، بە شۆڕشگێڕێک دابنێت، بەڵکو بە ژنێکم دەزانێت کە بەر لە چەندین ساڵ پەیوەندییان هەبووە. لە کەسایەتی مندا لەو ژنە دەگەڕێت، دەیەوێت بیژیێنێت، هەموو هەڵسوکەوتێکی جارێ ئەو داوایەی دەدا. ئەمەش مایەی بێزارییە و هەرگیز پەسندی ناکەم. هەوڵەکانی بۆ دیالۆگ بێ ئەنجامن، بێگومان تاقیکردنەوەکانی هیچ سوودێکی نەبوون. (باقی) سەکتەی لە چاوپێکەوتنی ناوخۆشمانی دا. داماوی چەند خراپ بوو. هەرگیز حەزم لە دڵدامان و دڵ بەخۆسووتان نەکردووە و نەفرەتم بەسەردا باراندووە.

شەوێکیان، لەکاتێکدا کە هەموو کەسێک سەرگەرمی زنجیرە درامای ماریا بوو، من بەردەوام بووم لە هەڵکۆڵین. زۆر بەخێرایی کارم دەکرد، چونکە درێژە کێشانی مەترسیدار بوو. (ئامین) لە دالانەکە رایەڵکەی دەکرد، ئەرکی پاسەوانیمان پێ سپاردبوو، بەڵام ژنە پاسەوانەکانی زیندان ئەویان خستە تەڵەوە. یەکێک لە بەشی مەتبەخەوە بانگی دەکات، چۆن دەچێتە ژوورەوە دەرگەی مەتبەخەکەی لەسەر قایم دەکەن. پاسەوانەکانی تر لە حاڵەتی ئامادەباشیدا دەبن، ژنە پاسەوانەکە بانگی هەموویانی کرد و بەجارێک دەنگێکی قەرەباڵغ لە قادرمەکانەوە هاتە گوێم. هەڤاڵانی ناو مەتبەخەکە بۆ ئەوەی من پێیان بزانم بەکۆمەڵ دەستیانکرد بە گووتنەوەی دروشمی "کۆتایی بە زەبروزەنگ بهێنن، نا بۆ گوشار" و دەیانکێشا بە دەرگەکەدا. دەستبەجێ دەستم لەکار هەڵگرت. قاڵبی دەمی کونەکەم بە خواروخێچی خستەوە شوێنی خۆی و کەلوپەلەکەی دەستیشم بە پەلە شاردەوە. هێشتا خەریکی

کۆکردنەوە و خاوێنکردنی ئەو ناوەبووم، بە دەیان پاسەوان وەک ڕەوە سەگ خۆیانکرد بە ژووردا. جگە لەوانەی نۆبەتگەکان، هەموو پاسەوانەکانی تریان هێنابوو. پێیان ناخۆش بوو کە نەیانتوانی لەسەر کار بمگرن. بەڵام دەستبەجێ قەرەوێڵەکەیان ڕاکێشا و بە شەق و بۆکس شوێنی کونەکەیان دۆزییەوە، قەپاخەکەیان دەرهێنا. خۆشم لەولاوە لەسەر کورسییەک دانیشتبووم و هەوڵم دەدا هێور و لەسەرخۆ بم. زۆر شڵەژابوون، بەڕێوەبەرەکە دەیگووت: "ئاوا! ڕاتان دەکرد ها! سێ ڕۆژە لە دەرەوە چاوەڕێی ئێوەین. لەدەرەوە بمانگرتانەیە بە زەوقتر دەبوو". پەلاماری هەموو لایەکیان دەدا و دەیانپشکنی. چەند پاسەوانێک ئاماژەیان بە گۆشەی دیوارەکە کرد و گووتیان: "بەڕێوەبەر، بڕوانن وێنەی ئاپۆیان هەڵواسیوە. ئێرەیان بە وێنەی تیرۆریستان پڕکردۆتەوە. ئەمانە قەدەخەن"، دەستیان بۆ برد و ویستیان لێیکەنەوە. لەشوێنی خۆم ڕاپەڕیم، بەڕێوەبەرەکەیانم ئاگادارکردەوە و گووتم: "دوورکەونەوە، ئەگەر دەستی لێبدەن دونیاتان بەسەردا خراپ دەکەم. دەستی لێمەدەن. تێگەیشتین، هەڵتانکوتایە سەرمان، حەشارگەکەتان دۆزییەوە، بۆچی ئەو هەرایە دەکەن؟ ئێمە شۆڕشگێڕین، لە زیندانیش بین هەر خوڵقێنەرین، هەڵدەکۆڵین، کوندەکەین، دەفڕین. ئێوەش ئەرکتان ڕێگریکردنە لە ئێمە. هاتن و دۆزیتانەوە، شتێکی ترمان تێکوپێک مەدەن".

بەڕێوەبەر بە واقی وڕەوە نەیدەزانی چی بڵێت، بەورتە ورتێکەوە گووتی: "تۆ سەیری ئەوە ناکەیت؛ دەڵێی من تاوانبارم و ئەو پۆلیسە و خۆی بەحەق دەزانێت. هیچمان نەکردووە، کەچی هەڕەشە لە کارمەندەکانم دەکات".

ئاگادارکردنەوەکەم کاریگەری پێویستی دروست کردبوو. وردتر ڕەفتاریان دەکرد. پاشان چەند ئامرازێکی تری هەڵکۆڵانیان دۆزییەوە. ئەو دۆلابەیان ئەمدیواودیو کرد کە نووسینەکانمانی تیابوو. تۆزێک ترسم لێنیشت، بەڵام بەقسەکردن سەرنجیانم بڵاو کردەوە. هەڤاڵانیش لەو نێوەدا لە قاتی خوارەوە بەدەنگی بەرز هاوار دەکەن و دەڵێن: "ساکینە چی بوو؟ هیچیان لێکردیت؟ ڕەوش چۆنە؟".

وەڵاممدانەوە و گووتم: "باشم، خەمی منتان نەبێت" لەو نێوەدا لە بلۆکی ئەو دیوەوە بانگیان دەکرد. (موزەفەر) و ئەوانیش خەمیان بوو. بە ئەنقەست وەڵامم نەدانەوە. دەمویست تۆزێکی تر خەم و مەراقیان زیاد ببێت و گوشار بخەنە سەر بەڕێوەبەرایەتی زیندان، هاوکات لەو دۆخەدا حەوسەڵەم نەبوو دەنگم بگەیەنم بەوان. هەرچەندە هەوڵ بدەم خۆم لەبەرامبەر بە دووژمن بەشێوەیەکی تر بنوێنم، بەڵام وەختبوو دڵم دەتەقی، دیسان سەرکەوتوو نەبووین. چۆن پێیان زانیبوو؟ دەیگووت: "سێ ڕۆژە چاوەڕێیین!". ئەگەر ڕاست بکات، چۆن پێیان زانی؟ ئایا دەنگیان بیستبوو؟ چونکە لەماڵی بەڕێوەبەرەوە دەنگ دەبیسترا. ئەگەر زۆر بەوردی گوێیان لە دیوارەکە بگرتایە، لەوانەیە پێیان بزانیایە. زیندان شوێنێکی وەهایە کە گوێ بەکام دیوارییەوە بنێیت دەنگێکی زۆر سەیر و سەمەرەی لێ دەبیستیت کە وادەزانیت سەدان کەسی تیا دەژی.

دەستبەجێ تۆماریان نووسی: "تونێلمان دۆزییەوە". دەرگەی مەتبەخەکەیان داخستبوو، هەڤاڵانیش هاواریان کرد و گووتیان: "ئەگەر نەیکەنەوە ئاگر لە هەموو شوێنێک بەردەدەین". لەو ماوەیەدا دەنگی گووتنەوەی دروشم ڕانەوەستا. دوای تەواوکردنی کارەکانیان دەرگەیان لەسەر کردنەوە.

بە نامەیەک (موزەفەر) و ئەوانم لە دۆخەکە ئاگادار کردەوە، ئاڵوگۆڕی نامە دەستی پێکردەوە. وەڵام هاتەوە و دڵگرانی خۆیان دەربڕی بوو، هاوکات دڵنەواییان دەدایەوە و داوایان لێدەکردین کە پێی تێکنەچین.

لە دادگا دۆزێکی تر کرایەوە: "دۆزی راکردن"! خۆ رزگارم نەبوو لەو دۆزانە. دوایین دۆز سەبارەت بەو پارچە کاغەزانە بوو کە بەڕێوە لە کونی سەقف و چوارچێوەی دواوەی ئۆتۆمبێلە سەربازییەکەوە فڕێمان دەدانە دەرەوە. ئەوانەیان بە بەیاننامە لەقەڵەم دابوو. هەر پارچە کاغەزێکیان بە بەیاننامەیەک داناوە، تۆمەتنامەیەکیان ئامادە کردبوو کە بە" تێکدان و پارچەکردنی یەکپارچەیی دەوڵەت، سوکایەتی کردن بە دامودەزگاکانی... لە رێگەی پڕووپاگەندەی پارچەگەرییەوە هەوڵدان بۆ هاندانی خەڵک..." دەستی پێکردبوو و بەردەوامی دەکرد. هێشتا ئەوەیان تەواو نەبوو، ئەوجارە دۆزی تونێل!

لە زیندان دادگایەکیان دروست کردبوو، لە ترسان نەیاندەبردینە دەرەوەی زیندان. لەو قاوشەدا چوار کەس بووین، وتە "ئیفادە"ی هەر چوارمانیان وەردەگرت. دیسان من لە ئەستۆم گرت و گووتم: "حەشارگە بوو، من دروستم کرد". پێکەنین و گووتیان: "حەشارگەیەکی ئەوەندە گەورەت بۆچی بوو؟" منیش گووتم: "بۆ شاردنەوەی نووسراوەکان دروستم کرد، چونکە بیرم لە ماوەیەکی دوور و درێژ دەکردەوە، وام کرد کە جێی پەڕتووکیشی تیا هەبێت"... ئیفادەکەم بەم جۆرە بەردەوام کرد. دەمویست دادگاییەکە بکەم بە دادگایی "دۆزی حەشارگە". ئەوانەی

خۆمان بەو قسانەیەم زۆر پێدەکەنین و گاڵتەیان دەکرد. بێگومان دووژمنیش سەری بۆ نەلەقاند...

دووژمن چۆن بەم پلانی راکردنەی ئێمەی زانی؟ یان (کۆچ عەلی) هەواڵی بە دووژمن گەیاندبوو، یان!.. نەمدەویست دەستبەجێ (یلماز) تاوانبار بکەم. هەڵەمان کرد بە (کۆچ عەلی)مان گووت، بریا ئەومان هەر نەخستایەتە ناو ئیشەکەوە، بەهەرحاڵ ئەوەی چوو؛ تێپەڕبوو، پێویست بوو پێشتر بیر لەو بریا بریایە بکرایەتەوە.

## "له زیندانەکانیشدا جێگەیان بۆ ئێمە دەستنەدەکەوت..."

کۆتاییەکانی ساڵ بوو. ساڵێک تێپەڕببوو بەسەر دوورخستنەوەمان لە ئامەدەوە. جارێکی تر دەنگی دروشم دەهات. پاشان لەناو تۆپە هەویرێکدا نامەیەکیان بۆ هەڵدابن و تیایدا دەیانگووت: "موزەفەر بە زۆرەملێ دوورخرایەوە". بەڵێ "نا بۆ دوورخستنەوە"... بۆ چەندەمین جار بوو ئەم دروشمەمان هەڵدەدا؟! لە ژمارە نەدەهات. زیندان و لە زیندانێکەوە دوورخستنەوە بۆ زیندانێکی تر! نەیاندەتوانی لە زیندانەکانیشدا بەجێمان بکەن. شەڕێک بوو! دووژمن هەر لەناو زیندانەکانی خۆیشیدا کە بە هەموو هێزێکییەوە کۆنترۆڵی خۆی بەسەردا سەپاندبوو، ئەمەش مایەی گاڵتەجاڕی بوو! داوای چاوپێکەوتنمان کرد. دووژمن سەرەڕای هەموو پێداگرییەکمان ڕێگەی بە چاوپێکەوتن نەدا. پاسەوانێکی ژن دەیگێڕایەوە کە دالانەکە بە دەنگی (موزەفەر) دەنگی دەدایەوە کە هەرئەوەندە بەدەنگێکی بەرز بانگی کردبوو و گووتبووی "ساکینە" ئەویش لە لاواچی دەرگەکەوە هاواری کردبوو، پاسەوانە ژنەکە دەیگووت: "دڵ و هەناوم سوتا، ئەو منداڵە چاوشینە چۆن بانگی دەکرد!" بەڵام ئێمە ئەوەشمان نەبیست. بێ چاوپێکەوتن بردیان.

ئەو جۆرە مامەڵەیەی دووژمن بەواتای درێژەدان بوو بە دوورخستنەوەمان. هەستم دەکرد کە سەرەی منیش دێت. دووژمن تونێلی دەکرد بە بیانوو. شیمانەکانم ڕاست دەردەچوون، پاش چەند ڕۆژێک منیشیان بانگ کرد. دوورخستنەوە بۆ چاناک کالە! (موزەفەر) بۆ کوردستان، بۆ شاری دیلۆک و منیش بەرەو ڕۆژئاوا بۆ چاناک کالە. دڵیان سوکنایی نەدەهات. تەنانەت لە

دوورخستنەوەشدا تۆڵەسەندنەوەیەکی ئەوەندە بێ ویژدانانە و نامرۆییانەیان نیشان دەدا کە وێنەی نەبوو!

ئاماسیا بەجێدێڵم. لە ئاستی بیرکردنەوەشدا بێت هەندێک پلانم دادەڕشت و دەمگووت لەڕێگە هەلێکم بۆ دەڕەخسێت. ناسنامە ساختەکەشم لەلا بوو. ناسنامە و پارەکە لەوانەیە سوودیان هەبێت. بەڵام هەتا گەیشتنە زیندانی چاناک کالە رانەوەستان. ڕێگەیەکی دوور و درێژ، شەکەتی کردم. لە چاناک کالەش هەڤاڵ هەبوون. پێشتر لەگەڵ هەندێکیان نامە گۆڕینەوەمان هەبوو. بەشی ژنان ئاڵۆز و پر لە کێشمەکێش بوو، بەندکراوی دۆزی کۆمەلایەتیشی تیادابوو. هەڤاڵ (زوبەیدە) لەگەڵ نزیکەی (10) ژنی تر لە گرووپە چەپڕەوەکانیش لەوێبوون.

هەمان ڕۆژ چاوم بە هەڤاڵان کەوت، باسی دۆخەکەم بۆ کردن. ئەوان پێخۆشحاڵ بوون و بە گاڵتەوە دەیانگووت: "قەی چییە، ماوەیەک لەلای ئێمەش بمێنەرەوە". لە بنەمادا ڕاستییەکەشی هەر بەو شێوەیە بوو. بۆچی ئێمە هەندێک شت بەو شێوەیە وەها بە توندی دەگرینە دەست؟ لە هەموو زیندانەکاندا هەڤاڵ و هاوڕێم هەبوو. پێویستبوو چێژ لە دوورخستنەوەش وەربگرین.

پێکهاتەی بەندکراوانی زیندانی چاناک کالە سەیر بوو. ئەندامانی زۆربەی گرووپە سیاسییەکانی لێبوو. ژمارەی هەڤاڵانی خۆشمان زیاتر لە (30) کەس دەبوو. (جەلال ئۆزاڵپ - نۆمان)، (جەمال شەریک)، (بورهان)، (محەمەد چنار - رەسول)، دەزا - حەمید کانکلچ)، (د. عەلی)، (جان)، (سەدرەدین) و کۆمەڵێک هەڤاڵی تر هەبوون.

دوایین جار لە ساڵی 1977 لەگەڵ (د.عەلی) یەکترمان بینی بوو. ئەوکاتە لە زیندانی ئاگری بوو. دواجار گوازرابووە بۆ

ئەرزینگان، نیدە[169] و لەویشەوە بۆ چاناک کالە. لەمسەر بۆ ئەوسەر بە هەموو جوگرافیاکەدا گەڕابوو. بەسایەی زیندانەوە بە زۆر شوێنی کوردستان و تورکیادا دەگەڕاین. جاروبار گاڵتەمان دەکرد و دەمانگووت ریکۆرد لەدەست کێدایە؟ بێگومان لەم بوارەدا پلەدارترینمان (د.عەلی) بوو. بەڵام بەسایەی زیندانەوە ئەوم بەزاندبوو. لەگەڵ (جان) دواجار لە چاوپێکەوتنی ئەنجامگیرکردنی بەرخودانی مانگی شوباتی 1988دا یەکترمان بینی بوو. واباشترە بڵێم یەکەم و دوایین دیدارمان بوو. هەمیشە مەراقم دەکرد؛ چونکە لەگەڵ (کەمال پیر) و ئەوان پێکەوە دەستگیر کرابوون. بۆ ئەوەی نەکەونە ناو بازگە کاتییەکانی سەربازانی تورکەوە خۆیان لە بارهەڵگرەکەوە هەڵدابووە خوارەوە، دوای خۆهەڵدانەکەش لە جموجۆڵدا دەبن بۆیە سەرنجی سەربازان رادەکێشن و دەگیرێن، تەنیا (مەعسوم کۆرکماز) واتا هەڤاڵ (عەگید) خۆی رزگارکردبوو. (جان) ناساخییەکی هەبوو، لە دوای (مانگرتنی تامردن) سەری پەنمی بوو، لەژێر کۆنترۆڵی پزیشکدابوو. هەڤاڵان بەردەوام باسی مەترسی باری تەندورستی ئەویان دەکرد. کاتێک چاوم پێیکەوتەوە زۆر زیندە و لەسەرخۆ بوو.

وادیاربوو (د.عەلی) هیچ نەگۆڕابوو. لەگەڵ (نۆمان)، واتا (جەلال ئۆزاڵپ) تازە ئاشنا دەبووین، ئەویش لەسەردەمی (سەبری) و ئەواندا دەستگیرکرابوو. دەرفەتم دەستنەکەوت ئەو گرووپە لە نزیکەوە بناسم. دوای دادگاییەکی خێرا و هەڕەمەکی، رەوانەی زیندانەکان کرابوون. (جەمال شەریک) و (بورهان) بە رەنجدەرانی چاناک کالە هەژمار دەکران. لە مێژ بوو لەوێ بوون.

[169] یەکێکە لە شارەکانی تورکیا کە دەکەوێتە هەرێمی ئاناتۆلیا، تا سەرەتای سەدەی بیستەمیش بە ناهیتا و نیکاتا دەناسرا .

دەتگووت مێخیان بە چاناک کالەدا داکوتاوە! (حەسەن شەریک) لە زیندانی دیلۆک بوو. (جەمال) لە تەمەنێکی بچووکدا پەیوەندی بە هەڤالانەوە دەکات. گەنجترین (PKK)یی توزلۆچایر[170] بوو، کاتێک لە توزلۆچایر بووم چووم بۆ ماڵیان، تەنیا خوشکەکەیان لەماڵ بوو. لەگەڵ (حەسەن)یش بەسایەی کاروباری راگەیاندنەوە لە خارپێت یەکترمان ناسی. (جەمال) بە باڵا بەرزەکەیەوە زۆر لەمێژبوو بچووکبوونی لەدووی خۆی بەجێهێشتبوو. (بورهان)یش نەوەی (باقڵ ئاغا)یە. (باقڵ ئاغا) بە تاوانی سیخوڕی و بەکرێگیراوی بۆ دووژمن، لە شاری دێرسیم سزادرا. دەیگووت راستە، لەنزیکەوە پەیوەندی هەبوو لەگەڵ دەوڵەت، بەڵام: "نەک لەسەر بنەمای سیخوڕی، بۆیە حەق نەبوو سزابدرێت، بەڵام تازە چوو، کوژرا". (بورهان) هەڤاڵێکی ئارام، پێگەیشتوو و ژیر بوو.

لەو زیندانەدا هێشتا چاوپێکەوتنی ناوخۆ نەکرابوو. کاتێک باسی چاوپێکەوتنەکانی خۆمانم لە ئاماسیا و ئامەد بۆ کردن، خۆشحاڵ بوون، پێمگووت: "دەیهێنینە ئێرەش". (جان) پرسی: "نێوانت لەگەڵ حاملی چۆنە؟"، پێمگووت کە باش نییە و دواتر بە بەرفراوانی قسە دەکەین.

(زوبێدە) لەماوەیەکی کورتدا بەردرا. بەڵام هێشتاش شەقاوەییەکەی جارانی مابوو، بگرە زیاتریش بەدی دەکرا. ماوەیەکیش لە زیندانی دیلۆک مابووەوە. لە دیلۆکەوە ئەو و (مورووەت) ناوێکی سەر بە (TIKB) پێکەوە هاتبوون بۆ چاناک کالە. کاتێک دەرکەوتن پێیان گووترا کە چۆن پەیوەندی بە پارتییەوە بکەن، بەڵام بەرلەهەموو شتێک (یلماز داغلی) دەچێت بۆ لایان. هەردووکیان تاکۆتا بە ئارەزووی خۆیان رەفتار دەنوێنن، هەموو شتێک بە هەوەسی خۆیان دەکەن. بە بیستنی

[170] یەکێکە لە گەڕەکەکانی ئەنکەرە.

ئەمە، هەواڵمان بۆ ناردن. پاشماوەیەک هەندێک لە خانەوادە و ناسیاوانی هەرێمەکە دەستبەسەر کران. بۆیە ئەو هەواڵە بەپەلەیەمان بەدەست نەگەیشت کە بۆمان رەوانە کرابوو. بەگشتی لە سەرجەم زیندانەکاندا دەوڵەت گوشارێکی زۆری لە خانەوادە و کەسوکاری بەندکراوان دەکرد.

پەیوەندییەکی بەردەوام لەنێوان زیندانەکاندا نەبوو. بۆیە ئەگەرچی بە کەمیش بێت، بە نامەنووسین هەوڵی پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە دەدرا. بەتایبەتیش ناچاربووین لە ئاستێکی بەرچاودا لەسەر جەوهەری سیاسەتی بەرخودان و شێوازی جێبەجێکردنی لە زینداندا گفتوگۆ بکەین. لەڕاستیدا لەگەڵ ئەو خاڵەی کە (موزەفەر) لە ئاماسیا باسی دەکرد و دەیگووت: "ئەم کارە بە رێ و رێبازێکی تر ناکرێت؟ یاخود ئێمە خولقێنەر نین؟" هەمان شت بوون.

دووژمن جارێکی تر زیندانی ئەسکی شەهیری خستبووە رۆژەڤەوە. پێشتر دوو شەهیدمان دابوو. کەچی دووبارە سیستەمی ژووری تاکەکەس و گۆشەگیری دەسەپاندەوە، ئەمەش بە رێکەوت نەبوو. سەرەتا لەنێو خۆماندا ئەم بابەتەمان تاووتوێ کرد، پاشان وەک تێڕوانین و پێشنیازی هاوبەش پێشکەشی (کاراسو) و زیندانەکانی ترمان کرد.

سیاسەتمان لەبەرامبەر بە پەلامارەکانی دووژمن دیاربوو، هەرگیز رێگەمان نەدەدا پەلاماری پرەنسیپە بنەڕەتی و دەستکەوتەکانمان بدەن. لەبەرامبەریشدا دووژمن بەردەوام مانگرتن، (مانگرتنی تامردن) و راپەڕینی دەسەپاند و دەیویست بەرەو ئەو زەمینەیە راماناکێشێت، پێویست بوو ئێمەش ئەم هەوڵانەی دووژمن مایەپووچ بکەین و ئەو چەکەیان لەدەست دەربهێنین. بۆیە پێویست بوو بەرخودانییەکان لەژێر

دەستپێشخەری خۆمان و لەسەر بنەمای گونجان لەگەڵ شەڕ و تێکۆشانی گشتیمان ڕێکبخەین. ئاشکرایە کە بابەتێکی هەستیار بوو. زۆر بە ئاسانی دەتوانرا تۆمەتی (ڕاستڕەوی) بخەنە پاڵمان. سەرەڕای ئەوەش پێویستی بە دەستەبەرکردنی ئاستی گفتوگۆیەک هەبوو کە هەمووان پەیوەندیدار بکات، پێکهێنانی سیستەمێکی ژیان و پرۆگرام و بەرنامەی بەرخودانییەکی خولقێنەرانەتر، پتەوتر و سەردەمیانەتر هەڵبگرێت.

لە زیندانی ئایدینەوە توندترین وەڵامی ئەم گفتوگۆیانە درایەوە. بەشێوەیەک لێکدراوەتەوە گوایا سیاسەتی چەپڕەوی تورک کاری تێکردووین. دەیانگووت ڕاست نییە لەبەرامبەر بە هەموو شتێک دەست بۆ مانگرتنی درێژخایەن و (مانگرتنی تامردن) ببرێت. لە هەندێک لە زیندانەکاندا لە بەرامبەر بە بچووکترین قەدەخەکارییەک دەستبەجێ دەست بە مانگرتن و (مانگرتنی تامردن) دەکرا، ئەمەش بەشێوەیەکی خۆڕسکانە زیندانەکانی تریشی بۆ کردەیەکی وەها ڕادەکێشا. ئەم لایەنانە بوون کە پێویستیان بە ڕەخنە و ڕاستکردنەوە بوو. ئەگەر سیاسەتێکی گشتگیرانەمان نەبێت، ئەوا نەدەتوانرا لە هیچ شوێنێک ڕێگری لە هەڵوێستی پەرتەوازە بگیردرێت. بەڵام زیندانی ئایدین (مەبەست لەو ئەندامانەی PKKیە کە لەو زیندانە دان) بەم هۆکارە ڕەخنەی توند و جەمسەرگیرانەی ئاراستە کردین. زیندانی جەیهان بەگشتی داواکەی ئێمەیان بە گرنگ دانابوو و جەختیشیان لەسەر ئەوە کردەوە کە بەهەر باجێکیش بێت دەبێت ڕێگری لە پەیڕەوکاریی و پەلامارەکانی دووژمن بۆسەر زیندانی ئەسکی شەهیر بکرێت. زیندانی دیلۆک هەڵوێستێکی ئەرێنیتریان نیشاندا و هەڵسەنگاندن و پێشنیازەکانی خۆیان بەتەواوی بەرجەستە کردبوو. بەگشتی لە بناخەدا شتی جیاواز نەدەگووتران.

بەهۆکاری دەرکنەکردنی تەواو بە جەوهەری کێشەکە، گفتوگۆ و پێناسەکردنیشی بەرەو جەمسەرگیری دەچوو. لە هەندێک شوێنیش لەم هەڵسەنگاندنانەی ئێمەوە روویان لە پێناسی "راستە، مانگرتن و مانگرتن تاکەی؟!" و بێواتاکردنی بەرخودانیش کردبوو. لەو روانگەیەدا بەرخودان تەنیا بە مانگرتن لە خواردن پێناسە دەکرا، جگە لەوە بەرخودان نەدەکرا بە شێواز و بوارێکی دەستلێبەرنەدراوی ژیان، ئەگەرچی هەڵگرانی ئەو مەیلە زۆر کەمیش بوون. بەگشتی هیچ کەسێکمان نەبوو دژی بەرخودانی بێت، تەنانەت سادەترین نیشتمانپەروەر یان لایەنگرێک دەیزانی کە ژیان؛ بەبێ بەرخودان نابێت. بەرخۆدێری (PKK) ئەم گەشەکردنەی لە ئاستی گشتیدا بەدەستهێنابوو، ببوو بە نەریتێک. هێشتا کاریگەری مەعنەوی بەرخودانییە گەورەکان دەژییا. بەڵام کاتێک ئەم سیاسەتە بەشێوازی خولقێنەرانە و بە هەموو رەهەندەکانییەوە لێکنەدرێتەوە، مەحاڵە بتوانن دەستنیشانی بکەن کە چۆن، کەی، لەبەرامبەر کام ئامانج بەرخودانی بکرێت و دەرەنجامەکانی چی دەبێت.

لە رۆژانێکدا کە گفتوگۆ و هاتوچۆی نامە لەناوخۆدا سەبارەت بە شێوازەکانی جێبەجێکردنی سیاسەتی بەرخودانیمان بەردەوام بوو، سەبارەت بە زیندانەکان رێنمایی و راسپاردەی پارتی و سەرۆکمان بەدەست گەیشت کە ئەمەش پەیامی ساڵی نوێمان بوو. ئەگەرچی بەهۆی دوایین دەستگیرکران و هەندێک هۆکاری ترەوە درەنگکەوتبوو، بەڵام گەیشتنی هەڵسەنگاندنێک لەم ئاستەدا بە زیندان، زۆر واتادار و گرنگ بوو.

## نووسراوێک بە واژۆی (سەرۆکایەتی پارتی)

نووسراوەکە کە بە سەردێڕی: "بۆ هەموو ئەو هاوڕێیانەی لە زیندان بەرخودانی دەکەن" دەستی پێکردبوو و لەبەردەوامەکەیدا هاتبوو: "لەکاتێکدا (10) ساڵی دیکەی تێروتژی لە قۆناخگەلێکی تێکۆشانی گرنگمان بەجێدێڵین، بە کورتیش بێت لەسەرەتای هەنگاونان بەرەو ساڵێکی نوێدا سڵاوی خۆمان ئاراستەی ئێوەی هاوڕێیانمان لە زیندانەکان دەکەین و دەمانەوێت ئاماژە بە هەندێک رووداو و پێشهاتی گرنگ بکەین...هتد" لە دوابەشەکاندا سەرنج بۆ سیاسەتی دووژمن لەدژی زیندانەکان راکێشرا بوو و لەم خاڵەدا جەختی لە پێویستی هۆشمەندی زیاتر دەکردەوە، تیشکیش خرابووە سەر ئەو راستییەی کە (مانگرتنی تامردن) بە شێوەی چڕ و پڕ و بەدوا یەکدا جێگەی خۆی ناگرێت. تیایدا باس لەوە دەکرا کە لە ئاستی گشتیدا هەوڵی شاڵاوی هێرش و پەلامارەکانی دووژمن دیارن، بۆیە دەبێت لە حاڵەتی ئامادەباشیدا بین و قورسایی زیاتر بخەینە سەر ئەو کار و خەباتانەی دەبنە هاوکاریکردنی پارتیمان و بەتایبەتیش لە مەیدانی دەرەوەی زینداندا. لەگەڵ ئەوەشدا ئاماژە بە گرنگی بواری نووسین کراوە و بەپێویست دەزانرێت کە گرنگی بە خەباتی هونەر و وێژەی شۆڕشگێڕی بدرێت کە ئەمە رۆڵێکی گرنگی هەیە لە بڵاوکردنەوە و گەیاندنی راستییەکانی بەرخودانی بە هەموو شوێنێک، جەختیش لەسەر وەرگرتنی رۆڵی چالاک دەکاتەوە لە راپەڕاندنی ئۆرگانەکانی راگەیاندنی پارتیمان بەتایبەتیش ئەوانەی فەرمییەتیان هەیە. لەلایەکی تریشەوە بەگرنگییەوە باسی لە رەخساندنی هەل و دەرفەتی دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ

دامودەزگا دیموکراتی و فەرمییەکانی تر و ڕێکخستن و خستنەگەڕیان کرابوو.

هەر لەچوارچێوەی ئەو ڕێنماییینامەیەدا ئاماژە بەوە کرابوو کە ئەگەری هاتنە کایەی هەندێک جوڵانەوەی نوێ لە ئارادایە و لەو بوارەدا سیاسەتی پارتیمان روون و بەرجستەیە، بەپێویستی دەزانێت کە بەرەی سیاسی لە ژێر کۆنترۆڵ و سەرپەرشتی دووژمن دەربخرێت و تێکۆشان بە هەموو چین و توێژێکی کۆمەڵگە بگەیەنرێت، لەم چوارچێوەیەشدا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە هەموو جۆرە دەستپێشخەرییەکی خەبات جێگەی باسە و لەکۆتاییشدا دەگووترا: "بەهیوای سەرکەوتن، خۆشەویستی خۆمتان ئاراستە دەکەم".

شیکاری جۆربەجۆرمان لە (سەرخۆبوون) و (بەرخودان) دەخوێندەوە. بەشێوەیەکی سنوورداریش بێت چەند ئۆرگانێکی فەرمی پارتیمان بەدەست دەگەیشت. بەڵام هاتنی نووسراوێکی بەمجۆرە راستەوخۆ لە (سەرۆک)ەوە جیاواز بوو. بەختەوەرییەکی گەورەی پێداین. بەتایبەتیش کاتێک بینیمان هەندێک لە هەڵسەنگاندنەکانمان لەگەڵ ڕێنماییەکانی (سەرۆک) یەکانگیرە، چەند قاتێکی لە بەختەوەرییەکەمان زیاد دەکرد و متمانەی گەورەتر دەکردین. بەشێوەیەک لە شێوەکان لە نامەکانماندا بۆ ئەو زیندانانەی کە بەتوندی رەخنەیان کردبووین ئەم چەمکەمان بۆ شیکردنەوە، لە یەکەمین هەل و دەرفەتدا ڕێنمایی و راسپاردەکەی (سەرۆک)مان گەیاند بە زیندانەکانی تر. هەندێک شوێن زوو و هەندێک شوێنیش درەنگ گەیشتە دەستیان. ئەو شوێنانەشی کە نەمانتوانی پێیان بگەیەنین، بە نامە و نووسراوی جیاجیا چوارچێوەکەیمان پێ راگەیاندن.

جگە لە نووسراوەکەی (سەرۆک)، نووسراوێک لە(شەنەر)یشەوە هاتبوو. لەم نووسراوەدا زیاتر باس لە پێشکەوتن و پێشهاتەکانی دەرەوە (مەبەست لە دەرەوەی زیندانە-و) و ئەرکەکانمان لە زیندان کرابوو. بەشێوازێکی بەرجەستەتر رێنماییەکانی (سەرۆک) سەبارەت بە کێشەکانمان لەبواری تێکۆشان و بەپارتی بوونمان و هاوکات بەتایبەتیش رەخنەکانی سەبارەت بە زیندانەکان خستبووەڕوو. واتا نووسراوێک بوو لە چوارچێوەی رێنماییەکانی (سەرۆک)دا لە قەڵەمگیرابوو. لەناوخۆماندا گووتمان: "حەتمەن سەرۆک پێی گووتووە بینووسە، ئەگەرنا خۆی دەزانێت زیندانەکان هەستیارن و گوێ بە نووسراوێکی وەها نادەن کە بە واژۆی شەنەر نووسرابێت، بە راستیشی نازانن". لەگەڵ نووسراوەکەی (سەرۆک) هاتبوو، ناوەڕۆکەکەشیان دوور نەبوو لە یەکتر. بێگومان بەمەش خۆشحاڵ بووین. نووسراوەکەیمان لە چوارچێوەی رێکردن لەگەڵ پارتی و لانی کەم، لێکدانەوەی کێشەکان لەسەر بنەمای راستییەکانی پارتی هەڵسەنگاند. هەروەها وێنە و ریپۆرتاژی (پەرینچەک) لەگەڵ (سەرۆک)دا لە گۆڤاری (2000ە دۆغرو) بڵاو کرابووەوە کە (شەنەر)یش لەپاڵ (سەرۆک)دا دەرکەوتبوو، ئەمەش کاریگەری دەنگۆ و هەواڵەکانی پێشتری سەبارەت بە (شەنەر) مایەپووچ دەکردەوە.

لەم بارەیەوە (جان) دەیگووت: "دیارە ئەستێرەی شەنەر بەرە بەرە دەگەشێتەوە. ئەگەر بەباشی کار بکات، خۆی ئاوێتە بکات، سوودێکی گەورەی دەبێت". هەستی بە پێخۆشحاڵییەکەی من کرد، ئەویش هاوبەشی کرد. بەڵام بەهیچ شێوەیەک متمانەم بە (دۆغو پەرینچەک) نەدەهات. بەردەوام وەک شتێک پاڵی پێوەدەنام و وەڕسی دەکردم. نمایشە سیاسییەکانی زۆر سەمەرە بوو. لە

هەندێک قۆناخی وەهادا دەردەکەوێت کە ڕێک وەکو نمایشکارێکە. بێگومان بەمەش خۆی دەکرد بە سیاسەتمەدارێکی بووێر کە لەدوای (محەمەد عەلی بیراند)ی ڕۆژنامەنووس، چاوپێکەوتنی لەگەڵ (سەرۆک) دەکرد. چەپی تورک پەست دەبوو لە چاوپێکەوتنی (دۆغو) لەگەڵ ئێمە. بێگومان ئەوانیش زۆر سەمەرە بوون. وەها لێکیان دەدایەوە کە چاوپێکەوتن لەگەڵ (دۆغو) بریتی بێت لە هەموو شتێک. ئەمەش هاوشێوەی چاوپێکەوتنەکەی (بیراند) بوو. دەیانگووت: "دۆغو کێیە؟ گەورەترین هەلپەرست، تەنانەت ناسنامەشی دیارنییە، دەرخستن و بە موخاتب گرتنی کەسێکی وەها؛ زۆر هەڵەیە" و هەرایان دەنایەوە.

لە ڕاستیدا پەرچەکردار و کاردانەوەیان تەنیا لەبەرامبەر بە پەیوەندی لەگەڵ (دۆغو) نیشان نەدەدا؛ بەڵکو دژبەری هەڵوێستمان لەمەڕ (یاڵچین کوچوک)[171] و (ئیسماعیل بێشکچی)[172] و کۆمەڵێک کەسایەتی تریش بوون. هەندێک لە چەپڕەوانی کورد هێرشێکی خراپیان دەکردە سەر بێشکچی. هەموو ئەمانەش پەردەی لەسەر ڕەهەندی ناواخنی هەڵوێستەکانیان لەمەڕ شۆڕش و کوردستان لادەبرد و جارێکی تر ڕاستییەکانی خۆیانیان دەسەلماند. بێ بەختی و چارەڕەشی بوو! لەلایەکەوە لەبەرەی خۆیانەوە برەویان بە زەمینەی هاوپەیمانی و تێکۆشانی هاوبەشیان لەگەڵ شۆڕشی کوردستان

---

[171] نووسەر، ڕووناکبیر و کوردۆلۆگێکی ناسراوی تورکیایە، لە ڕووی کەسایەتییەوە تا ئێستا نەتوانراوە بەرگێکی سەقامگیری بەسەردا بکرێت، بۆیە زۆرجار بە سیخوڕی و پیاوی دەوڵەت تۆمەتبار کراوە.

[172] ئەکادیمیسین، لێکۆڵەر، ڕوناکبیر و نووسەرێکی بەناوبانگی تورکیایە، هەوڵێکی زۆری بۆ خستنەڕووی ڕۆڵی کورد لە دەستکەوتەکانی تورکیا و مێژووی سەدان ساڵەی داوە، چەند جارێکیش بەو هۆکارە خراوەتە زیندانەوە. دەیان پەڕتووکیشی لەسەر زانستی مێژوو و کورد و کوردستان هەیە .

نەدەدا، کەچی کاردانەوەیەکی توندیشیان لەبەرامبەر بەم جۆرە پەیوەندییە ئاساییانەی کەسانی تریش نیشان دەدا، دیارە ئەمەش (شەکر شکێنی)ییەکی مێژوویی بوو کە تەنیا ببوو بە نسیبی چەپی تورک و چەپی کورد.

هەر کەسە و شوێنێکی جیای هەبوو. مامۆستا (ئیسماعیل بێشکچی) گەرمترین و خاوێنترین دڵی گەلان بوو. هەڵوێست و خوێندنەوەی بۆ گەلی کوردستان، شەڕ، تێکۆشان و (سەرۆکایەتی)مان زانستی، واقیعی، دۆستایەتی و برایەتی لەخۆگرتبوو. هیچ کەسێکیش بۆی نەبوو بەناوی شۆڕشگێڕییەوە کۆت و بەند بخاتە بەردەم ئەم پەیوەندییەوە و گەمارۆی بدات. بەتایبەتیش هەندێک لە گرووپە کوردییەکان نەک بە لاڕوو یاخود ناڕاستەوخۆ، بەڵکو راستەوخۆیانە جوێنیان پێدەدا. بەڵام (دۆغو) جیاواز بوو. پەیوەندی و پەیوەستییەکەی دوور نەبوو لە سیاسەتی هەنووکەیی. (PKK) لەهەموو لایەک بە ڕوون و ئاشکراتر بە تایبەتمەندی چینایەتی و ئەو هێڵەی دەزانی کە (دۆغو) نوێنەرایەتی بۆ دەکرد. ئەمەش هەمان ئەو خاڵە بوو کە گرووپەکانی تر لەبیریان کردبوو یاخود نەیاندەویست دەرکی پێبکەن. هەڵوێستی بەرتەسک و دۆگمایانە بەرەو تاوانبارکردنێکی سووک و هەرزان پاڵی پێوەدەنان و دەیانگووت: "وادیارە نازانن کە هەر ئەو PDA یە بوو ئێوەی دابەدەستەوە و لە دادگاکاندا لەدژی ئێوە لایەنی دەوڵەتیان گرت؟ هەموو شتێکتان لەبیر چۆتەوە.." تێڕوانینی لەو جۆرە تا رادەیەک ئاساییە، چاوەڕێکردنی هەڵسەنگاندنی جیاواز جێگەی خۆی نەدەگرت. چونکە چەندین ساڵ بوو بە هەڵەداچوون و چەواشە زاڵ بوو لەنێوانیاندا، بۆیە لەناوخۆشیاندا یەکێتی و هاوپەیمانییەکی راست و دروستیان پێ پێکنەدەهێندرا.

## بریا مەسەلەکە (دۆغو) و هەلپەرستییەکەی ئەو بووایە!

ئەوەی لەڕاستیدا سەرنجی ئێمەی بەلای خۆیدا رادەکێشا جیاواز بوو. لە ژێر سەردێڕی "ریپۆرتاژێک لەگەڵ مەتینی فەرماندەی کەمپ"دا کۆمەڵێک شتی سەیر و سەمەرە نووسرابوون. بێگومان زۆربەمان (شاهین باڵیچ – مەتین)مان دەناسی. بەتایبەتیش لەهەندێک خاڵدا تووشی سەرسوڕمانی دەکردین، وای لێدەکردین گومانی لێ بکەین. چونکە پێدەچێت لە هەڵسەنگاندنی کێشەکاندا هەر یەکێکیان ببن بە سەرەداوی بچووک. بەڵام بەپێی پێویست نەبوو. لەو سەرەداوانەوە زەحمەتبوو هەڵسەنگاندن و پێناسی بەرفراوان بەدەست بخرێت، هاوکات بەڵگە و زانیاری تریش لەبەردەستدا نەبوون، یاخود ئێمە نەماندەتوانی کێشەکان لەو چوارچێوەیەدا هەڵبسەنگێنین.

لە شوێنێکی ریپۆرتاژەکەی (دۆغو) دا پرسیار کراوە و دەگووترێت: "لە کەمپەکەتاندا ئەشکەنجە هەیە؟". گومانی تیادا نییە کە ئەم پرسیارە زۆر بە ئەنقەست کراوە. (مەتین)یش لەوەڵامدا دەڵێت: "ئەشکەنجە نییە، بەڵام ناوبەناو بۆ وەرگرتنی هەندێک شت، بەمشێوە بۆکسێک دەکێشین بە سکیاندا" هەمووومان حەپەساین. هەڤاڵێک دووبارە ئەو بەشەی خوێندەوە، تووڕە ببوو و جوێنی دا و گووتی: "فەرماندەیی کەمپ ئاوەها دەبێت؟ وەڵامێکی سەرسەرییانەیە. دڵنیام ئەم کابرایە ئەشکەنجەی کردووە و ئێستاش دەیکات. وەڵامی فەرماندەیەکی شۆڕشگێڕ، فەرماندارێکی (PKK) بەوجۆرە نابێت، قسەیەکی زۆر بێ ئەقڵانەیە؛ (بەمشێوە بە سووکی بۆکسێک دەکێشین بە سکیاندا)!.. تەنانەت زمانیشی

بەرەڵڵایی و سەرسەریانەیە. پێویستە لەسەر ئەم بابەتە بنووسرێت و رەخنەکانمان بە پارتی بگەیەنین، ئیتر بە هەندی دادەنێن یان دایانێن خۆیان دەزانن. نابێت کەسانی لەوجۆرە بدرێتە راگەیاندن. بابەتی زۆر هەستیارن. لەکاتێکدا دۆغو بە ئەنقەست و بە بەرنامە ئەو پرسیارە دەکات، کابرایەکی گورگئاسایە. حەتمەن هەندێک شت دەزانێت. کە هەر خۆی لە گۆڤارەکەدا کۆمەڵێک هەواڵی وەکو: (PKK) سیخورەکانی ناوخۆی دادگایی دەکات و دەیانکوژێت..ی بڵاو کردەوە".

شیمانە دەکرا کە لە لێپێچینەوە و پراکتیک و چالاکییەکانی دژی چەتەکان هەندێک بە لاڕێداچوون هەبێت. شێوازی چالاکی و ئەنجامەکانی؛ نوێنەرایەتی چەمکی پارتیمانی نەدەکرد. دووژمن زیاتر بەکاریدەهێنا و رێگەی بۆ گەشەسەندنی چەتەگەری خۆشدەکرد. لەلای خۆمانەوە دەمانگووت: "شێوازی چالاکییەکان بەکاریگەرن بەم ئەندازەیە گەشەکردنی چەتەگەری". پێشتریش گووتبوومان: "چالاکی ئێمە نین" و لە ئەستۆمان نەگرتبوون، تەنانەت لە دادگاکانیشدا شەرمەزارمان کردبوون. بەڵام پاشان ئاشکرا بوو کە کاری کۆمەڵێک کۆنترای سەر بە دەوڵەتن و پێشتر دزەیان کردۆتە ناو ریزەکانمانەوە و بەناوی پارتییەوە ئەو کارانە دەکەن، هەر یەکێک لەو کارانەیان لەناوخۆ و لە دەرەوەشدا تاکۆتا کاریگەری نەرێنی بۆ پارتی هەبوو.

لە ساڵی 1988 و لەگەڵ ئاشکرابوونی گێرەشێوێنییەکەی (حسێن یڵدرم)، ئێمە بە ئامانجی رێگەنەدەدان بە هیچ ناوزڕاندنێک لەلایەن خۆمانەوە رەخنەمان لەخۆگرت. چونکە بەرلەوەی پارتی هیچ روونکردنەوەیەک بدات، ئێمە لە دادگاکاندا هەندێک روونکردنەوەمان دابوو بەبێ ئەوەی بیر لەکۆک و ناکۆکبوون لەگەڵ پارتی بکەینەوە. هەربۆیە لە بارودۆخێکی وەهادا قسە و

قسەلۆکی "(PKK)ییەکانی زیندان بیرکردنەوەیان جیاوازە" بڵاو دەکرایەوە، هەر وەهاشی لێهات. لەم رووەوە رەخنەمان لەخۆمان گرت.

هەر لەو ماوەیەدا هەڵە و چەوتی لەوجۆرە بەردەوامی کرد. ماندووی دەکردین. هەندێک شیکاری (سەرۆک)مان دەستکەوت کە تیایدا رەخنەی زۆر جددی لەسەر ئەو بابەتە هەبوو. رەخنە و رێنماییەکی بەهێزی هەبوو سەبارەت بە فەراهەمنەکردنی تەکتیکی خوڵقێنەرانە، کێشەکانی پراکتیزە نەبوونی کادیر و زیاتریش پەیوەنددار بە گۆڕەپانی پراکتیکییەوە، کە ئەمەش هانی بیرکردنەوە و قاڵبوونەوەی دەداین. گەیاندنی رەخنەکانمان بە پارتی بە ئەرکی سەرشانمان دەزانی و دەمانگووت: "ئەگەر بەهەڵەداچوو بین، ئەوا پارتی ئاگادارمان دەکاتەوە و رەخنەمان دەکات"، بەڵام تا رادەیەکیش زماندرێژی دەکرا، زمان و شێوازێک بەکاردەهێندرا وەک بڵێی زۆر لە پارتی و (سەرۆکایەتی) باشتر دەزانن، ئەمەش بەشێوەیەکی حاشاهەڵنەگرانە بەدی دەکرا.

لەگەڵ هەموو ئەوانەدا دوایین ئەو شتانەی سەبارەت بە (شەنەر) بیستم و نووسینەکەی خۆی ببووە مایەی ئاسوودەییەک. هێشتا بەردەوامبووین لە نووسین بۆ یەکتر. رۆژانەش درێژەم بە نووسینەکانی خۆم دەدا. بەڵام (جاهیدە) ئاگاداریکردبووینەوە لەوەی کە هەر شتێک لە ئاماسیاوە بەرێگەی پۆست بنێردرێت لەژێر کۆنترۆڵی دووژمن دایە، ئەمەش بەتەواوی یەکلا ببووەوە. پێدەچێت پاسەوانەکان دوولایەنە کاریانکردبێت؟ چونکە نووسینەکانمان دەخستە زەرفەوە و دەماندا بەوان، ئەوانیش بە پۆستەخانەیان دەگەیاند. باشە کردنەوەی زەرفە داخراوەکان هەستی پێنەدەکرا؟ دەکرا شارەزایانە کارێکی وەها بکەن، چونکە تەکنیک لە پەرەسەندندا بوو. کەواتە لە چاناک کالەش هەمان شت

له ئارادا بوو. گەرچی بەگشتی لەڕێگەی ئیدارەوە ئەو شتانە دەنێردران، بەڵام ئیدارە بەهەرشێوەیەک بووایە گرفتێکی دروست دەکرد و لەکاتی خۆیدا نووسراوی رۆژانە و نامەی نەدەنارد. هەڵبەتە جاروبار بەلای خۆمانەوە بە جیفرە و پەردەپۆشانە شتمان دەنووسی، کەچی بێ ئەوەی پێی بزانین کورد وتەنی شەکریشمان دەشکاند. ئەگەر دووژمن بەردەوام چاودێری بکردایە، دەیتوانی شتێکی لێ دەربکات. بێگومان نامە گرنگەکانمان نەدەدا بەوان. رۆژنووسەکان نووسراوی بێ سنووربوون، ئەگەر بێتوو دووژمن چاودێریان بکات، دەتوانێت دەرک بە تایبەتمەندی کەسایەتی، لایەنە بەهێز و لاوازەکانمان بکات. دووژمنە و حەزیدەکرد تا بە بچووکترین خانەی لەشمان دەگات، ئاشنامان بێت.

(کاراسو) لە نامەیەکدا ئاماژەی بەوە دەکرد کە پێویستە وریای زمانی رۆژنووسەکەم بم و دەیگووت: "خۆمان دەتناسین، خۆت و سۆزەکانیشت. پێدەچێت ئەوانەی دەرەوە بەشێوەیەکی تر لێکی بدەنەوە. زۆر راشکاویت، کراوە و بەسۆزیت، بەڵام رۆژنووسی هەر پێگەیەک، لە هەلومەرجی خۆیدا واتای دەبێت، پێدەچێت لەگەڵ خاڵی تایبەتی شوێنانی تر نەگونجێت. پێویستە وریای ئەم خاڵە بین. واتا بە هەڵە تێمەگە، لەلایەن ئێمەوە هیچ کێشە نییە، بەڵام هەڤالان دەڵێن؛ (زۆر سۆزدارانە دەنووسێت). چاوەڕێی نووسراو و هەڵسەنگاندنی سیاسییانەترن...".

ئەوەندە زۆری لەخۆی کردبوو و بەهەستیاری نووسیبووی؛ وایدەزانی (قرپ) و دەشکێم. لە خوێندنەوەیدا هەستم پێکرد. بە هەڵە تێنەگەیشتم، بەڵام کاری لێکردم. رەخنەیەک بوو و لەلای هەڤالانی دەرەوە هاتبوو. پێشتر بە (یلدز) و (حەسەن)م دەگووت: "بیخوێننەوە" تا بیر و بۆچوونیان وەربگرم. (یلدز)یش لە نامەیەکدا

لێکدانەوەیەکی بۆ کردبوو و دەیگووت: "نووسراوەکانت وەک (نامەکان)ی (رۆزا لوکسامبورگ)ی لێهاتووە، دیارە لاسایی ئەو کراوەتەوە..."، ئەمەش وەک رەخنەیەکی سادە و قەبا بوو بەلامەوە. هەموو نامەکانم هەمان ستایلیان هەبوو. ناوەڕۆکی ئەو نووسراوانەی کە بۆ خۆیم نووسیبوو؛ هیچی لەوانیتر کەم و زیاد نەبوو. سەرجەمیان لە زمانی رۆژنووسی یادەوەرییەکاندا بوون. بۆی هەیە رەخنە لە ناوەڕۆکەکەی بگرێت، بەڵام هەڵسەنگاندنی بەشێوەی (چاولێکەری کەسانی تر)م پێناخۆش بوو، پەسندیشم نەکرد. چونکە لەوانەیە تاکە شتێک کە هەرگیز لە کەسایەتی مندا نەبووە، چاولێکەری بێت. چاولێکەری دیاردەیەکی پێچەوانەی سرووشتی منە. لایەنی کەسانی تر کاریگەری زۆریان لێکردووم، کەسان و کۆمەڵە تایبەتمەندییەک هەمیشە هەبوون کە حەیرانییان بووم. تایبەتمەندی جوان و خۆشی کەسانی تر، لەوانەیە لە خودی کەسەکە خۆی زیاتر حەزی لەناخمدا دروست کردبێت. بەشێوەیەک کە لەشوێنی کەسی بەرامبەر، لەجیاتی خۆم و لەجیاتی هەموو کەسێکیش زیاتر هەستم بە کۆی گشتی ئەو حەزە دەکرد. لەم بوارەدا بەشێوەیەک؛ بۆ هاوبەشی کراوە بووم. زۆرجاریش وەها دەهاتە پێش کە بەدەنگێکی بەرز و زولاڵ باسم لەهەموو ئەوانە کردووە کە دڵگیریان بووم و بە ئاشکرا مەتحم دەکردن. بەڵام هەرگیز حەزم لە "چاولێکەری" نەکرد و نەکرد. چاولێکەرانیشم هەرگیز خۆشنەویست. چونکە تایبەتمەندییەک بوو هەمیشە دووری دەخستمەوە.

نەخێر، نەدەبا ئاوەها بە ئاسانی بگووترێت. سەرچاوەکەی چی بوو، لەکوێی دەهێنا؟ لەبەر ئەوەبوو کە بۆ کەسێک یان بۆ کەسانێکم نووسی بوو یاخود ناوەڕۆکەکەی زۆر خۆشبوو بەلایەوە، بۆیە وەهای دەگووت؟ بەهیچ جۆرێک ئەمەم پێ پەسند

نەدەکرا. پێچواندنی خۆڕسکبوونی من بە هی کەسێکی تر، یاخود لاسایی کردنەوەی! پێدەچێت بەلای خەڵکی ترەوە تایبەتمەندییەکی زۆر جیاواز و پێچەوانەم هەبووبێت، خەسڵەتێکم هەبووبێت کە پێداگربوو لە خۆنەگونجاندن. بەڵام ئیتر ئەگەر بۆ(شەنەر)یش بنووسم؛ مادام وەک چاولێکەری (نامە بۆ خۆشەویست)ی (رۆزا) لێکدەدرایەوە، بێتاقەت و بێ حەوسەڵەی کردبووم. واتام بە رەخنەکانی (کاراسو) و ئەوان دەدا، لەو بڕوایەش دابووم کە پێویستە سەرنجی پێبدەم، بەڵام ئەم رەخنەی چاولێکەرییە بە رەخنەیەکی دەستکرد و نەناسینی راستینەی مرۆڤ و بە لێکدانەوەیەک لەقەڵەممدا کە ناچارە بەگوێرەی هەندێک قاڵب بڕوات. بێگومان لە جەوهەردا لە هەموو رەخنەکانی تر جددیتر مامەڵەم لەگەڵ دەکرد. لە خۆشم تووڕە دەبووم کە بۆچی بوومەتە مایەی هاتنە ئارای ئەنجامێکی وەها.

دەستم لە نووسینی رۆژنووس بەردا و ئیتر نەمنووسی. ئەوەشی کە هەبوو نەمناردە دەرەوە. بەڵام بەلای منەوە لەناوبردنی نووسراوێک وەک کوشتنی هەر زیندەوەرێک وابوو. رۆژنووسەکانم دەدا بە هەڤاڵانی تر و پێم دەگووتن: "ئێوە بیکوژن. نامەوێت ببم بە بکوژی نووسین". پاشان لە بەردەوامدا پێمگووتن: "ئەگەر رۆژنووسەکانم ببن بە بابەتی گفتوگۆ و رەخنەکردن، بە بۆرژوازی بچووک، بە لاساییکردنەوەی (رۆزا) تاوانبار بکرێم، ئیتر نانووسم. بەهیچ جۆرێک. لەڕاستیدا هەموو ئانوساتیکی ژیانمان لەو رۆژنووسانەدا هەیە. پێدەچێت هەڵسەنگاندنی سیاسی زۆر بەهێزی تیادا نەبێت؛ هێڵکێشی سادە و پووختی رووداوەکانی تیادایە، دیسان زۆریش بێ واتا و زۆر دوور نییە، بەڵکو خودی راستییەکەمانە، رەهەندی ژیان، سۆز و هەستەکانێتی. خوا دەزانێت لەوانەیە هەر مەراقی ئەم لایەنەشیان نەکردبێت، خۆیان

به هەندێک گووتە و دەربڕینەوە قفڵکردبوو. دەزانم ڕێک ئاوەهایە. بەگشتی کاتێک کە دەمنووسی دەمگووت (یڵدزەکەم)، (حەسەنەکەم) و بەو شێوەیە خیتابم دەکرد، چاویانم ماچ دەکرد، لە ئامێزم دەگرتن، نەک هەر ئەوان بۆ کەسانی تریش بە هەمان شێوە. بێگومان ئەمانە لەناو زیندان بە ئاستی خۆڕسکی و ئاسایی گەیشتبوون، کەس شتێکی تری سادە و بێ واتای لێ دەرنەدەخست، بەڵام دەبێت بەلای کەسانی دەرەوە، بەتایبەتیش بەلای هاوڕێ یڵدزی ڕەق و محافەزەکارەوە دەستەواژەگەلێک بن کە زیان بە پێوەرە ڕەوشتییەکان بگەیەنێت˚ و بەم تووڕەییەوە ڕۆژنووسەکانم پێدان..

هەڤاڵانیش خوێندیانەوە و گووتیان: ˚بێگومان هەموو ڕەخنەیەک ڕاست نییە. نەک پێوەری بۆرژوازی بچووک و چاولێکەری، بەڵکو بێ پێوەری و بێ سنوورییەک لە سۆز و کاردانەوەکاندا هەیە. هاوکات من تاڕادەیەک لایەنی سۆبژێکتیفیسمانە لە هەڵسەنگاندن و پێناسەکاندا دەبینم. بۆ نموونە لە هەڵسەنگاندنی هەڵوێستی من سەبارەت بە خێزان، ئەم سۆبژێکتیفییە هەیە. شیرۆڤە و هەڵسەنگاندنەکانت زیاتر پشت بە وردەکاری و دیاردەکان دەبەستێت. ئەمەش کاریگەری هەیە لەسەر تەواوبینی ڕووداوەکان بەگشتی و لایەنی سیاسییانەی. لەم بوارەدا بە ئاسانی دەکەویتە بەهەڵەداچوون، یاخود کاردەکاتە سەر بەدەستهێنانی ئەنجامی پێویست˚.

ڕاستە زۆر خۆم بە دیاردەکانەوە گیر دەکرد. دوابەدوای یەکەمین کاریگەری و یەکەمین چاودێری؛ دەستبەجێ ڕووم لە ئەنجام دەکرد. لەجیاتی ئەوەی بە ئۆقرەوە، بەهەوڵی چارە ئامێزانە و بونیادنانی هاوسەنگی ناوخۆوە و لە کات و شوێنی خۆیدا پەیوەندی نێوان دیاردە و گشتگیری ڕووداوەکان و ئەو

بازنانەی پێکەوە گرێدراون و کاردەکەنە سەر یەکتری بدۆزمەوە، بەپێچەوانەوە بە هەڵەشەیی، بێ ئۆقرە، بەبێ وەرگرتنی ڕێوشوێنی پێویست و بێ حیساب دەکەوتمە ناویەوە. نەدەگەیشتم بە هەمیشەیی لە تەواوکردنی بەڵگە و زانیارییە نیوەناچڵەکانی بەردەستم. هەوڵەکانم پەکدەخست. ئەمەش بەشێوەیەکی سرووشتی ڕێگەی بۆ لەدەستچوونی لایەنە ریشەییەکان و ونبوونی خانە ئەرێنییە بەدەستهێنراوەکان دەکردەوە، هاوکات ڕێگەشی بۆ پێچەوانەبوونەوە و بە ئاسانی لەدەستدانی بەهاکانیش خۆش دەکرد. ئەم بێ پێوەرییەی لە ڕواڵەتدا هەبوو، دەگەڕایەوە و بەر لە هەموو شتێک گورزی لەلایەنە باش و ئەرێنییەکانی ناو جەوهەری مرۆڤ دەدا و لەکەداری دەکرد.

ئەگەرچی هەندێک شتم بەلاوە ناخۆشیش بێت، بەڵام گفتوگۆکردن و ڕوونکردنەوەی خاڵە ڕەخنەئامێزەکان بە پێویستم دەزانی. هەرچەندە گفتوگۆی لەسەر بکرایە، ئاشکرا و ڕوونتر دیاردەکانم لەناو گشتگیری ژیاندا و ڕاستی ناواخنی پەیوەندییەکان و سەرەنجامەکانیانم بۆ دەردەکەوت و زیاتر دەرکم پێدەکردن. ئەگەر ژیانی باوی چەندین ساڵە و هەلومەرجەکانی لەناوخۆیدا تایبەتمەندی گۆڕان و وەرچەرخانی شۆڕشگێڕانە بەدەست نەخەن، دەبنە مایەی پێگەیەکی پاشکەوتوو و پێچەوانە. دووری، دابڕان و تەنیایی ئەو پێگە باهۆزئاسایە، سۆزدارییەکی چڕوپڕی دروست کردبوو. لەلایەک تەنیاییەکی بێ وێنە، خۆداماڵین لە باوەڕی و ئیرادە و سۆز، لەلایەکی تریشەوە بە توندوتۆڵی لە ئامێزگرتنی یەکتر و پابەندبوون بەیەکەوە هەبوو کە سەرچاوەکەی بۆ هێزی باوەڕی دەگەڕایەوە. پێویست بوو لە دووەمیاندا شەڕی ناوخۆ لەدەست نەدرێت، بەشێوەیەکی شارەزایانە ڕێساکانی جێبەجێ بکرێت و پابەندبوون بە بنەما

وەربگیردریێت. تەنانەت زۆرجار دڵمان نەدەهات رەخنە لە یەکتریش بکەین. دووژمنێکمان هەبوو کە رۆژانە کاردانەوە، تووڕەیی، سۆزی تۆڵەسێنی و سەرهەڵدانی هاوبەشمان بەگژدا دەبرد و هەموو رۆژێک رووبەڕووی یەک دەبووینەوە. تیرەکانمان دەگرتە ئەویّ، زۆربەی جاریش شەڕی دەستەویەخە و تاکەکەسێتیمان دەکرد. هاوتەریبی باوەڕی، پابەندی و رێکخستن بوون، راستینەیەکیشمان هەبوو کە پێوەری گشتی و کاریگەرییە واتاییەکانی هاوڕێیەتی تێکۆشان و شەڕی هاوبەش تیایدا بۆ ساڵهایەک دەگەڕایەوە.

هەڵبەتە نەدەبوو بەمجۆرە بدرێت بەدەم؛ کات، ژیان و باهۆزەکانەوە و بڵاوەی پێبکرێت! جێگرتن لە هەموویاندا، بەڵام نەک بەشێوەیەک کە کەرت و پەرتت بکات، بتگرێت و بەرەو جەنگەڵی مەترسییەکانەوە بتبات. دیارە دەبێت رێوشوێن و ژێرخانێکی پێویست هەبێت کە زاڵبێت بەسەریاندا، لانی کەم چۆک بە بێ ئامانییەکان دابدات و کۆت لەبەردەم تاڵانییەکاندا دابنێت. ئەگەر وەهابێت ئەوجار خەیاڵی گەورە، ئاواتی جوان و سۆزی بێ پایان بەواتای خۆیان دەگەن و مرۆڤ بە چانسی ئەوەی دەست دەکەوێت بە رێڕەوی خۆیدا شەپۆل بدات و لەوێوە پێداویستییەکانی خۆیشی دابین بکات. ئەگەرنا رزگاربوون بە شێوەیەکی تر لە شەپۆلەکانی دەریای ئازادی مەحاڵە..

پەرەسەندن و گۆڕانکارییەکانی دەرەوە هێز و مۆراڵێکی گەورەیان پێدەداین. رۆژ نەبوو رۆژنامە و تەلەفزیۆنەکان باسی (PKK) و شەڕ و تێکۆشانمان نەکەن. سەرباری هەموو هەوڵێکی لەکەدارکردن و چەواشەکارییەکانیشیان، شیمانەی ئەنجامی چالاکییەکانی گەریلا لە شاخەکان و راپەڕینە جەماوەرییەکان دەکرا. وێنا و رەنگدانەوەی گەریلا لەناو گەلدا بەدی دەکرا.

راپەڕینی گەل لە جزیرە[173]، نوسێبین، کەربۆران[174] و چەندین شوێنی تر تادەچوو بە شارەکان دەگەیشت و کارێکی گەورەشی لە گەورە شارەکان دەکرد. لە میوان و خانەوادەکانەوە ئەگەرچی بە کەمیش بێت هەواڵی پەرەسەندن و گۆڕانکارییەکانمان پێدەگەیشت.

بەرەی تورکیا هێشتا بێدەنگ بوو. هەرچەندە لە زینداندا قسە و باس لەسەر "یەکێتی"ش هەبێت، کەچی لە کرداردا رەنگدانەوەی نەبوو. گەلێک گرووپ پرۆگرامی یەکێتی و هاوپەیمانی ئامادە دەکرد، بەیاننامەیان بڵاو دەکردەوە، بەڵام بەرلەوەی هەنگاوی پراکتیکی بنرێت دووبارە هەڵدەوەشایەوە. دواتر بابەتی نوێ دەخرایە بەر گفتوگۆ. شێوازێک کە خۆی دووبارە دەکردەوە و نەریتێکی محافەزەکاری رەگی داکوتابوو.

بەهیچ شێوەیەکیش نەدەشکا! چەند هەوڵیشمان بدایە گەشبین و ئومێدەوار بین، پەرەسەندنێکی بەرچاومان بەدی نەدەکرد، تەنیا پێماندەکرا بە سۆزی شۆڕشگێڕانەوە نیگەرانی و رەخنەکانمان بهێنینە زار. لە هەمانکاتدا هەنگاوە مەزنەکانی شۆڕش و تێکۆشانمان لە کوردستان، کاری لەوانیش دەکرد. بێ پسانەوە بەردەوامکردنی تێکۆشان و هەنگاو بە هەنگاو بەرفراوانبوونی، لە ئاستێکی بەرچاودا چەمکە کۆنەکانی ئەوانی دەشکاند. پەیوەندییەکانمان بە ئاست و رەخنەگرانە بوو، لەسەر بنەمای پێشخستنی زەمینەی یەکێتی و دۆستایەتی بوو، یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانیشمان ئەوەبوو بەرخودانی هاوبەش بەبنەما وەربگرین ئەگەر لەبەرامبەر بە دووژمن لە کەمترین خاڵیشدا بێت.

---

[173] شارۆچکەیەکی گەورەی سەر بە پارێزگای شرناخە.

[174] دوو شارۆچکەی سەر بە شاری مێردینن .

له دەرەوەش پەیوەندیمان هەبوو. جولانەوەی هاوبەش له چالاکییەکانی وەکو مانگرتندا لەو جۆرە زیندانانەدا تا ئاستێک مەیسەر ببوو. ئەگەر هەندێک کەسیش هەبن هەڵوێستی گرووپ گرووپێنەش بنوێنین، ئیتر کاریگەرییان لەسەر ئاستی گشتی نەدەبوو. بەڵام (DEV-SOL) وەکو قووتوێکی سەرداخراو بوو. رێکخستنێکی ناوخۆی سەیر و سەمەرە و شێوازێکی جیاوازی رەنگدانەوەی هەبوو. بەگشتی خۆیان له هەموو گرووپەکانی تر به زل و جیاواز دەزانی، خۆیان به شۆڕشگێڕترین دەزانی، لەناوخۆشدا هەرچەندە ئێمەیان به بچووک و (نەتەوەپەرستی بۆرژوازی بچووک) دەزانی، به بەراورد لەگەڵ گرووپەکانی تر به موخاتب دایاندەنایەن، هاوکات دوورەپەرێزی خۆیان دەپاراست. دوای راکردنی (د. کاراتاش) و کەسانی تریان له دەرەوە دەستیان به "قۆناخی نوێ" کرد، ئەم هەوڵەیان له زیندانەکاندا رەنگدانەوەیەکی مەترسیداریشی بەخۆیەوە دەبینی. هەرچەندە زۆر حەزیش لەو گوزارەیە نەکەم، بەڵام لەجێی خۆیدایە بۆ ئەوان بەکاریبهێنم: (ململانێی ناوخۆ). بەڵێ، لەناوخۆیاندا لەناو ململانێیەکدا بوون، بەشێک لەلایەن و بوارەکانی شاراوە بوون، تەنیا ئەو لایەنەی له زیندانی چاناک کالە بەدی دەکرا زۆر مەترسیدار بوو.

(عەلی ئاکگیون)، واتا (گاور عەلی)یەکەی خارپێت زۆر گۆڕابوو. لەمێژبوو نەمبینیبوو. گەلێک هەواڵی سەرەڕۆ و رەشمان له بارەیەوە بیستبوو. لەڕاستیدا هەر له کۆنەوە گاور ((کابرای ئاژاوەگێڕ)) بوو. له رۆژانی خارپێت دا لەلای ئێمە هەستێکی ئەرێنی و باشی خۆی دروست نەکردبوو. بەڵام ماوەیەکی دوور و درێژ بوو له زینداندا بوو. له هەلومەرج و گۆڕەپانێکدا که رووبەڕووی دووژمنیت، مەحاڵە کەسایەتی راستەقینەی مرۆڤ

ئاشکرا نەبێت. ئەو کەسانە زۆر چاک دەیانناسی کە لەگەڵیدا پێکەوە بوون. بەو دواییانە قاڵبوونەوەی لەسەر کێشەی کوردستان دەکرد. شتێکی سرووشتی و پێویستیش بوو کە هەر گرووپێک، هەر کەسێک کە بەخۆی دەڵێت "شۆڕشگێڕم" لەبەرامبەر راستینەی کوردستان خۆی بخاتە ژێر لێپرسینەوە.

(گاور عەلی) وەکو کوردستانییەک بێدەنگ نەدەبوو لەبەرامبەر بە پێشکەوتن و گۆڕانکارییەکان، هاوکات کادیری پێشەنگی رێکخستنەکەی خۆیشی بوو. بەڵام (DEV-SOL) ئەو جۆرە گفتوگۆیانەی لەناو خۆیدا بە ئاستێکی پاشکەوتووانە لێکدەدایەوە. (گاور عەلی) چ لەگەڵ خۆی و چ لەگەڵ گرووپەکەیدا تادەچوو برەوی بەو گفتوگۆیانە دەدا، دەیکرد بەماڵی گشتی و بەڕێوەی دەبرد، وای بەلاوە باش بوو یەکەودەست بێ ئەوەی بچێتە دەرەوەی گرووپەکە درێژە بەو گفتوگۆیە بدات. پێویستبوو بەشێوەیەکی زۆر باش زەمینەی جیابوونەوە دەستنیشان بکات، ئەگەر نا زۆر بەزوویی دووچاری هەڵوێستێکی توند دەبووەوە و بە خیانەتکاریان رادەگەیاند.

لەگەڵ گرووپەکانی تر قسەمان کردبوو. ناوبەناو لەگەڵ (گاور عەلی)یش بەهەمان شێوە. لەدوا چاوپێکەوتنەکاندا گفتوگۆمان لەسەر باسی کوردستان کرد. بەتایبەتیش دەیگووت کە سەبارەت بە کەمالیزم گووتار دەنووسێت و لەو چوارچێوەیەدا لێکۆڵینەوەی لەسەر تەوەرەی کوردستان کردووە. بە ئاشکرا باسی لە هەندێک ترس و نیگەرانی خۆیشی دەکرد و دەیگووت: "ناهێڵم لەپاشەملە هیچم لەسەر بگووترێت. ئەگەر ئێستاکە جیابوونەوەی پرەنسیپانە بخەمە بەر باسەوە، دەستبەجێ کلکێکی پێوە دەلکێنن. لەم بوارەدا هەندێک بانگەشەی ناڕاست بڵاوکراوەتەوە، هەندێک کەس لە دەرەوە دێن و لە پەراوێزی تەوەرەیەکی دەستنیشانکراودا

گفتوگۆم لەگەڵ دەکەن. بە فەرمی بیر و بۆچوونەکانم بە دەرەوە ڕاگەیاند، هێشتا وەڵام نەهاتۆتەوە. دەگووترێت لە ئایندە تاووتوێ دەکرێت...".

(گاور عەلی) و ئێمەش کەم و زۆر هەستمان بە دۆخەکە کردبوو. هەڤاڵان بە ئاشکرا ئەندێشە و نیگەرانی خۆیان پێ ڕاگەیاندبوو و پێیان گووتبوو: "سەبارەت بە هەوڵەکانت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لە چوارچێوەی ڕێکخستن و فەرمییەتی خۆتاندا هیچمان نییە، ڕێزمان هەیە، بەڵام بە ئاشکرا دەیڵێم، خلافاندنێک لە ئارادایە. بە ئەندێشەین. ئەگەر پێت باش بێت دەتوانیت بێیت بۆ قاوشەکەی ئێمە، پێویست ناکات لەوێ بمێنیتەوە". (گاور) لەوەڵامدا گووتبووی: "نەخێر، ئەگەر باجێکی سەخت و قورسیشی بۆ من هەبێت، هەر لەوێ دەمێنمەوە". دوایین چاوپێکەوتنمان بەمجۆرە گوزەری. هەندێک خزم و کەسی لە ئەورووپاوە هاتبوون. بەوانیشی گووتبوو: "ناکرێت هەڵوێستی ڕاست و دروست لەمەڕ شۆڕشی کوردستان نیشان نەدرێت، تەنانەت لەم بوارەدا درەنگ کەوتووین". ئەمەش خۆی لە خۆیدا پەیامێک بوو.

(گاور عەلی) وەکو ناوی خۆی دەیزانی کە دەیکوژن، بەڵام بە غرور بوو، نەیویست ((هیچی تر))ی لەسەر بگووترێت. (گاور عەلی) لە زیندانی چاناک کالە یازدە شیشیان لێدا و کوشتیان. ئەو ڕۆژە قسە لەسەر (گاور عەلی) کرا، ئەو ڕۆژە بیر لەوە کرایەوە کە (گاور عەلی) چۆن بەو کۆتاییە تراژیدییە گەیشت. ئەو ڕۆژە هەمووان بوونە شاهێدی ڕووی ڕاستەقینە و ململانێیەکی گەورە و مەترسیداری ناوخۆی گرووپێک. (گاور عەلی) لە خارپێت نێژرا، لەو شوێنەی کە زۆر خۆشی دەویست...

پیشکەوتن و گۆڕانکارییەکانی دەرەوە زۆر بەرفراوان بوون. کێشەکانیشمان لەو چوارچێوەیەدا گەورە ببوون. گفتوگۆمان لەسەر ئەو تەوەرانە دەکرد کە لە راگەیاندنەکانماندا بڵاو دەکرانەوە. (سەرۆکایەتی) شیکاری زۆر گرنگی سەبارەت بە قۆناخی دوای 15ی ئاب هەبوو و دەیگووت: "ئەگەر بهاتا و پێشکەوتن و گۆڕانکارییەکانی 1985 بەپێی پێویست هەڵبسەنگێندرایە، ئەوا دەستەبەرکردنی هەلی راپەڕینی سەرتاسەری جێگای باس بوو. لە تورکیا و کوردستاندا ئەگەری هەبوو رەوتی شۆڕش بەخێرایی بەرەو سەرکەوتن بڕوات" و لە نووسینەکەیدا هەر لە هەڵنەسەنگاندنی قۆناخەکەوە تا دەگات بە هەڵوێستە نالەبارەکانی کادیران و زۆر بابەتی جیاجیای وەدەستگرتبوو. رەخنە و رێنماییەکانی تادواڕادە پوخت و روون بوون. بتەوێ و نەتەوێ تەوەری گفتوگۆ و لێکدانەوەکانمان دەگەڕایەوە بۆ ئەو سالانە. هەوڵماندەدا لە قۆناخەکان تێبگەین، داخمان لەوە دەهات کە لەکاتی خۆیدا ئەو بڵاوکراوانەمان بەدەست نەگەیشتبوو. ئەمەش بە واتای درەنگ و دواکەوتن لە چاودێریکردن و خوێندنەوەی رووداو و پێشهاتەکان دێت.

دەرفەتێکی رەخساو هەبوو لەبەردەم هەڤالاندا ئەویش بەردەوام پێکەوە بوون و دەیانتوانی گفتوگۆی چڕوپڕ بکەن. من ناوبەناو دەمتوانی چاوم پێیان بکەوێت، لەو قۆناخەشدا زۆر کێشەمان لەیەک کاتدا هەڵدەسەنگاند. هەلومەرجی لەبار بەشێوەیەکی تێر و تەسەل گوزەری نەدەکرد یاخود لە ئاستی پێویستدا نەبوو. لەم واتایەدا دۆخی من؛ بێ چانسترین بوو.

دوای سەرئێشەیەکی زۆر توانیمان هەندێک شیکاری (سەرۆک) بهێنینە ناو زیندان کە لەکاتی جیاجیادا کرابوون. تیایدا دیالۆگی (سەرۆک) هەبوو لەگەڵ هەڤالان، راستەوخۆ ئاگاداربوون

له لایەنی پراکتیکی کێشەکانی گۆڕەپانی خەبات و شەڕ لەلایەک سەرنجی رادەکێشاین، لەلایەکیش باشتر دەرککردن بە کێشە گشتییەکان و بینینی واتای هەوڵ و تەقەلای چارەسەرییەکانی بۆ دەستەبەر دەکردین. (سەرۆک) کاری لەسەر هەموو جۆرە کێشەیەک دەکرد، هەموو بوار و هەموو تاکێکی شیکار دەکرد.

هیچ (سەرۆک)ێک نەبووە تا ئێستا بەوجۆرە راستەوخۆ خۆی بە بەشێک لە کێشەکان بزانێت و خۆی ئاوێتە بکات و بەشێوازی خولقێنەرانە پێداگری لەسەر چارەسەرکردنی یەکە بە یەکەیان بکات. کەسانی تر زۆر دووربوون لە تێگەیشتن و واتادان بەو لایەنەی. شیکارەکانمان دەدا بە هەڤالانی گرووپەکانی تریش بۆ ئەوەی بیخوێننەوە، ئەویش بەو مەبەستەی سوودی دەبێت بۆیان. دەیانخوێندەوە، دەحەپەسان و بە قورسیان لەقەڵەم دەدا و دەیانگووت: "ئەگەر ئێمە بووینایە و بەمشێوەیە رەخنەی توندمان لە یەک بگرتایە، تاکە کەسێکیشمان لەناو تەڤگەردا نەدەمایەوە".

بەڵێ راستە، دیالۆگەکان زۆر توند و رەخنەکان جددی و بەرفراوان بوون. لەبارەی هەندێک قسەی توند و جوێنیش، دەمانگووت: "خۆزگە هەڤالان لە هەڵەچنیندا ئەوەندەیان نەنووسیبایە. لەبەر ئەوەی قسەی سەرۆکن ناچارنین تا بە جوێنەکانیش دەگات هەموو شتێک بنووسنەوە". بێگومان توندییەکی نابەجێ خۆی لەم خاڵەدا دەنواند. ئەندێشەی بەکارهێنرانی لەلایەن دووژمن و کەسانی تر جێگای باسبوو. لەناوخۆشماندا زیاتر هەوڵماندەدا دەرک بە قۆناخ، ئەرکەکانمان، کێشەکان و سەرەنجامەکان بکەین. بەتایبەتیش ئاشکرایە کە شێوازگەلێک هەیە خودی (سەرۆک) تووشی زەحمەتی دەکات و لە ئاستی گشتیشدا کاریگەری نەرێنی و خراپ لەسەر قۆناخەکە دەکات.

هەر لەبەر رۆشنایی ئەو شیکارانەدا هەوڵماندەدا لەمانە بگەین. کێشەکان جددی بوون، هاوکات رەخنەکانیش قورس و جددی بوون. جوێنەکانمان تەنیا وەکو جوێنێک لێکنەدەدایەوە، بەڵام دیسانیش پێی دڵگران دەبووین. دڵگرانی و تووڕەیمان لەوانە بوو کە بەو خاڵەیان دەگەیاند و دەمانگووت: "کەوابوو بەم ئەندازەیە فشار دەخەنە سەر سەرۆک". دیسانیش دەمانگووت: "بریا ئەمانەمان راست بکردایەتەوە. گەلێک کەسی دەرەوەی ئێمەش دەیخوێنێتەوە، لەبەر ئەوەی بە تەواوی لە راستینەی ئێمە تێناگەن، زیاتر ئەو خاڵانە دەخەنە پێشەوە" چجای کە وەهاشیان دەکرد.

تەوەری لەڕێدەرچوونی شێوازی چالاکی گەریلاشمان تاووتوێ دەکرد. لەم بوارەدا گفتوگۆیەکی دیار و بەرچاو دەکرا. هەڵکوتانە سەر گوندەکان، زێدەڕۆیی لە هێرشکردنە سەر جاشەکان چەند تایبەتمەندییەک بوون کە یەکانگیر نەبوون لەگەڵ شێوازی شەڕی ئێمەدا. زیانی بە تێکۆشانمان دەگەیاند، لەو بڕوایە دابووین کە ئەمانە نەک بە ئامانجگرتنی پاڵپشتە بنەڕەتی و خاڵە لاواز و گرنگەکانی دووژمنە، بەڵکو زیاتر سەرقاڵبوونە بە دەوروبەر و ئامانجە ئاسانەکانەوە. زەمینەی چەتەگەری بەو جۆرە بەرفراوان دەبوو. واتا گرفتێک لە ئارادابوو کە پارتی دەخستە ناو دۆخێکی نالەبار و زەحمەتەوە. دووژمنیش زیاتر لەم خاڵەدا دژە پڕووپاگەندە و لەکەدارکردنی بەربڵاو دەکردەوە.

هەوڵماندەدا نامەی بە ناوەڕۆکی رەخنە و پێشنیاز لەم بوارەدا بگەیەنین بە پارتی. بەتایبەتیش بیر و بۆچوون و پێشنیازەکانمان سەبارەت بە شیکارەکان بەشێوازێکی وردتر نووسی بوو. چونکە رەخنەکانمان سەبارەت بە جەوهەرەکەی نەبوو. زیاتر دەربارەی چەند خاڵێک بوو و ئەو هەڤاڵانەی دەگرتەوە کە شێوەیان بە پەڕتووکەکە دەدا و لەسەر نامەکەش نووسیمان: "کەس نەیکاتەوە،

بیگەیەنن بە مامە". نەماندەویست لە هەموو شوێنێک بخوێندرێتەوە، چونکە پێدەچوو کەسانی تر بەشێوەی جیاواز بەکاری بهێنن. لە هەموو لایەکەوە و بە بەکارهێنانی هەموو جۆرە ئامرازێک هێرشیان دەکردە سەر (سەرۆک).

هەموو هەڤاڵان خواست و مەیلی نووسینیان هەبوو. دوای رێنمایی و راسپاردەکانی (سەرۆک) زۆر بەجددیتر هەڵوەستە لەسەر کاروباری نووسین دەکرا. چونکە لە ئاستی گشتیدا بابەتی نووسین وەکو فۆبیایەکی گەورەی لێهاتبوو کە نەدەتوانرا رێگری لێبکرێت. خەباتی وەک رۆمان، چیرۆک، کورتە چیرۆک، لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون ..هتد دەکران. هەرکەسێک بەربووایە یان بچووایەتە دەرەوە، (گەزگیۆر) لە حاڵی ئەو نووسینانەی خۆی دەپرسی کە لە ئامەد لەقەڵەمی گرتبوو، زۆر هەڵوەدای چارەنووسی نووسراوەکانی بوو.

(موزەفەر) لە دیلۆک هەڤپەیڤینێکی نزیکەی هەزار لاپەڕەیی ئەنجام دابوو. یەکێکی سەر بە (DEV-YOL) زۆر بە قسەی هێنابوو. کۆپیەی نووسراوەکەی هات بۆ چاناک کالەش. خوێندمەوە و هەڵسەنگاندنێکی دوور و درێژ، رەخنە، پێشنیازی راستکردنەوەی هەندێک شوێنیم بۆ (موزەفەر) نارد. باشیش بوو. هەموو کەس (رووداوەکانی زیندانی ئامەد)ی پێ نەدەنووسرا، ئەگەر بشنووسرایە، تەنیا بەشێکی زۆر بچووکیان لە راستییەکان پێدەنووسرا. ساڵەهای ساڵ لەسەری بنووسرایە، تادەهات زۆرشتی تر دەردەکەوتن کە هێشتا باس نەکراون. لەگەڵ ئەوەشدا بەرپرسیارێتییەکەی قورس بوو. هەڵسەنگاندن بۆ قۆناخ، رووداو و کەسەکان دەکات، چەوتییەک، بەهەڵەداچوونێک هەرچەند خودی نووسەرەکەش پەیوەندیدار بکات، بەڵام دەبووە موڵکی گشتی. بۆیە پێویست بوو بە وردی و هۆشمەندانە بنووسرێت. پێدەچێت

تاکە لایەنێکیش بێت کە زیاترین قورسایی دەخستە سەر نووسەر. لەگەڵ زێدەڕۆیی و زۆربوونی ئەم خەمە، تەنانەت ناتوانیت باس لەوانەش بکەیت کە خۆت دەتەوێت.

هاوکات ئەندێشەیەکی تریش هەبوو؛ دەنووسرا و باس دەکرا، بەڵام تاچەند سەرپەرشتی و کۆنترۆڵ دەکرا؟ هەموو کەسێک نووسینەکەی خۆی دەنارده دەرەوە و دەیگووت: "بڵاوی بکەنەوە"، ئەمە لەکاتێکدا بوو کە یەکە بە یەکەی گووتار و نووسراوەکانی زیندان، بەرپرسیاریتی دەخستە ئەستۆی هەموو زیندانەوە. ئەگەرچی تێڕوانینی کەسیتیش بن، بەڵام قۆناخ و رووداوە هاوبەشەکان باس دەکران. لەهەمووشی گرنگتر، تەوەری نووسین و گووتار هەر چییەک دەبێت با ببێت، هێڵێکی گشتی دەستنیشانکراو هەیە، خەباتی ویژەیی و هونەری ئۆرگانی شۆڕشگێڕی، هەر لەخۆوە نابێت. دەکرا سیستەمێک دابنرێت تا هاوکاربێت لە چەسپاندنی شێوازی شۆڕشگێڕی راستەقینەدا. سەرەنجام بڕیاری پێکهێنانی کۆمیتە یان یەکەیەکی سەرپەرشتیار درا کە سەرپەرشتی سەرجەم نووسراوەکان بکات و رێکیان بخات.

(محەمەد چیمەن) وێنای باوترین خۆبەنووسەرزانی چاناک کالە بوو. خۆی بە نووسەر راگەیاندبوو، بەڵام هیچ شاکارێکی بەرجەستەی نەبوو. لە چاناک کالەش هاوشێوەی هەموو زیندانەکانی تر لە ئەنجامی بەرخودانی گەورەدا ژوورە تاکەکەسی یان ژووری گۆشەگیری داخرابوون. کەچی ئێستاکە کەسانێک قۆڵیان هەڵماڵی بوو و دڵخوای ئەو ژوورانە بوون. ئەوانەی بەدوای تەنیاییدا دەگەڕان، ئەوانەی هەڵوەدای تەنیایی و بە تەنیا نووسین بوون دەیانویست بچنە ئەو ژوورانەوە. (محەمەد چیمەن)یش لەناو کەشی خۆ بەڕووناکبیر دانانێکدا ریشی

بەردەداتەوە و پێشنیاز دەکات کە بەتەنیا بچێتە ژووری تاکەکەسییەکانی دووژمنەوە و لەوێ دەست بە نووسین بکات. ئەمەش راستەوخۆ سەرچاوەی لە شێوازی ژیان و دۆخی رۆحی خۆی دەگرت. لەگەڵ هەڤالان نەدەبوو بە یەک، بەردەوام لەناو کەشێکی پەنهان دابوو. کەسێک بە هونەر و وێژەوە سەرقاڵ بێت جیهانی ناوەوەی زۆر جوان، دەوڵەمەند، خوڵقێنەر، سەرنج راکێش و زیندەیە. کەچی تایبەتمەندی کەسایەتی (محەمەد چیمەن) زۆر سەیربوو، رەخنەی دەکرا، هەڵسەنگاندنی لەسەر دەکرا، بەڵام ئەو تووشی چەقبەستی رۆحی ببوو. باجێکی بەهادار هەبوو کە ئەنجامی هەزار و یەک ئێش و ئازار و تەنانەت قوربانیدان بوو، ژوورە تاکەکەسییەکان لە ئەنجامی ئەو باجەدا داخران. ئێستا زۆر سەیرە کە ئەو شوێنانە لە چوارچێوەی خواستی کەسێتیدا بە شوێنی ژیان بزانرێت! ئەو پێشنیازە، پێشنیاز و سەپاندنی دابڕانە لەژیان. پەسند نەکرا و رەتکرایەوە.

لە زینداندا تێکچوونی کەسایەتی بەم شێوەیە یان هاوشێوە لە ئارادابوو. بۆ نموونە: ئەوەی لە ئامرازی بەردەست خواردنەوەی ئەلکحوڵیان دروست دەکرد، ئەوەی پێشنیازی دەکرد لە زینداندا منداڵ بهێنرێتە دنیاوە، ئەوەی لەجیاتی رێکخستنی بوون، خودپەرستی و خودرەوییان دەهێنایەوە، ئەوانەشی کە خودپەرستییان هەڵدەبژارد...! هەبوو لە سیاسەت و رێکخستن تۆرابوو، هیوا و ئاواتی خۆیان لەدەستدابوو، بەتایبەتیش ئەمە رەهەندێکی تراژیدی تری زیندانەکانی تورکیا بوو. هەر یەکێک لە بەلارێداچوون و بێ پێوەرییەکی ژیان راستەوخۆ لە هەبوون و پێگەی رێکخستنیانەیدا بەدی دەکرا. هەردووکیان لێکجیا نەبوون.

ئەوانەی لە ژیاندا سەریان بۆ خودپەرستی و خواستەکانی کەسێتی خۆیان دانابوو، لە سیاسەتیشدا زۆر بە خراپی دەدۆڕان.

(محەمەد چیمەن)یش یەکێک بوو لەو کەسانەی کە لە ناخی خۆیدا دووچاری کاریگەرییەکانی ئەو دۆخە هاتبوو. لەبارچوونی کەسایەتی بەدی دەکرا. بیر و بۆچونێک هەبوو کە لەلای خۆمان رایگرین، هەوڵی گۆڕین و وەرچەرخانی بدەین، ئەمە بۆچوونێکی هەڵە نەبوو، بەڵام تا شوێنێک یان سنوورێک دەکرا. تایبەتمەندی شێوازی چارەسەرکردنی کێشەکان لە بنەمادا بە ئاستێکی بەرزی شۆڕشگێڕی و رادیکاڵانە نەگەیشتبوو کە چارەسەری بناخەیی دابنێت. هاوکات نیگەرانبوون لەوەی دووژمن ئەو جۆرە کەسانە دەبات و بەکاریان دەهێنێت، بۆیە لەبەرامبەردا روو لە "ئیدارە کردن" و تا ئاستێک چاوپۆشیکردن لە کێشەکانی تا رادەیەکی بەرچاو بە قووڵایی گەیشتبوو. بەگشتیش کەموکورتی جددیمان هەبوو لەخاڵی هاوتەریب بە هاوسەنگکردنی رێبازەکان، پێوەرە ریشەییەکانیش زاڵ بکرێت کە بە چارەسەری شۆڕشگێڕانەی دەگەیەنێت.

بەردەوام پرسیاری: "دەبێت چۆن وەڵامی پێویستی ئەو پێشکەوتن و گۆڕانکارییانە بدەینەوە؟"مان لەخۆمان دەکرد و ئەوەی تۆزێک ویژدانی هەبووایە دەیزانی کە هیچ شتێک نەکراوە مایەی وەڵامێکی تێر و تەسەل بێت. بەڵێ تێر و تەسەل نەبوو! ئیتر لەم رووەشەوە زیندان مایەی ژیان نەبوو! هەرگیز ئەوەندە حەزم نەکردبوو دەرکەوم. شاخەکان رایاندەکێشام، شیکارەکان رایاندەکێشام، تەنانەت لەتە وێنەیەکیش رایدەکێشام. باوەڕی "شۆڕش چاوەڕێی بەربوونمان ناکات" باوەڕییەکی قەشەنگ بوو. ئەمە بریتی بوو لە بینینی شۆڕش و سەرکەوتن، بەڵام جێگرتن لە بە شکۆ و رەونەقترین بوارەکانی ئەو گەشەسەندنە بەپێزە، پێ خستنە سەر خاک، دەستەبەرکردنی زەمینەی بەدیهێنانی ئەو ئاواتانە داخوازییەکی گەورە و دەستلێبەرنەدراو بوو.

بەم هۆکارە خواستی راکردن، پلان و سیناریۆکانی کۆتاییان نەدەهات، بەپێچەوانەوە زیاتر دەبوون. ناوبەناو لۆمەشمان دەکرد و دەمانگووت: "هەڤاڵان لە دەرەوە دونیایەک بڕیار وەردەرگرن، کەچی نەک هەر رفاندن، بەڵکو ئۆرگانەکانی راگەیاندنی پارتیش ناگات بەدەستمان. تەنانەت ڕێباز و شێوازی ئەم کارەش لە زیندانەوە خۆمان دەستنیشانی دەکەین. خوڵقاندن، زۆر لەخۆکردن، خوڵقاندنی ڕێبازی پراکتیکییانە لەدەرەوە لە ئارادا نییە. زۆر شت تەنیا لە ئاستی گووتەدا دەمێنێتەوە. لە ئاستی بڕیارەکانی کۆنفرانس و کۆنگرەکان تێپەڕناکات".

زیاتر لەوانە تووڕە دەبووین کە لەزیندان دەردەکەوتن و دەگەیشتنە لای پارتی، خۆیان کاتێک لە زیندانبوون هەمان لۆمە و رەخنەیان هەبوو، دۆخەکەیان دەبینی، دەشیانزانی پێویستی بەچی هەیە. ئەوانیش پێویستییەکانی ئەم کارەیان جێبەجێ نەدەکرد. ئەمە لەکاتێکدا بوو کە بەبێ هاوکاری دەرەکی راکردن لە زیندان مەحاڵ بوو. تاقیکردنەوەکان بە ئەنجام نەگەیشتبوون، هەمووشیان شکستیان هێنابوو. دیسان بەبێ پشتبەستن بە دەرەوە بەدوای هەل و دەرفەتی راکردندا دەگەڕاین.

شارەزای دۆخی رۆحی و مەیلی کارمەندانی زیندان ببووین. یەکە بە یەکەیان پێکهێنەری سیستەمەکە بوون. ترس، هێزی بەکاریگەر و دەستڕۆی ئەو سیستەمە بوو. هەموویان یەک روانگەیان بۆ بەندکراوان هەبوو. سەرەڕای زاڵبوونی ئەندێشە و نیگەرانی لەکارلادران، بێبەری بوون لە مووچە تا بە دەستگیرکرانیش دەگات، کەچی بەدیوەکەی تریدا لەناو خودی سیستەمدا سیستەمێکی تریان پێکدەهێنا. تاڵانکاری و دەستبڕین ببوو بە پیشەیەک، کە تیایدا بێ پەروا و بێ ترس بوون. لەبەرامبەر بە بچووکترین شت ماددییەتیان بەسەردا دەسەپاندیت. هەندێک

کەس دەیانزانی لە زیندان چەرخ چۆن دەوران دەکات. پارە و ماددییەتیان خۆش دەویست. هەلومەرجی ژیان زەحمەت و نالەبار بوو، گرفتی دابینکردنی ژیانیان هەبوو، مووچەکانیان بەشی نەدەکردن. هەندێک لەو چەرخانە ئەو جۆرە کەسایەتییانەی پەلکێش دەکرد. هەموویان لەتی گەورەیان بەرنەدەکەوت. لە سەرەتادا بە کاری بچووک دەستیان پێدەکرد. بازرگانی، بەرتیل و زەمینەی هەموو جۆرە فرتوفێڵێک هەبوو. وەک دەرگەیەکی تری داهات بوو. زیندان هەمیشە بە ئەشکەنجە و گوشار و قەدەخەکاری دەناسرا، بەڵام سیستەمێکی تریش هەبوو کە لەولاتر باسی لێدەکرا.

لەو زیندانانەدا کە ژمارەی بەندکراوانی سیاسی زیاتر بوو، بەرتیلخۆری و تاڵانکاری بە ئاشکرا دەکرا. لە ساڵانی سەرەتای ئەشکەنجەکاندا ئەو پارە و کەلوپەلانەی خانەوادە و کەسوکاری بەندکراوان دەیانهێنا، دیارنەبوو بۆ کوێ دەچوون. پارەی بەندکراوان لە بۆیاخ، نووسین، دروستکردنی ئاڵا و وێنەی ئەتاتورک لەسەر دیوارەکاندا بەکاردەهێندرا. لە زیندانە مەدەنییەکاندا تاڵانی و بەرتیلخۆری جیاوازی نەبوو لە هەر دامودەزگایەکی تری سیستەم. بێگومان جۆرە دزی و بەرتیلخۆرییەک بەگوێرەی زیندانەکان رێکخرابوو و شێوەی گرتبوو. لەم لایەنەوە وەک دونیایەکی تری لێهاتبوو، لە هەر زیندانێکدا بەشێوازی جیاجیا دەکرا. کەسایەتی سەیر سەیر گەشەی دەکرد. توێژێکی شارەزا لەم کارەدا سەرجەم کارەکانی تریشی ئیدارە دەکرد. لەکات و شوێنی خۆیدا و بەپێی پێویست، جاروبار ئەشکەنجەکار، جاروبار پارەپەرست، جاروبار ماستاوچی، تەنانەت جاروبار چەپرەوی یان کوردایەتییشیان دەنواند. مرۆڤ فرۆشبوون، نزیکترین هاورێ و برادەری خۆیان

دەفرۆشت، لەناکاو دەتبینی کە لەسەر هەزار و یەک پەت، پەتبازی دەکەن. لەیەک کاتدا دەبوون بە شازترین کەسی ئیدارە و لەولاشەوە سیفەتی (باشترین کارمەند، پاسەوان)ی بەر دڵی بەندکراوانیان لەخۆیان بار دەکرد.

ناسینی ئەوجۆرە کەسانە ئاسان بوو. بێگومان کەسانێکیش هەبوون کە خۆیان لەدەست نەدابوو، بێ پەروا نەببوون، بەناموس و راستگۆ بوون. بەڵام ئەمەش لە هەزاردا یەک. دووڕوویەتی، ریاکاری و دوولایەنەکاری ببوو بە کولتووری سەرەکی پاسەوانەکان. کارمەندێک بەناوی (ن) هەبوو. بەردەوام چاودێریم دەکرد. زانیم کە پارەویستە. هاوژینەکەی کورد بوو، خۆیشی شارەزای دۆخی زیندان بوو. لایەنگرییەکی ئەوتۆی گرووپ یان بۆچوونێکی سیاسی نەدەکرد. بەرژەوەندی رۆژانەی بەلاوە گرنگ بوو. دەتگووت ساڵەهایە کاری نهێنی کردووە، هەموو پەرچەکردارێکی لەو چوارچێوەیەدا بوو. لە قسەکردندا دیاردەبوو کە بۆچی ئامادەیە. بەردەوام دەترسا. کاری هێنانی نامە یان هێنانی هەندێک وردە پێداویستی رادەپەڕاند. بەڵام ئەوانەشی نەک بەناوی چاکەوە، بەڵکو بۆ بەرژەوەندی خۆی دەکرد. منیش دەرکم بە لاوازییەکەی کردبوو؛ بۆیە سوچی پارەم پێ نیشان دەدا و پاشان بە ئاشکرا قسەم لەگەڵ دەکرد، پێمدەگووت: "هەندێک پێداویستیمان هەیە، ئەگەر ئەوانە دابین بکەیت، ئەوەیتر کێشە نییە". باسی لە ترس و ئەندێشەکانی خۆی دەکرد و دەیگووت: "دەمخەنە شوێنی تۆوە... با بزانیت". ماوەیەک بابەتەکەم وەلانا و پێداگریم نەکرد. لەو نێوەدا هەوڵمدا لە هەڵسوکەوت و هەڵوێستی بگەم. چونکە پێدەچوو هەوڵی گەرمکردنی سەوداکەی بدات. واتا پێدەچوو بڵێت کارەکە زۆر مەترسیدارە و پارەی زیاترم دەوێت. بۆیە پێداگریم نەکرد و دام

بەدەم کاتەوە. سەرەنجام رازی بوو. لەڕاستیدا کارەکە زۆر مەترسیدار نەبوو. پێویستم بە پەروکە و ناسنامەیەک هەبوو. شتێکی تریشم پێویست بوو، بەڵام دەستبەجێ پێمنەگووت.

لەو نێوەدا (لەیلا زانا) هات، کە پێشتر هاتبوو بۆ ئاماسیاش. ئەمجارەیان گووتی: "دەردەکەوین، دەمانەوێت بچینە خوارەوە[175]- حەپەسام. لەگەڵ زاوایەکی هاتبوو. گووتم "نابێت". چونکە هەندێک کێشەیان هەبوو لەگەڵ (مەهدی زانا) و بەوشێوەیە لەجێی خۆیدا نەبوو پشتیان تێبکات. شوێن و کاتی ئەو شتانە نەبوو کە پێداگری لەسەر دەکردن. ئێمە هیچمان نەبوو بۆ ئیرادەکەی، بەڵام پێویست بوو هەموو کارێک بەشێوەیەکی راست و لۆژیکانە خزمەتێک بکات. ئایا لە کێشەکان رایدەکرد، یان لەهەندێک راستی؟ بەتەواوی نەمانزانی کێشەی چی بوو. (مەهدی) زۆر قینی لە ئێمە بوو. پێشتر گووتبووی: "ژنەکەمتان لەدەست سەندم". ئێمەش پێمانگووتبوو: "شۆڕش لێت دەسەنێت، نەک ئێمە". لە کوردستاندا بەڕاستیش ژنان بەرەو رووی شۆڕش دەهاتن. هۆشیاربوون و ژیانەوە گەشەی دەکرد. (لەیلا)ش یەکێک بوو لەو ژنانە. لەکاتێکدا ئەو لەدۆخی لەدەستچووندا نەبوو، بەڵام (خالۆ) کردبووی بە دەرد بۆخۆی و ئۆبالی هەرچی ناتەواوی و چەوتییەکیش هەبا دەیخستە ئەستۆی ئێمەوە، ئەمەش هەڵوێستێکی نابەجێ بوو. هەندێک لایەن هانیان دەدا. زۆر قسە و قسەلۆکی سەیر و سەمەرەیان بڵاو دەکردەوە، ئەمەش لەکاتێکدا کە (خالۆ) ئێمەی زۆر چاک دەناسی.

کەس بۆی نەبوو هەر لەخۆوە بچێت بۆ خوارەوە، دەمویست ئەمەی تێبگەیەنم و پێمگووت: "بێ ئاگاداری هەڤاڵان ناتوانین. چاوەڕێ بکە، دوایی قسەدەکەین". لەگەڵ هەڤاڵان قسەم کرد و

---

[175] مەبەست لە ئەکادیمیای پەروەردەی رێبەر ئۆجالانە لەو سەردەمەدا لە لوبنان بوو.

باسەکەم بۆ گێڕانەوە، هەموویان پەرچەکردارییان نیشاندا. لەبەر ئەوە مانەوە و مۆڵەت بە چوونیان نەدرا.

بەو کامێرای فۆتۆیەی بەدزییەوە هێنابوومانە ناو زیندانەوە، لە چەند لایەکەوە وێنەی خۆمم گرت. بۆ ناسنامەم دانا. بەڵام هەڤاڵان متمانەیان بەو پاسەوانە نەبوو کە من کارم پێدەکرد. منیش متمانەم پێی نەبوو. ئەوەی من وەکو قومارکردنێک بوو. ئەم کارانە هەڵبەتە خۆی وەکو قومارێکە. لە مەلەتیش قومارێکی وەهام کردبوو بەتایبەتیش بەبێ هیچ هاوکارییەکی دەرەکی و زۆر مەترسیدارتریش بوو. بێگومان توانیم تەنیا دوو کاتژمێر لە دەرەوە بمێنمەوە. لەگەڵ ئەوەشدا سێ مانگی لێ بردم، بۆ ماوەی سێ مانگ نەمتوانی بێمەوە سەرخۆم و خۆم لەکاریگەرییەکانی رزگار بکەم. ئەگەر هەرگیز دەستم پێنەکردایە لەوانەیە ئەوەندە کاری لێنەکردمایە. بەڵام بەسەر لایەنە زۆر زەحمەتەکەیدا سەرکەوتبووم و دەرکەوتبوومە دەرەوە. دواترەکەی بوو بە زەرەر و زیان. چونکە ئەگەر رێوشوێنی پێویستی بۆ درێژەدان بە هەوڵ، شەڕ، چالاکی و پلان نەبێت دووچاری چەقبەستی دەهات، لەو خاڵەدا مرۆڤ بۆی هەبوو شێتیش ببێت.

هەڤاڵان هەرجارە و ئاگادارییان دەکردەوە و دەیانگووت: 'وریا بە تووشی تەڵەیەکت نەکەن. لە کەسێکی ساغ و سەلامەت ناچێت. تا دڵنیا نەبێت دەست پێمەکە'. منیش بەجۆش و خرۆشەوە چاوەڕێی تەواوبوونی ئامادەکارییەکانم دەکرد. بەش بەش نامە، نووسراو و هەندێک پەڕتووکی لای خۆمم بۆ هەڤاڵان نارد. بەشێکیشم بۆ دەرەوە دەنارد. دەمگووت: 'ئەمجارەیان دەبێت سەربگرێت'. لەقسەی ناوخۆماندا بەگشتی باس لە شتەکانی دەرەوەی زیندان دەکرا. ئەگەرچی بڕوای تەواویان بە دەرکەوتنم

نەبوو، بە ئەگەرێکییان دادەنا و قسە و باسەکانیشیان بەولایەدا دەڕۆیشت.

لەو رۆژانەدا رۆژنامەکان نموونەی هەندێک لەو دۆزانەیان بڵاو دەکردەوە کە لەلایەن دادگای دەستوورەوە هەڵوەشێندرابوونەوە، ئەو دۆزانەش بە (عەیبێکی بچووکی حقوقی) ناوزەدکرابوون. بەتۆمەتی ئەندامێتی لە رێکخستن و هەروەها بەهۆی بەرگری لەخۆکردن لە دانیشتنەکانی دادگادا سزای جیاجیا درابوو. ئەم (هەڵە حقوقی)ییە هەموو ئەوانەی خستبووە جوڵەوە کە لە دۆخی هاوجۆردابوون. هەر کەسە و لەلای خۆیەوە بەرێگەی پارێزەرەکانی داوای سەرلەنوێ پێداچوونەوەیان بە پەڕاو و دۆزە یەکلانەکراوەکانیان دەکرد. هەر لەو سەردەمەدا گفتوگۆ لەسەر گۆڕینی ماددەی (141 - 142)ی دەستووری گشتی دەکرا و رەشنووسی لابردنی ئەو ماددانە ئامادە کرابوو.

رووداوی (سارگن) و (کوتلو)[176] بەرێکەوت نەبوو، زۆر لەمێژبوو دەوڵەت هەوڵیدەدا ژێر بە ژێر جۆرە ئەندامێتی و کادیرییەک لەناو پارتە چەپڕەوەکاندا دابهێنێت کە گیرۆدەی مۆڵەت بن. کە ئەمە لە هەمانکاتدا تایبەتمەندییەکی باوی کەمالیزمە؛ دەستی بە سەرلەنوێ بونیادنانەوە دەکرد، بەڵام بەشێوەی پووچەڵکردنی بنەما و نەهێشتنی هیچ ئاسەوارێکی رەسەنی دیاردەکە. لەڕاستیدا کێشەکە رەهەندی تریشی هەبوو.

---

[176] - نیهاد سارگن سەرۆکی پارتی کۆمۆنیستی یەکگرتووی تورکیا بوو، لەگەڵ حەیدەر کوتلو (نیهاد یاغجی) دواین سکرتێری گشتی پارتی کۆمۆنیستی تورکیا لە رۆژانی کودەتاکەی 12ی ئەیلولی 1980 ولات بەجێدەهێلن و 1987 دەگەڕێنەوە بۆ تورکیا و لەلایەن دادگای ئاسایشی دەولەتەوە دەستگیر دەکرێن. دۆزەکەیان بوو بە مایەی کێشەیەکی گەورە و تەنانەت ژمارەیەک لە رێکخراوە جیهانی و کەسایەتییەکانی وەک تورگوت ئۆزالیش نەیانتوانی دۆزەکە پووچەڵ بکەنەوە.

بەناوی ساختەکاری و ریاکارییەکی وەک دیموکراتیزەبوونەوە ڕێوشوێنی پێویستیان لەبەرامبەر بە شۆڕشی کوردستان و ئەگەری هەر پێشهاتێکی تر لە تورکیادا دەگرتەبەر. قۆناخی بەناوبانگکردنی کەسایەتی و ڕێکخستنەکانی سەر بە دەوڵەت یاخود پەیوەستدار بە دەوڵەتەوە دەستی پێکردبوو. دەوڵەت پیلانی ئەوە بوو لە بەرەی چەپڕەوەکانەوە ئاراستەیەکی بەو جۆرە بە گەورەبوونەکەی شۆڕش بدات.

بەرەی شەڕی شۆڕشگێڕانە لە کوردستاندا بە پێشەنگایەتی پارتیمان، بەشێوەیەکی خێرا و ڕوونتر بە سەرچاوە ڕەسەنەکانی خۆی دەگەیشت. ڕۆژبەڕۆژ بواری کاریگەری گەریلا بەرفراوانتر دەبوو. لایەنێکی زۆر کەوتبوونە بەر ئەو کاریگەرییەوە و دووژمن نەیدەتوانی ڕێگری لەو گەشەسەندنە شۆڕشگێڕییانە بکات. هەموو جۆرە ئامرازێکی زەبروزەنگی بەکارهێنابوو، بەڵام هێشتاش نەیتوانی بوو ڕێگری لە بڵاوبوونەوەی گەریلا بە کوردستاندا بکات. یەکەی تایبەت، پارێزگاری تایبەت، چەتەگەری و هەموو جۆرە دامودەزگا مەدەنی و سەربازییەکانی شەڕی تایبەتی خستبووە گەڕ! لەبەرامبەریشدا کێشەی کورد و کوردستان چ لەناوخۆ و چ لەبواری نێونەتەوەییدا گرنگی خۆی دەپاراست و لەدەرەوەش بەو پێیە سیاسەت دەستنیشان دەکرا.

لە تورکیاش دەوڵەت هەوڵیدەدا بەنێو بۆشایی و لاوازترین خاڵەکانی تەڤگەری دیموکراتی شۆڕشگێڕدا دزەبکات و سەرلەنوێ شێوازە چەندجار تاقیکراوەکانی سیاسەتی کەمالیستی جێبەجێ بکات. لەلای خۆشمانەوە لایەنە بەرچاوەکانی ئەو سیاسەتەمان تاووتوێ دەکرد و لە ئاستێکدا بە ئەنجامە پێشبینیکراوەکان دەگەیشتین. لێرەدا بۆ یەکەمجار نەبوو دەوڵەت (TKP)ی بە یەدەگی بەردەستی خۆی دەستنیشان دەکرد، حەفتا

ساڵبوو ئەو یارییەی دەکرد. چجای کێشە تەنیا بە(TKP)ەوە سنووردداریش نەبوو.

لە بنەڕەتدا پیلانیان لەسەر کوردستان هەبوو و بەدوای موخاتبدا دەگەڕان. ئەو موخاتبانەش کێ بوون؟ لەم مژارەدا شیمانەی جیاجیا لەبەردەستدابوون. بەتایبەتیش لەو رۆژانەی دواییدا باس و خواسی "گەشتی دەرەوەی وڵات" و قسەوباسی هەندێ پەرلەمانتاری بەڕەچەڵەک کورد[177] بڵاو دەکرانەوە. باسیان لە پارتییەکی کوردی دەکرد. ئەو جۆرە گەشت و بانگهێشتانە ئاسایی نەبوون. دیاربوو کە ئەم گرنگیدانە بە کێشەی کورد لە تەنیا سەرچاوەیەکەوە هەڵقوڵابوو. سەرچاوەکانی سیاسەتی (خۆشویستنی کورد) و بانگەشەی نوێنەرایەتی کوردایەتی؛ دوور نەبوون لە یەکتر. بەمشێوەیە لە زەمینەیەکدا کە بەرهەمی تێکۆشانێکی راستەقینەیە ئەوەندە ئاسان نەبوو خۆ بۆ سیاسەتێک دابماڵرێت و رووت بکرێتەوە. ئەم لایەنە بەناو بەخشندەیەی سیاسەتی دووژمن لە تەوەری کوردستاندا تا چەند سەری دەگرت؟ بێگومان چانسی سیاسەتکردن لەزەمینەی راستەقینە و پتەودا و هەروەها بەشێوەی راست و دروستانە پڕکردنەوەی بۆشاییەکان لە ئارادابوو و لە هەمووشیان زیاتر دەرفەتی پەرەسەندنی هەبوو. جگە لەمە بەهیچ جۆرێکی تر چانسی پەرەسەندن و هەنگاونانی نەدەبوو.

بە ئەندازەی خوێندنەوە و تێگەیشتن لە رووداو و پێشهاتەکان، بۆمان دەردەکەوت کە لە ئەنجامی گەڕانی هاوبەشی ئیمپریالزم و دەوڵەتی تورک پێکەوە بەدوای (چارەسەری کاتی)دا، هەرچەندە ئەنجامی خوازراویشیان بەدەست نەهێنابێت، بەڵام تاڕادەیەک لە

---

[177] مەبەست لەوانەیە کە بەئەنقەست یاخود بە نەزانی ببوون بە داردەستی دەوڵەتی تورک و دەوڵەتانی ئیمپریال .

پێکانی ئامانجەکەیان نزیک بوونەوە. هەل و دەرفەتی پارتییەکی سیاسی و فەرمی لەبار بوو. پەرلەمانتارانی بەرەچەڵەک کورد باوەشیان بۆ ئەو پیلانە کردبووەوە! رەنگدانەوەی بەمجۆرەی سیاسەتی تایبەت بە کوردستان لەلای ئێمەش بخوازرێت و نەخوازرێت رێگەی بۆ گفتوگۆ دەکردەوە. یەکەمین هەڵسەنگاندن، یەکەمین گووتار روون و ئاشکرابوو: ئەوانە پیلانی چارەسەری کاتی سەپێندراوی ئیمپریالیزم بوون! هەوڵیان دەدا کێشەی کوردستان بەوجۆرە چارەسەرە کاتییانە نوقم بکەن. هێز و ئاستی چارەسەری شۆڕشگێڕانە و جێگرەوە (ئەڵتەرناتیف)ەکانی لەبەرچاوبوون.

لەو چوارچێوەیەدا کارمان لەسەر پارتی رەنجی گەل – (HEP) دەکرد. بەڵام بێ ئۆقرە و پشوو لە چاوەڕوانی هەڵسەنگاندنی (سەرۆکایەتی پارتی) و پارتیدا بووین. بێگومان (سەرۆکایەتی) لە دوایین شیکارەکانیدا گووتبووی کە ئیمپریالیزم هەندێک پێکهاتەی دەستکرد بەناوی (پارتی کورد)ی دەخاتە گەڕ، بۆیە ئێمەش لەسەرمانە لە گۆڕەپانی سیاسییدا هەموو دەرفەتێک بەکاربهێنین، ئەگەر پێویستیش بکات پارتییەکیش دادەمەزرێنین، راستەوخۆش دەست بەکار دەکەین. ئەم دەستنیشانە سیاسییانە یەکە بە یەکە بەدیدەهات و راستیی قسەکانی (سەرۆک) یەکلا دەبووەوە. تا دەهات زۆر بەخێرایی پەردە لەسەر ئامانج و ناوەڕۆکی (پاکێجی دیموکراتیزەبوون)ی دەوڵەتی تورک لادەچوو. پێشهاتە چاوەڕوانکراوەکان بۆ ئێمە سڕ و پەنهان نەبوون.

پارێزەرەکانیشمان کاریان لەسەر نمونەی دۆزە هەڵوەشاوەکان دەکرد. ناسەقامگیری و ناگونجاوی لە بڕیارەکانی خودی دادگاکاندا و هەوڵی بەردەوامیان بۆ گۆڕینی یاساکانی خۆیان، پارێزەرەکانی ئێمەشی دەخستە جوڵەوە. هەندێکیان لە

دۆخی وەهادا خۆیان بە (شێر) دادەنا. ئەگەرچی نەیاندەتوانی بە جۆرێکی تر خۆیان بگەیەننە دادگا و لەدەرگەی دادگاکانی دەوڵەتی تورکەوە بچنە ژوورەوە. بەتایبەتی ئەگەر دۆزی (PKK) جێگەی باس بێت بڕیکاری دۆزەکەی دەکردە مەترسیدار.

سەرجەمی (PKK)ییەکان لەچوارچێوەی ماددەی (125)دا دادگایی دەکران. واتا ماددەی وەک (168) هەبوو کە دەکەوتە چوارچێوەی سێدارەوە. ماددەکانی (141 – 142) زیاتر پەڕاوی دۆزەکانی تری دەگرتەوە. هەندێک لە دۆزە زیادکراوەکان لە پەراوێزی ئەو ماددانەدا هەڵدەسەنگێندرێت و پێشتریش هەر هەڤاڵێک لە دادگادا بەرگری سیاسی کردبێت سزای ئەمەش لەسەر دوایین سزاکانی زیاد دەکرا. هەروەها کۆمەڵێک گووتار هەبوون کە رەوانەی گۆڤارەکان کرابوو و ئەمەش خاڵێکی تری دۆزەکانی پێکدەهێنا، هەموو ئەمانە ئەگەری هەبوو بە گۆڕانکارییە نوێیەکان گۆڕانیان بەسەردا بێت.

دۆزی سەرەکی تایبەت بە من هێشتا لەلای دادگای باڵا نەگەڕابووەوە، ناکۆکی نێوان دادگاکانیش نەیهێشتبوو بە ئەنجامی مسۆگەر بگات. بەجۆرێکی رووکەشانە و دەستکردانە لەنێوان دادگای باڵا و دادگاکانی تردا ئەمسەر و ئەوسەری پێدەکرا. بەبێ ئامادەبوونمان کارەکان بەڕێوە دەبران، جاروبار بە نووسراوی بڕیارێک ئاگادار دەکراینەوە. دۆزی زیادکراویش هەبوون و هەموویان بە سزاوە گەڕابوونەوە. هێشتاش هەندێک دۆز مابوون. سزای ئەندامێتی لە رێکخستندا بەپێی یاساکانی خۆیشیان تەواو ببوو، بەڵام بە دۆزی زیادکراو لە سزاکەمیان زیاد دەکرد. دواجار پێیان گووتم کە: "ئەگەر ئەندامانی رێکخستن سزای بەرگریکردنیان وەرگرتبێت، ئەوا لەسەر بەرگری هاوشێوە و هاوناوەڕۆک سزا نادرێن" و ئەو دۆزانەی تر

هەڵوەشێندرابوونەوە. ئەگەر ئەندامی ڕێکخستن بێت بێگومان لەپەراوێزی هەموو ئەو شتانەی بەرگریان لێدەکات، بەرگرییەک نیشان دەدات. ئەم بڕیارە ناکۆکە بەکەڵکی منیش دەهات. پارێزەرەکان بەگشتی دەیانگووت: "ئەم کارە سەردەگرێت". لەلایەک ئامادەکاری ڕاکردن، لەلایەک ئەگەرچی جێگەی پشتبەستنیش نەبێت ئەگەری هەڵوەشانەوەی چەند دۆزێک، ئەمە چاوەڕوانییەکی دروست دەکرد، بەڵام من هەرگیز دەستم لە پلانی ڕاکردن بەرنەدەدا.

(ن)ی پاسەوان دەیزانی کە پارێزەرەکان بە دۆزەکەوە خەریکن و دەیگووت: "خۆزگە دۆزەکەت هەڵدەوەشایەوە" و نزای دەکرد. ترسی هەبوو، نەیدەویست توخنی کاری مەترسیدار بکەوێت. بەڵام دوولایەنە گەمەی دەکرد، هۆکاری ترس و نیگەرانییەکەشی هەر ئەوەبوو. داخوازییەکانمانی درەنگ دەخست و نەیدەهێنا.

(ن)گەمەیەکی زۆر خراپی کرد، تادەچوو هەستمان پێدەکرد. ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ پارەکەمانی خوارد و دۆخەکەشی بە ئیدارە ڕاگەیاندبوو. ئیتر سەردان دوای سەردان دەوڵەت کۆنترۆڵی خۆی زیاتر دەکرد. دوای سەردان دەستبەجێ سەرژمێرییان دەکرد و دەیانویست بزانن ژمارە کەمی کردووە یاخود نا. هەڤاڵان بە تووڕەبوونم پێدەکەنین و دەیانگووت: "ئەم ئیشانە ئاوەهان، دەبێت گریمانە و ئەگەری نەهات و نەڕێنیش بخەیتە ناو کارەکانتەوە. تۆ خۆت زۆر قانیع و ڕازی دەکەیت، بە تەواوی خۆت وابەستە دەکەیت، کە سەریشی نەگرت ئەوجار تووڕە دەبیت و خۆت هەراسان دەکەیت. نابێت، پێویستە خوێنسارد بیت".

(نۆمان) دەیگووت: "هەر لەسەرەتاوە بڕوام نەدەکرد، بەڵام حەزیشم نەدەکرد بێتاقەتت بکەم". (جەمال)یش دەیگووت: "دەی

حەلاڵ بێت، هێندەی نەمابوو (ن) بەتەواوی فوول دەوڵەمەند ببێت' و پێدەکەنی. (دەزا) دەیگووت: 'گرێ سۆرییەکانی لای خۆمان قسەیەکیان هەیە' و دەستی بە گێڕانەوەی چیرۆکێکی دوورودرێژ دەکرد. بەهەر حاڵ هەر کەسە و لەسەر راکردنە سەرنەگرتووەکەم شتێکی دەگووت.

بەمجۆرە هەوڵێکی تری راکردنم بە سەرنەکەوتووانە کۆتایی هات. ئیتر ناڵێم بێ چانسی یان سیابەختی. بە تەواوی واتاکەی بێ دەسەلاتی و حیساب نەکردنی کارەکان بوو بەپێی راستی و پێویستییەکان.

# نەریتی 27ی تشرینی دووەم لە چاناک کالە

لە هەندێک لە زیندانەکاندا لە ڕۆژی نەورۆزدا و لە هەندێکی تریشدا لە 27ی تشرینی دووەمدا کە ساڵڕۆژی بە فەرمی دامەزراندنی پارتییە، قۆناخی ڕەخنە لەخۆگرتن دەستی پێدەکرد. لە چاناک کالەش (نەریتی تشرینی دووەم) بەجێکرابوو.

پێشتر لەژێر ناوی "بەرگری هاوبەش دەکەین" دەستمانکردبوو بە ئامادەکردنی گووتارێک. دەنگۆی (شەهیدبوونی ئایسەل چرووککایا لە دێرسیم) بڵاو ببوەوە. "ژن لە کوردستاندا" ناوەڕۆکی گووتارەکەمان بوو. ژنانی ناو تێکۆشان و کێشەکانی رابردوو زیاتر لەچوارچێوەی پراکتیکی ژیانی مندا دەخرایە بەرباس. هەڤاڵانیش ناوبەناو قسەیان لەسەر دەکرد، دەستەیەکی پێنج شەش کەسی بووین. (جان)، (نومان)، (جەمال)، (د.عەلی) هەبوون. ناوبەناو بەکۆمەڵ و ناوبەناویش هەموویان پرسیاریان لەمن دەکرد، کارەکەمان بەدیالۆگ بەڕێوە دەبرد. زیاتر لە (50) کاسێت تۆمار کرابوو. وەک پانۆرامای ((ژن))ێک بوو. بێگومان لە تەوەری پیاوانیشەوە کێشەکە باسێکی زۆری لەسەر کرابوو. لەکاتی نووسینەوەی ئەوانەدا، لەسەر هاندانی (جان)، پلانی خەباتێکی تری وێژەییم لەسەر ژنان داڕشت. گەلاڵەیەکی گشتیم ئامادەکرد، ژمارەیەکی زۆر پەڕتووک و گۆڤارم کۆکردەوە. دەمگووت:ی"بەنەفرەت بێت، مادام خەونی راکردن بەمجۆرە مایەپووچ بوو، منیش ئەو نامە نووسینە کەم دەکەمەوە کە زۆر گرنگیم پێدەدا و دەست بە کارێک دەکەم"، بێگومان لە قۆناخی ڕەخنەداندا، لەم بوارەدا ڕەخنەیان کردم کە ((بەپێی پێویست هەستم بە پێگەی خۆم نەکردووە، لە کەسایەتی خۆمدا قووڵایی

ئایدیۆلۆژیا و سیاسیم بەرجەستە نەکردووە، بە پێکهاتە و بنکەیەک نەگەیشتووم کە یەکسان بێت بە پێگەی خۆم. سۆزدار، تەنگ، لایەنی رووکەشانەم زۆرن..هتد)) پێویست بوو ئەو کەموکورتییانەم چارەسەر بکەم.

لەلایەک ئامادەکاریم بۆ نووسین دەکرد و لەلایەکیش پلانی راکردنم دادەڕشت. راکردن کاری لەخوێن و هەناوم کردبوو، دەستبەرداری نەدەبووم. هەر ئەمەش زیاتر رایدەکێشام و سەرقاڵی دەکردم، بەڵام هەر هەوڵێکی راکردنم مایەپووچ دەبوو، خۆ ئەمە چارەنووس نەبوو و هەر دووبارە ببێتەوە. لەم کارەدا گرفتێک هەبوو. ئەو هەموو رێ و رێباز و شێوازەمان دەهێنا و پێشکەشی هەڤاڵانی دەرەوەمان دەکرد؛ بەڵام دەمانبینی کە بەجددی کار لەسەر هیچیان نەدەکرا، دەرفەتی پێویستیان نەدەرەخساند و بەهیچ جۆرێک رێکیان نەدەخست. لەم بابەتەدا لە دوایین نامەماندا رەخنەمان کردن. نامەیەکی پێشنیازیشمان بۆ (حەسەن ئاتماجا) نارد. لەکاتی دەستگیرکردنیاندا نامەکەش دەکەوێتە دەستی پۆلیسەوە. تەنانەت ئەوەشیان بە ئێمە رانەگەیاندبوو و هیچ ئاگامان لێی نەبوو. بەشێوەیەک کە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ چاوەڕێی وەڵامەکەیمان کرد. پاشان زانیمان کە نامەکە کەوتۆتە دەستی دووژمنەوە. کۆنترۆڵی توندی ئەو دواییانە تا رادەیەکیش پەیوەندی بەو نامەوە هەبوو.

لە ئاماسیا دەستمان بە نەخۆشخانە نەدەگەیشت، بەڵام وادیارە لێرە سەردەگرێت. پاش هەوڵێکی زۆر رازیبوون بە گواستنەوەم بۆ نەخۆشخانە. یان دەیانبردم بۆ ئیزمیر یان بۆ بورسا. لە پشکنیندا نەخۆشی خوێن دەستنیشان کرابوو. تەنانەت هەندێک پزیشکی دۆست ئەم هەواڵەیان بڵاو کردبووەوە. لەم بوارەدا دەمانزانی کە ئەوجۆرە (ریکلامکردنانە) لەدژی خۆمان

بەکاردەهێندرێت، دەستبەجێ ئاگادارمانکردنەوە کە کاری وەها نەکەن.

پێدەچوو ئەم پلانە ببووایە بە دەرفەتێکی باش. ئەو کاتە هێشتا (حەسەن) دەستگیر نەکرابوو، دوای وەرگرتنی نامەکە وەڵامی ئەرێنیان بۆ ناردبووین. هەربۆیە هیوایەکی زۆرم پێهێنابوو. مەحاڵە مرۆڤ دەست بۆ کارێک ببات کە بڕوای پێنەبێت، بەڵام من هەر جارە و بە بڕوایەکی گەورەوە هەوڵم دەدا. دیارە بەهۆی زۆر و بۆری نیاز پاکییەوەیە. بەڵام پێداگرییەکی گەورەش بوو.

لەسەر ڕێی بورسا بە هەمان خەیاڵ و هەمان هیواوە بووم. بە هەڤاڵانم گووتبوو: "ئەگەر دەرفەتم دەستبکەوێت رادەکەم". دوو سەرباز و چاوەشێک لەگەڵم هاتن. ڕێگە هێمن و بێدەنگ، بە قەدپاڵی شاخەکاندا گوزەری دەکرد. واتا تەنیا چەکدارێک بەسبوو. بەڕێوە ئۆتۆمبێلەکە تێکی دەدام بۆیە بەردەوام ناچاری راوەستان دەبوون، بەم هۆکارەش کەلەپچەکانیان دەکردەوە. کە ئەمە هەلێکی زێڕین بوو. بێکاریگەر کردن و لەپەلوپۆ خستنیان ئەوەندەش زەحمەت نەبوو. لەڕێدا پشووی درێژخایەنی خواردنیش دەدرا. بێگومان نەیانهێشت لە نەخۆشخانە بمخەوێنن. نامەکە کەوتبووە دەستی دووژمنەوە و ئێمەش لێی بێ ئاگابووین.

پشکنینەکانی پزیشک؛ کاتیان پێویست بوو بۆیە منیان برد بۆ زیندانی بورسا. لە بەشی سیاسییەکاندا شوێنی تایبەت بە ژنان نەبوو. گووتیان "بەشی ژنان نییە" و بردمیان بۆ لای ژنانی بەندکراوی دۆزە کۆمەڵایەتییەکان. شوێنێکی پڕ لە بەڵا بوو. هەر چۆن چوومە ژوورەوە سەیرم کرد ئالایەکی گەورە و زەبەلاحی تورکیایان بە دیوارەکەدا هەڵواسیوە. دەستبەجێ کاری یەکەمم هێنانە خوارەوەی ئەو ئالایە بوو. لەسەر ئەمەش سەرجەم پاسەوانەکان بە ژن و پیاوەوە هەڵیان کوتایە سەر قاوشەکە. بە

لەقە و بۆکس کەوتینە ویزەی یەک. دروشمی یەک کەسیش کەڵکی نەبوو، بەڵام من هەر دەمگووتەوە "نەفرەت لە ئەشکەنجە! نەفرەت لە هەڵکوتان! ئیدارەی فاشی" و چیم بەدەمدا بهاتایە پێم دەگووتن.

بەم هۆکارە دۆزێکیش لە بورسا کرایەوە؛ دۆزی ئاڵا، سوکایەتیکردن و دڕاندنی ئاڵای تورک، بەرەنگاربوونەوە بەرامبەر بە کارمەندان بەدوای یەکدا ریزکران. منیش لە دادگا ئەمەم بە "تەڵەی بە ئەنقەستی ئیدارە" ناوزەد کرد و گووتم: "منیان بۆ تیمار هێنایە نەخۆشخانەی بورسا، بەڵام لە زیندانی شارەکە پاسەوانە فاشیستەکانیان ناردە سەرم. ئاڵام نەدڕاند، بەڵام نامەوێت لەشوێنێک بمێنمەوە کە ئاڵای لێ هەبێت. من شۆڕشگێڕم، (PKK)ییم، لەبەر ئەمەش دادگاییتان کردین، سزاتاندایین. ئەمەش داننانە بە ناسنامەکەمدا. کەوابوو بۆچی ئەو ئاڵایە لەبەر سەرمدا دەچەقێنن؟ رەتکردنەوەی ئەو ئەتوارە مافێکی سرووشتی خۆمە". ئیدارە بە ئەنقەست و بە بەرنامە ئەمەیان بۆ ئامادەکردبووم.

دانیشتنەکانی دادگا بەردەوامبوو، کاربەدەستانی دادگا حەپەسابوون، کردنەوەی دۆز لەسەر کەسێک کە براوە بۆ نەخۆشخانە دیارە تۆزێک هەزەلی و کۆمیدییە. پەڕاوەکەمیان خستبووە بەر لێکۆڵینەوە. شۆک ببوون بەبینینی سزای ئەو هەموو ساڵەی بەسەر مندا سەپێندرابوو. داوام لە دادگا کرد کە بمنێرنەوە بۆ چاناک کالە، نامەوێت تیمار بکرێم، پەڕاوی دۆزەکەشم رەوانەی ئەوێ بکرێتەوە. کە زانیم دەستخەڕۆم دەکەن، بە مەبەستی ئاگادارکردنەوە بۆ ماوەی دوو رۆژ مانم گرت. هاوکات بەواتای شەرمەزارکردنی هێرشەکانیش دەهات. پاش ماوەیەک ناردمیانەوە.

لە راستیدا لەو نامانەدا کە دەگووترا دەستیان بەسەرداگیراوە، هەندێک پێشنیاز ئاراستەی هەڤاڵان کرابوو و بە ئاشکرا

نووسرابوون. لەبەر ئەوە بوو چاودێری و کۆنترۆڵێکی فرەلایەنەیان دانابوو. لەولاشەوە ئەگەرچی ئیتر تونێل و شتی لەوجۆرە ببوون بەشتی ئەوتۆ و ئاسایی، تونێلەکەی ئێمەش ئاشکرا ببوو. بەگشتی لەسەرتاسەری زیندانەکاندا تاقیکردنەوە و هەوڵی لەوجۆرە درابوو. تەنانەت لەهەندێک زینداندا زیاتر لە تونێلێک ئاشکرا ببوون. دووژمن نەیدەتوانی کۆنترۆڵی بکات، بەڵام بە پشکنین و رێوشوێنەکانی تر هەوڵی دەدا رێگری لە راکردن بکات. بەشێوەیەکی بەردەوام و ناوەختە پشکنینیان دەکرد. دەرکەوتنی بچووکترین دەنگ یاخود شوێنگۆڕینێکی ئاسایی بەندکراوان، دەبووە مایەی گومان و دەستبەجێ دەستیان بە پشکنین دەکرد.

تەنانەت گومانیان لە من کردبوو کە بەمەبەستی گفتوگۆکردن لەسەر گووتارەکە چوبووم بۆلای هەڤالان و سکالانامەیان لەسەر پڕکردبوومەوە. ئەمەش دەبووە سەیر و سەمەرەترین دۆز کە لە چاناک کالە لەدژی من تۆمار دەکرا. وامزانی دانیشتنەکە لەسەر دۆزەکانی ترە و چوومە دادگا. دیوانی دادگا سکالانامەکەیان کرد بە دۆزێک. بەهانەیەکی زۆر تەنز و تەنانەت گاڵتەجاڕانە بوو. بەشێوەی سوکایەتیکردن بە دیوانی دادگا لە قاقای پێکەنینم دا و گووتم: "هەرگیز دۆزێکی بەمجۆرە ناجددیانە نەبیندراوە، حەزتان لێیە هەموو ئانوساتێکی ژیانم بکەن بە بابەتی دۆز و دادگاییکردن. بەڕاستیش ئەم ترسەی ئێوە مایەی کەیف و خۆشییە بۆ من. دیارە لە ئاخروئۆخردا هەر رادەکەم" و جەختم لەسەر کردەوە کە هیچ ئیفادەیەکی تر نادەم.

سکالانامە رۆشتبوو راستە، گرنگیش نییە کێ و چ کەسانێک نووسیبوویان. لەکاتێکدا کارمەندەکان بوختان بۆیەک هەڵدەبەستن و سکالایان لەسەر یەکتر تۆمار دەکرد، بەمشێوەیە سکالاکردنیان

لە ئێمەش ئاسایی بوو. شتێکی نائاسایییە ئەگەر دووژمن لێت بێزار نەبێت، گومانت لێنەکات و چاوەڕێی راکردنت نەبێت، بەڵام بەبێ هۆ و بەردەوام دۆزکردنەوەیان لەسەر ئێمە و سەرقاڵکردنمان مایەی پەسندکردن نەبوو. هاتوچۆی دادگا، بوون بە موخاتبی بەهانە و بیانووی دەستکرد، هەوڵە ناچارییەکانمان بۆ ئاشکراکردن و ناوزڕاندنیان جۆرە ئەشکەنجەیەک بوو بۆخۆی، دیارە یەکێک بووم لەوانەی بە زیاترین شێوە ئەو جۆرە ئەشکەنجەیە ببوو بە نسیبی.

لەلایەکی تریشەوە نەدەبوو سەرنجیان لەسەر قاوشی هەڤاڵان بووایە. چونکە ئەوانیش دەیانویست رێگەی جیاواز تاقی بکەنەوە. بێگومان لەگەڵ هەموو رێگرییەکانی دووژمنیش گووتارەکەمان تەواو کرد و دەستمان بە قۆناخی رەخنەدان کرد. بەشێوەیەکی راستەوخۆ بەشداریم لە بەشێکیشیدا کرد. تۆماری نووسراوی بەشەکانی ترم خوێندەوە و لە چاوپێکەوتنەکانی ناوخۆشدا لە هەندێک بەشی تری ئاگادار کرامەوە. هەڤاڵان نەیاندەهێشت بە تەنیا بم. لە دۆخی بەپەلە و لەکاتی پێویستدا لە لاواچی دەرگەکەوە قسەمان دەکرد، یان بە نامە نووسین هەوڵی پڕکردنەوەی بۆشاییەکانمان دەدا.

بەشێکی زۆری کاتی خۆمم بۆ نامە تەرخان دەکرد. ئاڵوگۆڕی نامەم لەگەڵ زیندانەکانی دەوڵەتی تورک لە تورکیا و لە کوردستان، لەگەڵ دەرەوە و دەرەوەی وڵات، تا بە ئەورووپا و ئوسترالیا زۆر شوێنی تر دەکرد. سەدان دۆست و کەسانی پەیوەندیدار هەبوون. هەر لە کەنیسەکانەوە تا بە کارمەندانی رێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی و گەلێک دامودەزگای جیاجیا خوازیاری نامە نووسین بوون، ئەمەش وای لێدەکردم گرنگی زیاتر بە نووسین بدەم. هەر نامەیەک بۆ من جۆرە پەیوەندییەک

بوو. واتا تەنیا خواستی نووسین و پڕکردنەوەی کات نەبوو. بەپێچەوانەوە بەردەوام لۆمە و گلەییم لەکات دەکرد. پێدەچێت بەپێی پێویست نەمانتوانیبێت پڕی بکەینەوە، بەڵام بەڕاستیش کات بەشی نەدەکرد.

سالانی رابردوو هەرایەکی زۆر هەبوو. تەنانەت پەرتووکیشمان پێنەخوێندرایەوە، هێنانە ژوورەوەی پەرتووک هەوڵ و تەقەلایەکی زۆری دەویست. پاشان بەشێوەی بەردەوام ریسا و گوشاری زیاتر هاتە ئاراوە. بەتایبەتیش کاتێک لە ئاماسیا بووین بەپێی پێویست نەمانتوانی کات بنرخێنین. چەند مانگ جارێک مانگرتن کرا. دەتوانین بڵێین نیوەی ساڵێک بە کاریگەرییەکانی مانگرتنەکان گوزەری. هاوکات هۆکارێکی تریش؛ بەشێوەیەکی باش و رێکوپێک رێکنەخستنی کات بوو، خەباتێکی بە پلان و بەرنامە، پراکتیزەکردنی لە چوارچێوەی پێویستییەکانی ژیاندا لە ئاستێکی زۆر لاوازدا بوو. ئەگەر داوا بکرایە دەماننووسی. خەباتی نووسینێکی بەردەوام کە گوزارە لە گشتی بکات بە سنوورێکەوە ئاڵۆزکابوو و لە ئاستی پێویستدا نەبوو. لە چاناک کالە سیستەمێکی تارادەیەک بە پلان و بەرنامەی خەبات هەبوو. ئاشکرایە کە پێویست بوو قاڵبوونەوە لەسەر هەندێک بابەت بکەم و روو لە لێکۆڵینەوە و توێژینەوە بکەم و خۆشم پێویستییەکی زۆرم پێی هەبوو. بیرکردنەوەیەکی زۆرم لەسەر راکردن، کاریگەری هەبوو لە وەرگرتنی ئاراستەی خەباتێکی بەوجۆرەی سیستەمکراودا. بێ بەری دەکردم لە بیرکردنەوەی پێویست لەو بوارەدا.

لەو ماوەیەدا نامەیەکی ترم لە (شەنەر)ەوە پێگەیشت. لەنامەکەیدا خاڵێک هەبوو کە بۆ یەکەمجار بوو سەرنجی رادەکێشام. دەیگووت: "ئەمڕۆ مامە بانگی کردم و نامەکەتی پێدام.

پێخۆشحاڵ بووم، بۆمنیش باش بوو" و باسی لە پێوەری سۆزەکانی دەکرد و دەیگووت: "هاوشێوەی زاپ شەپۆلی هار و شێتانە جوانی خۆی هەیە، بەڵام کە پێویستیشی کرد دەبێت بزانین وەکو دیجلە بەقووڵایی و بەمەنگی شەپۆل بدەی". زاپ و دیجلەشم نەبینی بوو. ناوبەناو لەگەڵ دەنگوباسی ئۆپەراسیۆن و پەلامارەکانی دووژمن یان لەگەڵ هەواڵی رووداوی جیاجیا چەند کورتە دیمەنێکی جوگرافیای کوردستان نیشان دەدرا. لەوانەیە لەو دیمەنانەدا دیجلە و زاپم بینی بێت، هەروەها بەهۆی باسەکانی هەڤاڵانەوە شیمانەم دەکرد. هەوڵم دەدا لە ناواخنی بابەتەکە بگەم. بەشێوەیەکی گشتی راستە کە لە سۆزەکانمدا شێتانە شەپۆلم دەدا، بەڵام بەتایبەتیش هەڵەکە لە نووسینی نێوان من و (شەنەر) دا بوو، چەوتییەکەی چی بوو؟

## چاو و دڵت ڕۆشن (تۆش لە ئێمە و ئێمەش لە تۆ)

## ڕزگارمان بوو

پەڕاوی دۆزی گرووپی خارپێت لەلای دادگای دەستووری بوو. هێشتا بڕیاری لەسەر نەدرابوو. ژمارەیەکی کەم لە هەڤاڵانی گرووپەکە مابوونەوە. پارێزەر و هەندێک دۆست کەوتبوونە خۆ. بەهۆی ناکۆکی نێوان دادگاکانەوە، دۆزە نموونەییە هەڵوەشاوەکان، گفتوگۆی (141 – 142) تێکڕای ئەمانە بۆشاییەکیان دروستکردبوو. دەکرا هەر هەمووشی بەکار بهێندرێت. لەلای خۆمەوە بە شتێکی پووچم دەزانی، بەڵام ئەمە کاری لە هەوڵ و تەقەلاکانی ئەوان نەکردبوو. دۆستێک پێداگری دەکرد و دەیگووت: "باجەکەی چی دەبێت با ببێت، دادەم ڕزگاردەکەم" ئەمەش جۆرە پێداگرییەک بوو.

ئەو ڕۆژە ئیدارە، نوێنەرانی بانگهێشت کردبوو. بانگی منیشیان کرد. هەندێک لە هەڤاڵان دەیانگووت: "چاو و دڵت ڕۆشن"، بەڵام من هێشتا تێنەگەیشتبووم مەسەلە چییە. وامزانی گاڵتە دەکەن. چونکە لە قاوشی ژنان هەڤاڵێکی تر نوێنەر بوو و لەگەڵ ئیدارە چاوپێکەوتنی دەکرد. هاوکات بەناوی هەموومانەوە (د.عەلی) بەس بوو بۆ ئەو کارانە. لەبەر ئەوەی منیش هاتبووم وایانزانی بوو نوێنەرم ئەمەشم بە هۆکاری ئەو پێشوازی و پیرۆزباییە لێکدابووەوە، بۆیە پێمگووتن: "حەزم لەم ئیشانە نییە، ئەمەتان لەکوێوە هێنا". مەگەر (د.عەلی) زانیویتی و بۆ ئەوە بانگی کردووم.

بەڕێوەبەری زیندان گووتی: "دەی چاو و دڵت ڕۆشن! تۆ لە دەستی ئێمە و ئێمەش لە دەست تۆ ڕزگارمان بوو". من هێشتا تێنگەیشتبووم و گووتم: "ئێوە ڕزگارتان نابێت لەدەستم. ئەم کارانە هەروا ئاسانە؟ شۆڕش سەریشبکەوێت هەر کار لەسەر ئەم زیندانانەتان دەکەم". هەموویان پێکەنین. (د.عەلی) گووتی: "ساکینە، پەڕاوەکەت هەڵوەشاوەتەوە. دەوڵەت سێ ساڵ قەرزداری تۆیە، سێ ساڵ بە زیادەوە بەندیان کردوویت". بە حەپەساوییەوە تەماشام دەکردن، ئەو دووبارە گووتی: "ئەگەر بڕوا ناکەیت، فەرموو ئەوە کاغەزەکەیە خۆت سەیری بکە".

سەیری کاغەزەکەم کرد و گووتم: "باشە بۆچی زووتر قسەتان نەکرد؟ چۆن دەبێت؟ من ئێستا دەردەکەوم؟ زۆر سەیرن. بەمشێوەیە دەگووترێت؟ کەسێکی تر نییە وەک ئێوە هێور و ئارام بێت. زۆر ئاسودەن. ئەگەر من بوومایە ئێستاکە دونیام تێکدەدا. با بەربوونەکەشم بە قەرەباڵغی بووایە. دەی باشە من دەچم بۆ لای جان و ئەوان. ئەمشە و تا بەیانی لەوێم. بەیانی بمنێرن".

بەڕێوەبەر گووتی: "ساکینە دیسان بەقسەی خۆی کرد" و مۆڵەتیان پێدام. ڕاستەوخۆ چووم بۆلای هەڤاڵان. سەرەتا لە لاواچەکەوە بانگم کردن و هەواڵەکەم پێدان. کەس بڕوای نەکرد. وایان دەزانی گاڵتە دەکەم. کە پاسەوانەکە دەرگەکەی کردەوە بڕوایان کرد. هەرکەسە و بانگی یەکی تری دەکرد و هەواڵەکەی پێدەدا. چۆن خۆشحاڵییەک بوو، چۆن بەختەوەرییەک..! باس ناکرێت..

من به پێچەوانەوە بەبیستنی هەواڵی بەربوونم، کز و مەلول بووم، وەک پارچەیەک لە دڵم لێکرابێتەوە. هێشتا بڕوام بە دابڕانم نەدەکرد. ماوەیەکی درێژ قسەمان نەکرد. پاشان بەسەرجەم قاوشەکاندا گەڕام و خاترم لێخواستن. هەموویان هیوای سەرکەوتنیان دەخواست و دەیانگووت: "یەکتر دەبینینەوە".

ئەو شەوە لە زیندان، دوایین شەوم بوو لە چاناک کالە. هەرکەسە و بیر و بۆچوون، هەست و سۆزی خۆی دەربڕی. رەخنە و پێشنیازی خۆیان و کۆمەڵێک لەو خاڵانەی کە دەبێت وریایان بم چین و کامانەن.. ئەمە و زۆر شتی تریان پێ گووتم.

رۆژی دواتر (جان)، (نومان)، (د.عەلی)، (جەمال) تا دەرگەی دالآنی دەرەوە لەگەڵم هاتن. هیچ دابڕانێک ئەوەندە زۆر و زەحمەت نەبوو بەلامەوە. چیم دەکرد نەمدەتوانی بڕۆم. هەنسک هەنسک، خوڕ خوڕ دەگریام. دواجار بە توندی هەموویانم لەئامێز گرت. (نومان) چاوی داگرت و گووتی: "دەی بڕۆ، ئێمەشت کردە گریان" هەڤالآن زۆر بێدەنگ و ئارام دیاربوون، بەلآم بەبێدەنگی و لە یەک کاتدا باوەشمان کرد بەیەکدا و گریاین. پاسەوان و کەسانی دەوروبەر بەلایەنەوە سەیر بوو و ئەم دۆخەی ئێمە کاری تێکردبوون.

بەجێهێشتنی هەڤالآن لەناو زینداندا مرۆڤ دەکات بە چەندین پارچەوە. دڵت لەوێ جێدەمێنێت، ناتوانیت داببڕێیت. یەکەمجار بوو سۆزێکی جیابوونەوەی بەمجۆرە بەئێش و ئازارم دەبینی. پێمگووتن: "لە دەرەوە یەکتر دەبینینەوە، لە شاخەکانماندا دڵنیام یەکتر دەبینینەوە، بەلآم ئاگاداری خۆتان بن".

(جان) بە تەلەفۆن بە (بەسرا)ی گووتبوو، دەهاتن و پێکەوە دەڕۆیشتین. هەواڵی دابوو کە لە وێستگە چاوەڕێم بکات. بەر لەوەی دەرکەوم لە بەردەم نۆبەتگەی پرسگەدا دوایین شەڕم لەگەڵ ئەفسەرەکە کرد. بەبیانووی پشکنین ماوەیەکی زۆر ماتڵیان کردم. پاشان دەستیان لە پۆلیس و پاسەوانە ژنەکان بەردا و خۆیان ویستیان سەیری جانتاکەم بکەن. بەسەریاندا چووم و گووتم: "لە ژوورەوە پشکنین کرا". ئەفسەرەکەش گووتی: "یاسایە، دەبێت لێرەش بپشکنرێت". دواتر دەمەقاڵێ هاتە ئارەوە. پاشان پاسەوانێکی ژن هات و پێیگووت کە لە ژوورەوە پشکنراوە و پێویست بە پشکنینێکی تر ناکات. بەڵام ئەفسەرەکە رقی هەڵسابوو. فاشیستێک بوو بۆخۆی. دەبووایە هەر سەرقاڵی بکردمایە! چاوم بڕییە چاوی و پێمگووت: "خۆزگە لە جێگەیەکی تر چاوم پێتدەکەوت، زۆر حەزدەکەم"، بە لاچاو سەیری کردم و گووتی: "هەڕەشەم لێدەکەیت؟" لەوەڵامدا گووتم: "ئارەزووی خۆتە، چۆن تێدەگەیت با وابێت". پاشان چوومە سەر شەقامەکە. بە تەکسی چوومە وێستگە. دەتگووت ساڵەهایە لە چاناک کالە ژیاوم. هیچ شتێک بەلامەوە غەریب و بیانی نەبوو. بیر و هۆشم هێشتا لای هەڤالان بوو، دڵم گڕی گرتبوو، ئەوانم لە زیندان بەجێهێشتبوو و دەڕۆیشتم...

Jiyanim Hemîşe Têkoşan Bû

Sakîne Cansiz (Sara)

Bergî Dûwem



لەم بەرگەدا؛ بە جەنگاوەرییەکی راشکاو و قەبا لە بەرامبەر بە دووژمن، بە سەرهەڵدێری و یاخیبوونەوە درێژە بە شەڕە کەم دەدەم. بۆ ئەوەی رادەستی دووژمن نەبم، چاونەترسانە دەجەنگم. بەڵام نەک بەهزر و رێکخراوەییەکی تەواو کە بزانێت بەپێی چی، کەی و بەکام ئامرازانە شەڕەکە دەکەیت. لەم جەنگاوەرییەدا هەلومەرج و ساتەوەختی رێکخراوەبوون لەگەڵ ئەو شوێنانەی هێزیان تیا خەرج دەکرێت بە باشی هەڵنابژێردرێت. جەنگاوەرییەک، بەڵام وەکو راستینەیەکی کراوە بۆ هەموو جۆرە گورزێک.